


# کۆماری کوردستان،
# لاپەرەیەکی زێرینی مێژووی نەتەوەی کوردە

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

# پێرست


١- هەفتا ساڵ پێش ئێستا ........................................................... ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی ......... ٧

٢- کۆبوونەوەی مەهاباد و دامەزراندنی کۆماری کوردستان ...................................... ڕۆژنامەی کوردستان ........... ١٠

٣- نوتقی جەنابی پێشەوا و ڕەئیس جمهووری بەرزی کوردستان ................................. ڕۆژنامەی کوردستان ............ ١٣

٤- جێگای کۆماری کوردستان لە مێژوو ............................................... نووسینی : شەهید دوکتور قاسملوو ........ ١٦

٥- دوارۆژەکانی کۆماری کوردستان .................................................. نووسینی : شەهید دوکتور قاسملوو ....... ٢١

٦- دووی ڕێبەندان ..................................................................... د. سادق شەرەفکەندی ......... ٢٣

٧- کارەکانی کۆماری کوردستان بە کورتی ............................................. جەلیل گادانی ............. ٢٥

٨- لە یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان ................................... مستەفا شڵماشی .......... ٢٧

٩- ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان و کۆماری کوردستان لە پەیڤی چەند کەسایەتی یەک دا .................. ڕۆژنامەی کوردستان ......... ٣٦

١٠- پانۆرامای مێژووی کۆماری کوردستان ............................................ ئامادە کردنی رەحمان نەقشی ......... ٤٣


## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١۶


١١- ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٧٠ ساڵ دوای کۆماری کوردستان. ............................................ لوقمان زەهرایی ........ ٥٧

١٢- کۆمارەکەم ................................................................................ ئاشق ............. ٦١

١٣- کوردستان دوای ٧٠ ساڵ و چەند سەرنجێک لەو بارەوە .................................. ئامادەکردنی : عەلی لەیلاخی ...... ٦٥

١٤- وشیاریی نەتەوەیی و یەکڕیزیمان زامنی سەرکەوتنمانە ........................................ عەبو راد ............. ٧١

١٥- یادی کۆمارە تاقانەکە - سەد بەهار قوربانی زستانی وابێت ........................................ کوردستانی نوێ .......... ٧٢

١٦- ٢ی ڕیبەندان سەرەتای تەمەنێکی کەم و وەرچەرخانێکی گرینگ لە مێژووی نەتەوەکەمان دا....... محەممەدی فەقێ عەلی .... ٧٥

١٧- بەرز و پیرۆز بێ یاد و بیرەوەری کۆماری کوردستان ............................................ نەعمەت مەلا .......... ٧٨

١٨- کۆماری کوردستان، مانیفێستێکی نەتەوەیی ................................................ قادر وریا .......... ٨٠

١٩- لە حەفتاساڵەی یادی کۆماردا بەرەو کۆمارێکی دیکە ............................................ مەجید حەقی .......... ٨٢

٢٠- ژێکاف، دێموکراٖت و کۆمار ................................................................. ئاسۆ خەبات .......... ٨٥

٢١- کۆماری کوردستان و ڕێبازەکەی، لە کۆیوە بو کۆێ؟ ............................................ هیوا گوڵ محەمەدی ...... ٨٩

٢٢- کۆمارێک کە لە نێو شەختە و کرێوەوە سەری هەڵدا ............................................ جەماڵ فەتحی ....... ٩٢

٢٣- کۆماری کوردستان؛ دەستکەوتێکی مێژوویی یان ڕووداو؟ ............................................ قەرەنی قادری ...... ٩٦

٢٤- کۆماری کوردستان هێشتا ئامانجەکانی ڕێگای سەربەخۆیی کوردستانن ................................. شەریف فەلاح ......... ٩٨

٢٥- (٧٠) ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا تێپەڕ دەبێت ........................................ (سبەی) .......... ١٠٤
٢٦-٢ی ڕێبەندان ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە بەئاسمانی کوردستانەوە ................................. حەمە جاف .......... ١٠٧
٢٧- بەرەو دووەم کۆماری سەربەخۆی کوردستان ...................................................... سەلاح باباعەلی ........ ١٠٩

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥

٢٨- کۆماری کوردستان لە هاوکێشە سیاسییە جیهانیەکاندا ............................................. ئازادکەریمی ........ ١١١
٢٩- با هەموو ڕۆژێ پەیامی ٢ی ڕێبەندانمان لەبیر بێ ................................................ ئاهۆ زێتا .......... ١١٥
٣٠- کۆمەڵناسیی پێکهاتنی کۆماری کوردستان ......................................................... ئارەش لۆرستانی ...... ١١٨
٣١- کۆماری کوردستان مۆدێلێک بۆ هەموو سەردەمەکان ................................................ سامان فەقێ نەبی ....... ١٢١
٣٢- هەڵوێستەیەک لەسەر ناوی کۆماری کوردستان ...................................................... عومەر باڵەکی ....... ١٢٣
٣٣- چەند سەرنجێک لەسەر پێگەی ژن لە کۆماری کوردستان و هەڵوێستی سیاسەتمەداران ............. ئەحمەد ئەسکندەری .... ١٢٥
٣٤- کۆماری کوردستان و ڕۆڵی کرماشان ............................................................... نەعیم نەجەفی ..... ١٢٩
٣٥- کۆماری کوردستان و چەند پرسیارێک ............................................................... ئامانج زیبایی ...... ١٣١

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٤

٣٦- کاریگەریی دەروونی و زەینی کۆمار لەسەر کۆمەڵگاو تاکی کورد ......................................... کەویار ............ ١٣٥
٣٧- چەند سەرنجێک لە بارەی روخسارە مەدەنییەکانی کۆماری کوردستان ................................ قادر وریا .......... ١٣٨
٣٨- یادگاری شیرین ........................................................................ د. کامران ئەمین ئاوە ..... ١٤٢
٣٩- دادوەری لە کۆماری کوردستان دا ................................................................. عومەر باڵەکی ....... ١٤٦
٤٠- دەقی وتارێکی " ئارچی ڕۆزوێڵت" کاربەدەستی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران ........................ حدک میدیا ......... ١٥١
٤١- کۆماری کوردستان لە مێژوودا ................................................................... ئەحمەد مەکڵاوەیی ......... ١٥٥
٤٢- دوای ٦٨ ساڵ، ئێمە چمان کردوە؟ ................................................................ ئاگری باڵەکی.......... ١٥٨
٤٣- پەیامی پێشەواو ئەزموونی کۆماری کوردستان.................................................... ئاریتما محەممەدی ......... ١٦٠
٤٤- کۆماری کوردستان لە خوێندنەوەی باو و دژە باودا .............................................. حسین یەزدانپەنا ....... ١٦٥
٤٥- کۆماری کوردستان چۆن دامەزرا و بۆچی رووخا؟ .................................................. ئا: چۆمان تەقێدین ..... ١٦٩
٤٦- تێڕوانینێکی نوێ لەجەمهوریەتی کوردستان ......................................................... مەحمود مەلا عیزەت ....... ١٧٢
٤٧- کۆماری کوردستان لە ئاوێنەی رووداوەکانْدا ....................................................... ئامادە کردنی:عومەر باڵەکی...... ١٨٥

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٣


٤٨- کۆماری کوردستان، دەسکەوتیکی نەتەوەیی و ئەزموونیکی مێژوویی ............................ ئارەش لورستانی .......... ١٨٩

٥٠- مەشخەڵی کۆماری کوردستان ناکوژێتەوە .................................................... ناسر ئێرانپوور .......... ١٩٥

٥١- کۆماری کوردستان بەشێک لە بیرەوەری یەکانی سەعید هومایون ............................................................ ١٩٩

٥٢- با باشتر رێز لە کۆماری کوردستان بگرین! ........................................................ ئاگری باڵەکی ....... ٢٠٣

٥٣- لە یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا بەردەوام بێت خەبات لە ............................... عەتاقەرەداغی .......... ٢٠٥

٥٤- کۆماری کوردستان و مشت وماڵێکی تر........................................................... هاشم رۆستەمی ....... ٢٠٧

٥٥- رۆژی بەدەوڵەتبوونی کورد ............................................................ ئەیوب ئەیوبزادە ....... ٢١٠

٥٦- کۆماری کوردستان و خۆری زێرینی کوردستان ................................................ عومەر کەریم بەرزنجی ....... ٢١٦

٥٧- کۆماری کوردستان و مەزنایەتی پێشەوای کورد! ............................................... ئاریتما موحەممەدیوێنە ....... ٢١٩


## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢


٥٨- وتاری بەریز خالید عەزیزی، سکرتیری گشتیی حیزب لە ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا ........................ ٢٢٤

٥٩- پێشەوا و کۆماری کوردستان ............................................................ د. کەمال مەزهەر ...... ٢٣١

٦٠- هێزی پێشمەرگە لە کۆماری کوردستان .................................................. ئاگری ئیسماعیل نژاد ..... ٢٣٤

٦١- یادکردنەوەی کۆماری کوردستان، دەستپێشخەریەک بوو بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی .................... ئاگری باڵەکی ....... ٢٤١

٦٢- بە بۆنەی رێورەسمەکەی هەولێر ............................................................ سەلاح ئەدیین مەجیدپوور ..... ٢٤٤

٦٣- کۆماری دیموکراتیکی کوردستان .................................................................. رەزا ئەمینی ...... ٢٤٦

٦٤- قازی محەممەد، پێشەوای مرۆڤی کورد ........................................................ رێبوار مەعروفزادە ..... ٢٤٨

٦٥- دەوڵەتێکی کوردی ....... نووسینی: مارتین ڤان براونێسن ........................ و: لە ئینگلیسییەوە: حەسەنی قازی ...... ٢٥٣

٦٦- یادێک لە دووی رێبەندان ............................................................ تاهیر حیکمەت (د. ئازاد)....... ٢٥٥


## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١١


٦٧- کۆماری کوردستان؛ ناسنامەی کوردەکان ........................................................ قەرەنی قادری .......... ٢٥٩

٦٨- سەبارەت بە وتووێژەکانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان لە گەڵ حکوومەتی قەوامولسەلتەنە .....
حەسەنی قازی ............................................................................................................ ٢٦١

٦٩- کۆماری کوردستان ، وشیاری نەتەوەیی یان پیلانێکی دەرەکی ؟...................................... هاشم زوورئاوەر ....... ٢٦٥
٧٠- مێژووی کۆمەڵەی ژ- ک و کۆماری کوردستان و ڕۆڵی کەڵورەکان .................................... ئێقباڵ سەفەری ........ ٢٨١
٧١- کورتە یادێک لە دووی ڕێبەندان ............................................................ سیامەند شێخ ئاغایی ..... ٢٨٣
٧٢- کۆماری کوردستان، لێگەرێک لە هەمبەر دیکتاتۆری و تۆتالیتریزم دا! .............................. مەجید حەقی ......... ٢٨٧
٧٣- سەرکردەکانی رۆژهەلات: کۆمارێک بە ناوی کۆماری مەهاباد وجودی نییە ........................ ن: هاوار بازیان ....... ٢٨٩


## بابەتی ساڵەکانی: ٢٠١٠ - ٢٠٠٩

٧٤- کۆماری کوردستان و چەند ڕاستییەکی تاڵ ........................................................ جەلال چوارتایی ....... ٢٩٣
٧٥- کۆماری کوردستان ـ شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران،................................................. کەیهانی یووسفی ...... ٢٩٨
٧٦- لە پێشوازی ٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا ............................... مستەفا مەعرووفی ..... ٣٠٠
٧٧- کۆماری کوردستان مەشخەڵێکی هەمیشە بەگڕ بۆ شوناسخوازی ................................... عەولا بەهرامی ........ ٣٠٢
٧٨- دووی ڕێبەندان سەرهەڵدانی نەتەوەی کوردە ...................................................... هەژیر.ب.ش ....... ٣٠٣
٧٩- بزاڤی نەتەوەیی کورد لەروانگەی سیاسییەوە "پێشەوا قازی محەممەدو کۆماری کوردستان .......... بێهزاد خۆشحاڵی ........ ٣٠٩
٨٠- هۆکارە ناوخۆییەکانی دامەزران و ڕووخانی کۆماری کوردستان ......................... تاهیر حیکمەت ( د . ئازا د) ...... ٣١٢
٨١- ڕێبەندان و ستراتێژی ........................................................................ سەعید کوێستانی ...... ٣٢٥
٨٢- وتووێژ لەگەڵ کاک مەلا حەسەن شێوەسەڵی ............................................ دیمانەی حەمید تەیموری ...... ٣٢٧
٨٣- جمهوری کوردستان یان حکومەتی خودموختار ؟ ............................................... حەسەن ئەیوب زادە ....... ٣٣٥
٨٤- کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، دوو هەڵوێست و ڕوانگەی جیاواز ................................ حامید گەوهەری ...... ٣٤٢
٨٥- حکوومەتی جەمهووری کوردستان ......................... یادداشتەکانی خوالێخۆشبوو «موحەمەد سەعیدخانی هومایوون» ..... ٣٤٨
٨٦- کۆماری کوردستان ........................................................................... حسن ئەیوبزادە ..... ٣٦٧

## بابەتی ساڵەکانی: ٢٠٠٨ - ٢٠٠٧ - ٢٠٠٦

٨٧- کۆماری کوردستان لە ڕوانگەی وەزیری فەرهەنگەکەیەوە .................................. ئا:سمایلی مستەفازادە ، و: لە
فارسییەوە: حەسەنی قازی ........................................................................................... ٣٧٠
٨٨- ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٩٤٥، لە مێژووی کورددا .................................. نووسینی: ح . س. سوران ....... ٣٧٧
٨٩- وتەکانی بەڕێز دوکتور گولمراد مرادی لە ٦٢ هەمین ساڵیادی کۆماری کوردستان ........................................... ٣٧٩
٩٠- لە پەراوێزی بەپاشکۆبوونی پرسی کورد بە کێشەی دێمۆکراسی لە ئێران ............................. شەماڵ کاوە ......... ٣٨٥

٩١- کۆماری کوردستان و ٢ی ڕێبەندان [ دیمانە لەگەڵ د. یاسن سەردەشتی] ............................ ئەردەڵان فەرەج ....... ٣٩٥
٩٢- لە یادی ٦١ سالیادی کوماری مهاباد ........................................................ د.سەلاحەدین خەدیو ....... ٤٠٧
٩٣- ڕەوتی نەتەوەخوازیی کورد لە ئیران .................................................... د. عەبدوڵلا ئەبریشەمی ...... ٤١٠
٩٤- یادی کوماری دیموکراتی کوردوستان لە مەهاباد ............................................. ئاسایش عوسمان دانش ....... ٤١٧
٩٥- گۆتوبێژ لە گەل نەمر «محەمەد شاپەسەندی» یادگارەکی دیکەی کۆماری کوردستان ............... ئا: کاکشار ئۆرەمار ..... ٤٢٤
٩٦- نەخشی بارزانی لە کۆماری کوردستاندا ............................................................ س. چ. هێرش ..... ٤٤٣
٩٧- کۆماری کوردستان یان کۆماری مەهاباد؟! ........................................................ د. عەبدوڵلا ئەبریشەمی ..... ٤٥٠
٩٨- کۆماری کوردستان یا کۆماری مەهاباد؟ .............................................................. خەلیل غەزەڵی ...... ٤٥٢
٩٩- کۆماری کوردستان کۆماری ئازادی و دیموکراسی ........................................................ هیوا گوڵ محەمەدی ..... ٤٥٤
١٠٠- کۆماری کوردستان لە شێعری شاعران دا ................................................................ گیارەنگ ...... ٤٥٦



# هەفتا ساڵ پێش ئێستا

ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

حەفتا ساڵ لەمەو پێش لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ٢٦٤٥ی کوردی بەرامبەر بە ٢٢ی جانێویری ١٩٤٥ی زایینی لە شاری مەهاباد یەکەم کۆماری کورد، واتە کۆماری کوردستان بە هۆی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕاگەیاندرا. دیارە لەسەر کۆماری کوردستان لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاند و وتاری زۆر نووسراون. هەر بۆیە پێویست بە دووپات کردنەوە ناکات. من لێرە دا دەگەڕیمەوە بۆ دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٩٤٥ لە چوارچرای شاری مەهاباد و سەرنج دەدینەوە بەشیک لە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی دامەزرانی ئەم کۆمارە، تابزانین ئەم ڕۆژە مەزنە چۆن بەڕێوە چووە.



سەر لە بەیانی ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی ٢٦٤٥ی کوردی مەهاباد هەوایەکی خۆش و لەباری هەبوو، خەڵکێکی زۆر لە بەردەمی ئەو دوو شەقامە گەورەی شار کۆبوونەوە کە تێکەڵی چوارچرا دەبن هێزە نیزامیەکانی کۆمار ( کە دواتر بە هێزی پێشمەرگە ناودیر کران) ناوەندی چوارچرای دەپاراست، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەبەر مەحکەمە چاوەڕوانی هاتنی جەنابی پێشەوا قازی محەممەدیان دەکرد.



جەنابی پێشەوا لەگەڵ حاجی باباشێخ و چەند گەورە پیاوی دیکە بە کۆڵانە لیژەکەی مەحکەمە دا شۆر بۆوە و کاتێک گەیشتە بەردەم پێشوازیکەران لەگەڵ ژنراڵ بارزانی و سەرۆک عەشیرەتەکانی ریزی پێشەوە دەستی دایەوە و پاشان بەرەو چوارچرا وەڕێ کەوت.

بە نێزیک بوونەوەی پێشەوا قازی. دەنگی مارشی موزیک و سرودی میللی کوردستان و چەپلە ریزان و هۆرا و هەست و شەوق و زەوقی بێ وێنە ئاسمانی شاری داگرت.

بەر لەوەی پێشەوا قازی بچێتە سەر سەکۆی وتاران دان کە لە ناوەندی چوارچرا دامەزرا بوو. بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب ڕاگەیاندرا بچن قورئان و نەخشەی و ئاڵای کوردستان بێنن.

پاشان سەرۆکی شارەوانی مەهاباد " غەنی خوسرەوی" بە پێی پرۆگرامی دیاری کراو، مێتینگی ڕاگەیاندیی کۆماری کوردستانی

کردەوە و پیرۆزبایی لە پێشەوا قازی و نەتەوەی کورد کرد پێشەوا قازی محەممەد ڕێورەسمی سوێند خواردنی بە جێ هێنا و فەرمووی:



*ئەمن بە خودا بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی میللی کورد.*
*بە ئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخرین هەناسەی ژیانم و*
*ڕژانی دوایین تنۆکی خوێنم بە گیان و ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و*
*بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستان دا تێ دەکۆشم و نیسبەت بە رەئیسیی*
*جەمهووری کوردستان و یەکیەتی کورد و ئازەبایجان موتیع و وەفادار بم.*

لەم کاتە دا کە چەپڵەلێدانی کۆمەڵانی بەشداری ڕێورەسمەکە شاری وەلەرزە خستبوو. دروشمی بژی کوردستان، بژی حیزبی دێموکرات، بژی پێشەوای کورد قازی دەگەیشتە ئاسمان.



چوارچرا و شەقامەکانی شار بە چراو ئاڵای کوردستان ڕازیندرابوونەوە، خەڵک بەرادەیەک شاد و بە کەیف بوون، کە مەهاباد لە هەموو ژیانی دا قەت ڕۆژێکی واخۆش و پڕ لە شادی و شادمانی بەخۆوە نەبینی بوو.

هیوای خەڵک پشکوتبوو، کەس بیری لە دوا ڕۆژ نەدەکردەوە، پێشەوا وشەیەکی ڕێک و بە ناوەرۆک بوو، کە خەڵکەکە لەو ڕۆژە دا خەڵاتی قازیان کرد و بە دوای ئەو ڕۆژە دا بوو بە پێشگۆ پاشگوی ناوی قازی محەممەد.

پێشەوا قازی، لەسەر سەکۆی دروست کراو بە چێو لە چوارچرا دا کە هەم کۆماری کوردستانی لێ ڕاگەیاند و هەم لە ڕێگای ئاواتی نەتەوەکەی دا سەری لێ دانایەوە وتاری مێژووی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی




خوێندەوە.

دەنگی پێشەوا کە وتارەوانیکی بە ناوبانگ بوو، ئێستاش لە گوێی ئەو کەسانە دا دەزرینگێ تەوە کە ئەو ڕۆژە لە جێژنی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دا بەشدارییان کرد بوو.

بەڵێ ڕۆژی ۲ی ڕێبەندان خۆشتر و ڕووناکترین ڕۆژانی مێژووی شەش هەزار ساڵەی نەتەوەی کورد بوو، شاری مەهاباد گەلێک زیندو و دڵگەرم بوو، خەڵک بە کەیف و شاد بوون تەنانەت ئاسمانی وڵاتیش ڕووگەش بوو و لە گەڵ خەڵک شادی دەکرد.

مەل و باڵندەکانی سەردار و تلیی بەرقی شاریش چریکەی بەختەوریان لێدەهات و دەتگوت ئەوانیش بەو رووداوە خۆشە دەزانن و جێژنەیانە، روخساری لاوان گەش و هەوای شار دڵرفین و عەتراوی بوو. دەتگوت شەماڵ بۆن و بەرامی قەندیل و سامرەندی بە دیاری بۆ شار هێناوە، مەهاباد ڕۆژانی وا خۆش و لەباری بە خۆوە نەدیبوو، چونکە دڵان هەموو پێکەوە و لە یەک سەرچاوە ئەویش لە عەشق و ئەوینی نیشتمان. عەشقی ئازادی و سەربەخۆیی، عەشقی پێشەوای خۆشەویست و حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرچاوەی دەکرت.

سەرچاوە: کتێبی حکوومەتی کوردستان نووسینی: نەوشیروان مستەفا ئەمین





# کۆبوونەوەی مەهاباد و دامەزراندنی کۆماری کوردستان

رۆژنامەی [ کوردستان ] لە ژێر سەردیری [ جیژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان، یا درەوشینی ئەستێرەی خۆشبەختی کوردان، بژی سەرۆک و کورد و کوردستان ] رێپۆرتاجێکی درێژی دەربارەی ئاهەنگەکانی رێبەندان بە قەڵەمی سەرنووسەر رۆژنامەکە [ سید محمدی حمیدی ]، بڵاو کردوتەوە. لەبەر نرخی مێژوویی ئەم ریپۆرتاجە، لێرە دا بەشە گرنگەکانی ئەنووسینەوە. (۱)



" رۆژی ۲۸ی بەفرانبار ( دیماه)ی ۱۳۲۴ی شەمسی هەیئەتانی مودیری هەموو لکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرانی قەبایل و عەشایر و تەواوی طەبەقات لە مالیک و غەیرە مالیک هەریەک لە چەند فرسەنگ رێگاوە بۆ کانونی ئیحساساتی میللی و قیبلەی ئارەزو و ڕووناکیدەری ئەفکاری هەمووانی خۆیان : شاری پڕ لە ئیفتیخاری میللی مەهاباد، وەکوو بلبل بۆ لای گوڵ و وەکو پەپۆلە بۆ دەوری چرا هاتن و کۆبوونەوە.

لەم ویشکە سەرمای چلەی زستان بە نێو بەفر و رنوی زۆردا چەن هەزار برایانی ئێمە بی ئیختیار تەنیا بە حوکمی ویجدان وەکو عاشق بۆ لای مەعشوق یا چاتر بڵێم وەکو ئاسن بۆ لای ئاسن رفین [ آهن ربا ] بە توندی لینگیان دوا هاتن هەستی سەرماو مەینەت و ماندویەتی رێگایان نەکرد. هەموو بە روخۆشی و پێکەنین دەگەڵ چەپلە ریزانی بیوچان لە کاتێک دا کە وەکوو رەعد دەنگی هورا کێشانیان بۆ ئاسمان دەچوو... بون.

## بۆ چێ؟

چونکو. عەشق : عەشقی نیشتمان، عەشقی ئازادی و سەربەخۆیی، عەشقی پێشەوای خۆشەویست و رەهبەری بزورگەواریان، ئەوانی وەڕێ خستبوو. چوونکو فریشتەی بەخت و ئیقباڵ و پەری سەعادەت و خۆشبەختی لە لاسەروی فەضای گیان فینککەرەوەی مەهاباد ئەوانی بە دەنگی دڵ لاوینەوە و گیان پەروەرەی خۆی بۆ بەشدار بوون لە دێتنی ئەستێرەی خۆشبەختی و پێت ( فیض ) وەرگرتن لە مەواهیمی هەرە گەورەی سەرەوە بانگ کرد بوو.

دڵان هەموو پێکەوە وە یەک سەرچاوەوە ڕوو لە میهر و وەفا بوون، گیانیان هەموو دەگەڵ یەک جووت و لە یەک مەنشەئەوە شین و

سەوز ببوون : حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو دڵانەی پێکەوە ڕاگرت بوو و هەستی میللییەت ئەو ئەرواحەی بە یەکەوە بەست بوو.

## ئەمانە هەمووی لە کێ ڕا بون؟

هەمو لە هێزی دەس بەیضا و ئیعجازی وێنە مەسیحایی بێ وێنەی کورد تاقە کوڕی باشەهامەتی کوردستان مامۆستا و ڕەهبەری مەزنی حیزبی دێموکراتی کوردستان جەنابی قاضی محمد، کە دەگەڵ جیدو جەهدی خەلەل ناپەزیرو باوەری راستخ و شەجاعەت و مەتانەتی بیژمار ڕێگای ڕەهنومایی قەومی خۆی وەپێش گرت و تەواوی خەطەراتی زۆر سامناک و بەرهەلستی زلی ملوزمان و دوژمنانی بە نەبوو داناو بە بێ شک و تەردید و خەیالات هەوەل بە لابردنی هەموو بەرهەلستەکان خەریک بوو پاشان بە فەراهەم کردنی زەمینە و ئیجاد و ئیستیعدادی کۆمەڵ لە ڕێی دانانی فیرقەی دێموکرات ئیقدامی فەرموو.

ئەی کوردستان مەزن ! ئەی دایکی نیشتمانی ٩ ملیون کورانی ڕەشیدی کورد. سەرت لە دوشەکی بیماری و دیلی هەڵێنە و نیقابی سپی بەفر لە روی خۆت هەڵگرە بۆ کفن بۆ کورەکانتی واگوزارکە ئەوەتا ئەرشەدی کورانی تۆ ئیعجاری کرد و ئاخر رایەلە و پۆی فیل و تەلەکەی نابەکارانی لەبەر یەک دەرینا و ژیان و خۆشەبەختی بە یەکجاری تۆ و کورانتی سازی قایم کرد.

ئەی نیشتمانی ماد و ئەشکانییان، ئەی لانکەی صلاحالدین و بورالدین، دەیسەم، مزگینیت لی بێ ئاخر میکرووبی ئەنواعی نەخۆشییان لەم خاکە ماڵدراوە و کورانی تۆ وەک دانەی بەرموری گەوهەر و هۆندراوەتەوە و لە حضووری پێشەوای بزوگەواری خۆیان دا بە سان دەرون و بە دەنگی فینکاییدوری : " بژی کورد و کوردستان " دڵی گلاوی دوژمنا وەلەرزین دێنن، ئەی جێگای باوک و باپیرمان شاد و خۆرەم بە کە زستانت بە تازە بەهارو بەفر و رنووت بە گوڵستان گوردراوە. ئەوتا ڕۆژی دووهەمی ڕێبەندان ( بەهمەن ماه) ١٣٢٤ ساتی ٨ی بەیانی خۆشتر و ڕووناکتر ڕۆژانی مێژووی شەش هەزار ساڵەی تۆ گەیشتووە لەسێرێی قاضی، هێزی بە هێزی دێموکرات بە سازو بەرگ و ئەسلەحەوە لە لایەکەوە قوتابییەکانی کچان و کوڕانی هەموو قوتابخانەکان و لە لایەکی دی بیست هەزار نەفەر لە تەواوی طەبەقاتی نەتەوەی کورد هەر یەک لە جێی خۆی بە تەرتیب ڕێزیان بەستووە و ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان لە هەموو لایەکی میتینگەکەوە و لە راست و چەپی جێگای تایبەتی پێشەوای گەورە کە لە قەلبی میتینگ دا قەراری گرتووە دەلارێتەوە.

خوضار هەموو چاویان بڕیوەتە ڕێ پێشەوا، ئاسمانی مەهاباد رووی خۆی صاف و ڕووناک کردوە ڕۆژ پەرەدی هەوری لە رووی هەلایساوی خۆی هەڵگرتووە و هەموو هەموو چاونوری مەوکیبی موبارەکی پێشەوان، بەڵێ چاوەنورن و دەبێ چارەنوریش بن چونکوو عەشق، عەلاقە، خۆشویستن، ئیحساسات، میللیەت، هومێدی سەربەستی لە ڕەک و شارەگی وان دا دەگەرێ و نۆختەی یەکیتی ئیتصالی هەمووان وجوودی مەسعوودی ڕەهبەری گەورەیە.

لەم کاتە دا بزۆکی پێشەوای خۆشەویست لە نێو سەلامی نیظامی و چوپلەرێزان و هەراو و ئیحساسات و شەوق و شەعەفی

فەوقولعادەی کۆمەڵ دا وەدەرکەوت و پێشەوای بەرز لە کاتێک دا کە ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی لە پشت سەری دەهاتن و ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان لە ڕاست و چەپی تریبوون لە ئیهتیزاز دا بۆ ئەستوی بەرزی بۆ ئاسمان هەڵێنا بۆ نزولی ئیجلالی فەرموو. موطابیقی بەرنامەیەک کەلە پێش داکرا بوو بە تەواوی خوضار ڕۆژباشی فەرموو پاشان تەشریفی لە تریبون هاتە خواری و بە پێش تەواوی گوردان و گورهان و دەستەی سەربازان و پێشمەرگەکانی کوردستان دا هات و هەموو تەماشا کردن و بە هەمووان ڕۆژباشی فەرموو، لەم کاتە دا بە دەستوری معاونی فەرماندەری هەموو هێز لە لایەن سەربازان و پێشمەرگەکان و تۆپخانەی کوردستان دە دەقیقە بێوچان بە ئیفتیخاری سەربەستی کوردستان و ناساندنی ڕەئیس جمهووری کوردستان شیلێنگ کرا.

پاشان لە کاتێک دا کە دەنگی هورا دەچوو بۆ ئاسمان و لە قەلبی میتینگ دا موزیک و سرودی میللی کوردستان لێ دەدرا و دەخوێندرایەوە برای خۆشەویست غنی خسروی شەهرداری مەهاباد بە پیی دەستور هاتە پێشەوە و بە تەرتیب میتینگی ئیفتیتاح کرد و وتی :

" ئەمن غنی خسروی شەهرداری مەهاباد ئەو موفەقیەتە گەورەیەی کە میللەتی کورد لە پاش هەزاران قوربانی دان ئەوڕۆ لە نتیجەی فەعالییەت و کارزانی و میللەتپەروەری فەوقولعادەی پێشەوای موعەظەمی کوردستان جەنابی قاضی محمد نصیبی بووە پیرۆزی و موبارەکبادی بە مەقامی گەورەی پێشەوای مەزن و میللەتی ڕەشیدی کورد عەرض دەکەم وە متینگ و جەلەسەی ئەوڕۆ بە نێوی شاری مەهاباد ئیفتیتاح دەکەم و بە دڵێکی خاوەن و پاکەوە دەڵێم بژی پێشەوای موعەظەمی کوردستان."

١- ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ١٠ ، دووشەمۆ ١٥ی ڕێبەندان و ژمارەی ١٠ ، ٢٧ / ١١ / ١٣٢۴

سەرچاوە : کتێبی حکوومەتی کوردستان : نووسینی نەوشیروان مستەفا ئەمین

تایپ کردنەوە: ڕەحمان نەقشی

# نوتقی جەنابی پێشەوا و ڕەئیس جمهووری بەرزی کوردستان

## [ به بۆنەی دووی ڕێبەندان ]

کوردستان مەوقەعییەتی جوغرافیاییەکی مەخسووسی هەیە کە بێ پسانەوە و بێ ئەوەی نەتەوە و میللەتێکی کە لە نێویاندا فاسیل و لێکیان بپچڕێتەوە، کورد بە سەریەکەوە و پێکەوە سکوونەتیان تێیدا هەیە و دارای مالیکییەتی میللین دەوێدا. بەسەرهات و سەوابیقی تاریخییان یەکە و عوموومەن تێیدا شەریکن. خاوەنی ئاداب و عادات و ڕسوومی میللییەکی وان کە هیچ جۆرە سەدەمە و حەوادسێک نەیتوانیوە سستییەک لە بناغەی میللییەتی ئەواندا پەیدا بکا.



کورد لە قەدیم ڕا هەزاران پادشا و حوکمدار و تەشکیلاتیان بووە. هەر لەم کوردستانی ئازادی ئێستا دا بنەماڵەی ئومەرای موکری کە سەرسلسلەی ئەوان ئەمیر سەیفودین بووە تا (١٠٢٠ی کۆچی) بئلئیستیقلال ئەمیر سەیفودین، سارم بەگ، شێخ حەیدەر،ئەمیر بەگ، ئەمیر پاشا، تا دەگاتە قوباد خان بە دەستەڵات و قودرەتەوە حکوومەتیان کردووە.

میللەتی ڕەشید و بە غیرەتی کورد لە هەموو دەور و زەمانێکدا هەر کەس خەیاڵی ئیستیلای نیشتمانی ئەوانی بووبێ بەرەنگاری بوون و بەربەرەکانییان کردووە و لە هیچ فیداکارییەک دەستیان دانەنەواندووە. لە پاش لە دەستچوونی سەلتەنەت و حوکمداریشیان بۆ وەگیرخستنەوەی ئیستیقلال و ئازادی قوربانیان داوە و لە بەر ئەوەی کە هەمیشە لە موبارەزە و ملە دا بوون هیچ جۆرە ئەزییەت و ئازارێک نەماوە نەی چێژن و نەی بینن.

لە گەڵ ئەوەش هەموو کوێرەوەری و کوشتن و بڕینێکیان تەحەمول کردووە و قەت لە ئامانج و ئارەزووی خۆیان شل نەبوونەوە و لە ڕێی وەدەست خستنەوەی ئازادیدا ووچانیان نەداوە، بە دڵێکی ئەوەندە بەهێز و عەزمێکی هێندە سابیتەوە تێکۆشاون تا ئێستا هێزێکی وا پەیدا نەبووە بتوانێ تێکڕا خەفەیان بکا، میرە کوێرەیان کوشتووە بابان سەریان هەڵداوە، بابانیان بێدەنگ کردووە ئەردەڵان بڵێند بوون، ئەوانیان لە عەرزی داوە بتلیسی بەرز بوونەوە و هەزاری دیکەی وەک ئەوان.

تا لەودواییانە دا لە پاش شەڕی بەینولمیلەلی پێشووەوە کە دیکتاتۆری ئێران و تورکیا هاتنە سەر کار و زمان و عادات و مەزهەب و خسووسییاتی میللی کوردیان بە جارێک لاواز و کز و کەنەفت کرد، لە هیچ وەحشییەت و دڕندەییەک ڕانەوێستان، خوێندن و نووسینی زمانی کوردی مەمنووع و پۆشینی لیباسمان قەدەغە بوو.




نەیان دەهێشت لە هیچ جۆرە مەزایا و حقوقێکی بەشەرییەت بەشمان ببێ، ڕێگای فێر بوونی عیلم و سەنعەتیان لێ بڕیبووینەوە. هەر رۆژە بە بەهانەیەک و هەر دەمەی بە تەشقەڵەیەک دەستە دەستە و پۆل پۆل کوردی هەژارو بەدبەختیان حەبس و تەبعید دەکرد و دەیان کوشتن و لە بەینیان دەبردن، حاسڵ و دەسرەنجی ئەو میللەتە بێچارەیان دەبرد بۆخۆیان و ئەوانیشیان برسی و تینوو ڕووت و قووت دەهێشتەوە.

تا لە شەهریوەری ۱۳۲۰ دا فریشتەی ئازادی دەزگای دیکتاتۆری و فاشیستی ڕەزاخانی تێک شکاند،کورد سەری لەو هەموو فشار و ئەزیيەتە کەمێ فارغ بوو،فەوری ئیحساسی کرد چۆن دەبێ لە فورسەت ئیستیفادە بکات و ڕێگای سەلاح و وەدەست خستنی ئازادیی ئەو میللەتە چییە و چ بکا؟ پیاوانێکی بە بیر و هۆش و بەشەرەف کە زۆر لە مێژ بوو خوێناوی دڵی خۆیان دەخواردەوە و بۆ زەلیلی ئەو میللەتە دووکەڵ لە دەروونیان دەهاتە دەرێ زۆر زوو تەشخیسیان دا کە وەختی کارە و لەو فورسەتە دەبێ بەهرە وەرگیرێ و ئەوە تەواو ئەو ڕۆژەیە کە پشتاوپشتمان چاوەڕوانی بوون. یەکجار و خێرا، بێوچان و ڕاوێستان، دەستیان بە کار کرد، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان تەشکیل دا و بە دەستوبرد خەریکی کاروباری میللی بوون و بەچاوێکی وورد و بەدیققەت ئیحتیاج و پێداویستی کوردیان تەشخیس و بەدی کرد.

لە پێش هەموو شتێکدا ئیختیلافات و دووبەرەکانی عەشاییری کە بە دەسیسە و حیلەبازی ئیستیعمارچی و دیکتاتۆران بۆ ئیستیسمار و خواردن و کرووساندنەوەی ئەو میلەتە، بە قەولی خۆیان( تفرقه بیانداز و حکومت کن )دەبەینی خستبوون و تا ئەندازەیەک ئەو ئاورە بڵێسەی ساندبوو برای دایکوبابی لە یەک ترازاندبوو بە کولی لە گۆڕێ هەڵگیرا و نێوی عەشیرەت و تەوایف و هەرچی ئەسبابی ئەو نیفاق و پرش و بڵاویە بوو فڕێ درا و عوموومەن لە ژێر ناوی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان دا کۆبوونەوە و یەک دڵ و یەک زمان تێکڕا بەرەو ئامانجی ئازادی کەوتنە ڕێ.

زمانی زگ ماکمان کە لەگەڵ شیری دایک تێکەڵی خوێن و گۆشتی ئێمە بووە لە زەمانی دیکتاتۆری دا سەخت قەدەغەکرابوو، زمانی فارسی بە زۆر تەحمیلی ئێمە و منداڵەکانمان دەکرا و ئەو کارە پتر سەبەبی پاشکەوتنی کورد بوو، لە مەداریسدا ڕەسمییەتمان پێدا و خوێندن و تەحسیلمان بە سەبک و تەرتیبی دنیا خستە سەرباری کوردی – چەند مەدرەسەی کچان و کوڕانمان کردەوە،مەدرەسەی شەوانەمان داییر کرد و کتێب بە زمانی کوردی تەرجومە کران.چەند سەد کوڕ و کچ و پیاوی گەورە لە مەداریسی شەوانە و ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی فارسی بن لە مانگێک و دوو مانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێک دەخوێننەوە و دەنووسن. بۆ ناساندنی لیاقەتی میلی و وەدەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەرییەت و عەداڵەت موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاو کردنەوە بووین.چاپخانەی زۆر چاک تەئسیس کرا و دامەزرا، لە شاری خۆماندا، بە زمانی خۆمان بە چاپخانەی خۆمان گۆوار و ڕۆژنامە دەردەچێ و بیر و فکر و داخوازی ئێمە لە دنیا دا بڵاو دەکاتەوە.

حاسڵ و بەرهەمی ئێمە کە میقدارێکی زۆر و زەوەند و بە قیمەت بوو بە فیڕۆیی لە دەستیان دەر دەهێنایین و دەستی ئیستیعمار

سەدێکی لە پێش ئێمە و بازاری دنیا دروست کرد بوو، ڕێگای حەلمان دییەوە و تەجارەت و ئیقتیسادییاتی کوردستان زۆر باش تەئمین کرا.

لە زەمانی دیکتاتۆریدا کە هەموو عەوارزێکیان لێ دەساندین کەم و زۆر وەسیلەی لەش ساغی و موعالەجە، نە حەکیم، نە دەرمان، نە مەریزخانەیان بۆ ساز نەکردین،ئێمە بۆخۆمان مەریزخانەی زۆر باش بەو زووانە داییر دەکەین و لەش ساغی وولاتمان تەئمین دەبێ. هێزێکی میللی مان تەشکیل داوە کە بە شەجاعەتێکی تەواو حازرە دیفاع لە نیشتمان بکا.

دیارە موەفەقییەتی ئێمە سەراسەر لە عەینی مەرامی دێمۆکڕاسی و لە نەتیجەی فەعالییەتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و پشتیوانی عالەمی دێمۆکڕاتە. لە بەر ئەوە بە دڵ و بەناو دەڵێین: بژی موئەسیسینی دێمۆکڕات.

میللەتی کورد هەزاران سەد و بەرهەڵستی سەخت و سەهەندەی لە ڕێدا بوو. دەستە و دایەرەی دیکتاتۆری بێ ووچان کارشکێنی ئێمەیان دەکرد و لە هیچ نامەردییەک ڕانەدەوەستان.ئیجتیلافاتی عەشاییر بۆ داخلیش ئیشکاڵێکی گەورە بوو بۆ ئێمە.ئەمما ئەوانە هێچ کامێکیان نەیان توانی پێش بە ئێمە بگرن، بە دڵێکی بەهێز پایەداریمان کرد و ئیدامەمان بە فەعالییەتی خۆمان دا تا ئیستیقلال و ئازادی نەتەوەی کوردمان بە دەست هێنا.

دیارە بەقایایەکی ئەو خەتەراتەش کە ماوە چ لە داخڵدا و چ لە خارجدا میلەتی کورد موبارەزەی خۆی لە گەڵیان ئیدامە پێ دەدا و بە پشتیوانی خودا موزەفەر و مەنسوور دەبێ.

ئەو ڕۆ لە نمایەندەکانی تەواوی نەواحی و نوقاتی کوردستان بێ ڕعایەتی تەبەقات ئەعەم لە ئاغا و ڕەعێت و گەورە و چووک کۆ بوونەوە و یەک دڵ و یەک زمان هاواری دێمۆکڕاسی دەکەن و بە ڕێی دێمۆکڕات دا دەڕۆن ، قودرەت و قوەتی دێمۆکڕات نیشان دەدا.

*******

پاش تەواو بوومی نوتقی جەنابی پێشەوا لە تریبوون هات بێتە خوارێ عەبدول کەرباسی (عەبدول ئەو کەسەیە کە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا گایەکی بە سەد تمەن کڕی و لە بەرامبەری ئاڵا دا کردی بە قوربانی) کە بە ئەسلەحەوە لە پشت تریبوون ڕاوەستابوو شانی دانواند کە جەنابی پێشەوا پێ لە سەر شانی دانێ و بێتە خوارێ بەڵا لە بەر خووی تەوازوع کە لە ڕەوشتی مومتازی پێشەوای بەرزە قوبووڵی نەفەرموو و بۆخۆی هاتە خوارێ. لەم کاتە دا تەواوی عەشاییر و خەڵکی شاری هوروژمیان هێنا و هەموو دەستیان ماچ کرد و بەیعەتیان دەگەڵ کرد، بە جۆرێ خەڵک دەورەیان گرتبوو کە ماوەی ساتێک نەدەبیندرا کە جەنابی پێشەوا لە کوێیە و لە ماوەی سێ ڕۆژ مەراسیمی بەیعەت بێ ووچان دەوامی بوو.

سەرچاوە: جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان یا درەوشینی ئەستێرەی خۆشبەختی کوردان کۆکەرەوە: سەیید محەمەدی حەمیدی

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ١٠ ، دووشەمۆ ١٥ی ڕێبەندان و ژمارەی ١١ ،چوارشەمۆ ١٧ی ڕێبەندانی١٣٢٤ی هەتاوی / ۴ و ۶ی فێورییەی ١٩۴۶ی زایینی.


سەرچاوە : ویبلاگی ڕوانگە / ڕێکەوتی : ٢٢ی ژانویەی ٢٠١١

تایپ کردنەوە: ڕەحمان نەقشی

# جێگای کۆماری کوردستان لە مێژوو دا

نووسینی : شەهید دوکتور قاسملوو

لە گەڵ ئەوەی کە ماوەی ژیانی کۆماری کوردستان ١١ مانگ بوو و زوو تێک چوو، دیسان جێگایەکی تایبەتی لە مێژووی نەتەوەی کورد دا هەیە. کۆماری کوردستان لە ئاسمانی تاریک و لێڵی سەردەمی درێژی ژێردەستی گەلی کورد دا وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار دەدرەوشێ. ڕستە ئەو ئەستێرەیە زۆر زوو ئاوا بوو، بەڵام ئێستاش هەروا رووناکەرەوەی ڕێگای خەباتی دژواری گەلی کوردە. گەلی کورد لە ڕۆژگاری نوێی مێژووی خۆی دا تا پێکهاتنی کۆماری کوردستان نەی توانی بوو چارە نووسی خۆی بە دەستەوە بگرێ و حوکمداری نیشتمانی خۆی بێ. بۆ یەکەم جار لە مێژووی نوێی نەتەوەکەمان دا بە دامەزارنی کۆماری کوردستان گەلی کورد بە ئاواتی خۆی گەیشت و هەستی بەوە کرد کە چارەنووسی خۆی بە دەستەوەیە و لە نیشتمانی خۆی دا بیگانە نێ یە و حاکمێکی دیکەش بێجگە لە خۆی لەو نیشتمانە دا نابێنێ. بۆ یەکەم جار بوو کە گەلی کورد کۆماری خۆی هەبوو، پێشەوا و لەشکری خۆی هەبوو، دەزگای هەڵسووراندنی کار و باری وڵاتەکەی لە خۆی بوو، پاش سەدان ساڵ خەبات هەستی لە خۆدڵنیا بوون لە گەلی کورد دا پەیدا ببوو و چێرۆکی کۆن کە کورد هەرگیز " نابێتە هێچ " پووچەڵ ببوو، بۆ گەلی کورد دەرکەوتبوو کە بە خەباتی خۆی دەتوانی " ببێتە شتێک " و ژێردەستی کەس نەبێ و ئازاد و سەربەرز بژی.



کۆماری کوردستان کۆماری گەلی بوو، بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورد دا بەرێوەبەری جووڵانەوە بە دەست ئاغایەک، سەرۆک عەشیرەتێک یان شێخێک نەبوو. ڕاستە هێندێک لە مانە لە کۆماری کوردستان دا خاون دەسەڵات بوون. بەڵام هەوڵ دراٍ کە کۆمەڵانی سادە واتە خەڵکی کۆڵان و بازار نوێنەرانی خۆیان بە شێوەیەکی دێموکراتی هەڵبژێرن و بەرێوەبەرانی خۆیان دیاری بکەن، بۆ یەکەم جار جووڵانەوەیەکی پان و بەرینی گەلی پێکهاتبوو کە پشتیوانی ئامانجەکانی خۆی و کۆماری خۆی بوو. لەم بارەوە جووڵانەوەی ساڵەکانی ٢٤ – ١٣٢٥ لە گەڵ هەموو جووڵانەوەکانی پێشووی نەتەوەی کورد جیاوازی یەکی بنەڕەتی هەبوو.

کۆماری کوردستان ئاکامی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی بوو. گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە بەشێک لە نیشتمانی خۆی دا شوێنەوارێکی لە زۆردارانی مێژوویی خۆی نەدەدیٚ. لەشکر و پۆلیسی زۆردار نەمابوون. کاربەدەستی بەرتیل خۆری لە مەرکەزەوە دیارِی کراو دەرکرا بوون، کەس بۆ ئەوە ئازار نەدەراٍ کە بە زمانی خۆی قسە دەکا، هەستێکی یەکجار شیرین و دڵ خۆشکەر لە ژیانی خەڵکدا پەیدا ببوو و دەیانزانی کە ئەوانیش نەتەوەیەکن. خاوەنی ئاو و خاکن، خاوەنی نیشتمانن.




کۆماری کوردستان ئاکامی جووڵانەوەیەکی دێموکڕاتی بوو، لەم جووڵانەوەیە دا هەموو چین و توێژە دێموکڕاتی یەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەشدار بوون و هەرچی دەرۆیی باری دێموکڕاتی جووڵانەوە زیاتر دەبوو. خەڵکی کۆڵان و بازار و خەڵکی ساوێلکە و نەخوێندەوار کۆماری کوردستانیان بەهی خۆیان دەزانی و ئازادانە لە هەڵسووراندنی دا بەشداری یان دەکرد. ئەو دێموکڕاسی یە کە لە کۆماری کوردستان دا بەدی دەکرا، جیێ سەر سوورمان بوو بۆ ئەوانەی کە لە دەرەوە ڕا دەهاتن و چاویان پێ دەکەوت.

کۆماری کوردستان ئاکامی پەرەئەستاندنی جووڵانەوەیەکی نیشتمانی و دژی ئیمپریالیستی بوو. جووڵانەوەیەک کە لە کوردستان دا پەرەی گرتبوو سەربەخۆیی بپارێزی، دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئینگلیس خاشە بڕ بکا و بۆ ئەوەی تێدەکۆشا کە سیاسەتێکی نیشتمانی لە ئێران دا سەرکەوێ. ئەوەش یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندی یەکانی جووڵانەوەی ۲۴ – ۱۳۲۵ بوو کە بۆ یەکەم جار جووڵانەوەی کوردستانی کرد بە بەشێک لە جووڵانەوەی دێموکڕاتی پێشکەوتووی سەرانسەری ئێران.

هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئینگلیس ئەوەندە لە کۆماری کوردستان بیزار بوون و ئەوەندەیان رق لە پێشکەوتنی جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستان هەستا بوو کە بۆ تێکشاندنی بە هەموو هێزیانەوە یارمەتی دەوڵەتی مەرکەزی ئێرانیان دا. چونکە بە حەق ترسی ئەوەیان هەبوو کە جووڵانەوەی کوردستان لە دوا ڕۆژ دا ببێ بە بنکەیەک بۆ پێشکەوتنی جووڵانەوەی نیشتمانی و دژی ئیمپریالیستی لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا.

کۆماری کوردستان ئاکامی جووڵانەوەیەک بوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەی کورد دا ببوو بە بەشێک لە جووڵانەوەی ڕزگاری خوازی و پێشکەوتووی جیهانی کە باڵێکی وڵاتەکانی سۆسیالیستی و جووڵانەوەی کرێکاری جیهانی و باڵێکی دیکەی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی زۆر لێکراو بوو. جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان لە ساڵەکانی ۲۴ – ۱۳۲۵ دا ببوو بە بەشێک لە جووڵانەوەی دژی فاشیستی و دژی ئیمپریالیستی سەرانسەری جیهان و هەر بۆیەش لە گەڵ ئەوەی جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی نیشتمانی بوو، باری ئینترناسیونالیستی شی هەبوو.جووڵانەوەیەک بوو کە بۆ دۆستایەتی و ئاشتی و هاوکاری لە نێو هەموو نەتەوەکانی دنیا هەوڵی دەدا. هێچ نەتەوەیەکی دیکە لە کورد بەزیاتر دانەدەنا، بەڵام بە هێچ جۆرێک نەتەوەی کوردیشی زیاتر لە هێچ نەتەوەیەک نەدەزانی، دژی رەگەزپەرەستی و فاشیزم و شووێنیزم بوو.

کۆماری کوردستان ئەو ڕۆڵە تاقانەی مێژووی نەتەوەی کورد جوانەمەرگ بوو، بەڵام شوێنەواری ئەو کۆمارە ئێستاش هەر زیندووە. ئێستاش هەر پاش ۶۷ ساڵ خەڵکی کوردستان ڕێگای کۆماری کوردستان دەبڕن، ئەو ڕێگایەی کە پێشەوا شەهید قازی محەممەد دیاری کردبوو و گرتبوویە بەر. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەو هەموو ئەزموونە کە دەستیان کەوتووە و بە پەیرەوی کردن لە سیاسەتی ڕاست و دروستی حیزبەکەیان، ڕێگای پێشەوا تا سەر دەڕۆن و ئاواتوکانی بەجێ نەهاتووی کۆماری کوردستان بە تەواوی وەدێ دێنن.

## هۆیەکانی تێکچوونی کۆماری کوردستان

دەبێ ئەو ڕاستی یە بگوترێ کە هەر لە بنەڕەتەوە زەمینەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە تەواوی ئامادە نەکرابوو. واتە کۆماری کوردستان سەرئەنجامی خەباتێکی درێژخایەن و ئاکامی ڕەوتێکی تەبیعی ڕووداوەکان و نەخشەی لە مێژەوە دارێژراو نەبوو. هەڵ و مەرجی ئەو کاتەی نێو نەتەوەیی ئێران و بەتایبەتی پێک هاتنی حکوومەتی میللی ئازەربایجان وەزعێکی سیاسی وایان پێک هێنا کە ڕووداوەکان زۆر بەخێرایی بچنە پێش و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هان درا بۆ ئەوەی کۆماری کوردستان زۆر زووتر لەوە کە هەموو هەل مەرجێکی بۆ ئامادە بووبێ دابمەزرێنی. بەکورتی کۆماری کوردستان لە ساڵی ۱۳۲۴ بەرهەمی هەڵ و مەرجی نائاسایی نێوخۆ و نیو نەتەوەیی بوو.

بێگومان هان دانی یەکیەتی سووڤیەتی تەئسیری خۆی هەبوو و ئەو وەعدە و پەیمانە کە درا، بە بەرێوەبورانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان زیاتر تەشویق کرد کە هەرچی زووتر کۆماری کوردستان دابمەزرێنی. بەڵام واقیعیەت ئەوە بوو کە زەمینە عەینی، هەل و مەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وڵات بە هیچ جۆر بۆ دامەزرانی کۆماری کوردستان بە تەواوی ئامادە نەبوو. تەنانەت زەمینەی زەینیش کە بریتی یە لە هێزێکی سیاسی کە بتوانی دەزگایەکی ڕێک و پێک دەوڵەتی دا بنێ بە تەواوی ساز نەببوو. ڕەوتی هەنگاوەکان بە پێچەوانە بوو. هێندێک کار کە دەبوا پێش دامەزرانی کۆمار وەدی هاتبا مابۆوە کە پاش پێک هاتنی کۆماری کوردستان جێ بەجێ بکرێ. دیارە بۆ هێنانەوەی هەموو ئەو هەنگاوانەش هەروا کە دیتمان وەخت نەبوو.

۳۳۰ ڕۆژ بۆ دانانی بناخەی مادەی و مەعنەوی کۆماری کوردستان بەس نەبوو. دەکرێ بڵێین کە کۆماری کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر کوت و پڕ پێک هات و ئەو لەنەکاو پێک هاتنە بوو بە هۆی زۆر لەو گیروگرفتانە کەلە ماوەی تەمەنی کورتی خۆی دا تووشیان بوو. بۆیە هەر لە سەرەتای دامەزرانی یەوە لە نێو جەرگی کۆماری کوردستان یەکێک لە هۆیەکانی تێک چوونیشی چاندرا بوو.

دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وڵاتەکەمان کە هەر وەک دێتمان پێوەندی یەکانی دەرەبەگی تێدا زاڵ بوون و تەرکیبی کۆمەڵی لادێ عەشیرەتی بوو و نەوەد لە سەدی دانیشتوانی نەخوێندەوار بوون. یەکێک لە هۆیەکانی هەرە ئەساسی سەرنەکەوتنی کۆماری کوردستانە. ئەم دیاردەیە بارێکی دیکەشی هەبوو.

بەگشتی لە مێژوویی جووڵانەوەکانی نەتەوەی کورد دا ناتەبایی یەک بەدی دەکرێ کەلە سەردەمی کۆماری کوردستانیش لە ساڵەکانی ۲۵ – ۱۳۲۴ دا بەرچاو بوو. ئەو ناتەبایی یە لە پایەی نزم و پاش کەوتوویی کۆمەڵی کوردەواری یەوە هەڵدەقوڵی. لە سەد ساڵی رابردوو دا کۆمەڵی کوردەواری هەموو کاتێک ئەگەر نەڵێین زیاتر، هەر نەبی قۆناخێکی تەواو مێژوویی لەو کۆمەڵەی کە

دەوڵەتی مەرکەزی بەرهەمی یەتی پاش کەوتووتر بووە، ئەوە یەکێک لە هۆیەکانی تێک چوونی زۆر لە جووڵاوەکانی نەتەوەیی کوردستانە. ئەم دیاردەیە هۆیەکانی مێژوویی و بە تایبەتی خۆی هەیە کە بە کورتی بریتی لەوەیە کە گەلی کورد سەدان ساڵە دەوڵەتی سەربەخۆی نەبووە. ڕێگای هات و چۆی بۆ دەرەوە بەربەست کراوە، لەباری جوغرافی یەوە گەمارۆ بدرێ، ئابووری تەبیعی کە مانای راوەستان و نەبزووتنی کۆمەڵە بە سەدان ساڵە لە کوردستان دا زاڵ بووە. هێندێک هۆی دیکەش هەن کە زیاتر پێوەندی یان

بە ڕووبنا و بەتایبەتی دەسەڵاتی سیاسی ئەو سەردەمی هەیە کە دەوڵەتەکانی مەرکەزی کوردستانیان چەوساندوتەوە و نەیان هێشتووە پێشکەوێ.

لێرەدا مەبەست بەرچاوخستنی ئەو ڕاستی یە حاشا لێ نەکراوەیە کە کۆماری کوردستانیش لە نێو کۆمەڵێکی پاشکەوتوو، بەگشتی پاشکەوتووتر لە کۆمەڵی دوژمنانی خۆی دامەزرا.

ئەوانەی کە بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون، بە گشتی تاقی کردنەوەی تێکۆشانی سیاسی یان نەبوو، نەتاقی کردنەوەی ڕێکخستی تەشکیلاتی و نە فێری هەڵسوراندنی کاروباری دەوڵەتی بوون. بەم جۆرە جووڵانەوەیەک لە یەکێک لە پاشکەوتووترین ناوچەکانی ئێران واتە کوردستانی ئێران پەیدا ببوو، کە لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بەربەرەکانی دەکرد، دەوڵەتێک کەلە زەمانی ڕەزاشا مەرکەزی یەتی پێک هێنا بوو، هەوڵی دابوو ببێ بە حکوومەتێکی مودێرن، بناخەی ئەرتەشێکی ڕێک و پێکی داڕشتبوو لە باری فەرهەنگی و تێکنێکی و سیاسی یەوە ئەزموونی زیاتر بوو و هەرنەبێ قوناخێک لە کوردستان لە پێش تر بوو.

بوویە جووڵانەوەی ۲۵ – ۱۳۲۴ هەر لە سەرەتاوە ئێمکانی سەرکەوتنی کەم بوو. کەوابوو یەکێک لە هۆیەکانی هەرە گرینگی تێک چوونی کۆماری کوردستان ریشەی لە نێو جەرگی کۆمەڵی کوردەواری واتە لە پاش کەوتوویی ئەم کۆمەڵە دا بوو.

گیروگرفتی ڕێکخستن و پێک هێنانی نەزم لە کۆمەڵ دا کوسپێکی گەورەی پێشکەوتنە لە هەموو وڵاتەکانی جیهانی سێهەم دا. بێجگە لەوە هەر بە گشتی گەلی کورد بە درێژایی مێژووی خۆی زۆر حەزی لە تەشکیلات و ڕێکخراو و خۆ ڕێکخستن نەکردەوە. تانانەت لە ڕێک و پێکی و تەشکیلات هەر بیزار بووە، هۆیەکەشی زۆر ڕوونە، چونکە تەشکیلات و ڕێکخراو یا ڕێکخستن بە تێکرایی سەمبۆلی حوکم داری دەوڵەتی مەرکەزی بووە. دەوڵەتێک کە بۆ گەلی کورد بێگانە بووە وەسیلەی دەسەڵاتداری و زۆڵم و زۆری هەر ئەو تەشکیلات و ڕێکخراو و نەزم و نیزامە بووە. بۆیە گەلی کورد ڕقی لێ بووە و قبووڵی نەکردوە. بێجگە لەوە لە زەمانی کۆماری کوردستان دا بەڕێوەبەران خۆیان لە ئوسوولی تەشکیلاتی و ئوسوولی ڕێکخستن شارەزا نەبوون تا بتوانن فێری خەڵکی دیکەی بکەن. بە گشتی هۆیەکانی نێوخۆی تێک چوونی کۆماری کوردستان ئەمانەن.

## هۆیەکانی دەرەوەی کوردستان :

ڕووخانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان بەو شێوە ئابروبەرانەیە کە بەڕاستی دەبێ ناوی ئاش بەتاڵی لەسەر دا بنێێن و ڕاکردنی بەڕێوەبەرانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بۆ یەکیەتی سووڤیەتی بە شێوەیەکی زۆر شپرزە و بەجێ هێشتنی ۱۵ هەزار ئەندام یا کادری سادە لە ئازەربایجان کە کەوتنە بەرپەلاماری کۆنەپەرستی و قەڵا چۆکران،بێگۆمان تەئسیرێکی زۆری لە کوردستان هەبوو. یەکەم هاوپەیمان کە کوردستان حیسابی لەسەر دەکرد لەبەین چوو بوو. لە پاشان ئەو هاوپەیمانە بێ ئەوەی زەرەیەک لە دوژمن بوەشێنی ئاش بەتاڵی کرد بوو و دیارە وورەی لایەنگرانی کۆماری کوردستانیشی هێنابووە خواری و تۆوی شکست خوازی و ئاش بەتاڵی

لە کوردستانیش چاند بوو. زۆر زەحمەت بوو کە بەرێوەبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان بتوانن بەرامبەر بە ووره نزمە رابوەستن یا بتوانن کارێکی وا بکەن کە وورەی کۆمەڵانی خەڵک بە تایبەتی چین وتوێژه نێونجی و دەوڵەمەندەکانی شارەکان بەرنەسەر. هێندێک لەوانە لە دەرفەت دەگەڕان و بە پەلە بوون هەرچی زووتر خۆیان تەسلیمی لەشکری دەوڵەتی مەرکەزی بکەن.

هێزەکانی دێموکراتی لە بەشەکانی دیکەی ئێران دا بۆ ئەوەی پێشی ئەو هێرشە بگرن هیچ کارێکیان نەکرد، بەپێچەوانە هەر وەک گوترا ئەوان چاوەڕوانی ئەوە بوون کە لەشکری دەوڵەتی مەرکەزی لە ئازەربایجان و کوردستان تووشی شکست بێ تا ئەوانیش بتوانن هێزی خۆیان وەکار بخەن. بەکورتی هەر لایەک بە هیوای لایەکەی دیکە بوو! نەبەرنامەیەکی هاوبەش و نە یەکیەتی یەکی پتەو و بەتایبەتی یەکیەتی کردەوە لە نێو هێزەکانی دێموکراتی ئێران بەدی دەکرا. بۆیە ڕێژیمی کونەپەرستی ئێران توانی زۆر زیرەکانە و فیڵ بازانە بە شێوەی جیاجیا هەم زەبر لە جووڵانەوەی دێموکراتی لە سەرانسەری ئێران و هەم لە ئازەربایجان و کوردستان بدا.

هۆیەک کە لە دەسەڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دوور بوو، ئیمپریالیزمی ئینگلیس کە لە مێژ بوو نفوزێکی زۆری لە دەزگای دەوڵەتی ئێران دا وەدەست هێنابوو و ئیمپریالیزمی تازە هاتووی ئەمریکا کەلە شەڕی دووهەمی جیهانی بە هێزتر هاتبووە دەر بە هەموو هێزیانەوە پشتیوانیان لە دەوڵەتی کونەپەرستی مەرکەزی دەکرد. هەر دوو دەوڵەتی ئیمپریالیستی دژی پەرە ئەستاندنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی لە سەرانسەری جیهان و هەروەها لە ئێرانیش بوون و پێک هاتنی کۆماری کوردستانیان بە دژی قازانجی خۆیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دەزانی.

سیاسەتی ئەودەمەی یەکیەتی سووڤیەتی واتە سیاسەتی سەردەمی ستالین بە گشتی و لە ڕادەی جیهانی دا تووشی هێندێک هەڵە و ڵیکدانەوەی چەوت بوو. ئەم سیاسەتە لە ئازەربایجان و کوردستان بە دەست باقیرۆفەوە بەرێوە دەچوو کە پیاوی جێی باوەری ستالین و هەمەکارەی ئازەربایجانی سووڤیەتی بوو. لێکدانەوەی باقیروفیش لە سیاسەتی ئەوکاتەی ئێران و لە نیسبەتی هێزەکان دروست نەبوو، بێجگە لەوە هەروەها کە دێتمان لە جەرەیانی کۆماری کوردستان دا ناکۆکی و ناتەبایی لە سیاسەتی یەکیەتی سووڤیەتی بەرامبەر بە ئێران بەرچاو دەکەوت.

ئاکامی هەموو ئەمانە پاسیف و بێ ئەسەر بوونی سیاسەتی سووڤیەتی لە ئێران دا بوو. بەم جۆرە وەزعێکی تایبەتی هاتە پێش، بەم مانایە کەلە حاڵێک دا ئەمریکا و ئینگلیس زۆر چالاکانە پشتی دەوڵەتی مەرکەزی یان گرتبوو، یەکیەتی سووڤیەتی سیاسەتێکی بێ لایەن و سەیرکەرانەی گرتەبەر و کۆماری کوردستانی لە پشتیوانی دەرەوەی خۆی بێ بەش کرد. ئەمەش هۆیەکی حاشا نەکراوی تێک چوونی کۆماری کوردستان بوو.

سەرچاوە : کتێبی چل ساڵە خەبات لە پێناو ئازادی دا. نووسینی : شەهید دوکتور قاسملوو


تایپ کردنەوە : ڕەحمان نەقشی




# دوارۆژەکانی کۆماری کوردستان

**نووسینی : شەهید دوکتور قاسملوو**

لە مانگی سەرماوەزی ١٣٢٥ دا لە مەهاباد هەست بەوە دەکرا کە مەترسی نیزیکە. هەر لەبەر ئەوەی رۆژی ١٤ی سەرماوەز لە سەر پێشنیاری پێشەوا قازی شورای شەڕ بەبەشداری ١٠ کەس و سەرۆکایەتی خودی پێشەوا پێک هات و لەوی دا بڕیاری بەربەرەکانی کردن بەرامبەر بە ئەرتەشی دەوڵەتی مەرکەزی درا.



رۆژێک پاشتر کە خەڵک بۆ مزگەوتی عەباس ئاغا بانگ کران بۆ ئەوەی لەسەر ئەم مەسەلەیە بڕیار بدرێ، هەم خودی پێشەوا قازی و هەم سەدری قازی و زۆر کەسی دیکە نەزەریان ئەوە بوو کە دەبێ لە هاتنی لەشکری شا پێش گیری بکرێ.

بەڵام لە نێو خەڵکی شار دا هێندێک کەس وەک مەلا عەبدوڵڵا مەدەریسی و مەلا حوسێنی مەجدی قسەیان کرد و گوتیان کە بەربەرەکانی کردن بێ سوودە و بەم جۆرە بیری ئاش بەتاڵیان لە نێو خەڵکدا بڵاوکردەوە. هێندێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانیش بە تایبەتی مەنگور و مامەش کە چاوەڕوانی هەڵێکی ئەوتۆ بوون، زۆر زوو زەعف و خیانەتی خۆیان نواند و پشتیان لە کۆماری کوردستان کرد و خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کە لە یەکەم دەرفەت دا هاوکاری دەوڵەتی مەرکەزی بکەن.

لە پاش ئەوەی تەوریز گیرا و لەشکری کۆنەپەرست شارەکانی ئازەربایانی خستە ژێ دەسەڵاتی خۆی، سەرتیپ هومایوونی کە لە لایەن ستادی لەشکرەوە پێی ئەسپێردرا بوو کوردستان داگیر بکا گەیشتە شاری میاندواو.

لە ٢٣ی سەرماوەز دا هێندێک کەس لە پیاوە ناسراوەکانی مەهاباد بە تایبەتی ئەوانەی کە دژی کۆماری کوردستان بوون لە گەڵ چەند سەرۆک عەشیرەتێک چوون بۆ پێشوازی لەشکر و وەفاداری خۆیان لە لایەن شاری مەهابادەوە بە سەرتیپ هومایوونی ڕاگەیاند. لە نێو ئەوانە دا " میرزا رەحمەتی شافعی" " شێخ حەسەنی شەمسی بورهان " و عەلی ئاغای ئیلخانی زادە " بەرچاو دەکەوتن. بەڵام خەڵکی شاری مەهاباد هەرچاوەڕوانی ئەوە بوون بزانن پێشەوا قازی چۆن بڕیار دەدا. گۆمانی تێدانی یە کە پێشەوا بڕیارێکی مێژوویی لە پێش بوو. بۆ بڕیار دان پێویست بوو پێشەوا هەم وەزعی نێوخۆی کوردستان و وەزعی گشتی ئێران و هەم هەل و مەرجی نێونەتەوەیی بخاتە بەرچاو، هەر وەک پێشتر گوترا ماوەیەک بوو بۆ پێشەوا قازی دەرکەوت بوو کە نابی چاوەڕوانی پشتیوانی یەکی نیزامی لە لایەن یەکیەتی سوڤیەتی یەوە بێ. هەروەها ئاش بەتاڵی بەرێوەبەرانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە تەوریز پێی سەڵماند کە ئازەربایجان رۆیشتووە و تێک شکاوە بێگومان ئەوە تەئسیری دەکردە سەر هەموو بڕیار دانێک لە مەهاباد. لە لایەکی

***دیکەوە لە بەشەکانی دیکەی ئێران بێجگە لە ئازەربایجان و کوردستان کۆنەپەرستی هێرشێکی توندی بۆسەر ڕێکخراوە دێموکراتی یەکان هێنابوو بە تایبەتی دەستی بەسەرکوت کردنی حیزبی توودەی ئێران کرد بوو.***

***وەزارەتی نێوخۆی کۆماری کوردستانیش ئاڵوز بوو، سەرۆک عەشێرەتەکان کە زۆربەی هێزی پێشمەرگە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دا بوو بەرە بەرە کۆماری کوردستانیان بەجێ هێشت. هەروەها هێندێک لە دەوڵەمەندەکان و مەلاکان شاری مەهاباد چوون بە پێشوازی سەرتیپ هومایوونی یەوە.***

***ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەز زۆر لە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات چوون بۆ ماڵی پێشەوا قازی، بۆ ئەوەی پێکەوە بڕیاری دوایی بدەن. ڕاستی ئەوەیە کە ئێدی بڕیا درابوو کە بەرامبەر لەشکری دەوڵەتی مەرکەزی بەربەرەکانی نەکرێ. ئێستا پێویست بوو بەڕێوەبەران وەزعی خۆیان روون کەنەوە و ئەو وڵاتەی کە پەنای بۆ دەبەن دیاری بکەن، ئایا بچنە یەکیەتی سۆڤیەتی یان عێراق؟ " پێشەوا قازی بڕیای خۆبەدەستەوە نەدانی بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی بە باش زانی، بەڵام پێی گوتن ئێوە بڕۆن، من لەگەڵ خەڵکی مەهاباد دەمێنمەوە. هەروەها ڕۆژی ٢٥ی سەرماوەز مەلا مستەفا بارزانی بۆ دوا جار چاوی بە پێشەوا قازی کەوت و داوای لێ کرد کەلە گەڵ بارزانی یەکان بچێ و ئامادەیی بارزانی یەکانی نیشان دا بۆ ئەمە کە ژێر ئەمری پێشەوا قازی دابن. بەڵام پێشەوا قازی وەڵامەکەی هەر ئەوە بوو گوتی : : دەزانم ژیانم دەکەویتە مەترسی یەوە بەڵام قەیدی نێ یە خەڵک بەجێ ناهێڵم!"***

***بەم جۆرە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز واتە ساڵێک پاش ئەوەی چەک کردنی شارەبانی مەهاباد خەڵک خۆی دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە گرتبوو، لەشکری دەوڵەتی مەرکەزی هات بۆ مەهاباد و شاری داگیر کرد. چونکە زۆربەی زۆری خەڵکی مەهاباد وەک شارەکانی بۆکان و شنۆ و نەغەدە لایەنگری کۆماری کوردستان بوون پێش گەیشتنی لەشکری کۆنەپەرستی هیچ کەس دژی بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان کارێکی ناڕەوای نەکرد.***

***بەهاتنی لەشکری شا لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز کۆماری کوردستان تێک شکا و کۆتایی بە تەمەنە کورتەکەی هات. بەم جۆرە ٢٨ کەس لە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و لە پێش هەمووان دا پێشەوا قازی گیران.***

***سەرچاوە : کتێبی چل ساڵە خەبات لە پێناو ئازادی دا. نووسینی : شەهید دوکتور قاسملوو***

***تایپ کردنەوە : ڕەحمان نەقشی***

# دووی ڕێبەندان

د. سادق شەڕەفکەندی

دووی ڕێبەنـدانی هەمـوو سـاڵێک زۆری بیـرەوەری و ڕێزلێنـانی [ کۆمـاری کوردسـتان ]ە. کۆمـارێکی خودموختـار کە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد لە ڕێورەسمێکی رەسمی دا دامەزرانەکەی ڕاگەیانـدرا، بەڵام بەداخەوە زیـاتر لە ١١ مانگ لەسەر پێی خۆی ڕانەوەستاو رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی دوتر بە هاتنەوەی ئەرتەشی حەمەرەزا شا بۆ مەهابـاد کۆتـایی بە تەمەنی هێنرا.

لەبارەی کۆماری خودموختاری مەهابادەوە تـا ئێستا زۆر شت گوتـراوە. دۆستان و دوژمنان، خاوەن نەزەران و تـوێژینەوە بـێ لایەن و نـا بـێ لایەنەکـان لە بـارەی هەلـومەرجی تـایبەتی ئەو سـەردەمە، ئەو هۆیـانە کەلە پێکهـاتنی کۆمـار دا کـاریگەر بـوون، چۆنیەتـی دامەزران و ڕاگەیاندنی بەرەسمی، رەوتـی کارەکان و ئاکامەکەیەوە زۆر وتـاریان نووسیون و زۆر نوسـراوەیان بڵاو کـردوونەوە. هەروەهـا ئەو کـارانە کەلە کۆمـاردا کـراون، لەبـاری جۆراوجـۆرەوە خـراونەتە بەربـاس. داخـوا چـۆن ئەو کۆمـارە بـوو بە هـۆی فەزایەکـی زۆر دێموکراتیک کە خەڵک لەوێ دا خۆیان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دا بەبەشدار دەزانی و لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتـی و تـاکە کەسیی خۆیان دا ئازاد بوون؟ چۆن کەسایەتیی ئینسانیی خۆیـان بۆ یەکەم جـار وەک هەیە هەست پـێ کـردو چێژیـان لـێ دێ؟ چۆن خوێندنەوە و نووسین بە زمـانی زگمـاگی بـرەوی پەیـدا کـرد، فەرهەنـگ و ئەدەبـی کـوردی پەرەی گـرت و بەرەو پێشکەوتن چوو؟ دەرەتـان بۆ بەشداریی ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتـی و سیاسی دا پێک هات، بۆ پێگەیاندنی لاوان وەک هێزێکی چالاک و پاشەرۆژسـاز مایەیەکی زۆر دانراو، سەرەنجام چۆن هێندێک مانا و مەفهوومی وەک سەربەخۆیی، ئازادی، دێموکڕاسی و کەسایەتـی و مـافە ئینسـانی یەکان لە دروشمێکی رووتەوە بوونە واقیعییەتێکی بەرچاو. مێژوو تـەواوی ئەمانەی لە سینگی خۆی و لە لاپەڕە هەرگیـز نەمرەکـانی دا تێمار کردوە و هەر بۆیە لێرە و لەم بیرەوەری یە کورتە دا دووپـات کـردنەوە و شیکردنەوەیان بە پێویست نـازانین، بێجگە لە تـاقە خاڵێکی بنەڕەتـی کە ڕەنگە باس کردنی بە تـایبەتی لە هەلومەرجی ئێستا دا بێ جێ نەبێ.

راستـی یەکەی ئەوەیە کە زۆر جار دەبێ مێژوو دروست کـردن و مێژوو نووسین وەک دوو کـاری جیـا لە یەکتـر چـاو لـێ بکرێن. بە جۆرێکی دیکە بڵێین، ئەوانە مێژوو دروست دەکەن، بە جۆرێک نـوقمی کـاری خۆیـان و ئاشقی کاروبـاری رۆژانەی خۆیـانن کە کەمتـر سـەرنج دەدەنە بـایەخی مێژوویـی کـارە داهێـنەرانەکەی خۆیـان و شـوێنەوارێک کە ئەم کـارە لە دوارۆژ دا دەیبـێ. ئەگەر چاوێـک بە بەڵگەکانی سەردەمی کۆردا بخشێنین، هێندی دیمەنی سەرنج ڕاکێشمان لەو راستی یە بەرچاو دەکەوێ.

گۆڤـاری [ کوردستان ] کە لە پێش دا هەر بە ١٥ رۆژ جارێک بڵاو دەبۆوەوە، دووهەمین ژمارەی لە رۆژی ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٢٤ دا بڵاو

***کراوەتەوە. بەڵام نە لەو ژمارەیە و نە لە ژمارەکانی دواتر دا هیچ باسێکی لە رووداوی گرینگی چوار رۆژ پێش ۳۰ی سەرماوەز، واتە رۆژی ۲۶ی سەرماوەز نەکردوە، رۆژێک کە خەڵکی مەهاباد هێرشیان کردە سەر [ شارەوانی ] دوانیشانەی حکوومەتی دیکتاتۆر وسەرکوتکەری پەهلەوی و بە چەک کردنی ئەو پۆلیسانەی تێی دا بوون و دابین کردنی ئاسایشی شار لە لایەن خۆیانەوە بەردی بناخەی [ سوپای میللی ] یان دانا کە دواتر ناوی [ هێزی پێشمەرگە ] یان لەسەر دانا؛ رۆژێکی زۆر مەزن و پڕ بیرەوەری بۆ گەلی کورد کە ئێستا کراوەتە [ رۆژی پێشمەرگەی کوردستان ] و هەموو ساڵی بە شکۆیەکی تەواوەوە دەکرێتە جێژن.***

***نموونەیەکی دیکە لەو بارەیەوە ڕاگەتاندنی رەسمیی کۆماری کوردستان لە رۆژی دووی ڕێبەندانی ئەو ساڵە دایە.***

***یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی [ کوردستان ] ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان رۆژی ۲۰ی بەفرانباری ۱۳۲۴ بڵاو کرایەوە و لەوە بەدوا هەر دوو رۆژ جارێک [ حەوتووی ۳ ژمارە ] بەڕێکوپێکی دەرچوو. بەڵام ئەو رۆژنامەیە کە راستی دا بە ئۆرگانی رەسمیی کۆماری کوردستان دادەنرا، تەنیا لە ژمارەی دەیەمی خۆی دا کە رۆژی ۱۵ی ڕێبەندان بڵاو بۆتەوە، واتە نزیکەی دوو حەوتوو پاش دووی ڕێبەندان باسی ڕێوڕەسمی ئەو رۆژە دەکا و باسی ئەو رووداوە یەکجار گرینگە مێژوویی یە بە شێوەیەکی زۆر کورت و بە بڵاو کردنەوەی بەشێکی کەم لە قسەکانی پێشەوا قازی معەممەد دەگێڕێتەوە.***

***بەڵام داخوا ئەو جیاوازی یەی نێوان [ مێژوو نووسین ] و [ مێژوو دروست کردن ] توانیویەتی شوێنەواری ئەو هەنگاوە کەم وێنە شۆڕشگێڕانەیە لەسەر بەرەکانی دواتر کەم بکاتەوە و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد و خەباتی خەڵکی کوردستان لە پێناوی ئازادی و دێموکڕاسی لە سەرانسەری ئێران دا رەوتی سروشتیی خۆی بخا؟***

***کردەوەی ڕەسەنی شۆڕشگێڕانە ڕەنگە لە وەختی خۆیان دا بەو جۆرەی پێویستە و دەبێ، خۆیان نەنوێنن و تێکۆشەرانی ڕاستەقینەی ڕێگای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و حەقیقەتی ئینسانی لە جەنگەی تێکۆشانی خۆیان دا ڕەنگە سەرنج نەدەنە ئەوە کە چ ڕێگایەکی سەخت و دووریان بڕیوە، هەنگاوی چەند گرینگ و کارسازیان هەڵێناوەتەوە و چ ڕێگایەکی پڕ کەندو کلۆیان بۆ پێداڕۆیشتنی بەرەکانی دوای خۆیان تەخت کردوە. بەڵام ئەگەر دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکڕات و کۆماری کوردستان و هەڵسووڕێنەرانی حیزب و کۆمار ئێستا پاش چل و سێ ساڵ بڕواننە ئەو ڕێگا پڕ شانازی یە کە ڕۆڵەکانیان لەو ماوەیە دا بڕیویانەو تەماشای ئەو خەباتە حەماسە خوڵقێنانەیە بکەن کە ئێستا بەڕێوەی دەبەن، چ هەستێکی ڕەزامەندی و سەربەرزیان تێ دا پێک دێ؟***

***بەم بۆچوونەوەیە کە لە چل و سێهەمین بیرەوەریی ڕاگەیاندنی کۆماری خودموختاری کوردستان لە مەهاباد دا بە شانازی یەوە ئاوڕ لەو ڕێگایە دەدەینەوە کە بڕیومانە و بە چاوی پڕ هیوا و دڵنیایی یەوە دەڕوانینە ئەو دوارۆژە کە بە دوای خەبات و تێکۆشانی ئەمڕۆمان دا دێ.***

***ئەم وتارە لە ژمارە ١٤٦ای رۆژنامەی [ کوردستان ] ڕێبەندانی ١٣٦٧ دا بڵاو کراوەتەوە***

***تایپ کردنەوە : رەحمان نەقشی***

# کارەکانی کۆماری کوردستان بە کورتی

جەلیل گادانی



## یەکەم : لە بواری سیاسی دا :

١- پێوەندی نزیکی دۆستایەتیی لە گەڵ کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت و یەکیەتیی سۆڤیەت.

٢- هاوپەیمانی لە گەڵ کۆماری ئازەربایجان.

٣- پێک هاتنی پێوەندیی دۆستانە لە گەڵ هێزە سیاسی یەکانی دیکەی ئێران.

٤- ناساندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بە بیروڕای گشتی لە ڕێگەی چاپەمەنی و وتووێژی ڕۆژنامەیی.

٥- ڕاکێشانی هێندیک هەواڵنیری خاریجی بۆ کوردستان.

٦- بەرز کردنەوەی ئاڵای کورد و ڕەسمییەت دان بە مافەرەواکانی، ساغ بوونەوە لەسەر ئارمی حیزب (دووکولە گەنم و قەلەم و تێشکی ڕۆژ).

٧- بەرز کردنەوەی هەستی کوردایەتی بە شێوەیەکی گشتی و لەبار، بە تایبەت دوای تێک شکانی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، ئیحسان نووری پاشا و سمکۆ.

## دووهەم : لە بواری دێموکراسی دا

١- بەشداری کردنی ژنان لە سیاسەت دا و پێک هێنانی یەکیەتیی ژنانی کوردستان.

٢- وەبەر چاوگرتنی مافی زەحمەتکێشان.

٣- دانانی قانوون و یاسا و بەڕێوەبردنی تا ئەو ڕادەی گونجاو و ئیمکانی هەبوو.

٤- بایەخدان بە مافی کەمایەسی یەکان بە تایبەت لە بواری فەرهەنگی دا.

٥- بەشداری کردنی هەموو چین و توێژەکان لە کارو باری حکوومەتی دا.

## سێهەم : لە بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دا




١- رەسمییەت پێدانی زمانی کوردی بۆ خوێندن و بەڕێوەبردنی کارو باری ئیداری.

٢- یەک رەنگ کردنی جل و بەرگی قوتابیان لەسەر بوودجەی کۆماری کوردستان و هەڵگرتنی فەرق و جیاوازی.

٣- ئیجباری کردنی خوێندن بۆ منداڵان و لاوان لە شارەکان دا.

٤- پێشگری لە بیکاری و نەخوێندەواریی گەورە ساڵان.

٥- دانانی فەقیرخانە و هەتیوخانە.

٦- دامەزرانی چاپخانە و دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان و چەند کۆڤاری دیکە.

٧- دامەزراندنی ئەنجوومەنی فەرهەنگی لە گەڵ ئازەربایجان و یەکیەتیی سۆڤیەت.

٨- دانانی بنچینەی تیئاتر و سینەما لە کوردستان دا.

٩- ناردنی قوتابیی کورد بۆ درێژەپێدانی خوێندن بۆ باکۆ و تەوریز.

## چوارەم : لە بواری ئابووری یەوە

١- ئازاد کرانی بازرگانی و دەرخستنی لە دەست حکوومەت.

٢- هەوڵدان بۆ بەڕێوەبردنی شێوەی نوێی کشت و کاڵ و هێنانی تراکتور بۆ یەکەم جار بۆ کوردستان.

٣- دامەزراندن و گەشەپێدانی شیرکەتێکی گەورەی بازرگانی بە ناوی (تەرەقی)

٤- دامەزراندنی پێوەندیی بازرگانی لە گەڵ ئازەربایجان و ئازەربایجانی سۆڤیەت بە تایبەتی بۆ فرۆشتنی تووتن،خوری،کەتیرە و هێنانی هێندێک گەل و پەلی بەکەڵک تر بۆ کوردستان.

## پێنجەم : لە بواری نیزامی دا

١- چەکدار کردنی خەڵک بە شیوەی گشتی بۆ بەرگری لە کۆماری کوردستان.

٢- تەعلیم دانی نزیکەی دوو هەزار پێشمەرگەی رەسمی بە شێوەیەکی ئوسوولی.

٣- دەرجەبەندی و پێک هێنانی سیستم.

٤- دانی یارمەتی بەوانە بە پێی دەرەجە و لێهاتوویی.

٥- پێک هینانی سێ بەرەی شەڕ، سەردەشت،سەقز،تکاب بە هاوبەشی ئازەربایجان و بەرگری یەکی باش لە هاتنە پێشی دوژمن تا دوایین رۆژەکانی تەمەنی کۆماری کوردستان.

سەرچاوە : کتێبی ٥٠ ساڵ خەبات لە نووسینی : بەڕێز جەلیل گادانی

تایپ کردنەوە : رەحمان نەقشی




# له یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان

**مستەفا شڵماشی**

ڕودانی شەڕی دووهەمی  جیهانی هەلێکی تازە بوو بۆ سەرهەڵدانی خەباتی ئاشکرای سیاسی لە کوردستان دا،  هەروەها بۆ پەرەگرتنیبەرگریی چەکدارانە. دیارە پێش ئەوەش خەباتی سیاسی وبەرگری چەکداری هەر درێژەی هەبوو. هەر لەو سەرو بەندە دا خەباتی تێکۆشەری مەزن مەلا مستەفا بارزانی لە باشووری کوردستان نەپسا بۆوە. شەڕی پارتیزانی تا ساڵی ،١٩٤٥ هەتاهاتە ڕۆژهەلاتی کوردستان  هەر بەردەوام بوو. بەڵام هەل ومەرجێکی تازە بە هۆی شەڕی جیهانی دووهەمەوە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان  هاتە کایەوە، کە بوو بە هۆی ئەوەی ڕۆژهەلاتی کوردستان  ببێتە ناوەندی جووڵانەوەی گەلی کورد. کۆمەلانی خەڵکی کوردستان کە بەتەواوی لە ڕێژیمی ڕەزا شا بێزار ببوون لە ماوەی چەند ڕۆژ دا هەزاران سەرباز و ئەمنییە یان چەک کرد. لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دا، بە تایبەتی لە دێهات بە کردەوە کۆتاییان بە دەسەلاتی دەوڵەتی ناوەندی هێنا بوو. ئەو ئاڵ وگۆڕانە هۆکاری سیاسیشیان بەدواوە بوو. لە ساڵی ١٩٤٢ی زایینی دا کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ- ک)  دامەزرا بو. دیارە یەکەمین کۆبوونەوەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی(ژ- ک) لە یازدە کەس پێک هاتبوو، کە یەکێک لەوانە نوێنەری حیزبی هیوا  میرحاج ئەحمەد  ئەفسەرێکی خەڵکی باشووری کوردستان بوو.بەڵام پێک هێنانی کۆمەڵەی ژ-ک لەوبارەوە گرنگ بوو کە بۆ یەکەم جار لە لایەن خەڵکی  ئاساییەوە، نەک شێخ، سەرۆک عەشیرەت، یا دەرەبەگ،  هەنگاو بۆ پێک هێنانی کۆمەڵێکی کوردی هەڵ دەگیرا. کۆمەڵە بیرو باوەڕێکی  ئازادیخوازانەی کوردایەتی هەبوو. بەرنامەیەکی ڕێک و پێک کە بتوانی وەلامدەری هەموو گیرو گرفتەکانی ژیانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بێ  نەی بوو .بەڵام چەند ئامانجێکی بۆخۆی دیاری کردبوو، کە لە هەموویان گرنگتر وەدی هێنانی  مافی نەتەوەیی گەلی کورد بوو. کۆمەڵەی ژ-ک تا رادەیەکێش داخراو بوو. هەر کەس دەبوو بە ئەندام دەبوو سوێندی وەفاداری بخوا،دەبوو نهێنیەکانی کۆمەڵە بپارێزی و لە گەڵ هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی دیکە  پەیوەندی نەگرێ.



کۆمەڵە ڕێگای خەباتی نهێنی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، هەر بۆیەش کادرەکانی بە ئاشکرا نەیان  دەتوانی بچنە نێو کۆمەلانی خەڵکەوە و زۆربەی ئەوان بۆ لای خۆیان رابکێشن. کۆمەڵە گۆڤارێکی دەردە کرد بە ناوی "نیشتمان" کە لە وێدا باسی مافەکانی گەلی کورد دەکرا. هێندێک هەڵسەنگاندن لە سەر هێزەکانی جیهان و  بارودوخی ئێران و کوردستان دەهاتە گۆڕێ. کە دیارە هەندێ هەڵوێستیان هەڵەی تێدا بوو. بەتایبەتی ئەوەی کە  پێیان وابوو بەریتانیا دۆستی کوردە و ڕێگای ڕزگار بوون، ڕێگای دۆستایەتی لە گەڵ ئەو وەلاتەیە. چونکە بریتانیا هەر لەو کاتە دا نیشانی دا بوو کە نەک دۆستی کورد، بەڵکوو کۆسپی سەرەکیە لە ڕێگای ڕزگار بوونی کوردستان دا. بۆ وێنە بریتانیا نەخشێکی بەرچاوی هەبوو لە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سێور کە هێندێک مافی نەتەوەی کوردی سەلماند بوو و پەسند کردنی پەیمانی لۆزان  کە بە تەواوەتی مافەکانی گەلی کوردی ژێر پێ خست.

ناتەواوی لە بەرنامە دا، بۆ چوونی هەڵە سەبارەت بە هێزەکانی دەوروبەرو دورە پەرێزی لە کۆمەڵانی خەڵک بوونە هۆی ئەوەی کۆمەڵەی ژ-ک زۆر نەخایەنی و جیگا بۆ پێک هێنانی رێکخراوێکی دیکە چۆڵ بکا بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان...

رۆژی ۲۵ی گەلاوێژ, ۱۶ی ئاگوستی ۱۹۴۵ زایینی لە شاری مەهاباد حیزبی دێموکرات کوردستان دامەزرا و بەرنامەی خۆی بڵاو کردەوە.حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتاوە جیاوازی زۆری بوو لە گەڵ کۆمەڵەی ژ-ک. دیارە دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی ناوبراو چوونە نێو حیزبی دێموکرات. یا بە واتایەکی تر حیزبی دێموکرات هەر لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژ-ک دامەزرا.

ڕاست یەک ساڵ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، واتە لە ۱۶ی ئاگوستی ۱۹۴۶ دا پارتی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان دامەزرا. کە ئەویش توانی جێگای هەموو رێکخراوەکانی پێشووی باشووری کوردستان (دیارە قوناغی تازە) بگرێتەوە. حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتاوە بەرنامەیەکی رونی بۆ خۆی دیاری کرد بوو. کە یەکەم جار زۆر ساکار و لە چەند خاڵ دا بڵاوی کردنەوە. گرنگترین دیاردەی ئەو حیزبە لە باری سیاسیەوە ئەوە بوو کە شێوەی دابین کردنی مافی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی باس کرد بوو. شێوەی خودموختاری. دووهەم دیاردەی ئەوە بوو کە حیزبیکی ئاشکرا بوو. لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا بوو. بۆچوونە سیاسیەکانی ئاوێنەیەکی باڵانوێن بوون لە هەل و مەرجی ئەو سەردەمە دا. خەباتی ئەو سەردەمە لە دژی فاشیزم،کە گەلانی دنیای لە یەک نیزیک دەکردەوە، لە بریارەکانی ئەو حیزبە دا بە تەواوی دەردەکەوت.هەروەها بڵاو بوونەوەی بیروباوەری سوسیالیستی و بروا بە هاوکاری گەلان و هێزی کرێکاری وەڵاتە جۆربەجۆرەکانی دنیا،لە بەرنامە و هەڵوێستە سیاسیەکانی ئەو حیزبە دا دەردەکەوتن. دیاری کردنی مافی گەلی کورد بە شێوەی خودموختاری لەو بۆچوونانەوە سەرچاوە دەگرێ .

با ئاورێک لە یەکەم ڕاگەیەنراوی ئەو حیزبە بدەینەوە:

بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان :

هاو نیشتمانان، برایان:

ئاگری شەڕی جیهانگیر کە بە هۆی دوژمنانی ئازادی و لە ژێر پێنەرانی دێموکراسی هەڵگیرسا بوو،بە باسکی بەهێزی سەربازانی ئازادی و هاوپەیمانانی گەورەی ئێمە کوژایەوە. دینای فاشیستی کە هەوڵی دەدا گەلان و نەتەوەکانی جیهان لە ژێردەستی چەند مل هوڕ و سەرەرۆ دا یەخسیر بکا، بەشێوەیەکی قەتعی تێک شکا و لێک بڵاو بوو، هەروەها کە چاوەروان دەکرا، بۆ ئازادی گەلان و نەتەوەکانی جیهان رێگا خۆش کرا.

ئەمرۆ گەلانی جیهان لە گەورە و بچوک دەیانهەوێ لەو رێگایەی کە بەرە و ئازادی خۆش کراوە کەڵک وەربگرن و لەو بەڵێنیانەی کە بە هۆی مەنشوری مێژوویی ئاتلانتیکەوە دراوە سود ببینن و هەڵسوراندنی کارو باری خۆیان بەدەستەوە بگرن و چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. ئێمەی کورد کە لە ئێران دەژین ساڵەها و بەڵکو چەندین سەد ساڵە لە پێناوی ماف و دەسەڵاتی مەحەلی خەباتمان

کردوە و قوربانیمان داوە .بەداخەوە کاربەدەستانی سەرەڕۆی ئێران بە هیچ جۆرێک حازر نەبوون قسەی حیسیبی ئێمە قەبوڵ بکەن. تەنانەت نەیان هێشتووە ئێمە لەو مافانەش کەڵک وەربگرین کە قانونی ئەساسی بۆ ویلایەتەکانی ئێران دای ناوە و بەردەوام وەڵامی ئێمە گولە و بۆمب و تۆپ و زیندان و تەبعید و یەخسیری بووە. بە تایبەتی لە سەردەمی بیست ساڵەی رەزاخان دا، تەنانەت لە لەبەرکردنی جل و بەرگیش ئازاد نەبوین. بە زۆری سەرە نێزە بە هۆی ئەفسەرانی دزو خائن و تاڵانکەر هەموو ژیان و دارایی ئێمەیان تەفرو تونا کردوە ونەزەریان لە ناموس و شەرەفی ئێمە بووە و لە هیچ سپڵەیی و درندەییەک خۆیان نەپاراستووە. ئاخر ئێمەش ئینسانین، ئێمەش مێژوو، زمان و شوێنەواری خۆمان هەیە، کە لامان خۆشەویستن. بۆچێ ناتوانین لە مالی خۆمان دا ئازاد و مختاربین؟ بۆچێ رێگا نادرێ منداڵانی خۆمان بەزمانی کوردی پەروەردە بکەین؟ بۆچێ نایەڵن کوردستان ولایەتێکی خودمختار بێ و لە لایەن ئەنجومەنی ویلایەتیەوە ئیدارە بکرێ کە قانونی ئەساسی دیاری کردوە؟.

هاونیشتمانانی بەرێز دەبێ بزانن حەق نادرێ، حەق وەردەگیرێ. ئێمە دەبێ بۆ وەرگرتنی ماف و دەسەڵاتی نەتەوەیی و مەحەلی خۆمان خەبات بکەین. ئەو خەباتە یەکیتی و یەکرەنگی پێویستە. بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەیە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراوە و دەستی بەکار کردوە. ئێوە هاونیشتمانانی خۆشەویست دەبێ چاو و گوێی خۆتان بکەنەوە و لە دەوری حیزبی نەتەوەیی خۆتان کۆببنەوە و لە پێناوی وەرگرتنی مافی رەوای نەتەوەیی خۆتان فیداکاری بکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستان رێبەرو نوێنەری ئێوەیە. تەنیا لە ژێر ئاڵای ئەوە کە نەتەوەی کورد لە مەترسی تەفرو تونابوون رزگار دەبێ و هەبوون و ناموس و شەرەفی نەتەوەیی خۆی دەپارێزێ و دەتوانی لە نێو سنوری دەوڵەتی ئێران دا خودمختاری نەتەوەیی خۆی وەدەست بێنێ.

هاونیشتمانان، ئێمە بێجگە لە مافی رەوا و ئینسانی خۆمان هیچمان ناوێ. دروشمەکانی ئێمە لە بەندەکانی خوارەوە دا خۆلاسە کراون. بیان خوێننەوە و هەموو گەلی کورد فەرد فەردیان تێ بگەیەنن

* ئەوە دروشمەکانی ئێمەن:

١- نەتەوەی کورد لە نێو خۆی ئێران دا بۆ هەڵسوراندنی کار و باری مەحلی خۆی سەربەست و- ئازاد بێ و لە سنوری دەوڵەتی ئێران دا خودمختاری خۆی وەدەست بێنێ.

٢- مافی خوێندنی بەزمانی زکماکی خۆی هەبێ و تەواوی کار و بارە ئیداریەکان بە هۆی زمانی کوردیەوە بەرێوە بچن .لەسەر بناغەی قانونی ئەساسی، ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان بەزوویی هەڵبژێردرێ و بە هەمووکاروباری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی رابگا و چاودێریان بەسەر دا بکا.

٤- کاربەدەستانی دەوڵەت دەبێ بەبێ قسە لە خەڵکی ناوچەکان بن.

٥- دەبێ لە سەر ئەساسی قانونێکی گشتی لە نێوان لادێیی و خاوەن ملک دا رێک کەوتنێک پێک بهێنرێ و دوارۆژی هەر دوو لا

دابین بکرێ.

٦- حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ کە لە خەبات دا بە تایبەتی لە گەڵ نەتەوەی ئازەری وکەمایەتیەکانی تر دا کە لە ئازەربایجان دەژین، ئاسۆریەکان و ئەرمەنیەکان و هی دیکە، یەکیتی و برایەتیەکی تەواو پێک بهێنێ.

٧- حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە ئامانجی بەرە و پێش بردنی کشت و کاڵ و بازرگانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و لەش ساغی و باشتر کردنی ژیانی ئابوری و مەعنەوی گەلی کورد، دەست دەکا بە سوود وەرگرتن لە سامانەکانی سروشتی و کانگاکانی کوردستان. وە لەم ڕێگایەوە تێدە کۆشێ.

٨- ئێمە دەمانەوێ بە تەواوی گەلەکانی ئیران هەلی تێکۆشانی بە ئازادیان بدرێتێ بۆ بەختەوەری و پێشکەوتنی نیشتمانی خۆیان.

ئەو بەیاننامە کە برنامەی حیزبی دێموکرات بووە لەوسەردەمە دا، پێشکەوتنێکی زۆری تێدایە بە نیسبەت بەرنامە و ویستەکانی ڕێکخراوەکانی پێش خۆی. لە چاو سەردەمی خۆی دا بەباشی فورمولە کراوە و داخوازە بناغەییەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێرانی تێدایە. دیارە بەرنامەکە زۆر بە کورتی ئامادە کراوە، نەچۆتە نێو وردەکاری لە شێوەی بەرێوەبردنی دا و هەروەها چارەسەری زۆر گیرو گرفتی کۆمەڵایەتیشی تێدانیە. زۆر بە کورتی ئیشارە بە مەسەلەی زەوی و زار، بە چۆنیەتی گەشە کردنی فەرهەنگ، بەچۆنیەتی دابەش بوونی داهات و شێوەی بەرەو ڕووبون لە گەڵ کەمە نەتەوەییەکانی کوردستان دەکا.

بەڵام لەو سەردەمیش دا زۆر گران بوو باس لەوانە بە وردی بکرێ .ئەوکاتی هێشتا دەرەبەگایەتی لە کوردستان دا بە هێز بوو، هێشتا کادر و ئیمکاناتی فەرهەنگی زۆر کەم بوو و هێشتا زۆر مەسەلەی کۆمەڵایەتی نەدەکرا باسیان لێ بکرێ.

دیارە ئەو حیزبە لە کۆنگرەکانی دوایی دا بە پێی بیرو باوەڕی خۆی وەڵامی ئەو شتانەی داوەتوە. بەرنامەی ئەو حیزبە لە کۆنفرانسی سێ دا جارێکی دیکە لە ژێر ڕێبەری دوکتورقاسملوو دا داڕێژرایەوە کە خودمختاری بۆ کوردستان و دێمۆکراسی بۆ ئێران دیسان وەک دروشمی ستراتیژیک لە بەرنامە دا هێنایەوە. دیارە لە کۆنگرەی ١٣ی ئەو حیزبە دروشمی خودمختاری گۆڕاوە بە فیدراڵی، هەر چەند ڕۆحی بەرنامەکە گۆڕانێکی ئەوتۆی بە سەر دا نەهاتووە.

بەهەر حاڵ خەباتی سیاسی گەلی کورد پێی نایە نێو قۆناغێکی تازەوە .قۆناغێک کە ویستی فورمولە کراوی تیدا بوو کە هەڵویستی خۆی بەرامبەر وەڵاتانی دراوسێی کوردستان و بەرامبەر جیهان دەردەبڕی.

دروست بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسی هەبوو، پاک کرانەوەی بە شێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هێزەکانی حکوومەتی و هەل و مەرجی نێو خۆیی و نێونەتەوەیی،




ئەو هەلەیان رەخساند کە لە رۆژی ٢٢ی ژانویە ی ١٩٤٦دا کۆمارێکی نیشتمانی کورد، بە سەرۆکایەتی پێشەوا قـازی محەممەد لـە رۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرێ.

کۆماری کوردستان لە راستی دا یەکەمین حکوومەتی چەرخی تـازە بوو،جیـاوازی لـە گـەڵ دەسـەڵاتە ناوچەییەکانی کـوردیی پێشوو ئـەوە بـوو کەلـە سـەر بناغـەی سیستمێکی دێموکراتی دامـەزرا بـوو لـە لایـەن حیزبێکـەوە نـەک یـەک کـەس، بـەرێوە دەچوو . بـە پیچەوانەی ئیمارەتە کوردیەکان و حکوومەتە کوردیەکانی پێشوو. کۆماری نیشتمانی کوردستان هـەر چەنـدە تەمەنی کـورت بـوو، بـەڵام لەو کاتە دا گەڵێک دەسکەوتی بە نرخی بۆ گەلی کورد بە دەست هێنا.

بۆ یەکەمین جار لە مێژووی تـازە دا گەلی کورد هەستی بە رزگاری دەکرد و لە مافە ڕەواکانی نەتەوەیی خۆی کەڵکی وەر دەگـرت. زمانی کوردی بوو بە زمانی فەرمی خوێندن و نوسین لە کوردستان دا. قوتابخانـەی کـوردی لـە سەرانسـەری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار دا کرا نەوە. گۆڤار و رۆژنامەی کوردی دەرچون، و فەرهەنگی کوردی گەشەی پێ درا. کۆماری کوردستان بـوو بەهۆی دەرکـەوتنی چەنـدین ڕوناکبیر وئـەدیبی کـورد بـە بیـر و بـاوە ڕی پێشکە وتنخوازانـە و گـەڵێک لـەو کەسـانە تـا ئـەم سـاڵانەی دواییش، وەک ئەستێرەیەک لـە ئاسمانی ئـەدەبی کـوردی دا دەدرەوشانەوە و زۆر رێبـەری سیاسیش لـە قوتابییەکانی کۆمـاری نیشتمانی کوردستان هەڵکەوتن. بۆ یەکەم جار بە هۆی کۆماری نیشتمانی کوردستانەوە، پەیوەنـدی ئـابووری و بازرگـانی لـە گـەڵ دەرەوە گیـرا و کوردستان ڕاستە و خۆ لـە گـەڵ بـازاری دەرەوە دا ئـاڵ وگـۆڕی کـرد. سـوپای نیشـتمانی کوردسـتان دامـەزرا و پێشـمەرگە وەک پـارێزەرێ هـەتـا هەتایەی گەلی کورد لە توانەوە، لەو سەردەمە دا لە دایک بوو. جگـە لـە هـەموو ئەوانـە، گـەلی کـورد نیشـانی دا کـە بـە پێچەوانـەی پروپاگەندەی دوژمنان، توانای بەرێوەبردنی کار و بارەکانی خۆی هەیە و کوردستان زۆر بـاش دەتـوانی لـە سـەر پێـێ خـۆی راوەستێ، ئەگەر ئـازادی بـە دەست بێنـێ. چونکـە لـەو سـەردەمە دا بـە ئاسایش تـرین ناوچـەی ئێـران ئـەو ناوچەیـەی کوردستان بـوو کەلـە ژێـر دەسەڵاتی کۆمارە ساواکەمان دا بوو. هەر چەندە لە بەشەکانی دیکەی ئێران دابڕا بوو لە ڕاستی دا کۆمارێکی بـێ بودجە و ئیمکانـاتی ئابووری بوو. دزی و تاڵان لە ناوچەکانی دیکەی ئێـران ببـوو بـە شتێکی ئـاسایی رۆژانـە، بـەڵام لـە نـاوچەی ژێـر دەسـەڵاتی کۆمـار دا ئەمنیـەتێکی تـەواو هـەبوو. خـەڵک زۆرتـر خـەرێکی خۆپـەروەردە کـردن بـوو، گـەلێکی تینـو بەسـەر کانیـاوێکی روون دا کـەوت بـوو، دەیویست بە باشی کەڵکی لێوەر بگرێ.

### کابینەی کۆماری کوردستان لەو کەسانە ی خوارەوە پێک هاتبوو:

| | | |
|---|---|---|
| ١ | پێشەوا قازی محەممەد | سەرۆک کۆمار |
| ٢ | حاجی بابە شێخ | سەرۆک وەزیران. |
| ٣ | محەممەد حوسینی سەیفی قازی | وەزیری بەرگری و جێگری سەرۆک کۆمار. |
| ٤ | مەلا حوسینی مەجدی | وەزیری دادپەروەری |

| | | |
|---|---|---|
| ٥ | ئەحمەد ئیلاهی | وەزیری بازرگانی. |
| ٦ | محەممەد ئەمین موعینی | وەزیری ناوخۆ. |
| ٧ | کەریم ئەحمەدیان | وەزیری پۆست و تێلگراف. |
| ٨ | عەبدولرەحمان ئیلخانی زادە | وەزیری دەرەوە. |
| ٩ | مەناف کەریمی | وەزیری فەرهەنگ. |
| ١٠ | سەدیق حەیدەری | وەزیری تەبلیغات. |
| ١١ | خەلیل خوسرەوی | وەزیری کار. |
| ١٢ | حاجی مستەفا داودی | وەزیری ئابووری |
| ١٣ | سمایل ئیلخانی زادە | وەزیری رێگاوبان. |
| ١٤ | مەحموود وەلی زادە | وەزیری کشت و کاڵ |
| ١٥ | سەید محەممەد ئەییوبیان | وەزیری تەندروستێ |

دیارە کۆمار بەو مەبەستە پێکهاتبو کە بۆ گەلانی ئێران کۆماری جیاوازی نەتەوەیی پێک بێ و هەمووشیان پێکەوە ئێرانێکی دێموکراتی و پێشکەوتوو پێک بێنن. بە پێچەوانەی بۆچوونی شوڤێنیستەکانی ئێرانی کە بە زۆری دەیان هەوێ گەلی کورد و کۆمارەکەی لەو سەردەمەدا بە بەستراوەیی بە بێگانەوە پێناسە بکەن، و بە پێچەوانەی ئەو کوردانەی شەو و رۆژ پاکانە دەکەن بۆ ئەوەی ئەو تاوانە !!گەورەیە لە سەر گەلی کورد بشۆنەوە، کۆماری نیشتمانی کوردستان، نە حکوومەتێکی تەواو سەربەخۆ بوو، نە ئۆرگانێکی خودمختار. کۆماری نیشتمانی کوردستان، لە گەڵ کۆماری ئازەربایجان دوو کۆڵەکەی دەوڵەتی یەکیەتی گەلانی ئێران بوون کە بە دەستی رێژیمی کۆنەپەرست و دژی گەلیی پاشایەتی لە نێو بران وخەونی ئێرانێکی دێموکراتی بە یەکیەتی ئارەزوومەندانە ی گەلانی جۆربەجۆری ئێرانەوە، لە خاک و خوێن دا کۆتایی هات. ئێستاش سوڤێنیزمی ئێرانی بە هەموو توانایەوە هەوڵ دەدا بوونی گەلانی جۆربەجۆر لە ئێران دا ئینکار بکا. چ دارو دەستەی دەسەڵاتدار بە نێوی ئیسلامەوە بێ و چ ئەوانەی بەخاتری شەڕی دەسەڵاتەوە خۆیان لە نێو هێزەکانی ئۆپوزیسیون چەپاندووە، لە سەر مەسەلەی گەلانی ژێر دەست لە ئێران دا یەک ئامانج و یەک بۆچوونیان هەیە .تەنیا ئامرازێک کە کەڵکی لێوەردەگرن جیاوازە. بەشێک دەی هەوێ بوونی گەلانی جیاواز لە ژێر پەردەی ئیسلام دا بشارێتەوە، بەشێکی تر بەناوی میللەتی ئێران!! ئەو راستیە زەقە دەشارێتەوە، بۆ وێنە ئاغای "حاجی سید جوادی" کە خوێ کرد بوو بە ئاڵا هەڵگری داکۆکی لە " میللەتی ئێران"، بۆ سەڵماندنی بیرو رای خۆی پەنای بۆ دەلیل و بەڵگەی زۆر سەیر و سەمەرە بردووە.

ئەو لە ژمارەی ١١ی" راه ازادی ئۆرگانی حزب دموکراتیک مردم ایران"دا دەڵێ :"ئەگەر بوونی قەوم و نەتەوە جیاوازەکانی ئێران پەسند بکەین و بەراستی بزانین، بەبێ شاردنەوە دەبێ بی سەڵمینین کە شتێک بە ناوی میللەتی ئێران لە گۆڕێ دا نیە." ئەو شۆڤینێستە ئێرانیانە هاتوون لە نەبوونی شتێکیان دروست کردووە، نەتەوەی ئێران. پاشان ئەوەیان کردۆتە بناغە بۆ رەت کردنەوەی راستیەکی ئاشکرا" نەتەوەکانی ئێران ."دیارە درۆ و ڕاستی پێکەوە یەک ناگرنەوە. ئێران یا لە چەند نەتەوە پێک هاتووە، یا تەنیا یەک نەتەوە . ئەو شۆڤێنیستانە دەیان هەوێ لە بەرامبەر دوو مەسەلەی ڕوون و ئاشکرا دا، خۆیان گێل کەن و چاو بنوقێنن .

یەکەم ئەوەی کە ئێران وەڵاتێکی فرە نەتەوەیە، فارس،تورکی ئازەری،کورد، بلوچ، تورکەمەن و عەرب و هێندێک کەمایەتی تر لە ئێران دا دەژین. دووهەم ئەو نەتەوانە هەر کام بەشێکیان کەوتوونەتە نێو وڵاتی دیکەوە. لە ڕاستی دا زۆربەی نەتەوەکانی ئێران خاکەکەیان دابەش کراوە و تەنیا بەشێکی بەر ئێران کەوتووە .کە وابوو تۆ بەچ پێنەو پەرۆیەک دەتوانی لە چەند نەتەوەی جیاواز هەر یەکەی بەشێکیان لێ هەڵگری و بەرگێکی تازەیان بەبەردا بکەی. بەتایبەت ئەگەر هەر کام لەو نەتەوانە تایبەتمەندی خۆیان پاراستبێ .بەکورتی زۆرجار ڕووداوەکانی وەک دامەزرانی کۆماری نیشتمانی کوردستان، لە ژێر هێندێک بیرو رای جیاواز دا لێڵ دەکرین. بۆیە بە پێویست زانرا زۆر بە کورتی چاوێک لەو جۆرە بیرورایانە بکرێ. ڕووداوی مێژوویی وەک دامەزرانی کۆماری کوردستان پێویستە چۆن بووە، وا هەڵسەنگێنرێ. بە خاتری بۆچوونی تایبەتی، ڕاستی نەشاردرێتەوە. بۆ وێنە ئەگەر کوردێک لایەنگری سەربەخۆیی کوردستانە و پێی خۆش بوو کۆماری کوردستان، کۆمارێکی سەربەخۆ بووایە، نابێ ئێستا ڕوی راستەقینەی مێژوو بشارێتەوە. هەروەها ئەگەر بەخاتری ڕێبازی سیاسی خودمختاری خوازە، نابێ کۆماری نیشتمانی بکاتە وێنەیەک بۆ هەڵوێستە سیاسیەکەی خۆی.

بەهەرحاڵ بۆچوون و هەڵوێستی جۆراوجۆر هیچ لە نرخی کۆماری نیشتمانی کوردستان کەم یا زیاد ناکەن. ئەوەی جێگای باس کردنە ئەوەیە کە بەداخەوە ئەو دەسکەوتە گەورەیەی گەلەکەمان تەمەنی زۆر کورت بوو. ڕەنگە ئەگەر تا ئێستا بمابایە کلیلی چارەسەری مەسەلەی نەتەوەی کوردی بەدەستەوە بوایە. رەنگە لە مێژ بوایە گیروگرفتی گەلەکەمان چارەسەر بکرایە و کوردستان ئێستا یەکێک لە وڵاتە پێشکەوتوو، خۆش بەختەکان بووایە. بەڵام دوژمنی سوێندخۆری گەلی کورد،نوێنەری شۆڤێنیزمی پاوان خواز، ڕێژیمی پاشایەتی نەی هێشت گەلەکەمان بە ئاواتی لە مێژینەی بگات و بەهاوکاری ئاغاکانی دەرەوە. ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ٦ی ژانویەی ١٩٤٧ی زایینی، بەداگیر کردنی شاری مەهاباد کۆتایی بەتەمەنی ئەو کۆمارە ساوایە هێنا. ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە،٣٠ ی مارسی ١٩٤٧ی زایینی، پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان، بە دەستی دوژمنانی گەلی کورد، داخ لەدڵان و دوژمنانی سوێند خواردوی نەتەوەی کورد لە گەڵ سەیفی قازی و سەدری قازی لە مەیدانی چوار چرای مەهاباد لە سێدارە دران.

## هۆیەکانی روخانی کۆماری نیشتمانی کوردستان گەلێکن. بەڵام گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

### ١- هۆی ناوخۆیی :

کۆمارەکە هێشتا بەباشی خۆی نەگرت بوو و لاواز بوو کە هەل ومەرجی نێو نەتەوەیی بە زیانی ئەو گۆڕا. زۆربەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا هەر لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی دا بوو. خەڵکی کوردستان بە گشتی لە باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەوە لە دووا بوون. گرنگی کۆمار بۆ زۆربەی خەڵک ڕوون نەبوو، سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگەکان زۆربەیان بە دڵ دژی کۆمارەکە بوون. ئەوان لەوە دەترسان بە جێگیر بوونی کۆماری نیشتمانی کوردستان، ملک و دەسەڵاتی بنەماڵەیان بکەوێتە مەترسیەوە. بە تایبەت کە کۆماری کوردستان پەیوەندی لە گەڵ دنیای سۆسیالیستی باش بوو .کاربەدەستانی کۆمار بێ تاقی کردنەوە بوون، بەتایبەت لە کاری بەرگری و نیزامی دا، هەر چەندە لەو کاتی دا بەرێز و خوالێخوش بوو سەرۆک بارزانی، سەرۆکی بەشی پێشمەرگە بوو. بەڵام ئەویش

نەیتوانی سەرنجی هەمووان بۆ لای بەرگری راکێشێ. دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە بارزانیەکان لەژێر رێبەرایەتی سەرۆک بارزانی دا زۆر قارەمانانە شەڕیان کرد و خۆشیان هەربەدەستەوە نەدا. جگە لەمانە کۆمارەکە لە باری ئابوورییەوە زۆر لاواز بوو، هێشتا نەیتوانیبوو سیستمی ئابووری دامەزرێنێ و سەر و سامان بە دوخی کوردستان بدا. لە سە ر هێندێک لە کار بەدە ستانی کۆماریش ڕە خنە گیراوە، کە دیارە پێویستی بە لێکۆڵینە وە ی زیاتر هە یە و لە چوارچێوە ی ئەم وتارە کورتە دا ناگونجێ. هەروەها دواکە وتویی باری کۆمەڵایەتی و ساویلکە یی خەڵک لەو سەردە مە دا بە هۆکاری زۆر گرنگ دە ژمێردرێن.

## ٢- هۆیەکانی دەرەوە :

گرنگترین هۆیەکانی دەرەوە بریتین لە: چوونە دەری هێزە هاوپەیمانەکان لە ئێران، بەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی دووهەم دا . پشتیوانی کردنی ئامریکا و بریتانیا و فەرانسە لە دەوڵەتی ناوەندی و پەیمانی نێوان سوڤیەت و ئێران لە باری ئابوورییەوە. سوڤیەت وەک وەڵاتێکی سوسیالیستی، و داکۆک و لایەنگری گەلانی ژێر دەست لە قەڵەم دەدرا و حیسابێکی زۆری لە سەر دەکرا،کە چی بەخاتری بە دەست هێنانی ئیمتیازی نەوت، پشتی لە جووڵانەوەی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران کرد.

دیارە دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بێ کە دوژمنانی کورد لە وڵاتانی تورکیە، سوریا و عێراق دامەزرانی کۆمارێکی کوردیان بە درکی چاوی خۆیان دەزانی و هەمیشە هەوڵیان بۆ لە نێوچوونی دەدا. بەم جۆرە کۆماری نیشتمانی کوردستان تەنیا یازدە مانگی خایاند و بە جوانە مەرگی سەری نایەوە. بەڵام ریشەی لە دڵی هەر کوردێکی دڵسۆزدا داکوتا و بوو بە سەرەتای دەست پێ کردنی قۆناغێکی تازەی خەبات بۆ رزگاری. قۆناغێک کە جووڵانەوەی گەلی کوردی بەرە و رێرەوێکی سیاسی تر، دێموکراتی تر و تەشکیلاتی تر هاندا. بەڵام بە روخانی کۆماری نیشتمانی کوردستان بارزانیەکان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی نەمر،نەتەنیا رادەستی دوژمن نەبوون بەڵکو درێژەیان بەبەرگری چەکدارانە دا و لە گەڵ هێزەکانی ئێرانی کەوتنە شەڕێکی خەست و نابەرابەرەوە. ئامریکا لەو شەڕە دا بە دانی چەک و کارناسی نیزامی یارمەتی هێزەکانی ئێرانی دا و تەنانەت باڵوێزی ئامریکا " ژورژ ئالین " بۆ خۆی لە گەڵ " رەزم ئارا " سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران سەری لە بەرەکانی شەڕی کوردستان دا.*

بارزانیەکان بەربەرەکانی یەکی قارەمانانەیان کرد. تەنانەت سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران گووتی کە لەشکری تازەی ئێران تا ئێستا لە گەڵ دوژمنی هێندە بەهێز شەڕی نە کردووە .شا فەرمانی دا کە بە هەموو هێزێکەوە لە بارزانیەکان بدرێ، لە فەرمانی رۆژی ٢٩ ی رەشەمە، ٢٠ی مارسی ١٩٤٧ی زایینی دا دەڵێ : " بەفرۆکە تەواوی بنکەکان و رێبازی کۆچی ماڵە بارزانیەکان ( یانی ژن و منداڵ...) و هەروەها تۆپخانەکەیان بۆمباران بکەن. دەبێ تا ١٥ی خاکەلێوە، ٤ی ئاوریلی ١٩٤٧ی زایینی شەڕ کۆتایی بێ و کارێکی وا بکەن کە بارزانیەکان نەتوانن دەربازبن، ولەوە زیاتر ئابڕوی لەشکری ئێران بچێ."**

بارزانیە قارەمانەکان پاش ئەوەی زیانێکی باشیان لە لەشکری ئێران دا، گەڕانەوە باشووری کوردستان ، کە لەویش نوری سەعید بە ئاگر و ئاسن پێشوازی لێ کردن .ئەوانیش ناچار پیر و پەککەوتە و ژن و منداڵیان لە ناوچەی بارزان بەجێ هێشت و بۆ خۆیان




کە نزیکەی (٥٠٠) پێشمەرگە دەبوون لە ژێر سەرکردایەتی مستەفا بارزانی دا بە سنوری تورکیە دا دیسان هاتنەوە رۆژهەڵاتی کوردستان. حکوومەتی ئێران لەشکرێکی دە هەزار کەسی و توپ و فرۆکە بە هەموو جورە چەکێکەوە، بۆ شەڕ لە گەڵ بارزانیەکان تەرخان کرد. لە گەڵ ئەوەش بارزانیەکان بە یارمەتی گەلی کورد زۆر مەردانە خۆیان راگرت وتوانیان ماوەی(٣٠٠ صکیلومەتربەشەڕی سەرکەوتنەوە، رێگا ببڕن. پاش چەندین شەڕی سەرکەوتوانە و قارەمانانە لە گەڵ لەشکری ئێران، توانیان خۆیان بگەیەننە چۆمی (ئارازصـ لەوێ بپەڕنەوە و ببنە پەنابەری دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت. بارزانی نەمر بەو بەربەرەکانیەی لە گەڵ لەشکری ئێران، نەخشەی رێبەریی داهاتووی خۆی بۆ جووڵانەوەی گەلی کورد کێشا.

هەرچەندە بۆ ماوەیەک ناچار بوون لە یەکیەتی سوڤیەت دا بە پەنابەری بژین و چەک دانێن، بەڵام شوێنێکی گەورەیان لە سەر دڵ و دەرونی هەر کوردێکی دڵسۆز دانا. بە جۆرێک کە بچوکترین هەلی سیاسی لە کوردستان دەی توانی بارزانی بکاتە رێبەرێکی گەورە و بەرێز لە لای گەلی کورد. بارزانیەکان تا شۆرشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ لە یەکیەتی سوڤیەت مانەوە. پاش شۆرشی ١٤ ی تەموز بارزانیەکان گەڕانەوە عێراق. پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق کە لە ١٦ ی ئاگوستی ١٩٤٦ دا دامەزرا بوو، بەرێبەری چەند کەسێکی وەک هەمزە عەبدوڵلا و برایم ئەحمەد، هەر لە چالاکی دا بوو. کە لە دوایی دا سەرۆکایەتی پارتی درا بە بارزانی و سەرەتای قۆناغێکی تازە لە خەباتی گەکی کورد لە باشووری کوردستان دەستی پێ کرد.

---------------------------------------------------------

* کوردستان و کورد لاپەرە ٩٢ دوکتور قاسملو. ئەویش بە نەقڵ لە ف.ستیپانوف" گۆڤاری رۆژگاری تازە ژمارە ٣٤،٨ ی ژوئیەی ١٩٤٩.

** هەمان سەرچاوە بە نەقڵ لە ن.پیسان " ازمهاباد خونین تا کرانەی رود ارس" لاپەرە ١٠٣

سەرچاوە : نەتەوەی کورد و باری مێژوویی بە کورتی نووسینی بەرێز مستەفا شڵماشی

تایپ کردنەوە: رەحمان نەقشی

# ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان و کۆماری کوردستان لە پەیڤی چەند کەسایەتی یەک دا

## رۆژیک کە نوێنەرانی کوردستان یەکدڵ و یەک زمان هاواری دیمۆکراسییان کرد.

"دیارە موفەقییەتی ئیمە سەراسەر لە عەینی مەرامی دیموکراسی و لە نەتیجەی فەعالییەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بە پشتیوانی عالەمی دیموکراتە.



لەبەر ئەوە... دەڵیین:

بژی موئەسیسینی دیموکرات. میللەتی کورد هەزاران سەد و بەرهەلستی سەخت و سەهەندەی لەری دا بوو. دەستە و دایرەی دیکتاتوری بی وچان کارشکینی ئیمەیان دەکرد و لە هیچ نامەردییەک رانەدەوەستان. ئیختلافاتی عەشایەر بو ناوخوش ئیشکالێکی گەورە بو بو ئێمە. بەڵام ئەوانە هیچکامیکیان نەیانتوانی پیش بە ئیمە بگرن بە دلیکی بەهێز پایەداریمان کرد و ئیدامەمان بە فەعالییەتی خۆمان دا تا ئیستیقلال و ئازادی نەتەوەی کوردمان بەدەست هینا. ئەورۆ لە نومایندەکانی تەواوی نەواحی و نوقاگی کوردستان بی ریعایەتی گەبەقات ئەعەم لە ئاغا و رەعییەت و، گەورە و چوک، کوبوونەوە و یەکدل و یەکزمان هاواری دیموکراسی دەکەن و بەریی دیموکرات دا دەرون قودرەت و قوەتی دیموکرات نیشان دەدا".

هەڵبژاردەیەک لە نوتقی پێشەوا قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان لە رۆژی راگەیاندنی کۆماری کوردستان دا کتێبی "حکوومەتی کوردستان . کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا"، نەوشیروان مستەفا ئەمین

## کۆماری کوردستان بۆ هەموو نەتەوەی کورد جێگای هیوا و ئاوات بوو

"کۆماری کوردستان نەک هەر بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوەی کورد جێگای هیوا و ئاوات بوو. بە



هاتنی بارزانییەکان و زۆر کوردی دیکەی عێراقی کە لە ریزی حیزبی دیمۆکرات و دەزگای کۆماری کوردستان دا چالاکانە بەشدار بوون، ئەم جووڵانەوەیە ببوو بە جووڵانەوەی هەموو نەتەوەی کورد و، هەموو نەتەوەی کورد چاوی تی بڕیبوو، چاوی هیوا و تاسە و ئارەزوو، زۆر نوێنەری کورد لە تورکیە و سووریە، تەنانەت لە دەرەوەی کوردستان لە ئورووپا و ئەمریکاوە دەهاتن سەریان لە کۆماری کوردستان دەدا بۆ ئەوەی بزانن و بەچاوی خۆیان ببینن کە یەکەم حکوومەتی گەلی کورد، یەکەم کۆماری کوردستان چۆنەو، چۆن بەرەو پێش دەچێ و چی بۆ خەڵکی کوردستان دەکا."

عەبدوڵرەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، فەسڵی دووهەم، جێگای کۆماری کوردستان لە مێژوودا

---

## مێژوو دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستانی لە سینگی خۆی دا پاراستوە.

کۆماری کوردستان بوو بەهۆی فەزایەکی زۆر دێموکراتیک کە خەڵک لەوێ دا خۆیان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دا بە



بەشدار دەزانی. کەسایەتیی ئینسانیی خۆیان بۆ یەکەم جار وەک هەیە هەست پێکردو چێژیان لێ دی. خوێندەوەو نووسین بە زمانی زگماکی برەوی پەیدا کرد. فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی پەرەی گرت و بەرەو پشکووتن چوو. دەرەتان بۆ بەشداریی ژنان لە کاروباری سیاسی دا پێک هات. بۆ پێگەیاندنی لاوان وەک هێزێکی چالاک و پاشەڕۆژ ساز

مایەیەکی زۆر دانراو سەرئەنجام هێندێک مانـاو مەفهوومی وەک سەربەخۆیی، ئازادی، دێموکراسی و کەسایەتی و مافە ئینسانی یەکان لە دروشمێکی رووتەوە بوونە واقیعییەتێکی بەرچاو. مێژوو تەواوی ئەمانەی لە سینگی خۆیو لە لاپەڕە هەرگیز نەمرەکانی دا تۆمار کردوە.

دوکتور سادق شەرەفکەندی، وتاری "دووی رێبەندان"، بەبۆنەی ۴۳ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە، "کوردستان"، ژمارە ۱۴۶ ، رێبەندانی ۱۳۶۷

## کێلێکی بەرز و دیار لەسەر ڕێگای دوور و درێژی خەباتی نەتەوەی کورد

حکوومەتی کوردستان لە مەهاباد، دوای تەجروبەی حکوومەتی کوردستانی جنووبی لە سلێمانی لە سەرەتای بیستەکان دا، دووەمین تەجروبەی حوکمرانی کوردە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا. ئەم تەجروبەیە سەرەڕای کورتیی ماوەکەی یەکێکە لە کێلە بەرزە دیارەکانی سەر ڕێگای دوور و درێژی خەباتی نەتەوەی کورد لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا. هەربۆیە نووسەرانی کورد و بێگانە بایەخێکی تایبەتییان پێداوە".

*نەوشیروان مستەفا ئەمین، پێشەکیی کتێبی "حکوومەتی کوردستان ـ کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا".*

---

## پێگەی کۆماری کوردستان لەنێو دڵی خەڵک دا

بۆ ئەوەی باشتر تێ بگەین کە ڕێژیمی کۆماری مەهاباد تا چ ڕادەیەک نوێنەری خەڵکی کورد بووە، خراپ نیە لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان لەکاتی هاتنی ئەرتەشی ئێران بۆ دوو ناوچەی ناوبراو لە ساڵی ۱۳۲۵دا بەراوردی بکەین.

هەردوو کۆمار لەلایەن شوورەوییەوە پشتیوانی دەکران. کاتێک ئەرتەشی ئێران هاتە کۆماری خودموختاری ئازەربایجان و دەوڵەتی پێشەوەریی رووخاند، خەڵکی ئازەربایجان پێشوازی یەکی گەرمیان لە ئەرتەش کرد. بەڵام کاتێک ئەرتەش چووە مەهاباد، خەڵک بەساردی وەریان گرتن، لە تەورێز بەر لە هاتنی هێزەکانی ئێران ڕاپەڕینێکی گەلی بەدژی ڕێژیمی لایەنگری شوورەوی بەرپا بوو و کوشتنی کاربەدەستە کومونیستەکانی کۆماری ئازەربایجان بەر لە هاتنی ئەرتەش دەستی پێ کردبوو. بەڵام خەڵکی مەهاباد بە رووگرژی لەگەڵ ئەرتەشی ئێران بەرەوروو بوون.

*وەرگیراو لە کتێبی "ناسیونالیسم در ایران"، نووسینی "ریچارد کاتم"، وەرگێرانی " احمد تدین".*

---

## یەکێک لە ڕووناکترین ڕووداوەکانی مێژووی تازەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

پەیدا بوون و گوورانی کۆماری مەهاباد و مێژووی کورت و توفانی و لەنێوچوونی لەناکاوی، یەکێک لە ڕووناکترین ڕووداوەکانی مێژووی تازەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستە. کۆماری کوردستان لەلایەن پێشکەوتنخوازانی خەڵکی کوردستانەوە پشتیوانیی لێ دەکرا کە ژمارەیان بەردەوام زیادی دەکرد و ئەو کەسانە دوژمنایەتییان لەگەڵ دەکرد کە وا دێنە بەرچاو دوارۆژیان نیە. ئارچیباڵد ڕۆزڤێلت لە

ڕۆژی ئاوابوونی‌یەوە، کۆماری مەهاباد بێ وەچان دەرسمان دا دەدات، کوردایەتیی ڕەسەنمان فێر دەکات، هەمووومان بێگومان شاگردی بە ئەمەگی ئەو مامۆستا گەورەیەین بە پەرۆشەوە چاوەڕوانین ئاواتەکانی زوو بەزوو بێنەدی، پەند و دەرسە مێژوویی‌یەکانی بەفیڕۆ نەچن!!

دوکتور کەمال مەزهەر، وتاری "گەورەیی مەهاباد و چەند بیرەوەری‌یەک" (بەبۆنەی پەنجا ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە).

سەرچاوە دوا لاپەرەی ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ۴۲۹

---

**پرسیار: بەڕێز مامۆستا! بە بڕوای ئێوە داخوا ئەگەر کەسایەتی یەکی وەک پێشەوا قازی محەممەد نەبوایە کۆماری کوردستان لە مەهاباد دادەمەزرا؟**

وەڵام: لە مێژە گوتوویانە لە مێژوودا ئەگەرو ئەمما نیە. مێژوو ئەوەیە کە بووە. هەمووومان ئەوە دەزانین کە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی کاتێک ئێران لەلایەن لەشکری هاوپەیمانانی سەرکەوتووی شەڕەوە بە دوو مەڵبەندی دەسەڵات دابەش کرا، ئەو بەشە لە کوردستانی ئێران کە دەکرێ پێی بڵێین کوردستانی موکری، وەک ناوچەیەکی بێلایەن لە نێو دوو مەڵبەندی دەسەڵاتی ئەمریکاو ئینگلیس لەلایەکو شوورەوی لە لایەکی دیکەدا، مایەوە، ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لەو هەلومەرجە کەڵکی وەرگرت و بە دامەزراندنی حکوومەتی میللی‌و دوایەش کۆماری کوردستان بەشێک لە ئاواتەکانی نەتەوەی کوردی هێنایە دی.



دیارە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردی ئێران لەو سەروبەندەدا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە قازی محەممەد پێشەوایەتیی دەکرد. لەوەشدا کە پێشەوا قازی لەباری پێگەیشتوویی فیکری و سیاسی یەوە زۆر زۆر لە پێش هەموو ڕێبەرانی دیکەی ئەو کاتی بزووتنەوەی کوردەوە بووە، گومانێک نیە. کەوایە بێ ئەوەی باس لە ئەگەرو ئەمما بکەین، دەتوانین بە دڵنیایی یەوە بڵێین پێش هەمووان ئەوە قازی محەممەد بوو کە بە هەڵسەنگاندێکی وردی بارودۆخەکە دەرفەتەکەی قۆزتەوە و کۆماری کوردستانی وەک دەسکەوتێکی لەبیرنەکراو خستە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردەوە.

پێشەوا قازی لە دادگا، یان باشتر بڵێین لە بێدادگای نیزامیی ڕێژیمی حەمەرەزا شادا تەواوی بەرپرسایەتیی بزووتنەوەی ساڵەکانی ۲۵ .۱۳۲۴ی کوردستانی ئێران و لەوانە دامەزراندنی کۆماری کوردستانی وەئەستۆ گرت و بە بەختکردنی گیانی خۆی،

سەدان کەس لە هاوڕێو هاوسەنگەرەکانی لە ئێعدام ڕزگار کرد. بەو پێیە ویژدان حوکم دەکا کە شانازیی ئەو دەسکەوتە مێژوویی یەش بەناوی قازی محەممەدەوە تۆمار بکرێ، بێ ئەوەی لە قەدری هیچ کام لە ڕێبەرانی حیزب و کۆمار کەم بکرێتەوە.

**پرسیار: پێوەندیی کۆماری کوردستان و حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟**

**وەڵام:** بە هەموو پێوانەیەک پێوەندیی هاوکاریی نێوان ئەو دوو حکوومەتە نیشتمانی یەو بەتایبەتی ئیمزای پەیمانی دوو قۆڵی لە نێوانیاندا میراتێکی بەنرخە کە بۆ ڕۆڵەکانی ئەو دوو گەلە دراوسێ و هاوخەبات و هاوزنجیرە بەجێ ماوە.

تێکۆشەرانی کورد و ئازەربایجانی ئێستاش و لە دواڕۆژیشدا دەبێ تێ بکۆشن باشترین پێوەندیی خەباتگێڕانە پێکەوە دامەزرێنن و لە ئەزموونەکانی دەورانی کۆماریش پەندو ئامۆژگاری وەربگرن. نابێ لە بیریشمان بچێ کە پێوەندیی نێوان ئەم دوو گەلەو لەو سەردەمەدا هەروەک دەسکەوتی باشی لێ بەدەست هاتوە، گیروگرفت و ئاڵۆزییشی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام گرنگ ئەوە بووە کە هەموو جارێ مەنتیق و ئەقڵی سەلیم سەرکەوتوەو هەر گیروگرفتێک هاتبێتە پێش، بە هەوڵی بەرپرسانی دوو حکوومەت بەشێوەی ئاشتیخوازانە و بە قازانجی هەردوولا چارەسەر کراوە.

١- تەنیا خاڵی جێگای داخ کە هەر بۆ دەرس لێوەرگرتن دەمەوێ باسی بکەم، ئەوەیە کە ڕێبەرانی حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان لە هێندێ برگەی ناسکو تەنانەت چارەنووسسازیشدا بە پەیمانی دوو قۆڵی لەگەڵ کۆماری کوردستان وەفادار نەبوون. ئەم کارە نەک هەر متمانەی لایەنی کوردی بە ڕێبەرانی ئازەربایجان لاواز کرد، بەڵکوو خزمەتێکی باشی بە دەسەڵاتی کۆنەپەرستی مەرکەزییش کرد کە بە پێچەوانەی وادەو بەڵێنەکانی بە سەرانی حکوومەتی ئازەربایجان، دوژمنی مافە ڕەواکانی هەردوو گەلی ئازەربایجانی و کورد بوو. ئەگەر بمانەوێ نموونە بۆ ئەو پەیمانشکێنی یەی ڕێبەرانی حکوومەتی ئازەربایجان بێنینەوە، دەتوانین ئاماژە بە دوو خاڵی زۆر گرنگ بکەین: لە پەیمانی دوو قۆڵی دا هاتبوو کە هەروەخت مەسەلەی وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی هاتە ئاراوە، هیچکام لەو حکوومەتانە بە تەنیا نەچنە سەر مێزی وتوویژو هەوڵ بدەن بە یەک هەڵوێست لەگەڵ کاربەدەستانی تاوەند بەرەوڕوو بن. کەچی هەر بە چەند ڕۆژ دوای ئیمزای پەیماننامەکە هەیئەتێک بۆ وتوویژ چووە تاران کە شەهید حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی وەک نوێنەری کۆمار تێی دا بەشدار بوو. بەڵام ئاغای پیشەوەری بۆ هیچکام لە کۆبوونەوەکان لەگەڵ "قوام السلطنه"دا حەمە حوسێن خانی بەشدار نەکردو لەوەش زیاتر، لە ڕێککەوتنێکی بێئاکامدا کە دواتر لە شاری تەورێز لە نێوان نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزیو حکوومەتی ئازەربایجاندا ئیمزا کرا، حیسابێک بۆ کۆماری کوردستان نەکراو کوردستانیان هەروەک بەشێک لە ئازەربایجان دانا، نەک وەکوو قەوارەیەکی جیاواز.


٢- هەر لەو پەیمانەدا گوترابوو کە لە کاتی پێویستدا هەردوو حکوومەت پێکەوە هاوکاریی نیزامی دەکەنو هەرچی پێویست بێ یارمەتیی یەکتر دەدەن. کەچی لە کاتی زۆر ناسک و ڕاست لەو کاتەدا کە سوپای ئێران پەلاماری هێنایە سەر ئازەربایجان و کوردستان بۆ ڕووخاندنی ئەو دوو حکوومەتە گەلی یە، ڕێبەرانی ئازەربایجان هیچ ئاگاداری یەکیان نەدایە کۆماری کوردستان و بە

مەیدان چۆڵکردنی خێراو بێ بەربەرەکانی بە کردەوە پشتی کۆماری کوردستانیان چۆڵ کردو دەرەتانیان بۆ کۆنەپەرستی پێک هێنا کە بەو ئاسانی یە کۆماری کوردستانیش بڕووخێنێ. شاراوە نیە کە تەسلیم بوونی حکوومەتی ئازەربایجان لە حاڵێکدا هێزێکی چەکداری گەورەترو پۆشتەو پەرداختری هەبوو، شوێنەواری خەراپی لەسەر ورەی هێزی پێشمەرگەو فەرماندەرەکانی و تەنانەت رێبەرانی کۆماری کوردستانیش دانا. هەر بۆیەش بوو کە رێبەرانی جومهووری بڕیاری بەرەنگارییان نەداو بەو شێوە تراژیکە تەسلیم بوون.

بە هەمووی ئەو تێ بینی یانەشەوە لەو باوەڕە دام کە لە دوارۆژیشدا کوردەکان و ئازەربایجانی یەکان هەر دەبێ لێک نزیک و هاوکارو هاوپەیمانی یەکتر بن. بەڵام پێویستە نوختە لاوازەکانی هاوکاریی دەورانی دوو حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان و کوردستان لەبەرچاو بنو هەوڵ بدرێ بناخەیەکی پتەو بۆ هاوکاری دابڕێژرێ و وردترو بەرپرسانەتر جێبەجێ بکرێ.

---

**پرسیار: بەڕێز کاک جەلیل! دەسکەوتێکی دیکەی کۆماری کوردستان، گەشە کردنی بواری فەرهەنگی و خوێندن بە زمانی کوردی بوو، دەکرێ ئاماژەیەک بەو لایەنەی سەردەمی کۆماری کوردستان بکەی؟**



وەڵام: تائەو جێگەیەی من لە بیرمە لە زەمینەی فەرهەنگی دا لەو ماوە کورتەی تەمەنی کۆمار دا کاری زۆر بە سوود کران کە پێشتر لە کوردستان زۆر بە کەمی کرابوون و لە زۆر وڵات دا هەر باسیشیان لێ نەکرابوو کە بریتین لەوانەی خوارەوە:

١- راکێشانی ژنان و لاوان بۆ بەشداری کردن لە کارو باری کۆمەڵگا کە دواتر گەیشتە ئەو جێگەیەی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات و دواتریش رێکخراوی لاوانی دیموکرات پێک بێ کە هەر دووکیان نەخشی بەرچاویان هەبوو.

٢- حورمەت بۆ مافی کەمایەتییەکان و ئیعتراف بە مافی فەرهەنگیییان و پیادەکرانی بە کردەوەی ئەو مافە رەوایە.

٣- رەسمیەتدان بە خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکان و کارو باری ئیداریدا.

٤- ئیجباری کردنی خوێندن بۆ کوڕانوکچان و هاندانی لاوانی نەخوێندەوار بۆ خوێندنی شەوانە.

٥- دامەزراندنی رادیویەکی **FM** بۆ یەکەم جار کە لە بەر کەمیی رادیو لە رێگەی چەند بلێندگۆوە کە لە چەند شوێنی شاری مەهاباد هەڵواسرابوون، خەڵک بۆ بیستنی هەواڵ و باسەکان کەڵکی لێ وەردەگرتن.

٦- بۆ یەکەم جار، هەر لەم دەورەیەدا خەڵکی شارە رزگار کراوەکان بە هۆی سینەمای گەڕۆک کە لە ماشینێک دا جێگەی گرتبوو، دەگەڵ سینەما ئاشنا بوون.

جێگەو شوێنی سازکرانی ساختومانێک بۆ سینەما دیاری کرابوو، هێندێک کەسایەتیشی بۆ ئامادە کرابوون کە بە داخەوە پێ رانەگیشتن سازی کەن.

٧- تیئاترو شانۆگەری و موسیقا بەرەو پەرەگرتن دەچوون.




٨- لە هەمووان گرینگتر ئەوە بوو کە یەک دوو مانگ بەر لە ئیعلامی کۆمار چاپخانەیەکی گەورە لە لایەن حیزبەوە بە ناوی کوردستان دامەزرا کە ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری کوردستان و باقیی بڵاوۆکەکانی لێ چاپ دەکرا. لەو ماوەیەدا ١١٣ ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان" و نێزیک بە ٢٠ ژمارە لە گۆڤاری "کوردستان" بڵاو بوونەوە کە زمان حاڵی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. سەرنووسەری ڕۆژنامەکە سەید محەممەد حەمیدی بوو، بەرپرسی چاپخانە ماوەیەک میرزا عەلی خوسرەوی و دوایەش مەلاقادری مودرێس بوو. کارگێرانی چاپخانە بریتین لە: میرزا موتەلیب، شیخ محەممەدی، کاک سەدیق عەلایی، محەممەد شاپەسەندی و پۆلێک لە لاوان وەک عەبدوڵا دەباغی، عەزیز ژیان و... کاری حروفچینییان دەکرد. دیارە وەک نووسەری تەواو وەخت تەنیا سەید محەممەد حەمیدی کە سەرنووسەر بوو سەروتارو وتارێکی لە هەموو ژمارەکان دا هەبوو. خاڵەمین، هێمن، هەژار، دڵشاد ڕەسووڵی، محەممەد شاپسەندی، ماموستا سەعید ناکام لە برگەیەک دا، هاشم خەلیلزادە و کەسانێکی تر لە بواری نووسیندا هاوکارییان دەکردو جێ دەستیان لەو ژمارانەی کە وەدەست کەوتون دیارە.

٩- ئەنجومەنی فەرهەنگی دەگەڵ ئازەربایجانی هاوپەیمان و یەکیەتیی سۆڤیەت پێک هاتبوو.

١٠- ناردنی قوتابییان بۆ باکۆو تەورێز بە مەبەستی درێژەدانی خوێندن لە بوارە جیاجیاکانی پێویست بۆ ئەو کاتی کۆمار.

**سەرچاوە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٤٢٩**

**سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١٥ی ژانویەی ٢٠٠٨**




# پانۆرامای مێژووی کۆماری کوردستان

## ۲ی ڕێبەندانی ساڵەکانی ۱۳۲۵ - ۱۳۲۴ (۱۹۴۶ – ۱۹۴۵)

ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

## ڕێورەسمی ئاڵا هەڵکردن

۱- ۱۷ی دێسامبری ۱۹۴۵ (۲۶ی سەرماوەزی ۱۳۲۴) بەبەشداری پێشەوا قازی محەممەد و هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەیان هەزار کەس لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەسەر بانی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە شاری مەهاباد هەڵکرا .

۲- ۱۹ی دیسامبری ۱۹۴۵ (۲۸ی سەرماوەزی ۱۳۲۴) کات ژمێر ۹ی بەیانی بە خوێندنەوی سرودی قوتابیانی کورد و ئەرمەنی و ئاسۆری و چەپلە لێدان و شادی بەبەشداری بەرچاوی خەڵکدا ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە شاری نەغەدە هەڵکرا.

۳- ۲۸ی دێسامبری ۱۹۴۵ (۷ی بەفرانباری ۱۳۲۴) کات ژمێر ۸ی بەیانی ڕێورەسمی هەڵکردنی ئاڵا بەبەشداری حاجی بابە شیخ و کۆمەڵانی بی وێنەی خەڵک بە خوێندنەوی سرود و موسیقا لەسەربانی قەڵای شاری بۆکان هەڵکرا.

۴- ۲۴ی دێسامبری ۱۹۴۵ (۳ی بەفرانباری ۱۳۲۴) کرانەوەی قوتابخانە بۆ فێرکردنی وتنەوەی وانە بە زمانی زکماکی کوردی و لە زمانی بیگانە کاندا تەنیا زمانی رووسی دەوترایەوە.

۵- ۲ی ژانوییەی ۱۹۴۶ (۱۲ی بەفرانباری ۱۳۲۴) کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان و پەسند کردنی چەند بڕیاری گرنگ بۆ بە کوردی کردنی خوێندن لە قوتابخانەکانی کوردستان.

## بەشیک لە ڕووداو و کار و تێکۆشانی سەردەمی کۆماری کوردستان

۱- ۲۲ی ژانوییەی ۱۹۴۶ (۲ی ڕێبەندانی ۱۳۲۴) لە کۆبوونەوەیەکی پان و بەرین دا کە نوێنەرانی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان تێدا بەشدار بوون لە چوارچرای شاری مەهاباد بەرەسمی کۆماری کوردستان ڕاگەیاندرا.

۲- ۲۲ی ژانوییەی ۱۹۴۶ (۲ی ڕێبەندانی ۱۳۲۴) کارێکی سەمبولێک کە بۆ یەکەم جار لە ڕۆژی ۲۶ی سەرماوەز (۱۷ی دێسامبری ۱۹۴۶) ڕویدا هەل کردنی ئاڵابوو کەلە ۲ی ڕێبەندان لە مەهاباد ڕەسمیەتی پێ درا و لە پاشان لە شارو گوندەکانی کوردستان دووپات کرایەوە.

٣- ٢٣ی ژانوییەی ١٩٤٦ (٣ی ڕێبەندانی١٣٢٤) بۆ نێشانداان و وەفاداری (بەیعەت) هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرۆک کۆمار پێشەوا قازی ڕێورەسمێکی بەشکوو لە شەقامی وەفایی لە مەهاباد بەڕێوە چوو.

٤- ٢٣ی ژانوییەی ١٩٤٦ (٣ی ڕێبەندانی١٣٢٤) کۆبوونەوەی وەزارەتی هێزی پێشمەرکەی کوردستان بۆ ڕێکخستنی پێشمەرگە.

٥- ٢٤ی ژانوییەی ١٩٤٦ (٤ی ڕێبەندانی١٣٢٤) ئاهەنگێک بۆ جیژنی سەربەخویی و ناساندنی سەرۆک کۆمار پێشەواقازی بۆ ئەفسەران و پێشمەرگەکانی هێزی ناوەندی دێموکراتی کوردستان لە پێشمەرگەخانەی هیزی دێموکراتی کوردستان .

٦- ٢٥ی ژانوییەی ١٩٤٦ (٥ی ڕێبەندانی١٣٢٤) ئاهەنگی بەرپرسانی ڕاگەیاندن بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان و ناساندنی پێشەوا قازی بە بەشدارانی ئەم ڕێورەسمە.

٧- ٢٦ی ژانوییەی ١٩٤٦ (٦ی ڕێبەندانی١٣٢٤) بەڕێوەچوونی ڕێورەسمێک بەبەشداری پێشەوا قازی لە لایەن ئەندامانی شیرکەتی تەرەقی کوردستان،و بەززازانی مەهاباد.

٨- ٢٦ی ژانوییەی ١٩٤٦ (٦ی ڕێبەندانی١٣٢٤) بەڕێوە بردنی جێژنێکی گەورە لە لایەن کەلیمی یەکانی شاری مەهاباد بە بۆنەی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان.

٩- ٢٩ی ژانوییەی ١٩٤٦ (٩ی ڕێبەندانی١٣٢٤) کات ژمێر ٢ی پاش نیوەرودا لە لایەن حاجی سەید عەبدوڵڵا ئەفتەدی جیژنیکی زور جوان بە شانازی پیشوای کوردستان گیرا پاش ووتاریکی زور لە لایەن سەید عەبدولعەزیز پیرۆزبایی بنەماڵەی نەهری خوێندەوە.

١٠- ١١ی فیورییەی ١٩٤٦ (٢٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤) پێک هێنانی حکوومەتی کوردستان وهەیئەتی ڕەئیسەی میللی (کابینەی سەرۆک وەزیران) ئەو هەیئەتە لە ١٤ وەزیر پێک هاتبوو.

١١- ١٣ی فێورییەی ١٩٤٦ (٢٤ی ڕێبەندانی١٣٢٤) بڵاو کردنەوەی دوو بریاری کۆمەڵایەتی ڕەئیسی هەئیەتی میللی کوردستان: ١- ڕەدو کەوتنی کچان و ژنان قەدەغەیە ٢- پرسەی مردو بە ئەمری شەرعی ئیسلام بێ.

١٢- ١٥ی فێورییەی ١٩٤٦ (٢٦ی ڕێبەندانی١٣٢٤) بەڕێوەچوونی ڕێورەسمیک بە بۆنەی جیژنی سەربەخویی و ناساندنی پێشەوای کوردستان لە گوندی بالانیش بەبەشداری گەلیک لە ئاغا و جوتیارو فەلاح دەوروبەری بالان و ورمی.

١٣- ٢٨ی فێورییەی١٩٤٦ (٩ی ڕەشەمی١٣٢٤) بانگهشتنی مەلا مستەفا بارزانی و پیشوازی فەرمی لەلایەن پێشەوا قازی بۆ شاری مەهاباد.

١٤- ١ی مارسی ١٩٤٦ (١٠ی ڕەشەمی١٣٢٤) لەلایەن مامۆستایانی قۆتابخانەی کچان کاتژمێر ٢ پاش نیوەرو لە سالونی ئیدارەی فەرهەنگ جێژنیکی زورجوان بە بۆنەی پێک هاتنی ئاواتی چەندین ساڵەی نەتەوەی کورد و ناساندنی پێشەوا و سەربەخویی کوردستان بەبەشداری ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی شاری مهاباد بەڕێوە چوو.




١٥- ١٥ی مارسی ١٩٤٦ (٢٤ی رەشەمی ١٣٢٤) دامەزرانی رێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان.

١٦- ٢٠ی مارسی ١٩٤٦ (٢٩ی رەشەمی١٣٢٤) نامەی پێشەوا قازی معەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان بۆ سکرتێری گشتیی پارتیی کۆمۆنیستی ئازەربایجان میر جەعفەر باقرۆف.لەسەر هەل و مەرجی هێزەکانی دەوڵەتی ناوەندی ئیران.

١٧- مارسی ١٩٤٦ (خاکەلێوەی ١٣٢٥) بڵاوکردنەوەی گۆڤاری کوردستان ژمارە ٣ کە گۆڤارێکی ئەدەبی، مێژوویی و کۆمەڵایەتی بوو ( ژمارەکانی ١ و ٢ی ئەم گوڤارە لە سەرماوەزی ساڵی١٣٢٤ ى دێسامبری ١٩٤٥ بڵاو کرابوونەوە).

١٨-٤ی ئاوریلی ١٩٤٦ (١٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٥) رێککەوتننامەیەک لەسەر چوونەدەر لەشکری سوور بە ئیمزای قەوام و سادچیکۆف بڵاو کرایەوە.

١٩- ٢١ی ئاوریلی ١٩٤٦ (١ی بانەمەری ١٣٢٥) دامەزرانی دیوانی شەری هیزی دێموکرات, وپەسەند کردنی یاسای سەزادانی کەلە ٩ خاڵ پێک هاتبوو.

٢٠- ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦ (٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥) پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان دوو حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە لایەن دوو هەیئەتی رەسمی بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی و جەعفەری پیشەوەری لە شاری تەورێز ئیمزا کرا.

٢١-٢٤ی ئاوریلی ١٩٤٦ (٤ی بانەمەڕی ١٣٢٥) وەرێ کەوتنی ستوونێکی ئەرتەشی ئێران بۆ گەیاندنی چەک و تەقەمەنی و خواردن بۆ دوو پادگانی بانەو سەردەشت کە لە گوندی قاراوا لە گەڵ هیزەکانی بارزانی تووشی شەر بوون.

٢٢- ٢٥ی ئاوریلی ١٩٤٦ (٥ی بانەمەری ١٣٢٥) پێشەوای قازی سەرۆک کۆماری کوردستان دەگەڵ سەرۆک وەزیر و باقی وەزیرانی ئازەربایجان و سەرانی فیرقەی دێمۆکرات چوونە شاە گۆلی و هێزی ئازەربایجانیان بەسەر کردەوە.

٢٣- ٢٧ی ئاوریلی١٩٤٦ (٧ی بانەمەڕی ١٣٢٥) پەسند کردنی یاسای سەزادان بەرامبەر بە ئەمرییەی ژمارە ١٦٠٧ – ١.٢. ٢٥ ی کۆمیتەی مەرکەزی(حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان) دیوانی شەری هێزی دێمۆکڕاتی پێک هات .

٢٤- ٢٨ی ئاوریلی ١٩٤٦ (٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥) سەفەری دەستەی نوێنەرایەتی تێکەڵاوی ئازەربایجان و کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوەری و قازی محەممەد بۆ تاران.

٢٥- ٢٩ی ئاوریلی ١٩٤٦ (٩ی بانەمەری ١٣٢٥) کورتەی نوتقی پیشەوەری و پێشەوا لەکاتی سەفەر بۆ تاران لە فرۆکەخانەی تەورێز.

٢٦- ٢٩ی ئاوریلی ١٩٤٦ (٩ی بانەمەری ١٣٢٥) هێرشی هێزی زەمینی و هەوای هێزەکانی ئێرانی بۆ سەر بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات لە شاخی بیژنگ بەسەر،کەلی سەرا،وکیوی بالومان.ئاکامی ئەوشەرە بۆ بە هۆی تێک شکانی هیزەکانی

دەوڵەتی.

٢٧- ٣٠ی ئاوریلی ١٩٤٦ (١٠ی بانەمەڕی ١٣٢٥) بۆ یەکەم جار دەزگای رادیۆ کە پێیان دەگوت ئیستاسیۆنی رادیۆ لە رێ و رەسمی تایبەت دا بە وتاری پێشەوا قازی محەممەد لە شاری مەهاباد کرایەوە.

٢٨- ٢ی مای ١٩٤٦ (١٢ی بانەمەڕی ١٣٢٥) دوو نامەی ژنراڵ محەممەد رەشید خان، فەرماندەی هێزی بۆکان و ناوچە وبەرپرسی جەبهەی سەقز، لەسەر چونیەتی شەر وپیشنیارەکانی خۆی بۆ بەرپرچدانەوەی هێزی دوژمن بۆ پێشەوا قازی..

٢٩- ٥ی مای ١٩٤٦ (١٥ی بانەمەڕی ١٣٢٥) کۆبوونەوە پێشەوا قازی لە گەڵ هێندێک لە سەرانی عەشائیری مەنگۆر،مامەش،زەرزا، گەورک، دیبوکری،قەرەپاپاغ و ئەفسەرانی بیبانی هێزی دێموکرات.

٣٠- ١٠ی مای ١٩٤٦ (٢٠ی بانەمەڕی ١٣٢٥) لەشکری سوور هێزەکانی سۆڤیەت ئێرانی بەجێ هێشت.

٣١- ١٢ی مای ١٩٤٦ (٢٢ی بانەمەڕی ١٣٢٥) قەوام سەرۆک وەزیرانی ئێران هەیئەتی ئازەربایجانی تاوانبار کرد کە ئامادە نیین پێشنیارەکانی دەوڵەتی ناوەندی قبووڵ بکا.

٣٢- ١٣ی مای ١٩٤٦ (٢٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥) وەفدی هاوبەشی کوردستان و ئازەربایجان بە سەرنەکەوتوویی لە تاران گەرانەوە.

٣٣- ١٤ی مای ١٩٤٦ (٢٤ی بانەمەڕی ١٣٢٥) پیشەوەری گەرایەوە تەورێز رایگەیاند کە دەوڵەتی ناوەندی داوای تەسلیم بوونی بێ شەرت و مەرج دەکا (قەیدو شەرت) لە ئازەربایجان دەکا.

٣٤- ١٦ی مای ١٩٤٦ (٢٦ی بانەمەڕی ١٣٢٥) ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری حکومەتی کوردستان لە تاران گەرایەوە مەهاباد.

٣٥- ٢١ی مای ١٩٤٦ (٣١ی بانەمەڕی ١٣٢٥) ئەبولقاسمی سەدری قازی لە میتینگێک دا لە مەهاباد راپۆرتێکی دەربارەی گفتوگۆکانی خۆیان لە تاران بۆ کۆمەڵانی خەڵک باس کرد.

٣٦- ٢١ی مای ١٩٤٦ (٣١ی بانەمەڕی ١٣٢٥) وتاری پێشەاو قازی محەممەد لەمیتینگی ئەو رۆژە دا بۆ سەران و سەرکردە و ژنرال و مەزنانی کوردستان وبەشدارنی چەند هەزارکەسی کۆمەڵانی خەڵک.

٣٧- ٥ی مای ١٩٤٦ (١٥ی بانەمەری ١٣٢٥) بەشداری دەستەی نوێنەرایەتی کۆماری کوردستان و هێزی پێشمەرگە لە رێو رەسمی بەرێ کردنی لەشکری سوور لە شاری تەورێزێ .

٣٨- ٢٦ی مای ١٩٤٦ (٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥) دانیشتن و وتوێژی کاربەدەستانی ئێران لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری کوردستان بۆ پیشگیری لەتیکهەڵچوون لە نێوان هێزەکان دا پێشنیاری ناوچەیەکی بی لایەنی ٤کیلومیتری لە سەقزەوە. بەرەو بانە و لەسەقزەوە




بەرەو بۆکان.

٣٩- ٣١ی مای ١٩٤٦ (١٠ی جۆزەردانی ١٣٢٥) دەستنیشان کرانی مەلا مستەفا بارزانی وەکو ژەنرال لەسوپای کۆماری کوردستان لەلایەن پێشەواقازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان.

٤٠- ١٥ی ژوئەنی١٩٤٦ (٢٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥) پادەگانی سەقز بەسەرکردەیی سەرلەشکر حاجی عەلی رەزم ئارا دەستی کرد بە ئاگربارانی هێزەکانی پێشمەرگەی دەورو بەری شاری سەقز.

٤١- ١٦ی ژوئەنی ١٩٤٦ (٢٦ی جۆزەردانی ١٣٢٥) چاوپێکەوتنی نێوان رەزم ئارا و پێشەوا قازی لە سەر ریکەوتنی ٥ی جوزەردان لە گوندی سەرای بۆکان و سەقز.

٤٢- ٢٠ی ژوئەنی ١٩٤٦ (٣٠ی جۆزەردانی ١٣٢٥) هاشمۆف کونسۆلی سۆڤیەتی لە ورمێ چوو بۆ لای پێشەوا قازی لە گوندی سەرا.

٤٣- ٢٢ی ژوئەنی ١٩٤٦ (١ی پووشپەری ١٣٢٥) وتوێژی پەیامنیری ئاژانسی فرانس پریس لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان.

٤٤- ٢٩ی ژوئەنی ١٩٤٦ (٨ی پووشپەری ١٣٢٥) قەوام سەرۆک وەزیرانی ئێران حیزبی دێموکراتی ئێران حیزبی دەوڵەتی خۆی دامەزراند.

٤٥- ٥ی ژوییەی ١٩٤٦ (١٤ی پووشپەری ١٣٢٥) کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی و تەواوی سەرکردەو و کاربەدەستانی ئیدارات بۆ ئامادەکاری و پەروەردە و فیرکردنی (تەعلیمات)ی پێشمەرگە.

٤٦- ٥ی ژوییەی ١٩٤٦ (١٤ی پووشپەری ١٣٢٥) کات ژمێر ٨ی بەیانی محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری بەرگری و ژنراڵ مایۆر مستەفا بارزانی دەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە بۆ سەردانی جەبهە وەرێ کەوتن.

٤٧- ٩ی ژووییەی ١٩٤٦ (١٨ی پووشپەری ١٣٢٥) لەسەربانگهێشتنی فەرمی قازی محەممەد بۆ تاران، مهابادی بەرەو تەورێز بە جێهێشت. پاش گۆفتگو لە گەڵ کاربەدەستانی حکوومەتی ئازەربایجان و شوورەوییەکان، بە فرۆکەیەیەکی شیرکەتی هەوایی سۆڤیەت بەرەو تاران وەرێکەوتن.

٤٨- ٩ی ژوییەی ١٩٤٦ (١٨ی پووشپەری ١٣٢٥) بۆ جێ بەجێ کردنی رێکەوتنەکەی نوێنەرانی حکوومەتی کوردستان لە شارەکانی سەقز، بانە و سەردەشت وەزێری هیزی میللی کوردستان ژنرال سەیفی قازی لە نامەیەکی رەسمی محەممەد نانەوازادە جێگری سیاسی وەزارەتی هیزی کوردستان بۆ ئەو کارە دانا.

٤٩- ١٠ی ژوییەی ١٩٤٦ (٢٠ی پووشپەری ١٣٢٥) جەولەی سەحرایی پێشمەرگەکانی هێزی ناوەندی کوردستان لە دەروەی شاری مەهاباد.




۵۰- ۱۳ی ژوییەی ۱۹۴۶ (۲۳ی پووشپەری ۱۳۲۵) حکوومەتی قەوام پێشەوا قازی محەممەدی بانک کرد بۆ تاران بۆ گفتوگۆ لەسەر ڕێکخستنەوەی جوری پەیوەندی دەوڵەتی ناوەندی و حکومەتی کوردستان.

۵۱- ۱۷ی ژوییەی ۱۹۴۶ (۲۷ی پووشپەری ۱۳۲۵) گەرانەوەی پێشەوا قازی لە سەفەری تاران و پێشوازی گەرمی کۆمەڵانی خەڵک لە مەهاباد.

۵۲- ۱۸ی ژوییەی ۱۹۴۶ (۲۸ی پووشپەری ۱۳۲۵) وتووێژی ڕۆژنامەی ڕەهبەر ئورگانی حیزبی تووده لە گەڵ پێشەوا قازی دەربارەی گفتوگۆکانی لە گەڵ کاربەدەستانی تاران.

۵۳- ۱۸ی ژوویيەی ۱۹۴۶ (۲۷ ی پووشپەری ۱۳۲۵) گەرانەوەی پێشەوا قازی لە نێو بە پیلەوە هاتن و پێشوازی ئەندامان و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کاربەدەستانی حکوومەتی که تا میاندواو بە پیل بەرێزیانەوە هاتبوون و هەروەها لە لایەن خەڵک و ژمارەیەکی زۆر لە عەشیرەتەکان و گوندنشینەکان کە هەستی خۆیان دەردەبڕی و گوڵبارانیان دەکرد گەیشتەوە مهاباد".

۵۴- ۲۶ی ژوییەی ۱۹۴۶ (۴ ی گەلاوێژی ۱۳۲۵) وتاری پێشەوای قازی محەمەد لە کاتێک دا خۆی ئامادە کردبوو بۆ سەفەری ورمێ و دیداری لە گەڵ قەواموسەلتەنە و باس لەسەر هەڵ و مەرجی کوردستان بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ئاغایانی مامەش و زەرزا و ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شار.

۵۵- ۲ی ئووتی ۱۹۴۶ (۱۱ی گەلاوێژی ۱۳۲۵) سێ کەس لە بەرێوەبەرانی حیزبی توودەی ئێران بوون بە وەزێری کابینەی قەوام ( ئیرەج ئەسکەندەری، د.فیرووز کەشاوەرز، مورتەزا یەزدی)

۵۶- ۲ی ئووتی ۱۹۴۶ (۱۱ی گەلاوێژی ۱۳۲۵) تەلگرافی پێشەواقازی بۆ رێبەرانی حیزبی دێموکراتی ئێران، حیزبی توودەی ئێران، حیزبی ئێران و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان ئامادەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ بەرە دەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکان راگەیاند.

۵۷- ۱۵ی سێپتامبری ۱۹۴۶ (۲۹ی گەلاوێژی ۱۳۲۵) دیداری پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان لەگەڵ ئارچیباڵد ڕوزڤێلت بەرپرسی هەواڵگری سەفارەتی ئەمریکا لە تاران. لە شاری مەهاباد .

۵۸- ۲۱ی سێپتامبری ۱۹۴۶ (۱۳ی خەرمانانی ۱۳۲۵) سەردانی قەدری جەمیل پاشا وەکوو نوێنەری پارتی دێمۆکراتی کوردی سووریيە لە شاری مەهاباد و دیدار و چاو پێکەوتنی لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەد و کاربەدستانی کۆماری کوردستان، و نزیک حەوتوویەک لە مهاباد بووە.

۵۹- ۲۳ی نوامبری ۱۹۴۶ (۲ی سەرماوەزی ۱۳۲۵) زەنجان بە تەواوی کەوتە دەستی دەوڵەتی ناوەندی و هێزەکانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان کە لە زەنجان بوون چووکترین بەربەرەکانی یان لە خویان نێشان نەدا.

٦٠- ٣ی دێسامبری ١٩٤٦ (١٢ی سەرماوەز ١٣٢٥) ڕێکخراوی حیزبی توودە لە"زیراب" مازەندەران بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی دەست پێ کرد.

٦١- ٥ی دێسامبری ١٩٤٦ (١٤ی سەرماوەزی ١٣٢٥) لەسەر پێشنیاری پێشەوا قازی شووڕای شەڕ بە بەشداری ١٠ کەس و سەرۆکایەتیی خودی پێشەوا بڕیاری بەربەرەکانی بەرامبەر بە ئەرتەشی دەوڵەتی ناوەندی درا.

٦٢- ٦ی دێسامبری ١٩٤٦ (١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٥) بانگهێشتنی سەرۆکەکانی عەشایر و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و گەورە پیاوان بۆ ڕاوێژ و بڕیاردان و دوا هەڵوێست بە رامبەر هاتنەوەی ئەرتەش و دەسەڵاتی ئێران لە مزگەوتی عەباس ئاغای مەهاباد.

٦٣- ١٠ی دیسامبری ١٩٤٦ (١٩ی سەرماوەزی ١٣٢٥) لە شارەدێی خۆجامیر لە نزیک مەراغە کۆبوونەوەیەک بە ئامادەبوونی

سەرۆکی حکوومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان پێک هات. دواجار و بڕیار درا بۆ پێشگرتن لە پێشڕەوی هێزەکانی ئەرتەشی ئێران هێزەکانی ئازەربایجان و کوردستان ئامادەی بەرگری و خۆڕاگری بن .

٦٤- ١١ی دیسامبری ١٩٤٦ (٢٠ی سەرماوەزی ١٣٢٥) لە تەورێز شورای شەر پێک هات بوو، بەڵام توشی ڕاڕایی و سەرلێشوان و لە سەر بڕیارێکی روون ساخ نەبوو بونەوە.

٦٥- ١٢ی دیسامبری ١٩٤٦ (٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٥) لەشکری دەوڵەتی ناوەندی گەیشتە شاری تەورێز واتە ڕاست ساڵێک پاش پێکهاتنی حکوومەتی میللی ئازەربایجان.

٦٦- ١٢ی دێسامبری ١٩٤٦ (٢١ی سەرماوەز ١٣٢٥) فەرمان درا بە هێزەکانی پێشمەرگە لە جەبهەکانی سەقز، بانە و سەردەشت بکشێنەوە و ڕێ بۆ ئەرتەش چۆڵ بکەن.

٦٧- ١٤ی دێسامبری ١٩٤٦ (٢٣ی سەرماوەزی ١٣٢٥) هێندیک کەس لە پیاوە ناسراوەکانی مەهاباد بە تایبەتی ئەوانەی دژی کۆماری کوردستان بوون لە گەڵ چەند سەرۆک عەشیرەتیک چوون بۆ پێشوازی لەشکرو وەفاداری خۆیان لە لایەن شاری مەهابادەوە بە سەرتیپ هومایوونی ڕاگەتاند(لەنێو ئەوانەدا میزا ڕەحمەتی شافعی،شێخ حەسەن شەمسی بورهانی و عەلی ئاغای ئیلخانی زادە)

٦٨- ١٤ی دێسامبری ١٩٤٦ (٢٣ی سەرماوەزی ١٣٢٥) زۆر لە بەرێوەبەرانی حیزبی دێموکرات چوون بۆ ماڵی پێشەواقازی بۆ ئەوەی پێکەوە دوا بڕیاری خۆیان بۆ مانەوە یان دەرباز بوون لە بەرامبەر لەشکری دەوڵەتی ناوەندی ساخ ببنەوە.

٦٩- ١٥ی دێسامبری١٩٤٦ (٢٤ی سەرماوەزی ١٣٢٥) بەشێک لەکاربەدەستانی فیرقەی دێموکرات ئاشبەتالیان کرد و بەرەسمی

تەسلیم بوونی خۆیان ڕاگەیاند. بەشێک دیکە لە ڕێبەرانی ئازەربایجان بڕیاری دەستنەکردنەوەیان دا، پیشەوەری لە سەر کار لادرا وبە پێچەوانەی ویستی خۆی برا بۆ سۆڤییەت.




٧٠- ١٥ی دێسامبری ١٩٤٦ (٢٤ی سەرماوەز١٣٢٥) ئەسئوف نوێنەری بازرگانی سوڤیەت مەهابادی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ کۆنسولگەی سۆڤیەت لە ورمێ.

٧١- ١٦ی دێسامبری ١٩٤٦ (٢٥ی سەرماوەزی ١٣٢٥) مەلا مستەفا بارزانی بۆ داو جار چاوی بە پێشەوا قازی کەوت و داوای لێ کرد لەگەڵیان بروا ئەوانیش ئامادەن لە ژێر ئەمری پێشەوا دابن بەڵام پێشەوا مانەوەی لە نێو خەڵک دا هەڵبژارد.

٧٢- ١٦ی دێسامبری١٣٤٦ (٢٥ی سەرماوەزی ١٣٢٥) پێشەوا قازی بە تەلیفون قسەی لە گەڵ سەرتیپ هومایونی کرد خۆی و حاجی بابا شێخ و سیفی قازی چوون بۆ پێشوازی سەرتیپ هومایونی.

٧٣- ١٧ی دێسامبری ١٩٤٦ (٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥) لەشکری دەوڵەتی ناوەندی ئێران بەهاوکاری بەشێک لە عەشایر شاری ماهابادیان داگیر کرد واتە راست پاش ساڵێک کە بە چەک کردنی شارەوانی مەهاباد خەڵک خۆی دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە گرتبوو.

٧٤- ٣٠ی دێسامبری ١٩٤٦ (٩ی بەفرانباری ١٣٢٥) دادگای رەوالەتی و ناعادلانەی هەر سێ قازی پێکەوە دەستی پێی کرد ئەو دادگایە نهێنی بوو، نەیان دەهێشت کەس بزانی چێ لە دادگا روودەدا.

٧٥- ٩ی ژانوییەی ١٩٤٧ (١٩ی بەفرانباری ١٣٢٥) پێشەواقازی بۆ خۆی داکۆکی یەکی رێک وپێک و ئازایانەی کرد کە ١٤ کات ژمێری خایاند و هەموو تاوانەکانی دادگای فەرمایشیی لەشکری شای رەد کردەوە.

٧٦- ٢٣ی ژانوییەی ١٩٤٧ (٣ی رێبەندانی ١٣٢٥) واتە ساڵێک و رۆژێک پاش ئەوەی بە سەرۆک کۆماری کوردستان هەڵبژێرا پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان و محەممەد حوسێن سەیفی قازی و ئەبولقاسمی سەدری قازی مەحکووم بە ئیعدام کران.

٧٧- ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ی مارسی ١٩٤٧) پێشەوا قازی محەممەد: یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی: جێگری سەرۆک کۆمار و وەزی هێزی بەرگری کۆماری کوردستان و ئامۆزای پێشەوا قازی، ئەبولقاسمی سەدری قازی: نوێنەری خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری لە پارلمانی ئێران، نوێنەری حکوومەتی کوردستان لە تاران و برای بچوکی پێشەوا قازی محەممەد .لە چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران.

## ناساندنی کابینەی کۆماری کوردستان

١- پێشەوا قازی محەممەد: سەرۆک کۆماری کوردستان، قازی محەممەد کوڕی قازی عەلی، کوڕی میرزا قاسم قازیە. رابردووی ئەو بنەماڵەیە لە شاری سابڵاغ بۆ چوار سەدە پێشتر دەگەڕێتەوە. ئەوان نە تەنیا لەلای خەڵک بەڵکوو لەلایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانی حکوومەتییش جێگەی رێزو تەقدیر بوون.




٢- حاجی بابە شێخ سیادەت: سەدری هەیئەت ڕەئیسە (سەرۆک وەزیر) خەڵکی شاری بۆکان بوو، لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دا تەمەنی ٦٨ ساڵ بوو. بەڕێزیان لە بنەماڵەی سەیدەکانی زەمبیل بوو و لە کارو باری شەرعی دا زۆر زانا و کارامە بوو . لە هەستان و دانیشتنی گشتی دا لە گەڵ خەڵک باش دەجووڵاوە.ئەندامی ژ.ک نەبوو، لە ساڵی١٣٢٤ لە گەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی حیزبی دێمۆکرات کەوت.

٣- محەمەد حوسێنی سەیفی قازی: وەزیری بەرگری، جێگری سەرۆک کۆماری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب ئامۆزای خودالێخۆشبوو قازی محەممەد. دڵخوازانە ببوو بە ئەندامی ژ.ک .فەرماندەیی ئەرتەشی نەتەوەیی کوردستانی بە ئەستۆوە بوو.بەڕێزیان کەسێکی زۆر گەرم بوو و بوێری و ئازایی لە باوکی سەیفولقوزات شاعیری شۆڕشگێڕی کورد بۆ بە میرات بە جێ مابوو.

٤- مەنافی کەریمی: وەزیری فەرهەنگ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب ٢٥ ساڵە لە ئەندامانی ژ.ک، یاریدەدانی قازی محەممەدی لە کاروبارەکانی لە مەڕ کۆمیتەکانی حیزبی لە ئەستۆوە بوو.

٥- محەممەد ئەمین موعینی: وەزیری ناخۆی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب نزیکییەکی زۆری لەگەڵ بازرگانانی شوورەوی لە تەورێز هەبوو و جێی باوەڕ و دڵنیایی ئەوان بوو.

٦- سەید محەممەدی ئەیووبیانی مەرکەزی (تەها زادە): وەزیری تەندروستی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لاوێکی سی ساڵە

بوو و بۆ خۆی خۆی پێگەیاندبوو و لە ئەندامانی لە مێژینەی کۆمەڵەی ژ.ک بوو.

٧- عەبدولرەحمانی ئێلخانیزادە (موهتەدی): وەزیری کاروباری دەرەوە لە خاوەن موڵکانی بە دەسەڵاتی شاری بۆکان ، خوێندنی ئایینی زۆر باشی هەبوو یەکێک لە ئەندامانی هەڵکەوتووی ژ.ک بوو ، تەمەنی نزیک ٣٥ ساڵ دەبوو و لە پێناو ژ.ک دا چەرمەسەرییەکی زۆری کێشابوو.

٨- سمایل ئاغای ئێلخانیزادە: نوەزیری ڕێگاوبان تەمەنی ٣٥ ساڵ بوو کوڕی مەحموود ئاغای ئێلخانیزادە ، لە بنەماڵە بەدەسەڵاتەکانی شاری بۆکان بوو.لە ساڵی١٩٤٤ دا بوو بە ئەندامی ژ.ک.

٩- ئەحمەدی ئیلاهی: وەزیری بازرگانی. ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب تەمەنی ٤٠ ساڵ بوو، لە سەرەتای دامەزرانی ژ.ک دا بوو بە ئەندام. شارەزایەکی باشی هەبوو لە سەر پرسی ئابووری.

١٠- خەلیلی خوسرەوی: وەزیری کار ٣٨ ساڵان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە ئەندامانی ژ.ک بوو، لە سەرەتاوە کە تەشکیلاتی حیزب بە تەواوی نهێنی بوو زۆربەی دانیشتنەکان لە ماڵی بەڕێزیان دەکران.

١١- کەریمی ئەحمەدەین: وەزیری پۆست و تێلێگراف،ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب ٤٠ ساڵان بوو، لە ساڵی ١٩٤٥ دا بوو بە ئەندامی ژ.ک.

١٢- حاجی مستەفای داودی: وەزیری ئابوری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب ٥٥ ساڵان لە بنەماڵە ناسراوەکانی مەهاباد بوو، لە ساڵی ١٩٤٥ دا ئەندامەتی ژ.ک ی پەژراند، لە تەجارەت و سەودا و مامڵە دا زۆر زانا وئاگای لە مەسەلەکانی ڕۆژانە بوو.

١٣- مەلا حوسێنی مەجدی: وەزیری دادپەروەری ٦٥ ساڵان خوێندەوارترین و بەنێوبانگترین پیاوی ئایینی بوو و ئیعتبار و بایەخی دینی و قەزایی زۆر بەرزی هەبوو.

١٤- مەحموودی وەلیزادە: وەزیری کشت و کاڵ ٢٣ ساڵان مەدرەسەی بەرزی کشتوکاڵی کەرەجی تەواو کردبوو، لە ساڵی ١٩٤٣ دا بوو بە ئەندامی ژ.ک ، لە کاروباری کشتوکاڵ دا خاوەن ڕا بوو.

١٥- سەدیقی حەیدەری: وەزیری تەبلیغات، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە دامەزرێنەرانی ژ.ک، لە کاروباری حیزبی دا زۆر چالاک بوو و لە پێناو ئازادی کوردستان دا زەحمەتی زۆری کێشا.

## شەهیدانی کۆماری کورستان

١- خۆشەوی خەلیل مزوری: ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥ (١٥ی ژوئەنی ١٩٤٦)لە پێشمەرگەکانی هێزی لکی بارزانی لە شەڕێکی قارەمانانە دا لە گەڵ ئەرتەشی ئێران لە جەبهەی سەقزلە گەڵ ١٠ پێشمەرگەی دیکە برینداردەبێ وسەرەڕای ئەوەی دەگەیێندرێتە نەخۆشخانە لە تەوریز دوای چوار ڕۆژ شەهید دەبێ.

٢- محەمەدی نانەوازادە: ٢٥ی پووشپەری ١٣٢٥ (١٦ی ژوییەی ١٩٤٦) سەرپۆلی ٢ جێگری سیاسی وەزارەتی هێزی کۆماری کوردستان لە کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە لە نێزیک کەلیخان نێوان بانە وسەقز.

## شەهیدانی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە شاری سەقز

١- عەلی بەگی شێرزاد: ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ (١٥ی فێوریەی ١٩٤٧) (عەلی بەگی یەکشەوە) یەکێک لە خاوەن ملکانی گوندی یەکشەوە وفەرماندەرانی هێزی چلی ٥ی ناوەندی هێزی کۆماری کوردستان سەر بە عەشیرەتی فەیزوڵابەگی لە ناوچەی بۆکان لە تەنیشت حەوزی بۆکان لە سێدارە درا.

٢- شێخ ئەمینی ئەسعەدی: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (شێخ ئەمینی کەسنەزان) خاوەن ملکی گوندی "کەس نەزان"ی سەقز، ئامۆزای شێخ سدیقی ئەسعەدی.

٣- شێخ سدیقی ئەسعەدی: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) شێخ سدیقی یازی بولاغی خاوەن ملکی گوندی "یازی بڵاغی" سەقز، ئامۆزای شیخ ئەمینی کەسنەزان.

٤- عەلی ئاغای جەوانمەردی: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (عەلی ئاغای تەمووتە) خاوەن ملکی گوندی "تەمووتە" و لە هۆزی گەورکی سەقز.

٥- ڕەسووڵ ئاغای مەحموودی: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (ڕەسووڵ ئاغاتی میرەدێ) خاوەن مڵکی گوندی "میرەدێ" و لە هۆزی گەورکی سەقز .

٦- ئەحمەد خانی شەجیعی: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (ئەحمەد خانی کەڵتەگە) خاوەن مڵکی گوندی "کەڵتەگە"ی سەقز و لە بەرەبابی ڕەشید خانی شەجیعولسەلتەنەی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی.

٧- عەلی خانی فاتیح: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (عەلی خانی قەلەندەر) خاوەن مڵکی گوندی "قەلەندەر"ی سەقز لە بەرەبابی حاجی حەمە حەسەن بەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی .

٨- حەسەن خانی فەیزوڵا بەگی: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (حەسەن خانی کانی نیاز) خاوەن مڵکی گوندی کانی نیاز"ی سەقز لە بەرەبابی ئاغا شێربەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی .

٩- محەمەدخانی دانیشوەر: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) خاوەن مڵکی گوندی "ئاڵکەلوو"ی سەقز و و یەکێکی دیکە لە کوڕانی خەلیل خانی فەیزوڵابەگی سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربگە و برای ئەحمەد خانی فاروقی، لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی.

١٠- محەمەدخانی فەیزوڵابەگی: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (حەمەخانی باباخان بەگ) خاون مڵکی گوندی "قارەوا چکۆڵە"ی سەقز سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی .

١١- عەبدوڵا خانی مەتین: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (عەبدوڵا خانی داشاڵووجە) خاون مڵکی گوندی"داشاڵووجە"ی سەقز و یەکێکی دیکە لە کوڕانی خەلیل خانی فەیزوڵابەگی سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربگە و برای ئەحمەدخانی فاروقی و محەمەد خانی دانیشوەر و لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو.

١٢- ئەحمەد خانی فاروقی: ٢٥ی ڕەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارسی ١٩٤٧) (سالار سەدر)، موعاوینی هێزی بۆکان و ناوچە. شەهید ئەحمەدی فاروقی، کە بە "ئەحمەدخانی خەلیل خان" یان بە ناوی گوندەکەیەوە بە "ئەحمەد خانی قیلەسوون" دەناسرا و لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو.

ئەحمەد خانی فاروقی و دووبرای شەهیدی عەبدوڵاخانی مەتین( عەبدوڵا خانی داشاڵووجە) و محەمەد خانی دانیشوەر ( محەمەدخانی ئاڵکەلوو) لە گەڵ پێشەوا قازی محەمەد ، سەدری قازی و سەیفی قازی خاڵۆزا و پوورزا بوون.

## شەهیدانی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد

١- پێشەوا قازی محەممەد: ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ی مارسی ١٩٤٧) یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان لە چوارچرای شاری مەهاباد.

٢- محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی: ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ی مارسی ١٩٤٧) جێگری سەرۆک کۆمار و وەزی هێزی بەرگری کۆماری کوردستان و ئامۆزای پێشەوا قازی،

٣- ئەبولقاسمی سەدری قازی: ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ی مارسی ١٩٤٧) نوێنەری خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری لە پارلمانی ئێران، نوێنەری حکوومەتی کوردستان لە تاران و برای بچوکی پێشەوا قازی محەممەد .

٤- عەبدوڵای ڕەوشەنفکر: ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ی ئاوریلی ١٩٤٧) (عەبدوڵای خدر حەیرانێ) لە ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە سێدارە درا.

٥- ڕەسووڵی نەغەدەیی: ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ی ئاوریلی ١٩٤٧) لە مەهاباد لە سێدارە درا.

٦- محەممەدی نازمی: ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ی ئاوریلی ١٩٤٧) لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان لە گەڵ سێ هاوڕێی دیکەی لە مەهاباد لە سێدارە درا

٧- حامیدی مازووچی: ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ی ئاوریلی ١٩٤٧) لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان و فەرماندەی دیژبانیی ناوەندی مەهاباد لە سابڵاغ لە سێدارە دران.

## ئەفسەرانی شەهیدی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە لایەن حکوومەتی عێراق

١- عێزەت عەبدولعەزیز: ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩ی ژوئەنی ١٩٤٧) سەرپۆلی ٢ عێزەت عەبدولعەزیز وچاوپێکەوتنی سەرلەشکر ڕەزم ئارا دوای سەرکەوتنی هێزی کوردستان لە شەڕی قارەوا.

٢- مستەفا خۆشناو: ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩ی ژوئەنی ١٩٤٧) سەرپۆلی ٢ فەرماندەی لکی ١ی هێزی بارزانیان لەسەردەمی کۆماری کوردستان.

٣- محەممەد قودسی: ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩ی ژوئەنی ١٩٤٧) (کاپیتان) محەممەد مەحموود قودسی لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا لە زۆر بۆنە و ڕێوڕەسمی فەرمیدا بە نوێنەرایەتی ژەنەڕاڵ مایۆر مەلا مستەفای بارزانی وتەی پێشکەش کردووە و هەر وەها یەکێک لە نووسەرە چالاکە کانی ڕۆژنامەی کوردستان بووە .

٤- خەیروڵا عەبدولکەریم: ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩ی ژوئەنی ١٩٤٧) مایۆر( سەرلک ) لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان .

## چالاکوان و تێکۆشەرانی کۆچ کردووی سەردەمی کۆماری کوردستان

١- ساڵی ١٩٥٤ حاجی سەید بابە شێخی سیادەت: ڕەئیسی هەیئەتی ڕەئیسەی میللیی (سەرۆک وەزیر)کۆماری کوردستان لە دیی تورجان.

٢- ساڵی ١٩٦٨ دڵشادی ڕەسووڵی: جێگری وەزیری فەرهەنگ لە کۆماری کوردستان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، کۆنگرە یەکەم، لە باشووری کوردستان.

٣- ٢ی ئاوریلی ١٩٧٣ حوسێنی زێڕینگەران (حوسێنی فڕووهەر): ئەندامی ژمارە ١ی کۆمەڵەی ژێکاف، و ئەفسەر و چالاکێکی هێزی دێمۆکرات بووە لە تاران لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا نێژراوە .

٤- ٢٧ی فێورییەی ١٩٧٩ سەید محەممەدی حەمیدی: نووسەر و ڕوناکبیرێکی سەردەمی کۆماری کوردستان، سەرنوسەری ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەرنوسەری گۆڤاری «کوردستان»لە شاری سنە.

٥- ١ی مارسی ١٩٧٩ مەلا مستەفا بارزانی یەکێک لە ژنراڵە گەورەکان وچالاک لە سەردەمی کۆماری کوردستان. و سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان.

٦- ١٨ی ئاوریلی ١٩٨٦ مامۆستا هێمن: چالاکوانی سەردەمی کۆمار وئەندامی کۆمەڵەی ژیانی کورد (ژ – ک) ئەندامی ئیفتخاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات،تێکۆشەر و شاعیری ناوداری کورد لە شاری ورمێ .

٧ - ١٥ی ژوویيەی ١٩٨٦ محەممەدی یاهوو: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یەکەم،نووسەر و لە کاربەدەستانی پایە بەرزی کۆماری کوردستان،لە شاری تاران.

٨- ١٢ی ژانوییەی ١٩٨٨ محەمەد ئەمین ئەحمەد میرزا مەنگوڕ: جێگری فەرماندەی هێزی بۆکان لە سەردەمی کۆماری کوردستان, شاعیر و نوسەری بەتوانا.

٩- ٢١ی فێورییەی ١٩٩١ مامۆستا هەژار (عەبدولڕەحمانی شەرفکەندی): ئەندامی کۆمەڵەی ژیانی کورد (ژ – ک) چالاک لە سەردەمی کۆماری کوردستان شاعیر، مێژوونووس و وەرگێری بە توانا لە شاری مەهاباد.

١٠- ٩ی نوامبری ١٩٨٨ میرحاج ئەحمەد تاهیرئاکرەیی: سەرپۆلی ٢ فەرماندەی لکی ٢ی هێزی بارزانیان و بازرەسی جەبهەی سەقز لە سەردەمی کۆماری کوردستان،و یەکیک لە ئەندامانی رێبەری پارتی، لە شاری بەغدا.

١١- ٩ی مای ١٩٩١ رەحیم سەیفی قازی: فەرماندەی چڵی ٢ ، لە پۆلی ٣ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. و ئەندامی چالاک لە سەردەمی کۆماری کوردستان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات لە باکۆ پێتەختی ئازەربایجان.

١٢- ٢٥ی دیسامبری ١٩٩١ محەممەد ئەمین مۆعینی: وزیری ناوخۆی کۆماری کوردستان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب کۆنگرەی یەکەم، و باوکی سێ شەهید مۆعینی یەکان.

١٣- ٢٢ی مارسی ١٩٩٢ مەلا قادری مودەرەسی: ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژیانی کورد و بەرپرسی "چاپخانەی کوردستان" لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد رۆژهەڵاتی کوردستان.

**۱۴- ۱۷ی فێورییەی ۱۹۹۸ مینا خانم قازی: ژنە تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری کورد،خیزانی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد.**

**۱۵- ۶ی ئۆکتۆبری ۲۰۰۱ کەریم حیسامی: ساڵی ۱۹۴۴ بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی ژیانی کورد. ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکرات، نوسەر و وەرگێر..بە هوی نەخۆشی شێرپەنجەی میشک لە ستۆکهۆلمی سوئید.**

**۱۶- ۳۱ی مارسی ۲۰۰۳ مەناف کەریمی: وەزیری فەرهەنگی کوردستان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێمۆکڕات ،دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ سەفەری باکۆ، جیگری قازی محەممەد بۆ کاروباری کۆمیتەکانی حیزبی،**

**۱۷- ۶ی فێورییەی ۲۰۰۹ عەبدولقادری دەباغی (مامەقالە): ئەندامی کۆمەڵەی ژیانی کورد (ژ – ک) تێکۆشەری دیرینی حیزبی دێموکرات نووسەر،وەرگێرو نیشتمانپەروەر. لە شاری لەندەنی بریتانیا.**

**۱۸- ۱۷ی سپتامبری ۲۰۰۹ حاجی مارف رەشیدی: پێشمەرگەی سەردەمی کۆماری کوردستان، بەشدار لە شەڕی ئاواییەکانی "قارەواو مامەشا، لە شەڕی گەورەی گوندی "قارەوا" بریندار بووە. باوکی شەهید سەڵتەنە ڕەشیدی" لە ریزەکانی حیزبی دێموکڕات.**

**۱۹- ۲۸ی ئووتی ۲۰۱۰ سەید عوبەیدیلای ئەیبووبیان: نووسەر،زماناناس وڵێکۆلەری ناوداری کورد و دوایین یادگاری کۆمەڵەی ژی - کاف و کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد.**

**سەرچاوەکان:**

**١- (چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی) شەهید د. قاسملوو**

**٢- (حکومەتی کوردستان) لە نووسینی نەوشیروان مستەفا ئەمین.**


**٣- سایتی وێنەی کۆماری کوردستان (بەرێز حەسەن قازی)**

# بابەتەکانی: ٢٠١٦

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٧٠ ساڵ دوای کۆماری کوردستان.

**لوقمان زەهرایی**

ئەم ساڵ ٧٠هەمین ساڵیادی دروست بوونی دەولەتی جمهوری کوردستان بە سەرۆک کۆماری جەنابی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. کۆمارێکی کوردی



کە لە سەر بنەمای کورد بوون و کوردستانی بوون دامەزرا. کۆماری کوردستان ڕەدکردنەوەی سیاسەتی مل هورانەی قەومی حاکم بوو کە هەموو ئێرانی بۆخۆی دەویست وهیچ کەس و گروپ و نەتەوەیەکی دیکەی غەیری خۆی قەبول نەبوو. کۆماری کوردستان دژایەتی کردنی ڕاستەوخۆی سیاسەتی بە یەک نەتەوەکردنی ئێرانی فرە نەتەوە بوو. سیاسەتێک کە ڕێژیمی حەمەڕەزاشا بە پشتیوانی ئیستعماری کۆن واتە بریتانیا و ئامریکای تازە زل هێزی دونیا بەڕێوەیان دەبرد. تواندنەوەی نەتەوەکانی غەیری فارس لە ئێران دا بە هەر نرخێک بۆ ئەوەی بە قەولی خۆیان " ملت ایران " دروست بکەن.

کۆماری کوردستان ئەو پەیامەی بە دەولەتی داگیرکەری پەهلەوی دا کە کورد خاوەنی زمان و فەرهەنگ و مێژوو و نیشتمانی خۆیەتی و ئامادە نابێ مل کەچی دەولەتێک بێ کە حاشا لە شوناسی نەتەوەیی دەکا و دەیهەوێ سیاسەتی " یەک نەتەوە و یەک ئالا و یەک زمان " لە سەر حیسابی توانەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران جێ بەجێ بکا. لە ڕاستیدا دامەزرانی کۆماری کوردستان نوختە وەرچەرخانێکی مێژوویی ناسیۆنالیزمی کوردی لە هەمبەر ناسیۆنالیزمی فارسی بوو کە ئامانجی سرینەوەی شوناس و هۆوییەتی کوردی بوو. کۆمارێک کە لە دڵی کوردستان هەڵقوڵابوو و بە دەستی ڕۆلەکانی ئەو گەلە دامەزرابوو، نەک هەر خواست و ئیرادەی نەتەوەیی گەلی کوردی لە پشت بوو، بەڵکوو پێناسەی ڕاستەقینەی کوردی بوو لە هەمبەر داگیرکەری نیشتمانەکەی کە لە هەموو بارێکەوە لە گەڵ کورد جیاوازە.

لە یەک کەلام دا کۆماری کوردستان لە ئاکار و کردەوە دا بە تەواوی دەولەتێکی سەربەخۆ و جیاواز بووە و بە هیچ جۆرێک دەستکردی ڕوسەکان نەبووە و تەنانەت وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ جۆری پەیوەندییەکانی لە گەڵ وڵاتانی دەوروبەر و یەک لەوان




یەکێتی سۆڤیەت دیاری کردووە. ناوەند یان پایەتەختی کۆمار مەهاباد بووە. بوونی سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیر و کابینەی وەزیران و ئاڵای کوردستان، سوپای میللی کە لە هێزی پێشمەرگە پێکهاتبوو بە تەواوی لە لەشکری داگیرکەر و کوردکوژی پەهلەوی جیاواز بووە. بە فەرمی کردنی زمانی کوردی لە ناوچەکانی ژێر دەستی کۆمار، خویندن و پەروەردە بە زمانی کوردی و دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان وچەندین گۆڤاری دیکە ودابینکردنی ئازادی سیاسی ومەدەنی، سەربەخۆ بوون وجیاوازی ئەو کۆمارە لە دەولەتی ناوەندی کە لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری پاشایەتی بنەماڵەی پەهلەوی بووە بە تەواوی دەردەخا.

بەڵگە فەرمییەکانی کۆمار و رۆژنامەی کوردستان کە زمانحالی کۆماربووە سەربەخۆبوونی کۆمار بە تەواوی دەسەلمێنن و ئەوەش مەسەلەیەک بووە کە هیچکات بۆ رێژیمی پاشایەتی حەمەرەزاشا کە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بووە قابیلی قبوڵ نەبووە. کورد لە ماوەی ١١ مانگ دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دا هەستی بە بوونی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی کردووە و ئازادی و سەربەستی لە سەر زێد ونیشتمانی خۆی لە نەبوونی دەسەڵاتی داگیرکەری تاران بە گۆشت وخوێن بە تەواوی هەست پێکردووە وچێژی لێ وەرگرتووە. دامەزرانی کۆماری کوردستان هەروا بە هەڵکەوت وکوت و پڕ نەبووە، بەڵکوو بەرهەمی زولم و زۆری و بێ مافی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئاکامی سیاسەتی تواندنەوەی کورد بە دەستی رەزاخان و کوڕەکەی بووە کە بەلاسایی کردنەوە لە ئاتاتورک و هیتلێر دەیانویست بە قەولی خۆیان ئێران لە دەست قەوم وهۆز وعەشیرەتان ڕزگار بکەن و مۆدێرنیتە لە جێگای سوونەت و دواکەوتوویی دابمەزرێنن و دەوڵەت ـ نەتەوە دروست بکەن.

کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد چ وەک سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان وچ وەک سەرۆک کۆماری کوردستان و سیاسەت و ڕوانگە وهەڵس وکەوتی بە نیسبەت خەڵک و مافەکانیان و وەفادار بوون بەو سوێندەی کە لە کاتی بوون بە سەرۆک کۆمار دا خواردی و بە تەنیا نەهێشتنەوەی گەلەکەی لە کاتی تەنگانە وهەرەس هێنانی کۆمار وخۆی بە قوربانی نەتەوەکەی کردن جێگای تێڕامان و لێ فێربوون و رێزگرتنە. بە باوەری من کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد هاوتایە لە گەڵ چەندین کەسایەتی نێونەتەوەیی کە هەموو ژیان وکات وساتیان بۆ بەختەوەری و ڕزگاری نەتەوە بندەستەکەیان لە ژێر زنجیری کۆیلەتی وبێ مافی تەرخان کردووە و لە ئاکامی خەبات و خۆراگری بەردەوامیان ئازادی و سەربەرزییان بۆ نەتەوەکەیان و تاکەکانی کۆمەڵگاکەیان وەدەست هێناوە و تەنانەت لە پێناو ئەو ئامانجە بەرز و پیرۆزە ئینسانییە دا گیانیشیان بەخت کردووە.

جەنابی پێشەوا قازی محەممەد هیچی لە بەرێزان " ماهاتما گاندی، یەکەم سەرۆکی هیندوستان دوای سەربەخۆیی لە بریتانیا و لە " نێلسۆن ماندێلا" یەکەم سەرۆک کۆماری ڕەش پێستی پێشووی ئافریقای باشور و لە " د. مارتین لوترکینگ جونیۆر" رێبەری خەباتی مەدەنی ڕەشەکانی ئامریکا کەمتر نیە کە هەموویان کەسایەتێکی جیهانیان هەیە و وەکوو سەرمایەی مرۆڤایەتی چاویان لێ دەکرێ. "گاندی" بە تەحەممول کردنی دەیان سەختی، بە زیندان، بە سوکایەتی وتەحقیرکران و دوورخرانەوە کۆڵی نەدا و لە بەرامبەر ئیستعماری بریتانیا کە هیندوستانی داگیر کردبوو ڕاوەستا و تاکوو وڵاتەکەی بە سەربەخۆیی نەگەیاند وازی لە خەبات و تێکۆشان نەهێنا.

"گاندی" ژیانێکی سادە وساکاری هەبوو.چ ئەو کاتەی کە لە خەبات و تێکوشان دابوو و ڕێبەری جوڵانەوەی خەڵکی هیندوستانی لە دژی داگیرکەری بریتانی دەکرد وچ ئەو کاتەش کە بوو بە سەرۆکی هیندوستان لە دوای سەربەخۆیی. هیچکات بە دوای مالی دونیاوە نەبوو. پشتی لە خەلک نەکرد. خەلکی نەفرۆشت وخەلکی نەکرد بە قەڵغان و بەلاگێرەوەی خۆی. هەموو کات لە گەڵ خەلک و لە پەنا خەلک بوو. جل وبەرگێکی سادە وساکاری لە بەردابوو.گۆچانێک بە دەست وبە جووتێک دەمپاییەوە بە بێ پارێزگار دەگەڕا. ئەو لە خەڵکی خۆی نەدەترسا وخۆی یەکێک لەوان دەزانی و بە باشی هەستی بە دەرد و ئازار وهەژاری خەڵکەکەی دەرکرد. هەرچەند بە داخەوە لە کۆتاییەکانی تەمەنی دا بە دەستی کەسێکی مێشک بۆگەنیو تێرۆر کرا.

" نێلسۆن ماندێلا " کەسێک کە لە پێناو ئازادی ڕەش پێستەکانی ئافریقای باشور وبۆ کۆتایی هێنان بە سیاسەتی ئاپارتایدی ڕەگەزی و پێستی و زمانی و کۆمەڵایەتی سپی پێستەکان ٢٧ ساڵ لە تەمەنی خۆی لە زیندان دا گوزەراند وتەحقیر بوون و سووکایەتی و زیندان و ئەشکەنجە چۆکی پێ دانەدا و لە ئاکام دا سەرکەوت. دوای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات و لە پۆستی سەرۆک کۆماریش دا ئامادە نەبوو تۆڵە لە سپی پێستەکان بکاتەوە کە ٢٧ ساڵ لە زیندان دا تەحقیریان کردبوو، مافەکانیان پێشێل کردبوو. تەنانەت لە زیندان بانی بەندەی خۆشی خۆش بوو. دوای ٤ ساڵ سەرۆک کۆماری وازی لە پۆستەکەی هێنا و ڕێگەی دا کە کەسێکی دیکە جێگای بگرێتەوە. دوای کۆچکردنەکەشی هەر کەسایەتێکی کاریزماتیکی نێونەتەوەییە و هەموو کەس بە چاوی ڕێزەوە یادی دەکەنەوە.

" د. مارتین لوترکینگ جونیۆر" سەرۆکی ڕەش پێستی خەباتی مەدەنی ڕەش پێستەکانی ئامریکا لە دژی سیاسەتی ئاپارتایدی نژادی وهەڵاواردنی سپی پێستەکانی ئامریکا کە باوەری بە خەباتی مەدەنی بە دوور لە توندوتیژی هەبوو. ناوبراو لە پێناو دابینکردنی مافی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ ڕەش پێستەکانی ئامریکا لە تەمەنی ٣٩ سالی دا لە ١٩٦٨ بە دەستی سپی پێستێکی نژادپەرەست تێرۆر کرا. لە ئاکامی خەباتی د. لوترکینگ و دوای ئەویش ڕەشەکانی ئامریکا توانیان یاسا نائینسانیەکانی سپی پێستەکان بگۆڕن و مافە ئینسانیەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن. هەڵبژاردنی " باراک ئۆباما " بە سەرۆک کۆماری ئامریکا وەکوو یەکەمین ڕەش پێست، یەکێک لە خەونە گەورەکانی د.مارتین لوترگینگی وەدی هێنا کە ئارەزووی دەکرد ڕۆژێک لەو وڵاتە دا هەڵاواردنی نژادی و ڕەگەزی نەمێنێ و سپی و ڕەش هەموو وەکوو یەک بە ماف وئەرکی بەرابەر و یەکسان هاووڵاتی ئامریکایی بن.

ئامانجی هەموو ئەو ڕێبەرانە خەبات لە دژی کویلایەتی،هەڵاواردنی زمانی، نژادی، پێستی،ڕەگەزی بووە و لە پێناو دروست کردنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیک کە مافەکانی هەموو تاکەکان بە بێ جیاوازی زمانی و دینی و ڕەگەزی ونژادی تێدا دەستەبەر بکرێ و تەنانەت لە پیناو وەدیهاتنی ئەو ئامانجە بەرزە ئینسانیانە کە ئامانجگەلی جیهانین سەریشیان داناوە.

پێشەوا قازیش وەکوو ئەو ٣ی ڕێبەرەی ئاماژەم پێ کردوون کەسایەتێکی کاریزمای هەیە. کەسێکی بە ئەخلاق لە سیاسەت کردن دا. کەسێک کە لە کاتی تەنگانە دا خەڵکی نەکردە قەڵغانی خۆی و ڕای نەکرد. سەرۆک کۆمارێک کە بە دوای کۆ کردنەوەی مالی دونیاوە نەبووە. کەسێکی دز و گەندەڵ نەبووە. کەسێکی ڕاستگۆ و خاوەن کەسایەتێکی بەرز بووە وئامادە نەبووە لە دوای هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان خەڵکەکەی خۆی بە تەنیا بێلێتەوە و وەکوو سەرانی حکومەتی ئازربایجان بۆ ئازربایجانی سۆڤییەت ڕابکا. ئەگەر ئیرادەی کردبا دەیتوانی خۆی و ژن ومندال و براو ئامۆزا و زۆر کەسی دیکەی نزیک لە خۆی لە سۆڤییەت یان لە ئامریکا و

***بریتانیا داوای پەنابەری بکەن و برۆن ئاورێ لە دوایەشیان نەدەنەوە وگیانیان ڕزگار بکەن. پێشەوای مەزن سەربەرزانە پەتی سێدارەی هەڵبژارد، بەڵام ئامادە نەبوو لە هەمبەر داگیرکەر دا چۆک دابدا و بۆ گیانی بپارێتەوە. ئەو مەرگی هەڵبژارد، بەڵام خەیانەتی لە نیشتمان ولە نەتەوەکەی نەکرد.***

***ئێستا دوای ٧٠ ساڵ کە ئاورڕ لە دواوە دەدینەوە و چاوێک بە ئاکار و کردەوەکانی پێشەوا قازی دادەخشێنین، گەورەیی ئەو ڕێبەرە مەزنە زیاتر دەردەکەوێ. پێشەوا هەم ژیان وهەمیش شەهید بوونی پڕن لە دەسکەوتی بە نرخ بۆ کوردی بە گشتی وبۆ کوردی رۆژهەڵات بە تایبەتی. ئەوەی کە زۆر جێگای داخ وکەسەرە، ڕێبوارانی حیزبەکەی پێشەوا قازی مەحەممەد، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان نەیانتوانیوە وەسییەتی پێشەواکەیان لە گوێ بگرن و یەکگرتوو بن و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هێز و یەکگرتوو ڕابگرن. کێشەی شەڕە کورسی هیندێک لە ئەندامانی ڕێبەری لە هەردولایەنی دێموکرات، حیزبەکەی پێشەوای تووشی لێکدابڕان کرد و ئەو حیزبە لە ئاکامی دابەشبوونی دا یەکجار زۆر لاواز بووە و بە داخەوە ئەو جێگە و پێگە و ڕێز وحورمەت و توانایەی نەماوە کە سالانی پێشوو هەیبوو. رۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی داگیرکەر رۆژگارێکی تاڵ و ڕەش تێپەڕ دەکا وخەڵک بە تەواوی ناهومێد وبێ هیوان. بێ هیوایی بە داهاتوو، بێ هیوایی بە حیزبەکانی رۆژهەڵات کە بە داخەوە نەیانتوانیەوە داخواز و ئاواتەکانیان وەدی بێن و لە جیاتی کۆدەنگی وتەبایی و یەکریزی دابڕدابڕ بوونە وهیچکامیان چارەی ئەوەی دیکەی ناوێ. داگیرکەریش ئەوەی حەزوئارەزوی لێ بێ جێ بە جێی دەکا. خەلکیش لەو نێوە دا باجەکەی بە گیان وبە ماڵ دەدا.***


***بۆ ئەوەی بەراستی دەرکەوێ کە دێموکراتەکان ڕێبواری ڕێگای پێشەوای شەهیدن، دەبێ هەر دووک لا هەوڵ بدەن چارەسەری کێشەکانیان بکەن و دەست لە دوژمنایەتی یەکتر هەڵگرن و لە شەڕە جنێوی نێو راگەیاندن و فەیس بووک خۆ بپارێزن و بە دڵ و بە گیان و بە باوەر و متمانە بە یەکترکردن ئاشت ببنەوە وبە عەقلییەتی نوی و سەردەمیانە حیزبێکی نوێ و بە توانا دروست بکەنەوە. لە هەمان کاتدا بۆ رێزگرتن لە پێشەوای مەزن هەم وەکوو سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەمیش وەکوو یەکەم سەرۆک کۆماری شەهید، پێویستە هەم لە سالیادی لە دایک بوونی دا وهەمیش لە سالیادی لە سێدارە درانی دا خەلاتێک بە ناوی پێشەوا قازی دیاری بکەن کە بە سەر کەساییەتیە ئەدەبی، هونەری، سیاسی، رۆژنامەوانی، ژینگە پارێزی ،ژنان ، لاوان وغەیرە دابەش بکرێ و بەو شێوە رێز لە پێشەوای شەهیدمان بگرن. ڕەنگ بێ ئەوە کەمترین خزمەت بێ کە بتوانن بە پێشەوای شەهیدمانی بکەن.***

***سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی: ٢٥ی جانێویری ٢٠١٦***

# کۆمارەکەم

***ئاشق***

***ئەمڕۆ دووی ڕێبەندان، وەبیرهێنەرەوەی دامەزرانی کۆماری کوردستانە. ڕۆژێکە کە بۆ هەمیشە جێگایەکی گرینگی لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی نەتەوەکەمان دا بۆ خۆی تەرخان کردوە.***




***ڕاستە کۆماری کوردستان لە بەشێکی زۆر بچووکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهات. بەڵام شوێنەوار، گرینگی و خۆشەویستیی ئەو ڕۆژە هەر لە یەکەم ڕۆژی پێکهاتنی کۆمارەوە سنووری داسەپاو و دەسکردیان بەزاندوە، خۆیان گەیاندۆتە هەموو بەشەکانی کوردستان و لە دڵی هەر کوردێک دا کە تۆسقاڵێک هەست بە کوردبوون و ستەمی نەتەوایەتی بکا، جێگیر بوون. ئەوەش بە هەڵکەوت نیە. ئەو ڕۆژە سیمبۆلی سەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی ئەو ئاوات و ئامانجانەیە کە نەتەوەی کوردی ستەملێکراو بە هەموو بەش و زاراوە و ناوچەکانی‌یەوە خەباتێکی سەختی لەمێژینەی بۆ کردوون و دەیان هەزار ڕۆڵەی تێکۆشەری لە پێناو دا فیدا کردوون.***

***بەڵێ، دووی ڕێبەندان، کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی تەنیا ئی بەشێکی گەلی کورد نین و بە بێ جیاوازی ئی هەموو نەتەوەی کوردن. هەر بۆیەش دەبێ بڵێین:***

***" دووی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە هەموو نەتەوەی کورد پیرۆز بی!"***

***من ئەمساڵ دەمەوێ لەم هەوارگە هەژارانەیەی خۆم دا بە هێنانی شێعرێکی جوان لە شاعێرێکی خاوەن هەست و پێشکەش کردنی بە میوانانی خۆم، ڕێز لەو ڕۆژە بگرم و یادی بکەمەوە. شێعرەکەش خۆی بەسەرهاتێکی بچکۆلەی هەیە، کە لە چەند دێڕ دا بۆتانی دەگێڕمەوە.***

***زستانی ساڵی ١٣٦٧ای هەتاوی من لە بەشی ڕادیۆ و بڵاوکرنەوەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران دا کارم دەکرد. ( دیارە حیزب ئەو کات دوو بەش بوو و من لە بەشی " ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ" دا بووم). بنکەمان لە دۆڵی "قەڵاسەیدە"ی پشت شاری "ڕانیە" بوو. من زنجیرە بەرنامەیەکی ئەدەبی . هونەریم هەر بە ناوی "بەرنامەی ئەدەب و هونەر" ەوە بۆ ڕادیۆ دەنووسی و ڕۆژانی هەینی بڵاوم دەکردەوە. بەرنامەکە جێی خۆی کردبۆوە و زۆر جار نامە و بەرهەمی بیسەرانم بۆ دەهات. ڕۆژێک لە سەروبەندی دووی ڕێبەندان دا، هاوڕێیەک دوو نامەی بۆ هێنام. یەکێک لە نامەکان ئەو شێعرەی تێدا بوو کە ئێستا لێرە دەی‌نووسمەوە و ئیمزای***

"بڵند"ی لە ژێرەوە درابوو. شێعرەکە سەردێڕی "کۆمارەکەم"ی بەسەرەو بوو و زۆر جوان بوو . منیش دەسبەجێ لە بەرنامەکە دا گونجاندم و بڵاوم کردەوە.

ئەو کات بەعس بە سەر کوردستان دا زاڵ بوو. زۆر جار تیمی کادر و پێشمەرگەکانی پارتی، یەکیەتی، شیووعی و ڕێکخراوەکانی دیکەی باشووری کوردستان دەهاتن و چەند ڕۆژێک بە نەهێنی میوانی ئێمە دەبوون. کاک "بڵند" ی شاعیریش کادرێکی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بوو و میوانی یەکێک لە بنکەکانی ئێمە بوو. بە داخەوە بۆم نەکرا ئەو کات لە نێزیکەوە بیبینم و هێشتاش بە ڕەنگ و ڕوو نایناسم و دیارە ناشزانم داخوا ئەو ناوە ناوی ڕاستی خۆیەتی، یان هەر نازناوە. بەڵام ئەو شێعرەی یادگارێکی بە نرخە کە لە لای من ماوەتەو و زۆر جار و لە زۆر شوێن بە بۆنەی دووی ڕێبەندانەوە خوێندوومەتەوە. نازانم کاک بڵند ئێستا لە کوێیە. بە هەرحاڵ هیوادارم هەر ساغ و بەختەوەر بێ. زۆرم پێخۆشە جارێک لە نیزیکەوە بیبینم یان ناونیشانیم هەبێ و پێوەندیی پێوە بگرم.

---

- بڵند

زستانی ساڵی ١٩٨٨

کۆمارەکەم
کۆمارەکەم،
وەک کۆرپەیێ،
تازە پێت نابووە ژیان،
لە ژین کرای.
هێشتا تامی شیری دایکت نەکردبوو،
کاتێ لە باوەشی بڕای.
وەک خەباتگێڕێکی ناکام،
لە گەڵ دەسرێژی یەکەما شەهید کرای.
وەک بەندیێ،
هیچ دادگایێ لێی نەپرسی،
کاتێ لە سێدارە درای.
وەک شینایی جووتیارێک بووی،
هێشتا دروێنە نەکرابووی،
کاتێ هەر بە شینی خورای.




وەک خاوەن ماڵ،
پشووت لە ماڵی خۆت نەدا،
کاتێ لە شاری خۆت تارای.
وەکوو دەنگی ئازادیخواز،
نەگەیشتبوویە سەر لێوان،
هەر لەنێو گەروو دا خنکای.
وەکوو شێعری شاعیرێک بووی،
هێشتا لە دایک نەبوو بووی،
لە پەردەی ئیلهاما پژای.
وەک هەواڵی ئاژانسێکی دەنگوباس بووی،
لاپەڕەی ڕۆژنامەت نەدی،
کاتێ لە ژێر جاپ دا دڕای.
وەکوو مەشخەڵی نەورۆز بووی،
هێشتا بڵێسەت نەدابوو،
لە چوار لاوە فوو لێکرای.
وەک تیشکی ڕۆژ،
هەرکە یەکەم گزینگت دا،
لە سەوزایی خاکا گیرای.
وەک درەختێ بەری میوەت نەگرتبوو،
کاتێ تەوری ڕۆژگاری ڕەش،
بێبەزەیییانە قەڵتی دای.
وەکوو بانگی مەلای ئایین،
نەگەیییە سەری منارە،
کاتێ خۆت و پێشەواکەت،
خرانە قوڵفی سێدارە.
بەڵام ئازیز، ئەی کۆمارم،
ئەی سامانی کوردەواریم،
ساڵان دێن و ساڵان دەڕۆن،
یادت ماوە،

لەبیر نەکرای.

لە مێژووی خوێناویی کورد دا تۆمار کرای.

دڵنیابە! دڵنیا بە!

ڕێبوارانی کاروانی دوور،

گۆشەی دڵیان،

سۆمای چاویان،

بۆ کردی بە تابووتی سوور.

تۆ و پێشەوا لە یاد ناکرێن،

لە دڵمانن.

هەموو ساڵێ،

لە سەرەتای ڕێبەندانا،

لە نێو گشت ماڵێ میوانن.

هەتا ماوین ئێوەش ماون،

لە گەڵتانین،

لە گەڵمانن!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٥ی جانێویری ٢٠١٦

# کوردستان دوای ٧٠ ساڵ و چەند سەرنجێک لەو بارەوە

**ئامادەکردنی: عەلی لەیلاخی**


رۆژنامەی "کوردستان" یادگاری سەردەمی کۆماری کوردستانە کە ئەمساڵ پێ نایە تەمەنی ٧٠ساڵەیی خۆی و بۆە بە هۆی ئاوردانەوەیەک لەم راگەیاندنە کوردییە و خستە بەرباس و راڤە کردنی لایەنەکانی چ لە باری دەسکەوت و چ لە سۆنگەی خەسارناسانەوە. بەم بۆنەوە چەند کەس لە ئەندامانی دەستە نووسەران وهاوکارانی کۆن و نوێی رۆژنامە "کوردستان" وڵامدەری چەند پرسیاری ئێمەن کە بەم چەشنە دەیخەینە بەر دیدەی خوێنەران.




ـ بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی ٧٠ساڵەیی " رۆژنامەی کوردستان" وەکوو یەکەمین ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم رۆژنامەیە لە دەستپێکەوە تاکوو ئێستا لە قوناخە جیاجیاکانی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان چ رۆڵ ودەورێکی هەبووە؟

---

**عومەرباڵەکی:** کاتێک حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەساڵی ١٣٢٤ای هەتاوی لە سەر بناخەی کۆمەڵەی "ژێ.کاف" و بە پێی پێویستی و زەرورەتی مێژوویی هاتە نێو گۆرەپانی خەباتی گەلی کورد بۆ وەدەست هێنانەوەی ماف و ئازادیەکان، پێویستی بە مینبەرێک هەبوو بۆ بانگەشەی سیاسەتەکانی خۆی و لە هەمان کاتدا تێگەیاندن و پێگەیاندنی کۆمەڵگەی کوردەواری، پێویستی بەرێوەچوونی خەبات بۆ وەدەستهێنانەوەی مافەکانیان و هەوڵدان بۆ گەشە کردنی کۆمەڵگە لە بواری زانستی و فەرهەنگیەوە. هەر لەسەر ئەو پێویستیە حیزبی دێموکرات بریاریدا رۆژنامەیەکی ئەگەر رۆژانەش بە پێی هەلومەرج ودەرفەتی ئەوکات دەرنەچێ، لانیکەم لە حەوتوودا دوو یان سێ ژمارەی بڵاوببێتەوە، دابمەزرێنێ.



دوای بریاری حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ای هەتاوی چاپ و بڵاوبۆتەوە وەک لەسەری نووسراوە "زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان"ە و لە سەروتارەکەی لە ژێر عینوانی "ئامانجی ئێمە" بە باشی ئیشارەی کردوە بە ئەرک و وەزیفەکانی رۆژنامە و باس لە دروستکردنی قەڵایەکی ئاسنین لە ئیعتماد وبرایەتی دەکا کە لە سەر

بناخەی زانست وهونەر و لەش ساغی و نیشتمان پەروەریی دامەزرابێ. ئەگەر چاو بە لاپەڕەکانی رۆژنامەی کوردستان‌دا بخشێنین دەبینین بە تەواوی بەو ئامانجەی کە بۆی دامەزراوە وەفاداربۆوە. لە هەمان کاتدا هەوڵی داوە وەک رۆژنامەیەکی سەردەمیانە دەربکەوێ و لە کاتی خۆی دەربچێ و بەزووترین کات بگاتە دەستی خوێنەران.

رۆژنامەی کوردستان هەوڵی داوە بابەتی جۆرواجۆری سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، نیشتمانپەروەری و ئەدەبی لە خۆ بگرێ. واتە رۆژنامەیەک بێ بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری.


دوای ٧٠ساڵ و بڕینی قوناغی جۆرواجۆری سیاسی و فەرهەنگی دەبینن رۆژنامەی کوردستان بە رەچاوکردنی پێویستی‌یەکانی هەر قۆناخێک لە رێچکەی ئەسڵی خۆی لای نەداوە و ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.

جێ خۆیەتی لێرەدا لە گەڵ پیرۆزبایی خۆمان بە بۆنەی ٧٠ساڵەی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان، یادێک لە هەموو ئەوکەسانە بکەینەوە کە هەرکامیان لە بەشە جۆربەجۆرەکانی رۆژنامەی کوردستان‌دا کاریان کردوە بۆ دەرچوونی رۆژنامە، رێز و ئەمەگناسی خۆمانیان پێشکەش بکەین بۆ فیداکاری و ماندووبوونیان کە بە کەمترین ئیمکانات و هەموو کەند و کۆسپەکانی سەررێگایان لە جەریانی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، نەیانهێشتوە رۆژنامەی کوردستان لە چاپ و بڵاوبوونەوە بکەوێ.

ـ وەکوو راگەیاندکارێکی کورد،چۆن دەروانە مێژووی " رۆژنامە کوردستان" و بەتایبەتی راگەیاندنی حیزب چۆن دەتوانێ لەم قوناخە جیاوازەکانی خەباتەدا ،دەوری هەبێ و بتوانێ بە باشی لە بارەی گوتاری حیزبییەوە بۆ خەڵک وبەردەنگەکانی سەرنجراکێش بێ؟

---

**رەزا محەممەد ئەمینی:** رۆژنامەی "کوردستان" مێژوویەکی پڕ هەوراز و نشێوی بڕیوە و لاپەرەکانی تێکەڵ بە مێژووی خەباتی



حیزبەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستان بوە. ئەو رۆژنامەیە وەک زمان‌حاڵی حیزب هەمیشە تێکۆشاوە ئامانج و سیاسەتەکانی حیزبەکەی بە زمانێکی پاراو و بەدوور لە وشە و واتای زبر، بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بە پێی قۆناغەکانی خەباتی حیزب و نەتەوەکەمان و بارتەقای توانای خۆی، لەسەر بردنەسەری ئاستی هۆشیاری تاکی کورد، شوێن‌دانەر بووە.

بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تێکۆشانی حیزب و ژیانی تاراوگە، بەر لە پەرەسەندنی ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتی‌یەکان، "کوردستان" زۆر بە زەحمەت دەکەوتە بەر دەستی خوێنەران و رەنگە بەباشی نەیتوانیبێ ئەرکەکەی وەک رۆژنامەیەکی حیزبی بەرێوە بەرێ. بەڵام ئێستا ئەو رۆژنامەیە بەکەڵکوەرگرتن لە ئینتەرنێت و پێشکەوتنەکانی دوو

دەیەی ڕابردوو لە بواری پێوەندیەکانەوە، زۆر بە باشی توانیویەتی بچێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و بابەتەکانی بگەیێنێتە بەر دەستی خوێنەرانی.

هەروەها جێی خۆیەتی ئاماژە بەو ڕاستیەش بکەین کە"کوردستان" بە لە بەرچاوگرتنی زۆربوونی ڕێژەیی ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە ئینتەرنیەتیەکان، دەبێ زۆر زیاتر لە پێشوو هەوڵبدات خۆی لەگەڵ هەلومەرجی سەردەم خۆی ڕێک بخات، دیارە ئەمە بە گشتی هەموو ڕاگەیاندنە سیاسی وحیزبیەکان(تلوفیزیون و سایت و...) دەگرێتەوە.

لەکۆتاییدا بەم بۆنە پیرۆزەوە، سەری ڕێز دادەنوێنم بۆ شەهیدانی "کوردستان" و دەسخۆشی و ماندوو نەبوونی دەکەم لە هەموو ئەو هاوڕێیانەی لە خزمەت ئەم ڕۆژنامەیەدا بوون.

---

**هیدایەت جاف:** ڕۆژنامەی کوردستان بە درێژایی مێژووی ٧٠ ساڵەی خۆی سەرباری ئەوەی زمانحاڵی حزبی دیموکرات بووە، بەڵام بەردەوام بە زمانێکی نەرم و ئاشتیخوازانە هەوڵی داوە پرسە سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی و... تاووتوێ بکات، ئەوەش یەک لەو خاڵانەیە بەپێی ئیتیکی کاری ڕۆژنامەگەری دەچێتە خانەی پاراستنی ئەخلاقی میدیایی.



ئێستا دوای ٧٠ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر چاپی بەردەوامی ئەو ڕۆژنامەیە و گۆڕانکاری بەسەر مۆدێل و شێوازەکانی ڕاگەیاندن، بەداخەوە لە چەند ڕووەوە دەردەکەوێت ڕۆژنامەی کوردستان نەیتوانیوە بەپێی سەردەم خۆی لەگەڵ فەزای میدیاییدا بگونجێنێت، هەم لەرووی دیزاین و هەم تەکنیکی دارشتنی هەواڵ و ڕاپۆرت و چاوپێکەوتنەکان، واتا تا ئێستاش بەو شێوازە کار دەکرێت کە لە شەستەکاندا باو بوو، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی نەبوونی کادری نوێ و ئاشنا بە میتۆدەکانی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەری بێت یان ئەوەی بڕیاربەدەستی ئەو ڕۆژنامەیە دەستی ئەو لاوانەی والا نەکردبێت بە میتۆدی خۆیان کار لەو ڕۆژنامەیەدا بکەن، هاوکات بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو ڕۆژنامەیە و گەیاندنی بە دەستی بەردەنگ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەنێوخۆی ڕۆژهەلات وەک میدیایەکی قەدەغە هەژمار دەکرێت، بەپێی پێویست بیر لە دەور لێدانەوە بەو بەربەستە نەکراوە و سود لە کاناڵە جۆراوجۆرەکانی دنیای مەجازی وەرنەگیراوە.

هیوای بەردەوامی و نوێبوونەوە لە میتۆدی کارکردن بۆ سەرجەم ستافی ڕۆژنامەی کوردستان دەخوازم.

---




**خالید موحەمەدزادە:** ڕۆژنامەی کوردستان ئەگەرچی لە ئیستا و لە نێو بڵاوکراوە کوردییەکان بە ئەزموونترین بڵاوکراوەیە لە ڕووی کارکردنی زەمەنیەوە، بەڵام هیچ کاتێک لە دۆخیکی ئاسایی چاپو بڵاونەبوتەوە، ئەم دۆخە ناهەموارە لە هەندێک قوناغ تەنانەت کاری لە سەر بڵاونەکردنەوە و شوێن گواستنەوەشی کردوە لە کوردستانەوە تا ئۆرووپاش. بە جۆریک دۆخی ڕۆژنامەکە بەستراوەتەوە بە دۆخی بزووتنەوەی کوردی لە ئێران و بە تایبەت دۆخی حیزبی دێموکرات.



کەواتە لە ڕەخنەی بەراوەرد کاری میدیایی ڕەنگە بە وڵامیکی دڵخواز لە سەر کارکردی ڕۆژنامەکە نەگەین بەڵام لە گەڵ ئەوەش ڕۆژنامەی کوردستان لە بازنەی کارکردیدا و لە نیو بڵاوکراوە هاوشێوەکانی یەک لەو بڵاوکراوانە بووە کە شایانی خویندنەوە بێ.

لە بیرمان نەچی ئەزموونی ڕۆژنامەنوسی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونیکی جێی ڕەخنەیە و کەرتی میدیا لای ئێمە کەرتی جێ سەرنج پیدانی کۆمەڵگا نەبووە. هاوکات هەموو کارکردیکی ڕۆژنامەوانی بەستەریکی میدیای دەوێ کە لای ئێمە بەستەری میدیای لە غاییوونی بەردەوام دا بووە. دۆخی ناسەقامگیری سیاسی و نەبوونی ئازادی و ... کاریگەری گەورەی لە سەر کەمخوێنی میدیای کوردی لە ڕۆژهەڵات جێ هێشتووە، هەر ئیستا زور حیزب و لایەنی سیاسی هەن کە بێ توانان لە کارکردی میدیایی و چەندین کاناڵی میدیایی یان داخران. و هیچ جوڵەیەکی میدیاییان نیە. لە دۆخیکی وادا بڵاوکردنەوەی "ڕۆژنامەی کوردستان" و هاوشانی چەند کەناڵی دیکەی میدیایی جێگەی دەستخوشییە. بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ڕەنگە لە پرۆسەی دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان سوود لە هەموو توانا و زەرفییەتەکان وەرنەگیراٻێ کە دەکرێ ئەم بۆشاییە پر بکریتەوە.

بەرێزت وەکوو ژنێکی قەڵەم بەدەست کە ماوەیەکیش بەرپرسی ڕۆژنامەی کوردستان بووی،بەڕای جنابت ئەم ڕۆژنامەیە بە پێی توانای چەندە هەوڵی داوە کە کێشەی سیاسی وفەرهەنگی وکۆمەلایەتیەکانی ژنان بە تایبەتی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە بەر باس؟

---

**کوێستان فتووحی:** بە بۆنەی حەفتاساڵەی تەمەنی ڕۆژنامەی کوردستان، پیرۆزبایی لە یارانی "کوردستان" لە هەموو دەورانەکانی ژیانی ئەم ڕۆژنامەیە دەکەم. لە وڵامی ئەو پرسیارەتان دا دەڵێم: قەڵەمەکانی دەستەی نووسەران کەمتر تەرخان کراون بۆ نووسین لەبارەی پرسی سیاسی، کۆمەلایەتی و فەرهەنگی ژنان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان. هۆیەکەشی ئەوەیە زۆربەی هاورێیانی دەستەی نووسەرانی ئەو ڕۆژنامەیە لە هەموو دەورانەکاندا لە پیاوان پێک هاتوون و زۆربەشیان پێیان وابووە ئەم پرسە (ژنان) هەر دەبێ ژن لە بارەیانەوە بنووسێ، ئەمە خۆی یەکێکە لەو هۆیانەی کە ڕۆژنامەی کوردستان نەیتوانیوە لە ئاست چاوەروانیەکان دا بێ. کۆمەلگەی کوردستان بە هۆی بوونی دەسەڵات و سیستمیکی دواکەوتوو و



دژە ژنی کۆماری ئیسلامی، پڕە لە کیشەی سیاسی، کۆمەلایەتی و فەرهەنگی. ئەم ڕۆژنامەیە کە تریبوونیکی حیزبیکی سیاسیی ڕۆژهەلاتی کوردستانە، خەلک چاوەروانیی زیاتری لێی هەیە، هەڵویستی، روانینی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلانەوە روون و دیار بی. دیارە بە بڕوای من پرسی ژن لە سیاسەت جیا ناکرێتەوە، ئەوە سیستمی دەسەلات و کەلتوورە بوارەکانی ژنانەو پیاوانە کردوە و ئەم جیاکارییەی دروست کردوە. ئەو پرسیارە کۆبوونەوەکانی دەستەی نووسەرانی وەبیرهێنامەوە کە هەرکات سووژەکان هەلدەبژیردران، کەم هاورێ هەبوون روو لەوبابەتانە بکەن کە پێوەندییان بە پرس و کێشانە کە ناوی لێنراوە پرسی ژنان، ئەگەر سووژەیەکیش بووبێ هەموو جارێ روو لەو تاک و تەرا ژنانە دەکرا کە لەوێ بوون. هیوادارم ئەم پرسیارەش لەبەر ئەوەی ژنم لە من نەکرابێ. ئەرکی نووسەری ڕووناکبیر ئەوەیە قسە لە ناهاوسەنگیەکان بکات بۆ هاوسەنگ کردنەوە، نەک دابەش کردنی بوارەکان بە ژنانە و پیاوانە کردن. بەڵام لەهەرحالدا ئاوڕنەدانەوە لە پرس و کێشەکانی ژنان لە ئێران و کوردستان، بە هەر بیانوویەک کەموکوورییەکە، پاساو هەلناگرێ.

ـ وەک ئاگادارن "ڕۆژنامەی کوردستان" هەرلەسەرەتاوە گرینگی زۆری داوە بە پرسی زمانی کوردی کە شوناسێکی نەتەوەیی‌یە. هەروەها خاوەنی بەشی هونەر وئەدەبی کوردیش بووە. بە ڕای بەرێزت چ لەباری زمانەوانی و چ لە باری نواندنی ئەدەب و هونەری بەرگریی تا چ ڕادەیەک سەرکەتوو بووە؟

---

**مستەفا شێخە:** ئەگەر بڵێم ڕۆژنامەی کوردستان کۆڵەکەی هەرە گرنگی پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی بووە، ڕەنگە



زێدەڕۆییم نەکردبێ. ئەگەر چاوێک بە مێژووی ڕۆژنامەی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بخشێنین، هەر لە سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستانەوە تا ئێستا، بەڕوونی دەتوانین گۆڕانکاری و گەشەکردنی زمانی کوردی لە بوارەکانی ڕێنووس و ڕێزمانەوە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا هەست پێبکەین. دیارە "کوردستان" وەک ئۆرگانی حیزب بەردەوامە و رابردووی سیاسیشی بۆ سیاسەتی حیزب لە کاتە جیاوەزەکاندا دەگەڕێتەوە، بەڵام ئیستاشی دەگەڵدابێت، نووسەرە رەسەنەکانی باشووریش لە کاتە دیاریکراوەکاندا چاوەڕوانی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانن. لێرەدا ناکرێت بە وردی باس لە کاریگەرییەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لە خزمەت کردن بە پاراستن و گەشەسەندنی زمانی کوردی بکەین و پێویستی بە کات و نووسینی زۆرە.

ئەوندەی بۆ بەشی ئەدەب دەگەڕێتەوە، بە گشتی ناکرێ ئەدەب تەنیا لە چیرۆک و شێعر و ڕەخنەی ئەدەبی بخوێنینەوە. ئەگەر داڕشتنی بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت هەواڵیش بە هەستێکی ئەدیبانە نەنووسرێت، وشک و لە شانان گران هەست پێدەکرێت. بابەتەکانی دەرەوەی ژانرە ئەدەبییەکان راستە ئەدەبیات نین، بەڵام کوردستان بە هۆی نەبوونی دەرفەتی بە پرۆفیشناڵ بوونی نەبووە، بە گشتی زۆر پشتی بە ئەدەب بەستووە. لە لاپەڕەی ئەدەب و هونەریشدا بە پێی توان و دەرفەتی کەمی بەردەستی خزمەتی ئەدەبی کوردی کردووە. ئەدەبییات زۆر لەوە فراوانترە، بتوانی لە لاپەڕەیەک یان دوو لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکدا – ئەویش بۆ

***رۆژنامەیەک کە رۆژانە دەرنەچێت- دەرفەتی پێ بدەی. بەڵام لەسەریەک لەوکاتەنشدا کە "کوردستان" زۆر بە هەژاری و لە ژێر زەخت زۆری دوژماندا دەرچووە، پشتی لە ئەدەبیات نەکردووە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، رۆژنامەی کوردستان بە قووڵی هەستی کردووە، زمان و ئەدەبیات پاڵپشتی سەرەکیی مانەوەی نەتەوەن.***

***لەکۆتاییدا پێمخۆشە بڵێم زۆر پەرۆشی ئەمەم، ئامێرەکانی دیکەی راگەیاندن جێگەیان بە رۆژنامە لێژ کردووە و چارەسەرکردنی ئەمەش، بە پێویستی دەزانم "کوردستان" وێڕای بەردەوامبوونی بەم شێوازەی ئێستای، خۆی باویتە نێو تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و ماڵپەڕێکی سەربەخۆی هەبێت.***

***لە ژمارە ٦٧٢ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.***

***سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ٢٤ی جانێویری ٢٠١٦***

## وشیاریی نەتەوەیی و یەکڕیزیمان زامنی سەرکەوتنمانە

**عەبو راد**



کاتێک هەلومەرج بۆ کورد لەبارتر دەبێ داگیرکەرانی کوردستان وەپەلەقاژە دەکەون و لە هەموو کاتێک زیاتر لە دژی بەرژەوەندیەکانی کورد و کوردستان پیلان دەگێڕن و درێژە بە کوشتن و ئازار و ئەشکەنجەی کۆمەڵانی ستەمدیدەی کوردستان دەدەن. ئەگەرپێویستیشان بە کورد بووبێ فێڵبازانە باس لە چارەسەری کێشەی کورد و هاوکاری لە گەڵ هێزێکی کوردی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەن و لەحاست کێشە سەرەکیەکانی ناوخۆیی خۆ گێل دەکەن. ئەوە لە کاتێکدایە لەو وڵاتانەدا گەورەترین کێشەیان، کێشەی کوردە و تا ئەو کاتەی بە کردەوەش هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە هەڵنەگرن ناتوانن بۆ مەسەلەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بەپەرۆش بن و ڕۆڵێک بگێڕن کە لە بەرژەوەندی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەدابێ. هێزەکانی کورد و کۆمەڵانی خەڵکیش دەبێ بەو پێوانەیە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەن و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی درێژە بە پەیوەندیکانیان بدەن . کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێزکانی نێو گۆڕەپانی خەبات دەبێ ئەو ڕاستییە بزانن و لە هەموو کاتێک وشیارتربن و ڕێگە نەدەن پیلانەکانی دوژمنانی نەتەوەکەمان سەربگرن. بێگومان ڕاگرتنی پەیوەندی لە گەڵ دراوسێیەکان پێویستە، بەڵام ئەو پەیوەندیانە نابێ زیان بە خەباتی گەل کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بگەیێنێ. ئەمڕۆ کوردو هێزەکانی نێو گۆڕەپانی خەبات زیاتر لە هەمووکاتێک پێویستیان بە هاوکاری یەکتر و یەکڕیزی و یەکبوونە. یەکبوونێک لە پێناو ڕزگاری نەتەوەیی. بۆیە وشیاری نەتەوەی و یەکڕیزی زامنی سەرەکی سەرکەوتنمانە.



بوونی هەرێمی کوردستان بە هەموو کەمووکۆڕیەکانیەوە، بەردەوامی بەرخۆدان و خۆڕاگری کۆمەڵانی خەڵک لە باکووری کوردستان و باشووری چووک و نارەزایی کۆمەڵانی خەلک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت بەرخۆدان خۆراگری هێزی پێشمەرگە و گریلاکان کوردستان لە دژی داعش لە پێناو پاراستنی ئازادی و سەربەستی گەل و نیشتماندایە. بە گشتی ئەو خۆڕاگریانە نیشاندەری زیاتری بوونی کورد و کێشەکەیەتی و پێناسەی نەتەوایەتی کورد زیاتر دەسەلمێنن . پیلانی دژی کورد و سیاسەتی زەبرو و زەنگ و کوشت و کوشتار، کۆمەلانی وەزاڵە هاتووی کوردستان لە سەر تێکۆشانیان بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان سوورتردەکات. خۆڕاگری و بەرخۆدانی لاوان و شێرەژنانی ئەو زێدە و نیشتمانە ئەو ڕاستیە زیاتر دەردەخەن و دەیسەلمێنن. لە ئاکامدا هێزی یەکگرتووی گەل و نیشتمان سەردەکەوی و حکوومەتە دیکتاتۆڕ، زۆردار، کۆنەپەرست و هاوبیرانیانن کە بەچۆک دادێن. ئاوات خوازم هێزەکانی نێو گۆڕەپانی خەبات بە وەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان هێز و

**تواناکانیان زیاتر یەکبخەن. بە یەکدەنگی و یەکرێزی وێڕای پشتیوانی کۆمەڵانی وەزاڵە هاتووی کوردستان وهاودەنگی و هاوکاری هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای رزگاری لەوبەربەرەکانیە ڕەوایەدا سەربڵیند بێینە دەر و لە ساڵرۆژی حەفتاساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا وەک باشترین پاداش بۆ پێشەوای نەمر و هەموو شەهیدانی کوردستان بەرەو یەکرێزی و یەکگرتن و پاراستنی یەکیەتی نەتەوەیی زیاترهەنگاو بنێین.**

**سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر / ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێویری ٢٠١٦**

# یادی کۆمارە تاقانەکە
# سەد بەهار قوربانی زستانی وابێت

**کوردستانی نوێ**

یادی راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد هەموو ساڵێک دەبێتە دەرفەت بۆ بەرزراگرتنی ئەزموونێکی سەربەرز لەمێژووی خەباتی گەلەکەمانو تاقیکردنەوەی حوکمڕانیدا.



بەهاری یانزە مانگەی کۆمار کە لە زستانی ١٩٤٦ دەستپێکردو لەزستانی ١٩٤٧ دا گوڵی ئومێدەکانی ژاکێنرا. مەشقێکی چۆنایەتی بوو بۆ توانای کوردستانیانی رۆژهەڵات لەخۆبەڕێوەبەریو گەشەپێدانی فۆرمێکی ئازادو سەربەخۆ لەکوردایەتی، لەخەباتی مەدەنی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیدا. ئەو زستانەی کە هەژاری موکریانی پێی دەگوت: سەد بەهاری بەقوربان بێت، بەهارێکی گەشی بوژانەوەی کوردایەتیو پێشبڕکێییەک بوو لەگەڵ زەمەنو لەگەڵ دەوروبەرێکی نەیار بە کوردستان کە بەهۆی قەومانەکانی جەنگی جیهانیی دووەمەوە دەستەوەستان بوونو دەرفەتی ئەوەیان نەبوو بەرەنگاری ویستی ئازادیخوازانەی گەلی کورد ببنەوە. گەلی کوردیش لەو ماوە کەمەی ناوچەرگەی موکریانی لەبندەستدا بوو، چەند ساڵێک دوور لە چاوی رەقیب چالاکی سیاسییو خەباتی کوردایەتی تێدا دەکرد، گەشەی خەباتی خۆی تا خەملینی هەلومەرجی پێکهێنانی کۆمار پێشخست، هەر لە وێستگەی دروستبوونی ژێکاف تا دروستبوونی حزبی دیموکراتو راگەیاندنی کۆماریش.

پەرۆشی حکومەتی کۆماری کوردستانو لەسەرووی هەمووشیانەوە سەرکۆماری شەهید قازی محەمەد بۆ خستنەگەڕی توانا زاتییەکانی گەل لەڕێی پرۆژەیەکی ناوازەی حوکمڕانیدا یەکێک لەنیشانە دیارەکانی تەجرەبەی کۆمارە. گرانایی خستنەسەر بەرنامەی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی لەئیدارەی کوردستانی ئازاددا دیدی ستراتیژی قازی محەمەدو سەرکردایەتی کۆمار دەردەخات بەوپێیەی شەڕی سەرەکی لەبردنەوەی گرەوی حوکمڕانییەکی باشدایە کە پێش هەموو شتێک کوردەواریو ناسنامەی نەتەوەیی ژێر هەڕەشەی حکومەتی شای باوک لە فەوتانو تواندنەوەی هاوشێوەی سیاسەتی ئەتاتورک لە باکووری کودستان دەرباز بکات. بەتایبەت لەزەمانی شادا فەرهەنگو مۆراڵی کوردەوارییو کەلتوری کوردی کەوتبوونە ژێر هەڕەشەی سیاسەتی غەرەبزەدەیی درۆزنانەی رەزا شا کە بەو غەرەبزەدەییەوە گەرەکی بوو کورد بتوێنێتەوەو ئەدگارە جوانەکانی خەسڵەتی جیاکەرەوەی کوردبوون، بسڕێتەوە. قەبارەی سیاسەتی پەروەردەییو ژمارەی بڵاوکراوە کوردییەکان لەو سەردەمەی کۆماردا بەڵگەی دروستی ئەولەوییەتی حوکمڕانی کومار بوو.

***خۆ ئەگەر کۆمار بمابایە بەرنامەی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسەتی گەشەپێدانی سیاسیی‌و نەتەوەیی دەبووە تۆمارێکی زێڕینتر لە تۆماری تەمەن کورتی یانزە مانگ.***

***کۆماری کوردستان لەبەر بەهاری کورتی، تینویەتی گەلی کوردی نەشکاند، بەڵام لەڕووی سمبولییەوە بووە وێستگەیەکی گەورە لەڕەوتی تێکۆشان بۆ رزگاری‌و سەربەخۆیی، بەجۆرێک هەموو ساڵێکی یادکردنەوەی تەڕو تازەی دەکاتەوەو رۆحی نەتەوەیی بەرەو کەشکەلانی فەلەک بەرز دەکاتەوە.***

***یادی کۆماری کوردستان هەر زیندووە لە دڵ‌و دەروونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، سەرکۆمارە شەهیدو هەڤاڵە شەهیدەکانیشی سەرمەشقی خۆبەختکردن‌و فیداکاریین لە رەوتێکی دوورودرێژی شەهادەت‌و قوربانیداندا.***

***یادی کۆمار لە هەموو کۆماریخوازانی کوردستان پیرۆز بێت.***

***سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێویری ٢٠١٦***

# ٢ی ڕیبەندان سەرەتای تەمەنێکی کەم و وەرچەرخانێکی گرینگ لە مێژووی نەتەوەکەمان دا.

محەممەدی فەقێ عەلی

کۆماری کوردستان زۆری لە سەر گوتراوە و زۆریشی لە سەر نوسراوە، زانایانی بواری مێژوو و سیاسەت و ئەدبیات و زۆر کەسیتریش لە سەر بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەم کۆمارە ساوایەی کوردستانیان نوسیوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ کردوە.




من لیرە دا نامەوێ لە سەر هەموی ئەو بوارانەی دووبارە باسەکە بێنمە ئارا، چوون ئەوەش دەزانم کە ئێوەش زۆرتان لە سەر کۆمار و کەم و کوڕ و سەرکەوتنەکانی وزۆر شتی دیکەی خوێندۆتەوە.

ئەوەی بۆ من جێگای باسە تەمەنی کەمی ئەم کۆمارەیە کە لە ١١ مانگ وچەند ڕۆژێک تێپەڕی نەکرد، بەڵام ئەم هەمو دەستکەوتە گرینگانەی بۆ نەتەوەی کورد پێبوو.

## دامەزرانی کۆمار:

وەک دەزانن دامەزرانی کۆماری کوردستان لە کاتێک دا بوو، کە تەواوی ئەم ناوچەیە و یەک لەوان ئێران کەوتبۆ ناو بێ بەندو بارییەوە و هەر زلهێز و دەسەڵاتدارێ دەیهەویست بەشی خۆی داگیر بکا و بەم شێوەیە بە بەرانبەرەکەی نیشان بدات ، کە ئەو زیرەکتر و بە تواناترە و جێگە و پیگەی باشتری هەیە.



لەو کاتەیەدا بوو کە کورد لەم ناوچە بچوکە دا دەرفەتی هێناو بۆ یەکەم جار توانی دامەزراوەیەکی نەتەوەی بنیاد بنێ.

ڕاست یان ناڕاست لە زۆر شوێندا باس لەوە کراوە کە دامەزراندنی کۆمار دەستی رووسی لە پشت بوە، لەوانەیە ڕاستی و دروستی ئەو مەسەلەیە کەمتر گرینگ بێ، گرینگ ئەوەیە کە ئەم کۆمارە بنیادێکی نەتەوەی بەهێزی تێدابوە. چوون کە سەیری ڕێبەرایەتی کۆمار دەکەی، بەشی هەرە زۆری کاربەدەست و لێپرسراوەکانی لە تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بوون کە دواتر بوو بە حیزبی

دیمۆکراتی کوردستان. ئەوانەش کاتێک کە دەبونە ئەندامی کۆمەڵە دەبوو سوێندیان بە قورعان و ئاڵای پیرۆزی کوردستان خواردبایە. دەتوانین بڵێین هەر ئەم نەتەوەی بوونەش بۆتە هۆی یەکگرتنی ئەو خەڵکانەی کە لە ژێر سوڵتەی کۆمار دابوون و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکەش هەستی بەوە کردوە و بە گیان و دڵ پشتیوان و خزمەتکاری کۆمارە ساواکەیان بوون.

لە ناو لیستی ئەندامانی بەڕێوەبەری کۆماردا کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بەرچاو دەکەوێت، کە ئەوەمان پی دەڵی، کە کۆمار خۆی تەنیا لە چوارچیوەیەکی جوغرافیای تەنگەبەر دا نەهێشتۆتەوە و ڕێبەری و سەرانی ئەم کۆمارە جوانەمەرگە زۆر لەوە فکر و بیریان بەرفراوانتر بووە لەوەی کە دیتراوە. هاتنی بارزانیەکان و پێشوازیکردنیان و تێکەڵبوون بە ئەرتەشی نەتەوەی کۆمار و هاتنی زۆریەک لە ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکان و لە مامۆستا و نوسەر و شاعیر وزۆرکەسی دیکەی نەتەوەخوازی بەشەکانی دیکە ئەوەمان بە زەقی بۆ دەسەلمێنێ و جێگای نکۆڵی بوون، لە نەتەوەی بوونی کۆمار و بەرنامەکانی دا ناهێڵێتەوە.

## بنەما دیمۆکراتیەکانی کۆمار:

کۆماری کوردستان لەو سەردەم و کاتەی دا کە تێی دادامەزراوە، یەکێک لە قوتابیەکانی نمونەی قوتابخانەی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ بووە، ئێستاشی لە گەڵ بێ دوای حەفتا ساڵ بەداخەوە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتەکانی ئەم ناوچەیە نەیانتوانیوە لەو ئاستە لە دیمۆکرات بوونی کۆمار نیزیک ببنەوە.



کۆمار تەنیا حکومەت بووە، کە لەوسەردەمەدا و لەو ناوچەیەدا لە بەرنامەی کاری خۆی دا دامەزراندنی ڕێکخراوی ژنان و لاوانی گونجاندوە و هەوڵیشی بۆداوە، کە بە بڕوای من وەک یەکێک لە شانازیە هەرە بەرچاوەکانی کۆماری کوردستان وێڕای شانازیەکانی دیکەی دەمێنێتەوە.

پەرەپیدان بە زانستن و بردنە سەری پلەی زانیاری دانیشوانی ناوچەکەو هەوڵ دان بۆ زیادکردنی خوێندنگە و ناوەندەکانی فێربوون و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و نوسراوەکانیتر و هەروەها گرینگیدانێکی تایبەتی بە فۆلکلۆر و ڕەسەنایەتی نەتەوەی و شانۆ، شیعر و زۆر شتی دیکەی لەم بابەتە، تەنیا لە حکومەت و وڵاتانێک دا جێگایان دەبێتەوە، کە ترسیان لە دیمۆکراسی نەبێ و خەڵکەکەیان بۆ پێگەیاندن و فێربوون و ڕێبەری کردن و بەڕێوەبەرایەتی، فێری وانەی باوەڕ بە خۆ بوون بکەن. کۆماری کوردستان بە خۆشیەوە ئەوەی زۆر بە گرینگ زانیوەو هەوڵی جیدیشی لە پێناودا داوە. ئەم ڕووداوانە لە دنیای سەردەمیشدا تەنیا لەووڵاتانەدا باون و گرینگیان پیدەدرێت، کە نرخی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ دەزانن و وڵاتانێکن کە لە پێناو بە هێزکردنی بنەمانەتەوایەتیەکانی خۆیان دا بۆ هەرچی زیاتر بردنە سەری زانیاری تاکی کۆمەڵگا و بەرەوشەنبیرکردنی توێژی تازەپێگەیشتوو هەوڵ دەدەن ئەندامانییان زیاتر بە ناخی نیشتیمانیبوونیان دا بچنە خوار و بەو شێوەیە شەخسییەتی خۆیان باشتر بناسن و لەم

ڕێگایەشەوە بێ ئەوەی بەخیلی و بەرچاوتەنگی بە خەڵکانی دیکەو نەتەوەکانی دیکەوە ببەن، مرۆڤێکی سەربەخۆ و ئازادیخواز و خاوەن شەخسیەتی سەربەخۆ و باوەڕ بەخۆبوویان لێ باردێنن.

باسەکان لە سەر کارە ئەرێنییەکانی کۆمار زۆرن و لەوانەیە تەنیا لە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە دا بتوانین زۆر بە باشی لە سەر دانە بە دانەیان توێژینەوە بکەین و بۆ رۆڵەکانی نەتەوەکەمانی ڕوون بکەینەوە، ئەوە بە تەنیا بە کەسێک و دوو کەس و لە ماوەیەکی کەمی زەمانی دا جێبەجێ نابێ، بەڵام بەوحاڵەش بەشیک لە شانازیەکانی کۆمار کە لە لای هەمومان دیارن و بەشیکیان بوونەتە پێناسەیەک، کە لە سەر ئاستی نێونەتەوەی دا.

وشەی پێشمەرگە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیش دەمێکە دەیناسێ و ئەو دواییانە زۆر بە باشی دەرکەوت، کە پێشمەرگە کێیەو شەڕ و گیانفیدای ئەم رۆڵە فیداکارانەی نەتەوەکەمان لە ژێر ئەم ناوە پیرۆزەدا، کە شانازیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆماری کوردستان بۆچییە.



ئاڵای سێ رەنگی کوردستان سرودی نەتەوایەتی و زۆر شتی دیکە، کە بۆ یەکەمین جار لەو کەمە کاتەیەی ژیانی کۆماردا لە دایک بوون و بونەتە ملکی نەتەوەیی بۆ گەلەکەمان و دابڕانیان لە کوردستان و کورد و وەک ئەوە وایە کە بەشێکی گەورەی فەرهەنگ و داب و نەریتی ئەم نەتەوەیەی لێدابڕابێ. بوژانەوەی مێژووی نەتەوەی کورد، دەست و پەنجەی کۆماری کوردستانی زۆر پێوەدیارە و هەموگەلی کورد دەبێ شانازی بەم کۆمارە ساوایەی نەتەوەکەی بکات و هەمو هەوڵیش ئەوەبێ، کە ٢ی ڕێبەندان وەک ڕۆژی نەتەوەی کورد لە سەرتاسەری کوردستان دیاری بکرێ یاد بکرێتەوە.

٢ی ڕێبەندانی ٢٠١٦

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر / ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێویری ٢٠١٦

# بەرز و پیرۆز بێ یاد و بیرەوەری کۆماری کوردستان

نەعمەت مەلا

لە ساتەوەختێکدا یادی ٢ی ڕیبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەکەینەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەنگاوێکی نوێ خەریکە وزەی دێتەوە بەر.



لەنێوخۆی ڕۆژهەڵات نەسلێکی نوێ هاتوونەتە نێو مەیدان کە بیرێکی ئازادیخوازانەیان هەیە و گەورەکان پشتیوانیانن.

داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانیان و گەیشتن بە ویست گەلێک کە ویستی ڕەوای ئەم گەلە بەشخوراوەیە، بیری یەکەمی ئەمڕۆژانەی لاوانی کوردە.

گەڕان بەدوای هەوڵگەلێک بۆ ئازادی ڕادەربڕین و بەدواداچوون بۆ جەریانەکانی ئەمڕۆژانەی دنیا بەتایبەت، کوردانی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتە کە ویستەکانی خۆیان لە ڕێگەی پشت بەستن بە داوارەواکانی خۆیان و یەکتر، وەدی بێنن.

لەم لایەشەوە، دێموکراتەلان بە چوونەوەیان بۆ سەر سنوورەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و جێگیر کردنی پێشمەرگەکانیان ئەو راستیەیان بە خەڵکی ڕۆژهەڵات سەلماندەوە کە دیسان و بگرە لەرابردووش زیاتر و بە ورەترە ئامادەن بۆ پشتیوانی گەلەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



ئەگەر ماوەی ٧٠ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ کوردستانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانیان کۆمارێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن و ناوی جەمهووری لێ بنێن و بە کردەوەش بیسەلمێنن کە ئەو جەمهووریە شایەنی ناوەکەی و شایەنی لێ فێر بوونە، ئەو راستیەیان بە دنیا سەلماند ئەگەر کورد دەسەڵاتی هەبێ، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی هیچ کە پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێ، بگرە بۆ دراوسێکانیشی باشترین دۆست و گەورەترین پێگە بۆ دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دەبێ.

ئەگەر ڕێبوارانی ئەو کۆمارە هەنووکە لە بەستێنێکی زەمانیدا قەتیس ماونەوە و لەبەر جیابوونەوەکان و دووربوونیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیان توانیوە کۆمارێکی دیکە دابمەزرێنن، نابێتە هۆی ئەوەی کە لەیاد یان وەپاشگوێ بخرێن. هەوڵی ئەوان تاکوو ئێستا زیندووکەرەوەی رۆژ بەدوای ڕۆژی ئەو کۆمارە بووە و بە وەبیر هێنانەوەی وتەکانی پێشەوا قازی محەمەد، یەکەمین




سەرۆک کۆمار و گەورەترین کەسایەتی کورد، توانیویانە بیری پێشەوا و هەوڵەکانی کۆمار بە زیندوویی رابگرن و لەداهاتوشدا دیسان هەر ئەوانن کە بە پشتیوانی نەسلی نوێ و خەڵکی دەقات تێگەیشتووی رۆژهەلات، دیسان ئەزموونێکی دیکە لە کۆمارێکی دیکە بە دنیا و دراوسێکانیان نیشان بدەنەوە.

ئەگەر دێموکرات، کۆمەڵە، خەبات و پارتی ئازادی، پەژاک و حیزب و رێکخراوەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان نەیانتوانیوە یەکگرتووانە جێژنێکی پڕشکۆ بۆ یادی ٢ی رێبەندانی و کۆماری کوردستان پێک بێنن، ئەوە لاوان، تێگەیشتوان و پێگەیشتوانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوودا لە هەموو ئەم حیزب و رێکخراوانە قەبوڵ ناکەن و دڵنیام ئەو کات هەر ئەوانن کە دەتوانن لەدەوری یەکتر کۆیان کەنەوە، بەڵام تاکوو ئەوکات دەبێ حیزبەکان خۆیان بە گوتارێکی یەکدەنگ هەوڵ بۆ لێک نیزێکبوونەوە و دۆستایەتی لەگەڵ یەکتر بدەن.

رۆژهەڵاتی کوردستان قەیرانێکی گەورەی لەبەردەمدایە بەناوی حکومەتێکی تەواو تا سەر ئێسقان دژ بە کورد و ویستەکانی ئەم گەلە. بۆیە دژایەتی ئەو سیستمە ئەرکە نەک خەباتێکی دلخواز بە ویست، ئاوات و شێوەی خۆمان.
لەو نێوەدا دژایەتی سیستم بەو مانایە نیە کە نابێ هەوڵدانی کەسایەتی گەلێک کە لەنێوخۆن و دەیانهەوێ لە رێگەی ئاشتیانە چارەسەری پرسی کورد بکەن و بە بێ ئەوەی ناوێکیان لەنێو نێوەکاندا هەبێ لەبەرچاو نەگیرێ.

راستە زیندوو کردنەوەی شەهیدان پێشەوا قازی محەمەد، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملو، کاک فواد مستەفا سوڵتانی، دوکتور سادقی شەرەفکەندی، موهەندیس ئەدیب و زۆر کەسایەتی و کەسی دیکە خەیاڵە، بەڵام زیندووکردنەوە و زیندوو ڕاگرتنی بیری ئازادیخوازی ئەوان گەورەترین تیشووی داهاتوومان دبێ و با بە پشتیوانی کردن و بوون بە هاندەری ئەو کەسانەی بە حەق شایەنی ئەوەن پشتیوانی بکرێن، رێگەکانی ڕا دەربرین و بۆچوون و هەوڵە باشەکان لە داهاتووی کۆمەڵگای خۆمان نەبڕین.

گەلی ئەمڕۆ تێگەیشتووە، لاوانی چالاک و وریای هەیە. شارەزایانی باش و سیاسەتمەدارانی بەتوانای هەیە، بەڵام رێگەی دەنگ هەڵبڕینیان نیە.

لە ٢ی رێبەندانـدا، بیـری پێشـەوا گەورەتـرین توێشـووی داهاتوومـان بکەیـن کە بە یەکگرتـوانە و بە پشت بەستن بە یەکتـر دەتـوانین داهـاتوویەکی گەش بەدی بهێنین و لەداهاتووشـدا بەدەر لە کۆمـاری کوردستـان، وڵاتیک بەنـاوی کوردستـان ـی مەزن پێک بێنین.

بەرز و پیرۆز بێ یاد و بیرەوەری کۆماری کوردستان لە ٢ی رێبەندانی ٢٦٤٥ی کوردی.

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر / رێکەوتی: ٢٢ی جانیویری ٢٠١٦




# کۆماری کوردستان، مانیفێستێکی نەتەوەیی

قادر وریا

(بە بۆنەی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان)

٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ٧٠ ساڵ بە سەر ڕاگەیەندرانی جمهووریی کوردستان لە مەهاباد رادەبرێ.

ئەم دەوڵەتە کوردییە لە ڕووی ماوەی دەسەلاتدارەتیی، یەکێک لە کەمخایەنترین دەسەلاتو دەوڵەتەکان لەم ناوچەیە دا بووە، بەڵام لە ڕووی ئەو خزمەتانەش کە لە ماوەی کورتی تەمەنی خۆی دا پێشکەشی نەتەوەی کوردی کردن، هەر وەها لە ڕووی دانانی کاریگەریی سیاسی و نەتەوەیی لە سەر ئەو خەڵکەش کە لە هەناوی ئەوانەوە هەڵقوولابوو، دەتوانین بڵێین هەر بێ وینە بوو.



کارنامەی ١١ مانگەی دەسەلاتدارەتیی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان لە بوارەکانی سیاسی، رۆشنبیریو وەدیهێنانی خەونو ئاواتە لەمێژینەکانی نەتەوەی کورد دا، لە زۆر بۆنەدا بە تیرو تەسەلی کەوتوونە بەر باس و پیویست بە دووبارەکردنەوە ناکەن. هەر ئەوە کە هەتا ئێستاش، بەشی زۆری نەتەوەی کوردو هیزە سیاسییەکانی زۆربەی پارچەکانی کوردستان، هێماو ڕەمزەکانی داهێنراو لەو کۆمارەیان دا قبوولەو لە ژیانو تیکۆشانی سیاسیی خۆیان دا بە کاریان دینن، بەڵگەیەکی بە هێزە بۆ شوێندانەر بوونی ئەو دەوڵەتە کوردییە لە سەرڕەنگرێژکردنی هزرو هیواو باوەڕی نەتەوەیی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان. سروودی نەتەوەیی، ئاڵای کوردستانو ناوی هێزی پێشمەرگە، کە کۆماری کوردستان دایهێناونو ڕەسمییەتی پیداون، هەتا ئیستاش دەقاودەق یا بە کەمێک دەسکارییەوە، لە ژیانی سیاسیو خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا، برەویان هەیە.

بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانو بە تایبەتی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستان، هەر تەنیا ڕووداوێکی مێژوویی نیە کە چووبێتە نیو مێژوو و تەنیا وەک بیرەوەرییەک مابێتەوە. کۆماری کوردستان، ڕووداویکی مێژوویی بوو بەڵام نەک بەو مانایە کە هاتو رابرد. بەڵکوو بەو خوێندنەوەیە کە شەقڵی خۆی لە سەر ڕێگاو ڕێبازی سیاسیی داهاتووی نەتەوەی کورد لەم پارچەیەی کوردستان بە جێ هێشتوە. ئەو دەسەڵاتە نەتەوەییە کورتخایەنە، لە ڕووی ئەو بەرنامەو خزمەتانەی پێشکەشی کردن، هەر وەها لە روانگەی سیاسەتەکانی لە بواری جۆراوجۆرداو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مافو ئازادییانەی بۆ خەڵک دابینی کردبوون، بووە بە مۆدیلێک لە دەوڵەتو دەسەڵاتدارەتی نەتەوەیی کە حیزبی دیموکراتی کوردستانو خەڵکی دیکەش، هەتا ئێستاش بە هیوای




***دووبــارە بنیاتنــانەوەو زینــدووكردنەوەین. كۆمــاری كوردســتان، بە ڕووخــانی، نەچــووە نێــو بــۆتەی لەبیرچــوونەوە، بەڵكــو بــوو بە مانیفێستێكی سیاسی و نەتەوەیی بۆ بزووتنەوەی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان. مانیفێستێک كە لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوو دا ساڵ بە ساڵ زیاتر كەوتووەتە بەر سەرنجی خەڵكی ئەم بەشەی كوردستانو ئێستا ئیدی هەموان دەتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە.***

***لە بیرەوەریی ٧٠ ساڵەی ڕاگەیەندرانی كۆماری كوردستاندا، هەر ئەوەندە بەس نییە كە وەفاداریی خۆمان بەو مانیفێستە دووپــات بكەینەوە. ئەو سیاسەتو پەیامەش كە سەرۆكی ئەو كۆمارە، پێشەوای نەمر قــازی محەممەد لە یەكخستنی جۆراوجۆرییەكــانی كۆمەڵدا لە سەری دەڕۆیشت ، دەبێ وەبیر خۆمان بێنینەوە. دەبێ هەموو جۆراوجۆرییەكانی نێو كۆمەڵگەو گۆڕەپانی سیاسی ببینـین، ڕێزیـان لـێ بگـرینو هەوڵ بـدەین لە پێنــاوی ئامــانجی گشتی و گەورەدا، كە ڕزگــاریی كــوردی ڕۆژهەڵات لە ژێــر ستەمو بندەستییە، یەک بخەیـن. هەمووی ئەوانەی بەو چاوە سەیری كۆماری كوردستان دەكەن، دەكرێ بەردەنگی ئەم پەیام و چاوەڕوانییە بن. بەڵام كـێ هەیە نەزانـێ كە حیزبـی دیمـوكرات (دێموكراتەكـان) لە هەمـوان زیـاترو لە پێشـەوەی هەموان، بەردەنگـی ئەم پەیـام و چاوەڕوانییەن؟ بەردەنگێک كەلە پێشدا بۆ خۆی و لەنێوخۆیدا پێویستی بە یەكگرتنو یەكبوون هەیە.***

***تێبینی: ئەم بابەتە سەروتـاری ژمارە ٦٧٢ی ڕۆژنامەی كوردستانە***

***سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان و كورد / ڕێكەوتی: ٢١ی جانیویری ٢٠١٦***

# "خوایە وەتەن ئاوا کە چەند دڵگیر و شیرینە"

## لە حەفتاساڵەی یادی کۆماردا بەرەو کۆمارێکی دیکە

مەجید حەقی

حەفتا ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکەم کۆماری مێژووی کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەواقازی محەمەد و رێبەری حیزبی دێموکرات تێپەر دەبێت. لە دووی رێبەندانی سالی ١٩٤٦دا بەکەلک وەرگرتن لە هەلومەرجی ناوخۆیی و ناونەتەوەیی رۆژهەلاتی کوردستان، شەش مانگ دوای دامەزراندنی حیزبی دیموکرات، یەکەم کۆماری کوردی لە سەر بنەمای حکوومەتێکی ئەمرۆیی، دێموکرات و شکاندنی تابۆکانی پێوەندیدار بەوەی کە کورد ناتوانێت ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی دامەزرا. کۆماری کوردستان لە ماوەی یازدە مانگی تەمەنی پڕلەشانازی خۆیدا، بەردی بناغەی ناسنامەی کوردستانی و ناسیۆنالیزمی پێشکەوتوو و هۆمانیزمی بزاڤی نەتەوایەتی دامەزراند بۆ نەتەوەی کورد:



هێمنایەتی و ئاسایش، دامەزراندنی هێزێکی یەکگرتوو و سازماندراوی چەکداری بۆ بەرگری لە کۆمار لە ژێرناوی هیزی پێشمەرگە، دامەزراندنی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، هاندانی ژنان بۆ بەشداری لە چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی خەلک و کردنەوەی دەروازەکانی بازرگانی و گەشەسەندنی ئابووری، پێکهێنانی دیالۆگ و هاوسازی لە گەڵ نەتەوەکانی هاوسێ، داهێنانی سەمبۆلە نەتەوایەتیەکانی وەک ئالای کوردستان و سروودی نەتەوایەتی، دژایەتی لە گەڵ فاشیزم و سیستە دیکتاتۆریەکان و رێزگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و گەشەسەندنی ویکگەیشتنی کۆمەلایەتی ئەو دەستکەوتانەن کە ئێستاش لە گەڵ بێت، بەردی بناغەی بایەخە گشتیەکانی خەباتی نەتەوایەتیمانن.


بەیارمەتی خوای بەرزی مەزن
کوردستان
بلاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان
جێژنی سەربەخویی واستقلالی کوردستان
یا
درەوشینی استیرەی خوشبەختی کوردان

هەرچی لە مێژووی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دوورتر دەکەوینەوە، نرخ و بەهای ئەو کۆمارە لە بناغەدانانی ناسنامەی نەتەوایەتی مۆدێرن بۆ کورد بەرزتر دەبێتەوە و ئاواتەکانی کۆمار گشتگرتر دەبن. سەرکەوتن و گەیشتن بە ئاواتەکان لە نەوەیەک دوورتر نیە. ئەسلی ئێمە دەبێ هەوڵیکی جیددی بدات بۆ ئەوەی خەباتی ئێمە بە ئاکام بگات بۆ ئەوەی وڵاتێکی ئازاد پێشکەشی نەوەکانی داهاتوو بکەین. ئەگەر ئەمرۆ بە یەکگرتوویی خۆمان وەسیەتی پێشەوا قازی

محەمەد بەجێ نەگەیەنین، دەبێ ساڵهای ساڵ مناڵەکانمان و مناڵی مناڵەکانمان قوربانی بدەن بۆ گەیشتن بە ئازادی. ئەوکات ئێمە و رێبەرانی ئێمە شەرمەزاری مێژوو و نەوەکانمان دەبین. حەفتا ساڵ دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان ئەو ژینگەیەی کە حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان تێیدا دامەزراون ئاڵوگۆری بنەڕەتی بەخۆیەوە بینیوە. لە رووی سیستەمی ژینگەییوە ئەمرۆ بە پێچەوانەی سەردەمی کۆمار زیاتر لە ٧٠٪ خەڵکی کوردستان شار نشینن. بەهۆی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کاناڵەکانی راگەیاندن: کۆمەڵگای کوردی ئەو کۆمەڵگایە یەک رەنگ، یەک رەهەند و هاوشێوەیەی حەفتا ساڵ لەمەوبەر نیە. سەرانسەری مێژووی هاوچەرخی کورد بریتی بووە داپڵۆسان، سەرکوت و قەڵاچۆ و داگیرکران لە لایەن داگیرکەرانی ناوەچەییەوە و ئەو سەرکوتە کرۆنۆلۆژیکە بووتە هۆی گەشەسەندنی کولتوورێکی نەخۆش و تراوما بەکۆمەڵەکان کە لە ئەنجامدا مرۆڤی کورد بە دەست قەیرانی بڕوا و بڕوا بە خۆنەبوون دەناڵێت. قەیرانێک کە وەک "غوددەی" شێرپەنجە بەربووتە ریزی حیزب و رێکخراوەکانی کوردی و لە سەردەمێکدا کە باشترین هەل بۆ کورد رەخساوە، حیزبەکانی کوردستانی بەدەستی خۆیان هەموو دەرفەتەکان لە دەست خۆیان دەدەن و هەر هەنگاوێکی لایەنە بەرامبەرەکان لە پێناو چاکتر کردنی رەوشەکە دەکەنە قوربانی رق و قینی تۆڵەئەستێنەرانە و ئێگۆیزمی سیاسی خۆیان.

حیزبی دێموکرات، حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، کە سەردەمێک تاقانە حیزب و سەرچاوەی هێز و وره بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان بوو، بەهۆی نەسازان لە گەڵ جیاوازیەکانی ناوکۆمەڵگا و قەبووڵ نەکردنی جیاوازیەکانی ناوخۆیی و بنەماکانی یەکتر قبووڵ کردن، لەکاتێکدا بەرەو یادی حەفتا ساڵەی کۆماری کوردستان دەڕوات، کە نزیک دەساڵە جیابوونەوەیەکی جەرگبڕ و ماڵوێرانکەر بەسەریدا سەپاوە و سەرەرای دروشمەکانی لایەنەکان ئاسۆی یەکگرتنەوە دووبارە وەسەریەکخستنەوەی ریزەکانی ئەو حیزبە هەروا دوورتر و چراکانی پێکەوە ژیان کزتر دەبیندرێن.

یەکێک لە هۆیەکانی رووخانی کۆماری کوردستان دووبەرەکی دوژمنایەتی ناوخۆیی کوردان بوو، بۆیە پێشەوا قازی محەمەد لە "وەسیەتنامەی" خۆیدا بانگی گەلی کورد دەکات بۆ یەکگرتوویی و پشتیوانی لە یەکتر. ئەمرۆ حەفتا ساڵ دوای ئەو مێژووە لە پلەی یەکەمدا ئەرکی سەرشانی رێبوارانی پێشەوا و حیزبی دێموکراتە کە وەدیهێنەری وەسیەتی پێشەوا بن و بە کردەوە بسەلمێنن رێبواری راستەقینەی رێبەرانی خۆیانن. لە حەفتا ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا جێی خۆیەتی دووبارە بگەرێینەوە سەر هێلی یەکەم و بنەماکانی ئەخلاقی خۆمان کە بریتی بێت لە بایەخە مرۆڤیەکان، سەرنجدانی تێگەیشتووانە لە مرۆڤایەتی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هاوکاری و پێکەوە کارکردن، راستگۆیی و کردەوەی هاوتەریب لە گەڵ دروشمەکان، لەبەرچاوگرتنی مافی هەموو ئەوانەی کە وەک خۆمان بیرناکەنەوە، لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی تایبەتمەندیەکانی مرۆڤی دێموکرات و رێزگرتن لە پرەنسیبەکانی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ.

مەرجی بەرەوپێشچوون و رێکخستنی دووبارە کەڵک وەرگرتنێکی بەهینەیی و ئۆپتیماڵە لە سەرمایە و تواناییەکانی ناو کۆمەڵگا و وێکخستنەوەی هێزەکان لە چوارچێوەی لانی کەمی بەها هاوبەشەکانە. حەفتا ساڵ دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بزاڤی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە ستراتێژی درێژخایەن و کورت خایەنی هاوبەش دەکات، بۆ ئەوەی رەساڵەت و ئەرکی سەرەکی بزاڤ کە بریتی بێت لە چارەسەری پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی گونجاو جێبەجێ بکرێت. لەو پێناوەدا دەبێ

هەموو بەشەکانی خەباتی ناوخۆیی، دەرەوەیی و هێزی پێشمەرگە و حیزبە سیاسیەکان وەک تەواوکەری یەکتر و نەک ئاڵترناتیڤی یەکتر ببیندرێن و سەرمایەکانی سیاسی، کولتووری و مرۆڤی کورد بەرەو یەکگرتوویەکی دێموکراتیک و فرەچەشن رێبەری بکرێت.

بێگومان رەچاوکردنی بەرژەوەندی درێژخایەنی نەتەوایەتی دەتوانێت سوودمەند بێت بۆ بەرژەوەندیەکانی گرووپی و حیزبیش.

لە یادی حەفتا ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا و لە پێناو هەنگاوێکی نوێ و وەدیهێنانی خەونەکانی گشتیمان، حیزب ورێکخراوەکانی کوردستانی پیویستە:

١- حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان و رێبەرانیان خۆیان گەورەتر لە چوارچێوەی سنووری حیزبی، ناوچەیی، جوغرافیای چالاکی خۆیان ببینن و ببنە خاوەنی بیری راهبۆردی و ستراتێژی یەکگرتووخوازانە لە پێناو بەدەستهێنانی سەرکەوتنی گەورەتر. کاتی ئەوە هاتووە قەوارەکۆنەکان هەڵوەشێنرێنەوە و قەوارەیەکی نوێی رێکخراوەیی و خەبات بەلەبەرچاوگرتنی فرەرەنگی کۆمەڵایەتی پێوەندیە جیهانیەکان دابرێژرێت.

٢- رێبەران و برپاردەرانی سەرەکی بزاڤی نەتەوایەتی کورد بە ویست و ئیرادەی خۆیان بەکار بێنن بۆ ئەوەی دروشمەکانیان بکەن بە کردەوە و لە پێناو ئازادکردن و چالاک کردنی هیز و وزەی یەکگرتووی هەموو چین و توێژەکانی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵات بەبرپیار بن بۆ وێگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی رێبەریەکی هاوبەش و بەشدارانە. لەو پێناوەدا دەبێ هەنگاوەکان دەروەست (متعهد) و خاوەن ئامانجی دیاری کراو و شەفاف بن.

ئەوەکە تا چ ئاستێک ئێمە دەتوانین جیاوازیەکانی خۆمان بکەینە هێزی یەکگرتوویی و پێکەوە بوون، گرێدراوە بە فەرهەنگ و کولتووری رێکخراوەیی حیزبە سیاسیەکان و فەرهەنگی نەتەوەیی ئێمە کە بەداخەوە جارێ لە کولتووری عەشیرەیی، تایفەگەری و کوردەنامووسی و زێهنیەتی یەک رەهەندی دایە.

با کار بکەین بۆ گۆڕینی بنەڕەتی خۆمان لە پێناو وەدیهێنانی وەسیەتی پێشەوا قازی محەمەد، یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان.

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر / رێکەوتی: ٢١ی جانێویری ٢٠١٦

# ژێکاف، دێموکڕات و کۆمار

**ئاسۆ خەبات**

*له سەر کۆماری کوردستان و ژێکاف زۆر شت نووسراون که نامهەوێ منیش دووپاتەیان بکەمەوە بۆیە تەنیا بە کورتی باسێکیان لێدەکەم کە پێم وایە پێویستە!*



*ئەم وتارە لە ژێر ڕوناکایی گۆڤاری نیشتیمان و ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا نووسراوە.*

*کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی١٣٢١ واتە ١٦ای ئابی ١٩٤٢ لە شاری مەهاباد دامەزراوە. لە بارەی ڕۆژی دامەزرانی ژێکافەوە هەڵەیەک لە چاپی کۆبەرهەمی نیشتیماندا هەیە کە پێویستە ڕاست بکرێتەوە. مامۆستا جەماڵ نەبەز خاوەنی ئەم پەرتووکە بە پشت بەستن بە ویلیام ئیگلتن بۆ ساڵرۆژی دامەزرانی ژێکاف ٢٥ی شەهریوەر، واتە ١٦ای ئەیلولی داناوەو ئێژێ شەهریوەری ئێرانی بەرامبەرە لە گەڵ مانگی گەلاوێژی کوردی! لێرەدا هەڵەیەک یان خەراپ تێگەیشتنێک لە گەلاوێژ هەیە. لە باشور بە کۆتا مانگی هاوین دەگوترێ گەلاوێژ و لە ڕۆژهەلاتیش گەلاوێژ دووهەم مانگی هاوینە. بۆیە کاتێک بە پشت بەستن بە گۆڤاری نیشتیمان و ڕەنگە هێندێ سەرچاوەیتر زانراوە کە ژێکاف ٢٥ی گەلاوێژ دامەزراوە، وەیانزانیوە گەلاوێژەکان وەکوو یەکن و بەو پێیەی گەلاوێژ کۆتا مانگی هاوینە کەواتە دەبێتە ئەیلول و شەهریوەر! بەڵام ئەوە هەڵەیە. ڕەنگە گومان بۆوەش بچێ و بگووترێ لەوانەیە لای ژێکافیەکانیش گەلاوێژ کۆتا مانگی هاوین بووبێت! بەڵام نا، بە سەرنج دان بە ژوومارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی کۆماردا دەردەکەوێ کە گەلاوێژ دوای پوشپەڕ و پێش خەرمانان دێت. کەوابێ گەلاوێژی ئەمدیو و ئەو دیوی کوردستان جیاوازن و هەر ئەو جیاوازیەش مامۆستا جەماڵ نەبەز و ئیگلتنی بە هەڵە بردوون و ڕۆژی دامەزراندنی ژێکافیان بە شەهریوەری ئێرانی نووسیوە لە کاتێکدا گەلاوێژ موردادی ئێرانیە.*



*لە سەر پرسی سەربەخۆیی یان خودموختاریخوازی ژێکاف و کۆمار باس زۆرن و بۆ هەر کامێکیشیان کەم و زۆر بەڵگە هەن. بەڵام*

ئەوە لە کەس شاراوە نیە کە بیری کوردایەتی و سەربەخۆخوازی بیری زاڵی نێو تێکۆشەرانی سەردەمی ژێکاف بووە، بە شێوەیەک کە زۆر بە زەقی بە شێعر و وتارەکانی ئەو قۆناغەوە دیار و بەرچاوە.

بڕوانە گۆڤاری نیشتیمان زمانحاڵی کۆمەڵەی ژێکاف کە لە یەکەمین ژومارەی خۆیدا باسی ئامانجەکانی ژێکاف دەکات و ئێژێت " کۆمەڵەی ژ.ک بە هەموو هێز و توانای خۆی تێدەکۆشێت تا زنجیر و کەلەمەی دیلی و ژێر دەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورەو ڕێک و پێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تێیا بژێت".

ئەم ڕەستانەی سەرێ وێناچێ ویست یان ئامانجێکی کرچ و کاڵی پۆلێک هەرزە کار بن و بێ تێفکرین لە پەنا یەکتری دانرابن، نا، چوونکە لە ژوومارەکانیتری گۆڤاری نیشتیماندا پرسی نەتەوەیی و کوردایەتی دەنگی زاڵی گۆڤارەکەیەو لە پەنای ئەودا ئایین وەک تەواوکەری خەبات و تێکۆشانی ژێکاف هاتۆتە ئەژمار... لە نووسینەکانی نیشتیماندا بە چەند جار باسی پارچەو ناوچەکانیتر و کەسایەتی و ڕێبەرانی بەشەکانیتری کوردستان کراوەو وەک ڕێبەر و سەرکردەی ڕێگای سەربەخۆیی کوردستان ناویان هاتووە بە پەرۆشەوە لە خەمی ژیانی کوردانی پارچەکانی تر دابوون، کە ئەوەش تەنیا و تەنیا خۆی لە هەستی کوردایەتی یان ناسیونالیزمی کوردیدا دەبینێتەوە. ئاوڕدانەوەیەکی خێراش بە لاپەڕەکانی نیشتیماندا هەستی کوردایەتی و نەتەوەیی بوونی ژێکافیەکان بە زەقی دەردەخات.

## حیزبی دێموکڕات

لە سەر ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کورستان ڕای جیاواز هەن! بەشێکی زۆر پێیان وایە حیزبی دێموکڕات لە ٢٥ی گەلاوێژدا دانەمەزراوە! قسەیەک کە بە پشت بەستن بە هێندێ بەڵگە تا ڕادەیەک ڕێی تێدەچێ! لە سەر دامەزرانی حدک لە ٢٥ی گەلاوێژدا بەڵگەیەکی ئەوتۆ لە بەردەست نیە تا بتوانین بیسەلمێنین کە حیزب لەو ڕۆژەدا دروست بووە! بەڵام چەند بەڵگە هەن کە دەیسەلمێنن لەو ڕۆژەدا دروست نەبووە!

حیزبی دێموکڕات لە ١ خەزەڵوەری ١٣٢٤دا بە بەیاننامەیەکی فەرمی خەباتی ئاشکرای خۆی ڕادەگەیێنێ و یەکەمین کۆنگرەی خۆشی دەگرێت. نزیکەی دوو مانگیش دواتر واتە ٢٠ی بەفرانبار ١٣٢٤ یەکەمین ژوومارەی ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی خۆی بڵاو دەکاتەوە. مەودای نێوان ئاشکرا بوون و کۆنگرە و ڕۆژنامەی حیزب لە گەڵ ٢٥ی گەلاوێژدا زۆر لێک دوورن! یانی ناکرێ حیزبێک دابمەزرێ و نزیکەی دوو مانگان بێ ڕێبەری و بەرپرس بژێت و کۆنگرە نەگرێت و خۆی ئاشکرا نەکات. جا ئەگەر بڵێین نا، دەبوو حیزب سەرەتا بۆ ماوەیەک نەهێنی بایە! ئیدی ئەوە ژێکاف هەبوو و نەهێنیش بوو کەواتە پێویست بە ڕێکخراوێکی نەهێنیتر نەبوو لەو قۆناغەدا. لە ڕاستیدا من وای بۆ دەچم کە دێموکڕات قۆناغی ئاشکرا بوونی ژێکافە و چوونکە تێکۆشەرانی ژێکاف پێیان وا نەبووە ژێکاف و دێموکڕات دوو مێژووی جیاوازن و کەس پێی وانەبووە ئەوە ژێکاف هەڵوەشاوەتەوەو حدک دامەزراوە! هەر بۆیەش ڕۆژی دامەزراندنی ژێکاف بە بنەما وەرگیراوەو کاریان بە ڕۆژی دامەزراندنی حیزب نەبووە! ڕاستیەکی تریش ئەوەیە کە ژێکاف هیچ کات بە فەرمی

**هەڵوەشاندنەوەی خۆی ڕانەگەیاندووەو نزیک بە تەواوی ئەندامانی ژێکاف چوونە پاڵ حیزب و کۆمار، کە ئەوەش تا ڕادەیەک دەیسەلمێنێ کە ژێکاف و دێموکڕات مەودایەک لە نێوانیاندا نەبووە. بەڵگەیەکیتر بۆ سەلماندنی ئەو قسانەی سەرێ وتووێژێکی پێشەوا قازی محەممەدە لە ژمارەی ٦٩ی ڕێکەوتی ٣٠ی پوشپەڕدا. پێشەوا لە وەڵامی پرسیارێک لە سەر سابقەی حیزبی دێموکڕاتدا دەڵێ: " حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سەرەتای لە مەزڵومی و ناڕەزایەتی قەدیم و کۆنەوەیە هەر چەند سابقەی زۆرە بەڵام لە نۆ مانگ بەم لاوە دەستی بە فەعالیەتی عەمەلی کردوە" . ئەگەر ئەم وتانەی پێشەوا بە بنەما وەرگرین و لە کۆتایی مانگی پووشپەڕەوە تا خەزەڵوەری ١٣٢٤ حیسابی بکەین ئەوە ڕێک دەکاتەوە نۆ مانگ و بەو پێیە تا ڕادەیەک دڵنیا دەبین کە ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکڕات ٢٥ی گەلاوێژ نیەو دێموکڕات وەک وەفایەک بۆ ژێکاف ئەو ڕۆژەی هەڵبژاردوە. جا لێرەدا پرسیاری سەرەکیم ئەوەیە کە چۆن دەبێ ڕۆژی دامەزراندنی حیزبێک بە هی خۆت بزانی بەڵام سێ ساڵ مێژووی خەبات و تێکۆشانی پڕ لە سەروەری ئەو حیزبە بسڕیتەوەو نەیکەیتە بە بەشێک لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی خۆت؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕات تەمەنی ژێکاف وەسەر تەمەنی حیزب بخاتەوەو بیسەلمێنێ کە دێموکڕات و ژێکاف یەکبوون؟ ئاخر ناکرێ کۆشک یان خانوێکت هەبێ و چەن چینی بناغەکەی لە بژاردن بکەون و پێمان وابێ لە ڕیزی چوارەوە بۆ سەرێ حیسێبە! کات کاتی پێداچوونەوەو ڕاست کردنەوەی شتە نارێکەکانە!**

## کۆماری کوردستان

**لە سەر پرسی سەربەخۆییخوازی ژێکاف و خودموختارخوازی کۆمار قسە زۆرن. بەشێک لەوان پێیان وایە کە کۆمار و پێشەوا خودموختاریخواز بوون و بۆ ئەوەش وتووێژێکی پێشەوای نەمر لە گەڵ ڕۆژنامەکانی تاران وەک بەڵگە دێننەوە کە لەوێدا پێشەوا ئەڵێ: " ئێمە ئیجرای قانونی ئەساسی ئێرانمان دەوێت و دەمانهەوێ لە ژێر بەیداغی ئێراندا بە خودموختاری بژین! هەڵبەت ئەوەش دەڵێ کە ئێمە چوار ساڵە خودموختاریمان دەست کەوتووە"! لێرەدا پێویستە بگوترێ کە یەکەم: ڕێکەوتی ئەم وتووێژە دیار نیە کە هی کەنگێیەو کەی کراوە! بەڵام هەرچی هەیە هی دوای دامەزراندنی حیزبی دێموکڕات و پێش دامەزراندنی کۆمار بووە! ئەم وتووێژە لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤دا لە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە! یانی تەنانەت ڕێکەوتی بڵاو بوونەوەکەشی ١٢ ڕۆژ پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان بووە کە ئەوەش تا ڕادەیەک پێمان دەڵێ کە ئەگەریش پێش کۆمار بیرێک بۆ خودموختاری بووبێت ئەوە دوای ٢ی ڕێبەندان ئەو بیرە بە تەواوەتی لاواز بووە. هەڵبەت با ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە پێشەوا وەک سەرۆک کۆماری کوردستان لەو دۆخەدا بەرپرسیارەتی قورسی لە سەر شان بووەو بە گشتی نەتەوەی کورد ئەزموونێکی وای لە دەوڵەتداریدا نەبووە تا بتوانێ لە کایە سیاسیەکاندا زۆر بە ئەزموونتر دەرکەوێ! دیارە بەوەشەوە کەمترین خاڵی لاواز و زۆرترین خاڵی زێڕینیان هەن کە جێی لێ فێر بوون و ورد بوونەوەن، هەر بۆیەش وتەکانی پێشەوا لە کوردستان و لە قسە کردن لە گەڵ ڕۆژنامەکانی تاراندا جیاوازیەکیان پێوە دیارە، وەک ئەوەی بڵێی تۆزێک خاتری دەوڵەتی مەرکەزی گرتبێت و کەمتر دروشمی دابن! هەر وەک خۆشی دەڵێ: "ئازادی بە قسە و هورا هورا ناستێندرێ، ئازادی بە عەمەل دەستەبەر دبێ" . دیارە ئەو وتووێژەش بە تەنیا ناکرێ بکرێتە پێوانەیەک بۆ پێوانی کۆی ژیان و تێکۆشانی کۆماری کوردستان، کە ناحەزان بە ناحەق پێیان گووتوەو پێی دەڵێن کۆماری مەهاباد! لە کاتێکدا لە هیچ شوێنێکی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کۆماردا نێوی بە کۆماری مەهاباد نەهاتووە. یەکێک لە بە نرخترین بەڵگەکان بۆ**

سەلماندنی نێوی کۆماری کوردستان تابلۆیەکی سەر دەرکی وەزارەتی فەرهەنگە کە نووسراوە" دەوڵەتی جمهوری کوردستان" وزارتی فرهنگ".

ڕۆژنامەی کوردستان لە ژومارە حەوتی خۆیدا باسی جێژنی سەربەخۆیی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی شەوی سێی ڕێبەنداندا دەکات کە وێدەچی هەر درێژەی جەژنی دووی ڕێبەندان بووبێ کە لە ژومارەی هەشتدا باسی دەکات. لە ژومارەی ١٠ی کوردستان بە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕێبەندان بە سەردێڕی گەورە نووسراوە" جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان". هەر لە درێژەدا باسی دووی ڕێبەندان دەکات و لە کۆتاییشدا دەڵێ " لە لایەن سەربازان و پێشمەرگەکان و تۆپخانەی کوردستان دە دەقیقە بێ وچان بە ئیفتخاری سەربەستی کوردستان و ناساندنی ڕەئیس جمهوری کوردستان شلیک(تەقە) کرا". سەیر ئەوەیە هەر ئەوانەی کە قسەکانی جەنابی پێشەوا وەک بەڵگەی خودموختاریخوازی پێشەوا و کۆمار دێننەوە وشەکانی" ئیستقلال" و "سەربەخۆیی" لە ژوومارەکانی دواتردا نابینن، یان بە شتێکی ئاسایی دادەنێن و پێیان وایە ئەوانە هەر لە گۆترە گووتراون و بیرێکی تۆکمەیان لە پشت نەبووە، یا خود ئەوانیش هەر بە مانای خودموختاری هاتوون! لە کاتێکدا هەر بە پشت بەستن بە وتووێژەکەی پێشەوا لە گەڵ ڕۆژنامەکانی تاراندا دەردەکەوێ کە لای پێشەوا خودموختاری و ئیستقلال یەک مانایان نەبووەو دوو شتی تەواو جیاواز بوون! چوونکە کاتێک ئەوان پرسیاری لە سەر ئیستقلالی کوردستان لێدەکەن پێشەوا ئەڵێت "نا خودموختاریمان دەوێ"!

ئەگەرچی بە داخەوە بەشێک لە ژوومارە بە نرخەکانی ڕۆژنامەی کوردستان فەوتاون، بەڵام هەر ئەوەیکە هەیە و بە نووسراو دەیبینین دەبێ بڵێم کارنامەی کۆماری کوردستان جێگای شانازی پێوە کردن و سەربەرزیەکی مێژووییە بۆ کوردان کە کۆماری کوردستان و پێشەوایان هەبووە! دەوڵەتێک کە تەنیا لە یازدە مانگدا، دامەزراندنی خوێندگای زمانی کوردی و گۆڤار و ڕۆژنامەو ڕادوێ و شانۆ و سینەما و ئەمنیەت و ئارامی و تەبایی و سەروەری یاسا و زۆر شتی تریش کە لەو ماوە کورتەدا کراون هێندە لە پێش بوون کە ئێستاش و دوای ٧٠ ساڵ، دەسەڵاتی دوو دەهەو نیوی کوردی دەبێ لێیەوە فێر بن و پێویستە بێ ئیغراق و خۆ فریودان لە زانکۆکانی کوردستان دەرسی کۆمارناسی دابندرێت و پێویستە لە بوارەکانی ئەخلاق بۆ سەرکردەکان و ڕاهێنان بۆ پێشمەرگەکان و پەروەردە بۆ منالان و دڵسۆزی بۆ کۆمەڵگاکەمان بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی کۆماری کوردستان و هەمووماں بە ڕوحێکی پێشەوایی یان خود "گاندی کوردان"ەوە بژین و بدوێین و بمرین.!

سەرچاوەکان

١.ڕۆژنامەی کوردستان، ئامادە کردنی ڕەفیق ساڵح و سەدیق ساڵح
٢. گۆڤاری نیشتیمان، جەماڵ نەبەز
٣. دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامەو دۆکومێنت، مەحمود مەلا عزەت
٤. کۆماری میللی دیموکراتی کوردستان، پرۆفیسۆری یاریدەدەر دوکتۆر یاسین سەردەشتی

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ / ڕێکەوتی: ٩ی جانێویری ٢٠١٦

# کۆماری کوردستان و ڕێبازەکەی، لە کۆیوە بو کۆێ؟

**هیوا گوڵ محەمەدی**

کۆماری کوردستان ساڵی ١٩٤٦ لە مەهاباد بە سەرکۆماریی پێشەوا قازی محەمەد دامەزرا. پێشەوا قازی محەمەد بەرلە ڕاگەیاندنی کۆمار ،حیزبێکی سیاسی بنیات نا بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان.



حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بە بێ لەبەر چاو گرتنی سنورە دەسکردەکان دامەزران و بڕوایان بە کورد وەک نەتەوە و کوردستان وەک وەڵاتێکی لێکدانەبڕاو بوو.

کاتێک کۆماری کوردستان دامەزرا، مستەفا بارزانی کە لە شەڕ لەگەڵ ئەرتەشی عێراق لە پێناو کێشەی دابەشکردنی زەوی شکەستی هێنا بو، پەنای بۆ پێشەوا و کۆمار هانی و ئەوانیش باوەشیان بۆ کردەوە و، نەک وەک میوان بەڵکو وەک خاوەن ماڵ حیسابیان بۆ کرد.

کۆماری کوردستان تەمەنی کەمبو، لە چاو مێژووی مروڤایەتی و دەسەڵاتداریەتیدا ئەکرێ بڵین چرکەیەک بو، بەڵام هەتا ئیستاش نمونەی بەرزی بەڕێوەبەری و دەسەڵاتداریی و کوردایەتی و مروڤایەتی و دیموکراسیە لە ناوچەکەدا.

کۆمار روخا، نەک لەبەر ئەوەی روسیە وەک ئامراز کەڵکی لێوەرگرت و کاتێک لەگەڵ شای ئێران(لە ڕێگەی حیزبی تودەوە) سازا، پشتی چۆل کرد. ئەڵبەت ئەو پەیمان شێکێنیيەی روسیە یان سوڤیەت، تەنیا لایەنێک یان یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو رووخانە بو. هۆکاری سەرەکی، کورد خۆی بو. لە لایەک مستەفا بارزانی بە ژمارەیەک زور هێزی چەکدارەوە پێشەوا و کۆماریان بە جێ هێشت و لەولاشەوە،سەرۆک عەشیرە خۆجێیيەکان دیکەش بە زۆری لە ژێرەوە لەگەڵ ئەرتەش و دەسەڵاتدارانی ئێران پێوەندیان هەبوو و سەرەنجام قازی بەتەنیا مایەوە. ئەگەرچی لەو ڕێگەدا سەربەرزانە سەری دانا، بەڵام خەڵکەکەی بەجێ نەهێشت و بە قوربانی کردنی خۆی، پێشی بە کوشتاری نەتەوەکەی گرت. کارێک کە ڕێبەرانی "فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان" بە ڕێبەریی پیشەوەری ئەنجامیاندا . واتا هەڵهاتن و خەڵکەکەیان بۆ کوشتاری دەسەلاتی پەهلەوی بەجێ هێشت.

گەرچی مێژوویەکی دوور و درێژ لەسەردەمەر تێنەپەڕیوە و ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە بەکۆمار تۆمار کراون. بەڵام لەم کاتەدا و بەهۆی هەلومەرجی ئێمرۆی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، کە لە لایەک بنەماڵەی بارزانی، دەستی ڕۆژگارگەیاندوونی بە دەسەڵاتێکی سەهل و ئاسان و، لە لایەکی دیکەوە زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەی دوو دەیە دەبێ کە بوونەتە نانخۆر

و مووچەگیری ئەو دەسەڵاتە، دەبینین بە هەر دوو لایانەوە( پارتی دێموکرات و حیزبەکانی رۆژهەڵات و لایەنگران و ئەندامانیان)خەریکن مێژووی کۆماری کوردستان چەواشە دەکەن و لە مستەفا بارزانی "قارەمان" دەخوڵقێنن.

بۆ ئەو مەبەستەش دەیان چیرۆکی ساختەیان بڵاو کردوەتەوە. وەک خۆراگریی بارزانی‌یەکان دژی لەشکری ئێران. کە لە بنەڕەتدا وا نەبوە و بارزانی‌یەکان بەرەو سۆڤیەت هەڵدێن و لەشکری ئێرانیش شوێنیان دەکەوێ و لە چەند شوێن دەرگیر دەبن و سەرەنجام دەپەڕنەوە بۆ سۆڤیەت. یا ئەوەی کە گۆیا پێشەوا قازی ئاڵای کوردستانی بە مەلا مستەفا سپاردوە؟! دڵنیام ئەو چیرۆکەش ئەسڵ و ئەساسی نی‌یە. لەبەر ئەوەی کە ناوی ئاڵای کوردستانی لێنراوە، لەبنەڕەتدا هیچ فرێ بەو ئاڵایەوە نی‌یە کە لەسەردەمی قازی دا لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەک "ئاڵای فەرمیی کۆمار" هەڵکراوە. ئەو ئاڵایە بە گوڵەگەنم و کتێب و ڕازابوەوە، بەڵام ئەم ئاڵایە ئێستای باشوورٍ، لە ناوڕاستەکەیدا خۆرێکە بە ٢١ تیشکەوە. ئیتر ئەم درۆیانە چۆن پێکەوە گرێ دەدەن، مەگەر هەر خۆیان بیزانن.

دوای ئەوەی کۆمار رووخا و پێشەوا و هەڤالەکانی لەدار دران، حیزبی دیموکراتی کوردستانیش هەڵوەشایەوە، یان بە کردەوە ئاسەواری نەما. پاش ماوەیەک حیزبی تودەی ئێران خوی کردە خاوەن حیزب و لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا، هەوڵی راکێشانی چالاکانی سیاسی کوردی بۆ لای خۆی ئەدا.

کاتێک لە لە شەستەکانی سەدەی پێشدا، شوڕش لە باشوری کوردستانا کڵپەی سەند، کۆمەڵیک لە شوڕشگێرانی کورد لە رۆژهەڵاتەوە رویان تێکرد و کەوتنە پاڵپشتیکردنی ئەو سەرهەڵدانە. چوونکە وەک جوڵانەوەی رزگاری نەتەوەییان دەبینی.

هاوکات ئەو کەسانە کەوتنە بوژانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێندی کاریشیان کرد. بەڵام کاتێک ناوەندی ئەمنیەتی حکومەتی پاشایەتی ئێران ناسراو بە ساواک دەستی بەسەر رێبەرایەتی جوڵانەوەی باشور دا گرت، شوڕشگێرانی روژهەڵاتی کەوتنە بەر رق و هێرشی سەرکردایەتی شوڕشی باشور کە ئەوکات لە ژێر فەرمانی مەلامستەفا بارزانی دا بو.

کێشەیەکی گەورە کەوتە ناوبەری سەرکردایەتی و کادر و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و تا ئەندازەیەک پەرتەوازە بون و لێکدابڕان کەوتە ناویانەوە. لە ساڵی ١٩٧٠ بەملاوە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملو لە چێکو وسلواکی ڕا گەرایەوە ئێراق کە چەند ساڵ دەبو لە سەر داوای مەلا مستەفا بارازنی لە ئێراق وەدەر نرابو.

دوکتور قاسملو کەوتە هەوڵدان بۆ یەکخستنەوی ناوماڵی دیموکرات و رزگار کردنی لە ژێر دەست و دەسەڵاتی مستەفا بارزانی و کەوتە پێپێوەندیگرتن لەگەڵ کۆمەڵیک لە کادەرکانی حیزب و سەرئەنجام سەرەتا کۆبوونەوەیەک بەناوی کونفرانسی سێ و پاشتر لە ساڵی ١٩٧٣ دا کونگرەی ٣ی حیزب گیرا و ئەوجا بەرنامە و ئەساسنامەی بۆ نوسرا کە پێشتر دوکتور قاسملو ئامادەی کردبوو و لە کونگرەدا پەسەند کرا و ناوی حیزب بو بە "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" واتا لەوکاتەوە وشەی ئێران بە ناوی ئەو حیزبە ئیزافەکرا.

٧٠ ساڵ بە سەر دامەزراندنی کۆماری کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان دا تێدەپەڕوە. ئیستا رۆژهەڵاتی کوردستان لە دژوارترین هەلومەرجی سیاسی، سەربازی، ئابوری، کۆمەڵایەتی خۆیدایە. ئەوانەی خۆیان بە میراتگری کۆمار و حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەزانن لە دوو ئوردوگای نزیک لەیەک دور لە رۆژهەڵاتی کوردستان بونەتە دوو بەش و هەر دوو بەشەکەش خۆیان بە خاوەن و میراتگری کۆمار و حیزبی دیموکرات دەناسێنن.

کۆماری کوردستان و حیزبی دیموکرات لەسەر بنەمای یەکیەتی و هاوخەباتی دامەزران، بەڵام حیزبەکانی ئێستە لەسەر بنەمای هەڵبران، لێکدابران و یەکتر قەبوڵ وتەحەمول نەکردن کار دەکەن.

کۆمار و حیزبی دیموکرات لەسەر بنەمای بڕوا بە کوردستانی گەورە و یەک نیشتمانی( پەیمانی داڵانپەڕ) دامەزران بەڵام حیزبەکانی ئێستا کە خۆیان بە میراتگری کۆمار ئەزانن، رێک پێچەوانەی ئەوە دەجوڵێنەوە و کار دەکەن.

وەک پێشتر ئیشارەی پێکرا، کۆماری کوردستان خاوەن ئاڵای تایبەت بە خۆی و حیزبی دیموکراتی کوردستان خاوەن بەرنامەی سەربەخۆییخوازی کوردستانی و ئارم و سیمبولی تایبەت بە خۆی بو، بەڵام ئەمرۆ ئاڵاکە فەراموشکراوە و هەرچی پارتی و مەسعوود بارزانی قەبووڵی بێ، دێموکراتەکانیش قەبووڵیانە. بۆ نموونە لە بینایەک کە ناوی قازی محەمەدی لەسەر دانراوە، ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری داگیرکەری ئیسلامی ئێران جێژن دەگیردرێ و ئاڵای ئەو وڵاتە و وێنەی خومەینی بەرزدەکرێتەوە و مارشی نگریسی کۆماری ئیسلامی لێدەدرێت. بەڵام وەک دەبینین، ئەم کردارە نائەخلاقیەی دەسەڵاتی باشوور، لەلایەن هیچکام لە لەتەکانی حێزبی دێموکرات ئیعترازی پێ ناکرێت.

من لەوباوەڕەدام کە هەردوو لەتی دیموکراتەکان خاوەن کەمترین سەربەخۆیی و بڕیاردانی سیاسی و سەربازی خۆیانن و ئێستە ئیتر تورکیە بە دوستی کورد ئەزانن و پارتی دیموکراتی بارزانی هەر سازێکیان بۆ لێدا بە باشترین شێوە بوی هەڵدەپەڕن و لە هیچ دژایەتیکردنێکی جوڵانەوی باکور ناپرینگێنەوە.

لە کۆماری کوردستاندا، مستەفا بارزانی میوان نەبو بەڵکو خاوەن ماڵ بو و پێشەوا و هەڤاڵەکانی سەریان چوە سەردار، بەڵام ئەوانیان بە بێگانە ناو نەبرد. بەڵام کاتێک مستەفا بارزانی بو بە دەسەڵاتدار و لە پێناو مانەوەی خۆی دا، کادرە شورشگێرەکانی رۆژهەڵات کە ئەندامی حیزبی دیموکرات بون تێرور دەکرد و جەنازەکانیانی ئەخستە سەر دار و تەحویلی رێژیمی داگیرکەری ئێرانی ئەدانەوە (نموونە سولەیمانی موعینی). ئەمرۆش میراتگرانی مەلا مستەفا، هەر دوو دیموکراتەکەیان وها لە مەنگەنە ناوە کە ناوێرن لە "کولەکەی تەرِیشدا بانگ بدەن.

٧٠ساڵ دوای دامەزارندنی کۆمار، واتا لە دووی رێبەنداندا، هەر دوو حیزبی دیموکرات ئەو رۆژە بە بیر دێننەوە و شانازی پێوە ئەکەن، کەچی ئەو کۆمارە جوانەمەرگەیان وها روت کردوەتەوە روی نیە لە هیچ کۆێ دەرکەوێ و نایەوێ بەمشیوەیە بۆ بانگەشە و خو

دەرخستن و پارە پەیدا کردن وەدەری خەن. ئێستە ئیتر یادکردنەوەی کۆماری کوردستان بوەتە سەرچاوەی داهات بۆ کۆمەڵە خەڵکێک و هۆکاری شایی و هەڵپەڕین بۆ ئەوانیتر و ئەوەی گرینگی پێنادرێ، پەیام و ئامانج و ستراتیژی و دروشم و خواستەکانی کۆمارە.

ئەوەی ئیستە هەیە هیچ پێوەندی بە کۆماری کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستاتەوە نیە و تا ئەو کاتەی ئەم دوو باڵەی دیموکرات ئاوا بێ منەتانە لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی و شەخسی دا، کۆمار و حیزبی دیموکراتی کوردستان بەکار بێنن، هەر لە و ئوردوگایانە دا دەمێنەوە و ئوردوگاکانیشتان بچوکتر دەبێتیەوە و هێدی هیدی ئەبێ لە لاپەرەکانی مێژوو دا بخوێنیەوە کە فڵانە کەسیش وەک ئەحمەد توفیق بێ سەروشوین کرا و ئەو کادرە ئازایەش وەک سولەیمانی موعینی تێرور کرا و جەنازەکەیان فرێ دا.

کۆماری کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێکی ناسک و دژوارا دامەزران و ئەوەش نێشانەی ئێرادە و بڕوا بە خۆبون و جەسارەتی پێشەوا و سەرکردەکانی ئەو کاتی کۆمەڵەی ژێکاف(دواتر حیزبی دیموکراتی کوردستان) نیشان ئەدات، ئایا ئەو دوو حیزبی دیموکراتەی ئێستا لەوە تێدەگەن و بڕوایان بە راسپاردەکانی پێشەوا و حیزبەکەی و ئامانجەکانی ماوە؟ یا هەمووی قوربانیی دەسەڵاتێکی بچووک ناو ئوردووگاکانیان و ژێرچەپۆکەیی دەسەلاتی باشووڕ ئەکەن؟ حیزبی دێموکرات بەگشتی دوو رێگەی لە پێشە، یا گەڕانەوە بۆ ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، یا درێژەدانی ئەم هەڵوێست و هەلومەرجەی ئێستا .

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست / ڕێکەوتی: ٢ی ڕێبەندان ٢٠١٦




# کۆمارێک کە لە نێو شەختە و کرێوەوە سەری هەڵدا

**جەماڵ فەتحی**

یەکێک لە ڕووداوە بە نرخ و گرینگەکانی نەتەوەی کورد کە وەکوو بزاڤێکی ئۆرگانیک و پێشکەوتوو لە مێژووی کورددا تۆمار کراوە، کۆماری کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد بووە. قازی محەممەد کە خاوەنی کەسایەتییەکی خۆشناو لە شاری مەهاباد بووە، لە سەرەتادا وەکوو ئەندامی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەی کورد دەردەکەوێت و بە هۆی بلیمەت بوونیەوە لە ماوەیەکی کەمدا دەتوانێت لێهاتوویی خۆی بسەلمێنێت و وەکوو ڕێبەرێکی کاریزما بدرەوشێتەوە، ئەم ڕێکخراوە پاش سێ ساڵ خەباتی نهێنی لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاویدا دەچێتە قۆناغێکی نوێوە و دەبێ بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوای شەش مانگی دیکە، لە شاری مەهاباد کۆماری کوردستان ڕادەگەیەنێت.



کۆماری کوردستان کە ١٦ ساڵ پاش بزووتنەوەکەی سمکۆ سەری هەڵدا، بە هۆی چەندین پێوەر لەگەڵ بزووتنەوەکانی پێش خۆی جیاوازیی بەرچاوی هەیە، هەرچەندە پێشەوا قازی محەممەد کەسایەتییەکی ئایینی و لە بنەماڵەیەکی خاوەن داهات و ئابوورییەکی باش بوو، بەڵام ئەم تایبەتمەندییانە نەبوونە لەمپەر لە بەرانبەر ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی و بە هۆی لێزانین و شارەزایی لە هەلومەرجی ناوچە و پێوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران و ناوچەکە و هەست بە بەرپرسایەتیی کردن لە هەمبەر نەتەوەکەی وەکوو کەسایەتییەکی بەرز و پیرۆز سەری هەڵدا و لە مێژووی کورددا بۆ هەتاهەتایە وەکوو ئەستێرەیەکی پرشنگدار دەدرەوشێتەوە.

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە کۆماری کوردستانی لە تەواوی بزووتنەوەکانی دیکەی کورد جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە کۆمار لە سەردەمی خۆیدا بە پێی هەلومەرجی ناوچەکە سەری هەڵدا، هەرچەندە پێشتر شێخ مەحموودی نەمر وەکوو پادشای حکوومەتی کوردستان دەسەڵاتی کوردیی پێک هێنابوو و ناوچەیەکی بەربڵاوتر لە کۆماری کوردستانی لە ژێر دەستدا بوو، بەڵام جیاوازیی کۆماری کوردستان و حکوومەتی کاتی شێخ مەحموودی نەمر لە دوو خاڵدا بوو:

١- هەرچەندە پێشەوا وەکوو شێخی نەمر کەسایەتییەکی ئایینی بوو، بەڵام بیر و بۆچوونە ئاینییەکەی بەسەر بڕیار و پێوەندییەکانیدا زاڵ نەبوو.

٢- شێوە و مودێلی هەڵبژاردنی سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات لە کۆماری کوردستاندا، بە شێوەیەکی پێشکەوتووانە و مودێڕن بوو، بەڵام لە سیستمی دەسەڵاتی شێخی نەمردا، ئەوە بەدی نەدەکرا.

شێوەی بەڕێوبەریی لە جۆری کۆمار کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا دیاردەیەکی نوێ بوو، بۆ یەکەمین جار لە کوردستان و ئازەربایجان کە پێوەندییەکی پتەویان پێکەوە هەبوو هاتە ئاراوە، لە سەردەمێکدا کە ئێران بەو هەموو شانازییە مێژووییەی کە بەسەر گەلانی دەوروبەردا دەیکرد، بەشێوەی حکوومەتێکی سەرەڕۆیانە و پاشایەتی بەڕێوە دەچوو، لە دەسەڵاتێکی خۆجێیی وەکوو کۆمار کە تازە دەیویست پێ بگرێت، لە سیستمی حیزب و کۆمار بۆ بەڕێوبردنی وڵات کەڵک وەردەگرێت، دەسەڵاتێک کە تێیدا خەڵک بڕیاردەرە، بۆیە تا ئەو کاتەی کۆمار کۆردستان لەگەڵ وەها دەسەڵاتگەلێک بەراورد نەکرێت، بایەخی ئەو کۆمارە دەرناکەوێت.

بە هۆی دەسبەسەرداگرتنی ئێران لە لایەن هاوپەیمانان (ئەمریکا، بریتانیا و یەکیەتیی سۆڤیەت) لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی، کە پێیان وابوو ئەم وڵاتە بنکەی سیخوڕیی ئاڵمانی نازییە کە لە بەرەی موتەحدیندا بوو، پێگەی سیاسیی و نیزامیی خۆی لە ناوچە بەتایبەت کوردستان کە بەشی باکوورییەکەی لە ژێر دەسەڵاتی یەکیەتیی سۆڤیەت کەوت، لەدەست دا و ناسەقامگیریی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو، خەڵکی بێدەسەڵاتی کورد چاوەڕوانی پاڵپشتێک بوون کە گیان و ماڵیان بپارێزێت، ئەم چاوەڕوانییەی نەتەوەی کورد لە ڕێکخراوێک وەکوو کۆماری کوردستان بەدی دەکرا و دامەزرانی حیزبی دێموکرات و پاشان ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کە یەکەمین ڕێکخراوی مودێڕنی کورد بوو، ئەو دڵنیاییەی بە خەڵک بەخشی.

کۆماری کوردستان یەکەمین بزووتنەوەی کورد بوو کە ژنی هێنایە نێو گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەیی و بۆ ئەم ئەرکە، پێشەوا لە بنەماڵەی خۆیەوە دەستی پێکرد و بە هێنانی هاوسەر و کچەکانی بۆ نێو جەرگەی خەبات، ژنی کوردی لە مافە نەتەوەیی و ڕەگەزییەکانی ئاگادار کردەوە.

کۆماری کوردستان هەرچەندە تەمەن و پانتایی دەسەڵاتەکەی کەم بوو و هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە بەشی خوارەوەی کوردستان، واتە لە سەقز بەرەو خوار لە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکاندا بوو و کۆمار بەپێی ئەوەی کە تازە سەری هەڵدابوو و ڕاگەیاندنە گشتییەکان لە ئاستێکی پێشکەوتوودا نەبوون، نەیتوانی هەم لەباری چەکداریی و هەم لەباری واتاییەوە، لە باشووری کوردستانی ئێران گەشە بکات.

## خاڵە بەرچاوەکانی کۆماری کوردستان:

• دێموکراسی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا چەمکێکی نوێ بوو، بەر لە ڕاگەیاندنی کۆمار، وەکوو چەمکێکی گرینگ لە لایەن پێشەواوە دێتە ئاراوە و لە قەوارەی حیزبێکدا کە دەتوانێت لە نێو دڵی کۆماردا لە پێناو پێش خستنی کۆمەڵگا دەورێکی بەرچاوی هەبێت، لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی دەردەکەوێت.

- کۆمار، بە یەکێک لە پێوەرەکانی دێموکراسی پێناسە دەکرێت و بۆ بەرەو پێشبردنی دێموکراسی ئامرازێکی هەستیار و پێویستە.
- بە هۆی خوێندنەوەی وردی کۆمەڵگای کوردستان لە لایەن ڕێبەرایەتیی کۆمارەوە، بیری داهاتوو و وێنا کردن لە پەرەسەندنی بۆ تەواوی کوردستان کە کۆمەڵگایەکی هەمەڕەنگ و فرە چەشنە، شیاوترین سیستمی بەڕێوبەرایەتی (کۆمار و دێموکراسی) بۆ ئیدارەی نەتەوەی کورد هەڵبژێردرا.
- بۆ بەرز نرخاندنی دێموکراسی، کابینەی وەزیران کە پێکهاتوو لە ئێلیتی کۆمەڵگای کوردی لەو سەردەمەدا بوو، پێکهات.
- هێنانی کچان و ژنان بۆ نێو بەستێنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا کە بە بەشداری کردنی ژنان لە بوارە کۆمەڵایەتییەکان و دامەرزاندنی قوتابخانەی کچان کە هەتا ئەو کات لە کۆمەڵگای کوردیدا بە فەرمی بوونی نەبوو.
- نەبوونی بەندیخانە لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماردا.
- گرنگی پێدان بە خوێندن و زانست بە ناردنی کەسانێکی بلیمەت بۆ خویندن لە دەرەوەی وڵات .
- گرنگی پێدان بە بواری فەرهەنگی وەکوو شانۆ و ئەدەبیات، لەسەردەمی کۆماردا دەیان شاعیر و ڕووناکبیر(هەژار، هێمن، هێدی، حەسەن قزڵجی، عەبدولڕەحمان زەبێحی و... هتد) لە نێو دڵی کۆمارەوە سەریان هەڵدا.
- گرینگی دان بە منداڵ و دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەمنداڵان بەناوی گڕوگاڵی منداڵان.
- دەر کردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی .
- لێدانی دراوی کوردی.
- ناردنی نوێنەر بۆ دەرەوەی وڵات (یەکیەتیی سۆڤیەت).
- ناردنی نوێنەر بۆ تاران.
- پێوەندی گرتن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان.
- پێکهێنانی سپای میللی.
- هەڵکردنی ئاڵای کوردستان.
- هەڵبژاردنی نێوی تایبەت بۆ چەکداری کورد (پێشمەرگە).

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا / ڕێکەوتی: ٧ی جانیویری ٢٠١٦

# کۆماری کوردستان؛ دەستکەوتێکی مێژوویی یان ڕووداو؟

قەرەنی قادری

کۆماری کوردستان (٢٢ / ١ / ١٩٤٦)، نە تەنیا دەستکەوتێکی گرینگی مێژووییە، بەڵکوو سامانێکی بەرزی نەتەوەییشە. بوونی کۆمار وکوو ڕووداوێکی مێژوویی، تەنیا یەکێک لە لایەنە هەرە بچووکەکانی ئەم سامانە.



بوونی ئەرتەشی سوور لە بەشێکی ئێران و سوپای بریتانیا لە بەشێکی دیکەی ئەو وڵات، بۆشاییەکی سیاسی و جوگرافیایی بۆ پێشەوا (١٩٠٠-١٩٤٧) ڕەخساند و، ئەوی بۆ ئەو چەمکە گرینگەی سیاسەت گەڕاندەوە، دەرفەت مێژوو دەخوڵقێنێت. کەڵکوەرگرتن لە بوونی سوپای سوور بۆ جاڕدانی کۆماری کوردستان، ئەمە یەکێکە لە خاڵە هەرە بەهێزەکەی پێشەوا.

هەر دیاردە، یان ڕەوتێکی سیاسی و مێژوویی، بەرێگەی دوو هۆکارەوە گەشە دەکات و سەرهەڵدەدات. هۆکارە ناوخۆییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە، کە لە ئاکامی ململانێی دژەناوخۆییەکاندا، کێشەکە بەلایەکدا دەشکێتەوە. هۆکاری دووەم کە یارمەتیدەرەی یەکەمە، لە فەلسەفەدا بە هۆکاری دەرەکی ناوی دەبەن، گەرچی زۆرینەی فەیلەسووفەکان لەسەر ئەوە ساخ بوونەتەوە، کە هۆکاری دەرەکی دەتوانێت ڕەوتی ڕووداوە ناوخۆییەکان خێرا یان خاو بکات، تەنانەت دەتوانێت دەوری پێچەوانەیشی هەبێت. کۆماری کوردستان ڕێک بەرێگەی ئەم دوو هۆکارەوە (ناوخۆیی و دەرەکی) لەدایک بوو و ئەمەش لێهاتوویی بنیاتنەرانی کۆمار دەگەیێنێت.

ئەوانەی ئاستی کۆماری کوردستان تەنیا بۆ "ڕووداو"ێکی مێژوویی یان بۆ بوونی سوپای سوور دەگەڕێننەوە و لە بایەخی کەم دەکەنەوە، نە ئاگایان لە دەوری هۆکارە دەرەکییەکان هەیە و نە لە سیاسەتیشدا بڕوایان بە دەرفەتی دەرەکی هەیە، کە ئەگەر بێتو کەڵکی لێ وەربگیرێت، دەتوانێت ڕەوتی مێژوو بگۆڕێت.

ئەو کۆمۆنیستانەی کە فۆندەمێنتالیستن، کە بێشک دەمارێکی دینیشیان هەیە، لە سیاسەتدا شتێک بە ناوی دەرفەت بوونی نییە، بەتایبەت ئەگەر دەرفەتەکە دەرەکی بێت. لەلای ئەوانەوە، دەرفەت یانی ئۆپۆرتۆنیسم. یان ئەگەر سەرکردە و بەڕێوەبەرانی بزووتنەوەیەک کە بەرهەمێکی مێژوویی هەبێت وەکو کۆماری کوردستان، جا ئەگەر سەرکردەکانی شێخ، ئاغا، مەلا و دەوڵەمەندی ئەستوور بن، ئەوە خێرا "هێڵێکی ڕەش"ی بەسەردا دێنن!

ئەوانەی "تەنیا و تەنیا" پشت بە هێزی گەل دەبەستن، سەرچاوەی هزرییان بۆ کۆمەڵگەی دەربەگایەتی دەگەڕێتەوە، کە کۆنڵێک

لە بواری ئابوورییەوە (ماست، پەنیر، شیر، شیرێژ، خوری، کەشک دۆ، برینج، کەنم، نیسک، هەرزن و دەیان شتی دیکە)ی بەرهەم دێنا و پێویستی بە گوندەی جێرانی نەبوو، چونکە هەر بۆ خۆی ئاشی خۆی دەگەڕاند. بەڵام هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستان و لە بواری سیاسییەوە، ئەم تێڕوانینە خێڵەکی و نەریتییە ڕەت کرایەوە و پانتاییەک دۆزرایەوە، کە دەبێ سوود لە هەموو هاوکێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان وەربگیرێت.

بەشداریی نوێنەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هەر لە ڕۆژی یەکەمی کۆمارەوە تا کۆتاییی تەمەنی، ئەو هەرەوەزە نەتەوەییە بوو، کە لە مێژووی کورددا تا ئێستا وێنەی نەبووە و، مۆرکێکی تەواو نەتەوەیی بە بەرۆکی کۆماری کوردستانەوە هەڵواسی. گەرچی کۆماری کوردستان لە نزیک بە (٣٠%)ی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە دنیا هەڵێنا، بەڵام بەشداریی پارچەکانی دیکەی کوردستان، سنووری نەتەوەییبوونی ئەو کۆمارەی بەرفراوان کرد، هاوکاتیش سنووری "ڕەسمی"ی چوار دەوڵەتی داگیرکاری کوردستانیان بەزاند.

بوونی سەرکۆمار، سروودی نەتەوەییی (ئەی ڕەقیب)، ئاڵای کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چوار کۆڵەکە و پێناسەی هەرە سەرەکین، کە نەتەوەییبوونی ئەو کۆمارە دەسەلمێنن!

سەرچاوە: فەیسبۆکی نووسەر / ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێویری ٢٠١٦

# کۆماری کوردستان هێشتا ئامانجەکانی رێگای سەربەخۆیی کوردستانن

## شەریف فەلاح

### کۆماری کوردستان هێشتا ئامانجەکانی رێگای سەربەخۆیی کوردستانن



پێناسە:

دەوڵەتێکی دانپیانەنراو: کۆماری کوردستان

سروود: ئەی رەقیب

پایتەخت: مەهاباد

زمان: کوردی

ئایین: ئیسلام

حوکمرانی: کۆماری

سەرکۆمار: قازی محەمەد

سەرۆک وەزیر: حاجی بابە شێخ

سەردەمی مێژوویی: جەنگی سارد

راگەیاندنی سەربەخۆیی: ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦

پاشەکشێی سۆڤێت: حوزەیرانی ١٩٤٦

دەستبەسەراگرتنی لەلایەن ئێرانەوە: ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦

لەسێدارەدانی سەرکردەکان: ٣٠ی ئازاری ١٩٤٧

رووبەر: لە ساڵی ١٩٤٦ دا ٣٧٤٣٧ کیلۆمەتر بووە

دراو: ریاڵی ئێرانی

ئاماژە

کۆماری کوردستان بە یەکەم کۆماری کوردی دەناسرێ و حەوت دەیە پێش ئێستا لە شاری مەهاباد لە کوردستانی رۆژهەڵات دامەزراوە، کۆمار و کیانێکی کوردیی کەمتەمەن بوو کە لە سەدەی بیستدا و لە دوای کۆماری ئارارات- لە تورکیا، دامەزرا.

ڕێکەوتی ٢٢ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٥ لەسەر بنەمای کۆمەڵەی «ژێکاف» و بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەمەد لەلایەن «حزبی دیموکراتی کوردستان»ەوە کۆماری کوردستان بە فەرمی ڕاگەیەنرا و نوێنەرانی پارچەکانی کورستانیش تێیدا بەشدار بوون، ڕۆڵی کارای بارزانییەکانیش بە ڕێبەریی مەلا مستەفای بارزانی لەبیر ناکرێت.

هەرچەند کۆماری کوردستان تەمەنی ١١ مانگ بوو، بەڵام لەو ماوە کورتەدا لە بواری جیاجیادا گەلێک دەسکەوتی بەنرخی هەبووە و کاریگەریی لەسەر فۆرمگرتنی شۆڕش و ناسنامەی کورد بەگشتی داناوە و وەک یەکەم کۆماری فەرمی و دیموکراتیکی کورد لە مێژوودا تۆمار کراوە.

دامەزران و لەناوچوونی کۆمار، بەشێک بوو لە قەیرانی ئێران، ئەو ململانێیەی لەنێوان ئەمریکا و سۆڤیەتدا هەبوو کە جەنگی ساردی لێ کەوتەوە.

## پێشینەی سەرهەڵدانی کۆمار

لە مانگی ئابی ١٩٤١، ڕاپەڕینێکی جەماوەری کۆنترۆڵی ناوچە کوردییەکانی لەدەستی حکوومەتی ناوەندیی ئێران دەرهێنا. لە شاری مەهاباد، کۆمیتەیەک لە کەسانی چینی مامناوەند بە پشتگیریی سەرۆک خێڵەکان دەسەڵاتی ناوچەکەیان گرتە دەست. پارتێکی سیاسی بەناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێ کاف) دامەزرێنرا. قازی محەمەد، سەرۆکی بنەماڵەی قازی، بە سکرتێریی پارتەکە هەڵبژێردرا. کۆمیتەکە بە سەرکردایەتیی قازی محەمەد ناوچەکەیان بە لێهاتوویی و سەرکەوتنێکی بەرچاوەوە بۆ ماوەی 5 ساڵ تا رووخانی کۆمار بەڕێوە برد.

## دامەزرانی کۆمار

لە ئەیلوولی ١٩٤٥، قازی محەمەد و سەرکردە کوردەکانی تر، سەردانی تەورێزیان کرد و چاویان بە کونسوڵی سۆڤیەت کەوت و لەبارەی پشتگیریکردنی کۆمارێکی نوێ گفتوگۆیان کرد، لەوێشەوە ڕەوانەی باکۆ ئازەربایجانی سۆڤیەت کران. لەوێ ئاگادار بوونەوە لەوەی پارتی دیموکراتی ئازەربایجان لە هەوڵی ئەوەدایە دەست بەسەر ئازەربایجانی ئێراندا بگرێت. لە ١٠ی کانوونی یەکەمدا، پارتی دیموکراتی ئازەربایجان دەستی بەسەر پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات (تەورێز)دا گرت کە پێشتر بەدەست سوپای ئێرانەوە بوو. قازی محەمەد بڕیاری دا هاوچەشنی ئەو کارە دووبارە بکاتەوە، بۆیە دوای چەند مانگ لە دامەزرانی «حزبی دیموکراتی کوردستان» کە لەسەر بنەمای «کۆمەڵەی ژێکاف» لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦، قازی محەمەد بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرین لە خەڵکی ناوچەکە و نوێنەرانی کوردی پارچەکانی دیکە دامەزراندنی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند.




## ئامانجەکانی کۆماری کوردستان

١ - ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی ئێران لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا.

٢ - زمانی کوردی بکرێتە زمانی راگەیاندن و خوێندن و ئیدارە.

٣ - هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزەری بۆ کوردستان بەمەبەستی چاودێریی دەوڵەت و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

٤ - هەموو بەرپرسەکان لە خەڵکی ناوچەکە هەڵبژێردرێن.

٥ - یەکێتی و برایەتی لەگەڵ خەڵکی ئازەربایجان.

٦ - یاسایەک هەبێت بە یەک چەشن مامەڵەی کرێکار و کەسایەتییە باڵاکا بکات.

## کابینەی وەزیرانی کۆمار

سەرۆک وەزیران: حاجی بابە شێخ

وەزیری جەنگ: سەیفی قازی

وەزیری کیشوەر: محەمەد ئەمین موعینی

وەزیری ئابووری: ئەحمەد ئیلاهی وەزیری

پۆست و تەلەگراف: کەریم ئەحمەدیان

وەزیری فەرهەنگ: مەناف کەریمی

وەزیری (تەبلیغات): سەدیق حەیدەری

وەزیری کار: خەلیل خوسرەوی

وەزیری بازرگانی (تیجارەت): حاجی مەستەفا داوودی

وەزیری وەرزێڕی (کشتوکاڵ): مەحموود وەلی زادە

وەزیری رێگەوبان: ئیسماعیل ئیلخانی زادە

وەزیری تەندروستی (بیهداری): سەیید محەمەد ئەیووبیان

وەزیری (موشاویر): عەبدولڕەحمان ئیلخانی زادە

وەزیری داد: مەلا حوسێن مەجدی

## دەسکەوتەکان

* کۆماری کوردستان وەک بزاوت و راسانێکی نەتەوەیی، لەلایەن لێکۆڵەر و مێژوونووسانی کوردەوە وەک دەسپێکی شۆڕشی نوێی کورد دێتە ئەژمار کەسێتییەکی نوێ و سەردەمیانە بە تاکی کورد لەباری شوناسخوازی و زەینییەتی رابوونی نەتەوەیی (وشیاریی

نەتەوەیی) دەبەخشێ و لە ئەنجامدا باوەڕ بەخۆبوون و خودئاگایی لەناو کۆمەڵگەی کوردستان و تاکی هوشیاری کورددا دەگاتە چڵەپۆپەی خۆی.

* هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، شانازییەکە بۆ کۆمەڵگای کوردستان و نیشانەیەکی روونیشە بۆ شوناسخوازی و رەسەنایەتیی رۆڵە بەئەمەکەکانی ئەو گەلە و هەر بەم پێیە ئەوان دەتوانن لەژێر ئەو هێماو سیمبۆلە نەتەوەییەدا داکۆکی لە شوناس و چییەتیی خۆیان بکەن.

* پێکهێنانی سوپای میللی و ناوی پێشمەرگە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا، باوەڕ بە «خۆپاراستن»ی لە تاکی کورددا چێ کرد، کە تا ئێستاش لەوپەڕی بێئیمکاناتیدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بە شێوەی خۆڕسک لەلایەن کۆمەڵگای کوردستانەوە وزە و هێزی پێدەبەخشرێ.

* وەرێخستنی چاپخانە و بڵاوکردنەوەی کتێب و پەرتووک و رۆژنامە و پەروەردە و قوتابخانە بە زمانی کوردی، دەسکەوتێکی دیکەی کۆماری کوردستانە کە بۆ یەکەم جار ئەو پەیامەی بە تاکی کورد و کۆمەڵگەکەی دا کە زمان یەکێک لە بنچینەکانی پرسی نەتەوەخوازی و لە فاکتەرە گرنگەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزمی کوردییە.

## رۆڵی بارزانییەکان

سەرکردەی مێژوویی کورد مەلامستەفای بارزانی، لەگەڵ هێزەکەید لە کوردستانی باشوورەوە چووبوونە هانا و یارمەتیی کۆماری کوردستان، رۆڵێکی گرنگ و بەرچاوە و بۆ خۆشی لەلایەن کۆمارەوە وەک ژەنەراڵی سوپای میللیی کۆمار دەستنیشان کرا و ئەوانیش بەشێکی سوپای کۆماریان پێکهێنا. پاش شۆڕشەکانی بارزان کە لە ساڵانی ١٩٣٠ بۆ ١٩٤٥ بوون و شێخ ئەحمەدی بارزانی دەوری رێبەریی تێدا بینیوە، لە کۆتاییەکانیدا مەلا مستەفا کە وەک کەسایەتییەکی کاریزما و شۆڕشگێڕ پێگەیشتبوو، سەرکردایەتیی گرتە دەست و هاوکات لەگەڵ دەسپێکی کۆماردا رووی کردە موکریان و لە مەهاباد گیرسانەوە و بەهۆی ئەزموونی شەڕی پارتیزانی، یارمەتیی زۆری کۆمار و سوپای میللیی کوردستانیان دا و لە چەند ناوچەیەکی کۆمار ئەرکی پەروەردە و بارینانی هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستانیان گرتە ئەستۆ و بەشدارییان لە کۆماری کوردستان وەک لاپەڕەیەکی پرشنگدار و هاوپەیوەندیی نەتەوەیی لەناو کورد دێتە ئەژمار.

## هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی کۆمار

ئارچیبالد بولۆچ رۆزڤێلت، کورەزای سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، تیۆدۆر رۆزڤێلت، لە کتێبەکەیدا «کۆماری کوردیی مهاباد» دەڵێت کێشەی سەرەکیی کۆماری کوردستان ئەوە بوو کە کوردەکان پێویستیان بە سۆڤێت بوو، تەنیا شانسیان، هێزی سوپای سوور بوو، بەڵام ئەم پەیوەندییە نزیکەیان لەگەڵ ستالین و سۆڤیەت وای کرد زۆربەی هێزە رۆژاواییەکان پشتی ئێران بگرن.

قازی محەمەد، هەرچەندە نکۆڵیی لەو راستییە نەدەکرد کە لەڕووی داراییەوە پشتیان بە سۆڤیەت بەستووە، ئەوەی رەت دەکردەوە

که حزبی دیموکراتی کوردستان پارتێکی کۆمۆنیست بێت، رای گەیاند ئەوە درۆیەکە کە دەسەڵاتدارانی سوپای ئێران دروستیان کردووە، جگە لەوەی ئامانجەکانی خۆی بە زۆر جیاواز لەوانەی سۆڤیەت لەقەڵەم دا، هەروەها، کۆمارەکە بەدەست چەند کێشەیەکی ناوخۆییەوە ئەیناڵاند.

جیاوازییەکی گەورە لە نێوان خەڵکی شار و خێڵەکییەکاندا هەبوو و هاوپەیمانێتییەکەیان بۆ مەهاباد لە داڕماندا بوو. وەک چۆن پێشتریش رای گەیاندبوو، خێڵەکان و سەرۆکەکانیان تەنیا لەبەر ئەو هاوکارییە دارایی و سەربازییانە پشتی قازی محەمەدیان ئەگرت کە لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە وەری دەگرت. لەڕووی داراییەوە مەهاباد و کۆماری کوردستان نشوستی هێنا و ئەوە وەک مەحاڵ وابوو کە مەهاباد لەڕووی داراییەوە هاوتا بێتەوە لەگەڵ ئێران.

## رووخانی کۆمار

دوای ١١ مانگ تەمەنی پڕ دەسکەوتی کۆماری کوردستان لە ٢٦ی ئازاری ١٩٤٧، بەهۆی گوشاری هێزە رۆژئاواییەکان، بۆ نموونە ئەمریکا، سۆڤیەت پەیمانی بە حکوومەتی ئێرانی دا کە لە باکووری ئێران دەکشێتەوە. لە مانگی حوزەیراندا، ئێران دەستی گرتەوە بەسەر ئازەربایجاندا. ئەمە بووە هۆی دابڕانی کۆماری کوردستان لە سۆڤیەت و دواجار بووە هۆی داڕمانی. لەم خاڵەدا، پشتگیرییەکان بۆ قازی محەمەد لە کەمبوونەوەدا بوون، بەتایبەتی لە نێوان خێڵە کوردەکاندا کە لە سەرەتادا پشتگیرییان لێ دەکرد. بەرهەم و سەرچاوەی داراییان نەما و شێوازی ژیانیان بەهۆی دابڕانەکەوە بەرەو سەختی چوو. یارمەتیی دارایی و سەربازی لە سۆڤیەتەوە نەما و خێڵەکان هیچ هۆکارێکیان بۆ پشتگیریکردنی قازی محەمەد نەدەبینییەوە. زۆرێک لە خێڵەکان قازییان بەجێ دەهێشت.

ئەرتەشی ئێران کە قورسترین ئامێری شەریان چەن تانکی کۆن و قۆڕازە بوو، رۆژی ٢٠ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦ای زایینی) گەیشتە دەرەوەی شاری تەورێز و رۆژی ٢١ بە هەڵاتنی سەرۆکۆماری ئازەربایجان بۆ سۆڤیەت کۆماری ئازەربایجان ڕووخا و ئەرتەش شاری تەورێزی داگیر کرد. دوای ئەوە ئەرتەش لەوێوە بەرەو مەهاباد وەڕێ کەوت. لەو ناوچانەی دیکە لە باشوسری مەهاباددا کە خۆیان بە بەشی کۆمار دەزانی و دەسەڵاتی تارانیان بە حکوومەتی ناوەندی نەدەزانی، واتە لە شارەکانی سنە، دیواندەرە، مەریوان هەتا نزیکی سەقز، لە چەند مانگ پێش ئەوە، هێزیان ئامادە کردبوو؛ بەڵام دوای تەورێز ئەرتەش هێزی نوێی لە ڕێگای قەزوێن بۆ سەقز نارد کە لە ٢٠ی سەرماوەز گەیشتنە سەقز و لە ڕێگەی بۆکان بە یارمەتیی هێندێ لە کوردەکانی سەر بە حکوومەتی شا، ڕێگەی مەهابادیان گرتە بەر.

سوپای ئێران بەوپەڕی درندەییەوە هێرشی کردە سەر شار. لە ٥ ی کانوونی یەکەم، ئەنجومەنی شەڕ بە قازی محەمەدیان راگەیاند کە رێ لە هەر پەلامارێکی سوپای ئێران دەگرن کە بکرێتە سەر ناوچەکە. لە ١٥ی کانوونی یەکەم، سوپای ئێران هاتە ناوچەکە و دەستی بەسەر مەهاباددا گرت. لەگەڵ هاتنیان، چاپخانەی کوردییان داخست، فێرکردنیان بە زمانی کوردی قەدەغە کرد، هەر کتێبێکی کوردییان بدۆزیایەتەوە دەیانسووتاند. قازی وەک سەرکۆمار دەستوور دەدات هەتا دەکرێ لە شەڕ خۆ بپارێزن، چون

ماڵوێرانیی پێوەیە. ئەگەرچی لەپێناو وڵات هەموان تێ دەکۆشن، بەڵام بە هۆی جووڵانەوەی سەرنجراکێشی هێزەکانی سۆڤیەت، زۆر بە خێرایی، لە ماوەی چەند ڕۆژدا کوردستانی ڕۆژهەڵات داگیر دەکرێ.

قازی دەزانێ کە بە زوویی کۆمار دەڕووخێت؛ لە نێوان شەڕ یان خۆبەدەستەوەدان، وەک بەرپرسیارێکی گیانی خەڵک، بۆ بەرگری لە کوشتن و وێرانکردن، وەک قارەمانێکی نەتەوەیی خۆ بەدەستەوە دەدات. هەڵبەت سەبارەت بەوە، ڕەخنە دەگرن کە ئایا ئەگەر قازی لەگەڵ مەلا مستەفا بڕۆیشتایە، دواتر نەیدەتوانی قازانجی زیاتر بێت بۆ گەلەکەی؟ بەڵام لە کاتی ماڵئاوایی لەگەڵ مەلا مستەفا، قازی ئاڵای کوردستان دەسپێرێ بە مەلا مستەفا و وەک جوابی ئەو پرسیارە دەڵێ: «من خۆم فیدای خەڵکی دەکەم و هیچکات وەک پێشەوەری و سەرانی ئازەربایجان ناکەم، تا وڵاتەکەم لە خوێندا شەڵاڵ بێت و هەزاران کەس بە کوشت بچن.»

دواجار پاش دادگایەکی نادادپەروەرانەی سەربازی و بێ پارێزەر لەلایەن ئەفسەرانی سوپای ئێرانەوە، لە بەرەبەیانی ٣٠ی ئاداری ١٩٤٧، قازی محەمەد و سەدر و سەیفی قازی بەتۆمەتی خیانەت لە دەوڵەتی ئێران هەر لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد ئەو شوێنەی کە کۆماری تێدا ڕاگەیەندرا، لە سێدارە دران.

کاریگەری و شوێندانەریی کۆماری کوردستان لەسەر کورد و ناوچەکە و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان، سەرنجی نووسەر، توێژەر و لێکۆڵەرانی کورد و بیانیی ڕۆژهەڵاتناسانی بۆ لای خۆی راکێشاوە و لەم بارەوەدەیان کتێب و نامیلکە بە کوردی، فارسی و زمانە بیانییەکان نووسراون هەرچەند کۆماری کوردستان لە روانگەی دوژمنانی کوردەوە کۆتایی پێهات، بەڵام بیر و ئامانج و ڕێبازی کۆماری لەبن نەهاتن و ئێستاش پاش حەوت دەیە خەبات و قوربانیدان و هەوراز و نشێو «حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران» وەک دامەزرێنەری کۆماری کوردستان هەر بەردەوامە لە خەبات و کەسێتیی «پێشەوا قازی محەمەد»یش لە ڕێبەرێکی حیزبی و ناوچەییش تێپەڕیوە و بووەتە کەسێتی و ڕێبەرێکی نەتەوەیی و هەموو ساڵێک بە ڕێزەوە یادی لەدایکبوون و لەسێدارەدانی لە ڕۆژهەڵات و باشووری نیشتمان دەکرێتەوە.

سەرچاوەکان:

- کتێبی «کۆماری سەربەخۆ (مستقل)ی کوردستان لە نووسینی: سۆران کەرباسیان
- سەرۆک کۆماری کوردستان: لە نووسینی: سۆران کەرباسیان
- روانگە - ماڵپەری وێنە مێژوویییەکانی کۆماری کوردستان
- ماڵپەڕی: www.kurd.on

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز / ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێویری ٢٠١٦


# (٧٠) ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا تێپەڕ دەبێت

(سبەی):

ماوەی (٧٠) ساڵ بە سەر دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا تێدەپەڕێت، کە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەمەد هاتە کایەوە و ماوەی نزیکەی ساڵێک حوکمڕانی چەند ناوچەیەکی کوردستانی کرد و مەهابادی کردە پایتەختی خۆی.

## چۆنێتی دروستبونی کۆماری کوردستان

بە هۆی ئەو ململانێیەی لەنێوان ئەمەریکا سۆڤیەتدا هەبو کە دواتر جەنگی ساردی لێکەوتەوە، ساڵی (١٩٤١)دا راپەڕینێکی جەماوەری لەناوچە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان رویدا و کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەیان لە حکومەتی ناوەندی ئێران سەندەوە و گرتیانە دەست، دواتریش پارتێکی سیاسی بۆ بەرێوەچونی ناوچەکە بە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێ کاف) دامەزرا، قازی محەمەدیش کە سەرۆکی بنەماڵەی قازییەکان بو پەیوەندی بەو پارتەوە کرد.



لە ئەیلولی ساڵی (١٩٤٥)دا قازی محەمەد و چەند سەرکردەیەکی تری کورد سەردانی تەبرێزیان کرد و چاویان بە کونسوڵی سۆڤیەت کەوت بەو نیەتەی پشتگیری پێکهێنانی کۆمارێکی نوێی کوردی وەرگرن، دواتریش رەوانەی باکۆ کران و لەوێ ئاگاداری ئەوە بونەوە کە پارتێکی ئازربایجانی هەیە بە ناوی پارتی دیموکراتی ئازربایجان و دەیەوێت دەست بە سەر ئازربایجانی ئێراندا بگرێت، دواتریش ئەنجامەکە بەوشێوەیە کەوتەوەو پارتی دیموکراتی ئازربایجان لە (١٠)ی کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٤٥)دا دەستی بە سەر ئازربایجانی ئێراند گرت کە پێشتر بە دەست سوپای ئێرانەوە بو، پێشەوا قازی محەمەدیش بۆ دوبارەکردنەوەی ئەو ئەزمونە و دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی، بە پەلە گەڕایەوە کوردستانی رۆژهەڵات و لە (١٥)ی هەمان مانگدا کۆمارێکی کوردی دامەزراند، بەڵام هێشتا کۆمارە رەسمییەکەی مەهاباد نەبو.

## راگەیاندن و ئامانجی کۆماری کوردستان

لە (٢٢)ی کانونی دوەمی ساڵی (١٩٤٦)دا قازی محەمەد قازی عەلی لە بنەماڵەی قازییەکانی شاری مەهاباد و لە تەمەنی (٤٦)

ساڵیدا، یەکەم کۆماری کوردی بە ناوی کۆماری کوردستان، لەسەر رووبەری (٢٦٥) هەزار کیلۆمەتر دامەزراند و زمانی کوردی وەک زمانی رەسمی کۆمار دیاریکرد و خۆی وەک سەرۆک کۆمار دیاریکرا و دەزگای چاپ دامەزراو گۆڤارو رۆژنامە بڵاوکرایەوە و شانۆی کوردی دامەزراو سوپایەکی (١٥) هەزار سەربازی لە ژێر ناوی (پێشمەرگە) دامەزرا.

لەبەیاننامەی دامەزراندنی کۆماری کوردستانیشدا ئامانجی کۆمار راگەیەندرا کە بریتی بون لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی هەمو ئێران و زمانی کوردی بکرێتە زمانی راگەیاندن و خوێندن و ئیدارە و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا بۆ کوردستان بە مەبەستی چاودێری دەوڵەت، هاوکات هەمو بەرپرسەکان لە خەڵکی ناوچەکە هەڵبژێردرێن و یاسایەک هەبێت بە یەک شێوە مامەڵە لە گەڵ کرێکار و کەسایەتییە باڵاکاندا بکات.

## پێکهێنانی کابینەی حکومەت

پاش (٢١) رۆژ لە پێکهێنانی کۆماری کوردستان و لە (١١)ی شوباتی ساڵی (١٩٤٦) پێشەوا قازی محەمەد، سەرۆک کۆماری کوردستان، یەکەم کابینەی حکومەتی کوردی بە سەرۆکایەتی حاجی بابا شێخ پێکهێنا کە چەند وەزارەتێکی لەخۆی گرتبو.

لە کابینەی حکومەتەکەی حاجی بابا شێخ، محەمەدی حسێنی خانی سەیفی قازی بە وەزیری پێشمەرگە و محەمەد ئەمینی مەعینی بە وەزیری دەوڵەت و ئەحمەدی ئیلاهی بە وەزیری دارایی و کەریمی ئەحمەدی بە وەزیری پۆستە و گەیاندن و مەنامی کەریمی بە وەزیری رۆشنبیری و سدیقی حەیدەری بە وەزیری راگەیاندن و خەلیلی خەسرەوی بە وەزیری کار و حاجی مستەفا داودی بە وەزیری بازرگانی و مەحمود وەلی زادە بە وەزیری کشتوکاڵ و ئیسماعیلی ئیلخانی زادە بە وەزیری رێگاوبان و سەید ئەحمەد ئەیوبییان بە وەزیری بەهرەداری و عەبدولڕەحمانی ئیلخانی زادە بە وەزیری موشاویر دیاریکران، هاوکات مەلا حسێنی مەجدی وەک سەرۆکی دادگای باڵا دانرا.

## کۆتایی کۆماری مەهاباد

لە (٢٦)ی ئازاری ساڵی (١٩٤٧) پاش ئەوەی سۆڤیەت پەیمانی بە حکومەتی ئێراندا لە باکوری ئەو وڵاتە بکشێتەوە، لە مانگی حوزەیراندا ئێران دەستی بە سەر ئازربایجاندا گرتەوە، بەوەش کۆماری مەهاباد لە یەکێتی سۆڤیەت دابڕا، هاوکات ئەو خێڵانەی لە سەرەتاوە پشتگیری کۆمارەکەیان دەکرد لە روی ئابورییەوە لاواز بون، هەرچەندە لە پێنجی کانونی یەکەمدا ئەنجومەنی شەڕ بە قازی محەمەدیان راگەیاند رێگە لە هەر پەلامارێکی ئێران دەگرن بۆ سەر کۆمارەکە، بەڵام پاش (١٠) رۆژ و لە (١٥)ی کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٤٧) سوپای ئێران هاتە ناوچەکە و دەستی بە سەر مەهابادا گرت، لە (٣١)ی ئازاری هەمان ساڵیشدا پێشەوا قازی محەمەد، سەرۆکی کۆماری کوردستان، بە تۆمەتی خیانەت کردن لە ئێران لە سێدارە درا.




## پێشەوا قازی محەمەد

قازی محەمەد قازی عەلی، بە پیشە قازی، لە ساڵی (١٩٠٠) لە مەهاباد لە دایکبوە، قازی عەلی باوکی لە ساڵی (١٩٣٠) ڕێکخراوێکی کوردی بە ناوی بزوتنەوەی محەمەد پێکدەهێنێت و قازی محەمەدیش لەو ڕێکخراوەدا دەبێت، پاش مردنی باوکیشی دەبێتە قازی مەهابادو لە سەردەمی ئەودا یەکەم خوێندنگای کچان لە مەهاباد دەکرێتەوە، پاش ئەوەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردیش دادەمەزرێت قازی محەمەد پەیوەندییان پێوەدەکات و دواتر کۆمەڵەکە دەگۆڕێت بۆ پارتی دیموکراتی ئێران و خۆی دەبێتە سەرۆکی پارتەکە، دواتریش هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە و کۆماری کوردستان لە (٢٢)ی کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٤٦) دادەمەزرێنێت، پاش کەمتر لە ساڵێکیش کۆتایی بە کۆمارەکەی دێت و لە سێدارە دەدرێت.

## پرۆسەی لە سێدارەدانی سەرۆک کۆماری کوردستان

بە چەند تۆمەتێک کە بریتین لە گۆڕین و دەستکاری کردنی نەخشەی وڵاتی ئێران و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و داگیرکردنی بەشێک لە خاکی ئێران بە ناوی کوردستان و بازرگانیکردنی نەوت لەگەڵ سۆڤیەت بە بێ ئاگاداری و ڕەزامەندی دەوڵەتی ناوەندی و سازکردنی نەخشەی کوردستانی گەورە بە لکاندنی کوردستانی ئێران و عێراق و تورکیاو سوریاو هێنانەناوەی بێگانە و دانانی ئاڵای جیاواز بۆ کوردستان بە ئارمی چەکوش و داس بە شێوەی ئاڵای سۆڤیەت و لێدانی سکەی پوڵ بۆ کوردستان بە وێنەی ڕوپیەی ڕوسی، لە (٣١)ی ئازاری ساڵی (١٩٤٧) پێشەوا قازی محەمەد لە سێدارەدرا.

قازی محەمەد لە هەمان مەیداندا کە مەیدانی چوارچرای مەهابادە و کۆماری کوردستانی تێدا ڕاگەیەندرا، لە گەڵ حەمە حسێن خانی سەیفی قازی ئامۆزای و ئەبولقاسم سەدری قازی برایدا لە سێدارەدران، وەک ڕۆژنامەنوسێکی سەردەمی شای ئێرانیش دەیگێڕێتەوە، پێشەوا قازی محەمەدی سەرۆک کۆماری کوردستان داوایکردوە، تیربارانی بکەن، چونکە لە سێدارەدان شەرعیی نیە، هاوکات ڕێگەیشی نەداوە چاوی ببەسترێت و وتویەتی: حەز دەکەم لە کۆتا چرکەی ژیانیشمدا بە سەربەرزی و چاوی کراوەوە لە نیشتیمانی خۆشەویستم بڕوانم.

قازی، ڕودەکاتە سەربازانی مەیدانەکەش و دەڵێت: ئێوە قازی محەمەدێک دەکوژن، بەڵام بزانن لە هەر تنۆکە خوێنێکی من، قازی محەمەدێکی دیکە شین دەبێتەوە. دواجار دەڵێت: "داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لەپێناو ڕزگاریی کوردستاندا یەک نەخات".

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی / ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێویری ٢٠١٦




# ٢ی ڕێبەندان ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە بەئاسمانی کوردستانەوە

**حەمە جاف**



٢ی ڕێبەندان حەفتا ساڵ بەسەر بەشکۆترین دەسکەوتی مێژووی کورددا تێدەپەڕێت. یەکێک لە ڕۆژە هەرە گرینگەکانی میژوو و بزافی کوردە لە هەر چوار بەشی کوردستاندا، چوونکە بۆ یەکەمین جار ئەستێرەیەکی پرشنگدار بە ڕووی کوردا دەدرەوشێتەوە و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا، کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دادەمەزرێ. هەنووکەش لەهەموو بەشەکانی کوردستان باس لە دەوڵەتی کوردی دەکرێ، هەموو کوردێکی بەشەرەف و ڕاستەقینە بە شانازییەکی هەرە زۆرەوە باس لەو کۆمارە بە شکۆ و مەزنە دەکات.

پارتێکی سیاسی بۆ بەڕێوەچوونی ناوچەکە بە ناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ( ژ ـ ک ) ژێکاف دامەزرا، و دوای سێ ساڵ بەهۆی گۆڕانکارییەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و شکستی فاشیزم، لاوازیی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران، پێشەوا قازی محەممەد بە زانایی خۆی دۆخەکە هەڵدەسەنگێنێ و هەست بەوە دەکا کە کورد پێویستی بە ڕێکخراوێکی دێموکراتیکی سەردەمیانەتر هەیە، بۆیە ناوی کۆمەڵەی ژێکاف دەگۆڕێ بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ڕاستە تەمەنی درەوشاوەی کۆمارە تاقانەکەی کوردستان، تەنیا یازدە مانگ بوو، بەڵام لەو دەرفەتە کورتەدا چەندین دەسکەوتی هەرەگرینگی بۆ کورد هەبوو، بۆ نموونە؛ هەر لە دامەزراندنی قووتابخانەی کوردی، تا چاپ کردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی و دامەزراندنی سوپای کوردی لە ژێر ناوی (پێشمەرگە) و بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لە هەموو دامودەزگا و ناوەندەکانی ئەو کاتەی کۆماردا و لەهەموو گرینگتر، هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و چەندین دەسکەوتی پڕ بایەخی دیکە کە هەنووکەش جێگای شانازی و سەر بڵیندیی هەموو تاکێکی کوردە.

کۆماری کوردستان لە سەردەمێکدا سەری هەڵدا و دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی لە کوردستاندا جێگیر و دەستەبەر کرد کە تێکڕای حکوومەتەکانی ناوچە، عەشیرەیی و پاشایەتی بوون. ٧٠ساڵ لەوە پێش لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە کردەوە هەنگاو بۆ دامەزرانی دەوڵەتێک هەڵگیرا و لەو دەوڵەتەدا هەوڵی جێگیر کردنی پرسێک درا کە هەنووکەش هەندێک لە وڵاتانی جیهان خەباتی بۆ دەکەن، کە ئەویش بەرابەریی کۆمەڵگا و ئازادیی ڕادەربڕینە. لەکاتی کۆمارە شکۆدارەکەی کوردستاندا تەنیا یەک زیندانی هەبووە، ئەویش سیاسی نەبووە! دەتوانین بڵێین لەو سەردەمەدا بە جۆرێک ئەو حکوومەتە بونیان و ئورگانیزە کراوە کە تایبەتمەندییەکانی ئەوکاتی، بووە بە هۆی ئیلهامدەریی و ڕۆشنبیریی خەباتکارانی ئێستای کورد بۆ بزووتنەوەیەک کە ئێستا زۆربەی

وڵاتانی جیهان پاڵپشتیی خۆیان بۆ دەوڵەتی کوردی دەردەبڕن.

هەروەها کۆماری کوردستان ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە بۆ بەشداری کردنی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان و کوردانی پارچەکانی دیکە و بەتایبەت بارزانییەکان وەکوو هاووڵاتیی کۆماری کوردستان لەو هەرێمەدا دەژیان و ڕۆڵیشیان هەبووە لە بەڕێوە بردنی کاروباری حکومەتدا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو حیزبی دامەزرێنەری کۆمار و لە سەرووی هەمووشیەوە پێشەوا قازی محەممەد، بە تێگەیشتنی دێموکراتیکانەی خۆی ئەو دەسەڵاتەی لە مێژووی گەلی کورددا کردە نموونە، تێکڕای چین و توێژەکانی کومەڵگا لە تەمەنی کورتی کۆماردا کەوتنە گەشە کردن و توانای بەڕێوەبەریی سیاسیی گەلی کوردیان بە دەستی خۆیان، بە جیهانیان ناساند.

بەڵام بەداخەوە کۆمارە کۆرپەکەی کوردستان و شانازییە هەرە مەزنەکەی گەلی کورد، زۆری نەخایاند و پاش یازدە مانگ بە هۆی ڕێژەی نەخوێندەواریی زۆربەی خەڵکی کوردستان و دەستێوەردانی دوو لایەنی زلهێزی هاوپەیمان ئەمریکا و بریتانیا لە باشوورەوە و یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو لە باکوورەوە هاتنە نێوخاکی ئێران و بەشی هەرەگەورەی وڵاتی ئێرانێیان داگیرکرد و فێئۆدالەکانی ئەوکات کە زۆربەی شۆڕشگێڕان لەسەر بنچینەی عەشیرەگەریی و دەرەبەگایەتی دامەزرابوون و هەر لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی عەشیرەگەریی بەشدارییان لەشۆڕشدا دەکرد و هەرکات بەرژەوەندییان لەگەڵ شۆڕشدا نەدەما، دەچوونە پاڵ وڵاتی داگیرکەر، لەهەموو گرینگتر چۆڵکردن و پاشگەزی وڵاتی ڕووسیە و هاوکاری نەکردنی، بوونە کێشە و سەرەکیترین کۆسپ بوون لە بەرانبەر بووژانەوەی فکریەتی نەتەوایەتی و تەمەندرێژیی کۆماری کوردستان، بەڵام دەبێ ئەوەمان بیر نەچێ و نائومێد نەبین لەوەی کە بۆ جارێکی دیکە نەتوانین ببینە خاوەنی کۆمارێکی دێموکراتیک لە ناوچەکەدا!

بۆیە دەبێ هەردەم ئەوەمان لەبیر بێ و گەشبین بین بەوەی تاکوو شۆڕشگێڕان و قووتابیانی ڕێگای سەربەستیی کوردستان هەبن و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جێگیر بێ، بۆ جارێکی دیکە هیوا و هومێدی نوێ دەدەن بە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەبینە خاوەنی ئەو خەونە لەمێژینە کە ٧٠ساڵە خەونی پێوە دەبینین. بەرز و پیرۆزبێ ٢ی ڕێبەندان ساڵیادی کۆمارە بەشکۆ و مەزنەکەی کوردستان.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە را و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا / ڕێکەوتی: ١٨ای جانێویری ٢٠١٦

# بەرەو دووەم کۆماری سەربەخۆی کوردستان

سەلاح باباعەلی

دووی ڕێبەندانی ئەمساڵ، حەفتایەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهابادە کە تیایدا لەلایەن پێشەوا قازی محەمەدەوە دامەزراندنی ئەو کۆمارە ڕاگەیەندرا و ئەوەش بووە لاپەڕەیەکی پرشنگدار لە مێژووی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و نەوە لە دوای نەوە شانازی پێوە دەکەن کە کورد لەو سەردەمەدا توانی سوود لە هەلومەرجی ئەوسا و بارودۆخی ئەوکاتی ئێران و ناوچەکە وەربگرێت و بڕیاری سەربەخۆیی بدات.

کۆماری کوردستان هەر زوو توانی ببێتە ڕووگەی ئاوات و هیوای سەرجەم کوردان لە هەرچوار پارچەی کوردستان و خزمەتگەیاندن پێی و پاراستنی، بووە ئەرکی نیشتمانپەروەران و لەو ڕووەوە نموونەی بەرچاو، هاوکاریی مستەفا بارزانیی نەمر و یاوەرانی بوو لە گرتنە ئەستۆی پاراستنی دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان و، ئازایەتی و قارەمانێتیی بارزانیش گەیشتە ئاستێک کە مەدالیای ژەنەراڵی لە بەرۆکی درا.

دوای تێپەڕینی ٧٠ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە مێژووییە، جارێکی دیکە گەلی کورد لە بەشێکی دیکەی کوردستان، لە باشوور، خۆی لە بەردەم ئەرکێکی گرنگدا دەبینێتەوە کە ئەویش هێنانەدیی ئاواتی باب و باپیران و ویست و خواستی نەوەکانی ئەمڕۆ و بەجێگەیاندنی بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر نەوەکانی داهاتووە. ئێستا کە حکومەتی عێراق توانای ئیدارەکردنی وڵاتی نەماوە و شەڕ و ململانێی سیاسی و تائیفی لە نێوان پەیرەوانی شیعە و سوننە لە وڵات گەیشتووەتە لووتکە و کارەسات و شەڕ و ماڵوێرانییان بۆ خەڵکەکەی بە دیاری هێناوە، کورد مافی خۆیەتی لەو ناکۆکییە مەزهەبییانەوە تێوەنەگلێت و نەبێتە بەشێک لە ساخبوونەوەی تائیفی، هەربۆیە دەرفەت لەبارە بۆ ئەوەی سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت و بە وڵاتانی زلهێز و بەدەسەڵاتی جیهانیش پێکەوەژیانی ئاشتییانیەی کورد و عەرەب لە عێراق بە چارەسەرێکی گونجاو دەزانن، ئەوەش دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ گەشەسەندنی ئابووری و سیاسی لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

ئەوەی ئێستا گرنگە، یەکدەنگی و یەکهەڵوێستیی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە نەتەوەییە و ئەرکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو ڕووەوە لە هەمووان قورسترە، بۆ ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ لێکتێگەیشتنی زیاتری لایەنەکان لەسەر ئەو پرسە، چونکە لە بنەڕەتدا سەربەخۆیی ئاواتی خەڵکی کوردستانە و حزبەکانیش ئامرازێکن بۆ گەیشتنی گەلەکەیان بە کەناری ئارامی و ئاسوودەیی.

گەیشتنی کوردستان بە ڕیزی وڵاتانی سەربەخۆی جیهان، ئەرکی هەمووانە، دەبا پێشمەرگەی فیداکاری کۆمارەکەمان بین و ئەو

هەلە لە دەست نەدەین کە بۆ نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان هاتووەتە ئاراوە، با نەبینە کەواسووری بەر لەشکری بێگانە و نەیارانی کورد بۆ لەباربردنی ئەو ئاواتەی گەلەکەمان، چونکە مێژوو لەو کەسانە خۆش نابێت. بە یەکگرتوویی بەرەو دامەزراندنی دووەم کۆماری سەربەخۆی کوردستان هەنگاو دەنێین و بەوەش ڕۆحی پێشەوا و سەرجەم شەهیدانی کوردستان ئاسوودە دەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باس نیوز / ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٦






# کۆماری کوردستان لە هاوکێشە سیاسییە جیهانیەکاندا

**ئازاد کەریمی**



ڕۆژنامەی « کوهستان» ژمارەی ١٥، ڕۆژی شەممە ١٤ای جۆزەردانی ١٣٢٤ای هەتاوی، ڕاپۆرتێکی دەستەی چاودێری دەوڵەت (هیئت بازرسی)بڵاودەکاتەوە کە لە بەشێکیدا هاتوە: «کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆیەو شاهنشینێکی کوردی تێیدا دەسەڵاتداری دەکات. ئەنجومەنی وەزیران و هێزی بەرگری تێیدا بەرپاکراوە و ستاندنەوەی کوردستان پێویستی بە دەستێوەردانی سەربازیو نیزامی، خوێنڕژترینو کوشتار، لە ناوبردنی نەیاران و دژبەران و داماڵینی چەکی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هەیە» (١). دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەرئەنجامی هەموو پەرەسەندنە سیاسییەکانی دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی سەدەی بیستەم بوو. وەرچەرخانە سیاسییەکانی قۆناغی دەسپێکی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیو بەدناو بوونی فاشیسم بە ئەزمونی ڕسواو بێ ئاکامی نازیسمی هیتلێریو کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٥ کە بە زیاتر لە کوژرانی ٤٠ ملێون مرۆڤ لە ئوروپاو ناوچە جیاوازەکانی جیهانەوەو سەرکەوتنی سۆڤیەتی کۆمۆنیستی بە سەر ئاڵماندا، کۆلۆنیالیسم یان « استعمارگری» ی کلاسیکی خستە ئاویلکەوە. چێرچیل بریتانیای لە ژێر بۆنی بارووت، پەردو، وێرانەو جۆگەی خوێندا کردە براوەی شەڕ، بەڵام ئازادیخوازانی موستەعمەراتی پاشایەتی بریتانیا نەیاندەتوانی لەوە زۆرتر «دان بە خۆداگرتن» بکەن بە تاکتیک بۆ دروست کردنی کۆشکی ئازادیی خەیاڵەکانیان لە دنیای ڕاستییەکانی ژیاندا. سۆڤیەت بە پێچەوانەی بریتانیا لای سەرووی ئێرانی چۆڵ نەکرد هەربۆیە بریتانیا کەوتە بزاڤێکی بێوێنەی دیپلۆماتیکەوە بۆ ئەوەی سۆڤیەت بە شێوازێکی کەم تێچوو- لە هەموو بوارێکەوە- لە ئێرانی پەیمانی سێنتۆ (سەعداباد ١٩٣٧) بکاتە دەرەوە. شارەزایانی سیاسی دەزانن بڕیارنامەی سێنتۆ لە ژێر چاودێری بریتانیا لە ساڵی ١٩٣٧دا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیای کۆلۆنیالیستی(استعماری) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جیهانی عەرە بی و هێندوستان بە هاوبەشی ئێران، عێراق، تورکیاو ئەفغانستان مۆرکرا... ماخولیای ئێران، تورکیاو عێراق لە بابەتی شۆڕشەکانی کورد کە بە شێوازی دەورەییو ناوبەناو لەوسێ دەوڵەتەدا سەری هەڵئەداو دراوسێ بوونی کورد لە گەڵ قەفقاز کە بەشێک لە قەڵەمڕەوی سۆڤیەت بوو، هەروەها هەبوونی بەشێکی بەرچاوی کورد لە ڕووسیا وەک دانیشتوو، مەترسی دەستێوەردانی سۆڤیەتی لە دۆزی کورددا بۆ ئەو سێ دەوڵەتە زەق دەکردەوە، هەربۆیە پەنایان بۆ هەموو جۆرە ئامرازێکی ناڕەوا دەبرد کە ڕەواڵەتی بابەتەکە بگۆڕن بۆ ئەوی کە دۆزی کورد مەترسییە بۆ ئاسایشی ناوچە کە و هەروەها دنیا! هەمووی ئەم شانۆگەریە فێڵبازانەش وەک کارتێکی» پۆکێر»بوو لە




قوماری سیاسی نێودەوڵەتی ئەوسەردەمەدا.

بریتانیا لە کاتی شۆڕشەکانی کورد لە لوتکەی دەسەڵاتداری جیهانذا بوو... هەربۆیە هەر بابەتێکی سیاسیو گۆڕانکارییەکانی ناوچەیی لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی بریتانیاوە خوێندنەوەی بۆ دەکرا کە لە ژێر ئەم مەتەڵۆکەدا لەقاو دەدرایەوە: «هەتاو لە ئێمپراتوریای بریتانیادا ئاوا نابێت»، دیارە مەبەستەکە سەرتاسەری جیهان دەگرێتەوە.

بەهەرحاڵ سۆڤیەت لە دوای شەڕی دووهەم ڕووی لە گەشە بوو، دروشمەکانی بۆ ئازادی گەلان، گوێگری تامەزرۆی لە دنیادا بۆخۆی پەیدا کردبوو... بریتانیا لە هەمبەر سۆڤیەتدا خۆی بە دۆڕاو دەزانیو ئەمریکاش وەک یەکەم براوەی شەڕی دووهەم تازە سەری هەڵدابوو،فەڕانسەش دەوری نەمابوو.

چۆڵ نەکردنی ئێران لە لایەن سۆڤیەتەوە بە گوێرەی دەرهاتەی کونفرانسی تاران (١٩٤٣ز) کە تێدا پێشبینی کرابوو لە دوای لە ناوبردنی هیتلێر دەبێ بریتانیاو سۆڤیەت لە باکوورو باشووری ئێران بچنە دەرەوە وسەرپێچی کردنی سۆڤیەت لە پەیمانی تاران بیانووی دایە دەستی بریتانیاو ئەم دەوڵەتە سکاڵای لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دژ بە سۆڤیەت بەرز کردەوە، کۆماری کوردستان بۆ کوردو ئێران، تورکیا، عێراق یەک مانای هەبوو، یەکەیەکی خودموختار واتە یەک دەوڵەت یان یەک فەرمانڕەوایی نەتەوەیی بە گوێرەی یاسای نێونەتەوەیی(حقوق بین‌الملل) کە ئەم سێ ئایتەمەی لە خۆی دەگرت:

١- توانای دروست کردنو چاکسازی لە یاساکاندا بە پێی سیستەمی یاسایی وڵات
٢- دەسەڵاتی سیاسیو ڕەوشتی(اخلاقی) دەوڵەت، لەو ڕووەوەکە دەسەڵاتی یاسایی لە سنورەکانی خۆیدایە
٣- سەربەخۆیی سیاسیو دادوەری(قضایی) کۆمەڵگەیەکی سیاسیو ڕامیاری(٢)

لە ڕاستیدا هەرواش بوو، کۆماری کوردستان لە ماوەی نزیک بە یەک ساڵ فەرمانڕەوایی خۆیدا خاوەن «حاکمیت ملی» یان (فەرمانڕەوایی نەتەوەیی) خۆی بوو... لەوانەیە پێویست نەکات بچینە ناو وردەکاریەکانی هەڵسوکەوتی ئیداریو فەرمانڕەوایانەی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦دا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بەرەی دژە کورد( ئێران- عێراق- تورکیا) ئەم بابەتە واتە ڕەفتاری سیاسی کۆماری کوردستان بۆچی وەک زەنگی مەترسی بۆ خۆی لە قەڵەم دەدات، لە ڕاستیدا بۆ ئاتاتورک و ڕەزاشاو مەلێک فەیسەڵ بەشداری کردن لە پەیمانی سەعداباد زیاتر لەوەی دەربڕینی هەستی وەفادارنەو نۆکەر سفەتیان بێت بۆ بریتانیا، وەرگرتنی گارانتیەکی

گەورەی نێونەتەویی لە سەرووی هەموویەوە بریتانیا واتا زلهێزی جیهان لەو سەردەمەدایە بۆ ئەوەی مەترسیو خەمی گەورەی» دەوڵەتی کوردستان» لە پاڵدەستیانذا برەوێنێتەوە کە ناوەندی وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە....

بەهەرحال ئەگەر دەڕوانینە ڕەفتارەکانی دەوڵەتێکی دژبەری کورد وەک تورکیا دەردەکەوێت لە بەرپاکردنی کۆماری کوردستان

هەراسان بووە. بەڵگەش ،نامەی» ئیدێن» وەزیری دەرەوی بریتانیایە بۆ «مۆلۆتۆف» وەزیری دەرەوی سۆڤیەت سەبارەت بە گازندەنامەی «حەیدەرئۆکتای» وەزیری دەرەوی تورکیا بۆشاژنی بریتانیا لە مەڕ مەبەستەکانی کورد بۆ بەرپاکردنی دەوڵەتی کوردستان هەروەها دەوڵەتی عێراق زۆربە توندی هێرشی کردە سەر شۆڕشی یەکەمی مەلا مستەفای بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣دا لە بەر ئەوەی ئاگای لە جموجۆڵی کوردەکانی ڕۆژهەڵات هەبوو کە دەیانویست چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن لە ڕێگەی بەرپاکردنی کەیانێکی سیاسی‌یە وە کە ڕێکخراوی «ژ. کاف» خەریکە پڕوپاگەندەی بۆ دەکات و ئەویش بووە بە پێگەی کوردانی ئازادیخواز لە هەموو بەشەکانی کوردستان‌ولە سەروو هەموویانەوە ئێران، دژبەری ڕاستەوخۆی کۆماری کوردستان هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ ئەوەی کۆماری کوردستان لە ناو ببات. هەربۆیە کەوتە سیخوڕی کردن لە کوردستان‌دا تاکوو خاڵە لاوازەکانی کورد لەو گل‌و خولەدا بدۆزێتەوەو زەبری جەرگبڕی لێبدات.

شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی سەقز لە ساڵی ١٩٤١دا هەتا دەگاتە هەوڵەکانی بۆداگیرکردنی مەهابادی پایتەختی کۆمار لە دوای پەیمانی گڵۆلان لە ساڵی ١٩٤٦دا لە ڕێگەی سەردەشتو سەقزەوە کە شەڕی یەکەم‌و دووهەمی مامەشاو قاراواو شەڕی مێرەدێ نموونەن بۆ توندوتیژی دەوڵەتی تاران لە دژی کۆماری کوردستان.

دیارە بریتانیاو سۆڤیەت گەمەی خۆیان دەکرد لە گۆڕەپانی سیاسەتی نەفتی جیهانی‌داو هەم کۆماری کوردستان‌و هەم دەسەڵاتەکانی دژبەری کۆماریان بەیەک چاو دەبینی، بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو بەرژەوەندیەکانی کورد نەدەچوە خانەی دابین‌کردنی بەرژەوەندیەکانی بریتانیاو سۆڤیەتەوە، هەرچەند لە سەرەتادا وادەردەکەوت سۆڤیەت لە بەدیهێنانی دروشمەکانی‌دا ڕەوشت بەرزی دەپارێزێت، بەڵام لە دوایی‌دا دەردەکەوت گرێبەستی نەوتی دەریای قەزوین ناسراو بە» گێس- گوڵشاییان» هەمان هاتو هاواری بریتانیایە بۆ دابین کردنی بەرژەوەندیە نەتەوەیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە کوردستان بەشێک لەو نەوتەی لە ژێر خاکەکەیدا هەبوو. بەڵام بۆچی کوردستان وەک دەوڵەتێکی خاوەن بەرژەوەندی دەسکەوتێکی بۆ وەدی‌نەهاتو تەنانەت دەسەڵاتەکەشی کۆتایی پێهات؟ یەک وڵام ڕوون‌و ئاشکرایە، نەبوونی پێگەی دیپلۆماسی لە فەرهەنگی سیاسی جیهانی سەدەی بیستەم‌دا... ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی کورد لە سەدەکانی پێشوودا،کورد هیچ‌کات وەک یەکەیەکی سیاسی نێونەتەوەیی لە گۆڕەپانی ڕووداوەکانی جیهان‌دا دەرنەکەوتبوو... ڕاستە میرانی کورد فەرمانڕەوای هەرێمە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بوون، بەڵام هیچ‌کات وەک دەوڵەت لە گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانی سەدەکانی دوای ڕۆنێسانسدا دەرنەکەوتبوون. ئەوە لە کاتێکدا بوو سەفەوی، قاجاروعوسمانی لە گەڵ ڕۆژدا سیاسەتیان دەکردو بنکەی ئیداری نەتەوەیی خۆیان لە جیهانی سیاسەتدا دەپاراست.

بەهەرحاڵ کورد لە کۆماری کوردستان‌دا بەختی خۆی تاقی کردووەوئەزموونێکی هەرچەند کەم ماوەی پێشکەشی جیهانی سیاسەتو فەرهەنگی یاسای نێودەوڵەتی کرد، هەرچەندە لە تەوەژمی ڕکابەری‌و بەرانبەرەکێی سیاسی زلهێزەکاندا لە ناوچوو، هەروەها دەوڵەتانی دژبەری بەم ڕوخاندنە شادو بەختەوەر بوون، بەڵام ڕاپۆرتی «هەیئەتبازرسی» یەک ڕاستی دەدرکێنێ: لە ناوبردنی کوردو داگیرکردنی کوردستان تێچووی زۆری دەبێتو ئەگەر دەوڵەتانی نەیاری دۆزی کورد بیانهەوێت کورد لە ناو ببەن دەبێ لە مانەوەی خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا ماندوو بووبێتن‌و دەستێان لە خۆیان داشۆردبێت... ئەزموونەکانی ساڵانی دواتر ئەم ڕاستیەی بۆ ئێرانییەکان

***دەرخست دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانەخراویەو بە دانەخراوەیی دەمێنێتەوە...***

***ژێدەرەکان:***

***١- قاضی محمد و جمهوری درآینەی اسناد/ بهزاد خوشحالی، چاپ یکم، فردوسی، همدان ١٣٨٠ ص ٢٧٥***

***٢- دانشنامەی سیاسی (فرهنگ اصطلاحات و مکتبهای سیاسی)/ داریوش آشوری، چاپ چهاردهم انتشارات مروارید ١٣٨٦ تهران***

***٣- جمهوری کوردستان/ حامد گەوهری، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، چاپخانەی شهاب،اربیل،مترجم حسن ماورانی، ص٤٧***

***لە ژمارە ٦٤٩ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە***

***سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٤ی فیبریویری ٢٠١٥***

# با هەموو ڕۆژێ پەیامی ٢ی ڕێبەندانمان لەبیر بێ

ئاهۆ زێتا

نەتەوە سەربەستەکانی جیهان لە ڕەوتی مێژوویی دەرکەوتن و گەشەسەندنی خۆیاندا ڕۆژی ڕووداوگەلی چارەنووسساز و جێی شانازیی خۆیان وەک هێمای ناسنامە و هەرمانی سیاسی و کەلتوورییان دەستنیشان دەکەن و یادیان دەکەنەوە. نەتەوەی کورد سەرەڕای خەبات و بەرخۆدانی چەند سەدەیی خۆی هێشتا بەو ئازادییە نەگەیشتووە کە شایانییەتی و ڕۆڵەکانی خەونی پێوە دەبینن، بەڵام سەرتاسەری مێژووەکەی پڕە لە ڕووداوی گرینگ و پڕ بایەخ ، چ کارەساتەکان، چ سەرکەوتنەکان، کە هەموویان پێکەوە تۆماری دیرۆکی هەستانە سەر پێ و هەنگاونانی ئازادیخوازانەی وی پێک دێنن.



لەنێو هەمووی ئەو ڕووداوانەدا بیرەوەریی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ای هەتاوی بەرامبەر بە ٢٢ ی ژانویەی ١٩٤٦ جێگایەکی تایبەتی و دیارتری لە مێژووی نوێی کورددا هەیە. لەو ڕۆژەدا بە ڕابەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و لەسەر دەستی بەتوانای پێشەوای کوردان، قازی محەممەد یەکەمین و تاقانە کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد ڕاگەیاندرا کە سەرەڕای سنووردار بوونی لەبواری زەمانی و مەکانی و بەرهەم و دەسکەوتەکانییەوە، لە ڕووی زێهنی و سەمبوول و بەهاوە جێگایەکی بێهاوتا مەزنی لە مێژووی بزاڤی کوردی و لە هەست و نەستی نەوە یەک لەدوای یەکەکانی نیشتمانپەروەرانی کورددا بەجێ هێشتووە.

ئەمڕۆ سەرەڕای بوونی باس و خواسی جۆربەجۆر سەبارەت بە ڕەهەندە سیاسی و حقووقی‌یەکانی ئەزموونی کۆماری کوردستان، بیرەوەریی ئەم کۆمارە بە وێنەی بورجی چرا لە شەوگاری چارەنووسی سەخت و نائاسوودەی ڕۆڵەکانی سەرجەم پارچەکانی کوردستان‌دا تیشکان داوێ. بە چەشنێک کە ئەگەرچی کورد هێشتا لە کیانی خۆی بێبەشە هەتا نیهادە دێموکراتیکەکانی ئەو کیانە ڕۆژێکی نەتەوەیی بۆ وەڵاتی خۆیان دیاری بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ ڕووداوێک بارتەقای ڕووداوی پیرۆزی ٢ی ڕێبەندان لە سۆزی وەتەندۆستی و بیری ئازادیخوازانەی کوردەکان‌دا ئەوان لە دەوری خۆی کۆ ناکاتەوە.

هۆکارەکانی ئەم جێگا تایبەتییە کە بە کۆماری کوردستان بەخشراوە فرەن و زۆربەشیان پێوەندییان بە خەسڵەتە زاتی‌یەکانی ئەم کۆمارەوە هەیە. دامەزرانی کۆماری کوردستان پێش هەموو شتێک بە مانای وەدیهێنانی ئامانجێکی دێرین لە بەرگێکی مۆدێرن‌دا بوو.

راگەیاندنی کۆمار و خستنە سەرپێی دامودەزگاکانی کۆمار نوێنگەی ئازایەتی و باوەڕبەخۆیی ڕۆڵەکانی کورد بۆ خۆسەلماندنی رەسمیی ئەم گەلە وەک گەلێکی سەربەست بوو. ئەمە هەر لەو کاتەدا نیشانەی هوشیاریی سیاسی و ئاوەزی بەرۆژی رێبەرانی ئەم پرۆژە بەرهەقە نەتەوایەتییەش بوو چونکە ئەوان بەم هەنگاوە مەزنەی خۆیان دەیانویست نیازێکی رەوای گەلی لە رێگای سەردەمییانەترین و مەدەنییانەترین شکڵ و شێوەی خۆ ناساندنی سیاسیی بەکۆمەڵەوە پراکتیزە بکەن.

لەلایەکی دیکەوە کۆماری کوردستان هەڵگری زۆر پەیام و پرەنسیپ بوو کە سەرەڕای تەمەنی کورتی کۆمار لە دووتوێی دەسکەوتەکانیدا خۆیان دەرخست و دواتریش وەک کۆمەڵێک ئیدئال بۆ بزوتنەوەی کورد بە یادگار مانەوە. دەربڕینی راست و رەوای مەوجوودییەتی سیاسیی کورد و بەرز کردنەوەی مافە نەتەوایەتییە رەواکانی، کەڵک وەرگرتن لە هەر چەشنە دەرفەتێکی راستەقینە بۆ گەیشتن بەو مافانە، نەهادینە کردنی پێناسە کەلتوورییەکانی کورد، برایەتی و ئاشتیخوازی، پەرەپێدانی کۆمەڵگایەکی کراوە کە لەودا رێز لە ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ دەگیرێ، دووری لە دۆگماتیسم و دەمارگرژی و ... هتد تەنیا چەند نموونە لەو ئیدئالانەن. لە سەرووی هەمووی ئەمانەشەوە دەکرێ بڵێین کە گرینگترین پەیامی کۆماری کوردستان یەکێتی و یەکگرتوویی گەلەکەمانە. ئەگەرچی بناخەی کۆشکی ئاواتەکانی کۆمار لە تەنیا پارچەیەکی کوردستان و لەسەر تەنیا بەشێکی خاکی ئەو پارچەیەش بنیات نرابوو، بەڵام بەهەق کۆمار ماڵی هەموو ئەو کوردە دڵسۆزانە بوو کە بەسەر سنوورەکاندا روویان تێ کردبوو و زۆر سەرداری کوردی پارچەی دیکەی کوردستانیش لە خەتی پێشەوەی دامودەزگاکانیدا خۆبەخشییان دەکرد.

ئەمڕۆ پاش تێپەڕینی نزیک بە حەوت دەهە بەسەر راگەیاندنی کۆماری کوردستاندا و سەرەڕای زۆر دەسکەوتی گەورە کە گەلەکەمان بە نسیبی خۆی کردووە، بەداخەوە هێشتا ئامانجەکانی کۆمار بەو کاکڵ و بەربڵاوییە کە شیاوی گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی جیهانە وەدی نەهاتوون. بەڵام لە تەواوی ئەو ماوەیەدا مەشخەڵی کۆمار نەک هەر هیچ کاتێک نەکووژاوەتەوە، بەڵکوو رۆژ بە رۆژ زیاتر لە گەشانەوەدا بووە. بەو حاڵەش کەمترین شتێک کە جێی خۆی بێ دانی پێدا بنرێ ئەوەیە کە گرینگترین پەیامی کۆمار کە هەروەک لە وەسیەتنامەی پێشەوای نەمریشدا هاتووە یەکبوونی کوردە بەو جۆرەی دەبێ رەچاو نەکراوە.

ئەگەر بەخۆشییەوە گرژییەکانی رابردووی نێو بزوتنەوەی کورد کۆتایی‌یان پێ هاتووە، بەڵام کارکردی پۆزەتیڤی هەمەلاگیر بۆ یەکێتی و هاوپێوەندی لەنێو بزوتنەوەی کورددا هێشتا لاوازە. کارکردی پۆزەتیڤ لە ئاستی بزوتنەوەی کورددا بە گشتی ئەوە دەخوازێ کە ئێلیتی کوردی رێکارەکانی پاراستن و پەرەپێدانی رووحی نەتەوەیی لەنێو کوردی هەموو پارچەکانی کوردستاندا بدۆزێتەوە و کاری پێ بکا. گەشەپێدانی رووحی نەتەوەییش بەو مانایە کە پێشڕەوانی خەبات بۆ ئازادیی کورد وێڕای رەچاوکردنی دۆخی تایبەتیی هەرپارچەیەکی کوردستان و رێزگرتن لە ستراتژیی سیاسیی کورد لە هەرکام لە وڵاتانی کوردنشیندا، پێویستە لەسەر کۆمەڵێک ئیدئالی درێژخایەن سەبارەت بە پێوەندیە نێوخۆییەکانی تەڤگەری کورد رێک بکەون. هەر لەو کاتەشدا هاوئاهەنگ و ئاگا هەم کەسایەتیی یەکگرتووی کوردی بەهێز بکەن، هەم بە رووی دنیای دەرەوەشدا زمان و مێکانیزمی هاوبەش بۆ بردنە پێشی مەسەلەی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا بگرنە بەر.




ئاشکرایە کە ئەو پەیامەی کۆمار بۆ یەکبوون ئەمڕۆ بۆ هێزو لایەنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چەند قات مانا بە خۆیەوە دەگرێ، چونکە نەک هەر رۆژهەڵاتی کوردستان لانکەی کۆماری کوردستان بووە، بەڵکوو بەداخەوە ئەمڕۆ هێز و لایەنەکانی ئەم بەشە لە کوردستان هێشتا لە حاڵی لێک دابڕان و پەرش و بڵاویدان، لە حاڵێکدا ریسالەتی مێژوویی ئازادیخوازانی کورد و رەوتی ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و ناوچە و پێشکەوتنی کۆمەڵگاش زەروورەتی هەڵێنانەوەی هەنگاوی جیددی لە بواری هاوکاری و هاودەستیی نەهادینەکراو و هەمەلاگیر زیاتر لە رابردوو زەق دەکەنەوە.

با لە کاتێکدا کە ئومێد و چاوەڕوانییەکی زۆر لەنێو دڵ و دەروونی خەڵکی کوردستاندا و لەلای دۆستان و دڵسۆزانی جوڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بۆ ئەم یەکێتی و برایەتییە بەتایبەتی لە سۆنگەی لێک نزیکبوونەوە و سەرەنجام یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان دروست بووە، هەموو لایەک بەرپرسیارانە و شێلگیرانە لە پەیامەکانی کۆماری کوردستان بفکرن و ئەو ڕووحی یەکدڵی و لەخۆبوردووییە کە رێبەرانی کۆمار و لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوای نەمر کۆماریان پێ دامەزراند و خۆیان بۆ بەخت کرد، بکەنە سەرمەشق و ئیلهامبەخشی کاروکردەوەی جیددی و سادقانەیان لەپێناو یەکتر قبووڵ کردن و یەکخستنەوەی نێوماڵی کورد بەگشتی و رێزەکانی حیزبی دێموکڕاتی مێژوویی بەتایبەتی.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٢٥ی جانێویری ٢٠١٥

# کۆمەڵناسیی پێکهاتنی کۆماری کوردستان


**ئارەش لۆرستانی**

ئاڵەشین کردوویەتە کوردی


ئەگەر بڕوانینە جیهانی مودێرن، پێکهاتنی پارتی سیاسی و بەدوای ئەویشدا دامەزرانی دیموکراسی بە گرنگترین



تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مودێرن دەژمێردرێن. کەواتە ئەگەر بمانەوێ لە مێژووی کورددا لەو تایبەتمەندییانە بڕوانین و بەدوای یەکەم پارتی سیاسی مودێرنەوە بین کە توانای دامەزراندنی دیموکراسی هەبووە، ئەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان خاڵی دەسپێکی پرۆسەی مودێرنیتەی نەتەوە کوردە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ دامەزراو تەنیا ١٥٩ڕۆژ دوای ئەویش کۆماری کوردستان رادەگەیەنێ. پیشەوا قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستان لە وتووێژێکدا دەگەڵ بەرپرسانی رۆژنامەکانی تاراندا (ژمارەکانی ١ و ٢ی رۆژنامەی کوردستان، رێکەوتی ٢٠ی رێبەندانی ١٣٢٤) دەڵێ: «ئێمە ٤ ساڵ خۆبەڕێوەبەری نێوخۆیی خۆمان هەیە» و سەید محەمەد حەمیدی سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانیش لە سەروتاری ژمارە ای رۆژنامەی کوردستاندا لە ژێر سەردێری «ئامانجی ئێمە»دا دەنووسێ: «دوای خەرمانانی ١٣٢٠ و دەست لەکار کێشانەوەی رەزاشا توانیمان خۆمان ئیدارەی ناوچەکەمان بگرینە دەست و خۆبەڕێوەبەری نێوخۆیی پێک بێنین›.

هەروەها لە ژمارەی ٣ی رۆژنامەی کوردستاندا عەلی خەسرەوی بەرپرسی چاپەمەنی رۆژنامەی کوردستان لە سەروتاری «کورد بۆ راپەڕی؟» دا ئاماژە بەوە دەکا کە ستەمی رەزاشا بوو بەهۆی ئەوەی دوای لابردنی ئەو، بتوانین کاروبارەکانی خۆمان، خۆمان رایانپەڕێنین.» بەگوێرەی بەڵگەو دێکۆمێنتەکان روون و ئاشکرایە دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بە دوای ئەویشدا دامەزرانی کۆماری کورستان بەرهەمی تێکۆشانی چەندین ساڵەی ئەندامانی دامەزرێنەری حیزبی دیموکرات و بەشداریی کۆمەڵایەتی خەڵک بووە کە پاش دەست لەکار کێشانەوەی رەزاشا، چالاکانی کورد بۆشایی هێزیان قۆستۆتەوە و تا ئەو جێیەی بۆیان کراوە کۆمەڵگەی کوردستانیان بەرەو سەرووەری نەتەوەیی کورد بردۆتە پێش و ئەگەر ئەم دەرفەتەش نەڕەخسابوایە؛ بە بێشک ئەم چەشنە چالاکی و هاوکارییانە لە شوێنێکو زەمەنێکی دیکەی مێژوودا سەریان هەڵدەدا، چونکی ئەو چالاکییانە لەسەر بنەمای شوناسخوازی و بەدەستهێنانی مافی رەوای دیاریکردنی چارەنووسی کوردو لە سەر بەستێنی خەباتی ئەو گەلە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کە

لەمێژبوو چەکەرەی کردبوو، شین ببۆوە.

خاڵێکی گرنگی دیکە بەگوێرەی ئەم بەلگانە، دەورو رۆڵی کاریگەریی کۆمەڵەی ژێکافە (٢٥ی خەرمانانی ١٣٢١ دامەزراوە) لەسەر دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وکۆماری کوردستانە؛ چونکی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا خاوەن پلەو پێگەی بەرزن و، لە ئاستێکی ریئاڵتردا سەرقاڵی پێشخستنی ئامانجە سیاسییەکانن. کەواتە کۆمەڵەی ژێکاف هیچ کات پێکهاتەیەکی هزری نەبووە و هۆکارێکی گرنگی پراکتیکی‌یە کە بەستێنی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ دامەزرانی حیزبی دیموکرات و راگەیاندنی کۆماری کوردستان خۆش کردوە.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە لە لایەن نەیاران و هەندێک لە راڤەکارانی کۆماری کوردستانەوە دێتە بەرباس، سەفەری قازی محەمەدە بۆ باکوو، دیتنی باقرۆڤە. زۆربەی ئەو نەیارو شرۆڤەکارانەی بەهۆی حەساسییەتە مێژووییەکانی خۆیان سەبارەت بە یەکیەتی سۆڤییەت و بەرەی رۆژهەلات، هەر چەشنە چاوپێکەوتن و پێوەندی و دانوستانێک دەگەڵ ئەو بلۆکە بەتوندی دەدەنە بەر پلارو بتەوێ و نەتەوێ راستییەکان دەشێوێن و خەوشداری دەکەن. ئەگەر هەندێک بە ویژدان بین، دەبێ بڵێین نەتەوەیەک کە کەوتۆتە سنووری دەسڕۆیشتوویی یەکیەتی سۆڤیەتەوە، ئەویش لەو سەردەمەدا کە یەکێک لە دوو زلهێزە سەرەکییەکانی جیهان بوو، ناچار بوو پێوەندی و دانوستانی دەگەڵی هەبێ، چونکی سۆڤیەت بەرواڵەت بەرگری مافی نەتەوە بەشخوراو و ژێردەستەکان دەکرد، کەچی وڵاتانی بەرەی رۆژاوا بەپێچەوانەی بلۆکی رۆژهەلات، فاکتەری هاتنە سەرکاری رەزاشا بوون و هەروەها سیاسەتەکەیان لە پەیمانی لۆزاندا بەڕوونی نیشانی دا، نەتەوەی کورد ناتوانێ متمانەیان پێ بکا. خاڵێکی بەرچاوی دیکەی ئەو سەردەمە پێرەوی‌نەکردنی قازی محەمەد و خەباتگێڕانی کوردە لە گەلاڵە و پلانەکانی باقرۆڤ لەسەر تێکەڵبوون‌و چوونە ریزی بزووتنەوەی ئازەربایجانە.

ژمارەی ٣ی رۆژنامەی کوردستان، سەروتاری «کورد بۆ راپەڕێ» و هەروەها ژمارەی ١١ی رۆژنامەی کوردستان، سەروتاری «یەکێتیمان بە ئامانجەکانمان دەگەیەنێ»؛ بەڕوونی دەری‌دەخا کۆماری کوردستان لەسەر بنەمای ئەو مافانە پێک هاتوە کە لە جارنامەی ئاتلانتیک (جاڕنامەی ئاتلانتیک ناوی راگەیەنراوێکی هاوبەشی وینستۆن چرچیل و فرانکلین رۆزڤلێتە، کە مانگی ئوتی ١٩٤١ بڵاوکرایەوە. ناوی ئەو جاڕنامەیە ئاماژەیە بە زەریای ئەتلەس «ئاتلانتیک». دانوستانە نهێنییەکانی ئەو راگەیەنراوە لە پاپۆری هێزی دەریایی ئەمریکادا بەناوی گۆستاو لە کەنارەکانی نیوفانلەند کرا. پاش بڵاوبوونەوەی، جاڕنامەی ئاتلانتیک لە کۆنفرانسی رێککەوتووان (متفقین) و بە بەشداری بلژیک، چێکوسلڤاکی، یونان، لۆکزامبۆرگ، هولەند، یەکیەتی سۆڤیەت، یۆگۆسلاڤی و نوێنەری ژێنراڵ دۆگۆل کە نوێنەرایەتی فەرەنسای ئازادی دەکرد، پەسند کرا. ئەم جاڕنامەیە دواتر لە ژانویەی 1942دا بە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان پەرەی پێدرا) بۆ هەموو نەتەوەکان لەبەر چاو گیراوە. کەواتە تاوانبارکردنی کۆماری کوردستان بەوەی کە بە شوێنکەوتووی یەکیەتی سۆڤیەت و ئەویش لە کاتێکدا زۆربەی جیهان و بەتایبەت رۆژهەلاتی نێوەڕاست بە سەر دوو بەرەی رۆژاواو رۆژهەلاتدا دابەش ببوو، ئیدیعایەکی بێ بنەما و ناژیرانەیە.

یەکێکی دیکە لە گرنگترین هۆکارەکانی دامەزرانی حیزبی دیموکرات و راگەیاندنی کۆماری کوردستان، هەلومەرجی مێژووی، سیاسی




و کۆمەڵناسییانەی نەتەوەی کورده، کە لە هەر چوار بەشی کوردستان رووبەڕووی ببۆوە. راگەیاندنی دەوڵەت_نەتەوەی یەکگرتوو لە لایەن رەزاشاو ئاتاتورکەوە و پەرێنەوەی سیاسی-کۆمەڵایەتی ئێران و تورکیە لە قۆناخی دەرەبەگایەتییەوە (ئاغاو رەعیەتی) بۆ فۆرمێکی نوێی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی کە هەوڵی یەکدەست کردنی ئەو وڵاتانە لەپێناو دروستکردنی یەک دەوڵەت و یەک نەتەوەی دەدا، گەلی کوردی خستبووە تەنگانەوە، کە ئەو گەلەش دەبوو بۆ درێژەدان بە خەباتی نەتەوەیی خۆی و لەپێناو بەرگری لە شوناس و بەرژەوەندییەکانی، حیزبی دیموکراتی کوردستانی وەک یەکەم حیزبی مودێرنی کوردی و گونجاو دەگەڵ هەلومەرجی نوێ جیهانی دامەزراندبایەو، پاشانیش راگەیاندنی کۆماری کوردستان باشترین ئامراز بوو کە جگە لە متمانەبەخۆیی کۆمەڵایەتی، ناسیۆنالیزمی مودێرنی کوردی رۆدەچووانده ناخی کۆمەڵگەی کوردی و نێو هەموو چین و توێژەکانی. تێگەیشتن لە ژیرایەتی ئەم ئیدەیە زۆر سوک و ئاسانە، چونکی دەبینین پاش رووخانی کۆماری کوردستان فۆرمی نوێی ناسیۆنالیزمی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە دامەزراندنی پارتی سیاسی مودێرن کە حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرچەشنیان بووە، دەسبەجێ و بەگوێرەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەر کام لە پارچەکان پەرە دەستێنن.

لە کۆتاییدا تەنیا سێ خاڵ وەک سەردێر ئاماژەیان پێدەکەم، چونکی ئەم خاڵانە رێگە بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی وردتر لەسەر کۆماری کوردستان خۆش دەکەن.

١- رۆژنامەی کوردستان لە دەسپێکی بڵاوبوونەوەیەوە هەتا رووخانی کۆماری کوردستان ٩٢ ژمارەی لێ دەردەچێ.
ژمارەی ١ تا ٦ بەر لە راگەیاندنی کۆماری کوردستان دەرچووەو هەڵوێستی فەرمی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەردەخا، بەڵام لە ژمارەی ٧ تا ٩٢ ئۆرگانێکی فەرمییە بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی کۆماری کوردستان.

٢- بەگوێرەی بەڵگەکانی رۆژنامەی کوردستان بەکارهێنانی وشەی «کۆماری کوردستان» دروستە و، وتنی کۆماری مهاباد چەواشەی مێژووە.

٣- لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد وەک سەرکۆماری کوردستان یەکێکە لە خاڵە وەرچەرخانەکانی کۆماری کوردستان. شەهیدبوونی پیشەوا قازی محەمەد فۆرم و نێوەرۆکی کۆمار و بزووتنەوە گشتگیر دەکا، کە بۆ راڤەکاران و هێزە سیاسییەکان و هەروەها نەوەکانی دوای کۆماری کوردستان بە هیچ جۆرێک جێگەی پشتگوێ خستن نییە. چونکی لەسێدارەدانی پیشەوا یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی وشیاری کۆمەڵایەتی و هەستی بەرپرسیارێتی نەتەوە.

لە ژمارە ٦٤٨ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٢١ی جانێویری ٢٠١٥




# کۆماری کوردستان مۆدێلێک بۆ هەموو سەردەمەکان

سامان فەقێ نەبی

دامەزرانی کۆماری کوردستان لەنزیک بە ٧ دەیە پێش ئێستا، بە درەوشاوەترین قۆناخی مێژووی هاوچەرخی خەباتی رزگاریی خوازیی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەژمار دەکرێ و تایبەتمەندییەکانی ئەم مۆدێلە لە دەسەلاتداریی کورد هەتا ئێستاش جێگای هەلوێستە لەسەر کردنە. لە گۆشەنیگای نەتەوەییەوە تاکوو هەنووکەش کۆماری کوردستان بە نوێنگەی هاوپێوەندی میللی کورد لە ئاستی کوردستانی گەورە و هێمایەک بۆ هاوخەباتی و هاوچارەنووسی نەتەوەی کورد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستاندا لەقەلەم دەدرێ.



ئەزموونی کۆماری کوردستان وانەیەکە بۆ سەلماندنی پێوەندی ئۆرگانیکی پارچەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتر و لێک گرێدراویی چارەنووسی پرسی کوردان بە یەکترەوە. وانەیەک کە لە سەردەمی ئێستادا بەهۆی هەوڵ و پیلانی بەردەوامی داگیرکەرانی کوردستان بۆ لێکدابڕانی پارچەکانی کوردستان لە یەکتر و بە میکانیکی کردنی پێوەندی نێوان بەشەکانی کوردستان لە پەراوێز خراوە. روون و ئاشکرایە کە کۆماری کوردستان ستاتۆیەکی مۆدێرن بوو کە تێیدا کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان وەک پیرۆزییەکی میللی سەیریان دەکرد و راستەوخۆش لە پێناوی پاراستنی دەسکەوتەکانی تێدەکۆشان، تەنانەت لە چوارچێوەی جوغرافییای کۆماریشدا هیچکات کوردی پارچەکانی تر وەک میوان یان پەنابەر لەقەلەم نەدەدران، بەلکوو لە بەڕێوەبەری سیستمی ئیداری و نیزامی کۆماریشدا بەشدارییان پێدەکرا. لە نێوئاخنی سەجەم بەڵگەنامە فەرمییەکان و بلاوکراوەکانی کۆماری کوردستاندا، هزری نەتەوەیی و هاوخەباتی و هاوپێوەندی کورد لە ئاستی کوردستانی گەورە دا بڕەوی پێدراوە و ئەم ئەسڵە سەرەکییە وەکوو بەهایەکی نەتەوەیی هەرگیز قوربانی مەسڵەحەت و بەرژەوەندیی کۆمار نەکراوە. وانەیەکی تری ئەزموونی کۆماری کوردستان لە چۆنێتی دامەزراندنی دا خۆی دەردەخا. لە راستییدا راگەیاندنی کۆمار بەرهەمی گرێدانی هەلومەرجی ناوچەیی و هاوکات هۆشیاریی و ئاوەزمەندی رێبەرانی کۆمار و لە سەرووی هەمووان، پێشەوای نەمر، قازی محەممەد، بوو. حاشا هەڵنەگرە کە کۆماری کوردستان لە ئاکامی پێداگریی ودەستپێشخەریی پێشەوای مەزن دا هاتە ئاراوە و لەو رێگایەوە وەکوو ئەمری واقع لە لایەن حکوومەتی میللی ئازەربایجان و یەکییەتی سۆڤییەتەوە بە فەرمی ناسرا. بە واتایەکی تر لەو قۆناخەدا بژاردەی کورد بە گشتی و پێشەوای نەمر بە تایبەتی، چیتر وەکوو بینەر و فاکتەرێکی بێ هەڵوێست مامەلەیان لەگەڵ روداوەکاندا نەکرد و بە پێچەوانە وەک ئەکتەرێکی خاوەن پلان و ئامانج لە وزە و پتانسێلی نەتەوەکەیان کەڵکیان وەرگرت. لە فەرهەنگی سیاسی پێشوا قازی محەممەد و بژاردە و روناکبیرانی سەردەمی کۆماردا، پاشکۆبوون واتای خۆی لەدەست دەدا و ئەمجارە

کەسایەتی کورد ئەسلی سەربەخۆیی بریاردان دەکاتە ڕێبازی خەبات. بەو پێیە کۆماری کوردستان بەرهەمی خوڵقاندنی دەرفەتێک بوو کە پێشتر لە هزر و ئەندێشەی ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف دا ئامادەکاری بۆ دەکرا و دواتر لە لایەن پێشەوا قازی محەممەدەوە بەستێن سازی بۆ کرا. بەڵام لە قۆناخی هەنووکەیشدا چارەسەری گرفت و ئاریشەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان لە گرەوی گەڕانەوە بۆ نۆرم و بەهاکانی کۆماری کوردستان و وانەکانی ئەو ئەزموونە درەوشاوەیەدا دەدۆزرێتەوە. لە قامووسی کۆمار دا، پاوانخوازی و هێژمۆنی تەڵەبی لایەنێک یان بیرۆکەیەک واتای نەبوو. "پارچەگەرای"ی و لە ئاستێکی بچووکتر "ناوچەگەرایی" بوونی نەبوو، تاکرەویی و خۆسەپاندن بێ واتا بوو، بەڵکوو ئەوەی بایەخی پێدەدرا بریتی بوو لە گەشە پێدان بە ناسیونالیزمی کوردی بە مانا گشتگیرەکەی، ئەرزشێک کە ئێستا تا ڕادەیەک نامۆیە بە خەباتی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢٠ی جانێویری ٢٠١٥




# هەڵوێستەیەک لەسەر ناوی کۆماری کوردستان

**عومەر باڵەکی**

"دەوڵەتی جمهوری کوردستان" ناوی تەواوی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە کە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی ١٩٤٥ی زایینی لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا. ئەگەرچی تەمەنی ئەو دەوڵەتە کەم بووو تەنیا یازدە مانگی دەوام هەبوو، بەڵام دەسکەوتەکانی ئەوەندە گەورەو گرینگ بوون کە دوای هەرسهێنانیشی کاریگەری وای لە دوای خۆی بەجێهێشت کە لەسەردەمی ئێستاداو دوای تێپەڕبوونی نزیک بە ٧٠ ساڵ ئەو کاریگەرییە بە روخساری بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورددا هەر دەبیندرێ کە ئەوە شانازییەکە بۆ پێکهێنەرانی کۆماری کوردستان.



بەتایبەتی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئەو حیزبە توانیویەتی ئەو دەرفەتە کە بە هۆی شەڕی جیهانییەوەو رەقابەتی زلهێزەکانی ئەو کات لەگەڵ یەکتر پێک هاتبوو بەباشی بقۆزێتەوەو لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەنداندا بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان یەکیەتی نەتەوەیی کورد بە گوێی ئەو زلهێزانە بگەیەنێ و لەو سەردەمەدا بۆ جارێکی دیکەش ئەوە بسەلمێنێ کە کوردیش نەتەوەیەو مافی خۆیەتی وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان بەسەربەستی بژی.

بەو کورتە پێشەکییەوە دەمانهەوێ بە کورتی لەو مەسەلەیە بدوێین کە گەلێک جار لەلایەن هێندێک لە نووسەران و ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیەنە گشتییەکان لە نووسین و ئاخاوتنی خۆیاندا غەدرێکی گەورە لە پێشدا لە کۆماری کوردستان و لە دوایەدا لە مێژووی کورد دەکەن؛ ئەویش بە هەڵە ناوهێنانی "کۆماری کوردستان"ە بە "کۆماری مەهاباد" یان هەر دەستەواژەی دیکە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە زۆربەی نەتەوە باڵادەستەکانی دنیای ئێستا لە چیرۆک و ئەفسانەدا مێژوو بۆ خۆیان دروست دەکەن و هەوڵیش دەدەن کە نەوەکانی داهاتوویان شانازی بە رابردوویانەوە بکەن بەڵام ئیمەی کورد یا بە دەستی خۆمان مێژوو دەشێوێنین یان ئەگەر دژبەرو بێگانەش شێواندی بەسەری دا تێپەڕ دەبین..

ناوهێنانی کۆماری کوردستان بە "کۆماری مەهاباد" یان دانانی هەر پێشگر یان پاشگرێک بۆ ئەو ناوە دەچێتە خانەی شێواندنی مێژوو. مێژوویەک کە زۆر لە ئێستای ئێمە دوور نەکەوتۆتەوەو ئەگەر وایە پێویستە هەوڵ بدەین نەهێڵین وا بە ئاسانی دەستی تێوەربدرێ و پرسیار لە سەر ماهییەتی سازبکرێ. ئەو جۆرە نووسین و لێدوانانە لە حاڵێک دایە کە بە خۆشییەوە بەشێک لە بەڵگەو ئەسنادو بە تایبەتی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان بەهیمەتی نیشتمانپەروەران کۆ کراوەتەوەو سەرلەنوێ چاپ و بڵاو بوونەتەوە، کاتێک لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستان کە زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووەو موتاڵای دەکەین لە هیچ لاپەڕو ستوونێکدا باس لە "کۆماری مەهاباد" ناکا، بەڵکوو باس لە "دەوڵەتی جمهوری کوردستان" دەکاو ئەگەر چاویش بە پێکهاتەی

کۆمار لەبواری بەشداری خەڵکەوەدا دەخشێنین دەبینین بەشداری خەڵکی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە ڕادەیەک دیارو بەرچاوە کە خۆی دەرخەری ئەو راستییە کە ئەو دەسەڵاتە سیاسییە لەو بەشەی کوردستان کە لە سەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتووە هەموو لایەک لەهەر شوێنێک و لەهەر پارچەیەکی کوردستان بن بە ئی خۆیان زانیوەو ئەگەر ئەو کۆمارە کوردستانی نەبوایە ڕەنگە هەر وەک میرنشینەکانی پێشووی کوردی بەسەر هاتبایەو بێجگە لە خەڵکی ناوچەکە کەسی دیکە بەشداری کۆماری نەکردبایە.

هەر وەکی پێشتر باسمان کرد لە هێندێک نووسراوو ئاخاوتن لە راگەیەنە گشتییەکاندا ناوی کۆماری کوردستان بە هەڵە بە کۆماری مەهاباد ناو دەبردرێ کە ئەگەر لە زمان یا قەڵەمی کەسێکی بێگانە ڕۆژنامەوانی ڕۆژئاوایی بگوترێ یا بنووسرێ کە ئەو کات سەردانی مەهابادیان کردوە ڕەنگە زۆر سەیر نەبێ، چونکە ئەو کەسە ڕەنگبێ وەک ڕۆژنامەنووسێک بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە مەهاباد مابێتەوەو ئەوی دیتوویەتی نەقڵی کردۆتەوەو لەو جۆرە باسکردنەشدا رەنگە نیەتی خراپی نەبووبێ و ئەگەر لە زمان و نووسینی نەیارو دوژمنیش ناوی کۆماری کوردستان بچووک بکرێتەوەو بەناوی کۆماری مەهاباد ناوی ببردرێ دیسان جێی سەرسوڕمان نیە، چونکە دوژمن دەیهەوێ لە هەموو ڕێگەیەکی کە دەستی بۆ دەدا کورد بچووک نیشان بداو وەک نەتەوە پێناسەی بۆ نەکا، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەو بەشە لە ڕاگەیەنە گشتییانەی کوردە بە نووسەرو وتاربێژەکانیانەوە کە جارو بار بە هەڵەو بە دەستی خۆیان مێژوو دەشێوێنن و ئەو دەسکەوتە گرینگ و مێژووییەی کورد وا بچووک دەکەنەوە کە تەنیا بە شارێک پێناسەی دەکەن و بەناوی "کۆماری مەهاباد" ناوی دەبەن. راستە شاری مەهاباد لانکەی لەدایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێتەختی کۆماری کوردستانەو بەهۆی مێژوویەکی دوورو درێژی نیشتمانپەروەری و لە خۆبردوویی شاری مەهاباد ئەو شانازییەش بە نەسیب بووە کە هەر کاتێک باس لە کۆماری کوردستان بکرێ ناوی مەهابادیش بەدوایدا دێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە کۆماری کوردستان تەنیا هی خەڵکی مەهاباد بووەو خەڵکی کوردستان لێی بێبەری بوون و بە خاترجەمی ئەگەر ئەو بەشدارییە بەربەرینەی خەڵکی کوردستان لە هەر چوارپارچەی کوردستانی تێدا نەبوایە کۆمار ئەو رەنگ و بۆنەی ئێستای بە خۆیەوە نەدەگرت و نەدەبوو بەجێی شانازی نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان. ئەگەر چاو لەو بڕیارنامەیە بکەین کە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بە پێی ڕاپۆرتی ژمارە ٨ی رۆژنامەی کوردستان لە ٦ خاڵدا تەنزیم کراوەو بە پەسندی بیست هەزار کەس کە بەشداری راگەیاندنی کۆماری کوردستان بوون، گەیشتووە لە خاڵی ٣ی ئەو بڕیارنامەیەدا داوا لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا کە "حکومەتی میللی کوردستان و وەزیران و ئیدارەکانی ساز بکەن" کە دەڵێ؛ حکوومەتی میللی کوردستان راست مەبەستی کۆماری کوردستانە نەک کۆماری مەهاباد یان هەر ناوێکی دیکە کە جارو بار بە جێگەی کۆماری کوردستان بە کار دەهێندرێن.

بەو هیوایە هەر هەمووومان لە بەرامبەر هەر نوقتەو خاڵێکی مێژوویی نەتەوەکەمان حەساس بین و بە ئاسانی بەلایاندا تێپەڕ نەبین و لە راستکردنەوەو دەوڵەمەندکردنیاندا تێبکۆشین بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو لە ئیستا زیاتر شانازی بە مێژووی خۆی بکا.


سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٩ی جانێویری ٢٠١٥

# چەند سەرنجێک لەسەر پێگەی ژن لە کۆماری کوردستان و هەڵوێستی سیاسەتمەداران

ئەحمەد ئەسکەندەری

گوتاری فیمینستی

کورد بەردەوام کۆماری کوردستانی ساڵی ١٩٤٦ لە مەهاباد بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەممەد وەکو لاپەڕەیەکی گەشی مێژووی خۆی سەیر دەکات. سەبارەت بە زەمینەی پێکهاتنی کۆمار، (کۆمەڵەی ژێ کاف) و دواتر دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و رووخانی کۆمار و هۆکارەکانی و هەروەها لە سێدارەدانی قازی محەممەد و برا و ئامۆزاکەی زۆر شت نووسراوە و لێکدانەوەی زۆر کراوە. کۆماری کوردستان سەرەڕای تەمەنی کورتی یازدەمانگەی دەسکەوتی زۆری بووە و ئەگەر بۆ نموونە بەراوردی ئەو یازدە مانگە بکەین لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمی کوردستان، ئەوسا گرینگی ئەو دەسکەوتانەمان بۆ دەردەکەوێت.



یەک لەو بوارانەی کە کۆمار بە تایبەتی سەرنجی دایە، بارودۆخی ژنان بوو. لە رۆژنامەی 'کوردستان' ژمارە یەک ١١ / ١ / ١٩٤٦ دا هاتووە: "لەسەر ئەمری پێشەوای موعەظەم و قەراری حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەوەی بەولاوە پێویستە بۆ پەرەپێدان و رەواجی زمانی کوردی، خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە. لەو تاریخەوە تا ١٠ رۆژی دیکە هەرکەسێک کوڕ و کچی هەبێت کە عومری ئیقتیضای خوێندن بکا دەبێ بنێرێتە مەدرەسە. ئەڵبەتە هەرکەس لەو ئەمرە روو وەرگێڕێ بە توندترین موجازات تەنبێ دەکرێ".

حاجی قادری کۆیی نزیکەی سەدو بیست ساڵ پێش ئێستا بانگەوازی ئەوەی کردووە کە بە منداڵەکانتان و لەوانە بە کچەکانتان بخوێنن. بڕیارەکەی سەرەک کۆمار قازی محەممەد زیاتر لە پەنجا ساڵ پاش حاجی قادر و نزیکەی پەنجا ساڵ پێش دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان لە باشوور دراوە.

## سێ بەشی ئەم بڕیارە جێگای سەرنجە؛

یەکەم: خوێندن بە زمانی کوردی،

دووهەم: ئیجباری بوونی خوێندن بۆ کوڕان و کچان.

سێهەم: ئەوەی کە هەرکەس لەژێر ئەم بڕیارە دەرچێت "بە توندترین موجازات تەنبێ دەکرێ.

"بڕیاردەری ئەم یاسایە زۆر بە پەرۆشی خوێندن بە منداڵان بووە بەگشتی و بە کچان بەتایبەتی. هەروەها ئاگاداری بارودۆخی ئەوسەردەمەی کوردستان بووە کە زۆر دایک و باوک منداڵەکانیان و بەتایبەت کچەکانیان نەدەنارد بۆ خوێندن. هەربۆیە لە دوای دەرچوونی ئەم بڕیارەوە ئەم کارەیان بە تاوان داناوە. بەڵگە لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی بزانین لەو ماوە کەمەدا و لەو بەشەی کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی کۆماردا بووە، تاچەندە ئەم بڕیارە برەوی هەبووە.

ڕۆژنامەی 'کوردستان'ی ژمارە ٢٤ باس لە کردنەوەی یەکەمین خوێندنگەی کچان لە شاری شنۆ دەکات. لەراپۆرتێکدا سەبارەت بەم خوێندنگەیەکە لەلایەن حەسەن کاظمی بەڕێوەبەری خوێندنگەکەوە نووسراوە، هاتووەکە ` پێویستە هەموو خەڵکی شار سپاسی ڕێبەری ح.د.ک. بکەن بۆئەم خزمەتەگەورەیەو بەخۆشیو مەیلەوە کچەکانیان بنێرن بۆ ئەم خوێندنگەیە` .

لێرەدا سەرنجێک بۆ سەر ڕێژەی خوێندەواری لە باشووری کوردستان و بەتایبەت لەناو مێینەدا زۆر پێویستە. ئەگەر شەست و پێنج ساڵ پێش ئێستا بڕیارێکی وەها لەلایەن سەرەک کۆماری کوردستانەوە دەرچووبێت، دەبوو بارو دۆخەکە لەمەڕ نەخوێندەواری لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کوردیدا زۆر زیاتر لەوەی کە هەیە بەرەوپێش چووبێت.

بەپێی ئاماری یونێسکۆ **UNESCO** لە ساڵی ٢٠٠٧دا ٢٤% ژنان و ١١% پیاوان لە عێراق نەخوێندەواربوون و بەداخەوە سێ پارێزگای هەولێر، دهۆک و سلێمانی لەو پارێزگایانەن کە زۆرترین ڕێژەی نەخوێندەوارییان تێدایە. هەروەها بەپێی ئاماری حکوومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٩دا کە یونێسکۆ بڵاوی کردووەتەوە، لە هەرپێنج منداڵ لە عێراق یەکیان ناچێتە خوێندنگە.

تەنها چوونە خوێندنگەیش بە واتای خوێندەواری نییە. ئاماری فەندی منداڵانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەریدەخات کە تەنها ٥٥%ی مێینەی نێوان ١٤ هەتا ٢٤ساڵ کە بەپێی ڕاپۆرتەکان چوونەتە خوێندنگە خوێندەواربوون! هۆی نەچوونە خوێندنگەیش سەرنجڕاکێشە: ٥٠%ی نەچوونی کچانی گەنج بەهۆی نەهێشتنی دایک و باوکەوە بووە و ئەم ڕێژەیە ١٥% ە بۆ کوڕان. هەروەها ١٦%ی کچان بەبۆنەی هەژارییەوە نەیانتوانییە بچنە خوێندنگە و ئەم ڕێژەیە بۆ کوڕان ٢٨% ە.

بۆ دەستخستنی ئامارێکی ورد لەلایەن کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمەوە لە کوردستان دوو لێدوان لەلایەن "بەڕێوەبەری فێرکردنی نائاسایی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان" ەوە هەیە کە بەداخەوە گومان دەخاتە سەر ڕاستبوونی ئامارەکە. ئەم بەرپرسە ڕۆژی ١ / ١١ / ٢٠٠٩ بە ڕۆژنامەی هەولێر ئەڵێ ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستان دابەزیووە بۆ ١٤%. بەڵام نزیکەی یازدە مانگ دواتر واتە ٢٢ / ٨ / ٢٠١٠ بە هەمان ڕۆژنامە ئەڵێت ڕێژەیی نەخوێندەواری لە کوردستان بۆ ١٨% نزم بووەوە! ئەم ئامارەی دوایی لەلایەن وەزیری پەروەردەیشەوە دووپات کراوەتەوە. گومان لەوەدا نییە کە هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی خوێندەواری

لەناو خەڵکدا بەگشتی و لەناو کچان و ژناندا بەتایبەتی یارمەتیدەرە بۆ پێشخستنی دۆخی ژنان لە کوردستان.

سەبارەت بە بەشداری سیاسی ژنان لە کۆماری کوردستان پێویستە بگوترێت کە کەمتر لە دوو مانگ پاش دامەزراندنی کۆمار، 'حیزبی دیموکراتی ژنانی کوردستان' دادەمەزرێت. ئەم ڕێکخراوەیە لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی 'کوردستان'دا جاری وایش بووە بە 'یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان' نێوی براوە. ڕاستە لەباڵاترین ئاستدا و لەلایەن خودی سەرەک کۆمارەوە پشتگیری لە ژنان کراوە، بەڵام بەداخەوە ئەمە ناگەیەنێت کە بەگشتی دۆخی ژنان و پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی ئەو کاتدا بەرەوپێشچوونێکی ئەوتۆی بەخۆوە بینیبێت. هەرچەند (مینا خانم) هاوسەری پێشەوا قازی محەمەد و ژمارەیەک لە هاوسەرانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات چالاک بوون، سەرەڕای ئەوەش ژنان لە شوێنی گرینگی بڕیارداندا نەبوون و سیستەمی سیاسی بەتەواوی پیاوانە بووە.

مافی دەنگدان بۆ ژنان هەر هەمان ساڵی ١٩٤٦ لە کۆماری ئازەربایجانی دراوسێدا بە ڕەسمی ناسراوە. لە کۆماری کوردستان هەرچەند کە باسی دەنگدان نەهاتە ئاراوە، بەڵام سەرەک کۆمار لەگەڵ ئەوەدابوو کە مافی دەنگدانی گشتی بدرێت. لەکونفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە قازیمحەممەد پرسیارکرا `حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنەکاندا داوە بەژنان، ئایا ئێوەش ئەمکارەتان کردووە؟` وەڵامەکە ئاوابوو، `هەرچەند ئێمە ئەم هەنگاوەی ئازەربایجان بە ئەرێنی هەڵدەسەنگێنین بەڵام دەبێ ئاگادارتانبکەمەوە کە ئێمە نەمانتوانیوە ئەم سەرکەوتنە بەدەستبێنین.' لەم هەڵوێستەیشدا دەبینین کە سەرۆکی کۆماری کوردستان چەندە گرینگی دەدات بە مافی دەنگدانی ژنان لە هەڵبژاردنەکاندا و ئەوە بە 'سەرکەوتنێک' دەزانێت بۆ کۆماری ئازەربایجان.

لە ئێران ساڵی ١٩٦٢ ژنان مافی دەنگدانیان بەدەست هێنا و لە عێراق ١٩٨٠. وەکوو بەراوردێک لە ئاستی جیهانیدا و هەڵسەنگاندن لەگەڵ وڵاتانی دەورووبەری کورد سەرنجێک لە نێوان ئێران و وڵاتی فینلاند لەجێی خۆیدایە. لە فینلاند ساڵی ١٩٠٦ مافی دەنگدان درا بە ژنان. ڕێک هەمان ساڵ لە ئێران شۆڕشی مەشرووتە بەرپا بوو کە ڕووداوێکی زۆر گرینگە لە مێژووی نوێی ئێراندا. لەو پەرلەمانەی کە بەناوی 'مجلس شورا' دامەزرا بەم شێوە باس لە ژنان و مافی دەنگدان دەکرێت: "ژنان، ئەوانەی لە دین دەرچوون، شێتەکان، خەڵکی بیانی، دز و بکوژ و سواڵکەران و ئەوانەی تەمەنیان لە خوار ٢٠ ساڵ بێت، مافی دەنگدانیان نییە!"

لەم سۆنگەوە سەرنجدان بە وتەکەی پێشەوا قازی محەممەد سەبارەت بە مافی دەنگدان بۆ ژنان و بڕیاری خوێندنی زۆرەملی بۆ کوڕان و کچان گرینگییەکی تایبەت پەیدا دەکات. وەها هەڵوێستێک لەو ساڵانەدا نیشانی ئەدات کە دەکرێت سەرکردەی وڵاتێک کە هێشتا بەتەواوی نەکەوتووەتە سەر بواری پێشکەوتن دەتوانێت ڕۆڵی گرینگی هەبێت لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەکەیدا. قازی محەممەد ناکەوێتە هێنانەوەی بیانوو کە گوایە ئەوە جارێ زۆر زووە بۆ ئێمە و میللەتی ئێمە دواکەوتووە و وڵاتی ئێمە هێشتا زۆری ماوە بگاتە ئاستی وڵاتانی پێشرەفتەی دونیا و یان ئەوەی بڵێت ئاخەر خۆ ئێمە موسوڵمانین و نابێت داب و نەریتی خۆمان ڕەچاونەکەین. لەم جۆرە بیانوو هێنانەوە بەداخەوە شەستوپێنج ساڵ پاش لەسێدارەدانی ئەو مرۆڤە زانا و بوێرو گەورەیە لە زۆر شوێن و لەلایەن زۆر سەرکردەی سیاسی کوردەوە دەبینرێت.

کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد نەک هەر بۆ وەگەڕ خستنی ژنان لە بوارەکانی فێرکردن، فەرهەنگو ژیانی سیاسیدا، بەڵکوو لەبەر دامەزراندنی سیستەمی مودێرنی فێرکردن، دەزگای راگەیاندنی مودێرن، ئەرتەشی میللی، سیستەمی باجوەرگرتن، سروودی میللی، ئاڵای میللی، زمانی میللی لە فۆرمەکانی دیکەی حکوومەتی پێش مودێرن جیادەکرێتەوە. سەرەڕای ئەوەش ناتوانین ئەو ڕاستییە نەبینین کە سیاسەتەکانی کۆماری کوردستان لە هەموو بوارەکاندا تایبەتمەندی پیاوانەی پێوەدیارە. لەلایەکی دیکەوە لەناو ئەو هەموو دوژمنە ناوەکی و دەرەکییە و لە هەلومەرجی هەستیاری پاش کۆتایی شەڕی جیهانی دووهەم و بە ڕەچاوکردنی ژێرخانی ئابووری وڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی زۆربەی ڕێبەرانی کۆمار کە فیۆداڵ، سەرۆک عەشیرەت و خاوەن مڵک و سەرمایەی شاری بوون، بەربەستی زۆر لەسەر ڕێگایدا هەبوو و ماوەی حوکمڕانییەکەشی زۆر کورت بوو. ڕۆڵی کەسایەتییەکی وەکوو پێشەوا قازی محەممەد، هەرچەند زۆریش بەرجەستە بووبێت ناتوانێت موعجیزە بخولقێنێت.

سەرچاوەکان:


- کتێبی 'ژنانی میللەتێکی بێدەوڵەت: کوردەکان' نووسیار: شەهرزاد موجاب (ئەم کتێبە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە و لەژێر وەرگێڕاندایە بۆ زمانی کوردی)
- کتێبی 'کۆماری میللی مەهاباد' ، مەحموود مەلا عیزەت
- کتێبی 'حکوومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا' نەوشیروان مستەفا ئەمین
- http://www.unesco.org/fileadmin/MULTIMEDIA/FIELD/Iraq/pdf/Literacy_Day_Factsheet_Sep8_EN.pdf
- http://www.hawler.in/more.php?id=9622
- http://www.hawler.in/more.php?id=965

# کۆماری کوردستان و ڕۆڵی کرماشان


نەعیم نەجەفی


هاوکات لە گەڵ ئامادە کاری بۆ پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە دەیەکانی ٤٠ی زایینیدا؛ ڕێخستنەکانی ئەو کۆمارە هەتا ناوچەکانی خواروی کوردستان واتە کرماشان و ئیلام و خانەقین شوێنەپێ دیار و بەرچاوە؛ لەو سەردەمە هەم کەسانێک بوون لە کرماشان کە ئەرکە نەتەوایەتیەکانێیان بە ڕێ دەبرد هەم لە تاقالای ڕێکخستنی بەرنامەکانی کۆمار لەو ناوچە بوون و هەم ئەوەی کە کۆماری کوردستان بەرنامە و پلانێ هەبووە بۆ گەیشتنی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بۆ کرماشان؛



کەسانێک وەک ئبراهیم خانی نادری خەلکی شاری کرماشان، یەدوالله ڕەزایی خەلکی شاری گیەڵان وە ڕەشید باجلان خەلکی شاری خانەقین بەرپرسی ڕێخستنەکانی کۆمار لە کرماشان بوونە. کەسایەتێک وەک ئبراهیم نادری لە ساڵی ١٢٩٠ شمسی لە کرماشان لە دایک بوو. دوای تەواو کردنی خوێندن لە بەغدا و ئۆروپا و مامۆستایی لە زانکۆ فەرانسە و زانکۆی ئەفسەری تاران، ئەگرێتەوە کرماشان و لەوێ ژیانی هاوسەرگێریێ پێکدێنی. هاوکات لە گەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، دەچێتە مەهاباد و وەک تەنیا کەسایەتی سیاسی و چەکداری ئەو کۆمارە دێتە ئەژمار و لە لایەن قازی محمد، پۆستی سەرۆکایەتی گشتی فەرهەنگی کوردستانی پێ دەدرێت و لە ڕاوێژکارانی نزیک لە قازی محمد بووە؛ میرزا ئبراهیم خانی نادری وتارگەلێکی زۆری لە سەر پرسی کورد و کەسایەتگەلی کورد لە مێژوو دا بە دو زمانی کوردی و فارسی بلاو کردوە؛ لە ساز کردنی ڕێکخراوی لاوانی پێشروی کوردستان و بە ڕێبردنی گۆڤارگەلی سەردەمی کۆماری کوردستان ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە.

کەسایەتی نەتەوایەتی دیکەی سەردەمی کۆماری کوردستان لە کرماشان یەدولله خانی ڕەزایی بووە کە لە دایک بووی شاری گیەڵانی سەر بە پارێزگای کرماشانە؛ یەدوالله ڕەزایی بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ک.ژ لە ناوچەکانی کەڵهور بووە. هاوکاتیش لە گەڵ ڕۆژنامەی گلاویژی سەردەمی کۆماری کوردستان بە نادرنی شێعر و نووسینی وتار و لێکۆلینەوە بە شێوەزاری کەڵهوری هاوکاری ئەو گۆڤارەی کردووە. کەسایەتی دیکەی کۆماری کوردستان لە ناوچەکانی خواروی کوردستان، ڕەشید باجلان خەلکی شاری خانەقین بووە، ئەم کەسایەتە بەرپرسی پێوەندیەکانی کۆماری کوردستان و کرماشان بووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستان چەند کەسایەتێکی دیکەش بە دی ئەکرێن کە لە ناوچەکانی کرماشان ئامانجە نەتەوایەتیەکانێیان بە ڕێ بردوە.

## بایخی کرماشان بۆ کۆماری کوردستان

به پێ هەندێک بەلگە؛ لە نێوان کرماشان و کۆماری کوردستان ئاشنایی و پێوەندیەک هەبووە و نیشانگەلێک لە بایخی زۆری کرماشان بۆ کوماری کوردستان دیار و بەرچاوە ئەمە بۆمان دەرئەخات کۆماری کوردستان ئاگای لە گرنگی ئابووری کرماشان بۆ گەلی کورد هەبووە؛ لە بەشێک لەو سروده حیماسیانە کە لەو سەردەمە وتراون، تێیاندا بە گرنگی کرماشان ئاماژە کراوە کە لە ژێردا بەشێک لە شێعری سرودێکی حیماسی سەردەمی کۆماری کوردستاندا هاتووە: نەفتم ئەوێ ژیانە لە سرت و کرماشانە.

## بەرنامە و پلانی کۆماری کوردستان بۆ کرماشان

کۆماری کوردستان بەرنامە و پلانێ هەبووە کە دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بگاتە ناوچەکانی خوارتری ئەو کۆمارە وەک سنە و بە تایبەت کرماشان کە پێ وتەکانی قازی محمد لە وتوێژکی کە لە گەڵ فرانس پرس هەواڵ نێری فەرانسە لە ساڵی ١٩٤٦.ز ئەنجام داوە؛ بەم شێوە باس لەم شتێە ئەکات « ئەگەر فەرمان دەربکەم، لە ماوەی ٣ تا ٤ رۆژدا بە ٤٠٠٠ هەزار پێشمەرگە ئەچینە ناو کرماشان، یەعنی گرنگترین شاری کوردستان و ناوەندی تەئسیساتی نەوت؛ بەڵام من ئەمەوێ بەرەنگاری خوێنرێشتن بم، هەول ئەیدەم ئەم شتێە بە دیالوگ چارە سەر بێت، چون کورد هیچ کات بۆ شەڕ و خوێنرێشتن پێشەنگ نییە» بەڵام کورت بوونی تەمەنی کۆماری کوردستان و دەستتێوەردانی دەرەکی، هۆکارگەلێک بوون کە دەسەڵاتی کۆماری کوردستان نەتوانێت بگاتە کرماشان.

سەبارەت بەم بابەتە ویلیام ئیگلتون جونیز لە پرتۆکی کۆماری ١٩٤٦ کوردستان دەلێ: « قازی محمد بەرنامەی هەبووە بۆ گەیشتن بە ناوچەکانی خواروی کوردستان، کە بڕیار بووە لە ١٣ ژوئەنی ١٩٤٦ ئەم بەرنامە جیبەجی بکات، لەو ماوە قازی محمد ئەم ئەرکە دەسپرێدە مەناف کەریمی کە دەستوری هێرش کردن بەرەو ناوچەکانی خوارتری دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بدات، بەڵام بە هۆی بەرنگار بوونەوەی شەورەوی، ئەم هێرشە ئەنجام نادرێت ».

بە گشتی بۆمان دەرئەکوێت کە هەم لە بەرنامەکانی کۆماری کوردستان بەرنامە و پلان بۆ گەیشتنی دەسەڵاتی ئەو کۆمارە بۆ کرماشان دیار و بەرچاوە، هەم ئەوەی کە کەسایەت و چالاکی نەتەوایەتی پێوەندیدار بە کۆماری کوردستان لە کرماشان بوونێیان هەبووە، بەڵام لەو ماوە نە کۆمار گەیشتە ئەم ناوچە و نە کەسایەت و چالاکە نەتەوایەتیەکان توانیان جموجۆلێکی جەماوەری لەم ناوچە رێکبخەن، ئەوەی کە هێز و دەسەڵاتداری کۆماری کوردستان نەیتوانی بگاتە ناوچە خواروەکان و هاوکات ساز نەبوونی رێخستنێکی جەماوەری نەتەوایەتی لەم ناوچە بە پێ ئەم هۆکارانە بوو کە پێشتریش ئاماژەیان پێکرا: کەم بوونی تەمەنی ئەو کۆمارە و وابەستگی لۆجستیکی و سیاسی بە زلهێزەکان و هاوکات دەستێوەردانی دەرەکی و هەول تاقالای زۆری دەسەڵاتی ئێرانی سەردەم بوو.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات / رێکەوتی : ٣٠ی دێسەمبری ٢٠١٥

# کۆماری کوردستان و چەند پرسیارێک

**ئامانج زیبایی**

بۆ دەرک کردنی هۆکارەکانی رووخانی کۆماری کوردستان بە ڕای من خوێنەر دەبێت خۆی بەرێتە ناو سەردەمانی دامەزرانی کۆمار و تەنانەت پێش کۆماریش(١٩٤١- ١٩٤٥) بارودۆخی ئەو کاتی کوردستان بێنێتە پێش چاوی خۆی. لەو سەر دەمانەدا کە جیاوازی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا لە لوتکەدا بوون، ئاغا و رەعیەتی، چەوساندنەوەی خەڵک لە لایەن کاربەدستانی نقووم بوو لە گەندەڵی و نەخوێندەواری بە سەر دانیشتووانی کوردستان دا زاڵ بووە.




بەرەبەری دەست پێ کردنی شەڕی دووهەمی جیهانی بوو کە کۆمەڵەی ژ-ک دادەمەزرێت. بە هۆی کەش وهەوای ئەمنیەتی کە بە سەر کوردستان دا زاڵ بووە کۆمەڵەی ژ-ک رێکخراویکی زۆر نهێنی دەبێت .

لە ٢٠ خەرمانانی ١٣٢٠ ئێران لە لایەن متەفقینوە داگیر دەکرێت. هێزەکانی سۆڤیەت لە باکوور و هێزەکانی بریتانیا لە باشوور ڕا ئێران داگیر دەکەن . ناوچەی موکریان دەکەوێتە ناو بۆشایی دەسەڵات دارانی ئێران و سۆڤیەت وبریتانیا . شای ئێران لە دەسەڵات لا دەبردرێت و کورەکەی واتا حمەرەزا شای پەهلەوی دێت سەر تاج و تەخت.

دوای داگیر کرانی ئێران کۆبوونەوەیکی ٤ قۆڵی لە نێوان ئێران و بریتانیا و سۆڤیەت و ئامریکا-(حمە رەزا شا - چەرچیل – ئیستالین - رۆزڤێلت) لە کۆشکی سەعدئاباد ساز دەکرێت، کە تێیدا داگیرکەرانی ئێران بەڵین دەدەن پشتیوانی لە هیچ هەوڵێکی جیایی خواز لە ئێران نەدەن و رێز بۆ سنوورەکانی ئێران دابنێن و ٥ - ٦ مانگ دوای کۆتایی هاتنی شەر، ئێران بە جێ بێلن(خاڵەکانی ئەم دانیشتنە چەند شتێکی دیکەشی لە خۆ دەگرت، بەڵام لە بەر ئەوەی کە ئەو دوو خاڵە پێوەندی ڕاستەوخۆیی بە کۆماری کوردستانەوە هەیە ئاماژەم پێ کرد)

پێشەوا قازی محەممەد دەبێت ئەندامی ژ - ک، هەیئەتێک بۆ سەردان دەچن بۆ باکۆ، پێشەوا یەکێک دەبێت لە ئەندامانی ئەم هەیئەتە.

دوای هاتنەوەی ئەم هەیئەتە بۆ کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژ - ک دادەمەزرێت.

هاوکات لە بەشێکی دیکەی ئێران واتە ئازەربیجانیش فرقەی دێموکراتی ئازربایجان دادەمەزرێت!

لە ئازەربایجان و کوردستان کۆمار ڕادەگەیەندرێت ، بە جیاوازیکی زۆرەوە.

لە سەرەتا دا سۆڤیەت دانی بە کۆماری کوردستان دا نەدەهێنا، لە رووی ناچاری وپێش گرتن لە شەڕێکی نە خوازراو کە لە دژی بەرژەوەندیەکانی سۆڤیەت بوو دانی بە کۆماری کوردستان دا هێنا.(رۆڵی پێشەوا قازیش دەوری خۆی گێراوە لەم مەسەلەیەدا)

ئەوانەی کە باسمان کرد کورتەیەک بوون لە مێژوو، کە ئەگر بێتو بە وردی باسیان بکەین دەبێت چەندین کتێبیان لە سەر بنووسین.

هەتا ئێرە چەند پرسیارێکمان بۆ ساز دەبێت.

١- بۆ کۆماری کوردستان لە موکریان دامەزرا؟
٢- بۆ سنوورەکانی کوردستان بەرتەسک بوو و ناوچەکانی تری کوردستانی نەگرتەوە؟
٣- هۆکاری پشتیوانی نەکردنی سۆڤیەت لە کۆماری کوردستان چ بوو؟

هۆکاری دامەزرانی کۆمار لە موکریان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باکگراوندە سیاسیەی کە شاری مەهاباد ئەو سەردەمانە هەی بووە و لاوازی دەسەلاتدارانی سەر بە ڕێژیم لەو ناوچانە و ئەم لاوازیەش بە هاتنی سۆڤیەت و بریتانیا زیاتر خۆی دەر خست و ئەو بۆشاییەی کە لەو ناچەیە ساز ببوو(موکریان نە سۆڤیەتی لێ بوو نە بریتانیا) بەرچاو ترین رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ هێزەکانی سەر بە شای ئێران گرتنی شارەبانی مەهاباد بووە. هەروەها یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی کە پێشەوا قازی رازی نەبووە بە وەی کە کوردستان لە ژێر سەیتەرەی ئازەربایجان بێت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە فەرموویەتی کە ئێمە ٤ ساڵە خۆمان وڵاتی خۆمان بە ڕێوە دەبەین(١٣٢٠- ١٣٢٤)

بۆ سنوورەکانی کوردستان بەرتەسک بوو و ناوچەکانی تری کوردستانی نەگرتەوە؟

یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە کۆماری لێ دامەزرا، کۆماری کوردستان سۆڤیەتی بە دۆستی نیزیکی خۆی دەزانی و لەو شوێنانەی کە لە ژێر نفوزی سۆڤیەت دا بوون چالاکتر بوو، لە کاتێک دا هێزەکانی ئەرتەش لە سەقز تێک شکان، هاشمۆف(کۆنسولی سۆڤیەت لە ورمی) بە پەلە لە ورمێ را خۆی گەیاندە گوندی سەرا کە ناوەندی فەرماندەیی هێزەکانی کۆماری

کوردستان بوو، لە وەی بە پێشەوای راگەیاند کە ئەگەر بێتو پێشرەوی بکەن ئەوە رووبەرووی هێزەکانی بریتانیا دەبنەوە وئەو کات نابێت حیساب لە سەر پشتیوانی ئێمە بکن.

پشتیوانی نەکردنی سۆڤیەت لە کۆمارە ساواکەی کوردستان گرینگترین هۆکار بوو بۆ فراوان نەبوونی سنوورەکانی کۆماری کوردستان، کۆماری کوردستان بەداخەوە بۆ رووبەرووبوونەوەی بریتانیا خاوەن ئەم هێزە نەبوو.

هۆکاری پشتیوانی نەکردنی سۆڤیەت لە کۆماری کوردستان چ بوو؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە کە زانیاریمان لە سەر گرینگی ناوچەکە لە رووی ژێئۆپۆلێتیکیەوە هەبێت.

کوردستان بە سەر ٤ دەوڵەت دا دابەش کراوە.

ئێران هاو سنووری بوو و هاوکاتیش پردی سەرکەوتنی بوو لە شەڕی دژی ئالمانی نازی، تێکدانی ئەم پردە لە بەرژەوەندی سۆڤیەت دا نەبوو بە هیچ شێوەیەک.

دووژمنایەتی کردنی لە گەڵ ئێران دەبوو بە بەهێز بوونی بریتانیا و ئامریکا لە دوا رۆژ دا، سۆڤیەتی کۆمۆنیستی ئاڵاهەڵگری شۆرش لە دژی سەرمایەداری دا بوو، بەهێز بوونی ئەو دوو وڵاتە لە نیزیک سنوورەکانی مەترسی دەخستە سەر وڵاتەکەی.

لە تورکیاش هیچ پێویستی نەبوو کە تورک لە بەر کوردان لە خۆی برەنجێنیت، تورکیە لە کاتی شەری دووهەمی جیهانی دا بێ لایەن بوو و هەروەها سنوورێکی دوورو درێژی لە گەڵ سۆڤیەت دا هەبوو هەروەها نائارامی لەو سنوورە دا هیچ لە بەرژەوەندی ئەو دا نەبوو.

لە عێراقیش دا کە لە ژێر دەسەڵاتی بریتانیا دا بوو، جگە لە وەی کە بریتانیا هاوپەیمانی سەرەکی بوو لە شەڕی دووهەمی جیهانی دا دوو دڵیش بو لە کوردەکانی باشوور وای دەزانی کە سەر بە بریتانیان.

لە سووریەش کە لە ژێر دەسەڵاتی فەڕانسە دا بوو.فەڕانسەش هاوپەیمانی سۆڤیەت بوو، لە سووریەش سۆڤیەت لە بەرژەوەندی خۆی دا نەدەدیت کە دڵی فەڕانسەو تورکیە لە خۆی بێشێنێت.

هۆکارێکی تری پشتیوانی نەکردنی سۆڤیەت ، بوونی کەسێک بوو بە ناوی قەوام السلتەنە(سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتی ئێران)

***قەوام سەردانی سۆڤیەتی کرد و بەلێنی دا بە سۆڤیەت کە ئەگەر هێزەکانی خۆی لە ئێران بکشێنێتەوە مافی هەلێنجانی نەوتی باکووری ئێران دەدرێت بە سۆڤیەت ونوێنەرانی حیزبی توودەش دەچن لە کابینەی دەوڵەت وە کڵاوی لە سەر کار بەدەستانی سۆڤیەت نا.***

***هەر بۆیە لە دوایی شەهید کرانی پێشەوا قازی محەممەد رۆژنامەکانی ئێران بە درووستی لە سەر تیتری رۆژنامەکانیان دا نووسیان خوێنی قازی محەممەد بۆنی نەوتی لێ دەهات!***

***لێرەدا پرسیارێکی بێ وەڵام هەیە.!!***

***بڵێی پێشەوا قازی نەیزانیبێ یان نەی بێستبێت لە کۆشکی سەعدئاباد دا چ لە نێوان ئەم ٤ وڵاتە دا مۆر کرا بێت؟***

***سەرچاوە : ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٧ی شوباتی ٢٠١٥***




## بابەتەکانی: ٢٠١٤

# کاریگەریی دەروونی و زەینی کۆمار لەسەر کۆمەڵگاو تاکی کورد

**کەویار**

ڕووداوە مێژووییەکان لە گەڵ ئەوەی کە کاریگەرییان لە سەر ڕەوتە سیاسی و ئابوورییەکان هەیەو زۆر جاریش ئاراستەی ڕەوتە سیاسییەکان بەرەو ئاقارێکی دیکە دەگۆڕن، لە پرۆسەیەکی درێژخایەن دا شوێنەواری کاریگەر لە سەر کۆمەڵگاکان و باری سایکۆلۆژی تاکەکانی کۆمەڵگایش دادەنێن.



پێکهێنانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان لە شاری مهاباد لە گەڵ ئەوەی کە لە ڕووی سیاسی و دەسەڵاتداری و بەڕێوەبەرییەوە ناوچەیەکی کەمی لە کوردستان گرتەخۆ، بەڵام لە باری ڕەوانی و سایکۆلۆژییەوە توانی کەسایەتییەکی تایبەت بە کۆمەڵگای کوردستان و تاکی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ببەخشێ.
پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە مێژووی نەتەوەی کورد دا پیش ئەوەی تەنیا ڕووداوێکی مێژوویی لە هەرێمێکی چووکەدا بێ، ئاخێزگە و مەرجەعێکی پڕ لە مەعریفە بوو کە پێناس و شوناسێکی مودێرنی بە کۆمەڵگای کوردستان و تاکی کورد بەخشی و کەسایەتییەکی نوێی شوناسخوازی لە کۆمەڵگاو تاکەکانی دا چێ کرد، کە ئەو کاریگەرییە مەعریفی و زەینییە لەم سەردەمەشدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بە بنج و بناوانی زەین و ڕەوانی تاکی کورددا ڕۆچووە و بۆتە مەلەکەی زەینیی هەر تاکێکی نیشتمانپەروەرو وڵاتپارێز.

کۆمەڵگای کوردستان و تاکی کورد بە گەڕانەوە بۆ کۆماری کوردستان و پەیام و ڕەسالەتەکانی ئەو ڕووداوە مێژووییە یەو کارو دەسکەوتەکانی کۆمار، هەست دەکات کە خاوەنی هۆڤییەت و شوناسی تایبەت بە خۆیەتی و هەر ئەم توخمە جیاکەرەوەیە لە ڕووی سایکۆلۆژیشەوە، هێندە کاریگەر بووە کە تاکی ئاگاو نیشتمانپەروەر چی دیکە خۆی بە کەم سەیر نەکات و لە هەوڵی یەکانگیرکردنی شوناسی کوردی و بردنەسەری خودئاگایی کۆمەڵگەکەیدا بێ.

دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان هەر کام بە جیا خانەیەک لە خانەکانی کەمایەسیی کۆمەڵگای کوردستان کە تا ئەوکات دەرفەتی خۆتیمارکردن و سارێژکردنەوەی پێنەدراوە، پڕدەکاتەوە و کەسێتییەکی نوێ و سەردەمیانە بە تاکی کورد لە باری شوناسخوازی و زەینییەتی ڕابوونی نەتەوەیی (بیداری ملی) دەبەخشێ و لە ئەنجام دا، باوەڕبەخۆبوون و خودئاگایی لە ناو کۆمەڵگەی کوردستان و تاکی هوشیاری کورددا دەگاتە چڵەپۆپەی خۆی و کوردایەتی و شوناسخوازی ڕێچکەی ڕەسەن و سەربەخۆی خۆی دەگریتەبەر.




***هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا، شانازییەکە بۆ کۆمەڵگای کوردستان و نیشانەیەکی روونیشە بۆ شوناسخوازی و رەسەنایەتیی رۆڵە بەئەمەگەکانی ئەو گەلە و هەر بەم پێیە ئەوان دەتوانن لە ژێر ئەو هێماو سەمبولە نەتەوەیی‌یەدا داکۆکی لە شوناس و چییەتی خۆیان بکەن و مان و مەوجوودیەتی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن.***

***پێکهێنانی سپای میللی و هێزی پێشمەرگە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، باوەڕ بە «خۆپاراستن»ی لە تاکی کورد دا چێکرد، کە تا ئێستاش لەوپەڕی بێئیمکاناتی دا هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بە شێوەی خۆڕسک لە لایەن کۆمەڵگای کوردستانەوە وزە و هێزی پێ دەبەخشرێ، پێناسەی «بەرەنگاری»ی بە رەسالەتی خۆی بەخشیوە.***

***وەرێخستنی چاپخانەو و بڵاوکردنەوەی کتێب و پەرتووک و رۆژنامە بە زمانی کوردی دەسکەوتێکی دیکەی کۆماری کوردستانە کە بۆ یەکەمجار ئەوپەیامەی بە تاکی کورد و کۆمەڵگاکەی دا کە زمان یەکێک لە بنچینەکانی پرسی نەتەوەخوازی و لە فاکتەرە گرینگەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزمی کوردییە.***

***دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەو سەردەمە پڕ لە بێ هیوایی و تاریکی یە دا، بەو واتایە بوو کە بزووتنەوەی مافخوازانەی بێپشتیوانی کورد، لە کردەوە و زەینییەتی دا گیان و رووحی بە بەردا کرایەوە. کورد لە باری دەروونی و سایکۆلۆژییەوە ورەی وەبەر خۆی هاتەوە و هەستی رەسەنایەتی و شوناسخوازیی لە ناخیدا بنجی داکوتاو وەک نەتەوەیەکی بڕوابەخۆبوو و خودئاگا، حکوومەتی لە قاڵبی کۆماری دا راگەیاند. زمان، شانۆ، خوێندن، گۆڤار و رۆژنامە، بنکە و بونیادە پیشەیی و دێمۆکراتیکەکان، بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر گەشەیان سەند و پەلوپۆیان هاویشت. تیشکی بەتین و تاوی ئەم هەنگاوە مەزنانەی رێبەرانی کۆماری کوردستان و لە سەرووی هەمووی ئەوانەوە، نەمر قازی محەممەد، بەدڵنیایی یەوە بۆ هەموو سەردەمەکان وەکوو ئەستێرەیەکی پڕشنگدار بۆ هەتاهەتایە دەبریسکێتەوەو هەموو رۆڵە گەلپارێز و گیان لەسەر دەستەکانی وەکوو ئەزموونێکی سەرکەوتوو و جێی شانازی بۆ هەتاهەتایە پێوەی سەربەرزن.***

***بەشێکی بەرچاو لە ئەدیبان، نووسەران، زمانەوانان، و تەنانەت رێبەرە سیاسییە ناودارەکانی کوردستان، هەر ئەوانە بوون کە لە کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان دا بەشدار بوون یان دواتر لە ژێر کاریگەریی و هیوابەخشیی ئەو کۆمارە ساوایەدا، هزر و بیری کوردایەتییان گەشەی کردو رێچکەی ئارمان و ئایدیاکانی کۆماریان گرتەبەر. کەسانێک کە بیری نەتەوەخوازی و کوردایتیی خۆیان لە ئامانجو بیرو هزرەکانی کۆماری کوردستان وەرگرت و هەر لەژێر کاریگەریی دەسکەوت و ئارمانە بەنرخەکانی کۆماردا بوو کە دواتر بە هەوڵ و تێکۆشانی چڕو بەرچاویان بۆ خزمەت بە کوردو کوردستان و دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی کۆمار، بوونە جێگای شانازی نیشتمانپارێزان و بەدڵنیایی یەوە یادو ناویان لە مێژوودا بە بەرزی و بەڕێزی ماوەتەوە و دەمێنێتەوە.***

***پاش دامەزراندنی کۆمار، بۆ یەکەم جار رێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان و ژنان دامەزران، زمانی کوردی بوو بە زمانی رەسمیی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی کۆماری کوردستان و خوێندن بە زمانی کوردی بەرنامەی بۆ دارێژرا و هەر لەو سۆنگەیەوە خوێندن بۆ***

*منداڵان ئیجباری کرا و هەوڵێکی چڕوپڕ بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دەستی پێکرا و لەوەش گرینگتر لاوان بە مەبەستی خوێندن بۆ دەرەوە بەڕێ کران. کۆی ئەمانە نیشانەی گرینگی پێدانی رێبەرانی کورد بە پێویستیی پەروەردە بە زمانی زگماکی رۆڵەکانی کورد بووو ئەوان لەو راستییە گەیشتبوون کە خوێندن بە زمانی زکماکی کاریگەریی راستەوخۆی زۆری لەسەر گەشەکردنی بیرو پێشکەوتنی منداڵان لە قوتابخانەو کەسایەتیی نەتەوەیی‌یان دا هەیە؛ هەر بۆیە لەم پێوەندییە دا هەنگاوی بەرزیان هەڵێنا بۆ ئەوەی مناڵانی کورد لە هەمان سەرەتاوە بە ئەلفوبێی کوردی گۆش بکەن.*

*ئەوە شتێکی حاشاهەڵنەگرە زانست و لێکۆڵینەوەش سەلماندوویەتی کە ئەو منداڵانەی کە بە زمانی دایکی دەخوێنن لە بیرکردنەوەو دەربڕینی بۆچوونەکانیان دا سەرکەوتووترن. ئەو منداڵانەی کە ناچارن بە زمانێکی دیکە بخوێنن، لەڕاستی‌دا ناتوانن بە زمانی خۆیان بیربکەنەوە. بەڵکوو دەبێ بۆ وشەی بێگانە بگەڕێن تا لە پاڵ یەکتر ریزی بکەن و بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان رستەی پێ دروست بکەن. ئەمەش کاریگەریی نەرێنی راستەوخۆی لەسەر رۆحییە و کەسایەتی منداڵان هەیە و لە داهاتوودا دەبێتە کۆسپی سەرڕێی پێشکەوتنیان لە خوێندن دا.*

*لە ژمارە ٦٢٥ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە*

*سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ۴ی فێوریەی۲۰۱۴*




# چەند سەرنجێک لە بارەی ڕوخسارە مەدەنییەکانی کۆماری کوردستان

قادر وریا

**کاریگەریی کۆماری کوردستان لە سەر بیری تاکی کورد و لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان**

پێکهاتنی کۆماری کوردستان، بەڵگەیەکە بۆ گەشەی نەتەوەیی و سیاسی و فکریی سیماکانی ناسیۆنالیزمی کوردو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد.



پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، ئەو مانایە دەدا کە پێکهێنەرانی ئەو دەوڵەتەو خەڵکێک کە پشتیوانییان لەو دەوڵەتە کردوە، خۆیان وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە نەتەوەکانی دیکە دەبینن و پێناسە دەکەن. نەتەوەکەیان بە شایانی ئەوە دەزانن کە دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی هەبێ و بۆخۆی چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست.

پێکهێنانی کۆماری کوردستان ڕچەشکێنی و تابووشکێنی بوو. ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوون و ڕوانگەیە بوو کە کورد هەر دەبێ ژێردەستە و ژێرچەپۆکە بێ. وەستانەوە بوو بەرامبەر ئەو هێڵە سوورانە کە کورد ناتوانێ حکوومەت و دەوڵەتی خۆی هەبێ. وەدیهێنانی خەون و ڕوئیایەک بوو کە زۆر پێشتر لە شێعرو بیری پێشەنگانی بیری نەتەوەیی کورد دا ڕەنگی دابۆوە. تاکی کورد لە دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان، تاکێکی جیاواز بوو لە هی پێش کۆمار. تاکێک بوو کە شایەدی پێکهاتنی کۆماری کوردستان بوو.

بڕوا بە خۆبوون و خۆ بە شایانی دەوڵەت هەبوون لەو کات بە دواوە دێتە نێو بیرکردنەوە و ڕوانینی تاکی کورد. کۆمەڵگەی کوردستانیش هەست و بیرێکی نوێی تێ دا دروست دەبێ. هەستی خۆ بە جیاواز زانین لە خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران، لەم ڕوانگەیەوە لە خۆی دەڕوانی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی هەبووە، سەرکۆماری هەبووە، ئاڵای هەبووە، سوپای نەتەوەیی خۆی هەبووە، خوێندن بە زمانی خۆی هەبووە، کاروباری لە دەست خۆیو نوێنەرانی خۆیدا بووە. بەڵام دواتر ئەم دەسکەوتەو ئەو مافانەیان لێستاندۆتەوە.

لە ڕاستی دا بە دامەزرانی کۆماری کوردستان، بزووتنەوەی کورد و تاکی کوردو کۆمەڵگەی کوردستان ئاسۆگێکی خرایە بەردەم، ڕێگایەکی هاتە بەردەم و رووگەیەکی بۆ درووست بوو کە بەردەوام بەرەو ئەوێ هەنگاو بنێ. حیزبی دێموکراتی کورستان بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان مەسیرێکی روون، شارێگەیەکی دیاری خستە بەردەم نەتەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئێمە هەتا

***ئێستاش‌و لەوانەیە دەیان ساڵی دیکەش هەر بەو ڕێچکەیەدا بڕۆین.***

## کۆماری کوردستان بە ڕوخسارێکی شارستانی و مەدەنییەوە بوونی خۆی ڕاگەیاند

***کۆماری کوردستان دەسکەوتێکی نەتەوەیی و ڕووداوێکی سیاسیی گرنگ بوو کە بەرهەمی هەلومەرجی سیاسیی جیهانی و ناوچەیی سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی بوو. ئەگەرچی لە ناخی وەزعێکی پێکهاتوو بە هۆی شەڕی جیهانییەوە، سەری هەڵ دابوو، بەڵام ڕوخسارە مەدەنی و شارستانییەکەی زۆر بەرچاوتر بوو لە سیما سوپایی و جەنگییەکەی. ئەمە بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە کورد نەتەوەیەکی ستەم لێکراوو وڵات دابەشکراو بووو بە دوای مافە ڕەواکانی خۆیدا دەگەڕا. واتە لەو نەتەوانە نەبوو کە سەدان ساڵ مێژووی داگیرکردنی وڵاتانی دیکەو بندەستکردنی نەتەوەکانی دیکەیان هەبوو.***

## ناسیونالیزم و بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کوردیش

***خسڵەتی حەقخوازی و داواکردنی مافێکی ڕەوایان هەبووە. واتە هەموو ئاڵوگۆڕەکانی ئەو سەردەمە کە کۆماری کوردستانی تێدا پێک هات ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن کە کورد بە تەمای داگیرکردنی خاکی نەتەوەکانی دەوروبەری خۆی نەبووە، بە تەمای ژێردەست کردنی نەتەوەکانی دیکە نەبووە بەڵکوو ویستوویە لەسەر نیشتمانی خۆی بە ئازادی بژی و چارەنووسی خۆی لە دەستی خۆی دابێ. پێکهاتنی کۆمەڵەی ژێکاف، پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەموویان ئەم خسڵەتەیان پێوە دیارە.***

***لە ڕاستی دا کۆماری کوردستان بۆ ئەوە دروست نەبببوو کە ئیمپراتۆرییەی کوردی لەسەر حیسابی داگیرکردنی وڵاتانی دیکە و بندەست کردنی نەتەوەکانی دیکە دروست بکا، ئەو کۆمارە بۆ ئەوە پێکهاتبوو کە مافەکانی سەدان ساڵ پێشێلکراوی کورد بۆ کورد بگەڕێنێتەوە. بۆ ئەوە دروست کرابوو کە نەتەوەی کورد هەم لە نێوخۆی دا بە ئاشتی و ئازادی بژی و ستەم چەوسانەوە نەهێڵێ، هەم لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بە برایەتی و ئاشتی بژی.***

***ئەگەرچی کۆمەڵگەی کوردستان لەسەردەمی پێکهاتنی کۆماردا، ئەوەندەی دێنشینی بوو، شارنشین نەبوو، ئەوەندەی نەخوێندەوار بوو، خوێندەوار نەبوو، بەڵام چونکە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دامەزرێنەرانی کۆمار، مرۆڤی زاناو ڕۆشنبیرو کەسایەتیی ماقووڵی سەردەمی خۆیان بوون، هەوڵیان ئەوە بوو نموونەیەک لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بەدەستەوە بدەن کە لە خزمەت ئاشتی و تەبایی دابێ، لە خزمەت جێگیرکردنی ئازادی دابێ، لە خزمەت لابردنی کۆیلەتی و چەوسانەوە دابێ. کۆمەڵگە لەسەر ئەساسێکی ئینسانیترو سەردەمیانە بەڕێوەبەرێ. کۆمەڵگەیەک دروست بکا کە لە زۆر ڕووە جیاواز بێ لە کۆمەڵگەیەک کە بە هۆی دەسەڵاتێکی ستەمکارو زۆردارەوە بەڕێوە دەچوو.***

هەر بۆیە شانبەشانی پێکهێنانی سوپای میللی و هێزی پێشمەرگە، کە لە ڕاستیدا، ئەویش بۆ هێرشبردنە سەر نەتەوەکانی دەوروبەر نەبوو، بەڵکوو بۆ داکۆکی لە کۆمارو خەڵکو ئاسایشی نێوخۆ بوو- بیری لە دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک دەکردەوە. بیری لە بووژانەوەی کولتووری، دروستکردنی خوێندنگە، خوێندن بە زمانی زگماکی، نەهێشتنی نەخوێندەواری، پەروەردەکردنی منداڵان و لاوان، هێنانە مەیدانی ژنان، بووژاندنەوەی ئابووری، دامەزراندنی چاپخانە و رادیۆ سینەما دەکردەوە

## خزمەتە پەروەردییەکانی کۆماری کوردستان

کۆماری کوردستان چ بە بەراورد کردنی ماوەی دەسەڵاتدارەتییەکەی کە ١١ مانگ بوو، چ بە سەرنجدان بە بارودۆخی سەردەمەکەی و ئیمکاناتێکی کەم کە هەیبوو، لە بواری پەروەردەدا زۆر خزمەتی گەورەی کرد. دەکرێ بڵێین یەک لە روخسارە درەوشاوەکانی ئەو دەسەڵاتە کوردییە بواری پەروەردە بوو.

ئەم کات لە هیچ وڵاتێکی دەوروبەردا، خوێندن نەببووە خۆڕایی و ئیجباری. مەگەر لە یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەو وڵاتانەدا کە سیستەمی سوسیالیستیی لەوان دا لەسەر کاربوو. بەڵام لە کۆماری کوردستان دا خوێندنی منداڵان کرابوو بە ئیجباریو خۆڕایی و جلوبەرگ و پێداویستییەکانی خوێندنیان بۆ دابین دەکرا. منداڵانێک کە لەبەر نەبوونیی بنەماڵەکانیان یان لەبەر بێسەرپەرستی خەریکی سواڵکردن بوون بە ئەمری کۆمار لەبەر خوێندن نرابوون.

گەورەساڵانیش بۆ خوێندن هاندران و قوتابخانەی شەوانە لە شارەکانی ژێردەسەلاتی کۆمار کرایەوە بو ئەوەی گەورەساڵان لە نەخوێندەواری بێنەدەر. کۆمەڵێک قوتابخانەی کچان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆمار کرایەوە بۆ ئەوەی کچان بنێردرێنە قوتابخانە. لەمانە گرینگتر ئەوە بوو کە کۆمار هەر مەبەستی خوێندەوار کردن نەبوو بەڵکوو خوێندن بە زمانی زگماکیشی خستبووە بەرنامەی کاری خۆی. کتێبی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەو مامۆستای وانەوتنەوەی کوردی دابین کرد. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کۆمار کەمایەتییەکی وەک جوولەکەکانیشی لەبیر نەکردو بۆ منداڵانی ئەوانیش خوێندن و قوتابخانە بە زمانی خۆیانی بۆ دابین کردن.

بەڵگەنامەکان نیشان دەدەن کە پێشەوا هەوڵی پێکهاتنی زانکۆی «معقول و منقول»ی داوە لە پێتەختی کۆمار. کاربەدەستانی کۆمار کتێبخانەی گشتییان کردوەتەوەو ژمارەیەکی زۆر کتێبیان دابین کردوە بۆ ئەوەی هۆگرانی خوێندنەوە سوودیان لێوەربگرن.

کۆمار کۆمەڵێک کەسی بۆ خوێندنی بەرز ڕەوانەی یەکیەتیی سۆڤیەت کرد بۆ ئەوەی بۆ داهاتوو پێبگەن و بە زانست و پسپۆڕیی تایبەت بگەڕێنەوە. لایەنی پەروەردەیی تەنانەت چووبووە نێو خوتبەکانی نوێژی هەینییش. بە ڕێنوێنی و هاندانی پێشەواو کاربەدەستانی کۆمار، مامۆستایانی ئایینی لە خوتبەی نوێژی هەینی داو بە زمانی کوردی، لەسەر پەروەردەکردنی تاکەکانو بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە لە رووی فکرەوە کاریان دەکرد. دژی خۆرافات قسەیان دەکرد،




پیاوانیان هان دەدا بۆ ڕێزگرتن لە ژنان و حورمەت دانان بۆ مافەکانیان، باسی زانست و زانیاری و گرینگی خوێندن و خوێندنەوەیان دەکرد. دیارە دزێوە کۆمەڵایەتییەکانیان لە قاو دەدا، باوەڕ کردن بە هێزی خۆیان و سوودەکانی تەبایی و یەکڕیزییان بۆ باس دەکردن. فێریان دەکردن بایەخ بە مێژووی خۆیان بدەن نیشتمانی خۆیان خۆش بوێ‌و هتد...

## کاریگەریی کەسایەتی پێشەواو و بیرو ئەندێشەی ئەو ڕێبەرە لەسەر تاکەکانی نەتەوەکەی

ئەگەر کۆماری کوردستان بۆخۆی لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی نەتەوەی کوردە، پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆکی ئەو کۆمارە، چەق و ناوەندو سەرچاوەی زۆر لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەو کۆمارەیە. دیارە هەموو ئەو کەسایەتییانەی کە لە دامەزران، بەڕێوە بردنی کۆماردا ڕۆڵیان هەبووە،جێگای ڕێزن و پێویستە مێژوو عەقی خۆیان بداتێ. ئەوەش ڕاستییەکە کە لە یادکردنەوەی دامەزرانی کۆمار داکەمتر باسی ئەوان کراوەو دەکرێ. بەڵام ئاشکرایە کە پێشەوا قازی محەممەد لە سەرووی هەمووان بوو.

پێشەوا، وەک بەڵگەنامەو زانیارییەکان دەیسەلمێنن کەسایەتییەکی هێمن، لەسەرەخۆو مەند بووە، مرۆڤێکی توندوتیژو دەمارگرژو لەخۆباییو سەرەڕۆ نەبووە. بەپێچەوانەوە ئەهلی وێکهەڵکردن، ئەهلی تەبایی، ئەهلی مەشوەرەت، ئەهلی تەدبیرو مەسڵەحەت ئەندێشی بووە. مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی، بە فەرهەنگ بووە. جێگەو پێگەیەکی وای هەبووە لە کۆمەڵدا کە توانیویەتی جۆراوجۆرییەکان و جیاوازییەکانی سەردەمی خۆی: لادێی و شاری، ڕەعیەت و دەرەبەگ، خوێندەوار و نەخوێندەوار، عەشایرو هۆزەکان، بە یەکەوە بحاوێنێتەوە.

پێشەوا شارەزاو ئاگاداری ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بووە، خوێندنەوەو بەدواداچوونی بۆ ئاڵوگۆڕەکان هەبووە. بەردەوام لە خوێندنەوەو فێربوون دا بووە. ئەمانە وایان کردوە لە هەڵسوکەوت و سەرکۆماری و ڕێبەریکردن دا، زۆر ژیرانەو دووربینانە هەنگاو بنێ. دۆست بۆ کورد زیاد بکاو دوژمن کەم بکاتەوە. پێوەندیی کوردان لە ئاستی کوردی ڕۆژهەڵات و کوردی بەشەکانی دیکەدا بە هێز بکا. هەروەها هاوپێوەندیی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە هێز بکا. پێشەوا ئەوەندە لە پێش سەردەمی خۆی بوو نەک بۆ ٧ دەیە لەمەوبەر، بەڵکوو ئەگەر لە ژیان دابا دەیتوانی بۆ سەردەمی ئێستاش سەرۆک و ڕێبەرێکی گونجاو بێ.

تاکی کوردو نەتەوەی کورد بە گشتی، بە چاوێکی بەرز سەیری پێشەوا قازی محەممەد دەکەن، شانازیی پێوەدەکەن چونکە سەرۆکێکی خاکەڕا، بەرپرس، خۆنەویست بوو. لە ژیری و زانایی و عەقڵ و تەدبیردا شایانی ئەوە بوو سەرکۆماری کوردستان بێ.

کۆماری کوردستان،برگەیەکی زۆر کورت لە مێژووی نەتەوەیەک بوو، بەڵام بەو روخسارە مەدەنییانەی لەو ماوە کورتە دا لە خۆی نیشانی دا، توانی جێگەیەکی هەمیشەیی بۆ خۆی لە هەناوی مێژووی کورد و لە دڵ و بیری تاکەکانی نەتەوەی کورد دا بۆ خۆی،بەدەست بێنێ.

لە ژمارە ٦٢٤ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢١ی جانێویری ٢٠١٤

# یادگاری شیرین

## بایەخی مەدرەسەو خوێندەواریی لە کۆماری کوردستان دا

( بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان و ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان )

**د. کامران ئەمین ئاوە**



بە درێژایی مێژووی کورد، ڕووناکبیرانی ئەم نەتەوەیە لە دەس چەند دوژمنی نێوخۆیی یەک لەوان نەخوێندەواریی‌و پاشکەوتن لە ڕەوتی گەشەسەندنی عیلم و فەننی هاوچەرخ و کاریگەریی نەرێنیی ئەم کەمایەسی‌یە لە سەر چارەنووسی تاڵی میللەتی کوردیان ناڵاندوە. شاعیران‌و ئەدیبانی کورد لە نووسراوەکان و لە کاتی دەربڕینی هەستی خۆیان سەبارەت بە چارەنووسی ئەم میللەتە زۆرجار باسی کەمایەسی‌یەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییان کردووە. بۆ وێنە یەکێک لە ئاواتەکانی مەزنی حاجی قادری کۆیی شاعیری پایەبەرزی کورد لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا گەیشتن بە کوردستانێک بوو کە لەوێ‌دا زانست‌و هونەر پەرە بگرێ‌و دادپەروەری‌و یەکسانی زاڵ بێ. بۆ شاعیر بنەبڕکردنی نەخوێندەواریی لە پەنای تەواوکردنی دوژمنایەتی و چەندبەرەکیی نێوان عەشیرەتەکان، یەکگرتوویی نێوان تەواوی قەوم‌و عەشیرەتەکان و ڕۆشنگەری‌و خەباتی چەکداریی یەکێک لە مەرجەکانی گەیشتنی کورد بەم ئاواتە بەرزە بووە. شاعیر لە ژێرکاریگەریی دەستکەوتەکانی ئورووپادا بانگەوازی نەتەوەی کوردی بەم چەشنە بۆ فێربوونی فەن و زانست کردبوو:

«تۆ وەرە فەننێ فێربە چیتە لەوە
گاورە، هیندووە و یاخود جووە
ئەهلی جەننەت نە شوان و گاوانە
ساحیبی فەنن و عیلم و عیرفانە»

کاتێک کۆمەڵەی ژ. ک پێک دێ، لە هەوەڵین ژمارەی نیشتمان لە پووشپەری ١٣٢٢ی هەتاوی لە ژێر بابەتێک بە ناوی ‹آمانجی ایمە› باسی «بەرهەڵست و چەلەمەییکی وەکو دوژمنایەتی خوبەخو، دووبەرەکی‌و خۆخوری، پول‌پەرستی‌و بیگانە دۆستی» لەسەر ڕێگای بزوتنەوەی کورد دەکا و ئاماژە بەوەی دەکا کە «تەنیا ریگایەکی کورد ئەبی بەرەو سەربەستی پێیا بڕوا شەقامی شارستانیتیە». هەر لەو ژمارەیەدا لە شێعرێکی م. م هوشەنگ ئەندامی ژمارە ١٦ی کۆمەڵەدا هاتوە:

»ملتی دیچیە ئەگەر کردی تەرەقی علتی؟
بوچی تیناڤکری؟ کورد آخرئەتوش ملتی؟
شد نفاق تو سبب گر تاکنون در ذلتی
بی وەتەن وەک جولەکەی دایم هەتیو و سەر هەژار
اتحادو گەربی جا لازمە علم و سەواد
چونکە بی علم و هونەر ناکا تەرەقی هیچکار
هیچ کەس ناژی لەویدا بە بی علمو هونەر
ملتی عالم کە دەگرن عالەمیک نیە بی ئەثەر
گەر نەبی علم و هونەر، حەیوانن ئەبنائی بەشەر
مایلی دەشتو دەرو سەحراو و کیو و کیوسار«

هێمن شاعیری پایەبەرزو میللیی کوردیش لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە»یادگاری شیرین»دا بە گلەییەوە ڕوو بە کچی کورد دەکا و دەڵێ:

«لادە چارشێوی ڕەشت با دەرکەوێ کوڵمەی گەشت
چون لە قەرنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو روو گرتنە
کیژی خەڵکی بۆمی ئاتۆمی دروست کرد و ئەتۆش
هەر دەزانی ناوی «ئەستێوڵک» و « دەرخۆنە» و « پنە»
فیری زانست و هونەر بوو ئەو لە سایەی خوێندنی
تۆش تەشیمان بۆ دەڕێسی، یادگاری شیرنە
ئەو بە ئاسمانا فڕێ، دنیا گەڕا، چووە بن بەحر
دەک نەمێنم کاری ئێوەش هەر لە ژوور دانیشتنە»

بێگومان کاتێک لە کۆتایی سەدەی ١٩ و دەستپێکی سەدەی ٢٠ی زایینیدا، کۆمەڵگای پاشکەوتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر زوڵم و زۆری دەوڵەتێکی داگیرکەردا بوو کە بۆخۆشی یەکێک لە وڵاتە پاشکەوتەکانی ئەو کاتی جیهان بوو، کورد چۆن دەیتوانی بێ هەبوونی کیان و سەرووەریی خۆی بە ئاستێک بگا کە تەنانەت دەرفەتێک لەوڵاتەکەیدا پێک بێ کە منداڵی کورد ڕێگای قوتابخانە بگرێتە بەر و فێری زمانی زگماکیی و فەنن و زانستی هاوچەرخ بێ. ئەویش کاتێک بە قەوڵی هێمن لە «دوارۆژی ڕووناک»دا:

»لە مێژ بوو هەقی کورد دەخورا بە فیرۆ




لە مێژ بوو کورد بوو دەیکرد شین و ڕۆڕۆ
لە مەیدانی شەقێنی دوژمنیدا
سەری سەردای کوردی بوو وەکو گۆ

....

کوڕی کوردی لە خوێنی خۆی دەگەوزی
کچی کوردی سەری کربوو وەئەژنۆ
ئەوەی سووکایەتی بوو کردی پێمان
نەدەکرا کەس بڵێ بۆ وادەکەی تۆ؟«

ئاواتی ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ هەرچەند بۆ ماوەیەکی کورتی یازدەمانگییش بوو بۆ هەوەڵین جار لە مێژووی کورد بە پێکهاتنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕیبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان وەدی هات و منداڵی کوردیش توانی بە پێی دەستوور بۆ مەدرەسە بچێ و فێری زمانی زگماکیی و زانست و فەنی هاوچەرخ بێ. هەر لە ژمارەی یەکی کوردستان بلاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێکەوتی ٢٠ / ١٠ /١٣٢۴ لە ئاگادارییەک کە لە لاپەرەی۴ دا چاپ کرا، ناردنی کچ و کوڕی ساباڵغی کرا بە یاسا. لەم ئاگادارییەدا ڕاگەیەندرابوو:

• بە تەواوی ئەهالی خوشەویستی(سابلاغ) رادەگەیندریت – لەسەر ئەمری پیشوای معظم و قەراری(حزبی دیموکراتی) کوردوستان لەوەی بەولاوە پێویستە بو پەرە پیدان و رواجی زمانی کوردی خویندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە لەو (تاریخەوە) تا دە ١٠ – روژی دیکە هەر کەسیک کورو کچی هەبی کە عومری اقتضای خویندن بکا دەبی بینیریتە مەدرەسە ئەلبەتە هەر کەس لەو ئەمرە ڕو وەرگیری بە توندترین مجازات تەنبی دەکری. کومیتەی مەرکەزی (حزبی دیموکراتی کوردوستان (معاون حزب طەزادە).

هەر لەو ژمارەیەدا باسی کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرهەنگیی کوردستان و قەرار بۆ کۆکردنەوە و دابەشکردنی ئەو منداڵانە لە نێو میڵلەت و ناردنیان بۆ مەکتەبی گەلاوێژ دەکرێ کە بە هۆی بێ کەسیی بە سواڵ مشغوڵن. ڕەنگدانەوەی ئەم دەستوور لە هەوەڵین ژومارەی کوردستان دا نیشان دەدات کە ڕێبەرایەتیی کورد تا چ ڕادەیەک هەستی بەم کەمایەسیيە لە کۆمەڵگای کوردستان کرد و دڵسۆزانە هەوڵی بۆ کۆکردنەوەی منداڵە هەژارەکان و ناردنیان بۆ مەدرەسەدا، دەرفەتێک کە بە درێژایی سەڵتەنەتی ڕەزاخان و قاجارەکان بۆ منداڵی کورد نەرەخسابوو. پێشەوا قازی محەممەد لە بەشێک لە وتەکانی خۆی کە بە بۆنەی "جێژنی سەربەخۆیی و استقلالی کوردستان" لە ژومارەی ١١ی کوردستان ڕێکەوتی ١٧ی ڕیبەندانی١٣٢۴ بڵاو بۆتەوە زۆر بەوردی زۆڵمو زۆری حکومەتەکانی تاران لە بواری زمان و فەرهەنگی نەتەوە نەفارسەکان شی ئەکات و بەم چەشنە باسی دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان لەو ماوە کورتەی باش دامەزرانی دەکا:" زمانی زگماکمان کە لەگەل شیری دایک تیکەلی خوین و گوشتی ایمە بووە لە زەمانی دیکتاتوری دا سەخت قەدەغە کرابوو زمانی فارسی بزور تحمیلی ایمە و مندالەکانمان دەکرا و ئەوە پتر سببی پاشکەوتنی کورد بو. لە مدارسدا

***رسمیتمان پیداو خویندنو تحصیلمان بە سبکو ترتیبی دنیا خستە سەرباری کوردی- چەند مدرسەی کچان و کورانمان کردەوە مەدرسەی شەوانەمان دایر کرد و کتیب بزمانی کوردی ترجمە کران چەند صد کورو کچ و پیاوی گەورە لە مدارسی شەوانە و روژانە بزمانی کوردی دەخوینن لە جیاتی ئەوەی شش حەوت سال خریکی خویندن و فیربونی فارسی بن لە مانگیک و دو مانگدا دەبنە خویندەوار و هەمو شتیک دەخویننەوە و دەنوسن. بو ناساندنی لیاقت ملی و وەدەرخستنی حیات ادبی و فەرهنگی کورد و بو راگەیاندنی هاواری خومان بە گوی دنیای بشریەتو عدالت محتاجی وسیلەی چاپوبلاو کردنەوە بوین چاپخانەی زور چاک تاسیس کراو دامزرا لە شاری خوماندا بە زمانی خومان بە چاپخانەی خومان گووارو روژنامە دەدرەچی و بیر و فکرو داخوازی ایمە لە دنیادا بلاودەکانەوە." هەروەها لە ژمارەی ٢٥ی کوردستان ڕێکەوتی ٢٦ی ڕەشەمەی١٣٢٤ بە پێی دەستووری پێشەوا بە هۆی پێداویستی‌یەکی زۆر باسی کۆکردنەوەی کتێبەکانی "قرائتخانەی عیسی‌زادە و فەرهەنگ و سازکردنی "کتیبخانەیەکی ملی و عمومی" لە شاری مەهاباد دەکردرێ. لە ڕاستیدا کەمتر ژومارەیەکی کوردستان هەیە کە تێدا بە چەشنێک باسی بایەخی زمانی کوردیی‌و فەن و زانستی هاوچەرخ نەکرابێ.***

***بە دامەزرانی کۆماری کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوای نەمر قازی محەممەد دەرفەتێک بۆ ڕۆڵەی کورد پێکهات تا لەم ماوەیە کورتەدا دەیان تێکۆشەر، شاعیر، نووسەر و ئەدیبی گەورە وەکو حەسەن قزلجی، هێمن، هەژار، ئاوات، حەقیقی،نوری، سەدیق ئەنجیریی، عەزیز یۆسفی، غەنی بلوریان، قاسملوو، گەلاوێژ و هتدی .. لێ‌هەڵکەوێ و ببێتە ئەستێرەیەکی گەش بۆ مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان‌دا. دووی ڕیبەندان‌و دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕووح و لەشی بریندار‌ی نەتەوەی کوردی سارێژ کرد و هیوای دوارۆژێکی ڕووناکی خستە دڵی هەر کوردیکەوە. هێمن لەو پەرەی جوانی‌دا باسی دوارۆژی کوڕ و کچی کورد بە هۆی دامەزرانی سەروەری‌و کیانی کورد لە "یادگاری شیرین"دەکا و دەڵێ:***

***»کوڕی کورد! هاتەوە دیسان هەلی تۆ***
***مەوێستە، خۆت مەگنخێنە، مەترسە***
***برۆ پێش بێ‌وچان، لێ بخورە، باژۆ***
***نەما داخ و پەژارە و ماتەم و خەم***
***زەمانی هەڵپەرین و بەزمە ئێمرۆ***
***لە شایی ئێمەدا نابینی ئێستا***
***کچێکی دڵ بە خەم، لاوێکی بێ‌دۆ«***

***لە ژمارە ٦٢٤ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە***

***سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢١ی جانێویری٢٠١٤***




# دادوەری لە کۆماری کوردستان دا

عومەر باڵەکی

دوای ئەوە کە کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە سەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، ئەرکی ئیدارەکردنی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی کۆمار لە رووی سیاسی، ئابووری، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی سنوورەکان کەوتە سەرشانی بەڕێوەبەرانی کۆمار بە تایبەت کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات و پێشەوا قازی محەممەد. بۆ ئەو مەبەستە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەنجومەنی وەزیرانی پێک هێناو بەڕێوەبەرو بەرپرسانی ئیداری شارەکانی دەست نیشان کرد، بەڵام بۆ ئیدارە کردن و بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەیەکی باش و تەندروست بێجگە لە هەیکەلی ئیداری پێویستە قانوون و یاسایەک هەبێ بۆ ئەوەی پێوەندییەکان دەست نیشان بکاو روون بێت پێوەندی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا بەیەکەوەو لەهەمانحاڵ دا پێوەندی تاکەکان لە گەڵ دەسەڵاتی سیاسی چۆنەو بە چشێوەیەکە.



یەکێک لەو بابەتانەی کە لە لێکۆڵینەوەو وتوێژینەوە لە سەر کۆماری کوردستان کەمتر ئاوڕ لێدراوەتەوە چۆنیەتی یاسادانان و بەڕێوەچوونی یاسا بووە، چونکە کۆماری کوردستان بە هەر هۆیەکەوە بووبێ خاوەنی دەزگای یاسادانان واتە پارلمان نەبووە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بۆ ئیدارەکردنی وڵات بە شێوەی قانوونی و یاسایی لە دادوەری بێخەبەر بووبن. چونکە لە دیکۆمێنت و نووسراوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان دا بۆمان دەردەکەوێ کە بۆ بەڕێوەچوونی وڵات کۆمەڵێک یاساو ڕێسا دەرچوون کە پێوەندیان بە هەموو لایەنەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵک و بەڕێوەبردنی وڵاتەوە هەیەو ئەوە دەرخەری ئەو راستییەیە کە بەڕێوبەرانی کۆماری کوردستان و لەسەرەوەی هەموویان پێشەوا قازی محەممەد چەندەیان بۆ گرینگ بووە کە یاسا لە کۆمەڵگادا سەروەر بێ.

بۆ ئەوەی بۆشایی دەزگای یاسادانان پڕبکرێتەوەو وڵات بێ یاسا نەبێ کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران ئەو ئەرکەیان بەڕێوەبردوەو لە ماوەی ئەو تەمەنە کورتەی کۆماری کوردستان دا کۆمەڵێک یاساو ڕێسا دەرچوون کە هەم خەڵک و هەم بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بۆ جێ بەجێ کردنیان پابەندیان بوون .

ئەو یاسایانە کە دەرچوون لە رۆژنامەی کوردستان دا کە زەمانحاڵی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە چاپ و بڵاوبوونەوەو لەو ڕێگایەوە خەڵکیان لێ ئاگادار کراوەتەوە. ئەو یاسایانە هەمە بابەتن لە یاسای سزادان ڕا بگرە هەتا دیاریکردنی




نرخی کەل وپەل لە بازاڕدا. پێویستە ئیشارە بەو مەسەلەیە بکەین راستە دەزگایەکی یاسادانان هەموویاساکانی دانەناوە بەلام کاتێک حوکمێک لە لایەن دەسەلاتەوە بە خەڵک رادەگەیەندرێ و ئەو حوکمە ئەرک دەستنیشان دەکاو سەرپێچی لەو ئەرکە دەبێتە تاوان و سزای بۆ دیاری دەکرێ، ئەگەر وایە زۆربەی زۆری ئەو ئاگادارکردنەوانەی خەڵک کە لە رۆژنامەی «کوردستان»ی سەردەمی کۆماردا بلاوبوونەوە، حوکمی قانوونییان هەبووە چونکە هەر وەکی لە پێشدا ئیشارەی پێکرا هەم خەڵکو هەم دەسەلات پابەندبوون بە جێبەجێ کردنیان. بۆ زیاتر روون بوونەوە چەند نموونەیەک ئەگەر بە کورتیش بێت لێرە دا باس دەکەین.

## خوێندن بە زمانی کوردی:

خوێندن بە زمانی کوردی لە لایەن بەرێوەبەرانی کۆماری کوردستان بە تایبەتی پێشەوا قازی محەممەد گرینگی تایبەتی پێدراوە هەر بۆیە لە یەکەم ژمارەی رۆژنامەی «کوردستان»دا بە راگەیاندنی حوکمێک بە خەڵکی سابلاغ خوێندن بە زمانی کوردی دەکاتە قانوون و لەو حوکمەدا دەڵێ بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی زمانی کوردی خوێندن لە مەدرەسەکان دا بە زمانی کوردییەو ۱۰ رۆژ مۆڵەت دەدا بە خەڵکێ کە هەر کەسێک کوڕ و کچی هەبێ و تەمەنی گەیشتبێتە تەمەنی خوێندن دەبێ رەوانەی قوتابخانەی بکاو بە پێچەوانەوە هەر کەس ئەو حەکمە جێبەجێ نەکا بەتوندی سزا دەدرێ. دەبینین ئەو حوکمە لە گەڵ ئەوەدا کە بۆ هەموو دانیشتوانی مەهاباد بێ جیاوازی و مۆڵەت و سزاشی تێدایە دەرخەری ئەو راستیەشە کە بەرێوەبەرانی کۆماری کوردستان چەندە بایەخ دەدەن بە خوێندن و زمانی کوردی و لە هەمانحاڵ دا سرنج و بایەخ دەدەن بە کچان کە تا ئەو دەم لە نیعمەتی خوێندن بێبەش بوون و دەسەلاتی کۆماری کوردستان بە قانوون لە سەر کۆمەڵگای دەکاتە واجب کە ئەگەر هەر کەس جێبەجێی نەکا سزا دەدرێ.

دەقی حوکمەکە لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ۱ لاپەڕەی ۴ رۆژی پێنجشەممە ۲۰ / ۱۰ /۱۳۲۴ی هەتاوی بەو شێوەیەی خوارەوە هاتوە:

ئاگاداری

(بە تەواوی ئەهالی خۆشەویستی «سابلاغ» رادەگەیەندرێت لەسەر ئەمری پێشەوا معظم و قەراری «حزبی دێموکراتی کوردستان» لەوەی بەو لاوە پێویستە بۆ پەرەپێدانی و رەواجی زمانی کوردی، خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردیە لەو تاریخەوە تا ۱۰ رۆژی دیکە هەر کەسێک کورو کچی هەبێ و تەمەنی اقتضای خوێندن بکا دەبێ بینیرێتە مەدرەسە ئەڵبەت هەرکەس لەو ئەمرە روو وەرگێڕێ بە توندترین مجازات تەمبی دەکرێ».)

## چەک هەڵگرتن:

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەر خێڵ و عەشیرە و تایفەیەک بۆ خۆی کۆمەڵێک چەکداری لە دەرەوە بووەو چەکێکی زۆریش

بە دەست خەڵکەوە بووەو بۆ ئەوەی نەبێتە هەرەج مەرەج و هەرکەس بە کەیفی خۆی بە مەبەستی خراپ کەڵک لە چەک وەرنەگرێ، فەرماندەی هێزی دێموکرات- کوردستان حوکمێک دەردەکاو لەو حوکمەدا هەڵگرتنی چەکی بێمۆڵەت بە تەواوی قەدەغە دەکاو دەست نیشان دەکا کە کەس یا کەسانێک کە بە ئانقەستو بە خۆڕایی تەقە بکەن و ببنە هۆی شێواندنی ژیانی ئاسایی خەڵک بە دواچوونی یاسایان بۆ دەکرێو سزا دەدرێن.

لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢ لاپەڕە ٣ شەممە ٢٢ / ١٠ / ١٣٢٤ بەو شێوەیە ئەو حوکمە بڵاو بۆتەوە:

«ئاگاداری

بە تەواوی ئەهالی رادەگەیەندرێت کە هەڵ گرتنی ئەسلەحە لە نێو شاردا غەیری ئەشخاصی مەجاز بە کلی قەدەغەیە هەر کەسێک لە نێو شاردا تیر خاڵی بکا سەخت تەعقیب و مجازات دەکرێ».

## کۆنترۆڵی بازاڕ:

بۆ ئەوە حکوومەتی کۆماری کوردستان کۆنترۆڵی بازاڕ بکاو ئیزن نەدا پشێوی لە بازاڕدا دروست بێ و هەلپەرەست و قازانج ویست خەڵکی کەم داهات و دەست کورت نەڕووتێننەوە، هەر ماوە بە ماوە لە رێگای رۆژنامەی «کوردستان»ەوە ئاگاداریەک بڵاودەکاتەوە کە حوکمی یاساییان هەیەو لەو ئاگاداریانەدا نرخی کەل و پەل دەست نیشان دەکا ئەوەتا لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٩ لاپەڕەی ۴ شەممە ١٣ی رێبەندان ١٣٢۴ نرخی گۆشت لە لایەن شارەداری مەهابادەوە دیاری دەکرێو لە کۆتایی دا باس لەوە دەکا هەر گۆشت فرۆشێک لەو نرخە دیاریکراوانە لابدا کە شارەداری دیاری کردوە بە نێوی گرانفرۆشی سزادەدرێ.

ئاگاداری:

«بە تەواوی ئەهالی موحتەرەم مهاباد رادەگەیندرێ نرخی گۆشتی مەڕو بزن سیەی ستمن (٣٠ قران)و گۆشتی رەشەوڵاغ دووتمەن (٢٠ قران) معلوم کراوە تا آگاداری دوم هەر قەصابیک زیاتری بفرۆشێت فورا بە اداری شهرداری خەبەر بدەن تا بە نێوی گران فروشی و تخلف لە مقرراتی شهرداری تنبیەو جریمە بکرێ».

## بەرتێل دان و بەرتیل وەرگرتن:

لە هەر کۆمەڵگایەکدا چ لە سەردەمی کۆن و چ لە سەردەمی ئێستادا هێندێک خەڵک بۆ ئەوە لە کاتی تووش بوونیان بە وەڵام دانەوەی یاسایی و ئامادە بوونیان لەبەردەم حاکمی دادوەری هەوڵ دەدەن کەس یا کەسانێک پەیدا بکەن کە بە هۆی دانی بەرتیل

ناحەقی خۆیان بکەن و بەحەق و کارێکی نایاسایی بە یاسایی بکەن و ئەوە لە سەردەمی کۆماری کۆردستانیش دا هەبووە، هەربۆیە کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکرات یاسایەکی دەرکردوەو لە ڕۆژنامەی «کوردستان» ژمارە ١٢ لاپەڕە ٤ بە ڕێکەوتی ٢٠ی ڕێبەندان بڵاوی کردۆتەوە کە لەو یاسایەدا هاتووە کە هەم مەئموورینی حکوومەتی کوردستان و هەم خەڵکی کوردستان ئاگادار بن کە بە هەر نێوێک و بە هەر ڕێوشوێنێکدا بێ بەرتیل دان و بەرتیل وەرگرتن قەدەغەیەو ئەگەر روون بێتەوە ئەو کەس یا کەسانە بەرتیلیان داوە یان وەرگرتوە بە خائین بە گەل و نیشتمان دەناسرێن و سزا دەدرێن بە سزایەک کە لە ١٠ ساڵ زیندان کەمتر نەبێ و یا سزادەدرێن بە حوکمی ئێعدام. ئەوەی خوارەوە دەقی حوکمەکەیە:

«ئاگاداری

بەهۆی ئەو نوسراوە لەسەر قەراری کومیتەی مەرکەزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تەواوی مامورینی حکومەتی کوردستان و ملت ڕادەگەیەنرێت هەرکەس لەهەر مەمەریکەوە بەهەر نێوێک لە تمەنێک تا چەند تمەن بۆ هەڵسوڕاندنی کارێکی «چە قانوونی و چە شەرعی و غیرە، بەرتیل و ریشوە بدات و یا وەربگری لە پاش مەعلووم بوون بە خاینی ملت و مملکت دناسرێ قەراری مجازاتی ئەو کەسانەش لە دە ساڵ حەبس هەتا کوشتن (اعدام) تصویب و مقرر کراوە.»

## کچان و ژنان:

دیارە مەسەلەی ژنان وەک بەشێک لە کۆمەڵگە چ لە بواری خوێندن و چ لە بواری بەشداری کردنیان لە ئیدارەکردنی وڵات خەمی گەورەی بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان بووەو هەر لەسەردەمی کۆماری کوردستان دایە کە کچان ڕێگەی خوێندنیان بۆخۆش دەکرێو بۆ پاراستنی مافەکانیان یەکیەتیی ژنان دادەمەزرێ و ئیزنی چالاکی پێ دەدرێ و بێجگە لەوانە بەڕێوبەرانی کۆماری کوردستان هەوڵیان داوە مافە کۆمەڵایەتییەکانی ژنانیش پارێزراو بێ و پێشگیری بکرێ لە توندوتیژی و هەڕەشە بۆ سەر ژنان و کچان. ئەوەتا لە بڕیارێکدا کە بە ئیمزای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران حاجی بابا شێخ دەرچووە و لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥ لاپەڕەی ٤ ڕێکەوتی ٢٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بڵاوبۆتەوە بەو جۆرە باس لە دوو مەسەلەی پێوەندیدار بە ژنان دەکاو دەڵێ لەسەر بڕیاری هەیئەت ملی کوردستان هەر پیاوێک بەزۆر ژنی بەمێرد گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە ڕاکێشێ دەبێ ئەو پیاوە سزابدرێ بە ئێعدام کە هەموومان باش دەزانین پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری لەو سەردەم دا بەشێوەیەک بوو کە ڕەنگە زۆرجار بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە و بێحورمەتی کردن لە نێوان دوو تایفەو عەشیرەو بنەماڵەدا ژن بۆتە قوربانی. هەر بۆیە بەڕێوبەرانی کۆماری کوردستان ئەو گرفتەیان دیوە و بۆ چارەسەر یاسایان بۆ دەرکردوە و هەر لە درێژەی ئەو برگە یاسایەدا هاتووە ئەو کچانەی کە مانعی لەسەر ڕێگە نیە بەوشەرتە کە کوڕەکە پێشتر خوازبێنیی لە بنەماڵەی کچەکە کردبێ و ئەوانیش وەڵامی ڕەدیان دابێتەوە و کچەکە خۆی رازی بێت دەتوانێ لەگەڵ کوڕەکە بڕوات و ژیانی هاوبەش پێک بێنێ. لەو حاڵەتەدا کوڕەکە هیچ سزایەکی یاسایی تووش نابێ، بەڵام ئەگەر ئەو مەرجانە کە باسمان کرد نەبوون کوڕەکە لە ٣ مانگ هەتا ٣ ساڵ لە زیندان دەکرێ.




لێرەدا دەبینین کە حکوومەتی کۆماری کوردستان چەند هەوڵی داوە و مەبەستی بووە کە هاوسەنگی لە نێوان مافەکانی ژن‌و پیاودا بکا و ئەوە لە حاڵێکدا بووە کە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری زۆرتر عەشیرەیی بووە تەنانەت لە وڵاتانی دەوروبەری کوردستانیش مافی ژنان پێشێل کراوەو ژن خاوەنی هیچ مافێک نەبوون بەوشێوەیە کە ئێستا ئێمە لێی دەڕوانین. بەڵام لەو برگە یاساییەدا هەم پێش بە بێحورمەتی کردنی ژن دەگیرێ کە فیدای کێشە کۆمەڵایەتییەکان نەبێ و هەم ئیزن دەدا بە کچ کە خۆی بڕیاردەربێ لە هەڵبژاردنی هاوسەری داهاتووی دا. ئەوە دەقەکەیە کە لە ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو بۆتەوە:

«ئاگاداری

## ڕەدووگەوتنی کچان و ژنان قەدەغەیە

لەسەر قراردادی هیئەتی ملی کوردستان هەر پیاوێک بەزۆر ژنی بەمێرد گوێزرابێتەوە یا نەگوێزرابێتەوە ڕاکێشێ ئەو پیاوە دەبی بکوژرێ ئەمما کچ خوازبێنی بکاو نەیدەنێ و مانعی شەرعی نەبێ و بەمێرد نەبێ کچەکە رضای ببێ، جزای نیە وگرنە لە سە مانگەوە تا سە ساڵ حەبس دەکرێ»

بێجگە لەوانە بە دەیان نموونەی دیکە لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا چاپ و بڵاو بوونەوە و بابەتی وەک ماڵیات، گمرک، لەدایک بوون و مردن، ڕەچاوکردنی لەشساغی و پاراستنی ژینگە و پاراستنی مافی کەمایەتییەکانی ئایینی و مەزهەبی و قانوونی سزادان و .... هتد. کە ئەوانە یاسایان پێ دەرچوون و خەڵک و دەوڵەت لەسەریان بووە کاریان پێ بکەن. کە دیارە زۆربەی ئەو قانوونانە نزیک بە چوارجار لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاوبوونەوە و ئەوکات کاریان پێکراوە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئیشارە بەوە بکرێ کە ئەگەر کۆماری کوردستان کات و مەودای زیاتر هەبوایە و بەچەندین ساڵ درێژەی بە دەسەڵاتی سیاسی خۆی دابایە حەتمەن لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەبوو بە خاوەنی دەزگای یاسادانان‌و ئەوکات هەم یاساکانی تۆکمەتر دەبوون و هەم دەزگای دادوەری و ئیجراییبەتواناتر دەبوون لە جێبەجێکردنی یاساکان دا و هەم خەڵکی کوردستان لەسەرەوەی یاسادا زیاتر سوودمەند دەبوون. بەڵام بەوحاڵەش لەو تەمەنە کەمەدا کۆماری کوردستانی پێدا تێپەڕ بووە، بەڕێوبەرانی کۆمار لە دانان‌و بەڕێوە بردنی یاساو ڕێسا غافڵ نەبوون و هەوڵیانداوە هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵک لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆماری کوردستان دا ببینن و بتوانن ئەو لایەنانەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەیاسا ڕێک بخەن.

لە ژمارە ۶۲۴ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ۲۱ی جانێویری ۲۰۱۴




# دەقی وتارێکی " ئارچی ڕۆزوێڵت" کاربەدەستی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران،

## لە سەردەمی کۆمار دا، لە سەر کەسایەتی پێشەوا

**ئارچی ڕۆزوێلت،** کاربەدەستی سفارەتی ئەمریکا لە تاران، لە سەردەمی کۆمارداسەردانی مەهاباد دەکا و چاوی بە پێشەوا دەکەوێ. دەوری ٣ مانگ پاش لە سێدارەدانی پێشەوا لە مانگی جولای ساڵی ١٩٤٧ لە ژمارەی ٣ی میدڵ‌ئیست جۆرنالدا وتارێکی پڕ نێوەڕۆک لە ژێر ناوی "کۆماری کورد لە مهاباد"، بڵاو دەکاتەوە


Qazi Mohammad shares a watermelon with Archie.

ئەمەش چەند بەشێکی کورت لەو وتارە:

### سەبارەت بە لە دایکبوونی کومار:

ئاواتی ناسیۆنالیزمی کورد واتە کوردستانێکی سەربەخۆ، لە دیسامبری ١٩٤٥ تا دیسامبری ١٩٤٦، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی بچووک لە کوردستانی ئێراندا وەدی‌هات. چۆنیەتی دامەزران و پێکهاتنی کۆماری کورد، مێژووی کورت و پڕ لەڕووداوی ئەو کۆمارە، هەروەها تێکچوونی کوتوپڕو لە نەکاوی، یەکێک لە بەسەرهاتە هەرە سرنجڕاکێشەرەکانی سەردەمە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا........

### سەبارەت بەکەسایەتی پێشەوا:

...... ئەو کەسانەی کە دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتبوو و لە نیزیکەوە قازی محەممەدیان دیتبوو، بە باشی بۆیان دەرکەوتبوو کە چ کەسایەتییەکی هەیە. هەروەها زۆر زوو تێگەیشتبوون کە لە هەموو جێگایەک چلۆن بووە بە سیمبولی کوردایەتی. قازی پیاوێکی کورتە باڵاو تەمەنی دەوری ٥٠ ساڵ بوو، باڵتۆیەکی کۆنی ئەرتەشی دەبەردابوو و ریشێکی مەخمەریی‌و ڕەنگو ڕوویەکی زاهیدانەی هەبوو. بەهۆی نەخۆشیی مەعدە تا رادەیەک ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. ئینسانێکی کەم خۆر بوو. نە جگەرەی دەکێشاو نە خواردنەوەی ئەلکۆڵیشی دەخواردەوە. لەسەرخۆو مەتین بوو. زۆر بە ئارامی قسەی دەکردو زۆر زووش کاری دەکردە سەر ئینسان. چوارچێوەیەکی فکریی زۆر بەرینی هەبوو و نێونەتەوەیی بیری دەکردەوە. هەموو نەتەوەکانی‌تری دنیای خۆش‌دەویست.

گەلێک لە زمانەکان، بۆوێنە ڕووسی، کەمێک ئینگلیسی و ئیسپرانتۆی دەزانی. لەسەر میزی کارەکەی هەمیشە کۆمەڵێک کتێب

دەربارەی ڕێزمان و زمانەکانی بێگانە لەسەر یەک داندرابوون.

...... وادەردەکەوت کە قازی محەممەد بیرو باوەڕێکی زۆر قووڵی هەیەو ئامادەیە خۆی لە پێناویدا فیدا بکا، لە هەمان کاتیشدا ڕووناکبیرێکی لەسەرەخۆ بوو.

## سەبارەت بە پێوەندی لەگەڵ تەوریزو تاران:

...... گیرانی " رەزاییە" بە دەستی دێموکراتەکانی ئازەربایجان لەو سەروبەندەدا، گیروگرفتێکی تازەی بۆ دەوڵەتی کورد خوڵقاند. هەرچەند کە زۆربەی زۆری دانیشتووانی دەشتی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ، لە "رەزاییە"وە هەتا ماکۆ تورکی ئازەربایجانین، بەڵام لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەو ناوچەیەدا عەشیرەتە کوردەکان دەژین کە بەرزاییەکانیان بەدەستەوەیە و بەسەر دەشتاییەکانی مەڵبەندەکەدا زاڵن.لە ناوچەی میاندواو، لە باکووری گۆلی ورمێ دانیشتووانی تێکەڵاوێکن لە کورد و تورک.

دەوڵەتەکانی تەورێز و مەهاباد، لەسەر ئەم ناوچانە کێشەو ناکۆکییەکی زۆریان بوو، چونکە هەردوولا ئەم ناوچانەیان بە هی خۆیان دەزانی. ئەمەرخان و عەشیرەتەکانی زۆر دەربەستی دێموکراتە ئازەرییەکان نەبوون و بێ‌پسانەوە هێرشیان دەکردنە سەر ئەو گوندانەی کە حکوومەتی تەورێز بە هی خۆیانیان دەزانین.

لە مانگی ئاپریلی ١٩٤٦دا سۆڤیەت بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکی و گیروگرفتانە قازی محەممەدی بانگهێشتی تەورێز کرد.

لەبەر ئەوەی دێموکراتەکانی ئازەربایجان بە مەبەستی دیاریکردنی چەند و چۆنی داهاتووی ناوچەکانیان، دەیانهەویست لەگەڵ دەوڵەتی ئێران وتووێژ بکەن، بۆیە پێکهاتنی بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوان دوو دەوڵەتی سازکراوی کورد و تورک دا، شتێکی زۆر گرینگ و پێویست بوو.

ئاکام و بەرهەمی دانیشتنەکانی سێ قۆڵی، واتە پیشەوەری سەرۆکی دێموکراتەکانی ئازەربایجان و قازی محەممەد و سۆڤیەت، بوو بەهۆی ئەوە کە لە ٢٣ی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦دا ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان نوێنەرانی کورد و ئازەربایجانیدا ئیمزا بکرێ. بڵاوبوونەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە حکوومەتی ئێرانی فرەنیگەران و پەشێو کرد. لە ڕاستیدا نیگەرانیی تاران زۆرتر لەوبەشەی ڕێککەوتننامەکە بوو کە باسی سەربەخۆیی ئەو دوو حکومەتە دێموکراتانەی دەکرد کە مافی دیاریکردنی نوێنەر لە لای یەکترو پێوەندی بازرگانییان لەگەڵ یەکتر بۆخۆیان هیشتبۆوە.

## دەقی ڕێککەوتنەکە بەو چەشنە بوو:

١- ئەو دەوڵەتانەی کە ژێر ئەو ڕێککەوتنەیان ئیمزا کردووە لە کاتی پێویستدا نوێنەر بۆ لای یەکتر دەنێرن.

٢- لە ئازەربایجاندا، لەو شوێنانەی کەوا کوردەکان لە کەمایەتی دان، پێویستە ئەوانیش لە بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی کارەکان دەوریان هەبێ. هەروەها دەبێ ئەو مافە بۆ کەمایەتییە ئازەرییەکانیش کەوا لە کوردستاندا دەژین دیاری بکرێ.

٣- کۆمیسیۆنێکی ئابووریی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابوورییەکانی هەردووکلا پێک بێت، ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندیی هەردووک وڵات دیاری بکرێن.

٤- هێزی چەکداری هەردووک دەوڵەت کە ئەو ڕێکەوتننامەیان ئیمزا کردووە لە کاتی پێویستدا یارمەتی یەکتر بدەن.

٥- هەرچەشنە وتووێژێک لەگەڵ تاران، دەبێ بە گوێرەی قازانجو بەرژەوەندیی هاوبەشی دوو دەوڵەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و کوردستان بێت.

٦- دەوڵەتی ئازەربایجان بۆ بەرەوپێشبردنو پەرەپێدانی زمان و کولتووری کوردی لە نێو کوردەکانی دانیشتووی ئازەربایجاندا هەوڵی پێویست دەدا. دەوڵەتی کوردیش هەر بەو شێوەیە بۆ ئازەرییەکانی دانیشتووی کوردستان هەوڵ دەدات.

٧- هەردووکلا بە مەبەستی سەرکوت کردنی ئەو کەس و تاقمانەی کەوا لە پێناو تێکدانی برایەتی دێموکراتیک و دۆستایەتی مێژوویی گەلانی ئازەری و کورد، پیلان دەگێڕن هەوڵی پێویست دەدەن.

پاش ماوەیەک دێموکراتەکانی ئازەربایجان بە مەبەستی وتووێژ و ڕیککەوتن لە گەڵ ئەحمەدی قەوام، سەرۆکوەزیرانی ئێران، چوون بۆ تاران. بەپێی ڕیککەوتنێک لە نیوان قەوام و ئازەرییەکاندا تەواوی مەڵبەندی ئازەربایجان کە کوردستانیشی دەگرتەوەو هەر بەقسە و لەسەر کاغەز وەک پارچەیەک لە ئێراندا مابۆوە، بە ڕەسمی کەوتە دەست دێموکراتەکان کە دەمێک بوو هەموو پلەو پۆستە بەرزەکانی حکوومەتیان لەدەست خۆیان گرتبوو.

کوردەکان ئەو ڕێککەوتنەیان زۆر پێناخۆش بوو ولەدژی ڕاوەستان. هەرچەند کە سەدری قازی برای قازی محەممەد، نوێنەری دوایین پارلمانی ئێران خۆی وەک نوێنەری کوردەکان لە تاران، لە هێندێک لەم وتووێژانەشدا بەشدار ببوو، بەڵام دیسانیش کوردەکان پێیانوابوو کە زۆربەی خاڵە سەرەکییەکانی ویستی ئەوان، لەو ڕێککەوتنەدا لەبەرچاو نەگیراوە و لە پەراوێز خراون.

لەڕاستیدا دێموکراتەکانی ئازەربایجان ڕەنگوروو وچوارچێوەیەکی قانوونییان دابوو بە ماوەو مەودای حکوومەتی خۆیان، لە کاتێکدا دەوڵەتی قازی محەممەد هیچ چەشنە بناخەیەکی قانوونی ئەوتۆی نەبوو. کوردەکان لە ڕادەی کەمایەتییەکی نەتەوایەتی لە چوارچیوەی ئێراندا، هاتنە خوارتر و ئەوجار بوون بە کەمایەتییەک لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکی ئازەربایجانیدا.

لە ئاکامدا قازی محەممەد بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی لە دژی ئەو ڕێککەوتنە بۆ وتووێژ لەگەڵ قەوام چوو بۆ تاران. قازی داوای لە قەوام کرد کە هەموو ناوچەکانی کوردی گرێدراو بە ئازەربایجان لە لایەک، و ناوچەکانی خوارووی کوردستان کە سنەشی دەگرتەوە و لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئێراندا مابۆوە لە لایەکیترەوە بخرێنەوە سەر یەک.

مەبەست مەڵبەندێکی گەورەو بەربڵاو بووە کە لە سنووری سۆڤیەتەوە تا کرماشانی دەگرتەوە و دەبوایە لە ڕادەی ئۆتۆنۆمیدا دەسەڵاتی هەبوایە. کاربەدەستان و هیزی چەکداری مەڵبەندی ئۆتۆنۆم دەبوایە کوردبان. هەروەها قازی داوای کرد کە سەرۆکایەتیی ئەو مەڵبەندە خودموختارە خودی خۆی بیکات.

قەوام سەرۆک وەزیرانی فێڵبازی ئێران، بەڕواڵەت داواکانی قازی محەممەدی بە مەرجێک قەبووڵ کرد کە قازی بتوانێ ڕەزایەتی دوکتور جاوید، سەرۆکی دەوڵەتی ئازەربایجان وەربگرێت. بەڵام دوکتور جاوید بە قەڵسی وتووڕەییەکی زۆرەوە گەلاڵەو داواکانی قازی محەممەدی ڕەت کردەوە. بەو چەشنە ناکۆکیی لە نێوان کوردەکان و دێموکراتەکانی ئازەربایجان پێکهات و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرەی ئەستاند......

## سەبارەت بە کۆتایی کۆمار:

....... دەستبەسەرداگرتنەوەی مەهاباد لەلایەن ئەرتەشی ئێرانەوە، خەبات و تێکۆشانی ئەم دوایەی کوردەکان لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دا کۆتایی پێهات. ئەم جارەش هەروەک جارەکانی پێشوو هۆی سەرەکیی سەرنەکەوتنی کوردەکان، نەبوونی یەکیەتی لە نێو ریزەکانی خۆیان دابوو.......

....... ئێستا ئیتر نە کۆمەڵەی ژ. ک ماوە و نە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەشێکی زۆر لە رێبەران و بەرپرسەکانی کورد یان مردوون یان زیندانی کراون و یان لە دوورەوڵاتیدا دەژین. بەڵام دیسانیش هەمووی ئەوانە بەو مانایە نییە کە ناسیۆنالیسمی گەلی کورد لە ناوچووە. پشت و پەنای کۆماری کوردستان بەشی روونـاکبیر و پێشکەوتووی کۆمەڵانی خەڵک بوون کە رۆژ بە رۆژ لە باری چەندایەتیو چۆنایەتی، لە حاڵی پەرەئەستاندندا بوون. نەیارەکانی کۆمار لە کەسانێک پێکهاتبوون کە رۆژ بە رۆژ لە حاڵی کەم بوونەوە و لەناو چووندا بوون........

تێبینی:

١- رۆژی دامەزرانی کۆمار ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ بووە نەک دێسامبری ١٩٤٥ کە رۆزوێلت باس دەکات.
٢- پێشەوا لە ساڵی ١٩٠٠ لە دایک بوو و لە ساڵی ١٩٤٧ لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا لە سێدارە درا.
٣- وادیارە بە لای نووسەر شارەزایی و ئاشنایی پێشەوا بە زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی شتێکی زۆر ئاسایی بووە بۆیە ئاماژەی پێنەکردووە.

سەرچاوە : ماڵپەری حدک میدیا / رێکەوتی : ٢١ی جانێویری ٢٠١٤

# کۆماری کوردستان لە مێژوودا.

ئەحمەد مەکڵاوەیی

کۆماری کوردستان کە ڕۆژی ۲ی ڕێبەندانی ۱۳۲۴ی هەتاوی بەرامبەر بە ۲۲ی کانوونی دووەمی ۱۹۴۶ی زاینی لە ڕێ و ڕەسمێکی بێ وێنەو لە نێو چەپڵە ڕێزانی ئاپۆرای خەڵک و سروودی نیشتمانی دا کە بە دەنگی کوڕ و کچانی قوتابی تامەزرۆی ئازادی و سەر بە خۆیی قوتابخانەکانی مەهاباد گوترانەوەو پاراستنەکەشی هێزی شۆخ وجوانی پێشمەرگە وەئەستۆی خۆی گرتبووو، تەواو پیاو ماقوڵانی شارو شەخسی مستەفا بارزانی ویارانی وسەرۆک عەشیرەتەکانی مەنگوڕ،مامەش،گەورک،زەرزا،هەرکی،شکاک،جەلای و چەندین سەرۆک عەشیرەتی پشدەری وەک جوامێراغای تەنگژەو برایماغای برای لەوی بوون و،لە لایەن قازی محەممەد ڕاگەیێندرا، لە بواری حوکمرانی دا، چ لە ئاستی کوردستان و، چ لە ئاستی ناوچەکە و چ لە ئاست نەزەری وڵاتانی بیانی، بە یەکەمین ئەزموونی دیار و بەر چاوی نەتەوەی کورد هاتۆتە ئەژمار.



لەو ڕۆژو کات و ساتەدا کە کۆماری کوردستان لە لایەن قازی محەممەد ڕاگەیێندرا،قازی محەممەد زۆر بە وازعی باس لە زەروورەتی یەک ڕیزی نەتەوەی کوردو خۆڕاگریەکەی دەکات کە ئێستاشی لە گەڵدابێت ئەو بیری نەتەوەیی ئەو کات لە هەموو کاتێک پتەوتر دەبێت کە نموونەکەشی ئەوەیە کە ئەو ڕۆژە قازی محەممەد لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دا دەڵێت: ئێمە هێزێکی میللیمان(نەتەوەیەی) تەشکیل داوە کە ئەگەر بەوردی لێکی بدەینەوە ئەم چەند وشەی ئەو نەمرە لهبارەی مەسەلەی نەتەوەیی دا دەتوانرێ دەیان کتێبی لە سەر بنوسرێت.

ئەو ڕۆژە کە کۆماری کوردستان پێکهات، لە شادی و خۆشی ئەو حکومەتە، منداڵانی سەر لانکەی کوردستان بە گشتی لە ناو بێشکەدا خەونی ئازادی کوردستانیان بینی و لە خۆشیان دایان لە قاقای پیکەنین و بە زەردەی سەر لێوو ڕەنگی گەش و جوانیان، کە وەک نوور لە ناوچاوانیان دەباری، بەفرو بەستەڵەکی چوارچرایان شەق کرد و پڕ بە شار خۆشیان باراند و دڵی خەڵکیان وەک گوڵ گەش کرد و بە تێکرایی مانگی ڕێبەندانیان کردە مانگی بەهار و گولان و وەک مامۆستا هێمن گوتویەتی: سەد بەهار، نۆکەری ئەو زستانە بوو.

کۆماری کوردستان، هەر ئەو ڕۆژەی ڕاگەیێندرا، دەری خست کە ئیمانی بە دێموکرسی و بەرابەری ژن و پیاو هەیە کە دوو خوشک بە ناوەکانی ویلمەی سەیادیان، کە بەڕێوە بەری قوتابخانەی (پەروانەی کچان)ی شاری مەهاباد بوو، لە گەڵ خەدیجەی حەیدەری کە ڕاوێشکاری هەر ئەو قوتابخانە بوو، یەکی وتارێکیان خوێندەوە کە لەوێدا ئامۆژگاری ژنانیان کرد کە بۆ پاراستنی کۆمار و کوردستان ببنە هاوکاری براکانیان و دەست بە تێکۆشان بکەن کە لەوێدا گوتیان: ئەمرۆ، دونیا موحتاجی کچ و کوڕە کە بە خوشک و برایەتی دەست بدەنە دەستی یەک بۆ ڕزگارکردنی دایکی نیشتمان.

ئەوەی زۆر جێگەی تەقدیرە ئەوەیە کە حکوومەتی کوردستان دروست بوو، کومیتەی ناوەندی حیزی دێموکراتی کوردستان ، دەستەی سەرۆکایەتی میللی کە پێکهاتبوو لە چواردە وەزارەتخانە ڕاگەیاند.

کۆماری کوردستان کە سنوورەکانی تا مەهاباد و ، شنۆو، میاندواوو، سەردەشت و، بانەو، سەقز و، نەغەدەو، بۆکان و، ورمی و شاپوورو، خۆی و، ماکۆبوو، وە ک باسی لیکراوە, هێزەکانی بە گشتی بە هێزی پێشمەرگە و خەڵکی چەکدارەوە، گەیشتۆتە ٤٥٠٠٠ کەس، بەڵام لە شوێنی واشدا هەیە کە گوتراوی هێزی پێشمەرگەی ١٢٧٥٠کەس بووە و، لە شوێنێکی تریشدا گوتراوەکە ١١١٠٠ کەس بووە.

کۆماری کوردستان هەرچەند تەمەنی زۆر کەم بوو، بەڵام توانیویەتی کۆمەڵێک دەستکەوتی زۆر گەورە و باش و گرنگ و بێ وێنەی لە مێژووی خەباتی ڕزگایخوازی نەتەوەی کورد دا لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، سەربازی، ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیدا بێنێتە دی.

کارێکی تری کۆماری کوردستان ئەوە بووە کە ڕێگەی بە کەمایەتیە ئاسۆری و ئەرمەنی وجوولەکەکانیش داوە کە لە کوردستان دا قوتابخانەی تایەت بە خۆیان هەبێت.

جگە لەوانەش، وتارەکانی کە لە مزگەوتەکاندا دەخوێندرانەوە، بە پێی بڕیاری حکوومەتی کوردستان بە زمانی کوردی دەخوێندرانەوە کە لە گەڵ ئەوەشدا کتێبخانەی گشتی کرا بوونەوە تا خەڵک بەرە و ڕۆشنبیری بڕۆن.

لە بارەی ڕێکخراووگروپ و پیشە دا گەلێک ڕێکخراوی جۆر بە جۆر دروست ببون، وەک ڕێکخروەکانی یەکیەتی جەوانانی دێموکرتی کوردستان کە یەکێک لە چالاکیەکانی ئەوەبوو کە توانی ڕۆژنامەی هاواری نیشتمان بڵاو بکاتەوە کە سەر نووسەرەکەی سەدیق ئەنجیری ئازەر بوو و تەنیا ٥ ژمارەی لێ بڵاو بۆوە.

هەرلەو کاتە دا بە هەوڵ و هیمەتی قازی محەممەد و مینا خانمی هاوسەری و کۆمەڵێک ژنی چالاک یەکەمین ڕێکخراوی ژنی کورد بەناوی یەکێتی ژنان دامەزرا.

جگە لە وانەش لەو کاتە دا تونرا رادیۆ دەنگی کوردستان دابمەزرێ بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە بارودۆخی کۆماری کوردستان و هەواڵە جیهانیەکان بە ئاگا بن.

هەروەها جگە لە هێنانی سینەماو بایخدان بە بواری رۆژنامەوانی، چەندین بڵاوکراوە و رۆژنامەوگۆڤارو کتیب بڵاو کرانەوەکە خزمەتێکی گەورەیان بە بەرەو پێش چووی باری فەرهەنگی نەتەوەکەمان کرد و لە ناو کۆمەڵگا بیانیەکانیش لە زۆر بوارەوە تەئسیری خۆی داناو هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیاندا تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی زیاتر و دەوڵەمەندتریان بە کۆمەڵگای کوردەواری بەخشی کە چەندەیان بریتی بوون لە هاواری نیشتمان، گۆڤاری ئاوات، هەلاڵە، رۆژنامەی کوردستان کە لە گەڵ ئەوانەشدا بۆ خزمەت کردن بە منداڵانی کورد، گۆڤاری گروگاڵی مندالانی کورد بڵاو کرایەوە.

هەر لەو کاتە دا بۆ یەکەم جار رۆژمێری باخەی رەسمی کۆماری کوردستان چاپ و بڵاو کرایەوەکەهەواڵی بڵاو کردنەوەکەی ، وەک مزگێنیەک پێش دەرچوونی لە لایەن هەندێک رۆژنامەی کوردستانەوە بڵاو کرایەوە،
لە بواری کشتوکاڵی و بازرگانییەوە کۆماری کوردستان بایخێکی گەورەی بەم لایانانە دا کە بە رادەیەکی زۆر باش چوونە پێش و خزمەتێکی باشی بەباش کردنی باری گوزەرانی کۆمەڵگای کوردە واری کرد.

لەبواری یاسایەوە وەک بنەمایەکی شارستانی، حکومەتی کوردستان سەرچاوە یاساکانی هەمە جۆر و فرە لایە ن بوون و، وەک کوردەواری خۆمان دەڵێ: کەڵ بە موو بەند بوو.

سەرە رای ئەو هەموو کۆسپانەی کە لە دەرباری شاو دەرەوەی وڵات لە لایەن ناحە ز و دوژمنانی کوردەوە بۆی دروست دەکران، کۆماری کوردستان بە تەواوی هەوڵی بە جیهان بوونی خۆی داو بە دروستی دەستی دۆستایەتی بۆ دراوسێ و جیران و دونیایی دەرەوە درێژ کرد و, زۆر ژیرانە هەنگاوی نا. بەلام دوژمنانی ئەوەندە زۆر بوون کە بە داخەوە زوو جوانە مەرگیان کردو نە یانهیشت نەتەوەکەمان زیاتر لە بەرسیبەریدا بحەسیتەوە.

سەرچاوە, و نوسراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / رێکەوتی : ٢١ی جانێویری٢٠١٤




# دوای ٦٨ ساڵ، ئێمە چمان کردوە؟

**ئاگری باڵەکی**

هیچ کات دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان بە بیریشیان دا نەدەهات کە دوای تێکچوون کۆمار خەباتی کورد ڕێگایەکی درێژتری دەکەوێتە بەردەم و بۆ گەیشتن بە ئامانج.



تا ئێستاشی لەگەڵ بێت لە دوای تێپەربوونی ٦٨ ساڵ بەسەر دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ئێمە کۆماری کوردستانمان بە وشێوەی کە پێویستە نەناسیوە، ئێمەو ئەوانەی دوای کۆماریش جلەوی خەباتی کوردیان گرتۆ هیچ کات هەوڵی ئەوەیان نەداوە کە لە کۆمار بەو شێوەی کە هەبووە تێبگەن. نەوەی ئێمە لە پێداهەڵگوتنو گەورەکردنی ڕووداو و کەسایەتیەکاندا چەندە ئازاین ئەوەندە لە شکاندنو بێ ئەرزشکردنی ڕووداوەکانیشدا کەمان دانەناوە. بۆیە کۆماری کوردستان لە نێوان دوو جۆر بیرکردنەوەدا، بەردەوام لە هەڵکشانو داکشان دابووە، کۆمەڵێک لە بچوک کردنەوەی کۆمارو تایبەت کردنی بە ناوچەیەک دیاری کراو خەریکنو کۆمەڵیکی تر لە نەفی کردنەوەی کۆمارو کەمکردنەوەی ڕۆڵی سەرکردەکانی بەشدارن، هەروەها دەستەیەکیش بوونە درادەستی دوژمنانی کورد کاریان ئەوەیە دژ بە پێشەواو کۆمار بنووسن و قسە بکەن.

بەڵام ئایا ئێمە چمان کردوە بۆ ئەوەی ئامانج و کردەوەکانی کۆمار بەرز ڕابگرین؟ یان چمان لە دەست دێت؟ ئایا باشتر نیە کۆماری کوردستان بە شانازی و سەرکەوتنەکانیەوە ببێتە موڵکی مێژوو و ببێتە بەشێک لە مێژووی پڕ لەسەر وەرەی؟ یا ئەوەتا دەبێ دوای ٦٨ ساڵ زیاتر لە کۆمار وردبینەوە.

چ هۆکار گەلێک هەبووە کە سەرکردەکانی کۆمارو لە پێشەوەی هەمووان، پێشەوا قازی محەممەد توانیویەتی کە لەماوەیەکی کەم دا گۆرانێکی ئەوتۆ بکات کە کوردو گەلانی ناوچەکە بەدرێژایی مێژووی خۆیان نەیان دیتوە، کۆماری کوردستان لە یازدە مانگی تەمەنی دا کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ماوەیەکی یەکجار کورتە هێندێک کاری گرینگی مێژووی دەکات کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت ئێمە لەسەردەمی ئێستا ئەو کارو کردەوانەمان پێ ئەنجام نادرێ. لە گرینگترین کارەکانی کۆماری کوردستان کە لە مێژووی پڕسەروەری ئەم کۆمارە ساوایەدا تۆمار کراوە بریتین لە یەکەم دەوڵەتی نەتەوەیی لە سەردەمی نوێدا، بەرەسمی کردنی زمانی کوردی، دانانی هێزی پێشمەرگە، بڵاوکردنەوەی بیروڕای دێموکراتی، ڕێگا خۆشکردن بۆ بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. ئەو کردەوانەو دەیانی تر دەیسەلمێنن کە بەڕێوەبەرانی کۆمار چەندە بەدڵەوەو دور لە دەمارگرژی و یەکگرتوویی

هەوڵیان داوەکە ئامانجە لەمێژینەکانی کورد بێنە دی، هەربۆیە ئیرادەی پۆلاینی ئەوان توانیویەتی بەسەر کەندە کۆسپەکانی ئەو سەردەمە دا زاڵ بێت و بناغەی هیواکانی مرۆڤی کورد دابنێت.

بەڵام ئایا بۆ ئێمە تا ئێستا کە لە سەردەمێکدا دەژین نەمان توانیوە یان نەمان ویستووە کە لانیکەمەکەی وەک خەلکێک کە ئەوکات بەشداری کۆمار بوون بیر بکەینەوە، ئایا ژینگەو ئامرازەکان گۆراون یان مرۆڤەکان گۆڕاون، بەپێ هەموو هەڵسەنگاندنەکان گۆڕانەکان بە ئاراستەی باش ڕۆیشتوون بەڵام لە هەمان کاتدا ئیرادەی مرۆڤی کورد دابەزیوە، باوەر بەخۆ نەبوون و یەکتر قەبووڵ نەکردن بۆتە فەرهەنگی ئێستای کۆمەڵگای کوردی، لە باکورەوە تا باشوورو لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا، کوردەکا لە یەک کاسە دا نانیان پێ ناخورێ‌و بەردەوام لەگەڵ دوژمنەکان لەسەر یەک سفرە دادەنیشن، کێشەکانی خۆیان حەل دەکەن.

میللەتێک کە نەتوانێ کێشە ناوخۆیەکانی خۆی چارەسەر بکات، نابێ چاوەڕوانی ئەوەش هەبێت کە وڵات و حکومەتداری بکات. کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەوەی تەمەنی کەم بوو بەڵام نیشانیدا کە دەتوانن بە پشت بەستن بەیەکترو لێک حالی بوون، بگەنە دورگەکانی بەختەوەری مرۆڤی کورد.

دوای ٦٨ ساڵ دوای کۆمار ئێمە چمان کردوە، پرسیارێکە کە دەبێ هەموو تاکێکی کورد لە خۆی بکات، ئێمە دوای ٦٨ سال جگە لەوەی کە بە مێژووە دەژین و بە مێژووە خەبات دەکەین‌و مێژووە بۆتە نانی سەر سفرەکانیشمان چی ترمان کردوە؟ لە خۆ بەکەمنەگرتن و یەکتر شکاندن چی ترمان ئەنجام داوە، دوای ٦٨ ساڵ مێژوویەکی پڕ لە خوێناوی و ماڵ وێرانی، چی دیکەمان بۆ نەوەی داهاتوو هەیە، ئایا بەراستی نەوەی ئێمە و نەوەی دوای کۆمار چیمان بۆ نەوەی داهاتوو هەیە، کاری ئێمە بۆتە ئەوەی کە مێژوو بگوازینەوە، باسی بکەین‌و خۆی پێ بەرزکەینەوە، بەڵام هیچ کات و ئێستاشی لەگەڵ بێت لانیەکەم دەرسمان لە مێژوو وەرنەگرتووە، ئەگەر بەو ئاراستەیەش بڕۆین لەوەی کە ئێستا هەین باشتر نابین. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە کە هەموومان پێکەوە بە باوەر بەخۆبوون و یەکتر قبووڵ کردن، لە هەوڵدان ڕانەوەستین بۆ ئەوەی بتوانین دوای ٦٨ ساڵ دواتر ئامانجەکان کۆمار بگەیەنینە ئاکام.

هەروەک لە مێژووی پڕشنگداری کۆماریش دا هاتووە، بە یەکریزی‌و یەکتر قەبووڵ کردن، پێشەوا قازی محەممەد توانی ٦٨ ساڵ پێش ئێستا ئەو کارە ئەنجام بدات و کۆمارێکی نەتەوەیی دابمەزرێنێ.

بەهیوای سەرکەوتنی ئامانجەکانی کۆماری نەتەوەیی کوردستان

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەلات تایمز / ڕێکەوتی : ٢٢ی جانێویری ٢٠١٤




# پەیامی پێشەواو ئەزموونی کۆماری کوردستان

*خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد دەبێت لە ڕاستای جێبەجێکردنی پەیامی پێشەوا و فەلسەفەی کۆماری سەربەخۆی کوردستاندا بێت.*

**ئاریتما محەممەدی**

٦٧ ساڵ پێش ئەمڕۆ پێشەوا قازی محەممەد کەسایەتیی زاناو لێزان و تێکۆشەری گەلەکەمان لە پاش ئەندام بوون لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردو تێپەڕاندنی قۆناغێکی هەستیار بەهاوکاری و تەبایی و یەکێتی کوردان کۆماری پیرۆزی کوردستانی ڕاگەیاند. کۆماری کوردستان لە قۆناغێکی تایبەت و دژوارو هاوکات هەستیار دا پێک هات کە شەڕی دووەمی جیهانی ڕووی لە کۆتایی بوون بوو و زلهێزەکانی جیهانیش لە سەرووی هەموانەوە یەکێتی سۆڤیەتو بریتانیا چاویان بڕیبووە سەرمایەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت کوردستان.



کۆماری کوردستان بە بەرهەمی خەباتی بێپسانەوەی کورد لەو قۆناغەدا پێناسە دەکرێت کە بیرو هزرو هەستی نەتەوەیی گەشەی کردبوو و پێشەوای کورد قازی محەممەدیش پێشەنگایەتی ئەو بیرو هزرەی دەکردو کۆماری کوردستانی لە زۆر بواری سیاسییو کۆمەڵایەتیی پێش خست و بنەمای کۆمارێکی دیموکراتیکی کوردی دارشت کە ئیستاش کاریگەری بەسەر بیر و هزری کوردو نەوەی نوێ لە کوردستان هەیە و ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە خۆبردوویی و فیداکاری و هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی پێشەوای نەمر لە بیر ناکات و ئەو ڕێبەرە مەزنە بە یەکێ لە پێشڕەوانی بیرو هەستی نەتەوەیی لە کوردستان دەزانێت.

هەر چەند تەمەنی کۆماری کوردستان زۆر کەم بوو و ساڵێکی تێپەڕ نەکرد، بەڵام گەلێک ئەزموونی بۆ گەلەکەمان هێنایە کایەوە کە دەبنە بنەمای خەباتو تێکۆشانی نەتەوەکەمان لە داهاتوو دا، یەکێ لەو ئەزموونە بەنرخانە ئەوە بوو کە نابێ قەد پشت بەهێزی دەرەکی ببەستین، دەبێ هەمیشە گرینگی و بایەخ بە ڕۆڵی کۆمەڵگا بدەینو سیاسەتو ئیستراتیژییەکان لە پێناو گەشەی کۆمەڵگا دابڕێژین و قازانج و بەرژەوەنی گەلەکەمان لەبەر چاو بگرین و وەک پێشەوای کورد لە خۆبردوویی و فیداکاری بخوڵقێنین و شانازی بەنەتەوەکەمان بکەین کە هەمیشە بیری پێشکەوتووخوازیی لە مێشکدا بووەو ڕۆڵی گرینگی گێڕاوە. کۆماری کوردستان دیموکراتیکترین کۆمار و حوکوومەتی سەدەی بیستەم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو کە ئەوە لە خۆیدا بە دەستکەوت و سەرکەوتنێکی مەزن بۆ نەتەوەی کورد بەئەژمار دێت.




یەکێ لە ئەزموونەکانی دیکەی کۆمارو پێشەوای کورد ئەوە بوو کە نابێ خەباتو تێکۆشانی نەتەوەی کورد ببێتە سووتەمەنی ئیستراتیژیی وڵاتانی زلهێزی جیهانو هێزە ناوچەییو دەرەکییەکان، دەبێت نەتەوەی کورد یەکێتی نەتەوەیی ساز بکاتو گوتاری سیاسیو نەتەوەیی یەکبخاتو پێگەی هێزو تێکۆشانی خۆی لە ناو کۆمەڵگادا بەهێزتر بکاتو وەک هێزێکی کاریگەر لە ناوچەکەدا رۆلی گرینگو کاریگەر بگێڕێتو لە کایە سیاسییەکاندا ڕۆڵی بەرچاو ببینێتو نەبێت بە سووتەمەنی ئیستراتیژی وڵاتانی دیکە.

هەر چەند تەمەنی کۆماری کوردستان زۆر کەم بوو و ساڵێکی تێپەڕ نەکرد، بەڵام گەلێک ئەزموونی بۆ گەلەکەمان هێنایە کایەوە کە دەبنە بنەمای خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەمان لە داهاتوو دا، یەکێ لەو ئەزموونە بەنرخانە ئەوە بوو کە نابێ قەد پشت بەهێزی دەرەکی ببەستین پێشەوا قازی محەممەد گرینگیو بایێخی بە زمانو ئەدەبی کوردی دەداو بنەماکانی دیموکراتی لەناو ڕێکخراوەکانی کۆماری کوردستاندا بەهێز کردو دەیان خزمەتی مەزنی بە نەتەوەی کورد کردو ڕێکخراوەکانی یەکێتی لاوان و ژنانی پێک هێنا و پەرەی بەزمانی کوردی داو دەیان قوتابخانەو ناوەندی زانستی و ڕۆژنامەو گۆڤاری ساز کرد. هەنووکە هەوڵەکانی پێشەواو ئەزموونی کۆماری کوردستان بووەتە چرای ڕێگای خەباتو تێکۆشانی نەتەوەکەمان و چالاکوانانو تێکۆشەرانی سیاسیو نەتەوەیی گەلی کورد خۆیان لەسەر ڕێبازی پێشەوای کورد قازی محەممەد دەزانن‌و ئەو پێشەوایە بە پێشڕەو و پێشەنگو پێشەوای نەتەوەی کورد پێناسە دەکەن.

کۆماری کوردستان دەلاقەیەک بەڕووی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بوو و ڕۆڵی هێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لەو کۆمارەدا دیار و بەرچاوەو هیوای ترووسکایی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکان بوو. کۆماری کوردستان لاپەڕەیەکی نوێی لە خەباتو بەرخۆدانی گەلەکەمانی تۆمار کردو بە پێشکەوتووترین کۆماری کورد لە مێژووی هاوچەرخدا پێناسە دەکرێتو لە پاش ٦٨ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ڕۆخانی ئەو کۆمارەدا، ئیستاش کاریگەری بەسەر زۆر پارتو ڕێکخراوەی نەتەوەیی هەیەو بووەتە بنەمای خەباتو تێکۆشانی بەشێکی زۆر لە پارتە کوردستانییەکانو هەوڵدان بۆ سەر لەنوێ بوونیاد نانەوەی کۆماری کوردستان.

ئەو بەشە لە پارتو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات کە ئەمڕۆ خۆیان بە میراتگری کۆماری کوردستان دەزانن‌و فەلسەفەو پەیامی کۆماری کوردستان بە بنەمای خەباتی خۆیان پێناسە دەکەن، دەبێ ئەمڕۆ لۆمەی خۆیان بکەن کە چەندە لە ڕێبازو هێڵی پێشەوا دوور کەوتوونەتەوەو پێویست بەخۆدا چوونەوە دەکاتو هاوکات پێویستە کە داوای لێبووردن لە شەهیدانی کۆمارو پێشەوای کورد بکەن.
پێویستە کە کۆماری کوردستان ببێتە بنەماو ئامانجی خەباتو تێکۆشانی هەموو پارتە کوردستانییەکانو هەوڵو تێکۆشانی خۆیان بۆ دووبارە بوونیاد نانەوەی کۆمار بخەنە گەڕو لە هیچ هەورازونشیوێک سڵ نەکەنەوەو درێژە بە ڕێبازی پێشەوا بدەن، تاکە ڕێگا بۆ ئەوەش لەوە دەستپێ دەکات کە تێکەڕای لایەنە کوردییەکان گوتاری هاوبەش ساز بکەنو خەباتی خۆیان لەسەر یەک هێڵ چڕ بکەنەوە، ئەو هێڵەش ڕێبازی پێشەواو کۆماری کوردستانە.

وڵاتانی زلهێزی وەک بریتانیا، ئەمریکاو تەنانەت یەکێتی سۆڤیەتیش لەپاش پێکهاتن لەگەڵ ڕژیمی ناوەندی بەو ئەنجامە گەیشتن کە هاوکاری کۆماری کوردستان لە بەرژەوەندی سیاسیو ئابووری ئەواندا نییەو پێویستە کە پشتی کۆمارو نەتەوەی کورد

بەردەنزو هاوکاری رژێمی ناوەندی بکەن بۆ سەرکوت کردنی نەتەوەی کوردو رۆخانی کۆماری کوردستان. ژنێراڵەکانی بریتانی لە نزیکەوە پێشەوا قازی محەممەدیان بینی بووو هەستیان بە زیرەکی‌و لێهاتووی ئەو کردبوو و هاوکات پێشکەوتنەکانی کۆماری کوردستانیشیان بەچاوی خۆیان بینی بوو، هەر بۆیە سەرکەوتنی کۆماری کوردستانیان لە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان نەدەبینی‌و هەستیان بە مەترسی ئەوە کردبوو کە ئەگەر کۆمار سەرکەوێت ئەوا دەستیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان کورت دەبێتەوەو ناتوانن سەرمایەکانی ئەو بەشەی کوردستانیش راماڵ بکەن. لەپاش بینینی پێشەوا قازی محەممەدو ئاگادار بوون لە هەڵوێستو رِوانگەو بیروبۆچوونەکانی پێشەوا ئیتر کەوتنە دژایەتی کردنی کۆماری کوردستان و تەنانەت نوێنەری بریتانیا لە کاتی دادگایی کارتۆنی پێشەواو بەرپرسانی کۆماردا ئامادە بوو و دواتریش لەکاتی لە سێدارەدانی پێشەواو سەیفو سەدری قازیش بۆ دڵنیا بوون لە شەهید بوونیان لەوێ بوو. بەپێی ئەو وێنانەی کە بڵاو کراونەتەوە پێشەوا قازی محەممەد دووجار لە سێدارە دراوە، چونکە بەدوو شێوە سیپاڵی جیاوازەوە بە هەڵواسراوەیی وێنەی لێگیراوە، ئەوەش بۆ دڵنیابوون لە شەهید بوونی پێشەوای کوردو دڵنیا بوون لە رۆخانی کۆماری کوردستان و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی پێشرەوانی کورد.

پێویستە کە کۆماری کوردستان ببێتە بنەماو ئامانجی خەباتو تێکۆشانی هەموو پارتە کوردستانییەکانو هەوڵو تێکۆشانی خۆیان بۆ دووبارە بوونیاد نانەوەی کۆمار بخەنە گەرو لە هیچ هەورازونشیوێک سڵ نەکەنەوەو درێژە بە رێبازی پێشەوا بدەن، تاکە رێگا بۆ ئەوەش لەوە دەستپێ دەکات کە تێکەرای لایەنە کوردییەکان گوتاری هاوبەش ساز بکەنو خەباتی خۆیان لەسەر یەک هێڵ چڕ بکەنەوە، ئەو هێڵەش رێبازی پێشەواو کۆماری کوردستانە. دەبێ هەموومان ئەوە باش بزانین کە کۆماری کوردستان کۆمارێکی سەربەخۆیی کورد بووەو لەلایەن داگیرکەرانەوە رۆخێنراوە. ئەو لایەنەش کە دەستی لە رۆخانو لە داردانی پێشرەوانی کوردو کۆماری کوردستاندا هەبووە بە دوژمنی مێژوویی نەتەوەکەمان پێناسە دەکرێت.

ئەو راوبۆچوونانەش لە جێی خۆیاندا نین کە پێیان وایە تەنیا هۆکاری نێوخۆیی لەمپەری سەرکەوتنی کۆمار بووەو کۆمار بەهۆی کێشەو پەرتەوازەیی کوردەوە رۆخاوە، دیارە یەکگرتنی بنەمای هەموو دەستکەوتێکی سیاسیی‌و ئابوورییە و لەسەر خستنی حوکوومەتو دەسەڵاتی سیاسییدا رۆڵی گرینگو بەرچاو دەگێرێت، بەڵام ئەگەر کۆماری کوردستان لەو قۆناغەدا هەموو نەتەوەی کورد لەگەڵی بوونایە هەر دەرۆخا، چونکوو لەو دۆخە هەستیارو ناسکو دژوارەدا نەتەوەی کورد بە قۆناغێکی یەکجار نالەباردا تێپەڕ دەبوو و بزووتنەوەی کورد هیچ دۆستو پشتیوانییەکی لە ئاستی جیهانیی‌و ناوچەییدا نەبووە، لەبەر ئەوە لەو قۆناغەی مێژوودا پشتیوانی بەهێزی دەرەکی و یەکێتی ناوخۆیی تاکە رێگای سەرخستنی دەسەڵاتە سیاسییەکانی جیهان و ناوچەکەو بەتایبەت رۆژهەڵاتی نێوەراست بووە. دیارە کورد ئێستاش پشتیوانو دۆستی ناوچەیی‌و جیهانی نییە، بەڵام هەنووکە دۆخ و هەلومەرجەکە جیاوازەو ئاڵوگۆڕی قووڵو بنەڕەتی بەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا هاتووەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی‌و مەدەنییەکان لەسەر خستنی خەباتو تێکۆشانی نەتەوە بندەستەکان رۆڵی چارەنووسساز دەگێرنو بەیەکێتی‌و یەکریزی‌و خەباتو تێکۆشانی هاوبەش دەستکەوتە مەزنەکان بەدی دێن و هێزو پێگەی کوردیش بە یەکێتی سیاسیی بەهێزتر دەبێت.

ئێستا رۆژهەڵاتی نێوەڕاست رووی لە گەشەی سیاسی‌و رووداوی مەزنو چاوەڕوان نەکراوەو تێکەڕای زلهێزەکانی جیهانیش

دەیانهەوێت کە خۆیان لەم ناوچە پڕ پیتو بەرەکەتە نزیک بکەنەوەو سرنجی نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. هەڵکەوتی سیاسییو جوگرافیو ژئۆپلۆتیکی کوردستانیش لەناو هێلکەی دەسەڵات یان خود لەوزی دەسەڵات جێی گرتووە، ئەوەش گرینگیو باییخێکی یەکجار زۆری هەیەو جێی سرنجی زلهێزەکانە. لە سەدەی نۆزدەو بیستەمو بەتایبەت لە سەردەمی شەڕی ساردازلهێزەکان بۆ خۆنزیک کردنەوە لەو ناوچەیە کەڵکیان لە دیکتاتۆرە ناوچەییەکان وەردەگرتو هەر بەو مەبەستەش لەدژی شۆڕشەکانی کورد هاوکاریو پشتیوانی داگیرکەرانی کوردستانیان دەکرد بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشو بزووتنەوەکانی کورد. بۆ نموونە لەسەدەکانی نۆزدەو بیستەمدا بریتانییەکان و ڕووسەکان ڕاستەوخۆ لە دژی شۆڕشو بزووتنەوەی کورد شەڕیان کردووەو فرۆکەی شەڕکەریان هەڵساندووە، ئەمریکاش پشتی شۆڕشی کوردی نەگرتووەو تەنانەت بەهۆکاری نسکۆ هێنانی شۆڕشی ئەیلوولی باشووری کوردستانیش پێناسە دەکرێت.

بەڵام هەنووکە سیستمی نوێی جیهانی گۆڕاوەو ڕۆژئاوا دروشمی دیموکراتیزە کردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەرز کردووەتەوە، هەرچەند ئەو دروشمە ئامانجو ئیستراتیژیی سیاسیو ئابووری لە پشتەوەیە، بەڵام دەکرێ نەتەوەی کورد لەوەش کەڵک وەربگرێتو خەباتو تێکۆشانی خۆی لەو ڕاستایەدا بەرەو پێش ببات. یەکێ لە ئامانجەکانی نەتەوەی کورد جێگیرکردنی دیموکراسی لە ناوچەکەیە، ئەوەش لەگەڵ سیستمی نوێی جیهانی یەک دەگرێتو لەیەک ڕاستا دان، بۆیە دەکرێ لەگەڵ ڕۆژئاوا خۆمان لە یەک بەرەدا ببینینەوە، بەڵام ئەوەش پرۆژەو پلانو بەرنامەی تایبەتو دروستی دەوێت، دەبێت وەک هێز کاریگەر بین و پێکەوە ڕۆڵی کایەکەری سیاسیی بگێڕین نەک ببینە ئەو سووتەمەنییەی کە لە دەسپێکی ئەم وتارە کورتەدا ئاماژەم پێدا. دەبێ ئەو خاڵەش لەبەر چاو بگرین کە کێشەی کورد دیموکراسی نییە، کێشەی ئێمە کێشەی نەتەوەیەکی بندەستە کە خاکەکەی داگیر کراوەو دەچەوسێتەوە، بۆیە دەبێت ئیستراتیژی سیاسیی لەو پێناوەدا دابڕێژین و هێزەکانی دیکەی جیهانیو ناوچەیی بەکار بهێنین بۆ بەدەست هێنانی دەستکەوتی مەزن. لە ڕاستیدا دیموکراسی کێشەی پاش ئازادیو سەربەخۆیی کوردستانە. لە هیچ دۆخێکدا دیموکراسی کێشەی نەتەوەیی کورد چارەسەر ناکات، بەڵکوو بەشێوەیەکی گشتی دۆخی مافی شارۆمەندی دەگرێتەوەو بنەماکانی لەسەر پێوەری زۆرینەو کەمینە دامەزراوە کە ئەوەش لە بەرژەوەندی نەتەوە بندەستەکاندا نییە.

هەنووکە ئاڵووگۆڕەکانی ناوچەکە لە بەرژەوەندنی کورد بەرەو پێش دەچێتو بەشێک لە دووژمنەکانی کوردیش لە دژایەتی کردنی نەتەوەکەمان ماندوو بوونەو بەدوای ڕێگەچارەی گونجاو و لەباردا دەگەڕێن کە ڕێگای چارەسەرییەکە ئاسانو قورس لە سەریان نەکەوێتو نەتەوەی کورد دەستکەوتی کەمتر بەدەست بهێنێت، دیارە هەڵگەڕانەوەی داگیرکەران هۆکاری تایبەت بەخۆی هەیە، چونکوو ئابووری بەشێک لەوان لاوازەو بەشێکی دیکەیان لە قەیرانی سیاسیی دان، ئەوەش دەرفەتە بۆ نەتەوەی کورد کە دۆخەکە بقۆزێتەوەو لە بەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنێت. لە لایەکی دیکەوە خاکی کوردستان خاکێکی دەوڵەمەندو بەپیتە کە دەیان سەرمایەو کانزای بەنرخی وەک زێڕ، ئاسن، نەوت، گازو بەردی بەنرخی تێدایەو خاکو ئاوەکەی بۆ کشتوکاڵ لەبارو گونجاوە، ئەوەش دەبێتە خاڵی لێکنزیک کردنەوەمان لەگەڵ ڕۆژئاوا، چونکوو ئەوان زانستی پیشەسازییان هەیەو ئێمە کانزاو نەوتو گازو... هتد. بەڵام بۆ ئەوە کە بتوانین لەگەڵ ڕۆژئاواو وڵاتانی دەرەکیی دیکەدا کایە بکەین، دەبێ سرنجیان ڕابکێشین، ڕاکێشانی سرنجیش بەو شێوە دەبێت کە هێزو

پێگەی خۆمان بەهێز بکەین‌و ڕۆڵی گرینگ لە ناوچەکە بگێڕین‌و یەکێتی نەتەوەیی ساز بکەین‌و هەموو هێزە کوردییەکان لە پێناو یەک ئامانج‌و ئیستراتیژی هاوبەشدا خەبات بکەن، بەچەشنێک کە بەبێ ئێمە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چارەسەر نەکرێن، ئەوەش تەنیا بە لەبەر چاو گرتنی پەیام‌و وتە بەنرخەکانی پێشەواو ئەزموونی کۆماری کوردستان بەدی دێت.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٠ی جانێویری ٢٠١٤

# کۆماری کوردستان لە خوێندنەوەی باو و دژە باودا

حسین یەزدانپەنا

ڕۆژی چوارشەممە ٧ خاکەلێوەی ٢٧١٣ ڕێکەوتی ٢٧ مارسی ٢٠١٣، بە ناو نیشانی "١١مانگ و ٢٠ ڕۆژ بەختەوەریی" کە پێشانگایەکی فۆتۆگرافی، دوو لێکۆڵینەوە و فیلمێکی دۆکیۆمێنتەریی لەخۆگرتبوو، لە مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنە سوورەکە لە شاری سلێمانی، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ە ژێر چاودێریی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و بەرپرسی مەڵبەندی یەکی سلێمانی، ڕێورەسمێک، بەبۆنەی ٦٦ هەمین ساڵوەگەڕی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد، بەڕێوەچوو. کاتژمێر ١٥:٠٠ ڕۆژی دووهەمی ڕێوڕەسمەکە ، بەڕێز حسین یەزدانپەنا جێگری سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکی لە ژێر ناونیشتانی " کۆماری کوردستان لە خوێندنەوەی باو و دژە باودا" پێشکەشکرد کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:



" ئەوەی دەمەوێ لەم دەرفەتە کەمەدا پێشکەشی بکەم، تەنیا تەرکیزە لەسەر چییەتی و ناوەڕۆکی کۆماری کوردستان. بەلامەوە گرینگە باس لەوە بکەم کە کۆماری کوردستان چی بوو. لە پێشدا و بەر لەوەی بچمە سەر ئەو باسە، بە پرسیارێک دەسپێدەکەم کە بۆچی ئاوڕدانەوە لە مێژوو گرینگە؟. لەبەر ئەوەی لەسەردەمی ئێستادا کە بە هێندێک خوێندنەوە و تەعبیر بە سەردەمی "ناسنامە"دەناسرێ، بۆ ئێمەی کورد لە دوو ڕوانگەوە گرینگە باس لە ناسنامەی خۆمان بکەین. بەشێک لە ناسنامەی ئێمە تاریخ و ڕووداوەکان پێکی دەهێنێ. مێژووی هەر میللەتێک کۆمەڵێک هەوراز و نشێوی تێدایە کە ئەو هەوراز و نشێو و ڕووداوانە دەبنە یەکێک لە توخمەکانی ناسنامە یان "**Identity**" ئەو نەتەوەیە.

کۆماری کوردستان یەکێکە لەو ڕووداوە گەورە و مێژووییانەیە کە دەتوانێ لە خانەی پرسی ناسنامەدا بیخوێندرێتەوە. ئێمە لە رابردوودا{ پێویستمان بووە} و ئێستاش پێویستیمان بە سەلماندنی ناسنامەی خۆمان هەیە، بە دوو ڕووکاردا. یەکیان بەرانبەر ئەوانەی کە حاشایان لە بوونی ئێمە کردووە. ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانە، ئەو هەموو خوێن و قوربانیدانە لە ڕاستیدا بۆ پاراستنی ئەو ناسنامەیە بووە،{ واتە} ناسنامەی کورد بوون. لەم سەردەمەدا کە بە سەردەمی بەجیهانیبوون دەناسرێ و جیهانیبوون لە هەموو ڕەهەندەکانی کلتوری و ئابووری و سیاسی و ڕەفتاری لە هەرسێ ئاستەکانی تاک و کۆمەڵگا و دەوڵەتدا کاریگەریی خۆی داناوە، کورد بۆ ئەوەی نەتوێتەوە لەم بەجیهانیبوونەدا ، دەبێ شتی خۆی پێ بێ. یەکێ لەو شتانە مێژووەکەمان و ڕووداوە گرینگەکانی مێژووەکەمانە.

## دێمە سەر باسەکە

خوێندنەوەی باو چییە لەسەر کۆماری کوردستان؟ خوێندنەوەی باو کە لە کتێبەکاندا، لە دەربڕینەکاندا و لە بیرەوەرییەکاندا لەسەر کۆماری کوردستان هەیە، ئەوەیە کۆماری کوردستان قەوارەیەک بووە لە چوارچێوەی ئێراندا، ناوڕۆکی ئەو چوارچێوەیە ئۆتۆنۆمی یان خودموختاری بووە، کورد نە ویستوویەتی جیا ببێتەوە و نە جیابووەتەوە، ئەو کۆمارە ئەو پەڕی ویستەکەی لە چوارچێوەی ویستێکی دیمۆکراتیانەدا و لە چوارچێوەی ئەو قانوونەدا بووە کە لە ئێران پێیان دەگوت قانوونی ئەیالەتی ولایەتی.

ئەوەی باسمکرد ئەو خوێندنە باوەیە کە لەسەر کۆماری کوردستان هەیە و دەتوانم بڵێم زۆربەی ئەو کتێبانەی لەسەری نووسراوە و زۆربەی مێشکی ئینسانی کورد بەتایبەت جیلی بەر لە ئێمە، ئاوا بووە لەسەر کۆماری کوردستان. لە حاڵێکدا دیکۆمێنتەکان، بەڵگەکان، سیمبۆلەکان، هەمووی پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنن. کۆماری کوردستان قەوارەیەک کە بە تێرمێنۆلۆژیی نوێ وهاوچەرخ پێی دەڵێن "دەوڵەتی مۆدێڕنی نەتەوەیی". ئەو دەوڵەتەی لە ١٦٤٨ زایینییەوە بە پێی ڕێککەوتننامەی ڤێستڤالیا هاتنە دنیای بوونەوە. واتە یەکگرتنی کلتور و حاکمیەتی سیاسیی لەسەر جوغرافیایەکی دیاریکراو.

بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، چاو بە کۆمەڵێک شت دا دەخشێنینەوە. یەکەم شت با لە رووی ناوەکەیەوە باس بکەین. ئەو قەوارەیە بە چەند ناوێک ناوبراو لە نووسراوەکاندا یان لە قسەکانی ئەو سەردەمدا ، بەڵام زیاترین دەستەواژەیەک کە بۆ بەکارهاتبێ جمهووریی کوردستان، جمهووریەتی کوردستان و دەوڵەتی جمهووریی کوردستان بووە. بۆ وێنە لەسەر ئارمی یان تابلۆی وەزارەتی ڕۆشنبیری کە ئەو سەردەم بە وەزارەتی فەرهەنگ ناودێریان کردووە نووسراوە "دەوڵەتی جمهووریی کوردستان" لە خوارەوەشی نووسراوە "وەزارەتی فەرهەنگ". لە رووی قەوارەوە ئەو دەوڵەتە سەرۆکی هەبووە، واتە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتی هەبووە: سەرۆک کۆمار جەنابی پێشەوا، ئەنجومەنی وەزیرانی هەبووە، هەموو قەوارە و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەبووە. ئەو هێما و سیمبۆلانە کە بۆ هەر دەوڵەتێک زۆر گرینگە، وەکوو ئاڵا، وەکوو سروودی نەتەوایەتی، وەکوو زمانی ڕەسمی، کە ئاڵمانییەکان ئەوەندە زمانیان بەلاوە گرینگە کە لە فیکری ئاڵمانیدا زمان یەکسانە لەگەڵ نەتەوەبوون. واتە بۆ ئەوەی نەتەوەیەک بناسی بەسە کە زبانێکی جیاوازی هەبێ. ئەرتەشی هەبووە کۆماری کوردستان. پێوەندیی دەرەوەی هەبووە. ئابووریی خۆی هەبووە، تەنیا شتێک کە نەبووە و فریانەکەوتووە لەو بارانەوە پارە بووە، کە خۆی پارەی لێنەداوە.

جاری وایە بۆ خوێندنەوەی ڕووداوێک ڕستەیەک بەسە. بۆ ئەوەی بتوانی ڕووداوێک بخوێنییەوە، یەک ڕستە بەسە. یان بە تەئویل وەکوو لە ئایینیشدا هەیە، یان بە هێرمێنۆتیک، کە بتوانی بزانی پەیامی ئەو ڕستەیە چییە.

ئێمە لە کۆماری کوردستاندا نەک ڕستەیەک، چەندەها دیکۆمێنتمان هەیە، وتەمان هەیە، نووسراوەمان هەیە کە دەیسەلمێنێ خوێندنەوەی باو لەسەر کۆماری کوردستان ڕاست نییە. کۆماری کوردستان نە قەوارەیەکی ئۆتۆنۆمی بووە، نە لە نێو ئێراندا بووە، نە هیچ پێوەندییەکی بە دەوڵەتی تارانەوە ماوە. لەو بەڵگە هەرە گرینگانە نوتقی جەنابی پێشەوایە لە ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری

کوردستاندا. کلیلی دەستەواژەکانی ئەو نوتقەی جەنابی پێشەوا حاکمییەت و دەسەڵات و حوکمڕانیی کوردە. پێشەوا بە پێناسەی کوردستان دەسپێدەکا. دەڵێت جوغرافیایەکی پێکەوە بەستراوە، هیچ کەسمان لە بەیندا نییە. ئاوڕ لە مێژووی کورد دەداتەوە کە نەک کورد لە یەک پارچەی کوردستان، بەڵکوو نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە کوردستانی گەورەدا. باسی میرنشینەکانی کورد دەکا لە هەر کوێ کە بووبێ. باس لە بابان و سۆران و ئەردەڵان دەکا. دەڵێ کورد لە ڕابردوودا ئەوانەی هەبووە، میرنشینی هەبووە، حکومەتی هەبووە، خۆی خۆی بەڕێوەبردووە، خاوەنی دەوڵەت بووە، پاشان دەگێڕێتەوە و دەڵێ هەرکامێک لەوانە کە کەوتووە جارێکی تر کورد خەباتی بۆ سەربەخۆیی و هەستاندنەوەی ئەو دەسەڵاتە نەتەوەییە کردووە. لە تەواوی فەرمایشتەکانی پێشەوادا یەک وشە باسی ئێرانی تێدا نییە. یەک وشە باسی ئەوەی تێدا نییە بڵێ ئێمە لە چوارچێوەی ئێران دەمێنینەوە، ئێمە لە چوارچێوەی ئێران خەبات دەکەین، ئێمە بۆ دیمۆکراسی لە نێو ئێراندا خەبات دەکەین، ئێمە پێوەندیمان لەگەڵ تاران ئاوا ڕێکدەخەین. بۆیە وتەکانی پێشەوا تەعبیر بوو لە نەتەوەیەکی بندەستی بێدەوڵەت کە خۆی جیاکردبووە و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دامەزراندبوو. ئەوە لە توتقی ڕۆژی دووی ڕێبەنداندا.

هەر لەو ڕۆژەدا سەروەرییەکی دیکەی بۆ کورد تۆمار کرد پێشەوا. ئەویش سوێندە مێژووییەکەیەتی. دەفەرمووێ " ئەمن بە خودا، بەکەلامی عەزیمی خودا، تا دوا هەناسە و تنۆکی خوێنم پارێزەری استقلال و ئازادیی کوردستان و ڕاگرتنی ئاڵای کوردستان دەبم". ئێمە هەموومان دەزانین لە عورفی سیاسییدا لە دنیادا سوێندنی یاسایی سەرۆکەکان چەند بە بایەخە. لەم سوێندەی پێشەوادا کام وشەی تێدایە باس لە مانەوەی ئەو قەوارەیە لە نێو ئێراندا بکا؟ یەک وشەی تێدا نییە. بە پێچەوانەوە پێشەوایەکی خوێندەوار کە بەر لە سەرۆک کۆمار بوونی، لەقەبی پێشەوای پێدراوە، پێشەوایەک کە کتێبخانەکەی(کە ئێمە زیارەتمان کرد) زیاد لە ٢٥٠٠ نوسخە کتێبی جۆراوجۆری بە زمانی جۆراوجۆر هەبووە، تۆ بڵێی نەیزانیبێ لە نێوان ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆییدا چەندە جیاوازیی هەیە؟.

وتەیەکی بەنرخی دیکەی پێشەوا لەسەر پێناسەکردنی کۆماری کوردستان هەیە. پێشەوا باس لەوە دەکا کە لەگەڵ تاران لە پێشدا گفتوگۆی کردووە، دروست بەوجۆرەی کە فەرموویەتی دەیخوێنمەوە " ئەوڕۆ کە ئەمە ئیستیقلالمان دەوێ پێویستە هەموو کارێک خۆمان جێبەجێی بکەین، ئەوەڵێ ئیدیعای خۆمان کرد کە لە حدودی دەوڵەتی ئێراندا خودموختاریمان دەوێ، ئێران ئیحتیاجی ئێمە ڕەفع بکا و میللەت کارێک بکا". کەواتە ئەوە ئیدیعای ئەوەڵێیە. درێژە دەدا و دەفەرمووێ "دوو دەفعە لە لایان ئازەربایجانەوە بۆ تەورێزیان بانگ کردم، لە ئازەربایجان گرێمان هەبێ، ئەمن پێشنیهادی وانم قبوڵ نەکرد چون میللەتی کورد چوار ساڵە کە خودموختارە". لێرەدا پێشەوا دوو قۆناخ دەسنیشان دەکا: قۆناخی خودموختاری و قۆناخی استقلال. دەفەرمێ " کورد چوارساڵە کە خودموختارە و داوای ئیستیقلال و داوای تێکخستنەوەی تەواوی خاکی کوردستان دەکا، زۆرم پێ گران بوو کە لەو حەقەی دەست هەڵبگیرێ و ئیحساساتی ئێوە مانعی ئەوەی بوو کە ئێمە بە خودموختاری ڕازی بین، چونکە مودەی ئەو چەند ڕۆژەی کە جێژن گیراوە، ئێحساساتێ کە ئێوە نواندوتانە وێنەیەکی حەساس و کامیلە و دەبێ دونیا بزانێ کە کورد لیاقەتی ئیستیقلال و سەربەخۆیی هەیە".

کەواتە پێشەوا باش زانیویە چی دەکا، دوو قۆناخ هەبووە لە ژیانی ئەو میللەتەدا لەو سەردەمەدا، قۆناخی چوارساڵەی یەکەم




خودموختارییە کە دەفەرمووی حەولماندا لەگەڵ ئێران لە نێو سنووری ئێراندا بین، بەڵام دواتر لە لایەکەوە ئێران ویستەکانی ئێمەی جێبەجێ نەکرد، لە لایەکەوە قسەی ئازەرییەکان ڕەت دەکاتەوە کە لە نێو قەوارەیەکی سیاسیی ئازەربایجاندا بین و "پاشان هەستی ئێوە، پشتگیریی ئێوە" بە میللەتی خۆی دەڵێ وای کرد کە ئێمە ئیستیقلالی تەواوی خۆمان رابگەیەنین.

زۆربەی بەڕێزتان دەزانن کە لە بیری سیاسیدا چەمکی سەروەریی واتە حاکمییەت چەند گرینگە، کە ئەمە زانای فەرەنسی "جان بۆدان" داهێنەری ئەم چەمکەیە و پێناسەی کردووە کە سەروەریی دەسەڵاتێکە کە هیچ دەسەڵاتێکی تری لەسەرەوە نییە و ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی دیکە نییە. ئەمەش لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە. لە کۆماری کوردستاندا قەوارەی کۆماری کوردستان، ملکەچی هیچ دەسەڵات و ناوەندێکی بەرزتر لە خۆی نەبوو. ئەوە تەنیا کۆمار خۆی بوو بڕیاری خۆی دەدا. ئەمەش تەنیا وەکوو عەرزم کردن لە تایبەتمەنییەکانی دەوڵەتە.[1]

باسم لە سیمبۆلەکان کرد، ئاڵا، سروودی نەتەوایەتی، زمان، ئەرتەش و پێوەندیی دەرەوە و مەجلیسێک کە قەرار وابوو بەپێی بڕیاری رۆژی دوو رێبەندان{ هەڵبژاردنی بۆ بکرێ}. رۆژی دووی رێبەندان بڕیارێک دەرچووە مادەی ئەوەڵی دەڵێ لەو شوێنانەی کوردی تێدا دەژی بە ئیستیقلالی تەواو بگا، لە مادەیەکی دیکەیدا باس لەوە دەکا مەجلیسی شوورا هەرچی زووتر انتخاباتی بۆ بکرێ.

بەرانبەر بەم شتانە رەنگە هێندێک قسە هەبێ، دەگوترێ وەختێ کە پێشەوا باسی سەربەخۆیی کردووە، مەبەستی سەربەخۆیی لە ئازەربایجان بووە. ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە. دەقی وتەی پێشەوا من باسم کرد، پێشەوا لە یەک وتەدا باس لە تارانیش دەکا و باس لە ئازەربایجانیش دەکا. بەڵام بەرانبەر بە هەردووکیشیان ئیستیقلالی خۆی راگەیاندووە. لە لایەکی دیکەوە نابێ وابێ لەبەر ئەوەی خۆ داگیرکەری کوردستان ئازەری و ئازەربایجان نەبووە، داگیرکەری کوردستان تەورێز نەبووە، داگیرکەری کوردستان تاران بووە و سیمبۆلی ئەو دەسەڵاتە محەمەد رەزاشای پەهلەوی بووە. بۆیە لە هەر کوێ باس لە ئیستیقلال کراوە، ئیستیقلال لە تاران مەبەست بووە.

بەمجۆرە دەسەلمێ کە کۆماری کوردستان قەوارەیەکی سەربەخۆ بووە، بەپێچەوانەی خوێندنەوەی باو. دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە، بەدەر لە چوارچێوەی سیاسیی ئێران بووە و تەنانەت دەتوانم ئیدیعا بکەم کە تەنیا دەوڵەتی کورد رۆژهەڵات نەبووە. بوونی کوردی پارچەکانی دیکە لەو قەوارەیەدا و پێدانی پلەی ژێنێراڵی بە مەلا مستەفا بارزانی نەمر و بەشداریی تێکۆشەرانی هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان دەریدەخا کە ئەو قەوارەیە نەک ئێرانی نەبووە بەڵکوو تایبەت بە پارچەیەکی کوردستانیش نەبووە و دەوڵەتی هەموو نەتەوەی کورد بووە.

سڵاو لە رۆحی گەورەی پێشەوا قازی محەمەد دامەزرێنەری دەوڵەتی جمهووریی کوردستان.

سڵاو لەو مێشک و قەڵەم و بیر و هێزەی لە پێناو دامەزراندنەوەی ئەو دەوڵەتەدا خەبات دەکا. ئێوەش هەر شاد و سەرکەوتوو بن."

سەرچاوە : سایتی یاریکورد / ڕێکەوتی : ٢١. کانونی دووەم٢٠١٤.




# کۆماری کوردستان چۆن دامەزرا و بۆچی رووخا؟

***ئا: چۆمان تەقێدین***

***هەفتەیەکی تر، یادی دامەزراندی کۆماری کوردستان بە سەرکردایەتیی پێشەوا قازی محەمەد، لە خۆرهەڵاتی کوردستان، دەکەینەوە، دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد، یەک لە وێستگە هەرە گرنگ و دیار و درەوشاوەکانی مێژووی تازەی بزاڤی ئازادیخوازی کوردە، بۆیە جێی خۆیەتی لێرەدا بە بیری خوێنەرانی بێنینیەوە، ئەم کۆمارە چۆن دروست بوو، کێ دروستی کرد و کێ هاوکاریی کرد و چۆن رووخا و بۆچی رووخا و کێ پشتی تێکرد!***



## کۆماری کوردستان

***ناوی فەرمی: کۆماری کوردستان. سەرکۆمار: پێشەوا قازی محەمەد. پایتەخت: مهاباد. رووبەر: ۳۷.۴۵۰ کیلۆمەتر چوارگۆشە، واتە بەشێکی زۆر بچوکی خۆرهەڵاتی کوردستانی گەورە کە رووبەری نزیکی ۲۶۵.۰۰۰ کیلۆمەترچوارگۆشە، کە تەنیا لە سنووری یەک ئوستان (پارێزگا) بوو، کە ئەویش ئوستان (پارێزگا)ی ئازەربایینجانی خۆرئاوا بوو. رۆژی سەربەخۆیی: ۲۲ – ۱ - ۱۹۴۶ . رۆژی رووخاندن: ۱۷- ۱۱ -۱۹۴۶. زمانی فەرمی: زمانی کوردی. ژمارەی دانیشتوان: ۱ ملیۆن کەس. دەستکەوتەکانی کۆمار:***

***۱- کردنی زمانی کوردی بە زمانی فەرمیی کۆمار لە سەرجەم دام و دەزگەکانی کۆماردا.***

***۲- دامەزراندنی دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکراوە بە زمانی کوردی، وەکو رۆژنامەی (کوردستان) کە زمانحاڵی کۆمار و حزبی دیموکراتی کورستان بوو، هەروەها لە شاری بۆکان گۆڤاری (هەڵاڵە)و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانیش گۆڤاری (نیشتمان)یان دەردەکرد، هەروەها دەرکردنی گۆڤاری (گرۆگاڵی منداڵانی کورد) کە بە یەکەمین گۆڤاری منداڵان دادەنرێت.***

***۳- دامەزراندنی شانۆی کوردی کە سوودێکی زۆری هەبوو بۆ خەڵکی کۆمار، چونکە نزیکەی لە ۹۰%ی خەڵکی کۆمار نەخوێندەوار بوون.***

***۴- بەشداریی بەرچاوی ئافرەتی کورد لە کاری سیاسی و رۆشنبیریدا بۆ یەکەم جار لەو بەشەی کوردستان، پێشەوا قازی محەمەد پێشەنگی ئەو کەسانە بوو کەرهانی خێزانی خۆیردا کەرهەر لەو میانەدا (میناخانم)ی خێزانی پێشەوا قازی محەمەد، لە کۆبوونەوەی ئافرەتان لە (۱۴/ ئادار/ ۱۹۴۶) دامەزراندنی (یەکێتیی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستان)ی راگەیاند، کە بە یەکەمین رێکخراوی***

ئافرەتان دادەنرێت لە کوردستاندا.

٥- دامەزراندنی سوپای کوردستان کە نزیکەی ١٥ هەزار سەرباز (پێشمەرگە) دەبوو، کە ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی رۆڵی سەرەکیی هەبوو تێیدا.

٦- پاراستنی هێمنی و ئاسایش و ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان.

٧- بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەستی و سەربەخۆیی و رزگاری بۆ بەشێکی گەلی کوردستان لە خۆرهەڵاتی کوردستان.

## کابینەی حکوومەتی کوردستان

لە دوای ڕاگەیاندنی کۆمار، لە ١١-٢ هەمان ساڵدا کابینەی حکوومەت دورست کرا، لەم پۆستانە پێکهات:

١- سەرۆک وەزیران - حاجی باباشێخ.

٢- وەزیری پێشمەرگە- محەمەدی حسێنی خانی سەیفی قازی.

٣- وەزیری دەوڵەت- محەمەد ئەمینی مەعینی.

٤- وەزیری ئیقتیساد- ئەحمەدی ئیلاهی.

٥- وەزیری پۆست و تەڵەگراف- کەریمی ئەحمەدی.

٦- وەزیری فەرهەنگ- مەنامی کەریمی.

٧- وەزیری تەبلیغات- سدیقی حەیدەری.

٨- وەزیری کار- خەلیلی خەسرەوی.

٩- وەزیری بازرگانی- حاجی مستەفا داودی.

١٠- وەزیری کشتوکاڵ- مەحمود وەلی زادە.

١١- وەزیری ڕێگاوبان- ئیسماعیلی ئێلخانی زادە.

١٢- وەزیری بیهداری- سەید ئەحمەد ئەیوبییان.

١٣- وەزیری موشاویر- عەبدولڕەحمانی ئێلخانی زادە.

١٤- سەرۆکی دادگەی باڵا- مەلا حوسێنی مەجدی.

## مێژووی کۆمار

لە دوای رووخاندنی دەوڵەتی زەندی لە ساڵی (١٧٩٤ز)دا لەلایەن قاجارییانەوە کە هۆزیەکی تورکمان بوون، بارودۆجی کوردستانی خۆرهەڵات بەرەو خراپی هەنگاوی نا، چونکە کوردەکان رووبەڕووی دوو جۆر ستەم و زۆرداری بوونەوە، یەکەمیان: ستەمی نەتەوایەتی بوو، دووەمیان: ستەمی مەزهەبی، چونکە بەشێکی زۆری کوردانی خۆرهەڵات شیعە مەزهەب نەبوون، بێجگە لە کوردانی

لوڕ، تا وای لێ هات لە ساڵی (١٨٨٠ز)دا شۆڕشێکی گەورە لەلایەن شێخ عەبدوڵڵای نەهرییەوە بەرپا کرا، بەڵام هەر زوو سەرکوت کرا، دواتر لە جاران زیاتر کەوتنە چەوساندنەوەی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان، ئەوەبوو دووبارە کوردان دەستیان دایە شۆڕش و بەرخودان، وەکو شۆڕشی سمکۆی شکاک (ئیسماعیل ئاغا) کە سەرۆک هۆزی شکاک بووە، بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤- ١٩١٨ز)، داوی کشانەوەی هێزی ڕووس لە ناوچەکەدا، دەسەڵاتی سمکۆ ئاغا بەرفراوان بووە، کە توانی شارەکانی (خانە، شنۆ، نەغەدە، مهاباد، میاندواو، سەردەشت، خۆی، سەڵماس، ماکۆ) ئازاد بکات، بەڵام ئەم شۆڕشەش سەری نەگرت و سمکۆی شکاک ڕووی کردە باکوری کوردستان، لە ساڵی (١٩٢٥ز) گەڕایەوە بۆ خۆرهەڵات، بەڵام لە ساڵی (١٩٣٠ز) لە پیلانێکدا ڕژێمی ئێران سمکۆی شکاکی کوشت، لە ٢٥ / ٨ / ١٩٤١ هێزەکانی بەرتیانیا و ئەمریکا لە باشوورەوە و هێزەکانی سۆڤیەت لە باکورەوە، ئێرانیان داگیر کرد، لە ٩/١٦ هەمان ساڵدا ڕەزا شا لابرا و کوڕەکەی کە ناوی محەمەد بوو بووە شای ئێران. لە ١٦ / ٨ / ١٩٤٢ لە شاری مهاباد کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دامەزرا، دواتر لە ١٩٤٥/٨/١٦ بووە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە ئەمەش ڕێگەی خۆش کرد بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ٢٢ / ١ / ١٩٤٦ کە ماوەی یازدە مانگ بەردەوام بوو.

ڕۆڵی مستەفا بارزانی و یاوەرانی دوای ئەوەی شۆڕشی بارزان لە باشووری کوردستان سەرکوت کرا لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتی عێراق و بەریتانیا، مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی خاکی باشووری کوردستانیان بەجێهێشت و بەرەو خۆرهەڵاتی کوردستان کەوتنە ڕێ، ئەوکات هێزەکەی نزیکەی ٢٠٠٠ هەزار پێشمەرگە دەبوون، خودی مستەفا بارزانی بووە ژەنەراڵ لە سوپای کۆماردا، هێزی کوردی باشوور دابەش کرا بۆ چوار دەستەوە هەر دەستەیەک ئەفسەرێکی کوردی باشوور بووە سەرۆکی، ناویان لە هێزی کوردی باشوور نا هێزی پێشمەرگە کە لیوای بارزانییان لە هێڵی پێشەوەی بەرەی سەقز-بۆکان جێگیر کران، بەرامبەر بە هێزی ئەرتەشی ئێران، ئەوبوو توانیان زیانی زۆر لە سوپای ئێران بدەن، بەڵام ئێران هێزێکی زۆری ڕەوانەی ناوچەکە کرد و بە پاڵپشتیی ژمارەیەکی زۆر تۆپ و تانک و زرێپۆش و فڕۆکە، هێزی بارزانییان سەرەڕای بەرگرییەکی زۆر، دواجار ناچار بوون کشانەوە، دواتر دەستیان کرد بە پاراستنی کۆمار، بەڵام لە ١٧ / ١١ / ١٩٤٦ مهابادی پایتەخت داگیر کرا، پێشەوا قازی محەمەد سەرکۆمار و سەرانی تری کۆمار، دەستگیر کران و دادگەیی کران لە ٣٠ / ٣ / ١٩٤٧ لە مەیدانی چوارچرا لەسێدارە دران.

## هۆکارەکانی ڕووخانی کۆمار

١- خۆبەدەستەوەدانی کۆماری ئازەربایجان بەبێ شەڕ، ڕێگەی خۆش کرد بۆ سوپای ئێران پەلاماری کۆماری کوردستان بدات و هێزی زۆرتری لەسەر کۆ بکاتەوە.

٢- کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ١٠ / ٦ / ١٩٤٦ لە کوردستان و ئێران، ئەمەش دەستی سوپای ئێرانی واڵا کرد بۆ هێرشکردنە سەر کۆماری کوردستان.

٣- نیازپاکیی پێشەوا قازی محەمەد بە بەڵێنە درۆیینەکانی قوام سەڵتەنەی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی ئێران.

٤- لەژێر گوشار و بەڵێنی یەکێتیی سۆڤیەتدا، شاری سەقز ئازاد نەکرا، گەر سەقز ئازاد بکرایە، ڕێگە خۆش دەبوو بۆ ئازادکردنی شارەکانی بانە و سەردەشت، بەمەش مەترسی لە شاری مهابادی پایتەخت کەم دەبووەوە.

٥- هەوڵەکانی قوام سەڵتەنەی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی ئێران بۆ دورستکردنی ناکۆکی لەنێوان هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان.

٦- لە ئاستی ناوچەییدا، دەوڵەتەکانی عێراق و تورکیا دژایەتیی خۆیان بۆ کۆماری کوردستان ڕاگەیاند، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا، فەرەنسا و ئەمریکا و بەریتانیا پابەندیی خۆیان بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران ڕاگەیاند، ئەمەش لەبەر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان.

سەرچاوە:


١- عولە: ساڵێک بوو کورد ئازاد ئەژیا.

٢- عەلائەدین سەجادی: مێژووی ڕاپەڕینی کورد.

٢- مەحمود مەلا عزەت: جهموریەتی کوردستان، لێکۆڵینەوەی مێژوویی و سیاسییە.

٤- د. یاسین سەردەشتی: هەڵویستی حزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران (١٩٤١- ١٩٨٣ ز).


سەرچاوە : ماڵپەری باس نیوز / ڕێکەوتی : ١٦ی جانێویری٢٠١٤

# تێڕوانینێکی نوێ لەجەمهوریەتی کوردستان ،

مەحمود مەلا عیزەت

کوردستانی نوێ: بیست ساڵ لەمەو پێش، ڕێک لەڕۆژی (٢٢ / ١ / ١٩٩٤) ئەم بابەتەی مامۆستا و مێژوونووسی کۆچکردوو مەحمودی مەلاعیزەت لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوبووەوە. جا بەیادی کۆمارو بەیادی مامۆستا مەحمودی مەلا عیزەت سەرنووسەری کوردستانی نوێ و کۆمارناسی دیار وا جارێکی تر بڵاوی دەکەینەوە.



مەحمود مەلا عیزەت

بۆ ئەوەی روونتر و نوێتر بچینە ناو تێکڕای ڕووداوەکانی کۆمارەوە، چاکتر وایە لە تێڕوانینێکی سەردەمەوە بچینەوە ناو کۆمارەکە بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵ و کارتێکردنی هەلومەرجەکانی زەمین و زەمانە جیاجیاکان. باشیش وایە لە پێش دامەزراندنەوە بچینە ناو ڕووداوەکانەوە تا باشتر لەدەرس و پەندەکانی ئاشنابین و ببنە ڕێنمایی ئێستا و ئایندە.

دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان لە بەشێکی کوردستانی ئێراندا یەک هەل و ئەزموونی مێژوویی ئەوتۆیە کە تا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، زیاتر بایەخی دەردەکەوێ و پتر سوودبەخش دەبێ، بەتایبەتی تا ئێستاش زۆر لایەن و ڕووداوی شاردراوەن، سەرچاوەی سەردەمەکە نەخراوەتە خزمەت ئەو نوسین و باس و لێکۆڵینەوانەی تائێستا کراون. یان لە سنوورێکی تەسکدا سوودیان لێوەرگیراوە. سەنگی مێژوویی ئەم ڕووداوە چەند لایەنەیە، ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم:

یەکەم: ئەزموونێکی سەردەمی ئازادی و نیمچە سەربەخۆی بەشێکی نەتەوەی کوردە، هەرچەندە تەمەن کورت بوو، بەڵام پڕ لەدەرس و پەندە.

دووەم: بە ماوەیەکی کورت دوای ئەزموونێکی مەزنی تر خوڵقا، مەبەستم حوکمداری و مەلیکایەتیەکەی شێخ مەحمودی نەمرە، پێش ئەوەی کوردستانی باشوور بلکێنرێت بە میسۆپۆتامیاوە و بەدەستی بریتانیاو دژ بەخواستی میللەت، ئەم دەوڵەتەی عیراقیان لێ دابمەزرێت.

سێیەم: بوونی گەلێ دیاردەی یەکانگیر و لەیەکچووی گەلێ لایەنی ئەو هەلە مێژووییە لەگەڵ ئەم ئەزموونەی ئێستای کوردستانی عیراقدا کەلە ڕاپەڕین و هەڵبژاردنی پەرلەمان و کوردستانی فیدراڵەوە، دەست پێدەکات. بۆیە ئەو تاقیکردنەوەیە گرنگییەکی تری

سەردەمی هەیە و دەبێ زیاتر ڕووناکی بخرێتە سەر.

## ئاوڕێک لەڕۆژانی پێش دامەزراندن

لەناو بارودۆخی نائاسایی و پڕ لە ئاژاوە و گرفتی زل و قەبەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دوا دووەم جەنگی جیهان، لەناو هەلومەرجی هاتنەکایەی زەمینەی جەنگی سارد و بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆم و ململانێی ئاشکراو نهێنیدا بوو کە هەلە مێژووییەکە بۆ کورد خوڵقا و کۆماری خود موختاری کوردستان لە بەشێکی کوردستانی ئێراندا دامەزرێنرا، چونکە ئەو ئاژاوە و نائارامییە ڕۆژهەڵاتیشی گرتبۆوە. لەناویاندا دەوڵەتی فرە نەتەوەی ئێران زیاتر ئاڵۆز بوو، سەبارەت بە هاوکارییەکەی ڕژێمی تاران لەگەڵ ئەڵمانەکاندا بەبێ ئەوەی ئامۆژگاری و هەڕەشەی ئینگلیز و ڕووسەکان کار بکاتە سەری، بۆیە لە ٢٥ی ئابی ١٩٤١دا هێزەکانیان:

یەکەم: لە ڕۆژئاواو خواروی ڕۆژئاواو دووەهەم: لەسەرەوە زۆر لەناوچەکانی ئێرانیان داگیر کرد کە پانتاییەکی زۆر کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشی گرتبۆوە، بە هەمان دیاردەی دوو داگیرکەرییەوە، بەشی لای خوارووی لەژێر دەستی بریتانیا بەشی سەرووی لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤێتدا بوو کە ناوچەکانی مەهاباد، بۆکان، شنۆ، نەغەدە، سێبەری بوون.. سەقز و بانە و مەریوان ناوچەی بۆشایی نێوان هەردوو هێزەکە بوون، جۆری لە gentlemen agreement بێلایەن لەسەر سەقز و دەوروبەری بڕیار لەسەر درابوو.

لە دواییشدا هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جێگەی خۆیان لە خوارووی ئێراندا گرت. هەرچەندە مەبەستی ناوکۆی زلهێزەکاتن لەسەرەتادا، دوورخستنەوەی نفووزی ئەڵمانیا، مسۆگەرکردنی گەیاندنی چەک و پێویستییەکانی جەنگ بۆ هێزەکانی سۆڤیەت و پاراستنی کێڵگە و بیرە نەوت و بەرژەوەندییە چاوەڕوانکروەکانیان بوو، هەر دەوڵەتەش خواست و نەخشەی تایبەتی خۆی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو داگیرکردنە کەم و زۆر بۆ بەرژەوەندیی گەلانی ناوچەکە نەبوو، بەڵام ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بووە هۆی وریاکردنەوە و جووڵاندنەوەی نەتەوە جیاجیاکان کاتێکیش دامودەزگای دەوڵەتی و ئەرتەش لە هەندێ ناوچە و شاردا داڕووخان. ئاووهەوایەکی نیمچە ئازاد و دیموکراسی خوڵقا، گەلێ ڕووداوی گرنگ ئەو بەشەی کوردستانی ئێرانی گرتەوە، وەک سەرەنجامێکی ئەو بارودۆخە نوێیە، لەوانە:

* لە ساڵەکانی ١٩٤٢- ١٩٤٦ بەڕێوەبەرایەتیەکی خۆماڵی لە ناوچەی موکریان و دەوروبەری دامەزرا بە سازکردنی دەستیە چەکدارە دامودەزگاکانی بەڕێوەبردن، چاپخانە و دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ. ک) و دواتر حزبی دیموکراتی کوردستان .. هتد (١)

* لە ساڵانی ١٩٤١- ٩٤٤ حەمەڕەشید خان ناوچەکانی بانە و سەردەشت و سەقزی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی، سەرەنجام ئەرتەشی تاران و بە هاندانی ئینگلیزەکان و یارمەتیی هەندێ عەشایەری کورد هێزەکەی ناوبراویان لە کەلیخان شکاند و بە ناچاری پەنای بۆ عیراق برد.(٢)

* لە بەهاری ١٣٢٢- ١٩٤٣ تیرە و ئیلەکانی ناوچەی ورمێ بە سەرکردایەتی عومەرخانی شەریفی، زیرۆ بەگی بەهادوری ڕەشید

بەگی جیهانگیری وەتەها بەگی هەرکی بەهەندێ داخوازی عەشایەری و نەتەوەییەوە دێهاتی ناوچەکەیان گرتە ژێردەست و ئابلۆقەی شاری ورمێیاندا، تارۆسەکان کەوتنە ناوبژیوی و لەگەڵ تاراندا رێکیانی خستەوە.

* لە ١٦ی ئەیلولی ١٩٤٢ کۆمەڵەی ژێ- کاف دامەزرێنرا، بە دروشمە نەتەوایەتییە مێژووییەکەوە رزگارکردنی کوردستانی گەورە.

هاتە سەر شانۆی سیاسیی کوردستان، لە دواییدا هەر لە شوێنەواری ئەم رێکخراوە حزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرێنرا، لەوەدا هەندێک پێیانوایە تەنها ناو و بەرنامە گۆڕین بووە، حزبەکە خۆشی دوای ساڵێک لە ئاڵوگۆڕەکە یادی پێنجەمین ساڵەی دامەزراندنی کردووە نەک یەکەمین. مانای خۆی بە درێژەپێدەری ژێ ـ کاف دادەنا.

دوای لێدانی نفووزی ئەڵمانیا و دڵنیابوون لە ساغبوونەوەی ئێران بۆ زلهێزە هاوپەیمانەکان، بریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهۆشاری و گومانەوە چاودێری جموجۆڵی لەشکری سوور و رووداوەکانی ئازەربایجان و کوردستانیان دەکرد، مەبەستیان بوو لەناو نەخشەییەکی هاوبەشدا ئێران بە سنوورە جوگرافی و سیاسییەکەیەوە بپارێزرێ، بە یارمەتیدانی رژێمەکە و حەمەرەزا شا کەلە جێگای بووکی دانرا بە جێگرکردنی هێزەکانی خۆیان و نفووزی سیاسییان و بەلەقکردنی جێگەی لەشکری سوور و کۆتاییهێنان بەو ئاڵۆزییە تێندێسنی یاخیبون و دیاردەی پارچە پارچەکردنی ئێرانی هێنا بووە ئاراوە، بۆیە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا کە ناوەندەکەی کرماشان بوو بەکش و ماتی و بەئارام مانەوە.

سەبارەت بەوانە لەگەڵ جەنگ و وەستان و خۆ بەدەستەوەدانی ئەڵمانیا، ئەو دوو دەوڵەتە کەوتنە سەر رێبازی گوشار خستنە سەر رووسەکان بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی ئەو پەیمان و پرۆتۆکۆڵ و رێککەوتنانەی دەربارەی ئێران مۆر کرابوون، دواکانیش سادە و ئاسایی بوون هەر لەو سنوورەدا بوون کە رووسەکان بەڵێنەکانی خۆیان لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکەن، بۆ ئاسانکردنی کارەکە و نەهێشتنی هیچ بروبیانوویەک هێزەکانی ئەمریکا لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٤٥دا هێزەکانی بریتانیا لە ٢ی ئازاری ١٩٤٦دا لە ئێران کشانەوە.

بۆیە یەکێتی سۆڤیەت بیانوویەکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەما بوو بۆ مانەوە و نەکشانەوە و لێکدانەوەیەکی زۆریشیان لەسەر بەرەنگار نەبوونێکی نوێ دەکرد ئێرانیش لەڕووی نەوت و ستراتیجی سەربازییەوە، بایەخێکی بێوێنەی بۆی هەبوو، هەروەک چۆن بایەخی ستراتیجی نەوتی بۆ بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبوو.

ئالەو بارودۆخە نێودەوڵەتییەدا لێپرسراوانی سۆڤیەت کەوتنە سەر دەستپێکردنی یارییەکی سیاسیی گوشار سروشت، بە ناوەڕۆک و خاوستیش بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان بوو، بەدیمەنیش دەستگرتن و یارمەتیدانی دوو گەلی ئازەری و کورد بوو.

ئەوە بوو ئاگاداری لێپرسراوانی ئازەری و کورد کرا کە کاتی ئەوە هاتووە سەردانی (باکۆ) بکەن بە داخوازییەکانیانەوە، تا

وتووێژ لەسەر جێبەجێکردنی بکرێت (۳) پێشەکیی زۆر هەوڵدرا کە کورد بە ئازەربایجانەوە ببەسترێتەوە بێ ئەوەی بتوانن رابەرانی کورد رازی بکەن، بۆیە پرۆسەی دامەزراندنی کۆماری ئازەربایجان دەستپێکرا لە۱۱ی کانونی یەکەمی ۱۹۴۵دا بانگەوازی بڵاوکرایەوە (۴) دوابەدوای ئەوە لە ۲ی رێبەندانی۱۳۲۴ (۲۲ی کانوانی دووەمی ۱۹۴۶) دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان بڵاوکرایەوە.

## کێشەکان لەناو سێ بازانەدا

ئەوەی زۆر گرنگ و جێگەی سەرنجە ئەو دامەزراندن و بڵاوکردنەوەیە یەکلایەنی بوو، هیچ مامەڵەیەکی سیاسی و دیپلۆماسی نێو دەوڵەتی لەگەڵدا نەبوو، جگە لە ئازەربایجان تەنانەت یەکێتی سۆڤیەتیش هیچ جۆرە هەنگاوێکی لەو بابەتەی نەنا، هەرچەندە سەرۆک کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران (هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان) بە سەرۆکایەتی حاجی بابەشێخ هاتنە سەر شانۆی کار، دامودەزگاکانی حکومەتی دامەزرێنەران، لەگەڵ ئەوانەشدا ئەم قەوارەیە هەرچەندە لەناو شەرعیەتی یاسایی و دامەزرێنەران، لەگەڵ ئەوانەشدا ئەم قەوارەیە هەرچەندە لەناو شەرعیەتی یاسایی و کۆبوونەوەیەکی بیست هەزار کەسی کە وەک مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆ دێتە بەرچاو و هاتە ئاراوە و لەژێر سێبەری زلهێزێکدا بوو، بەدەر لە بازنەی شەرعیەتی سنووری سیاسی و جوگرافیی ئێران، کە وەک داگیرکەرێک، هەر بیری لەوە نەدەکردەوە ددان بەبونی کۆماردا بنێ، سەرکردە و رابەری کۆمار بە نووسین بە گوتەو بە جووڵە کۆمارەکەیان بە بەشێکی جیانەبووەو لە ئێران دادەنا خۆیان بە یاسای ناوەندەوە بەستبۆوە. زەمینەکەیان بە بەشێکی زەوی ئێران دادەنا، تەواو بڕوایان بە گفتوگۆ بوو، لەگەڵ ئەوانەشدا هیچ جۆرە نەرمییەک و ئامادەبوونێک بۆ سەلماندنی جۆرێ لە مافی نەتەوایەتی پیشان نەدەدرا، بگرە بە ئاشکرا و لەسەر نەخشەی لەناو بردن کاریان دەکرد.

دیسان بۆ بازنەی نێو دەوڵەتی و مامەڵەی دیپلۆماسی بە دابڕاوی مایەوە، هەرچەندە سەرۆک کۆمار لە دەرگای سیاسی و دیپلۆماسی هەرسێ دەوڵەتانی خۆرئاوای دا، بەڵام بێ وەرام بوون، رووسەکانیش لەناو کێشە زل و قەبەکانی خۆیاندا دەژیان و کاریان بۆ نەخشەی خۆیان دەکرد.

سەبارەت بەوانە کۆمارەکەی کورد هەر لە بەو لەتبونییەوە لەناو سێ بازنەی پڕ لە کێشەدا دەژیا: کێشەی نەبوونی شەرعیەتی نێودەوڵەتان، کێشەی نەبوونی شەرعییەتی هەرێمی و ناوچەیی و رێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ پایتەختەوە کێشەی ئابووری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجیی ناوخۆ و نادیاری ئاینده و چارەنووسی کۆمار. زیاتر لەوانەش دوژمن و زلهێزەکانی هاوکارەکانی بارەکەیان زۆر بە پڕ مەترسی تر لە واقیع وەردەگرت، لەسەر حیسابی لەت و پەتکردنی ئێران، گریمانەی تەشەنەکردنی کێشەی کوردیان دەکرد بە هەڕەشە لەسەر پاشەڕۆژێکی نادیاری و ئێستایەکی پڕ لە مەترسی بڕوانە ئەم هەواڵە کە میدیای ئەو رۆژگارە بڵاوی کردبۆوە، لە رۆژنامەی کوردستانیشدا بەم جۆرە خرایە پێش چاو.

## دەنگوباسی دەرەوە

رادیۆی بەیروت- لە خەبەرێکی کە پێمان گەیووە و لە قاهیرەوە وەرگیراوە دەوڵەتی جمهوری لە ئازەربایجان دامەزراوە و سەرۆک جمهوری کوردستان جەنابی قازی محەمەد و پایتەختی کوردستان ئازاد شاری مهاباد، ئەو جمهوری کوردستانە داخوازی وەسەر گیرانی کوردستانی عیراق و تورکیا دەکات مەرام و ئارەزووی وان سەربەستی و سەربەخۆیی کوردستانی گەورەیە، مەلا مەستەفا بارزانی قائیدی شەڕی بارزان کە ئێستا لە دەوڵەتی جمهوری کوردستان دادەنیشێ لەو جمهوریەتە زۆر بەقەدر و حورمەتە. رادیۆی بەیروت: بە خەبەرێک کەلە مەکتەبی سیاسیی واشنتۆن وەرگیراوە دەڵێت مەسەلەی ئێران کەوتۆتە مەوقیعێکی زەحمەتەوە هەتا کوردەکان ئێستا داوای ئیستقلالی خۆیان دەکەن و زۆر مومکنە کە ئەم حەرەکاتانە ببنە سەبەبی یەکێتی هەموو کورد بۆ داواکردنی ئیستقلالی کوردستانی گەورە (٥). ئەوە لەکاتێکدا ئەو جۆرە بیر و تێندینسە لەناو نەخشە و بریاری داڕێژەرانی سیاسیی کوردا نەبووە، خۆ رووسەکانیش هەر تەواو دژی کاری وا بوون، بگرە نکۆڵشیان لە بوونی پەیوەندی و یارمەتیدانی ئەو کۆمارە خودموختارەش دەکرد. لەناو ئەو ئاووهەوایەدا و بۆ بەرەنگاربوونی ئەو دیاردانە (ئەحمەد جی قەواموسەلتەنە) لەناو دیپلۆماسیەتی پڕ لە فرو فێڵی رژێمی شاو مانۆڤری سیاسی سەرکەوتوانە کەوتە بەکارخستنی ئەڵقەکانی نەخشەی یارییەکی سیاسی و دیپلۆماسیی سیما دڵسۆز بەگەل و داخوازییەکانی دۆستانە بە یەکێتی سۆڤیەت و باش دراوسێتی لە ناوەرۆک و مەبەستیشدا بۆ پووچکردنەوەی مانۆڤر و یارەکەی رووسەکان بۆ کشانەوەی لەشکری سووروە دەستبەرداربوون بوو لە ئازەری و کورد، بۆیە کەوتە هەنگاونان بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کارکردن بۆ پرۆسەی دیموکراسی لەلایەک گەرمکردنی هاتوچۆو پەیوەندیی گفتوگۆ لەگەڵ لێپرسراوانی مۆسکۆ لەلایەکی تر تا پەیمانی دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی نەوت مۆر کرا (٦) بەوەش رووسەکان ئاواتەکەیان بەدیهات. لە سەرەنجامدا دوا بەشی لەشکری سوور لە ٢٧ی نیسانی ١٩٤٦ ئێرانی بەجێهێشت (٧) هەموو ئەو چەک و تەقەمەنییە قورسانەی هەبوون و وەریانگرتەوە، لەوانە دوو فرۆکەی بێ بۆمبا و چوار تۆپی کۆن کەلە رۆژانی مەترسی و بۆ بەهێزکردنی بەرەکان لە کوردستان دوو دانەیان بۆ مەهاباد نێردرابو وەک کۆمەکی سەربازیی (٨) بەو جۆرە دەردەکەوێت کە هۆ و یارمەتیدەرە سەرەکییەکانی دامەزراندنی جمهوریەتی کوردستان:

بارودۆخی نێودەوڵەتان و ململانێیان داڕووخانی دامودەزگا و ئەرتەشی تاران دروستبوونی بۆشایی بەڕێوەبردن، یاری و مانۆڤری سیاسی هەمەلایەنە لەگەڵ گەلێ هۆی تریش دەستبەری بە پیرەوە چوونی رووداوەکە و دامەزراندنی کۆمار بوو بەتایبەتی هیواو خواستی جەماوەر لە رزگاری بوونی حزبی دیموکراتی کوردستان و پێشەوا قازی محەمەد بوو، بەڵام ئەوانە هەموو شتێک نەبوون، زەمینەی رەسیوی دامەزراندنی قەوارەیەکی خاوەن هەلومەرجی ژیان و داکۆکی لەخۆکردن نەبوو، تەنها بۆ کاری سەرەتایی و سودوەرگرتن لەو هەلە مێژووییە رەخساوە، لەباربوون، دەنا دەبوو بە تێگەیشتنی رەوتی رووداوەکان زۆر کاری تر بکرایە، زۆر هەنگاوی تر بنرایە، زۆر بەوردی و هۆشمەندی و قووڵی لە خۆو لە بارودۆخەکە و لەسەرجەم رووداوەکان و هەڵوێستی زلهێزەکان و ناکۆکی و ململانێ و پەیمانەکان بگەیشتنایە، لەبەر رۆشنایان نەخشەی کارو خۆ قایمکردن دابنرایە، سەرنجی پاشەڕۆژ و دیاردە و یاری و رووداوەکان خۆ قایمکردن دابنرایە، سەرنجی پاشەڕۆژ و دیاردە و یاری و رووداوە چارەنووسسازەکان بدرایە. بۆشاییە ئاشکراکان هەر لە سەرەتاوە بۆشاییەکان کەموکورتی و دیاردەی ناقوڵاو کۆسپەکان هەڵوێستی سەرچاوەی بڕیار جووڵە و راسپاردەکان...هتد ئاشکرا بوون.

**بۆ نموونە:**

*** ساڵ دەهات و ساڵ دەرۆی داوا و داخوازییەکانی کورد ببێ وەرام بوون لەنێوان ساڵەکانی ١٩٤٢- ١٩٤٥ بەڕێوەبەرایەتیەک دامەزرێنرا، بەهێز نەدەکرا، بزووتنەوە چەکدارییەکەی ناوچەی ورمێ لە بەرژەوەندیی تاران دوایی پێهێنرا، کاتێ یەکێتی سۆڤیەت هاتە وەرام ئیتر یاری مەبەستەکە زۆر شاراوە نەبوون.**

*** هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە دەزانرا لاسەنگی هێزو و چەک و ئازووقە و داهات و لەچ ئاستێک دایە کە هیچ هەنگاوێکی کاریگەری نەدەنرا، بەتایبەتی گوشاری سەربازی لەسەر مەهاباد ئاشکرا بوو، زۆر لە بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەمە باری خراپی سەربازیی، لەڕووی چەک و ئازوقە و کەرەسەی جەنگ و ئابووریی سەربازی بەروونی ئاشکرا دەکەن چەکی قورس نەبووە، تەنانەت تفەنگیش لە ئاستی پێویستدا نەبوو، جار بووە چەکدار لەبەر بێ فیشەکی بەرەی شەڕی بەجێهێشتووە، بۆ جلو پێخەف و پێڵاو و گۆرەوەی یارمەتی لە جووتیاران وەرگیراوە (٩)**

*** هەر لەسەرەتاوە دەوڵەتانی خۆرائاوا، نەک هەر ئاوڕیان لە کۆمارەکە نەدەدایەوە، بەڵکو بۆ رووخاندنیشی نەخشەیان بۆ تاران ساز دەکرد و یارمەتیان دەدا. بەو جۆرە لەڕووی سیاسی و دیپلۆماسیەوە بەدابڕاوی بەسوود وەرگرتن لەباری جیۆپۆلۆتیکی ناوچەی کۆمار بە ئابلۆقەی دراوی هێشتیانەوە، یەکێتی سۆڤیەتیش هیچ هەنگاوێکی بەرەسمی نەنا، هیچ جۆرە رێککەوتنی، پرۆتۆکۆڵی، بەڵێنێکی نوسراو لەگەڵ کۆماردا نەکرا، ئەو نەبوونی شەرعیەتە یاساییەی نێو دەوڵەتان و ناوچەکە مەترسییەکی ئاشکرای نیشاندەدا.**

*** هەر لەسەرەتای پرۆسەی داگیرکردنی ئەو ناوچانە ئێران، گەلێ پەیمان و رێککەوتن لە نێوان دەوڵەتانی هاوپەیمان و لەگەڵ تارانیش مۆرکرا، مەبەستی سەرەکی هەموو لایەک پاراستنی سنووری سیاسی و جوگرافی ئێران، ئێران و یەکێتی خاک و مییللەتانی بووە، بۆ بەڵێندان و دووپاتکردنەوی چۆڵکردنی ئێران بووە لەدوای جەنگ.**

**لە ٢٩ی کانونی دووەمی ١٩٤٢ پەیمانێکی سێ قۆڵی ناسراو بەپەیمانی اتحاد لە نێوان عەلی سهیلی وەزیری کاروباری ئێران، (سێر ریدر پۆلارد) سەفیری بەریتانیا لەتاران، (سەمیر نۆڤ) سەفیری یەکێتی سۆڤیەت لە تاران ئیمزاکرا، لە ماددەی یەکەمدا هەموویان بەڵێنیاندا بۆ رێزگرتن لە یەکێتیی ئەرز و سەرداری و سەربەخۆیی ئێران لە ماددەی پێنجەمدا بڕیاردرا کە دوای ئاگر بڕو سەرکەوتن و رێککەوتن لەگەڵ ئەڵمانیا و هاوپەیماننەکانی لەماوەیەکی کەلە شەش مانگ تێنەپەڕێ، دەبێ هێزەکانی خۆیان لە ئێران ببنە دەرەوە، کورد و رۆشنبیران هیوایەکی گەورەیان لە (ئیعلانی ئەتڵەنتیک) بەستوو سەبارەت بەم برگانەی ناوی (هەموو گەلێ دەبێ مافی ئەوەی هەبێت کە خۆی فۆرمی بەڕێوەبردنی خۆی هەڵبژێرێ)(١٠).**

**بەندەکەی ویڵسۆن وەبیر هێنرایەوە، (هیچ گۆڕانێکی ناوچەیی دژ بەخواستی گەلان نەکرێ) لەڕاستیشدا ئەم برگەیەی دوایی لە**

دەستکەوتی تاران و دژ بە بەرژەوەندیی کورد بووە، چونکە مەبەست لە خواستی گەلان خواستی دەوڵەتان بووە، بۆیە هەر ناوەڕۆکی ئەمەشیان بە ئەنجامگەیاند، هەروەک چۆن لە دواییشدا دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوەیە یەکگرتووەکان مەبەست لێی ڕێکخراوی دەوڵەتان بوو.

لە ٢٧ - ٢٩ دیسەمبەری ١٩٤٣ کۆنگرەی تاران لەنێوان ڕۆزفلت، چەرچڵ و ستالیندا بەسترا، یەکێ لە خاڵە گرنگەکانی: پاراستنی سنوورو یەکێتی ئێران و کشانەوەی هێزەکانی هەر سێ دەوڵەتەکان بوو، لەدوای بڕانەوەی جەنگ. پێکهاتنی تاران و مۆسکۆ لەسەر دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی نەوت و بڵاوکردنەوەی دەقی پەیمانەکە، زیاتر لەوە قوام و لسەڵتەنە و پەیوەندیی نێوان هەر دوو پایتەختی واباش کردبوو کە تەنانەت بکەونە بڵاوکردنەوەی بەند و باوی خواستنی کچی ستالین بۆ حەمەڕەزا شا کەلە دواییدا ڕۆژنامەی کوردستان بەخۆشییەوە هەواڵی درۆبوونی باسەکە بڵاوبکاتەوە.

کاتێ سەرانی دەوڵەتی هاوپەیمان لە بۆتسدام کۆبوونەوە (١١) بۆ دیاریکردنی چارەنووسیی ئەڵمانیا و دابەشکردنی دەستکەوتەکان سەبارەت بە چۆڵکردنی ئێران دوای بڕانەویە جەنگ ئەو بەڵێنەی دابوویان دووبارە کرایەوە.

لە ٢٩ی ئازاری ١٩٤٦ تورکیاو عیراق پەیمانی باش دراوسێتیان ئیمزا کرد. مەبەستی ئەو ڕێککەوتنە زۆر روون و ئاشکرایانە مۆر دەکران، بەرامبەر بە نەبوونی هیچ جۆرە بەڵێنێک یان بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراو لەلایەن سۆڤیێتەوە بۆ کورد لەگەڵ نەبوونی هیچ جۆرە یارمەتییەکی جیدی کە کۆمارەکە بکرێتە هێزێکی خۆڕاگر، بەڵکو ئامۆژگاریی کوردەکان کراو تا ڕێ لە ئەرتەشی تاران نەگیرێ، چونکە هێزێکی بچووک هەر بۆ چاودێری هەڵبژاردن دێتە ناوچەکە و لەدواییدا دەکشێتەوە. ئەوانە هۆی گرنگ بوون کە بەرەی دوژمنی کۆماریان بەهێز کرد.

## دیاردەی‌تری نائاسایی

زیاتر لەوانە ئەگەر سەرنجێک لەباری ناوخۆیی سنوری کۆمارەکەی کورد بدەین، لەناو تێڕوانینی هەرێمی سیاسی و دیپلۆماسی سەرکردایەتیی حزب و کۆماردا، واگەلێ دیاردەی سەیر تری سەردەمەکەمان دێتە بەرچاو.

* کۆمەڵگەی کوردەواری زۆر دواکەوتوو بوو، ئەگەر بزانین ئامار و ڕاژەی نەخوێندەواری دوای بیست ساڵ ١٩٦٦ لە دامەزراندن و رووخاندنی کۆمار لە دێهاتەکانی: مەهاباد ٩٤% لە سەقز ٩٣.١٠% لە سنە ٢٩.٩% کرماشان ٨٨.٢% بووە، وا دەتوانین مەزەنەی سەرەمەکەی کۆمار بکەین، ئەم بارە نالەبارەو دەردە کۆمەڵایەتییە کوشندەیە، دەیان گیروگرفتی گەورە و ناکۆکی ناو کۆمەڵی ڕۆژگارەکەی قوت کردبۆوە. لێپرسراوانی حزب و کۆماریش هەڵقولاو و خولقاوی ناو ئەو دۆخە ئاڵۆزەبوون، بۆیە چارەکردنیان تێگەیشتنی بارە نێو دەوڵەتییەکە و دیپلۆماسیەتە ئاڵۆزەکەی دەویست کە بۆ ئەوان زەحمەت بووە. بۆیە لە ڕۆژی کارەساتیشدا هەر




ئەوە چاوەڕوان دەکرا کەروویدا، بەتایبەتی ناکۆکیی عەشایەری و یارمەتیدانی دوژمنن ململانێیی و رەقەبەری و پاڵ بەیەکەوە نان و بۆربۆرین بۆ پەڕینەوە بۆ بەرەی داگیرکەر لە رۆژانی کۆتاییدا، دیمەنێکی کۆمەڵگەی دەهێنایە بەرچاو. ئەوانە نائارامی و بێ باوەڕیی رەخساندبوو، ئەنجامی ئەوەش لە رۆژگاری سەختدا دەرکەوت چەندە ترسناک بووە(١٢)

* سەرکردایەتیی کۆمار، زیاد لە پێویست خۆی بە وتووێژی بێ ئەنجام بەستبۆوە، بێ بناغە لێی بە ئومێد بوو، هەرچەندە جۆرێ لە جیاوازی بە ئومێدو بێ ئومێدی لە نامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی حزب (کەلە شوێنی خۆیدا دەبینرێت) لەلایەک و سەرۆک کۆمار لەلایەکی تر دەردەکەوێ (١٣) جگە لەوە زۆر لە لێپرسراوانی تر نە بڕوایان بە تاران بووەوە نە ئومێد و بڕواشیان بە گفتوگۆ بووە لە کاتێکدا رژێمی تاران تەنها بۆ کات بردنە سەرو دەستی دەستی، گفتوگۆی کردووە خۆ لێپرسراوانی ئەرتەش هەر بە ئاشکرا لە نامەکانیاندا گاڵتە بەگفتوگۆ دەکەن (بڕوانە ئەفسەرانی ئەرتەش لە ب١ د.ج.ک- دا) بگرە جاری وابووە لە نوێنەرانی ئازەری و کورد کرد لە تاران لە گفتوگۆی بانەمەڕی ١٣٢٥دا، ٢ کوژراو ٣ بریندار ئەنجامی بووە (١٤).

* وەک پێویست بە لێکۆڵراوەیی و دانانی نەخشە، مامەڵەی رووداوەکان نەدەکرا، لە دوژمن و لە نەخشە و گەمە سیاسییەکان لە دیپلۆماسیەتی هاوپەیوەند بەکێشە و مەسەلەی کوردەوە نەدەگەیەشتن، ئەگەر جۆرێ لە تێگەیشتنیش هەبایە وا دژەکردارو نەخشەو کاری بەرامبەر نەبوو.

* خۆ بەستنەوە بەدورشمی خودموختارییەوە، دەرگای بیرکردنەوەی لە ئەڵتەرناتیڤێکی تر لەسەر داخستن، بڕیارە مێژووەکەی دوی رێبەندانی ١٣٢٤ خرایە لاوە، کە ئیختیار درابووە دەست کۆمیتەی مەرکەزی و ئەنجومەنی بۆ بە ئیستقلالی تەواو گەیاندن کورد لەو جێگانەی لێ دەژین. (١٥)

ئەوە لە کاتێکدا بوو، کە زۆربەی زۆری جەماوەر، زۆربەی کاربەدەستان بڕوایان بە دروشمەکەی رزگاری هەبوو.

* خۆ بەستنەوە بە ستراتیجی (سەربازی) بەرگری. بەخۆ مەڵاسدان لەسەنگەرا بۆ چاوەڕوانی هێرشی دوژمن، کە ئەمە رۆڵی خۆی لە هیلاکی و نائومێدی لە پەلامار و دەستپێشخەری و هەڵبژاردنی زەمان و زەمینی جەنگدا بینی، لە کاتێکدا ئەرتەشی ئێران سەربەستی جووڵە و مانۆڕ و هێرش و پەلامار و کشانەوەی هەبوو. هەرچەندە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان هێزی چەکدار و چەک و تەقەمەنی و تفاقی جەنگ و کەرەسەی گواستنەوەی هەبوو، بەڵام لەڕووی توانای شەڕ و وەرو باوەڕو گیانی خۆبەخت کردن بۆ نیشتمان بەپێچەوانەوە بوو، لەبەرژەوەندی کورددا بوو، بۆیە ئەگەر ئەو ستراتیجە و پەیڕەوکردنی ئامۆژگاریی لێپرسراوانی سۆڤیەت بۆ شەڕ نەکردن نەبایە، وا رەوتی رووداوەکان بە جۆرێکی تر دەبوو، یان هیچ نەبێ جۆرێ لەگەمەی سیاسی و مانۆڤەری سەربازی و نەبزگرتن و شەڕی دەروونی دەست پێدەکرا.

* هەوڵنەدان بۆ سنوور فراوانکردن بۆ سوود وەرگرتن لە توانای مرۆیی و زەمینی و ئابووریی ناوچەکانی تر، بۆ بێبەشکردنی

دوژمن لێیان، بەتایبەتی ئابووریی کۆمار زۆر لاواز بوو، خەڵکی زۆر هەژار بوون، کە دەنگی هەنگاونان بەرەو ئەو ڕێبازە بەرز دەبۆوە، گوێیان لێ نەدەگیرا، کە بەهۆی دەستدرێژی دوژمنیشەوە ڕووداوێ بخوڵقێنرایە، نەخشەی سوود لێ وەرگرتن دانەدەنرا، هەر زوو هەلەکە لەدەست دەدرا، وەک شەڕو هێرشی (سەراو سەرچاوەو مل قەرەنی، دیسان شەڕی مامەشا) شەڕی مامەشا گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەبووە ڕۆژنامەی کوردستان بەم جۆرە لەسەر ڕووداوەکەی نووسی:

## لەجەبهە

وەکو لە جەبهە وەڵام گەیشتووە ئەم شەڕی دوایی کەلە گردی مامەشا ڕوویداوە دوژمن بە ٣ هەزار کەسەوە هێرشی هێناوە و تانک و تۆپ و تەیارە لە ئەرزو ئاسمان پیشتیوانیان لە دوژمن کردووە تەنیا بەهۆی ٣٠ کەس لەبرایان بارزانی دەست مل قەرەنی بە سەرۆکی برای قارەمان مستەفا خۆشناو جواب دراوەتەوە لەلایەن حەزەرەتی پێشەوا نەمر سارد بوو کە ١١ کەس لەشەرەکانی کە یەکێ لەوانە برای خۆشەویست محمد قادریە لە میدالیای قارەمانی پێبدرێت (١٦)

* زیاد ل ەسنووری پێویست کۆمار ئەوقی ئازەربایجان و سیاسەتی حکومەتەکەی کرا، هەرەچەندە لە زۆر ڕووەوە بێ سوود نەبوو،

بەڵام لەهەندێ رووی تروە بێ زیانیش نەبووە، بەتایبەتی ئازەرەکان ڕێبازی تایبەتیی خۆیان هەبوو، رابەرو لێپرسراوە ناسیۆلیستەکانی ئازەرەبایجانی سۆڤیەتیش لەهەموو ڕوویەکەوە یارمەتدەریان بوون، بەنەخشە کوردیان دەستەنگی ئەو کۆمارە کردبوو، کاتێ ئەو رایە خرایە بەردەم پێشەوا کە گوایە بۆ تەواوی کوردستان یەک ئۆستاندار دەبێت ئەویش قازی دەبێ (١٧) هیچ جۆرە ئامادەییەکی نیشان نەدا بوو بۆ قەبوڵکردن، بێگومان ئەو یارییەش بێ مەترسی و مەرام نەبوو، کەچی ئازەرەکان لەگفتوگۆی مانگی جۆزەردان ١٣٢٥ یاندا لەگەڵ ڕژێم لە تەورێز، نە نوێنەری کوردیان بەسەر کردەوەو و نە مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد و کۆمارەکەشی باس کرا، هەروەک بە ئەنقەست بیانەوێ مەسەلەکە خەفە بکەن.

* نەبوونی ئازادیی جووڵە و دەستپێشخەری، چونکە ڕووسەکان لەچەند لایەنێکەوە سنووریان بۆ جموجۆڵی کۆمار دانا بوو لەوانە:

نەجووڵان لەبەردەمی شەڕدا بۆ بەرگری نەبێ، خۆ بەستنەوە بەخود موختاریەوە بەردەوامی لەسەر گفتۆگۆ بەستنەوە بە ئارەربایجانەوە، بۆیە بیر لە جووڵەی سەربازی و مانۆڤەری سیاسی، ئەمری واقیع دروست کردن، کاری جەماوەری و جووڵاندنی خەڵکی کورد لە ناوچەکانی دەری سنوور نەکرایەوە، نەبوونی ئەم ئازادییە ئەو چاوەڕوانیە، ئەو بێ دەرامەتیە، بێ ئومێدی لەتاران، جۆرێ لەبێ ئومێدی لای خەڵکی خوێندەوارو هۆشمەند دروست کردبوو، بێ ئەوەی سەرنجی لێبدرێ و بیر لە هۆو چارەسەر بکرێتەوە.

لە سوچێکی تری تێڕوانین و شیکردنەوە، ئەگەر سەرنجێکی وردی دیاردەی خۆبەدەستەوەدانی سەرۆک کۆمار بدرێ، بابەتیانە لێی بکۆڵرێتەوە، وا دەردەکەوێ کەهاندەری ئەو دیاردە نائاساییە، هەر تەنها بەڵێن و سوێندەکەی نەبوو بۆ مانەوە لەگەڵ خەڵکی کورد

وەک هەوڵێکی خاوکردنەوەی قینی ڕژێمی تاران بەرامبەر بەخەڵک بۆ تۆڵە هەر سەبارەت بە بەڵێینی گیانی (سەرتیپ همایونی) بۆ پێشەوا نەبوون، بەڵکو گەلێ دیاردە و هۆی تر لەئارادا بوون و لە دروستبوونی ئەو پرۆسەیە رۆڵیان بینی لەوانە:

## کشانەوەی لەشکری سوور، بێ نەخشەی هاوپەیوەندی بەچارەنووسی کۆمار

* ئامۆژگاریی رووسەکان کە شەڕی ئەرتەش نەکەن.

* رووخاندنی کتوپڕی ئازەربایجان و راکردنی رابەرانی و شەڕی خوێناوی.

* نەبوونی پشت و پەنا، مانەوە بەتەنها، بێ چەکی قورس و هەلومەرجی بەهێز بوون و داکۆکی بەرامبەر بەهێزی دوژمن کەلەو رۆژگارەدا گەلێ هەنگاوی وەرچەرخێنەری هەلومەرجەکەی نابوو، زلهێزەکانیش یارمەتیدەری بوون.

* بڕوا نەبوونی قازی محەمەد بەجەنگ و خوێنڕشتن، بەشەڕی بێ هودە، خۆهەر لە سەرەتاوە کۆمەڵەی ژێ- کاف ڕێبازی خۆی لەشەڕی چەکداری و شۆڕش دیاریکردبوو، دیسان نامە پارێزراوەکانی پێشەوان تیشک دەخەنە سەر ئەم بۆچوونە.

* گرفت و هەڵەو بۆشایی و لاوازی و ململانێی ناوخۆ کەم نەبون بەتایبەتی:

* ناکۆکی و ململانێی و رقەبەرایەتی نێوان ئێل و تیرەو بەرەباب و بەگزادەکان.

* نەبوونی دیسپلینی پێویست لەناو سوپاو چەکدارەکاندا.

* لاوازیی زۆر لە سەرکردەکانی حزب و کۆمار، زوو وره بەردان کە لەگەڵ هەندێ سەرۆک عەشیرەتیشدا کەوتنە بڵاوکردنەوەی گیانی خۆبەستەوەدان.

* تەنیا هێزی جێگەی ئومێد. هێزەکەی بارزانی و ئەفسەرە لێهاتووەکانی کوردستان عیراق بوو، پێدەچێ پێشەوا لای ئاسان نەبووبێ ئەو هێزە ببێتە چەتری پاراستنی بەتایبەتی هەر لەسەرەتاوە ئەو جێگەو هەلە بۆ بارزانی نەخوڵقێنرا کە رۆڵی خۆی ببینێ، هەروەک نامەکانی خۆشی دەریدەخەن کە هەر بە(فەرماندە کل هێزی بارزانیان) ماوەتەوە بە پلەی (ژەنەراڵ)یەو، دانانی بەشێکی گرنگ لەهێزەکەی لکەکانی ۴.۳.۲.١ بەسەرکردایەتی:

مستەفا خۆشناو، میر حاج، بەکر عەبدولکەریم، نوری ئەحمەد تەها، بەفەرماندەیی ژەنراڵ حەمەڕەشید خان، ئەمەش بۆ خۆی جێگەی سەرنجە (١٨) لەژمارەکانی رۆژنامەی کوردستانیشدا شتێکی وا نابینرێ کە پێچەوانەی ئەو قسەیە بێت، هەرچەندە بارزانیی هەندێ جار لەگەڵ وەزیری هێزدا (سەیف قازی) سەردانی بەرەکانی شەڕو هێزەکانی کردووە، رۆڵی گرنگی لە لابەلاکردنی ناکۆکی عەشایەریدا بینی، ئەو پلەیەی لە رێککەوتنە سەربازییەکەی نێوان کوردستان و ئازەربایجاندا بۆی دانراو، جگە لەرۆڵی هەموو هێزەکە کەلە کارەساتەکەشدا بەیەکگرتوویی لەمەیدانەکە دەرچوو، لەگەڵ ئەوانەشدا دیسان لەسەرچاوەی بڕیارەوەو ئەو رۆڵەی نەدرایە. لەگەڵ رووخاندنی ئازەربایجان هەندێ سەرۆک عەشیرەت و لێپرسراوان خۆیان بەدەست ئەرتەشەوەدا، لەڕاستیدا هەر لەدوای کشانەوەی لەشکری سوور گەلێ لەو سەرۆک هۆزانە ورەیان بەردا، لەدواییدا گەلێ لە لێپرسراوانیشی گرتەوە. کورت و پوخت زەمینەی خۆیی و بارودۆخەکەی کۆماری تێدا دامەزرێنرا، رەسیو کامڵ نەبوون، بارودۆخە نێو دەوڵەتیەکەش لەسەر تەماح و مانۆڤرو

بەرژەوەندی دەجووڵاو ئاراستە دەکرا، دوژمن ئامادە نەبوو هیچ جۆرە پێکهاتن و رێککەوتنێ بکات کەلایەنی کەمی مافی نەتەوایەتی و نیشتمانی کوردی تیا بێت. سەرکردایەتیی کوردیش لەو ئاستەدا نەبوو کە بزانێ و بتوانێ ئەڵقە لاوازەکانی موعادەلەکان بدۆزێتەوەو هەوڵی گۆڕانی بدات، هەر لەسەر بەڵێن و چاوەڕوانیی وەرگرتنی راسپاردە و بڕیارەکان دەژیا، سەرنجی رووداوەکان و پاشەڕۆژو ئایندەی چارەنووسی نەدەدا، جەماوەریش لەسەرەتادا لەئازادی و باری دیموکراسی کە زۆر گرنگ بوون بە ئومێد بوون، لەدواییشدا چاوەروانی تاقەتبەرو ئینجا بە نائومێدی دەژیا.. بەتایبەتی ئەو هەموو رووناکییە سوورانە، دەردەکەوتن بێ ئەوەی رابەرانی کورد بجووڵێن و بگەنە ئاستی رووداوەکان، پێکهاتنی تاران و مۆسکۆ و پەیمانی نەوت، کشانەوەی لەشکری سوور بێ رەخساندنی هیچ جۆرە زەمان و دڵنیایەک ئەوانە زەنگی مەترسی و نیشاندانی سەردەمی وەرچەرخاندن بوون.

سۆڤیەت بەمەرامی خۆی گەیشتبوو، یارییەکەی بەئەنجام گەیاندبوو، دەستبەرداری کورد بوو، کەچی کورد لەسەر هیواو چاوەڕوانی و بەڵێن و باوەڕی خۆی دەژیا، سەیری رەوتی رووداوەکانی دەکرد، بەو بڕوایەوە کە بەتەنها ناتوانێ کارێ بکات، کاتێ ساتی بڕیاری پێچەوانەی رەوووتی مێژوو بوو، پێشەواش سەبارەت بەو هۆو هەلومەرجانەی تیشکیان خرایە سەر، خۆی کردە قوربانی کاروانێکیش لە شەهیدان رابەری کرد، دوور نەبوو، ئەگەر رێگەی پێچەوانەی هەڵبژاردایە مێژووی ئەمڕۆ بەجۆرێکی تر نەنوسرایە، بێ گومانیشە کەرەوتی رووداوکان بە جۆرێکی تر دەبوو چونکە ئەو بڕیارە دوا هەل بو، بەڵام وەک لێکدانەوەیەکی لۆجیکی ئەگەر لەساتی هێمنی و لەسەرخۆیدا زۆر هەل لەکیس درابێ، وا دوا هەل لە بارودۆخێکی وا سەخت و قورسدا هەر دەبێ بەو جۆرە بێت کە بو، دیارە ئیتر دوژمنی داگیرکەریش بڕیار لەسەر چارەنووسەکە ئەدات نەک خاوەن کێشەکە.

پەراوێزو سەرچاوەکانی بەشی پانزەهەم:

١- پێش دامەزراندنی کۆمار، پێشەوا قازی محەمەد لە دیدەنییەکی رۆژنامەنوویسدا بوونی ئەو خودموختاریەی باس کرد. بڕوانە رۆژنامەی کوردستان ژمارە (٢.١) رۆژی ١١ / ١٢ / ٦ / ١٩٤٦

٢- دوای دامەزراندنی کۆماری مەهاباد بە ٢٠٠ سوارێکەوە خۆی گەیاندە مهاباد.

٣- لەنیوەی دووەمی ١٩٤٥دا ژەنەراڵ سەلیم ئەتاکشیوف ئاگاداری قازی محەمەدی کرد بۆ رێکخستنی وەفدی سەفەرکردن.

٤-تا ٢٦ی سەرماوەرزی ١٣٢٥ ١٧ ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦ ژیاو لەو رۆژە کۆتایی بە بەڕێوەبەرایەتیەکەی هێنراو ئەرتەشی تاران مەهابادی داگیرکردەوە.

٥-رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٧ خاکەلێوە ١٣٢٥ ٢٥ی مارسی ١٩٤٦

٦-٤ی نیسانی ١٩٤٦ کەلە شوێنێکی تردا خراوەتە پێش چاو.

٧- بڕوانە پاشە کشەی بارزانییەکان لە کوردستانی ئێران، ئەبولحسەنی تەفرەشیان بە کوردی کردنی حەسەنی سەیف (حەسەنی قازی) ١٩٨٧ ل١٤ ئەمە بەشێکە لە کتێبەکەی نووسەر بەناوی (قیام افسران خراسان) ١٩٧٧ ناوبراو ئەفسەرێکی کۆماری ئازەربێجان بوو نێردرا بۆ کۆمەکی مهاباد لە رووخاندنەکەشدا مایەوەو خۆی بەدەستەوە نەدا.

٨- بڕوانە ئەبولحەسەنی تەفرەشیان سەرچاوەی ناوبراو ئەو دەنووسێ:

ئەو دوو فڕۆکەیە (ئاغای مورتەزای زەبەرخت و عەلی جودی) لە مەئموریەتی هەڵفڕین بەرەو ئازادی دڵ لە تارانەوە دەگەڵ خۆیان هێنابوویان.

٩- بڕوانە مەحمود مەلا عززەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان بەرگی یەکەم سوید ١٩٩١ ل ٤٣ – ٤٧ – ٥٧ - ٥٨ – ١١٥ - ١٢٣ لەگەڵ گەلێک بەڵگەنامەی تریش.

١٠- ئەم ئیعلانە لە ناوەراستی ئابی ١٩٤١ لەنێوان چەرچل و رۆزفڵت دا ئیمزا کرا بڕوانە **svenska uppslags bok bands** ئینسکلۆپیدیای سویدی چاپی ١٩٤٨ بەرگی ٢ لاپەرە ٦٨٢ - ٦٨٣

١١-١٧ تەموز ٢ ئابی ١٩٤٥

١٢- زۆر لە بەڵگەنامەکانی سەردەمەکە ئەو راستییە باش روون دەکەنەوە بۆ زانیاری ئەم لایەنە بڕوانە بەرگەکانی دەوڵەتی جمهوری کوردستان

١٣- بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە٩٧ی کۆمیتەی مەرکەزی، ١٣٢ پێشەوان قازی محەمەد دەوڵەتی جمهوری کوردستان بەرگی یەکەم.

١٤- بڕوانە هەمان سەرچاوە ل٣٠٩-٣٢٨

١٥- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨ ، ٨ رێبەندانی ١٣٢٤ ٢٨ ژانویە ١٩٤٦ ل ٣

١٦- رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠ رۆژی ٢٠ - ٦٠ ١٩٤٦

١٥- بڕوانە جەعفەر مەهدی نیا، زندگی سیاسی قوام

دەوڵەتی جمهوری کوردستان نامەکانی پێشەوا ژمارە ٢٠ - ١٣٢

١٨- بڕوانە دەوڵەتی جمهوری کوردستان بەڵگەنامەی ژمارە ٥٠ دیارە سەرچاوەی راستەقینەی بڕیارە گرنگەکانی بۆ هەموو لک و دەستەکانی هێزی بارزانیان و ئەفسەرانی هەربەرزانی خۆی بوو.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستانی نوێ / رێکەوتی : ٢٣ی جانێویری٢٠١٤




# کۆماری کوردستان لە ئاوێنەی ڕووداوەکاندا

ئامادە کردنی:عومەر باڵەکی

## ڕووداوەکانی دوای دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات هەتا ڕووخانی کۆماری کوردستان

١٣٢٤ - ١٣٢٦(١٩٤٥ - ١٩٤٧)

١- دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات لەسەر بناغەی (کۆمەلەی ژ.ک) ١٣٢٤/٥/٢٥ (١٩۴۵/٨/١٦)

٢- بەسترانی یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دێمۆکرات لە مەهاباد بە بەشداریی نوێنەرانی کورد لە ئاگرییەوە تا بۆکان ۱۳۲۴/۸/۲ (١٩۴۵/١٠/٢۴)



٣- بەڕێوەچوونی جێژنی سێیەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆمەڵەی«ژ.ک» ١٣٢٤/٥/٢٥ (١٩۴۵/٨/١٦)

٤- دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری کوردستان ١٣٢٤/٩/١٥ (١٩۴۵/١٢/۶)

٥- هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لەسەر بانی دەفتەری حیزبی دێمۆکرات لە شاری مەهاباد لە ١٣٢٤/٩/٢٦ (١٩۴۵/١٢/١٧)

٦- هەڵکرانی ئاڵا لەسەر بانی دەفتەری حیزبی دێمۆکرات لە شاری نەغەدە ١٣٢٤/٩/٢٧ (١٩۴۵/١٢/١٨)

٧- هەڵکرانی ئاڵا لەسەر بانی دەفتەری حیزبی دێمۆکرات لە شاری بۆکان ١٣٢٤/١٠/٧ (١٩۴۵/١٢/٢٨)

٨- جەلەسەی هەیئەتی فەرهەنگیی کوردستان بۆ دانانی» پشکنێر بۆ مەکتەبەکان» ١٣٢٤/١٠/١٢ (١٩۴۶/١/٢)

٩- ئاگاداریی شیرکەتی تەرەقی کوردستان بۆ بەشداریی خەڵک و سەرمایەگوزاری بە ئیمزای «محەمەد موعینی» ١٣٢٤/١٠/١٩ (١٩۴۶/١/٩)

١٠- گۆڕانی ناوی مەدرەسەی پەهلەوی بۆ مەکتەبی کوردستان ١٠/٢٠/ ١٣٢٤ (١٩۴۶/١/١٠)

١١- جێژنی کردنەوەی ئیدارەی ڕۆژنامەی کوردستان ١٣٢٤/١٠/٢٠ (١٠ /١/١٩۴۶)

١٢- دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان ١٣٢٤/١٠/٢٠ (١٩۴۶/١/١٠)

١٣- بڵاوکرانەوەی ئاگاداریی « کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکرات» دەربارەی بە ڕەسمیناسینی زمانی کوردی ١٠/٢٠/ ١٣٢٤ (١٩۴۶/١/١٠)

١۴- دەرچوونی دوو بڕیار لە لایەن «حاجی بابا شێخ» لەسەر ڕەدووکەوتنی کچان و پرسەی مردووان ١٠/٢٤ /١٣٢٤ (١٩۴۶/١/١۴)

١٥- کۆبوونەوەی هەئیەتی مودیرەی هەموو لقەکانی حیزبی دێمۆکرات و قەبائیل و عەشائیر بۆ چوون بەرەو پیری دامەزرانی کۆمار ١٣٢٤/١٠/٢٨ (١٩۴۶/١/١٨)

١۶- ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ١٣٢٤/١١/٢ (١٩۴۶/١/٢٢)

١٧- بەیعەتی پێشمەرگە بە پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرۆک کۆماری کوردستان لە ١٣٢٤/١١/٣ (١٩۴۶/١/٢٣)

١٨- سەردانی پێشەوا لە پێشمەرگە خانە بە شەو ١٣٢٤/١١/٤ (١٩۴۶/١/٢۴)

١٩- سەردانی پێشەوا لە چاپخانەی کوردستان ١٣٢٤/١١/٥ (١٩٤٦/١/٢٥)

٢٠- بەڕێوەچوونی جێژن بە بۆنەی راگەیاندنی کۆماری کوردستان لەلایەن بازرگانەکانەوە ٥/١١/ ١٣٢٤ (٢٥/١/ ١٩٤٦)

٢١- بەڕێوەچوودنی جێژن لەلایەن سەرۆک ئێلەکان ئاغایانی شێرزاد و محەمەد حوسێن خانی ئەمیری ١٣٢٤/١١/٦ (٢٦/١/ ١٩٤٦)

٢٢- بەڕێوەچوودنی جێژن لەلایەن یەهودییەکانی مەهاباد بە بۆنەی راگەیاندنی کۆماری کوردستانەوە ٦/١١/ ١٣٢٤ (١٩٤٦/١/٢٦)

٢٣- بەڕێوە چوونی جێژن بە بۆنەی راگەیاندنی کۆمارەوە لە لایەن سەرۆک ئێل « عبدالله ئاغای قادری»یەوە.

٢٤- بەڕێوەچوونی جێژن لەلایەن «سید عبدالله ئەفەندی»یەوە بە بۆنەی راگەیاندنی کۆماری کوردستان ١٣٢٤/١١/٩ (١٩٤٦/١/٢٩)

٢٥- بەڕێوەچوونی جێژن لەلایەن» جەعفەری کەریمی» لە سالۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی بە بۆنەی راگەیاندنی کۆمار ١٣٢٤/١١/١٢ (١٩٤٦/٢/١)

٢٦- خوێندنەوەی خوتبەی نوێژی جومعە بۆ یەکەم جار بە کوردی لە مزگەوتی سوور ١٣٢٤/١١/١٢ (١٩٤٦/٢/١)

٢٧- گۆڕانی ناوی «سەرباز» بە »پێشمەرگە» ، بۆ هێزی چەکداری کۆمار لە ئاگادارییەک دا کە لە رۆژنامەی کوردستاندا بڵاو بۆوە ١٣٢٤/١١/١٥ (١٩٤٦/٢/٤)

٢٨- بەڕێوەچوونی جێژن لەلایەن « سەید عبدالسلام» لە گەردیگلان بەبۆنەی کۆماری کوردستانەوە ١٣٢٤/١١/١٦ (١٩٤٦/٢/٥)

٢٩- دیاری کرانی هەیئەت بۆ ڕاگەیشتن بە کارەکانی فەرهەنگ و ئەوقاف ١٣٢٤/١١/١٧ (١٩٤٦/٢/٦)

٣٠- بەڕێوەچوونی جێژن لەلایەن «حەمە رەشید خان و چەند سەرۆک عەشیرەت» بە بۆنەی کۆماری کوردستانەوە ١٣٢٤/١١/١٩ (١٩٤٦/٢/٨)

٣١- دانانی هەیئەتیک بۆ گۆڕینی زاراوەی بێگانە بۆ کوردی لە عینوانەکانی هێزی پێشمەرگە ١٣٢٤/١١/٢٠ (١٩٤٦/٢/٩)

٣٢- بەڕێوە چوونی جێژنی راگەیاندنی کۆمار لەلایەن خەڵکی دەوروبەری»کولیجە» لە دیوەخانی شێخ حوسێن ١٣٢٤/١١/٢٣ (١٩٤٦/٢/١٢)

٣٣- بەڕێوەچوونی جێژنی پێکهاتنی کۆمار لەلایەن «زێرۆ بەگی هەرکی» لە گوندی بالانیش ١٣٢٤/١١/٢٦ (١٩٤٦/٢/١٥)

٣٤- هاتنی ماڵی مەلا مستەفا بارزانی بۆ شاری مەهاباد ١٣٢٤/١٢/٩ (١٩٤٦/٢/٢٨)

٣٥- سەردانی مەلا مستەفای بارزانی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە مەهاباد لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/١٢/١١ (١٩٤٦/٣/٢)

٣٦- هاتنی ئێل و عەشائیر بۆ سەردانی پێشەوا لەشاری مەهاباد لە ڕێکەوتی ١٣٢٤/١٢/١٢ (١٩٤٦/٣/٣)

٣٧- سەردانی مەلا مستەفا بارزانی لە چاپخانەی کوردستان، ١٣٢٤/١٢/١٢ (١٩٤٦/٣/٣)

٣٨- سەردانی مەلا مستەفا بارزانی لە هەیئەت رەئیسەی میللیی کوردستان ١٣٢٤/١٢/١٢ (١٩٤٦/٣/٣)

٣٩- سەردانی مەلا مستەفا بارزانی لە ئیدارەی شارەداری مەهاباد ١٣٢٤/١٢/١٣ (١٩٤٦/٣/٤)

٤٠- سەردانی مەلا مستەفا بارزانی لە یانەی فەرهەنگی و دیداری لەگەڵ پێشەوا ١٣٢٤/١٢/١٣ (١٩٤٦/٣/٤)

٤١- دامەزرانی یەکێتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان ١٣٢٤/١١/٢٤ (١٩٤٦/٣/١٥)

٤٢- دامەزرانی کتێبخانەی میللی ١٣٢٤/١٢/٢٦ (١٩٤٦/٣/١٧)

٤٣- پەسندکرانی قانوونی مجازات ١٣٢٥/٢/١ (١٩٤٦/٤/٢١)

٤٤- بەسترانی پەیمانی یەکێتی و برایەتی لە نێوان حکوومەتی ئازەربایجان و کوردستان لە تەورێز ١٣٢٤/٢/٣ (١٩٤٦/٤/٢٣)

٤٥- رێککەوتنی سوپای کوردستان و ئازەربایجان ١٣٢٥/٢/٣ (١٩٤٦/٤/٢٣)

٤٦- سەردانی دەستەی تێکەڵاوی ئازەربایجان و کوردستان بۆ تاران بە سەرۆکایەتیی پێشەوا ١٣٢٤/٢/٨ (١٩٤٦/٤/٢٨)

٤٧- هێرشی سوپای ئێران بە پشتیوانیی تۆپ و ٢ تەیارە لە « مەڵقەرەنی و شاخی بێژینگ بەسەر» ١٣٢٥/٢/٩ (١٩٤٦/٤/٢٩)

٤٨- دەست بەکارکردنی رادیۆی کوردستان ١٣٢٤/٢/١٠ (١٩٤٦/٤/٣٠)

٤٩- گەڕانەوەی ئوردووی سوور بۆ خاکی شووڕەوی ١٣٢٥/٢/١١،١٠ (٣٠/٤و١/٥/١٩٤٦)

٥٠- بڵاوبوونەوەی نوتقی پێشەوا لە ڕادیۆ ١٣٢٥/٢/١٢ (١٩٤٦/٥/٢)

٥١- وەڵامدانەوەی پێشەوا بە نامەی « ژنەڕاڵ حەمەرەشید خان» لەبارەی جەبهەی بانەو سەقزەوە ١٣٢٤/٢/١٢ (١٩٤٦/٥/٢)

٥٢- بەستنی کۆڕێکی ڕێزگرتن و شێعر خوێندنەوە بە بۆنەی ڕۆیشتنی ئۆردووی سوور ١٣٢٥/٢/١٢ (١٩٤٦/٥/٢)

٥٣- بڵاوبوونەوەی نوتقی پێشەوا لە رادیۆ بە بۆنەی ڕۆیشتنی ئۆردووی سوور لە ڕێکەوتی ١٣٢٥/٢/١٥ (١٩٤٦/٥/٥)

٥٤- هاتنی فیدائیانی ئێلی قەرە پەپاغ بۆ مەهاباد بە مەبەستی پشتگیری لە کۆماری کوردستان ١٣٢٥/٢/١٦ (١٩٤٦/٥/٦)

٥٥- هاتنی ئێلی هەرکی و بەرەو پیلبردنی ئاڵا ١٣٢٥/٢/١٧ (١٩٤٦/٥/٧)

٥٦- نوتقی پێشەوا لەسەر دوایین پێکهاتەکان دوای ڕۆیشتنی ئۆردووی سوور و بە رحەق بوونی کۆماری کوردستان ١٣٢٥/٢/٢٠ (١٩٤٦/٥/١٠)

٥٧- گەڕانەوەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کوردستان و ئازەربایجان لە تاران ١٣٢٥/٢/٢٣ (١٩٤٦/٥/١٣)

٥٨- ئیعلامیەی قوام السلطنه دوای گەڕانەوەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد و ئازەری ١٣٢٥/٢/٢٣ (١٩٤٦/٥/١٣)

٥٩- گەڕانەوەی سەیفی قازی نوێنەری حکوومەتی کوردستان ١٣٢٥/٢/٢٦ (١٩٤٦/٥/١٦)

٦٠- هێرشی دوژمن لە جەبهەی سەردەشت ١٣٢٤/٢/٢٨ (١٩٤٦/٥/١٨)

٦١- میتینگی سەیفی قازی سەبارەت بە وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی ١٣٢٥/٢/٣١ (١٩٤٦/٥/٢١)

٦٢- دیاریکرانی «عەلی خوسرەوی» بە جێگری وەزارەتی تەبلیغات و مودیری رادیۆ ١٣٢٥/٣/١ (١٩٤٦/٥/٢٢)

٦٣- دانیشتنی «رزم آرا» لەگەڵ نوێنەرانی پێشمەرگە ١٣٢٥/٣/٥ (١٩٤٦/٥/٢٦)

٦٤- کۆبوونەوەی کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێمۆکرات دەربارەی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەت ١٣٢٥/٣/٦ (١٩٤٦/٥/٢٧)

٦٥- شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای ئێران لە کێوی»نەصر ئاباد» پشتی سەقز ١٣٢٥/٣/٨ (١٩٤٦/٥/٢٩)

٦٦- چوونی هەیئەتی کورد بە ڕێبەریی « حاجی بابە شێخ» بۆ سەقز بەمەستی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی تاران ١٣٢٥/٣/٨ (١٩٤٦/٥/٢٩)

٦٧- بۆچوونی فەرماندەی جەبهەی سەقز» حەمەرەشید خان» لەبارەی وتووێژ لە نامەیەکدا ١٣٢٥/٣/١٠ (١٩٤٦/٥/٣١)

٦٨- وەڵامی پێشەوا بە حەمە رەشید خان فەرماندەی جەبهەی سەقز لەنامەیەکدا ١٣٢٥/٣/١٣ (١٩٤٦/٦/٣)

٦٩- هاتنی نوێنەری تاران بۆ درێژەی وتووێژ بە سەرۆکایەتیی «مظفر فیروز» بۆ تەورێز ١٣٢٥/٣/٢١ (١٩٤٦/٦/١١)

٧٠- ئاخر شەڕی هێزی پێشمەرگە و سوپای ئێران : شەری مامەشا» ١٣٢٥/٣/٢٥ (١٩٤٦/٦/١٥)

٧١- چاوپێکەوتنی «پێشەوا» و «رەزم آرا» لە گوندی سەرا ١٣٢٥/٣/٢٦ (١٩٤٦/٦/١٦)

٧٢- بەسترانی پەیمانی دۆستایەتیی تورکیە و عیراق ١٣٢٥/٣/٢٩ (١٩٤٦/٦/١٩)

٧٣- تەواو بوونی سەحنەی سینەمای کوردستان ١٣٢٥/٤/٥ (١٩٤٦/٦/٢٦)

٧٤- وتووێژی پێشەوا لەگەڵ ئاژانسی «فرانس پرێس» ١٣٢٥/٤/١٠ (١٩٤٦/٧/١)

٧٥- سەردانی جەبهەی شەڕ لەلایەن «مەلا مستەفای بارزانی و سەیفی قازی» یەوە ١٣٢٥/٤/١٤ (١٩٤٦/٦/٥)

٧٦- دیاریکرانی» سەرهەنگ محەممەدی نانەوازادە» بە سەرپەرستی جەبهەکانی شەڕ بە ڕێککەوتنی دەوڵەتی ناوەندی و کۆماری کوردستان ١٨/٤/ ١٣٢٥ (١٩٤٦/٦/٩)

٧٧- مانۆری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دەوروبەری شاری مەهاباد ١٣٢٥/٤/٢٠ (١٩٤٦/٧/١١)

٧٨- بەربوونەوەی فرۆکەی هەڵگری «سەرهەنگ محەممەدی نانەوازدە» لە کەلیخانی بانە و شەهیدبوونی ١٣٢٥/٤/٢٥ (١٩٤٦/٧/١٦)

٧٩- حەرەکەتی پێشەوا لە سەفەری تاران و تەورێزەوە بۆ مەهاباد ١٣٢٥/٤/٢٦ (١٩٤٦/٧/١٧)

**٨٠- پێشوازی کردنی خەڵک لە پێشەوا ١٣٢٥/٤/٢٧ (١٩٤٦/٧/١٨)**

**٨١- درانی سوپاسنامە بە چەند مامۆستایەکی دەرسی کوردی کە لە کوردستانی عێراقەوە هاتبوون ١٣٢٥/٤/٣٠ (١٩٤٦/٧/٢١)**

**٨٢- نوتقی پێشەوا دەربارەی وتووێژ لەگەڵ قوام ١٣٢٥/٥/٤ (١٩٤٦/٧/٢٦)**

**٨٣- کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی ١٣٢٥/٥/٢٠ (١٩٤٦/٨/١١)**

**٨٤- تەسلیم کردنی یادداشتی وەبیرهێنانەوە لەلایەن ئێرانەوە بە سێ دەوڵەتە زلهێزەکە ١٣٢٥/٦/٢١ (١٩٤٦/٩/١٢)**

**٨٥- پێکهێنانی شووراى شەڕ بە سەرۆکایەتیی « حاجی بابە شێخ» ١٣٢٥/٩/١٤ (١٩٤٦/١٢/٥)**

**٨٦- بانگهێشتی سەرۆک عەشیرەت و ئەندامانی کومیەتی ناوندیی «حیزبی دێمۆکرات» بۆ مزگەوتی هەباس ئاغا بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر بەربەرەکانیکردن و نەکردن لەگەڵ سوپای ئیران ١٣٢٥/٩/١٥ (١٩٤٦/١٢/٦)**

**٨٧- لەشکرکێشیی ئێران بۆسەر حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و حکوومەتی کوردستان ١٣٢٥/٩/١٨ (١٩٤٦/١٢/٩)**

**٨٨- گەیشتنی ئەرتەش بۆ میانە ١٣٢٥/٩/٢٠ (١٩٤٦/١٢/١١)**

**٨٩- فەرمان درا بە هێزی پێشمەرگە کە لە بەرەکانی شەڕی» سەردەشت، بانە، سەقز» بکشێنەوە ١٣٢٥/٩/٢١ (١٩٤٦/١٢/١٢)**

**٩٠- ئەرتەش گەیشتە تەورێز ١٣٢٥/٩/٢٢ (١٩٤٦/١٢/١٣)**

**٩١- پێشوازیکردنی ئەرتەش لەلایەن» میرزا ڕەحمەتی شافیعی، شێخ حوسێنی شەمسی بورهان، عەلی ئاغای ئەمیر عەشائیری» ١٣٢٥/٩/٢٣ (١٩٤٦/١٢/١٤)**

**٩٢- سەردانی تاقمێک پێشمەرگە و بەرپرس لە پێشەوا و داوای ڕۆیشتنی پێشەوا لەگەڵیان ١٣٢٥/٩/٢٣ (١٩٤٦/١٢/١٤)**

**٩٣- ڕۆیشتنی نوێنەری بازرگانیی رووس و گەڕانەوەی بۆ کۆنسوولخانەی رووس لە ورمێ ١٣٢٥/٩/٢٤ (١٩٤٦/١٢/١٥)**

**٩٤- گەیشتنی هێزی سەرهەنگ»غەفاری» و ئێلە هاوپەیمانەکانی بەهێزی هێرشبەر ١٣٢٥/٩/٢٤ (١٩٤٦/١٢/١٥)**

**٩٥- گیرانی شاری مەرەند ١٣٢٥/٩/٢٤ (١٩٤٦/١٢/١٥)**

**٩٦- گیرانی شارەکانی: ماکۆ، خۆی، مەراغە، ورمێ» ٢٥،١٣٢٥/٩/٢٦ (١٧،١٩٤٦/١٢/١٦)**

**٩٧- بە پیرەوەچوونی ئەرتەش لەلایەن پێشەواوە لە نزیک گوندی گوێک تەپە ١٣٢٥/٩/٢٦ (١٩٤٦/١٢/١٧)**

**٩٨- گیرانەوەی شاری مەهاباد دوای ساڵێک ئازادی لەدەستی حکوومەتی ناوەندی ١٣٢٥/٩/٢٦ (١٩٤٦/١٢/١٧)**

**٩٩- گیرانی پێشەوا و ٢٨ کەس لە سەرکردەکانی حکوومەتی کوردستان ١٣٢٥/٩/٣٠ (١٩٤٦/١٢/٢١)**

**١٠٠- حوکم درانی پێشەوا و هاوڕێیانی ١٣٢٥/١٠/٢ (١٩٤٦/١٢/٢٣)**

**١٠١- گەیشتنی دادگای پێداچونەوە بە مەهاباد ١٣٢٥/١٠/٧ (١٩٤٦/١٢/٢٨)**

**١٠٢- بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی ئەحمەد خانی فاروقی» سالار»، عەبدوڵلاخانی مەتین، محەمەد خانی دانیشوەر»براکانی سالار»، عەلی خانی فاتح، محەمەد بەگی فەیزوڵلا بەگی، حەسەن خانی فەیزوڵلا بەگی، ئەحمەد شەجیعی، شێخ ئەمین ئەسعەدی کەسنەزانی، شێخ سەدیق ئەسعەدی یازی بڵاغی، عەلی ئاغای جەوانمەردی، رەسووڵ ئاغای مەحموودی (برای عەلی ئاغا) ١٣٢٥/١٢/٢٦(١٩٤٧/٣/١٧)**

**١٠٣- بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی پێشەوا و هاوڕێیانی ١٣٢٦/١/١٠(١٩٤٧/٣/٣٠)**

**١٠٤- بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی» حەمیدی مازووچی، رەسووڵ نەغەدەیی، عەبدوڵلا رەوشەنفکرو محەمەدی نازمی» ١/١٧/ ١٣٢٦ (١٩٤٧/٤/٦)**

**١٠٥- بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی « عەلی بەگی شێرزاد» ١٣٢٦/١/١٨ (١٩٤٧/٤/٧)**

**لە ژمارە ٦٢٩ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٥ی ئەپریلی ٢٠١٤**




# بابەتەکانی: ٢٠١٣

## کۆماری کوردستان، دەسکەوتیکی نەتەوەیی و ئەزموونیکی مێژوویی

ئارەش لورستانی

ڕووداوەکانی شەڕی جیهانیی دوویەم لەساڵانی ١٩٤١ تا ١٩٤٥ لە لایەک و لە لایەکی دیکە شکانی ئەرتەشی ئیران لە لایەن ئەرتەشی سووری یەکیەتیی سۆڤیەتەوە و گەشەی هەستی نەتەوایەتیی کوردان و بوونی کەسایەتییەکی وەک قازی محەمەد و هاوبیرانی لە بەرانبەر گەلەکەی خۆیاندا کە هەستیان بە بەرپرسایەتی دەکرد لە لایەکی دیکەوە، بواریان بۆ دامەرزانی کۆماری کوردستان رخساند قازی محەمەد و هاورێکانی هەلەکەیان قۆزتەوە و پاش چەندمانگێک دوای هاتنی سوپای سوور، گرووپێکی سێ کەسی بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد چوونە یەکیەتیی سۆڤیەت و لە باکۆ لەگەڵ "جەعفەر باقرۆف" سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەت و رێبەری حیزبی کۆمونیست دانوستانیان کرد. بەڵام ئەم کۆبوونەوەیان ئاکامێکی ئەوتۆی نەبوو و"باقرۆڤ" گوێی بە داواکانیان نەدا.



جاریکی دیکە-سالی ١٩٤٥ گرووپێکی هەشت کەسی بە سەرۆکایەتیی قازی محەمەد لە باکۆ چاویان بە "باقرۆف" کەوتەوە کە لەم دانیشتنە دا قازی محەمەد راشکاوانە باسی خودموختاری (ئۆتۆنۆمیی) هێنایە گۆڕێ و"باقرۆڤ" لە وڵامدا دا وتی: "جارێ نۆرەی ئازەرییەکانە و پێویست ناکا کورد لە وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی دا پەلەی بکا". "حەسەن ئەرفەع" دەڵێ: قازی محەمەد بە رووسەکانی راگەیاند کە کورد نایەوێ بەشێک بێ لە ئازەربایجان. رووسەکان دژی ئەو بیروبۆچوونەی بوون و داوایان لی کردبوو داوای ئۆتۆنۆمی لە کۆماری ئازەربایجان بکەن کە سیستمێکی کۆمۆنیستی لەوێ لە سەر کار بوو.

قازی محەمەد و هەیئەتەکەی هاوڕێی پاش گەڕانەوە بریاریان دا لەوە زیاتر چاوەڕێی پشتیوانیی رووسەکان نەبن. ئەوان لاوازی و پرش و بڵاویی سوپای ئێرانیان بە هەل زانی و کۆماری کوردستانیان راگەیاند. هەر بەم بۆنەیەوە لە ٢٦ی سەرماوەزی١٣٢٤ی هەتاوی (١٧ / ١٢ / ١٩٤٥) لە ریۆرەسمێکی مەزندا ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد. دوای مانگێک لە ٢٢ / ١ / ١٩٤٦ لە مەیدانی "چوارچرا"ی مەهاباد بە فەرمی کۆماری کوردستان راگەیەندرا. پێویستە بوترێ پێشتر لە ١ / ١٢ / ١٩٤٥دا لە تەورێز حکوومەتی ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجان راگەیەندرابوو.

ڕۆژی ٢٢ / ١ / ١٩٤٦ ڕۆژێکی مێژوویی بوو. سەرەڕای سەرما و سەختڵەتی زستان، هەزاران کەس لە شارەکانی بۆکان، نەغەدە، ورمێ و ناوچەکانی دیکەوە ملی ڕێگەی مەهابادیان گرتە بەر. قازی محەمەد و پیاوماقوڵان و مەلاکان و ڕووناکبیرانی شار لە بەردەم ئەو خەڵکە پڕ خرۆشەدا ڕاوەستابوون. مامۆستا مەلا حوسێنی مەجدی بە دوعا و پاڕانەوە لە خوا، ڕێورەسمەکەی کردەوە. لەو ڕۆژەدا ١٦ کەس قسەیان کرد.

پاشان قازی محەمەد دەستی کرد بە قسان: "ئەی میللەتی کورد! ئەی شێرەپیاوانی کورد! سڵاوی خواتان لێ! داوا لە خوای گەورە و ئێوە، گەلی کورد دەکەم کە لەو ئەرکە مەزنەی کە پێتان سپاردوم یارمەتیدەرم بن تا بتوانم لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەکەمدا کەڵکی لێوەرگرم و لە بەرانبەر خوا و ئێوەدا شەرمەزار نەبم. گەلی کورد دوژمنێکی زۆری هەیە کە لە سەر مافی ئەو گەلە لە هەر چوار پارچەکە ڕێککەوتوون و بە هەر جۆرێک بووە حاشایان لە مافی خودموختاریان کردوە و خەباتەکەیان بە دزی و چەتەیی لە قەڵەم دەدەن؛ تا بواری سڕینەوەی باشتریان بڕەخسێنن."

دوای قازی محەمەد، پازدە کەسی دیکە بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵانی جۆراوجۆری نەتەوەی کورد، وتاریان پێشکەش کرد. ئەم ڕێوڕەسمە بە شێعر و گۆرانی ڕازابۆوە و مانگێک دوای ئەم جەژنە، کابینەی وەزیران بە سەرۆک وەزیریی "حاجی بابەشێخ" کە یەکێک لە مەلا گەورەکانی ناوچەکە بوو، ڕاگەیەندرا.

## گرنگترین کارەکانی کۆماری ١١ مانگەی کوردستان

قازی محەمەد و هاوکارەکانی لە ماوەی تەمەنی کورتی کۆماردا کارێکی زۆر و بێ هاوتایان کرد کە لێرە دا ئاماژەیان پێ دەکرێ:

١- پێکهێنانی حکوومەت لە سەر بنەمای دیموکراسیی ئازاد بە ١٣ وەزیر بۆ بەڕێوەبردنی کار وباری فەرهەنگی، خزمەتگوزاری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئیداری.

٢- بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی لە ناوچەکە. چونکی پێشتر بە کارهێنانی زمانی کوردی لە ئیدارەکان قەدەخە بوو.

٣- بەرنامەڕێژی بۆ خوێندن بە زمانی کوردی

٤- فەرمی بوونی زمانی کوردی لە لیدوانەکاندا بۆ یەکەم جار.

٥- بەربەرەکانیی فەرمی دژی نەخوێندەواری.

٦- بەزۆرەملی کردنی خوێندن بۆ منداڵان.

٧- دیاریکردنی فۆرمێکی یەکگرتوو بۆ قوتابیان.

٨- بە کوردی نووسینی تابلۆی قوتابخانەکان، دوکانەکان، بینا و ئیدارەکان لە جیاتی فارسی.

٩- هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو چاکسازی و دانانی هێندێک قانوون بۆ گۆڕینی کۆمەڵێک نەریت و ڕێوڕەسمی ناحەزی وەک: ژن هەڵگرتن، سزادانی بەرتیلدەر و بەرتیلوەرگر، ئازار و ئەزیەتی ژن، کردەوە و قسەی سووک، دزی، سزادانی کەسانی پێشێلکەری

قانوون، راکردن لە مەیدانی شەڕ و هەروەها سزادانی ئەو کەسانەی کە خیانەت بە نیشتمان دەکەن و دەسدرێژی دەکەنە سەر نامووسی خەڵک و ....

١٠- چاکسازیی کاروباری ئابووری و بازرگانی و کردنەوەی هێندێک کۆمپانی و برەوپێدان و گەشەی بازاری کاسبی و کار.

١١- دامەزراندنی چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد و چاپخانەیەکی دیکە لە بۆکان.

١٢- دامەزراندنی رادیۆی کوردستان بە زمانی کوردی لە مهاباد.

١٣- دامەزراندنی سینەما لە مهاباد و پێشاندانی هێندێک فیلمی دیکۆمێنتاری.

١٤- کردنەوەی کتێبخانەی نیشتمانی لە مەهاباد.

١٥- پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە وەک هێزی سەربازی و ناردنی ئەفسەر بۆ راهاتن لە باکو.

١٦- هێشتنەوەی بواری وتوویژ دەگەڵ حکوومەتی ئێران تا دوایین ساتەکانی تەمەنی کۆماری کوردستان.

١٧- دامەزراندنی یەکەتیی لاوانی دیموکرات و دەرکردنی گۆڤاری "هاواری نیشتمان"، بۆ زیاتر گرنگیدان بە لاوان.

١٨- هەوڵ و تێکۆشان بۆ کەمرەنگ کردنەوەی هەستی خێڵایەتی و بەرز کردنەوەی روحیەی هاووڵاتیبوون و بووژاندنەوەی نەریت و رێورەسمە رەسەنە کوردییەکان.

١٩- تەرخانکردنی بورسییەی خوێندن بۆ خوێندکاران و ناردنی خوێندکار بۆ تەورێز و باکۆ.

٢٠- هاندانی ژنان بۆ خوێندن و دامەزراندنی قوتابخانەی تایبەت بە ژنان و بەشدارکردنیان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت لە راهێنانە سەربازییەکان.

٢١- دەرکردنی هێندێک گۆڤاری وەک: گۆڤاری کوردستان، رۆژنامەی کوردستان، هاواری نیشتمان، گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد و گۆڤاری "هەڵاڵە" .

## بەراوردکردنی کۆماری کوردستان و حکومەتی کۆمۆنیستیی ئازەربایجان:

بۆ دڵنیا بوون لە جیاوازیی ئەو دوو حکوومەتە و جیاوازیی زۆری نێوان روانگەی رێبەرەکانیان، شرۆڤەی دوو کەسایەتی لە سەر ئەم دوو حکوومەتە دەخەینە بەرباس: کەسایەتی یەکەم "درێک کینان"ە کە مامۆستای زانکۆی بەغدا بوو و سەردانی کوردستانی عێراقی کرد و ئاماژەی بە چەندین جیاوازیی ئەو دوو حکوومەتە کردوە. ناوبراو دەڵێ: "لە کوردستان بە پێچەوانەی ئازەربایجان ، کاربەدەستانی رووسی نابینرێن؛ بێجگە لەو چەند کەسەی لە کۆنسولی یەکیەتیی سۆڤیەتەوە لە ورمێوە بۆ چاوپێکەوتن هاتوونە مەهاباد." "ئەگەرچی لە ئازەربایجان ترس و تۆقاندن هەبوو بەڵام لە کوردستان تەنانەت زیندانییەکی سیاسییش لە بەندیخانەدا نەبوو". "لە مهاباد خەڵک دەیانتوانی گوێ لە رادیۆ ئانکارا و لەندەن بگرن بەڵام لە تەورێز گوێگرتن لەو رادیۆیانە مەرگ و نەمانی بە دواوە بوو."

کەسایەتی دوویەم، دوکتور رەحیمی کوڕی سەیفی قازی کە لە هەڵسەنگاندنی ئەم دوو حکوومەتەدا دەڵێ: "گومان لەوەدا نییە کە هۆکاری سەرەکیی رووخانی کۆماری کوردستان پەلە پەلی رێبەرانی ئازەربایجان و خەیانەتی رووسەکان بوو. هێندێک پێیان وایە

هەرتک حکوومەت لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەتەوە دامەزرا، بەڵام ئەوانە لە هەڵەدان؛ چونکی هەم ڕێژەی دەسەڵات و زاڵبوونی یەکیەتیی سۆڤیەت لەم دوو حکوومەتەدا و هەمیش شێوازی جێبەجێبوونی کارەکان لەم دوو حکوومەتەدا زۆر جیاواز بوو". "لە حکوومەتی ئۆتۆنۆمیی ئازەربایجاندا سیستمێکی کۆمۆنیستی بە پشتیوانیی پۆلیسی شاراوە دەسەڵاتی بەدەست بوو، لە حاڵێکدا لە کۆماری کوردستاندا، نە سیستمی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدار بوو و نە پۆلیسی شاراوەش دەبینرا". "بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکرات بە پێچەوانەی ویست و سیاسەتەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت و باقرۆف (سکرتێری گشتیی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەت) بوو؛ لە حاڵێکدا حکوومەتی ئازەربایجان، حیزبی کۆمۆنیست و کادرەکانی حیزبی تووده ڕێبەرایەتییان دەکرد". "یەکیەتیی سۆڤیەت دژایەتیی هەر چەشنە هەنگاوێکی کانالیزەکراوی لە کوردستاندا دەکرد، لە حاڵێکدا گەلی کورد و ڕێبەرەکانیان دەستپێشخەرییان کرد و حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند."

## ڕۆژەکانی کۆتایی تەمەنی کۆماری و دوایین دژکردەوەکانی قازی محەمەد:

ئەو کاتەی "قەوامولسەڵتەنە" سەرۆک وەزیرانی ئیران چووە مۆسکۆ و گرێبەستێکی دەگەڵ ستالین واژوو کرد، ئیدی یەکیەتیی سۆڤیەت پشتی کوردی بەردا و لە سۆنگەی بەشێک لە ئیمتیازی نەوتی ئێران هەموو بەڵێنەکانی خۆی لەژێر پێ نا و ئەرتەشەکەی لە کوردستان بردە دەر؛ پاشان ئەرتەشی ئیران لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ (١٧ / ١٢ / ١٩٤٦) دا گەڕایەوە شاری مەهاباد. دیارە ماوەیەک بوو کە دەنگۆی ڕۆیشتنی هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئێران و بەردانی پشتی کورد و تورک لە گۆڕێ دابوو. لە هێندێک لە بەڵگەکاندا هاتوە کە لە ١٦ / ٤ / ١٩٤٦ واتا هەشت مانگ بەر لە گیرانەوەی مەهاباد لە لایەن ئەرتەشی ئیرانەوە، پێنج ئەفسەری رووسی دێننە گوندی "سەرای" سەقز و چاویان بە فەرماندەیی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەقز و بانە دەکەوێ...... ئەفسەرەکان وتبوویان: "ئیمە خەریکە ئێران چۆل دەکەین رای ئیوە چییە؟" حەمەرەشیدخان، فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لە وەڵامدا وتبووی: "ئیمە دەگەڵ ئیران دوژمنایەتیی لەمێژینەمان هەبوو کە ئەو ماوەیە لە بیرمان چووبۆوە، بەڵام ئیوە هاتوون ئەم دوژمنایەتییەتان دیسان زیندوو کردەوە. ئێستاش کە هێمنایەتییەک دروست بووە، ئێران چۆل دەکەن بە بێ ئەوەی هیچ یارمەتییەکمان بۆ بە جێ بێڵن.... بەداخەوە هەموو ئەو شتەی لە سەر یەکیەتیی سۆڤیەت بیستبوومان بە درۆ دەرچوون.......... و درووشمی بەرگری لە نەتەوە چەوساوەکان بۆ گەلی کورد خێری نەبوو".

بەر لەوەی ئەرتەشی ئیران بگاتەوە مەهاباد، قازی محەمەد و ڕێبەرانی حکوومەت و حیزب راوێژ و وتووێژێکی زۆریان دەگەڵ کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان کرد و بڕیاریان دا لە بەرانبەر ئەرتەشدا شەڕ بکەن بەڵام دوای ئەوەی دڵنیا بوون ئاکامێکی جگە لە وێرانبوونی ناوچەکە نابێ، قازی محەمەد لە رووی ناچارییەوە رایگەیاند خۆڕاگری ئاکامی خراپی بۆ گەل بە دواوەیە و دەبێتە هۆی زیان و زەرەرێکی زۆر بۆ خەڵکی مەهاباد و ناوچەکە، چونکی سوپای ئیران لەوە بەهێزتر بوو کە بتوانن خۆی لەبەر راگرن. بە کورتی ڕێگەچارەیان تەنیا ئەوە بوو کە ڕێبەرانی حیزب و کەسایەتییەکان پێشنیاریان بە قازی محەممەد کرد کە مەهاباد جێ بێڵێ بۆ ئەوەی نەکوژرێ. هەر بۆیە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب داوای لێ کرد یان بچێتە عێراق یان رووسیە. ژەنەڕاڵ بارزانییش هەر ئەو داوایەی لێ کرد. سەرکۆنسولی ئینگلیزیش لە تەورێز داوای لێ کرد لە ڕێگەی عێراقەوە بچێتە بەریتانیا. ئەمریکاش نوێنەرێکی ناردە

لای و داوای لێ کرد ئیران بە جێ بهێڵێ. لە وەڵامی هەموو ئەو داوایانەدا وتی: "سوور دەزانم حکوومەتی ئێران لە دارم دەدا بەڵام من لە خۆشی و شادیی نەتەوەکەمدا بەشدار بووم، ئێستاش لە ناخۆشی دا بە جێیان ناهێڵم و ژیان و مردنم لەگەڵ ئەوانە و ئامادەم بکوژرێم بەڵام کوردستان بە وێرانی نەبینم." پاشان وتی "من سوێندم خواردوە دەگەڵ خەڵکەکەم بم. حکوومەتی ناوەندی لە حاڵێکدا دەگەڕێتەوە مەهاباد کە تووڕە و قەڵسە و ئەگەر من بگرێ داخی دڵی بە من دەڕێژێ و واز لە خەڵک دێنێ، هەر بۆیە بۆ ئەوەی خەڵکی شار تووشی زەرەر و زیان نەبن، ناچارم بمێنمەوە."

قازی محەمەد دوایین وانەی سیاسی بەمجۆرە بە نەتەوەکەی دەڵێتەوە.

وەسێتنامەی قازی محەمەد: یەکێک لە قۆناخە گرنگەکانی ژیانی قازی محەمەد،

دوایین ساتەکانی ژیان قازی محەمەد نووسینی وسیەتنامەکەیەتی کە بەشێکی بەم چەشنەیە:

میللەتی کورد! رۆڵەکان و برا خۆشەویستەکانم! برا مافخوراوەکانم! گەلە چەوساوەکەم! ئێستاش لە دوایین ساتەکانی ژیانم دا چەند ئامۆژگارییەکتان دەکەم: وەرن بە خاتری خودا دەست لە دوژمنایەتیی یەکتر هەڵگرن و یەک بگرن و پشت و پشتیوانی یەکتر بن. لە بەرانبەر دوژمنی زاڵم دا بوەستن. خۆتان بە دوژمن مەفرۆشن. دوژمن هەر ئەوەندەی دەوێن کە کارەکەتان پێ دەکا و قەت بەزەیی پێتان دا نایەتەوە و لێتان نابوورێ.

دوژمنەکانی گەلی کورد زۆر و زاڵمن، بەهێز و بێ بەزەیین. رازی سەرکەوتنی هەر میللەتێک یەکگرتوویی و یەکڕیزییە. یەکگرتوویی گەورەترین پشتیوانە بۆ میللەتێک. هەر میللەتێک یەکگرتوو و یەکڕیز نەبێ هەمیشە ژێردەستەیە. ئیوە میللەتی کورد هیچتان لە میللەتە کانی دەوروبەر کەمتر نییە بەڵکو لەو میللەتانەی کە ئازاد کراون ئازاتر و بەغیرەتتر و شایستەتر و پێشکەوتووترن. بەڵام ئەوانەی رزگار بوون لە نیو خۆدا یەکگرتوو بوون. ئیوەش وەکو هەموو نەتەوەکانی سەر گۆی زەوی ژێردەستە مەبن تەنیا بە یەکگرتوویی و ئێرەیی بە یەکتر نەبردن و خۆنەفرۆشتن بە دوژمنانی کورد رزگار دەبن.

براکانم! ئیدی بە دوژمن هەڵمەفریوێن، دوژمنی کورد لە هەر رەنگ و تایف و قەومێک بێ هەر دوژمنە. بێ رەحمە، بێ ویژدانە، رەحمتان پێ ناکەن و بە دەستی یەکتر بە کوشتتان دەدەن، چاوچنووکتان دەکەن، بە درۆ و تەڵەکە شەڕی یەکترتان پێ دەکەن.

لە دوایین ساتەکانی ژیانمدا بە خاتری خوا ئامۆژگاریتان دەکەم و پێتان دەڵێم و خوداش عالمە من ئەوەی لە دەستم هات بە گیان و دڵەوە بە نسحەت و رێنوێنی رێگەی دروستم نیشان دان و لەم پیوەندییەدا درێغیم نەکرد و ئێستاش دەلێم و رادەگەیەنم کە ئیدی هەڵمەفریوێن و بڕوا بە سوێند و بە دەست بە قورئان دادان و بەڵین و پەیمانەکان و دڵسۆزییەکانیان مەکەن. رێنوێنی و وسیەتم ئەوەیە منداڵەکانتان وەبەر خوێندن بنێن چونکی کورد هیچی لە نەتەوەکانی دیکە کەمتر نییە خوێندەواری نەبێ. بخوێنن تا لە کاروانی نەتەوەکانی دیکە دوا نەکەون، تەنیا خوێندن(زانست و زانین)، چەکی دەستی دوژمنە. دڵنیا بن و بزانن ئەگەر یەکگرتوو و یەکڕیز بن، زۆر باش بە سەر دوژمندا سەر دەکەون. ئیوە نابێ بە کوژرانی من و برازاکانم بترسێن، کەسانێکی زۆری وەک من لەو رێگەیەدا سەر دەنێنەوە تا گەلی کورد بە هیوا و ئامانجەکانی بگا.

خۆشەویستان! کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە، هەروەک لە ماڵەوە کەسێک شتێک بزانێ بەرپرسایەتی دەدرێتی و کەسیش هەقی منت کردنی نییە، کوردستانیش وەک ئەو ماڵەیە، ئەگەر زانیتان کەسێک لەو ماڵەدا کارێکی لە دەست دێ بیکا، نابێ بەری پێ بگرن و کێشەی بۆ ساز بکەن، نابێ دڵمەند بن کە یەکێکتان بەرپرسایەتییەکی هەیە، ئەگەر کەسێکی بەرپرسایەتییەکی درایە بزانن کە شارەزایە و وشیارە "کەواتە لێیگەڕێن خزمەت بکا و ئێوەش یارمەتیدەری بن".

سەرچاوەکان:


١. ڕۆژنامەی "کوردستان"

٢. سایتی "کوردستان و کورد"

٣. نکتێبی"چل سال خەبات لە پێناوی ئازادی": دکتر قاسملو

٤."دەروازیەک بە ڕووی خوێندنەوەیەکی نوێی (ژ. کاف) و پێشەوا قازی موحەممەدی شەهید و کۆماری کوردستاندا"- نووسینی عمر عبدالعزیز- وەرگێڕانی دلێر عەباسی

٥. "تاریخ مهاباد"، محمد صمدی ، چاپی مەهاباد

٦."کردها،یک بررسی سیاسی وتاریخی"، حسن ارفع

٧. حکوومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا، چاپی دووهەم هەولێر

٨. "اسرار محاکمه قاضی و یارانش"، رحیم سیف قاضی

٩. جمهوریه تی کوردوستان، مەحموود مەلا عیززەت

١٠."کردها و کردستان" ،درکینان

١١. تاریک وروون. هێمن

١٢. گە شتیک بە کوماری مەهابادا، عەقید بەکر عبدالکەریم حەویزی.

١٣. یادداشتە کانی بەکر حەویزی

١٤."کتاب تاریخ معاصر کرد"، نووسینی دیوید مک داول، ترجمه ابراهیم یونسی


سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢٠ی جانێویری ٢٠١٣

# مەشخەڵی کۆماری کوردستان ناکوژێتەوە

نووسینی: ناسر ئێرانپوور

وەرگێڕان لە فارسییەوە: تەها ڕەحیمی

کۆماری کوردستان لە درێژخایەندا بوو بە مەشخەڵی پڕشەنگدار لە دڵی نەتەوەی کورددا و، بوو بە سەرچەشنێک بۆ خەبات و هێمایەک بۆ نەتەوەیەکی حاشالێکراو.



لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ بەڕێز ئارەش لوڕستانی کە لە کەناڵی ئاسمانیی کوردکاناڵ، زمانحاڵی حیزبی دێموکرات، بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە هەمبوو، پرسیارم لێکرا کە گۆڕینی ناوی "کۆماری کوردستان" بۆ "کۆماری مهاباد" چ پارادۆکسێکی لەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکانی نەتەوەی کورددا هەیە؟ هەروەها پرسیار کرا کە "ئەو کۆمارە چ کاریگەرییەکی دانایە سەر نەوەکانی دواتر؟"

کە من بەم شێوەیە وەڵامم دایەوە:

" ڕەنگە داڕشتنی ئەم پرسیارە بەم جۆرە دروست نەبێ، چونکی ناوێک نەگۆڕاوە و ناشتوانێ بگۆڕدرێ. دەتوانین مێژوو و ڕاستییە مێژووییەکان بە دڵی خۆمان بگۆڕین، بەڵام بە دڵی خۆمان – هەر ویست و ئیرادەیەکیش لە پشت ئەو گۆڕینە بێ- بۆمان ناگۆڕدرێ، چونکی ڕووداوێک رووی داوە. هەر چۆنێک بێ ناوی ئەو کۆمارە بە فەرمی "کۆماری کوردستان" بووە و بە "کۆماری کوردستان"یش دەمێنێتەوە. بەڵام ئەو کەسانەی بە کۆماری مەهابادی ناو دەبەن دوو دەستەن:

دەستەیەک کە تەنیا بۆ دیاریکردن و نیشاندانی ناونیشانی دروستی شوێنی دامەزرانی بە "کۆماری مهاباد"ی ناو دێنن، چونکی دەشزانن کوردستان زۆر لەوە گەورەترە و وڵات و ناوچەیەکی زۆر گەورەتر و بەرینتر لە خۆ دەگرێ؛ کە کۆماری کوردستان هەموویانی نەگرتۆتەوە. لەم ڕوانگەیەوە کێشەمان نییە. خۆشم، نەک وەک ناوی تایبەت، بەڵکوو بە پێی خۆشەویستیم بۆ ئەو کۆمارە و هەروەها بەهۆی ئەوەی کە ناوی مهابادم وەک قەڵایەکی پۆڵایین و خەباتگێڕ لەبەرانبەر سەرەڕۆیی دا خۆش دەوێ، زۆر جاران بە "کۆماری مەهاباد" م ناو هێناوە. هەروەک چۆن دەڵێین "حکوومەتی تاران"، "حکوومەتی ئانکارا" و (تەنانەت بە بێ ئەوەی "حکوومەت" یش بوترێ)، "پاریس"، "واشنگتۆن"، "لەندەن" و ..) هتد، ئەویش بە بێ ئەوەی ناوی تایبەت یا چەمک و دەستەواژەی حقووقی تایبەت بن یا واتایەکی تێکەڵ بە سووکایەتی و بێڕێزی بگەیەنن.




بەڵام دەستەکەی دیکە بە ئانقەست و بۆ چکۆڵە کردنەوەی کۆمار لە بواری پانتایی جوگرافیایی و کەم کردنەوەی ڕەهەندە سیاسییەکەی بە "کۆماری مەهاباد"ی ناو دەبەن. ئەوانە کێشەیان لەگەڵ ئەسڵی پرسەکە هەیە، جا ئێستا چ "کۆماری مەهاباد" بێ و یان "کۆماری کوردستان".

بۆ ئاگاداریی ئەم دەستەیە دەبێ بڵێم کۆماری کوردستانی دامەزراو لە مەهاباد، لە بواری جوگرافیاییەوە هەر مەهابادی نەگرتۆتەوە، لە بواری کادری سیاسییەوە تەنانەت کوردستانی ئێرانیشی تێپەڕاندوە و لە بواری ئاسۆی سیاسییەوە ڕێژەی کوردستانی بوونەکەی زۆر زیاتر لە ئێرانیبوونی ئەو حکوومەتانەی کە پێیان دەڵێن "ئێرانی". ڕاستە، تەشکیلاتی ئیداریی ئەو کۆمارە لە سەقز تێنەپەڕی کە ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆری هەیە. بەڵام ئەمە بە هیچ جۆرێک نیشانەی ئەوە نییە کە ئەم کۆمارە هی کوردەکانی پارێزگای ئیلام و کرماشان و سنە (کوردستان) نەبووە.

منێک لە ئەڵمان کە ٥ هەزار کیلۆمێتر لە کوردستانی ئێرانەوە دوورە، دەتوانم پارتێکی سیاسی پێک بێنم و، حیزبەکەم نەک هەر بە کوردستانی بە ئێرانییش بزانم. بۆچی؟ چونکی بەرنامە و ئاسۆی سیاسیم بۆ ئەو وڵاتەیە. دوایی ئەوە بۆ مەگەر کەممان دیوە کە چوار کەس بە شێوەیەکی شاراوە بۆ وێنە لە تاران لێک کۆبوونەتەوە و ڕێکخراوێکیان پێکهێناوە و ئەو ڕێکخراوەشیان بۆ هەموو ئێران بووە، کەچی هیچ نوێنەرێکیش لە ناوچەکانی دیکەی ئێران تێیدا ئەندام نەبوون؟ ئایا ئەم کارە لە خۆی دا کێشەی لەسەرە؟ ئەرێ دەکرێ ڕێکخراوێکی سیاسی کە تەنانەت، ژنێکیش لە کادری ڕێبەرییەکەی دا نییە بە هی ژنانی نەزانین؟ یان ئەوەی حکوومەتێک لە خۆراسان پێک دێ بۆ وێنەی هی منی مەهابادییشە، بەڵام حکوومەتێک لە مەهاباد دادەمەزرێ هی کرماشانییەک نییە؟!

دەزانین کۆماری کوردستان لە خۆڕاو و بە بێ هۆکار دانەمەزرا، بەڵکوو ئاکامی بزووتنەوەیەکی هزری و سیاسی و ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بوو. ئەم چەشنە بزووتنەوانە زۆر بە دەگمەن لە هەموو ئەو ناوچانەی کە بە هی خۆیانی دەزانن بە یەک ئەندازە خاوەن پلە و پێگەی کۆمەڵایەتین. کە ئەمە لە بارەی بزووتنەوەی مەشرووتە و هەر وەها بزووتنەوەی سەوزی ئێستا بە ڕاست دەرچووە. کە ئەمەی دواییینیان تەنانەت لە چەند شار تێنەپەڕی. ئەرێ لەبەر ئەمە دەتوانین لە ئیعتیباری ئێرانی بوونەکەی کەم کەینەوە، کەچی لە زیاتر لە سەدا لە نەوەدی شارەکانی ئێران تەنانەت وەک پشتیوانییش هیچمان لێ نەدیتن.؟!

هەر وەک چۆن وشیاریی چینایەتی لە لای هەموو کرێکاران وەک یەک نییە، یان وشیاریی ڕەگەزی لای هەموو ژنانی وڵاتێک هاوسان نییە، ئەمە لە بارەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی ناوچەیەکیشەوە دروستە. بە هەر حاڵ پێکهاتنی حکوومەتەکان زیاتر بە بێ ڕابردووی عەینی و مێژوویی ڕوو نادەنکە ئەم زەمینانە لە هەموو ناوچەکانی وڵاتی پێوەندیداردا وەک یەک نییە.

کەواتە بە پێی هیچ مەنتقێک ناتوانین کۆماری کوردستان بە حکوومەتی ناکوردی و تەنیا مەهاباد بزانین،هەر لە بەر ئەوەی ناوەندی دامەزرانەکەی بە هۆی بەرزبوونی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی ئەو وڵاتە، مەهاباد بووە.

ئەم کۆمارە تەنانەت کاریگەری کردە سەر پارچەکانی دیکەش، چونکی لە راستیدا هەموو بزووتنەوەی کورد لە هەر چوارپارچە لە زۆر بوارەوە خۆی بە میراتگر و قەرزباری ئەم کۆمارە دەزانێ.

ماوەیەکی زۆرە هەموو پارت و رێکخراوەکانی کوردستانی ئێران و عێراق و تورکیە و سووریە هەمان دروشمی ستراتیژیکی کۆماری کوردستان، واتە دامەزراندنی حکوومەتی نەتەوەیی لە سەر خاکی نیشتمانیان هێناوەتە گۆڕێ. ئەو شوێنەی لێیەوە سەرچاوەیان گرتوە کۆماری کوردستانە و نیازیشیان هەر هەمەن کۆمارە، جا ناوەکەی "حکوومەتی ئەیالەتی" بێ، "حکوومەتی فیدراڵ"، "حکوومەتی هەرێم"، "حکوومەتی خودموختار" بێ، لە راستیدا جیاوازییەی جەوهەری تێدا نییە.

ئێستاش ماوەیەکە بەرە بەرە درووشمی کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئازەربایجان دەبێ بە بەرنامەی سیاسیی پارتە ئیرانییەکان. ئەو کاتەی پیشەوەری و قازی محەمەد باسیان لە فیدراڵیزم و گەیشتن بە مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئیراندا دەکرد، بەشێک لەو وڵاتە فیدراڵیستییانەی ئەمڕۆکە فدراتیڤ نەبوون. ئەو دوو حکوومەتە زۆر لە سەردەمی خۆیان لە پێشتر بوون کە سیاسییە ناوەندگەراکان تێی نەدەگەیشتن و هێشتاش لێی تێ ناگەن. تەنیا ئەو دوو حکوومەتە بوون کە بە ئارمانجەکانی شۆڕشی مەشرووتە وەفادار مانەوە و لەم پێوەندییەشدا داوای جێبەجێ بوونی نێوەڕۆکی قانوونە ئەیالەتی و ناوچەییەکانیان دەکرد.

بە هەر حاڵ کۆماری کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە بە شێوەی فیزیکی لە لایەن فاشیزم و شوڤێنیزمی نێوخۆییەوە رووخا لە درێژخایەندا بوو بە مەشخەڵێکی پڕشەنگدار لە دڵی نەتەوەی کورددا، بوو بە سەرچەشنێکی خەبات و هێمایەک بۆ شۆڕشی گەلێکی حاشالێکراو. کۆماری کوردستان بوو بە دامەزراوێکی سیاسی – نەتەوەیی هاوچەرخی کورد، ئەویش نەک لە سەر بنەمای کەسێک و تاکەکەسێک، وەک ئەوەی لە ئێراندا باو بوو، بەڵکوو لە سەر بنەمای ئیرادەی گشتی و بۆ یەکەمین جار بە هیممەت و هەوڵ و تێکۆشانی پارتێک بە پێی بەرنامەیەکی پێشکەوتوو. ئەو کۆمارە نیشانی داین نەک هەر دەتوانین، بەڵکوو خۆمان دەبێ خاوەن حکوومەتێکی نەتەوەیی بین، تا میکانیزمێک بۆ پاراستنی گەلی کورد لە بەرامبەر ژینۆسایدی فەرهەنگی، سڕینەوەی فیزیکی و حاشا لێکردنی پێک بێنین. کۆماری کوردستان دژکردەوەیەکی ئاشکرا و راشکاوانە بوو بە پرۆژەی "نەتەوەسازی"ی دەوڵەتی، ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی، مافخوراویی سیاسی و داگیرکاری و چەوساندنەوە ئابوورییەکەی. کۆماری کوردستان دیارترین نیشانەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و بەڵگەیەکی دیکەی کورد بوون، بوو. نەسلەکانی دیکەش ورەیان پێی بەرز بۆوە و هێما و سومبولەکانیان بە هێما و سومبولی خۆیان زانی؛ لە هێزی پێشمەرگەوە بگرە تا ئاڵا و سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیب و پێکهێنانی حکوومەتی ناوچەیی. کە ئەمەش هەمەن ئارمانج و ویستی سیاسی ئەو کۆمارە، واتە پێکهێنانی سترەکتۆرێکی سیاسی لە وڵاتدا بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی و گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەییش دەگرێتەوە.

ئەرێ ئەگەر خەڵکی کوردستان، نەک هەر کوردستانی ئێران، ئەو کۆمارەیان بە بزووتنەوەی شارێکی بچووک و پرۆژەیەک زانیبا، کە هی خۆیان نییە، بەم قووڵییە و بەم هەستەوە خۆشیان دەویست کە نەک هەر بە هێمای خۆیانی بزانن، بەڵکو هەموو ساڵێ وەک رۆژێکی نەتەوەیی رێزی لێ بگرن و یادی لێ بکەنەوە؟! رەنگە قازی محەمەد خۆشی پێی وانەبووبێ ئەو ئاڵایەی هەڵیکردوە سنوورەکان

تێدەپەڕێنێ و حەفتا ساڵ دواتر لە شارەکانی عێراق و تورکیە و سوریاوە لە لایەن خەلکی کوردستانەوە بشەکێتەوە.

ڕۆژێک لە سمینارێک لە ئاڵمان تووشی سەرۆکی یەکێک لە زانکۆکانی کوردستانی عێراق بووم. هەر کە زانی لە مەهابادەدوە هاتووم، وتی" هەر موسلمانێکی بەدین لە سەریەتی لانیکەم جارێک مەکە و مەدینە زیارەت بکا و پەیمانی خۆی دەگەڵ خودا نوێ بکاتەوە. بەڵام من دەڵێم هەر کوردێکی سیاسی و وشیار لە سەرێتی لە ژیانی دا لانیکەم جارێک بچێتە مەهاباد و پەیمانی خۆی لەو شارەی یەکەم کۆماری کوردی لێ دامەزرا نوێ بکاتەوە. منیش تا ئێستا نەک جارێک بەڵکوو چەند جار چوومەتە ئەو مەیدانەی کۆماری لێ ڕاگەیەنراو پەیمانی خۆم لەگەڵ نوێ کردۆتەوە". بۆیە دەڵێم ئەو کۆمارە نەک هی مەهابادییەکان و شارەکانی دەوروبەر، نەک هی کوردستانی ئیران، بەڵکوو هەموو کوردستانە.

من هێندێکیش بەولاوەتر دەڕۆم و دەڵێم کۆماری کوردستان و حکوومەتی ئازەربایجان هی هەموو بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و دیمۆکراتیکی ئیرانە و قازی محەمەد و پیشەوەری نەک هەر ڕێبوارانی ڕێی ئازادی ئەو دوو نەتەوەیە بەڵکوو هەموو ئێرانن. یادیان بەرز و پیرۆز و ڕێگەیان پڕ ڕێبوار بێ.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتێ : ١٨ی جانێویری ٢٠١٣

# کۆماری کوردستان بەشێک لە بیرەوەرییەکانی سەعید هومایون

گرنگترین و بێ وێنەترین رووداو لە مێژووی میللەتی کورددا رۆژی ٢ی رێبەندانی ساڵی١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٦ی زایینی) واتە رۆژی راگەیاندن و دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە دەستی بەتوانای پێشەوا قازی محەممەد لە شاری مەهاباد دابوو.




لە بەشێکی مەیدانی چوارچرا ٣٠٠ پێشمەرگە وێڕای دەستەی موسیقیی نیزامی کە لە پێشەوەی ئەوان بوون، لە چەند سەدمیتریی ماڵی پێشەوا جێگیر ببوون خەڵک بە تامەزرۆیی یەوە چاوەڕوانی هاتنی بەڕێزیان بوون. دواتر لە کاتێک دا کە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە جلوبەرگی فەرمی یەوە لە پشت سەری پێشەوا راوەستابوون بە هەنگاوی لەسەرەخۆو پتەو هاتنە نێو گۆرەپانەکەوە.

هۆتاف کێشان و چەپڵەی قایم و رێکوپێکی بەشداران و هاواری شادی وێڕای دەنگی مووزیک لە شاردا دەنگی دەدایەوە. لەو کاتەدا سەرۆکی شارەوانیی مەهاباد بە هەنگاوی پتەو بەرەوپیلی پێشەوا قازی محەممەد چوو. پاش دانەواندنی سەری رێزو حورمەت گوتی: ئەمن غەنیی خوسرەوی رێز لەم سەرکەوتنە دەگرم کە بە دانی شەهیدگەلێکی بێئەژمار و خۆڕاگری لەهەمبەر ژێرچەپۆکی دا، لە سایەی وشیاریی‌و لێزانی بەڕێزتان وەدەست میللەتی کورد کەوتووە. هەروەها بە دڵێکی پاک و پڕ لە خۆشەویستی پیرۆزبایی لە پێشەوای میللەتی رەسەن، بە حورمەت و لەخۆبوردووی کورد دەکەم.

تکاتان لێ دەکەم لەم کاتە چارەنووس ساز و مێژوویی یەدا رێورەسمی ئازادی و سەرکەوتنی گەلی کورد بە ناوی خودای پاکەوە بکەنەوە.

بەو ئامادەکاریی‌و جموجوڵانەی کە لە چەند رۆژ لەوە پێشەوە لە مەهاباددا دەبینران، چاوەڕوانیی پێشهاتو رووداوگەلێکی گرنگ دەکرا. سەرۆک عەشیرەت و کەسایەتی یە ناسراوەکانی ناوچە رزگارکراوەکان بۆ مەهاباد بانگ کرابوون. بە هاتنی نوێنەری ناوچە جیاجیاکان بۆ شاری مەهابادو دەربڕینی پشتیوانی لە دەسکەوتەکانی گەلی کورد، رۆژی ٢ی رێبەندانیش گەیشت. سەرجەم چین و توێژە جیاجیاکانی شارو دێهاتەکانی دوورو نزیک و هەروەها ئەو نوێنەرانەی کە لە هەموو شوێن و پارچەکانی کوردستانەوە هاتبوون لە گۆرەپانی چوارچرا لە بەرامبەر کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات و نووسینگەی تایبەتی قازی محەممەددا کۆبوونەوە.

لەم کۆبوونەوە پڕشکۆو دەیان هەزار کەسی یە دا کە بە ئامادەبوونی بەڕێزان، حاجی سەید عەبدوڵڵا گیلانی زادە، مەلامستەفا بارزانی، حاجی باباشێخ، مەلا حسێن مەجدی و مامۆستایانی ئایینی و هەمووو سەرۆک عەشیرەتەکان و نوێنەرانی عەشیرەتەکان

حیزب لە سەرتاسەری ناوچە ئازادبووەکان پێکهاتبوو، هەمووان بەوپەڕی تامەزرۆیی و بێئوقرەیی چاوەڕوانی هاتنی پێشەوا قازی محەممەد بوون. پێشەوا بە جلوبەرگی نیزامییەوە لە نێو چەپڵەرێزان و دەربڕینی هەستی ئامادەبووان دا هاتە گۆڕەپانی چوارچرا. پێشەوا قازی محەممەد دوای سڵاوو بەخێرهێنانی بەشدارانی میتینگ لە شوێنی تایبەتی کە لە نێوەڕاستی گۆڕەپان دیاری کرابوو، راوەستا. لەم رێورەسمە پڕشکۆیەدا پێشمەرگەکان لە ریزگەلێکی رێکوپێکو قوتابیانی قوتابخانەکانیش بە هۆتاف و چەپڵەرێزان پێشوازی یان لێکرد.

قازی محەممەد لە شوێنە تایبەتی یەکەیەوە رووی لە بەشداران کردو گوتی: "بە ناوی خوا، کوردستان یەک هەڵکەوتی جوغرافیایی هەیە، بێئەوەی وڵاتێکی دیکە لە نێوان پارچەکانی دابێ و میللەتی کورد لێک جیا بکاتەوە نیشتمانێکی یەکپارچەو خەڵکی ئێمە لە یەک کوردستان و یەک نیشتمان دا دەژین و میللەتی ئێمە چارەنووس و رابردوویەکی لەمێژینەی هەیە کە هەموو میللەتی کورد تێی دا هاوبەشن، خاوەنی دابونەریت و رێورەسمی نەتەوایەتیی تایبەت بە خۆیەتی. بەخۆشی یەوە تا ئێستا رووداوگەلی رۆژگار هیچ چەشنە شوێنێکی ئەوتۆیان لەسەر بنەما سەرەکی و بنەڕەتی یەکانی نەتەوەی کورد دانەناوە. گەلی کورد هەر لە کۆنەوە خاوەنی دەسەڵات و حکوومەت بووەو هەمیشە میرو پاشاو حوکمڕانەکانی لە خۆی بووە. لەم کوردستانە ئازادەی ئێستادا میرانی موکریان لە میرسەیفەدینەوە دەست پێ دەکاو سارم بەگ و شێخ حەیدەر بەگ و ئەمیر پاشا، تا ئەم دوایانە قوباد خانی موکری خاوەن هێزو دەسەڵاتدار بوون.

میللەتی ئازادو قارەمانی کورد لە هەر کاتو ساتێک دا لە بەرامبەر هەر هێزێک دا ویستبێتی دەست بەسەر زێدو نیشتمانەکەی داگرێ، راوەستاوەو لە دژی خەباتی کردوەو لە هیچ چەشنە فیداکاری و گیانبازی یەک چاوپۆشی نەکردوە.

ئەم میللەتە بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ئازادی بە هەزاران قوربانیی داوەو بەردەوام خەریکی خەباتو بەرەنگاری بووەو هیچ ئەزموونێکی تاڵ نیە کە تاقیی نەکردبێتەوە. بەو حاڵەش لە بەرامبەر هەموو جۆرە پیلان و فرتوفێڵی دوژمنەکانی دا وەستاوەو هیچ کات لە داخوازییە رەواکانی پاشگەز نەبۆتەوەو لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادی دا بەردەوام بووەو بە دڵێکی پڕ لە هیواو خۆزیاو ئیمانێکی پتەوەوە لە تێکۆشان وازی نەهێناوە.

محەممەد (میرە کورە)یان کوشت، میرەکانی بابان سەریان هەڵ دا، بابانەکانیان سەرکوت کرد، ئەردەڵانەکان راستەوە بوون، ئەردەڵانەکانیان تێک شکاند بدلیسیەکان راپەڕین، بەڵام لەم دوایانەدا بە تایبەت دوای شەڕی یەکەمی جیهانیو هاتنە سەرکاری دیکتاتۆرگەلێک لە ئێران، تورکیە، عێراقو سووریە زمان و کولتوورو دابونەریت و مەزهەب و تایبەتمەندی یەکانی دیکەی نەتەوەی کورد کەوتە بەرسووکایەتی و ژێر فشارەوە. دوژمنانمان لە هیچ چەشنە وەحشیگەری و دڕندایەتی یەک دژی ئێمە نەپرینگاونەتەوە، هەروەها نەیانهێشت لە هیچ جۆرە مافێکی مرۆڤایەتی بەهرەمەند بین. ئەوان رێگای خوێندن و وەدەستهێنانی زانست و سەنعەتیان لێگرتبووینو هەر رۆژە و بە بیانوویەک و هەر ساتێک بە تۆمەتێک پۆل پۆل و دەستە دەستە کوردی هەژار و بێ ئەنوایان دەخستە گرتووخانەو ئەشکەنجەیان دەکردن و دووریان دەخستنەوەو دەیان کوشتن و بێسەروشوێنیان دەکردن، بەرهەمی کارو ماندوو بوونی ئەو




میللەتەیان بە تاڵان دەبردو ئەوانیان برسی و بێ‌ئەنوا رادەگرت. تا وای لێهات لە خەرمانانی ١٣٢٠دا دادپەروەری خودایی و فریشتەی ئازادی دامودەزگاکانی دیکتاتۆری و فاشیستی رەزا شای تێکەوە پێچاو کوردەکان لەو هەمووە ئێش و ئازارە رزگاریان بوو، ئەوان زانیان کە چۆن لەم هەلە کەڵک وەربگرن و رێگەی ئازادی و پێشکەوتنی بەردەوامی ئەو میللەتە کامەیەو دەبێ چ بکەن؟

جوامێرانی بەرپرسیارو بە شەرەف و نیشتمانپەروەر کە لەمێژ بوو زووخاویان دەچێشت ولە خەمی چارەنووسی خەمگین و دڵقرچێنی ئەم میللەتەدا بوون هەر زوو زانیان کات کاتی هەنگاوی کردەیی یەو دەبێ ئەم هەلە باشە بقۆزنەوە، ئێستا ئەو رۆژەیە کەوا باپیرانمان لە مێژبوو چاوەڕوانی بوون، ئەو تێکۆشەرانە بەبێ بەفیڕۆدانی کات وەخۆکەوتن و حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراندو بوێرانەو ماندوویی نەناسانە کەوتنە وەرێ‌خستنی کارەکان لە بەشە جیاجیاکان داو بە چاوێکی روون و ئاواڵەوە داخوازی‌یەکانی خەڵکیان گەلاڵە کردو بۆ جێبەجێ کردن کەوتنەخۆ. بەر لە هەموو شتێک ناکۆکی عەشیرەیی کە وڵاتە ئیستعماری یەکان بە یارمەتی دەسەڵاتی سەرەڕۆی نێوخۆو بە پێی دروشمی "پەرت کەو زاڵ بە" ئەو برایانەی لە یەک دایک و باوک بوون لەنێو بردبوو هەموویانیان هێناوە باوەشی دایکی نیشتمان. ئێستا کە لە سایەی خوداو ئیرادەی میللەتەوە چارەنووسی خۆمان بە دەستەوە گرتوە لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک خوێندنگەی کچان و کوڕانمان دامەزراندوە و خوێندنگەی شەوانەشمان کردۆتەوە. کتێبەکان بە زمانی کوردی وەرگێڕدراونەتەوە. کوڕان و کچان و گەورەکان لە قوتابخانەی شەوانە دا بە زمانی کوردی دەخوێنن و بە جێی ئەوەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی زمانی غەیرە زگماک بن، پاش دوو سێ مانگ دەتوانن بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێننەوەو بنووسن. بۆ ناساندنی تواناو لێهاتوویی میللەت و سەرهەڵدان‌و گەشەی ژیانی ئەدەبی‌و فەرهەنگیی کوردو بۆ گەیاندنی دەنگی خۆمان بە گوێی جیهانی شارستانی و یەکسانخواز پێویستیمان بە کەرەسەی چاپ‌و ناوەندی بڵاوکردنەوە بوو کە بە دامەزراندنی چاپخانە لەمەودوا بە زمانی خۆمان گۆڤار و رۆژنامە دەردەکەین کە ئەم بڵاوکراوانە داخوازییەکانمان دەخەنە رووو دەیانگەیەنێتە بیروڕای جیهان.

داهات و بەرهەمە نەتەوەیی یە بەرچاوو بەنرخەکانی ئێمەیان لە چنگ دەرهێنایێن و تاڵانیان دەکرد. وڵاتە کۆلۆنیالییەکان و دەست وپێوەندەکانیان ببوونە لەمپەر لە نێوان ئێمەو بازاڕی جیهانی دا، رێگاچارەی ئەوەشمان دۆزیوەتەوە و لەمەوبەدوا بازرگانی و ئابووریی کوردستان بەباشی برەو پێ دەدەین و بۆ بوژاندنەوەی تێ دەکۆشین. لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی رەزاشادا سەرەڕای ئەستاندنی مالیات و باجی جۆراوجۆر دیسانەکەش لەشساغی و دەرمان‌و دوکتور و نەخۆشخانە بێبەش بووین. خودا حەز بکا بەم زووانە نەخۆشخانەیەکی تەواو دەکەینەوەو باری لەشساغی و دەرمان لە ناوچەکە باش دەکەین هەروەها ئەرتەشێکی نەتەوەیی سازکراوە کە بە بوێریی و قارەمانەتی یەوە وڵاتو نیشتمانەکەیان دەپارێزێ. ئاشکرایە کە سەرکەتنەکانمان بە پشت بەستن بە خەڵک، جێگیرکردنی دێموکراسی، پشتیوانیی دنیای پێشکەوتوو وەدەست هاتوون. کەوابوو تێکرا دەڵێین بژی دیموکراسی.

میللەتی کورد بە سەدان بەربەست و لەمپەری لەسەر رێ بوو. دارو دەستەی دیکتاتۆری بێوچان تێکدەرییان دەکردو لە ئاست ئێمە هەرچەشنە کارێکی نامرۆڤانەیان بەرەوا دەزانی. ناکۆکی یە عەشیرەیی یەکان کێشەیەکی گەورەیان بۆ ئێمە خوڵقاندبوو، بەڵام هیچکام لەم کۆسپانە نەیان توانی لەو رێیەی گرتوومانەتە پێش سستمان بکەنەوە، بە ورەیەکی بەرزو باوەڕێکی پتەوەوە بەرگری و خۆڕاگریمان کردووەو هەوڵ و تێکوشانی خۆمان درێژە پێداوە، تاکوو سەربەخۆیی و ئازادیی میللەتی کوردمان وەدەست هێناوە. دیارە

هێشتاش شوێنەوارگەلێک لەم مەترسی و کۆسپ دروست کردن لە نێوخۆو دەرەوە دا ماونەتەوە. بۆیە خەباتی خۆمان دژی ئەوان درێژە پێ دەدەین و بە پشتیوانیی خودا سەردەکەوین. ئەمڕۆکە نوێنەرانی تەواوی ناوچەکانی کوردستان بێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازیی چینایەتی لە ئاغاو جووتیارو گەورە و چووکە لە دەوری یەک کۆبوونەتەوەو یەک دڵ و یەک زمان دروشمی دیموکراسی و ئازادی بەرز دەکەینەوەو بەرەو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و ئاوەدان دەچینە پێشەوە."

وتەکانی پێشەوا قازی محەممەد لە نێو هۆتاف و چەپڵەڕێزانی بەشداران و تەقەی خۆشیی پێشمەرگەکان دا کۆتایی یان هاتو دواتر محەممەد حسێن خانی سەیفی قازی فەرماندەری هێزە نیزامی یەکانی کوردستانو هێندێک لە بەرپرسانی حیزب و سەرۆک عەشیرەتەکان و نوێنەری ژنان پەیامی خۆیان خوێندنەوە پاشان رێورەسمی رێژە و سانی قوتابیان و هێزی پێشمەرگە لە بەرامبەر پێشەواو میوانان دا بەڕێوە چوو کە لە نێو هەلهەلەی خۆشی، چەپڵەی توندی بەشداران درێژەی کێشاو دواتر شایی و هەڵپەڕکێی بەشداران لە شوێنی میتینگەکەدا بە چەند سەعات پاشتریش بەردەوام بوو. بەم جۆرە رێورەسمی خۆشی دەیان رۆژ لە سەرتاسەری کوردستان بە بەشداری هەموو چین و توێژەکانی خەڵک درێژەی هەبوو.

هەر لەو رۆژەدا بە راگەیاندنی کۆماری کوردستان بە دەنگ و پەسندکردنی هەموو بەشداربووان لەم کۆبوونەوە مەزن و مێژوویی یەدا قازی محەممەد بە سەرۆکی کۆماری کوردستان هەڵ بژێردرا.

سەرچاوە رۆژنامە کوردستان ژمارە ٤٠٥

---------------------------------------------------------------------------

سەعید هومایوون، ساڵی ١٣٠٢ی هەتاوی لە ئاوایی یەکشەوەی بۆکان لەدایک بووە. ناوبراو خۆشکەزای پێشەوا قازی محەممەدە. قۆناخەکانی سەرەتایی و دواناوەندیی لە شاری مەهاباد تێپەڕ کردوە. ساڵی ١٣٢٢ بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک و سوێندی وەفاداریی بە کوردستان خواردوە. دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە دەفتەری تایبەتی پێشەوادا خەریکی بەئەنجام گەیاندنی ئەرکی سەرشانی بووە. هەروەک بۆخۆی لە بیرەوەری یەکانی دا هێناویەتی: "لە زۆربەی سەفەرەکانی قازی محەممەد بۆ تەورێزو ناوچەکانی باکووری کوردستان (ورمێ، شاپوور، خۆیو ماکۆ)و تاران لە خزمەتیان دا بوومو کاری نووسین و بەڕێوەبردنی دەستوورەکانی ئەوم لە ئەستۆ بوو."

لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٣٤٧ تا ١٣٥٥ بە ئەندامەتیی شوورای شاری مەهاباد هەڵبژێراوە. لە جۆزەردانی ١٣٦٠ دا دەسبەسەر کراوەو بۆ ماوەی ٣ ساڵ بۆ شاری دامەغان دوور خراوەتەوە. سەرەنجام جۆزەردانی ١٣٨٣ کۆچی دوایی کرد.

ئەوەی خراوەتە بەر چاو بیرەوەریی سەعید هومایونە لە دامەزرانی کۆماری کوردستان کە لە کتێبی "پێشوای بیداری" وەرگیراوە.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / رێکەوتی : ٢٣ی جانێویری ٢٠١٣

# با باشتر رێز لە کۆماری کوردستان بگرین!

ئاگری باڵەکی



بە پێ نەریتی ساڵانە حیزبی دێمۆکرات بە هەردوو بەشەکەیەوە و بەشێکی بەرچاویش لە هێزە کوردستانیەکانی دیکە رێز لە دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردی دەگرن و هەریەکەو بەشێوەیەک ئەم رۆژە پیرۆز دەکەن، دوای ٦٧ ساڵ لە داوای رووداوی ئەم رووداوە تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت زۆر لایەنی شارەوا هەیە کە ئێمەی کورد نەک هەر نازانین بەڵکو هەوڵی زانینیشمان نەداوە، ئەوەی تا ئێستا پێمان نەزانیوە یان هەوڵی زیاترمان نەداوە بۆ ئەوەی زیاتر دەربارەی کۆماری کوردستان بزانین دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە زۆر رێز لە پیرۆزیەکانی خۆمان ناگرین و تەنها هەوڵمان ئەوەیە کە زۆرترخۆمان بە پیرزۆیەکان و کەسایەتیەکانەوە هەڵبواسین، ئەوەندە نێو و نێوبانگی پیرۆزیەکانمان بۆ گرینگە کە جاری وایە بۆ سەنگەر لەیەکتر گرتنیش بەکاریان دەهێنین، هیچ کات هەوڵمان نەداوە کە بۆ بیرۆکە و مێژووی شاراوەی ئەو رووداو و کەسایەتیانە بگەرێن بۆ ئەوەی کە دەرس و ئامۆژگاریان لێ وەربگرین، هەوڵی ئێمەی کورد زۆرتر نێو و خۆ دەرخستن بووە بەو رووداو و کەسایەتیانە.

کۆماری کوردستانیش لە دەروەی ئەم چوارچێوەیە نەبووە، بەبەردەوامی کۆمار بەکار هاتووە بۆ خۆ نیشاندان خۆ هەڵاوەسین پێ، ئەوەندەی نێو و نیوبانگی کۆماری کوردستان و بەرپرسانی کۆمار وەک سەنگەر بەکار هاتووە هیچکات ئەوەندە مێژوو و ئامانج و کردوەکانی بەکارنەهاتوون، هەر بۆیە ئەمە وا لە کۆماری کوردستان دەکات کە زیاتر بچوک بێتەوە تا گەورە بێت و بەبەر دەوامی هەموو سالێک کۆمار لای نەوەی نوێ بچوکتر دەبێتەوە، هەڵبەتە ناکرێ ئەم کەمتەر خەمیە بخەیتە ئەستۆی دەستەیەک یان لایەنێکی سیاسی، هەمووی ئێمە بەئەندازەیەک لەو بچوکردنەوەی کۆماری کوردستان خەتابارین، خەتاباریەکەش راست ئەوەی کە ئێمە هەوڵمان نەداوە کە روخسارێکی روون و رێک و پێک ئامادە بکەین لە کۆماری کوردستان بۆ مێژوو، بە دەیان جار وا هەبووە کە لایەن شۆفینستە فارس و تورکەکانەوە کۆمار و شەخسی پیشەوا قازی محەمەد پەلامار دراوە بەڵام بەداخەوە ئێمە جگە لە چەند قسەیەکی کرچ و کاڵ و چەند فاکتێکی سواو هیچی ترمان نەبووە بۆ بەرگری کرد لە کۆماری کوردستان، شەخسی پێشەوا قازی محەمەد ئەمانە هەموو رەخنەی ئاشکران کە رووبەرووی لایەنە سیاسی و رێکخراوە کوردیەکان دەبێتەوە کە بۆ ئێمە تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت نەمانتوانیوە کە مێژوویەکی روون و ئاشکرا بۆ کۆماری کوردستان بنووسرێتەوە، ببێتە مەبنایەک بۆ فێربوونی نەوەی داهاتوو.

## کۆماری کوردستان بەسادەیەوە جوانە!

لەگەڵ ئەوەیدا کە ساڵانە یان بەدرێژایی ئەو ٦٧ سالە کاری سەرەتایی کراوە بەڵام هیچکات نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە گەورەیی و گرینگی کۆمار نیشان بدات، هەربۆیە تاکو ئێستاش نەتوانراوە لەسەر مێژوو و سومبولەکانی ئەم کۆمارە تاقانەیە رێک بکەوین، ئاڵا و مێژووی رووداوەکانی تا ئێستاش شاراوەن، ئەوانە دەکرێ لەمەو بەدوا هەوڵیان بۆبدرێت و لایەن کەسانی دڵسۆز و لایەنە شارەزاکانەوە کاری بۆ بکرێت بۆ ئەوەی چی دیکە کۆمار لە بیر نەچێتەوە . زۆر کات ویستراوە کە یادی کۆمار بکرێتەوە یان کۆنفرانسی بۆ بگیرێت بەڵام بەداوەخەوە ئەوەی لەم یاد و کۆنفرانسانەدا باسی لیوە نەکرابێت کۆماری کوردستان بووە، هەربۆیە زۆر جار لیت تێک دەچێ کە بەراستی ئەم یادە ئی کۆماری کوردستانە یان باسێکی ترە ، لەگەڵ ئەم رەخنانەشدا هەروەک لەسەروە ئیشارەم پێکرد، پێویستە کە ساڵانە ئێمە کۆنفرانس و لێکۆلینەوەی تایبەتمان هەبێت لەسەر کۆماری کوردستان و بۆ ئەوەی زیاتر لایەنە شاراوە و نادیارەکانی کۆمار بزانین.

رەخنەیەکی جیدی تر کەهەیە لە و لایەنانەی کە ۲ی رێبەندان بەرز رادەگرن و جێژنی بۆ دەگرن، ئەوەیە کە ئەوان پێیان وایە دەبێ جێژنێک بگرن و ئەو یادە هەرچۆنێک بێت لەکۆڵ بکرێتەوە، هەربۆیە فەرهەنگێکیان دروست کردوە کە پێش هەموو شتێک بۆئەوەی نیشان بدەن کە خەڵک زۆرتر بەشداری دەکات دەگەرێن بەدوای گۆرانی بێژێکی دەنگ خۆش دا دەگەرێن و ئەوەندی بە دوای گۆرانبێژانەوە وێلن ئەوەندە بەدوای گوتاربێژێکی سیاسی یان لێکۆلەرێکی مێژوویی و سیاسیەوە وێلن نین، رەخنەکە لەوەدایە کە ئێمە لە دروست کردنی فەرهەنگی غەلەت بۆ کۆمەڵگا هەنگاوی یەکەم هەڵدێنین، بۆ دەبێ لایەنێکی سیاسی بۆ ئەوەی گەورەیی خۆی بە سەر لایەنێکی دیکەدا نیشان بدات پەنا بەرێت بۆ کەسی دەنگ خۆش بۆ نابێ پەنا بەرێتە بەر کەسێکی سیاسیی یا لێکۆلەرێکی سیاسی، ئەمە چەندین ساڵە کە خەڵکی ئێمە فێر بوون بەدوای ریکلامی جێژنەکاندا دەگەرێن و یەکەم شت کە بۆیان گرینگە کە کێ گۆرانی دەلێ لە مەراسمەکەدا، من وەک خۆم دژی شایی و خۆشی خەڵک نیم بەلام ئەم جۆرە کارانە یاد و بیرەوەری کۆمار لە بیر دەبەنەوە تا وەبیری بێنەوە، ئەم کردەوانە دەبنە هۆکارێک کە خەڵک رێز لە پێرۆزیەکانی خۆمان نەگرن ساڵ لەگەڵ ساڵ نەوەی نوێ زیاتر گرینگی ئەم مێژووەی لەیاد دەچێ و ئەگەر لەسەر ئەم جۆرە کردارنە برۆین نەسلی داهاتوو نەک لە رێز بۆ کۆماری کوردستان دانانێت بەڵکو هەر لەبیریشی نامێنێت.

لەگەڵ ئەوەیدا دەکرێ کاری گەورە بکرێت بۆ کۆمار و کەسایەتیەکانی بەلام کەم کەس و لایەنێک ئەو کارەیان کردوە، هەر بۆیە و دەکرێ لە ئێستا بەدواوە، کاری جیدی و هەنگاوی کرداری بۆ هەڵێنین و بتوانین مێژوویەک روون و ئامانجەکانی و هەدەفەکانی کۆمار دیاری بکەین، ساڵانە لە بۆنە تایبەتەکاندا بۆ نەوەی نوێ بگوازینەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا پێشنیارم بۆ هەردوو لایەنی دێمۆکرات هەیە کە زیاتر خۆیان بەخاوەنی کۆماری کوردستان دەزانن پێشنیارەکەشم ئەوەیە کە بەشێک لە ئەو مەبلەغە مادیانەی کە لە ئەو مەراسمانەدا خەرج دەکرێ یان بەدەست دێت هەڵگرن و کۆیان بکەنەوە و هەر سالە و لە شوێنێکی ئەم جیهانە کۆنفراسنێک بۆ کۆماری کوردستان پێک بێنن، یان کۆماری کوردستان دۆکومینت سازی بکەن ، ئەمانە هەنگاوی کردارین کە دەتوانن لە گەڵ ئەوەی شادی و خۆشی بۆ کۆمار دەکەن ئەو هەنگاوانەش هەڵبێنن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانین بلێن کە کۆمارێکمان هەبووە کە شانازی پێوە بکەین.

سەرچاوە : ماڵپەری حدک میدیا / رێکەوتی : ١٩ی جانێویری ٢٠١٣




## لە یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا
## بەردەوام بێت خەبات لە : پێناوی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردیدا

**عەتاقەرە داغی**

لەیادی دامەزراندی کۆماری کوردستانە لە مهاباد کە لە ۲۱ی کانوونی دووەمی ۱۹۴۶ دا لە لایەن قازی محەمەدەوە راگەیەندرا.



دیارە ئەوە ئاشکرایە کە دامەزراندی کۆمار لە مێژووی کورددا بایەخێکی گرنگی هەیە ئەویش لە چەند روویەکەوە لەوانەش ئەوە یەکەم جار بوو لە دوای روخاندنی حکومەتەکەی شێخ مەحموودی حەفیدەوە لە بەشێکی کوردستاندا کورد بتوانێت حکومەت درووست بکات. دروستبوونی کۆماری مهاباد لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانو نزیکبوونەوەی سووپای سوور بوو لە سنووررەکانی کوردستان. بێگومان سەرباری خەباتی کورد خۆی و کارکردنی ژێکاف بۆ ئەو مەبەستە دیسان رۆڵی تایبەتی قازی محەمەدیش لەو رووەوە گرنگە. یەکێک لە خاسێتە دیارەکانی کۆماری مهاباد ئەوە بوو لە کاتێکدا سەرجەمی ئەو سیستێمە سیاسیانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ناوچەکەدا هەبوون هەموویان سیستێمی پاشایەتی بوون بێجگە لە تورکیای کەمالیست کە کۆماری بوو، بەڵام کورد لەو قۆناغەدا لە بری سیستێمی پاشایەتی سیستێمی کۆماری دروست دەکات کە ئەوەش جۆرێک لە ئایندەخوازیو هەوڵدان بۆ بنیادنانی جۆرێک لە دیموکراتی لە خۆی دەگرێت.

دیارە وەکو ئاشکرایە کۆماری کوردستان لە مهاباد زۆر بەردەوام نەبوو لە ئەنجامی جووتبوونی بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت لەگەڵ رژێمی ئەو کاتەی ئێراندا سۆڤیەت پشتی لە هەردوو کۆماری کوردستانو ئازربایجان کردو ئەوەش بوو بە هۆی رووخاندنیان، بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە وەکو کورد ئەوەیە کە پرۆژەی دەوڵەتی کوردی لە کۆنەستی کۆمەڵایەتیماندا پرۆژەیەکی ئامادەیەو هەر کات هەلی ئەوە برەخسێت کورد هەوڵی دامەزراندنی سەربەخۆییو دروستکردنی دەوڵەتی خۆی دەدات چی لەسەر بەشێکی کوردستان بێت یان لە سەر جوگرافیای کوردستانی گەورە.

لە راستیدا بارودۆخی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو بوونەتە داگیرکەری کوردستان گەیشتووەتە ئاستێک کە بە ئاشکرا دیارە ئەگەری مانەوەی کورد لە سایەی دەسەڵاتی ئەو رژێمە شمولی و تۆتالیتارو خوێنرێژو پیاوکوژانەدا بووەتە ئەگەرێکی لاوازو درەنگ یان زوو کورد دەگەڕێتەوە بۆ باری سرووشتی خۆی کە ئەویش یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورەو دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییە، ئەو دەوڵەتەی کە شێخ مەحموودو قازی محەمەدو زۆرێکی تر لە خەبات گێڕانی کوردو بە گشتی گەلی

***کورد خەباتیان بۆ کردووە. بۆیە لە یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا هیوادارم لە ئایندەی نزیکدا کوردستانی رزگارو سەرفراز ببینینو ئاڵاکەی کۆماری کوردستان بەسەر کوردستانی سەربەخۆو یەکگرتوو لە سایەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا بشەکێتەوەو بۆ هەتاهەتایە گەلی کورد لە جەورو ستەمو چەوساندنەوەی داگیرکەرانی کوردستان رزگاری بێت. نەمری بۆ گیانی پاکی قازیو هەموو ئەوانەی لە رێگای رزگاری کوردو کوردستاندا گیانیان بەخت کردووە. بەرزو شەکاوە بێت ئاڵای کوردستان، بەردەوام و سەرکەوتوو بێت خەباتی گەلی کورد لە پێناوی رزگاری و سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی کوردیدا لەسەر جوگرافیای کوردستانی گەورە***

*سەرچاوە : ماڵپەری ئیستا نیوس / رێکەوتی : ٢٤ی جانێویری ٢٠١٣*

# کۆماری کوردستان و مشت ومالێکی تر

**هاشم رۆستەمی**

ئەو رۆژانە لە سەفحەی فەیسبووکی کاک تاهیری قاسمی ئەو رەستە جوانەم خوێندەوە کە دەڵێ: کۆماری کوردستان ئەو گەوهەرەیە کە تا زیاتر مشت و ماڵ بدرێ باشتر جوانیەکانی دەر دەکەون.



لە وتاری "مەرگی کۆمار و هەڵپەرکێی دێموکراتەکان" دا کە ماوەیەک لە مەوە پێش لە سایتی رۆژهەڵات تایمزدا بڵاو بۆوە، بەڵێنی ئەوەمدا کە لە داهاتوودا سەبارەت بە سەربەخۆ بوونی کۆماری کوردستان زیاتر بنووسم.

بە سەرنج دان بەوە کە تا ئێستا زۆر کەسی شارەزا و خاون نەزەر لە هەل و مەرجی جۆراو جۆردا بە دیدی جۆراو جۆر و بۆ مەبەستی جۆراو جۆر لە سەر کۆماری کوردستانیان نووسیوە، رەنگە هێندێک کەس پێیان وابێ ئیتر هێچ دەلاقەیەک بوو چوونە نێو باسی کۆماری کوردستان نەمابێ. بەڵام کاک تاهیر وتەنی، کۆمار ئەو گەوهەریە تا پتر مشت ومال بدرێ زۆرتر دەدرەوشێتەوە.کەوابوو ئەو نووسینەی منیش با بچێتە خانەی ئەو مشت و ماڵەوە.

هەر وەک باسم کرد تا ئێستا زۆر کەس لە سەر کۆماری کوردستانیان نووسیووە، لە زۆر لایەنی ئەو دەستکەوتە سیاسیەی بزوتنەوەی کوردستانیان کۆڵیوەتەوە. بەلام مخابن هێندێک کەس بە عەمد و هێندێک کەسیش نائاگاهانە لە بەکار هێنانی ناوی ئەو دەستکەوتە مێژوویەی نەتەوەکەمان تووشی هەڵە دەبن. هێندێک کەس بە کۆماری مهابادی ناو دەبەن و هێندێک کەسیش بە کۆماری خودموختاری کوردستان. لە پێوەندی لە گەڵ ئەوەی دا کە چۆنە بە کۆماری مهاباد نێو دەبردرێ، بەرێز کاک ناسر ئێرانپور لە وتارێکی بە پێزدا ئاوری لەو بابەتە داوەتەوە، بۆیە من شتێکی ترم لەو بوارەدا نیە تا لێی زیاد بکەم، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی ئاخۆ بەراستی، کۆمار خودموختار بووە یان سەربەخۆ، لێ ورد بوونەوەیەک بە پێویست دەزانم کە لە چەند خاڵدا خولاسەی دەکەمەوە.

- چەمکی خودموختاری بە گوێرەی تێگەیشتنی ئەم سەردەمەی ئێستا، بەئەو دەستەڵاتە ئیداری و سیاسیە بە کار دەبردرێ کە ناوچەیەک لە نێو قەوارەی وڵاتێکدا لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی لە سەری بە تەوافوق دەگەن.

لێرەدا کۆمەلەپرسیارێک خۆیان دەر دەخەن کە وردبوونەوە لەو پرسیارانە و وەڵامەکانیان، زیاتر بەرچاومان روون دەکەنەوە تا

بزانین کۆمار لە کام شکلێ مافی دیاری کردنی چارەنووسدا خۆی دیوەتەوە.با لە خۆمان بپرسین، ئەرێ لە سەردەمای کۆماری کوردستاندا هیچ جۆرە رێککەوتنێک لە نێوان خەڵکی کوردستان و دەوڵەتی |" ناوەندی |" دا هەبوو؟ ئەرێ کاربەدەستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سەرووی هەموویان جەنابی پێشەوا قازی، بۆ راگەیاندنی حکومەتی کوردی هیچ جۆرە پرس و رایەکیان بە دەستەلاتی تاران کرد؟ ئەرێ تا ئێستا لە هێچ سەنەدێکی حکومەتی ئەوکاتی تاراندا چوکترین ئاماژە بە خودموختار بوونی کوردستان کراوە؟

ئێمە ئەوش دەزانین، لە دەستەڵاتی خودموختاردا باوە کە چوار رووکنی دەستەڵات، واتە چاپی دراو، ئەرتەش بۆ پاراستنی سنوورەکان، سیاسەتی دەرەوە و ئابووری درێژخایەن، بە گوێرەی یاسا لە دەست دەوڵەتی ناوەندی دا دەبن. ئەوە راستە کە کۆمار لەو ماوە کەمەی دەستەلاتی دا نەی توانی دراو چاپ کات، بەڵام هەموو بەڵگەوە ئاماژەکان و کردارەکانی ئەو کات ئەوە دەردەخەن کە لە سێ بوارەکەیتردا کۆمار هیچ پێوەندیەک و پرس رایەکی لە گەڵ ناوەند نەبووە. لە بواری ئابووریەوە کۆمار بۆ خۆی راستە خۆ هەوڵی دا تا پێوەندی بازرگانی و ئابووری لە گەڵ وڵاتانی تر و بە تایبەت ئازەربایجان دامەزرێنێ.لە بوارینیزامیەوە سەرەتا سوپای میللی و دواتر لە هێزی پێشمەرگەی بۆ پاراستنی خاک و نیشتمان سازمان دا. لە بواری سیاسەتی خاریجیشەوە هەر هیچ پرس رایەکی بە دەوڵەت تاران نەبووە.

* دەستەلاتی نیزامیی حکومەتە خودموختارەکان لە لایان مەرکەزەوە ئیدارە دەکرێ و فەرمانی پێ دەدرێ. بەڵام لای هەموان روونە کە هێزی نیزامی کۆمار نەک هیچ پێوەندیەکی بە تارانەوە نەبوو، بەڵکوو بەشێکی عومدەی ئەو هێزە هی پارچەیەکی دیکەی کوردستان بوو کە لەگەڵ سەرکردەوی ناسراوی کورد مەلا مستەفای بارزانی هاتبوونە مەهاباد، خودی بارزانیش یەکێک لە و چوار کەسانە بوو کە لە کۆماری کوردستاندا لەقەنی ژنراڵی پێ برا.

* بێ گومان هەمووومان دەزانین کە ئارم و ئالا سومبولی دەستەڵاتن لە ولاتێکدا. ئەمرێکی زۆر سروشتیە کە لە حکومەتە خودموختارەکاندا ئاڵای گشتی وەڵات لە تەنیشت ئاڵای دەستەڵاتی خودموختار هەڵ دەدری، بەڵام لە سەردەمای کۆماری کوردستاندا، لە رۆژی ۲۶ی سەرماوەزی ۱۳۲۴ را کە ئاڵای کوردستان بە رەسمی هەڵدار، لە ئیدارەکانی سەر بە کۆماری کوردستاندا جگە لە ئالای کوردستان هیچ ئاڵایەکی دیکەی لێ نەبووە.

* سیستیمی سیاسی و دەستەڵات داریەتی لە ئێراندا، ئەو کات، بە شێوەی پادشاهی بوو، بەڵام مێژوو شاهیدە کە ئەو کات کورد لە شکڵی کۆماری دا مومارسەی دەستەڵات داریەتی خۆی دەکرد. کە وابوو هەر لە ئەساسدا دوو جۆرە دەستەلاتداریەتی تەوا لێک جیاواز لە ئارا دابوون. ئەوانەی دەڵین کۆمار خودموختار بووە، چۆن ئەو ناتەباییە لێک دەدەنەوە، مەگەر دەکرێ لە چوار چێوەی حکومەتێکی پادشاهیدا، حکومەتێکی کۆمارییش هەبێ!

ئەگەر بمان هەوێ وردتر بچینە نێو ئەو بابەتە و کاک تاهیر وتەنی زۆرتری مشت و ماڵ بدەین، دەتوانین ئاماژە بە زۆر لایەنی

***دیکەش بکەین، بەلام بۆ خۆ پاراستن لە دوور و درێژ بوونی وتارەکە، لێرەدا هەر بەوە قەناعەت دەکەم کە بڵێم با چیتر شکەستە نەفسی نەکەین، با چیتر بۆ دڵ خۆش کردن، یان رازی کردنی شۆفینیستە داگیر کەرەکان، حاشا لە سەبەخۆ بوونی کۆماری کوردستان نەکەین.***

***با هەوڵ بدەین بۆ جارێکی دیکەش کۆماری کوردستان دامەزرێنینەوە، تا ئەو جار هەم بۆ خۆیی و هەم یادەکەی، بۆ هەمیشە لە دڵی مێژوو و مرۆڤایەتیدا تۆمار بکرێ.***

***سەرچاوە : ماڵپەری رۆژهەڵات تایمز / رێکەوتی : ۴ی فێبریوری ۲۰۱۳***

# ڕۆژی بەدەوڵەتبوونی کورد

**ئەیوب ئەیوبزادە**



کۆبوونەوەی چەند هەزار کەسیی ڕۆژی دووی ڕێبەندان، کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بۆ دەربڕینی نارەزایەتییەکی بچووک یاخۆ سکاڵا لە مەسەلە و گرفتێکی ڕۆژانە نەبوو. ئەم کۆبوونەوە جەماوەرییە لەراستیدا لە شوێنی ریفراندۆمێک بوو بۆ دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کوردو بۆ ڕاگەیاندنی بڕیارێکی مێژوویی. ئەگەر لە دونیای ئێستادا نەتەوەیەک بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆی پەنا دەباتە بەر سەنووقی دەنگدان یاخۆ بە هۆی نوێنەرانییەوە لە هۆڵی پارلمان بڕیاری دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆی بە دونیای دەرەوە ڕادەگەیەنێ، کۆبوونەوەی بەرین و جەماوەریی ڕۆژی دووی ڕێبەندان مودێلێکی زیندووتری بۆراگەیاندنی بڕیارێکی مێژوویی ئەوتۆ هەڵبژارد. بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و زیندوو پتر لە ٢٠ هەزار کەس دەنگی بۆ سەربەخۆیی و جمهوری دا و ئیرادەی سیاسی و نەتەوەیی خۆی بە ئاشکرا بە دنیا ڕاگەیاند. ئەم هەنگاوە بڕیارێکی چارەنوسساز بوو لە هەلو مەرجێکی شۆڕشگێڕانەدا. بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی چارەنووسساز بوو، بۆ ئەوەی کۆتایی بە ژێردەستەیی و بێکیانیی کورد بێنێ. لەهەمان کاتیشدا وڵامێکی مێژوویی بوو لە حاند کولتووری نەتەوەخوازیی داگیرکەرانە و سەرەوەریخوازانەی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە ئێراندا. ئەم قەوارە نەتەوەییییە شکست و سەرنەکەوتوویی نەتەوەخوازیی نەتەوەی باندەستی نیشان دا کە لە هەوڵی ئەوە دابوو ناسنامەیەکی یەکدەست و هاوچەشن و هاوشێوە لەسەر حیسابی سڕینەوە و کپ کردنی ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەکانیتر بە زۆر بسەپێنێ.

ئەم بڕیارە مێژووییییە، ئەگەر بۆ نیزامی پاشایەتی لە ئێران بە مانای لەگرێژنە چوون و خەوشدار کردنی "تەواویەتی ئەرزیی ئێران" بوو، بۆ دۆزی نەتەوەیی کورد دەسپێکی نوقتە گۆڕانێکی مێژوویی بوو. بەدەوڵەتبوون‌و حاکمییەت بەسەر وڵاتێک کە کوردستانی ناوە، ناوەڕۆکی ئەم وەرچەرخانەی لە خۆگرتبوو.

مەهاباد لەو ڕۆژەدا بوو بە مەکۆو ناوەندی بڕیارێکی گەورەی مێژوویی. بڕیاری ڕاگەیاندنی "جمهوری کوردستان" و دیاریکردنی سەرۆک‌کۆمار و هەڵکردنی ئاڵا و، دامەزراندن و ڕاگەیاندنی گشت ئەو دامەزراوانەی کە لە دەوڵەتێکی مودێرن و هاوچەرخ دەوەشێتەوە.

کۆمار نە لە ئاکامی گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لەدایک بوو نە خوڵقاوی سیاسەتی دەرەکی بوو. قەوارە و ناوەڕۆکی ئەو دەسەڵاتە نەتەوەیییە نەتەنیا هیچ جۆرە بۆرە خزمایەتییەکی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی نەبوو، بەڵکوو هەم لە ناو و هەم لە

ناوەڕۆکدا دوو دەسەڵاتی جیاوازو دژ بەیەک بوون. ناوی قەوارەکە "جمهوری کوردستان" بوو. کەچی ڕێژیمی ناوەندی لە تاران سەلتەنەتی بوو. هەر بۆیە لەدایکبوونی کۆمار نەیدەتوانی لە ئەنجامی هیچ چەشنە گفتوگۆ و ڕێککەوتنێک لە نێوان تاران و کوردستان دا هاتبێتە ئاراوە.

کۆمار بەدەر لە بازنەی شەرعییەتی سنووری سیاسی و جوغرافیایی ئێران بوو. واتە: "وشەی ئێرانی بەدواوە نەبووە. وەلانانی وشەی ئێران لە کۆتایی ئەو دەستەواژەیە نیشان دەدا کە ڕێبەرایەتیی کورد حیسابی هۆوییەتی جیاوازی خۆی لە هۆوییەتی ئێرانی بووون جیا کردبۆوە." (١)

هەر بەم پێیەش لە ناوەڕۆکیشدا ئەم دوو قەوارەیە دەچوونە ناو دوو خانەی لە ئاشتی نەهاتووی دژ بەیەکەوە. یەکیان لە قاوغی ڕێژیمێکی سەلتەنەتی، هۆوییەت و ئیتنیسیتەی فارسی کردبووە بەشێکی جیانەکراوە لە دەسەڵاتەکەی. ئەوەی تریان نوێنەرایەتیی ناسنامەیەکی حاشا لێکراوی گرتبووە ئەستۆ. یەکیان زمانی فارسی زمانی ڕەسمی و دەوڵەتیی بوو، ئەوەی تریان زمانی نەتەوەیی خۆی کردبووە زمانی ڕەسمی. لە یەکەمیاندا زمانی کەمایەتییەکی نەتەوەیی لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی بوو کە دەیهەویست بەزۆر شوێنەورای گشت زمانەکانی تر بسڕێتەوە، ئەوی تریشیان زمانی نەتەوەیەکی دوورخراوە لە بازنەی دەسەڵات بوو کە هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو ماڵێکی سیاسی بۆ ئەو ناسنامە قەدەغە کراوە بونیات بنێ.لە گوتاری یەکیان دا باس لە قەبووڵی فرەچەشنی و جیاوازی و یەکسانی لەدەسەڵات لە نێوان نەتەوەکاندا دەکرا. کەچی بە پێچەوانەوە، ئەویتر تا سەر ئێسقان کاری بۆ توانەوە و ئەسیمیلە کردن و خاشەبڕ کردنی فرەچەشنی نەتەوەیی دەکرد. هەر لە بەر ئەوە پێوەندیی نێوان ئەم دوو جۆرە نەتەوەخوازییە، نەیدەتوانی پێوەندییەکی ئاسایی بێ و لە چوارچێوەی سیستمێکی سیاسیی هاوبەش دا حەوانەوەیان پێکەوە بۆ بکرێ. نە دەسەڵاتی پاشایەتی وەک نوێنەری نەتەوەخوازیی فارس قایل بەوە بوو لە بیری شۆوینیسمی مەزنیخوازانەی خۆی بچووکترین پاشگەز بوونەوەیەک بکا و نە نەتەوەخوازیی کوردیش چیتر حازر بە ژیانی کۆیلەتی و دەسبەسەری بوو. سەرکردەی یەکیان حەمەڕەزا شای پەهلەوی کوڕی ڕەزاخانی قەزاق بوو کە لە باوکییەوە تەختی پاشایەتیی بۆ بە میرات مابووەوە و کابرایەکی نەخوێندەوار و سەرەڕۆ کە بە یارمەتی و پشتگیریی ئینگلیسەکان بەهۆی کودەتایەکی سەربازییەوە لە ٢١ / ٢ / ١٩٢١ توانی دواشای قاجار لەدەسەڵات بخا و لە ٢٥ / ٤ / ١٩٢٦ تاجی پاشایەتی بنێتە سەری و لە ماوەی حکومەتەکە دا ئێعدام و قەڵاچۆ کردن و سەرکوتو داپڵۆسین بکاتە بەشێکی جیانەکراوە لە دەسەڵاتەکەی. حەمە ڕەزاشای کوڕیشی لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی بوو بە ڕێبواری هەمان ئەو میراتەی کە لە باوکەوە بۆی بەجێمابوو.

سەرکردەی لایەنی ناسیۆنالیسمی ڕزگاریخوازانەش، پێشەوا قازی محەمەد بوو. کەسایەتییەکی ڕووناکبیر و تێگەیشتوو بە مانای ڕاستەقینەی وشە زانا. لە بیری ئەو دا "نەتەوەی خاوەن شکۆ" و "نەتەوەی دواکەوتوو" جێگایەکی بۆ نەبوو. ئەو هەڵگری ڕوانینێکی دێمۆکراتیانە بوو بۆ کەسایەتیی سیاسی و حقووقی و کولتوریی هەموو نەتەوەکانیتر. بەردی بناغەی بیری ئەو لەسەر یەکسانیی نێوان نەتەوەکان دامەزرابوو. یەکسانییش لە هزر و بیری پێشەوادا بریتی بوو لە یەکسانیی نەتەوەکان لە دەسەڵات و دیاریکردنی مافی چارەنووسیان. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین ئەم دوو قەوارەیە ململانێی نێوان دوو جۆر لە نەتەوەخوازی بە دوو سیستمی جیاوازی

سیاسی و فیکرییەوە بوو. نەتەوەخوازییەکی داگیرکەرانەو داپڵۆسێنەر، لەگەڵ نەتەوەخوازییەکی رزگاریخوازانە. ئەم قەوارەیە بە مانای راستەقینەی وشە دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بوو. واتە لە کردەوە و لە واقیعدا سەربەخۆ و خاوەن سەروەری بوو.

لە تیۆریی سیاسیدا چەمکی سەروەری گرینگترین بنەمای دەوڵەتە و یەکێک لەو تایبەتمەندییانەیە قەوارەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی پێ دەناسرێتەوە. بۆ گشت قەوارەیەک پرەنسیبی سەروەری دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت دەگەیەنێ لە بەجێگەیاندنی دەسەڵاتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی دا. لە چوارچێوەی کۆماری کوردستانیش دا پرەنسیبی سەروەری لە هەردووک ئاستدا بەتەواوی خوویا بوو و چ جێگایەک بۆ ئۆتوریتە و دەسەڵات و تەنانەت سێبەری دەسەلاتی داگیرکەرانەی تاران لەئارادا نەبوو. لە میانەی ئەو باسەدا تا ئەو جێگایەی بۆ رووکاری دەرەوەی ئەو سەروەرییە دەگەڕایەوە، سەقامگیریی قەوارەکە و پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد لە نێوەندی بایەخی خۆی دانابوو. واتە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆی و لە پێوەندییەکانی دەرەوەی دا، سەربەخۆ سیاسەتی خۆی دادەڕشت و خاوەن سیاسەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بوو، بێئەوەی لەلایەن دەوڵەتێکی دیکەوە رادەی دەسەلاتەکەی سنووردار کرابێ. بۆ وێنە سەربەخۆ گرێبەستی بازرگانی لەگەڵ وڵاتێکی دەرەکی دەبەست. بۆ پێگەیاندنی کادر و پسپۆڕی قەوارەکەی گەنج و لاوی وڵاتەکەی رەوانەی وڵاتێکی دەرەوە دەکرد. لە سیاسەتی جیهانیدا لەسەر بنەمای رێزدانانی دوو لایەنە دیپلۆماسییەکی کارای بەڕێوە دەبرد و پێوەندیی سەربەخۆی بە دەوڵەتەکانی ترەوە هەبوو. لەگەڵ حکوومەتی میلیی ئازەربایجان رێککەوتننامەی هاوکاری و تەبایی مۆر دەکرد و بە وێنەی سیستم و نیزامێکی سیاسی - حقووقیی سەربەخۆ لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد و سەروەرییەکەی خۆی لە خانەی دەسەڵاتێکی رەهای بێسنوردا دەپاراست. بنەمای (رەها) لێرەدا پشڕاستە بە مافی بێسنوور بۆ حوکمرانی و پاراستنی سەربەخۆیی قەوارەکە لە حاند دەستتێوەردان و هەڕەشەکانی دەرەکی دا. واتە وەک ئەکتەرێکی سەربەخۆ بەرژەوەندیی نەتەوەخوازیی کوردی لە رێگای سیاسەتێکی سەربەخۆوە بەڕێوە دەبرد.

دیوێکی دیکەی ئەو سەروەرییە، بۆ ئاستی نێوخۆی کۆمار دەگەڕایەوە و خۆی لە دانانی یاسا، حوکمرانی و دارشتنی سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات و دابین کردنی ئاسایش و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی دانیشتوان و شارومەندانی دا دەدیتەوە. لەم بوارانەش دا رادەی دەسەڵات و جۆری بڕیار و یاساکانی گرێدراوی هیچ یەکەیەکی سیاسیی دیکە نەبوون. بۆ وێنە ئەگەر لە خودموختاری دا سیاسەتی دەرەوە، پرۆژەی درێژخایەنی ئابووری، دیفاعی میللی، داهاتی نەتەوەیی، یاسا گشتییەکانی وڵات لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە دیاری دەکرێن، لە کۆماری کوردستان دا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی هەموو ئەم دەسەڵاتانە لە پاوانی خۆی دابوون. حکوومەتی خودموختار کارگێڕیی نوێنەرایەتیی ناوەندی هەیە و مافی سەربەخۆ بڕیاردانی نییە و لەو چوارچێوەیەدا باس لە سەروەریی نەتەوەیی نایەتە گۆڕێ، بەڵام کۆماری کوردستان هیچ ماف و دەسەڵاتێکی لەخۆی دانەبڕیبوو بۆ ئەوەی حکوومەتی ناوەندی بەڕێوەی بەرێ.

هەر بۆیە خاشەبڕ کردنی هەموو سیمبول و ئاسەوارەکانی دەسەڵاتی نەتەوەخوازیی داگیرکەرانەی فارس لە کوردستان، بوو بە یەکێک لە گرینگترین خەم و سەرقاڵییەکانی نەتەوەخوازیی کورد لەو قۆناغەدا. بە هەڵکەوت نییە کاتێ لە هەر روویەکەوە لە بیچم و سروشتی کۆمار دەڕوانی، بچووکترین شوێنەوار و ئاسەوارێکی دەسەڵاتی تارانی پێوە نابینی.

- لەخۆڕا نەبوو ئاڵای دەوڵەتی داگیرکەر لە سەربان و دەزگا ئیدارییەکان دێنێتە خوارێ و لە جێگای ئەو ئاڵای نەتەوەیی خۆی دەشەکێنێ.

- هێزی چەکداری دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پێکدێنێ کە هەم کیانی نەتەوە لە پەلاماری دەرەکی بپارێزێ و هەم ئاسایش و هێمنیی شارومەندانی دەستەبەر بکا.

- یاسا و رێسا و میراتی دەسەلاتی داگیرکەر هەڵدەوەشێنێتەوە و لە جێگایان یاسای تایبەت بە خۆی دیاری دەکا.

لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتێکی ساواو کەم تەمەنە و لەگەڵ گەلێک هەڕەشەی دەرەکی و ناوخۆیی بەرەڕووە، بۆ یەک ساتیش چاوی لە دواپین ئاسەوارەکانی دەسەلاتی داگیرکەرانەی تاران غافڵ ناکا و بۆ خاشەبڕ کردنی هەموو قوژبنەکان دەگەڕێ و: "ناوە فارسی و ناقۆلاکانی مەکتەب و شوێنە گشتییەکان کران بە ناوی کوردیی خۆش." (٢)

جگە لەوەش بەپێی "دەستووری پێشەوا رەئیسی جمهوری کوردستان لە ٢٠ی ١٠ی٢٤ دا هەیئەتێک لە ئاغایانی فەرهەنگی لە ئیدارەی فەرهەنگ کۆ ببوونەوە پەسەند کرا کە مەدرەسەی پەهلەوی بەنێوی مەکتەبی ئامانجی کوردستان نێودار بێ." (٣)

لە هەموو ئەوانەش گرینگتر. لە رۆژی "ئیعلامی جمهوری"و بە بەشداریی پتر لە ٢٠ هەزار کەس لە چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەئاشکرا راگەیاندرا:

١- لەو جێگایانەدا کە ئێستا کوردی تێدا دەژین بە ئیسقلالی تەواو بگا.
٢- ئینتخاباتی مەجلیسی شورا دەس پێ بکەن.
٣- حکومەتی میللی کوردستان، وەزیران ئیدارەکانی ساز بکەن.
٤- هێزی موسەلەحی میللی کورد تەشکیل بدەن.
٥- لەگەڵ دەوڵەتانی هەمسایە رابیتەی تیجارەتی و ئیقتیسادی بەرقەرار بکەن.
٦- لەگەڵ برا ئازەربایجانییەکان هەمکاری و دۆستایەتی مەحکەم بکەن." (٤)

بڕیاری ئازایانەی پێشەوا و بڕیارنامەی جەماوەریی دووی رێبەندان هەڵگری دوو پەیامی گرینگی بەم چەشنە بوو: یەکەم ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و دووەم،سەربەخۆ ڕاگەیاندنی کورد و بزووتنەوەکەی و نەبوونە پاشکۆی هیچ لایەنێک.

پەیامی یەکەم: بە هەڵبژاردنی سەرکۆمار و راگەیاندنی جمهوری، بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان ئاراستەی دەوڵەتی شاهەنشاهی لە تاران کرا. رێبەرانی کورد بە هەڵبژاردنی سیستمی کۆماری لە کوردستان وەک شێوەی دەسەڵاتدارەتیی سیاسیی کوردی بە ئاشکراو بە کردەوە دابڕانی کوردیان لە رۆژهەلاتی کوردستان لە ئێرانی پاشایەتی راگەیاند. بەو هەنگاوە واتە بە بونیاتنانی ئەو قەوارە نەتەوەییە و راگەیاندنی سیستمی جمهوری رێگای جیابوونەوەی کوردیان بە ئاشکرا و بێ دڵەڕاوکێ لە ئێران گرەتەبەر. ئەمە هەم بڕیارێکی یەکلا کەرەوەی یەکجارەکی بوو، هەم بڕیارێکی یەک لایەنە. بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی یەک جارەکی بوو، لە بەر ئەوەی

***کۆتایی بە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران لە کوردستان هێنا و چەشنی دەسەڵاتێکی بەتەواو جیاوازی بۆ ژیانی دواڕۆژی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی دیاری کرد و کۆتایی بە ژیانی کۆیلەتیی کورد لە نیزامی پاشایەتی هێنا و خەوی لەمێژینەی بەدەوڵەتبوونی ئینسانی کوردی لە ئاستی خەو و تئۆرییەوە بۆ ژیانی راستەقینە گواستەوە.***

***هەر بەو پێیەش راگەیاندنی کۆمار بڕیارێکی یەک لایەنەش بوو، بەو مانایە لە ئاکامی هیچ جۆرە دانوسانێک و یاخۆ بە هۆی هیچ جۆرە پێ قایل بوون و رێککەوتننامەیەک لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەری تاران نەهاتبووە دی. سەرچاوەی ئەسڵی و ناوەندی سەرەکیی ئەم بڕیارە تەنیا بۆ ئیرادەی رێبەرایەتیی سیاسیی کوردی و جەماوەری خەڵکی کوردستان دەگەڕایەوە.***

***لەو قۆناغەدا، فاکتۆرەکانی "بوونی ئیرادەیەکی پتەوی نەتەوەیی و ئاستی داخوازی سیاسیی کورد" و "باڵانسی هێز" خۆ لە خانەیەکی هاوبەش و تەواوکەری یەکتر دا دەبیننەوە بۆ دانی ئەو بڕیارە مێژووییە.***

***"مەفهوومی کۆمار رێژیمێکی حقووقی- سیاسی ناسراوە و سیستمێک نیشان دەدا کە خەڵک سەرچاوەی دەسەڵاتە. لە حاڵێکدا حکومەتی خودموختار نوێنەری حاکمیەتی ناوەندییە؛ قانوونەکانی نابێ لەگەڵ قانوونی دەوڵەتی ناوەندی دژایەتییان هەبێ؛ پووڵ و ئابووری و پێوەندیی دەرەوەی نییە؛ ئەرتەشی نییە و سنوری جوغرافیایی ئاواڵەیە. لە حکومەتی خودموختاردا باس لە حاکمییەت ناکرێ و کەسایەتی حقوقی- سیاسی سەربەخۆی نییە. ناوی کۆماری کوردستان و سروود و پەرچەم و لەشکر و دیار کردنی سنوور، سڕینەوەی هەموو شوێنەواری فارس و قەدەغە کردنی خوێندن بە فارسی بە گشتی راماڵینی هەموو شوێنەواری عەجەم تەنانەت ببووە قسەی نەستەق". (٥)***

***بەکار هێنانی زاراوەی "سەربەخۆیی"، "استقلالی تام و تەمام"، "هەڵکردنی ئاڵای سێ رەنگی کوردستان" و راگەیاندنی "جمهوری کوردستان"... کە بەردەوام لەلایەن پێشەواوە لە کۆبوونەوەکانی قسەی لەسەر دەکرد، راست بەو مەبەستە بوو کە بۆ هەمیشە کۆتایی بە دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران لە کوردستان بێنێ.***

***وەک دەبینین لە هیچکام لەو هەنگاوانە دا، چ باسێک لە خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران و مانەوە لە سیستمی پاشایەتیی ئەو وڵاتەدا لە ئارا دا نییە. بەتایبەتی لە رۆژی دووی رێبەندان وەک رۆژی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی کورد، ئەوەی ناوی لەنێو ناواندا نییە، ئێران و رێکەوتن لەگەڵ رێژیمی پاشایەتییە. بەپێچەوانە هەموو بڕیارەکان و گشت هەنگاوەکان بۆ ئەوەیە کوردستان و کورد لە پاشکۆیەتی بە نەخشەی جوغرافیایی ئێران، بۆ هەمیشە رزگار بکرێ. ئەم راستییە لە ئایینی سوێند خواردنی پێشەوا بە باشترین شێوە خۆی دەنوێنێ:***

***"ئەمن بە خودا، بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی میللی کورد بە ئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و رژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیان و بەماڵ لە رێی راگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای***




کوردستان دا تێدەکۆشم و نیسبەت بە رەئیسی جمهوری کوردستان و یەکێتیی کورد و ئازەربایجان موتیع و وەفادار دەبم". (٦)

دانانی وەزارەتخانە و بنکە و دامەزراوی دەوڵەتی بۆ ئیدارەی وڵات و لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتر، هەنگاوێکی تر بۆ داڕشتنی بناغەکانی ستروکتوری سەربەخۆیی کۆمار بوو.

هەر چەند یەکێک لە بڕیارەکانی رۆژی ٢ی رێبەندان هەڵبژاردنی مەجلیسی شورا بوو کە جێگای پارلمانی ئێستا دەگرێتەوە،

بەڵام کەشو هەوای نالەباری سیاسی و کەم تەمەنیی کۆمار رێگای نەدا ئەم بڕیارە بە کردەوە بێنێتە دی، هەر بۆیە لە کۆماری کوردستان دا دەسەڵاتی یاسا دانان وەک پارلمانێکی هەڵبژێردراو نەبوو، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایییە بڕیارەکان لە سەرکۆمارەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دەردەچوون. بەڵام:

"لە کۆماری کوردستاندا دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بۆ راپەڕاندنی ئیش و کاری حکومەت بەتەواوی دامەزرابوو و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ١٣ وەزارەتی لەخۆ گرتبوو. کە ئەم وەزارەتانەش دام و دەزگای تریان دامەزراندبوو کە بەردەوام بۆ خزمەت کردن و راپەڕاندنی کاروباری هاووڵاتیان و پەیوەندی کۆمارەکە و پاراستنی سنوورەکانی و... لە هەڵسووران و کارکردن دابوو." (٧)
بەشێکی تر لە ستروکتوری کۆمار بوونی دەسەڵاتی دادوەری بوو. لاکردنەوە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان وەک تلیاک کێشان، شەڕ و کێشەی نێوان هاووڵاتیان و هەوڵدان بۆ دابین کردنی ئاسایش و هێمنایەتی... ئەرکگەلێک بوون کە بۆ چارەسەرکردنیان ، پێویستیی دامەزراندنی دەسەڵاتی دادوەریی هێنابووە گۆڕێ.

پەیامی دووهەمیش رووی لە کاربەدەستانی سەرانی فیرقە لە تەورێز بوو. پێشەوا بە راگەیاندنی جمهوری لە نێوان خۆبوون و پاشکۆ بوون دا، ئیرادەی نەتەوەیی کوردی بە باشترین شێوە بۆ رەت کردنەوەی هەر چەشنە پاشکۆیەتییەک بەگوێی کاربەدەستانی ئازەری گەیاند. ئەو پەیامەی پێشەوا بۆ لایەنی ئازەری گەلێک روون و ئاشکرا بوو. پێشەوا بە ئیعلامی جمهوری ویستی لە سەرانی فیرقە بگەیەنێ پاشکۆیەتیی کوردو دوور کەوتنەوەی کورد لە بازنەی دەسەڵات، لەلایەن کێوە بێ، بۆ تاران بێ یاخۆ تەورێز، پاشکۆیەتی، پاشکۆیەتییە. ئەم پاشکۆیەتییە لە ژێر هەر ناوێک و بە هەر رەنگێکەوە بێ لەلایەن ئیرادەی نەتەوەیی کوردەوە دەخرێتە

سەرچاوە : ماڵپەری رۆژهەڵات تایمز / رێکەوتی ٢١ی جانێویری ٢٠١٣




# کۆماری کوردستان و خۆری زێرینی کوردستان

**عومەر کەریم بەرزنجی**

دیرۆکی ئەم گەلە دیرۆکێکە پڕ لە قوربانی و بەرخودان، ئەگەرچی شکست پانتاییەکی بەرفراوانی ئەم دیرۆکەی داگیر کردووە، بەڵام پاش هەر شکست و هەرەس هێنانێک کورد بە جەسارەتەوە هاتۆتەوە مەیدان و خەونی داگیرکەرانی زڕاندووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆحی بەرنگاری و کۆڵنەدانی گەلی کورد، لاپەڕە پرشنگدار و بە خوێن نوسراوەکانی کورد گەڵێک زۆرن، ئەوەی من دەمەوێت قسەی لە سەر بکەم، کۆماری کوردستانە.



ئەو کۆمارە مێژوویەکی پرشنگدارە و هەمیشە لە یادەوەریماندا ئامادەیی هەیە، لە ساڵڕۆژی شەهید کردنی قازیەکان دا واتا ۳۱ی مارتی ۱۹۴۷ وەک وەفادارییەک بۆ گیانی ئەو نەمرانەی زۆر لە خۆبوردووانە گیانیان کردە قوربانی نیشتمان چەپکێک وشە چەپکێک گوڵی وەفاداری پێشکەشی پێشەوا و قازیەکان دەکەم.

گیاکەڵەی خیانەت، ریشەیەکی قوڵی هەیە لە جەستەی کورد دا، هەر بۆیە دەکرێ لە باسکردنی شکستەکانماندا چەنێک دووژمنەکانمان تاوانبار دابنێین دەبێ پتر خیانەتکارانمان تاوانبار بکەین، ئەگەر دار پوازی لە خۆی نەبێ ناقڵیشێ، بەڵام کورد زۆرجار پوازەکەی لە خۆی بووە هەر بۆیە بەو چارەنووسە گەیشتووە هەر بۆیە پێشەوا لە وەسێتەکەیدا دەنووسێ ( بۆ خاتری خودا پێتان دەڵێم: یەکتر بگرن و قەت پشتی یەکتر بەرمەدەن، دڵنیا بن ئەگەر داگیرکەران هەنگوینتان بداتێ، دیارە ژەهری تێکردووە، ئەگەر سەرانی هۆز و عەشیرەتە کوردەکانمان خیانەتیان نەکردبا و خۆیان بە حکومەتی ڕەزاشا نەفرۆشتبا" ئێمە و ئێوە و کۆمارەکەمان" وای بە سەر نەدەهات) پەرتەوازەیی و ناتەبایی گەلی کورد، فاکتەرێکی هەرە سەرەکی شکستەکانمانە، هەرچ کاتێک کورد تەبا و یەک دەنگ بێت سەرکەوتنمان مسۆگەر دەکات، پەرتەوازەیی ا ناتەبایش شکستمان بەسەر دێنێ، لە هەموویشی گرنگتر هەڵکەندنی ڕەگ و ڕیشەی خیانەتکاریە هەر بۆیە (بێکەس) دەڵێ:

کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە
دوو دڵن، پیسن لەگەڵ یەک بۆیە وا بێ لانەیە

لەو ماوەیەی تەمەنی کۆمار دا، زۆرێک لە سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکان نامەی وەفادارییان بۆ دەرباری شا نووسیوە ( لە هەمووی سەیرتر پەیوەندی عومەرخانی شکاکە بە دەربارەوە کە لەو ماوەیەی لە سەقز و دەورووبەری " عومەر خان ئامیر هێزی لەشکری

کۆماری کوردستان بووە" نزیکەی " ١٧" نامەی بۆ دڵنیا کردنی دەرباری شا لە دڵسۆزی خۆی بۆ شای ئێران ناردووە و خۆی بە سەربازی دەرباری شای ئێران ناساندووە و بەرهەڤی بە جێگەیاندنی ئەرک و فەرمانی دەرباری لە خۆی نیشان داوە) هەروەها ( جێگەی ئاماژە پێکردنە کە سەرداری دێبوکری عەلی یار لە یەکێک لەو نامانەدا چۆنیەتی چوونیان لە گەڵ پێشەوا قازی محەمەد دا بۆ باکۆ و ئازەربایجانی ڕوسیا و کۆبوونەوەکانیانی بێ کەم و کورتی و بە تێر و تەسەلی بۆ دەرباری شای ئێران نوسیوە و ئەوانی لێ ئاگادار کردۆتەوە).

دار پوازی لە خۆی نەبێ ناقڵیشێ، بەڵام کورد زۆرجار پوازەکەی لە خۆی بووە هەر بۆیە بەو چارەنووسە گەیشتووە هەر بۆیە پێشەوا لە وەسێتەکەیدا دەنووسێ ( بۆ خاتری خودا پێتان دەڵێم: یەکتر بگرن و قەت پشتی یەکتر بەرمەدەن، دڵنیا بن ئەگەر داگیرکەران هەنگوینتان بداتێ، دیارە ژەهری تێکردووە، ئەگەر سەرانی هۆز و عەشیرەتە کوردەکانمان خیانەتیان نەکردبا و خۆیان بە حکومەتی ڕەزاشا نەفرۆشتبا" ئێمە و ئێوە و کۆمارەکەمان" وای بە سەر نەدەهات) پەرتەوازەیی و ناتەبایی گەلی کورد، فاکتەرێکی هەرە سەرەکی شکستەکانمانە، هەرچ کاتێک کورد تەبا و یەک دەنگ بێت سەرکەوتنمان مسۆگەر دەکات، پەرتەوازەیی ا ناتەبایش شکستمان بەسەر دێنێ، لە هەموویشی گرنگتر هەڵکەندنی ڕەگ و ڕیشەی خیانەتکاریە هەر بۆیە (بێکەس) دەڵێ:

کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە
دوو دڵن، پیسن لەگەڵ یەک بۆیە وا بێ لانەیە

لەو ماوەیەی تەمەنی کۆمار دا، زۆرێک لە سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکان نامەی وەفادارییان بۆ دەرباری شا نووسیوە ( لە هەمووی سەیرتر پەیوەندی عومەرخانی شکاکە بە دەربارەوە کە لەو ماوەیەی لە سەقز و دەورووبەری " عومەر خان ئامیر هێزی لەشکری کۆماری کوردستان بووە" نزیکەی " ١٧" نامەی بۆ دڵنیا کردنی دەرباری شا لە دڵسۆزی خۆی بۆ شای ئێران ناردووە و خۆی بە سەربازی دەرباری شای ئێران ناساندووە و بەرهەڤی بە جێگەیاندنی ئەرک و فەرمانی دەرباری لە خۆی نیشان داوە) هەروەها ( جێگەی ئاماژە پێکردنە کە سەرداری دێبوکری عەلی یار لە یەکێک لەو نامانەدا چۆنیەتی چوونیان لە گەڵ پێشەوا قازی محەمەد دا بۆ باکۆ و ئازەربایجانی ڕوسیا و کۆبوونەوەکانیانی بێ کەم و کورتی و بە تێر و تەسەلی بۆ دەرباری شای ئێران نوسیوە و ئەوانی لێ ئاگادار کردۆتەوە).

سەرجەم ڕۆژەکانی تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان، لاپەڕەی زێڕینن لە دیرۆکی کورد دا، ئەوەی لە هەمووی زیندووترە لە زاکیرەی مندا هەڵوێستی جوامێرانەی قازیەکانە لە کاتی دادگایی کردنیاندا و بەر لە سێدار دانیشیان لە کاتی دادگایی کرنیاندا قازی دادستان بە توڕەییەوە لە بەرامبەر پێشەوا دا دەڵێ: (کوردان سەگ سفەت؟!) قازی بە ڕووی دادستان دا هەڵدەپڕژێ و دەڵێ: ( سەگ و بێ شەرەف و بێ ئابڕوو، ئێوەن" کە هیچ سنوورێک بۆ خۆتان و بۆ خەڵک و یاسا دانانێن، ئاخر بێ شەرەف: ئەتۆ هەر دەتوانی بڕیارێک کە ئەو بێ شەرەفەی دیکە داویەتی "جێبەجێ بکەی" لەوە زیاتر هیچ هەڵەیەکی دیکەت لە دەست نایە، من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردووە و بە باوەشی ئاواڵاوە" ئەوەی کە بێتاوانم و لە ڕێگای ئازادی میللەتەکەمدا دەکوژرێم، ئەمە بە

ڕەحمەت لە لای خودا بۆ خۆم دەزانم، شانازی بەو مردنە مەردانەیە دەکەم) هەروەها ( سەروان کیومەرس ساڵح) دەنووسێ ( من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانی و سەربازی و بەدەویدا وەک هەواڵنێر بەشداریم کردووە، ئەو کاتەی کە هەوڵنێری ماهنامەی ئەرتەش بووم، بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم بە ڕادەی قازی محەمەد بە جەرگ و بوێر نەدیوە) سەیفی قازیش لە کاتی دادگایی کردنیدا دادوەر دەیەوێ تورە بێت ئەویش مشتی خۆی گرێ کردووە و بە سەرهەنگی (واتە دادوەر) نیشاندا و پێی گوت:

(بەم مستە سەرو گوێلاک و دەموو ددانت دەشکێنم " ئاخر لە مەرگ زیاتر کە ئاواتی ئێمەشە" چی‌تر هەیە، یەک ملیۆن درۆ و بوختان و قسەی قۆڕ و شتی دیکەی بێ واتاتان بۆ دروست کردووین " ئەوجا خەریکن غەڵەت و ناماقووڵی زیاتریش دەکەن!).

جەربەزەیی و بوێری و لەخۆبردوویی سیفەتی ئەم پیاوە مەرد و ئەم ئەستێرە پرشنگدارانەی دیرۆکی کوردایەتی بوون، هەر ئەو سیفەتانەشە بە نەمری ئەم پیاوە تێکۆشەرانەی هێشتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٣ی جانێویری ٢٠١٣

## کۆماری کوردستان و مەزنایەتی پێشەوای کورد!

ئاریتما موحەممەدی

### تا مێژوو مێژووە و کورد کوردە پێشەواش هەر دەم زیندووە.

پێشەوا قازی موحەممەد لە ساڵی ١٢٨٩ای هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایک دەبێت، دواتر لە ساڵی ١٣٢٣ای هەتاوی بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ژ.ک. پێوەندی دەگرێت و پاشان دەبێتە ئەندام لەو ڕێکخراوەیەدا. شایانی وتنە کە کۆمەڵەی ژ.ک ڕێکخراێکی ناسیۆنالیستی کوردی و نەتەوەیی بو کە بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی خەباتی دەکرد.



ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوەیە دەبوایە نەتەوەیی و نیشتیمانی بونایە و خەباتی و تێکۆشانیان لەو پێوەندییەدا بەرەوپێش بردایە.

پێشەوا قازی مەحەممەدیش وەک کەسێکی خوێندەوار و ڕوناکبیر کە بە سەر چەندین زماندا زاڵ بووە و لە ناو کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردستان پێگە و جێپێی تایبەتی هەبووە و لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە ڕێزی لێنراوە، هەروەها وەک کەسێکی نەتەوەیی و مافخواز و لە بەر نەتەوەیی بونی ئەو ڕێکخراوەیە دەبێتە ئەندامی چالاکی ئەو بزوتنەوەیە.

ئەندام بون لە کۆمەڵەی ژ.ک. دەبێتە سەرەتایەک بۆ ئەوە کە پێشەوا قازی مەحەممەد بێتە ناو گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کاتی کوردستان و ناوچەکە، هاوکات لە بەر ڕوناکبیری ناوبراو و هەڵسوکەوتی پێشکەوتوخوازانەی زۆر زوو لە لایەن خەڵکەوە متمانەی پێدەرێت و خەڵک وەک کەسایەتییەکی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەیناسن، هەر بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا پلە سیاسییەکان دەبڕێت و وەک نوێنەری کورد دەناسرێت.

پێشەوای نەمریش ئەو هێز و توانایەیی دەبێت، ئیتر هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە پرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد بوروژێنێت، هەر بۆیە لە گەڵ نەتەوەی هاوسێی واتا ئازارییەکان پێوەندی دروست دەکات و لە هەمو بوارەکاندا هەوڵ دەدات کە لە گەڵ ئەو نەتەوەیەدا لە پێوەندی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا بێت.

ڕوانگەی پێشکەوتوخوازانەی پێشەوا ئاوا دەبێت کە پێی وابووە کە دژوارە کورد بە تەنیا لە دژی حوکوومەتی ناوەندی بوەستێتەوە و داوای مافەکانی بکات، هاوکات پێشی وابووە کە نابێت کورد دەستبەرداری مافەکانی بێت، دەبێت کورد لە هەمو بوارێکدا دریژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆی بدات و لەو پێوەندییەدا هەنگاوی مەزن هەڵنێتەوە.

هەر بەو مەبەستە لە گەڵ ئازەرییەکاندا پێوەندی بتو ساز دەکات، بە جۆرێک کە لە گەڵ ئەو نەتەوەیەدا هاوپەیمانی پێک دەهێنێت و پێکەوە کۆماری سەربەخۆی کوردستان و ئازەربایجان بناغە دادەڕێژن.

قازی موحەممەد هێدی هێدی دەبێتە کەسایەتییەکی سیاسی ناوچەیی کە سرنجی ئەمریکایی و ئینگلیزیی و ڕوسەکان و پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و ئەوانیش چەندین جار سەردانی دەکەن بە مەبەستی تێگەیشتن لە ڕوانگە و بیرو ڕاکانی سەبارەت بە کوردستان و ناوچەکە و ئاڵوگۆڕەکانی ئەو کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دیارە ڕوانگەی پێشەوا زۆرتر لە ڕوسەکان نزیک دەبێت، لە بەر ئەوە کە ڕوسەکان لەو کاتەدا بەرنامە و پلانیان بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران و ناوچەکە پێ دەبێت و هەوڵ دەدەن کە سرنجی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بچوک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، لە بەرامبەردا ئینگلیز و ئەمریکاییەکان پشتیوانیان لە داگیرکەران و حوکوومەتی ناوەندی ئەو کاتی ئێران و عێراق دەکرد، هەر بۆیە ڕوانگەی پێشەوا لەوان دوور بو.

هاوکات ئاڵوگۆڕەکان بە شێوەیەک هاتەبونە پێش کە بۆشاییەک لەو بەشەی کوردستان کە کۆماری کوردستانی تێدا لە دایک بو، دەبینرا، ڕوسەکانیش لە پاش ئاگاداربون لە هەڵومەرجی ئەو کاتی کوردستان و هەڵوێستە نەتەوەییەکانی پێشەوا و پێگە و جێپێی خودی پێشەوا پشتیوانیان لێی کرد، دیارە پێشەوا لەو ماوەیەدا چەندین جار سەردانی کۆماری سەربەخۆیی ئازەربایجانی کردووە و لە نزیکەوە لە گەڵ بەرپرسانی سیاسی و نیزامی ئەو کاتی یەکێتی سۆڤییەت کۆبووەتەوە و هەروەها سەردانی یەکێتی سۆڤییەتیشی کردووە.

هەر بۆیە پێشەوا قازی مەحەممەد لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ای هەتاوی پارتێکی سیاسی بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهێنا، هەروەها لە ٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا کۆماری کوردستانی دامەزراند، لە پاش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان سپای کوردستانی پێکهێنا، ڕۆژنامەی فەرمی دەرکرد، سرودی نەتەوایەتی هەڵبژارد و ڕادیو و قوتابخانەشی دروست کرد، گرینگی بە پەروەردە و پێگەیاندن درا و ئاستی ڕوناکبیری و هۆشیاری خەڵک بەرز کرایەوە.

پێشەوا دەیان کاری پڕ بایخی ئەنجام داون کە ئێتساش لە سەردەمی بەجیهانی بون و بچوک بونەوەی دونیا و بەرز بونەوەی ئاستی تێگەیشتنی خەڵک و هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد و دامەزراندنی دەیان پارتی سیاسی، نەیانتوانییوە وەک کۆماری کوردستان و کەسایەتی پێشەوا کاریگەری لە سەر بزاڤی نەتەوایەتی کورد و نەتەوەی کورددا بنێن، بگرە بە ڕێگەیەکدا چونە




کە ڕێبازی پێشەوای کز و لاواز کردووە، ئەوەش لە ژێر ناوی خزمەت بە کورد و کوردستان و فریودانی نەتەوەی بڵاوەدەست.

هەر ئەو سیاسەتەی کە خۆیان ناوی دەنێن هەوڵدان بۆ فریودانی دوژمن، ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووەتە کولتوری سیاسی بەشێکی زۆر لە پارتە سیاسییەکان و خەڵکی پێ پەروەردە دەکەن، ئەوەش مایەی داخ و پەژارەیە.

پێشەوا هەوڵی زۆری بۆ ئەوە داوە کە حوکوومەتی ناوەندی ددان بە کۆماری سەربەخۆی کوردستاندا بنێت و وەک دەوڵەتی دراوسێی چاوی لێبکات، بەڵام لە بەر فاشیستی بونی ئەو حوکوومەتە و دەسەڵاتی دیکتاتۆری بنەماڵەی ڕەزا خانییەکان ئەو دەرفەتە نەڕەقسا، هاو کات دەسەڵاتی ئینگلیزی و ئەمریکاییەکانیش بە سەر یاساو ڕێسای ئێراندا زاڵە بووە و ڕوانگەی ئەو زلهێزانەش لە گەڵ بەرژەوەندی کورددا نەبووە و لە بەرامبەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی بە هەمو شێوەیەک دژایەتیان کردووە.

بە بونی دەوڵەتی کوردی دەسەڵاتی ئەوان لە ناوچەکە کورت دەکرایەوە و ئیتر نەیاندەتوانی سەرمایەو سەرچاوە ژێر زەوییەکانی کوردستان بدزن. بۆیە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بونە کە نۆکەر و دەستنیشاندەی خۆیان دروست بکەن و دەسەڵاتی پێببەخشن و بیپارێزن، بۆ ئەوە کە هەرچیان پێباش بێت ئەنجامی بدەن.

وەک باس دەکرێت، پێشەوا بەردەوام پێوەندی بە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی ئێران گرتووە بۆ ئەوە کە هێرش نەبەنە سەر کوردستان و لە ڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆ پرسەکە چارەسەر بێت، ئەوە پەیامی ئاشتی و ئازادیخوازی پێشەوا دەگەیەنێت کە هەمیشە باوەڕی بەو پێوەرە ئینسانییەکان هەبووە و ئاواتی ئەوە بووە کە کێشەکە بە ڕێگای دیپلۆماسی چارەسەر بکرێت.

تەمەنی کۆماری کوردستان زۆر درێژ نەبو، بەداخەوە تەنیا ١١ مانگی پێچو، تەمەنی هەر چەند کەم بو، بەڵام کار و تێکۆشانی پێشەوا بووەتە ڕەمزی تێکۆشانی کورد و دەسپێکی ڕێگای ڕزگاری کورد، لەو ماوەیەدا زۆر کاری گرینگ کران کە ئێستاش کاریگەریان لە سەر زمان و مێژو و داهاتوی کورد دەبێت و وەک نمونەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی کورد چاوی لێدەکرێت.

لە ٢٦ خەرمانانی ١٣٢٥ هەتاوی لە پاش داگیرکردنی کۆماری سەربەخۆی ئازەربایجان، هێزەکانی پاشایەتی هێرش دەبەنە سەرکۆماری کوردستان و لە بەر ئەوەی کە گیانی خەڵک بپارێزێت و کەس نەکوژرێت پێشەوا خۆی دەکات بە قوربانی و دەبێتە ڕەمزی نەتەوەی کورد بۆ هەمیشە.

دواتر لە دادگایەکی نادادپەروەرانە و بەبەشداری نوێنەری ئینگلیزی و ئەمریکایەکان پێشەوا بوێرانە لە خۆی و نەتەوەی کورد دیفاع دەکات و هەمو چەواشەکارییەکان بەرپەرچ دەداتەوە، لە ئاکامدا بە لە سێدارەدان حوکم دەدرێت و لە ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی لە سێدارە دەدرێت و بە کاروانی نەمران و شەهیدان پەیوەست دەبێت.

(ڕوسەکانیش لە پاش وەرگرتنی چەند ئیمتیاز لە حوکوومەتی ئەو کاتی ئێران، لە پشتیوانی کردنی کۆمار دەکشێنەوە و خیانەت بە کۆماری کوردستان دەکەن. هاوکات حوکومەتی ئێران بە پشتیوانی هێزە بریتانی و ئەمریکایەکان هێرش دەکەنە سەر کۆماری کوردستان)

ئەگەر باس لە هۆکاری ڕۆخانی کۆماری کوردستان بکەین، ئەو گەلێک هۆکاری مەزن و ڕون هەن کە ئاماژەیان پێبکەین، فیئۆدالیزم و دەرەبەگایەتی، سیستمی دواکەوتویی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پشت کردنە پێشەوا و کۆماری کوردستان لە لایەن دەرەبەگەکان و دەیان هۆکاری دیکە هەن کە باسیان لەسەر بکەین، بەڵام من پێم وایە کە گرینگترین هۆکار ئەوەیە کە کورد و پێشەوا و نەتەوەی کورد دۆستی ڕاستەقینە و پشتیوانی سیاسی و دەرەکیان نەبووە، لە هەمو گرینگتر پشتیوانی بریتانی و ئەمریکایەکان لە ڕژیمی دیکتاتور و داگیرکەری ئەو کاتی ئێران کە دەستنیشاندەی خۆیان بو، بووە هۆکاری ڕۆخانی کۆماری کوردستان.

لەو سەردەمەدا، هەرچەند کورد و نەتەوەی کورد خۆڕاگر و خەباتگێڕ و نەبەز بونایە لە بەر نەبونی پشتیوانی نێونەتەوەیی و دەرەکی بزوتنەوەکە دەشێوا و دەڕۆخا. کۆماری کوردستانیش قوربانی نەبونی پشتیوانی دەرەکی وسیاسی و پشتیوانی زلهێزەکان لە ڕژیمی ناوەندی بو.

سەرکوتی بزوتنەوەی لوڕەکان، عەرەبەکان لە ئەهواز، بەختیارییەکانی چوارمەحال، تورکەمەن و ئازەرییەکان لە ئازەربایجان ئەو پەیامە دەگەیەنن کە کێشەی ناوخۆی و سیستمی دەرەبەگی و عەشایەری هۆکاری بنەڕەتی ئەو ڕۆخانەی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان نەبووە. بەڵکو تەنیا هۆکاری دەرەکی و پشتیوانی زلهێزەکان لەو ڕژیمە دڕندەیە بووە.

١٠ی خاکەلێوەی ٢٧١٣ی کوردی واتا ڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا و سەیفی قازی و هەڤاڵەکانی، گونجاوترین ڕۆژە بۆ ئەوە بکرێتە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە هەمو بەشەکانی کوردستان. لە بەر ئەوە کۆماری کوردستان تەنیا پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە نەبووە، نوێنەرانی کورد لە هەمو بەشەکانی کوردستان لەو کۆمارەدا بەشداریان کردووە و یارمەتیان داوە، بۆ نمونە ڕۆشەنبیرانی سلێمانی لەو سەردەمەدا نامە بۆ پێشەوا دەنێرن و هاوپشتیوانی خۆیان بۆ کۆمار دووپات دەکەنەوە، لە باکوری کوردستانیش هەر بەو شێوە نوێنەر و ڕوناکبیریان بەشداری ڕاگەیاندنی کۆمار دەکەن، لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بە هەمان چەشن بووە.

هاوکات بەرزانییەکانیش دەوری گرنگیان لە ئاسایشی کۆماردا گێڕاوە. ئەمانە هەموی نیشانەی ئەوەن کە کۆماری کوردستان پەیوەست بووە بە هەمو بەشەکانی کوردستان، ئەو کەس و لایەنانەش کە کۆماری کوردستان بە کۆماری مەهاباد پێناسە دەکەن ناڕاستەوخۆ دەیانهەوێت لە مەزنایەتی کۆمار کەم بکەنەوە، بەڵێ ڕاستە کۆمار لە ماهاباد دامەزرا، بەڵام پەلی ڕاکێشا بوو بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان.

لێرەدا ئەو خاڵەش بەرپەرچ دەدەمەوە کە هندێک لایەن کۆماری کوردستان بە کۆمارێکی خودموختار پێناسە دەکەن، کۆماری

کوردستان بە تەواوەتی کۆمارێکی نەتەوەیی و لە سەر بنەمانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ژ. ک. دامەزراوە، ئەو ڕێکخراوەشە ڕێکخراوێکی بە تەواو ناسیۆنالیست و نەتەوەیی بووە، ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوەیە سوێندیان دەخوارد کە لە بەرژەوەندی کورد و کوردستان هەنگاو هەڵنێنەوە و هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بدەن، هەر بۆیە هیچ کات ئەو خەیاڵە بە مێشکی قازی و کۆمارییەکاندا تێنەپەڕیوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ژێر دەستی بنەماڵەی ڕەزاخاندا کۆمار بمێنێتەوە یان ببێتە بەشێک لە وڵاتێکی دیکتاتۆر لێدراو، قازی کەسێکی دیموکرات و ئازادیخواز بووە، باوەڕی بە چەوساندنەوە نەبووە و لە دژی هەر چەشنە چەوساندنەوەیەک خەباتی کردووە. هاوکات ئاگاداری پێشهاتەکانی جیهان و ناوچەکە بووە، بۆیە باوەڕی بە داگیرکەری ئێران و ئینگلیز و ئەمریکایەکان نەبووە.

قازی پێی وابو کە داگیرکەران تەنیا سەرمایەی سروشتی ئەو وڵاتەیان دەوێت ، بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدەن کەسانێکی نەخوێندەوار و ناسیاسی دەسەڵات بە دەست بگرن. ئەوش دژی ڕوانگەی ئەو زلهێزانە بو.

ئەو ڕاستییە ئەوەمان پێ دەڵێت کە قازی هەوڵی بۆ ئەوە نەداوە کە بەشێک لە ئێران بێت. ڕێگای قازی بە چەواشە کردن درێژەی پێنادرێت، بەڵکو دەبێت لە فەلسەفەی ڕێگاکە تێبگەین و لەو پێناوەدا برەو بە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خۆمان بدەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠١٣




## باتەکانی: ٢٠١٢

### وتاری بەڕیز خالید عەزیزی، سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

### لە ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا

خوشک و برایانی ئازیز!

میوانە بەڕێزەکان!

دۆستان! و لایەنگران! و ئەندامانی حیزبی دێموکرات! و هاوڕێیانی پێشمەرگە!

بە بۆنەی شێست و شەشەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان پیرۆزبایی لە ئێوە و هەروەها پیرۆزبایی لە سەرجەم خەڵکی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دەکەم.



٦٦ ساڵ ڕەنگە لە تەمەنی ئینسانێک دا زۆر بێ، بەڵام لە تەمەنی میللەتێک دا کە لە پێناوی گەیشتن بە مافەکانی خۆی دا خەبات دەکا و قوربانی دەدا و ئیفتخارات بۆ خۆی دەخوڵقێنێ، تەمەنێکی زۆر نییە. ٦٦ ساڵ پێش ئەمڕۆ کۆماری کوردستان کە دامەزرا پێناسەی کوردی و هووییەتی کوردی لە چوارچێوەی یەکەمین حکوومەتی کوردی دا نەهادینە کرد، بە ئاڵا و بە سەرۆک کۆمار و بە کابینەی وەزیران کەوتە نێو موعادلاتێک کە هەم بۆ نەتەوەی کورد جێگای شانازی بوو هەم ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئیعترافی دۆستان و دوژمنانی لە ناوچەکەدا بەرەو لای خۆی ڕاکێشا.

لە مێژووی کێشە سیاسییەکان دا ئیدئۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان یەک بە دوای یەک دا هاتوونەتە گۆڕێ و ڕۆیشتوون، لە کۆمۆنیزمەوە بگرە تا لیبرالیزم و تا کۆنزێرواتیزم و تا دەیان بۆچوونی دیکەی کۆمەڵایەتی، لە دژی یەک ڕەقابەتییان بووە و بە گوێرەی زەمان لایەنێک سەرکەوتوە و لایەنێک تێک شکاوە ، لایەنێک لە کێشەکانی کۆمەڵایەتی دا دەنگی نەهێناوەتەوە و لایەنێک دەنگی هێناوەتەوە، بەڵام کەسایەتی و هۆوییەتی کۆماری کوردستان لەبەر ئەوەی کە کەسایەتی و هۆوییەتی نەتەوەی کورد بوو، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا نە لە کەمی داوە نە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا کەم ڕەنگ بۆتەوە، نە بە شکان و تێکچوونی، کۆماری کوردستان لە ئاستی کۆمەڵگەی کوردستان دا سڕاوەتەوە، بەڵکە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێگەی ڕێبوارانی ڕێگای کۆماری کوردستان، ڕێگەی ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کورد، بە هۆی بایەخدان بە هۆوییەتی کوردایەتی لە پەرەئەستاندن دا بووە. کاتێک کۆماری کوردستان ڕووخا، یەکەمین لێکدانەوەیدوژمنانی کورد ئەوە بوو کە بە ئێعدامی سەرۆک کۆمار و ڕووخانی کۆمار لەمەو بەدوا ئەو مەجال و دەرفەتەی کە




کۆمار بۆ نەتەوەی کوردی لە بەشێک لە کوردستان دا خوڵقاندبوو ڕەنگە نەتوانێ ئیدامەی حەیات بدا و لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ. بەڵام زیندانیکرانی ڕێبەرانی کورد و ئەشکەنجە و دەربەدەری و ئەو زوڵم و زۆرەی کە لە کوردستانی ئێران بەرەوڕووی ڕێبوارانی ڕێگای کۆماری کوردستان و هاوڕێیانی قازی محەممەد کرایەوە، دەری خست کە ئەو خەباتە بەردەوام دەچێتە پێشێ و بە ئەشکەنجە و زیندان و ئێعدام بە هیچ جۆر تێدا ناچێ. ئەگەر ئەو وەختە کۆماری کوردستان سنووری جوغرافیاییەکەی، ناوچەی موکریان بە پێیتەختیی مەهاباد بوو، ئێستا دەبینین شعوری نەتەوایەتیی کورد و هەست و داخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، لە شیمالی کوردستانی ئێرانەوە بگرە هەتا خوارەوە لای ئیلامیشی داگرتووە. ئەم ڕاستییە، بۆ جارێکی دیکە دەری دەخا کە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و ڕێبوارانی ڕێگای کۆماری کوردستان لەو مەیدانەدا هەوڵ دەدەن و تێدەکۆشن کە ئەقڵییەتی کۆماری کوردستان لە تەواوی کوردستانی ئێران و لە هەموو ئوستانەکان جێ بخەن.

ئێمە لە سەردەمێک دا یادی کۆماری کوردستان دەکەینەوە کە بە خۆشییەوە شعووری سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک و شعووری نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەئەستاندن دایە و توانیوتی بە شێوازی جۆراوجۆر لە دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە مەیدانە جیاوازەکاندا خۆ نیشان بدا و ببێتە گۆڕێ. فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چەند مانگ دواتر دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک حیزبێکی جەماوەری (و دەسەڵاتێکی جەماوەری) ئەوە بوو کە بێ جیاوازیدانان لە بەینی چین و توێژەکانی کۆمەڵ ـ بێ ئەوەی کە جیاوازی لە بەینی ژن و پیاو دا دابنێ، بێ ئەوەی کە تاک تاکی کۆمەڵی کوردەواری بە دەلیلی بەستراوەیی دینی و ئایینی یا بە دەلیلی بەستراوەیی لەهجە و زاراوە هەڵاوێردرێن - هەموو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا جێیان ببێتەوە، بیرۆکەیەک ئێستاش کۆن نەبووە و تا دێ پتر لە جێگای خۆی دایە.

ڕەمزی مانەوەی یاد و بیرەوەریی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەوە تا ڕووخانی حکوومەتی پەهلەوی و تا ئێستا ئەوەیە کە کاتی خۆی توانیویە نوێنەرایەتیی زۆربەی زۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵ بکا. لە خەڵکی شارەوە بگرە تا هی گوند، لە بازاری و خوێندەوارەوە تا مەلا و مەزهەبی، هەموو چین و توێژەکان بە گشتی (بە هی خۆیان زانیوە). ئێستاش لە جووڵانەوەی کوردستان و بەتایبەت لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بێ ئەوەی هەڵاواردنێکی تێدا بێ، توانیویانە جێ بگرن و تێیدا کۆ ببنەوە.

ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەوەی لەو وڵاتانەدا هاتۆتە گۆڕێ لە یەک کەلام دا بۆ ئێمە ئەو پەیامە دەنێرێ کە ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لە دژی دیکتاتۆری و ئیستبداد دا لە گۆڕێ دا بوون و حکوومەتە ئیستبدادی و دیکتاتۆرییەکان یەک بە دوای یەک دا دەڕووخێن و لە هێندێک لەو وڵاتانەدا تا ڕادەیەکی بەرچاو مەزهەب بۆتە وەسیلەیەک یا بۆتە ڕێگەیەک بۆ ئەوەی کە خەڵک لە دژی دیکتاتۆرەکان ڕابوەستن. بە خۆشییەوە لە کوردستانی ئێران و هەموو پارچەکانی کوردستان هۆوییەتی میللی و هۆوییەتی کوردایەتیی ئێمە سەمبولی بەربەرەکانی و دژایەتیی ئێمەیە لە گەڵ حکوومەتە داگیرکەرەکان و حکوومەتە مەرکەزییەکان. بۆیە لە کوردستانی ئێران تا ڕۆژێک مەسەلەی ئێمە و کێشەی نەتەوایەتیی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی چارەسەر نەکراوە و کورد بە مافە نەتەوایەتییە کانی خۆی نەگەیشتوە، مەسەلەی سەرەکی و سەمبولی سەرەکی و هۆوییەتی سەرەکی لە کێشەکانی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی

مەرکەزیدا مەسەلەی نەتەوایەتیی ئێمەیە و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بە هەر ئایینێک کە هەیانە لەو هۆوییەت و پێناسەیەدا دەتوانن جێ بگرن . ئەوە ئەساسی بەربەرەکانی و کێشەی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزییە. لەگەڵ رێز و ئیحترامی ئێمە بۆ هەموو بیر و باوەڕێکی مەزهەبی لە کۆمەڵگەی کوردستان کێشەی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی تاران چ لە سەردەمی کۆماری کوردستان و چ لە سەردەمی جمهوریی ئیسلامی دا کێشەیەکی میللی و نەتەوایەتییە و کێشەی نەتەوایەتی و میلیی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی زەمانێک بە باشترین شێوە دەچێتە پێشێ و زەمانێک دەتوانێ دەسکەوتی باشی هەبێ و سەرکەوتنی هەبێ کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە خۆی دا جێ بکاتەوە. بۆیە مادام ئێمە لە کێشەیەکی نەتەوەیی دا هەین لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی بۆ ئەوەی کە هەموو ئەو چین و توێژانە جیاواز لە عیلاقات و تەعەللوقاتی مەزهەبی بتوانن تێیدا جێی خۆیان بکەنەوە، پێویستیمان بە قەراردادێکی نەتەوەیی هەیە.

ئەگەر لە وڵاتانێک کە رزگاریی خۆیان وەدەست هێناوە و ئێستا بە شێوەی حکوومەتی واحید یا حکوومەتێکی قانوونی و بە هەر ناوێک کە هەیانە دەسەڵات و سەروەریی خۆیان هەیە، رێبازی جۆراوجۆری کێشە لەگەڵ دیکتاتۆرییەکان و ئیستیبدادەکان شتێکی رەوایە و حەقی تەبیعی کۆمەڵانی خەڵکە، بەڵام مادام لە کوردستان تا ئێستا رزگاریی نەتەوایەتیی ئێمە مسۆگەر نەبووە و ئێمە لەگەڵ دەوڵەتە مەرکەزییەکان لە کێشە داین، مەسەلەی میحوەری و رەمزی یەکگرتوویی ئێمە تەعەللوقاتی نەتەوایەتی و کوردایەتیی ئێمەیە. بۆیە لەگەڵ رێز و ئیحترام بۆ هەموو بیر و بۆچوون و ئیدئۆلۆژییەک لە نێو کۆمەڵگە و خەڵک دا، دەبێ تێبکۆشین لە کوردستانی ئێران لە ئێستا و لە داهاتوودا ئەو بنەمایە و ئەو قەرارداده بە قووەت بکەین، قەراردادی یەکگرتوویی نەتەوەیی لە دژی حکوومەتی مەرکەزی، تا کاتێک ئێمە رزگار نەبووین ئەوەیە دەتوانێ وەک مەسەلەیەکی میحوەری هەموو چین و توێژەکان لە نێو خۆی دا کۆ بکاتەوە.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

ئێمە لەسەردەمێک دا یادی کۆماری کوردستان دەکەینەوە  کە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە مەنتەقەکە و لە کۆمەڵگەی ئێراندا لە گۆڕێ دا هەیە. جمهووریی ئیسلامی لە چەندین ناحیەوە کەوتۆتە بەر فشاری کۆمەڵانی خەڵک. لە نێوخۆی وڵات(لە گەڵ نارەزایەتیی خەڵک بەرەوڕووە)، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئیعتبار و ئیعتماد بەو رێژیمە نەماوە و سیاسەت و بۆچوونەکانی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێکن کە لە ئاستی نێودەوڵەتی دا هیچ متمانەیان پێناکرێ.  ئابووریی ئێران لەبەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی سەروەت و داهاتی کۆمەڵانی خەڵک لە پێناو بەرزەفڕییەکانی خۆی دا خەرج دەکا و مەجالێکی بۆ کۆمەڵانی خەڵک نەهێشتۆتەوە، رۆژ بە رۆژ لە وەزعێکی خەراپتر دایە، لە باری  کۆمەڵایەتییەوە لە سەرتاسەری ئێران کۆمەڵێک گیر و گرفتی کۆمەڵایەتی  لە گۆڕێ دا هەیە کە کۆماری ئیسلامی تا ئێستا رێگاچارەیەکی بۆ نەدیتوونەوە. لە باری دیپلۆماسییەوەش (ئەم رێژیمە) ئیحترام بۆ قانوون و رێساکانی نێو دەوڵەتی دانانێ. لەسەر یەک هەمووی ئەو فاکتۆرانە دەستیان داوەتە دەستی یەک کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی وڵامدەر نییە بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵک، حکوومەتێکی مەسئوول نییە لە سەتحی ناوچەکەدا حکوومەتێک نییە کە بەرامبەر بە قانوونەکانی نێودەوڵەتی، کەتەنانەت بۆخۆشی ئیمزای کردوون بەڕێوەیان بەرێ. بۆیە هەمووی ئەوانە ئەو پەیامە دەدەن کە کۆماری ئیسلامی

درەنگ یا زوو دەبێ بڕوا.

ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەش بە تێکڕایی ئەو نەتیجەیە دەدەن بە ئێمە کە ڕێژیمەدیکتاتۆڕ و ئیستبدادییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە کەمی دەدەن و ژمارەیان کەم دەبێتەوە و کۆمەڵانی خەڵک لەو وڵاتانە تێدەکۆشن کە بە عەقڵیەتێکی دیکە سیستمێک لە حکوومەت دابمەزرێنن کە لەمەو بە دوا وڵامدەر بێ بەرامبەر بە خۆیان. بەڵام لە هەمان کاتیش دا دەبێ ئەو واقیعیەتە لەبەرچاو بگرین لەو وڵاتانە کە دەورانێکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی ئیستبداد و دیکتاتۆری دا بوون دێموکراسی و ماف نەهادینە نەکراون تەبیعەتەن دەورانێک دەکێشێ، زەمانێک دەگرێ تاکوو عەقڵیەتی یەکتر قەبووڵکردن و چۆنیەتیی دێموکراسی و تەحەممولی یەکتر و جێکەوتنی حکوومەتی قانوون لەو وڵاتانە دابمەزرێ. بە هەر حاڵ ئاڵوگۆڕەکان کە دەستیان پێ کردوە پەیامێک دەدەن بە کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ لەو چارەنووسانە بەدەر بێ. یەکێک لەو لایەنانەی کە ڕاستەوخۆ هەم لەسەر کۆماری ئیسلامی تەئسیری هەیە و هەم لەسەر مەسەلەی کورد بە گشتی بۆ ئێمە سووریەیە. پێمان وایە ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد لە لایەک بۆ ئێمەی کورد دەسکەوتێکی بەرچاوی دەبێ بەتایبەت کە ئێستا هێزە سیاسییەکانی کورد لە سووریە کەوتوونەتە نێو بازنەی هاوکاری و پێوەندی و عیلاقات لەگەڵ هێزە عەرەبەکانەوە، دەتوانێ سەرەتایەکی باش بێ بۆ تەعامولی باش و خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە کە بکرێ مافی کوردیش لەسووریە دەستەبەر بکرێ.

لایەنێکی دیکەی قەزیەکە ئەوەیە کۆماری ئیسلامی لە ئاخیری تەمەنی خۆی دا تێدەکۆشێ بە خوڵقاندنی بوحران لە دەرەوەی خۆی دا بەتایبەت لە عێراق و لوبنان و هەروەها پشتیوانی کردن لە سووریە و مەشغول کردنی کۆمەڵانی خەڵک و ناوچەکە بەو بوحرانانە بوحران لەسەر خۆی وەلا بەرێ. بەڵام لێکدانەوەی ئێمە بە تێکڕایی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی چی دیکە ناتوانێ ئەو یارییانە ئیدامە بدا، چونکە یارییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ بە ڕۆژ کۆمەڵانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و لە ناوچەکەو لە دنیای دەرەوە پتر لە ماهییەتی ئەو حکوومەتە دەگەیەنێ و ڕۆژ بە ڕۆژ مەجالی لێ بەرتەسکتر دەبێتەوە. هەمووی ئەو کێشانە ئێمە کاتێک لێکیان دەدەینەوە و هەڵیان دەسەنگێنین و تەحلیلیان دەکەین و نموونە دێنینەوە ئاماژە بە ئەم و ئەو تەجروبە دەکەین ئەویش ئەوەیە کە بۆ ئێمەی کورد سەرجەمی ئەو ئاڵوگۆڕانە چیان تێدا دەبێ. کاتێک ئێمە باسی کێشە لە وڵاتێکی وەک میسر، تونێس، لیبی و سووریە دەکەین زۆرتر لەبەر ئەوەیە کە چۆن دەتوانین لەو تەجروبە و لەو دەسکەوتانەی ئەوان کەڵک وەرگرین و ئەو تەجروبانە لە ئێران بەکار بێنین و لە هەمان کاتیش دا ئێمە بۆ خۆمان وەک کورد بتوانین لە داهاتووی ئێران دا کەڵکیان لێ وەربگرین. یەکێک لەو فاکتۆرانەی کە دەکرێ لە داهاتووی حاڵەتە ناڕوونەکانی ئێران دا ئێمەی کورد زەرەر نەکەین و بتوانین بە یەکگرتوویی و یەک دەنگی لەو مەیدانەدا مافەکانی خۆمان بچەسپێنین ئەوەیە کە لە نێوماڵی کورد یەکدەنگی هەبێ، نێوماڵی کورد ڕێک بخرێتەوە و حیزب و لایەنە سیاسییەکان بتوانن بە لێکحاڵی بوون و تەفاهومێک و جۆرێک لە ڕیککەوتنی نەتەوەیی بەرەنگاری ئەو حاڵەتە ناڕوونانە بینەوە. ئێمە نازانین داهاتووی ئێران چۆن دەبێ؟ ئێران بە شەڕ دەگۆڕێ؟ ئێران بە سوڵح دەگۆڕێ، ئێران لە نێوخۆیدا ئاڵوگۆڕی تێدا پێک دێ؟ بەڵام لە هەر حاڵ دا شتێک کە بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کە ئێمە وەک کورد لە هەمووی ئەو حاڵەتە ناڕوونانەدا چۆن ڕووبەڕووی ئەو سێناریۆیانە دەبینەوە. بۆ ئەوەی کە لەو مەیدانەدا ئێمە بتوانین باش بچینە پێشێ، یەکگرتوویی و لێک نزیک

بوونەوەو جۆرێک کۆدەنگی لە نێو لایەنە سیاسییەکان دا پێویستە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو لەو مەیدانە دا بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی داوە. ئێستاش کە بەتایبەتی لە حاڵەتێک داین ئەو زەروورەتە زۆرترە ، تێدەکۆشێ کۆمەک بەو لێک حاڵیبوون و بەو لێک نزیکبوونەوەیە بکا. ئێمە لەمەو بەدواش ئەو سیاسەتە ئیدامە دەدەین، چونکە پێمان وایە لە جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتیدا کە تەنەووعاتی سیاسی و تەنەووعاتی دیکەی تێدا هەیە، یەکگرتوویی و لێک نزیکبوونەوە و پەیامێکی واحید و قەراردادێکی نەتەوەیی یەکێک لە فاکتۆرە سەرەکییەکانی چەند و چۆنی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی ئەو جووڵانەوەیەیە.

بابەتێکی دیکە کە پێویستە هەر لە خانەی یەکگرتوویی نەتەوەیی و هێنانە گۆڕی قەراردادێکی نەتەوەییدا لێرە من ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە لە هەمووی ئەو حاڵەتانەدا کورد لە داهاتووی ئێران دا زەرەرمەند نەبێ، ئەوەیە کە تێبکۆشین ئەو عەقڵیەتە جێ بخەین، ئەو فەرهەنگە جێ بخەین کە پرۆتۆکۆڵێک یا تەوافوقێک یا قەراردادێکمان هەبێ لەمەوبەدوا کورد بە هیچ جورهیچ لایەنێکی سیاسی لە چەک دژی لایەنەکەی دیکە کەکەلک وەرنەگرێ. ئێمە لە سەردەمێک دا باسی ئەو بابەتە دەکەین کە دەبێ هەمووی ئینێرژی و توانا و عەقڵیەت و تێگەیشتنەکانی لایەنە سیاسییەکان و ئێمەی کورد بە گشتی لە یەک مەسیر دا کەڵکی لێ وەرگیرێ، ئەویش مەسیری کەم کردنەوەی گیر و گرفت و ئاستەنگەکانی رێگای رزگاریی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران لە رەوتی خەبات و چالاکیی خۆی دژی کۆماری ئیسلامیدا، بۆ ئەوەی کە ئەو نیگەرانی و دڵەراوکێیە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دا برەوێندرێتەوە، ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر وەک لە رابردووش دا ئامادە بووین ئێستاش ئامادەین کە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیکە پرۆتۆکۆڵێک یا قەراردادێکمان هەبێ بۆ ئەوەی کە هیچ کەس دەست بۆ چەک نەبا. هیوادارم هەموو لایەنەکان چ لایەنە سیاسییەکان چ خەڵکی ئەهلی قەڵەم چ خەڵکی ئەهلی لێکدانەوە، چ هەمووی ئەوانەی بە هەر جۆرێک بە پەرۆشن بۆ داهاتووی کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران، لەو پێناوەدا هەوڵ بدەن و ئەوە بکرێ بە ئیلزاماتێکی کۆمەڵایەتی بە تەعەهوداتێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، و ئینسانی کە بۆ هەمیشە لە مێژووی خۆمان لە داهاتووی کوردستان دا دیاردەیەکمان بە ناوی دیاردەی نیگەرانیی شەڕی کورد لەگەڵ کورد نەمێنێ.

مەوزوعێکی دیکە کە من پێم خۆش بوو ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە لە بەرەبەرەی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران دا یەکێک لەو کێشانەی کە کۆماری ئیسلامی دەقیقەن لەگەڵیان رووبەڕوو بۆتەوە ئەوەیە کە تێدەکۆشێ هەوڵ بدا بە شێوازی جۆراوجۆر کۆمەڵانی خەڵک لە رۆژی هەڵبژاردن دا بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، ئەویش لە سەردەمێک دا کە فشارێکی زۆری نێودەوڵەتیی لەسەرە، لە سەردەمێک دا کە لە نێوخۆی وڵات خەڵک رۆژ بە رۆژ لە دژی کۆماری ئیسلامی پتر ناڕازی دەبن و لە فورسەت و دەرفەت دەگەڕێن کە کەڵکی لێ وەربگرن لە دژی ئەو رێژیمە، لە سەردەمێک دا کە لە ناوچەکەدا رۆژ بە رۆژ دێموکراسی بەرەو ئەوە دەچێ کە جێ بکەوێ و ببێ بە فەرهەنگ. لە سەردەمێک دا بەتایبەت لە عێراق کە لایەنەکان تێدەکۆشن کە بە تەنەووعاتێک کە لە عێراق هەیە و لەسەر بنەمای فیدرالیزم و لێک حاڵیبوون، عێراق بە یەکەوە دروست بکەنەوە، لە سەردەمێک دا کە لە کێشەی ناوچەکەدا تورکیە دەورێکی زۆر دەگێڕێ لە ئاڵوگۆڕەکان دا و ئێران بە دەلیلی سیاسەتەکانی خۆی لە پەراوێز کەوتوە، تێدەکۆشێ بە بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردن دا هەمووی ئەو کەمبودانە کە هەیەتی، هەموو ئەو سیاسەتە غەڵەتانەی کە

هەیەتی، هەمووی ئەو ناخۆشەویستییە لە نێوخۆی وڵات و ناوچەکەدا کە هەیەتی بە جۆرێک قەرەبووی بکاتەوە. بۆیە ئێمە لە هەمان کات دا کە پێمان وایە هەڵبژاردن فورسەت و مەجالێکی باشە بۆ حیزبێکی سیاسی کە لەو رۆژەدا بتوانێ راستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک قسە بکا و پرۆژە و بەرنامەکانی خۆی بخاتە بەر قەزاوەتی خەڵک، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی کە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات مەجالی ئەوەمان نەبووە و جمهووریی ئیسلامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی غەیرە قانوونی ئێعلان کردوە، بۆیە هیچ رێگایەکی بۆ نەهێشتووینەوە یا هیچ رێگایەکمان بۆ نەماوەتەوە بە غەیری ئەوەی کە هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی کە لە ١٢ی رەشەمە دا دەکرێ بایکۆت بکەین.

نەفسی بایکۆت کردن رەنگە بە دانی بەیاننامەیەک یا بە راگەیاندنی هەڵوێستی حیزبێکی سیاسی لەکاتی خۆی دا تەنیا وەک سەنەدێک جێبەجی ببێ، بەڵام مەسەلەی ئەسڵی ئەوەیە کە ئێمە چۆن تێبکۆشین هەموو لایەکمان لە کوردستان بەتایبەتی رۆژی هەڵبژاردن بکەین بە رۆژی بەربەرەکانیی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی. من هیوادارم و ئەگەر هەموو لایەکمان (لایەنە سیاسییەکان) بەیەکەوە کاری بۆ بکەین و رادیۆ و تەلەڤیزیۆن و ئینێرژیی هەموو لایەک لەم مەیدانە دا وەگەڕ بکەوێ، دڵنیام تا رادەیەکی بەرچاو دەتوانین لەو رۆژەدا وێڕای تەئکید کردنەوە لەسەر هەڵوێستی هەمەلایەنەی بایکۆت لە پێوەندی لە گەڵ ئەو هەڵبژاردنەدا، بە جۆرێک یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێرانیش دژی کۆماری ئیسلامی لەم بۆنەیەشدا نیشان بدەین. بۆیە هیوادارم ئەو مەجالەش بکەین بە فورسەتێک بۆ ئەوەی کە لەلایەک کوردایەتییەکی بەقووەتی تێدا بکرێ لە دژی حکوومەتی مەرکەزی، لە لایەکیش پەیامی سیاسیی ئێمە کە بایکۆت کردن هەڵوێستێکی گشتییە لە سەرتاسەری ئێران، هیوادارم هەمووی ئەو لایەنانەی کە لە دژی کۆماری ئیسلامی کار دەکەن و هەڵبژاردن بە هەڵبژاردنێکی نادێموکراتیک دەزانن لەو مەیدانەدا کاری بۆ بکەن.

لە کۆتایی دا بۆ جارێکی دیکە هیوادارم لەو فورسەتەی کە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە بۆ ئێمەی هێناوەتە پێشێ ، بەباشی کەلک وەربگرین. کورد لە مەجال و مەوقعیەتێکی باش دایە کە بتوانێ (پرسی) خۆی بێنێتە گۆڕێ بەتایبەت ئێمە لەگەڵ حکوومەتە مەرکەزییەکان دەبێ ئەو دیالۆگ و گفتوگۆیانە بێنینە پێشێ لەگەڵ تاران، لەگەڵ بەغدا، لەگەڵ دێمەشق، لەگەڵ ئانکارا کە مەسەلەی کورد وەک تەهدید چاو لێ نەکەن. مەسەلەی کورد بەداخەوە هەمیشە بە چاوی تەهدید و ئەمنیەتی چاوی لێکراوە، مەسەلەی کورد وەک فورسەت چاو لێ بکەن. بڕواننە تەجروبەی کوردستانی عێراق. هەرێمی کوردستان بە خۆشییەوە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا سەرەڕای کۆمەڵێک گیر و گرفت و موشکیلات، سەرەڕای دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ شوێنەوارەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و وێرانی و لە بەین چوونی دێهاتەکان، سەرکەوتنێکی بەرچاوی وەدەست هێناوە و تێدەکۆشێ رۆژ بە رۆژ دەسەڵاتدارەتی، قانوونمەند بکرێ، ئازادی نەهادینە بکرێ، مافەکان سەقامگیر ببن. تێدەکۆشێ رۆژ بە رۆژ عەقڵییەتی بەیەکەوە حاوانەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لە عێراقدا جێ بخا و یەکێک لە پایەکانی، جێ خستنی فیدرالیزم و لەگەڵیەک حاوانەوە بووە. دەبێ حکوومەتەکانی تاران، ئانکارا، دێمەشق لە داهاتوودا تەجروبەی عێراق و تەجروبەی هەرێمی کوردستان وەک فورسەت چاو لێبکەن. ئاوای چاولێبکەن کە لە داهاتووی ئێرانیش دا(ئەزموونیان لێوەربگرن). هیوادارم لایەنە ئێرانییەکان چ ئەوانەی کە لە نێو دەسەڵات دان و دژی کۆماری ئیسلامییشن، چ ئەوانەی کە بە گشتی لە دەرەوەی دەسەڵات دان و دژی کۆماری ئیسلامین و خەبات دەکەن بەو چاوە

چاو لە قەزیەی کورد بکەن، ئەو دیدی ئەمنیەتی و بە چاوی تەهدید چاولێکردنە وەلا بنێن و کورد بۆ داهاتووی ئێران و لە دروست کردنەوەی ئێراندا بە فورسەت دا بنێن و ئەگەر تەجروبەی کوردستانی عێراق و عەقڵییەت و بۆچوونی ئێمە وەک فورسەت چاوی لێ بکرێ و لە ئێران نەهادینە بکرێ. دڵنیام ئەو وەختی عەقڵییەتی ئیدارەی ئێران لە لایەن هەموو لایەکمانەوە بە یەکەوە دەتوانێ جێ بکەوێ و جێگای خۆشیەتی لێرە ئێمە ئەو تەئکیدە بکەینەوە کێشەی کورد لەگەڵ هیچ نەتەوەیەک نییە. ئێمە لەگەڵ هیچ نەتەوەیەک چ نەتەوەی عەرەب، چ نەتەوەی تورک، چ نەتەوەی فارس، چ نەتەوەی ئازەری شەڕ و کێشەمان نەبووە. لانیکەم لە ئێران کێشەی ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتە مەرکەزییەکان بووە. کێشەی کۆماری کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی حکوومەتی شایەتی بوو کە حکوومەتی کۆماری کوردستانی قبووڵ نەکرد و تەنانەت لە ڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆش حازر نەبوو ئیحترام بۆ داواکانی دابنێ و قسەی لەسەر بکا.

کێشەی ئێمە لە ئێران لەگەڵ سیستمی کۆماری ئیسلامی و عەقڵییەتی جمهووریی ئیسلامییە، لە گەڵ عەقڵییەتی ئەو کەسانەیە کە لە تاران حکوومەت دەکەن و خۆیان بە خودی دادەنێن و ئێمە بە غەیری خودی دادەنێن. بۆیە پەیامی ئێمە لێرەدا پەیامی یەکدەنگی و هاوڕێیەتی لەگەڵ تەواوی نەتەوەکانی ئێرانە دژی کۆماری ئیسلامی و لەسەر ئەو ئەساسە ئێمە هەمیشە تەئکیدمان لە سەر ئەو پەیامەمان کردۆتەوە. بۆیە وەک ڕێگاچارەش ، ئێمە مادام باوەڕمان بە فیدرالیزمە، هەمیشە ئەو حەللەمان هێناوەتە گۆڕێ، گوتومانە ئێمە لە ڕێگای گفتوگۆ و لە ڕێگای دیالۆگ لە ڕێگای ئیعتراف بە مافەکانی ئێمە، ئامادەین لە داهاتووی ئێران دا لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیکە، ئێران ئیدارە بکەین. بەڵام ئەگەر کورد کە هەوڵ دەدا بە شێوازی جۆراوجۆر مافەکانی لە ئێران دا جێ بکەوێ ئەگەر بە گفتوگۆ کێشەی ئێمە چارەسەر نەبێ ئەگەر حەدی ئەقەلی داواکانمانیان قبووڵ نەکرد، خودموختارییان قبووڵ نەکرد، فیدرالیزمیان قبووڵ نەکرد، ئەو میللەتە وەک هەموو میللەتانی دنیایە حەقی خۆیەتی مادام لە ئێران لەگەڵ خۆی ناخەن و مەجالی پێنادەن، ڕێگاچارەی دیکە هەڵ بژێرێ. بۆیە هیوادارم ئێمە هەموو لایەکمان تێ بکۆشین ئەو عەقڵییەتە لە نێو کۆمەڵگەی کورد لە کوردستانی ئێران دا جێ بخەین و هەروەها بیکەین بە عەقڵییەتێکی گشتگیر لە ئێران دا.

بۆ جارێکی دیکە لە ٦٦ ساڵەی کۆماری کوردستاندا هیوادارم کە ئەرک و وەزیفەکانی کۆمار بکەینە سەرمەشقی خۆمان. ئەو دیاردە نەتەوەییەی کە کۆمار بۆ ئێمەی بەجێ هێشتوە کە کاتی خۆی کە کۆمار دروست بوو، بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەمووی ئەو بەشە لە خەڵک لەو بەشەی کوردستان دروست بوو، لە هەمان کات دا بەداخەوە تێکشکانەکەشی هێندێک پێوەندیی بە ناکۆکیی نێوخۆییەوە هەبوو. ئەوەی دووەم لە نێو ئێمەدا نەمێنێ ئەوەی یەکەم بە قووەت بێ، واتا ڕۆژ بە ڕۆژ تێبکۆشین هاودەردی و هەماهەنگی و یەکگرتوویی نەتەوەیی لە نێو ئێمەدا بە قووەت بێ. هیوادارم ئەو ئاواتە زوو وەدی بێت و ڕێز گرتن لە ساڵرۆژەکانی داهاتووی کۆماری کوردستان لە نێوخۆی وڵات لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە بەشداریی هەموو ئەو لایەنانە بێ کە لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوایەتی دا تێکۆشاون.


جارێکی دیکەش بەرز و پیرۆز بێ یادی کۆماری کوردستان و هەروەها یادی سەرۆک کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد. بۆ ئێوەش هەر داوای ساغی سڵامەتی دەکەم و هەموو لایەکمان بەیەکەوە سەرکەتوو بین.

*سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢٩ی جانێویری ٢٠١٢*

# پێشەوا و کۆماری کوردستان

د. کەمال مەزهەر

وەک مێژوونووسێکی کورد گەلێک نووسینم بۆ بابەتی کۆڕی ئەمڕۆ تەرخان کردووە، لە دووەم لانەی دوکتۆرانامەکەشمدا باسی پێشەوا و کۆماری کوردستانم کردووە، هەر بۆیە کاتێک چووم بۆ بەریتانیا یەکێک لەو بابەتانەی دەمویست لە نزیکەوە بیزانم ئەوەبوو ئایا دیبلۆماسە ئینگلیزییەکان لە ڕاپۆرتە نهێنییەکانی خۆیان دەربارەی پێشەوا و کۆماری کوردستان چییان نووسیووە، کە من ناوم لێی ناوە(هەڵهاتن و خێرا ئاوا بوونی خۆری کۆماری مەهاباد) وێرای ئەوانە گەلێک لە نزیکەوە ئەوانەم دەناسی کە پێوەندییان بە پێشەوا و کۆماری کوردستانەوە هەبووە، وەک دوکتۆر ڕەحیمی قازی ئامۆزای پێشەوا و برای سەیفی قازی، رەحیمی قازی لە شاری(باکۆ) ی پایتەختی ئازەربایجانی یەکێتیی سۆڤیەت دوکتۆرای لە مێژوودا وەرگرتبوو،هەروەها دوکتۆر عادل گەلاوێژ کە لە بنەماڵەی بەگزادانی مەهاباد بوو، دوکتۆرای لە ئابووریدا وەر گرتبوو، یان سولتان ئۆتەلیکی کە پزیشک بوو، یان قادری مەحموودزادە کە ئەویش پزیشک بوو، هەر هەموویان وێرای هاورێکانی دیکەیان بریتیی بوون لەو پەنجا لاوەی کۆماری کوردستان ناردبوونی بۆ خوێندن و پاش ڕووخانی ئەو کۆمارە بوونە پەنابەر لە یەکەتیی سۆڤیەت و زۆربەیان لە شاری باکۆ دەژیان و ئەوانی دیکەیشیان لە شاری مۆسکۆ، یان محەمەدی مەولوود کە یەکێک لە پێشمەرگە هەرە ئازاکانی کوردستان بوو، سۆڤییەتیەکان ڕێزێکی زۆریان دەگرت و تەنانەت شوقەیەکی سەربەخۆییان لە شاری بە باکۆ پێ دابوو، ئەوەیش بۆ ئەو ڕۆژگارە زۆر بوو، کە دەچوومە باکۆ زوو بە زوو سەرم لێی دەدا، لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا هەر لە باکۆ کۆچی دوایی کردووە، کچەکەی لە سەر وەسیەتی باوکی، هاتۆوەتەوە مەهاباد و مشتێک لە خاکەکەی بردووە بۆ باکۆ و بە سەر گلکۆی ئەو گۆرە غەریبەیدا کردووە، ئەمە شتێکە کەس ناتوانێت لە یادی بکات.



بەر لە دروست بوونی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان(ژێ کاف) و هاتنە ناو کۆڕی خەباتەوە پێشەوا قازی محەمەد لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا بووەتە ئەندامی کۆمەڵەی خۆیبوون، کە ساڵی ١٩٢٧ بە نهێنی بەدرخانییەکان دایانمەزراند و هەمان کات هەر بیست ئەندامەکەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان وەک پێشەوا قازی محەمەد بوونە ئەندامی کۆمەڵەی خۆییبوون.

ڕۆژی ٢٢ی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە تەختایی چوارچرای شاری مەهاباد سازکرا، کە پتر لە بیست هەزار کەس بەشداری بوون و تێکرا دەنگیاندا دەربارەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد بە نیازی مسۆگەرکردنی دوارۆژێکی چاک بۆ نەتەوەی کورد کە ڕۆلەکانی لە دەمێک ساڵەوە چاوەڕوانی هەڵهاتنی ڕۆژێکی وەها شاد بوون، پێشەوا لە وتە مێژووییەکەی خۆیدا فەرموویەتی(ئەمڕۆکە گەلی کورد توانیی کۆمارێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت لە خاکی باب و باپیرانیدا، بە ئەوپەری ئازادییەوە، پێویستە بێ وچان ڕوو بکەینە خوێندن و پیشەسازی و کشتوکاڵ بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی

گەلەکەمان و پێویستە هەتا هەتایە گەشبین بین) دوا بە دوای وتە بە نرخەکەی پێشەوا بەدەم هاژەی چەپلە ڕێزانی جەماوەرەوە، سەیفی قازی بانگی ئەوەی دا کە پێشەوا کرایە سەرۆککۆماری کوردستان، دوا بە دوای هەڵبژاردنی پێشەوا بە سەرۆککۆمار بە ڕاوێژکاری کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، ڕۆژی ١١ی مانگی شەباتی ١٩٤٦ بڕیاری دامەزراندنی ئەنجوومەنی وەزیرانی کۆماری کوردستان درا و بابە شێخ بە سەرۆکوەزیران هەڵبژێردرا و نێوی هەر سێزدە وەزیرەکە ڕاگەیێندرا، کە بریتیی بوون لەم بەڕێزانە(محەمەدئەمینی مەعینی وەزیری کاروباری ناوخۆ، محەمەد حسێنی سەیفی قازی وەزیری کاروباری بەرگری، محەمەد ئەیوبییان وەزیری تەندروستی، عەبدولڕەحمان ئیلخانیزادە وەزیری دەوڵەت، ئیسماعیل ئیلخانیزادە وەزیری ڕێگەوبان، ئەحمەد ئیلاهی وەزیری ئابووری، کەریم ئەحمەدی وەزیری پۆست و کارەبا، مستەفا داودی وەزیری بازرگانی، مەنافی کەریمی وەزیری خوێندن، مەحموود وەلیزادە وەزیری کشتوکاڵ، ستیپ حەیدەری وەزیری ڕاگەیاندن، خەلیل خوسرەوی وەزیری کاروبار، مەلا حسێنی وەزیری داد) دوا بە دوای ئەوانە پێشەوا قازی محەمەد فەرمانیدا کە سەرۆک وەزیران و هەر سێزدە وەزیرەکان سوێندی دڵسۆزیی لە کارەکانیاندا بخۆن و لەوکاتەدا وەزیری داد، مەلا حسێن ئاڵای کوردستانی بەرزکردبۆوەوە تاوەکوو گشتیان چوونە ناو ئەو شوورەوە کە پێشەوا قازی محەمەدی لێ بوو، پێشەوا و سەرۆک وەزیران و گشت وەزیرەکان یەک لە دوای یەک ئەو سوێندەیان خوارد، بە خواوەندی گەورە و بە قورئانی پیرۆز و بە نیشتیمان و بە پیرۆزی گەلی کوردستان و ئاڵاکەی، کە مایەی شانازیمانە سوێند دەخۆم کە خزمەتگوزار بم و تا دوا هەناسەی ژیانم هەوڵبدەم بۆ ئازاد کردنی گەلی کوردستان و شەکاندنی ئاڵا پیرۆزەکەی، خۆزگە هەموو کوردێکی دڵسۆز سوێندێکی وەهای دەخوارد، کە هەرگیز و هەرگیز خیانەت لە خاکی کوردستان نەکات، ئینجا پێشەوا بە تەنیا و بەدەم چەپلە ڕێزانی جەماوەرەکەوە ئەم سوێندەی خوارد؛ "شانازیی دەکەم کە بە سەرۆک کۆماری کوردستان هەڵبژێردرام و پەیمان دەدەم کە برایەتی کورد و ئازەری بپارێزم و هەوڵ بدەم بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئاواتە پیرۆزە". دوای ئەوە سەرۆک وەزیرانی کۆمار و هەر سێزدە وەزیرەکەیش هەر سوێندەیان دووپات کردەوە.

لەگەڵ هەموو کێشە و کۆسپەکانیشدا، کۆمار توانی هەنگاوی باش بنێت، وەک بەڵگە لێرەدا تاکە نموونەیەک دەهێنمەوە کە(ئارچەر) خۆی ئەمەریکاییە دانی بەوە ناوە کە لەو ڕۆژانەدا هاتۆوەتە کۆمار دەڵێت: مرۆ سەری سوور دەمێنێت لە دیاردەیەکی یەکجار سەیر بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، ئەویش ئەو بارودۆخە ئازادییەیە کە لە کۆماری کوردستان هەیە، تەنانەت لە کۆماری ناوبراودا تاکە بەندێکی سیاسیی چییە نییە.

شیاوی گوتنە کە سروودێکی نیشتمانی بۆ کۆمار دانرا بە ناوی(ئەی ڕەقیب)ـەوە کە لە شیعری(دڵدار)ە، ئەندازیاری خوا لێخۆش بوو نووری سدیق شاوەیس ئاوازی بۆ دانا بوو، هەروەها بە پێی بڕیارێکی تایبەتی، زمانی کوردی، کرایە زمانی فەرمی لە سەرتاپای کۆماردا و دەستکرا بە بڵاوکردنەوەی ژمارەیەک ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی ئەوانیش وەک(ڕۆژنامەی کوردستان کە سەدو سێزدە ژمارەی لێ دەرچوو،وێرای گۆڤاری هاواری کورد و هاواری نیشتمان و هەڵاڵە، کە هەموویان بۆر بڵاوکردنەوەی ئەدەب تەرخان کران، گۆڤاری گرۆگالی منداڵانی کورد، کە سێ ژمارەی لێ دەرچووە، لە هەمان کاتدا بۆ یەکەمجار شانۆی کوردی لە مەهاباد دامەزرێنرا، ئەوەیش هەنگاوێکی گەلێک پێویست بوو، هەر لەم ڕۆژانە یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان ڕۆژی ١٤ـی مانگی مارتی ١٩٤٦ دامەزرێنرا، وێرای ئەوانە سووپای گەڵ بە ناوی (پێشمەرگە)وە دامەزرێنرا، وشەی پێشمەرگە لەوساوە بووە وشەیەکی باو لە ناو زمانی کوردیدا،

***ئاخر پێش دامەزراندنی کۆمار شتێک نەبووە بە ناوی پێشمەرگە، ئەو وشەیە بۆ یەکەمین جار لەو کاتەوە بە کار هێنرا.***

***وێرای ئەمانە ڕۆژی ١٧ـی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ پێشەوا ئاڵای کوردستانی دایە بارزانی نەمر، کە پلەی جەنەراڵ و سەرۆکی ئەرکانی سپای کۆماری کوردستان بوو بۆ ئەوەی لای خۆی بیپارێزێت، لە بەر ڕۆشنایی ئەو ڕووداوە مێژووییە گەورەیەدا حەز دەکەم لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکەم کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ١١ـ ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩ بڕیاری دا کە هەر ئەو ئاڵایە، بکرێتە ئاڵای هەرێمی کوردستان.***

***سەرچاوە : سایتی هەولێر / ڕێکەوتی : ٩ی جانێویری ٢٠١٢***

# هێزی پێشمەرگە لە کۆماری کوردستان

ئاگری ئیسماعیل نژاد

بەڕێوەبردنی وڵات یەکێ لە داخوازییە سەرەکییەکانی کوردەکان لە خەباتی خۆیاندا بووە و بۆ ئەو مەبەستەش پێکهێنانی هێزێکی نەتەوەی یەکێ لە سەرەکیترین کارەکانی خەباتگێری کورد بووە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان چۆن پێکهاتووە؟



ئەنور دڵسۆز لە سەروتاری ژومارەی ٦٥ ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆماری کوردستان دەنوسێت:

" هەروا هەر وەک دەبیین لەشکرمان لە خودی مێلەت دەرچوو و کارگەر و ڕەنجبەر و ئاغا و توجار هەموو بۆ ئامانجێک لە ژێر بەیداغی موقەدەسی کوردستان کاردەکەن و داواکاری عادڵانەی حقوق و ئازادی و سەربەستی بۆ میللتی کورد دەکەن" (١)

لە پێش ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا زۆربەی لاینگرانی حیزبی دێمکرات چەکیان دەستکەوت بوو هەر بۆیەش سەرکردایەتی ئەو حیزبە ئەو کەسانەی ڕێکخست بوو و وەک هێزی چەکداری سەر بە حیزبی دێمکرات دەناسران.

لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ لە لایەک قوتابییەکان کە بریتی بوو لە کور و کچی هەموو قوتابخانەکانی مەهاباد و لەلایەکیش هێزی پێشمەرگە ڕاوەستا بوون.

دوو کەس وەک نوێنەری هێزی پێشمەرگە لە ڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان وتاریان خوێندەوە "ژنرال حەمە حوسین خانی سەیفی قازی وەک کۆمەگ فەرماندەی هەموو هێزەکانی کوردستان" و "سەرهەنگ محەمەدی نانەوازادە فەرماندەی هێزی مەرکەزی حیزبی دێمکرات" (٢)

ڕۆژی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و فەرماندەرانی ئەو هێزە "بەیعەت" لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد دەبستن (٣)

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دوو بەشی سەرەکی پێکهات بوو :

١- لاینگران و ئەندامانی حیزبی دێمکرات کە وەک هێزێکی نیزامی ڕێکخرا بوون.

٢- ئەو هێزە نیزامییەی کە هێزی چەکداری خێڵە کوردەکان بوون و هاتبوونە ناو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

"ستراتجی سیاسی و پێشمەرگەیی حکومەتی کوردستان هەمان ستراتجی سیاسی پێشمەرگەی حیزبی دێمکراتی کوردستان بوو"(٤) بۆیە دەکرێت بڵێین کە هێزی پێشمەرگە خۆی بە هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتی ئازەربایجان دادەنا و کارتێکەریەکی زۆری یەکێتی سۆڤیەتی بەسەرە وە بوو و ئەو بەشە لە هێزی پێشمەرگە کە وەک ئەندامی حیزبی دێمکراتی کوردستان چەکدار کرا بوون جەل و بەرگیان وەک جل و بەرگی لەشکری سۆڤیەتیان لەبەر دەکرد.

لە گەڵ ئەوەش کەسێک بە ناوی" سەلاحەدین کازمۆڤ کە پلەی سەروانی هەبووە لە سوپای سۆڤیەتدا و خەڵکی مەهاباد "کاکاغایان" پێگوتووە هاوکاری حیزبی دێمکراتی کردووە بۆ ڕاهێنانی پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە "(٥)

لە کابینەی حکوومەتی کوردستان وەزیری جەنگ دانراوە و ژنراڵ حەمە حوسین خانی سەیفی قازی وەزیری ئەو وەزارەتخانەیە بووە بەڵام لە رۆژنامەی کوردستاندا و نامە رەسمیەکانی حکوومەتی کوردستان بە سێ نێو باسی ژنراڵ حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی و وەزارتەکەی کراوە :

١- وەزیری هێز دێمکراتی کوردستان
٢- وەزیری جەنگ
٣- وەزیری هێزی میللی (٦)

هێزی پێشمەرگە کوردستان راهێنان و مەشقی تایبەتی خۆی پێکراوە (٧)

خولی ڕاهێنانی پێشمەرگە ٤ مانگی خایاندووە و لەو چوار مانگەدا بژیو و شوێنی حەوانەوەیان لە ئەستۆی حکوومەت بووە و هەر پێشمەرگەیەک مووچەی مانگانەی ١٥هەتا ٢٥ تمەنی وەرگرتووە.(٨)

پلەی نیزامی لە پێشمەرگەی کۆماری کوردستان پتر بە پێی دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری دابەشراوە و ئەو هێزە ٤ ژنراڵی بووە :

١- حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی
٢- مەلا مستەفا بارزانی
٣- محەمەد رەشید خانی خان قادرزادە(حەمە رەشید خانی بانە)
٤- عومەر خانی شەریفی (عومەر خانی شکاک)
و سەرجەمی ئەندامانی کومیتە ناوەندی حیزبی دێمکراتیش پلەی "مایور"یان پێدراوە (٩)

ژنراڵ حەمە حوسێن خان لە وتارێکی دا (کە لە رۆژی هەینی ٢٠ی پوشپەری ١٣٢٥ پاش گرانەوەی هێزی پێشمەرگە لە مەشق دەیخوێنێتەوە) دەڵێت: ئەمرۆ ٤٥ هەزار فیدای لە ئیختیاری مندایە و گشت ئامادەن بە چکۆڵەترین ئیشارە خوێنی پاکی خۆیان لە

ڕێگای پاراستنی نیشتمان بڕێژن"(١٠)

ئەو ڕێژەی کە لەو وتارەدا باسی کراوە سەرجەمی پێکهاتەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە.

چۆنێتی وەرگرتنی هێزی پێشمەرگە

هێزی پێشمەرگە کوردستان بۆ وەرگرتنی پێشمەرگەی ئەو مەرجانەی دانا بوو:

١- سەڵت بێت

٢- تەمەنی نابێت لە ١٨ خوارتر و لە ٣٠ زیاتر بێت

٣- لە ئەزموونی لەش ساغی دەرچێت

٤- خاوەنی ڕەوشتی باش بێت (١١)

حکوومەتی کوردستان لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگەدا ئەو بەرپرسایەتیەی هەبوو:

١- دابین کردنی بژیوی ژیان لەو ئاستەدا کە بکرێت پێشمەرگەیەک سەربەرزانە پێی بژیت

٢- دابین کردنی شوێنی حەوانەوە

٣- مووچەی مانگانە ١٥تمەن بۆ پێشمەرگەی پیادە و ٢٥ بۆ پێشمەرگەی سوار ئەگەر ئەسپ و زین هی خۆی بێت

٤- لە پاش ٤ مانگ خولی ڕاهێنان ئەگەر پێشمەرگە بۆ کارێکی دەوڵەت ڕاسپێردرێت و لە دەرەوەی ئەرکی خۆی بێت ڕۆژێ یەک تمەنی دەدرێتێ (١٢)

هێزی چەکداری خێڵە کوردەکان

* وەک باسمان کرد هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دوو بەش پێکهاتووە ئەو بەشی کە هێزی چەکداری خێڵە کوردەکان بوو دەکردن واتە لە ڕاستیدا هێزی ئێلەکان لە ژێر فەرماندەهی سەرۆک ئێلەکاندا بووە گەورەی خێلەکەیان سەرکردایەتی

ئیگڵتن سەبارەت بە هێزی چەکداری ئێلە کوردەکان دەڵێت: ڕێژەیان ١٢٧٥٠ کەس بووە

لە ناو ئێلەکانی کوردستاندا بارزانییەکان بە ٢١٠٠ کەس و بە سەرکردایەتی جەنابی شێخ ئەحمەد بارزانی و ژنراڵ مەلا مستەفا بارزانی زیاترین هێزیان بووە.

ئێلی هەرکی پاش بارزانییەکان زیاترین چەکداریان بووە ڕێژەی چەکداری ئەوانیش ١٧٠٠ کەس بووە.

شکاک ، فەیزوڵابەگی ، پیران، زەرزا، گەورک ، مەنگوور ، مامەش ،بەگزادەی بانە ، دێبوکری لەو ئێلانە بوون کە چەکدارەکانیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەتووە.

لەگەڵ ئەوەش ئیگلتن باسی ئەوە دەکات کە ١٥٠ کەس پێشمەرگەی کۆماری کوردستان هەورامی و جوانرۆی بوون (١٣)

*ئەو ١٥٠ کەسە وەک ئەندامی حیزبی دێمکرات بونە پێشمەرگە نەک وەک ئێل، چوون سەرجەمی هێزەکانی سەر بە ئێلەکان سەرۆکەکانیان گەورە پیاوانی ناو ئێلەکەی خۆیان بوون بەڵام ئەو ١٥٠ کەسە سەرۆکێکی دیاری کراوی سەر بە ئێلی خۆیان نەبووە و تەنیا وەک پێشمەرگە ناویان هاتووە.

## هێزی پێشمەرگە و زمانی کوردی

زمانی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان نەتەنیا زمانی فەرمی دام و دەزگای حکوومەتی بووە و لە قوتابخانەکان بەو زمانە خوێندراوە بایەخێکی تایبەتیش بەو زمانە داوە.

لە کابینەی حکوومەتی کوردستان دوو وەزارتخانە بۆ چالاکی فەرهەنگی و گەشەی کلتووری دامەزراوە وەزارتخانەی " فەرهەنگ" کە وەزیرەکەی مەنافی کەریمی بووە و وەزارتخانەی "تەبلیغات" کە وەزیرەکەی سەدیقی حەیدەری بووە (١٤)

لە پاڵ ئەو دو وەزارتخانەیە لێژنەیەکی فەرهەنگیش دامەزرا بوو بۆ پەرەسەندی و بەکار هێنانی زمانی کوردی و هەر وەها ئەو لێژنەیە بەسەر خوێندنی منداڵان ڕادەگەیشت.(١٥)

*لە پاش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و لە دانیشتنی ئەفسرانی هێزی پێشمەرگە لە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ دا دەست دەکرێت بە ڕۆنانی وشەی و زاراوەی نوێ بۆ کاروباری لەشکری و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێندێک لەو وشانە بەو جۆرەی خوارەوەن:

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەرباز | پێشمەرگە | ٥ | گورهان | چڵ | ٩ | لەشکر | لەشکر |
| ٢ | جوگە | لێژگە | ٦ | گوردان | لک | ١٠ | سپاه | هێز(١٦) |
| ٣ | گروە | قۆڵ | ٧ | هەنگ | پۆل | | | |
| ٤ | دەستە | دەستە | ٨ | تیپ | تیپ | | | |

سەرجەم ١٦٠ زاراوە و وشەی نوێ بۆ کاروباری پێشمەرگە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا داندراوە و بەکار هاتووە ئەو وشانە لە دو دانیشتنی ئەفسەرانی کۆمار ڕۆنراون یەکەم دانیشتن لە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بووە و دانیشتنی دووهەم لە ٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا بووە.

هەموو ئەو وشانە کە دانراون بۆ کاری هێزی پێشمەرگە لە ٥ ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاوبۆتەوە و لە ژمارەی ٢٣

ڕۆژنامەی کوردستان "سەرپۆل دووهەم محەمەدی نانەوازادە فەرماندەی هێزەکانی ناوەندی حیزبی دێمکرات" داوای لە خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان کردووە کە ئەگەر زاراوەیەکیتریان پێشک دێت بە نوسراوە بۆ ناوەندی هێزی پێشمەرگە بینێرن.

## شەرو شەهیدەکانی هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەقز دووجار بە توندی بەگژ هێزی دەوڵەتی ئێراندا چوون هەر دوو جارەکە توانییان هێزی ئێران بە سەختی شکست بدەن.و چەکوچۆڵی زۆریان دەست کەوێت.

یەکەم شەری هێزی پێشمەرگە لە ١٢ی گوڵانی ١٣٢٥ کە هاوکات بوو لەگەڵ دانیشتنی نوێنەرانی هاوبەشی کوردستان و ئازەربایجان ئەوان لە ٨ی گوڵان ١٣٢٥ گەشتبوونە تاران هەتا لەگەڵ بەرپرسانی تاران کۆببنەوە بەشدار بووانی ئەو شەرە پێشمەرگەکانی ئێلی بارزانی و ئەفسرانی باشووری کوردستان بوون و هێزی پێشمەرگە سەرکەوت و ژنراڵ حەمە ڕەشید خانی خان قادرزادە لە نامەیەکدا کە بۆ پێشەوای دەنێرێ، دەنوسێت:

"لەو شەڕەدا زیاتر لە ١٠٠ کەس لە هێزی ئێران کوژراوە و ٣٩ کەس بەدیل گیراوە و هێندێ تفاقی جەنگی دەست کەوتووە" (١٧)

ژنرال حەمە ڕەشید خان هەر لەو نامەیەدا داوای کرد کە ئەفسرانی هێزی بەشدار بوو لەو شەرە و یارمەتیدەرەکانیان پلەیان بەرز بکرێتەوە لە لایان پێشەواوە خەڵات بکرێن ئەو کەسانەی کە داوای خەڵاتیان بۆ کرا بوو بریتی بوون لە :

میرحاج،بەکر حەوێزی، مستەفا خۆشناو، وەهاب ئاغا و یارمەتیدەرەکانیان :محەمەد ئەمین میرخان، مامەند مەسیح، ساکۆ، خۆشەوی خەلیل ڕۆژی ٢٥ی گوڵانی ١٣٢٥لە ناوچەی سەردەشت لە نێوان هێزی کوردستان و سپای حکوومەتی تاران شەر ڕوودەدات و کەسێک بەناوی سەعید بەگ دەکوژرێت.

لە ڕۆژی ٢١ی جۆزردانی ١٣٢٥ نوێنەرایەتی کورد_ئازەربایجان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی تاران لە تەورێز بۆ جاری دووهەم دادەنیشن لەو دانیشتنەدا پێشەوا قازی محەمەدیش بەشدار دەبێت لە ڕۆژی ٢٥ی جۆزردانی ١٣٢٥دا. هێزی ئێران بە سەرکردایەتی حاجی عەلی ڕەزمئارا کە فەرماندەی هەموو هێزەکانی ئێران بوو هێرش دەکاتە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شەرێکی قورس لە ناوچەی مامەشا و میرەدێ سەقز ڕوودەدات لە قۆڵی مامە شا کە پێشمەرگەکانی ئێلی بارزانی شەر دەکەن خۆشەوی خەلیل و ١٠ کەسیتر بریندار دەبن بەڵام برینی خۆشەوی خەستر دەبێت خۆشەوی بۆ چارەسەری برینەکانی دەنێردەرێتە تەورێز پاش چوار ڕۆژ لە بەر قوڵی برینەکانی لە تەورێز شەهید دەبێت.

تەرمەکەی خۆشەوی خەلیل دهێندرێتەوە مەهاباد و لە گۆرستانی مەلاجامی دەینێژن.
لە قۆڵی میرەدێش کە پێشمەرگەکانی ئێلی فەیزوڵابەگی شەر دەکەن محەمەد ئاغای شقۆیف شەهید دەبێت.

لەو شەڕەشدا ٥٠٠ کەس لە هێزی ئێران دەکوژرێ و ۲٥٠کەس بریندار دەبێت و دو تانک و دوو فرۆکەی هێزەکانی ئێران تێکدەشکێندرێن (۱۸)

سەرپۆلی دوو محەمەدی نانەوازادە فەرماندەی هێزەکانی ناوەندی حیزبی دێمکرات رۆژی ۲٥ی پوشپەری ۱۳۲٥ بە هۆی کەوتنە

خوارێ فرۆکە شەهید دەبێت.(۱۹)

ئەو چوار کەسە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا شەهید بوون.

لە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان هاتنی هێزی ئێران بۆ مەهاباد چەند کەسیتر بە تاوانی فەرماندەهی هێزی پێشمەرگە لە سێدارە دەدرێن ئەوانەش بریتین لە: ژنراڵ حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی رۆژی ١٠ خاکەلێوەی ١٣٢٦ وەک وەزیری هێزی میللی لە سێدارە درا.

حامیدی مازوچی، رەسوڵی نەغدەیی، عەبدوڵا روشنفکر و محەمەد نازمی وەک ئەفسەرانی هێزی پێشمەرگە رۆژی ۱۸ی خاکەلێوەی ۱۳۲۶ لە مەهاباد لە سێدارە دران.

ئەحمەد خانی فاروقی ناسراو بە سالار کە فەرماندەی شەری میرەدێ بوو رۆژی ۱۸ی خاکە لێوە ۱۳۲۶ لە سەقز لە سێدارە درا.(۲۰)

هەروەها رەژیمی عێراق رۆژی ۲۸ی جۆزەردانی ۱۳۲۶ چوار ئەفسەری کۆماری کوردستانی (کە فەرماندەهی شەری سالح ئاوا و مامەشای سەقزیان کرد بوو) لە سێدارەی دا: مستەفا خۆشناو ، خیروڵاعەبدولکریم، محەمەد محمود قودسی و عیزت عەبدولعەزیز.(۲۱)

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ماوەی دەسەڵاتداری کۆماری کوردستاندا دوو دانیشتنی نیزامیان بووە:

یەکەم دانیشتن لە ٥ی جۆزردانی ۱۳۲٥ بووە و سەرۆکی شاندی کوردستان عزت عەبدولعەزیز بووە(۲۲) لەودانیشتنەدا هیچ ڕێکەوتنێک ئیمزا نەکراوە،

دانیشتنی یەکەم لەگەڵ شەری مامەشای سەقز هاوکات بووە.

دووهەمین دانیشتن لەگەڵ فەرماندەرانی هێزی ئازەربایجان و لە ۲۴ی رەزبەری ۱۳۲٥ بووە لەو دانیشتنەدا ڕێکەوتنێک لەگەڵ ئەو هێزە واژۆ کراوە کە لە ۷ خاڵ پێکهاتووە و ناوی ڕێکەوتنەکە "کۆمۆسیونی دیفاعی مشتەرەک"ە .(۲۳)

نێوەرۆکی ڕێکەوتنەکە لەسەر چۆنێتی پێکهێنانی هێزی هاوبەشی کورد_ئازەری بووە.

ئەو ڕێکەوتنە بە هۆی بریاری بەرنگارنەبوونەوەی لەگەڵ هێزی حکومەتی ئێران هەڵوشایەوە.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ هاتنی هێزی ئێران بۆ ناو شاری مەهاباد لە رۆژی ۲۶ی سەرماوەزی ۱۳۲٥ (۱۷ی دێسامبری




١٩٤٦) واتە هاوکات لەگەڵ تێکچوونی حکوومەتی کوردستان هەڵدەوەشێتەوە.

٢٨ دیسامبر ٢٠١٢ هەولێر

سەرچاوەکان:


١- ڕۆژنامەی کوردستان ژوومارە ٦٥

٢- ر.کوردستان ژ ١٠

٣- ر. کوردستان ژ. ١٤

٤- ل ١٧٧ حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤیتیدا، نەوشیروان مستەفا ئەمین، سولیمانی ٢٠٠٦ چاپی دووهەم

٥- ل ١٧٢ حامیدی گەوهەری، کۆماری کوردستان، هەولێر ٢٠١١ چاپی یەکەم

٦- ل ١٨١ حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤیتیدا ، نەوشیروان مستەفا ئەمین، سولیمانی ٢٠٠٦ چاپی دووهەم

٨- ل ٤ ر کوردستان ژ. ٦٦

٨- ل ٤ ر.کوردستان ژ. ٥٤

٩- ل ١٨٠ ، حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤیتیدا ،نەوشیروان مستەفا ئەمین، سولیمانی ٢٠٠٦ چاپی دووهەم

١٠- ل .٢ ر.کوردستان ژ ٦٨

١١و ١٢ : ل ٤ ر.کوردستان ژ ٥٤

١٣- ل ٩٣ کۆماری کوردستان ١٩٤٦ ویلیام ئیگڵیتن جۆنز و. محەمەدی سەمەدی، نادیار

١٤- ل ١٣٩ کوردەکان حەسەنی ئەرفع وەرگێرانی حامید گەوهەری، چ دەزگای وەرگێران ، هەولێر ٢٠٠٧

١٥- ل ٤ ر. کوردستان ژ. ١

١٦- ل ٣ ر.کوردستان ژ ١٢

١٧- نامەی ژ. ٢٢ - ٢٤ دەوڵەتی جمهوری کوردستان نامە و دۆکۆمێنت محموودی مەلاعێزت سۆێد ئازاری ١٩٩٢

١٨- ل ٢ ر.کوردستان ژ ٦٦

١٩- ل ٤ ر کوردستان ژ. ٦٨

٢٠- ل ٥٤٧ - ٥٥٥ زندگی سیاسی قوام السلطنه جعفر مهدی نیا چ ٢ تهران تابستان ١٣٦٦

٢١- ل ٤١٤ کۆماری کوردستان ،حامیدی گەوهەری چ هەولێر ٢٠١١

٢٢- ل ١٩٩ ، حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤیتیدا ،نەوشیروان مستەفا ئەمین، سولیمانی ٢٠٠٦ چاپی دووهەم

٢٣- ل ٢٠٩ حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤیتیدا ،نەوشیروان مستەفا ئەمین، سولیمانی ٢٠٠٦چاپی دووهەم


٢٨ دیسامبر ٢٠١٢ هەولێر




# یادکردنەوەی کۆماری کوردستان، دەستپێشخەریەک بوو بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی

**ئاگری باڵەکی**



ئەمساڵ یادکرنەوەی کۆماری کوردستان، لە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان جیاوازیەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ساڵانی پێشوو، هەرچەندە ساڵانی رابردوو یادی کۆماری کوردستان لە باشوری کوردستان دەکرایەوە، بەڵام جیاوازی ئەمەی ئەمجارەیان ئەوە بوو کە جارێکی تر مێژوو دووپاتە بۆوە. ئەو مێژووەی کە پێش ٦٦ ساڵ لەمەو پێش لە دامەزراندنی کۆمارێکی نەتەوەیی و بەبەشداری نوێنەرانی هەر چوارپارچەی کوردستان تۆمار کرا، ئەوکات بەدەستپێشخەری و میوانداری پێشەوا قازی محەممەد و بەپشتیوانی بارزانی نەمر کۆماری کوردستان لە مەهاباد دامەزرا، دوای ٦ دەیە دیسان مێژوو دوبارە بۆوە و ئەمجار بە دەستپێشخەری و میوانداری جەنابی کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە پشتیوانی قوتابیانی مەکتەبی پێشەوا قازی محەممەد و لە هەر چوار پارچەوە.

ئەو ئاڵاو سروودەی کە ٦٦ ساڵ پێش ئێستا بارزانی بە ئەمانەت لە پێشەوای وەرگرت و بە ئەمانەتیشەوە پێشکەشی بە کاک مەسعود بارزانی کرد، ئەو زاتە بەرێزەش بەوپەڕی لە خۆبردوویی و ئازایانە تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەم ئەمانەتەی پاراستوە، ئەمرۆش بەوپەڕی ئازایانەوە باسی ئەم بابەتە دەکات و دەڵێ: "لەکاتی دادگایی کردنی پێشەوا، کە ئێستا ئەو موستەمسەکاتە دەست کەوتووە، کاتێک رەئیسی دادگا لێی دەپرسێ و دەڵێ بۆ رێگەت دا کابرایەکی بیانیی وەک مەلامستەفای بارزانی بێت بۆ مەهاباد؟ پێی دەڵێ، بارزانی کابرایەکی بیانی نییە، هاتووە بۆ ماڵی برای خۆی. پاشان پێی دەڵێ تۆ ئەم ئاڵایە دەبینی؟ تێفیکی لێ دەکات و فڕێی دەدات و پێی دەڵێت ئەوەیە ئاڵای ئێوە؟ پێشەوا پێی دەڵێ ئەتۆ کابرایەکی بێئەدەبی، کابرایەکی بێ ئەخلاقی، ئەگەرنا ئەوە ئاڵای هەر وڵاتێک بێ، ئاڵای هەرجیهەتێک بێ، تفی لێناکەی. بەڵام ئەو ئاڵایەی تۆ لێی دەترسی لە دەستی کابرایەکی ئەمین دایە و رۆژێکیش هەر هەڵدەدرێت. بۆیە ئەوانەی ئەمرۆ دەیانەوێت ئەم مێژوویە بشێوێنن، بە حەقیقەت خیاڵیان خاوە، حەقیقەتی مێژوو ئەمەیە کە جەنابی بارزانی وەکوو سەربازێک بەرگری کرد لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد. پێشەواش وەکو سەرۆکێک قبووڵمانە و پێشەوامانە و چ پێشەوا قازی محەممەد، چ شێخ مەحموودی حەفید، چ شێخ سەعیدی پیران، چ سەید رەزای دەرسیم، چ شێخ ئەحمەدی بارزانی، چ شێخ عەبدولسەلام بارزانی و چ مەلامستەفای بارزانی، ئەمانە هەموو سەرکردەی ئێمەن و ئێمە قوتابی ئەو قوتابخانەین و تا سەریش ئینشائەڵلا لە سەر ئەو رێبازە بەردەوام دەبین"

بەڵێ دوێنێ بارزانییەکان میوان بوون، ئێستا خانەخوێن و میوانداری کوردان دەکەن لە هەموو پارچەکانی تر، هەروەک پێشەوا قازی محەممەد لەکاتی چوونی بارزانییەکان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوکات فەرمان دەدا بە دامودەزگاکان و گوتی: "پێشوازیەکی گەرم لەوانە بکەن، ئەوانە برای خۆشەویشتی ئێمەن". ئەمرۆکە مێژوو دوبارە بۆوە و ئەوجار بارزانیەکان و لە پێشەوەی هەموویان کاک مەسعود بارزانی کوردانی هەر چوارپارچەی لە دەوری یەک کۆکردەوە و یادکردنەوەی کۆماری کوردستانی کردە شوێن و نوێنگەیەک بۆ ئەوەی کە تێدا باس لە سەربەخۆیی و یەکگرتوویی و مافی چارەی خۆنووسینی ئاشتیانە بۆ کوردان بکات.

بەڵێ هەرماوەیەک لەمەوپێش بوو کە بەرێز کاک مەسعود بارزانی باسی لە گرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کرد لە باشوری کوردستان، ئەو کۆنگرەیەی کە دەتوانێ وتاری کوردی یەک بخات و کوردەکان بۆ جاری دووەم دوای ٦٦ ساڵ لە دەوری یەک کۆبکاتەوە، بەڵام ئەوجارەیان جیاوازتر لە جاری پێشوو، ئەمجار هەموو کوردەکان بڕیارە بە وتارێکی یەک دەنگ و یەک رەنگ روو بەدەرەوە بانگەوازی تەبایی و ئاشتی بکەن بۆ جیهان و بە وڵاتانی دراوسێیان بڵێن کە ئێمە هەڕەشە نین بۆ ئێوە، بەڵکو کوردستان فورسەتێکە بۆ ناوچەکە و کوردەکانیش نەتەوەیەکی ئاشتیخوازن، ئەگەر شەڕیش بکەن بۆ دیفاع لە خۆیانە دەنا پەلاماری کەس نادەن.

لە کۆریادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەتوانین نیشانەکانی بوونی کۆڕبەندێکی نەتەوەیی ببینین و ئەویش بەشێوەی وتاردانی رێبەرانی سیاسی هەر چوار پارچەوە دیار بوو. رێبەرانی هەرچوار پارچەی کوردستان لەم کۆریادەدا وتاریان پێشکەش کرد کە زۆربەی وتارەکان و وتاربێژەکان باسیان لە یەکگرتوویی کورد و بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوەی کورد دەکرد، لە وتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا باسی لە وەکرد کە سەردەمی ئێستا جیاوازە و گوتی: ئێستا سەردەمی بەدەستهێنانی مافەکانمانە. من لەگەڵ ئەوە نیم کە بڵێم ئەبێ مافمان پێبدەن. ئەبێ ئیقراری مافەکانمان بکەن، چونکە کە خوا ئێمەی خەلق کردووە ئەو مافەی بە ئێمە داوە، بە سەربەستی و بە ئازادی بژین. بەشەر ناتوانێ ماف بە بەشەر بدا، بەڵام ئەتوانێ لێی داگیربکات.

هەروەها جەنابی سەرۆک باسی لە ئیرادەی نەتەوەیی کرد و گوتی: "خاڵێکیتر هەیە من دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم کە هەرچی دوژمنانی گەلەکەمان هەوڵیان دا ئیرادەی میللەتی ئێمە بکوژن، نەیانتوانی. هەوڵیان دا دەست بخەنە ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، نەیانتوانی. تووشی گرفت بووین، بەڵام لە هەموو گرفتەکان دەرباز بووین. سوپاس بۆ خوا ئێستا ئێمە تەباین و لە هەمووشی خۆشتر ئەوەیە کە ئەو زەمانە رۆیشت کەسێک بیر لەوە بکاتەوە، خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێ".

وتاری بەرێز د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش باسی لە یەکگرتوویی و قوربانی دان کردو ئەو سوێندەی پێشەوا قازی محەممەدی دوبارە کردەوە و گوتی: "دەمهەوێ سوێندەکەی پێشەوا قازی محەممەد وێردی زمانی هەموومان بێت" کە فەرمووی "بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان و بە شەرافەتی میلەتی کورد، بە ئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم تا ئاخرین هەناسەی ژیانم و رژانی ئاخرین دڵۆپی خوێنم لە رێگای ئازادی کوردستان تێ دەکۆشم".

بەرێز خالید عەزیزی سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە وتارە کورت و پڕنێوەرۆکەکەی دا باسی لە قەراردادێکی

(کۆنتراکت) نەتەوەیی کرد و گوتی : "دیاردەیەکی بە هێزی کۆماری کوردستان کە ڕەنگە ئێستا بە تەواوی سەنەدییەتی پێ نەدرابێ، بەڵام لە هەموو ئاماژەکانی مێژوویی و سیاسیی و ئاوڕدانەوە ئیشارەی پێ دەکرێ و ناکرێ ئینکاری بکەین، ئەویش ئەوەیە کۆنتراکتێکی نەتەوەیی واتە قەراردادێکی نەتەوەیی لە لایەن کۆماری کوردستانەوە دامەزرا. ئەو قەرارداردە نەتەوەییە ٦٦ ساڵ دوای کۆماری کوردستان ئێستاش لە نێو هەموو چین و توێژێکی نەتەوەی کورد لە هەموو ماڵەکان، لە هەموو مەیدانێکی سیاسی دا ناکرێ حاشای لێ بکرێ و ڕۆژبەرۆژ نەهادینە دەبێ و دەبێ بە فەرهەنگ. ئەویش ئاڵای کوردستان، مێژووی کوردستان و هەروەها لە تەنیشت ئەوانەدا سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبە. لە هەموو دنیا دا نەتەوەکان بە رابردوویان پێناسە دەکرێن. رابردووی ئێمەش ئاڵای کوردستان، مێژووی هەموو چالاکی و تێکۆشانی نەتەوەیی کورد و سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبە".

بەڕێز سەلاحەددین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دێمۆکراسی بە نۆبەی خۆی لە وتارەکەیدا باسی لە یەکگرتوویی کوردان کرد لە چوارپارچەی کوردستان و گوتی: "لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەوان ڕێز لەهەر بڕیارێک دەگرن کە حیزبە کوردستانیەکانی ڕۆژئاوا دەیدەن، خۆشبەختانە یەکڕیزیی لەنێو هێزەکانی باشور و ڕۆژئاوای کوردستان هاتۆتە ئاراوە ئەو یەکێتیە لە باکوری کوردستانیش هەیە و بنەمایەکیش بۆ دروستبوونی یەکێتیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاتۆتە ئاراوە. بەڕێز دەمیرتاش وتیشی: ئێستا کاتی ئەوە هاتووە یەکێتی نەتەوەیی کورد بێتە ئاراوە و دەمێکیشە دانوستان لەوبارەیەوە دەکرێت".

من وەک خۆم ئەم وتانەی ئەم ڕێبەرە سیاسیانەی پارچەکانی کوردستان بە سەرەتایەک بۆ یەکگرتوویی لە نێو ماڵی کورد دەزانم و پێموایە ئەوەی خۆی بە کورد بزانێ و باوەری بە کورد و کوردستان هەبێ ئەوە دڵخۆش دەبێ بە هەر هەوڵێک کە لەم بارەیەوە بدرێت.

هیواداریشم کە جەنابی سەرۆک بارزانی لەو هەوڵانەی بەردەوام بێت بۆئەوەی کە کوردانی هەر چوار پارچە لێک کۆبکاتەوە و داواشم لە هێزە سیاسیەکانی چوارپارچە ئەوەیە کە بەپیر ئەو کۆبوونەوە و کۆڕیادانەوە بچن و بۆئەوەی ئێمەش بتوانین گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوومان هەبێت.

ژێدەرەکان:

- ٭ وتاری جەنابی کاک مەسعود بارزانی لە ١٩ی شوباتی ٢٠١٢ لە کۆریادی دامەزراندی کۆماری کوردستان
- ٭ وتاری بەرێز د. بەرهەم سالح لە ١٩ی شوباتی ٢٠١٢ لە کۆریادی دامەزراندی کۆماری کوردستان
- ٭ وتاری بەرێز خالیدی عەزیزی لە ١٩ی شوباتی ٢٠١٢ لە کۆریادی دامەزراندی کۆماری کوردستان
- ٭ وتاری بەرێز سەلاحەدین دەمیرتاش لە ١٩ی شوباتی ٢٠١٢ لە کۆریادی دامەزراندی کۆماری کوردستان

سەرچاوە : ماڵپەری گوڵان میدیا / ڕێکەوتی : ٢١ی فێبریوری ٢٠١٢

# به بۆنەی ڕێورەسمەکەی هەولێر بۆ ڕێزگرتن لە یادی دامەزرانی دەوڵەتی جمهوری کوردستان

سەلاح ئەدیین مەجیدپوور

لە ڕۆژەکانی ١٩ و ٢٠ فێوریەی ٢٠١٢ بە دەستپێشخەری و لە ژێر چاوەدێری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعوود بارزانی، ڕێ و ڕەسمی ڕێزگرتن لە شەست و شەشمین ساڵی دامەزرانی ' دەوڵەتی جمهوری کوردستان'، لە هەولێری پێتەختی باشوری کوردستان بەڕیوە چوو. لەو یادکردنەوەیەدا ڕێکخستنە سیاسیەکانی هەر چواربەشی کوردستان، نوینەرانی کۆمەڵێک وڵاتی بێگانە لە هەرێم و کەسایەتییە سەربەخۆکانی کورد بەشداربوون.



یادکردنەوەی بۆنە مێژوویەکان، و باسکردن لە مێژو خاوەن دو لایەنی گێڕانەوە و توێژینەوەیە. لێکۆڵینەوە و باس لە ڕابردوو هەمیشە بە مەبەستی خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ دەرس وەرگرتن لەو ڕابردوویە، تاکوو بە تیژبینی بڕوانینە داهاتوومان و هەنگاوی بۆ هەڵێنینەوە. لەو گۆشە نیگایە ڕا دەکرێت یادکردنەوەی دامەزراندنی ' دەوڵەتی جمهوری کوردستان' لە ئێستا دا، و لە لایەن بەرزترین دزگای دەستەلاتدارێتی قانوونی باشوری کوردستان، وەک پەیامێکی بە هێزی سیاسی بۆ جیهانی دەوران پشتی کوردستان بخوێندرێتەوە. لە هەمان کاتدا ڕێخۆشکەر بێت بۆ پاڵ وێکدانی وزە و تواناکانی کوردان لە پێناو ژیاندەنەوەی بەهاکانی 'دەوڵەتی جمهوری کردستان'.

ساڵیادی دامەزرانی ' دەوڵەتی جمهوری کوردستان' لە هەلومەرجێکی تایبەت ،هەستیار و پڕ لە هەژانی ناوچەیی دا بەڕیوە چوو. تایبەتمەندی گۆرانکارییە ناوچەییەکان بریتین لە، هەوڵ بۆ ژیانەوە و بەهێزکردنی بەها نەتەوەیی، دینی و دێمۆکراتیکەکان. هەر لەو سۆنگەیەشەوە کورد و کێشەکەی ئێستا پتر لە هەموو کاتێک لە ڕیزی یەکەم ئەولەویتەکانی دەستوری کاری هیزە ناونەتەوەیی و ناوچەیەکان دان. ئەگەر لە ڕابردودا کوردستان بۆ هەموو لایەنەکان لە ڕوانگەی ژئێۆپۆلەتیک ڕا جێگای سەرنج بوو، لە ڕۆژیی ئەورۆدا پوتانسێلی ژئێۆئێکۆنۆمیکی کوردستانیش بۆتە جێگەی سەرنج و بایخێکی بەرچاویشی پێدەدرێت.

بە لە برچاوگرتنی ئەو هەلومەرج و ئاڵوگۆڕانە، مرۆڤ دەکارێ، خوێندنەوەیەکی دیکەی لەو دەستپێشخەریەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یادکردنەوەی 'دەوڵەتی جمهوری کوردستان' هەبێت. وتەکانی سەرۆکی هەریمی کوردستان لە یەکەمین ڕۆژی کرانەوەی ئەو یادەدا بەرینایی و قولایی ڕوانگەی دەزگای سیاسی و حکوومی باشووری کوردستانی دەرحەق بە سەرجەم بزوتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان نیشان دەدات. ناوەرۆکی وتەکانی سەرۆکی هەرێم بریتی بوو لە ڕێز لێنان لەو ڕۆژ و دیاردە مێژووییە، بە سیحەب کردنی دەسکەوت و هێما نەتەوەییەکان، یەک نەتەوەبوونی کورد، لە سەر حەق بوونی کوردان بۆ پێداگری لە سەر

دەستەبەرکردەنی مافە نەتەوەییەکانیان، شێوازی گەیشتن بە مافەکان و تایبەتمەندی بەشەکانی کوردستان. بە پێی پێگەی هەریمی کوردستان لە سیاسەتی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا، جێگایی خۆیەتی کە ئەو تێرۆانینانەی سەرۆکی هەرێم وەک بەرزترین دەستەڵاتی هەریمی کوردستان بە هەند وەربگیرێت.

ئەو هەڵوێستەی دەستەڵاتدارێتی هەرێمی کورستان خاڵێکی ئەرێنیە، کە دەکرێ هاندەرێکی مەزن بێت بۆ پێکهێنانی ئێتلافێکی نەتەوەیی لە گوێن سەردەمی پێکهێنانی ' دەوڵەتی جمهوری کوردستان' . شتێک کە لە ژێر تیشکی ئاڵوگۆره یەک لە دوایەکانی ناوچە، و گرینگی و سەقامگیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ،هەتا دێت وەک پێداویستیکی حاشاهەڵنگەریی لێدێت. ئێتلافێک کە لە گەڵ دیاری کردنی بەرژوەندییە نەتەوەییەکان، نەخشەی ڕێگای بۆ بەرەو پێشبردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد دیاری بکات.

هەر بۆیە یادکردنەوەی 'دەوڵەتی جمهوریی کوردستان' بە دەسپێشخەریی و ئیبتکاریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەتوانێت سەرەتایەکی بەهێز بێت بۆ ئەوە کە دەنگۆی پێک هێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لە حاڵەتی دەنگۆ بوون بێنێتەدەر و هەنگاوەکان بۆ بە کردەوەیی کردنی ئەو ئیدێە چڕ و پڕتر کاتەوە. پێک هێنانی ئەم کۆنگرەیە دەتوانێ سەهۆڵبەندانی نێوان ڕێکخستنە سیاسیەکانی ناو کوردستان بشکێنێت و ئیتلافێکی مێللی لەسەرەوە ڕا بەرەو لێک نزیک بوونەوەیان بەرێت. لەو حاڵەدایە کە بە زەق بوونەوەی بەرژەوندییە نەتەوەیەکان، بەرژوەندیە ڕێکخراوەیەکان دەکەونە ژێر پێپەست و دەرەتانی درێژە پیدان بە ژیانی قازانجە ناوچەیی و ڕێکخستنیەکان نامێنێ. ئێتلافی نەتەوەیی سەردەمی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوای نەمر ئەوراستیە دەسلمێنێت کە ئیرادەیەکی بە هێزو ڕێبەرییەکی بەبڕشت دەتوانێ پرۆسەی هاودەنگی و هاوبەرژەوەندی وەپێش بخات و بەرژوەندییە بچووکەکان داکووژێنی.

بۆ پێکهێنانی ئێتلافێکی نەتەوەیی لەو چەشنە جگە لە وەرگرتنی بڕیاراتی سیاسی و کاکە و برالەکردنی ڕێکخستنە سیاسیەکان، پێویستی بە فەرهەنگی هاوبیری و هاوبڕیاری لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی ناو بزوتنەوەی کورد هەیە. بۆ گەیشتن بەوئێتلافە نەتەوەییە پێویستە لە چاویلکەی گێروکێشەو برینەکانی ڕابردوو و تازە ڕاگرتنیان ڕا نەڕوانینە مێژومان. بەڵکو هەنگاوە ئەرێنیەکان ئەمرۆمان زەق بکەیینەوە و بۆ بەهێزکردنی هاودەنگی و یەکریزی سیاسی نەتەوەیی تێ بکۆشین. و لەو ڕوانگەیە ڕا بروانیینە یادی دامەزرانی ' دەولەتی جمهوری کوردستان' .

بەو هیوایە کە هەموو لایەک بۆ بە جێ هێنانی ئەو ئەرکە گرینگە تێ بکۆشین.

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٥ی مارچی ٢٠١٢




# کۆماری دیموکراتیکی کوردستان

**رەزا ئەمینی**

کۆماری دیموکراتیکی کوردستان (٢ / ١١ /١٣٢٤ی هەتاوی) سەرەتای دیسکۆرسی نوێ لە واتای کوردایەتیو وەڵامی لە مێژینە بە پرسی نەتەوەی کوردە، کە بالانسی کوردی لە نێو هاوکێشەکانی ناوچەییو جیهانی بردە ئاستێکی بانتر.کاراکتێری پۆزیتیڤی کۆماری کوردستان، لە سەر گۆرانکارییە مێژووییەکانی هاوچەرخ کێشەی کوردی بەرەو فازێکی مۆدیرنیتەگەری پاڵ پێوەنا.لە سەر ئەم دیاردە سیاسیو نەتەوەییە



لێکۆڵەرانو شارەزایانی ئەو بوارە ،پێداچوونەوەی زانستی فرە رەهەندیان ئاراستە کردووەو هەر نووسەری لە روانگەی خۆیەوە ئەم بابەتەیان تاوو توێ کردوە. تەنانەت دژبەرانی مافو ئازادیو ئامانجەکانی کوردیش ویستوویانە بە زەقکردنەوەی لایەنە نەرێنیەکانی بە دوای ئامانجی خۆیاندا بگەرێن. زۆر جار چەواشەکاریان بەو پەری خۆی گەیاندوە و هەولیان داوە لۆژیکو بەهای ئەم گرینگیە لە بایەخی خۆی بە تاڵ کەنەوە، تا ئەو دەرئەنجامەیان دەسکەوێ کە ئیرادەی نەتەوایەتی کورد بخەنە ژێر پرسیارەوەو ئەو تەوەهوومە ساز بکەن، کە گەلی کورد رێکخستنی نەتەوایەتی بۆ دامەزراوەی دەسەلاتی نەتەویی، لاوازە و گەرەکیانە ئەم بیرۆکە لە جێ دا خامۆش بکەن .

بە داخەوە تا ئێستاش ئەوانەی لە سەرکۆماری کوردستان نووسیویانە نەیانتوانیوە روخساری کۆماری کوردستان لە هەموو روویەکانەوە بێننە بەرباس و لێکۆلینەوەی گشتیگیر. جگە لە مێژووی نووسی کورد دوکتوور قاسملوو ئەویش بە شێوەی کورتە نووسین، لە سەر کۆمار هیندیک لایەنی زانستی تری بۆ خستووینە روو. دیارە کەسانیکیتریش ئەو کارەیان ئەنجامداوە بەلام بۆشاییەک بە نووسینی ئەم رووداوەوە هەر دیارە.

لە جێدا کە باسی کۆماری کوردستان دێتە گۆرێ پرسیار گەلی جۆراوجۆر گەڵالە دەکرین، یەکێک لە پرسیارانە پێناسەی نەتەوەی کۆماری کوردستانە کەپێویستی بە شیکاری زیاتر هەیە.یا گرینگترین پرسیاری تر ئەوەیە ئایا کۆماری کوردستان رووداوێکی دەسکردی لاوەکی بوو؟ یان ئیرادەی نەتەوایەتی لە پێکهێنانیدا رۆڵی هەبووە؟ کۆمەڵگاو رێکخراوی سیاسی و حیزبی سەردەمی کۆمار بۆ لە پاراستنی ئەم دەسکەوتە نەتەوەییە ناکام مانەوە؟ هێزە کلۆنییالیستیەکان بۆچی لە حالێکدا بانگەشەی رزگاری نەتەوەکانیان کردبوویە دروشمی خۆیان کۆماری کوردستانیان بێ پشتیوان هێشتەوە؟

بۆ کرانەوەی دەلاقەیەک بە رووی پرسیاری لەو چەشنە، پێویستە ئاماژەیەکی کورت بە بارودۆخی گشتی کوردستان بکەین .بە هۆی داگیرکرانی وڵاتی کوردستان لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانەوەو داکۆکی هێزە کلۆنیالیستیەکانو نئۆکلۆنییالیستیەکانی دەرەوە لەو دەسەڵاتە داگیرکەرانە، خەباتو بەربەرەکانی کورد بۆتە رەمزێک بۆ نەتوانەوەی کوردو بەرخۆدان بۆتە پێویستی گەلە ستەم

لێکراوەکەمان. ئەگەر سەیری مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد بکەین بەردەوام پرۆسەی داگیرکردنی کوردستان لە لایەن نەیارانێوەو ملکەچنەکردنی ئەو نەتەوەیە بە درێژایی مێژوو دووپاتو چەند پات بۆتەوە و گەلێک جار کورد سەرکەوتنو سەرەنگرێبوونی بە خۆیەوە بینیوەو هۆکاری جۆراوجۆر بونەتە هۆی ناکامی کورد لە گەیشتن بە دەسەلاتی نەتەوەیی خۆی.گرینگترین هۆکار لەو پەیوەندییە دا، نارێکخراوی بوونی کورد بووە. ئەم ڕەوتە تا دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانو پێکهاتنیکۆمار وەک لاوازییەکی بەرین بە بزووتنەوەکەوە دیار بوو. بەلام بۆ یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم پێویستییە لە سەر دەمی کۆمار دا وەلامی پێدرایەوە . کە وابوو دژ کردەوی کورد لە بەرانبەر زۆرداریدا و دۆزینەوەی ڕێگە چارەکانی ئەو کێشەیە هێلی بنەمایی خەباتی کورد بووە و هێزیکی دەرەوەی ئەو فاکتۆرە ڕۆڵی لاوەکی گێراوە و هەلسەنگاندنی دۆخی کۆمار لە سەرو بەندی شەری دووهەمی جیهانیو هاتنی هێزە دەرەکیەکان، بۆ گورانکاری لە ناوچەکە شوێندانەری بە سەر قوزتنەوەی هەلەکە لە لایەن کوردەوە هەبووە، بەڵام بنەمای هەلوێستی نەتەوەیی بۆ کورد نەبووە... وەکی لە پێشدا ئاماژەی بۆ کرا کرداری ڕژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەو وەڵامپێنەدانەوەی لۆژیکی بە داخوازییە سەرەتایەکانی کورد، لە هۆکارە بنە ڕەتیەکان بووە. بە واتایەکیتر ئەگە ر کورد بۆ خۆی پارسەنگ نەبووبێ، هیزە دەرەکیەکان نەیانکردۆتە ئەو پارسەنگە کە لە سەروبەندی دامەزراندنی کۆمار دا دۆخەکە پێکهات . لەو قۆناغە دایە " حدک" خۆی لە گەل داخوازییەکانی کورد موتوربە دەکا و کۆمار دادەمەزرێنێ . گومان هەڵنەگرە لە کاری سیاسی دا بەرژەوەندییەکانی لایەنێک لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی، هێزێکی دەرەکی دەکەونە خانەی تۆلێرانسەوەو پێچەوانەکەشی هەر دەکرێ بێتە ئاراوە. ئەگەر ئەم بەرژەوەندییە لە سەردەمی شەری دووهەمی نێودەولەتی دا بە هۆی پشتیوانی دەسەڵاتی پادشایەتی لە فاشیزمو نازیسم و لایەنی بەرانبەری کە گەلی کوردەو لە بەرەی دژی فاشیزم دا قەرار دەگرێو حیزبە پێشرەوەکەی، خەباتی ڕزگاریخوازی کور د بە خەباتی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و لە ئاستی نێو نەتەوەیشدا خەباتی گەلی کورد بە نەتەوەکانی هێرش بۆکراو بە هۆی فاشیزمەوە گرێدەدا، ئەوەیە کە پێناسەی نەتەوەییو پێشکەوتوانە بە کۆمار دەدا .

وەکی ئاماژەی پێکرا هاتنە بەرەی دەسەلاتی ئیران لە بەرەی فاشیستیدا دەرەتانی ئەوەی ڕەخساند. هێزە میلیشاییەکانی دەسەڵاتی ڕەزا شای پەهلەوی لە هەرێمی کوردستان لاواز بن.ئەوەش هەرگیز ناتوانێ واتای ئەوە بدا کە کورد خوازیاری هاتنی هێزە دەرەکیەکانو چاوە ڕێی ڕێگەچارەی ئەوان بێ لە ڕاستی دا سیاسەتی دەسەڵاتە داگیرکەرەکانە، کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هێزە لاوەکییەکان دەکێشێتە گۆڕپانە هەریمیەکان. ڕووداوەکانی سەردەمی کۆمار ئەم ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنن. کە ئەگەر بەرژەوەندی زلهێزەکان بۆ دامەزراندنی پرنسیبە دیموکراتیکەکان کاتین، ئەوە ئەمرێکی ئیستراتیژیکی بۆ ڕێبەرایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردە.

کۆمەڵگای ڕێکخراوو سیاسی سەردەمی کۆمار بە زۆر هۆ لە پاراستنی دەسەڵاتی نەتەوەیی کۆمار ناکام ماوە. گرینگترین هۆکاریش دەسەڵاتە زلهێزەکان بوون کە دەستی دەسەڵاتی ناوەندییان بۆ هیرشکردن ئاوەڵاهێشتەوە و بزوتنەوە نەتەوەییو دیموکراتیکەکان بێ پشتیوان مانەوە. بە ڵام پشتیان لە ئامانجەکانیان نەکردو ئەم قۆناغە لە سەرکەوتنی دیکتاتۆری نەیتوانی تا سەر بەردەوام بێ گەلی کورد بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی کۆمار تا هەنووکەش درێژەدەری خەباتی نەتەوایەتیەو تا دەست ڕاگەیشتن بە ئاواتەکانی کۆمار کۆڵ نادا.

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەڵاتی / ڕێکەوتی : ٢٢ی جانێویری ٢٠١٢

# قازی محەممەد، پێشەوای مرۆڤی کورد

رێبوار مەعروفزادە

مێژووی مرۆڤایەتی ململانێ و ناتەباییەکی بازنەییە لە مرۆڤەوە بۆ مرۆڤ، کە لە ئاستی ورد و تاکەوە لە نێوان ئەندێشە و کردەوەی مرۆڤەکانەوە بەرەو ئاستی فرە و کۆمەڵگەکانەوە هەڵدەکشێ و لە نێوان ئایین، ئایدیۆلۆژی و نەتەوەکان لە سەر خاک، دەریا و سامان و دەسەڵات بەرجەستە و سەر لە نوێ رووبەڕوی مرۆڤ دەبێتەوە. لە کات و شوێنی جیاجیادا لە سەر بابەتێک لێدوان، نووسین و کرداری جیاواز هاتۆتە ئاراوە و دواجار "هەقیقەت"ی جیاوازیش بەرهەم هاتوە. هەقیقەتی مێژوو بریتییە لە رووبەڕبوونەوە و بە نێویەکداچوونێکی بەردەوامی نێوان خوا و مروڤ، ئاسمان و زەوی، خاک و دەریا، ئایین و زانست، ئەخلاق و سیاسەت، داگیرکەر و رزگاریخواز، دەسەڵاتخواز و ئازادیخواز، مرۆڤکوژ و مرۆڤدوستەکان. لە مێژووی نەتەوەی کورددا بە شوێن هەقیقەتی قازی محەممەد دەکەوین، سەر لە نوێ دادگایەک دروست دەکەین، بە شوێن ئەوە دەکەوین کە ئاخۆ کەسایەتی، بەرپرسیارەتی و ئەخلاقی قازی محەممەد، ئەندێشە و کرداری، شێوازی ژیان و مەرگی چ جۆرە "بوون"ێکە؟ ئەو "بوون"ە لە کوێدا دەستپێدەکا و لە کام پێگەدا جێ دەگرێ و دواجار بە پشتبەستن بە رێبازەکەی سیمای مرۆڤی کورد دەستنیشان دەکەین.



قازی محەممەد لە ١١ی گۆلانی ساڵی ١٩٠٠ لە دایک دەبێ. لە خزمەت باوک و مامی بیرمەندی فێری زانست، یاسای شەرع و جوامێری دەبێ. بە هەوڵی خۆی لە هەلومەرجی پارچەکراو و لاوازکراوی کوردستاندا فێری زمانی فارسی، عەرەبی و تورکی دەبێ. هەروەها لە هەلومەرجی نفووزی زلهێزەکان بە سەر ئێراندا شارەزایی بە سەر ئینگلیسی و فەرانسەوی و رووسی پەیدا دەکا. لە ساڵی ١٩٢٣ تا ١٩٢٥ بەرپرسی ئێدارەی رۆشەنبیری و ئەوقافی مهاباد لە ئەستۆ دەگرێ. ساڵی ١٩٢٦ لە دوای دەست لە کارکێشانەوەی مامی"میرزا ئەبولقاسمی سەیفولقوزات" دەبێتە بەرپرسی فێربوون و پەروەردەی شار. لەو پێگەیەدا یەکەمین خوێندنگەی کچانەی شار دەکاتەوە. لێرەدا قازی محەممەد لە تاک و گەنجێکی بلیمەت و جوامێر کە سەرقاڵی ئەنجامدانی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتییە سەرتر نییە، ئەو لێرەدا لە فەزایەکدا بەرپرسیارەتی ئەنجامدەدا، لە فەزایەکدا دەبینێ و قسە و هەڵسووکەوت دەکا، کە نە لە گەڵ دەسەڵاتی شا و نە لە گەڵ نەتەوەیەکی ژێردەست خۆی رووبەڕو ناکاتەوە، بەڵکوو بەرپرسیارەتی ئەو لێرەدا تەنیا لە نێوان تاکەکەسی خۆی و خەڵک دایە. لە راستتیدا قازی محەممەد لەو دۆخەدا دەستیی بە ئەنجامدانی بەرپرسیارەتی و دیالۆگێکی کۆمەڵایەتی کردوە کە لەودا هەر تاکەکەسی خۆی و خەڵک بوونی هەیە. لە ساڵی ١٩٣٦ زایینی لە نێو سەربازەکانی پادگانی شاردا، بە زمانی کوردی لە سەر دۆخی ئەو کاتی وڵات رەخنە و گازندەی دەسەڵات دەکا، ئەو کارە تووڕەیی رەزاشای لێ دەکەوێتەوە و قازی محەممەد لە سەر پۆستەکەی لادەبردرێ و ئەو سزایە تاکوو ٢٥ ی ئاگۆستی ساڵی ١٩٤١، کە هێزە هاوپەیمانەکان هێرش دەکەنە سەر

ئێران و شا بۆ جەزیرەی موریس دووردەخرێتەوە، درێژە دەکێشێ. لێرەدا قازی محەممەد بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی بۆ بەرپرسیارەتی سیاسی و نەتەوەیی بەرفراوان دەکاتەوە واتە لە فەزایەکدا قسە و هەڵسووکەوت دەکا کە هەم دەسەڵاتی پاشایەتی و هەم نەتەوەیەکی ژێردەست بوونی هەیە. ئەو بە وتن و هەڵسووکەوتی خۆی رووبەڕوی زۆڵمی شا و ستی نەتەوەکەی دەبێتەوە. لێرەدایە کە قازی محەممەد دەست بە ئەنجامدانی بەرپرسیارەتی و دیالۆگێکی نەتەوەیی و سیاسی دەکا، بەڵام لەو دۆخەشدا قازی محەممەد هەر وەک تاکێکی هوشیار بەرپرسیارەتی سیاسی و نەتەوەیی، لە دەرەوەی هەر جۆرە گرووپ و پێکهاتەیەکی سیاسی و نەتەوەی، بە ئەنجام دەگەیەنێ. دیارە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"ژ.ک" کە رێکخراوێکی ناسیۆناڵیستی بوو، لە ساڵی ١٩٣٨وە بە شێوەیەکی نهێنی چالاکی دەکرد، جۆرە فۆرم و بناخەیەکی سیاسی و نەتەوەیی دژبەر و جیاواز لە دەسەڵاتی پاشایەتی دامەزراندبوو. لە ساڵی ١٩٤١ کە سپای یەکیەتی سۆڤییەت لە بەشێک لە خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان جێگیر دەبێ، لە پێناو پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە سی کەس لە سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگ و کەسایەتییەکان بۆ باکوو بانگهێشت دەکرێن کە قازی محەممەد یەکێک لەو کەسایەتییانە دەبێ. لە گەڵ ئەوەدا کە قازی لەو کاتەدا ئەندامی کۆمەڵە(ژ.ک) نەبووە، بەڵام بە هۆی کەسایەتی بەرزی، لە سەر خۆیی و بوێری و هەروەها شارەزایی بە سەر زمانی رووسیدا بە کردەوە سەرۆکایەتی وەڤدەکە لە ئەستۆ دەگرێ. لەو دۆخەدا قازی محەممەد بەرپرسیارەتییەکی زۆر گەورەتر لە جاران لە ئەستۆ دەگرێ چۆنکە لە رووبەڕوبوونەوە لە گەڵ نەتەوەیەکی دیکەدا(رووسەکان) نوێنەرایەتی ویست و شۆناس و کەسایەتی خەڵکەکەی دەکا. پاش گەرانەوەیان خەڵکی شار شوورایەک پێکدێنن کە بەرپرسیارەتی ئەو شوورایە بە قازی محەممەد دەسپێرن. بە دوای ئەو دەستنیشانکردنەیە کە قازی محەممەد ناچار دەبێ بەردەوام دیالۆگێکی کۆمەڵایەتی لە گەڵ خەڵک بکا واتە رێنوێنیان بکا و راوێژیان لێوەرگرێ. لەو دۆخەدا چێدیکە ئەو وەک تاکەکەسێک ، بە پێی ویست و روانگەی خۆی، بەرپرسیار نییە، بەڵکوو لە بەرامبەر ئاسایش و ژیانی خەڵک بەرپرسیار دەبێ. هەر ئەو بەرپرسیارەتی و پێگە جەماوەرییە بەهێزە و کارامەیی قازی محەممەد، رێبەرایەتی کۆمەڵە ناچار دەکا داوای ئەندامەتی لەو بکەن و دواجار قازی محەممەد لە ساڵی ١٩٤٤رێبەرایەتی کۆمەڵە لە ئەستۆ دەگرێ. دواتر لە کۆتاییەکانی مانگی سێپتەمبەری ١٩٤٥ قازی محەممەد  بۆ جارێکی دیکە سەردانی باکوو دەکا، بەڵام ئەمجارەیان وەک سەرۆکی کۆمەڵەی ژ.ک بە هاورێیەتی ئەندامانی رێبەرایەتی کۆمەڵە سەردانی کۆماری ئازەربایجان دەکا و چاوی بە باقرۆف دەکەوێ. لە دوای گەرانەوەیان لە باکوو لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٥ دا لە راگەیەندراوێکدا، کە بە واژۆی ٧١ کەس لە کەسایەتییەکان و ئەندامانی کۆمەڵە(ژ.ک) دەگا، دامەزرانی حیزبی دێموکرات رادەگەیەنن. لە یەکەمین کۆبوونەوەی حیزبدا ٤٣ کەس وەک کۆمیتەی ناوەندی و قازی محەممەدیش وەک بەرپرسی کۆمیتەکە هەڵدەبژێردرن. لە ٢ی رێبەندانی هەمان ساڵدا بە پشتگیری و لایەنگری ٢٠ هەزار هاووڵاتی، پێکهاتوو لە عەشایر و روناکبیران و خەڵکی کوردستان، حکوومەتی کۆماری کورستان دادەمەزرێ و قازی محەممەدیش وەک سەرۆک کۆماری کوردستان دەستنیشان دەکرێ. لێرەوە قازی محەممەد بەرپرسیارەتییەکی سیاسی و نەتەوەیی وەئەستۆ دەگرێ، بەڵام جیاوازییەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو پێگەیە واتە سەرکۆماری کوردستان، کە لەودا دیالۆگ،قسە و هەڵسووکەوت دەکا، دەبینێ و دەنووسێ و بڕیار دەدا پێگەیەکی شەخسی نییە کە خۆی دروستی کردبێ، بەڵکوو پێگەیەکی گرووپی و خەڵکییە. پێگەیەکە کە خەڵک لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا پێیان ئەسپاردوە و هەر خەڵکیش دەتوانن لێی بستێننەوە. لەو فەزایەدا قازی محەممەد شەخسییەتێکی حقووقییە کە هەر چی بکات بە حیسابی میللەتێک دەنووسرێ. بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک لە نووسین و کردار و بڕیاری سەرکۆماری کوردستان هەوڵ دەدەین شێوازی ئەنجامدانی بەرپرسیارەتی قازی محەممەد لە ئاست هاووڵاتیانی، لە ئاست نەتەوەکانی دیکە، لە ئاست دەسەڵاتی پاشایەتی و زلهێزەکان و

دواجار لە ئاست ئەو کات و سەردەم نیشان بدەین:

١- سەرۆک کۆماری کوردستان و هاووڵاتیان: لە سەردەمی کۆماری کوردستان چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار بە شێوەیەکی دامەزراوەیی و لە ژێر ئامانجێکی درێژخایەن و هەمەلایەنە ئەنجام درا. لە بڵاوکراوەکانی ئەو کات دەکرێ ئاماژە بە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان، هاوار، نیشتمان و گروگاڵی منداڵان( یەکەمین بڵاوکراوەی تایبەت بە منداڵان لە مێژووی کورددا) و ... بکەین. قازی محەممەد سەرکۆماری کوردستان لە وتاری خۆیدا لە ڕۆژی دامەزراندنی کوماری کوردستاندا لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٩٤٥ دا بەمجۆرە باس لە ئامانجی خۆیان لە چاپ و بڵاوکردنەوە دەکا: " چەند قوتابخانەی کچان وکورانمان کردەوە، قوتابخانەی شەوانەمان دایر کرد و کتێب بە زمانی کوردی وەرگێران. کچ و کور و پیاوی گەورە لە قوتابخانەکاندا شەو و ڕۆژ بە زمانی کوردی دەرس دەخوێنن لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی فارسی بن لە مانگێک و دوو مانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێک دەخوێننەوە و دەنووسن. بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی ژیانی ئەدەبی و فەرهەنگیی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەرییەت و عەدالەت پێویستیمان بە وەسیلەی چاپ و بڵاوکرنەوە بوو، چاپخانەی زۆر چاک دانرا، لە شاری خۆماندا بە زمانی خۆمان، بە چاپخانەی خۆمان گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچێ و بیر و هەست و داخوازی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە."

لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگەیەکدا کە چاپ و بڵاوکردنەوە بوونی نییە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە خەڵک نەخوێندەوارن و توانایی نووسین و خوێندنەوەیان نییە، مرۆڤ ئامادەبوونیکی بەرتەسک و لاوازی هەیە و نەتەوەش هەر بوونی نییە. ئەگەر کەسێک نەتوانێ بخوێنێتەوە و بنووسێ، بەو واتایەیە کە لە جوغرافیای ماڵ و عەشیرە و گەرەک و شارەکەی، خۆی بەند کردوە و قەتیس ماوەتەوە، فراوانتر و دوورتر و سەرتر لەو شوێن و کاتە بەرتەسک و دیاریکراوەی کە تێیدایە نە دەتوانێ ببینێ و نە دەتوانێ قسە بکا و نە دەتوانێ خاوەنی ویست و شوناس بێ. لە کۆمەڵگەیەکدا کە قوتابخانە و چاپ و بڵاوکردنەوە بوونی هەبێ، تاکێک دەتوانێ بیر و هەست و ویستی خۆی بۆ هەزاران کەس بنووسێ و هەزاران کەس دەتوانن دۆخ و ویستی یەکتر ببینن، هەر تاکێک مەجاڵی دیالۆگ و بەشدارییەکی نەتەوەیی پەیدا دەکا و هەمووان دەبنە خاوەنی پێیەک، بناخەیەک و مێژوویەکی هاوبەش و نەتەوەیی. ئەوەی کە سەرکۆماری کوردستان دروستی دەکا بریتیە لە مەجاڵێک بۆ دیالۆگێکی نەتەوەیی و مەجاڵێک بۆ بوون بە "هاووڵاتی"، هەوڵێک بۆ دروستکردنی بناخە و مێژوویەکی نەتەوەیی. بەرهەمی ئەو هەوڵە ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ زیاتر لە ٦٥ ساڵ لەوە پێشوو و بزانین کە لە جیهانی ئەمرۆدا بۆ کورد بێ وڵات و بێ دەوڵەتە. بەرهەمی ئەو هەوڵە ئەوەیە کە کردەوە و ئەندێشەیەک بە تێپەڕینی کات لە نێو ناچێ و مێژوویەکی هاوبەش دروست دەبێ.

٢- سەرکۆماری کوردستان و نەتەوەکانی دیکە:" لە حەوتووی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ دا کاتێک قازی محەممەد لە بە سەرکردنەوەیەکی ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا سەردانی شاری ورمێی کرد، هەوڵیدا چاوی بە قەشەی کڵیسای ئاشوورییەکان بکەوێ و تێی بگەیەنێ کە کوردەکان لایەنگری مافی ئاشوورییەکانن و ڕێگە نادەن تراژێدییەکانی پێشوو دووبارە بێتەوە و قەشەی دڵنیا کردەوە و پێی گووت" سەردەمی ترس بە سەر چووە."

پێویستە سەرنج بدەینە ئەو بابەتە کە دەکرێ کەسێک ساڵانێک سەرکۆمار بێ، ساڵانێک سکرتێر بێ، بەڵام قەت ڕێبەر نەبێت. لێرەدا سەرۆک کۆماری کوردستان ڕێبەرە، چۆنکە لە گەڵ ئەوەدا کە هاوپێوەندی نێوان دوو قۆناخی بزووتنەوەی نەتەوایەتی دەبینێ، هەوڵ دەدا بە سەر هەڵەکانی ڕابردوودا بچێتەوە و بزووتنەوەی نەتەوایەتی بباتە نێو قۆناخێکی نوێ. تێدەکۆشێ کە پێوەندی نێوان کورد و ئاشووری سەر لە نوێ دابڕێژێتەوە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بکاتە بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز، بزووتنەوەیەک کە سەرتر لە ئازادی خاک دەڕوانێ و مەبەستی دابینکردنی ئاسایش و ئازادی بۆ نەتەوەکەی و بۆ مرۆڤەکانە.

٣- سەرکۆماری کوردستان و زلهێزەکان: " لە دێکومێنتی یەکیەتی سۆڤییەتدا لە زمانی ڕۆژنامەی(اطلاعات)دا هاتووە: پێشەوەری و قازی لە باکوو بوون، پێشەوەری و کاربەدەستانی دەرەوە سوور بوون لە سەر ئەوە کە کوردستان ببێتە بەشێک لە ئازەربایجان و سەر بە ئەوێ ببێت، بەڵام قازی محەممەد بە توندی دژی ئەو هەڵوێستە ڕاوەستاوە و بڕیاری لە سەر نەداوە و ڕایگەیاندوە ئەگەر کوردستان بڕیارە سەر بە تەورێز بێت باشتر وایە سەر بە دەوڵەتی ناوەندی تاران بمێنێتەوە."

لێرەدا سەربەخۆیی و خەڵکی بوونی سەرکۆماری کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دەردەکەوێ. بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێر بزووتنەوەیەکە، سەرچاوەگرتوو و پشتئەستوور بە ویست و هێزی خەڵکە، کە نوێنەرایەتی ویستی خەڵکەکەی لە بەرامبەر هێزەکانی دیکە دەکا نەک ئەوەی کە ببێتە بە بازرگان و دەڵالی نێوان خەڵکەکەی و زلهیزەکان. پێویستە سەرنج بدەینە ئەوە کە سیاسەت شەڕی دەسەڵاتە، بەڵام شۆڕشگێری خەباتە بۆ ئامانجی گشتی و خەڵک. کەسێک دەتوانێ سیاسەت بکا بە بێ ئەوەی تووشی خەساری جیددی بێ، بە بێ ئەوەی ڕووبەڕوی کوشتن ببێتەوە بەڵام ئەو کەسە قەت شۆڕشگێر نییە. ئەو دۆخە کاتێکە کە کەسایەتییەک ڕەهەندی ئەخلاقی کەمرەنگ دەبێتەوە و لۆژیکی بازار و قازانج بە سەریدا زاڵ دەبێ. لەو فەزایەدا سیاسەتکردن خاوەنی ئەخلاق و بەرپرسیارەتی لە بەرامبەر خەڵکدا نییە، بەڵکوو سیاسەتکردن پیشەیەکە هەر وەک دووکانداریێتی و بازرگانی کردن.

کۆماری کوردستان بە چەند هۆیەک، لەوانە کشانەوەی هێزەکانی یەکیەتی سۆڤییەت لە ئێران، ڕووخانی کۆماری ئازەربایجان لە ١٣ دێسامبەر کە لەودا ڕێبەرانی کۆماری ئازەربایجان لە سەروویانەوە پیشەوەری بۆ سۆڤییەت هەڵاتن و هەروەها بە هۆی خیانەتی سەرۆک عەشیرەتەکان، لە ١٧ای دێسامبەری سالی ١٩٤٦ پاش ١١ مانگ ڕووخا. قازی محەممەد وەک سەرکۆماری کوردستان بۆ دوایین جاڕ لە ٦ی دێسامبەر لە مزگەوتی هەباس ئاغا لە گەڵ کاربەدەستانی کۆمار و سەرۆک عەشیرەتەکاندا کۆ دەبێتەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا قازی محەممەد و سەدری قازی باس لە بەرگری کردن لە بەرامبەر سپای شادا دەکەن، بەڵام سەرۆک عەشیرەتەکان دژی ئەو بوچوونە ڕادەوەستن. دواجار خەڵک دەستبەرداری ئازادی و دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان و لە ڕاستیدا دەستبەرداری کەسایەتی هاووڵاتی بوونیان دەبن. بەو پێیە هێزەکانی شا لە ٢٦ سەرماوەزدا مهاباد داگیر دەکەنەوە. لێرەدا چێدیکە قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان نییە و هیچ جۆرە بەرپرسیارەتییەکی حقووقی نییە. ئەوەی کە قازی محەممەد دەمێنێتەوە و هەڵنایەت، بەرپرسیارەتییەکی حقووقی نییە چۆنکە لە هیچ یاسایەکدا، لە کاتێکدا کە خەڵک خۆیان بەرگری ناکەن، داوا لە سەرۆک کۆمارەکەیان ناکەن کە لە ئەگەری کۆشتندا هەڵنەیەت و بمێنێتەوە. بەوپێیە لێرەدا مانەوەی قازی محەممەد بەرهەمی

بەرپرسیارەتی و ئەخڵاقێکی شەخسییە. دیارە لە دادگایی کردنی قازی محەممەددا ١٢ تاوان وەک بانگهێشتکردنی بێگانە بۆ وڵات، دروستکرنی نەخشەی کوردستانی گەورەی، راگەیاندنی سەربەخۆیی حکوومەتی کوردستان و داگیرکردنی بەشێکی گەورە لە خاکی ئێران بە ناوی خاکی کوردستان و ... رووبەڕوی دەکەنەوە. ئەوان چاوەڕوانیان نەدەکرد قازی محەممەد بمێنێتەوە، بەڵام کە مابووە هەوڵیاندا کەسایەتی سەرۆک کۆماری کوردستان لە نێو ببەن. لەو فەزایەدا جەستەی قازی محەممەد هەڕەشەی کۆشتنی لێدەکرێ، بەڵام ئامانج لەو هەڕەشەیە کۆشتنی ئەندێشە و کەسایەتی سەرۆک کۆماری کوردستانە. قازی محەممەد رووبەڕوی هەڵبژاردنێکی زور دژوار دەبێتەوە، هەڵبژاردن لە نێوان مردن و ژیان، جەستە و ئەندێشە، رۆح و مادده. دیارە مرۆڤ هەم لە جەستە و هەم لە ئەندێشە پێکهاتووە واتە ناکرێ مرۆڤێک هەبێ بە بێ ئەوەی خاوەنی جەستە بێ. ڵیرەدایە کە قازی محەممەد سەرتر لە ئەخڵاقی مرۆڤ دەروا و دەست دەکا بە دیالۆگکردن لە نێوان ئەندێشە و ئازادی، دەست دەکا بە فیداکردنی جەستە لە پێناو پاراستنی ئەندێشە و کەسایەتی سەرۆک کۆماری کوردستان. لە دنیادا زۆر رێبەر هەن کە ژیانی خۆیان بەختی ئازادی کردوە، بەڵام مردنیان بە دەست خۆیان نەبووە. قازی محەممەد خۆداوەندی کوردە چۆنکە نەک هەر ژیانی، بەڵکوو مردنی جەستەشی لە چنگ خۆی دەگرێ و بەختی ئازادی و سەربەستی کوردی دەکا. خۆداوەندی کورد بنیاتنەری رێبازێکە کە لەودا ژیان و جەستەی مرۆڤ دەچێتە خزمەت ئەندێشەی ئازادی.

سەرچاوەکان:

١- بەختیار عەلی، ئەخڵاق لە کوێوە سەرهەڵدەدات؟
٢- ژۆرژ پۆڵیتسێر، بنەماکانی فەلسەفە، وەرگێران بۆ کوردی: هادی محەممەدی
٣- د.ئەفراسیاو هەورامی، رۆژهەلاتی کوردستان لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا
٤- محەممەد رەزا سەیف قازی، نهێنییەکانی دادگاییکردنی قازی محەممەد، وەرگێران بۆ کوردی: عەلی ئەکبەر مەجیدی
٥- بڵاوکراوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یادی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا و هاوڕێیانی
٦- بەدرەدین ساڵح، سەرۆک کۆماری کوردستان لە بەردەم دادگای ئێراندا

سەرچاوە : ماڵپەڕی بەیان / ڕێکەوتی : ٣ی ئەپریلی ٢٠١٢

# دەوڵەتێکی کوردی

**نووسینی: مارتین ڤان براونێسن**

**وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: حەسەنی قازی**

لە ٢٥ی ئووتی ١٩٤١ ، بریتانیاییەکان و ڕووسەکان هاوکات پەلاماری ئێران یان دا و ڕەزا شایان، کە پشتیوانی زۆر ئاشکرای لە ئەڵمان لە خۆیە نیشان دا بوو،ناچار کرد لە سەر تەختی شایەتی لاچێ و جێگای بدا بە کوڕەکەی محەمەد ڕەزا. لە گشت ئەو ماوەیەی دا کە شەڕ بەردەوام بوو، بەشە باکوورییەکانی ئێران بە دەست سەربازانی ڕوسییە و بەشە باشوورییەکانی بە دەست بریتانیا داگیر کرابوون و ناوچەی ناوەندیی ئێرانیش بەناوچەی بێلایەن ڕاگەیێندرا بوو.لە هەمان کات دا کۆنترۆڵی دەوڵەتی تاران بە سەر ئەو ناوچە ناوەندییە دا ، کە زۆربەی کوردستانی وەبەر دەگرت،تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر لاواز ببوو.



سەرۆک عەشیرەت و خاوەنموڵکە گەورەکان ، کە لە زەمانی حوکمی ڕەزا شا دا لە هەرێم دوورخرابوونەوە، ڕێگایان پێدرا بچنەوە زێدی خۆیان لە کوردستان و حەولیان دا دەستەڵاتی خۆیان وەدەست بهێننەوە. لە هەمان کات دا، لاوانی کوردی خوێندەواری شارستانی لە مەهاباد، کە لە گەڵ کوردە ناسیۆنالیستەکان لە عێراق لە پێوەندی دا بوون، کۆمەڵەیەکی نهێنی یان دامەزراند بە نێوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کە بە کورتی پێی دەگوترێ ژ.ک.) [ تێبینی وەرگێڕ ناوی ئەو کۆمەڵەیە بە تەواوی ساخ کراوەتەوە کە کۆمەڵەی ژیانی کورد بووە]، کە هەم ڕێکخراوەیەکی ناسیۆنالیست بوو و هەم لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە ڕادیکاڵ بوو.پارسەنگی نێوان هێزەکان لە لایەن کەسایەتییە ناسراوە شارستانییەکان ڕادەگیرا وەکوو بنەماڵەی قازی لە مەهاباد، کە زۆر بە ووشیاری و ووردییەوە پێوەندی خۆیان هەم لە گەڵ حکوومەتی نێوەندی ئێران و هەم لە گەڵ ڕووسەکان لە ئازەربایجان پاراست و، بەکردەوە زۆر لە ئەرکەکانی حکوومەتی ناوچەییان بەڕێوە دەبرد.

بە کۆتایی هاتنی شەڕ پێشوەچوونەکان خێراتر بوون.. ڕووسەکان کە بۆ ماوەیەک بێ مەیل بون بۆ چۆل کردنی باکووری ئێران، پشتیوانیان کرد لە پارتیی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان، کە پارتییەکی چەپ بوو، کاتێک ئەو پارتییە دەستەڵاتی ئەو ئەیالەتەی باکووری ڕۆژئاوای بەدەستەوە گرت و لە مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٤٥ لەوێ حکوومەتێکی خودموختاری دامەزراند. کۆمەڵە پێمل کرا بوو سەرۆکایەتی قازیی محەمەد قەبووڵ بکا، کە کەسایەتی هەرە بەتوانا و بەدەستەڵاتی مەهاباد بوو و، ببێ بە ڕێکخراوەیەکی زۆر کراوەتر و هەراوتری جەماوەری واتە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان. لە ٢٢ی ژانڤییەی ١٩٤٦ (٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤ی هەتاوی) قازیی محەمەد جمهووری کوردستانی ڕاگەیاند، کوردی وەک زمانی ڕەسمی جێی فارسی گرتەوە.

جمهووری کوردستان هەر بریتی بوو لە بەشەکانی باکووری کوردستانی ئێران، واتە هەرێمی بەربڵاوتری مەهاباد؛ ناوچە و مەڵبەندەکانی بەر بە باشوور هەر لە ژێر دەستەڵاتی حکوومەتی تاران دا بوون. ئەرتەشی جمهووری کوردستان کە لە تاکوتەرای عەشیرەتی ناوچە پێک هاتبوو، بە هاتنی چەندین هەزار جەنگاوەری بە ئەزموون لە عێراقەوە لە ژێر سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی و برایەکەی شێخ ئەحمەد دا بەهێزتر کرا. ئەوان لە سێپتامبری ١٩٤٥ دا پەنایان هێنا بۆ ئێران دوای دامرکاندنەوەی دوایین ڕاپەڕینیان.مەلا مستەفا کە لە زێدی خۆی دوورخرابووەوە، بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو پاتراو بوونە ناوخۆییە، لە ساڵی ١٩٤٣ دا لە سلێمانی یەوە گەڕاوە بارزان و ئەو یەکەیانەی ئەرتەشی شکاند کە بۆ گرتنی ناردرابوون، هێزی بارزانی کە نێوە نێوە بە وتووێژ و بە شەرکردنەوە خەریک بوو، تا دوایی شەڕ خۆیان ڕاگرت، بەڵام پەلامارێکی نوێی حکوومەت ئەوانی لە شوێنە سەرەکییەکانیان دەرپەڕاند.

جگە لە بارزانییەکان، کوردی دیکەی عێراقیش لە گەڵ وان لە سنوور پەڕینەوە و لە جمهووری دا دەوری پچووکیان هەبوو.ئەوانە بریتی بوون لە هێندێک دەستەی پچووکتری عەشیرەتان و لە وان زۆر گرینگتر، چەندین ئەفسەری کوردی ئەرتەشی عێراق ، کە پێشتر وەک ناوبژیوان دەنێو بارزانییەکان و حکوومەت دا هەڵسووڕابوون و هێندێکیان لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی ناسیونالیستی دا چالاکییان هەببوو. ئەو ئەزموونە سیاسی و نیزامییە دەستەڵاتێکی بەرچاوی بۆ مسۆگەر کردبوون لە مەهابادێ لە مانگی ئاوریلی ١٩٤٦ ، دوای ئەوەی یەکێتی شووڕەوی بەڵێنی ئیمتیازی زۆر گرینگی نەوتی وەرگرت، سەربازانی ڕووسی دەستیان کرد بە چۆلکردنی ئێران. ڕاوێژکارانی سۆڤیەتی داوایان لە حکوومەتی ئازەربایجان و جمهووری کوردستان کرد بە جۆرێک چارەسەرییەک بۆ داوخوازەکانیان ببینەوە و لەگەڵ حکوومەتی تاران پێک بێن.لە هەمان کات دا هێزی نیزامی خۆشیان بە چاو حکوومەت دا بدەنەوە.قازیی محەمەد تێکۆشا دەرەجەیەک لە خودموختاری بۆ هەموو هەرێمی کوردستان وەدەست بهێنێ. ئەوحەولانە بە مانگان درێژ بوونەوە، بەڵام هیچیان لێ شین نەبوو. لە هەمان کات دا، جمهووری لە بەر کێشەیەکی سنووری لە گەڵ ئازەربایجان و زێدە بوونی دژایەتی نێوخۆیی لاواز ببوو.

ناسیۆنالیستە شارستانییەکان کە لە ڕێبەرایەتی سیاسی جمهووری دا دەستیان زۆر دەڕۆیشت، سەرۆک عەشیرەتەکانیان خۆش نەدەویست و بە قووڵی لێیان دڕدۆنگ بوون، بەڵام بەرگری لە جمهووری بەسترابووەوە بە هێزە عەشیرەتییەکان، بەرەو کۆتاییەکانی وەرزی هاوین، چەندین کەس لە سەرۆک عەشیرەتەکان یان بە تەواوی ڕۆیشتن و ریزەکانی جمهووریان بە جێ هێشت یان سەربەخۆ دەستیان کرد بە وتووێژی تایبەتی لەگەڵ حکوومەت بۆ ئەوەی لە گەڵی پێک بێنەوە.کاتێک دواجار لە مانگی دیسامبر [١٩٤٦] ئەرتەشی ئێران بەرەو مەهاباد هات، بە بێ ئەوەی لە بەرانبەری دا دەست بکرێتەوە، ئەو شارەی گرتەوە. قازیی محەمەد و دوو لە خزمەکانی، کە خۆیان ڕادەست کردبوو، لە دادگەی نیزامی دا بە ئێعدام حوکم دران و لە سێدارە دران. مەلا مستەفای بارزانی و هێزەکانی گەڕانەوە عێراق،لەوێوە بە شەڕ بە نێو تورکییە و باکووری ئێران دا خۆیان گەیاندە یەکێتی شووڕەوی و وەک پەنابەر زیاتر لە دە ساڵ لەوێ ژیان. کولتووری کوردی کە بۆ ماوەیەک لە مەهاباد ژیابووەوە، جارێکی دیکە لە ئێران کپ و سەرکوت کرا

سەرچاوە: Susan Meiselas & Martin van Bruinessen, Kurdistan In the Shadow of History,The University of Chicago Press, Second Edition, 2008.P, 176

سەرچاوە : ماڵپەری ناوەندێ نووچە و شرۆڤەی رۆژ / ڕێکەوتی : ١٩ی مەی ٢٠١٢




# یادێک لە دووی ڕێبەندان


**تاهیر حیکمەت** (د. ئازاد).


لە سەر داوای دۆستێکی کۆن و زۆر خۆشەویستم کە لە بزووتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چالاکە، ئەم وتارەم بە بۆنەی ساڵیادی دووی ڕێبەندانەوە ئامادە کرد و پێشکەشتانی دەکەم.



هەر نەتەوەیەک ڕێز لە مێژوو و ڕابردووی خۆی دەگرێ، هەر هەوڵێکی، کەم یا زۆر بووبێ، سەرکەوتوو یا تێکشکاو، بەڕێزەوە هەڵدەسەنگێنێ و وەکو بەشێک لە پرۆسەی سەروەری خۆی دێنێتەوە یاد. بەتایبەت ئەو ڕووداوانەی کە تا لووتکە گەیشتوون و نەخشی چارەنووس سازیان هەبووە.

ئێمەی کوردیش دەشێ ئەو یادانە لە بیر نەکەین و لە جێی خۆیدا بە ڕێزەوە یادیان بکەینەوە، بەتایبەت لووتکەکان. دووی ڕێبەندان هەم جێی یادە و هەم لووتکە. جیاوازی ئێمە لە گەڵ گەلانی تر لەوە دایە کە ئەوان سەروەری خۆیان دابین کردووە و تەنیا یادی بۆنەکانیان دەکەنەوە و ئێمە بە سەروەری نەگەیشتووین و بێجگە لە باشوور کە بەشێکی لەرزۆکی سەروەری تێدا بە دی هاتووە، کیانێکی سەربەخۆی نەتەوەییمان نییە و هەتا ئێستاش ئەو پرۆسەیە ئەزموون دەکەین.، هەر بۆیەش ئێمە بێجگە لە ڕێزدانان بۆ بۆنەکان، دەشێ ڕەخنە و گازندە لە کردەوە و بۆچوونەکانیش بێنینە گۆڕێ و پرسیارە وڵام نەدراوەکانیش دیسان لە مێژوو بپرسینەوە. پرسیار بۆ ئەو ئەرکانەی کە دەبوو بکرانایە و نەکراون. دووی ڕێبەندان لووتکەیەکە کە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ، جێی ڕەخنەیە کە نەیتوانی کاروان بگەیەنێتە ئامانج و زۆر "بۆ" و پرسیاریشی لە دووی خۆی بە جێهێشت.

## کۆماری کوردستان جێی ڕێزە:

چون یەکەم دەسەڵاتی کوردی لە ناوچەیەکی زۆر بەرتەسکی نیشتمانی کورددا دامەزراند. ئازادی و ئاسایشی بە پێی گونجاوی ئەو سەردەمە دابین کرد. خوێندنگە و گۆڤار و ڕۆژنامەی بە زمانی کوردی دامەزراند، هەوڵی پەرەپێدانی مافی مرۆڤ بەتایبەت ژنانی دا و بازرگانی میللی گەشەی پێدرا. ئیرادەیەکی میللی سەری هەڵدا کە تا ئەو سەردەمە هەبوونی نەبوو. نەتەوەی کورد لە کایەی سیاسی ناوچەدا کەوتە گەڕ کە تا ئەو کات حیسابی بۆ نەدەکرا.

کۆماری کوردستان لاپەڕەیەکی نوێی لە ژیانی نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و حقووقی کورددا هەڵداوە کە لە چەشنی خۆیدا بێ وێنە بوو. کورد بۆ یەکەم جار لە سەردەمی نوێدا ئەزموونی بەڕێوەبردنی چارەنووسی خۆی لە بەشێکی وڵاتەکەیدا تاقی کردەوە.

نەیارانی کورد باس لەوە دەکەن کە گوایە کۆماری کوردستان دەستکردی سۆڤیەت بوو کە دەیویست ئەو بەشە لە ئێرانی خۆشەویست جیا کاتەوە، لە کاتێکدا ئەوە لە بیر دەکەن کە ئێران دەیان ساڵ بوو بە دەست ئینگلیز و ڕووسەوە بە ڕێوە دەچوو، پاشایان لادەبرد و یەکیتریان دێنایە جێی، پارلمانیان بە تۆپ دەبەست و هەموو کاروباری ئێران بە دەست ئەوانەوە بوو. ئەگەر ئەوەش ڕاست بێ و سۆڤیەت کوردستانی جیا کردبێتەوە، ئەوا لە ئینگلیزی جیا کردۆتەوە. بەستراوەیی چ بە ئینگلیزەوە و چ بە سۆڤیەتەوە هەر بەستراوەییە و هیچ جیاوازی نییە. ئەوان بە بەستراوەیی خۆیان شانازی دەکەن و بۆ خەڵکانی تر بە عەیبی دادەنێن. لە کاتێکدا نە کوردستان سەر بە سۆڤیەت بوو و نە سۆڤیەت دڵی بە کورد و کوردستانەوە خۆش کردبوو کە بیکاتە هێزێکی سەر بە جەمسەری کومونیستی (داهاتووش ئەو ڕاستییەی سەلماند) و نە کوردستانیش لە باری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ئامادەیی بوو تا بچێتە ئەو بلۆکەوە.

ڕاستی ئەوەیە کە پاش هاتنی ئەرتەشی سۆڤیەت بۆ ئەو ناوچانەی کە لە نەخشەی جوغرافیای ئێراندا بە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ناسراون، هەڵسوکەوتی سۆڤیەت بە میر جەعفەر باقرۆڤ، سەرکۆماری ئەودەمی ئازەربایجانی سۆڤیەت سپێردرا. میر جەعفەر لە بیری دامەزراندنی کۆماری ئازەربایجان لە ئێراندا بوو کە پاشان بیخاتەوە سەر کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت.

لەو خاکەدا کە بە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا داندرابوو، کورد دەژیا و دەیتوانی ئەو پلانەی میرجەعفەر بخاتە مەترسییەوە. ناوبراو پێوە بوو بە دانی خودموختاری بە کوردان ئەوان بێدەنگ بکا و بە مانەوە لە دەوڵەتی ئازەربایجاندا ڕازی بن.

پلانی میر جەعفەر بۆ کوردان لە دوو بواردا بوو: یەکەم خۆیان بە دانیشتووی خاکی ئازەریەکان بزانن و ناوچەی خودموختار لەو ناوچەی کە بە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ناسرابوو، نەترازێ، دووهەم، مافی کوردان لە خودموختاری پتر نەڕوا و دەسەڵاتیشی لە ژێر چاوەدێری مەجلیسی میللی ئازەربایجاندا بمێنێتەوە.

### کۆماری کوردستان جێی ڕەخنەیە:

چون نەیتوانی و نەیویست کە لە ناوچەیەکی بەرتەسکی کوردستان پتر بڕوا، ئەگەرچی بەڵێنی بە ڕووسەکان یا ئازەربایجانیەکانیش دابێ و دیارە نکۆڵی لە وەش ناکرێ کە جێگیر بوونی ئەرتەشی سۆڤیەت لەو ناوچانەدا هەلی بۆ کورد ڕەخساند. ئەگەر چی بەشەکانی تری کوردستان کە لە ژێر ناوی ئوستانی کوردستان و کرماشان دابەش ببوون لە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا ئیدارە دەکرا، بەڵام هەر هیچ نەبێ لکاندنی دوو شاری سەقز و بانە بە کۆمارەوە گونجاو بوو و خەڵکیش ئامادەییان هەبوو. کۆمار پێشی بەو پێکەوە لکانە گرت و تەنانەت لقی سەربەخۆی حیزبی دیمۆکراتی لەو دوو شارەدا هەرگیز بە فەرمی نەناسی.

زۆر باس و لێکۆڵینەوە لەسەر ناوی کۆمار کراوە، کۆماری مهاباد یا کۆماری کوردستان؟

دیارە بۆ ئێمەی کورد لە هەر نوختەیەکی وڵاتەکەمان تەنانەت گوندێکیش بێ، هەردەسەڵاتێکی نەتەوەیی، ماڵی هەمووانە و هەر کوردێک بۆی هەیە هەستی خۆشەویستی و پاراستنی ببێ و بە هی خۆی بزانێ. بەڵام هەر دەزگا و دامەزراوێک، چوارچێوەیەکی حقووقی هەیە. هەر دەوڵەت یا حکوومەتێک بەو چوارچێوەوە دەناسرێ کە دەسەڵاتداری بەسەرەوە دەکا، قانوونی بۆ پەسەند دەکا و دانیشتووانیش دەبێ پەیڕەوییان لێ بکەن. بەو پێیە ئەگەر چی کۆمار لە دڵی هەر کوردێکدا کۆماری کوردستانە، بەڵام لە باری حقووقییەوە، کۆماری کوردەکانی دانیشتووی ئەو بەشەی کوردستانە کە لە دابەشینی جوغرافیای ئێراندا کەوتبووە و تا ئێستاش کەوتۆتە ناو ئازەربایجانی ڕۆژئاواوە.

حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان درێژەدەری کۆمەڵەی ژ.ک بوو کە پاش سەفەری نوێنەرانی کورد بۆ باکۆ، دامەزرا. لە ئەو گۆڕینە تەنیا بۆ بەرژەوەندی کورد بوو و نە هێنانە گۆڕێی دروشمە نوێکەی واتە خودموختاری. ئەو دروشمەش بە پێی هەلومەرج گۆڕدراوە. کاتێک دەوڵەتی ناوەندی زۆر لاواز بووە و چەند جار لە شەڕدا تێکشکێندراوە، باس لە سەربەخۆیی کە لە ڕاستیشدا ئامانجی لەمێژینەی کوردان بوو، هاتۆتە ئاراوە، ئەو کات کە دەوڵەتی ناوەندی بەهێزتر بووە یا پاش وەدەرچوونی ئەرتەشی سۆڤیەت، پتر باس لە خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا کراوە و تەنانەت لە کۆتاییەکادا داخوازی ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی سەردەمی مەشروتییەت، کراوەتە ئامانجی کۆمار.

هەر بۆیە، تا ئێستاش لایەنگرانی سەربەخۆیی کوردستان زۆر فاکت و بۆچوون دێننەوە کە ئامانجی کۆمار تەنیا سەربەخۆیی بووە، لایەنگرانی خودموختاری یا فیدڕالیسم دەیان فاکت دێننەوە کە کۆمار داوای خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا کردووە. هەر دوو لایەنیش ڕاست دەکەن. کۆماری کوردستان بە پێی هەلومەرج و لاسەنگی هێز، داواکاری و سیاسەتی فەرمی خۆی گۆڕیوە.

میراتی کۆمار بۆ درێژەدەرانی ڕێگاکەی، یەکێک دروشمی خودموختاری بوو، یەکیش سیستمی حیزبایەتی کە لە سۆڤیەتەوە وەرگیرابوو، ئەویتریش وتاری جیاوازی کورد لە گەڵ نەتەوەی خۆ و نەتەوەی سەردەست. درێژەدەرانی ڕێگای کۆمار، دروشم و سیستمەکەیان هەر بەو شێوە درێژە پێدا و خۆیان و خەڵکیشیان زۆر تووشی زیان کرد. وتاریان بە بێ پێوەندی لە گەڵ هەلومەرج لە گەڵ خۆ و بە زمانی فارسی جیاوازە و پێموایە متمانەی هەر دوو لایان لە دەست دابێ یا بیدەن.

پرسیارەکان:

کۆماری کوردستان بۆ نەیتوانی لە ناوچەی ناسراو بە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا پتر بترازێ؟ کۆمار پێشەوایەکی بوو، سەرەکوەزیران و چەند وەزیر. بۆ تا ئێستاش هەر باس لە بۆچوون و هەڵسوکەوتەکانی پێشەوا دەکرێ و نازانین سەرەکوەزیر حاجی بابەشێخ و وەزیرانی تر چۆنیان بیرکردۆتەوە و چییان کردووە؟ ئایا کۆمار لەسەر دەسەڵاتی تاکەکەس دامەزرابوو؟

کاتی وەدەرچوونی ئەرتەشی سۆڤیەت، قازی لە گوندی سەرا ڕایگەیاند کە ئێمە بۆ خۆمان بەرگری لە دەسکەوتەکانمان دەکەین و چوونە دەرەوەی سوپای سوور کاریگەری لە سەر کۆمار نییە. ئەی بۆ بەرگری نەکرا و کۆمار بە دەستەوە درا؟

بارزانیەکان کە خزمەتیان بە کۆمار دەکرد، بۆ لە مهاباد دەرکران و ڕێیان پێنەدرا داکۆکی لە کۆمار بکەن؟ ئەو ئەفسانە لە کوێوە هاتووە کە قازی ئاڵای کوردستانی داوەتە دەست مەلا مستەفا تا شەکاوە ڕایگرێ، لە کاتێکدا کە تا ئێستاش نە بیستراوە و نەبیندراوە کە هەرگیز مەلا مستەفا لە وتار یا لێدوانێکیدا بە ڕێزەوە باسی کۆمار و بەتایبەت کەسایەتی قازی کردبێ. بۆ قازی دڵی بارزانیەکان و مەلا مستەفای شکاند و ڕێی بەرگری کۆماری پێنەدان؟

قازی محەمەد، پاش حوکمی لە سێدارەدرانی لە وەسیەتەکەیدا دەڵێ: کە فریوی دوژمن مەخۆن، بۆ چی؟ ئایا بۆ خۆی فریوی خواردبوو؟ ئەو وتەیە ڕێک بەو مانایەیە کە ئەزموونی خۆیەتی، یانی من فریوم خوارد، ئێوە مەیخۆن. ئەو فریوە چی بوو؟ ئایا بەڵێنی دەوڵەتی ناوەندی،بۆ ئەوەی ئەگەر تەسلیم بن، بڕێک ماف بە کورد دەدرێ و هەموو ناوچە کوردنشینەکان دەکرێنە ئوستانێک و قازیش دەبێتە ئوستاندار، ڕاستە؟

ئایا بیانووی بە کوشت نەچوونی خەڵک بۆ تەسلیم بوون مەنتیقی بوو؟ دەیان و سەدان جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی لە جیهاندا کە خەباتیان کردووە و بە ئامانج گەیشتوون، قوربانییان داوە. جووڵانەوەی کورد پاش شۆڕشی ساڵی ٥٧ ی گەلانی ئێرانیش ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بۆوە، بەرگری یا تەسلیم؟ دیارە مەترسی بۆ خەڵکی بەدواوە بوو.

ئەمجارە خۆڕاگری و داکۆکی هەڵبژێردرا. ئەگەر چی هەر دووک بە ئاکام نەگەیشتن بەڵام یەکیان خۆی بە دەستەوەدا و ئەویتریان شکستی خوارد، هەر دوو ڕێبەر فریویان خوارد، یەکیان موحاکمە کرا و لە سێدارە درا و ئەویتریان گیانی لە سەر دانا، بەڵام نە بە دەستی بەستراوە و لە ژێر پەتی سێدارەدا.

کۆماری کوردستان بە هەموو تاریک و ڕوونیەکانیەوە، بە هەموو خاڵە زەق و لاوازەکانیەوە مێژووومانە و هەڵدەگرێ پتر ڕێزی لێبگیرێ، چون لووتکەیەکی بەرزی خەباتی نەتەوایەتیمانە. هەڵدەگرێ پتر لە ڕەخنەکانی ورد بینەوە و لە وڵامی پرسیارەکان بۆ داهاتووی خەباتی نەتەوایەتیمان کەڵک وەرگرین..... تا گەیشتن بە ئاوات و ئامانجە نەتەوایەتییەکانمان.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٣ی جانێویری ٢٠١٢




# بابەتەکان: ٢٠١١

## کۆماری کوردستان؛ ناسنامەی کوردەکان

قەرەنی قادری

شێست و پێنج ساڵ بەر لە ئێستا (لە ٢٢ی مانگی یەکی ساڵی ١٩٤٦ی زایینی) لە شاری مەهاباد، بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد (١٩٠٠- ١٩٤٧) سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کورستان، کۆماری کوردستان ڕاگەیێندرا. ئەم کۆمارە نەتەوەییبیە، لە ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی کوردەکانی پارچەی کوردستانی ئێران، بارودۆخی قەیراناوی ناوچەکە، هەروەها بە پاڵپشتیی کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان، ئاڵای نەتەوەیی کوردستان لە شاری مەهابادا، شەکێندرایەوە.



لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردوودا، کوردستانی ئێران گەلێک بزووتنەوە و ڕاپەڕینی بەخۆیەوە بینی. زوڵم و زۆری و ملهوڕی دەسەڵاتی ڕەزاخانی پەهلەوی و بەدوای ویشدا محەممەد ڕەزا شای کوڕی بە دژی نەتەوەی کورد لەم پارچەیەدا، چەندین ڕێکخراو و پارتی سیاسی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو زوڵمانە هاتنە کایەوە. خەباتی کوردەکانی کوردستانی ئێران بە دژی دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەوی، هاوکاتیش بوو لەگەڵ تێکۆشانی کوردەکان لە کوردستانی تورکیە و عێراقدا.

کەشوهەوای قەیراناویی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چ لە کاتی شەڕی دووەمی جهانی و چ دوای کۆتاییهاتنی شەڕ، بناخەی دەسەڵاتی چڕ و ناوەندی لە تاراندا وەلەرزە خست.

لە ساڵی ١٩٤١دا بەشێک لە هێزی هاوپەیمانان واتە سۆڤیەت، هاتە ناو خاکی ئیرانەوە و دیکتاتۆری ڕەزاشا ڕووخا. بۆشایی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران و کوردستاندا ئەم دەرفەتەی بە کوردەکان دا، کە کەڵک لەم باردۆخە سیاسییە وەربگرن و داخوازییە نەتەوەییبیەکانیان باشتر گەڵاڵە بکەن.

لە دیسامبەری ساڵی ١٩٤٥ لە ئازەربایجان، فیرقەی دیموکرات، کۆماری دیموکراتی ئازەربایجانی دامەزراند. دوای ماوەیەکی کورت لە ٢ی ڕێبەندانی ١٩٤٦ لە شاری مەهاباد بە بەشداری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران، هەروەها بەشداری نوێنەرانی پارچەکانی تری کوردستان، لە لایەن (پێشەوا)وە، کۆماری کوردستان ڕاگەیێندرا. بەم چەشنە کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشایەتیی ڕەزا شا لە کوردستاندا هێندرا و بۆ یەکەمین جار لەم پارچەیەی کوردستان، کۆماری کوردستان لەدایک بوو.

بەشداری و تێکۆشانی کوردەکانی کوردستانی عێراق بۆ پێکهێنانی کۆماری کوردستان و پاراستنی ئەم دەسکەوتە نەتەوەییە لە ژێر سەرکردایەتیی مەلا مستەفای بارزانی سەرکردەی ناوداری کورد و فەرماندەی هێزەکانی کۆمار، ئەویش بە نۆرەی خۆی، نەتەوەییبوونی ئەم کۆمارەی سەلماند.

گەرچی پیلانی نەیارانی کوردستان تەمەنی ئەم کۆمارەیان کورت کردەوە، ڕێبەرانیان لە سێدارە دان و سەر لە نوێ کوردستانیان داگیرکردەوە، بەڵام بوونی کۆماری کوردستان وەکو کۆمارێکی نەتەوەیی، هەروەها ئاکامەکانی لە کردەوەدا، بوونەتە بەشێکی گرینگ لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد.

### لە ١١ مانگ تەمەنی کۆماری کوردستاندا:

* زمانی نەتەوەی کورد بوو بە زمانی ڕەسمی و لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرا. منداڵی کورد بۆ یەکەمجار لەم پارچەیەی کوردستان توانی بە زمانی زگماکی خۆی بخوێنێت و بنووسێت. ڕۆژنامە، گۆڤار و بڵاڤۆک بە زمانی کوردی، لەسەر پرس و کێشەی کورد بە فراوانی بڵاودەکرانەوە و دیاننووسی. تەنانەت منداڵانیش بە زمانی خۆیان خاوەنی گۆڤاری خۆیان بوون. بوار بۆ ئازادیی چاپەمەنی بە شێوەیەکی بەرفراوان لەم پارچەیەی کوردستاندا هاتە کایەوە.

* بەشداری ژنان لە دامەزراوە حکوومییەکان و وەدەستهێنانی دەرفەت بۆ کار و چالاکیی کۆمەڵایەتی، بەرهەمی کۆمار بوو. بەرێژەیەکی بەرچاو دەرگا بۆ ژنان کرایەوە کە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندا بەشدار بن.

* پەیوەندیی سیاسی و بازرگانیی کۆماری کوردستان لەگەڵ کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان و یەکێتی سۆڤیەت بۆ بووژانەوە و گەشەی ئابووری و بازرگانیی وڵات، هاوکات کە یارمەتییەکی باش بوو بۆ کوردستان، لە هەمان کاتدا پلەی کۆماری کوردستانیشی وەکوو کۆمارێکی نەتەوەیی بەرزتر کردەوە. مۆرکردنی پەیماننامەی دەوڵەتیی لە لایەن کۆماری کوردستانەوە لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتەدا، تایبەتمەندییەکی تری ئەم کۆمارە بوو.

* ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان بۆ چارەسەرکردنی هێمنانەی کێشەی سنوور، هەروەها پرسی هاووڵاتیانی دوولایەنە کە لە خاکی یەکتردا دەژیان، ڕوداوێکی گرینگ لە تەمەنی ئەم کۆمارەدا بوو. لەبەر ئەوە لە ٢٣ی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦دا پەیماننامەیەکی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان حکومەتی دیموکراتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستاندا مۆر کرا.

* لەو سەردەمدا، دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان کە بەسەر تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زاڵببوون، کۆماری کوردستان بە پێی ئەوە کە هەڵقوڵاوی هەست و داخوازیی نەتەوەیی بوو، تەنانەت لە پارچەکانی تری کوردستانیشدا بۆ هاتنە کایەی ئەم کۆمارە بەشداربوون و جەنگان، یەکەمین کۆماری نەتەوەیی و دیموکراتیکە لە مێژووی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٢٢ی جانێویری ٢٠١١

# سەبارەت بە وتووێژەکانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان لە گەڵ حکوومەتی قەوامولسەلتەنە

ڕۆژنامەی کوردستان یش وەکوو ڕۆژنامەی آذربایجان باسی وتووێژەکانی کوردستان و ئازەربایجانی لە گەڵ حکوومەتی نێوەندی بڵاو کردووەتەوە. لە خوارەوە گوزارشی محەمەد حوسێنی سەیفی قازی کە لەو وتووێژانە دا نوێنەری کوردستان بووە دەخوێننەوە. بابەتەکە هێنراوەتە سەر ڕێنووسی ئێستا. ئەم وێنەیەی شەهید سەیفی قازی بە سپاسەوە لە ماڵپەڕی آذربایجان " آذربایجان دموکراتلاری نین اینترنت نشریەسی" وەرگیراوە.

**حەسەنی قازی**

کوردستان / بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

ژمارەی ٥٠، ٢ شەمۆ ٦ی جۆزەردانی ١٣٢٥ / ٢٧ی مەی ١٩٤٦

گوزارشی جەنابی محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگ و نوێنەری کوردستان

جەنابی ئاغای محەمەدحوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگ و نومایەندەی کوردستان وەکوو لەساتی گەڕانەوەی خۆی لە تارانێ بەڵێنی دابوو لە میتینگی ڕۆژی ٣١ – ٢ – ١٣٢٥ دا گوزارشی ژێرەوەی بە ئیتیلاعی عووم گەیاند:



ئەمن کە بە ئەمری پێشەوای موعەزەم و بە دڵگەرمی و پشتیوانی برایانی خۆشەویست مەئموور بە ئیفتیخاری بۆ حکوومەتی تارانێ بووم بە پێویست دەزانم کە شەرحی مەئمورییەتی خۆم ئیجمالەن بە عەرز بگەیێنم.

ڕۆژی یەکشەمۆ ٨ی بانەمەڕ سەعاتی ٩ و ٢٠ دەقیقە لە ئیستیگای تەورێزەوە دەگەڵ نمایەندەگانی ئازەربایجان کە عیبارەت بوون لە ئاغای پیشەوەری سەرۆکی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و رەئیسی هەیئەتی نمایەندەگی و ئاغای سادقی بادگان و ئاغای دوکتور جەهانشاهلوو و ئاغای ئیبراهیمی و ئاغای دیلمەقانی و ١٤ نەفەر فیدایی بە ریاسەتی یەک نەفەر کاپیتان حەرەکەتمان کرد و لە ساتی ١١ و ٢٠ دەقیقە واریدی ئیستگای مێهرئاباد بووین.

لە لایەن ئازادیخواهان و ئەهالی ئازەربایجانی ساکینی تاران ، با ئینکێ کە سەعاتێک پێش وارید بوونی مە بە وەسیلەی مەئموورینی دەستگای دیکتاتۆڕی عیبارەت بوو لە ئەفراڕدی ژاندارمەری بێ شەرمانە مەمانەعەتێکی موسەلەحانە بۆ پێشوازی نەکردن لە ئێمە بە عەمەل هاتبوو و دوو نەفەر لەو ئازادی خواهانە کوژرابوون و چەند نەفەرییشیان بریندار کردبوون، دیسان جەمعییەتێکی یەکجار زۆر کە خۆیان لە چەنگی موستحەفیزینی ژاندارم خەڵاس کرد بوو بە دەسکە گوڵەوە خۆیان گەیاندبووە مەیدانی تەیارەی، شوور وشەعەف و ئێحساساتێکی وایان بە خەرج دا کە روحی مەیان وەلەرزە خست و بە دەنگێکی بڵیند چەپڵەیان لێدەدا و هاواریان دەکرد: ئەنگۆ ئەمەو نەجات دا!، ئەنگۆ خەڵکی ئێرانێو لە ئەسارەت خڵاس کرد، ئەمما ووشیار بن ئیشتیبباهێ نەکەن ئازادیی ئێمە بە حەڕەکاتی ڕاست و بێ خەتای ئێوە پەیوەندە و، هوڕایان دەکێشا و لێکڕا دەیان کوت: بژی خەڵکی ئازەربایجان، بژی مەشعەلداری ئازادیی ئێمە ئازدیخواهانی کوردستان.

دە واقیعدا، ئەو ئێحساساتەی وان ببوە باعیسی سەربڵیندی ئەهالی کوردستان و ئازەربایجان و ئەوەیان بە تەواوی مەعلووم دەکرد و دەیانگەیاند کە مەعلوومە کوردستان و ئازەربایجان خۆیان خەڵاس کردووە، بەڵکوو لیاقەتی ئەوەیان هەیە کە ئازادیی تەواوی خەڵکی ئێرانێ وەدەست بێنن و سابیتی بکەن. ئاغای موزەفەری فیرووز موعاوینی سیاسی نوخست وەزیری ئێران و سەرتیپ سەفاری رەئیسی تەشکیلاتی کولی شارەوانی لە تەڕەف دەوڵەتێوە بۆ ئیستیقباڵ حازر بوون و بە شارەزایی وان بۆ قەسری جەوادییە کە لە دوازدە کیلۆمێتری تارانێ یە و لە پێشدا بۆ پەزیرایی حازر کرابوو حەرەکەتمان کرد. وەسایلی پەزیرایی،لە تەڕەف وەزارەتی ئوموری خاریجە بە عەمەل دەهات.لە ڕۆژی دووشەممۆیەوە موزاکەرە دەست پێکرا. نومایەندانی دەوڵەتی تارانێ عیبارەت بوون لە : ئاغایانی موستەشارولدەولە، محەمەد وەلی میرزا فەرمانفەرماییان، لەنکەرانی،ئیبپەکچیان و ئاغای موەریخودەولەی سێپێهر وەزیری پیشەو هونەر و موزەفەری فیرووز موعاوینی سیاسی و پارلمانی نوخست وەزیر.

پاش گفتوگۆیەکی زۆر لە ئەتراڕفی نێهزەتی دێمۆکراسی کوردستان و ئازەربایجان داوخواز و تەقازای ٥ میلیۆن کورد و ئازەربایجانی کە بە خوێنی هەزاران لاو و پیر و جەوانی میللەتی قارەمانی کورد و ئازەربایجان کە ساڵەهای ساڵ لەو ڕێیە دا لە ملە و موبارەزە دا بوون و بە دەستیان هێناوە و دە موقابیلی ئیبلاغییەی پووچ و بێ مەعنای حەوتگانەی دەوڵەتی تاران، لە بەر ئەوەی کە دونیا بزانێ کە میللەتی قارەمانی کورد و ئازەربایجان حازر بە خوێن ڕشتن و براکوژی نین و بۆ لە دەم دانی ئیرتیجاع و خوێن مژە زاڵم و گەورەکانی دنیایە کە دەو ڕێیە دا هەزاران ئیفتیرا وبوختانیان بۆ ساز کردبووین، بە ٣٣ مادان بە دەوڵەتی تاران پێشنهاد کرا کە ئەوە بۆ ئاگاداریی ئێوە عەرز دەکرێن.

پاش گفتوگۆ و کێشە کێشێکی زۆر و چەند ڕۆژ موزاکەرە بە ئیستینادی درۆ و قسەی پووچی قانوونی ئەساسی و بەو نەوعەی کە ئەمن لە نیزیکەوە دیومە و لێم مەعلووم بووە قانوونی ئەساسی بە تەعبیری دەوڵەتی تاران عیبارەتە لە پامالٚ کردنی حقوقی میللەت و دەست و پێ بەستنی وان و بەرەڵا کردن و تێ بەردانی عیدەیێکی مەعدوود بە عینوانی جوێ جوێی مەئموورینی لەشکری و کیشوەری و ژاندارم کە لە پامالٚ کردنی حەق و عەداڵەت،کە مەزایقی قانوونی ئەساسی حەقیقی، بە تەواوی نەتەوانی ئێرانی قایل بووە، داندراوە درێغیان نەکردووە. هەر وەکوو بۆخۆتان دیوتانە لە تەعەروز بە گیان وماڵ و حەیسییەت و ناموسی نەتەوانی ئێرانی




وەخسووسەن میللەتی کوردی دە کەماڵی بێ شەرمی و بێ حەیایی دا لە مودەتی ٢٠ ساڵەی دیکتاتۆری ڕەزا خان دا موزایەقەیان نەکردووە و ئەوان ئێرانی فەقەت بە تاران دەزانن. وە بە غەیری ئیستیفادەی شەخسی و خۆشگوزەرانی و ڕاگرتنی مەقام و جا وجەلالی خۆیان هیچ فکری دیکەیان نییە.تارانیش چ تاران مەرکەز و بناغەی فەساد و لائوبالیی و بێ عەلاقەیی و بێ خەبەری و دە حەقیقەت دا مەرکەزێکی زۆر زۆر کەسیف بە قەسر و قسووری زۆر عالی و موجەلەل کە بە خوێن و زەحمەت و ڕەنج و ئارەقەی نێو چاوانی هەزاران هەزار بەدبەخت و بێچارەی نەتەوانی زەحمەتکێشی ئێرانی بناغەی داندراوە و ڕازاندراوەتەوە، بە هیچ نەوعێکی شوعلەی ڕووناکایی و ئومێدی ڕزگاری دەو عەسری تەمەدون و ئەتۆم دا بۆ میللەت و نەتەوانی ئێرانی وەبەرچاو نایە.

و هەتا وەکوو ئەو سەفەرە و دیتنی ئەو دەزگایەی،مەعنای کەلیمەی حکوومەتی پووشالیم نەدەزانی، بەڵام لەو موسافەرەتەی تارانێ دا کە بە چاوی خۆم دەستگای هەڵسووڕی خوێن مژ و پووچەڵی حکوومەتی تارانم دی لێم حاڵی بوو کە حکوومەتی پووشاڵی ئەوەیە کە ئەلئان لە تاران بەرقەرارە. ئەمما ئەوەندەی هەیە ئەوڕۆکە ئەوەی جەنبەی مەیدانی سیاسەتی بەینەلمیلەلی پەیدا کردووە دەستگای ئیرتیجاعی دونیایە بە وەسیلەی کاسە لێسانی خۆیان بۆ مەنفەعەت بردن و قازانجی خۆیان دائیما خەریکی دەسیسە و ئانتریک و هەو و جەنجاڵن.

ئەمە دووبارە لە بەر ئەوەی کە دونیا بزانێ غەیری حەقی حیسابی خۆمان و خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی و پەرە پێدانی فەرهەنگ و لەش ساغی و هاتنەدەر لە غار و ئەشکەوتی بەدبەختی و، خۆ گەیاندن بە عەسری تەمەدون هیچ مەنزوور و دەسایسێکی خارجی نییە و بۆ گوزەشتێکی زۆر لەو حەقەی کە وەدەستمان هێناوە حازر بووین. هەر چەند بە سووڕەتی زاهیر شەخسی ئاغای قەوامولسەلتەنە موساعید و تا دەرەجەیێکی حازر بوو کە دە موزاکەراتی دواییدا کە دەست پێ کرابا موافەقەتی [دەکرد]. [لە سەر] پێشنهادی خۆیان دە تەحتی١۴ مادە دا تا ئەندازەیێک موافەقەت حاسڵ بوو. بەڵام چەند نەفەر لە وەزیران کە وا مەعلووم بوو نەشەیان گوڵی کرد بوو یا بە ئیستیناد بە فەرمایشی ئاغای پیشەوەری لە ئەسەری قانوونی مەنعی تەریاک لە ئازەربایجانێ دا عەسەبانی ببوون نەیانهێشت کە دەوڵەتی ئاغای قەوام لەو مەوقیعە ئیستیفادە بکا و ئەو مەسەلە بە خۆشی تەواو بێ. لە بەر ئەوە ناچار بووین بە بێ ئەخزی نەتیجە ڕۆژی دوو شەممۆ٢٣ی بانەمەڕ هەیئەتی نمایەندەگی کوردستان و ئازەربایجان سەعاتی٧ و پێنج دەقیقە لە تاران گەڕاینەوە.

و لە پاش گەڕانەوەی مە دەوڵەتی قەوامولسەلتەنە ئێعلامییەیەکی لە تاریخی ٢٣ / ٢ / ١٣٢۵ ئینتیشار دا ئەوا عەرز دەکرێ. هەر وەکوو لە تەورێزێ لە تەرەف هەیئەتی نمایەندەگییەوە بە وەسیلەی ئاغای پیشەوەری ڕەئیسی هەیئەت جوابی دراوەتەوە و ئەمن نامەوێ دەو مەوزووعەی چیدی بدوێم.

برایانی خۆشەویست! حوسنی تەدبیر و ئیرادەی پێشەوای بەرز، یەکەتی و برایەتی کوردستان و ئازەربایجان و غیرەت و شەهامەت و جانبازی پێش مەرگانی کوردستان و فیدائییانی ئازەربایجان دەستگای زوڵم و ئیرتیجاعی موتەزەلزیل کرد و لێیان مەعلووم بووە کە ئەو نێهزەتە کە بە پشتیوانی تەواوی تەبەقاتی میللەتی قارەمان و ڕەشیدی کورد و ئازەربایجان بە وجود هاتووە شۆخی پێ ناکرێ و

***بە فشە و گاڵتە ناژمێردرێ و ئەو دوو میللەتە برا و ڕەشیدە دە مەیدانی موبارەزە دا خۆیان پێ ناساندوون. ئەو حەقەی کە ئەستاندوویانە ڕای دەگرن و لیاقەتی ئیدارە کردنی خۆیان بە دونیای ئەورۆ سابیت کرد. ئێستاش مەرد و مەردانە تێبکۆشن و ئیتمینانوو ببێ حەق بە مەیە و خودای بێ هاوتا یاری دەهەندەی مەیە.***

***بژی کورد و کوردستانی گەورە.***

***بژی پێشەوای موعەزەم و مەحبووبی مە.***

***بژی فیرقەی دێمۆکڕاتی کوردستان***

***بەرقەرار بێ یەکەتی و برایەتی کوردستان و ئازەربایجان.***

***بژی و ڕاوەستاو بن لاوان و جەوانانی ڕەشیدی کوردستان.***

***سەرچاوە : ویبلاگی ڕوانگە / ڕێکەوتی : ٢١ی جوولای ٢٠١١***




# کۆماری کوردستان ، وشیاری نەتەوەیی یان پیلانێکی دەرەکی ؟

**هاشم زوورئاوەر**

ئاماژە :

لە کۆتاییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی، یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد، دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو، ئەزموونێک لە دەسە ڵاتی کوردی کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێ دا توانی گۆڤار و ڕۆژنامە دەربخات، دام ودەزگاکانی ئیداری دامەزرێنێت و وەکوو دەوڵەتێکی نەتەوەیی مامەڵەی لە گەڵ بکرێت. کۆمارێک کە بەرهەمی شۆڕشەکانی پێش خۆی و هەڵقوڵاوی ناوەی کۆمەڵگاو ئاکامی سەرهەڵدانی ئەو وشیاری نەتەوەییە بوو کە لە ساڵانی پێش دامەزراندنیدا لە نێو چین و توێژی لاوانی ڕۆشنبیرو تازە پێگەیشتووی ناو خانەقا و حوجرە و خوێندنگەکانی



دەوڵەتیی لە ناوچەی موکریان دا سەری هە ڵدابوو . بەڵام مەخابن کە ئەو کۆمارە ساوایە سەرەڕای تێپەڕ کردنی هەموو تایبەتمەندییەکانی یاسایی نێونەتەوەیی خۆی، لە لایەن نەیارانییەوە بە پیلانێکی دەرەکی لە قەڵەمدراوە. لەت و پەت کردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لایەن ئیستعمار و چەند پارچە کردنی جیهانی ئیسلام لە لایەن خاچ پەرستانەوە ، پاساو گەلێکن کە لە مێشک و بیروبۆچوونی ناسیۆنالیسمی بەرچاوتەنگی فارس و تورک و عەرەب وهێندێک لە هەڵگرانی بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی دا خول دە خوات . هەروە کوو مێژوونووسی ئێرانی(( ئەحمەدی کەسرەوی)) داخوازیەکانی ڕەواو نەتەوەیی کورد بەو شێوەیەلێک دەداتەوە و دەڵێ : (( خراپترین تۆوی ناکۆکی و دووبەرەکی کە بێگانە لە ڕۆژهەڵات دا چاندی ئارەزووی سەربەخۆیی نەتەوەکان بوو ، دوای ئەوەی کە ئەو سیخوڕە ئەوروپایانە بە نێو کورد و ئەرمە ن و ئاشووریەکان دا گەڕان ، ئەو تۆوە گڵاوەیان لە نێو دا چاندن ))(١) .

بۆ ئەو مەبەستە ئەو وتارەی ژێرەوە حەول دانێکە بۆ ئەوەی کە کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەییەکەی تا چ ڕادە یەک هەڵقوڵاوی ناخی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و گەشەی بیری سیاسی و نەتەوەیی کورد بووە ؟

## ڕەزاشا و مەسەلەی کورد :

شۆڕشی مەشرووتە بوو بە هۆی لە ڕزۆک بوونی سیستمی حکومەتی پاشایەتی - عێلی و دامەزراندنی شێوەیەکی بەڕواڵەت مۆدێڕن لە حکومەت ، بەڵام ئامادە نە بوونی کۆمەڵی ئێران بۆ ئەو ئاڵ و گۆڕانە و دەس تێوەردانی ڕووس و ئینگلیس لە کاروباری نێوخۆیی ئێران، بوو بە هۆی هەرەس هێنانی مەشرووتە، کە بە کودتای ١٢٩٩ کۆتایی یەکجاری پێهات و حکومەتی سانترالیستی ڕەزاشا لە

ئێران دەستی پێکرد، ئەوەش هاوکات بوو لە گەڵ گەشەی ئاڵمان لە بواری پیشە سازی و تورکیای مۆدێرنی ئاتاتورک، کە سەرنجی بیر و ئەندیشەی رووناکبیرانی ئێرانی بۆ لای یەکێک لە دیاردەکانی شارستانییەتی رۆژئاوا راکێشا، ئەویش ناسیۆنالیزمی پەرگیری ( شۆوونیسم ) بوو . تەقی زادە کە لە بناغەدانەرانی مەشرووتە بوو ، لە ئاڵمان گۆڤاری (( کاوە )) ی دامەزراند و بە هاوکاری جە ماڵزادە و محەمەد قەزوینی دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی ئەندیشەی ناسیۆنالیستی . ئەوان بڕوایان وابوو کە تا لە ئێران یە کێتیی میللی لە بواری زمان ، جل و بەرگ ، ......بەدی نەیەت سەربەخۆیی سیاسی و پاراستنی تەواویەتی خاکی ئێران ئەستەمە .ئەو ئەندیشە شۆوونیستانە لە ڕاستی دا بنەمای دەسەڵاتی رە زاشای پێک هێنا ، هەر بۆیە رەزاشا هەر کە دەسەڵاتی بە دەستە وەگرت، دەستی گرت بە لە نێوبردنی سەرۆک عێل و عەشیرەتەکان و نیشتەجێ کردنیان و بە دیهێنانی دەسەڵاتێکی سانترالیستی سیاسی ، نیزامی بە هێز(٢) .

بێجگە لە کاریگەرییەتی ئەو بیرۆکە ڕەگەزپەرستانە، سەفەری رەزاخان بۆ تورکیای ئاتاتورکیش هێزکارێکی گرینگی هەبوو لە سەر سیاسەتەکانی بە نێو مۆدێرن . رەزاشا پاش گەڕانەوەی لە سەفەرەکەی خۆی بۆ تورکیا لە ساڵی ١٣١٣ لە ژێر کاریگەرییەتی سیاسەتی مستەفا کەماڵ دا، بڕیاری دا کە لە مەوبەدواوە هەموو گەلانی ئێران و لە ناویشیان دا کوردە کان ، مافی خوێندن و نووسین یان بە زمانی زگماکی خۆیان نییە . " کەریمی حیسامی" لە بارەی هەولەکانی دەوڵەت بۆ یاساغ کردنی زمانی کوردی دا دە نووسێ : ....... نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی یاساغ لە قەڵەم دە درا و تەنانەت بڕیار درا لە ئیدارە کان بەو زمانە گفتگۆ نەکەن، لە سەردەرگای ئیدارە کان نووسرابوو : قسە کردن جیا بە فارسی قەدەغەیە (٣) .

سیاسەتی حکومەتی پەهلەوی بە نیسبەت خەڵکی کوردەوە بە دوو قۆناخ دا تێدەپەڕێ و لە هەرکام لەو دوو قۆناخە دا بە دوای ئامانج گەلێکی تایبەت دا دەگەڕان ، گرینگ ترین یان بریتی بوون لە :

١- قۆناخی یەکەم : پێک هاتبوو لە نە هێشتنی هۆزگەرایی ، لە نێوبردنی گرووپی چەکداری عەشیرەتەکان، بڵاوکردنەوەی دەسترۆیی دەوڵەتی ناوەندی هەتا سنوورەکان، دامەزراندنی ئیداراتی تۆمارکردنی بەڵگەنامە و موڵکەکان، دارایی ، دادوەری و ناوەندەکانی راهێنان و سەربازی بوون .

قۆناخی دووهەم: تایبەت بوو بە قەدەغە کردنی کەڵک وەرگرتن لە زمانی کوردی و هەروەها دانەمەزراندنی کارمەندە خۆجێ یەکان لە کوردستان دا (٤) .

لە کۆبەندیەکی گشتی دا دەتوانین بڵێین ، قەدەغە کردنی زمانی کوردی، سەپاندنی جل و بەرگی ئوورووپایی بە سەر کوردەکان و دوورخستنەوە و بەند کردنی کەسایەتییە دیار و سەرۆک هۆزەکانی کورد ، دانانی کارمەندی ناکورد و گوشاری سوپاییەکان و ژاندەرمەکانی رەزاخان بۆ سەر دانیشتووانی کوردستان، هەموو بەو واتایە بوون کە رێژیمی پەهلەوی دژایەتی ئازادی و هەڵس و کەوتی زمان و داب و نەریتی کوردەکان دەکا ، ئەو شەڕانگیزییە بێ هۆیە و گوێ نەدان بە هیچ نەزانینی بێ هۆیانە لە بابەت زمان

و کلتووری یەکێک لە گەلانی ئێرانی، نەتەوەی کوردی بە تەواوەتی لە حکومەتی پەهلەوی دوور کرد (٥) .

ڕەزاشا بێجگە لە مانەش هەستا بە گۆڕین و بە فارسی کردنی نێوی ژمارەیەکی زۆر لە شار و ڕووبارو چیاکانی کوردستان بو نموونە ورمێی کرد بە ڕەزائیە، سەلماس بۆ شاپوور، خانێ بۆ پیرانشاهر، سابڵاغ بۆ مەهاباد و چۆمی چەغەتوو بۆ زەڕینە ڕوود. هەروەها دراو و داراییەکی زۆری خەرج کرد لە پێناوی سڕینە وە ی ئە دە بی کوردی وبە فارسی کردنی شێعرە کانی " بابە تاهیر هە مە دانی " کە بە زارێکی کە لهوڕی نووسراوە، کرانە فارسی .

داوایان لە ( رشید یاسمی ) کرد تا لە ڕێگای کارێکەوە کە نووسینی کتێبی ( کردوپیوستگی تاریخی او ) ە ، تئۆرێکی زڕ سەبارە ت بە فارس بوونی کورد بسەلمێنێت (٦) .

هەروەها " توکلی" سەبارەت بە کار و ڕەفتاری لێپرسراوەکانی دیکەی ئێرانی لە کوردستان دا دەنووسێت : لەو بەرنامانەی دیکە کە بە ئامانجی دژایەتی و لێدانی فەرهەنگ و فۆلکلۆڕی کوردی جێ بە جێ دەکران، بریتی بوون لە خاپوور کردنی ئەو ئاسەوارە کۆنانەی، ئاماژەیان بۆ مێژووی کورد دەکرد . ( حسن مقدم ) سەرکردەی هێزە ئێرانییەکان لە شاری سنە لەو رووە دەستی نەپاراست، وێڕای ئەو ئازار و ستەمەی کە خەڵک لە دەستی ئەو کابرایەوە تووشی دەبوون، مردووە کانیشی لە بەڵای ئەو سەرکردەیە بێ بەش نەبوون، ئەو هەستا بە کاول کردنی گۆڕستانی ( سلێمان بەگ ) کە شوێنی ئارامگەی سەردارانی کورد و کەسایەتییە نیشتمان پەروەریەکانییەتی. بە پێی ئەو سیاسەتە نالەبارەی کە حکومەت بەرامبەر نەتەوەی کورد لە ئێران گرتبوویەبەر، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە کوردی خێڵەکانی ( گەڵباخ وپیران و جەلالی ) و هەزاران خێزانی دیکەی کوردستان لە ساڵی ١٩٣٥ دا گواسترانەوە بۆ شوێنە دوورە دەستەکانی ئێران، بە تایبەت بۆ کرمان، سوڵتان ئاباد و شیراز،........ . (٧) .

ئاکامی کارکرد و هەڵس و کەوتی ڕەزاخان لە گەڵ دەرەنجامی هەولەکانی ئاتاتورک و ناسیۆنالیستەکانی تورک هەریەک شت بوو، ئەویش چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بوو . مەبەست لەوەها گوشارێک لە نێوبردنی شوناسی نەتەوەیی تاقمێک لە خەڵک لە چوارچێوەی وڵاتێک دا لە لایەنی رە گەزی و زمانی ، ئایینی و کلتووری بە کەمینەیەکی جیاواز دادە نرێت .

ئەو سیاسەتە بە نێو چاکسازییەی ڕەزاخان، بە دوو قۆناخ دا لە گەڵ پەرچە کرداری چین وتوێژەکانی خەڵکی کوردستان بەرە وڕوو بوو :

قۆناخی یەکەم : ڕاپەڕینی چەکداری : ڕاپەڕینی عەشیرەتەکانی هەورامان و مەریوان بە سەرکردایەتی ڕێبەرە بە نێوبانگەکانیان وەکوو مەحموود خانی دزلی ( ١٨٧٠- ١٩٤٦) و جافەرسامی هەورامی (١٨٨٥ – ١٩٤٢ ) و مەحموود خانی کانی سانان لە بەهاری ساڵی (١٩٢٦) دا دژ بە حکوومەتی ڕەزاشای پەهلەوی

* ڕاپەرینی خێڵی جەلالی ١٩٣١- ١٩٣٠ (٨) .ڕاپەڕینی لۆڕەکان بە ڕێبەرایەتی ( قەدەم خێر ) ئەو ژنە لێهاتوو و ئازایەی کە ( سەید موورادخان)ی برای و ( عەلی مەحخان ) مێردی بە فرت و فێڵ و پیلانی لەشکری ئێرانی لە نێو بران . ڕاپەڕینی سمکۆ، ڕاپەڕینی مەلا خەلیل مەنگوڕ(٩).

قۆناخی دووهەم : ڕاپەرینی فەرهەنگی و سیاسی : دامەزراندنی حیزبی هیوا لە کوردستانی ئێراق کاریگەری بێ وێنەی لە ڕاچڵەکاندنی هەستی نەتەوایەتی کوردستانی ئێرانیش دا یاری کرد بە تایبەت هاوکات لە گەڵ پەرەسەندنی راپەرینە چەکدارییەکانی کورد دژی رەزاشای پەهلەوییەوە ، بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری بە هێز لە نێو توێژی خوێندەوار و شارنشینی کوردستانی ئێران سەری هەڵدا کە بوو بە هۆی دامەزراندنی ڕێکخراو گەلێکی جۆراوجۆر وەک حیزبی ئازادی کوردستان و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ( ژکاف) . بێجگە لە ڕێکخراوی هیواو شوێن دانەربوونی ئەو لە سەر بووژاندنەوەی وشیاری نەتەوەیی کوردستانی ئێران،" مەلا ئەحمەدی فەوزی " مامۆستای ئایینی لە گەشە کردنی بیری نەتەوەیی کوردی دا بە تایبەت لە ناوچەی موکریان دا رۆڵی بەرچاوی گێڕاوە ." کەریمی حیسامی " وێڕای ئاماژە کردن بە پێک هاتنی گرووپێکی سیاسی بچووک بە بەشداری پیاوانی ئایینی ناوچەی موکریان لە ماوەی ساڵانی١٣٠٧- ١٣١٠ کە لە گەڵ شۆڕشی ئارارات و پارتی خۆیبوون دا پێوەندیان بووە، مەلا ئەحمەدی فەوزی بە بەرپرسی سەرەکی ئەو گرووپە دەناسێنێ و لە بارەی ڕۆڵی مەلا ئەحمەد لە چالاکی سیاسی کوردەکان لە نێوە ڕاستی ساڵەکانی دەسەڵاتدارییەتی رەزاشا دا دەنووسێ : پێویستە بزانرێ کە رۆڵی مەلا ئەحمەدی فەوزی یەکێک لە رۆشنبیرانی کورد، لە بەرە بەری هەڵگیرساندنی شەڕی جیهانی دووهەم دا، زۆر گرینگە ئەو لە سلێمانیەوە بۆ موکریان هاتبوو و لە ڕاچڵەکاندنی هەستی نەتەوەیی و دامەزراندنی ئەو گرووپە سیاسییە بچووکە دا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە (١٠) .

لێکۆڵەری کورد" محەمەد سەمەدی " لە گەڵ ژمارە یەک لە ئەندامانی دامەزرێنەری کۆمەڵە دا وتووێژی ساز داوە ، بە لە بەرچاوگرتنی وتەکانیان دە نووسێ کە: مەلا ئەحمەدی فەوزی بێجگە لە زانیاری ئایینی ، وانەی هەستی نەتەوایەتی کوردیشی بە قوتابیەکانی دەگووتە وە (١١). یەکێک لەو قوتابیانە ،" مامۆستا هێمن بوو" ، هێمنی موکریانی لە ژیان نامەی خۆی ( لە کوێ وە بۆ کوێ ) دا دەنووسێ : (( دەبی بڵێم من دەسکردی (( فەوزی)) م ئەو هەڵیوەشاندمەوە ، و تێکی هەڵشێلام و سەر لە نوێ درووستی کردمەوە ..... بێگومان ئەگەر نەچووبامە خزمەت فەوزی و لەکن ئەو مامۆستایەم نەخوێندبا، ڕێبازی ژیانم ئەو ڕێبازە نەدەبوو کە گرتم و پێیدا رۆیشتم و ئێستاش بەرم نەداوە. ئەو تێیگەیاندم من رۆڵەی کوردم و کوردیش نەتەوەیەکی بێبەش و چارەڕەش و زۆرلێکراوە و دەبێ رۆڵەکانی لە پێناوی رزگاری کردنی دا فیداکاری بکەن و لە خۆبردوویی نیشان بدەن ......... ئەو لاوە کوردانەی لە سەردەمی پاتشایەتی رەزاخانی پەهلەوی دا کە بە تەقلیدی ئاتاتورک خەریک بوو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا بتوێنێتەوە، یا ڕاستەوخۆ شاگردی فەوزی بوون یا شاگردی شاگردەکانی ئەو، بەتایبەتی پێشەوا قازی محەمەدی شەهید شانازی بەوە دەکرد کە شاگردی فەوزی بوو (١٢).

بێجگە لە دان پیانانی مامۆستا هێمنی شاعیر،لە نووسینەکانی حیسامی و سەمەدیش دا وادەردە کەوێ کە مەلافەوزی ئەگەر نەبێ لە دوو سەدەی ناسک و هە هەستیار دا رووی کردۆتە مەهاباد و هەر جارە هەولی داوە گۆرانکارییەک درووست بکات و هەستی




نەتەوایەتی لە نێو کوردەکانی موکریان دا وەئاگابێنێ ،

جارێکیان لە گەرمەی شۆڕشی ئارارات، جارێکی دیکەش لە دەسپێکی شەڕی جیهانی دووەم دا (١٣). سیاسەتی شۆوینیستی و گووشاری ڕژیمی شاهەنشاهی پەهلەوی بووە هۆی پەیدابوونی ڕق و بێزاری چین و توێژەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوە یەک لە سەرووبەندی هەڵگیرساندنی شەڕی دووەمی جیهان دا تەواوی فاکتەرەکانی جووڵانەوە و تەقینەوەی نێوخۆیی ئامادە بوون . بەتایبەت کاتێک کە شەڕ هەڵگیرسا و ئێران تا دەهات لە ئاڵمانی نازی نزیک دەبۆوە . ئەو مەسەلەیەی کە بووە هۆی تێوە گلانی ئێران لە ئاگری شەڕ و سەری ڕەزاشای پەهلەوی خوارد و ئاواتی خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان هاتە دی (١۴) . ڕەزاشا خۆی نەگرت لە بەردەمیان دا بەوەش کەش و هەوای ئازادی لە ئێران پەیدا بوو و کوردستانیش بەشێک لە ئازادی و دێموکراسی بە خۆیەوە بینی. حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بووژانەوە لە کاتێک دا کە لە خوارووی ئێران لە شکری ئامریکا و بریتانیا هاتبوو، لەو سەرووشەوە لەشکری سووری سۆڤیەتی هاتبوو هەتا ورمێ ی داگیرکردبوو و ناوچەی مەهاباد لەو بارودۆخە دا بە دوور بوو، بۆیە بارودۆخێکی تایبەتی لە مەهاباد و ناوچە کە خولقا بوو. مەهاباد پێشینەیەکی شۆڕشگێری جوڵانەوەی نەتەوەیی، کوردایەتییان هەبوو هەر بۆیە یەکەم ڕێکخراوەی بە هێزی سیاسی کوردی بە نێوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە کوردستان لە ناوچەی مەهاباد پێک هات. بەپێی ئەو سەرچاوانەی لە دەستدان ئامانجی (ژکاف)، دژی خۆخۆری و شەڕی ناوخۆ و پووڵ پەرستی و هەل پەرستان بووە، بە هەموو هێز و توانای تێکۆشاوە بۆ ئەوەی زنجیرو تەوقی دیلی و ژێردەستەیی لە گەردنی نەتەوەی کورد داماڵێ ، هەولی داوە کە کوردستانی گەورە دروست بکاتەوە، لەت و پەتی کوردستان نەهێڵێ کە هەموو کوردێک بتوانێ بە سەربەستی بژی . ( ژکاف) زۆر هەستی بەوە کردووە کە دەبێ کورد بیر لە شارستانییەت و پێشکەوتن و مەدەنییەت بکاتەوە، خۆ ڕۆشنبیرکردن و ناساندنی کێشەی گەلەکەمان بە دنیای دەرەوە زیاتر ڕێگای ڕزگاریمانە نەک چەک و شەڕ، چوونکە هیچ کات ئەو چەکەی بە دەستی کوردەوەیە لە بەرامبەر چەکی دوژمنەکانی دا بە راورد ناکرێ، بۆیە هەر زوو بیری لە ڕۆژنامەگەری و دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە بۆ ڕوونـاک کردنەوەی بیری نەتەوایەتی کردووە (١۵) .

ک ژ ک لە سەر چوار کۆڵەکەی ( ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنییەت، سوڵح و ئاشتیخوازی ) دامەزراوە.

لە رووی ڕۆشنبیرییەوە ( ک ژ ک ) زۆر گرینگی بە باری ڕۆشنبیری دا، چە ندین بڵاوکراوەی دەرکردبۆ هوشیار کردنەوەی بیری نەتەوایەتی سیاسی گەلی کورد لە وانە وەک ( گۆڤاری نیشتمان، ڕۆژژمێری کوردی، دیاری کۆمەڵەی ژکاف و چەندین بابەتی ڕۆشنبیری (١۶). لە ژێر تیشکی ئەو ئامانج و حەولانەی ژکاف بۆ بردنەسەری ئاستی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کۆمەڵگای کورد، لە ساڵەکانی ١٣٢۵ - ١٣٢٠ ، تەوەرەی سەرەکی شێعر و ئەدەبیاتی کوردی کە تا ئەو کات تەنیا لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی گشتی و بابەتی عیرفانی و فۆلکلۆری بووە، جێگەی خۆی دا بە نێوەرۆکی نەتەوە، مێژوو و ڕێزگرتن لە میراتی سیاسی رابردوو. ئەو پەڕی ئەو رەوتە دەتوانین ئاماژە بە بەرهەمی عەبدولرەحمانی شەرەفکەندی ( هە ژار ) بکەین کە لە (( ئاڵە کۆک )) دا شۆڕشێکی گەورەی لە ئەدەبیاتی کوردی هەڵگیرساندووە (١٧) .

تێکۆشانی ژکاڤ لە هەر دوو لای باکووری کوردستانی ئێران چ دەوروو‌بەری مەهاباد و ناوچەی باکووری میاندواو کە لە ژێر دەسەڵاتی رووسەکان بوو، بە تووندی درێژەی هەبوو .... لە ناوچەی کرماشان هێزی ناسیۆنالیستی کورد توانی بووی، ئەویّ بۆ لای خۆی رابکێشێ . لە باکووری سەقزەوە، نفووزی کۆمەڵە لە نێوان عەشیرەتەکان بە خێرایی گەشە سەند و ئامانج و بەرنامەکانی ژکاڤ رەچاو دەکرا. لە پێوەندی لە مەڕ چالاکی ژکاڤ و پێوەندی دیپلۆماسی و دەرەکی ئەو، سەرکونسولی یەکێتی سۆڤیەت لە رەزائیە " هاشمۆڤ" ١ / ٥ / ١٩٤٥ دەڵێ : من بە چاوی خۆم هەستم کردووە بە بوونی پارتی ژکاڤ و زۆربەی خەڵک ژکاڤ بە کۆمەڵە ناو دەبات، زۆربەی کوردە کان و پیاوە بە ناوبانگە کانیان لایەنگری سۆڤییەت دەکەن و بە هیوان لە خەباتیان دا بۆ سەربەخۆیی لە سۆڤییەت یارمەتی وەربگرن، کۆمیتەی ژکاڤ خەڵک دڵنیا دەکات لە ئیش و کارەکانی خۆی دا پەیوەندی دەکات لە گەڵ یەکێتی سۆڤییەت، بەڵام (( لە نێوان ئێمە و ژکاڤ دا هیچ پێوەندییەک نیە )) (١٨). ئەو وتەی هاشمۆڤ دان پیانانێکی راستگۆیانەیە و بە ڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەو نووسراوانەی کە بێ هیچ بەڵگەیەک لە نووسینەکانیان دا حەول دەدەن کۆمەڵەی ژکاڤ و جووڵانەوە پەرە گرتووی نەتەوەی کورد لە هەرێمی موکریان دا دەسکردی سۆڤییەتێکان بدەنە قەڵەم. مامۆستا هەژار لەو بارەوە دەنووسێت : زۆر کەس لایان وایە کە حیزبی ژکاڤ ڕووسان دروستیان کردووە کە خوا هەڵناگرێ راستی بۆ نەچوون، کاتێ کە حیزب بۆ هەوەڵجار لە ساباڵغ دامەزرا، رووس هیچ ئاگاداریەکی لێ نەبوو ، دەمانویست بە رەسمی بمانناسن و یارمەتیمان بکەن بەڵام هەرچی کۆششمان کرد جوابیان نەدانەوە (١٩) .

## حەمە رەزاشای پەهلەوی و مەسەلەی کورد :

دەسەڵاتی حەمە رەزاشای پەهلەوی لە سەر هەمان سیاسەتی باوکی سەبارەت بە ڕاوە دوونان و سەرکووتکردنی ئازادیخوازانی ئێرانی بە گشتی و بەگژ داچوونەوەی داواکارییەکانی نەتەوە نافارسەکانی ئێران لە پێش هەموویانەوە گەلی کورد بە تایبەتی، رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە شێواندن و تەقینەوەی بارودۆخەکەی وڵات لە پاش تەواوبوونی شەڕ. حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران لە ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانی چ دوای کۆتایی هاتنی، گاڵتەیان بە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد دەهات و ئامادە نەبوون کەمترین ماف بۆ گەلی کورد لە ئێران بسەلمێنن. لە باشوور و ناوەندی کوردستانی ئێران، ئەو ناوچانەی حکوومەتی ئێران دەستی بە سەریان دادەڕۆی، وەک دەسەڵاتێکی نیزامی پیرۆکراتی ئێرانی دامەزرابوو کە لە گەڵ کۆتایی هاتنی شەڕ دا رۆژ بە دوای رۆژ گوشاریان لە سەر خەڵکی شارەکان و عێلە نیشتمانپەروەرەکانی زیاتر دەبوو، ئەوانە هەموو حەولێکیان ئەوە بوو بنکە و بارەگا نیزامیەکانیان لەو ناوچانە دا بە هێز بکەن و سیخوڕە کانیان بڵاو بکەنەوە تا رێگا لەو شەپۆلە ئازادیخوازی و نەتەوەییە بگرن کە لە هەرێمی موکریان و باکووریانەوە قوڵپی دە دا (٢٠). درووست مانگێک پێش بە دەستە وەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایان ح.د.ک و دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان لە مەهاباد، هەفتەنامەی (( کوهستان )) لە چەند ژمارەیەکی دا بە درێژی باسی شێواوی بارودۆخی ئابووری کوردستان کردووە و بەرپرسیارییەکی خستۆتە ملی دەزگا گەندەڵ و ناکارەمەکانی حکوومەت، ئەوانەی لە کوردستان و نە لە تاران حازرنین کارێک بۆ خەڵکی راپەڕێنن و وەڵامی داخوازییەکانیان بدەنەوە بە تایبەت وەڵام نەدانەوەی تووتنەوانەکانی مەهاباد لە تاران و بێ بەش بوونیان لە هەموو حەق و دەستڕەنجێکیان، کوهستان نووسیویە : دوای ئەوەی خەڵک لە تارانەوە بە دەستی خاڵی دەگەڕێنەوە مەهاباد، دێنە سهەر ئەوباوەڕەی کە دەسەڵاتدارانی ناوەندی، مەهابادیان پشت گوێ خستووە و ئامادە نین لە رێی یاسایی و کارئاسانیان بۆ بکەن و ناڕاستە وخۆ پێیان دەڵێن : ئێمە ناتوانین بڕیارتان بۆ بدەین، خۆتان چۆنتان پێ خۆشە

وا بکەن، ئەو کاتەش خەڵکی پەی کاری خۆیان دەکەون و خودموختاری بەشێک لە کوردستان و لە پاڵ ئازەربایجان رادەگەیەنرێت (٢١) .

چ لە رۆژنامەی کوردستان، ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و چ لە چاوپێکەوتنەکانی پێشەوا قازی محەمەد لە گەڵ رۆژنامەی (( رهبر )) ی حیزبی تودە و دواتر وتاری پێشەوا بە کۆمەڵانی خەڵک، باس لە داواکاریەکانی کورد کراوە و ئەو داواکاریانە بە تەواوی شاراوە نین، پێشەوا دەڵێت : ئەگەر ئێمە ئە مرۆ پێدا دەگرین لە سەر داوای ئۆتۆنۆمییەکی جوزئی بۆ وڵاتەکەمان، گوناحی حکوومەتی ناوەندیە کە هیچی نەکردووە بۆ باشکردنی وەزعی ئێمە، ئێمە بە ڕاستی حەز ئەکەین رێگای پێشکەوتن بگرین، ئێمە حەز ناکەین لاسای ئامریکا و رووسیا بکەینەوە، بەڵام ئەوەش رەت دەکەینەوە کە وەکوو ئاژەڵی وڵاتانی شارستانی بژین. هەروەها لە شوێنێکی دیکە دا دەڵێت : بە هیچ جۆرێکی داوای تەجزیەی ئێرانمان نەکردووە و تەنیا مەبەستمان ئازادی خۆمان و دێموکڕاسی بووە. بەڵام لە پێش دا کاربەدەستانی ئێران بێجگە لەوەی کە جوابیان نەداینەوە، شۆخیشیان بە داوای ئێمە کرد و ناچار بووین حکوومەتی میللی مان دامەزراند و هێزی خۆمان لە بەرامبەر ئەوان دا تاقی کردەوە .... (٢٢)"

ئەحمەد کەمانگر" کە بۆ خۆی کارمەندێکی حکوومەتی ئێران و وەکیلی پایەی 1ی دادگای شاری سنە بوو لە ئاباری ساڵی ١٩٤٥ واتە ٧ مانگ پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، لە تەلەگرافێک دا ئەوەی پێشنیاری دەوڵەت کرد مادامەکی دەزگاکانی حکوومەت لە توانیان دا نیە بە کارامەیی کار و بارەکانی ناوچەکە راپەڕێنن، چی دەبێت ئەگەر حکوومەت ( استقلال ناقص ) واتە خوودموختاری بە خەڵکی کوردستان بدایە تا بۆ خۆیان بە کاروباری خۆیان دا رابگە ن (٢٣) .

بەمجۆرە لە پێش نیوەڕۆی رۆژی ٢ ی رێبە ندانی١٣٢٤ ی هەتاوی بەرامبەر بە کانونی دووەمی ١٩٤٦ لە گۆرەپانی چوارچرای شاری مەهاباد دا و بە ئامادە بوونی زۆربەی کادرەکانی ( ح د ک ) جەماوەرێکی زۆری شار و نوێنەرانی ناوچەکان و هۆزە کوردەکان هەر لە ماکۆوە تا سەقز و سەردەشت کە پێشتر بانگهێشت کرابوون، ئاهەنگی رێ و ڕەسمی راگەیاندنی" کۆماری میللی کوردستان" دەستی پێکرد (٢٤). قازی محەمەد لە کۆبوونەوەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ٢ی رێبەندانی١٣٢٤ی هەتاوی دا بە بەشداری هەموو چین و توێژەکانی کوردستان دا گوتی :

(( کوردستان مەوقعیەتێکی جوغرافیایی مەخێوەێی هەیە کە بێ پسانەوە و بێ ئەوەی نەتەوە و میللەتێکی کە لە نێویان فاێیل و لێکیان بپچڕێتەوە کورد بە سەریەکەوە و پێکەوە سکوونەتیان تێ دا هەیە و داوای مالکیەتی میللی لەوێدا. بە سەرهات و سەوابیقی تاریخییان یەکە و عموومەن تێی دا شەریکن، خاوەنی ئاداب و عادات و رسوومی میللیەکی وان کە هیچ جۆرە سەدەمە و عەوادیسێک نەیتوانیوە سستیەک لە بناغەی میللییەتی ئەوان دا پەیدا بکا. کورد لە قەدیم دا هەزاران پادشا و حوکمدار و تەشکیلاتیان هەبووە. هەر لەم کوردستانە ئازادەی ئێستا دا بنەماڵەی ئۆمەرای موکری کە سەرلسلەی ئەوان ئەمیر سەیفەدینا بووە تا ١٠٢٠ کۆچی بیلئستیقلال یەک لە دوای یەک ئەمیر سەیفەدین، سارم بەگ، شێخ حەیدەر، ئەمیربەگ، ئەمیر پاشا تا دەگاتە قوبادخان بە

دەسەڵات و قودرەتەوە حکومەتیان کردووە، میللەتی ڕەشید و بە غیرەتی کورد لە هەموو دەور و زەمانێک دا هەرکەس خەیاڵی ئیستیلای نیشت مانی ئەوانی بوو بێ بەرەنگاری بوون و بەربەرەکانیان کردووە و لە هیچ فیداکاریە ک دەستیان دا نەنواندووە. لە پاش لە دە ست چوونی حوکمدارەتیان بۆ وە گیرخستنەوەی ئازادی وچانیان نەداوە. بە دڵێکی ئەوەندە بە هێز و عەزمێکی سابیتەوە تێکۆشاون تا ئێستا هێزێکی وا نەبووە بتوانێ خەفەیان بکات، میرە کوێرە یان کوشتووە، بابان سەری هەڵداوە بابانیان بێ دەنگ کردووە، ئەردەڵان بڵیند بوون ئەوانیان لە عەرزی داوە، بتلیسی بەرز بوونەوە و هەزاری دیکە وەک ئەوان. تا لەو دواییانە دا لە پاش شەڕی بەینەلمیلی پێشوو کە دیکتاتۆری ئێران و تورکیا هاتنە سەرکار، زمان و عادات و مەزهەب و خسووسیاتی میللی کوردیان بە جارێک لاواز و کە نەفت کرد لە هیچ وە حشییەت و دڕندەییەک رانەوەستان، خوێندن و نووسینی زمانی کوردی مەمنوع و پۆشینی لیباسمان قەدە غەبوو نەیاندە هێشت لە هیچ جۆرە مەزایا و حقووقێکی بە شەرییەت بەشمان بێ)) . (٢٥)

لەو وتارەی قازی محەمەدی سەرۆک کۆماری کوردستان دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو کەسایەتییە مەزنە تا چ رادەیەک باوەڕی بە کوردستانی بوون و تێکڕای ڕەگەزە پێک هێنەرەکانی نەتەوایەتی کورد لە (( مێژوو ، دابی هاوبەش و تایبەت مەندیەکانی نەتەوەیی .... هتد بووە. کە ئەو تایبەت مەندییەش بێ گومان دەگەڕێتە بۆ بوونی (( وشیاری نەتەوەیی )) سەرۆک کۆماری کوردستان واتە قازی محەمەد و هەروەها کۆمەڵگای کوردیی ئەو کات و کۆمەڵەی ژکاڤێش دەتوانین بە هێمای ئەو وشیارییە نەتەوەییە لە قەڵەم بدەین. دوای ئەوەی کە کابینەی قازی ناسێندرا و وەزیرەکان دەستیان بە کارەکانیان کرد دروشمی پێک هێنانی کوردستانی گەورە بوو بە ئامانجی کۆتایی قازی و حیزبی دێموکرات و هەموو توانا و بڕستی کۆمار لەو پێناوە دا خرایە کار. هەر زوو مەهاباد بوو بە مەکۆی ناسیۆنالیستە کوردەکانی تورکیا و ئێراق و سوریا و شاعیران و ئەدیبە گەورەکانی کورد لە هەموو رۆژهەڵاتی نێوە ڕاستە وە ڕوویان لەو شارە کرد و مەهاباد بوو بە ناوەندی شۆڕشگێرانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و قیبلەگاو هیوای نەتەوە پەروەرانی کورد.

### کۆماری کوردستان و کاریگەری ئەو لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان :

ئاستی ناوخۆ : لە سەر ئاستی ناوخۆوە کۆماری کوردستان لە نیو توێژی خوێندە وارو شارنشینی کۆمەڵگای کورد لە ناوخۆی ئێران بە تایبەت لە تارانی پێتە پێتەختی ئێران دا کاریگەری هەبووە. کاتێک کە لاوێکی کرماشانی بە نێوی (( نادر ئیبراهیمی )) کە لیسانسی زانکۆی هەبوو، دێتە مەهابادو وەکوو نوێنەری کوردەکانی باشوور لە گەڵ پێشەوازییەکی گەرمی خەڵک و ڕێبەرانی کۆمار بەرە ورِوو دەبێت و پۆستێکیشی بۆ دیاری دەکەن (٢٦). لە ڕاستی دا هەرلە ژێر کاریگەریەتی کۆماری میللی کوردستان و دەسکەوتە دێموکراتییەکانی دا بوو کە چەند لاوێکی کورد لە ناوچەی گەرووس لە حوزەیرانی ١٩٤٦ دا ڕێکخراوێ کیان بە نێوی (( یەکێتی لاوانی بیجار )) دامەزراند بە سەرۆکایەتی لاوی کورد (( عە بدولباقی رەفیح )). ئەو یەکێتییە ئامانجی بە گژدا چوونە وەی دیاردە نالە بارەکانی دزیی و بەرتیل خۆری و گەندەڵی دەزگاکانی حکوومەتی ئێران بوو لە ناوچە کەیاندا (٢٧). کوردەکانی دانیشتووی تارانیش ڕێکخراوە یەکیان بە نێوی ( ئە نجومەنی ئازادیخوازانی کوردستان ) لە سەرەتای تەمموزی ١٩٤٦ دامەزرا کە ئامانجیان پشتگیری لە داخوازیەکانی گەلی کورد لە ئێران و حەول دان و کارکردنە سەر ڕای گشتی ئێران و دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران بوو

تا سیاسەتێکی گونجاو و نەرم بەرامبەر بە کورد و دەسەڵاتە سیاسیەکەی لە مەهاباد بگرنە بەر(٢٨) .

هەر لە وقۆناخە دا بوو کە خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی تاران لە سەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ دا ڕێکخراوەیەکیان بە نێوی ( اتحاد دانشجویان کرد در دانشگاه تهران ) دامەزراند. نادری موحسینی ئەندامی چالاکی ئەو یەکێتیە لە وتارێک دا نووسیویە : ئێمەش وەک خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران شوێنی گرینگ و ئەرکی مەزنی خۆمان لە ناو کۆمەڵە دا هەست پێکردووە و دەزانین کوردستان لانەی ئازیزمان چەند دەردە دارە و ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک دا پتر پێویستی پێمانە، ئێمە بە تەواوی دەرکمان بەوە کردووە کە بە داخەوە فەرهەنگمان، باری تەندروستی مان، کشت و کاڵ مان، سەنعەت مان بە کورتی هەموو شتێک مان خراپە و لە تەواوی شارەکانی تری ئێران دواکەوتووترە، هەر بۆیەت ئەو جێگایەی کە هەل و مەرج و شوێن ڕێگەمان پێ بدات، بگرە زیاتر لەوەش خەبات دەکەین بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی و دژی وێران کاری و خراپی بارودۆخی وڵاتەکەمان رادەوەستین(٢٩) .

ئاستی دەرەوە : دوای دامەزراندنی کۆمار بە ماوەیەکی کەم ( قەدری جەمیل پاشا ) بە نوێنەرایەتی کوردە نیشتمان پەروەرەکانی سوریا و لە ڕێگای سلێمانیەوە، خۆی گەیاندە مەهاباد و پیرۆزبایی هەموو کوردەکانی سووریا و توورکیای بە پێشەوا راگەیاند. ناوبراو لە یادداشتەکانی دا نووسیویە : ئێمە نیشتمانپەروەرانی کوردکە لە سووریا بووین، بە بیستنی هەواڵی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، گەلێ دڵخۆش بووین، لە سەر پێشنیاری من و رازی بوونی هەڤاڵانم بڕیارمان دا کە بە مەبەستی پێوەندی دۆستانە لە گەڵ حکوومەتی کۆمار سەردانی مەهاباد بکەم (٣٠) .

بەڵام لێرە دا نابی ئەو راستییەش لە بیر بکرێت کە بەشێکی زۆر لە کوردە کانی کوردستانی عێراق، خزمەتی دڵسۆزانەیان لە دەزگا نیزامی و ڕۆشنبیرەکانی کۆمار دا کردو زۆر بە پەرۆشەوە بوون بۆ ئەو ئەزموونە کە بەشێکیان وەکوو مامۆستا چووبوونە مەهاباد و لە خوێندنگاکانی کۆمار دا وانەیان بە منداڵانی کوردستان دەوتەوە. بارزانییەکان و ئەفسەرە ئازادی خوازەکان، کە بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی هاتبوونە هەرێمی موکریان، هەر زوو بوونە بڕبڕەی پشتی هێزی میللی کوردستان و بەرگری لێکردنی و دڵسۆز بوون بۆ پێشەوا و متمانەی تەواویان هەبوو و ئەرکی سەرپەرشتی ناسک ترین بەرەکانی شەڕ پێ سپاردن ئەویش بەرەی سەقز بوو(٣١) .

هەر لەو بارودۆخە دا بوو کە جووڵانەوەی ( هەڤەکان ) لە باشووری کوردستان لە سەردەستی ( مامەرەزای کوڕی شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە ) وەک بزووتنەوە یەکی سۆفیگەرای ئازادیخواز و جوتیارانەی پێشکەوتوو گەیشتە قۆناخێکی پێگەیشتوو و زوو لە لایان حکوومەتی پاشایەتی ئینگلیزخوازی عێراق و چینە کۆنەپەرستەکانی بە توندی دژایەتی دە کرا، مامە رەزا وەک ئەرکێکی نەتەوەیی، دەستەیەکی لە هەڤەکان بە مەبەستی پشتگیری کردنی کۆماری کوردستان نارده مەهاباد، ئەو دەستەیە تا نزیک رووخانی کۆمار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەگەڕانەوە (٣٢) .

کۆماری کوردستان و سەربەخۆخوازی : کۆماری کوردستان سەربەخۆ بوو و ئەو هەنگاوانەشی کە هاویشتی نیشانەی سەربەخۆی کۆمارە کە بوون، بە تایبەتی وەکوو کۆمارێکی نەتەوەیی کورد لە دیاریکردنی چارە نووسی گەلی کورد دا دیاری بکرێت .ویلیچیڤسکی




دەڵێت : دەربارەی سیاسەتی دەرەوە، قازی محەمەد دەیەوێ سەرنجی ئینگلیزیەکان و هەروەها سۆڤییەتیەکان بۆ لای خۆی رابکێشێت و بە باشتری دەزانێت بەلای هیچ لایەکان دا نەڕوات (۳۳). هەروەها لە دوکیومێنتێکی رووسیای سۆڤییەت دا لە زمانی رۆژنامەی ( اطلاعات ) وە نووسراون : پیشەوەری و قازی لە باکۆوە بوون، پیشەوەری و کاربەدەستانی دەرەوەی، سوور بوون لە سەر ئەوەی کە کوردستان ببێتە بەشێک لە ئازەربایجان و سەر بە ئەوەی بێت، بەلام قازی محەمەد زۆر بە توندی دژی ئەو هەڵوێستە راوەستاو بڕیاری لە سەر نەدا و رایگەیاندووە ئەگەر کوردستان بڕیارە سەر بە تەورێز بێت باشتر وایە سەر بە دەسەڵاتی ناوەندی بمێنێتەوە و حاجی بابە شێخ هەروەها رایگەیاندووە کە رێبەرانی کورد لە باکۆ لە ژێر گووشارێکی زۆر دابوون، تەنانەت قازی محەمەد ئامادە بوو کە خۆی ژارخواردوو بکات و خۆی بکوژێ (۳۴).

بیری سەربەخۆبوونی کۆماری کوردستان، پێشەوا و رێبەرانی تری حیزبی دێموکراتی کوردستانی هان دا کە بە پاشکۆیەتی حکوومەتی ئازەربایجان رازی نەبن و سەر بۆ پیشەوەری و باقرۆف دانەنوێنن و بڕیاری دامەزراندنی حکومەتێک بە بەدیهێنانی سەربەخۆیی و ئازادی نەتەوەیی کورد بدەن .

**رۆژنامەگەری کوردی و وشیاری نەتەوەیی :** رۆژنامە و بڵاوکراوەکانی کوردی کۆمار، رۆڵی سەرەکیان گێڕا لە بڵاوکردنەوەی هەست و وشیاری نەتەوەیی بەلام سەربەخۆیانە و بە بێ گوێ راپەڵی بە رەنگدانەوەی سیاسەتەکانی سۆڤییەت و ئازەربایجان، لە تەواوی ئەو بڵاوکراوانە دا بابەت گەلی پێوەندی دار بە کۆمۆنیزم و مارکسیزم بڵاو نەدەکراو و هەمیشە لە لاپەڕەی یەکەمی ئە و بڵاوکراوانە دا، وشەی (( بسم الله الرحمن الرحيم )) و هێندێکیش جار ئایەتی قورئانی پیرۆز بەرچاو دەکەوت.

حکوومەتی کۆمار بڵاوکردنەوە و گەشدانی فەرهەنگ و زمان و ناسیۆنالیستی کوردی کردبووە بەرنامە و پێڕەوی خۆی. بەشێکی گرینگی شێعرەکانی شاعیرانی گەورەی کورد وەکوو قانع، پیرە مێرد، هەژار و هێمن لەو سەردەمە دا بڵاو دەبوونەوە وەکوو رۆژنامەی کوردستان و گۆڤار و هەفتەنامی هەڵاڵە تایبەت بە ژنان، مانگ نامەی هاوار بابەتی ئەدەبی بڵاودە کردەوە کە وێڕای کەم و کوڕی کاغەز و بووجەی کەمی حکوومەتی کۆمار، شێعرەکانی هەژار و هێمنی تێدا بڵاو دەببەنەوە کە ئەوگری قازی محەمەدی بە نیسبەت زمانی کوردی نیشان دەدا و هەروە ها بڵاوکراوەکانی تری وەکوو : گۆڤاری ئاژیر، گەلاوێژ ، گرۆگاڵی منداڵان ، نیشتمان (۳۵) .

**پێشەوا و رووخانی کۆمار :** دوای ئەوەی کە هەل و مەرجەکە بە دژی ئامانجەکانی نەتەوەیی کورد و کۆماری کوردستان دا شکایەوە و ئەگەری هاتنەوەی لەشکری حکوومەتی رەگەزپەرستی شاهەنشاهی رەخسا، پێشەوا بێ ئەوەی کە ترسی مەرگ لە وەفاداری بە سوێند و پەشیمانی بکاتەوە، هەڵوێستێکی گرت کە ئازادیخوازانی ئێرانی تووشی سەرسوورمان کرد. ئەویش ئەوە بوو کە سەرەڕای ئەوەی کە دەیزانی لە لایان رێژیمی حەمە رەزاشای پەهلەوی سزای لە سێدارە دانی بۆدە درێت، بەلام حازر نەبوو مە هاباد بەجێ بهێڵێت، چونکە گومانی هەبوو لە کوشتار و تالانی بێ بەزەییانەی خەڵکی مەهاباد لە لایان رێژیمەوە ." علی اصغر احسانی" لە بیرەوەریەکانی دا مەزنی و بوێری پێشەوای سەلماند و نووسیویە : ئەو مرۆڤە مەزن و ئازایە کە دەبوایە ئەمسالی پیشەوەریەکان و غولام یەحیاییەکان وانەی قارەمانێتی و بزورگواری و مەردایەتییان لە قوتابخانەی ئەو دا خوێندبایە ... ئەوانە ئەگەر تۆزقاڵێک

مەردایەتی و بوێری قازی محەمەدیان هەبوایە، بە تەنیا ئیشارەتێک دەستیان لە بەرگری بەرنەدە دا وەکوو قازی سەنگەری مەردانەی خۆیان چۆل نەدەکرد(۳۶).شایانی باسە بوێری پێشە پێشەوا، بە جۆرێک بوو لە بەرامبەر مەرگ دا چۆکی نەلەرزاند و هەڵوێستی جوامێرانەی لە موحاکەمە کردنی مەحکەمەی شاهە نشاهی دا سەری زۆر لە ئامادە بووانی سوڕاند، پێشەوا لەو مەحکەمەیە دا بە زمانێکی پاراو سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی حکوومەتەکانی تارانی لە قاو دا و ئاشکرای کرد کە خەباتی گەلی کورد لە پێناوی ئازادی دایە و بە لە ناوبردنی سەرکردەکانی نەک هەر لە ناو ناچێت بەڵکوو کڵپەش دەستێنێت و تا سەرکەوتن پشوو نادات (۳۷) .

لە پێوندی لە مەڕ ئاستی خۆشەویستی قازی محەمەد لە نێو توێژی جۆربە جۆرە کانی کۆمەڵگای کوردستان، " مرتضی زربخت " لە بیرەوەریەکانی خۆی دا ئاوا باس دەکات : هەڵس و کەوتی قازی محەمەد و پیشەوەری رێبەرانی کورد و ئازەربایجان، شوێنەواری دژوازی لە سەر خەڵکەکەیان هەبووە و کاردانەوەی جیاوازی لێکەوتۆتەوە، پاش تێپەڕبوونی ۳۲ ساڵ پیشەوەری و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان هیچ کام نەیانتوانی لە نێو دڵی کۆمەڵگای خەڵکی خۆیان دا جێی خۆیان بکەنەوە، لە حاڵێک دا لە مەهاباد گۆڕی قازی محەمەد بۆتە زیارەتگای خەڵک و لە سەردەمی شۆڕشی ۵۷ دا و لە ساڵرۆژی شەهید بوونی دا ۱۰۰۰۰۰ هەزار کەس بە حازر بوون لە سەر گۆڕەکەی یاد و رێبازی ئەویان بەرز ڕاگرت . و لە پاش شۆڕشی ۵۷ ی گەلانی ئێران دا بوو کە گەورە ترین گۆڕەپانی شاریان بە نێوی ئەو گەورە پیاوە کرد (۳۸) .

ئەمەیە بوێری و گیانفیدایی کەسایەتییەک لە حاند چارەنووسی گەلەکەی دا تاسەرە مەرگ خۆی بە بەرپرس دەزانێت، سەرۆک کۆماری حکوومەتێک کە لە لایان دەسەڵاتدارانی ناوەندییەوە بە دەسکردی دەرەکی و سۆڤییەتێکان لە قەڵەم دراوە لە حاڵێکدا کەسایەتی پیشەوەری و رێبەرانی فیرقەی ئازەربایجان بۆ هەمووان زەق و بەرچاوە. ئەوکاتەی کە پیشەوەری و هێندێک لەو رێبەرانە لە سەر و وبەندی هاتنی ئەرتەشی ئێران بۆ تەورێز بە بێ هیچ خۆڕاگری و بەرگری کردنێک ڕادەکەن و هەل و مەرجێکی لەبار دەرەخسێنن بۆ ئەوەی کە هێزی نیزامی ئێران کوشتارێکی بێ بەزەییانە و تاڵانێکی گەورە و لە ئاکام دا کارەساتێکی دڵتەزێن بقەومێنێ، ئەو چەشنە هەڵس و کەوتە ناجوامێرانەی رێبەرانی ئازەربایجان نێشانی دا ئەوان تەنیا لە پێناوی بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆیان و گەیشتن بە مەقام و دەسەڵات ئەو حکوومەتەیان، ئەویش بە یارمەتی سۆڤییەتێیەکان دامەزراندووە و نە بۆ خۆیان جێگای رێزی خەڵک بوونە و نە کۆمارە کەیان بە پێچەوانەی کۆماری کوردستان، هەڵقوڵاوی ناوەی کۆمەڵگا بووە .

پێشەوا دوای خۆ بەدەستەوەدانی و ئامادە بوونی لە دادگا دا، لە دوایین لێدوانەکانی لە بەرامبەر دادگای فەرمایشی شا دا رایگەیاند : ئەو بزووتنەوەیە بە مەرگی من کۆتایی نایەت بەڵکوو کڵپەش دەستێنێت، جەخت کردن بەو ڕاستییەیە کە ئاستی وشیاری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان ڕیشەیەکی زۆر لەوە قووڵتری هەیە کە بە مەرگی رێبەرەکەی خاشە بڕ بکرێت.

**دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان :** دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان گەلێک زۆرن و تێکڕای لایەنە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندرووستی و فەرهەنگی و نەتەوەییەکانی کۆمەڵگای کوردی دەگرنەوە، هەر لە دامەزراندنی دام و دەزگاکانی حکوومەتی و بە فەرمی راگەیاندنی زمانی کوردی و بەکارهێنانی لە تەواوی خوێندنگا و دەزگا بەرێوبەریەکانی حکوومەتی

کوردستان دا، تەنانەت لە وتاری رۆژی هەینی مزگەوتەکانیش دا، ئەمە و بایەخدانێکی زۆر بە بووژاندنەوەی ئەدەب و مێژوو و کلتوور و رۆشنبیری، بە دەرکردنی چەندەها رۆژنامە و گۆڤاری وەک کوردستان، هەلاڵە و هاواری نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵان ، ئاوات و هاواری کورد و هتد ......جگە لە بایەخ دان بە کرانەوە ی کتێب خانەی میللی و کردنەوە ی خوێندنگای رۆژانە و شەوانە و هێنانی دەزگای رادیۆ و سینەمای گەڕۆک و کردنەوە ی خەستەخانە و بایەخ دان بە باری لەش ساغی هەروەها حەول دان بۆ باش کردنی ئابووری ناوچەکە و دامەزراندنی شەریکەی پێشکەوتنی بازرگانی و هێنانی ماشێنی کشت و کاڵ و چەندەها کاری تر کە بە ئامانجی گەشەدان و وشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و رووناک بیری خەڵکی کوردستان بوو . کرپس کوچیرا لەوبارە وە دەڵێ : ..........
کۆماری مەهاباد هەر چەند ناوچەیەکی بچووک بوو، و تەمەنی حکوومەتەکەی زۆر درێژەی نەبوو بەڵام لە راپەڕینی نەتەوایەتی کورد لە لە مێژوو دا جێگایەکی زۆر بەرێزی هەیە ئەوە یەکەم بزووتنەوەی کورد بوو کە دەدیترا (( ڕووناکبیرەکان )) کارووباری ئەوی بەڕێوە دەبەن ئەگەر کۆماری مەهاباد بەردەوام بایە کوردەکان بە دنیایان نیشان دەدا کە کورد بەراستی مڵهووڕ نییە، بەڵکوو توانایی ئەوەی هەیە کە خۆی بەڕێوەبەرێ (٣٩) . ڕە چاوکردنی ئازادی سیاسی و ئاسایشی ناوخۆ تایبەت مەندییەکی هەرە زەقی ئەو کۆمارە لە بەرچاو کۆماری ئازەربایجان و رژیمی دیکتاتۆری شاهەنشاهی بوو. لە کاتێک دا کە ترۆریسم ئازەربایجانی رۆژهەڵاتی داگرتبوو،

شەپکەی سیاسی زۆر تووند ببوو، لە کوردستان دا تەنیا چەند زیندانی سیاسی هەبوون، یەک دوو کەسیش ڕەنگە بە هۆی سیاسی کوژرا بن هەر چەند کە ژمارەیەک لە کوردەکان لایەنگرییان لە کۆمار نەدەکرد، بەڵام دیسانیش توانیان ڕابکەن و بچن بۆ تاران. لە کۆڵان و شەقامەکانی مەهابادی پێتەخت بە ئاشکرا دەکرا گوێ بدەیتە رادیۆکانی ئیستانبول و لەندەن بەڵام لە تەورێز گوێ دان بەو رادیۆیانە تاوانێکی مەزن و سزایەکی بۆ داندراوە (٤٠) .

سەرۆک کۆماری حکوومەتی کوردستان کەسێک بوو کە لە بڕیاردانی سیاسی دا پرس و ڕای بە ئەندامانی تری کۆمیتەی ناوەندی حیزب دەکرد کە ئەوە بۆ خۆی ئەوپەڕی دێموکڕاسی بوونی کۆماری دەسەلماند لە بەرچاو حکوومەتی شاهەنشاهی ئێران کە حکوومەتێکی تاکە کەسی و دیکتاتۆری بوو . هەر وەک سەرۆک کۆمار کوردستان قازی محەمەد خۆی لە رۆژنامەی کوردستان دا دەڵێت : ئەمن بە بێ تەصویبی کۆمیتەی مەرکەزی هیچ کارێکی ناکەم ، چوونکە دێمووکڕات ئەوەیە کە شەخس ناتوانێ مەسلەحەتی میللی بێ مشاوەرە بگرێتە دەستی خۆی (٤١). تەنانەت لە بەرە بەری هاتنی سوپای ئێران بۆ مەهاباد سەرۆک کۆمار، خەڵکی مەهاباد و پیاو ماقووڵانی و سەرۆک عەشیرەتەکان، لە مزگەوتی هەباس ئاغا کۆ دەکاتەوە تا بە راوێژی ئەوان چۆنییەتی هەڵوێستییان لە هەمبەر هاتنی سوپای ئێران دیاری بکەن.

## دەرەنجام :

ناسیۆنالیسم لە کوردستان راستییەکی حاشا هەڵنەگر و بەرهەمی بارودۆخی نوێی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسییە، کە لە هەمان کات دا خاوەنی بنچینەهایەکی بەهێزی گەلی رابردوو و مێژوویی یە کە لە پشتیوانی جەماوەری بەتایبەتمەندی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کەڵک وەردەگرێ کە لە نێوچوونی ئەو لە داهاتوویەکی نزیک دا ئەستەمە. بەپێچەوانەوە ناسیۆنالیسم لە کوردستان و لە

داهاتوویەکی نزیک دا ڕۆڵێکی گرینگتر یاری دەکات بەهۆی ئەوەی کە کوردستان جڤاکێکی نوێ یە و پێکهاتە و دامەزراوەکانی دەحاڵی تەواوبوون و پێشکەوتن دانە. کۆمەڵگای کوردستان سەبارەت بە بوونی هێندێک تایبەتمەندی دیاریکراو، جیاوازی هەیە لە گەڵ نەتەوەکانی تر و ئەو هۆکارەش دەبێتە هۆی پێکهاتنی شووناسێکی دیاری کراوی کوردی. چەسپاندن و جێگیرکردنی شووناسی نەتەوەیی، یەکێکە لە شازەکانی گرینگی ناسیۆنالیسمی کوردی. تەواوی بزووتنەوە سیاسییەکانی کوردی و بزاڤە فەرهەنگییەکان سەرەڕای ئامانجی جیاواز و شێوازی جیالە یەکتر، لەو بەشە دا خاڵی هاوبەشیان هەیە. شووناسی نەتەوەیی لە کوردستان سەربەخۆ و خاوەنی بنچینەی بە هێزی مێژوویی، واتا و بایەخی تایبەت بە خۆی هەیە. و ئەوە بە مانای چاوپۆشی لە کارتێکەری شوناسەکانی تر لە بەهێزکردن یا هاندانی شوناسی کوردی نییە، دەوڵەتە تازە پێکهاتووە کانی ئێران و ئێراق و تورکیا پاش شەڕی جیهانی یەکەم، لە هە ولی دۆزینەوەی گوتاری ناسیۆنالیستی تایبەت بە مەبەستی شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی زۆرە ملی و گەشەدانی فەرهەنگی سیاسی خۆیان بوونە کە لە بنەڕەت دا لە بواری فۆرم و تایبەتمەندیەوە لە گەڵ شوناسی نوێ لە کوردستان لە دژوازیەکی تەواو دا بوو. پێشکەوتنی ئەو وڵاتانە لە ڕاستی دا، هاورێ بوو لە گەڵ حاشالێکردنی پرۆسەی فەرهەنگی سیاسیی کوردستان لە هەرێمی دەوڵەتەکانیان، کە ئەو مەسەلەیە بوو بە هۆی خۆڕاگری کوردەکان و لە ئاکام دا سەرهەڵدانی ناسیۆنالیسمێکی پەرچە کردارانە . سەرهەڵدانی بزووتنەوە گەلی جۆراوجۆری سیاسی ناسیۆنالیستی کوردی باشترین بەڵگەن بۆ ئەو خۆڕاگریە لە هەمبەر شۆردنەوە و حاشالێکردنی شوناسی نەتەوەیی کورد.

لە ڕاستیدا سیاسەتەکانی بە نێو چاکسازی ڕەزاخان لە کوردستان وەکوو نەهێشتنی ڕەوتی هۆزایەتی و بە زۆری نیشتە جێکردنیان، قەدەغە کردنی خوێندن و نووسینی زمانی کوردی، یەک چەشن کردنی جل و بەرگ و سەپاندنی جل و بەرگی ڕۆژئاوایی بە سەریان دا، دەوری کاریگەرییان هەبوو لە هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینی چەکداری و سەرهەڵدانی بزاڤەکانی فەرهەنگی و سیاسی کە لە ئاکام دا بواری ڕەخساند بۆ دامەزراندنی (( کۆماری کوردستان )). دامەزراندنی کۆماری کوردستان وەک ئۆرگانیکی دەوڵەتی لە مێژووی گەلی کورددا ، ووک هە نگاوێکی بوێرانە و گرینگ بوو ئەگەرچی ئەو ماوەیەی دەسەڵاتداریەتی کەم بوو بەڵام وەکوو هۆکارێک و قۆناغێک لە بەرجەستە کردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد دا جێیگەی خۆی گرتەوە، ئەگەرچی ئەو پێوەندیەی بە دەرەوەی وڵات هەیبوو کەم و سنووردار بوو، بەڵام لە رووی یاساییەوە دەتوانرێت وەک سەردەمێکی دیاری کردنی مافی چارە نووس پێناسە بکرێت. ئەوەش دووەم حکوومەتی کوردی بوو کە بەرهەمی خەباتی رزگاری و نەتەوایەتی گەلی کوردە لەو قۆناغە مێژوویە دا، دەتوانین بڵێین حکوومەتی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەو کاتە دا حکومەتی بەدیهێنانی مافی چارە نووسی گەلی کورد بوو. لە وتارەکانی پێشەوا لە بەردەم جەماوەری خەڵک دا وتی :

کورد گەلێکە زابیتەی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەرزی خۆی هەیە، وەکوو هەموو گەلانی تر مافی بڕیاردانی چارە نووسی خۆی هەیە، کورد لە خەوتنێکی دوور و درێژ دا ڕاپەڕیوە و هەروەها ڕایگەیاند کە ئیتر لە مەو بەدوا ساباڵاغ لە حکوومەتی تاران جیا بۆتەوە و لە مەو بە دوا رادەگەیەنێت کە حکوومەتی سەربەخۆی هەیە و قازی محەمەد هەروەها لە وتارەکانی دا رایگەیاند کە کوردستان لە ڕووی جوغراڤیایەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە و کوردی تێدا جێگیرە، کورد تایبەتمەندی نەتەوەیی و مێژوویەکی دێرینەی هەیە، کلتوور و داب و نەریتی نەتەوەیی خۆی هەیە کە رۆژگار نەیتوانیوە بیفەتێنێت. هەمووی ئەوانە دان پیانان بەو

ڕاستیەیە کە کۆماری کوردستان تا چ ڕادەیەک لە ژێر کارتێکەری (( وشیاری نەتەوەیی )) ڕێبررانی کۆمار و کۆمەڵگای کوردی ئەوکات دامەزراوە . ڕەنگ نەدانەوەی سیاسەت و بیروباوەرەی سۆڤییەت لە کاروبار و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی کۆمار دا باشترین بەڵگەن بۆ سەربەخۆ بوونی کۆمار. ڕەدکردنەوەی داخوازی ئازەربایجانیەکان بە ئەو مەبەستە کە کۆماری کوردستان سەر بە کۆماری ئازەربایجان بێت، لە لایەن پێشەواوە بەڵگەیەکی ترە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی کۆمار دامەزراندنی کۆمەڵەی ژکاف و حیزبی ئازادی کوردستان لە پێش هاتنی سۆڤییەت بۆ کوردستان، نیشان دەری ئەو ڕاستییەن کە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیسم و هۆشی نەتووایەتی کوردە کان هیچ پێوەندێکی بە سۆڤییەتیکان نەبووە هەر وەکوو سەرکۆنسولگەری سۆڤییەت هاشمۆڤ دەڵێ کە (( لە نێوان ئێمە و ژکاف دا هیچ پێوەندیەک نیە )). ئەگەرچی سۆڤییەت بە ڕواڵەت دژایەتی داخوازیەکانی کوردی نەدەکرد، بەڵام لە دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان دا، هیچ ڕۆڵێکی نەبوو، نەشی دەویست کوردستان لە ئازەربایجان جیا بێ، تەنیا ئامانجی نەتەوە ی کورد پێک هێنانی ئەو حکوومەت بوو بۆ ئەوەش هەر ئەو خەڵکی کۆڵان و بازاڕەی لە پشت بوو، دیتیشمان پاش بەسترانی بڕیارنامەی نەوتی باکوور، سۆڤییەتێکان چۆن پشتی کوردەکانیان بەرداو بە ڕاشکاوی دژی پێشرەوی کوردەکان و هێزی رزگاریخوازی کورد بوون بەرە و باشووری کوردستان و ناوچەکانی سنە و کرماشان . پێوەندی سۆڤیەت لە گەڵ کۆماری کوردستان ئەگەرچی لە ئاستێکی دیپڵۆماتیکیش دا تێپەڕ ببوو، بەڵام هەموو گەلێکیش مافی خۆیەتی هەول بدات پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ خۆی بە دەست بهێنێت تا کەسایەتی نێونەتەوەیی مسۆگەر بکات دەتوانین بڵێین ئەو پێوەندییە بواری کەسایەتی یاسایی نێو نەتەوەیی و پرۆسە کردنی نیشان دەدات بۆ گەلێکی بێ پشتیوانی وەکوو کورد، ئەو کۆمارە لە کردەوە دا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە پێوەندی دەرەوە دا کاری دەکرد نموونەش پێوەندی لە گەڵ کۆماری ئازەربایجان و یەکێتی سۆڤییەت، سەربەخۆ وەک دەوڵەت ئەنجامی دەدا. دێموکڕاسی بوون پایەی سەرەکی فیکر و کەسایەتی پێشەوا بوو، بە جۆرێک نەتەوەیی بوونەکەی بە ئاقارێکی ئەرێنی و مرۆڤ دۆستانە دابردبوو، بە شێوە یەکە دوور بێت لە بەرزە فرِی و شۆونیسم یاخود بپارێزێت لە لار بوونەوە و بەرە و دیکتاتۆری چینێکی کۆمەڵایەتی و راگەیاندنی شەڕی نێوخۆیی، مەسەلەیەکی وا کە کۆماری کوردستان دەکاتە نموونەیەکی تاقانەی دەسەڵاتێکی دێموکڕاسی لیبراڵ لە نێو ناوچەیەکی دواکەوتووو گیرۆدەی سیستمی دیکتاتۆڕ و شۆوینیستەکان، بگرە لە حکومەتی ئازەربایجانیشی جیا دەکاتەوە کە سرووشتێکی ڕادیکاڵی چەپی هەبوو و تا دەهات بەرە و توتالیتربوون و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ هەنگاوی دەنا. کۆماری کوردستان بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئێران دا جووڵانەوەی دێموکڕاتی سەرانسەری لە گرینگی بزاڤی ئازادیخوازانەی کوردستان وریا کردەوە بە جۆرێک دێموکڕاتخوازانی ئێرانیش هیوای گەورەیان بە ئەزموونی کوردستان هەبوو. کۆماری کوردستان ئەگەرچی تەنیا لە ناوچەی موکریان دا قەتیس مابوو بەڵام کاریگەریەتی لە سەر کوردی پارچەکانی تریش دانا وەکوو هاتنی بارزانییەکان و یارمەتی نیزامی ئەوان وەکوو بربڕەی پشتی کۆمار. ئە وسیاسەتەی قازی محەمەد و هەواڵانی سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە کە بزووتنەوەی کۆمار لە سەر بناغەی یەکگرتوویی نەتەوەیی خەباتی کردووە کە ئەو خاڵە، ئەو بزووتنەوەیە لە گەڵ بزووتنەوەکانی تر جیا دەکاتەوە. یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی کۆمار لە بەرچاو بزووتنەوەکانی تری کوردی، ئەوە یە کە کۆمار ژیاندنەوەی وشیاری نەتەوەیی کردە ئامانج و ڕێبازی خۆی . کە لەو سەروبەندەی ئەوکات دا گەلی کورد بە هۆی سیاسەتەکانی پاکتاوی رەگەزی لە لایان دەسەلاتی ناوەندیەوە خەریکی لە دەست دانی شووناسی نەتەوەیی و دوورە پەرێزبوون لە ڕاستیەکانی مێژووی ڕابردووی خۆی بوو. شانۆی دایکی نێشتمان و سروودی ئەی رە قیب و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان نموونەیەکن لەو پێناوە دا. ئەگەرچی کۆماری کوردستان خاوەنی هێندێک خاڵی لاوازیش بووە بەڵام لایەنی بە هێزی ئەوە بووە کە ئەو بزووتنەوەیە لە چوارچێوەی حیزبێکی سیاسی مۆدێرن بە بەرنامە و پرۆژەیەکی داڕێژراوەوە دامەزراوە کە

لە کاتی خۆیدا لە نێو کۆمەڵگای کوردی دا بێ هاوتا بووە. لە لایەکی تر ڕێبەرانی کۆمار لە ڕووناکبیرانی سەردەمی خۆیان بوونە و بە تێڕوانینێکی زانستی مامەڵەیان لە گەڵ پێشهاتەکانی ڕۆژ کردووە .

سەرچاوەکان :


١- احمد کسروی _ تاریخ مشروطه ایران ، چاپ چهاردهم ، انتشارات امیرکبیر ، تهران ، ص ٨٣ .

٢- گۆڤاری مەهاباد ، ژمارە ٤٠ پووشپەڕی ١٣٨٣ ل ١٣-١٢ .

٣- کاروانێک لە شە هیدانی کوردستان – کە ریمی حیسامی ، انتشارات روزبه ، ١٩٧١ ، ل ١٠ – ٨ .

٤- بارودۆخی سیاسی کوردستان – مجتبی برزوی ، وەرگێڕانی نازنازمحەمەد عەبدولقادر ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ٢٠٠٥ ، ل ٣٣٠ .

٥- هەمان سەرچاوە – ل ٣٣٤ .

٦- دوکتووریاسین سەردەشتی، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، چاپخانەی سیما ، سلێمانی ٢٠٠٧ ، ل ١٢٠ .

٧- هەمان سەرچاوە ، ل ١١٦-١١٥ .

٨- هەمان سەرچاوە ، ل ٧٨ .

٩- هەمان سەرچاوە ، ل ٩٣ .

١٠- کەریمی حیسامی ، کاروانێک لە شەهیدانی کوردستان ، ل ١١ – ١٠ .

١١- محمد رضا جلائی پور ، قاضی محمد ، ص ٢٧ .

١٢- دیوانی هێمن موکریانی ، لە کوێ وە بۆ کوێ .

١٣- بارودۆخی سیاسی کوردستان – مجتبی برزوی ، وەرگێڕانی نازنازمحەمەد عەبدولقادر ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ٢٠٠٥ ، ل ٣٦١ .

١٤- کەریمی حیسامی ، کاروانێک لە شەهیدانی کوردستان ، ل ١٢٥ .

١٥- نوشیروان مستەفا ئەمین ، حکومەتی کوردستان ( کورد لە گەمەی سۆڤییەتیدا ) اربیل چاپخانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم ، ١٩٩٣ ، ل ٥٨ – ٥٧ – ٥٦ .

١٦- هەمان سەرچاوە ، ل ٦٥ – ٦٤ – ٦٣ – ٦٢ .

١٧- گۆڤاری ڕوانگە ژمارە ١٤ ، بانەمەڕی ١٣٨٢ ، ل ١٠ .

١٨- دوکتوور ئەفراسیاو هەورامی ، ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند بەڵگەنامەیەکی شورەوی دا ، (١٩٤٧ – ١٩٤٥ ) ، ل ١٤ .

١٩- هە ژار ، عبدالرحمان شرفکندی ، چێشتی مجێور ، چاپی یەکەم ، پاریس ١٩٩٧ ، ل ٦٥ .

٢٠- دوکتووریاسین سەردە شتی ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، چاپخانەی سیما ،سلێمانی ٢٠٠٧ ، ١٨٧ - ١٨٦ .

٢١- هفته نامەی کوهستان ٣ دیماه ١٣٢٤٢٢ ) کوردستان ، ڕۆژنامە ، ٢٢ / ٣ / ١٣٢٥ – ٨ / ٥ / ١٣٢٥ ،

٢٢- نوشیروان مستەفا ئەمین ، حکومەتی کوردستان ( کورد لە گەمەی سۆڤییەتیدا ) اربیل چاپخانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم ، ل ٢٣٩ – ٢٢٨ – ٢٣٥ – ٢٢٠ .

٢٣- هفته نامه کوهستان ، ٧ی خرداد ١٣٢٤ .

٢٤- دوکتوور یاسین سەردەشتی، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، چاپخانەی سیما ، سلێمانی ،ل ١٨٩ .

٢٥- بیرەوەریەکانی سەعیدی هومایۆن ، پێشەوای ڕابوون ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٧ ، چاپخانە ی ئاراس ، ل ٦٣ – ١٤ .

٢٦- گۆڤاری روانگه ژماره ١٦ ، ره زبه ری ١٣٨٢ ، ل ٤٣ .

٢٧- هفته نامەی کوهستان ، ١٠ تیر ١٣٢٥ .

٢٨- هەمان سەرچاوە ، ٢٤ تیر١٣٢٥ .

٢٩- هەمان سەرچاوە ، ٤ تیر ١٣٢٥ .

٣٠- دوکتوور یاسین سەردەشتی ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، چاپخانەی سیما ،سلێمانی ، ل١٩٥ .

٣١- هەمان سەرچاوە ، ل ١٩٧ .

٣٢- هەمان سەرچاوە ، ل ١٩٧ – ١٩٦ .

٣٣- دوکتوور ئە فراسیاو هەورامی ، رووداوە کانی رۆژهەلاتی کوردستان لە چەند بەلگەنامەیەکی شورەوی دا ، (١٩٤٧ – ١٩٤٥ ) ، ل ٧٧ .

٣٤- هەمان سەرچاوە ، ل ٧٢ .

٣٥ بارودۆخی سیاسی کوردستان – مجتبی برزوی ، وەرگێڕانی نازنازمحەمەد عەبدولقادر ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ٢٠٠٥ ، ل ٤٢٣ .

٣٦- علی اصغر احسانی ، خاطرات ما از قیام خراسان و حماسه خارک ، چاپ ١٣٧٨ ، ص ٦٨٦ .

٣٧- بەدرەددین ساڵح ، سەرۆک کۆماری کوردستان لە بەردەم دادگا دا، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠١ ، ل ٢٠ -١٨ .

٣٨- زربخت، مرتضی ، از کردستان عراق تا آنسوی رود ارس ( راهپیمایی تاریخی ملا مصطفی بارزانی ١٣٢٦ ) نشر شیراز تهران ، چاپ اول ١٣٧٦ ،

٣٩- مێژووی کورد لە سەدەی ٢٠ و ١٩ ، ل ٢٨٨ ، کرپس کوچیرا ، وه رگێڕاوی محمدریانی .

٤٠- ئارچی رۆزوێلت ، کۆماری کورد لە مەهاباد ، ل ٤٠ – ٣٩ – ٣٨ .


٤١- دوکتوور یاسین سەردەشتی ، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، چاپخانەی سیما ، سلێمانی ، ل ١٦٩ – ١٦٨ .


سەرچاوە : ماڵپەری هەتاوی قەندیل / ڕێکەوتی : ١٨ی نۆڤیمبەری ٢٠١١

# مێژووی کۆمەڵەی ژ- ک و کۆماری کوردستان و ڕۆڵی کەڵوڕەکان

**ئێقباڵ سەفەری**

پاش ئەوەی کۆمەڵێک لە هەڵکەوتوانی کورد لە ناوچەی موکریان و لە ساڵی ۱۳۲۰ ریکخراوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان پیک دێنن و چالاکیەکانیان بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد دەستپێ دەکەن، ئەم کۆمەڵەیە پەلوپۆ دەکێشی بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان.لەم پێوەندیە دا میرزا عەبدۆڵا مودەبەر ( ناسراو بە ئاغەگەورە) کەڵوڕ (کەڵهوڕ) خۆی دەگەیەنێتە شاری مەهاباد و لەگەڵ کۆمەڵێک لە چالاکانی ئەوە دەم کۆ دەبێتەوە. لەو کۆبونەوەیە دا ناوبراو وەک بەرپرسی گشتیی رێکخستنی کۆمەڵەی ژ- ک لە شار و ناوچەکانی سنە، کرماشان، ئیلام و لوڕستان دیاری دەکرێ. بە گەڕانەوەی ئاغاگەورە لە مەهابادەوە بۆ کرماشان، چالاکیەکانی کۆمەڵەی ژ- ک پی دەنێتە قۆناخێکی نوێوە. لەم پێوەندیە دا کۆمەڵێک



چالاکوانی سیاسی - تەشکیلاتی لە ریزەکانی کۆمەڵەی ژ – ک دا دەست بە چالاکی و ریکخستن دەکەن. یەک لەو کەسانە میرزا برایمخانی نادرییە کە دەبێتە جێگری میرزا مۆدەبر و چالاکیەکان لە ناوچەکانی کرماشان، پشتکویە و لوڕستان سەرپەرەستی دەکا. کەسی دووهەم لەو تیکۆشەرانە مامۆستا سەید تاهیری هاشمی بووە کە دەبێتە دەبیری کۆمەڵە لە شاری کرماشان. کەسی سیهەم رەشید باجەڵانییە کە وەکیلی دادگوستەری بووە، بەرپرسایەتی بەشی باشور لە شاری خانەقینی پێدەسپێردرێ و هەروەها پێوەندی نێوان باشور و کرماشانیش بەڕێوە دەبا کە لە شاری بەغداوە دەستپێدەکا تا دەگاتە کرماشان. چارم کەس یەدۆڵا رەزایی دەبێ کە بە بەربرسی پێوەندیە گشتیەکانی ئێلی کەڵوڕ دیاری دەکرێ و ناوبراو کەسێکی شارەزای بواری سیاسی بووە. بەمجۆرە کۆمەڵەی ژ- ک بە هۆی ئۆگر بوونی بە بیر و هزری نەتەوەییەوە لە ماوەیەکی کورت دا دەتوانێ بیری سەربەخۆییخوازی لەو ناوچانە پەرە پێبدا و ریکخستنەکانیان وەک تەشکیلاتێکی چالاک خۆیان بنوێنن. بە دروست بوونی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەم چالاکیانە بەجۆرێک



پەرە دەستێنن کە پێوەندی دایم لە نێوان مەهاباد و کرماشان و ناوچەکانی دیکە شێوازێکی تایبەت بەخۆیەوە دەگرێ. بەجۆرێک کە لەکاتی پێکهێنانی کۆماری کوردستان دا عەبدۆڵا خانی مۆدەبەر و برایمخانی نادری خۆیان دەگەێننە مەهاباد و چالاکانە بەشداری هەڵسوڕاندنی ئەرکەکان دەبن. بەدامەزرانی کۆماری کوردستان، میرزا مۆدەبەر دەگەڕێتەوە کرماشان و میرزا برایمیش دەکرێتە راوێژکاری سەرۆک کۆماری کوردستان، قازی موحەممەد. میرزا برایم بێجگە لەوەی کە راوێژکاری پێشەوا بووە، پلەی سەرهەنگی لە سۆپای میللی کوردستان دا هەبووە. بەسەرنجدان بەوەی کە زمانەکانی فەرانسی، ئینگلیسی، و عەرەبی بە باشی زانیوە، لە وەزارەتی ڕۆشنبیریشدا ( فەرهەنگ) هەڵسۆر بووە و بابەتی بۆ رۆژنامەی کوردستان نووسیوە، یان وەریگێڕاوەتەوە. بەتایبەت لە گۆڤاری کوێستان دا چەندین وتاری لەسەر سەلاحەدین ئەیۆبی نووسیوە. لە پێوەندی لەگەڵ گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان دا، میرزا برایم گەڵاڵەی دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ژیان دەخاتە بەردەست کاربەدەستانی کۆمار کە بە داخەوە لەبەر دەستپێکردنی شەر لەلایان دەوڵەتی ئێرانەوە و هێرش بۆسەر کۆماری ئازربایجان، ناچێتە بواری جێبەجی کرانەوە. بەڵام بەوحاڵەش میرزا برایم دەبێتە خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری

دەنگی کورد بە سەردەبیری سەید عۆبەیدوڵا ئەیوبیان، کە لە دوایین ژۆمارەی ئەم گۆڤارە دا ئاماژە بە ڕۆخانی کۆماری کوردستان کراوە. لە پێوەندی لەگەڵ نووسینی بابەت بە زاراوەی کوردی خوارو دا، یەدوڵا ڕەزایی کە ئەودەم لە شاری گێلانی ڕۆژئاوا نیشتەجێ بووە، لە گۆڤاری گەلاویژ دا بابەتی نووسیوە کە ناوئاخنێک بووە لە شێعر و لیکۆڵینەوەی ئەدەبی. بەم جۆرە بە ئاماژە بەو بەڵگە مێژوویانە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕۆڵی کەڵوڕەکان لە کۆمەڵەی ژێکاف دا و بگرە لە کۆماری کوردستانیش دا بەرچاو بووە. هەڵبەت نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەودەم ئەو ناوچانەی کە ئەوان تیکۆشانیان تێ دا بووە، لە ژێر کۆنترۆڵی دوستانی کورد و کۆماری کوردستان دا نەبووە.

### پێناسەیەک لەسەر برایم خانی نادری کەلوڕ:

ئیبراهیم نادری یان ئیبراهیم خانی نادری ناسراو بە میرزا ئیبراهیم، کوری فەیزۆڵای نادری، لەساڵی ١٢٦٠ هیجری لە شاری کرماشان لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە کرماشان تەواو دەکا و بۆ درێژەی خویندن دەچێتە وڵاتی فەرانسە. پاش خوێندنی حقوق لە فەرانسە، دەبێتە ئەندام لە لۆژیونی فەرانسە و دوای گەڕانەوەش بۆ ماوەیەکی کورت دەبێتە مامۆستای دانشکەدەی ئەفسەری لە تاران. لە گەرمەی شەڕی گەردونی دوهەم دا دەگەڕێتەوە کرماشان و پاشان بەهاوڕێیەتی میرزا عەبدۆڵای مۆدەبەر دەبنە ئەندامی کۆمەڵەی ژ- ک و چالاکیە ڕێکخستنیەکان لە کرماشان دەست پێدەکا. بە پیکهاتنی کۆماری کوردستان وەک ڕاوێژکاری پێشەوا دیاری دەکرێ و هاوکاتیش پلەی سەرهەنگی پی دەدرێ. پاش ڕۆخانی کۆماری کوردستان لەگەڵ چەند هاواڵێکی دیکەی و یەک لەوان سەید عۆبەیدۆڵا ئەیوبیان دەگیرێ و بۆماوەی دوو ساڵ لە بەندیخانەی پەهلەوی بەند دەکرێ. دوای ئازادبوون لە بەندیخانە، دەکەوێتە ژێر چاودێری کاربەدەستانی دەوڵەت و ئەم بارودۆخەش بۆ ئەو پڕوکێنەر دەبێ. لە




کۆتایی دا و لە ساڵی ١٣٢٩ لە ریگای باشوری کوردستانەوە دەچێتە وڵاتی سوریا و لە لایان حەسەن زەعیم برازلی کەسایەتی ناسراو و ڕاوێژکاری سەرۆککۆماری سوریاوە پێشوازی لێ دەکرێ. پاش گیرسانەوە لەو بەشە دابڕاوەی کوردستان دا، لەریگای حەسەن زەعیمەوە کاری بۆ دەکرێ و دەبێتە ئەفسەری لیپرسراوی باڵا لە هیزی هەوایی ئەو وڵاتە و تاکوو پلەی سەرلەشکری لەسۆپا دا سەردەکەوێ. برایمخان کە بە بیر و هزری کۆمەڵەی ژ – ک پەروەردە کراوە، لەوێش دەست لەسەر دەست دانانێ و ناسناوی و ئاشانیی ئەو لەگەڵ ژۆمارەیەک لە ئەفسەرانی کوردی سۆپای سوریا هیوایەکی دیکە دەخاتە دڵ میرزا برایمەوە. ئەویش بەو مانایە کە لە چەندین ڕێگاوە گوشار بخەنە سەر دەوڵەتی سوریا بۆ داکۆکی لە مافەکانی کورد، کە چ ئاکامێکی نابێ. پاش ئەوەی هەوڵەکانی میرزا برایم و هاوالانی لە ریگای گوشاری سیاسیەوە بێ ئاکام دەبێ، ئەوجار بە هاوکاری هاوالانی کوردی لە سۆپای سوریا و لە ساڵی ١٣٣٥ی هیجری گەلاڵەی کۆدەتایەکی لەشکرێ بۆ ڕۆخاندنی دەوڵەتی سوریا دادەڕێژن، کە ئەویش بەرلەوەی بچێتە بواری جیبەجێ کردنەوە ئاشکرا دەبێ و لە لایان دەزگای زانیاری سوریاوە فرۆکەکەی بەردەدرێتەوە و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە کورد و کوردستان دەکا. بەمجۆرە و بە داخەوە ئەم ڕۆڵەی دیاری کرماشان و نەتەوەی کورد، بێ ناو نیشان دەمینێتەوە و نەگ بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵکوو بۆ خەڵکی ناوچەکەی خۆیشی و حیزبەکەی خویشی (حدک) بە نەناسراوی، بنەو بارخانەی بەرەو کۆچی یەکجاری و بێ گەڕانەوە هەڵدەپێچێ.

سەرچاوە : ماڵپەری خۆرهەڵات نیوز / ڕێکەوتی : ٢ی جانێویری ٢٠١١

# کورتە یادێک لە دووی ڕێبەندان

**سیامەند شێخ ئاغایی**



ئەیامێک پێش پێکهاتنی کۆماری کوردستان، لەباری نێونەتەوەیی یەوە هەلومەرجێکی لەبار لەجیهاندا هاتبووە ئاراوە. شەڕی دووهەمی جیهانی روو بەکۆتایی دەچوو. خەباتی دێمۆکراتی خوازانەی جیهان هاتبوو بەئاکام دەگەیشت. لەئاسیای دوور شۆڕشگێڕان ئیمپریالیسمی ژاپۆنیان بەچۆک داهێنابوو، فاشیسمی ئیتالیاو نازیسمی ئاڵمان سەریان بۆ خەباتگێڕان شۆڕ کردبۆوە. ئێران لەقەیرانێکی سەخت و دژواردا دەژیا. ئەرتەشی حکومەتی پاشایەتی کەنەفت و کەلەلا کەوتبوو.

نەمازە تارادەیەکی بەرچاو لەهەرێمی موکریان بێ دەسەڵات ببوو. هێزی هاوپەیمانان ئەمریکاو ئینگلیس دەستیان بەسەر رۆژهەلات و باشووری ئێران داگرتبوو. ئەرتەشی سوور واتە بەرەی سوسیالیستی باکوورو بەشێک لەرۆژئاوایی ئێرانیان داگیرکردبوو. لە نێو ئەو گێژاوو کێشەو هەرایییەی کە دونیا بەخۆیییەوە دەدیت، کوردانی مەڵبەندی موکریان خۆیان بۆ بەرنگاربوونەوەو ڕاونانی دوژمنی کزو لاواز ئامادە دەکرد. دەکرێ بکوترێ مەڵبەندی موکریان هەر لەنیوەڕاستی ساڵی ١٣٢٠وە نیمچە سەربەخۆ ببوو. کۆمەڵەی ژیان و حەیاتی کورد(ژێکاف) وەک تاکە حیزبێکی سیاسی، پێشڕەوو ڕێکخەری ریزەکانی گەڵ بوو. هاوکات سەرزەمینی موکریان بەدەست سەرۆک عەشایرو پیاوماقووڵانی ناوچەکە ئیدارەو بەڕێوە دەچوو.

ئیدی کەس سەرانەو باج و پیتاکی بەحکومەت ناوەندی نەدەداو کوڕی خۆی بۆ سەربازی ئەرتەشی شای ئێران نەدەنارد. لەنێوخۆیی ئێرانیشدا بەتایبەت لەناوەندو شارە گەورەو سەنعەتییەکاندا ڕێکخراوە دێموکراتە سوسیالیستەکان شکڵیان گرتبوو. لەژێر کاریگەری تەواویی ئەو هەموو گۆڕانکارییە بەخێرایانەی کە وڵاتانی ئورووپای داپۆشیبوو، وە لەنێو دونیایەکی ئاوا پڕ لەکێشەو هەراو هەنگامەیەدا، پێشڕەوی کۆمەلانی وەزاڵەهاتوویی کوردستان، هەنگاو بەهەنگاو ڕیزەکانی خۆیان لەگەڵ هیزە دێمۆکرات و سوسیالیستەکانی ئێران ڕێکدەخست و بەرەو پێشەوەیان دەبرد.

لەو رۆژانەدا مەهاباد ببوو بەمەکۆی خەبات،. دڵی وەک بورکانێک دەکوڵی و ئاوری لێ بەرز دەبوویییەوە. شارو گوندەکانی دەوروبەری بەهەستێکی پاکی میللییەوە خۆیان بۆ رزگار کردن لەدەست رۆژە ڕەشەکان و چەوسانەوە ئامادە دەکرد. لەبارودۆخێکی ئەوتۆ پڕ جۆش و خرۆش دا کۆمەڵەی ژێکاف هەڵوەشاوەو جێگای خۆی بۆ حیزبێکی مۆدێرن و سەردەمیانە واتە 'حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران' بەجێ هێشت.

لەرۆژی دووی ڕێبەنـدانی سـاڵی ١٣٢٤واتە شێست و پێنج سـاڵ لەمەوبەر سـەدان هەزار لەخەڵکـی کوردستان لەهەر لاوە، بگـرە لەماکۆ، سەڵماس ورمێ وەک ڕۆڵەکانی سمکۆی شکاک ، هەرکی، زەرزا و شنۆیی. نەغەدەو پیران، سەردەشت و بانە. گەورکایەتی و مەنگوڕو مامەش، دێبۆکری و فیزوڵڵابەگی. سەقزو بۆکان ، هەوشارو ساینقەڵاو... هەموو دەست پێکەوە، بەیەکدڵ و یەک ئامانج بۆ بەشداری لەمتینگێکدا کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ڕێکی خستبوو، ڕژانە نێو شارە خونجیلانەکەی مەهاباد. لەمەیدانی چوار چرا، لەڕێوڕەسمێکی کەم وێنەدا سەربەخۆیی خۆیان بەگوێی ئازادیخوازانی دونیا ڕاگەیاند. هەر لەو کۆبوونەوە گشتی یەدا 'قـازی محەمەد' کەسایەتێکی دیارو زانا، شارەزا بەسیاسەتە نێونەتەوییەکان و ئاشنا بەچەند زمانی زینـدووی دونیـا، بەسەر کۆمارو پێشەوای گەلی کورد هەڵبژێردرا. هاوکات حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە لەڕاستیدا هەژدەمانگ پێش کۆماری کوردستان لەدایک ببوو، بۆ یەکەمجار لەمێژووی خەباتی سیاسی کورددا توانی ببێ بەپێشڕەوی ڕاستەقینەی گەلی خۆی.

هەرچەنـد کۆمـاری کوردستان تەمەنێکـی درێـژی بـڕ نەکـرد، بەداخەوە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی سـاڵی دواتـر (١٣٢٥) بەپیلانـی حکومەتی پاشایەتی ئێران و لە پێنـاو بەرژەوەنـدی ئـابووری و سیاسی دەوڵەتە زلهێزەکانـدا بوو بەقوربـانی. بەڵام سەرەڕای ئەوەش کۆماری کوردستان لەماوەی یازدە مانگ تەمەنـی کـورتی خۆیـدا تـوانی مێژوویەکـی پـڕ لە شـانازی و سەروەری بۆ گەل و نیشتمانەکەی بخوڵقێنێ. لەنێو سەدەی بیستەم و لەوکاتە پڕ لەگۆڕانکارییەدا، لە کات و ساتێکدا کە کوردستانی گەورە لەژێر چەکمەی دیکتاتۆرانـدا هەر وەک ئەم سەردەمە دەیناڵاند، کۆماری کوردستان بۆ یەکەمجار توانی ئاڵای سێ ڕەنگی خۆر نیشان لەسەر خاکی کوردستان هەڵبداو خۆر لەسەر ئاڵایی شەکاوە بە تیشکی زێڕینی دڵی نیشتمان ڕووناک بکاتەوە.

بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان، بەتێکۆشانی بێوچان، بە هیزو تواناییەکی قایمەوە توانیان چارەنووسی گەلـی خۆیـان بەدەستەوە بگـرن، گەرماو گەرم زۆر ڕێوشوێنی نوێ و پێشکەوتوانە بۆ نیشتمانەکەیان دەستەبەر بکەن. کۆمار هەر لەیەکەم ڕۆژی سەربەخۆیی خۆیـدا تـوانی بە شێوازێکی دێمۆکراتـانە هێمای فیکری خۆی دابڕێژێ و بیرو بۆچوونە جیاوازکـان لەنێو خۆیـدا جێ بکـاتەوەو ببـێ بەجێگای متمانەی گەلەکەی. ئەویش بەمانای ڕاستی خەڵک کۆمار بەهی خۆیان بزانن و بەچڕی تێدا بەشدار بن.

شـاری مەهابـاد لەو ڕۆژانەدا ببـوو بەیەکپـارچە گـڕوتین، غـرورو شـادی. خەبـاتگێڕانی ئەو ئـاوو خـاکە سـەرکەوتوانە قەڵای داگیرکەریان روخاندبوو. لەجێیدا کۆماری ئازادیان بۆ گەلی خۆیان دەستەبەر کردبوو. لەژێر ئاڵای کۆمارە ساواو دێمۆکراتەکەیانـدا دڵ و دەروون و چاوی ڕۆڵەکانی کوردیان بەخوێندنی زمانی زگماکی، کلتوورو کەلەپووری خۆیـان ڕوون کردبـۆوە. ڕۆژنـامەو گۆڤـار بەزمـانی شـیرنی کـوردی مـژدەی ئـازادیـان بـڵاو دەکـردەوە، ڕاهێنـان و وەرزیـش لەبـواری جیـاوازدا بـۆ لاوان پێکـدەهات و لەهەمـوو بـۆراو کۆڕوکۆمەڵێکدا پێشەوا قازی وەک مامۆستایەکی دڵسۆزو لێهاتوو بەشداری و حزوری هەبوو.

یەکی دیکە لە ئاکارە جوانەکانی کۆمار ئەوەبوو، بۆیەکەم جار لەمێـژووی بزاوڤی کـورددا بەرەسمی ناسینی مافی بەرحەقـی ژنـان بـوو. پێشـەوای بەلیمەت ڕێگـای بۆ ژنـان ئـاواڵەکرد کە بەبێ پێچ و پەنـاو بەبـێ پرسی پیـاوان هەنگـاو بنێنە نێو دەرەوەی مـاڵ و لەکاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەشداری بکەن... بزوتنەوەی دێمۆکراتییکی کورد، لەسەردەمی دواکەوتوویی ئەوکاتدا

بەبەشداریدانی نیوەی کۆمەڵ واتە ژن لە ژیانی کۆمەلایەتی و پرسی نەتەوایەتیدا، توانیان بەئەم کردەوە مۆدێرن و کەم وێنە کە تەنیا لەگەڵێکی هۆشیارو پێشکەوتوو دەوەشایەوە، لەمێژوویی خەباتی کوردا شانازی بۆ خۆیان و گەلەکەیان پێک بێنن. کۆماری کوردستان لە ماوەی کورتی تەمەنیدا کە تەنیا ۳۳۰ ڕۆژی خایاند، توانی ببێ بەمەشعەلێک کە سەرنج و ڕایی تەواوی ئەو خاوەن نەزەرو تۆژینەوەر، ڕۆژنامەگەرو گەریدەی ئەوکات سەردانی کوردستانیان دەکرد، بۆلای خۆی ڕابکێشێ.

خەباتی ڕۆژنامەگەری کوردی هیچ یەک لە توێژەکانی گەلی لە تیشکی خۆی بێ بەری نەکرد. تا دوایین ساتەکانی تەمەنی بۆ گەورەسالان، لاوو منداڵان ڕۆژنامەو گۆڤاری ئەدەبی وەک چیرۆک، شێعرو پەخشانی بڵاو کردەوە. هەروەها شانۆی 'دایکی نیشتمان' کە زمانی حاڵی بەشی زۆری خەلکی ئەو سەردەمی کوردستان بوو، بۆماوەیەکی درێژ لەسەر سەکۆی نمایش مابییەوە، بوو بەزاخاوی مێشک و لە دەروونی گەلدا جێی خۆی کردەوە، بوو بەباسی نێو کۆڕو کۆمەڵی کوردەواری.

دووی ڕێبەندان ڕۆژی ئازادی، ڕۆژی سەرهەڵدانی ئاواتە لەمێژینەکانی گەلی کوردە. ڕۆژی زاڵبوونی مافەڕەواکانی نەتەوەی کورد بەسەر ڕەگەزپەرەستی، دەمارگرژی فیکری، بەرچاوتەنگی، خۆ پەرەستی، چەوسێنەری و داگیرکەرییە... دووی ڕێبەندان ڕۆژی ڕاپەڕینی گەلێکی مافخوراوە بەدژی سەرەڕۆیی و کۆنەپەرەستی...

دووی ڕێبەدان بەرهەمەکەی کۆمارێکی ساواو جوانەمەرگ بوو. کە توانی لەماوەیی کورتی تەمەنی دا زۆر هەنگاوی بەنرخ بەرز بکاتەوە، زۆر بەخێرا بتوانی سەرنجی تەواویی ئازادیخوازانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆلای خۆی ڕاکێشێ و ببێ بە مەکۆی هیواو هومێدو بەدڵێکی فرەوان لەدەوری خۆی کۆیان بکاتەوە. هەروەها کۆمار توانی بناغەی هاوپەیمانەتێکی پتەوو برایانە لەگەڵ گەلی ئازەربایجان دابرێژێ و بگوێرەیەک ئێستاش هەر دووک گەلی کوردو تورکی ئازادیخواز بەو هاوپەیمانەتییە گرانبەهایە دەخورن.

کۆمار بەئەقڵ و زانایییەوە توانی لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیدا تاڕادەیەک بۆاری ئابووری و بازرگانی بەرەو پێشەوە بباو پێوەندی بازرگانی خۆی بەناردنی کالا بۆ ولاتی سۆوڤێت بەهیز بکا. بێ گومان یەکێکی دیکە لەشانازییەکانی کۆماری کوردستان پێکهێنانی هێزێکی میللی بوو کە بەهێزی پێشمەرگە ناودێربوو. بە هەزاران کەس لەڕۆڵەکانی کورد بۆ وەدەستهێنان و پاراستنی دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان چەکی شەڕەفیان هەڵگرت و بەپشتیوانی جەنگاوەرانی بارزانی کە لەپێشەوەی هەمووان سەردارو سالاری کورد ژێنەڕاڵ مستەفا بارزانی بوو خەباتیان درێژە پێ دا.

گرینگی و پڕ بایەخ بوونی کۆماری کوردستان لەوەدایە: سەرەڕای تەواویی ئەو هەموو کۆسپ تەگەرەی هاتنە سەرڕێی و بوون بە هۆی سەرنەکەوتنی وەک: بەرتەسک بوونی چوارچێوەی خەبات. ڕێژەیەی زۆری نەخوێندەواری دانیشتوانی هەرێم زیاتر لە ۹۰ % . بیری عەشایری و تیرەو خزمایەتی و... نەبوونی پشتوانی و هاوپەیمانەتێکی تۆکمە لەگەڵ ولاتە دێمۆکراتەکانی دونیا. نەبوونی سەرچاوەیەکی بەهێزی ئابووری. نەبوونی هیزێکی نیزامی یەکدەست و دەورەدیتوویی پۆشتە بەکەرەستەو چەکی ئاوتوماتیک و خودکار. نەبوونی ماسمیدیاو دامودەزگای ڕاگەیاندن کە بتوانن پەیامی خۆیان لەم ڕێگاوە بەدەرەوەو دنیایی ئازاد ڕابگەیەنن و لەگەڵ زۆر کەموکوڕی نەگوتراوی دیکە، دیسانیش کۆماری کوردستان توانی زۆر دەسکەوتی بەنرخ بۆ گەلی خۆی دەستەبەر بکا. سا هەر بۆییە

***ڕۆڵەکانی کورد هەموو ساڵێک بەگرینگدانەوە لە ڕێوڕەسمی بیرانییەکەیدا بەشداری دەکەن و بە دووژمنەکانیان دەسەلمێنن، بەلەسێدارەدانی قازی محەمەدو هاوڕێیانی( ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ ). بە تێروری ڕێبەرانی ئەم ڕێبازەو گوشتن و لەسیدارەدان، بەتواندنەوە و قڕکردنی بەکۆمەڵ وێران کردنی شارو گوندەکان، نەک گەل هەر بەچۆک دانایە، بەڵکوو سوورتر لە پێشوو، بە پشت ئەستووری کیژان و کوڕانی زاناو چاوکراوەی ئەم سەردەمەمان بۆ چەقڵی چاوی دوژمننان لە گۆڕەپانی خەباتدا بەچەشنی کێوەکانی شاهۆ، قەندیل و ئاراڕات سەربەرزانە ڕاوەستاو، تاکوو ڕزگاری یەکجاری کوردو کوردستان گیان لەسەردەست لەمەیدانی خەباتدا دەمێنەوە...***

***کۆماری کوردستان لەمێژووی خەباتی کورددا توانی وەک گەوهەرێکی درەوشاوە جێگایی تایبەت لەنێو خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان بۆ خۆی دەست نیشان بکاو ببێ بەمڵکی هەر چوارپارچە داگیرکراوەکەی کوردستان... دەکرێ ڕاشکاوانە بگوترێ، کاریگەری ئەو یازدەمانگ سەربەخۆییەی کوردستان ئەوەندە بەگوڕو تین بوو کە پاش شێست و پێنج ساڵان، ئێستاش کە ئێستایە ئامانجە پیرۆزەکانی، ڕێبازی هۆگرانی سەربەخۆیی کوردستانەو هەروەک چۆن لەپێکهاتنی کۆماردا ئازادیخوازانی کورد لە هەر چوار کەنارەو بەپیرییەوە هاتن و بوون بەپشت ئەستورو دەستی کۆمەک و یارمەتیان بۆ لا درێژ کرد و لەپێناویدا خوێنیان بۆدا. ئێستاش کوردان پاش ئەو هەموو ساڵەی بەرسەر کۆماردا تێپەڕیوە دیسانیش هەر بەو ڕۆژە مێژووییە پرشنگدارە دەخوڕن و وەک ڕۆژێکی بەنرخ ، پڕ دەسکەوت و هەمیشە زیندوو چاوی لێدەکەن. لەهەر شوێنێکی ئەم دونیایە بن، ئەمەگناسی و وەفاداری خۆیان بۆ ئامانجە پیرۆزەکانی کۆمارو پێشەوامان قازی محەمەدو باقی شەهیدان وەک مانگی چاردە لەسەر ئاسمانی لێڵ و تاریکی کوردستان بەدرەوشاوە ڕادەگرن!...***

***سەرچاوە ماڵپەری خاکەلێوە / ڕێکەوتی : ١١ی جانێویری ٢٠١١***

# کۆماری کوردستان، لێگەڕێک لە هەمبەر دیکتاتۆری و تۆتالیتریزم دا. !

**مەجید حەقی**

شەست و هەفت ساڵ لەمەوبەر کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد - دوومانگ دوای دامەزراندنی حکوومەتی میللی ئازەربایجان لە تەورێز - دامەزرا.



کۆماری کوردستان وەڵامدانەوە بە ویستی کۆمەڵگای کوردی لەو سەردەمە بۆ بەدەستەوە گرتنی مافی چارەنووس و بەیارمەتی هۆکاری دەرەکی و ناونەتەوەیی سەروبەندی کۆتایی شەری دووەمی جیهانی بوو. کۆماری کوردستان بە پێچەوانەی پرۆپاگەندەی نەیارانی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد و تۆتالیترەکان، بەرهەمی ویستی هێزەکانی دەرەکی یان دەستکردی دەسەڵاتێکی بێگانە نەبوو.

ئەوەی کە گرنگی دەبەخشێتە ئەو کۆمارە ساوەیە، کە تەنیا توانی یازدەساڵ درێژە بە ژیانی خۆی بدات، ناوەرۆکی هومانیستی، دێموکراتیک و دژە فاشیزم و رەگەزپەرەستی ئەو کۆمارە بوو. دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان لە یەکەم بەیانیەی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، ئامانجی خەباتی خۆیان دێموکراسی، خەبات دژی فاشیزم و هەڵاواردن، بەرەو پێشبردنی رەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی ژیانی خەڵکی کورد لە کوردستان، جێبەجێ کردنی یاسای "ئەیالەتی و ویلایەتی" مەشرووتە، دادپەروەری و کۆنسێنسۆی کۆمەڵایەتی دیاری کرد.

ئەو ئامانجە دێمکراتیکانە لە راستیدا ببوونە لێگەر و چالشی بەردەم رژێمی پەهلەوی و سیستەمی دیکتاتۆری زاڵ بەسەر ئێراندا کە خەونی ئێرانێکی دەدی بە یەک پادشا، یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ئاڵا.

کۆماری کوردستان تەنیا یازدە مانگ خایاند، کاتێک حکوومەتی میللی ئازەربایجان بە هێرشی ئەرتەشی پەهلەوی و بە پشتیوانی هێزەکانی ئەرمریکا و بریتانیا لە ناو چوو و سەرۆکوەزیران و کاربەدەستانی حکوومتی میللی ئازەربایجان، تەورێزیان بەرەو یەکیەتی سۆڤیەت بەجێ هێشت و بەوە بوون بە هۆی ئەوەی کە هەزاران کەس لە خەڵکی تەورێز بکوژرێن، سەرۆک کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەمەد، وەفادار بە سوێندێک کە لەرۆژی ۲ی رێبەندانی ساڵی۱۳۲۴ دا لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد دا خواردبوو، لە بەرانبەر خۆراگری و ماڵوێرانیەک، کە لەوانەیە شەڕ لە گەڵ ئەرتەشی پۆشتەو پەرداخی پاشایەتی بەسەر کوردستاندا سەپا بوایە، بەجێ هێشتنی کوردستان و هەڵاتن بۆ شوێنێکی ئارام و خۆ بەدەستەوەدان و بوون بە قەڵغانی بەرگری لە ویست و ئاواتەکانی خەڵکی

***کورد یەکێکیان هەڵبژێرێت. سەرۆک کۆماری کوردستان دوایین هەڵبژاردەی بژارد و لە بەردەم "دادگا"ی حکوومەتی پەهلەویدا، سیستەمی دیکتاتۆری و حاکمیەتی تۆتالیتری بە دادگا کێشا.***

***٦٧ ساڵ دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان، هەموو ساڵی گەلی کورد لە سەرانسەری جیهان، یادی دامەزراندنی ئەو کۆمارە دەکەنەوە. کوردەکان ئەو ڕۆژە یاد دەکەنەوە وەک سەمبۆلی دژی زوڵم و زۆرداری، سەمبۆلی ئازادی سیوتی، دژایەتی لە گەڵ تۆتالیتریزم، شۆڤۆنیزم و چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ.***

***کۆماری کوردستان، بزاڤی دژی شەپۆڵی دیکتاتۆری و کپ کردنەوەی دەنگی خەڵکی ئێران لە زیندانێک بوو بەناوی "تمدن بزرگ ایران" بوو. بانگەشەی ڕەساڵەتی مرۆڤ بوو بۆ بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆی و ڕێزگرتن لە کەڕامەتی مرۆڤی. ئەو نرخانەی کۆماری کوردستان لە پێناوی دا دامەزراو و پێشەوا قازی محەمەد گیانی لە ڕێگای دا لەدەستدا، ئەمرۆ بوونەتە نرخی گشتی خەباتی نەتەوەکانی ئێران بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک، سێکۆلاردا کە لەودا هەموو جۆرە چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ خاشەبەڕ بکرێت و دەوڵەمەندیەکانی نەتەوایەتی، کولتووری و ئایینی ئەو وڵاتە بکرێتە هەوێنی پێشکەوتنی مرۆڤ لە هەموو بوارێکەوە.***

***سەرچاوە : ماڵپەری خاکەلێوە / ڕێکەوتی: ٢١ی جانێویری ٢٠١١***

# سەرکردەکانی رۆژهەڵات: کۆمارێک بە ناوی کۆماری مەهاباد وجودی نییە

**ن: هاوار بازیان**

٦٥ ساڵ بەسەر دامەزراندن و راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد تێ دەپەڕێ، کەسایەتییە سیاسییەکان و رێبەرانی بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستانی ئێران وەک کوڕی قازی محەمەد و رێبەرانی سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستان (لە ئێران) هەندێک پرسی وەک گۆڕانکارییەکان، یادی کۆمار لە بەشەکانی کوردستان و رۆڵی بارزانییەکان و ناوی کۆمار دەخەنە بەرباس.



عەلی قازی (کوڕی رەش) کە ئێستە سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێرانە لەبارەی ئامانج و کاریگەریی کۆماری کوردستان بەئاژانسی کوردستان بۆ دەنگوباس (ئاکانیوز)ی راگەیاند، ئامانجی کۆمار سەربەخۆیی کوردستان بوو، پێم وایە حزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێران بەئاراستەی ئامانج و نیازەکانی پێشووتری کۆماری کوردستان خەبات دەکەن و هەنگاو دەنێن.

جەلیل گادانی کەسایەتیی سیاسیی کوردستانی ئێران بۆ (ئاکانیوز) گوتی، لە سەردەمی کۆماردا پرسی کورد پێوەندیی بەرێژەیەکی کەم لە کوردەوە هەبوو، بەڵام ئێستە سەرووی ٤٠ ملیۆن کورد بەشداری پرسەکەن، هەروەها ئەوکات لە هەر پارچەیەک نوێنەر یان چەند نوێنەرێک لە رۆژی راگەیاندنی کۆماردا ئامادە بوون.

زیاتر گوتی، کۆمار زوو گەشەی کرد، بەڵام بەداخەوە زۆر زووش جوانەمەرگ بوو و لەو ماوەیەدا هەموو کارەکانی کاریگەریی خۆیان هەبوو، چونکە ئێستە لە هەر شوێنێکی دنیا کوردێکی لێ بێ ئەوە دووی رێبەندان / ٢٢ی کانوونی دووەم-یەنایەر/ رۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان رێزی لێ دەگیرێ و لای نەتەوەکەمان بەبیرەوەرییەکی خۆش ماوەتەوە.

"ئێستە بەداخەوە دەبینین کە پرسەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و ئەویش بۆ ئاڵوگۆڕەکانی دنیا دەگەڕێتەوە، وڵاتانی خاوەن دەسەڵات و زلهێزەکان زیاتر گرینگیی بەبەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدەن، ئەگینا گەلی کورد لەمێژە ئەو مافەی هەیە خاوەن سەربەخۆیی بێ".

گادانی روونی کردەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا بێ گومانم لەوەی ئێستە هەستی نەتەوەیی لە ناو کورددا بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی کۆمار سەدان هێندە زیادی کردووە کە ئەوکات تەنانەت لە زۆر شوێنی کوردستانی رۆژهەڵات شوێنەواری هەستی نەتەوەیی نەبوو، یاخۆ




تەواو پشتگوێ خرابوو، هیوای من ئەوەیە ئەو هەستە نەتەوەییە ڕۆژێک بەتەواویەتی ببێتە خواستی هەموو گەلی کورد و بۆچوونی پێشەوا و ئاواتی سەرجەم شەهیدانی کوردستان کە سەربەخۆیی کوردستانە بێتە دی.

لای خۆیەوە عەبدوڵا حەسەنزادە سکرتێری پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کەسایەتیی سیاسی بۆ (ئاکانیوز) گوتی، لە ئامانجی کورددا پاش کۆمار لەو پارچەیە هیچ گۆڕانێک بەدی نەهاتووە، چونکە ئامانجی کورد هەر لە سەرەتاوە تا ئێستە ڕزگاریی نەتەوەییە، ڕەنگە لە هەندێک درووشمی ستراتیجیدا جیاوازییەک هەبێ، بەڵام درووشمی ستراتیجی لەسەر زاری پێشەوای قازی محەمەد ئۆتۆنۆمییە.

هەروەها گوتی، لەگەڵ ئەوەی ناخۆشە کە ئەو ئامانجانەی کۆماری کوردستان لە دەستی چوون تا ئێستە وەدی نەهاتوونەتەوە، بەڵام جێگەی سەربەرزییە کە خەباتی نەتەوەی کورد هەر بەردەوامە، هۆشیاریی نەتەوەیی و هۆشیاریی سیاسی لەناو ڕۆڵەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆرە و تەنانەت بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی کۆمار بەهێزتر و زیاتر بووە.

لەبارەی چۆنیەتیی یادکردنەوەی ئەو یادە لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان، قازی گوتی "کوردان لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەوشێوەی کە پێویستە و بەگوێرەی تواناکانی خۆیان ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کۆماری کوردستان پیرۆز دەکەن و بەپێی دۆخی ئەو وڵاتانەی کوردستانی تێیدا پارچە کراوە کوردەکان هەموویان کۆمار وەک بزووتنەوەی ئازادیخواز سەیر دەکەن کە خەباتی کردووە بۆ ڕزگاریی گەلی کورد.

گادانی پێی وابوو، کارنامە و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان لەو سەردەمدا هەوێنی خەباتی هەموو پارچەکانی ترە، بەڵام بەهۆی ئەو تەنگژە و کێشانەی لە پارچەکانی کوردستان لەلایەن حکوومەت و دەسەڵاتدارانەوە بەسەر کوردەکاندا سەپێنراوە، وڵاتان هەوڵیان داوە دەرفەتی یادکردنەوەی کۆمار سنووردار و کەمتر بکەنەوە و لەمپەری بخەنە بەردەم، بۆیە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین هەموویان وەک یەکتر ئەو یادە بکەنەوە.

بەپێی قسەکانی حەسەنزاده، ئەگەر لە بەشەکانی کوردستان جیاوازییەک هەبێ لە ڕوانین بۆ کۆماری کوردستان، ئەوە لە بەشەکانی کوردستاندا نییە، ڕەنگە ئەو جیاوازییە لە بۆچوونی کەسەکاندا بێ، چونکە تەنانەت ئەو جیاوازییە لە بۆچوونی هێزە سیاسییەکانی پارچەکانی کوردستانیشدا نییە، لەگەڵ ئەوەی ئەو کۆمارە لە بەشێکی کوردستان دامەزراوە و لەلایەن حزبێکی سیاسیی کە حزبی دیموکراتی کوردستانە هاتووەتە دامەزراندن، بەڵام هەموو بەشەکانی تری کوردستان هەر لە سەردەمی کۆمار و ئێستەش بەڕووداوێکی مێژوویی بۆ کورد دەزانن.

لە چەند قۆناخێکی مێژووییدا کوردستان دابەشی سەر چوار حکوومەتی عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا کراوە.




هەروەها گوتی، ئەوە دەستکەوتێکە لە دەستکەوتە مێژووییەکانی گەلی کورد و ئەگەر لە بۆچووندا جیاوازییەک لە نێوان پارچەکانی بۆ کۆمار هەبێ، ڕەنگە کەسانێک بەجۆرێکی تر سەیری پرسەکە بکەن ئەویش لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەوجۆرەی کە پێویستە لە کۆمار نەگەیشتوون و بەهاکەیان بۆ دەرنەکەوتووە، ئەگینا پێم وابێ کۆماری کوردستان هی هەمووانە.

لەبارەی ڕۆڵی بارزانییەکان لە کۆماری کوردستاندا، کوڕی پێشەوا پێی وایە "بارزانییەکان لە کۆماری کوردستاندا لەسەر دەستی جەنەراڵ مستەفا بارزانی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە، هەروەها پێشمەرگە بارزانییەکان کە لە بەرەی سەقز هەرێمی ئەوکاتی کۆماری کوردستانیان دەپاراست، زۆر بە لەخۆبردووییەوە خزمەتی کۆماری کوردستانیان کردووە و درێغییان نەکردووە تا کۆتایی بەرامبەر کۆماری کوردستان خاوەن سۆز بوون، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاریان لە کۆماردا هەبوو.

گادانی لەوبارەیەوە گوتی، من شایەتحاڵی بەچاودیتەی زیندووم، کاتێک بارزانییەکان لە شۆڕشی خۆیاندا لەژێر پاڵەپەستۆی بەریتانیا و حکوومەتی بەغدا پاشەکشەیان کرد و ڕوویان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد، دیارە هەستی کوردایەتییان تێدا بووە بۆیە خەباتیان کردووە، بەڵام هیچ گومانم لەوەدا نییە کە بینینی کۆمار و دۆخی کوردستانی ڕزگاربووی ئەوکات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەرچەندە سنووردار بوو، هەستی نەتەوەیی بارزانییەکانی پتەوتر لە پێشوو کرد، بەشێوەیەک کە ئەوانیش بەتێکڕا بەگیان و دڵ لە خزمەتی کۆماردا بوون.

حەسەنزادە گوتی، ڕاستبینانە دەڕوانمە ئەو پرسە، بارزانییەکان پێش ئەوەی کۆمار دابمەزرێ لە ئەنجامی ئەو هێرش و پاڵەپەستۆیەی لەلایەن هێزی ئاسمانیی بەریتانیا و سوپای عێراقەوە لەسەریان بوو، ناچار بوون پەنا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببەن و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لەو پارچەیە جێگیر بن.

زیاتر گوتی، بەڵام دەزانین کە هەر لە ڕۆژی یەکەمی دامەزراندنی کۆمارەوە سەرکردەی ناوداری کورد مەلا مستەفا بارزانی خۆی لە تەنیشت پێشەوا بوو و ئەوەی لە توانایاندا بوو بۆ خزمەت بەرامبەر کۆمار درێغییان نەکرد، کۆماریش ئەوانی وەک بەشێک لە خۆی وەک خاوەنماڵ وەرگرت و مامەڵەی لەگەڵدا کردن، هەر ئەوە بەسە بۆ ئەوەی بارزانی ببێتە بەفەرماندەی سەرجەم هێزە چەکدارەکانی کۆماری کوردستان، نیشانەی ئەوەیە کۆماری کوردستان ئەوانی بەمێوان نەزانیوە و بەخاوەنی ماڵ و هاوبەشی چارەنووسی داناون.

بەڵام لەبارەی هەردوو دەستەواژەی کۆماری کوردستان یان کۆماری مەهاباد کە زۆرجار بەیەک مانا دێن، قازی پێی وابوو، دامەزراوەیەک یان دەوڵەتێک بەناوی کۆماری مەهاباد بوونی نەبووە، ئەو کۆمارە ناوی کۆماری کوردستان بووە، لە تابلۆی ڕەسمیی وەزارەتەکانی ئەوکاتی کۆماری کوردستان نووسراوە "دەوڵەتی کوردستان" و نەنووسراوە "دەوڵەتی مەهاباد" یان کۆماری مەهاباد، ئەوانەی دەڵێن کۆماری مەهاباد جا لەڕووی زانین بێ یان بێ مەبەست، ئەوە کۆمار بچووک دەکەنەوە، بەڵام مەرج نییە هەموویان هەر بەمەبەستی کەمکردنەوەی کۆمار بەکۆماری مەهاباد ناوی بێنن و لەوانەیە لەڕووی نەزانینەوە بێ.

گادانی لەو بڕوایەدابوو، بەکاربردنی کۆماری مهاباد ٢ لایەنی هەیە، هەندێک بەمەبەستی بچووککردنەوە و بێ بایەخکردنی کۆمار




ئەو دەستەواژەی کۆماری مهاباد بەکار دەبەن، هەروەها ڕەنگە هەندێکی تر بەبێ مەبەست ئەو دەستەواژەیە بەکار ببەن، بەو مانایەی مەهاباد پایەتەخت و ناوەندی کۆمار بووە، بەڵام ناوەکەی کۆماری کوردستان بووە و لە گوتارەکەی پێشەوا قازی محەمەد لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماردا بەوناوە هاتووە.

هەروەها ڕوونی کردەوە، من تەنانەت بەبیرم نایەت لە ناوونیشانی یەک تابلۆی ئەوکاتی حکوومەتدا ناوی مەهاباد یان شارێکی تایبەت هاتبێ، تابلۆکان هەموویان بەناوی ئیدارەی کۆماری کوردستان بوو، با لە پێناو ناوی مەهاباد هەوڵی کەمکردنەوەی گرینگیی کۆماری کوردستان نەدەین، مەهاباد پایەتەختی کۆماری کوردستان بووە، بۆیە پێم وایە دەبێ هەمیشە بڵێین کۆماری کوردستان.

عەبدوڵا حەسەنزادە گوتی، ئێستە ئەگەر ناوی بنێین ئەو کۆمارە کۆماری کوردستانە، ئەگینا ئەوکات تەنانەت ناوی کۆماریش نەبوو و ناوی دەقاودەقی "دەوڵەتی جمهوریی کوردستان" بوو، بەڵام چونکە لە مەهاباد بووە هەندێک کەس هەر بەناهۆشیاری بەکۆماری مەهاباد ناوی دەبەن.

لە ساڵی ١٩٤١ کە ژمارەیەک لە هێزەکانی هاوپەیمان (یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو) هاتنە ناو خاکی ئێران و دەسەڵاتی ڕەزا شا پەهلەوی لە ئێران بۆشاییی سیاسی و سەربازی تێ کەوت، لە ئەنجامدا دەرفەتێکی لەبار بۆ کورد لە ئێران ڕەخسا و توانییان بەشێک لە داخوازییە نەتەوەییەکانیان گەڵاڵە بکەن.

لە کانوونی یەکەم/دیسێمبەری ساڵی ١٩٤٥ کە تورکەکان لە ڕۆئاوای ئێران و بەتایبەت شاری تەورێز بەهۆی ئەو دۆخەی وڵاتەوە "فیرقەی دیموکرات" لە ئازەربایجانیان ڕاگەیاند، دواتر لە ٢ی ڕێبەندان (٢٢ی کانوونی دووەم/یەنایەر)ی ساڵی ١٩٤٦ قازی محەمەد دژی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران کۆماری کوردستانی لە مەهاباد ڕاگەیاند کە ژمارەیەکی بەرچاو کورد لە هەموو پارچەکانی تر بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوون.

سەرچاوە : ماڵپەری بەیان / ڕێکەوتی : ٢٣ی جانێویری ٢٠١١

# کۆماری کوردستان و چەند ڕاستییەکی تاڵ

**جەلال چوارتایی**

٢ی ڕێبەندان کە بەرامبەرە بە ٢٣ کانوونی دووەم(ژوئەن) بریتییە لەو ڕۆژەی کە یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی تێدا دەکرێتەوە لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەمەد و هەڤاڵانی .



لە ٢ ڕێبەندانی ساڵی ١٩٤٥دا بۆ یەکەمین جار لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەمەد و هاوخەباتەکانیدا یەکەمین کۆماری کوردستان ڕادەگەیەنرێت لە بەشێکی بەرتەسکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە ناسراوە بە ناوچەی موکریان و پایتەختەکەی دەبێتە شاری مهاباد ، نیسبەت بە شاری مهاباد ناوی کۆماریش بە کۆماری مهاباد دەبێتە وێردی سەر زاران .

ئەگەرچی کۆماری کوردستان لەماوەیەکی زۆر کورتدا جاڕ دەدرێت و ناوچەی دەسەڵاتدارێتیشی تەواو بەرتەسک و دیاریکراو دەبێت و تەمەنی کۆماریش لە یازدە مانگ دەرباز نابێت ، بەڵام لەگەڵ ئەو تەمەنە کورتەشدا خاوەن دەستکەوتێکی هێجگار مەزن دەبێت بۆ نەتەوەکەمان کە کاریگەری لەسەر هەر تاکێکی کورد داناوە و ئەم کاریگەریانەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە ، ئەم کاریگەریانەش بۆتە جێگا شانازی هەر مرۆڤێکی کورد .

کاتێک باس لە شانازیەکانی کۆمار دەکەین ناکرێت کە ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەریەکانی پێشەواش نەکەین چونکە هەردوو ناوی [کۆمار و پێشەوا] ئاوێتەی یەکترن و لەیەک جیا ناکرێنەوە . مەزنی پێشەوا قازی محەمەد هەر لە دامەزراندنی کۆماردا دەرناکەوێت ، بەڵکو هەوڵ و ماندوبوون و ئیرادەی ئەم مرۆڤە گەورەیە لە چەندین بواردا خۆی دەنوێنێت و چەندین ئامانجی مەزنی لە پێش خۆیدا دەبینی.

**ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەمەد :**

**١- ئیرادەی ئازاد**

هەر لەگەڵ ڕەخساندنی بچوکترین هەل دا جارِی کۆمار دەدرێت و ئاڵای کۆمار لە هەر جێگایەکدا دەشەکێتەوە و ئاڵای داگیرکاری تورِ دەدرێت بەبێ ئەوەی کە هیچ هاوکارییەکی نێونەتەوەیی لە پشت کۆمار و خودی پێشەواوە هەبووبێت ئەمە جگە لە لاوازی باری ئابووری ، کە ئەم دیاردەیە تەوا نامۆیە بە ڕەوشی ئیمرۆی باشووری کوردستان چونکە جگە لەوەی کە باشووری کوردستان بە تەواوەتی ئازاد کرا (لەلایەن جەماوەرە) لە هەمان کاتدا پشتگیرییەکی زۆری نێونەتەوەیشی لەگەڵدا بوو بە ئابوورییەکی هێجگار بێشومارەوە ، کەچی لەسایەی سەرکردایەتی فیوداڵ و خێڵەکایەتی دا هەم داگیرکەری نوێ دروستکرایەوە و هەم هەموو داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستان ئاشنای باشوور دەکرێن و باشوور دەکرێتە بنکەی سیخورِی هەرێمی و جیهانی و ئاڵای کوردستانیش وەکو پەڕۆیەکی چڵکن و ئاواتەکانی کوردانیش بە خەونی نێو هۆنراوەکان پێناسە دەکرێن .

## ٢- ئاسایشی نەتەوەیی و ڕۆڵی ژنان .

لە یازدە مانگ تەمەنی کۆماردا بە جۆرێک ئاسایش دابین دەکرێت کە مرۆڤ سەرسام بکات ، چونکە لەو ماوەی دەسەڵاتدارێتییەدا تەنها یەک کەس دەکوژرێت ئەویش بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیەوە نەک بە هۆکارێکی سیاسی . ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆڵی ژنان تەوا بەرز دەنرخێندرێت و بۆ یەکەمین جار ژنان دێنە کۆڕِی خەباتی سیاسی و سەربازییەوە و ڕێکخستنی تایبەت بە ژنان ئاوا دەکرێت و مینا خانمی هاوسەری پێشەواش پێشەنگایەتی ئافرەتان لە ئەستۆ دەگرێت . بەڵام لە نۆزدە ساڵ دەسەڵاتدارێتی سەرانی باشووردا نەک هەر هیچ ئاسایشی کوردان دابیننەکرا بەڵکو باشووری کوردستان کرایە گۆڕستانی ئازادیخوازان و بە دەیان هەزار لە ژنان و پیاوان بوونە تیرۆری دەستی سەرانی خەڕەکی و تاوان و هەموو ئاسایشی باشوور دابینکرا بۆ باندی مافیایی و داگیرکەران و هێزی ئیمپریالیزمی جیهانی .

## ٣- هەنگاونان بەرەو یەکێتی نەتەوەیی .

یەکێک لە ئەرکە هەرە سەرەکیەکانی کۆمار و خودی پێشەوا بریتی بوو لە هەنگاو هەڵگرتن بەرەو یەکێتی نەتەوەیی و ڕۆڵپێدانی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە کۆماردا . بەڵام دیاردەیەکی وەها نەک هەر لە باشووردا بەدی ناکرێت بەڵکو باشووری کوردستان کرایە باشترین جێگا بۆ پاکتاوکردن و تیرۆرکردنی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان و بە هەزاران ئازادیخوازیان لە باشووردا تیرۆرکران و ڕەوشێکی تەسلیمکاریشیان بەسەر پارتەکانی ڕۆژهەڵاتدا سەپاند و مەرجەکانی داگیرکەرانیشیان لەسەر جێبەجێ کردن کە بریتی بوو لە لەتوپەت کردن و بێ ئیرادە کردنیان .

## ٤- پوچەڵکردنەوەی فشاری دەرەکی لەسەر کۆمار .

لە کاتی ئاواکردنی کۆماردا زۆر هەوڵی لاوەکی دەدرێت لەلایەن هەردوو "فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان" و "کۆماری فیدراڵی

ئازەربایجان"ەوە بۆ بە پاشکۆکردنی کۆمار و توانەوەی لەنێو ئازەربایجاندا، بەڵام پێشەوا خاوەن بڕوایەکی بەهێز دەبێت بە کۆمار و هێزی نەتەوەکەی و ئەم پیلانگێڕیانە پوچەڵ دەکاتەوە و سەنگی کۆمار دەپارێزێت ، کەچی لە دوای نۆزدە ساڵ دەسەڵاتدارێتی سەرانی یەکێتی و پارتی نەک هەر هەنگاوێکی وەها بوێریانەیان هەڵنەگرت بەڵکو هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو کە باشووری ئازادکراویش بخەنە سەر یەکێک لە داگیرکەرەکانی دیکە و بۆ ئەم مەبەستەش تورکیای کەمالیستیان زیاتر پەسەند دەکرد ، بەڵام کاتێک ئەم ڕێسەی سەرانی یەکێتی و پارتی کرایەوە بە خوری ئەو کات بە نێوی هاوبەشیکردن لە دەسەڵاتدا جارێکی دیکە باشووری کوردستانیان مارە بڕیەوە لە داگیرکەری عەرەبی عێراقی .

## ٥- بەرخۆدان و خۆڕاگری .

یەکێک لە شانازیە هەرە مەزنەکانی پێشەوا و هاوسەنگەرەکانی بریتیبوو لە بەرخۆدان لە کاتی تێکچوونی کۆماردا . چونکە پێشەوا ئامادە نەبوو ڕێگەی هەڵهاتن هەڵبژێرێت و جەماوەریش فەرامۆش بکات بۆ دوژمنی داگیرکەر ، لەبەرئەوەی پێشەواش زۆر بە ئاسانی دەیتوانی بڕیاری ئاشبەتاڵ بدات و گیانی خۆی دەرباز بکات ، بەڵام ڕەوشتی بەرز و خۆڕاگریانەی پێشەوا ئەو ڕێگەیەی پێنەدەدا کە میللەت گورگانخوارد بکات بۆ خاتری دەربازکردنی گیانی خودی خۆی، چونکە بەر لە تێکچونی کۆماری کوردستان ئاشبەتاڵی فیرقەی دیموکرات و هەڵهاتنی پیشەوەری لەبەر چاوان بوو .

## کەمایەسیەکانی کۆماری کوردستان :

کاتێک کە ئێمە باس لە شانازیەکانی کۆمار و مەزنیەکانی پێشەوا دەکەین ئەوا هیچ کاتێک گونجاو نابێت کە باس لە کەموکوڕی و چەوتیەکانیش نەکەین ، بەڵکو دەبێت زۆر بە سەربڵندی باس لە هەموو هەڵە و چەوتیەکانیش بکەین و بیانکەینە وانەیەک بۆ دووبارە نەبوونەوەیان ، چونکە هۆکاری هەرە سەرەکی تێکچوونی کۆمار بریتی بوو لەم خاڵانەی خوارەوە :-

## ١- بەرتەسکی سنووری جوگرافیایی کۆمار .

سنووری جوگرافیایی کۆمار لە ناوچەی موکریان دەربازی نەدەکرد، بە مەرجێک زۆرینەی چڕی دانیشتوانی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی ناوچەی موکریان هەڵکەوتبوو، کە لە باشوورەوە ناوچەکانی ئەردەڵان و کرماشان و ئیلام و لوڕستان و لە باکووریشەوە ئورمیە و باکووری ئۆرمیەی دەگرتەوە. کاتێکیش بزوتنەوەیەک لە ناوچەیەکی دیاریکراودا قەتیس بمێنێت ئەوا ئەگەری گەمارۆدان و خنکاندنی هێجگار زۆرە و ئەم دیاردەیەش زۆر بەخێرایی لە کۆماردا ڕووی دا .

## ٢- ڕۆڵی بە پارێزانە (محافزەکارانە) لە پێشەوادا.

لەگەڵ ئەوەی کە قازی محەمەد کەسێکی ڕۆشنبیر و تێکۆشەر بوو بەڵام نەیتوانیبوو خۆی دەرباز بکات لە چوارچێوەی بیری بە پارێزانەی سەرۆک خێڵەکاندا ، چونکە ئەگەر سەرنجێک بدەینە پێکهاتەی کۆمار ئەوا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت کە هەموو جێگاکان قۆرخکرابوو بۆ سەرۆک خێڵ و دەرەبەگەکان . ئەم سەرۆک خێڵ و دەرەبەگانەش تەنها بۆ هاوبەشیکردن لە دەسەڵاتدا بەشداربوون نەک بۆ پاراستنی کۆمار و بەرخۆدان ، چونکە هیچ کاتێک سەرۆک خێڵێک ئامادەنابێت بەرژەوەندی خێڵەکایەتی بکاتە قوربانی بەرژەوەندی نەتەوایەتی . تەنانەت هەندێک لە سەرۆک خێڵەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خێڵەکایەتیان لە پەیوەندی ژێر بە ژێردا بوون لەگەڵ بنکەی هەواڵگیری و سیخوڕی ڕژێمی پادشایەتی کە نموونەی هەرە بەرچاویشیان قاسم ئاغای دیبۆکری و ڕەحمان ئاغای موهتەدی بوون .

## ٣- ڕۆڵپێدانی ئەندامانی خانەوادە .

لەگەڵ هەموو دڵسۆزییەکی پێشەوادا بەڵام ڕۆڵێکی زۆری دەدا بە خانەوادەکەی خۆی و هێنانە پێشەوەیان و دابەشکردنی دەسەڵات بەسەریاندا ، کە بە باوەڕی من ئەمە کارێکی ڕاست نەبووە چونکە مەرج نییە بیرکردنەوەی هەموو ئەندامانی بنەماڵەیەک چوونیەک بێت ، زۆر جار هەڵدەکەوێت کە کەسانی بودەڵە لە نێو بنەماڵە ناودارەکاندا هەڵدەکەون و دەتوانن سود لە ناوی بنەماڵە و کەسایەتیەکان وەربگرن . وەک :

سودوەرگرتنی شێخ قادری حەفید بۆ زەوتکردنی زەویوزاری جوتیارەکان بەهۆی خۆشناوی شێخ مەحمودی حەفیدی برایەوە ، سودوەرگرتنی عوسمان بۆ گرتنەبەری ڕێگای تەسلیمکاری بەهۆی لەخۆ بوردوویەکانی بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلانی برایەوە ، سودودوەرگرتنی سابیر و لوقمان و عوبەیدوڵلا بۆ چونە نێو باوەشی بەعسیەکانەوە بەهۆی خۆڕاگریەکانی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی باوکیانەوە ، سودوەرگرتنی عەلی قازی بۆ کارکردن لە بنکەی هەواڵگری"سیخوڕی" سەردەمی شا و باڵوێزی ئێران لە ئەڵمانیا بەهۆی شکۆداری پێشەوا قازی محەمەدی باوکیەوە .

## ٤- بڕوابوون بە هەندێک بەڵێنی سۆڤیەت .

ئەو بڕوایەتییەی کە بە بەڵێنەکانی سۆڤیەت هەبوو لە سەردەمی کۆماردا یەکێکی دیکە بوو لە خاڵە لاوازەکان ، چونکە سۆڤیەتیش ئەگەرچی هەڵگری بیری کۆمۆنیستی بوو بەڵام زیاتر لە دوی بەرژەوەندیەکانی خۆی وێڵ بوو و ئەم وێڵبوونەشی لە وێڵ بوونەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکی کەمتر نەبوو ، هەر بۆیەش کاتێک سوپای سور لە باکوری ئێران پاشەکشە دەکات سەرانی کۆماریش خۆیان بەبێ پشتیوان و تەنها دەبینن .

## حیزبی دیموکرات لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا :

ئەگەر سەرنجێکی حیزبی دیموکرات بە هەردوو بەشەکەیەوە بدەین لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا ئەوا گەلێک ڕاستی تاڵ دێتە پێش چاوا، چونکە لەگەڵ ئەوەی هەردوو بەشەکە خۆیان بە میراتگری کۆمار و قازی دەزانن بەڵام هەڵسوکەوتیان بە تەواوەتی پێچەوانەیە و پەیڕەوی لە هیچ ئامانجێکی پێشەواش ناکەن و تەنها دەخوازن سود لە ناو و ناوبانگی کۆمار و پێشەوا وەربگرن . چونکە ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ئامانجانەی کە پێشەوا بە بنچینەی گرتبوو ئەوا هیچ یەک لەو خاڵانە بەدی ناکرێت لە حیزبی دیموکراتی ئیمڕۆدا.

واتە (بێ ئیرادەبوون و چاوەڕوانیکردن) شوێنی (ئیرادەی ئازاد) دەگرێتەوە - (فەرامۆشکردنی میللەت و شەڕە چەقۆی نێو ئۆردوگاکان) جێگەی (ئاسایشی نەتەوەیی و ڕۆڵی ژنان) دەگرێتەوە - (پارچە پارچە بوون و ناوچەگەرێتی) شوێنی (یەکێتی نەتەوەیی) دەگرێتەوە - (هەڵبژاردنی ژیانی ئۆردوگانشینی و موچەخۆری بەر دەستی سەرانی باشوور) شوێنی (نەهێشتنی فشاری دەرەکی) دەگرێتەوە - (تەسلیمکاری و هەڵهاتن لە ڕاستی) شوێنی (بەرخۆدان و خۆڕاگری) دەگرێتەوە .

ئەگەرچی هەردوو بەشەکەی حیزبی دیموکرات پاساوی پاراستنی ئەزموونی باشوور و هاوچارەنوسیان لەگەڵ سەرانی باشووردا دەهێننەوە ، بەڵام ئەم پاساوهێنانەوانە هەم ڕەوایەتیدانە بە ناڕەوایەتیەکانی دەسەڵاتدارانی باشوور وهەم زۆریش دوورن لە ڕاستیەوە . چونکە لە هیچ کەسێکی برایانی حیزبی دیموکرات شاراوە نییە کە سەدان کادریان بوونە تیرۆری دەستی دەسەڵاتدارانی باشوور بۆ بەجێگەیاندنی داخوازیەکانی کۆماری ئیسلامی و دەستتێکەڵاویەکانی سەرانی باشووریش لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا نەک هەر کەمی نەکرد بەڵکو کار گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە کێبڕکێیان بێت بۆ زیاتر چونە خزمەتی کۆماری ئیسلامییەوە . کە ئەم دوو لینکەی خوارەوەش بچوکترین ڕاستینەی لایەنەکانی باشووری کوردستان دەسەلمێنێت .

سەرچاوە : ماڵپەری کلاوڕۆژنە / ڕێکەوتی : ٢٦ی جانێویری ٢٠١٠

# کۆماری کوردستان - شۆڕشی ۱۹۷۹ی گەلانی ئێران،

**کەیهانی یووسفی**

کۆماری کوردستان . شۆڕشی ۱۹۷۹ی گەلانی ئێران . و دەنگۆی دەسپێکی هەستانەوەیەکی دیکە گەلی کورد لە بەشەکانی جۆراوجۆری کوردستان و بە تایبەت لە کوردستانی ئێران لەو دەگمەن نەتەوانەن کە لە قۆناغەکانی جیاوازدا بۆ مسۆگەر کردنی ئازادی نەتەوەیی خەبات و تێکۆشانیان بە ڕێخستووە ، بەڵام هەمیشە تراژدییەکان بوونەتە هۆی دامرکاندن و لاواز کردنی ئەم سەر هەڵدانانەو و دەست رانەگەیشتن بە خواست و داخوازییەکانیان . لێرەدا بە کورتی ئاماژەیەک بە سێ قۆناغی گرینگ و بە دیهاتنی دەرفەت بۆ ئەم نەتەوەو و چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لەم دەرفەتانەوە و دەرەنجامەکەی لە کوردستانی ئێران دەکەین.



۱- ساڵەکانی کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی و پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە ناوچەی موکریان و بنیاتنانی کۆمارێکی دێموکراتیک لە ۲۲ژانویەی ۱۹۴۶ی زایینی و گواستنەوەی ئەوە دەرفەتە بۆ مسۆگەر بوونی مافی نەتەوەیی، و تەمەنی کورتی ئەم کۆمارە و ڕۆخانی دوای یانزە مانگ. ئەوەی کە بۆ دەستەبەربوونی مافی نەتەوەیی و پێکهێنانی سەروەریی نەتەوەیی پێویستە بریتیە لە دوو فاکتەری دەرەکی و نێوخۆیی کە فاکتەری دەرەکی بریتیە لە ویست و گرێبەست و ئیرادەی سیاسی ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی هێژمونین و لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا هێز و ئیرادەیان دەخەنەگەڕ بۆ دابین بوونی مافی نەتەوەیەک ، هەروەها فاکتەری دووهەمیش خواست و ئیرادەی نەتەوەییە کە بزووتنەوەی ناسیۆناڵیستی دروست دەکات و ئەم بزووتنەوەش خاوەنی پرۆژەیەک بە ناوی دەوڵەتی نەتەوەییە، کە مافی ئەو گەلەی کە بە ئاستی هوشیاری نەتەوەیی گەیشتووە دابین دەکات، هەروەها ئەم دووانەش ڕەنگە پێکەوە گرێ بخۆن بۆ بە دیهاتنی ئەو مافانە.

لە کۆماری کوردستاندا ئێمە ئەم دوو فاکتەر دەبینین بەڵام هەر دووکیان دوو فاکتەری سەقەتن و بۆیە لەو کاتەدا مافەکانی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان ناتوانێت دەستەبەر بێت.

۲- ۳۲ ساڵ پاش ڕۆخانی کۆمار هەلێکی دیکە بۆ گەلی کورد دەرەخسێت و ئەویش سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕۆخانی دەسەڵاتی پاشایەتی و هەروەها چەن ساڵ دواتر داگیرسانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق بوو .

لە قۆناغی یەکەمدا بە کەڵک وەرگرتن لەو هەلەی کە ڕەخسا بوو و لە نەبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیدا کۆمار دادەمەزرێت و بەڵام لەم ماوەیەدا واتە قۆناغی دووهەم، هەر چەن سەرەتا لە نەبوونی دەسەڵاتی ناوەندیدا زۆربەی شارەکان دەکەونە دەس ئازادیخوازانی کورد بەڵام بە هۆی سەقەت بوونی فاکتەری دووهەم و هەروەها نەبوونی فاکتەری یەکەم و دیسانیش داگیرسانی شەڕی براکوژی و بوونی دووبەرەکێ لە نێو هێزەکانی ئازادیخوازی کوردا ئەم سەرهەڵدانە سیاسی و کۆمەڵایەتی یە تووشی هێرشی سەربازی دەبێت و بزووتنەوە ناچار بە شەڕی چەکداری دەبێ و دوای ماوەیەک دەسەڵاتی ناوەندی زاڵ دەبێت و بوونی سەرهەڵدان و بزووتنەوە لە نێو کۆمەڵگادا بەرەو کەم ڕەنگی دەڕوات.

٣- دۆخی هەنووکەیی و دەرفەتی هەستانەوە

ئەوەی کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و هەروەها کومەڵگای کوردیش لەم چەن مانگەی دواییدا بینی و سرنجی گشت بیرو ڕاکانی بۆ لای خۆ ڕاکێشا سەرهەڵدانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە نێوخۆی ئێران و دەربڕینی نارزایەتی دژی دەسەڵاتی ئایینی زاڵ بە سەر ئێرانە. یەکێک لەو فاکتەرانەی کە یەکێک لەو هۆکارانەیە کە بوونە هۆی خەسارمەند بوونی سەرهەڵدانەکانی گەلی کورد لە ئێراندا ویست دێموکراتیکی ئەم گەلەو درندەیی و مڵهوڕی دەسەڵاتانی زاڵ بە سەر ئێران و هەروەها تەنیا بوونی ئەم گەلە لە راستای سەقامگیری دێموکراسیدا بووە بەڵام هەنووکە دەبینین هەموو بەستێنێک بۆ هەستانەوەیەکی دیکە بۆ بە دەستهێنانی مافی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێراندا ئامادەیە.

یەکەم: فاکتەری دەرەکیی کە بریتیە لە پشتگیری زلهێزەکانی جیهان بۆ دێموکراتیزاسیۆن بوونی ئێران لە ئارادایەوە، تەنانەت ئەگەریش تەنیا بە هۆی پاراستنی تەناهی نەتەوەیی و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە هۆی کێشەی ناوکی ئێرانەوە بێت.

دووهەم: ئەمڕۆکە دەبینین شەپۆلی دژبەری دەسەڵات ڕەوتێکە کە بە هۆی ڕاگەیاندنی ئەم دواییانەی ڕووناکبیرانی ئەم شەپۆلە ( شەپۆلی سەوز) باس لە مافی نەتەوەکانی ئێران و هەروەها سەقامگیری دێموکراسی وهەڵوەشاندنەوەی یاسای بنەڕەتی ئێران دەکات کە زۆربەی داخوازییەکانی گەلی کوردیش لە خۆ دەگرێت.

سێهەم : فاکتەری ئاگایی نەتەوەیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و هەبوونی هێز و ڕێکخراوی فراوانە کە هەموویان خاوەن خاڵێکی هاوبەشن بۆ بە دەستهێنانی خواستە هاوبەشەکانیان. ئایا لەم دەرفەتەدا دەکرێ گەلی کورد بتوانێ کەڵکی لێوەر بگرێ و خەباتی لە پێناو ئازادیدا لەم بەشەی کوردستان بە دەرەنجام بگات؟

سەرچاوە : ماڵپەری پێشمەرگەکان / ڕێکەوتی :٢٤ی جانێویری ٢٠١٠

# لە پێشوازی ۲ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا

**مستەفا مەعرووفی**



ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو ۲ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی ڕووداوێکی گرینگ و مێژووییە کە لە باری گرینگی و نرخ و بایەخەوە لە مێژووی نەتەوەی کورددا بەرزترین جێگەی گرتووە. لەم ڕۆژەدا لە ساڵی١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٦ی زایینی) یەکەم حکوومەتی کوردی بە شێوەی کۆماری لە لایەن پێشەوا قازی محەممەدی نەمرەوە لە شاری مەهاباد دامەزرا. لە ڕۆژگاری تاریک و تنووکی دواکەوتوویی و دیکتاتۆری ئەو سەردەمەدا کۆماری دێموکراتیکی کورد و دەسکەوتە بەنرخەکانی لە ناوچەدا دڕ بە شەوەزەنگی کۆنەپەرستی و سەرەڕۆیی داو گەلێک دەسکەوتی زێڕینی بۆ کورد بە دیاری هێنا کە هەتا هەتایە نەتەوەی کورد دەبێ لێیان فێر بێ دەرسیان لێ وەرگرێ و شانازییان پێوە بکا.

کۆماری کوردستان هەر چەند بەداخەوە تەمەنی کورت بوو و لە ڕووی خوغرافیاییەوە بەشێک لە خاکی ڕۆژهەڵاتی گرتبۆوە بەڵام خەسڵەت و نێوەرۆکە پێشکەوتوو و دێموکراتیکەکانی ئیعتیبار و پرستیژی ئەم حکوومەتە ناوچەیی و کەم تەمەنەی لە بەرچاوی خەڵکی بەئینساف و بێ-لایەنی ناوچە و تەنانەت جیهان دا بردۆتە سەر. ئەمە لە بەرهەمی نووسەرانی بێگانەش دا ڕەنگی داوەتەوە و بە دەیان نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بێگانە لە دوور و نزیک شاهیدی بۆ ئەم ڕاستییە دەدەن و تەنانەت لە هێندێک لەو بەرهەمانەدا سەرسووڕمان لەو دەسکەوتە مەزنانە و لەو ئەمنییەت و ئازادییەی لە کۆماری کوردستان دا هەبوو، دەربڕاوە.

کۆماری کوردستان بە هەق شایانی ئەو سەرنج و گرنگی پێدانەیە. سەبارەت بەوەی ئەو حکوومەتە هەڵقوڵاوی ویست و ئیرادەی نەتەوەیەکی مافخواز و چەوساوە بوو، سەرکۆمارەکەی کەسایەتییەکی هەرە خۆشەویستی کورد بوو و خەڵکی کوردستان بە دڵەوە خزمەتیان دەکرد و خۆشیان دەویست، بە تین و تەوژمێکی کەم وێنەوە گەشەی دەکرد و لەو ماوە کورتەدا ئەوەندەی دەسکەوتی گەورەی وەدەست هێنان کە زۆر نەتەوە لە ماوەیەکی دوورودرێژدا وەدەستیان نەهێناوە.

لەو دەرفەتە کەمەدا قوتابخانەی کوردی دامەزران و منداڵانی چاوگەشی کورد بە زمانی زگماکی دەیان خوێند کە تا ئەوکات لێیان قەدەغە کرابوو. چاپخانە هێنرایە کوردستان و چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە بە زمانی کوردی چاپ و بڵاوبوونەوەو شۆڕشێکی فەرهەنگی لەو

ناوچەیەی کوردستان دا وەڕێ کەوتبوو کە وەک نووسەرێکی بێگانە باسی دەکا "ڕێنسانسێک" لەو ماوەیەدا رووی دا. لەو سەردەمەدا دوو ڕێکخراوی سینفی و مەدەنی واتە یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوان دامەزران تا بتوانن ژنان و لاوان بێننە نێو کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. سوپای میللی دامەزراو بارودۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک لە چاو ئەوکات و لە چاو خەڵکی دەوروبەر بەرەو باشی چوو بازرگانی ڕەمێنی پەیدا کردو زۆر دەسکەوتی دیکە، کە بەهەق لەو ماوە کورتەدا جێی سەرسوڕمانە.

جگە لەمانە ئەمنییەت و ئازادییەک کە لەو سەردەمدا هەبوو، نە لە مێژووی ئێران و ناوچەدا دیترابوو و نە تەنانەت ئێستاشی لەگەڵ بێ لە ئێراندا دیتراوە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە تەنیا ئەوەندە بەسە کە دوو نموونە باس بکەین: لە ماوەی تەمەنی ١١ مانگەی کۆماردا تاقە یەک کەس کوژراو تاقە یەک کەس بە هۆی تاوانی قەتڵەوە زیندانی کرا. زیندانیی سیاسی هەر نەبوو، دزی، ڕێگری و جەردەییش نەمابوو.

لە کۆماری کوردستاندا دەرگا بۆ ئازادیخوازانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئاوەڵا بوو و ئەوانەی ڕوویان کردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەک وەک پەنابەر، بەڵکوو وەک خانەخوێ سەیریان کراو تەنانەت لە کاروباری حکوومەتدا بەشدار کران و هەم کۆمار خزمەتی بەوان کردو هەم ئەوان خزمەتیان بە کۆمار کرد. نموونەی هەرە بەرچاویان بارزانییەکان بە سەرۆکایەتیی نەمر مەلا مستەفای بارزانی بوو. کۆماری کوردستان ببوو بە مەکۆی ئازادیخوازانی هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان.

کۆماری کوردستان و دەسکەوت و شانازییەکانی بە ڕادەیەک پڕ بایەخ و گرنگ بوون کە شوێنیان لە سەر ڕووداوەکانی دوای خۆیان هەبووەو ئێستاش هەیانە. ئەزموونی سەرکەوتووی حکوومەتی کوردی ئیلهامدەری خەبات و شۆڕشی نەتەوەی کورد لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هەبووەو ئێستاش خەباتگێڕانی کورد بۆ ئەو ئامانجانە خەبات دەکەن کە کۆماری کوردستان هەوڵی بۆ دەدان.

ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو ساڵرۆژی لەدایکبوونی ئەو قۆناغە پڕ لە شانازییەی کوردە کە هەموو ساڵێ ڕۆڵە بەوەفاو بە ئەمەگەکانی کورد لە سەرانسەری کوردستان و لە دەرەوەی وڵات بە پێی دەرفەت و ئیمکان بە پێکهێنانی باس و سمینارو جێژن و شایی بەرەو پیلی دەچن و ڕێزی لێ دەگرن، خاڵە بەهێزو لاوازەکانی هەڵ دەسەنگێنن، بۆ ئەوەی لە خەبات و تێکۆشانی داهاتوویان دا بەکاریان بێنن. بە خۆشییەوە لەم ساڵانەی دواییدا یاد و بیرەوەریی کۆماری کوردستان بۆتە جێژنی هاوبەش و نەتەوەیی زۆربەی هەرە زۆری هێزو لایەنەکانی کورد لە سەرانسەری کوردستان. لەو ڕۆژەدا خەڵکی نیشتمانپەروەری ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر بە بڵاوکردنەوەی دروشم و وێنەی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر و ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی پێشەوا قازی واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان قاسملوو و شەرەفکەندی، بە سەردانی گڵکۆی شەهیدان، سەردانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بە پێی ئیمکان پێشکێش کردنی دیاری و شیرینی بە یەکتر، یادی ئەو ڕۆژە پیرۆزە زیندوو دەکەنەوە و بە پێشوازی ئەو ڕۆژە مێژووییەوە دەچن.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢٠ی جانێویری ٢٠٠٩




# کۆماری کوردستان مەشخەڵێکی هەمیشە بەگڕ بۆ شوناسخوازی

**عەوڵا بەهرامی**

لە ٢ی ڕێبەندانی ٦٣ ساڵ لەمەوبەردا کورد لە بەشێکی هەرچەند بچووک لە نیشتمانە دابەش وداگیرکراوەکەیدا توانی بە سوود وەرگرتن لە هاوکێشە ناوچەییەکان و بە پشت بەستن بە ویستی شوناسخوازانەی خۆی، دەسەڵاتێکی نەتەوەیی لە چوارچێوەیەکی مودێرن و کۆماریدا دامەزرێنێ. دەسەڵاتێکی نەتەوەیی کە لە زۆر بارەوە لەگەڵ دەسەڵاتە کوردییە پچڕپچڕەکانی مێژووی کورددا جیاوازییەکی زۆر زەق و بەرچاوی هەیە.



کۆماری کوردستان (سەرەڕای هەموو دەسکەوتە سیاسی و فەرهەنگییەکان و لاوازییەکانی) بەو پێیە کە هەڵگری پەیام و خودانی جەوهەرێکی نەتەوەیی و شوناسیخوازانە، بە واتا مودێرنەکەی بوو، لەگەڵ ئەوەدا کە هەر زوو کۆتایی بە تەمەنی هات و ٦٣ ساڵ بەسەر دامەزرانی دا تێپەڕیوە، ئێستاکەش وەک چرایەکی ڕێنوێن و ڕێپێشاندەرو وەک ڕچەیەک بۆ خەباتی شوناسخوازانە (بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لە بیرو زەینی تاکی کورددا جێی گرتوە. بە چەشنێک کە ئەمڕۆکە خوێندنەوەی مێژووی ئەم دەسەڵاتە هاوچەرخە کوردییە و یادکردنەوەی ڕۆژی دامەزرانی تا دێ گرنگیی زیاتر پەیدا دەکاو تاکی کورد لەگەڵ خولیای دەسەڵاتی نەتەوەیی و شوناسی ونبوو و نکۆڵیلێکراوی لێک گرێ دەداتەوە.

دیارە ئەو تایبەتمەندییەی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم بنەما فکرییە پتەو و نەتەوەییانەی دامەزرێنەرانی کۆمارو لە سەرووشیانەوە پێشەوا قازی محەممەد هەیانبوو و کردیانە بناخەیەک بۆ دەسەڵاتێکی هاوچەرخ و مۆدێرنی نەتەوەیی. ئەم بنەما فکرییانەش بە تایبەتی لە چەند کاری گرنگی وەک هەڵکردنی ئاڵا، دانانی سروودی نەتەوەیی، بە فەرمی کردنی زمانی کوردی، دروست کردنی سوپای نیشتمانی، بووژاندنەوەی فەرهەنگ و وێژەی کوردی، هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بەشانە لە خاکی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماردا نەبوون و.. ڕەنگی دابۆوە. بۆیە دەکرێ بڵێین یەکەم: دامەزرانی کۆمار هەوڵێکی جیدی بوو بۆ دەرباز کردنی شوناس، جوگرافیا، فەرهەنگی کوردی لەو مەترسییە گەورەو جۆراجۆرانەی بە سەدان ساڵ بوو لە گەڵیان بەرەو ڕوو بوون. دووەم: دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ڕوانگەی تیئورە نوێیەکانی ناسیونالیزمیشەوە هەنگاوێکی گەورە بوو لە پرۆسەی بە نەتەوە بوونی کورد دا.

سەرجەم ئەم تایبەتمەندیانەی لە بارەی کۆماری کوردستانەوە باسیان لێوە کرا بوونەتە هۆی ئەوە ئەم دەسەڵاتە نەتەوەییە کورت ماوەیە جێگەو پێگەیەکی تایبەتی لە مێژووی هاوچەرخی کوردستان دا هەبێ تا ئەو رادەیە کە سەرکۆماری کوردستان پێشەوا قازی وەک ڕێبەری سەربەخۆی چاوی لێ بکرێ و ڕێبازی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی کۆماریش وەک ڕێبازی خەبات بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی کورد چاوی لێ بکرێ.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢٠ی جانێویری ٢٠٠٩

# دووی ڕێبەندان سەرهەڵدانی نەتەوەی کوردە

**هەژیر. ب . ش**

سالی١٣٢٤ی هەتاوی و لە رۆژی دووی ڕێبەندان دا، لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە شاری مەهاباد، کۆماری کوردستان راگەیەندرا و پێشەوای نەمر بوو بە یەکەم سەرۆک کۆماری کورد لە مێژوودا. ئەم کۆمارە ساوایە لە هەلومەرجی ئەو کاتەی دنیادا توانی تەنیا یازدە مانگ بژی، گەرچی گەلی کورد لە شانسێکی گەورە بۆ دامەزراندنی ژیانێکی سە بەخۆ بێبەش کرا، بەڵام جوانەمەرگ بوونی کۆمار لە خۆیدا توانی کاریگەریەکی گەورە بکاتە سەر کۆمەڵگای کوردستان و خەیاڵ و ئاواتێکی سەربەست و ئازاد لە رۆح و مێشکی کۆمەڵانی خەڵکدا زیندوو بهێڵێتەوە. دەست پێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی و لایەنگری رەزاشا لە دەوڵەتی ئاڵمان، ڕێخۆشکەر بوو بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان(ئەمریکاو بریتانیا و رووس)کە خاکی ئێران داگیر بکەن. هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بوو بە هۆی رووخانی رژیمی



رەزاشا و بۆشاییەکی گەورەی دەسەڵات کەوتە ئێرانەوە. ناوچەکانی باکووری ئێران لە لایەن هێزەکانی رووسەوە و ناوچەکانی باشووریش لە لایەن هێزەکانی بریتانیاوە(ئینگلیس)داگیرکران. لەم نێوەدا ناوچەکانی مەهاباد و بۆکان و سەقز و بانە و دیواندەرە کە دەکەوتنە نێوان دوو ناوچەی داگیرکراوەوە، وەک ناوچەیەکی بێ لایە-ن مانەوە. بۆشایی دەسەڵات هەلێکی باشی بۆ خەڵک رەخساند بوو کە خۆیان ئیدارەی وڵات بە دەستەوە بگرن و لەم کاتەدا دەستەیەک لە رۆشنبیرانی ناسیونالیستی کورد لە شاری مەهاباد، کۆمەڵەیەکیان بە ناوی کۆمەڵەی ژیانی کورد واتە ژ.ک دامەزراندبوو کە خەریکی کاری سیاسی و رۆشنبیری بوون. چەن رۆشنبیرێک وەک بەڕێزان: عەزیز زەندی ناسراو بە عەزیزئاڵمانی وحوسێن فروهەر و محەممەدی نانەوازادە و رەحمان زەبیحی و چەند کەسێکی دیکە کە حیزبی ئازادی خوازانی کوردستانیان دامەزراندبوو، لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک بوون. هاوکات رۆشنبیرێکی وڵاتپارێزی کورد، واتە پێشەوا قازی محەممەد کە لە بنەماڵەیەکی ناودار و خاوەن دەسەڵاتی رووحانی لە ساڵی ١٢٨٩ی کۆچی هەتاوی ئەستێرەی ژیانی بلێسەی دا و چاوی بە دونیای روون هەڵێنا ولە دوایە بوو بە یەکێک لە ناودارانی مێژووی کورد و کوردستان، بە کومە-لە-کە پە-یوە-ست بوو. هەیئەتی ناوەندی ژ.ک داوای لە پێشەوا کرد کە بێتە ناوریزی ئەو کۆمەڵەوە و پێشەوا قەبووڵی کرد و توانی ببێ بە مێحوەریک لەو کۆمەڵەیەدا کە لەو کاتە لە شاری مەهاباد و دەوروبەری بەڕێوەی دەبرد. پێشەوا هەر چەند راستەوخۆ هیچ چەشنە بەرپرسایەتییەکی لەو کۆمەڵەدا وەئەستۆ نەگرتبوو، بەڵام بە کردەوە یەکەم کە-سی بە نفووزی ناو کۆمەڵە بووو بە ناوی نهێنی بینابییەوە کاری دەکرد.

ئەندامێکی کۆنی ژ.ک بە ناوی محەممەدی شاپەسەندی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە : لە کاتی سوێند خواردن دا، قورئانێک و

ئاڵایەکی کوردستان و خەنجەرێکیان دادەنا و بەم جۆرە سوێند دەخورا: سوێند دەخۆم بەو قورئانە و بە ئاڵای کوردستان، خیانەت بە کورد نەکەم. دوایە کارتێکیان دەدا بە ئەندامەکە کە نیشانەی چەکوچ و داسی لە سەر بوو.

ئەگەر کەمێک بۆ رابردووتر بروانین دە-بینین کە هەوڵەکانی مستەفا کەمال ئاتاتورک و دەوڵەتی تورکیا بۆ راگرتنی کۆماری تورکیا، دەبوایە لەو وڵاتە زمان و کەلتوور و مێژووی نەتەوەی تورک ببێتە بناغەی دەوڵەتی نوێ. رەزاشاش لە ئێران ئاواتی ئەوە بوو کە دەوڵەتێکی یەک شێوەی یەکگرتووی نەتەوەیی لە ئێراندا پێک بهێنێ و دەیویست زمان و کەلتوور و مەزهەبی شێعە ببێ بە مێحوەری ئەم دەوڵەتە نوێیە. بۆ گەیشتن بە ئەم ئامانجە ناچار بوو هێزێکی سەرتاسەری بە هێز پێک بهێنێ کە تەواوی ئێران بخاتە ژێر چاوەدێری خۆیەوە، هەبوونی خەت و زمانێکی هاوبەش یەکێک لە بەندەکانی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە نوێیە بوو، بەم جۆرە زەمینەی ئاڵ و گۆڕی سیاسی و ئابووری لە ئێران پێک دەهات، بۆ ئەوەی ئەم خەونانە بێنە دی، دەبوایە رێ و بانی باش و بە کەڵک لە وڵاتدا ساز بکرێ کە هەم سپا و هەم کار بەدەستانی دەوڵەت بە ئاسانی بتوانن بۆ هەر کوێیەک کە بیانەوێ، زوو بگە-نێ. دیارە شەرتی سازکردنی ئەم پێناسە ئێرانییە،وەلانانی پێناسەکانی-تر بوو، یانی هەبوونی زمان و کەلتوور و مێژووی کوردان و نەتەوەکانی تر پشت گوێ دەخران، زمان و کەلتووری فارس کرابووە هەموو شتێکی ئەو نەتەوانەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا دەژیان و هەمووی ئەمانە ئاڵوگۆڕی زۆری خستە سەر کوردستان، لەم کاتەدابوو بۆ یەکەم جار سیستمی پێشکەوتووی ئیداری و دەوڵەتی هاتە کوردستان و گەلێک فێرگە و قوتابخانەی نوێ لە کوردستاندا کرانەوە وئیداراتی دەوڵەتی  روویان لە زۆر بوون کرد. بارودۆخی سیاسی لە زەمانی رەزاشادا بواری بە کوردان نەدا کە خۆیان رێک بخەن و جوڵانەوەیەک پێک بێنن.

ساڵی ١٩٤١ی زایینی بەرابەر بە ساڵی ١٣٢٠ی کۆچی هەتاوی بە رووخانی رژیمی رەزاشا، دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی لە کوردستان نەما و بەم جۆرە بواری پێک هاتنی کۆمەڵەی ژیانی کورد واتە ژ.ک پێک هات و بەم جۆرە کۆمەڵەکە بە شێوەی نیوە نهێنی پەرەی بە خەباتی سیاسی-و رۆشنبیری خۆی دا بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی کورد. مەسەلەی سەرەکی لە بەرنامەی کۆمەڵەی ژ.ک لە سەر بنەمای سیاسی یەکگرتووی کوردستان بوو، رێبەرانی ئەو کۆمەڵەیە سەبارەت بە سیاسەت لە کۆمەڵگای کورددا، هەست و بۆچوونێکی روونیان هەبوو، ئەوان باسیان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی دەکرد کە بتوانێ ناسنامەی کوردی بپارێزێ. ١٨ مانگ دوای دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ک ئەندامانی زیاتربوون و لە گەلێک شار و ناوچەکانی تری کوردستان لقیان پێک هێنا و پێیان وابوو کە هەلومەرجی شەڕی چەکداری لە کوردستاندا هێشتا پێک نەهاتووە و ئەو مەسەلەیان چاک دەزانی کە هێزی چەکداری ئەو وەختەی کورد لە ئاغاوات و سەرۆک عەشیرەکان پێک دەهات و رێبەرانی کۆمەڵەی ژ.ک یش نەیاندەویست پشت بەو بەشەی کۆمەڵگا ببەستن و هەر ئەوانەش دواتر لە کاتی رووخانی کۆماردا  پشتی کۆماریان چۆڵ کرد.

لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٤٤ی زایینی بەرابەر بە رەزبەری ١٣٢٣ی کۆچی هەتاوی پێشەوا قازی محەممەد دەبێتە بەرێوەبەری کۆمەڵەی ژ.ک. بنەماڵەی ئەوان  رۆڵێکی بەرچاویان لە خەباتی نەتەوایەتی گێڕاوە و هەر وەک قازی عەلی باوکی پێشەوا هاوکاری لە گەڵ سمکۆی شکاک و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کردوە و سەیفولقوزاتی مامی لە ساڵی ١٩٣٤ی زایینی بەرابەر بە ساڵی ١٣١٣ی کۆچی هەتاوی لە شاری مەهاباد رێخراوێکی نهینی نەتەوەیی بە ناوی بزووتنەوەی محەممەدی دادەمەزرێنێ و پێشەوا هەروەها




پێوەندی هەبووە لە گەڵ ئێحسان نووری پاشا سەرۆکی بزووتنەوەی ئاراڕات کە پاش تێکچوونی روو لە ئێران دەکا و دەبێتە پەنابەر و بەو شێوەیە لە گەڵ خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان ئاشنا دەبێ. لە ساڵی ١٩٤١ی زایینی پێشەوا لە گەڵ چەند کەسی خاوەن دەسەڵاتی کورد وەک بەڕێزان ئەمیر ئەسعەد، حاجی بابەشێخ، رەشید بەگی هەرکی، زێرۆ بەگی بەهادوری، محەممەدی قاسملوو و ژمارەیەکی دیکە بۆ چاوپێکەوتن و وتوویژ دەڕۆنە باکۆ لە ئازەربایجانی سۆڤییەت و داوای یارمەتییان لێدەکەن بۆ یەکگرتنەوەی کوردستان، پێشەوا وەک بەڕێوەبەری ژ.ک و وەک رێبەری بێ ئەملاوئەولای کورد، لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی ئەو کاتی ئێران و لە لایەن دەوڵەتانی ترەوە وەک بەرپرسێک قەبووڵ دەکرا و ببووە رێبەرێکی سیاسی کورد، بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بناغە-کانی ژ.ک، پێشەوا کە رۆڵێکی تایبەتی هەبوو، بێشک تەنیا کاندیدای سەرۆکایەتی ئەم حیزبە بوو، لە ساڵی ١٩٤٥ی زایینی حیزبی دێموکراتی دادەمەزرێ و یەکەم کۆنگرەی خۆی دەبەستێ. حیزبی سەردەمی کۆمار کۆمۆنیست نەبوو، بەڵکوو حیزبێکی ئاشتی خوازی جەماوەری بوو،هەروەها لەسەر بنەمای مەدەنی و ئەقڵانی و ئایینی دامەزرابوو.

لە سەر هۆیەکانی هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی ژ.ک و دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی بیروبۆچوونی جیاواز هەن، زۆربەی لێکۆڵەرەوانی مێژووی کورد لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئیتر حیزبی دێموکرات درێژ کەرەوەی رێگای کۆمەڵەی ژ.ک ە ، بەڵام بە بۆچوونی کەسانێک وەک رێبەرانی ژ.ک، بە بێ حەز و ئارەزووی خۆیان لە ژێر گوشاری رووسەکان هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەیان قەبووڵ کرد.

سەفەری دووهەمی پێشەوا بۆ باکۆ هاوکاتە لە گەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی، بەڵام سۆڤییەت نایەوێ پاشەکشە بە هێزەکانی خۆی بکا، لە ١٥ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٤٥ی زایینی دا پێشەوا پاش بەشداری کردن لە مەراسمی دامەزراندنی کۆمەڵەی دێموکراتی ئازەربایجان بە دەستی جەعفەری پیشەوەری کە وەک شاخەی حیزبی توودە بوو لە ئازەربایجاندا، هەروەها لە پارلمانی میللی ئازەربایجاندا جێ دەدرێ بە پێنج نوێنەری کوردستان، لەوێوە لە گەڵ چەند کەسایەتی سیاسی وەک بەڕێزان سەیفی قازی ئامۆزای و مەنافی کەریمی بۆ جاری دووهەم دەچێ بۆ باکۆ، سەفەری ئەمجارەشیان لەگەڵ جاری پێشوو جیاواز دەبێ، شەڕی دووهەمی جیهانی بە سەرکەوتنی هێزەکانی هاوپەیمانان(ئەمریکا و بریتانیا)تەواو دەبێ، بەڵام پێوەندی نێوان سۆڤییەت و هێزەکانی رۆژاوا بەرەو خراپ بوون دەڕوات. سۆڤییەت ئامادە نابێ پاشەکشە بە هێزەکانی خۆی بکا و پێشتر لە پەیمانی نێوان هێزە هاوپەیمانەکاندا بڕیار درابوو کە شەش مانگ دوای تەواو بوونی شەڕ،هەموو لایەنەکان پاشەکشە بەهێزەکانی خۆیان بکەن. لەم چاوپێکەوتنەدا باقرۆڤی سەرۆک کۆماری ئازەربایجان داوا لە رێبەرانی کورد دەکا کە لە چوارچێوەی ئازەربایجانی ئێراندا ببنە خاوەنی ئۆتۆنۆمی، بەڵام کوردەکان بە یەک دەنگ ئەو داوایە رەت دەکەنەوە و پێشەوا دەڵێ:جا ئەگەر وابێ، هەر لە ژێر چاوەدێری تاراندا دەمێنمەوە، ئەسپێکم پێدەدەن، لەغاوەکەی لە کەسێک و زینەکەی لە کەسێکی دیکەیە.

لە ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی١٣٢٤ی هەتاوی کۆمەڵانی خەڵک بەرەو شارەوانی مەهاباد رێپێوان دەکەن و ئاڵای کوردستان لە سەر سەربانی شارەوانی هەڵدەدەن و بەم جۆرە دوایین بارەگای سەر بە دەوڵەتی ناوەندی هەڵدەوەشێتەوە و لە سەر درگای ناوەندە دەوڵەتییەکان لە شارەکانی مەهاباد و شنۆ و نەغەدە ئاڵای کوردستان دەشەکێتەوە. لە ٢٢ی ژانوییەی ساڵی ١٩٤٦ی زایینی بەرابەر بە دووی رێبەندانی ساڵی١٣٢٤ی هەتاوی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد بە بەشداری کوردانی کوردستان، دامەزراندنی کۆماری

کوردستان لە رێورەسمێکی پرشکۆی بیست هەزار کەسیدا کە تا ئەو دەم لە مەهاباد وێنەی نەبینرابوو، پێشەوا لە باسێکدا وەدەست هێنانی ئیستقلال و ئازادی نەتەوەی کوردی راگەیاند و لە دوایین بەشی رێورەسمەکەدا بە دەستی خۆی سەرپۆشی لە سەر قورئان و نەخشە و ئاڵای کوردستان لابرد و کاری سوێند خواردنی بە جێ هێنا . بەڵام بەداخەوە ئەو کۆمارە ساوایە کە هیوای هەموو کوردێک بوو، تەنیا یازدە مانگ ژیا. بە پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤییەت، سپای ئێران بە بێ بەرگری کردن، ئازەربایجانی داگیر کرد و زۆربەی رێبەرانی فیرقەی دێموکرات و کۆماری ئازەربایجان وڵاتیان بە جێ هێشت و بەرەو سۆڤییەت وەرێ کەوتن، ئەم بارودۆخە کاریگەری زۆر خراپی خستە سەر کۆماری کوردستانیش و لە بەر دەمی پێشەوادا تەنیا دوو رێگە هەبوو، یان کوردستان بەجێ بێڵێ، یان بۆ ئەوەی رێگە لە بەر کوشتنی نەتەوەکەی بگرێ، دەبێ خۆی بدا بە دەست هێزەکانی دەوڵەتەوە. ئەگەر چی باش دەیزانی کە لە سێدارە دەدرێ، بەڵام هیچ رێگەیەکی نەبوو، چونکە لە رۆژی راگەیاندنی کۆماردا بەو شێوەیە سوێندی خواردبوو کە: ئەمن بە خودا، بە کەلامی عە زیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی کورد، بە ئاڵای مووقەددەسی کوردستان، سوێند دەخۆم کە تا ئاخرین هەناسەی ژیانم و رژانی ئاخرین تنۆکی خوێنم ،بە گیان و بە ماڵ لەرێی راگرتنی سەربەخۆیی کۆماری کوردستان و یەکیەتی کورد و ئازەربایجان موتیع و وەفادار بم.

پێشەوا گاندی کوردستانە: چونکە لە ماوەی ژیانیدا هەوڵیدا، بە هێمنی و ئارامی و ئاشتی، ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد وەدی بێنێ و لە ماوەی دەسەڵاتیدا توانی دۆستایەتی کورد و تورک لە ناوچەکانی سەڵماس و خۆی و ماکۆ و ورمێ و ...بپارێزێ.

کۆماری کوردستان ئەزموونێکی زۆرزۆر تایبەتی و تاکە لە مێژوویی کورددا و کۆمارێک بووە لە سەر بنەمای نەتەوەیی و دابینکردنی مافە نەتەوەییەکان .ئەگەر هەڵیسەنگێنین لە گەڵ ئەزموونەکانی پێشووی دیکەی کوردی، تەنانەت بگرە هی پاشیشی کە راپەرین هەبووە زۆربەی راپەرینەکانی کورد بە شێوەی عەشیرەیی بوون، بەڵام بە هاتنی کۆمار راپەرینەکان شکلی نەتەوایەتییان بەخووە گرت. کۆمار چاردە وەزیروو کابینەی هەبووە کە بریتین لە:

١- سەیید رەحمانی سەیادەت ناسراو بە حاجی بابە شێخ سەرۆک وەزیران

٢- محەممەد حوسێن سەیفی قازی - وەزیری شەڕ

٣- ئەحمەد ئیلاهی - وەزیری دارایی

٤- محەممەد ئەمینی موعینی - کیشوەر (ناو خۆ)

٥- کەریم ئەحمەدی - پۆست و تەلگراف

٦- حاجی رەحمانی ئیلخانی - راوێژکاری کۆمار

٧- مەناف کەریمی - وەزیری پەروەردە

٨- سەدیق حەیدەری - راگەیاندن(تەبلیغات)

٩- خەلیل خوسرەوی " کار

١٠- حاجی مستەفا داوودی - تەجارەت(بازرگانی

١١- مەحموود وەلی زادە - کشت وکاڵ(کەشاوەرزی

١٢- ئیسماعیل ئیلخانیزادە - ڕێگا و بان

١٣- محەممەد ئەیووبیان - بێهداری

١٤- مەلا حوسێن مەجدی - دادگوستەری

کۆمار بۆ هەر وەزارەتخانەیەک ئەرکی دیاری کراوی هەبووە و لە هەموو شت گرینگتر ئەرتەشی هەبووە. خاوەنی شوناس و پێناسەی تایبەتی خۆی بووە، سروودی ئەی ڕەقیبی دڵداری شاعیری کردۆتە سروودی نەتەوایەتی، لە ئۆرگان ونووسراوەکانی ئەو سەردەمەدا لە پێشکەش کردنی چالاکی کولتووری و فەرهەنگی وەک شانۆ و چەندین بابە-تی دیکە، هەموو کاتێک مەجالی بەوە دابوو کە هەستی نەتەوایەتی وەک فۆرم و شکڵ بە جۆرێک دەربرێ. کۆمار خاوەنی ئاڵای خۆی بوو کە بوو بە ئاڵای نەتەوایەتی کورد، ئاڵای کوردستان لە سێ ڕەنگدا نەخشابوو، سوور، سپی، کەسک(سەوز) ورۆژێکیش بە ٢١ تیشکی پڕشنگدارەوە لە ناو ئاڵاکەدا بوو، ئاڵای سەردەمی کۆمار، تەنیا ئاڵای حیزبی دێموکڕات نەبوو، بەڵکوو ئاڵای نەتەوایەتی نەتەوەی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان بوو کە پێشتر لە کۆبوونەوەی هاوبەشی ڕێبەرانی ژ.ک و حیزبی هیوای باشوور و نوێنەرانی باکوور و ڕۆژاوای کوردستان کە لە مەهاباد بەسترابوو، ڕەنگ و شکڵ و ئارمی ئاڵای کوردستانیان دیاری و پەسەند کردبوو. پێشەوا بە دوژمنی سەلماندو و پێی گوتن کە:من ڕەنگی ئەو ئاڵایەم و ئەویش منە، ئەو خوێنی نەتەوەکەمە ومنیش دەستم پڕ دڕکی چاوی دوژمنە، ئاڵا و کوردستان و کۆمار، مێژووی کوردە، کوردیش هەناسەی منە .

دەتوانین بڵێین کە کۆمار یەکەم ئەزموونی ئەو پارچەیەی جیهان بووە کە تا ڕادەیەکی زۆر دێموکڕاتیک بووە و بەرانبەر بە نەتەوە و ئایینەکانی دیکە، ئاستێکی بەرزی لەخۆبردوویی نواندووە، بە تایبەت لەو سەردەمەدا کە ٣٠ بنەماڵەی جوولەکە لە ناو شاری مەهاباددا هەبوون، حەقی خوێندن و بەجێ هێنانی ئایین و کەلتووری خۆیان هەبووە و لە هەموو بوارەکانی کەلتووری و کۆمەڵایەتیدا سەربەست و ئازاد بوون. هەروەها ئەو ئازەریانەی کە لە چوارچێوەی جوگرافیای کۆماردا بوون، ئەو ئازادیانەیان هەبووە .

گرینگترین تایبەتمەندی کۆمار ئەوە بوو کە تەنیا تایبەت بە کوردی ئێرانی نەبوو، بەڵکوو کۆمارێکی ئەوپەڕ سنووری بوو، کە بە هاتنی مەلا مستەفای بارزانی و هێنانی ئەفسەرانی پسپۆڕ و کارامە، توانی ڕۆڵێکی گەورە لەو کۆمارەدا بگێڕێ و وەک ژنراڵی هەرەبەرزی کۆماری کوردستان ناوی لە مێژووی کورددا بنووسرێ. بە رووخانی کۆمار، بارزانی و هاوڕیکانی پەڕیوەی وڵاتی سۆڤییەت دەبن، کە قازی لێرەدا دەڵێ: بارزانی بۆیە دەڕوا، چونکە میللەتەکەی لە گەڵە، من ناتوانم میللەتەکەم بە جێ بێڵم و وەک ئاخرین دیفاع لە دادگادا دەڵێ: وا بیر مەکەنەوە کە شارەزایی قانوون نیم، باش لێی شارەزام، بەر لە هاتنی ئەرتەش و هێزی ناوەندی بۆ مەهاباد لێکمدابۆوە کە هەر لە دار دەدرێم، ئەدی بۆ هەڵنەهاتم، ئەوە نەبوو کە نەمدەتوانی،شەش دەزگا ماشێنی سەواری و جیبم لە بەر دەست دا بوو، کە هەر دەقیقە و سەعاتێک کە ویستبام دەمتوانی سنوور ببڕم و خۆ دەرباز بکەم، بۆ کوێ هەڵدەهاتم؟ئێرە وڵاتی منە و تا ئێستا هەشت پشتی من لەم وڵات و خاکەدا نێژراون و تا یەک ڕۆژم مابێ، دەست لە خەبات هەڵناگرم و بە هەموو کەسێکی

دەسەلمێنم کە کورد شایانی ژیانە.

پێشەوا و سەدر و سەیفی قازی لە دادگایەکی نهێنی و فەرمایشیدا دادگایی کران، بە تاوانی ئەوەی کە:

١- لە بەر کردنی جلوبەرگی ژنراڵی

٢- سەرۆکایەتی کۆماری کوردستان

٣- گۆڕینی شکڵ و ڕەنگی ئاڵای ئێران

۴- ڕێگادان بە بارزانیەکان، کە هاتوونە کوردستانەوە و شەڕ و ئاژاوە دروست دەکەن! بەڵام پێشەوا دەڵێ:

کوردستان ماڵی هەموو کوردێکە،جەنابی مەلا مستەفا هاتۆتە ماڵی خۆی و بێگانە نەبووە کە من ڕێگای نەدەم و چەندین تاوانی دیکە. لە ڕێکەوتی ٢٥ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥ی کۆچی هەتاوی هەرسێکیان بە ئێعدام مەحکووم کران و لەڕێکەوتی ٣١ / ٣ / ١٩۴٧ی زایینی بەرابەر بە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی کۆچی هەتاوی، سەعاتی سێ و دە خولە-کی سەر لە بەیانی هەر لەو جێگایەی کە کۆمار ڕاگەیەندرا، لە سێدارە دران کە پێشەوا لە پای سێدارەدا دەڵێ: ئەی خائینان من لە حاست نەتەوە و نیشتمانم شەرمەندە نیم کە چاوم ببەستن، بەڵکوو سەربەرزم و دەمەوێ لەدواپین ساتەکانی ژیانمدا، لە سپێدەی بەرەبەیانی لە ئاسۆی نیشتمانی جوانم بڕوانم وببینم کە چۆن دڕ بە تاریکی دەدا، بژی نەتەوەی کورد، بژی ڕزگاری کوردستان. پاشان تەرمەکانیان لە داوێنی کێوی داشا مەجید ئەسپەردەی خاک کران و ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە مێژووی حیزبی دێموکڕاتدا تۆمار کرا.

لە کۆتاییدا دەڵێم: ورەی نەتەوەی کورد قەت لە ناو ناچێ وناوی کۆماری کوردستان هەموو کاتێک وەک ئەستێرەیەک لە مێژووی کورددا دەدرەوشێتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری خاکەلێوە / ڕێکەوتی : ١٩ی جانێویری ٢٠٠٩

# بزاڤی نەتەوەیی کورد لەروانگەی سیاسییەوە "پێشەوا قازی محەممەدو کۆماری کوردستان "

بێهزاد خۆشحاڵی

و: ئەفراسیاب گرامی

بزووتنەوەی قازی محەممەد بەهۆی نێوەرۆکی جیاوازو تایبەتمەندییە سیاسییە مۆدێرنەکانی، گرینگترین بزووتنەوە لەمێژووی سیاسیی نەتەوەی کورددا بەئەژمار دێت. بنەمایی‌ترین تایبەتمەندیی بزووتنەوەی پێشەوا قازی محەممەد کە بووە هۆی دامەزرانی "کۆماری کوردستان" لەماوەی ساڵانی ١٩٤٦ / ١٩٤٧دا، بەنێوەرۆکێکی دێموکراتیک لەجێگیرکردنی کردەکارێکە کە تا ئێستاش دەتوانێ باشترین نموونەی سیستمی دەوڵەتیی بۆ حکوومەتەکان لەرۆژهەڵاتی ناڤیندا بێت.



کردەکار: پێشەوا قازی محەممەد

هۆکار: قازی محەممەد

گۆڕەپان:

الف: کات: ١٩٤٦ ـ ١٩٤٧

ب: شوێن: بەشێکی سەرەکی کوردستان لەباشووری ئازەربایجانی رۆژئاوا (ناوچەی موکریان)و بەشێک لەباکووری کوردستان (سەقزو بانە) کە تا ئەوکات ئەوانە بەشێک بوون لەویلایەتی ئازەربایجان و ئەردەڵان.

ئامراز: راپەڕینی چەکدارانەو پێوەندییە دیپلۆماتیکییەکان

ئامانج: دامەزرانی کۆماری کوردستان

هەروەها کە گوترا، بنەمایی ترین تایبەتمەندیی "کۆماری کوردستان" بەرێبەریی پێشەوا قازی محەممەد، تایبەتمەندیی دێموکراتیکی ئەو بوو کە لەروانگەی پێکهاتەیی، پێناسەو دامەزرانەوە، چوارچێوەیەکی مۆدێرنی هەبووەو هەڵگری شرۆڤەیەک بەپێناسەو چەمکە نوێیەکان لەدێموکراسییە. لەم روانگەوەو بەپێی چوار تیۆریی نوێی دێموکراسی، واتە دێموکراسیی بازاڕ، دێموکراسیی نیئۆکۆماریخواز، دێموکراسیی باوک سالارانەو دێموکراسیی ژاکۆبنی، دەتوانین بڵێین "کۆماری کوردستان" لەسەر بنەمای دێموکراسییەکی ژاکۆبنی دامەزراوە کە تێیدا لەسەر بنەمای رێککەوتنی بەهاکانو پلەیەکی باڵا لە بەشداریی سیاسی دەتوانین ببینین.

لە وەها پێکهاتەیەکی دیموکراسیدا دەتوانین گرینگیی وشەگەلێک وەک نەتەوەییو نەتەوە لە چوارچێوەی چەمکی ئیرادەی کۆمەڵایەتیدا بدۆزینەوە کە بە ئەبستراکت (مجرد) قبووڵکردنی، نێوەرۆکی سیاسی بەخۆوە دەگرێتو لەچەمکی "ڕەزامەندیی گشتیی نەتەوەیی (رزایت ملی همگانی)"و "نەریتی کەڵەکەکراوی نەتەوەیی(سنت ملی انباشته)"دا کورت دەکرێتەوە.

خاڵێکی دیکە کە دەتوانین لە"کۆماری کوردستان"دا بیدۆزینەوە، چەمکی "نەتەوەخوازی"یە کە وەکوو چەمکێکی مۆدێرن، شوناسی کۆمەڵێک لەمرۆڤەکانە کە خۆیان بەوێنەی شوناسێکی جیاواز لەچوارچێوەی یەکەیەکی سیاسی، شوێنێکی جوغرافیاییو کولتوورێکی جیاوازدا پێناسە دەکەن.

تایبەتمەندیی سێهەمی "کۆماری کوردستان"، لەرۆڵی گرینگی پێشەوا قازی محەممەد، دەتوانین ببینینەوە. قازی محەممەد هەرچەندە کەسایەتییەکی ئایینی بەپێگەیەکی بەهێزی بنەماڵەییەو زۆرکەس رۆڵی "ئایینی . کاریزمایی" بۆ بەلووتکەگەیشتنی کەسایەتی پێشەوا دەزانن، بەڵام ناتوانین رۆڵی "هێژمونی عەقڵانی"ئەو لەخودئاگایی، شوێن هەڵگرتنی درووست (جهتیابی معین)، هاوئاهەنگی، ڕێکخستنی بیروهزرو بەرهەمهێنانی لە پێکهاتەیەکی پراکتیزەکراو بەناوی" کۆماری کوردستان"دا، لەبەرچاو نەگیردرێ. گرینگتر ئەوەیە کە تایبەتمەندیی کەسایەتیی بەرزی ئایینیو بنەماڵەیی، دەبێتە "ئاوەزمەندێتی (عقلانیت)"ی ڕێبەریو جەماوەر بەهۆی هۆگریی خێڵەکیو هێندێکیش ناوەندخواز، لەکۆڕێکدا ئاپۆرایان دەداو بەناسینەوەو پێناسەکردنەوەی "شوناس"، هەستو ورەی "خۆیبوون (ما بودن)"نیان پێدەبەخشێ، "خۆیبوون"ێک کە ئەرکی رەنگدانەوەو بەرز ڕاگرتنی بایەخەکان دەداتەوە بەجەماوەرو بەواتای "ئیدئۆلۆژی نەتەوەیی"، شوناسو کەسایەتی نەتەوەیەک دەنوێنێت.

تایبەتمەندیی دیکەی "کۆماری کوردستان"، پێکهێنانی رەوشێکی لەبار بۆ دەورانی تێپەڕین لەپێکهاتەیەکی نەریتی بۆ ئۆرگانیزاسیۆنێکی "مۆدێرن"ە. سەرهەڵدانی "کۆمەڵەی ژ.ک" یان کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردو کاریگەربوونی حیزبی هیوا لەکوردستانی عێراقدا، کە پێکهاتە نهێنییەکەی بەشێوەی رێکخستنێکی نهێنی لەسەر بنەمای "کوردبوون"و دواتر گۆڕان پێکهێنان لەپێکهاتەکەدا بۆ "حیزبی دێموکراتی کوردستان" لەگەڵ چوارچێوەیەکی تەواو دیاریکراوی "حیزبی مۆدێرن"و چڕبوونەوەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لەچوارچێوەی "حیزبی"دا، یەکێکی دیکە لەتایبەتمەندییە گرینگەکانی کۆماری کوردستان لەو سەردەمەدا بەئەژمار دێت.

تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆماری کوردستان، گەڵاڵەکردنی داخوازییە مۆدێرنەکان لەسەردەمێکو لەشوێنێکدا کە لەبنەڕەتدا نە هەڵگری "کۆمارییە"و نە دێموکراسی. هێنانە بەرباسی گرینگی "کۆماری" لەپاڵ چەمکی "دێموکراسی" لە وڵاتێکی کاریزماپەروەر کە تانوپۆی هزرە حکوومەتییەکانی تەنیوەتەوە، هاوپێوەندییەکی پیرۆز بوو کە بنەما سەرەتاییەکانی گۆڕان لەچییەتی ئەم پێکهاتەیەو شکاندنی پێکهاتەی زەینی . نەستیی(ناخوداگاه) خەڵکی، نۆژەن کردەوەو هزری مرۆڤی رۆژهەڵاتی بەرەو "خەڵکباوەڕی" نە "کاریزماپەروەری" ئاراستە کرد.

هەوڵ بۆ جێگیرکردنی پەروەردەو فێرکردنی مۆدێرن لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا، وەرێخستنی دەسەڵاتی دادوەری، تێپەڕین

لەخێڵگەرایی‌و عەشیرەگەرایی‌و ئاراستەکردنیان بەرەو "نەتەوەخوازیی کورد"، تێپەڕین لە دووبەرەکی‌و هەڵاواردنە ئایینییەکان، بەرەو قبووڵکردنی فرەئایینی‌و فرەیی، یەکیەتیی ئیستراتیژیک لەگەڵ ئازەرییەکانداو پەسندکردنی رێککەوتننامەی پشتیوانی لەکەمایەتییەکانی بیاڤی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان، دامەزرانی سیستمێکی ئەمنییەتیی مۆدێرن، چاپەمەنی‌و بڵاوکراوەکان بە ئازادی‌و هەوڵ بۆ پەرەپێدانی چاپ‌و بڵاوکردنەوە، فێرکردنی زمانی کوردی وەکوو زمانی فەرمی‌و دامەزرانی رادیۆو راگەیاندنی هەمەلایەنە بۆ دابینکردنی دێموکراتیکی پێداویستییە کولتووری، پەروەردەو فێرکردن، سیاسی‌و هەموو بیاڤەکان لەپاڵ هەوڵ بۆ پراکتیزەکردنی ئامانجە دێموکراتیکەکان لەبیاڤی حکوومەتی کوردستاندا، لەتایبەتمەندییە بەرچاوەکانی دیکەی کۆماری کوردستان‌و ئەم دەورەیە بەئەژمار دێ.

لەبیاڤی "چاپەمەنی"یەکاندا ئەوەی کە "بەرچاوە" بڵاوکراوەکانی وەکوو: "نیشتمان"، "هاواری کورد"، "هاواری نیشتمان (ئۆرگانی یەکیەتیی جەوانانی کوردستان)"، "کوردستان"، "گۆڤاری هەڵاڵە"و... دەتوانین وەک بەڵگە بهێنینەوە. پێداگری لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکان، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد، مافی سەربەخۆیی نەتەوەکان، هەوڵ بۆ سەرهەڵدانی بزاڤێکی رووناکبیری بۆ کورد، بزاڤی فەرهەنگیی نەتەوەی کورد، ئاشتی‌و دێموکراسی بۆ جیهان، چوونە نێو بیاڤە فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتییەکان‌و جێگیرکردنیان بە جێگای روانگە عەشیرەتی، ئەتنیکی‌و مەزهەبییەکانە کە بە روونی دەردەکەوێ‌و پێویست بە بەڵگەهێنانەوەش ناکات.

گرینگیدانی "کۆماری کوردستان" بە مەسەلەی ژنان‌و دامەزراندنی یەکیەتییەکی تایبەت بۆ ژنان بە مەبەستی گرینگیدان بە کاروباری ژنان لەژێر چاودێریی راستەوخۆی "قازی محەممەد" ـ ئەویش لە دەورانێکدا کە شوناسی ژن وەکوو مرۆڤ لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بۆ حکوومەتەکانی ئەو کات نامۆ بوو ـ لە"قازی محەممەد"و "کۆماری کوردستان" نموونەیەک بۆ "رێبەری"و "دەسەڵاتداریەتی" دروست دەکات کە بەگەڕانەوە بۆ ئەو، دەتوانین زۆر لەپرەنسیپە دێموکراتیکەکان بۆ رێککەوتنی ئەورۆی کۆمەڵگای جیهانی وەدەست بهێنین.

پێشەوا قازی محەممەد تەنانەت لەکاتی ئاویلکەشدا، بۆ پارێزگاری لە"دێموکراسی"و "مافی دەنگدانی خەڵک"، "مەرگ"ی خۆی دەداتەوە دەستی دەنگی خەڵکی تا نەکا خەڵک لە"بیری نوێ"و "نوێخوازی" ئەو، بەگومان بن. ئەمەش لەوانەیە پڕبەهاترین تایبەتمەندیی "کۆماری کوردستان"و "پێشەوا قازی محەممەد" بێ. "کۆماری کوردستان"، دەتوانێ خاڵی دەستپێکی هەڵبژاردنێکی سیاسی بۆ دێموکراسی لەسەردەمی دەسەڵاتداریەتی دیکتاتۆرەکان لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بێت.


سەرچاوەکان:

۱) قازی محمد و جمهوری در اینەی اسناد، بهزاد خوشحالی، ۱۳۸۰

۲) وبلاگ نزریەهای ناسیونالیسم، بهزاد خوشحالی

۳) ناسیونالیسم دمکراتیک و دمکراسی چند فرهنگی، کتێبی ئیلکترۆنیک، بهزادخوشحالی


سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان میدیا / رێکەوتی ۲۰ جانێویری ۲۰۰۹

# هۆکارە ناوخۆییەکانی دامەزران و رووخانی کۆماری کوردستان

**تاهیر حیکمەت ( د . ئازا د)**

کۆمـاری کوردسـتان درێـژەی سـەرهەڵدان و شۆڕشـەکانی دەیـان ساڵەی پـێش خـۆی بـوو و بنـەما فیکـری- سیاسـییەکەی پێشتر ئامادە کرابـوو و هەوڵیشـی بـۆ درابـوو هـیچ رووداوێکـی مێژوویـی کـورد بـە قـەت کۆمـاری کوردسـتان قسـەی لـە سـەر نـەکراوە، دوکـومێنتی بـۆ کۆنەکراوەتـەوە و مشـتومڕ لـە سـەر نـەکراوە. ئـەوەش گرینگـی و پڕشـنگدار بـوونی ئـەو لوتکـە بـەرزەی مێـژووی نەتەوەکەمان دەنوێنێ.



ئەگـەرچی مێـژووی ئێمـە زیـاتر لـە لایـەن بێگانەکانـەوە نووسـراوە بـەڵام لـە دوو دەیـەی رابـردوودا لێکۆڵـەرەوەی کـوردیش قـۆلی لێهـەڵماڵیوە و لێکدانـەوەی خۆمـاڵی لەسـەر کـردووە. بـەڵام هێشـتاش جاروبـار لـە بۆچـوونی زۆر نـەیاری کـورد وەکـو فـاکتی راسـتەقینە کـەڵک وەردەگیـرێ (هەڵبـەت مەبەسـتم لـە گێڕانـەوەی رووداوەکـان نییـە)، بەتایبـەت لـە مـەڕ کۆمـاری کوردسـتان کـە را و بۆچـوونی راسـپاردە و ئەفسـەرانی ئینگلیـز یـا سـۆڤیەت و تەنانـەت ئێرانیش دەکرێنە بنەما بۆ لێکدانەوەی مێژووی کورد کە ئەوەش بێگومان زۆر هەڵەی لێدەکەوێتەوە .

لـە بیریشـمان نـەچێ کـە مێـژوو تـەنیا گێڕانـەوەی رووداوەکـان نییـە، بـەڵکوو هـەڵێنجانی راسـتەقینەیە بـە تێڕوانینێکـی کۆمەڵناسـی- سیاسـییەوە. دیاردەکـان دەبـێ لـە بـاری نـاوەرۆک و هۆکارەکانـەوە لێکبدرێنـەوە نـە بـە پێـی ئاکامـەکانیان. زۆر دیـاردەی سـەرکەوتوو هـەن کـە هـەڵگری راسـتەقینە نـین و بـە پێچەوانـە زۆر دیـاردەی تێکشـکاو، راسـتەقینەی تـەواون. لـە لێکدانـەوەی رووداوەکانیشـدا دەبـێ ئاسـتی تێگەیشـتوویی و هەلومـەرجی ئـەو کاتـە لەبـەر چـاو بگیـرێ نـە بـە پێـی ئاسـتی ئەمڕۆی کۆمەڵگا و پاش روون بوونەوەی ئاکامی رووداوەکان.

لێرەدا هەوڵدەدرێ بەو پێیە و بە کورتی هۆیەکانی ناوخۆیی دامەزران و رووخانی کۆمار بدرێتە بە باس.

چەنـد هۆکارێـک کۆمـار لـە جووڵانـەوەکانی پـێش خـۆی جیـا دەکەنـەوە. یەکـەم، سیسـتێمێکی کۆمـاری وەکـوو ئـامرازی دەسـەڵاتی کـوردی راگەیانـد کـە لـە ناوەرۆکـدا خـۆی بـە تـەواوی لـە ناوەنـد جیـاکردەوە و بـە کـردەوە تـا چەشـنێک سـەربەخۆیی چـووە پـێش. دووهـەم، لـە سـەر سـنووری سـوننەت و مودێرنیتـەدا بـوو، یـانی پەڕینـەوە لـە شـێوازی خـەباتی بـاو، بـەرەو شێوازی نوێ. هەر بۆیەش برێک لە لێکۆڵەرەوان بە زەقکردنەوەی لایەنی سوننەتی تێدەکۆشن بە کۆنەپەرەست و

پاشکەوتووی بقەبڵێنن، لایەنگرانیشی بە چاو قووچاندن لەو لایەنە تەنیا لایەنی مودێڕن و سەردەمیانەکەی دەبینن. لە کاتێکدا کۆمار پێکهاتەیەکە لە دوو ڕەهەندی کۆن و نوێ.

سێهەم، داخوازییەکانی لە خودموختاری لە چوارچێوەی ئێران (١) تا پێکهێنانی کۆمار لە چوارچێوەی سیستێمێکی سەڵتەنەتی و لە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەییەوە تا داوای بەڕێوەبردنی قانوونی ئەساسی و ئەنجومەنی ئەیالەتی و ویلایەتی بە پێی هەلومەرجی ئەو دەم، گۆڕانی بە سەردا هاتووە. ئەوەش، وای لە بەشێک لە لێکۆڵەرەوەکان کردووە کە بە زەقکردنەوەی لایەنێکیان، ئامانجی کۆمار تەنیا بەو لایەنەدا بشکێننەوە. لە ڕاستیدا، کۆمار هەڵگری هەمووی ئەو لایەنانەیە. هەتا ئێستاش ڕێکخراوە سیاسیەکان دووچاری ئەو پارادۆکسەن و بەرۆکی بەرنەداون. کاتێک لە گەڵ نەتەوەی سەردەست دەدوێن باسی مانەوە لە چوارچێوەی ئێران دەکەن و لە کوردستانیش بەو بەشە دەڵێن ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

ئامانجەکانی کۆماری کوردستانیش، وەکوو هەموو جووڵانەوەیەکی تر لە ژێر کارتێکەری چەند هۆکاردا بووە.

الف- کاتێک دەوڵەتی ناوەندی لاواز بێ.
ب- جووڵانەوەی کورد یەکگرتوو و بەهێز بێ.
ج- کورد پشتیوانێکی ستراتیژیکی دەرەکی بە تایبەت زلهێزێکی لە گەڵ بێ.

کۆماری کوردستان، لە هەر قۆناغێکی ژیانیدا، لە ژێر سێبەری یەکێک لەو هۆکارانەی سەرەوە، ئامانجێکی زەق کردۆتەوە.

## پێناسە مودێڕنەکانی کۆمار

* حیزبێکی سیاسی وەکو ئامراژێکی سەردەمیانە و پلۆڕالیستی بناغەی کۆماری دامەزراند.- ئۆرگانەکانی دەوڵەتی مودێڕن وەکوو سەرەک وەزیر، وەزیران و بەڕێوەبەرانی حکوومی پێکهاتن.

* داوای چاپخانە و رادیوی لە سۆڤیەت کرد کە ئامرازی پێشکەوتنی فەرهەنگی، زانیاری گشتی و پێوەندیەکانی کۆمەڵایەتین (٢)

* کردنەوەی قوتابخانە و ئیجباری کردنی خوێندن. ئەو کات زۆر کەس تەنانەت کوڕی نەدەنارده مەدرەسە کە فێری دەرسی شەیتانی [دەبێ. لە ماوەی ژیانی کۆماردا چەند کچێکیش ناردرانە مەدرەسە و قازی کچی خۆشی نارد. ئەوە بۆ نەتەوە کەم ئەژمارەکانی کوردستانیش ڕەچاو کرا.

* بازرگانی دەوڵەتی (لە گەڵ سوڤیەت) دامەزرا.

* ئەرتەشی مونەزەم بە شێوەی نوێ پێکهات.

## پێناسە سوننەتیەکان

* سەرەڕای بوونی حیزبێکی سیاسی کە دەبوا دابینکەری پلۆڕالیزمی سیاسی بێ، هەموو بڕیارێک بە سەرۆکی حیزب سپێردرا. کاتێک باس لە کۆمار دەکرێ تەنیا نەخشی قازی محەممەد بەرچاوە و سەرۆک وەزیر و باقی وەزیرەکان هەر دیار نین. هەر بۆیەش شانازیەکانی کۆمار بۆ قازی لە قەڵەم دەدرێن و هەڵەکانیش هەر لە ئەستۆی ئەودان. لە سەر بڕیاری قازی و پاش وتارێک، "ک.ژ.ک" کرایە حیزبی دیموکڕات و پاش وتارێکی تر، بڕیاری خۆ بەدەستەوەدانی کۆمار پەسەند کرا. قازی محەممەد پاش ئەوەی نازناوی "پێشەوا"ی وەرگرت ئیتر بوو بە بڕیاردەری بێ ئەملا و ئەولای کۆمار.

* بە پێچەوانەی رای „ک.ژ.ک“، نەتەنیا هەوڵی گۆڕینی پێوەندیە عەشیرەییەکان نەدرا بەڵکوو لە دەسەلاتیشدا بەشدار کران. بێگومان هەلومەرج، مەودای ئەو ئەرکەی بەپەلە نەدەدا. بەڵام لەو بوارەدا هیچ هەنگاوێک هەڵنەهێندراوە.

مەسەلەی زەوی بە ئامۆژگارییەک لە بەرنامەی حیزبدا هاتە ئاراوە کە بۆ خەڵکی بێ زەوی خێری نەبوو.

* دەزگای قەزایی سەربەخۆ و پارڵمان کە هێمای دیموکڕاسین، دانەمەزران.

## بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری

ساڵەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی سەردەمی گەشەکردنی پێوەندیەکانی سەرمایەداری لە ئێران و سەرهەڵدانی بازرگانی لە شارەکانی کوردستاندا بوو. لە موکریان سەرەڕای زاڵبوونی "ئابووری گوند"، لە مهابادا بازرگانی سەری هەڵدابوو. گێرەوکێشەی سەرۆک عەشیرەتەکان و خەڵکی شار هێرشی چەند عەشیرەتی دەوروبەری بۆ ناو شاری مهاباد (۱۹۴۲) لێکەوتەوە. پاشانیش ئەو دوژمنکاریە درێژەی کێشا. بنەمای سیستێمی خێڵەکی لە سەر دەسەڵاتی پتر و دەسڕاگەیشتنی هەرچی زیاتر بە سەرچاوەکانی زەوییە و ئەوەش پێویستی بە داکۆکی و پشتیوانی دەسەڵاتێکی بەهێزی دەوڵەتی هەیە. عەشیرە کوردەکان بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەیان، خۆیان بە دەوڵەتانی دەوروبەر دەبەستەوە تا لە دوژمنەکانیان بیانپارێزێ. گەورەترین دوژمنی ئەو عەشیرانەش عەشیرەکەی نزیکیان بوو کە ئەویش کورد بوو. ئەوان نە دەیانتوانی یەکبگرن و نە عەشیرەیەکی ئەوەندە بەهێزیان تێدا بوو کە بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بێ و دەسەڵاتێکی دەوڵەتی بۆ خۆی پێکبێنێ. دیاردەیەک کە هۆکاری گرینگی نەبوونی کورد بە دەوڵەت بوو.

رەزاشا توانی زۆربەی عەشیرەکانی موکریان بۆ لای خۆی راکێشێ و تەنانەت دژی هەر جووڵانەوەیەکی کورد بە




***کاریان بێنێ***

***(هەڵبەت ناوچەکانی تری کوردستانیش بە ڕادەیەکی زۆر هەر وابوون)، ئەگەرچی پاش وەلانانی رەزاشا و هاتنە سەر کاری کورەکەی ئەو متمانە بە رژیمی شا کەم ببۆوە، بەڵام هێشتا جێی مەترسی بوون. کۆماری کوردستان پێش دامەزرانی دەبوایە، ئەگەرێش نەتوانێ ئەو عەشیرانە بکاتە دۆست، هیچ نەبێ لە دوژمنایەتی دووریانکاتەوە.***

***دروست کردنی یەکێتی و ئیرادەیەکی نەتەوەیی بە بێ هێور کردنەوەی سەرۆک عەشیرەکان نەدەگونجا. بە واتایەکیتر، کۆمار نەتەنیا دەبوایە لە بیری ڕێکخستنی ئەو هێزانەدا بوایە کە دەیپارێزن، بەڵکوو ئەو هێزانەش رازی راگرێ کە لە وانەیە پێش بە پێکهاتنی بگرن. دامەزرانی حیزبی دیموکرات ئەو ئیمتیازەی بە سەرۆک عەشیرەکان بەخشی.***

## ***سەرۆک عەشیرەکان لە ژێر کارتێکەری چەند هۆکارەوە پشتیوانیان لە کۆمار کرد:***

**** کەسایەتی جێی بڕوای قازی.***
**** نەبوونی متمانە بە دەسەڵاتی لاوازی شاهەنشاهی و بێدەسەڵاتی ئەرتەشەکەی.***
**** بوونی ئەرتەشی سۆڤیەت وەکوو پاڵپشتی کۆمار. ئەرتەشی کۆمار بێجگە لە بارزانیەکان لە هێزی عەشیرەکان پێکهاتبوو کە پاش دەنگۆی دەرچوونی هێزی سۆڤیەت، زۆربەیان لە گەڵ ئەرتەشی ئێران پێوەندییان گرتەوە و راستەوخۆ چوونە بەرەی دوژمنەوە، ڕێبەری کۆماریش بە باشی ئاگاداری ئەو بادانەوە بوو.***
***کۆمار هەوڵی نەدا بە هێنانە گۆڕێی دابەشکردنی زەوی، پارێزەرانی خۆی لە جوتیارانی بێ زەوی هەڵبژێرێ.***

## ***بارودۆخی سیاسی***

***بیرۆکەی دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردی لە ناوچەی موکریان هیچ پێوەندییەکی بە هاتنی سۆڤیەت و پلان و بەرژەوەندی ئەوەوە نەبوو. کۆماری کوردستان درێژەی سەرهەڵدان و شۆڕشەکانی دەیان ساڵەی پێش خۆی بوو و بنەما فیکری- سیاسییەکەی پێشتر ئامادە کرابوو و هەوڵیشی بۆدرابوو.***

***ساڵی ١٩٣٨ حیزبی ئازادی کوردستان لە لایەن کۆمەڵێک رۆشنبیری شاری سابڵاغەوە پێکهات کە بیری نەتەوەیی بڵاو دەکردەوە، دژی فاشیزم بوو و وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی بە شێوەی چەکداریشی بە رەوا دەزانی. پاش ئاشکرایی تەبلیغات و چالاکییەکانی لە ١٩٣٩دا، کەوتە ژێر پەلاماری دەوڵەتی شاهەنشایی و چالاکییەکان راگیران. کەسی یەکەمی ئەو حیزبە واتە عەزیزی زەندی چووە ئاڵمان و ماوەی دوو ساڵ لەوێ ماوە. ئەو حیزبە پاش هاتنی هاوپەیمانەکان بۆ ناو خاکی ئێرانەوە چالاکی خۆی دەسپێکردەوە و لە جووڵانەوەی ورمێ پشتیوانی کرد. ئەو حیزبە بە***




هۆیەکی ناروون توایەوە. لە سەر هەڵوەشانەوەی ئەو حیزبە زۆر قسە کراوە، بە پێی مەنتیقی رووداوەکان من پێموایە دەبێ سۆڤیەت دەستی تێدا بوو بێ (٣).

٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٢، کۆمەڵەی ژ.ک لە لایەن رۆشنبیرانی شاری سابڵاغەوە دامەزرا کە بە پێچەوانەی حیزبی ئازادی، پرۆژەی کوردستانی گەورەی وەکو ئامانجی سەرەکی خۆی دانابوو و دژی پێوەندییە خێڵەکییەکان و خوازیاری گۆڕینیان بوو، هەوڵی بەرز کردنەوەی تێگەیشتوویی وهەستی نەتەوەیی لە چوارچێوەی خەباتێکی مەدەنیدا دەدا و هیچ پرۆگرامێکی بۆ رێکخستنی خەباتی چەکداری یا بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە کردەوەدا، نەبوو. خاڵی هاوبەشی هەر دوو حیزب، گرینگیدان بە نەخشی دەرەکی و راکێشانی زلهێزێک بۆ پشتیوانی لە ویستەکانیان بوو و هەوڵیشیان بۆ دا.

پاش سەفەری دووهەمی نوێنەرانی کورد بۆ باکۆ، لە کۆبوونەوەیەکدا، قازی محەممەد مەسەلەی گۆڕانی "ک.ژ.ک"ی بە حیزبی دیموکراتی کوردستان هێنایە گۆڕێ کە لە لایەن بەشداران، یانی پیاو ماقووڵان و سەرۆک عەشیرەکانی موکریانەوە پەسەند کرا. بنەما فیکرییەکانی حیزبی دیموکرات درێژەدەری "ک.ژ.ک" نەبوون بەڵکوو حیزبی تازە پێکهاتوو لە سەر وێرانەی "ک.ژ.ک" دامەزرا. بۆ ئەو گۆڕانکارییە دەتوانم چەند هۆ دەستنیشان کەم کە بە پێی رووداوەکانی پاشتر، وێدەچێ نەخشی سەرەکیان بووبێ.

١- "ک.ژ.ک" هیچ بەرنامە و ئامادەکاری بۆ وەدەست گرتنی دەسەڵات نەبوو، تەنیا رێکخراوێکی مەدەنی، رۆشنبیری و رۆشنگەری مابۆوە (٤)

٢- هەر وەکوو لە دیداری قازی لە گەڵ نوێنەرانی سۆڤیەتدا دەردەکەوێ کە داوای راوێژکاری بۆ یارمەتی " ک.ژ.ک" کردبوو، دەردەکەوێ کە هەر هیچ نەبێ قازی رێبەرانی "ک.ژ.ک"ی بە کەم ئەزموون و لە باری تێگەیشتوویی سیاسییەوە، لاواز زانیوە.

٣- "ک.ژ.ک" وەکوو رێکخراوێکی ناسیۆنالیستی کورد داوای یارمەتی لە زلهێزە دەرەکییەکانی وەکوو سۆڤیەت و ئینگلیز دەکرد، بۆیەش هەر دووکیان بە لایەنگری ئەوی تریان دەزانی و مەتمانەی تەواویان پێی نەبوو.

٤ - سۆڤیەت زیاتر گرینگی بە هەڵوێستی سەرۆک عەشیرەکان دەدا و ئەوانی لە ئاڵوگۆڕ و رووداوەکانی ناوچەدا بە کارتێکەرتر دەزانی. بۆیەش لە هەر دوو سەفەری باکۆدا تەنیا پیاو ماقووڵان و سەرۆک عەشیرەکانی بانگهێشتن کرد. لە کاتێکدا حیزبێکی سیاسی لەو ناوچەدا چالاکی دەنواند و سۆڤیەتیش بە باشی ئاگار بوو.

٥ - پرۆژەی "ک.ژ.ک"، کوردستانی گەورە بوو بەڵام سۆڤیەت ئەو بەشەی کوردستانی تەنیا بە هۆی هەڵکەوتوویی (دابەشینی پیلانگێڕانەی دەولەتی رەزاشا) لە ئوستان و خاکی ئازەربایجاندا، بۆ گرینگ بوو. یانی ئیمتیازێک بەو کوردانە بدا کە دانیشتووی بە ناو ئۆستانی ئازەربایجانی رۆژاوان و لە داهاتوودا نەبنە مڵۆزمی پلانەکانی. ئەو ئیمتیازەش نەدەبا لە خاکی ئازەربایجانی رۆژئاوا بترازایە. فیرقەی دیموکڕاتی ئازەربایجانیش دەیزانی کە بە تەشەنە کردنی دەسەڵاتی کورد بۆ دەرەوەی ئوستانی ناسراو بە ئازەربایجانی رۆژئاوا، ئەو بەشە لەو خاکە، دەلکێ بە کوردستانەوە. هەر ئەوەی کە تا ئێستاش گرفتی کورد و ئازەربایجانیە شۆڤێنیەکانە

٦ - میر جەعفەر باقرۆف سەرۆکی ئازەربایجانی سۆڤیەت کە لە بیری دامەزراندنی ئازەربایجانی گەورەدا بوو و لە ئازەربایجانیش فیرقەی دیموکراتی پێکهێنابوو، ئەو بەشە لە کوردستانیشی بە خاکی ئازەربایجان دەزانی، پێشنیاری گۆڕینی "ک.ژ.ک"ی بە حیزبی دیموکرات دا کە لە باری ناویشەوە وەکوو پەلی ناوچەیی فیرقە بچێ.

٧ - بەرنامەی "ک.ژ.ک"، زۆربەی سەرۆک عەشیرەکانی دووچاری مەترسی کردبوو. مانەوەی "ک.ژ.ک" سەرۆک عەشیرەکانی نیگەران و لە بەشداری کۆمار، بێبەشی دەکردن.

٨- قازی محەممەد کە هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری یارمەتی سنوورداری سۆڤیەت ببوو، بیری لە کوردستانی پاش دەرچوونی ئەرتەشی سۆڤیەت کردبۆوە، بۆیە پێوەندی خۆی لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی ئێران نەپساند. ڕۆژنامەکانی ئەودەمی ئێران باسیان لە "ک.ژ.ک" و ڕۆژنامەی نیشتمان دەکرد کە باسی کوردستانی گەورە و جیابوونەوەی ئەو بەشە لە ئێرانی خۆشەویستیان دەکا(٥). قازی محەممەد کە لە وتووێژەکانی لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا، ئەو ویستەی ئینکار دەکرد، دەبا سنووری لە گەڵ "ک.ژ.ک"یش دیاری کردبا. گۆڕینی ناوەکە بۆ داهاتووی وتووێژەکان، مەسڵەحەت بوو.

بەو پێیە، حیزبێکی نوێ پێکهات کە دەبا لە ناوەرۆکدا داوای خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا بکا، عەشایەریش نەڕەنجێنێ و دەسەڵاتەکەی لە چوارچێوەی ئەو ناوچەی کە بە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا ناسراوە نەترازێنێت.

حیزبی دیموکرات وەکوو حیزبەکانی پێش خۆی سکۆلار ماوە و حیزبێکی ئیدئۆلۆژیک نەبوو.

سەردەمی هاتنی هێزە هاوپەیمانەکان بۆ ناو خاکی ئێران هاوکات بوو لە گەڵ سەرهەڵدانی بیری سۆسیالیستی لە ئێراندا، حیزبی توودەی ئێران توانیبووی ڕۆشنبیران، کرێکاران و بە گشتی دژبەرەکانی ڕژیمی پاشایەتی لە دەوری خۆی کۆکاتەوە. ئەو بیرە لە کوردستان بە گشتی و لە ناوچەی موکریان بە تایبەتی لە ناو لاواندا پەرەی سەند. لە شاری سابڵاغ بەتایبەت نەخشی کاک سدیقی ئەنجیری بەرچاوە. ڕێکخراوی لاوانی دیموکرات زۆربەی زۆریان لە ژێر کارتێکەری ئەو بیرەدا بوون (٦). یارمەتی سۆڤیەت بە کۆمار و دڵخۆشی زۆربەی خەڵک لەو، ئەو بیرەی بەهێزتر و شیرین تر کردبوو.

لاوانی چەپ ئەگەرچی لە ڕەوتی کۆماردا کارتێکەر نەبوون، بەڵام پاش ڕووخانی کۆمار، حیزبی دیموکراتیان زیندوو کردەوە. بە دوای ڕووخانی کۆمار و پاشان لە سێدارەدرانی قازییەکان، پێکهێنەران و دەسەڵاتدارانی حیزبی دێموکرات خۆیان لە حیزب نەگەیاند. حیزبی توودەی ئێران بە هۆی یەکێک لە کادرە کوردەکانیەوە بە ناوی عەبدوڕەحمان قاسملو پێوەندی لە گەڵ لاوە چەپەکان گرت و بە دانانی ڕاهێنانی تایبەت، حیزبی زیندوو کردەوە. زەبروزەنگی ڕژیم بەشێک لەو لاوانەی پەرەوازەی باشوور کرد و بەشێکیان کەوتنە بەندیخانەوە. لە باشوور، لە ژێر کارتێکەری شۆڕشی بارزانی و ئوتۆریتەی عەبدوڵڵای ئیسحاقی کە ناسیۆنالیستێکی دژ بە بیری سۆسیالیستی بوو، حیزب کەوتە سەر ڕێبازی ناسیۆنالیستی. تەنیا پاش نەمانی ئیسحاقی بوو کە دوکتور قاسملوو لە پێسپاردەی دووهەمدا حیزبی هینایەوە سەر ڕێچکەی سوسیالیستی، بەڵام ئەمجارە بە بێ کارتێکەری حیزبی توودە کە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

لایەنە کارتێکەرەکانی سەر ڕەوتی کۆمار

## کۆمار لە ژێر تەوژمی سێ هێزدا بوو: سۆڤیەت، ئازەربایجانی ئێران، دەوڵەتی ناوەندی.

### ١- سۆڤیەت

هاتنی ئەرتەشی سوور بۆ ناو خاکی ئێران نەتەنیا یارمەتی هاوپەیمانەکانی بۆ بەرەی سۆڤیەت سانا دەکردەوە بەڵکوو بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتەی لە ئێرانی پاش شەڕیشدا دەپاراست. لە لایەکەوە ئازەربایجانیەکانی کە بۆ کار لەسەر چاڵە نەوتەکان چوبوونە باکۆ و ئەندامی حیزبی کومونیست بوون، گەڕابوونەوە ئێران و لە لایەکی ترەوە پیشەوەری و زۆربەی رێبەرانی جووڵانەوەی ئازەربایجان، چەپ و کومونیست بوون، بواری بۆ سۆڤیەت ڕەخساند کە لەو بەشەدا جووڵانەوەیەک هەڵگیرسێنێ کە بە دەستی پڕەوە لە گەڵ ئێراندا معامەلە بکا. لە کاتێکدا، ئینگلیز نەوتی باشووری ئێرانی دەبرد، سۆڤیەت لە بیری نەوتی باکووردا بوو کە پاش شەڕ دەیتوانی یارمەتیدەری بێت.

هەروەها، دەیتوانی پێش بە نەخشەی ئینگلیز بگرێ کە لێدانی جاددەیەک لە نێوان مووسڵ و هیندوستان بوو(درێژەی جادەی هامیلتۆن کە ئێستاش بەو ناوە دەناسرێ) کە لە خاکی ئوستانی ناسراو بە ئازەربایجان تێدەپەڕی و بەشێکیشی ناوچەی موکریان بوو. بۆیەش لە جووڵانەوەی ئازەریەکان داکۆکی کرد و پێویستیش بوو کوردەکانی (دانیشتووی ئازەربایجان) رازی راگرێ. دەوڵەتی سۆڤیەت هەر لە سەرەتای پێکهاتنیەوە بۆچوونێکی باشی لە سەر جووڵانەوەی کورد نەبوو، جووڵانەوەکانی باکووری لە سەردەمی ئاتاتورک وەهەروەها لە باشووریشدا بە عەشیرەیی و کۆنەپەرەستانە و بۆ راووڕووتی نەتەوە دراوسێکانی هەڵدەسەنگاند (٧). بێگومان بەو هەڵوێستەوە هەڵسوکەوتی لە گەڵ جووڵانەوەی موکریانیش دەکرد. بانگ کردنی پیاو ماقووڵان و سەرۆک عەشیرەکان بۆ باکۆ لە کاتێکدا حیزبێکی سیاسی کوردی لە مەیداندا بوو، تەنیا دەتواندرێ لەو چواچێوەدا بەراورد بکرێت. کۆماری کوردستان راستەوخۆ پێوەندی لە گەڵ سۆڤیەت نەبوو بەڵکوو تەنیا بە هۆی کۆماری ئازەربایجانەوە. زۆربەی کاربەدەستانی سۆڤیەت لە تەورێز ئازەربایجانی بوون.

سۆڤیەت بە بەستنەوەی موکریان بە ئازەربایجانەوە دەیویست چەشنێک خودموختاریشیان بداتێ تا پێشی بەرژەوەندیەکانی نەگرن. سۆڤیەت لایەنگری دامەزرانی کۆمار نەبوو و لە رۆژی دامەزرانی کۆماریشدا کە بە تۆپزی دامەزرا، بە فەرمی بەشداری نەکرد ئەگەرچی نوێنەرەکەیان دوراودوور چاوەدێری رێورەسمەکەی دەکرد. سۆڤیەت بە پێی پەیمانێک کە لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی ئێران ئیمزای کردبوو کە تەواوەتی ئەرزی ئێران بپارێزێ، هەروەها بە پێی پەیمانی مۆسکۆ لە گەڵ ئینگلیز و ئامریکا کە یارمەتی بە لەتوپەت بوونی ئێران نەدا، خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا بە سەر ئازەربایجان و کوردستاندا سەپاند، هەروەها بە پێی بەرژەوەندییەکانی، موکریانی تەنیا لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا بۆ گرینگ بوو. بۆیەش تا لە ئێراندا بوو ئیزنی بە کۆمار نەدا لە چوارچێوەی ئازەربایجان بترازێ. جێی

سرنجە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سۆڤیەتیان وەکوو رزگارکەر و ستالینیان وەکوو بابی کوردان دەزانی و دەیان دروشم و گۆرانی و ئەفسانەیان بۆ ساز کردبوو. لە سەفەری دووهەمی نوێنەرانی کورد دا بۆ باکۆ، زۆربەیان و بەتایبەت قازی محەمەد لە سیاسەتی ئازەربایجان و سۆڤیەت تێگەیشتبوون. لەو هومێدەی کە بە ناڕەوا کەوتبووە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە کە زلهێزێکی وەکوو سۆڤیەت پاڵپشت و دۆستی کوردە، رێبەریی حیزبی دیموکڕات و بە تایبەت شەخسی قازی بەرپرسیارن.

## ٢ - دەوڵەتی ئازەربایجانی ئێران

ئەگەر لە بۆکانەوە بەرەو سەقز بڕۆین لە سەر کەلی (سەرا) تابلۆیەک چەقاوە کە لێی نوسراوە: بە خێر هاتن بۆ کوردستان. لەو دیویشی دیارە: بە خێر بێن بۆ ئازەربایجان. پێوەندی فیرقەی دیموکڕاتی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان لە سێبەری ئەو تابلۆیەدا رەقەمی دەخوارد. ئازەربایجان، موکریانی وەکوو بەشێکی خاکی خۆی دەدی کە کوردی لێ نیشتەجێیە- تا ئەمڕۆش هەر وایە- نوێنەرانی کوردی لە مەجلیسی میللی ئازەربایجاندا وەکوو نوێنەرانی شارێکی خۆی قەبووڵ کرد و بۆی گرینگ بوو کۆمار لە تابلۆی "سەرا" ئەولاتر نەچێ و ئەوەشی داسەپاند. بە پێچەوانەی پەیمانێک کە لە گەڵ کۆمار بەستبووی کە بە بێ ئیزنی یەکتر لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی وتووێژ نەکەن، بە بێ بەشداری نوێنەرانی کورد لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی دەکەوتە وتووێژەوە. ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماریان بە شارەکانی سابڵاغ، شنۆ و بۆکان سنووردار کرد و ناوچە کوردنشینەکانی ورمێ، خۆی تا ماکۆ، وەکوو ناوچەی جێی کێشە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان مانەوە (وەکو کەرکووک و خانەقینی ئێستا لە باشووردا). دەوڵەتی ناوەندی لەو ناکۆکیانە دژی هەر دووکیان کەڵکی خۆی وەرگرت.

## ٣ - دەوڵەتی ناوەندی ئێران

پاش هەواڵی هاتنی ئەرتەشی سۆڤیەت بۆ ناو ئێران، ئەرتەشی شاهەنشاهی بە سەرشۆڕیەوە ناوچەی موکریانی بەجێهێشت. پاشانیش لە شەڕی "قاراوا"دا، شکستێکی قورسی بە سەردا هات. ژێنراڵە ئێرانییەکان، بە تایبەت رەزم ئارا چاوەڕوانی هەل و تۆڵەئەستاندنەوە بوون. بە کەڵک وەرگرتن لە ناکۆکی نێوان کۆمار و دەوڵەتی ئازەربایجان، هەروەها هەڵوێستی سۆڤیەت، هێزەکانی لە سەقز، بانە و سەردەشت هێشتەوە، بە واتەیەکی تر کۆماری لە دوو لاوە گەمارۆ دابوو(٨). کاتێک کۆمار بڕیاری گرتنەوەی پادگانی سەردەشتی دا، نوێنەری ئێران، موزەفەری فیروز چووە "تەورێز" و لە گەڵ "جاوید" ئوستانداری تەورێز رێکەوت کە ئەگەر سەردەشت نەگیرێتەوە، فیرقە دەتوانێ لە زەنجاندا بمێنێتەوە. سەرەڕای بڕیاری کۆمار، بە ئاغای کەریمی کە لە رێی سەردەشتدا بوو هەواڵ گەیی کە واز لەو پلانە بێنێ. لە کاتێکدا یارمەتیەکانی سۆڤیەت بە رێگای ئازەربایجاندا دەدرا بە کوردستان، کۆمار لەوە لاوازتر بوو کە دژی بڕیارەکانی ئازەربایجان بوێستێ.

هەلومەرجی ئێران بە هۆی لاوازی دەوڵەتی ناوەندییەوە، هەلێکی وەخۆکەوتنی بە ئازادیخوازان و هێزە

دیموکڕاتەکان دا. کۆماری دیموکڕاتی کوردستان وحکومەتی ئازەربایجان، ئەستوندەکی ئەو جموجووڵە بوون.

لە ساڵی ١٩٤٥دا، حیزبی دیموکڕاتی ئێران لە لایەن "ئەحمەد قەوام" کۆنە سیاسەتوانی ئێران، دامەزرا کە بە ئاڵای دژی فاشیزم و بۆ دابینکردنی ئازادییە دیموکڕاتیکەکان، هاتە گۆڕەپانی سیاسەتی ئەودەمەوە و لە گەڵ پێنج حیزبی پێشکەوتووخوازی تر، لەوانە حیزبی دیموکڕاتی کوردستان و فیرقەی دیموکڕاتی ئازەربایجان، کەوتە بەرەیەکەوە.

هاتنە کایەی قەوام وەکوو سەرۆک وەزیرانی ئێران، ئەو هیوایەی لێدەکەوتەوە کە کێشەی کوردستان و ئازەربایجان لە ڕێگای وتوویژەوە چارەسەر بکرێت. دەوڵەتی سۆڤیەتیش ڕێنوێنی ئازەربایجان و کوردستانی دەکرد تا لەو هەلە کەڵک وەربگرن و پێویستە لە گەڵ قەوام پێکبێن. قەوام ٢٥ ڕۆژ پاش هەڵبژێردرانی سەردانی مۆسکۆی کرد و بەڵێنی نەوتی باکووری بە سۆڤیەت دا، بەڵام جێبەجێ کردنەکەی سپارد بە بڕیاری مەجلیسی پازدەهەم کە پاشان هەڵبژاردنی بۆ دەکرا. ئەو بەڵێنەشی بە کوردستان و ئازەربایجان دا تا ئەو جێییە وتەکانی ڕێبەرانی هەر دوو لا دەری دەخەن، ئەوانیش بە بەڵێنەکانی قەوام دڵخۆش بوون(٩).

قەوام سوور بوو لە سەر ئەوەی کە بۆ بەڕێوەچوونی دروستی هەڵبژاردنەکان، ئەرتەش دەبێ بێتەوە کوردستان و ئازەربایجان. سەرئەنجام سەلاموڵلا جاوید ئوستانداری ئازەربایجان لە تێلگڕافێکدا بۆ قەوام، ئامادەیی خۆی بۆ پێشوازی کردن لە ئەرتەش ڕاگەیاند. ڕۆژی ٢١ی مانگی سەرماوەز، ئەرتەش هاتە ناو شاری تەورێزەوە و بەشێکی زۆری فیرقەییەکان بەرەو باکۆ هەڵاتن و کوشتاری ئەوانەی مابوونەوە دەستی پێکرد، بەڵام هیچیان لە جاوید نەکرد.

کوردستان تەنیا مابۆوە. بەشی هەرە زۆری سەرۆک عەشیرەکان خۆیان داوە پاڵ دەوڵەت، لە ١٢٧٥٠ پێشمەرگەی کۆمار تەنیا ١٢٠٠ بارزانی و چەند عەشیرەیەک لە گەڵ کۆمار مابوونەوە (١٠)، ئامادەکاری بۆ بەرگری نەکرابوو، بەرەی شەڕ لە گەڵ دوژمن ناوچەیەکی بچووک بوو، وێدەچێ هیوای دروست کردنی ئوستانی کوردستان لە ماکۆوە تا تکاب لە لایەن قەوامەوە هێشتا بە تەواوی نەمردبوبێت. لە کۆبوونەوەیەکی مزگەوتی "هەباس ئاغا"دا بڕیاری تەسلیم بوون درا. پێویستە بکوترێ بە پێچەوانەی ئەوەی کە دەکوترێ ئەو کۆبوونەوە پرسێکی دیموکڕاتیک بە خەڵک بوو، بە پێی پرینسیپ، دیموکڕاتیک نەبوو، چوون هەموو خەڵک بەشدار نەبوون، زۆربەی سەرۆک عەشیرەکان لە گەڵ کۆمار نەمابوون تا بڕیاری دیموکڕاتیک بدەن، بەشێک لە خەڵکی شار کە بەشدار بوون هەر ئەوانە بوون کە پاشان ماڵەبەماڵ و دوکانبەدوکان دەگەڕان و ئیمزایان کۆ دەکردەوە کە شا، قازی لە سێدارە بدا. دیارە وەکوو هەڵوەشاندنەوەی "ک.ژ.ک" کە قازی لە پێشدا بڕیاری دابوو و بە وتەکانی بە پەسەند کردنی دا، بڕیاری خۆ بە دەستەوەدانی لە پێشدا دابوو.

ئایا ئەو جۆرەی کە نەتەوەخوازە ئێرانیەکان بڵاویان کردۆتەوە، کۆماری کوردستان دەستکردی سۆڤیەت بوو و بە ڕۆیشتنەدەرەوەی ئەو تێکڕووخا؟

پێش هەموو شتێک، دەوڵەتە هاوپەیمانەکان، ئێرانیان داگیر نەکرد، بەڵکوو بە بێ شەڕ بە مەبەستی یارمەتی بەرەی سۆڤیەت هاتنە ناو خاکی ئێرانەوە. ئێران دەیان ساڵ پێش ئەوەش لە لایەن ئینگلیز و رووسەوە ئیدارە دەکرا. هەموو وەزیر و نوێنەرێکی مەجلیس دەبوایە سەر بە یەکێکیان بوایە. تەنانەت پاشایان دەگۆڕی، مەجلیسیان بە تۆپ دەبەست و بە بێ ئیزنی ئەوان هیچ هەڵسوکەوتێکی سیاسی یا نیزامی لە ئێراندا بەڕێوە نەدەچوو.

لە ئێرانی پاش شەڕدا، سۆڤیەت بە پێی بەرژەوەندی خۆی و شەریکایەتی لە گەڵ ئینگلیز هاتە خاکی ئێرانەوە.

بوونی ئەرتەشی سوور لە ناوچەدا لە لایەکەوە دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی ئێرانی لاواز کرد و لە لایەکی تریشەوە هەلێکی بۆ دانیشتووانی ئەو بەشە پێکهێنا تا هەوڵی گەیشتن بە ئاواتە نەتەوەییەکانیان بدەن. کوردیش بەو پێیە بە کەڵک وەرگرتن لە هەلی رەخساو مەودایەکی بۆ لوا کە خۆی ریکبخا، یەکێتی نەتەوەیی پێکبێنێ و بە ئیرادەیەکی هاوبەشەوە بەرەو دابەزاندنی ئامانجە لەمێژینەکانی هەنگاو هەڵێنێتەوە. رەوتی کۆمارەکانی کوردستان و ئازەربایجان و چارەنووسەکانیان دەریخست کە سۆڤیەت تەنیا کەڵکی ئامرازی لێوەرگرتوون، بە تایبەت بۆ کوردستان پلانێکی لە چوارچێوەی رزگاری نەتەوەیی کورددا نەبوو. ئەگەر چی بوونی سۆڤیەت لە پێکهێنانی ئەو کەشوهەوایەدا نەخشی بوو و ناتوانین خۆی لێ ببوێرین، بەڵام سوودی سۆڤیەت لە رەوتی کۆماردا بۆ کورد تەنیا ۱۲۰۰ چەک، دەزگایەکی چاپ و لەوانەیە رادوێیەکی بێ هێز، بووبێ. لە کاتێکدا، چون پەیمانی دابوو کە یارمەتی بە لەتوپەت بوونی ئێران نەدا، دروشمی خودموختاری بە سەر جووڵانەوەی کورددا سەپاند کە هەتا ئێستاش بەرۆکی کوردی لە هەموو پارچەکانیدا بەرنەداوە. کۆماری کوردستانی لە ناوچەیەکی زۆر بچکۆلەدا زینداني کرد و تا رووخان ئیزنی نەدا لە کەلی سەرا بەولاوەتر پەل بکێشێ و ئەو بەشەی کوردستانی وا بە ئازەربایجانەوە بەستەوە کە تا ئێستاش ئازەربایجانیەکان ئەو بەشە بە خاکی خۆیان دەزانن.

## وتەی کۆتایی

دووی رێبەندان مێژووی تەنیایی و مەزڵوومی نەتەوەیەکە کە وەکوو مۆرەیەک کایەی پێکراوە و هەلومەرجی تایبەتی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی یارمەتیدەری ئەو بێدەرەتانی و چەوسانەوە و داگیرکرانی وڵاتەکەیەتی. هۆی ناوەکی وەکوو زەبر و زەنگی دوژمنان و هۆ دەرەکیەکانی تر کارتێکەر بووە.

کۆماری کوردستان، ئەزموونێک بوو کە نیشانیدا، کورد توانای بەڕێوەبردنی خۆی هەیە و ئەگەر مەودای هەبێت دەتوانێ خۆی بەرەو پێش بەرێ و موکریان لە ماوەی ۱۱ مانگدا زیاتر لە هەموو دەورەی حکوومەتی شا، لە هەموو بوارەکاندا پێشکەوتنی بە خۆیەوە دیت.

کۆماری کوردستان درێژەی خەباتی چەند سەد ساڵەی کورد بوو بۆ مسۆگەر کردنی دەسەڵاتی کورد لە سەر خاکی خۆیدا و سۆڤیەت تەنیا لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا هەلومەرجێکی لەباری رەخساند کە کورد دەیتوانی کەڵکی لێوەرگرێ.

کورد هەتا ئێستاش بە شوێن پشتیوانی دەرەکی، بە تایبەت زلهێزێک دەخولێتەوە. لە رەوتی کۆماردا، سۆڤیەت پیشانیدا کە وەکوو زلهێزێک پشتیوانی راسەقینەی کورد نییە و بە پێی بەرژەوەندی خۆی دەیهەوێ کوردستان بە ئازەربایجانەوە ببەستێتەوە، جووڵانەوەی کورد ئەگەر چی لە ماوەی مانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ناوچەدا باش جووڵاوە، بەڵام پاش دەنگۆی چوونەدەرەوەی سۆڤیەت کەڵکی تایبەتی وەنەگرت و خۆی بۆ هەنگاوی بەرەو پێشتر ئامادە نەکرد (١١).

وێناچێ سۆڤیەت کۆماری کوردستانی وەکوو دیاردەیەکی راستەقینە بە هێند گرتبێت. سۆڤیەت سەرەڕای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و کەڵک وەرگرتن لە کوردستان و ئازەربایجان، دەیویست لە باری سیستەمەوە لە سوسیالیزم نزیک ببنەوە. ئەو کارە لە ئازەربایجان کرا، زەوی دابەشکرا و سەرمایەدارەکان ئازەربایجانیان بە جێهێشت، ئازەربایجان خۆی بۆ سۆسیالیزم و پێش مەرجەکانی ئامادە دەکرد. ئەو هەنگاوانە لە کوردستان هەڵنەهێندرانەوە و لە هیچ دوکومێنتێکدا نە بیندراوە کە سۆڤیەت داوایەکی ئەوتۆی لە کوردستان کردبێ. بێگومان بۆشی گرینگ نەبووە (١٢).

گۆڕانی ناوی کۆمەڵەی ژ.ک بە حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، نە بە پێی پێداویستی خەباتی رزگاریخوازانە و بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی بوو و نە ئامرازێکی باش بۆ دامەزراندن و پاراستنی کۆمار وەکوو دەزگای دەسەڵاتی نەتەوەیی. حیزبی دیموکڕات، مەسڵەحەتی کاتی و هەلومەرجی ئەو سەردەمە بە پێی ویستی سۆڤیەت و باری ناوخۆی کوردستان و بەرژەوەندی ئازەربایجان و دیپلۆماسی لە گەڵ دەولەتی ناوەندیدا بوو.

کورد بە پێی هەلومەرج و لاوازی دەوڵەتی ناوەندی یا بە هێزی کورد و گرینگتر، پشتیوانی لایەنێکی دەرەکی، دروشمی خۆی گۆڕیوە. داواکاری کۆماری کوردستانیش هەر بەو پێیە لە سەربە خۆییەوە تا خودموختاری و تەنانەت ئەنجومەنی ئەیالەتی و ولایەتی بە پێی قانوونی ئەساسی ئێران، گۆڕدراوە. بۆ وێنە قازی محەمەد لە وتووێژەکانی لە گەڵ نوێنەرانی سۆڤیەت، ئینگلیز و ئامریکادا، باسی مافی کورد بە گشتی و سەربەخۆیی کوردستان دەکات و لە گەڵ شا و دەوڵەتی ناوەندی، باسی خودموختاری و پێش رووخانی، داوای ئەنجومەنی ئەیالەتی و ولایتی دەکات.

ئەوە تا ئێستاش تایبەتمەندی سیاسەتی حیزبە کوردەییەکانیترە لە هەموو پارچەکاندا. ئەو پاراڎۆکسە لە کۆماری کوردستانیشدا بە روونی بەر چاو دەکەوێت.

هاتنە سەر کاری قەوام هومێدێک بوو بۆ سۆڤیەت ، ئازەربایجان و کوردستان. وێدەچوو کە زۆر مەسەلەی ئێران بۆ وێنە پرسی کوردستان و ئازەربایجان لە پرۆسەیەکی دیموکڕاتیک و ئاشتیانەدا چارەسەر بکرێن. ئەوە تەنیا هومێدێک بوو. سۆڤیەت بەڵێنی نەوتی باکووری وەرگرتبوو، بەڵام بەو مەرجەی مەجلیسی ١٥ پەسەندی کات، کوردستان و ئازەربایجانیش هەر بەو هومێدە سپێردران بە مەجلیسی ١٥ ، ئەوە تەنیا خەونێک بوو کە هەرگیز نەهاتە دی.

زۆریک لە نەتەوە پەرەستانی ئێرانی بە شانازییەوە باسی بلیمەتی قەوام دەکەن کە کڵاوی سەر سۆڤیەت،

ئازەربایجان و کوردستان کرد. ئەوە بلیمەتی قەوام نەبوو، بەڵکوو کەشوهەوای ئەو سەردەمە بوو کە بواری فێڵبازی بە قەوام دا.

سەرەنجام رێبەری کۆمار بڕیاری تەسلیمی دا. قازی کە لە کاتی بڕیاری دەرچوونی سۆڤیەتدا، دەیگوت، ئێمە کۆمار دەپارێزین و دەیسەلمێنین کە دروستکراوی سۆڤیەت نین، چۆن بوو کەوتە بیری ئەوەی کە بە پیری ئەرتەشی ئێرانەوە بچێ و تەنانەت دڵی مەلا مستەفای بارزانیش لە خۆی بێشێنێ کە بڕیاری پاراستنی شاری مهابادی دابوو و لە بۆکانەوە گەڕابۆوە تا کۆمار بپارێزێ. تەنانەت قازی بارزانیشی مەجبوور کرد تا شاری مەهاباد بە جێ بێڵێت.

ئەوە چ هیوایەک بوو کە داهاتووی کۆماری وا لە ژێر سێبەری خۆیدا دانابوو؟ من پێموایە تەنیا هومێد وهیوا، هێزە ئازادیخواز و دیموکڕاتەکانی ئێران بوون کە لە وانە بوو مەجلیسی ١٥ی ئێران بە دەستەوە بگرن و بە یارمەتی قەوام لە رێگای دیموکڕاسییەوە کێشەکان چارەسەر بکەن.

ئەو هیوایە، قازی بەرەو پیری ئەرتەشی شاهەنشایی نارد. بەهیوای سەرکەوتنی دیموکڕاسی لە مەجلیسی ١٥ و دەستەبەر بوونی بەشێک لە داخوازەکانی کورد. هەر ئەو هیوایەی کە پاشتر بوو بە دروشمی حیزبەکەی، واتە دیموکڕاسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان.

مەجلیسی ١٥ پێکهات و هیچ هومێدێکی لێنەکەوتەوە. باس لە نەوتی باکوور و پەیمان لە گەڵ سۆڤیەت هەر نەکرا. پێشەوەری بەرەو باکۆ راونرا تا پاشان لە رووداوێکی ئوتۆمۆبیلدا بیمرێنن، و سەرەنجام سەری قازیەکان بە پەتەوە کرا.

قازی لە دوایین ساتەکانی ژیانی و لە کەنار سێدارەدا، ئەو ئەزموونەی لە وەسیەتنامەکەیدا زۆر بە روونی و راستگۆیانە بە نەتەوەکەی رادەگەیەنێ کە : بە دوژمنانی نەتەوەکەتان بڕوا مەکەن و فریویان مەخۆن.......

## سەرچاوەکان


١- قاضی محمد و جمهوری در آینه اسناد. بهزاد خوشحالی. وتووێژی قازی محەمەد لە گەڵ ڕۆژنامە فارسیەکانی "ایران ما"، "فرمان" و "رهبر". ل ٤٨ . ڕۆژنامەی کوردستان ٣٠ / ٤ / ١٩٢٥

٢- بیرەوەریەکانی محەمەدی شاپەسەندی، بە وردی باسی کردووە.

٣- چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. د.یاسین سەردەشتی. ل ١٥٥

٤- سەرچاوەی پێشوو

٥- د.ئەفراسیاو هەورامی- ڕاپۆرتی قولی یف، جێگری کونسوولی سۆڤیەت لە تەورێز، وتووێژ لە گەڵ قازی محەمەد.

٦- بیرەوەریەکانی محەمەدی شاپەسەندی.

٧- د.ئەفراسیاو هەورامی- بۆ وێنە: نامەی مۆلۆتۆف وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت بۆ باڵوێزی سۆڤیەت لە تاران.

٨- گەشتێک بە کۆماری کوردستاندا- بیرەوەریەکانی بەکر عبدولکەریم حەویزی. بە وردی باسی کردووە.

٩- قاضی محمد و جمهوری در آینه اسناد- بهزاد خوشحالی . ل ٦١

١٠- محاکمە کردنەکەی قازی محەمەد لە یاداشتەکانی قوام السلطنەدا. وەرگێڕانی موکری، ل ٧٢

١١- قاضی محمد و جمهوری در آینه اسناد ، خوشحالی. ٢٦ی مارسی ١٩٤٦ سۆڤیەت ڕایگەیاند کە ئێران بە جێ دێڵێ و ١٦ / ٤ / ٤٦ بە ڕەسمی لە سەرا بە حەمە ڕەشید خانیان ڕاگەیاند. سێپتامبری ١٩٤٦ ئێرانی بە جێهێشت.

١٢- بە پێی تیۆری مارکسیست- لنینیستی، سوسیالیزم لە وڵاتانی پەرەگرتووی سەرمایەداریدا سەر هەڵدەدا. پاش شۆڕشی ئوکتوبر، تیۆری سەرهەڵدانی سوسیالیزم لە وڵاتانێک کە پێوەندی سەرمایەداریان بە سەردا زاڵە (ئەگەر چی ئەمپڕیالیستیش نەبن) بە یارمەتی سۆڤیەت، هاتە ئاراوە. دامەزراندنی سوسیالیزم لەو شوێنانەی کە پێوەندیەکانی پێش سەرمایەداری زاڵ بوون، بە نەگونجاو دەزاندرا. سۆڤیەت بۆ خۆی بە دەست کۆمارەکانی تورکمنستان و قرقیزستانەوە گیری کردبوو کە چۆن بتوانن خۆیان لە ئابووری سوسیالیستیدا ڕێکخەن. پاشان تیۆری "ڕێگای پەرەسەندنی ناسەرمایەدار"یان داتاشی.


ئەم وتارە بۆ سمیناری دووی ڕێبەندان لە ڕۆژی ١٧ / ١ / ٢٠٠٩ ی شاری ستۆکهۆڵم ئامادە کرابوو کە بە هۆی کەمی کاتەوە تەنیا بەشێکی پێشکەش کرا.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١١ی فێبریوری ٢٠٠٩




# ڕێبەندان و ستراتێژی

**سەعید کوێستانی**

کاتێک مرۆڤ نووسراوەیەک کە وشەی ٢ی ڕێبەندانی پێوەیە. لە نێو ڕۆژنامەیەک ، سەردیوارێک یان لەهەر شوێنێکی دەیبینێ، کە چاوی پێکەوت ، یەکسەرکۆماری کوردستان و ئاڵای سێرەنگی کوردستان بە درۆیشمی قەڵەم و گوڵەگەنمەکەیەوە، وەک فیلم دێتە پێش چاو. دەمێک هەر ماتو حەیرانی ئەو سەردەم و ڕێڕە ڕۆیشتنی پێشمەرگەو دەست هەڵێنانی پێشەوای شەهیدو حەشیمەتی دەورو بەری‌و مەیدانی چوارچرای مەهاباد، کە لە نێو وێنە یادگاریەکاندا دیومانە، لە ڕووبەڕوودا وەک تابلۆیەکی دڵگیربە جوانترین شێوە خۆی دەنوێنێ.



لەخۆڕا نییە کە لە سەروربەندی نیزیک بوونەوەی ئەورۆژە مێژوویە دا دڵسۆزان و نیشتمانپەروەرانی کورد ڕۆژئەژمێری دەکەن بۆ وەی بزانن کۆبونەوەی ئەورۆژە لە کوێیە بچن بەشداری لە جیژنەکەیدا بکەن. لەهاوڕێیەکم پرسی: بۆ ئەوەندە دەپرسی لە کوێیە و کەنگێیە ؟ دەڵێ : پێموایە بەشداریم لەو ڕۆژەدا ئەرکێکە دەبێ ئەنجامی بدەم . هەر بۆیەش لەو ڕۆژەدا ڕێگای دوورو نیزیک و چوونو هاتنەوەیان و ... بە زەحمەت نازانن و بەشداری دەکەن .

لە ڕاستیدا کاتێک مرۆڤ دەچێتە جێژنی دووی ڕێبەندان و ئەو خەڵکە بە سۆزودڵشادەی کە وەک گوڵ گەشاوەتەوە دەیبینێ ، دەردەکەوێ کە بەڕاستی گرتنی جێژنی دووی ڕێبەندان بۆ گەلی کورد ئەوەندە گەورەیە بۆی بۆتە ئامانجێک. بەبڕوای من ، هەروەها بە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی زۆرکەسی کە لێم بیستوون، دەڵێن بێتوو بە وردی بچینە نێو ناوەرۆکی ئەو ڕۆژە مێژوویە، دووی ڕێبەندان بۆگەلی کورد بۆتە بۆنەیەکی ستراتێژیکی و دەبێ جێژنی بۆبگیرێ .

٢ی ڕێبەندان لە مێژووی گەلەکەماندا ڕووداوێکی ئەوەندە گەورەیە، ڕووداوی کۆن و نوێی لە نێو خۆیداوە حەشارداوە . دووی ڕێبەندان لە ئاسمانی کوردەواریدا ئەستێرەیەکی ئەوەندە گەورەو گرینگ و گەشاوەیە زانایان لە هەڵسەنگاندنو دانانی نرخ و بایدا واقیان وڕماوە کە لەو سەردەمدا شەهید قازی پەدیدەی دامەزرانی کۆماری کوردستانی بۆ مێژووی دوا ڕۆژی کورد دوزیوەتەوە .

بەڕاستی کاتێک لە سەردەمی کۆماری کوردستان خورد دەبیەوەو دەبینی زلهێزکانی وەک ئەمریکاو ئینگلیزو ... بە گشتی لەو سەردەمدا خەریکی دابەشکردنی وڵاتانی ئاسیا وئوروپا بوونو لە نێوخۆیاندا هەرکام بەشی خۆی دیاری کردووە . ئەو کات کورد لە

نێومعادلاتی سیاسیو جوغرافیایی جیهاندا نەک هەر نێوی نەبوو،و حیسابی بۆنەکرا، تەنانەت بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان پێتر کەوتۆتە بەر ڕقوکینەو غەزەبی داگیر کەرانی کوردستان .

راستە داگیرکەرانە بۆ ڕووخانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان پاڵیان وێک داواەو لەناویان بردووە، بەڵام بەردەوامی خەباتی شێلگیری نەتەوەکەمان،ڕانەوەستانیلە کارو چالاکی بەردەوامیدا، دەبینین لە ماوەی ٦٣ سالی ڕابردوودا گەلی کورد بە تێپەڕ کردنی سەدان کۆسپ و تەگەرە، هەورازو نشێوی بڕیوەو، توانیویەتی دروشمی پڕناوەرۆکی کۆماری کوردستان بەرزو پایەدار ڕابگیرێ و لەبەرانبەرزەبرو زەنگی دوژمنانیدا بە هەزاران ڕۆڵەی قارەمانی لەدەست داوە. کە لە نێویاندا ڕێبەرانی شەهیدو قوتابی قازی محەمەد " قاسملوو، شەرەفکەندی، نموونەیەکی هاشا لێنەکراون.

بێشک تا گەلی کورد مابێو خاوەنی قوتابیانی قازی و ئەو سەرکردە مەزنانە بێ ، دەکرێ بە پشتیوانی کۆمەڵانی خەلکی کوردستان،هیوادار بە سەرکەوتن بین .

* بە نۆبەی خۆم پربەدڵ پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە مەزنە بە گەلی کورد دەڵێم
* ڕووخان و تێکەوە پێچانی رژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان ئاواتەخوازم .
* سەرشۆڕی بۆ خۆفرۆشان و دوژمنانی حیزبەکەمان حدکا .

سەرچاوە : ماڵپەری خاکەلێوە / ڕێکەوتی : ٢١ی جانێویری ٢٠٠٩

# وتووێژ لەگەڵ کاک مەلا حەسەن شێوەسەڵی

## دیمانەی حەمید تەیموری

*** بەڕێز کاک مەلا حەسەن شێوەسەڵی، بەڕێزتان وەکوو کەسایەتی یەکی دیاری بزووتنەوەی گەلەکەمان، پێتانوایە پێکهاتنی کۆماری کوردستان چ رۆڵێکی لەسەر بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی ـ دێموکراتیکی گەلەکەمان داناوە؟**



وەڵام : کاتێک باسی رووداوی تاریخی دەکەین و بەتایبەت کە باسی کۆماری کوردستان دەکەین، یان دەبێ ئەو کەسە بۆ خۆی شاهیدی عەینی بێت یان دەبێ پسپۆڕی ئەو بوارە بێت، کە من نە شاهیدی عەینی کۆماری کوردستانم و نە پسپۆڕی ئەو بوارەمو بە هۆی هەلومەرجی تایبەتیی جەستەییمەوە ناتوانم بەو جۆرە موراجیعە بە کتێب بکەم، بۆیە من زیاتر پشت بەو گێڕانەوانە دەبەستم کە بیستوومەو بەو کتێبانەو بەو بەڵگانەی خوێندوومنەتەوە.

پێموایە باشتر ئەوەیە پێکهاتنو لەناوچوونی کۆماری کوردستان پێکەوە باس بکەین، چوونکە لە نێوان دروستبوونو تێکچوونی کۆماردا تەنیا ١١ مانگ ماوە هەیە. بەڵام کۆماری کوردستان لەو ماوەیەدا چەند حەرەکەتی گەورەی کردووە کە جێگای شانازینو هەتا دنیایش هەیە شوێنەوارەکانیان دەمێننەوە. ئەگەر ئێمە بمانهەوێ باسی کۆمار کوردستان بکەین، لەپێشدا دەبێ باسی بنەمای یەکەمی ئەم کۆمارە واتە باسی کۆمەڵەی ژێ ـ کاف بکەین، پێکهاتنی کۆمەڵەی ژێ ـ کاف لە ساڵی ١٣٢١ی هەتاویدا دەستکەوتێکی گەورەی مێژوویی بوو، کەوابوو دەبێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەلی کورد خۆیان بە قەرزداری کۆمەڵەی ژێ ـ کاف بزانن. ناسۆنالیزمی پڕڕەنگی کۆماری کوردستان شتێک نیە کە ئینکار بکرێ، بەڵام من پێموایە کە ئەو رەخنەیەی بەو خەستوخۆڵیەی لە ژێر کاریگەری عەناسوری مارکسیستی برێک توندڕەودا ئاراستەی کۆمەڵەی ژ ـ ک کراوە. کۆمەڵە ژ ـ ک، کۆمەڵەی لەدایکبووی رۆژگاری خۆی بووو بۆ بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی لەو رۆژگارەیدا دیاردەیەکی ئاسایی بووە.

پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە شیعاری گونجاوی دێموکراسی هەڵگرتبوو، بازتابێکی بەجێی مێژوویی بوو. کەس ناتوانێ ئینکاری ئەوە بکات کە کۆماری کوردستان بەدەستی حیزبی دێموکرات خولقا، ئەگەر مەبەست لە دێموکراسی ئەوە بێت کە زۆرایەتی دەسەڵاتی بەسەر کەمایەتیدا هەبێ، هەروەها پلۆرالیزم بە باشترین شێوە رەعایەت بکرێو ئازادییە فەردی و کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو بگیردرێ و جیاوازییەکانی رەنگ و جینسی و ئایینی و غەیرە لەنێو بچن، کۆماری کوردستان توانی ئەو ئەسڵانە بە باشترین شێوە جێبەجێ بکات و نەقشونیگاری چالاکانەو ماهیرانەی خۆی بە خەڵکی کوردستان و ئێران و دنیا نیشان

بدات. کۆماری کوردستان لەو ماوە کورتە دا زۆر هەل و دەرفەتی رەخساند. لە کۆماری کورستاندا، ئیرادەی ئازادانە و گەل حکومەتی دەکرد، خەڵک بە راشکاوی پرسیاریان دەکرد، بیری ئەوە لە خەڵکدا پێکهات کە بێهۆ هیچ شتێک قبووڵ نەکەن و گوێ بۆ نەزەری موخالیفانی خۆیان شل بکەن، لەو دەمەدا ژیانی کوردی بووژایەوە و رۆژنامەگەری گەشەی کرد، خوێندکاران بۆ دەرەوەی وڵات بەرێ کران، پەیمانی کوردستان و ئازەربایجان بەسترا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ پێنج حیزبی دیکەی ئێرانی بوو بە هاوپەیمان، هەوڵدرا کە دۆستایەتی لە نێوان گەلی کوردی و باقی نەتەوەکانی ئێران بەهێز بکرێ، ژنانی کوردستان شانیان وەبەر ئەرکە نەتەوایەتی و ئینسانییەکانی خۆیان دا، هەیئەتی سیاسی و نوێنەرایەتیی گەلی کورد بە شێوەیەکی زۆر رێکوپێک سەردانی دەرەوەی وڵاتیان کرد، کوردستان تەرحی ئابووریی خۆی دارشت و بوو بە خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز، کوردستان باوەشی گەرمی خۆی بۆ کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و بەتایبەت بارزانییەکان ئاوەڵە کردەوە، ئەفسەرانی کورد ریزی سوپای عێراقیان بەجێهێشت و بەوپەڕی خاکەڕایی یەوە پێشمەرگایەتیی کۆماریان قبووڵ کرد، مەنتیق و رێبەرایەتی حەکیمانەی کوردستان وا جێی گرت کە کوردەکانی ئامریکاو ئورووپا بە پەلە خۆیان گەیاندە کوردستان، رۆژنامەنووسان و وێنەگرانی مەشهووری دنیا لە کوردستان دامەزران، تیاتری "دایکی نیشتمان" لەسەر شانۆ ئیجرا کرا کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، نەقش و رۆڵی کۆماری کوردستان ئەوەندە زۆر بوو کە من ئیستا تەنیا توانیم باسی بەشێکی زۆرکەمی بکەم. هەر ئەم دەستکەوتانە و نەقش و نیگارو رۆڵەکانی بوو کە کۆماری کوردستانیان کردە چقڵی چاوی دوژمنان و نەیارانی ژوورەوەو دەرەوە کە بە هەموو توانایەوە پیلانیان گێڕا بۆ ئەوەی کۆماری کوردستان بڕووخێنن کە بەداخەوە بە ئاواتی چەپەڵی خۆیان گەیشتن.

ئەگەر بمانهەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە کۆماری کوردستان چ تەئسیرێکی لەسەر جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی خۆی داناوە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو بەشەی کە کۆماری کوردستان چ ئەزموونێکی لێوەرگیراوە و چ تەئسیرێکی لەسەر کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داناوە کە توانیویانە تا ئێستا لەگەڵ ئەو هەمووە گیروگرفتەی کە هاتووەتە سەر رێگایان، بە شێوەیەکی ئوسوولی رێگای خەبات و تێکۆشانی خۆیان درێژە بدەن ئێستا شەست و چەند ساڵە کە خەباتی حیزبی دێموکرات درێژەی هەیە، حیزبی دێموکرات لەسەر رابردووی خۆی لێکۆڵینەوەی کردووەو بە ئەزموونێکی زۆر بەنرخ و بایەخدار گەیشتووە کە ئەو ئەزموونانە دەتوانن لەسەر بزووتنەوەیەکی میللی ـ دێموکراتیکدا شوێنەوارێکی گەورەیان هەبێ. شتێکی ئاشکرایە کە ئەو ئەزموونانە بە قیمەتی زۆرگران بەدەست هاتوون و نرخی زۆرگەورەیان بۆ دراوە. مێژووی دوورودرێژو خوێناویمان ئێمەی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە بە وچانێکی زۆرەوە چاوێک لە رابردوومان بکەین و تەنیا دوژمنان بە تاوانبار نەزانین و لە شکستەکانی رابردوودا خۆمان بە بەشدار بزانین. مێژوو فێری کردووین کە ئێمە نابێ چیدی کەمتەرخەمی بکەین و ئەوەندەی لە تواناماندا هەیە لە باری سیاسی و فیکرییەوە خۆمان باربێنین و فێربین و فێربکەین و نەقشی رۆشنگەریی خۆمان لە هەموو بوارەکاندا بە شێوەیەکی ئوسوولی جێبەجێ بکەین. زیانەکانی رابردوومان فێری کردووین کە ئێمە لەو کاتەدا کارکوشتەو بەئەزموون و لێهاتووین کە لە بەرابەر دوژمنی غەدار دا بە ئیحتیاتترو بەئەزموونتر بین، هەروەها ئێمە بەو ئاکامە گەیشتووین کە بە لەبەرچاوگرتنی دیسیپلینی ئاگاهانەو پەروەردەکردنی کادری پێگەیشتووو ئاگا لە مەیدانی تیۆریو کردەوەدا مەسەلەیەکی زۆرگرنگە، بەهێزکردنی بەدەنەو رێبەری، پشتبەستن بە چەوساوەکان و زەحمەتکێشانی گەلەکەمان و هەروەها لێدانی پردی یەکیەتیی بەکردەوە لە نێوان ئەوانەدا ئێمە بە ئاکامی باش دەگەیەنن و لە سەرکەوتن نزیکمان دەکەنەوە. هەڵسووکەوتەکانی رابردوو ئێمەیان گەیاندووەتە ئەو جێگایە کە هەم لە ژوورەوە و

هەم لە دەرەوە دۆستان و دوژمنانی تاکتیکی و ئیستراتیژیکی خۆمان بە شێوەیەکی زۆر لەبارو ئوسوولی بناسین، فەلسەفەی باوەڕ بەخۆبوون لە خۆماندا بەهێز بکەین، لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک پایگایەکی قایم و قوڵی ئینسانی و سیاسی حیسابی خۆمان هەبێ‌و لە موعادیلاتی سیاسی و ئیمڕۆیی ئەوڕۆدا ڕۆڵی عەقڵانی خۆمان بگێڕین. ئێستا ئەزموونە تاڵەکان، شکستەکان و دەرسەکان هەموومان وەک مەشخەڵێکی بەرز ڕێگای خەبات و تێکۆشانی میللی ـ دێموکراتیکی گەلەکەمان ڕوون دەکەنەوە. حەرەکەتی میللی ـ دێموکراتیکی ئێمە لە سایەی ئەو ئەزموونانەوە قۆناخەکانی دینامیزم و پویایی خۆی دەپێوێ.

**ڕۆڵی پێشەوا قازی محەممەد وەکوو سەرکۆمار تاچەند بەرجەستەیە و ئایا کەسایەتیی بەڕێزیان لە یەکدەنگبوونی خەڵک لەو سەردەمە دا شوێندانەر بووە؟**

**لە وەڵامی** ئەم پرسیارەو ناساندنی شەخسییەتی بەرزی پێشەوا قازی موحەممەد، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژگاری پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان‌و زۆر بەکورتی چاوێک بە وەزعی ئێران‌و کوردستان و دنیادا بخشێنین. ئەوەی کە من لە کتێبی "چل ساڵ خەبات"ی دوکتور قاسملوو تۆزێکم لەبیر مابێ، لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاویدا ڕێژیمی ڕەزاشا ڕووخا، لەشکری سوور لە شومالی ئێراندا جێگیر بوو، ئەوە بوو کە سۆڤییەتییەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ مەسەلەی کوردو وەزعی کوردستان ڕووبەڕوو بوون، لەدوای ڕاپەڕینە عەشیرەتییەکەی ورمێ تێگەیشتن لە کوردستاندا هەستێکی توندو خەستوخۆڵی نەتەوایەتی هەیەو دەبێ کەڵکی لێوەربگرن، بۆیە سۆڤییەتییەکان و ئەفسەرانی ئەو وڵاتە دەستبەکار بوون تا کەسێکی بەتواناو ژیر وەک ئەسڵی قەزییە لە کوردستاندا بدۆزنەوەو لە ڕاستیدا ئەوان بەدوای بەنفووزترین ئینساندا دەگەڕان.

پێشەوا قازی موحەممەد هەم لە باری تێگەیشتن‌و ئاگایی سیاسییەوەو هەم لە باری نفووزی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا ئەو تایبەتمەندییانەی تێدابووو ئەو کاراکتێرە بوو کە سۆڤییەتییەکان دەیانویست. ئەو هەیئەتە سی کەسییەش کە لە چین‌و توێژە جۆراوجۆرەکانی کورد لە لایەن سۆڤییەتییەکانەوە بۆ باکۆ بانگهێشت کرابوو، وەک ئەمن بیستوومە گۆیا بەمەبەستی ئەوە بووە کە سۆڤییەتییەکان لەسەر کەسایەتییە کوردەکان موتالیعە بکەن و بتوانن موخاتەبی ئەسڵیی خۆیان بۆ دوارۆژ ببیننەوە. پێمخۆشە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە چەند مانگ پێش پێکهاتنی کۆماری کوردستان، نازیسمی ئاڵمانی بە سەرۆکایەتی هیتلێرو فاشیزمی ئیتالیا بە سەرۆکایەتی موسولینی‌و هەروەها ئیمپراتۆری ژاپۆن تێک ڕووخابوون، لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپادا هێندێ کۆماری سوسیالیستی خەریکی پێکهاتن و شکڵگرتن بوون. سۆڤییەتییەکان ئەوجار پێشەوا قازی محەممەدیان چاک ناسیبوو و لە ڕاستیدا ئەوان کەسایەتیی ئیدەئال و هەروەها خاوەن نفووزی خۆیان لە کوردستاندا دۆزیبووە و بەو نفووزە کۆمەڵایەتی و سیاسییە کە لە شەخسی پێشەوایان دەرک دەکرد، زۆر پیانخۆش بوو کە لەگەڵ پێشەوا کار بکەن. سۆڤییەتەکان کە لە تێکشکاندنی فاشیسمدا ڕۆڵی گەورەیان هەبووو بەتەنیا ٢٠ میلیۆن کوشتەیان دابووو تووشی وێرانبوون و زیان وزەرەری زۆرقورس هاتبوون، نفووزێکی زۆریان لە دنیای دەرەوەدا پەیدا کردبوو، هەروەها شورەوی کە لە دنیای دەرەوە دا تەنیا پشتیوان و دۆستی کوردەکان بووو تەنیا دەروازەی کوردستان بۆ دنیای دەرەوە بووو لە لایەکی دیکەشەوە بوونی پێشەوا قازی محەممەد وەکوو کەسایەتی و ئینسانێکی بەتوانای سیاسی و شەخسییەتی هەڵکەوتووی کۆمەڵایەتی، وەکوو ئینسانێکی خاوەن فەرهەنگی بەهێز، وەکوو ئینسانێکی خاوەن پرستیژو ئیعتبارو نفووز، وەزن و قورسایی و

حورمەت و ئۆتۆریتەی زیاتری بۆ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بەدیاری دەهێنا. پێشەوا بوو کە خاوەن گەنجینەی گەورەی زانست و فەرهەنگ بوو و بە ئاشنایی بە حەوت زمانی زیندووی دنیا زیاتر لە هەموو کەس دەیتوانی بەتایبەتی لە پۆستی سەرکۆماری دا ڕێبەری ڕاستەوخۆو ڕاست و دروست و زمانی ئاگای گەلی بەشخوراوی کورد بێت.

**** پێتانوایە هەبوونی حیزبێکی مۆدێرن وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پشت کۆمارەوە تا چەند یارمەتی بە مۆدێرن بوونی کۆمار داوە؟***

مۆدێرنبوون و سەردەمی بوونی کۆماری کوردستان لە سەردەمی بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێ، چوونکە کۆماری کوردستان بەدەستی بەهێزی پێشەوا قازی محەممەد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هات، لە ڕاستیدا موهەندیسی ئەسڵی کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەو کۆماری کوردستان ئاوێنەی باڵانوێنی تەلارو ناوەڕۆک و بەرنامەی حیزبی دێموکراتە. کەوابوو بۆ دەرکی ئەو واقعییەتە و تیشک خستنە سەر سەردەمی بوونی کۆماری کوردستان دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ناوەڕۆکی سەرچاوەی ئەسڵی کۆمار، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. حیزبی دێمورات زۆر زوو توانی تەکانێکی مێژوویی وەها لە خۆی نیشان بداتو پێ بنێتە نێو جەغزی مۆدێرنیزە بوون و چاکسازی و خۆی لەگەڵ ڕۆژگار و هەلومەرجی ئەوکاتەدا رابێنێ، پێش هەموو شتێک پێمخۆشە ئیشارە بەوە بکەم کە هەڵگرتنی دروشمی گونجاوی "دێموکراسی" وەک دروشمی هەڵقوڵاوی خەون و ئاواتە لەمێژینەکانی میللەتی ژێرچەپۆک، بەرهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، بۆیە کێشان بەرەو مەیدانی تازەبوونەوەو نوێبوونەوەو وەدەرکەوتن بەمەبەستی حەللی بەکردەوەی گیروگرفتەکان لەو مەیدانەدا تازەیە. بەوپێیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆماری تازەی خۆیدا بەمەبەستی کەڵکوەرگرتن لە گوتاری دێموکراسی بۆ حەللی بەکردەوەی مەسەلەکان لەسەر سێ میحوەری ئەساسی دەستی بەکارکردن کرد، یەکەم، ڕاکێشان و هێنانەمەیدانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ژێر تیشکی ناوەڕۆکی بەرنامەیەکی ڕوونی سیاسی کە جەماوەری شارو دێ بتوانن لێی حاڵی بن و لە ژێر ئەو بەرنامەیە دا بتوانن ڕێگای خەباتی دوارۆژی خۆی دیاری بکەن، دووهەم، نزیک کردنەوە و لە لێک گرێدانی خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بەمەبەستی دەستەبەر کردنی دێموکراسی بۆ وڵات و هەروەها دژایەتی و بەربەرەکانێ لەگەڵ هەرچەشنە فیکرەیەکی نالەباری ئەو سەردەمە دا، سێهەم، حیزبی دێموکرات دەیهەویست پشتیوانیی گەلانی ئازادیخواز و دژی فاشیزمی جیهانی بۆ لای خۆی ڕابکێشی و لە نفووزی بەهێزتر لە جیهانی ئەوڕۆژە دا بە قازانجی گەلەکەی خۆی کەڵک وەربگرێ. ئەو سێ خاڵە باسمان کردنن هەموویان شتی تازە بوون کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵی بۆ دەدا. بەتایبەت خاڵی سێهەمیان مەسەلەیەکی تازە بوو، چوونکە بۆ یەکەم جار بوو، خەباتی گەلی کورد لەگەڵ خەباتێکی بەرینی جیهانی دا دەچوونە ناو یەک بەرەوە. لەو کاتەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرنامەی خۆی لە هەشت ماددەدا بڵاو کردەوە کە بەشی زۆریان شتی تازە بوون. ئەگەر لە کۆماری کوردستاندا کۆمەڵگایەکی مەدەنی نازەنین و ڕەنگین پێک هات و لەوێدا جیاوازیدانانی جینسی، فەرهەنگی و نژادی و مەزهەبی زیندە بەچاڵ کراو ڕێز بۆ هەموو تایبەتمەندییەکانی جوولەکەکان و ئازەربایجانییەکان و ئاسووری و ئەرمەنییەکان دانراو پەیمانی هاوکاری و بەرگریکردن لە یەکتر، لە کوردستان و ئازەربایجان مۆر کراو ئەگەر بەرەیەکی بەرین لە نێوان حیزبی دێموکرات و پێنج حیزبی بەرینی سەرتاسەریی ئێران پێک هات و چەند شتی دیکەش، هەموویان بەرهەمی ئیبتکارو فیکری نوێخوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون و لە نێو




جەغزی هەڵسووران و تێکۆشانی کۆمار دا ڕەنگیان دایەوەو بەکردەوە تا ئەو جێگایەی توانرا هەنگاویان بۆ هەڵ هێنرا.

* کۆماری کوردستان لە زۆر بوار دا توانیویەتی بناغەو بنەمای بوارە جیاجیاکانی داهاتووی خەباتی گەلەکەمان دابڕێژێ کە یەکێک لەوانە پێکهاتنی سوپای میللی لەو سەردەمەدا بوو، دەکرێ بەڕێزتان زیاتر لەسەر دامەزراندنی سوپای میللی کوردستان بۆمان باس بکەن؟

وەڵام : کۆماری کوردستان شکل و قەوارەو ناوەڕۆکی دەوڵەتی هەبوو، لەسەر سێ پایەی هێزەکانی قەزاییە و موقەننەنەو موجرییە دامەزرابوو، بەشی بەرچاوی هێزی پێشمەرگە یان سوپای میللی بوو کە تێکرا یونیفۆرمی نیزامییان دەپۆشیو لە سەربازانو دەرەجەدارانو ئەفسەرانی خوارو ئەرشەد پێکهاتبوو. گومان لەوەدا نیە کە پێکهاتنی ئەو سوپایە سەرکەوتنێکی یەکجارگەورە بۆ گەلی کورد بوو، چوونکە گەلی کورد هەرگیز سوپایەکی ئاوای بەخۆیەوە نەدیبوو. لە سەرتاسەری مێژوودا هەرگیز لاوانی کورد ئەوەندە هەستیان بە سەربەرزی نەکردبوو، پێشمەرگەکان کە لە جووتیارانو زەحمەتکێشان پێک هاتبوون بەتێکڕا ئامادەی فیداکاری بۆ کۆمار بوون. بەڵام هێزی میللی سەروسامانێکی ڕێکوپێکی پەیدا نەکرد، ئەوەش بە دوو مەسەلەدا دەردەکەوت، یەکەم، هێزی پێشمەرگە چ لە باری سیاسیو چ لە باری نیزامییەوە وەکوو پێویست نەبووە، تەنیا مەرجی بوون بە پێشمەرگە کوردبوون و لێزانینی چەک بوو، ئاییننامەی ڕەسمیی سوپای مللی نەنووسرابوو و بەشکۆو دیسیپلینی نیزامی بەتەواویی جێگیر نەبوو. ڕەوابیتی عەشیرەتی وەک نەپسێن لە بەژن و باڵای سوپای میللی یەوە ئالابوو و دەست و باڵای شەکەت دابوون و زیانی زۆری بە سوپای میللی گەیاند. دووهەم، ئەگەرچی سوپای میللی زۆر سەرکردەی بەجەربەزە و نەبەز و لێوەشاوەی لە نێوخۆیدا پەروەردە کردبوون و پێگەیاندبوون و ئەوانە جێگای هیوای دوارۆژی گەلەکەمان بوون و هەورەها وەکوو پێشمەرگە ئاگایی سیاسی و نیزامییان لە پلەیەکی بەرزدا بوو، بەڵام مەخابن زۆربەی ئەفسەرانی هێز لەو سیفەتە ئەساسییە بێبەش بوون کە بۆ هەموو ئینسانێکی نیزامی و شۆڕشگێر پێویستن، سەرکردایەتی هێزی میللی لاواز بووو لە توانایدا نەبوو ئەرکی سینفی و دژواری پاراستنی کۆماری کوردستان بەئەستۆ بگرێو لە ئاکامدا سوپای میللی نەتەنیا دیفاعی لە کۆماری نەکرد، بەڵکوو دیفاعی لەخۆیشی نەکرد. لێرەدا دەمەوێ بڵێم کە ئاشبەتاڵ تەنیا تایبەت بە سوپای میللی نەبووەو ئەو سوپایە تەنیا هێزێک نیە کە لە ئاشبەتاڵدا مەسئوول بوو، سوپای میللی هێزێکی شلک و ناسک بوو، تازە پێی هەڵ دەگرت، تازە خەریک بوو وەگەڕ دەکەوت، من بە چاوی خۆم چەند هێزی پۆشتە و تەیارو مۆدێرنم دیوە کە کاتێکی دیتویەتی کە ڕێبەرایەتییەکەی تێکچووە، وەک بەفری هاوینی تواونەتەوە.

* ڕۆڵی بارزانی یەکان لە کۆمار دا هەمیشە جێگای باس و شانازی بووە، ئایا بە بڕوای ئێوە دەکرێ باسی کۆماری بکرێ بەبێ ئەوەی باسی ڕۆڵی بارزانی یەکان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز مەلا مستەفا بارزانی بکرێ؟

وەڵام : لێرەدا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر، هێندێ واقعییاتی تاریخی هەیە کە ناتوانی بەسەریدا تێپەڕی یان فەرامۆشی بکەی یان لەبیرخۆتیان بەریتەوەو باسیان نەکەیت. بۆ من کە نە شارەزایبم کە مێژوو هەیەو نە لەگەڵ کۆمار بوومو نە لە نزیکەوەش بارزانییەکان دەناسم، دەکرێ باس لە کۆمار بکەمو نێوێکیش لە بارزانییەکان نەهێنم. بەڵام تا کوێ لەگەڵ ویژدان دێتەوەو تا کوێ

مونسیفانەیە، ئەوە مەسەلەیە. هەڵوێستێکی زۆر بێئینسافانەو داوەرییەکی زۆرناعادلانەیە کە باسی کۆماری کوردستان بکەی، بەڵام نەخشی گرنگو بەرچاوی بارزانییەکان فەرامۆش بکەی. بارزانییەکان بەشێکن لە مێژووی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردو کۆماری کوردستان، بەشداری و فیداکاری بارزانییەکان بەتایبەتی و هەروەها بەشداری و لەخۆبردوویی کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان جێگای شانازیی هەموو لایەکی ئێمەیە. کەسێکی بێهێزی وەک من باسی قەزییەی بارزانییەکان بکا یان نەکا، مێژوونووسانی ناوخۆو دەرەوە لەسەر پاڵەوانەتی و قارەمانی ئەوان بە پاراوی نووسیویانە. بەڵام لێرەدا ئیمکانی ئەوە نیە باسی هەموو کون و قوژبنی ئەو مەسەلەیە بەوردی بکەین، بەڵام هێندێ شت هەن کە دەرسن، ئامۆژگارین، حەماسەتن، نوختەی بەرزو ڕووناکن و مەشخەڵن کە ئەگەر لەبیر بچنەوە هەم وەکوو میللەت زەرەری زۆرمان پێدەگا. نەخشی بارزانییەکان بە شێوەیەکی گشتی ڕوون و بەرچاوە،بەڵام لە مەیدانی بەرەنگاربوون و دەستەویەخەبوون لەگەڵ دوژمنانی فێڵبازی میللەتەکەماندا هێندێ نوختەی زۆر ڕووناک و ئاوڕدانەوەو وەرچەرخانەوە و کشانەوەی زۆرحەکیمانەو ژیرانە و وردبینانە هەیە کە لە شەخسی بارزانی نەمردا خۆدەنوێنن. سەرداری نەمر مەلا مستەفا بارزانی ئەرکی قورسی بەرپرسایەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لەسەرشان بوو، لە هەموو مێژووی مانەوەیاندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ساتێک ڕانەوەستان و هەناسە بەدوای هەناسە لە مێژووی گەلەکەماندا تۆماریان کرد. چەندین شاکاری گەورەی لە مەیدانی سیاسی و نیزامیدا لە خۆی نیشان دا کە دوژمنانی گەلەکەمان سەریان سووڕما، دەکرێ پاشەکشەی بارزانییەکان لە ژێر ڕێنوێنی حەکیمانەو وردبینانەی بارزانی نەمردا، شەڕی سەقزو زۆر حەماسەی تر وەبیر بێنینەوە. ئەوان توانییان گەلێک پسپۆڕانەو وردبینانەو بەبێ ئەوەی زیانیان پێ بگا بەرەو ناوچەی مەهاباد پاشەکشە بکەن، کە پاشەکشە بە تاکتیکێکی زۆر شارەزایانە و نیزامییانە دادەنرێ. شانۆی پێکهەڵپرژانی لەشکری شاو بارزانییەکان لە چەند جێگای جۆراوجۆر دا و هەوەرها تێکشکاندنی سەرشوڕانەی لەشکری پۆشتە و پەرداخی ئێرانێ کە دەستووری ڕاستەوخۆی لە دەرباری شاوە وەردەگرت و هەروەها ئێعترافی ئەرتەشی ئێران بەوەی کە هەرگیز لەگەڵ دوژمنی ئاوا سەرسەخت بەرەوڕوو نەبووە، تا ڕادەیەک تێکشکانی کۆماری کوردستانی قەرەبوو کردەوەو برینی گەورەی سەرتاسەری کوردستانی تا ڕادەیەک سارێژ کردەوەو فێنکایی بە دڵی دانیشتووانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەخشی. ئامۆژگاریی بارزانی نەمر بە ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکانی کورد کە باوەڕ بە حکوومەتی عێراق نەکەن و نەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی عێراق، بەداخەوە کاریگەر نەبوو و دوای گەڕانەوەیان و شەهیدبوونیان، ڕاستی و دروستی ئامۆژگارییەکانی بارزانی نەمر دەرکەوت. پاشەکشەی لێزانانەو وردبینانەی بارزانییەکان لە ژێر فەرماندەیی بارزانی نەمرو هەروەها هێرشی پەیتاپەیتای تورکیە و عێراق و ئێران بە لەشکری دەهەزار کەسییەوە لە کۆڕو کۆمەڵەکانی دنیادا وەک تۆپ تەقیەوەو دەنگی دایەوە. بڕینی ڕێگا بە شەڕی نیوەشەو و تێکشکاندنی دوژمن لەسەر پردی ماکۆو کێوی ئاراس و گەیشتن بە خاکی یەکیەتیی سۆڤیەتی، داستانێکی دیکەی هەرەقارەمانەتی و شانازی بۆ گەلی کورد و بە تایبەتی بۆ بارزانییەکان تۆمار کرد. لە ژیانی پڕلە تەنگ و چەڵەمەو شۆڕشگێڕانەی بارزانییەکان و بەتایبەتی ژیانی سەخت و دژواری نەمر مەلامستەفای بارزانی و هەروەها ماندوویی و هەوڵ و تەقەلای بێوچانی ئەو هێزە شۆڕشگێڕە بۆ بەئاکام گەیاندنی کۆماری کوردستان هەرگیز فەرامۆش ناکرێن و لە مێژوو دا بە ئاوی زێڕ دەنووسرێنەوە. خۆگێل کردن لەو واقعییەتە تاریخییانە، تەنیا کاری دوژمنانی گەلی کوردەو بەس.

*** کاک مەلا حەسەن هەروەک دەزانین ئەو بوارە گرێدراوانە بە کۆماری کوردستانەوە کە پێویستیان بە تاوتوێی تایبەتیو دوانی زیاتر هەیەو لە دەرفەتی ئەم وتووێژە دا ناکرێ لەسەر هەموویان پرسیارتان ئاراستە بکەین. وەکوو دوا پرسیار داوامان لە بەڕێزتان**




### ئەوەیە کە سەبارەت بە ئاڵای کوردستان و سروودی نەتەوایەتیی کۆمار بۆمان باس بکەن؟

وەڵام : کە باسی ئاڵای کوردستان دەکەین هەمیشە وەبیر شێعرەکەی مام هەژار دەکەومەوە، کە پێموایە لە کاتی هەڵدانی ئاڵا لە بۆکاندا گوتوویەتی "بێ ببینێ ئەو کەسەی پێی وابوو کورد سەرناکەوێ ـ کێ بوو پێی وابوو کە نەکبەت لەسەرمان ناڕەوێ". ئەو کاتەی ئاڵا لە مەهاباد هەڵکرا، سروودی "ئەی رەقیب"یش بوو بە سروودی نەتەوایەتی. شێعری سروودی "ئەی رەقیب" هی مامۆستا دڵدارە، گۆیا کە بیستوویەتی شێعرەکەی بووە بە سروودی کۆمار، لە خۆشیدا دەستی کردوە بە گریان. لە مێژوودا زۆر حەرەکەت و رووداوی چووک هەیە کە بووە بە سەرەتای راپەڕین و سەرکەوتنی زۆرگەورە و ئاڵوگۆڕ و ئاکامی زۆرباشیان بەدوودا هاتووە. لەو کاتەدا کە قارڕەی ئورووپا بەدەست کاتۆلیکەکانەوە ناڵەی دەگەیشتە ئاسمان، مارتین لوتێر کە بۆخۆیشی پیاوێکی ئایینی بوو،

چەند تێزێکی خۆی بە درگای قەڵای کلیسای کاتۆلیکەوە چەسپاند کە ئەگەر ئیشتباهـ نەکردبێ وابزانم ئەوکاتەی ١٥١٩ی میلادی بوو، هەر ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە وردە وردە تلیسمی کاتۆلیکەکان بشکێت و چەند راپەڕین و ریفۆرمی گرینگی بەدوادا هات. لە زەمینەی رەگەزپەرستی سپیپێستەکانی ئامریکادا، ژنێکی رەشپێست کورسییەکەی خۆی بۆ پیاوێکی سپیپێست چۆڵ نەکردو ئەوە زۆر راپەڕین و خۆپیشاندانی زۆرگەورەی بەدوادا هات و مافی رەشپێستەکانی تا رادەیەکی بەرچاو مسۆگەر کرد. بەڵام هەڵکردنی ئاڵا کارێکەی سادە نەبوو، یەکەم جار هەڵکردنی ئاڵا لە دووی رێبەنداندا لە نێو بەفرو سروشتی نیوەخنکاوی ئەوکاتەدا، مەشخەڵی بەگڕ بەتین و رووناکیدەری سەرتاسەری مێژووی کورد بوو. بەرزبوونەوەی ئاڵای سێ رەنگی سوورو سپی و سەوز، زنجیری کۆیلەتی و دیلیی گەلی ئێمەی پساند. گەلی کورد لە هەموو مێژوودا ئەوەی ئاواتی بوو، پێی گەیشت و پێناسەو کەسایەتیی راستەقینەی خۆی دیتەوە. هەر ئەو ئاڵا لە هەموو شارەکان و دێهاتەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار هەڵکرا. گەلی کورد هەرگیز خۆی وا بە سەربەرزی نەدیبووو بە دیتنی ئەو ئاڵایە لەسەر سەری خۆیان سەربەرزو سەربەرزتر دەبوون. ئەمن ئاڵای ئەم دواییانەم نەدیتووە، گۆیا تەغییرات و ئاڵوگۆڕێکی تێدا پێک هاتووە، بەڵام ئاڵای سێ رەنگی ئەوکاتەی بەمجۆرە لە شێعرەکانی مام هەژاردا رەنگ دەداتەوە: "پارچەکەی سێ رەنگی کورد دەنوێنێ . رەنگی سوور دەڵێ تا تنۆکێک خوێنێ کورد مابێ قەتی نانوێ ـ سپی یەکەی مژدەی بەیانی رۆژی کوردی کرد بەیان . یەعنی رۆژی کورد هەڵات و لێی نەما پەردەی شەوان . رەنگی سەوزی یانی دایکی نیشتمان لەو رۆژەوە ـ شینو سەرسەوزە و وەدەستی کەوتەوە رەنگی نوێ . دوو گوڵی گەنمی دەڵێ ئاگات لە رسقی خۆت هەبێ . خۆت کە برسیت، بۆچی دوژمن پێت بژی لێرو لەوێ . پێم دەڵێ نووکی قەڵەم گەر ژینی خۆشت پێدەوێ . غەیری من دەست ناکەوێ بۆ رێی تەرەقی و پێشڕەوێ." ئەوەی کە لە مامەقالەی دەباغیم بیستووە، سەد کەس تەنیا لە سەردەشتێ سەرەڕای ئەوەی زستانێکی زۆرسەخت بووو بەفر لە رێگاکاندا بوو بە پیادە تا مەهاباد رۆیشتن و بەشدارییان لە رێورەسمی هەڵکرانی ئاڵای کوردستاندا کردووە. بەرزبوونەوەی ئاڵای کوردستان ئەمجار بە شێوەی رەسمی بەرزبوونەوەی کەرامەت و کەسایەتیی تێکڕای گەلی کورد بوو. ئێستا ئێمە شتێکی ناڕاستمان نەگوتووە ئەگەر بڵێین زیاتر لە سی میلیۆن کورد ئەو ئاڵا پیرۆزە بە کەرامەت و سەربەرزیی خۆیان دەزانن. شەکانەوەی ئەو ئاڵایە نەتەنیا بۆ گەلی کورد، بەڵکوو مزگێنی ئاسۆی روونو سەرکەوتنی یەکجاری بە هەموو میللەتانی ژێرچەپۆکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دنیا راگەیاند. شەکانەوەی ئەو ئاڵایە رەمزی سەرکەوتنی کوردان بووو هەروەها ئایەتی وەگەڕکەوتنی بە رەسمیی کۆماری کوردستان بوو. شاباڵی پیرۆزی ئەم ئاڵایە باوەشێنی دڵی هەر کوردێکی ماندوو و ئازارچێشتووی سەر ئەم جیهانە دەکات. بۆیە ئەمنیش لە کۆتاییدا وێڕای مام هەژار ئەم

دۆعایەی دەکەمەوەو دەڵێم: "رەبی هەرکەس دوژمنی ئەم میللەتە دڵپاکەیە ـ ژێرکەوێ، کۆستی کەوێ، رەبی سەعاتێ نەسرەوێ ـ داری ئاڵاکەم عەجەب چقڵێکە بۆ چاوی عەدوو". هەر کەسێک خۆشی نەوێ رەبی وەبەر خەنجەر کەوێ". شەکانەوەی ئاڵای کۆماری کوردستان تا ئێستایش لە مێژوودا شیرینترین زەردەخەنە بووە کە لە دڵی کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستاندا جێی گرتووە.

*سەرچاوە : بڵاو کراوە لە پاشکۆی رۆژنامەی کوردستان ٥٠٢ / رێکەوتی : ٩ی فێبریوری ٢٠٠٩*




# جمهوری کوردستان یان حکومەتی خودموختار ؟

حەسەن ئەیوب زادە



رۆژی بیست ودووی ژانوییە ی ٢٠٠٩ شە ست و سێە همین سالرۆژی دامە زرانی کۆماری کوردستان بوو.جمهوری کوردستان لە دووی رێبە ندانی سالی١٣٢۴ ی هەتاویی لە میتینگێکی ٢٠.٠٠٠ نەفەری نوێنەرانی کورد لە مەیدانی چوارچرای شاری مهاباد لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان ( پێشتر کۆمەلەی ژ. ک) بە سەرۆکایەتی قازی محمد،راگە یاندرا. بروانە رووژنامە ی کوردستان ئۆرگانی رەسمیی حدک ژمارە ی ٨ سالی١٣٢۴ هەتاویی!
کۆماری کوردستان نومادی دەربرێنی ئیرادەی ئازادی گەلی کورد بۆ دیاری کردنی چارە نووسی خۆی بوو.

دوکتور قاسملوو لە "کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیی" باس لە مێژووی سیاسی کورد لە سەردەمی سەفەوییەکان دەکاو لە لاپەڕەی ١٩ دا دەنووسێ :

بە پێی ئەو نووسراوەیەی دوکتور قاسملوو، کوردستان، هەرگیز بەشیک لە ئێران نەبووە. کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە و کورد بۆ ئازادیی خۆی و رزگاریی نیشتمانەکەی لە داگیرکەر خەبات دەکا.

دوکتور قاسملوو لە کتێبەکەی دا باس لە واقعییەتێکی تاڵی مێژویی – سیاسیی دەکا.

دوکتور قاسملوو، لەو باسە دا، ئەو سیاسەتڤانە نییە کەتوانایی گەلەکەی، وەزعی ژئۆپۆلیتیکیی کوردستان، هەلومەرجی جیهانیی وە بەرچاو دەگرێ و مافی سروشتیی کورد بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و رزگاریی کوردستان لە قاپێلکی خودموختاریی دا فۆرمولە دەکا. ١٨سال دواترێ ئەو بیرمەندە، بێ ئیدیعایە، ئەو سیاسەتڤانەیە کە لە کوورەی خەباتدا قاڵ بووە و بەو ئەزموونە گەیشتووە کە خەبات بۆ خودموختاریی لە بەشێکی کوردستانی داگیرکراوی دابەشکراودا بە ئاکام ناگا.( وتووێژ لە گەڵ کریس کۆچرا).

د. قاسملوو لەو ماوەیە دا ئەزموونێکی کە وەدەستی هێناوە بە گران لە سەر کورد کەوتووە. دوای ئەو خەباتە دژوارە و ئەو ئەزموونە تاڵە، بەو ئاکامە گەیشت کە هۆی سەرنەکەوتنی کورد دابڕاویی و جیاکردنەوەی خەباتی هەموو بەشە داگیرکراوەکانی کوردستانە و ویست و ئامانجە کە بەو قیمەتە کە کورد دەیدا فرە گران و ناڕەوایە.

لە مەر دامەزرانی جمهوریی کوردستان، و چوارچێوەی سەلاحییەتەکانی, سەربەخۆیی یان گرێدراویی بە حکومەتی پاشایەتی ئێرانەوە، بیروڕای جیاواز هەیە :

حیزبە سەرانسەرییە تەواویتخوازەکان، جیا لە حیزبی تودەی ئێران، کۆماری کوردستان، بە دەسکرد و پیلانی دەرەکیی،

"جیاوازیخوازیی" و هەوڵ بۆ لەت کردنی ئێران ناودەبەن.

حیزبی تودەی ئێران، جمهوریی کوردستان بە "حکومەتی خودموختاری کوردستان" یان "حکومەتی ملی کردستان" پێناسە دەکا.( نموونەی حکومەتە خودموختارەکانی سۆڤیێتی بەرێ).

لە بەرنامەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پە سندکراوی کۆنگرەی دووهەم دا ( سەرماوەزی ۱۹۶۴ ) بە سەرۆکایەتی ئەحمەد توفیق، نە ناوێک لە کۆماری کوردستان و نە باسێک لە مێژووی – ۱۳۴۳ خەباتی کورد کرابوو.

بەرنامە سیاسییەکەی کۆنگرەی دووهەمی حیزب، تێکەڵپێکەڵ و ئاڵۆز بوو.. بە گوێرە ی بەندەکانی سەرەتای بەرنامەکە بەشدارانی کۆنگرەکە، ئامانجێکی یەکگرتوویان نەبوو.

لە ماددەی سێهەم دا نووسرابوو" حدک، حیزبێکی شۆڕشگێر و دێموکرات و زانستییە و خەبات ئەکات بە ڕێگای ڕاپەڕینی چەکدارانە بۆ ئازادیی کورد و کوردستان.

"لە مادەی چوار دا گوترابوو:" تێکۆشانمان بۆ لانی کەمی مافەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی و فەرهەنگی بەردەوامە بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستان لە ئێراندا."

ماددەی پێنجەم :" ئەگەر هاتو حکومەتی تاران دانی بە مافی نەتەوە ی کورد بە ناوی ئۆتۆنۆمی کوردستان دانەنا، حزبمان دەسەڵاتی شۆڕش و نەتەوەکەمان هان دەدات بۆ گواستنەوەی تیکۆشان بەرە و ئامانجی بەرزتر کە سەربەخۆیی کوردستانە. بە شێوە یەک لەو دوو شێوەیەی خوارەوە:

۱- سەربەخۆیی دەسەڵاتی کوردستان لە ناو چوارچێوەی سەربەخۆیی نەتەوەکانی ئێران بە ناوی حکومەتی فیدرالی ئێران واتە حکومەتی یەکگرتووی ئێران.

۲- لە نەگونجانی حکومەتی یەکگرتوی ئێران حزبمان تێکۆشان دەگوێزێتەوە بۆ سەر شەقام و ڕێبازی خەبات بۆ دیاری کردنی چارە نووسی نەتەوەی کورد بە دەستی خۆی..

هەروەها لە ماددەی شەشەم دا نووسرابوو:" ئەگەر هاتو دەسەڵاتی حاکم بە سەر ئێرانەوە لە گەل حیزبمان بۆ سەلماندنی ئۆتۆنۆمی کوردستان پێک نەیە و لەو کاتەدا هاونەتەوەکانمان لە یەکێک لە پارچەکانی تری کوردستانی بەش کراو ناوەندێکی بەڕێوە بەرایەتی ( ئوتونومی یان فێدراڵی) بە دەستە وەبێت، حیزبمان بەپەسەندی نەتەوەکەمان چارە نووسی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات داوێتە سێبەری دەسەڵاتی ئەو بەشە لە نەتەوەکەمان کە خاوەنی دەسەڵات و حکومەتە.

جیا لەو پەرێشان فکرییە کە لەو بەرنامەیە دا هەیە، ڕەگە فکرییەکەی کۆماری کوردستانی پێوە دیارە و باسێکی لە ئێرانیگەریی تێدا نییە.

دوکتور قاسملوو، ڕێکخەرەوەی تەشکیلاتی حدک، دارێژەری سیاسەت و هێڵی فکریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،

سەربەخۆیی بڕیاری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە حیزبی تودەی ئێران ڕاگەیاند. لەو سەردەمە دا خەتی فکریی دوکتور قاسملوو دوور لە فکری سیاسیی حیزبی تودەی ئێران نەبوو.

لە کۆنفەرانسی سێهەمی حیزب لە سالی ۱۹۷۱ وشەی "ئێران"لە نێو کەوانە دا بە ئیبتیکار و پێشنیاری دوکتور قاسملوو بە دەستە وشەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لکێندرا.

لە ژمارەی ۳۸ فێوریەی ڕۆژنامەی "کوردستان" سالّی ۱۹۷۷ تا ئەمڕۆ کەوانەی وشەی ئێران وەلانراوە و وشەی ئێران بە بێ کەوانە بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لکێنراوە.

دوکتور قاسملوو یەکەم ئاکادێمیسیەنی کورد بوو کە گەوهەری مەسەلەی کوردی دەستنیشان کرد. سەرەرای ئەوە کە نیشانی دا کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوی دابەشکراوە، بەڵام ئەو واقعییەتە و سروشتی خەباتە کە لە بەرنامەی سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا فورمولە نەکرا. بە ناوی دوورکەوتنەوە لە ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگ و دۆستایەتي کردنی وڵاتانی کۆمۆنیستیی، لە سەرووی هەموانەوە یەکێتی سۆڤێتیی و پێکهێنانی بەرە یەکی دژی ئیمپریالیستیی لە گەل حیزبی تودەی ئێران، خەبات بۆ خودموختاریی و دێموکراسیی لە بری خەبات بۆ رزگاریی نەتەوەیی تێئۆریزە کرا.

دوکتور قاسملوو لە کتێبی " کوردستان و کورد" کە پاش بڵاو بوونەوەی بوو بەسەرچاوە یەکی جێی متمانە،
مافی دیاریکردنی چارەنووسی لە سێ فۆر مدا خستە روو.
یەکەم : خودموختاریی (مافێکی فەرهەنگیی و ئیداریی بۆ ناوچە یەک کە کوردی تێدا دەژی و لە ژێر حاکمییەتی داگیرکەردابێ ).
دووهەم : سیستمی فێدرالیی. دەکرێ ، ئیداریی، ئیتنیکی یان تێکەڵاوێک لەو دووە بێ. بیست و پێنج وڵات لە جیهاندا خاوەنی ئەو سیستمە حکومەتییەن.
سێهەم کۆنفێدراڵیی و سەربەخۆیی.
لەو سەردەمەی دوکتور قاسملووی تێیدا ژیا، جیهان لە ژێر حاکمییەتی دوو نیزامی کاپیتالیسم و سۆسیالیزم دا بوو. ئەو ناچار بوو لە خوارهوکە و پێچوکەی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو نیزامە دا، رێچکەیەک بۆ سەرهەڵدان و پەرەپێدانی خەبات بۆ ئازادیی دەسنیشان بکا.

خودموختاری ( ئۆتۆنۆمی) ئەو خەتە فکرییە – سیاسییە بوو کە دوکتور قاسملوو بۆ حیزبی دێموکراتی فۆرمولە کرد. ئەو رێگە چارەیە بۆ مەسەلەی کورد بە رواڵەت بۆ ئەو سەردەمە گونجاو بوو. بەڵام ئاکامەکەی بێ ئاکامیی بوو. ئەو هێلە فکرییە و ئەو رێگە چارەیە، خەباتی کوردی بۆ ئازادیی لە کۆیلەتی و رزگاریی کوردستان دوورخستەوە و دابەش دابەشی کرد. ئاکامی هەرە خراپیشی ئەوە بوو کە جێگرەکانی دوکتور قاسملوو لە ئاخردا ئەو بزووتنەوە مەزنە خوێناوییەیان بە بیانووی ئێرانیی بوون و ئێرانیگەریی و برایەتی و تەجروبەی باشورو... بەرە و ئاشبەتاڵ و توناکردن برد.

سروشتی خەباتی کورد رزگاریی لە کۆیلەتییە. قبووڵی گرێدراویی بە وڵات و دەوڵەتێکی داگیرکەرەوە بە مانای قبووڵی ئەنفال و تواندنەوە، ئاسیمیلاسیۆن و وەپاشکەوتوویی فکرییە.

دوکتور قاسملوو چەند مانگ بەر لە تێرۆرەکەی، دانی بە شکستی ستراتیژییەکەی(دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆکوردستان) دانا. بڕوانە وتووێژی دوکتور قاسملوو کریس کۆچرا.

خوێندنەوەی حیزبە ئۆردوگانشینەکانی ژێر دەسەلاتی ینک و کۆماری ئیسلامی ( هەر دووبەش) لە سەر جمهوری کوردستان، تودەیی و ئیرانیگەریی کۆنە پەرستانە یە. روحی نەتەوەیی لە ئەندێشەی رێبەرایەتی ئەو حیزبە ئۆردوگانشینانە دا نەماوە. ئەوەی لە بڵاوۆکیان دا لە سەر جمهوری کوردستان دەینووسن و لە رادیۆو تلویزیۆنەکانیاندا بڵاوی دەکەنەوە ، هەمان بۆچوونە، کە کیانوری و حیزبەکەی گوتوویە و لە بازاری سیاستی کۆماری ئیسلامیی و پا نئێرانیستەکان دا برەویە هەیە.

جمهوری کوردستان لە بە رنامە و بۆچوونی سیاسیی ئەو سەرتاقمانە پێکهاتە یەکی سیاسیی، خاوەنی مافێکی فەرهەنگیی و بەرێوەبەریی ئیداریی رۆتینیی بووە.

جمهوریی کوردستان، بۆ دامەزرێنەرانی کۆمار سیستمێکی ناسراوبوو. ئەگەر دامەزرێنەرانی ئەو سیستمە، بە پێی بۆچوونی رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات ، مەبەستیان پێکهێنانی حکومەتێکی خودموختار بووبێ، زۆر دوور لە راستییە ئەو حکومەتە بە ناوی "جمهوریی کوردستان" رابگەیەنن و جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی بۆ بگرن.

حکومەتێکی خودموختار لە بەشێکی وڵاتدا، بەرەزامەندیی دەوڵەتی ناوەندیی پێک دێ. نیزامی حکومەتی ناوەندیی ئێران لە سەردەمی کۆماردا، پاشایەتیی بوو. ئەم خاوەن بیرانە بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە چۆن لە ژێر حاکمییەتی نیزامێکی پاشایەتیدا دامەزراندنی جمهوریی ، یان جمهوریی خودموختار دەگونجێ؟

لە حیزبی دێموکراتدا بۆ شاردنەوەی واقعییەتی کۆماری کوردستان، ئاماژە بەو تووێژێکی پێشەوا قازی محمد دەکرێ کە لە ژمارەی ٤ی ٢٠ بە فرانباری ساڵی١٣٢٤ لە رۆژنامەی کوردستاندا بلاو کراوەتەوە. هەروەها وشەیەکی خودموختاریی لە شێعرێکی مامۆستا حەقیقی لە رۆژنامە ی کوردستاندا کراوەتە بەڵگە و دەیانەوێ بەو تاقە وشەیە کە بۆ دروستبوونی قافیە بەکارهێنراوە و زۆرلە پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا گوتراوە، بیسەلمێنن کە جمهوری کوردستان حکومەتی خودموختار بووە!!. ئەو تێبینییانە لە مەر ئەو وتووێژە جێی ڕامانن.

یەکەم – ئەو وتووێژە لە ٢٠ - ١٠ - ١٣٢٤ و لە ژمارەی ٨ رۆژنامەی کوردستان دا چاپ کراوە.

دووهەم – کۆبوونەوەی ٢٠.٠٠٠ کەسیی کە بە میتینگی مێژوویی چواچرا بۆ راگەیاندنی کۆماری کوردستان ناودێرە، لە شاری

مەهاباد لە رۆژی ٢ رێبەندانی١٣٢٤ دا بووە. راگەیاندنی کۆماری کوردستان لانی کەم بێ وە بەرچاوگرتنی تەشریفاتی هاتن و ماوەی لە رێدابوونی رۆژنامە نووسان١٣ رۆژ دوای دیداری قازی محمد لە گەڵ رۆژنامە ڤانان بووە. ئەو وتووێژەی پێشەوا و ئەو خودموختارییەی کە لە گەڵ رۆژنامە نووسانی تاران باسی کراوە، بەرنامەی راگەیاندراوی حدک بووە کە ١٦٠ رۆژ بەر لە راگەیاندنی جمهوریی کوردستان بڵاو کرابۆوە.

سیهەم - سەردێڕی وتووێژەکەی سکرتێری حیزب بەم جۆرە نووسراوە : "

## گوفتوگۆی جنابی قاضی محمد پێشەوای بەرزی کوردستان دەگەڵ خاوەنانی رۆژنامەی تاران. "

لێرە دا قازی محمد سەرۆک کۆماری کوردستان نەبووە ، بەلکو وەکو سەرۆکی حیزب یان رێبەری میللەتی کورد ناوی هاتووە.

دەقی خەبەرە کە بەم شێوە یە نووسراوە :

" هێندی لە مدیرانی جرائدی تاران: آغای تفضلی، خاوەنی روزنامەی (ایران ما) آغای عباس شاهندە، خاوەنی روزنامەی ( فەرمان) ئاغای بزرگ علوی وە هەموو نووسەرانی دوو رۆژنامەی ( رهبر و ایران ما)

بۆ ئاگاداری لە وضعی کوردستانی خودموختار هاتنەم مهاباد و لە گەڵ جەنابی قاضی محمد رهبری میللەتی کورد یەکتریان دیت و گوفتوگۆیان کرد ...

١- پاش میتینگی چوارچراو راگەیاندنی کۆمار لە دووی رێبەنداان ، عینوانی رەسمیی، سەرۆک کۆماری کوردستان،یان سەروکی جمهوریی کوردستان بووە، کە لە بری سەرۆکی حیزیان پێشەوای میللەتی کورد" نووسراوە.

٢- لەو کاتە دا دەنگۆی راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ئارادابووە. خەبەرچییەکانی کورد ئەو دەنگۆیەیان بە حکومەتی تاران گەیاندبوو. لە بەر ئەوەیکە رۆژنامە نووسان لە رێبەری حیزبی دێموکرات جەنابی قازی بەم جۆرە پرسیاریان کردبوو :

" لە تاران دەڵێن: کوردان بە رێبەریی جەنابت جوێ بونەوە و استقلالی کوردوستانیان راگەیاندووە آیا ئەوە راستە؟ دیارە هەر وەکو جەنابی قازی وەلامی داونەوە، ئەو هەواڵە لەو کاتەدا راست نەبووە و کۆماری کوردستان رانەگەیەندرابوو. جەنابی قازی لەو وتووێژە دا گوتوویە کە :" دەمانەوێ لە ژێر بەیداغی ئێراندا ، بژین و خودموختاریشمان وەگیرکەوتووە. کە لێی دەپرسن چەند وەختە خودموختارن ؟ وەلامەکەی ئەوەیە : چوارساڵە خودموختاریی داخڵیمانە هەیە.

پرسیارێکی دیکە و ولامەکەی لە لایەن رێبەری کوردەوە، ئەو گرفتە دەرەوێنی و روونی دەکاتەوە کە وتووێژە کەی جەنابی قازی محەمەد بەر لە راگەیاندنی کۆماری کوردستان بووە. رۆژنامە نوسان پرسیارێکی ئەوتۆ دەکەن :

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو ولاتی کوردستان تەشکیلاتی هەیە؟

وەلامەکە بەم جۆرە نووسراوە :

و- فرقەی دێموکراتی کوردستان لە هەموو جێگایەک کە دەوڵەتی دیکتاتۆر و ارتجاع اجازەی دابێ بە ئاشکرا لکی هەیە و لە جێگای دیش بەدزیییەوە دەگەڵ هەموو کوردی ئێران پەیوەندمان هەیە.

هەروک و لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا و لەو وتووێژە دەردەکەوێ، ئەو ناوچەیە کە لە ژێردەسەڵاتی کورد دابووە، چوارساڵ بووە خودموختار بووە و ئەو حاکمییەتە سەربەخۆنە بووە. ئەو خودموختارییە سیستمێکی خۆگێڕی خەلک بووە بێ پێناسەی رەسمیی و

هەلبژاردن و تەشکیلاتێکی بەرپرس کە لە نەبوونی دامودەزگای دەوڵەتیدا پێکهاتبوو. ئەو بەشە لەو کاتەدا بە ناو لە ژێر دەسەلاتی پاشایە تیدابووە. بەلام بڕیاری ۲۰.۰۰۰ کەسی نوێنەرانی کورد لە دووی رێبەندانی۱۳۲۴ کۆتایی بەو گرێدراویی و حاکمییەتە هێنا. ئەو بڕیارە، یەک لایەنە، جمهوریی کوردستانی راگەیاند. جمهوریی کوردستان بە واتای رەت کردنووەی نیزامی پاشایەتیی و حاکمییەتی ئێران لە و بەشەی کوردستان بوو. بە مانای دامەزراندنی کیان و سەروەریی و سەربەخۆیی بست بە بستی خاکی کوردستان بوو.

بە گوێرەی ئەو وتەیەی کە لە قەولی سەرۆک کۆماری کوردستانەوە ، لە کاتی وتووێژە کەی لە گەڵ رۆژنامە ڤانان بڵاوکراوەتەوە: "چوار ساڵ بووە کوردستان خودموختار بووە". پرسیار ئەوەیە، ئاخۆ کۆبوونەوەی بیست هەزار کەسیی لە مهاباد بۆ راگەیاندنی خودموختاریی ئەو چوارساڵە بووە یان راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان ؟ نە خودموختاریی چوارساڵە پێویستیی بە راگەیاندنەوە یان راگەیاندن بووە و نە میتینگی ۲۰.۰۰۰ کەسیی نوێنەرانی کوردی پێویست بووە و نەخودموختاریی سەربەخۆییە کە جێژنی "ئیستیقلال و سەربەخۆیی" بۆ بگرن.

بۆ راگەیاندنی خودموختاریی، رەزامەندیییەک لە نێوان حکومەتی پاشایەتی ئێران و خودموختارییخوازان پێویستە. خودموختاریی خوازان لە گەل کام حکومەت بۆ راگەیاندنی "جمهوریی خودموختار"؟! رێک کەوتبوون؟

ئەگەر بینا لە سەر ئەوە داندرابێ کە ناوچەی خودموختار لە چوارچێوە ی نیزامی پاشایەتی دا بمێنێ، ژێربێژانە(مە نتیقی) نییە کە ئەو بەشە خۆی بە کۆماری کوردستان پێناسە بکا. ناودێرکردنی سیستمێکی حکومەتیی دیکە و دامەزراندنی حاکمییەتی جیا لە دەسەڵاتی ناوەندیی جیا لە جیابوونەوە و راگەیاندنی سەبەرخۆیی ناوێکی دیکەی نییە.

جمهوری کوردستان شەرعی بوونی خۆی لە بڕیار و ڕای بیست هەزار نەفەر لە نوێنەرانی کورد کە لە مەیدانی چواچرای مەهاباد کۆببوونەوە وەرگرت. بڕوانە رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان یازدەی ژانویەی ۱۹۴۶ لە ۱۹ ژمارەی "کوردستان" ی سەردەمی کۆماری کوردستاندا، باس لە راگەیاندنی جەژنی" استقلال و سەربەخۆیی کوردستان" کراوە. پرسیار ئەویە، گەلۆ بۆ راگەیاندنی دامەزرانی حکومەتی خودموختار( بە گوێرەی وتووێژەکەی رێبەری کورد و رۆژنامە نووسان کە ۴ ساڵ بووە لەو بەشەدا بەڕێوە چووە. ) جەژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلال دەگیرێ؟!

ئەو فاکتانەی سەردەمی کۆمار بەتایبەتی ڕۆژنامەی کوردستان، جێیەکیان بۆ ئینکار و حاشاکردن لە سەربەخۆیی جمهوری کوردستان نەهێشتووەتەوە. هۆی ئەوە کە تا ئەمرۆ ژمارەکانی "کوردستان"ی سەردەمی کۆمار، ئۆرگانی ڕەسمیی حیزب لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران ( هەر دوو بەش) چاپ و بڵاو نەدەکرانەوە، تەنیا لە بەر ئەوە بووە کە بنەمای تێئۆرییە هەڵەکە ئاشکرا نەبێ و داگیرکەر، ئازادیخوازان بە جیاوازیخواز لە ئێران پێناسە نەکاو حیزبە کانی ئۆپۆزیسیۆن لێیان نەپرینگێنەوە. سروشتی خەباتی ئازادیخوازانەی کورد رزگاربوون لە کۆیلەتیی فکریی، سیاسیی، کۆمەلایەتی فەرهەنگیی وئابوورییە کە بە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، کورد لەو کۆیلەتییە رزگاری دەبێ. قەرارێک کە لە دووی ڕێبەندانی ساڵی١٣٢٤ لە لایە ن ٢٠.٠٠٠ کەس لە نوێنەرانی خەڵکی کورد لە شاری مهاباد بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان درا، لە ژمارە ی ٨ ساڵی یەکەم " کوردستان" سەردەمی کۆماردا نووسراوە. هەروە ها بڕوانە ژمارەی دە " کوردستان"، سالی یەکەم ١٥ ڕێبەندانی١٣٢٤ ،

جێژنی سەربەخۆیی و استقلالی کوردستان*: "درەوشینی ئەستێرەی خۆشبەختی کوردان. ژمارە کانی ١١– ١٢- ١٣ - بیستی ڕێبەندان ، بیست و دووی ڕێبەندان ( ١١ فێوریە). ژمارە ی١٤ سالی یەکە م٢٤ ڕێبەندان. ژمارە ی ١٥ بیست و حەوتی ڕێبەندان. ژمارە ی ١٦ بیست و نۆی ڕێبەندان١٣٢٤ . ژمارە ی١٧ کوردستان ژمارەی هەژدە. چواری ڕەشەممە ، کوردستانی ژمارە ی ١٩ ساڵی١٣٢٤ دوو شەممە ٦ رەشەمە١٣٢٤ و ژمارەی ٢١ ڕۆژی دووی مارسی ژمارەی ١٩٤٦ ژمارەی ٢٢ شەشی مانگی مارس بڕوانە: لە هەموو ژمارەکانی کوردستاندا کە باسکران، جیا لە ڕاگەیاندنی دامەزرانی جمهوری کوردستان و جێژنی ئیستیقلال و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان باسێک لە خودموختاریی یان حکومەتی خودموختاریان تێدا نییە.

بە کارهێنانی دەستەواژەی" جمهوریی خودموختار" حکومەتی خودموختار" یان دەولەتی خودموختار لە بری "جمهوریی کوردستان" و دابەزاندن و نزمکردنەوەی ئامانجەکان بۆ ویستێکی فەرهەنگیی- کولتوریی و گۆڕینی سروشتی خەباتی رزگاریخوازانەی کورد لە عالەمی واقیعدا وەڵامی نەدایەوە.

حیزب و گروهی سیاسیی بۆی هەیە ئامانجی سیاسیی خۆی هەبێ . بۆی هەیە بەرژەوەندیی خۆی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دیاری بکا. دۆست و هاوپەیمانی خۆی هەڵبژێرێ. ستراتێژیی و تاکتیکی سیاسیی خۆی هەبێ. بە لام بۆی نییە، واقعییەتی مێژوویی بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی خۆی بگۆڕێ. حیزی دێموکراتی کوردستان خوازیاری خەباتی هەمولایە نەو هاوکاریی حیزبی تودە ی ئێران و باقی گروپە کان بوو. بۆ دروست کردنی بەرەیەکی دژی ئێمپریالیستیی هەوڵی دەدا. ئەو حیزبە، خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەویی بۆ کوردی، بە خەون و خەیال لە قەلەم دەدا. بەڵام کۆماری کوردستان ئەو خەونە بوو کە و وەدیهاتبوو. کۆمار لە ڕەوتی ژیانی خۆی دا لە لایەین بڕیاردەرانی جیهانییەوە کۆسپی خرایە سەرڕێ و نەفەس گیر بوو.

شاردنەوەی واقعییەتی مێژوویی بە هیچ هۆیەک دیفاعی لێناکرێ.

جمهوری کوردستان حاکمییەتێکی سەربەخۆ بوو. لە ماوەی ١١ مانگ دا هیچ بنکە و پێگە و ڕێکخراوێکی سەر بە سیستمی حکومەتی ناوەندیی لە کوردستاندا ن نەبوو کە ببیتە بەلگە بۆ ئەوە، ئەو کۆمارە بە حکومەتی خودموختار پێناسە بکرێ یان بەشێک بێ سەر




**بە حاکمییەتی ڕژیمی پاشایەتی ئێران. کوا دەکرێ وڵاتێک حکومەتە ناوەندییەکەی پاشایەتی بێ ، بەلام بەشێک لەو وڵاتە حکومەتەکەی جمهوری بێ؟!**

**ئەگەر شتێکی ئاوا بلوێ، ئەوانە یەک حکومەت و یەک وڵات نین بەڵکو دووحکومەت و دوو وڵاتن. نووسەرانی توودەیی و پان ئێرانستیی کورد، هەرگیز ئاماژە یان بەوە نەکرد کە سەرانی جمهوری کوردستان بە چ تاوانێک محاکمە و مەحکوم بە ئێعدام کران.**

**تاوانی جیاکردنەوەی بەشێک لە ئێرانی پاشایەتی بە مانای دامەزراندنی حکومەتی خودموختارە یان ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی وڵاتێک؟**

**بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆمار، کۆماری ئیسلامیی ناچار کردووە پەنا بۆ هەموو لایەنگر و سەوداخۆشێکی کورد بەرێ، بۆئەوە بە هەر شێوەیەک بلوێ ببنە کۆسپی سەررێ بۆ چەواشە کردن و گۆڕینی واقعییەتی جمهوری کوردستان.**

**لە سالرۆژی بیرەوەریی شەست ساڵەی کۆمار دا لە هەولێر، گرێدراوێکی کۆماری ئیسلامیی کە ئەندامێکی لە مێژینە و ناوداری حیزبێکی سەر بە کۆماری ئاخوندە تێرۆریستەکانە، شەرمێونانە دەپاڕایەوە و داوای دەکرد کە بڵێن: جمهوری کوردستان، حکومەتی خودموختار بووە نە جمهوریی کوردستان.**

**ناساندنی واقعییەتی کۆماری سەربەخۆی کوردستان لە حقوقی نێونەتەوەیی دا بۆ سەلماندنی مافی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و یەکگرتنەوەی کوردستان خاوەنی گرنگییەکی تایبەتە. کۆماری کوردستان سێمبولی ئازادیی و ڕزگاریی نەتەوەییە و سراتێژی خەباتی دوارۆژی کورد لە سەربناخەی پتەوی ،ئەو کۆمارە دادەندرێ.**

**پیرۆز بێ یاد و بیرەوەریی دامەزرێنەرانی جمهوری کوردستان!**

**بروانە سەرچاوەکان:**

**١- نامیلکەی مێژوو نووسین یان حیکایەت کردن. شادرە وان کە ریمی حیسامیی!**

**٢- شێعری شادرە وان مامۆستا حەقیقی ٢٠ / ١٠ /١٣٢٤ کە پێش ڕاگەیاندنی جمهوریی کوردستان لە ژمارە ١ ڕۆژنامە ی کوردستان ئۆرگانی ڕەسمیی حیزب،لە ژێرسەردێڕی "هەلکردنی ئاڵای مقدسی کوردستان" بڵاوکراوە تەوە."**

**٣- ڕۆژنامەکانی "کوردستان "ی سەردەمی کۆمار ( ساڵە کانی١٣٢٤ - ١٣٢٥ ) هە تاوی ( ١٩٤٦ )زایینیی لایەن بنکە ی ژین و ئاراس لە سولەیمانی بە زەحمەت و دڵسۆزیی بەڕێزان رە فیق ساڵح و سەدیق ساڵح لە ٢٠٠٧ بلاوکراوە تەوە. ئەم گەنجینەیە دیاری بە "هە شتی، مافناس ڕەشید باجەلان" ئەندامی کومیتەی پارتی دێموکراتی کورد بووە.**

**سوپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو دڵسۆزانەی کە ئەو خزمەتە مەزنەیان بە مێژووی خەباتی گەلەکەیان کرد.**

**سەرچاوە : ماڵپەری هەڵوێست / ڕێکەوتی : ٣٠ی جانێویری ٢٠٠٩**

# کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، دوو هەڵوێست و ڕوانگەی جیاواز

حامید گەوهەری

هەڵبژاردنی پەرلەمانی نەتەوەیی ئازەربایجان پێویستیی بە هاودەنگیی مۆسکو هەبوو. بە دوای هەڵبژاردنەکەشدا پێویست بوو مۆسکو ئیزنی پێکهێنانی یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی نەتەوەیی بدات. کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی ديموكراتی ئازەربایجان و لیژنەی سێ کەسیی سۆڤیەت "میرزا ئیبراهیمۆڤ ، حەسەنۆڤ و ئاتاکشیۆڤ" کە ڕێبەری عەمەلیاتی پاککردنەوەی ئازەربایجان بوون لە سوپای ئێران و بە هاودەنگیی لەگەڵ میرجەعفەر باقرۆڤ سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی باشور "ئازەربایجانی ژێردەستی ڕووسیا" ، ڕۆژی ١٩ / ٦ / ١٣٢٤ (١٠ / ٩ / ١٩٤٥) یان بۆ کردنەوەی پەرلەمان دەستنیشان کرد. پەرلەمانی نەتەوەیی دەبووایە مافی گەلی ئازەربایجان لە چوارچێوەی ئێران و دەستوری شۆڕشی "مەشروتەیەت" واتە ئەنجومەنی ئەیالەت و ولایەت دا دیاریی بکات. مۆسکو بەم وەڵامەی خوارەوە هاودنگیی کرد لەگەڵ یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نەتەوەیی ئازەربایجان:



* (باکۆ . هاوڕێ باقرۆڤ، لە وەڵامی بروسکەی ژمارەی ٣٣٩ – ٢ / ٩ / ١٩٤٥ ئێوەدا، پێتان ڕادەگەیەنم کە لەگەڵ پێشنیازی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکرات "سەبارەت بە کردنەوەی مەجلیسی نەتەوەیی" هاودەنگین. مۆلۆتۆڤ ٥ / ١٢ / ١٩٤٥ کاتژمێر ٢:٥٥ (١).)

چونکە وەڵامی مۆسکو لە کاتی خۆی واتە بەرلە ١٠ / ٩ / ١٩٤٥ نەدرایەوە و نزیکەی سێ مانگ بە دوای دەستنیشان کردنی ڕۆژی کردنەوەی پەرلەمان بە کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکرات و لیژنەی سێ کەسیی سۆڤیەت گەیشت، ئەوان نەیانتوانی لە کاتی دیاریکراودا پەرلەمان بکەنەوە و یەکەم کۆبوونەوەکەی پەرلەمانیان بۆ ڕۆژی ٢١ / ٩ / ١٣٢٤ ( ١٢ / ١٢ / ١٩٤٥) دواکەوت کە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری ئازەربایجانە.

لەو ڕۆژەدا سەید جەعفەر پیشەوەریی سکرتێری گشتیی فیرقەی دیموکراتی ئازرەبایجان، لەژێر چاودێریی بەرپرسانی سۆڤیەت و بەشداریی کردنی کۆمەڵێک میوان پەرلەمانی کردەوە و حکومەتی نەتەوەیی ئازەربایجانی ڕاگەیاند. یەکێک لەو میوانانە ، محەممەد قازی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە لەگەڵ چەند ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بەشداریی کرد لە ڕاگەیاندنی کۆماری ئازەربایجاندا.

بە گوێرەی بەڵگەنامەکان هەر دوو بەشی ئازەربایجانی باشور و باکور و ڕووسیا "ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئێرانیان" بە

خاکی ئازەربایجانی باکور دەناسی و هیچ پرۆژەیەکیان بۆ پێکهاتنی کۆماری کوردستان نەبووە. ئەوان کێشەی گەلی کوردیان لە چوارچێوەی پلانی دەرەکیدا دەبینی بۆ پارچە کردنی ئێران و بۆ کۆتاییهێنان بە دەستی دەرەکیی لە کوردستاندا، دەیانویست بە دوای چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی گەلی ئازەربایجان، حکومەتی ئازەربایجان خودموختاریی ناوچەیی بە گەلی کورد بدات. "ئاندرەسمیرنۆڤ" سەفیری یەکیەتی سۆڤیەت لەم بارەیەوە دەڵێت:

. (لە ئێران مەسەلەی جیاوازیخوازیی کوردەکان بە بەردەوامیی یارییەک بووە لە دەست سیاسیکارانی بێگانەدا. ئێمە دەبێ لە خۆگلاندن لەو یارییە دووریی بکەین. ئەوە بەو واتایە نیە کە پەیوەندیی خۆمان بە کوردەکانەوە ببڕین و بە قازانجی خۆمان کەڵکیان لێوەرنەگرین. لە هەر حاڵەتێکدا تێکۆشانی سیاسیی ئێمە لە باکوری ئێران پەیوەندیی بە ئازەربایجانییەکانەوە هەیە(٢).)

ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات و کاربەدەستانی ڕووسیا لەو سەفەرەدا بە گەرمیی پێشوازییان لە محەممەد قازی و ڕێبەرانی کورد کرد. یەکێک لە بەڵگەکانی ئەو پێشوازیی کردنە، کورتە فیلمێکە کە دوای هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەت کەوتە دەست میدیاکان و هەندێک جار لە شاشە تەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا پێشاندەدرێت.

دوای گەڕانەوەی قازی محەممەد و هەڤاڵانی بۆ مهاباد، سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات کە بە پلانی ڕووس و ئازەرییەکانی زانی، دەستبەجێ بڕیاریدا وەک چۆن لە تەورێز و شارە ئازەریی نشینەکاندا ئاڵای ئێرانیان دابەزاند و ئاڵای ئازەربایجانیان بەرز کردەوە، ئەوانیش ئاڵای کوردستان لە جێگەی ئاڵای ئێران بەرز بکەنەوە و لە هەرێمی ئازادیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، جمهوریی کوردستان ڕابگەیەنن.

بەم مەبەستە سێ ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی کۆماری ئازەربایجان لە تەورێز، خەڵکی مهاباد بەگوێرەی بەرنامەی دیاریی کراوی حیزبی دیموکرات، ڕۆژی ٢٤ / ١٢ / ١٩٤٥ لە کۆبوونەوەیەکی مەزندا ئاڵای ئێرانیان لەسەر دەزگا حکومییەکان دابەزاند و محەممەد قازی بەشێوەی خوارەوە سوێندی یاسایی سەرۆکایەتی کۆماری کوردستانیی خوارد:

. (ئەمن بە خودا بە کەلامی عەزیمی خودا بە نیشتمان بە شەرافەتی کورد بە ئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم بەگیان و ماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی جمهوری کوردستان و یەکێتی کورد و ئازەربایجان موتیع و وەفادار بم (٣).

دوو ڕۆژ دوای دابەزاندنی ئاڵای ئێران لەسەر بانی ئێدارە و دەزگا حکومییەکان، سەرلەنوێ حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی ٢٦ / ٩ / ١٣٢٤ (١٧ / ١٢ /١٩٤٥) کۆبوونەوەیەکی مەزن و شکۆداری بەمەبەستی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مهاباد پێکهێنا. گۆڤاری کوردستان لە ژمارەی سێی خۆیدا پەنجە بۆ ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ڕادەکێشێ و دەنوسێت:

. (هەروەکو پێشتر بەعەرزتان گەیشت ڕۆژی ٢٦ی آذر هەموو نوێنەرانی کوردستان لە شاری مهاباد کۆبوونەوە. کاتژمێر ١٠ی




بەیانی ئاڵای کوردستان لە کانگای حیزبەوە گوازرایەوە. نزیکەی دە هەزار کەس لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداربوون. دەستەی موزیک مارشی نەتەوەیی دەژەنی. لە سەرتاپای شەقامی وەفایی پێشمەرگەکان بە جلوبەرگی ڕەسمی لەگەڵ کچ و کوڕە خوێندکارەکان لە باسکی ڕاستی ئاڵا دەڕۆیشتن. گەورە و بچووکی مهاباد، هەیئەتە ڕەسمییەکان و نوێنەرانی حیزبی دیموکرات بەدوای ئاڵادا دەهاتن. خەڵک بە شانازیی ئاڵا چەپڵەیان لێدەدا. پێشەوای مەزنی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد. بە دوای وتارەکەیدا و بەرز کردنەوەی ئاڵا لەسەر بانی بینای هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان، ڕێوڕەسمەکە کۆتایی پێهات (۴).

شایانی باسە لەو کۆبوونەوەیەدا محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی کە بە بەرگی سەربازییەوە بەشداریی ڕێوڕەسمەکەی کردبوو، بە نوێنەرایەتی هەیئەتی ڕەئیسەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، محەممەد قازیی بە سەرۆک کۆماری کوردستان ناساند و پیرۆزبایی ئەو هەڵبژاردنەشی لە هەموو گەلی کوردستان کرد و خەڵکەکەش نازناوی پێشەوایان بە محەممەد قازی بەخشی.

هەنگاوی دووەمی ڕێبەرانی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕاگەیاندنی کۆماری کردستان بوو کە ئامادە کارییەکانی پرۆسەیەکی زیاتری بەخۆیەوە بینی و دوای ۳۵ ڕۆژی لە ۲ / ۱۱ / ۱۳۲۴ (۲۲ / ۱ / ۱۹۴۶ ) بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی مهاباد و بە پاڵپشتیی سەرۆک مستەفا بارزانیی ئەنجامی گرت.

جگە لەو هەڵوێستەی کە پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات بە دوور لە هاودەنگیی کردنی ڕووسیا هەڵیانگرت، کۆماری کوردستان لە ناوەڕۆکیشدا جیاوازیی لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان هەبوو. بە پێچەوانەی کۆماری ئازەربایجان کە گوێی خۆی لە بەرامبەر کۆماری ئازەربایجانی باشوردا کپ کرد، لە کۆماردا سەرنج بە نەتەوە و خاکی کوردستانی مەزن درا. بەم مەبەستە ڕۆژی ۲۸ / ۲ / ۱۹۴۶ ، سەرۆک مستەفا بارزانیی لەسەر بانگهێشتی قازی محەممەد، لەگەڵ لیژنەیەک گەیشتە مهاباد.

هاتنی بارزانیی بۆ مهاباد لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکدا ئەنجامی گرت کە پێشتر لە نێوان پێشەوا قازی و سەرۆک مستەفا بارزانیی و شێخ ئەحمەد بارزانیی دا پێکهاتبوو. چوارچێوەی خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتنە لە یەکەم وتاری مستەفا بارزانییدا دەردەکەوێت کە ڕۆژی ۲۸ / ۲ / ۱۹۴۶ لە کانگای حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاڕاستەی پێشەوا قازی و سەرکردەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا محەممەد مەحمود قودسیی وتاری بارزانیی خوێندەوە و ڕۆژنامەی کوردستان دەقی وتارەکەی لە ژمارەی ۲۳ ، ڕۆژی چوارشەممە ۱۵ / ۱۲ / ۱۳۲۴ - ۶ / ۳ / ۱۹۴۶ ، لاپەڕەی ۳ دا بڵاوکردەوە. بارزانیی لە بەشێکی وتارەکەیدا کە یەکەم وتاریەتی لە کۆماری کوردستاندا، دەڵێت:

- (بە مەبەستی گەشەپێدانی دیموکراسی ، گەشەپێدانی باری ئابوری گەل ، دابینکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان، هەوڵدان بۆ ئازادکردنی بەشەکانی‌تری کوردستان و سەربەخۆیی گەلی کورد لە چوارچێوەی کوردستانی مەزندا هاوکاریی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی دەکات(۵).

ڕێککەوتنی سەرۆک بارزانیی و پێشەوا قازی و ڕێبەرانی کۆماری کوردستان، ئەو ڕاستییە دەردەخات کە قازی محەممەد و مستەفا بارزانیی خاوەن بیری نەتەوەیی، دیموکراتیی، کوردستانیی و مرۆڤدۆستانە بوون. ویستویانە بۆ دیموکراسی، بۆ ئازادکردنی بەشەکانیتری کوردستان، بۆ سەربەخۆیی گەلی کورد و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی گەل هەوڵبدەن کە تەمەنی کورتی ١٠ مانگ و ٢٠ ڕۆژی کۆماری کوردستان ڕێگەی پێنەدان کە ئاواتەکانیان بهێننەدی!

کۆماری کوردستان لەو ماوەیەدا گەلێک دەستکەوتی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، فەرهەنگیی و نەتەوەیی بەدەستهێنا. سیستمی ئیداریی، دەزگای حکومەتی، سوپای نەتەوەیی، دەزگای پەروەردە و ڕاگەیاندنی گشتی و چەندە ڕێکخراوی مەدەنی ژنان، لاوان و ڕۆشنبیریی دامەزراند، زمانی کوردی بە ڕەسمی ناسی و لە خوێندنگەکاندا کەڵکیان لێوەرگرت. چەندەها ڕۆژنامە و گۆڤاری وەک: کوردستان، هەڵاڵە، هاواری نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵانی کورد، ئاوات و هاواری کوردی بڵاوکردەوە. سینەمای سەیار و ڕادیۆی بە زمانی کوردی دانا و بە دامەزراندنی شیرکەتی تەرەقی و هێنانی ماشێنی کشتوکاڵ ویستی پەرە بە ئابووری کوردستان بدات، بەڵام ماوەی نەبوو، کە سیستمی پەیوەندییەکانی عەشیرەتی بگۆڕێت و جگە لە چوار بەتالیۆنی بارزانییەکان کە خاوەن دسیپلینی سەربازیی و ڕێکخراوەیی بوون و لە بەرەی شەڕی سەقز و سەردەشت کەڵکیان لێوەردەگیرا، چەکدارانی عەشیرەتیی سەر بە دەرەبەگەکان، سوپای کۆماریان پێکدەهێنا و بە فەرمانی دەرەبەگەکان هەڵدەسوڕا، کە ئەوە ئەڵقەیەکی هەرە لاواز بوو و لەکاتی خۆیدا کۆماری کوردستانی بەچۆک هێنا.

کۆماری ئازەربایجان ساڵێک دەوامی کرد. سوپای ئێران بە فەرماندەیی سەرتیپ هاشمی ڕۆژی ٢٠ / ٩ / ١٣٢٥ (١٣ / ١٢ / ١٩٤٦) تەورێزی داگیرکردەوە و پیشەوەریی و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی فیرقەی دیموکرات و کۆماری ئازەربایجان پەنایان بۆ سۆڤیەت برد. کۆماری کوردستانیش دوابەدوای ئەو، بەدروستی ڕۆژی ٢٦ / ٩ / ١٣٢٥ (١٧ / ١٢ / ١٩٤٦ ) واتە ساڵێک دوای هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مهاباد، دڵە چکۆلەکەی لە لێدان کەوت و دوژمن مهابادی داگیر کردەوە.

ڕووخانی کۆماری ئازەربایجانو کوردستان بۆ چەند هۆی سەرەکی دەگەڕایەوە، وەک: پشتیوانی نەکردنی هاوپەیمانان لەو کۆمارانە، پاشەکشەی سۆڤیەت لە ئێران و کوردستان، خیانەتی سەرۆک عەشیرەتە بەزیوەکان کە بە وتەی پێشەوا قازی محەممەد بۆ خزمەتکردن بە دوژمن و خیانەت بە گەلەکەیان پێشبڕکێیان بوو، بەڵام بەڕای من سەرەڕای ئەو خاڵە گرنگانە و چەند خاڵێکیتر، هۆی سەرەکی ڕووخانی کۆماری کوردستان دەگەڕایەوە بۆ درەنگ ڕاگەیاندنی کۆمار و بێ توانایی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات لە پەروەردە کردنی ئەندامانی حیزب و ڕۆشنبیران و بەگشتی خەڵکی کوردستان بۆ یەک هەڵوێستی و بەرگریی کردنیان لە کۆماری کوردستان.

ئەو بەشەی کە کۆماری کوردستان و ئازەربایجانی لێ ڕاگەیندرا، لە مانگی ئاگۆستی ساڵی ١٩٤١وە ئازاد بوو، کەچی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦دا بە فیکری بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمار و سەربەخۆیی وڵاتەکەیان کەوت. واتە ئەوکاتەی کە جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی پێهاتبوو و بەریتانیای مەزن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەت

(هاوپەیمانانی جەنگ) دەبووایە بەگوێرەی پەیمانێک کە ڕۆژی ٢٩ / ١١ / ١٩٤١ لەسەری ڕێککەوتبوون، بۆ ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی ئێران، شەش مانگ دوای کۆتاییهاتنی جەنگ ئێران بەجێهێڵن(٦).

هەرچەندە سۆڤیەت بۆ بەدەستهێنانی هەندێک دەستکەوت و نوسینی پەیمانێکی نەوتیی لەگەڵ ئێران لە ٤ / ٤ / ١٩٤٦ بە ئیمزای ساوچیکۆڤ سەفیری سۆڤیەت و قەوام سەلتەنە(٧) لە ئێران مایەوە و بەدوای هەڕەشەی "ترومن" سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمریکادا،

لە سەرەتای مانگی سێپتەمبەری ١٩٤٦ ئێرانی بەجێهێشت(٨)، بەڵام دە یازدە مانگ ماوەیەک نییە بۆ حیزبێکی سیاسی کە بتوانێ کادیر و کارگێڕ بۆ بەڕێوەبردن و بەرگری کردن لە وڵات پەروەردە بکات و لە بەرامبەر دەوڵەتێکی پڕچەکدا خۆی ڕاگرێت.

سەرچاوەکان:


١- ١٣٧ .Ibid, V

لە کتێبی فراز و فرود فرقە دمکرات آذربایجان وەرگیراوە

٢- AR MDYTA, f. 28, s. 4, i. 2, v.55

لە کتێبی فراز و فرود فرقە دمکرات آذربایجان وەرگیراوە

٣- قازی محمەد و جمهوری در آینە اسناد، بهزاد خوشحالی، لاپەڕەی ٤٠، چاپ اول ١٣٨٠ همدان.

٤- گۆڤاری کوردستان ژمارەی ٣.

٥- ڕۆژنامەی کوردستان ، ڕۆژی چوارشەممە ١٥ / ١٢ / ١٣٢٤ - ٦ / ٣ / ١٩٤٦ ، ژمارەی ٢٣ ، لاپەڕەی ٣.

٦- قازی محمەد و جمهوری در آینە اسناد، بهزاد خوشحالی، لاپەڕەی ٧، چاپ اول ١٣٨٠ همدان.

٧- ساڵێک بوو کورد ئازاد ئەژیا، نووسینی عولە، ١٩٨٨، سوید.

٨- ئێران و زلهێزە گەورەکان لە جەنگی دووەمی جیهانیدا. دوکتۆر ئیرەجی زەوقی. لاپەڕەی ٢٩٧. وەڵام بە مێژوو، نووسینی محەممەد ڕەزاشا. قازی محمەد و جمهوری در آینە اسناد، بهزاد خوشحالی، لاپەڕەی ٢٨٦، چاپ اول ١٣٨٠ همدان.


سەرچاوە : ماڵپەری خاکەلێوە / ڕێکەوتی : ٢٧ی جانێویری ٢٠٠٩

# حکوومەتی جەمهووری کوردستان

## یادداشتەکانی خوالێخۆشبوو «موحەمەد سەعیدخانی هومایوون»(بەرپرسی دەفتەری پێشەوا قازی)

تێبینی گزینگ: خوێنەرەوانی بەرێز، ئەو یادداشتانەی لێرەدا دەیخوێننەوە، بەرهەمی چاوپێکەوتنێک بووە کە نووسەری رێزدار کاک «کاکشار ئۆرەمار»(وێنەی خوارەوە)، نیزیکەی دەساڵێک لەمەوبەر بە شێوەی هەڤپەیڤین(وتووێژ) دەگەل خوالێخۆشبوو «موحەمەد سەعیدخانی هومایوون»(بەرپرسی دەفتەری پێشەوا قازی) ئەنجامی داوە، بەڵام بە هۆی باری ئەمنییەت و هەلومەرجی سیاسی ئەوکاتە، سەعیدخان وای بەباش زانیوە کە وەڵامی پرسیارەکانی کاک کاکشار، بەم شێوەیە بداتەوە کە سەرجەمی ئەو یادداشتانە لە چەند بەشدا پێشکێش دەکرێن. دیارە، جێگەی خۆشحاڵی یە کە سەعید خانی هومایوون جگە لەو یادداشتانە، بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە و بڕیارە لە داهاتوودا بە شێوەی کتێب لە چاپ بدرێ.


موحەمەد سەعید خانی هومایوون و کاکشار ئۆرەمار

شایانی بیرهێنانەوەشە کە »موحەمەد سەعیدخانی هومایوون»، رۆژی جومعە(۲۱ی مانگی مای۲۰۰۴) سەعات پێنجی بەیانی ماڵئاوایی لە ژیان دەکا و، لە سەر وەسێتی خۆی لە گوندی خانەقای شێخی بورهان(هەڵکەوتوو لە نێوان جادەڕێی مەهاباد ـ بۆکان)، بە بەشداریی خەڵکێکی زۆر لە شارەکانی مەهاباد و سەقز و بۆکان و.. بە خاک دەسپێردرێ. ڕەوانی شاد و گڵکۆکەی پڕ لە گوڵ بێ. (گزینگ)

### بە نێوی خودای گەورە و مێهرەبان

### ۱- خۆ ناساندن:

ئەمن نووسەری ئەم یادداشتانە، نێوم موحەمەد سەعید کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی موئمین بەگ کوڕی ئاغاشێرموحەمەدبەگ کوڕی ئاغا فەیزوڵڵا بەگ(بەگزادەی بابامیری موکری)یە.



لە ساڵی ۱۳۰۲ی هەتاوی (۱۹۲۳ز) ، وا حەفتا ساڵ لەوەپێش لە دێی یەکشەوە لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان هاتوومەتە دونیاوە. وەکوو گوتم باوکم لە عێلی فەیزوڵڵابەگی و دایکم (خەدیجە) کچی خوالێخۆشبوو «قازی عەلی» و خوشکی پێشەوای شەهید قازی موحەمەد بوو.

لە تەمەنی حەوت ساڵیدا بۆ خوێندن هاتوومە شاری مەهاباد کە ئەو وەختە (ساباڵغ)یان پێ دەگوت،




لە ماڵی خاڵم «قازی موحەممەد»، لە مەدرەسەی پەهلەوی و دوای ئەوە لە مەدرەسەی سەعادەت خوێندنی سەرەتاییم تەواو کرد و، پاشان لە مەدرەسەی ئێرانشار تا ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی دەرسم خوێند.

لە مانگی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی، کاتی شەڕی دووەمی جیهانی، کە هێزەکانی ڕووس و ئینگلیس هاتنە ئێران و حکوومەتی ڕەزاشا ڕووخا، تا ئەو کاتە لە ژێر چاوەدێری و سەرپەرستی خۆشەویستانەی پێشەوای شەهیددا درێژەم بە خوێندن دا. دوای هاتنی سوپای ڕووس و ئینگلیس بۆ ئێران، وڵاتی موکوریان و شاری مەهابادیش لەلایەن ڕووسەکانەوە داگیرکرا.

لە کاتی شێواویی بارودۆخی ئێران و ئازادبوونی نەتەوەی کورد لە دەست زوڵم و زۆریی ڕێژیمی پاشایەتی، بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک لە دێی یەکشەوە مامەوە. لە هەوەڵی ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی بە ئەمری قازی موحەممەد هاتمەوە شاری مەهاباد و دەستم بە کاری کۆمەڵایەتی کرد. ئەو سەردەمە لە شاری مەهاباد (کۆمەڵەی ژ.ک) بە نهێنی کاری دەکرد. ئەمن و ڕەحیمی سەیفی قازی دوای ماوەیەک تێکۆشان لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا لە (کۆمەڵەی ژ.ک)دا بە ڕەسمی وەرگیراین، بۆمن نێوی نهێنی «ئاگر» و بۆ ئەویش «ئۆگر» دیاری کرا.

لە دامەزرانی حکوومەتی جەمهووری کوردستان لە ساڵی١٣٢٤ی هەتاویدا لە دەفتەری تایبەتیی پێشەوای کوردستاندا و لە بەشی ڕەمز و مەحرەمانە دەستم بە کارکرد. لە زۆربەی سەفەرەکانی پێشەوای کوردستاندا لە خزمەتیدا بووم و تا شەهیدکرانی پێشەوا درێژەم بە خزمەت دا. دوای ماوەیەک حەبس و زیندان لە ئاخری ساڵی ١٣٢٥دا لە زیندان ئازاد کرام.

### ٢- دوای ڕووخانی حکوومەتی ڕەزاشا:

پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و دوای ڕووخانی حکوومەتی ڕەزاشای پەهلەوی، بە هاتنی سوپای سووری سۆڤیەت، سەربازەکانی سەربازخانەی مەهاباد بڵاوبوونەوە و هەرکەس ڕۆیشتەوە ماڵی خۆی. ئیدارەکانی مەهاباد لەق و لۆق بوون. مەئموورەکانی لاوەکی کە لە مەهاباد خزمەتیان دەکرد پەنایان هێنا بۆ ماڵی قازی موحەممەد. دوای چەند ڕۆژ مانەوە بە دەستووری قازی و لە ژێر چاوەدێری پیاوەکانی قازی موحەممەددا بە سلامەت بەرەو میاندواو و تەوریز ڕەوانە کران. شاری مەهاباد و خەڵکی شار کەوتنە ژێر سەرپەرستی قازی موحەممەد؛ چونکوو جگە لە قازی کەسێکی دیکە ئەو پایە و مایەی نەبوو و لە زەمانی پاشایەتیشدا هەرکەس گرفتاری و ناڕەحەتی بۆ پێش بهاتایە هەر ماڵی قازی عەلی و دوای ئەویش قازی موحەممەد و سەدری قازی بوون کە بە هانا و هاواری خەڵکەوە دەهاتن.

بوونی (کۆمەڵەی ژ.ک) و ئەندامەتی زۆربەی خەڵک لەو کۆمەڵەیەدا و سەرپەرستی و ڕێبەریی قازی موحەممەد بوە هۆی یەکگرتنی خەڵکی شاری مەهاباد. لەو ماوەیەدا بە ئەمری قازی موحەممەد بۆ پارێزگاری لە شاری مەهاباد ژمارەیەک چەکداری مەهابادی بە نێوی (قۆڵ سپی) ئەرکی خزمەت لە شاریان بە عۆدە گرت.




قازی موحەمەد کە هێشتا لەقەبی پێشەوای لەلایەن میللەتەوە پێنەدرابوو، ئەو شەوانەی کە مەترسی دەکرا عێلی مەنگوڕ بۆ شڕەخۆریی هێرش بۆ شاری مەهاباد بهێنن، بۆخۆی لەگەڵ چەند نەفەر لەو قۆڵ سپییانە و خەڵکی شار تفەنگی هەڵدەگرت و تا گومبەزی بوداق سوڵتان کە ئەو وەختە لە شار دوور بوو، دەچوو؛ بۆ ئەوە ورە بدا بە خەڵکی شار و فێری بەرگریکردن لە کاری خراپ و دزییان بکا، تا نیزیک ڕۆژبوونەوە لە دەوری شار دەماوە. ئیدارەکانی دەوڵەتیش لە ژێر ئەمر و چاوەدێری ئەودا بە کاری خۆیان درێژە دەدا. مەدرەسەکان کە بۆ ماوەیەک داخرابوون کرانەوە، هێمنیی و ئەمنییەتێکی کە لە ژێر سایە و ڕێبەریی قازی موحەمەد و تەشکیلاتی نهێنی (کۆمەڵەی ژ.ک)دا پێکهاتبوو، کەم وێنە بوو.

دزیی و زوڵم و داوێنپیسی، لە بەر هەستی برایەتی و سوێندخۆریی لە (کۆمەڵەی ژ.ک)دا نەمابوو. لەبەر یەکگرتوویی خەڵکی شار لە ژێر سەرپەرستیی قازی موحەمەددا، عەشایر و عێلاتی دەوروبەری مەهاباد، توانایی دەسدرێژییان بۆ سەر شاری مەهاباد نەبوو. بەبێ وجودی دەوڵەت، نەزم و قانوون لە شاری مەهاباد بەرقەرار بوو. بە بوونی ئەو وەزعەوە لە شارەکان و دێهاتی دەوروبەری مەهابادیش کە کۆمەڵە ڕیشەی تێدا داکوتابوو، زوڵم و زۆریی و دەسدرێژیی کەم بوو و، مەهاباد ببوە چرای ڕووناکیدەر بۆ هەموو ناوچەی موکوریان.

ڕووسەکان بە نێوی کڕینی ئەسپ ئەفسەرێکیان لە شاری مەهاباد هەبوو، جاروباریش مەئموورینی دیکەیان هاتوچۆی دەکرد و لەگەڵ قازی موحەمەد و چەند کەسێکی دیکە دیداریان دەکرد. لەو ماوەیەشدا ڕووسەکان دووجار لە قازی موحەمەد و سەرۆک عەشیرەتەکانیان دەعوەت کرد کە بۆ دیتنی ئازەربایجان و میرجەعفەر باقرئۆف بچنە باکۆ.

### ٣- گۆڕینی نێوی (کۆمەڵەی ژ.ک) بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان:

بۆ ئەوەی (کۆمەڵەی ژ.ک) کە داوای ئازادی بۆ هەموو میللەتی کورد دەکرد، لە باری نهێنی بێتەدەر و بە ئاشکرا دەست بە کاری ڕێکخستن و ئامادەکردنی خەڵک بکا؛ وە لەبەر ئەوەی لە هەلومەرجی زەمانی شەڕدا بتوانێ بە بارێکی ڕەسمی و ئاشکرا خەباتی خۆی درێژە پێبدا و، هەروەها کوردخۆرەکان و ڕۆژئاواییە لایەنگرەکانی ئەوانیش لە موخالەفەت و دژکاریی خۆیان کەم بکەنەوە، کۆمیتەی ناوەندی (کۆمەڵەی ژ.ک) دوای لێکۆڵینەوە لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی زەمانە هاتنە سەر ئەو مەبەستە کە نێوی (کۆمەڵەی ژ.ک) بگۆڕن و، تەنیا لە چوارچێوەی ئێراندا، داواکاری خودموختاری و ڕاپەڕاندنی کاروباری وڵات بە دەست گەلی کوردەوە بن. بەم جۆرە لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا( جێژنی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ک)، نێوی کۆمەڵەی ژ.ک بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان گۆڕدرا.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکی ٨ ماددەییدا خەبات و تێکۆشانی خۆی بۆ وەرگرتنی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا ڕاگەیاند.

بۆ کارو باری پاراستنی وڵات لە هێرشی سوپای ئێران و نەتەویستەکان، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی١٣٢٤ بە ڕەسمی بە ڕۆژی هێزی پێشمەرگە دیاری کرا و، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە باری ڕەسمی و نیزامی دەستی بە خەبات بۆ پاراستنی وڵات و شۆڕش کرد.

### ٤- کۆماری کوردستان چۆن پێکهات؟:

بۆ ئەوەی کار و باری وڵات لەو حاڵەتی بیلاتەکلیفی بێتەدەرێ و خەڵکی کورد سەرنویشت (چارەنووس)ی خۆی بە تەواوی بە دەستەوە بگرێ و دنیای دەرەوەش بە چاوێکی باشتر تەماشای وەزعی کوردستان بکا، کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان تەسمیمی گرت کە حکوومەتی خودموختاریی کورد ئیعلام بکا. لە هەموو ئەندامان و هاواڵانی حیزب لە شار و دێهاتەکانی کوردستانی ئازاد و سەرۆک عەشیرەتەکان و پیاوماقووڵەکانی وڵات داوا کرا لە شاری مەهاباد کۆببنەوە. دوای کۆبوونەوەی هەموو نوێنەرانی حیزب و خەڵکی عادی و سەرۆک عەشیرەتەکان و تێگەیاندنی مەبەست لەو کۆبوونەوەیە لەلایەن کاربەدەستانی حیزبەوە، ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٦ز) لەمەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد، حکوومەتی جەمهووری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی موحەمەد لە نێو شادمانی و چەپڵەڕێزانی هەموو بەشداران لە ڕێوڕەسمێکی زۆر بەشکۆدا ئیعلام کرا.

بەداخەوە لەو ڕۆژە پیرۆزەدا، ئەمن بەشداریم نەبوو، چونکوو لە پێش ئەو جێژن و شادییەدا بە ئەمری پێشەوا بۆ کارێکی پێویست سەفەری تارانم کردبوو، لە ماڵی سەدری قازی نوێنەری شاری مەهاباد لە مەجلیس بووم.

### ٥- شێوەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان:

دوای ئیعلامی جەمهووری، کاروبار بە شێوەی ڕەسمی دەستی پێکرا و هەیئەتی دەوڵەتی کوردستان دامەزرا. هێزی پێشمەرگە، تەشکیلاتی ڕەسمی بۆ دیاری کرا و چوار کەس بە پێشنیاری کۆمیتەی ناوەندی حیزب و بە فەرمانی پێشەوا قازی دەرەجەی ژەنەڕاڵییان پێدرا و بەرگ و لیباسی ڕەسمی بۆ پێشمەرگە و ئەفسەرەکان دیاری کرا.

ئەو چوارکەسەی کە دەرەجەی ژەنەڕاڵییان پێدرا، بریتی بوون لە:

١- موحەمەد حوسێنخانی سەیفی قازی (وەزیری بەرگری)،
٢- مەلا موستەفای بارزانی،
٣- عومەرخانی شکاک [شەریفی] (سەرۆکی عێلی شکاک) و،
٤- حەمە ڕەشیدخانی قادرخانزادە لە بەگزادەکانی بانە. موحەمەد حوسێنخانی سەیفی قازی لە دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات و تەشکیلاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەروەها ئیعلامی جەمهووری کوردستان نەخشی بەرچاوی هەبوو. لەبەر ئەو تێکۆشان و

نەخشە گرینگانە لەلایەن پێشەواوە بە وەزیری بەرگری هەڵبژێردرا.

## ٦- تەشکیلی دەوڵەتی جەمهووری کوردستان:

تەشکیلی دەوڵەتی جەمهووری کوردستان کە بۆ هەوەڵین جار لە تاریخی نەتەوەی کورددا پێکهاتبوو، بوو بە باعیسی دەنگ و باسێکی زۆر لە ئێران و دونیادا. بەڵام ئەوکارە گرینگە چونکوو لەگەڵ موخالەفەت و بەرهەڵستی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان ڕووبەڕوو بوو، دەوڵەتە کوردخۆرەکان و پشتیوانەکانیان بۆ پاراستنی مەنافعی خۆیان و بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دەوڵەتی شۆڕەوی ئەوکارەیان زۆر پێ ناخۆش بوو. باوجودی موخالەفەت و بەربەرەکانی دەرەوە و ئێران و، نەبوونی دەرامەد و داهاتێکی بەرچاو و کزیی باری ئابووری لە ماوەی یەکساڵ ـ تەمەنی کورتی کۆماری مەهابادا، ئاڵوگۆڕێکی زۆر گرینگ و بنەڕەتی لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا بەدیهات کە بە کورتی بریتی بوون لەم خاڵانەی ژێرەوە:

* تەشکیلی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
* دامەزرانی مەدرەسەی کوردی و خوێندن بە زمانی کوردی کە بۆ هەوەڵین جار لە ئێراندا، منداڵانی کورد بە زمانی زگماکی خۆیان لە فێرگە و مەدرەسەکاندا دەرسیان دەخوێند.
* پێکهاتنی ڕوحی هاوکاریی و بڕوابەخۆبوون لە نێو خەڵکی کوردستاندا و هەستی سەربەخۆیی و کەسایەتی(شەخسییەت)ی میللی.
* تەشکیل و ئیعلامی هەوەڵین کۆمار لە تاریخ و سەربهوردی نەتەوەی کورددا.
* بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆوار بە زمانی کوردی بۆ پەرەپێدان بە زمان و کولتووری کوردی.
* ناردنی قوتابی کورد بۆ دەرەوەی کوردستان بۆ فێربوونی زانست و تێکنیکی تازە.
* دامەزرانی ئیستگای ڕادیۆ و دانانی چاپخانە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆوار و ڕۆژنامە و چاپەمەنی بۆ ئیدارەکانی کوردستان.
* پاراستنی مافی کەمایەتییەکانی دانیشتووی کوردستان (بۆ وێنە بۆ منداڵانی ٣٠ ماڵ جوولەکە لە مەهاباد مەدرەسەی تایبەتی دانرا کە منداڵە جوولەکەکان جیا لە زمانی کوردی و فارسی، زمانی عیبریشیان دەخوێند).
* ئاڵوگۆڕ لە وەزعی کشتوکاڵدا و باشتربوونی ژیان و گوزەرانی گوندنشینەکان و، لابردنی زوڵم و زۆریی لە سەریان تارادەیەکی بەرچاو.
* پێوەندی لەگەڵ ئازەربایجان بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی هەردوو وڵات.

## ٧- کۆماری کوردستان و سنووری ژێر دەسەڵاتی:

کۆماری کوردستان لە ئاراراتەوە تا نیزیک شاری سنەی لە ژێر حوکمدا بوو. دەسەڵاتی کۆماری کوردستان لە هەموو شارەکانی ماکۆ، خۆی، سەڵماس، ورمێ، بە پێی نفووس و لە هەموو دەوروبەری ئەو شارانە و هەرجێگایەک کە زۆرینەی دانیشتووانی کورد

بوون، هەروەها لە شارەکانی شنۆ، نەغەدە، مەهاباد، پیرانشار، سەرەشت، بۆکان و میاندواو و دەوروبەری شارەکانی سەقز و سایینقەڵا و تیکاب و هەموو گوندنشینەکان بەرقەراربوو.

## ٨- هەیئەتی دەوڵەت

هەیئەتی دەوڵەتی جەمهووری کوردستان لە کەسانێکی ناسراو لە ناوچەدا و بەگوێرەی هەلومەرجی ئەو سەردەمە شارەزا و لێهاتوو، پێکهاتبوو. زۆربەی وەزیرەکان تەحسیلات (خوێندەواری)ی قەدیمییان هەبوو. حاجی بابەشێخ و مەلا حوسینی مەجدی عالمی زۆر گەورەی دینی بوون. مەحموودی وەلیزادە و مەنافی کەریمی لە خوێندنی کلاسیک و تازە بەهرەمەند بوون، بەڵام لەسەریەک هەموو وەزیرەکان لە ناوچەدا سەرشناس بوون.

کاروباری بەڕێوەبردنی حکوومەت لە ڕێگای شۆڕ و مشوەرەتەوە بوو، بەڵام لە هەموو حاڵێکدا بەڕێوەچوونی کاروباری جەمهووری لە ژێر چاوەدێری و ڕێبەریی پێشەوا قازی دا بوو.

هەیئەتی دەوڵەتی کوردستان بە دڵسۆزی و عەلاقەوە کاریان دەکرد بەڵام بەداخەوە نەبوونی ئەزموونی سیاسی و بەرهەڵستی دەرەوە لە کاروباری کوردستان و تەمەنی کورتی کۆمار، ئیجازەی لەوە زیاتری نەدەدا.

هەیئەتی وەزیرانی کوردستان بریتی بوون لە:

١) حاجی بابە شێخ سیادەت: سەرۆک وەزیر
٢) مەلا حوسێنی مەجدی: وەزیری عەدڵییە
٣) موحەمەد حوسێنخانی سەیفی قازی: وەزیری بەرگری
٤) حاجی موستەفای داودی: وەزیری بازرگانی و تیجارەت
٥) مەنافی کەریمی: وەزیری پەروەردە و زانیاری(مەعاریف)
٦) سەدیقی حەیدەری: وەزیری تەبلیغات
٧) مەحموودی وەلیزادە: وەزیری کشتوکاڵ (کەشاوەرزی)
٨) سەید موحەمەدی تاهازادە(ئەیوبییان): وەزیری بێهداری (لەشساغی)
٩) خەلیلی خوسرەوی: وەزیری کار
١٠) ئەحمەدی ئیلاهی: وەزیری دارایی (ئیقتیساد)
١١) عەبدولڕەحمانی ئێلخانیزادە: وەزیری موشاویر
١٢) ئیسماعیلی ئێلخانیزادە: وەزیری ڕێگاوبان
١٣) کەریمی ئەحمەدەین: وەزیری پۆست و تێلگراف




۱۴) موحەمەد ئەمینی موعینی: وەزیری ناوخۆ(داخیلە)

زۆربەی وەزیرەکان، ئەندامی (کۆمەڵەی ژ.ک) و دواییش ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوون. هەرکەس بە ئەندازەی پێسپێراویی خۆی تێدەکۆشا، بەڵام هەڵسووڕێنەری ئەسڵی و ڕێنیشاندەری هەمووان پێشەوا قازی بوو.

### ۹- شەخسییەتی مەلا موستەفای بارزانی:

لە بارەی شەخسییەتی مەلا موستەفای بارزانی یەوە دەبێ ئەو مەبەستە بۆ هەموو کەس ڕوون و ئاشکرا بێ کە: مەلا موستەفا لە ڕێگای نەتەوەی کورد و بۆ ئازادی کوردستان زۆری زەحمەت کێشاوە. ساڵەها زیندان و دەربەدەریی دیوە و لە پێناوی ئازادیی نەتەوەی کورددا شەڕی کردووە. لە کۆماری مەهابادیشدا بە گەرمی هاوکاری دەکرد. بەڵام بە پێی داب و دەستووری عەشایری و شەخسییەتی ڕوحانی و ڕێبەریی بابوباپیرانی کە هەمیشە و هەموو وەختێک ڕێبەری عێل و عەشیرەتی خۆیان بوون، ئەمر و دەستوور و نەزەری خۆی لە نەزەری جەماعەتێکی بەدەوروبەرییەوە بوون باڵاتر دەزانی. لەبەر ئەوە ئەفسەرەکانی عێراقی وەکوو عیزەت عەبدولعەزیز و ئەوانی تر لە ئیعمالی نەزەری مەلا موستەفا دڵتەنگ بوون.

### ۱۰- شکستی کۆماری کوردستان:

بۆ شکستی کۆماری مەهاباد چەند هۆ و دەلیلی گرینگ هەبوو. دەوڵەتە گەورەکان لە هەموو دونیادا بە دوای مەنافیعی خۆیاندا دەگەڕێن. دەوڵەتی شۆرەویش دەیەویست ئیمتیازاتێک بەتایبەتی نەوتی باکووری ئێران وەدەستبهێنێ. ئینگلیسیش نەیدەویست لە کانگاکانی نەوتی ئێراندا شەریکی بۆ پەیدا ببێ و، ئەمریکاش دەیەویست لەو نمەدە کڵاوێکی پێ بگا.

بۆ وەدەستهێنانی ئیمتیازاتی نەوتی باکوور، دەوڵەتی شۆرەوی یارمەتییەکی زۆری بە دەوڵەتی ئازەربایجانی ئێران و فیرقەی دێمۆکرات دەکرد و، بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیشی تارادەیەک کۆمەک و یاریدە دەدا، بەڵام لە بەرانبەر یاریدە و کۆمەک بە ئازەربایجان زۆر کەم و تەنیا لە بەر لەنگەر ڕاگرتن بوو.

سەرۆک وەزیرانی ئێران «ئەحمەد قەوام»، بۆ فریودانی دەوڵەتی شۆرەوی ڕۆیشتە مۆسکۆ و، دوای وتوویژێکی زۆر قەراردادی نەوتی باکووری ئێرانی لە سەر پێودانی ۴۹٪ و ۵۱٪ لەگەڵ دەوڵەتی شۆرەوی ئیمزاکرد.

وە لە پێش ئەوەشدا، سێ کەس لە ئەندامانی حیزبی توودەی بۆ وەزیر لە دەوڵەتی خۆیدا هەڵبژاردبوو. بەڵام تەسویبی ئەو قەرارادەی بە ڕا و نەزەری نوێنەرانی مەجلسی ئێرانەوە بەستەوە. بۆ تەئمینیی هەڵبژاردنی مەجلیس، داوای لە شۆرەوی کرد کە دوای کشانەوەی هێزەکانی لە ئێران، ئیجازەی ناردنی هێزی سوپای ئێران بۆ ئازەربایجان و کوردستان بدرێ.

حکوومەتی شۆرەویش، بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە ئێران کەوتبوە ژێر فشاری ئەمریکا و ئینگلیس و، دوای وەرگرتنی قەول و قەرار لە ئەحمەد قەوام، دەستی بە کشانەوەی سوپای خۆی لە خاکی ئێران کرد. دەوڵەتی ئێران هێزەکانی خۆی ناردەوە ئازەربایجان و کوردستان. حکوومەتی ئازەربایجان شەڕێکی چکۆڵەی لە قافلانکوهـ کرد. سەرۆکەکان هەڵاتن بۆ شۆرەوی و ژمارەیەکی زۆر لە فیداییەکانی پێشەوەری کوژران. بەڵام لە کوردستاندا، لە نەتیجەی سیاسەتی پێشەوا قازی، ئەو پێشهاتە ڕووینەدا. شۆرەوی ئێرانی چۆل کرد، ئازەربایجان ئاشبەتاڵی کرد و سەرۆکەکانی هەڵاتن بۆ شۆرەوی. بەمجۆرە پشتی جەمهووری کوردستان خاڵی بوو.

سەرۆک عەشیرەتەکانیش بە بیستنی خەبەری تەسلیمبوونی ئازەربایجان، خۆیان کشاندەوە.

پێشەوا قازی سەرانی حیزب و دەوڵەت و خەڵکی شاری کۆکردەوە و داوای لێکردن نەزەری خۆیان نیسبەت بە شەڕکردن یا تەسلیمبوون بدەن. دوای وتووێژێکی زۆر قەراردرا، بۆ پێشگرتن لە خوێنڕێژی و کوشتوکوشتار، پێشەوا قازی لە گەڵ سوپای ئێران واردی گفتوگۆ بێ. دوای مولاقاتی پێشەوا لەگەڵ سەرتیپ هومایوونی فەرماندەی سوپای ئێران، هێزی سوپای ئێران بەبێ شەڕ و کوشتار واریدی مەهابا بوون. پێشەوا قازی باوجودی ئەوەی بۆی مومکین بوو بڕوا و، مەلا موستەفاش زۆری حەول دا، بەڵام ئامادەی ڕۆیشتن نەبوو، فەرمووی: من خەڵکی شار و وڵاتی خۆم بەجێ ناهێڵم و ئامادەم بۆ هەموو پێشئامەد و سەرنوشتێک. ئەمن ناتوانم ژن و منداڵی کورد لە ژێر دەستی دوژمندا بە جێبهێڵم. بەو جۆرە بۆ وتووێژ لەگەڵ فەرماندەی لەشکری ئێران ئامادە بوو.

خولاسە هۆیەکانی شکستی جەمهووری کوردستان:

١- پشتبەردانی شۆرەوی،
٢- تەسلیمبوونەوەی ئازەربایجان و هەڵاتنی سەرۆکەکانیان و،
٣- پشتبەردانی عەشایر و زۆڵە کوردەکان بوون.

وەختێک ڕووسەکان پشتی ئازەربایجان و کوردستانیان بەردا، بۆ پێشەواقازی کە ئەرکی گەورەی پاراستنی خەڵکی کوردی بە ئەستۆوە بوو، زۆر سەخت و دژوار بوو. بەڵام پێشەوا قازی مەتانەت و گەورەیی خۆی زیاتر نیشان دا و ترس دای نەگرت، بە دەربڕینی پێناخۆشبوونی خۆی لەو پێشامەدە، ئامادەگی خۆی بۆ فیداکاری لە پێناو میللەتی کورددا بە ئیمانی پتەو و ڕووی خۆش نیشان دا. فەرمووی: دۆستەکانمان ناپیاوەتییان لە گەڵ کردین بەڵام ئێمە بە ڕێی خۆمان وەفادارین و ئەو شێعرە فارسییەی خوێندەوە:

سر که نه در راه عزیزان بود
بار گرانی است کشیدن به دوش
(سەر ئەگەر لە ڕێگای عەزیزاندا نەبێ ـ بارێکی گرانە هەڵگرتنی بە شان)

## ١١- چۆنیەتی گرتن و موحاکەمەی پێشەوا و یارانی:

پێشەوا قازی سەرەڕای ئەو هەموو حەول و تەقەللایەی بۆ ڕۆیشتن لەگەڵی درا، ئامادە نەبوو خەڵک بەجێبێڵێ و بۆ پاراستنی خەڵکی کورد ئامادەی مولاقات لەگەڵ سەرتیپ هومایوونی بوو. جارێک لە دێی حەمامیانی نیزیک بۆکان لە ماڵی مەحموود ئاغای ئیلخانیزادە کە بە پشتبەردانی جەمهووری لە گەڵ دەوڵەت سازابوو و، جاری دووەمیش لە شاری میاندواو مولاقاتی فەرماندەی لەشکری ئێرانی کرد و قەول و قەراری لەگەڵ دانا کە مەهاباد بەبێ شەڕ تەسلیم بێ و ئەرتەشیش بە ئارامی بێتە نێو شار و هەتا لەشکری ئێران واریدی شار نەبێ، عەشایر هەقیان نییە بێنە نێو شارەوە.

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی، هێزی سوپای ئێران زۆر بە ترس و ئیحتیات واریدی مەهاباد بوو. دوای چەند ڕۆژێک بە مەبەستی چاکداماڵین و کۆکردنەوەی چەک و تەقەمەنی، پێشەواقازی و ئەو کاربەدەستانەی لە شاردا مابوون بۆ دەفتەری فەرمانداریی نیزامی بانگ کران، شەوی ئەوەڵ پێشەوا و هەموو بەشداران لە کۆبونەوەکە دا گەڕانەوە ماڵی خۆیان. بەڵام ڕۆژی دووەم کۆبوونەوە درێژەی پێدرا و دوای نوێژی شێوان پێشەوا و ژمارەیەکی دیکە لە کاربەدەستانیان ڕاگرت. پێشەوا و سەیفی قازی لە فەرمانداریی نیزامی و باقی دەزگیرکراوەکان تەحویلی زیندانی شارەوانی دران.

دادگای زەمانی جەنگ تەشکیل درا و دەستیان کرد بە لێپرسین و موحاکەمەی دەزگیرکراوەکان. دادگای هەوەڵ بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ «پارس تەبار» فەرمانداریی نیزامی مەهاباد و دادستان سەرەنگ ٢ «فیوزی» ڕەئیسی ستادی لەشکر پێکهات. لەو ماوەیەدا سەدری قازی برای قازی موحەمەد کە نوێنەری مەجلیس بوو لە تاران دەزگیر کرا و بۆ موحاکەمە هێندراوە مەهاباد. دوای موحاکەماتێکی دوورودرێژ دادگای هەوەڵ حوکمی ئیعدامی قازییەکانی دەرکرد. لەو ماوەیەدا دەنگۆ هەبوو کە ئەمریکاییەکان لە زینداندا دەگەڵ پێشەوا قازی دیداریان کردووە بەڵام پێشەوا تەسلیمی نەزارەتی ئەوان نەبووە.

دوای نیزیک دوو مانگ و نیو مانەوە لە زیندان کە مانگ و نیوی دوایی لە سەربازخانەی مەهاباد و لە زینداندابوون، دادگای تەجدید نەزەر(بڕیار نوێکردنەوە) بە هاتنی ژمارەیەک ئەفسەر لە تەورێزەوە پێکهات.

سەرۆکی مەحکەمەی دووەم سەرهەنگ« عەتا» و داستانی مەحکەمە سەرهەنگ «نیکوزاد» بوون. دادگای دووەم دوای ٤٨ سەعات موحاکەمە و تاوانبارکردن، حوکمی دادگای هەوەڵیان بە سەر پێشەوا و هاواڵەکانیدا سەپاند کە دوای تەئییدی ستادی ئەرتەش و شای ئێران، شەوی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد شەهید کران.

## ١٢- چۆنیەتی شەهیدکرانی پێشەوا و هاواڵەکانی:

شەوی ١٠ی خاکەلێوە، لە زیندان بە پێشەوا و هاواڵەکانی ڕادەگەیێنن کە دەستوور هاتووە بیان بەن بۆ تاران، لە سەعات ١٢ی

شەو، لە پێشدا پێشەوا قازی سواری ماشێنێکی پڕ لە سەرباز دەکەن و دەیهێنن بۆ فەرمانداریی نیزامی (عیمارەتی ئێستای شارەداری لە مەیدانی چوارچرا). پێشەوا بە دیتنی وەزعی مەیدان و کۆبوونەوەی سربازێکی زۆر دەزانێ کە درۆیان لەگەڵ کردووە، دەیبەنە عیمارەتی شارەداری. سەرهەنگ نیکوزاد دادستانی مەحکەمەی دووەم و فەرمانداری نیزامی سەرهەنگ پارس تەبار و ڕوحانییەکی مەحەللی لەو هۆدەیەدا دەبن، لەوێ حوکمی دادگا بۆ پێشەوا قازی دەخوێننەوە و دەڵێن هەر وەسێتێکت هەیە بیکە. پێشەوا بەو ڕوحی گەورە و نەترسی خۆیەوە دوای بیستنی حوکمی دادگا وەسێتنامەی خۆی دەنووسێ. لە وەسێتنامەی مێژوویی خۆیدا دوای بەرهەق زانینی داوای خۆی بۆ ئازادی میللەتەکەی، بەشێک لە دارایی خۆی بۆ دروستکردنی مەدرەسە و بیمارستان لە شاری مەهاباد تەرخان دەکا. دوای دوو ڕەکاعەت نوێژ ئامادەی چوونی مەیدانی ئیعدام دەبێ و دەفەرموێ: چونکوو لە ئیسلامدا لە داردان باش نییە داوادەکەم گوللەبارانم بکەن. بەڵام داواکەی لێ قەبوڵ ناکەن. وەختێک دێن چاوی ببەستن دەفەرموێ چاوم مەبەستن من لای میللەتی خۆم شەرمەزار نیم دەمەوێ لە دواکاتی ژیانیشمدا چاوم لە کوردستان بێ. دوای ئەوە لە سەر کورسی ئیعدام بە دەنگێکی بەرز دەفەرموێ: «ئێوە قازی موحەمەدێک دەکوژن، بەڵام لە هەر قەترە خوێنێکی من قازی موحەمەدێک بە وجود دێ، بژی کوردستان». بەو جۆرە پێشەوا بە قەولی خۆی وەفا دەکا و ڕوحی گەورە و پاکی خۆی فیدای کورد و کوردستان دەکا.

دوای ئیعدامی پێشەوا قازی، ژەنەراڵ سەیفی قازی کە سواری ماشێنی دووەم کراوە، دەبەنە ژووری فەرمانداری و حوکمی دادگای بۆ دەخوێننەوە و داوای لێدەکەن هەر وەسێتێکی هەیە بیکا. حەمەحوسێنخان بە شەهامەتەوە لە پشت میزێک دادەنیشێ و وەسێتنامەی خۆی دەنووسێ، وەختێک دەیهێننە مەیدانی چوارچرا و تەرمی پێشەوا بە دارەوە دەبینی حەملە بە سەربازەکانی دەوروبەری دەکا و نەعرەتە لێدەدا و بە دەنگێکی بەهێز، ترس و لەرزە دەخاتە دڵی دوژمنانەوە و دانیشتووانی دەوروبەری مەیدان لە خەو هەڵدەستێنێ و دەگوڕڕێنێ: بژی پێشەوای موعزەمی کوردستان، بژی کوردستان. سەربازەکان دەوری دەگرن و بە زۆر تەنافی دار دەخەنە ئەستۆی، تەنافەکە هێزی هەڵکێشانی سەیفی قازی نابێ و دەپچڕێ، ناعیلاج دەیهێننە بەر داری سێیەم کە بۆ سەدری قازی ئامادەکرابوو، لەوێ لە داری دەدەن و شەهیدی دەکەن. ماشینی سێیەم کە هەڵگری سەدری قازی یە واردی مەیدانی چواررا دەکەن. سەدری قازیش دەبەنە ژوورەکەوە و حوکمی دادگای بۆ دەخوێننەوە. ئەویش دوای وەسێتکردن و نووسینی نامەیەک بۆ کچی گەورەی، لە وەختی ڕوونبوونەوەی ڕۆژی دووشەمۆ ١٠ی خاکەلێوە ئیعدام و شەهید دەکرێ (ڕوحیان شاد بێ).

تەواوی شەقامەکانی دەوروبەری چوارچرا و سەربانی ماڵەکان لە نیوەشەوەوە بە سەرباز تەنرابوو. لە بەر یاسای قەدەغەکردنی هاتوچۆ کەس بە دەرەوەنەبوو، تەنیا ماڵەکانی ڕووبەڕووی مەیدانی چوارچرا لەهاتوچۆی سەربازەکان و تەقەی هەڵخستنی دارەکان هەستیان بەکارەساتێک دەکرد، بەڵام نەیاندەزانی چییە. بە ڕووناکبوونەوەی ڕۆژ و لابردنی قەدەغەی هاتوچۆ، خەڵکی شار لەو کارەساتە دڵتەزێنە ئاگادار بوون. شاری مەهاباد بوو بە مەحشەر، تەواوی ژن و منداڵ و زۆربەی پیاوانی شاری مەهاباد بە هاوار و ڕۆڕۆ ڕوویان کردە چوارچرا.

تەرمی پیرۆزی شەهیدەکان لە سەعاتی هەشتی بەیانی هێندرانە خوارێ و، بۆ غوسڵ و شوتن بردیاننە مزگەوتی حاجی ئەحمەد. لەوێ لە ژێر چاوەدێری گروهانێک سەربازدا دوای شوشتن و کفنکردن بەرەو گۆڕستانی شار لە داوێنی کێوی داشامەجید وەڕێخران. هەر

ئەوەندەی تابووتەکان واردی گۆڕستان بوون تەواوی خەڵکی شار(ئەوەد لە سەدی خەڵک) بە دیتنی تابووتی شەهیدان لە گابۆڕیان دا و، ژن و منداڵ خۆڵی سەرقەبرانیان وەسەر خۆیان دەکرد. سەربازەکان بە دیتنی ئەو وەزعە زۆر ترسان و سەرنێزەیان لە تفەنگەکانیان دا و فیشەکیان بردە بەر لوولەی تفەنگ و بە زۆریی سەرنێزە ڕێگای سەر گۆڕەکانیان کردەوە. دوای بە خاکسپاردنی شەهیدەکان خەڵکیان بە زۆری سەرنێزە لە قەبرستان دوورخستەوە و سەربازەکان لە گۆڕستان مانەوە. دیتنی ئەو ڕۆژە قەت لە بیر ئەو کەسانەی شاهیدی ڕووداو بوون ناچێتەوە.

## ١٣- هەینەتی دەوڵەتی کوردستان چیان بەسەرهات؟:

لەگەڵ گیرانی پێشەوا و سەدر و سەیفی قازی، زۆربەی وەزیرەکانی کۆماریش دەزگیر و زیندانی کران و بۆ موحاکەمە نێردرانە تەورێز. حاجی بابەشێخ، حاجی موستەفای داودی، ئەحمەدی ئیلاهی، سەید موحەمەدی تاهازادە(ئەیووبییان)، کەریمی ئەحمەدەین، مەحموودی وەلیزادە و زۆر کەسی دیکە وەکوو عەزیز خانی کرمانج، حوسێنی فروهەر(زێڕینگەران)، موحەمەدی یاهوو و چەند ئەفەر لە ئەفسەرەکان وەکوو حامیدی مازووچی، موحەمودی نازمی، ڕەسووڵی نەغەدەیی و موحەمەدی ڕەوشەنفکر و، هەروەها ژمارەیەکی دیکەش لە کاربەدەستانی کۆمار لە تەورێز موحاکەمە و مەحکووم بە ئیعدام و حەبس کران. حەفتەیەک دوای ئیعدامی پێشەوا و سەدر و سەیفی قازی، چوار ئەفسەری کورد: حەمید مازووچی، موحەمەد ڕەوشەنفکر، ڕەسووڵی نەغەدەیی و موحەمەدی نازمی لە تەورێزەوە هێرانەوە و لە مەیدانی چوارچرا ئیعدامیان کردن. ئەوانی دیکەش لە دوو ساڵەوە تا حەبسی ئەبەد حوکم دران و لە تەورێزەوە بردیاننە ورمێ بۆ موحاکەمەی دووەم. حاجی بابە شێخ بە موناسەبەتی ئاشنایەتی زووی لەگەڵ سپەهبود شابەختی فەرماندەی لەشکری ئازەربایجان، زووتر ئازاد کرا.

لە ٢٥ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاویدا، ژمارەیەک لە پیاوەگەورەکانی عێلی بەگزادەی فەیزوڵلابەگی لە بۆکان و سەقز موحاکەمە و ئیعدام کران کە بریتی بوون لەم شەهیدانە:

١- عەلی بەگی شێرزاد(یەکشەوە) فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە بۆکان،

٢- موحەمەدخانی فاررووقی،

٣- عەبدوڵلاخانی مەتین،

٤- حەمەخانی دانیشوەر(ئەو سێیانە برابوون)،

٥- موحەمەدخانی فەیزوڵلابەگی،

٦- حەسەنخانی فەیزوڵلابەگی،

٧- عەلی خانی فاتیح،

٨- ئەحمەدخانی شەجیعی کە ئەم هەشت شەهیدە لەگەڵ عەلی بەگی شێرزاد لە عێلی فەیزوڵلابەگی، هەموو برا و ئامۆزا و لەگەڵ پێشەوا قازیش خزم بوون(دایکی پێشەوا قازی کچی ئاغاشێربەگی فەیزوڵلابەگی بوو)،




٩- عەلی ئاغا جەوانمەردی،

١٠- ڕەسووڵ ئاغا جەوانمەردی(لە عێلی گەورکی سەقز)،

١١- شێخ سەددیق ئەسعەدی و،

١٢- شێخ ئەمین ئەسعەدی(لە شێخانی دەوروبەری سەقز). وەک گوتمان عەلی بەگی یەکشەوە لە بۆکان و یازدە کەسەکەی دوایی لە سەقز ئیعدام کران.

نیزیکەی سێسەد کەس لە مەهاباد و سەقز و بۆکان دەزگیر و زیندانی کران کە ماوەی زندانیان لە شارەکانی مەهاباد و تەورێز و ورمێ گوزەراند.

خەڵکێکی زۆر بۆ ئەسلەحە دەزگیر کران و، دوای لێدان و ئەشکەنجە و لێ ئەستاندەوەی چەکەکان یان پێ کڕینیان ئازاد کران. گۆیا بیست هەزار تفەنگ و دەمانچە لە خەڵکی ئەستێندرانەوە، بەڵام بەو هەموو زەبرو زەنگەشەوە، دەوڵەتی ئێران کە لە پشتیوانی عەشاریش بەرخوردار بوو نەیوێرا دەست بە قەتڵی عامی خەڵکی کورد بکا، چونکوو ئامادەگی نیزامی و هەروەها ڕەگ و ڕیشەی واقیعیی جووڵانەوەی کوردستان لە دڵی نەتەوەی کورددا هەبوو. دوای شەهیدکردنی پێشەوا و هاواڵەکانی و شەهیدەکانی بۆکان و سەقز و مەهاباد و، گرتن و مەحکوومکردنی سێسەد کەسی دیکە، دوای ئەوە دەوڵەتی ئێران فەرمانی عەفوی دەرکرد.

## ١٤- خاترەیەک لە موحاکەمەی پێشەوا قازی

لە دادگای دووەمدا، سەرهەنگ نیکوزاد دادستانی دادگا لەگەڵ تاوانبارکردن و داوای ئیعدامکردنی پێشەوا و سەدر و سەیفی قازی، تەوهین بە میللەتی کورد دەکا و کوردان بە سەگ سفەت لەقەڵەم دەدا. پێشەوا قازی تووڕە دەبێ و هەڵدەستێ، بە سەندەڵییەکەی ژێرخۆی پەلاماری دادستان دەدا و لە حاڵێکدا کورسییەکەی پێدادەدا، دەڵێ: ئەتۆ ڕێتناکەوێ تەوهین بە میللەتی کورد بکەی.

دادگا دەشڵەژێ و بۆ ماوەیەک مەحکەمە تەعتیل دەکرێ. دوای کۆبوونەوەی دووبارە، دادگا درێژە بە کاری خۆی دەدا و دادستان لە قسەکانیدا، پێشەوا و هاوکارەکانی بە خاین بە ئێران ناودەبا، دیسان پێشەوا قازی تووڕەدەبێ و دووبارە هێرش بۆ دادستان دەکا و دەفەرموێ: خاین ئێوەن، داگیرکەر ئێوەن، ئێمە داوای مافی خۆمان دەکەین، ئەمن ئێسقانی هەشت پشتم لەم خاکەدایە، ئەمن بەو خاکە و بە ئێسکی باب و باپیرانی خۆم خەیانەت ناکەم ، ئەمن دەمزانی بە هاتنەوەی ئێوە دەگیرێم و دەشمزانی دەمکوژن، هەرچەند هەموو وەسیلەی ڕۆیشتن بۆمن ئامادەبوو، ئەمن نەمتوانی ئەم خاکە و خەڵکی کوردستان بە جێبهێڵم و بڕۆم بۆ دەەوەی وڵات، دەنا ڕۆیشتن بۆ من ئاسان بوو.

## ١٥- هەژار و هێمن




ئەو دوو شاعیرە کە دەزەمانی حکوومەتی میللی کوردستاندا لەلایەن پێشەوا قازییەوە لەقەبی (شاعیری میللی)یان پێدرابوو، زۆر خۆشەویست بوون. ئەو دوو شاعیرە گەورە، زۆر بەهەست و ئیحساس و، خاوەن بیروبڕوایەکی پاک و خاوێن بە نەتەوەی کورد بوون و تا دوا هەناسەی ژیانیان لە پێناو گەل و نەتەوەی خۆیاندا بۆ بووژاندنەوە و گەشەپێدانی زمان و ئەدەبیاتی کورد تەلاش و کۆششیان کرد.

دوای تێکچوون و شکستی کۆمار، مامۆستا هەژار ڕۆیی بۆ عێراق و هەموو نارەحەتی و دەربەدەری و ڕووتی و برسێتی قەبوڵ کرد و لە دواییدا تێکەڵ بە شۆڕشی مەلا موستەفا بوو. دوای مامۆستا هەژار ، مامۆستا هێمنیش کە لە ژێر چاوەدێری دابوو، لە ترسی گرتن و ئەشکەنجە ڕای کردە عێراق و تا تێکچوونی ڕێژیمی پاشایەتی لە وێ مایەوە و دوای شکستی ڕێژیمی شا گەڕایەوە مەهاباد.

مامۆستا هەژار، دوای شکستی شۆڕش لە ساڵی ۱۹۷۵، لەگەڵ بارزانییەکان گەڕایەوە ئێران و تا ڕۆژی وەفاتی، لە شاری کەرەج دادەنیشت و خەریکی نووسین و تەرجومەی کتێبی کوردی و نووسینی قامووسی کوردی و تەرجومەی قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی بوو.

مامۆستا هێمن دوای هاتنەوەی لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هاوکاری دەکرد و، دواییش چوە ورمێ و بوو بە سەرنووسەری گۆواری (سروە) کە لە لایەن دەوڵەتەوە بە زمانی کوردی بڵاودەکرێتەوە. مامۆستا هێمن لە ڕۆژی ۲۸ / ۱ / ۱۳۶۵ی هەتاوی بە نەخۆشی دڵ لە شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی بە ڕێز و حورمەتەوە لەلایەن عەلاقەمەندان و خزمانییەوە هێندراوە مەهاباد و لە گۆڕستانی بوداق سوڵتان تەسلیم بە خاک کرا. مامۆستا هەژاریش ڕۆژی ۲ / ۱۲ / ۱۳۶۹ بە نەخۆشی دڵ لە بیمارستانی تاران کۆچی دوایی کرد و، تەرمەکەی بە ڕێز و حورمەتێکی زۆرەوە لەلایەن کوردەکانی تارانەوە بەرەو مەهاباد وەڕێخرا. خەڵکی شاری مەهابادیش بە سەدها ئۆتۆمبیل تا شاری بناوی ئازەربایجان چوونە پێشوازی و پاشان تەرمەکەی بردرا بۆ مزگەوتی جامیعە و، دوای خوێندنی نوێژی جومعە بە سەر شانی زۆربەی دانیشتووان و لاوەکانی مەهابادی، لە مزگەوتی جامیعە بەرەو گۆڕستانی بوداق سوڵتان لە نێو دروشم و شوعاری: بژی کوردستان، هێمن و شەهیدان میوانتان بۆ هات، ڕەوانەی کۆڕستان کرا. کاک مەسعود بارزانی و ژمارەیەکی زۆر چەکداری بارزانی لە سەر قەبران بوون و لە ڕێوڕەسمێکی گەورە و خوێندنەوەی وتار و شێعر و ئیحساساتی تووند، لە لای مامۆستا هێمن و مەلا غەفووری دەباغی تەسلیم بە خاک کرا. ڕوحی هەموویان شاد بێ.

## ۱۶- ڕۆڵی عەشایر لە شکستی کۆمار دا

هەر وەکوو لە هۆیەکانی شکستی کۆماردا باسمان کرد، دوای ئەوەی دەوڵەتی شورەوی دەستی بە کشاندنەوەی هێزەکانی خۆی لە ئێران کرد و پشتی هەر دوو دەوڵەتی ئازەربایجان و کوردستانی بەردا؛ زۆربەی سەرۆک عەشیرەتەکان لە ژێرەوە دەستیان بە گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران کرد. هێزی عەشیرەی شکاک بە سەرۆکایەتی ئەمەرخان دەوروبەری سەقزی بەجێهێشت و هاتنەوە دەوروبەری بۆکان.

عەشیرەی دێبۆکریی بۆکان، پردی بۆکانیان ڕووخاند بۆ ئەوەی لە پاشەکشەی هێزەکانی کوردستاندا خراپکاری بکەن. ئەوەبوو بە نیزیکبوونەوەی سوپای ئێران، هەلپەرستیی خۆیان نیشاندا و گەڕانەوە لای دەوڵەت و پشتی کۆماریان چۆڵ کرد و، لەگەڵ سوپای ئێران بۆ گرتنەوەی مەهاباد و لە دواییدا بۆ شەڕکردن لەگەڵ هێزەکانی مەلا موستەفا تا نەغەدە و شنۆ و سنووری ئێرانیش یاریدەی هێزی دەوڵەتییان دا.

### ١٧- خۆشترین و ناخۆشترین خاترەی خۆم لە تەمەنی کۆماری کوردستاندا

دەستنیشانکردنی خاترەیەک بۆ خۆشترین خاترە دژوارە، چونکوو ئەو یەکساڵەی تەمەنی کۆمار بۆ من و هەر کوردێک هەمووی هەر خاترەی خۆش و بەدیهاتنی ئاواتی لەمێژینەی گەلێکی بەشخوراو و زوڵملێکراو بوو.. خاتراتی خۆشی من لەو دەورانەدا، لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی جەمهووریدا بوو(هەرچەند خۆم لەو کاتەدا لە مەهاباد نەبووم)، کە لە تاران، پێشوازییەکی گەرم و بەشکۆ لەلایەن ئازادیخوازانی ئێران و کوردەکانەوە لە پێشەوا قازی موحەمەد کرا و بۆخۆم شاهیدی بووم. بەڵام خاترەیەکی دیکەی خۆش کە زۆر لە سەر بیر و هەستی من ئەسەری دانا و ئێستاش هەر لە یادمە و لە پێش چاومە ئەوە بوو: لە سەفەرێکدا کە لە خزمەت پێشەوا قازی و جەنابی حاجی باباشێخ بۆ باکووری کوردستانی ئازاد (ورمێ، سەڵماس، خۆی و ماکۆ) کردمان، لە هەموو ئەو شار و دێهاتانەدا لە لایەن خەڵک و دانیشتووانی کوردستانەوە پێشوازییەکی گەرم و بە تین لە سەرۆک کۆماری کورد و هاوڕێکانی کرا، وەختێک لە شاری خۆی بەرەو سەڵماس و لەوێشەوە بەرەو ماکۆ دەڕۆیشتین لە دوورەوە کێوی سەربەرزی ئاگری (ئاراڕات) بە مێزەری سپی بەفرەوە دەرکەوت، پێشەوا قازی بە دڵێکی پڕ لە ئیحساسەوە دوو جار فەرمووی: سڵاو لە تۆ ئەی ئاگری، سڵاو لە تۆ ئەی ئاگری.. لەو لەحزەیەدا هەستی پێشەوای گەورەی کورد لە دیتنی ئاگری و سڵاو لێکردنی بە ئاشکرا، بیروباوەڕی وی بە تاریخی کورد و داوای ڕەوای بۆ وەرگرتنی ماف و ئازادی و ئەو شەهیدانەی لە قیامی ئاگریدا دەوریان گێڕاوە و خوێنی پاکی خۆیان فیدای ڕێگای ئازادیی نەتەوەی کورد کردوە نیشاندەدا و، هیوا و هومێدی پێشەوای بۆ ئازادی هەموو کوردستان و میللەتی کورد دەردەخست. ئەمن کە لاوێکی ٢٢ ساڵە بووم لە دیتنی ئەو دیمەنە، ئیحساسی غروور و شادی و ئیفتیخارم کرد و فرمێسک بە چاومدا هاتنەخوارێ و لە بەرانبەر ئاگری و میللەتی کورد و پێشەوای کوردستاندا کە وەی بە قەد کێوی ئاگری بەرز و پتەو بوو، سەری تەعزیم و کرنۆشم دانواند.

ناخۆشترین خاترەشم، خاترەی دڵتەزێنی دیتنی تەرمی پیرۆزی پێشەوا قازی موحەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی لە مەیدانی چوار چرا بە سەر دارەوە بوو، ئەو ساتە کە کاس و گێژ تەماشای تەرمی ئەو سەردارانەم دەکرد، ئەو کاتەی کە تەرمەکانمان ڕەوانەی گۆڕستانی شاری مەهاباد کرد و هاوار و ڕۆڕۆی ژن و منداڵ و گەورە و بچووکی هاوشاریانم دیت کە دەتگوت قیامەت ڕابووە، تاڵیی و ناخۆشی و غەم و پەژارەی ئەو ڕۆژە ڕەشەم تا مردن لە بیر ناچێت.

### ١٨- بیر و ڕا سەبارەت بە ڕاپەڕینی باکووری کوردستان

هەر وەک چۆن شێخ سەعید و مەلا سەلیم، شێخ عوبەیدوڵڵا و شێخ مەحموود، سمکۆ و پێشەوا قازی و هەموو ئەو سەردارانە و تەواوی ئەو شەهیدانەی بۆ ئازادی کوردستان جەنگاون و خۆیان فیدای میللەتی کورد کردووە، ڕێگای خەبات درێژەی هەیە و دوای ئەوانیش ڕێگای دوکتور قاسملوو و دوکتور سادق و هەزارانی دیکە بۆ خەبات لە پێناو ئازادی و سەندنی مافی نەتەوایەتی کورد هەر درێژەی دەبێ. لە حاڵی حازردا لە کوردستانی باکوور ئاڵاهەڵگری ڕاستەقینەی ئەو ڕێگا پڕ لە شانازییە(پ.ک.ک)ەیە و ئاپۆ ئاڵاهەڵگری پێشەوەی میللەتە. بەش بە حاڵی خۆم هیوا و هومێدێکی زۆر و گەورەم بەو خەبات و تێکۆشانە هەیە و، هیواشم وایە کە ئەو خەباتکارە کۆڵنەدەرانە خۆیان لە چەپڕەویی توند بپارێزن، چونکوو تا ئەمڕۆ خەباتەکانی میللەتی کورد لە چەپڕەوی زیانیان

زۆر دیوە. فیداکاری و خۆبەختکردنی کوردەکانی باکووری کوردستان(تورکیە) ئاسۆی ڕووناکیی ئازادی تێدا بەدی دەکرێ. ڕاگرتنی ویجهەی کورد لە دنیای دەرەوە بەتایبەت لە ئورووپادا زۆر پێویستە.

هەلومەرجی ئەمڕۆکە لە جیهاندا زۆر موساعید بە حاڵی میللەتی کوردە و مەزڵومیەتی کورد بۆ بیروڕای گشتی ئاشکرا بووە. بە یەکگرتوویی خەڵک و ڕێبەرایەتی ئاگایانەی ڕێبەرەکان ڕۆژی ڕزگاری نیزیکە بە هومێدی خودای گەورە.

## ١٩- گۆوار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆمار

لە پێش دامەزرانی کۆماری مەهاباد و لە زەمانی خەباتی کۆمەڵەی ژ.ک دا گۆواری (نیشتمان) بە سەرنووسەریی عەبدولڕەحمانی زەبیحی بڵاودەکراوە، ئەو گۆوارە زۆر بە نهێنی لە شاری تەورێز چاپ دەکرا و لە کوردستان بڵاودەبووەوە. زۆر بە نرخ و، پڕ بوو لە نووسراوەی سیاسی و شێعر و گوتار بۆ ئاگاداریی نەتەوەی کورد و هاندانیان بۆ خەبات.

دوای دامەزرانی کۆمار، ڕۆژنامەی (کوردستان) لە شاری مەهاباد و لە چاپخانەی کۆماردا بە سەر نووسەریی سەید موحەمەدی حەمیدی بڵاودەکراوە. ڕۆژنامەی (کوردستان) ئۆرگانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی حیزب و دەوڵەتی کوردستان بوو. هەیئەتی نووسەرانی بریتی بوون لە سەید موحەمەدی حەمیدی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی، دڵشاد ڕەسووڵی، ئیبراهیمی نادری و کەسانی دیکە، کە هاوکاریان دەکرد و وتاریان لە بارەی مەسایلی ڕۆژ و داواکارییەکانی کوردستان و دەنگ وباسی وڵات دەنووسی.

گۆواری (گوڕوگاڵی منداڵانی کورد)، گۆوارێک بوو بۆ منداڵان و تازەلاوان کە سەرنووسەرەکەی ئاغای قادری مودەڕڕیسی بوو. گۆواری (هاوار) کە ماوەی دەرچوونی زۆر درێژ نەبوو. گۆواری (هەڵاڵە) لە شاری بۆکان بە هۆی مامۆستا قزڵجی و مامۆستا عەباسی حەقیقی یەوە دەنووسرا و بڵاودەکراوە. گۆوارێکی باش و پڕنێوەرک بوو.

گەڵاڵەی کتێبی دەرسیش بۆ پۆلەکانی سەرەتایی ئامادە کرابوو، بەڵام بەداخەوە لە بەر کورتی تەمەنی کۆمار چاپ نەکران.

## ٢٠- له بارەی ئەخلاق و بیروباوەڕی پێشەوا قازی موحەمەدەوە

پێشەوا قازی له ساڵی ١٢٧٩ی هەتاویدا له شاری ساباڵغ (مەهاباد) هاتووەته دنیا، باوکی _ خوالێخۆشبوو قازی عەلی و دایکی _ گەوهەرتاج (کچی ئاغاشێربەگ) له بنەماڵەی گەورەی فەیزوڵلابەگی بووە. پێشەوا هەر له سەرەتای خوێندنیەوە زۆر ئەهلی موتاڵا و بۆ فێربوونی شتی تازە کۆششی کردووە. دوای تەواوکردنی دەرسی علوومی دینی و مەعاریفی ئیسلامی، لەبەر عەلاقەمەندیی به خوێندی منداڵانی کورد هەوڵی دانانی مەدرەسەی به شکڵی تازه له مەهاباد داوه و، لەبەر ئەوەش سەرۆکایەتی مەعاریفی له ساڵی ١٣٠٥ی هەتاویدا له شاری مەهاباد به عۆده گرتووه. له ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی دوای وەفاتی قازی عەلی له جێگای باوکی داندراوه و له تارانیشەوه فەرمانی قەزاوەتی ناوچەی موکریانی بۆ هاتووه. پێشەوا، بۆ باڵابردنی زانست و ئاگاداری له ئەوزاعی زەمان، مۆتاڵای کتێب و ڕۆژنامه و گۆواری زۆر بوو. لەبیرمه، پێشەوا گۆواری (گەلاوێژ)ی له بەغداوه بۆدەهات.

پێشەوا، لەلایەن میستەر (میلر)ی ئەمریکایی که له مەهاباد دادەنیشت و قەشه بوو، دەرسی زمانی ئینگلیزی دەخوێند که له هەلومەرجی ئەو زەماندا شتێکی زۆر تازه و بێوێنه بوو. هەروەها لەلای میسیۆ (شاڵک) که ئاڵمانی بوو و له مەهاباد دادەنیشت دەرسی زمانی ئاڵمانی دەخوێند. (لەو سەردەمەدا ئەمریکایی و ئاڵمانی له مەهاباد به نێوی مەزهەبییەوه نوێنەریان هەبوو).

پێشەوا به ئەندازەیەک شەوقی فێربوون و موتاڵای هەبوو، که له وەختی نانخواردنیشدا کتێبی دەخوێندەوه. زۆری کتێب دەکڕی، له کتێبخانەکەیدا هەموو چەشنه کتێبی عەرەبی، فارسی، کوردی، ئینگلیزی و فەڕانسەیی هەبوو. لەو سەردەمەدا کتێبخانەی وی له مەهاباد گەورەترین کتێبخانەی شەخسیی بوو. پێشەوا زۆر عەلاقەی به وەرزیشیش هەبوو. له ماڵی خۆی سبەینان میلبازی دەکرد. هەموو سبەینان دوای نوێژکردن له هەر چوار فەسڵی ساڵدا بۆ پیادەڕەوی و هەڵاتن وەدەردەکەوت. ئەو وەختە لای ڕۆژئاوای شاری مەهاباد چۆل بوو، هەموو سبەینان تا پردی سوور( که ئێستا بووەته ئاوبەند_ سەددی مەهاباد) به هەڵاتن دەڕۆیی. هەروەها عەلاقەی به سواری ئەسپ و مەلەکردن زۆر بوو. هەمیشه ئەسپی سواریی ڕادەگرت. له وەختی هەواخۆشیدا هەموو ڕۆژێ نیوەڕۆیان دەچوه مەله. تا ئەم ساڵانەی دواییش گۆمی قازی ( جێگای مەلەی پێشەوا) هەر مەشهوور بوو. پێشەوا قازی مەلەوانێکی زۆر بەنێو بوو.

پێشەوا، له ماڵەوه لەگەڵ ماڵ و منداڵی خۆی زۆر ڕووخۆش بوو. لەگەڵ منداڵەکان کایه و یاری دەکرد. زۆر کەم تووڕە دەبوو. ڕۆژانه دوای بەرچایی خواردن بۆ پەزیرایی له خەڵکی شار و ئەو کەسانەی کاروگرفتاریان هەبوو، دەهاته وەتاغی پەزیرایی خۆی که ئەو وەختە مەحکەمەیان پێدەگوت؛ یانی جێگای پێڕاگەیشتن به سکاڵا و شکایەت و دەردی دڵی خەڵک و، هەتا وەختی نێوەڕۆ خەریکی ڕێکخستنی کاروباری خەڵک دەبوو. دوای نیوەڕۆیانیش تا وەختی نوستن هەر له خزمەت به خەڵک و ڕاپەڕاندنی کاروباری ئەواندا بوو. له هەموو ناوچەی موکریانەوه هەرکەس کار و گرفتاری بووایه دەهاته خزمەتی و لەگەڵ سەدری قازی برای کار و تێگیراوی خەڵکیان له لای دەوڵەت و ئیداراتی مەهاباد چارەسەر دەکرد. دەرگای ماڵ و مەحکەمەی پێشەوا به ڕووی میوان و هەر کەسانێکی کاریان هەبایه ئاواڵه بوو.

پێشەوا قازی ناتقێکی گەورە بوو. لە زەمانی ڕەزاشا و دوای ئەوەش لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەک دا بە موناسەبەتی ئەو جێگایە بۆ خەڵک و ڕوونکردنەوەی جەماوەر قسەی دەکرد. ئەو، زۆر لەسەرەخۆ قسەی دەکرد و لە زۆربەی لێدوان و ئاخافتنەکانیدا خەڵکی بۆ خوێندن و کاروکۆشش هان دەدا.

لە دوای دامەزراندنی کۆمار، بۆخۆی زووزوو سەری لە مەکتەبەکان دەدا و لەگەڵ خوێندکارەکان قسەی دەکرد، پرسیاری جۆراوجۆری دەرسی و بابەتەکانی ڕۆژی لێدەکردن و بە گوێرەی تێگەیشتنی منداڵەکان بارودۆخی بۆ شیدەکردنەوە.

بۆ ئەوەی بەرگ و لیباسی خوێندکارەکان لە یەک ڕەنگ بێ و، دارا و نەدار هەست بە کەمی و زۆریی نەکا، دەستووری دابوو بۆ هەموو قوتابیان لیباسی یەکڕەنگ لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە بکڕدرێ.

پێشەوا قازی لە ماوەی سەرۆکایەتی کۆماردا، هیچ چەشنە مووچە و پووڵ و پارەیەکی لە حکوومەتی کوردستان وەرنەگرت و زۆرجار بۆخۆی کومەگی ماڵیی بە حکوومەت و خەڵکی داماو دەکرد.

لە بیرمە ساڵێک پێش دامەزرانی کۆمار چەند نەفەر لە مامۆستای قوتابخانەکان هاتبوونە خزمەتی و نارەحەت بوون لەوەی لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە مووچە و مانگانەیان بۆ نانێردرێ. پێشەوا فەرمووی ئێوە خەریکی کاری خۆتان بن ئەگەر ئەو فەرشانەی مەحکەمەشم فرۆشتبێ ناهێڵم ئێوە بێ پووڵ بن. پێداویستییەکانیشی بۆ دابین کردن.

پێشەوا قازی زۆر ئازا و بەجەرگ بوو، پێش تەشکیلی کۆماریش، هەروەختێک ترس و نارەحەتییەک لە شاریدا ببووایە، شەوانە بۆخۆی کێشکی شاری دەکێشا و بە سەر کێشکچییەکان ڕادەگەیشت. ڕاحەت تەڵەب نەبوو، خۆی بۆ هەموو دژوارییەک ئامادەکردبوو. هەر وەختێک نارەحەتییەک دەهاتە پێش یان هەواڵێکی ناخۆش لە بارەی کوردستانەوە بڵاودەبووەوە، ئەغڵەب لەبەر خۆیەوە دەیفەرموو: "ئەی کوردەکەی بێ چارەکەی بێ پارەکەی بێ کارەکەی بێ یارەکە.." .

پێشەوا زۆر قانیع و کەم خۆراک بوو. خۆی بۆ هەموو دژواریی و نارەحەتییەک ئامادەکردبوو. بە ڕاستی لە مەرمدۆستی و قەبوڵی مەسئوولیەت دا بێ وێنە بوو. لە کاتی موحاکەمە و لە دادگای نیزامیی زەمانی جەنگدا بە ئاشکرا بە سەرۆکی دادگا و دادستانی مەحکەمەی ڕاگەیاند و فەرمووی: "ئەمن بەرپەرس و مەسئوولی هەموو کار و ڕووداوەکانم. ئەو خەڵکەی ئێوە گرتووتانن هەموو بە دەستووری من کاریان کردووە و هیچیان تاوانبار نین" .

بەڕاستی مرۆیەکی هەڵکەوتوو و تاقانە بوو خۆی کردە فیدای نەتەوە کورد، ڕوحی شاد بێ.

## ٢١- لە بارەی برایانی موعینی و مەلا ئاوارە و سمایلی شەریفزادە

لە زەمانی حکوومەتی کۆماری کوردستاندا، سولەیمانی موعینی لاوێکی ١٣ ساڵە بوو، عەبدوڵلای موعینی و سمایلی شەریفزادە

تازە دەچوونە مەکتەب. ئەو لاوانە لە کاتی خوێندنی ناوەندی لە مەهاباد واریدی خەباتی سیاسی و کۆمەلایەتی بوون. لە ساڵەکانی ١٣٤٤ و ١٣٤٥دا لەبەر زەبروزەنگی حکوومەتی حەمە ڕەزا شا پەڕیوەی عێراق بوون. لە عێراق کۆمیتەیەکیان بەنێوی کۆمیتەی ینقلابی حیزب دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دامەزراند کە ئەندامەکانی بریتی بوون لە:

١- سولەیمانی موعینی
٢- عەبدوڵڵای موعینی
٣- عەبدولڕەحمانی قاسملوو
٤- محەمەد ئەمین ڕەوەند(سیراجی)
٥- سمایلی شەریفزادە
٦- مەلا ئەحمەدی شەڵماشی (مەلا ئاوارە)،

ئەوانە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بە زیدی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای ئێران دەست پێکرد. لە دوای ئەوەی کە مەلا موستەفا بە زیدی دەوڵەتی بەعسیی عێراق، لەگەڵ دەوڵەتی ئێران دەستی بە وتووێژ کرد بە کوردەکانی ئێرانیی گوت: "یان بچن لە بەغدا بمێننەوە یان بڕۆنەوە بۆ ئێران، لە کوردستانی عێراق حەقی تێکۆشانتان نییە".

لە ساڵی ١٩٦٧ی زایینی ئەو کوردانە گەڕانەوە بۆ ئێران و لە ناوچەکانی بانە و سەردەشت و مەهاباددا دەستیان بە شەڕی پارتیزانی کرد. بەڵام لەبەر فشاری زۆری هێزەکانی ئێران و کەم ئەزموونی و پشتوانی نەکردنی پێویست، دوای چەند شەڕ و پێدادانێک و بە خەیانەتی چەند زۆڵە کوردێک، کاک عەبدوڵڵای موعینی لە ١ /٤ /١٣٤٧ی هەتاویدا لە ناوچەی پیرانشار و، کاک سمایلی شەریفزادەش هەر لە دوای ئەو لە ناوچەی بانە شەهیدکران. مەلا ئاوارە و مەلا مەحموودی زەنگەنە و چەند تێکۆشەرێکی دیکەش لەو شەڕانەدا شەهید دەکرێن و تەرمەکانیان لە چەند شار بۆ تەماشای خەڵک و ترساندنیان نیشان دەدرێن.

کاک سولەیمانی موعینی لە دوای گەشتێکی ئورووپا لە گەڕانەوەدا کە دەیەویست لە عێراقەوە بێتەوە ئێران بە دەست پیاوەکانی مەلا موستەفا شەهید کرا و ترمەکەیان تەحویلی ئێران داوە. دوای گێڕان لە چەند شاری کوردستان تەرمەکەی تەحویلی باوکی دراوە و لە مەهاباد لە ڕۆژی ٢٥ی مانگی گوڵان (بانەمەڕ)ی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی لە قەبرستانی بوداغ سوڵتان تەسلیم بە خاک کرا.

سەعید [خانە]ی موعینی موتەوەللیدی ساڵی ١٣٣٠هەتاوی، برا چکۆڵەی سولەیمان و عەبدوڵلا کە لە ئێران بوو ڕای کرد بۆ عێراق و، لە دێیەکی کوردستانی عێراق بە نێوی (درێ یان دێرێ) لە ڕۆژی ٣١ /٤ /١٣٥٧ بە دەست بەعسییەکانی سەددام شەهید کرا.

## ٢٢- کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد

بە بیر و بڕوای من، کورد بۆ ئازادی زۆر قۆناغی گەورەی بڕیوە و زۆری سەرکەوتن بە دەست هێناوە. هستی کەسایەتی و کوردبوون لە نێو هەموو نەتەوەی گەورەی کورددا بە وجودهاتووە. پلەی زانیاری خەڵک زۆر چووەتەسەرێ. دنیا مەسەلەی کوردی ناسیوە. لێ قەوماوی و زوڵم و زۆریی لە کوردان بۆ هەموو دونیا ئاشکرا بووە. ئەگەر کوردان و ڕێبەرەکانی میللەتی کورد بە باشی لەوهەلومەرجە هەڵکەتووە کەڵک وەرگرن و زۆرتر و زیاتر پاڵ پێکەوە بدەن و لەگەڵ داگیرکەران هاوکاری نەکەن و، زۆرتریش هەوڵی خوێندەواری و باڵابردنی زانست و تەکنیکی ڕۆژ بدەن بە هیوای خودا ئاسۆی ڕزگاری نیزیک و ڕووناکە.

سەرچاوە : ماڵپەری گزینگ / ڕێکەوتی : ٢٧ی جانێویری ٢٠٠٩




# کۆماری کوردستان

**حسن ئەیوبزاد**

کۆماری کوردستان، ئەوجۆرەی که بووه نه ئەو جۆرەی که دەیناسێنن خوێندنەوەی حیزبه کوردستانییەکان و حیزبی تودەی ئێران لەسەر واقعییەتی وجودیی کۆماری کوردستان و سیستمه حکومەتییەکەی ناتەبان. دۆکۆمێنته کانی سەردەمی کۆمار ئەو خوێندنەوانه ڕەتدەکەنەوە..



حیزبی توده، یەکەم حیزبی سیاسییبووه که کۆماری کوردستانی به حکومەتی خودموختار، ناوبردووه. حیزبەسیاسییەکانی کورد، به تایبەتی حیزبی دموکراتی کوردستانی ئێران ، بەچاولێکەریی له حیزبی توده، کۆماری کوردستانی به حکومەتی خودموختار، حکومەتی میللی و جمهوریی مەهاباد ناو بردووه.

ئەو فاکتۆرانەی که ئاماژەیان پێدەکرێ تازەنین، بەڵکو وەبەرچاونەگرتنیان له رابردوودا مەسلەحەتیی بووه.

١- دۆکۆمێنتەحاشاهەڵنەگرەکانی کۆماری کوردستان( کوردستان- ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزب).

٢- ئیددیعانامەی دادستانی دادگای نیزامیی ئێران دژ به پێشەوا، صدر و سەیفی قازی و ١٢ شەهیدی ئێعدامکراوی بنەماڵەی فیض اللەبەگیی له سەقز و بۆکان،به تاوانی" جیاکردنەوەی بەشێک له ئێران و سەربەخۆییخوازیی ) .

٣- وته و نوسراوەی بەشدارانی کۆمەڵەی ژ.ک، ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی و میتینگی بەناوبانگی د ووی ڕێبەندان "

٤- ویستی خەلک و پێشینەی خەباتی کورد.

٥- رەخسانی زەوینەی لەبار بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان. واته نەبوونی هێزی تێکشکاوی حکومەتی شا له کوردستان.

٦- هەبوونی سەرۆکایەتییەکی زانا و خاوەن بڕیار.

ئیددیعادەکرێ که کۆماری کوردستان دامەزراوێک بووه وەکو فیرقەی دێموکرات له چەشنی جمهورییه خودموختارەکانی سۆڤێتی بەرێ. بۆ ئەو ئیددیعایانەش ئاماژه به وتووێژێکی ناتەواو وکاتنەدیاری چەند ڕۆژنامەنووسی ئێرانیی دەکەن که گۆیا لەگەڵ سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێشەوا قازی محمد، کراوه. ئەو ئیددیعایەش بەپێی دۆکۆمێنتەکانی " کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بێئیعتیباره.

چونکه ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ٢٥ ڕۆژ دوای ئەو وتووێژەی پێشەواو هەواڵنووسەکان بووه. وتووێژەکه له ژمارەیەکەمی "

***کوردستان" و لە ٢٠ / ١٠ /١٣٢٤ دا چاپ کراوە . بەلام کۆماری کوردستان، دوای میتینگی ٢٠.٠٠٠کەسیی نوێنەرانی هەموو بەشەکانی کوردستان لە مەهاباد لە ٢ ڕێبەندان و لانی کەم ٤٣ ڕۆژ دوای" وتووێژە" کەی جەنابی قازی محمد و ڕۆژنامەنووسەکان ڕاگەیەندراوە.***

***داخوازی بەشداران بۆڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لە میتینگی ٢٠.٠٠٠ نەفەریی نوێنەرانی هەموو بەشەکانی کوردستان لەمەهاباد لە ڕۆژی ٢ ڕێبەندانی١٣٢٤ بەم شێوەیە ڕاگەیاندراوە: ئەلف.***

***١." لەو جێگایانەی کورد تێیدا دەژین بە ئیستیقلالی تەواو بگا."***

***٢." انتخاباتی مجلس شورابکەن"***

***٣- حکومەتی میللی کوردستان و وەزیرەکانی ساز بکەن.***

***٤-" هێزی موسەلەحی کورد تەشکیل بدەن."***

***٥-" لەگەل دەوڵەتانی همسایە رابطەی تجارەتی و اقتصادی برقرار بکەن."***

***٦- "لەگەڵ برا ئازەریەکان همکاری و دۆستایەتی محکم بکەن."***

***ب. لەژمارەی ١٠ ئۆرگانی کوردستان، لە ڕۆژی ١٥ ڕێبەندان واتە ٢٥ ڕۆژ دوای وتووێژەکەی قاضی محمد، جەژنی سەربەخۆیی کوردستان و هەڵکردنی ئاڵا و دامەزراندنی هێزی میلیی دەستی پێکردووە.***

***ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە لایەن قازی محمد دوە پازدەڕۆژ دوای میتینگی ٢٠.٠٠٠ کەسیی نوێنەرانی خەلک لە مەهاباد بووە.***

***نوتقی جەنابی قازی محمد و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ژمارەکانی ١١ و ١٠ ی "کوردستان"دا بڵاوکراوەتەوە.***

***لە ژمارەی ده بە دواوە تا ژمارەی ٢٦ مانشێتی ئۆرگانی "کوردستان" ڕاپۆرتی بەرێوەبردنی جەژنی ئیستقلال و سەربەخۆیی، هەڵکردنی ئاڵای کۆماری کوردستان و دامەزراندنی هیزی میللی بۆ دیفاعی نیشتمان بووە.***

***مەسلەحەتی حیزبەسیاسیەکان و واقعییەتی مێژوویی ئەگەر یەک نەگرنەوە دوو مەسەلەی جیاوازن.حیزب ئازادە چۆن بیر دەکاتەوە یان سیاسەت دەکا. بەڵام ئازاد نییە واقعییەتی مێژوویی بۆ سیاسەتەکەی و بۆچوونەکەی بگۆڕێ.***

***بزووتنەوەی ئاراڕات، پاشایەتی شێخ مەحمود، بزووتنەوەی سمکۆ، بزوتنەوەی شێخ سەعیدی پیران و ئێعدام کردنی سەرکردەکانی بە تاوانی سەربەخۆییخوازیی کورد هەوێنی ویستی پیرۆزی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان بوون.***

***حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەرەتای دەستپێکردنەوەی خەباتی خۆی دوای روخانی کۆماری کوردستان هەرگیز ئەو دۆکۆمێنتانەی کە ئێستا لەبەردەستدان نە خستەروو. بەڵگە و دۆکۆمێنتەکان بۆ ڕەتکردنەوەی بۆچوونی ئێرانیچییەکانی حدکا زۆرە و دەتوانن لە ٩٣ ژمارەی کوردستاندا بیانخوێننەوە. لە نێو ئەو کەسانەی کە لە کۆماری کوردستان و لە کۆمەڵەی ژکافدا خەباتیان کردووە ، نووسراوەکەی مامۆستا هەژار سەبارەت بە سەربەخۆیی کۆماری کوردستان گرینگترینە.***

***مامۆستا هەژار شاعیری میللی کورد و ئەندامی کۆمەڵەی ژک ، لە لاپەڕەی ٥٨٨ کتێبی چێشتی مجێور، چاپی یەکەم پاریس،***

سالی ١٩٧٧ دا دەنووسێ:

" ڕەفیقی سابڵاغم هەر ئەو عێراقیانە بوون کە مالیان هاتبوە سابڵاغ...

بەیانییەک لە خەو هەستام، گوتیان ژاندارمێک لە ئاگاهی شارەبانییەوە هاتبوە دوات . عەبدوڵلای برام لەگەڵ سەید عەبدوڵلای کولیجی گوتیان لەگەڵتا دێین.

* ئاکاکە ، خۆم دەچم بزانم چیان دەوێ.

کابرایەکی کورد- رەئیسی ئاگاهی دەستی بە پرسیار کرد:

* ناوت،؟ عومرت؟ تۆ وەختی خۆی کۆمۆنیست بوی، هەڵاتوی..." لەو قسانە.

گوتم تۆ کوردی سابڵاغی؟ بەڵێ!

* کاکە خۆت نا، باوکت، دایکت، قەت بۆیان نەگێڕاویەوە کە کۆمەڵە هەبووە، قازی محمد هەبوە، داوای ئیستیقلالی کوردستان کراوە ؟!

* نا نەم بیستووە!

حەزم دە کرد بیستبات! من داوای دابەشبونی خاکی ئێران و ئیستیقلالی کوردستانم کردووە، قەت ئەوەندە خوێری نەبووم کمونیست بم".

* سەرچاوە. کۆی ٩٣ ژمارە "رۆژنامەی کوردستان" سەردەمی کۆماری کوردستان (١٣٢٤- ١٩٤٦). ئامادە کردنی / رفیق سالح. سەدیق سالح. پرۆژەی هاوبەش ئاراس و بنکەی ژین ژمارەی سپاردن. ١٧٠ سالی ٢٠٠٧

خوزیا دوو دەزگای ئاراس و بنکەی ژین کە خزمەتیان بە فەرهەنگ و مێژووی کورد جێی پێزانینە، بۆیان بکرابایە سەرجەمی ئەو ٩٣ ژمارەیەی کوردستان بخەنەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و لیستی کتێبەکانیانەوە، بۆ ئەوە سەراسویی کردنیان بۆ خوێنەری کورد بەسانیی بێ.

سەرچاوە : رۆژی کورد / رێکەوتی : ١٨ی دێسەمبری ٢٠٠٩

# کۆماری کوردستان لە ڕوانگەی وەزیری فەرهەنگەکەیەوە

گۆڤاری دوومانگانەی ڕوانگە کە لە لایەن خوێندکارانی کوردی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی تەبریز [تەورێز] دەر دەچوو لە ژمارەی ١٥ی خۆیدا، گەلاوێژی ١٣٨٢/ ژوویيەی ٢٠٠٣ چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ نەمر مەنافی کەریمی یەکێک لە ڕێبەرانی کۆماری کوردستان لە مهاباد بە زمانی فارسی بڵاو کردووەتەوە.لێرە دا وەرگێڕدراوی ئەم چاوپێکەوتنە پێشکێش دەکرێ.


وتووێژ لە گەڵ مەنافی کەریمی

ئامادە کردنی :سمایلی مستەفازادە

وەرگێڕان لە فارسییەوە: حەسەنی قازی

* بەر لە هەموو شتێک کورتەیەک لە بیۆگرافی خۆتان و چلۆنایەتی ئەندامەتیتان لە ژێ.کاف دا باس بکەن.

* لە ساڵی ١٢٩٨ی هەتاوی لە شاری سابڵاغی موکری کە ئێستا نێوی مهابادە لە دایک بووم.خوێندنی سەرەتاییم تا ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی کە بۆ یەکەم جار لە مهاباد دەبیرستانی سێ پۆلە دامەزرا لەوێ بوو. بەر لەوە دوو خوێندنگەی سەرەتایی سەعادەت و پەهلەوی لە مهاباد هەبوون. بەو پێیە پۆلی یەکەم، دوویەم و سێیەمم لە مهاباد تێپەڕاند بەڵام پۆلی چوارەم نەبوو.چەند ساڵێک سەرگەردان بووم و دواجار چوومە ورمێ و لەوێ دیپلۆمی ئەدەبیم وەرگرت. یەکەم جار کەلە گەڵ وشەی حیزب ناسیاویم پەیدا کرد حیزبی ژێ.کاف (ژیانەوەی کوردستان) ١ بوو.بەر لەوە لە سەرای کەریم خان لە گەڵ عەبدولرەحمانی



زەبیحی کە میرزای تەجارەتخانەی حاجی ساڵحی شاتری بوو هات و چوو و دۆستایەتی ئاساییم هەبوو.ڕۆژێک عەبدولڕەحمانی زەبیحی پێشنیاری پێکردم بە یەکەوە بچینە ماڵێک کە من نەمدەزانی ماڵی کێیە، لەوێ زەبیحی خاوەن ماڵی پێ ناساندم کە حوسێنی فرووهەر بوو. لە گەڵ قسەی دیکە زەبیحی کوتی ئێمە چەند کەسێکین کە جگە لە دۆستی و برادەرایەتی تەشکیلاتێکیشمان هەیە و زۆر جار لە دەوری یەکتری کۆ دەبینەوە ، ئەگەر پێت خۆش بێ دەتوانی لە گەڵمان کەوی.بەڵام ئێمە ڕێوشوێنێکیشمان هەیە و هەرکەس تازە لە گەڵمان دەکەوێ دەبێ جێبەجێی بکا. منیش ئامادەیی خۆم نیشان دا، بە یەکەوە چووینە ژوورێکی دیکەی کە ڕووبەڕووی ئەو ژوورەی بوو لێی دانیشتبووین.ژوورەکە کەسی لێ نەبوو و مێزێکی چکۆڵە و دوو کورسی لێ بوو،لە سەر مێزێکە

قورئانێک و بە تەنیشتییەوە ئالایەک داندرابوو. زەبیحی لە چەکمەجەی مێزەکە نووسراوەیەکی دەرهێنا و کوتی ئەمە مەرامنامەی ئەو چەند کەسەی ئێمەیە. دەبێ بە قورئان سوێند بخۆی قەت ڕاز و نهێنییەکانی ئەو کۆمەڵەیە نە بەزمان ، نە بەقەڵەم ، نە بە قەدەم و تەنانەت نە بە ئیشارە لە لای هیچ کەس نەدرکێنی. چەند جار قورئانەکەم ماچ کرد و مەرامنامەکەم کە ئاغای زەبیحی برگە بە برگە بە دەنگی بەرز دەیخوێندەوە دووپاتە کردەوە و ئەندامەتی کۆمەڵەم قبووڵ کردو ژمارەی "۲۱" و نازناوی "ئاریا" یان پێدام.هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم عەبدولڕەحمانی زەبیحی پێوەندی لە گەڵ حیزبی هیوا لە کوردستانی عێراق هەبوو و لە ڕێنوێنییەکانی ئەوان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵە کەلکی وەردەگرت. لە گۆڤاری نیشتمان دا کە ئۆرگانی ژێ.کاف بوو کارمان دەکرد و ئەومان لە چاپخانەی ئەرمەنییان لە تەوریز چاپ دەکرد و پەڕەکانمان دەبردەوە مهاباد و لەوێ سەحافیمان دەکرد، بەرگمان تێدەگرت و بڵاومان دەکردەوە. کۆمەڵەی ژێ.کاف حیزبێکی مەزهەبی – نەتەوەیی بوو لە ساڵی ۱۳۲۱ وە تا ساڵی۱۳۲۴ مهابادی بە ڕێوە برد و دەوماوەیە دا پاکی و دروستکاری لە نێو خەڵک دا بڵاو بووەوە کە ئەوە دنیا قەتی بە خۆیەوە نەدیتبوو.بۆ وێنە قومار،ئارەق خواردنەوە و چاوتێبڕینی نامەحرەم لە نێو کۆمەڵ دا نەمابوو و پاکی و لەخۆ بوردوویی باڵی بە سەر هەمووجێییەکدا کێشابوو.( هەژار و هێمن یش لە بیرەوەرییەکانی خۆیاندا هێمایان بەو مەسەلانە کردووە).

*لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ۱۳۲۰ی هەتاوی دا هێندێک کەس لە لایەن دەوڵەتی شووڕەوی یەوە لە مهابادەوە بانگهێشتن کران بۆ باکۆ. لەو بارەیەوە چ ئاگادارییەکتان هەیە؟

*باسی سەفەری هەوڵێ بۆ باکۆ پێویستی بە سەرەتایەک هەیە. بە دەم شەڕی یەکەمی جیهانییەوە ڕووسەکان لە گەڵ کوردەکان لە دەوروبەری سابڵاغێ تێک هەڵچووبوون. لەو سەروبەندی دا کوردەکان بە لایەنگری لە دەوڵەتی عوسمانی بە دژی ڕووسەکان شەڕیان کردبوو و ئامۆزای نیکەلای ڕووسییەیان ۲ کەلە میاندواو کۆنسوولی ڕووسەکان بوو کوشتبوو و تەرمەکەیان هێنابووە مهابادێ. ڕووسەکانیش بە تۆڵەی خوێنی وی، هێرشیان کردبووە سەر مهاباد و " ئیندرقاش" (دێیەک لە دەورو بەری مهاباد) و هەشت هەزار کەسیان قەتڵی عام کردبوو. ڕووسەکان دوای بیست و چەند ساڵێک کە لەو ڕووداوە تێپەڕ دەبوو و لە بەر دڵدانەوەی کوردانیش بێ ۳۰ – ۴۰ کەسیان لە خەڵکی بازاڕ و سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ دیدەنی لە ڕووسییە بانگهێشتن کرد. لەو سەفەر دا لە جێدا مەسەلەی سیاسی نەهاتبووە گۆڕێ، ئەو دەمی هێشتا کۆمەڵەی ژێ. کاف دانەمەزرابوو.

*لە سەفەری دوویەمدا بۆ باکۆ کە لە ۲۱ی خەرمانانی ساڵی۱۳۲۴ی هەتاویدا کرا چ جۆرە مەسەلەیەک هاتە گۆڕێ ؟

*سێ ساڵ لە پێکهاتنی ژێ.کاف تێپەڕیبوو و ڕووسەکان چەند جار بە ڕێگەی مەئموورەکانی خۆیان کە لە هەموو ئازەربایجان و کوردستانی موکریان دا هەبوون بە ئێمەیان کوتبوو بچن و لە گەڵ سەرانی ئازەربایجان قسە بکەن و ئامانجەکانی ژێ.کاف یان بۆ ڕوون کەنەوە.دواجار دەستەیەکی ۷ کەسی کە بریتی بوون لە قازی محەمەد، محەمەد حوسێنی سەیفی قازی، قاسمی ئێلخانیزادە، ئەمن، کاک هەمزەی جەڵدیان، نووری بەگی بەگزادە و عەلی ڕیحانی چووینە باکۆ و ڕۆژێک بەر لەوەی چاومان بە میر جەعفەر باقرۆف بکەوێ داوخوازەکانی خۆمان ئامادە کرد و لە ماڵە خۆی چاومان پێی کەوت و لە بەر ئەوەی ترکیمان دەزانی پێویستی بە

***دیلمانج نەبوو. باقرۆف کوتی ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژێ.کاف کە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکا لە دنیای ئەمڕۆ دا قبووڵ ناکرێ و دەبێ ئامانجەکانی کۆمەڵەکەتان هێندێک سەنگ و سووک بکەن، دەنا ( تازە شەڕ بڕابووەوە) دەبێ شووڕوی لە بەر کوردەکان خۆی تووشی شەڕی سێیەمی جیهانی بکا. بە کورتی دوای گەڕانەوە لە باکۆ کۆبوونەوە یەکمان لە باغی عەزیزئاغا کە زۆربەی خەڵکی مهاباد و هەموو ئەندامانی ژێ.کاف تێیدا ئامادە بوون، پێک هێنا و لەو دانیشتنە دا قازی محەمەد ئاکامی سەفەرەکەی بۆ خەڵک باس کرد و سەبارەت بە گۆڕینی نێو و ئامانجەکانی کۆمەڵە پرسی پێکردن و هەر لەوێ بە پێی لە دوودانی خەڵک ژێ.کاف نێوی خۆی گۆڕی و دوای چەند ڕۆژ لە گەڕانەوەی دەستەی نوێنەرایەتی لە باکۆ بە دوای گوڕینی نێو لە لایەن حیزبی تازە دامەزراوەوە، لیستێکی بەوردە ڕیشاڵمان لە داواکانمان ئامادە کرد و ناردمانە باکۆ کە ئەوانەی خوارەوەم لە بیر ماوە و بۆشیان پێک هێناین.***

***١- ماشێنێکی چاپی گەورە کە پێداویستییەکانی ئێمە بۆ چاپی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی دەرسی جێ بەجێ بکا.***

***٢- ١٢ ماشێنی نیزامییان بۆ گواستنەوەی پێشمەرگە و کەلوپەلی سەربازخانە لە بەر دەست ناین.***

***٣- موافەقەت کرا ٦٠ کەس لە لاوانی خوێندەوار بۆ پەروەردەی سەرکردەیی (ئەفسەری) و زانکۆی جۆر بە جۆری دیکە بنێرینە باکۆیە و ٤٠ کەسیشمان بە خوێندنگە نیزامییەکانی ئازەربایجانی ئێران کە لە لایەن دەوڵەتی شووڕەوییەوە بۆ ئازەربایجانی ئێران ساز کرابوون ناساند و لە ماوەی ٣ ڕۆژان دا ناردنی خوێندکارەکان دەستپێکرد.***

***٤- بە مەبەستی ئابووری و بۆ گەشە پێدانی خۆش گوزەرانی گشتی بە تایبەتی بازرگانان شیرکەتێک بە نێوی " تەڕەقی" لە لایەن بازرگانان و کاسبانەوە دامەزرا کە کەلوپەلی پێویست دەنێردرا بۆ ئەو شیرکەتە.***

***٥- ئەو کەسانەی کە دەیانەویست ببنە پێشمەرگە و پەروەردەی نیزامی ببینن دەچوونە سەربازخانەکان بۆ پەروەردە کردنیان سەرکردەیەک ( ئەفسەرێک) بە نێوی کاکاغا کە لە شووڕەوییەوە هاتبوو، دەستی بەکار کرد.***

***٦- دەزگایەکی ڕادیۆ کە تا نێو مهاباد و دەور و بەری بڕی دەکرد دامەزرا.***

***٧- دەستەیەکی مووزیکی نیزامی بۆ ڕۆژانی جێژن و شادی و ڕێوڕەسمی نیزامی لە پێشمەرگەخانەی مهابادێ دامەزرا.***

***٨- دەزگایەکی سینەمای گەڕۆک کە بۆ بانگەشەی حیزبی کەلکی لێوەردەگیرا و خەڵک پێشوازییان لێکرد لە لادێکان و لە نێو شاری مهاباد دا دەستی بە کار کرد.***

**** سەبارەت بە سەفەری دوازدەی خەرمانانی١٣٢٤ بۆ تەورێز کە بۆ پیرۆزبایی لە فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان کرا چتان لە بیر دا ماوە؟***

**** حکوومەتی ئازەربایجان دەیەویست مەڵبەندی موکریان بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆی و کاتێک دەیانەویست مەجلیسی میللی خۆیان پێک بهێنن وەکوو شارەکانی دیکەی ئازەربایجان لە مهابادیشیان گێڕابووەوە.بۆ نوێنەرایەتی مهاباد لەو مەجلیسە دا حاجی مستەفای داودی، کەریمی ئەحمەدەین، وەهابی بلووریان، من و عەلی ڕیحانی هەڵبژێردراین . لە ڕۆژی کرانەوەی مەجلیسەکە دا نوێنەرانی شارەکانی ئازەربایجان یەک یەک قسەیان کرد و پێپیرۆزەی خۆیان ڕاگەیاند و دوایە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنیان وا بەچێ دەهێنا کە فیدایی و سەرلەپێناوی ئازەربایجان بن و کاتێک نۆرە گەیشتە نوێنەری مهاباد؛ حاجی مستەفای داودی هەستا سەرپێیان و***

ڕایگەیاند ئێمە پشتیوانی نەتەوەی ئازەربایجان دەبین بەڵام سوێندی نەخوارد کە فیدایی و سەرلەپێناوی ئازەربایجان بێ. بۆ بەیانییەکەی بێ ئاگاداری حکوومەتی ئازەربایجان لە تەبریزەوە [تەورێز] گەڕاینەوە مهاباد و لە مهابادەوە نامەیەکمان بۆ تەورێز نارد و ڕامان گەیاند ئێمە بەشێک نین لە ئازەربایجان و دەمانەوێ خۆمان سەربەخۆ بین. هەڵبەت دوای پێکهێنانی مەجلیسی میللی ، ئەوان دەستەی وەزیرانی خۆشیان ڕاگەیاندبوو و ڕوونووسی نێوی وەزیرەکانیان بۆ تاران و مهاباد و بۆ حیزبی توودە ناردبوو. ئێمەش لە مهاباد دانیشتوویەکی [ دانیشتنێکی] نائاساییمان پێک هێنا و لەو کۆبوونەوەیە دا دەستەی وەزیرانی خۆمانمان هەڵبژارد و هەڵبژاردنی وەزیرەکان بە تەواوی بە پێی ڕاوێژ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بوو. بۆ وێنە مەحموودی وەلیزادە کە دیپلۆمی کشتوکاڵی لە کەرەج وەرگرتبوو بە پێی ڕاوێژی ئەندامانی ئامادە لە کۆبوونەوەکە دا، وەکوو وەزیری کشتوکاڵ هەلبژێردرا . ئێمەش ڕوونووسێک لە بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوە و لیستی وەزیرە هەڵبژێردراوەکانمان بۆ تاران و ورمێ و تەبریز [تەورێز] نارد.

*** جگە لەو کەسانەی لە کوردستانی عێراقەوە بۆ بەرگری لە کۆمار و دەرس گوتنەوە و کار لە چاپەمەنیدا هاتبوون گەلۆ لە کوردستانی ترکییەشەوە لە زەمانی کۆمار دا کەس هات بۆ مهاباد؟**

* ئێحسان نووری پاشا و قەدری بەگی جەمیل پاشاش هاتن و سەردانی مهابادیان کرد. ڕاوێژمان پێ کردن و ئەوانیش ئێمەیان ڕێنوێنی دەکرد.ئەوان بەرلەوەی کۆمار بڕوخێ سەردانی مهابادیان کرد.

*** ویلیام ئیگلتن لە کتێبی " کۆماری کوردی ساڵی ١٩٤۶ " ( وەرگێڕانی محەمەدی سەمەدی) دەڵێ کە کۆمار بایی هەشتسەدهەزار (٨٠٠٠٠٠) دۆلاری تووتن بە شوورەوی فرۆشتووە، لە بری ئەوە، ئێوە چتان لە شووڕەوی وەرگرت؟**

* ئەوی ساڵێ دەوڵەتی ئێران بەرهەمی تووتنی کوردستانی نەکڕی و ئێمە بە ناچار بە شووڕەویمان فرۆشت وچاپخانەیەکی گەورە و کاغەزی جۆر بە جۆر و ئامرازی پێویستمان بۆ چاپ لە ڕووسەکان وەرگرت و دراوی نەغد وەرنەگیرا.

*** گەلۆ کەمایەتی جوولەکەی مهاباد لە کۆمار دا بەشدارییان هەبوو؟**

* لە مهاباد نزیکەی ٦٠ بنەماڵەی جوولەکە دەژیان و خەریکی کارو کاسبی وەکوو زێڕینگەری، ئارەقفرۆشی، وردەواڵە فرۆشی، عەتتاری و پارچە فرۆشی بوون. بە ڕاگەیاندنی حکوومەتی کۆماری کوردستان ئەوانیش وەکوو خەڵکی مهاباد لە جێژن و شادمانی دا بەشداریان کرد و وەزارەتی فەرهەنگی کۆمار هەر ئەو جۆرەی کە خەریکی ڕێکوپێک کردنی مەدرەسەکان و ئامادە کردنی کتێبی شاگردان و کارەکانی دیکەی فەرهەنگی بوو، جوولەکە هاوشارییەکانیشی لە بیر نەکرد و لە ئاگادارییەک دا پێمان ڕاگەیاندن ئەوانیش وەک برا کوردەکان دەتوانن خوێندنگەی تایبەتی خۆیان هەبێ و دەرس خوێندن بە زمانی خۆیان ئازادە و مەدرەسەکانی ئەوانیش وەکوو خوێندنگەکانی کوردستان یارمەتی و ئالیکاری پێویستیان پێ دەکردرێ و خوێندنگەیەکمان کردەوە کە ئاغای داودزادە ( بۆخۆی جوولەکە بوو ) بەڕێوەی دەبرد و ئەوانیش وەکوو کۆمەڵی یەهوودی مهاباد بە شادی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان

جێژنێکی زۆر جوانیان گێڕا کە شەو وڕۆژێک بەردەوام بوو.

**** باسی دەوری ژنان بکەن لەکۆمار دا. دەوری ژنان لە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمی کوردستان دا چلۆن بوو؟***

**** بە پێی بەندی ۲۱ی مەرامنامەی حیزب،کۆمیتەی یایان پێک هاتبوو کە مینا خانم هاوسەری قازی محەمەد سەرۆکی بوو و ئەندامەکانی تائەو جێیەی وەبیرم دێ بریتی بوون لە میناخانم سەرۆکی حیزبی یایان، ئامینەی داودی، زیبا ئەیووبیان، شاسوڵتانی فەتتاحی قازی، ڕەعنا فرووهەر، خەجیجی حەیدەری ،وجیهەی شوجاعی،ویڵمای سەیادیان ، کولسومی سوڵتانیان و نەزاکەتی حاجی ڕەشید، و ئەو خانمانەش کە لە گەڵ ڕۆژنامەی کوردستان هاوکارییان دەکرد بریتی بوون لە کوبڕای عەزیمی، شاسوڵتانی فەتتاحی قازی، حەڵەبی ئیسماعیل فەرەجی، خەجیجی حەیدەری و ئەوانەی کە لە جێژن و ڕێوڕەسمی حیزبی دا وتار یان سروودیان دەخوێندەوە بریتی بوون لە عیشرەتی عەزیمی، ویڵمای سەیادیان ( ئاسۆڕی)، فەریدەی زەندی، خەجیجی حەیدەری، سەلتەنەتی داودزادە ( یەهوودی)، لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار دا خەجیجی مەجدی (حەیدەری)، ویڵمای سەیادیان و کوبڕای عەزیمی نوتقیان کرد ۳.***

**** لە ماوەی ژیانی کۆمار دا چ ئاڵوگۆڕێک لەدەستەی وەزیران دا کرا؟***

**** تا دوایین دەمی حکوومەتی کۆمار هیچ گۆڕانێک لە پێکهاتەی کابینە دا نەکرا. کار و بارەکانی ڕۆژانە چ گشتی و چ وەردەکاری بە پێی بەرنامەی کە لە پێشدا داندرابوون بەم شێوەیەی خوارەوە بەڕێوەدەچوون و چاوەدێریان بە سەردا دەکرا. حیزب خاوەنی دوو کۆمیتەی [ بەڕێوەبەری] و هەیئەت ڕەئیسەیەک بوو:***

***۱- کمیتەی ناوەندی کە لە سەرەوەی هەموو تەشیلاتەکانەوە بوو ولە ئەندامانی دەستەی وەزیران و چەند کەسی دیکە وەکوو زەبیحی و محەمەدی ڕەسووڵی [ دڵشاد]، غەنی خوسرەوی و محەمەدی یاهوو پێک هاتبوو و بە سەر هەموو کارو باری سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕادەگەیشت و بڕیاری پێویستی دەدا.***

***۲- کۆمیتەی ناوچەیی کە بە کاروباری دانیشتوانی شاری و ناکۆکییەکانی نێوان خەڵک بە تایبەتی کاسبکاران و بازاڕییان ڕادەگەیشت و گیروگرفتەکانی ئەوانی بە پێی تواناى خۆی ڕادەپەڕاند و ئەندامەکانی بریتی بوون لە قاسمی قادری قازی، قادری مودەریسی، محەمەدئەمینی شەرەفی، وەهابی بلووریان، وەهابی قازی ، عەلی ڕیحانی . محەمەدی یاهوو مونشی دەفتەری ئەو کۆمیتەیە بوو و کاروباری لەمەڕ نامە ئیدارییەکانی ڕادەپەڕاند.***

***۳- هەیئەت ڕەئیسەی میللی زیاتر بە کاروباری وەرزیڕان و کرێکاران و کێشە و ناکۆکێ نێوان خاوەنموڵک و جووتێران ڕادەگەیشت و ئەندامەکانی بریتی بوون لە: حاجی بابە شێخ، مەلا حوسێنی مەجدی، شێخ حەسەنی شەمسی بورهان، کەریمی کەریمی قونقەلا، هاشمی یۆسفی، نەجمەدینی تەوحیدی، ئیبراهیمی ئەدهەم، عەزیزئاغای کولتەپە. کاروباری لەمەڕ جەوانان ئاغای عەلی خوسرەوی،***

سەرۆکی لکی جەوانانی حیزب بەڕێوەی دەبرد.مودیری مەسئوولی ڕۆژنامەی کوردستان خوداڵێخۆشبوو سەید محەمەدی حەمیدی و گەڕێنەندەی گۆڤاری نیشتمان یش عەبدولرەحمانی زەبیحی بوو.

*ئێوە وەکوو وەزیری فەرهەنگی حکوومەت لە ماوەی وەزارەتی خۆتاندا چتان کرد ؟*

* قازی محەمەد ئەوپەڕی گرینگی دەدا بە خوێندن و فەرهەنگ و بەرەوپێشبردنی و گەورەترین هەنگاویشمان لەو بوارە دا هەڵهێنایەوە. ئێمە لە ماوەی ١١ مانگ تەمەنی حکوومەتی کۆمار دا لە عێراقەوە کتێبی کوردیمان هێنا و دوای لابردنی تایبەتەمەندییەکانی لە مەڕ عێراق لە سەر ڕا چاپمان کردنەوە و لە بەر دەست شاگرد مەدرەسەمان نان.هەر وەها بۆ دەرس گوتنەوە بە زمانی کوردی ١٠ تا ١٢ مامۆستامان لە سلێمانی، کەرکووک و هەولێرەوە هێنا و ئەوانیش بێ ئەوەی چ پاداشتێکیان بوێ دەستیان بە خزمەت کرد کە بەداخەوە هەر ناوی چەند کەسێکیانم وەبیر دێتەوە:

١- عوسمان دانیش،
٢- محەمەد وردی ،
٣- قادر ئەحمەد،
٤- جەمیل بەهائەدین. لە مهابادییەکانیش مەلا عەبدوڵای داودی و دڵشادی ڕەسووڵی کە دەیانزانی دەرسی زمانی کوردی بڵێنەوە لە دەرسخانەی گەلاوێژ کاریان دەکرد و تەنانەت مەدرەسەی شەوانەشمان بۆ خوێندنی کەسانی گەورە ساڵ کردبووەوە و بە زمانی کوردی پێیان دەخوێندرا و لە ماوەی چەند مانگاندا زۆربەی شاگردەکان فێری خوێندن و نووسینی کوردی بوون.یەک لە هەنگاوەکانی دیکە ناردنی ٦٠ کەس بۆ باکۆ و ٤٠ کەس بۆ تەوریز بوو بۆ درێژە دان بە خوێندن. هەروەها جلوبەرگی یەک شکڵمان دەبەر هەموو شاگردان کرد وجلوبەرگ و کتێب و کەرەستەی پێویستی خوێندنمان بە خۆڕایی دا بە شاگردان. جگەلەوە ژمارەیەک لە منداڵانی شاری کە تەمەنیان لە نێوان ٦ تا ١٢ ساڵان و بێ دایکوباب بوون کۆ کردەوە و بۆ وەخۆکردن بە سەر ماڵە دەوڵەمەنداندا دابەشمان کردن و هەموو خەرج و مخاریجی ئەوانەش وەزارەتی فەرهەنگ وەئەستۆی گرتبوو.

*کۆمار زیاتر لە کام ناوچانە دەستەڵاتی دەڕۆیی ؟*

* بەرەو باشوور تا شارەدێی سەرا کە لە نێوان بۆکان و سەقز هەڵکەوتووە. لە دەوروبەری سەردەشتەوە تا سنووری عێراق و هەر وەها شارەکانی نەغەدە و شنۆ و بۆکان و دێیەکانی دەور و بەری سەڵماس و ورمێ لە نێو سنووری کۆمار دابوون و لە شارەکانی ورمێ، سەڵماس، ماکۆ و میاندواویش نوێنەرمان هەبوو بۆ پێڕاگەیشتن بە گیروگرفت و کارەکانی کوردانی دانیشتووی ئەو شارانە.

*هێندێک کەس ڕەخنە لە بەرپرسانی کۆمار دەگرن کە بۆ بەدەستەوە گرتنی بەشەکانی دیکەی کوردستان هیچ هەنگاویان هەڵنەهێناوە و هەر بە مەڵبەندی موکریان ڕازی بوون. وڵامتان بۆ ئەو ڕەخنەیە چییە؟*

* دەبێ هەڵکەوتووبایەتی زەمانی و ئەو دەرفەتانەی ئەو دەمی هەبوون لەبەرچاو بگیرێن. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو دەمی باکووری کوردستان [ی ئێران ] بە دەست شووڕەوییەکانەوە بوو و باشووریشی لە بن کۆنترۆڵی ئینگلیسییەکاندا بوو، و هەر کام لەو دەوڵەتانە لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆیاندا تا ڕادەیەک دەستیان دەڕۆیی و هێچکامیشیان لە ناوچەی دەستیان لەکاروباری ناوچەی ژێر دەستەڵاتی ئەویتر دا وەر نەدەدا. بەو شێوەیە گەلۆ دەکرا حیزب لە ناوچەی ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی دیکەدا، کە ئەوان حیزبیان سەر بە شوورەوی دادەنا، بە ئاشکرا بانگەشە و تەبلیغات بکا و کانگانی [ بنکەکانی] خۆی دامەزرێنێ؟ تا ئەو جێیەی کە هەڵدەسووڕا کۆمار حەولی دەدا بۆ هاندانی گەلی کورد و ئەگەر چەتێک لە بەرەو پێشچوونی کارەکاندا هاتە پێشێ هەلومەرجی جیهانی ئەو دەمی و شەرت و هەڵکەوتووبایەتی و بەرعۆدەبییەکانی نێونەتەوەیی و پەیمانی نێو دەوڵەتان هۆی ئەمە بوو نەک خەمساردی و کەمتەرخەمی کاربەدەستانی کۆمار.

* ڕەخنەیەکی دیکەی لە بەرپرسانی کۆمار دەگیرێ ئەوەیە کە لە کەسایەتییە کوردەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان کەلک وەرنەگیراوە و دەبەر کار نەندراون.

* ئەو دەنگۆیانە لە جۆرە کەسانەوە دەبیسترێ کە تەنانەت بەرپرسیارەتی قسەکانی خۆشیان بە ئەستۆوە ناگرن.دانی پلەی ژەنەراڵی بە مەلا مستەفای بارزانی، حەمە ڕەشیدخانی قادر خانزادەی خەڵکی کوردستانی عێراق، ئەمەر خانی شەریفی شکاک و پلەی سەرپۆلی بە زێرۆ بەگی هەرکی خۆی شاهیدی ئەو ڕاستییەیە کە تا ئەو جێیەی کرابا لە کەسایەتییەکانی نەتەوەی کورد جا لە چ تایفە و عەشیرەتێک بووبن بە دڵپاکییەوە پێشوازی کراوە، چما ئامۆژگارانی فێرگەکان و فەرماندەرانی هێزی بەرگری ئێمە هەموویان خەڵکی کوردستانی عێراق نەبوون؟ چما ئەوە سەرکردە [ئەفسەر] ئازاکانی کوردی عێراق نەبوون کە هێندێک ناوچەی سنووری کۆماریان دەپاراست؟ مەگەر پلەی جێگریی وەزارەتی فەرهەنگ نەدرا بە ئاغای برایمی نادری کوردی کرماشانی؟ مەگەر لە میوانانی پایەبەرزی وەکوو جەمیل قەدری پاشا لە سووریيەوە و ئیحسان نووری پاشا لە ترکییەوە و دوکتور سمایلی ئەردەڵان خەڵکی سنە لە ماوەی مانەوەیاندا لە مهاباد بە گەرمی میوانداری و پێشوازی نەکرا؟

* سپاس بۆ بەشداریتان لەم هاوپرسەکییە دا.

* ئەمنیش سپاسی ئێوە دەکەم.

سەرچاوە : وێبلاگی ڕوانگە / ڕێکەوتی : ٨ی ئەپریلی ٢٠٠٨

# ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی ۱۹۴۵، لە مێژووی کورددا

نووسینی: ح . س. سوران

به ناوی کوردستانی گەورە

ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی ۱۹۴۵، لە مێژووی کورددا، ڕۆژێکی پیرۆز و تایبەتیە، چون ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستانە و هەر لەبەر ئەمە، تەواوی کورد ڕێزی بۆ دادەنێن.



جا، ئێستا کە دووی ڕێبەندانە، بۆ بیرەوەری ئەو کارەساتە مەزنە، بە کورتی گۆشەیەک لەو جەژنەتان لە بیرەوەری خۆم بۆدەگێڕمەوە- کە پێموایەتا ئێستا نەنووسراوە :

هۆزی فەیزوڵلابەگی ( بەگزادەی موکری )، کە لە ناوچەی بۆکان و سەقز دادەنیشن، یەکجار زۆر هۆگری کۆماری کوردستان بوون. دەلیلێکی ئەم هۆگریە ئەمە بوو، کە شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد، سەدری قازی و سەیفی قازی، هەرسێکیان لە دایکەوە، لە بنەماڵەی فەیزوڵلا بەگی بوون. هۆیەکی دیکەشی ئەمە بوو، کە ئەم بنەماڵەیە، هەر لە مێژەوە بۆ خۆیان خاوەنی هەستی پتەوی نەتەویی کوردی بوون. هەر بۆیەش، لە کارەساتی کۆماری کوردستاندا، ئەم بنەماڵەیە، یازدە نەفریان لێ لەداردرا.

هەر بەم پێیە، بنەماڵەی فەیزوڵلابەگی و خەڵکی ناوچەکە، لە زستانی ۱۹۴۵ دا، لێبڕان کە بچن ئاڵای کۆماری کوردستان، لە مەهابادەوە بە ڕێورەسمێکی تایبەت بهێنن بۆ ناوچەی خۆیان و بەم چەشنە پەیوەندیان لە گەڵ کۆمار دا پتەوتر بکەن.

ڕێکەوتی ۳۰ / ۱۰ / ۱۹۴۵، ئەندامانی ئەم هۆزە و خەڵکی هەرێمەکە، ئاڵای کۆماری کوردستانیان، لە مەهابادەوە بە ئۆتۆمۆبیل هێنا بۆ شاری بۆکان. ئەو شەوە، لە شاری بۆکان مانەوە و بەیانی ئەو ڕۆژە (۱/ ۱۱ / ۱۹۴۵) بە ڕێورەسمێکی تایبەت، نزیکە دووسەد سوار و سێسەد نەفەر پیادە ئاڵاکەیان هەڵگرت و بەرەو ئاوایی یەکشەوە، لە ۱۰ کیلۆمیتری ڕۆژهەڵاتی بۆکان، بەڕێکەوتن، کە ناوەندی ناوچەی فەیزوڵلا بەگی بوو و ماڵی خاڵی پیشەوا قازی محەممەدی لێبوو. لەم ڕێورەسمە بە شکۆیەدا، سوارەکان ڕمبازی و سوارچاکیان دەکرد و لەگەڵ دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا، بە پێی باو و نەریتی کوردەواری تەقڵەیان دادەکوتی و گۆرانی وێژانی دەنگخۆشی ئەو کاتەی کورد، حەمە حەسەن و محیەددینی قەڵەندەری، شانۆیەکیان لە بەیتی دمدم وت، کە هێندە بەسۆز بوو، زوربەی خەڵکەکە، دەستیان کرد بەگریان. دەهۆڵەکە خۆشەویستێکی جوولەکە لێی دەدا بە ناوی سیمەن و زوڕناکەش هەر جوولەکەیەکی کوردستانی لێی دەدا بە ناوی عەزیزە جو یادیان بەخێر .

بە تەقڵە و ڕمبازێن و خۆشی، لە سەر ڕێگەی گوندی یەکشەوە، ئاڵاکەیان بردە گوندی ئاڵبڵاغ و شەو لەوێ مانەوە. بۆ سبەینێ (




٢ / ١١ / ١٩٤٥)، یانی دووی ڕێبەندان، تەواوی خەڵک لە خزمەت ئاڵاکەدا، گەیشتنە گوندی یەکشەوە و ئاڵاکەیان برد، لە سەر دیواخانەکەی یەکشەوە { کە لە قەراغ حەوزەکە بوو }، چەقاندیان و جەژنێکی یەکجار گەورەیان گرت، کە لەم جەژنە دا، نەمر مایور ( سەرگورد ) عەلی شێرزاد، فەرماندەی هێزی بۆکان، لە بنەماڵەی فەیزوڵلابەگی و خاوەن ملکی یەکشەوە، وتارێکی هەرە جوانی پێشکەش کرد و بەهەشتی عەبدوڵلا نیروومەند ( هاواڵ )، هۆنراوەیەکی لە وەسفی کۆماردا، خوێندەوە، لە ژێر سەردێڕی (مانگی یەکشەوەی موکوریانی )، کە زۆر سەرنجی خەڵکەکەی راکێشا.

تەشکی ئاڵاکە بەم چەشنە بو: ڕەنگی سوور، سپی و شین، ڕەسمی دوو گوڵەگەنم و پێنووسێکشی پێوە بوو. ئەم ئاڵا پیرۆزە، تا رووخانی کۆماری کوردستان، لە گوندی یەکشەوە، لەسەر ئەو سەربانە، بەرێزەوە هەر دەشەکاوەو ئێستاش خەڵکە کە هەر دەڵێن خۆزگە بەو ڕۆژانە، بلێی...

سەرنج : ئەو ئەفسەرە کە لە رژەکەدا، بەر لە سەفەکەوە دەروا، باوکی من { سەرهەنگ سەلاح ] ە، کە فەرماندەی تەواوی ئەرتەشی کوردستان بووە.

## دوی ڕێبەندان

جەژنی ڕێبەندان، بەنرخە بۆ گەل
ڕەوڕەوەی خەبات، سەر ئەخا لەکەل
تیشکی تێگەین، لە دوندی شاهۆ
ڕووناک ئەکاتەو، خاکی پاکی تۆ
هۆزی هۆگری هەتاوی هەستان
ئەبنە پەپوولەی شەمی کوردستان
کوردی ئێزەدی و شیعە و موسایی
سوننی وئەهلی حەق، گەور و عیسایی
بادینی و لوڕ و لەک و گۆرانی
داسنی و زازا و فەیلی و سۆرانی
کۆئەبن، لە کن ئاڵای ڕزگاری
کوردانە ئەژین، لە کوردەواری
شای بەزیوی کش، پاکی ئەبن مات
ئەو ڕۆژە، سۆران ئەگاتە ئاوات

ح . س. سوران . تاران - ٢٧٠٥/١١/٢ = ١٣٨٤/١١/٢

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١٥ی جانێویری ٢٠٠٨

# وتەکانی بەڕێز دوکتور گولمراد مرادی لە ٦٢ هەمین سالیادی کۆماری کوردستان، لە ئۆسلۆ پێتەختی نۆروێژ

**هاونێشتمانی بەرێز**

بێرەوەری ئەم رۆژە پیرۆژە بە هەموو ئیوە بەشدارانی بەریز و هەموو خەڵکی کورد لە سەرانسەری کوردستان پێرۆزبای دەڵێم. ئیجازە لە ئیوەی بەرێز دەخوازم کە زۆر بە کورتی چۆنیەتی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە دەستپێکی شەری دووهەمی جیهانیەوە باس بکەم.



هەر چەند ئێران پێماننامەی بێ لایەنی لەشەری دووهەمی جیهانی ئیمزا کردبوو، سەرەرای ئەمەش هیزەکانی موتەفەقین لە روژی ١٦ سیپتامبر ١٩٤١ی زاینی لەسەر تایبەتمەندی یەک کە ئەم ولاتە هەیبوو لەباکوور و باشورەوە ئێرانیان داگیرکرد.

رەزاشا دیکتاتوری ئێران، کە گەلی کورد و گەلانی تری ئێرانی خستبوە ژێر زولم و زۆرەوە مەجبورکرا ئیستعفا بدا، بەدوای هاتنی هیزەکانی موتتەفقین بی ئەوەی کەس داوای لی بکا، ئیجبارەن ولاتی ئێرانی بەجی هێشت لەم روژە دا دەستبەجێ هەموو زیندانیە سیاسیەکانی ئێران ئازاد کران، هەروەها لە شارەکانی کوردستانیش بە راستی فەزایەکی نوێ درا بە وەزعی سیاسی وڵات. شاری قارەمان پەروەری مە هاباد وەک پیتەختی داگیرنەکراوی کوردنشین بوو بە ناوەندی تیکوشانی سیاسی و کولتوری کورد وکوردستان، لە واقیعدا هەمووکەس هیوا و ئومیدی بە مەهاباد بوو. لە ماوەیەکی کورت دا، ریکخراوی کولتووری و حیزبی سیاسی، لەسەرانسەری ئێراندا و هەروەها لە م بەشی کوردستان دامەزرا. تیکۆشانی سیاسی کوردستانی داگیر نەکرا، بەفرەوانترو بەهیزتر بوو لە ناوچەکانی تری ئێراندا. بۆ یەکەم جار لە میژووی گەلی کورد دا، دامەزرانی حیزبیکی پێشکەوتوو بەمانای ئیمرۆی لە مەهاباد پیک هات، واتە دامەزرانی کۆمەڵەی ژ.کاف کە لایە ن ٢٢ کەس لە رووناکبیرانی کورد لە رێکەوتی ١٦ی ئووتی ١٩٤٢ی زاینی ساز کرا.

دوای سێ ساڵ راست لە روژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ.کاف، واتە ١٦ ئووتی ١٩٤٥ (٢٥ گەلاویژی١٣٢٤ی هەتاوی) بەیانیەک بە ئیمزای ٧٢ کەس، بەرێبەرایەتی پێشەوای نەمر قازی محمد بلاو کرایەوە، لەم بەیانیە دا دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان راگەیاند،بە واتەیەکی تر سازمانی کۆمەڵەی ژ- ک کرا بە حیزبی دێموکرات و قازی محمد وەک یەکەمین کەس و بەریوەبەری ئەم حیزبە هەلبژێردرا. تەنیا چەند مانگ لە دامەزرانی ئەو حیزبە رانە برد بوو کە بەریوەبەرانی میللە تی کوردی ئێران بریاریان

دا، لە رۆژی ٢ی ریبەندانی سالی١٣٢٤ی هەتاوی ٢٢ی ژانوی ١٩٤٦( یانی دوای ٧ مانگ پاش کوتای شەری دووهەمی جیهانی) کۆماری کوردستان لەسەر داوای خەڵک دامزراند.

ئەمرۆ رێ ورەسمی ٦٢ هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ناسراو بە کۆماری مەهاباده، لە میژووی گەلی کورد لە سەرانسەری خورهەلاتی ناوە راست (خاورمیانە) و ئوروویادا کراوەتە سەمبولی بەربەرەکانی رزگاریخوازانەی گەلی کورد. یەکێک لەو رووداوە گرینگانەیە کە ئۆگرانی ئازادی کە باوەریان بە دێموکراسی هەیە بەچاوی رێزەوە روانیوانەتە دامەزرینەرانی ئە م کۆمارە. بەهەرحا ل بەدوای ٦١ ساڵ سەرکوتی ناجوامێرانەی ئەم جوولانەویە، ئیستاش لە دڵی دادخوازان و شەخسیەتەکانی پیشکەوتوو زیندوەو بە بێ شک زیندوش دەمێنێ، قەت لەبێرمان ناچیتەوە و جێگای ریزمانە، بۆیەش هەمووسالی ئوگرانی ئازادی و دیموکراسی لە چین و توژەکانی کوردە واری، لەسەرئەم رۆژە میژوویە مەقالە و نووسراوەی جوراوجور بلاو دەکەنەوە، هەتا کۆماری کوردستان کە بەحەق دوورنمایەکی رووناکی لە میژووی گەلی کورد داهەیە لە ناومێشکی نەسلی داوارۆژدا زیندو رابگرن و لێی حاڵی بن و دەرسی لێ فێربن. شتێک کە ئێمەی کورد دەبی سەرنجی بدەینێ، مەسەلەی یار و نەیارانی ئازادی و دیموکراسیە کە کۆمەڵی ئێمەیان لە دواکەوتووی دا راگرتووە، مەسەلەی دۆستانی گەلی ئێمە زور روون و ئاشکران، واتە ئێمە کە سانیک بە دۆست و یار خومان دەزانین، کە ئەو شتی بۆخویان بە رەوا دەبینن، بو ئێمە گەلانی بە ناو جیهانی سێهەمیش بەرەوای بزانن، ئەمانە دێموکراتە واقیع بیننەکانن. دوژمنانی نا ئاشتی خوازی ئێمە، کە سانێک بوون و هەن کە ژیانێکی شایستە لە ژێر سێبەری دێموکراسی و ئازادی بو ئێمەیان بە رەوا نەزانیوەو نایزانن، هەر چەند زورنایان هەڵگرتوە بۆ تەبلیغی ئازادی و دیموکراسی، بەڵام سەرەتایترین ماف بۆ ئێمە قایل نابن. ئەمرو بە جوانی هەڵویستی ئەوان لە ئال و گۆرەکانی ناوعێراق دەبینین، سەرکوت کردنی سالانی دوورو درێژی ریژیمی ئێرانیش لە جی خۆی. بەڵام ئیستا قەلەم بەدەستانی ناسیونالیستی ئێران لە بەر ئەوی هیژمونی خۆیان لە دەست نەدەن، روویان کردووەتە کوردستانی عیراق، چەپ و راست هوشدار دەدن کە ئێمەش وەک کوردەکانی عیراق، لەم بوارەدا هەنگاو هەڵ نەهێنینەوە، چوونکە دەبێتە جیاوازیخوازی، یان هیرشی ئەم دوایانەی ئەرتەشی ناسیونالیستی تورکیە بو سەر کوردستانی عیراق، وێنەیەکی تری درندانە سەبارەت بە گەلی کوردە.

بەداخەوە لەماوەی ٢٠٠ ساڵی رابردوودا ئێمە بەردەوام دەگەل ئەو دوژمنانە کە بە رواڵەت خویان بە دوستی ئێمە دەزانن، بەرەوروو بووین و تا ئیستا بەسەریان دا زال نەبووین، چوونکە تەواوی دەزگاکانی تەبلیعاتی و هەواڵ نیری (روژنامە، رادیوو جاسووسەکانی خەبەری) لە ئیختیاریان دایە. هەرچەشنە رووداو و خەبەرێک کە قازانجی ئەوان دەخاتە مەترسی یەوە، خۆی لێ دەپاریزێن وبە پێچەوانە دیگەێننە گوێی گەلانی جیهان بەتایبەت بوختان و رووداوەکانی دوای شەری دووهەمی جیهانی و دەستپێکی شەری سارد بە کەڵک وەرگرتن لە درۆکانی گوبلزی، کە ئەم کاریان ئەوندە دووپات دەکردەوە کە دوستانی ئێمەش باوەریان بەم درۆیانە دەکردو ئیستاش دەیکەن. سەرنج راکێشە کە گۆبلز وزێری ئیتلاعات و تەبلیعاتی زمانی نازیەکان بوو، ئەو دەڵێ: درۆ هەرچی گەورەتر بی و بەردەوام دووپات بکریتەوە خەڵک زۆرترباوەر دەکەن. بە دوای شەری دووهەمی جیهانی، دوژمنانی گەلی کورد، زور بەهاسانی دەیانتوانی رووداوەکان بە پێچەوانەوە بە قازانجی خۆیان نیشان بدەن. ئارچی رۆژوڵت نیزامیەکی مأموری ئەمریکا کە لە سالەکانی ٤٦ ـ ١٩٤٥ زاینی لە مەهاباد بوو، یان ویلیام ئیگلتون سەرکۆنسولگری ئەمریکا، لە سالەکانی ٦٢ / ٩٦٠١ ، درک کینان




میجرادموندز ئینگلیسی و ژنراڵ ئە رفع رئیس ستاد ئەرتشی شاه ( لە واقیعدا سەر بە ئینگلیس) هیچکات و لە هیچ زەمانێکدا دۆستی گەلی کورد نەبوون و ئەگەر جاروبار مەجبوور دەبوون هێندێک شتی باش لەسەر کورد بڵێن یان بنووسن لە سێ حاڵەت تێنەپەریوە:
یان نە یان توانیوە واقعیتەکە بشارنەوە، یان خۆیان بە نیسبەت مافی گەلی کورد بەشەرمەزار زانیوە، یان خەریکی ئەوە بوون کە هێندێک دۆست لە ناو گەلی کورددا بەدەست بێنن، خاڵێکی گرینگ و سەرەکی کە سازمانە جاسووسیەکانی وڵاتانی رۆژئاوا وەک ئەرک بۆیان دیاری کرابوو، دەنا دڵیان بۆ گەلی کورد نەسووتاوە. لە هەنگاوی هەوەڵدا ناحەز نیشاندانی هاوپەیمانەکانی زەمانی شەر، رەقیب و بە دوژمن زانینی ئیدئولوژیکی وان و لە هەنگاوی دووهەمدا وابە ستەگی هەر جووڵانەوەیەکی خەڵکی و دوژمنی خەیاڵی کە هەمان شورەوی پێشوو بوو. ئەگەر ئەم جووڵانەوە بە حەق بووبا لەسەر ئەم تیئوریە هەر عەمەلێک و رەفتاری کوردەکان دەبوایە وەک فەرمانی مەسکۆ یان ئازەربایجانی شورەوی بە حیساب دەهێندرا. هەر وەها ئەوان دەتوانن بڵێن کە تە بدیل کرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە فەرمانی شورەوی بوو، تکایە سەرنج بدەن بەو چەند دێرە، ئارچی رۆژولت دە بیژی: لە سێپتامبری ۱۹۴۵ قازی محمد و چەند کەس لە کوردەکان جارێکی دیکە لە لایەن شورەوی وە بانگ کرابوون، ئەم جارە دەگەڵ باقرئوف سەرۆک وەزیری ئازەربایجانی شورەوی دیداریان کردبوو، کوردەکان بە باقرئوفیان گوت کە دەیانەوێ وڵاتێکی کوردی دابمەزرێنن و هیوادارن شورەوی لە دانی یارمەتی ماڵی و نیزامی دریغ نەکات. باقرئوف لە وەڵامدا گوتی پەلە مەکەن، ئازادی کوردەکان دەبی باوەری بە هێزی خەڵک هەبی و ئەویش تەنیا لە ئێراندا نا، بەڵکو لە ئیراق و تورکیەش، ئەو بە کوردەکانی گوت کە مەسلەحەتی وان لە وەدایە، شورەوی بە پاڵ پشتی خویان حیساب بکەن، بێ شک کە ئەوانیش لە بواری مالی و نیزامیە وە پشتیوانیان دەکرێ. ( ئەم دێرانە لە کتێبی موختە-سەری ئەز تاریخی کورد. وەرگێراوی ئیبراهیم یونسیە).

ئەم قسە هەڵخەڵەتێنەرانە بە هیچ گرتنی هەر شەرەفێکی ئینسانیەو تەنیا دەتواندرێ لە ئاخۆری مەئمووران و جاسووسەکانی بێویژدان بگوترێ. لەبەر ئەوەی قازی محمد لە هیچ زەمانێک دا باسی سەربەخۆیی کوردستانی و جیاوازیان لە ئێران نەکردوە، لە دونیای ئەمرۆدا بەخۆشیەوە، دە توانین ئارشیوڤی هەموو وڵاتانی: روسیە، ئەمریکا، ئینگلیس و فەرانسە کە کراوەتە وە و ئینسان بە راحەتی دەتوانێ سەرە نجیان بگرێ و ئەم درۆیانە لەقاو بدا. لە بەردەوامی دیرە- کانی سەرەوە دا دە خوینین: "لەم چاوپیکەوتنەدا قازی محمد و هاورێیانی زانیان کە باقرئوف خۆشحاڵ نەبوو لە کۆمەڵەی ژ کاف، لە پاشگەرانەوە لەم سەفەرەدا قازی محمد ئاکامی وتووێژەکانی دەگەڵ بەرێوەبەرانی کۆمەڵە باس کردو بەدوایدا بەیانیەیەک بە ئیمزای قازی محمد و ۱۰۵ کەس لە کوررده بە ناوبانگەکان بڵاو کرایەوە. لەم بەیانیە دا دامەزانی حیزب دێموکرات و ئامانجەکانی دەست نێشان کرا بوو. ئەو دێرە هەل خەڵەتینەرانە و دروو و دلەسانە ئەونده دووپات کراونەوە کە یاران و دوستانی ئێمەش باوەریان کردوە و لە نووسراوە کانیان دا دەنووسرێ و دینووسن. لە حالیکدا ئەم قسانە، هەروەک لە سەرەوە باسمان کرد، تەنیا دە تواندرێ لە مێشکی کەسانێکدا وابستە بە سازمانی دە ولە تی خویان، وە ک ئارچی رۆژولت، ویلیام ایگلتون و دیرک کینان و ئەدمۆندز و ژیرنال ئەرفە ع (کە لە راستی دا ئینگلیسی بوو) دەگوترا. لە واقع دا ئەو بەڵگانەی کە ئیستا هەن، یانی ناردنی تیلگرام بۆ تەوریز و بەڵگەکانی سەفەری هیئەتی نۆێنەرایەتی کورد بۆ باکوو هەروەها بایگانی وەزارەتی دەرەوی بریتانیا کە هەر بە دوای سی سالان بۆ بێروڕای گشتی دەدریتە بەر دەست هەموو کەس بو خوێندنەوە و چاو لێ کردن، هەموو ئەم درۆ و دەڵەسانە بو خەڵک روون دەکاتەوە و بە پێچەوانەی ئەم قسانە

مان پی دەڵێن. لە کتێبی( ملتی بدون سرزمین) کە بابە تی ئارچی رۆژولت لە ناو ئە و داویە، لە لاپەری ۱۴۰ ئەم کتیبە دا ڕێکەوتی دووهەمین سەفەری قازی محمد و هەیئەتی نوینەرایەتی کوردەکان بۆ باکوو رۆژی ۱۲ سیپتامبری ۱۹۴۵ ناودێردەکا. ئەوە لە حاڵێکدایە کە قازی محمد بە ناوی رێبەر و ۲۰ هەزار ئەندامی حیزب دێموکرات کوردستانی لە سەرەتای مانگی سیپتامبری ۱۹۴۵ یانی ۱۲ رۆژ پێش چوون بو سەفەری باکۆ، تێلگرافی پیرۆزبایی بە بۆنەی دامەزرانی فرقە یا حیزب دێموکرات ئازەربایجان ناردبوو. چاو لە بڵاوکراوەی جووڵانەوەی ۲۱ ی ئازەر لاپەری ۱۵ ،چاپی تەوریز بکەن. لە راستیدا دامەزرانی حیزب دێموکرات کوردستان یان بە قەول گورانی ناوی کۆمەڵە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی ۱۶ی ئووتی ۱۹۴۵ (۲۵ی گەلاویژ ۱۳۲۴ ی هەتاوی) بوە؛ نەوەکوو بەدوای گەرانەوی قازی محمد لە باکوو. کوردە زوڵم لێکراوەکان رەسانە گشتیەکانیان لە دەستدا نەبوو و بە دوای شکستی کۆمارێش دا ئیمکانی ئەوەیان نەبوو راستیەکان بە گوی جیهانیەکان بگەیەنن. هەر بۆیە بە قەولی فارسەکان پارچە و مەقست لە دەست دوژمن دایە؛ هەرچی پیان خۆش بی دەرخواردی رسانە گشتیەکانیان داوە و بلاویان کردوتەوە. تازە بە دوای(۶) شەش حەوتوو دوای گەرانەوەی رێبەرانی حیزب دێموکراتی کوردستان ئێران لە سەفەری باکوو، لە ریکەوتی ۲ تا ۵ی سەرماوەزی ۱۳۲۴ ی هەتاوی (۲۸ ئوکتوبری ۱۹۴۵ ) هەوەلین کۆنگرەی ئەم حیزبە بەریوە چوو. حیزب ئەوکاتە زۆرتر لە ۲۰.۰۰۰ کە سی ئەندام هە بوو، هەموو رۆژێش زۆرتر خەڵک دەهاتن بۆ مقەرەکانی حیزب و ناویان دەنووسی بۆ ئەندامەتی لە حیزبدا، کەوابوو بڵاو کردنەوەی ئەم درۆ ودەلەسانە تەنیا لە خزمەت سیاسەتی جنایتکارانە دا بووە و ئەویش بە هێند نەگرتنی جووڵانەوەی کوردستان ونێشاندانی سەر بە وڵاتی شورەوی پێشوو. کە لەواقیع دا ئاوا نەبوو.

دەمەوێ عەرزتان بکەم یەکەم: ئەمن کتێبیکەم ۱۸ ساڵ لەمەوبەر بە زمانی ئالمانی لەسەر کۆماری کوردستان نووسیوە و ۱۶ ساڵ لەمەوبەر چاپ و بڵاو بۆتەوە، کە هیوا دارم ئۆگرانی چارەنووسی گەلانی ژێر دەستە؛ ئەم کتێبە بە زمانی کوردی و فارسی وەربگێرن. دووهەم لێکۆڵەرانی واقیع بین لێکۆلینەوە یەکی زۆر زۆرتر لەم بوارەوە بکەن، بۆ ئەوە مەیدان بە سێخورەکانی سازمانی سیا تەنگ بکەنەوەو درۆکانیان زیاتر بۆ خەڵک ئاشکرا بیت. بە داخەوە ئێمەی کورد نە پێش کۆماری کوردستان و نە لە زەمانی کۆماردا دەزگا تەبلیغاتیەکانمان ئەوەندە بە هێز نەبوو کە بتوانن بەربەرەکانی دەگەڵ ئەم درۆیانە بکەین و لە قاوی بدەین و راستیەکان بە گەلانی تر رابگەیێنن؛ هەر بۆیە لە دوژمن شکستمان خوارد.

بەڵام ئێمە ئەمرو باس لە شکست ناکەیێن، بەڵکوو رۆژی سەرکەوتنی گەلی کورد لەم ڕێکەوتە تایبەتیەدا جێژن دەگرین؛ لەبەر ئەوەی لەسەر ئەو باوەرین کە ریگای کۆماری کوردستان لە مەهاباد دروست و بەرحەق بوو، هەرچەند ئەو کۆمارە کەمتر لە یەک ساڵ تەمەنی بوو؛ بەڵام دەسکەوتەکانی بۆ گەلی ئێمە زۆر بەنرخ و گەو-رەن. چەند نموونە لە کارە گرینگەکانی زمانی کۆمار بریتین لە:

۱- سەرنجدان بە مەسەلەی ئاموزش و کولتوری گەلی کوردو زمانی زگماکی و چاپ کردنی کتیب بە زمانی کوردی لە مانگی نۆامبری ۱۹۴۵.

۲- کردنەوەی قوتابخانەی کچان بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلی کورداو دامەز رانی ڕێکخراوی ژنان، بۆ بەرەوپیش بردنی کولتور

و هاندانی ژنان بۆ تیکۆشان لە جامیعەدا.

٣- خوێندن بە زمانی زگماکی لە قوتابخانە؛ لە هێندێک شارەکانی کوردستانی ئازاد کراودا.

٤- لابردنی داب و نەریتی کۆن و عەشیرەیی، دامەزراندنی پێوەندی مۆدێرن لە ناو بنەماڵەکانی کوردو سەرنجدان بە مافی ژنان لە بنەماڵەداو هاندانیان بۆ کارکردن لە کاروباری کولتووری و هتد دا.

٥- باشترین پێوەندی لە نیوان ساحب زەوی و جووتیارانداو هەروەها سەرنجدان بە خواست و مافی جووتیاران و کرێکاران و بازرگانان ورده پا.

٦- سازماندانی ئەمنیەتی شارنێشنەکان و پشتیوانی کردن لە کۆماری کوردستان و دابین کردنی ئاسایش و ئازادی بۆ خەڵک .

کۆماری کوردستان نموونەو رینوێنی دەر بوو بۆ ئازادی و دێمۆکراسی، تەنیا ئەوەندە بەسە کە مروڤ هێندێک لایەنگری مەسایلی سیاسی لە خۆی نێشان بدا و لایەنگری چارەنووسی خۆی بی تا بتوانێ بە ئازادی و دێمۆکراسی بگات. ئێمە هیواداریین کە لاوانی گەلی کورد سەرنج بدەن بەم وێنانەو بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی ئەم کۆمارە، هەنگاوی گرینگ و جیدی هەڵبهینەوە.

هاو وڵاتیانی بە ریز!

رێگەم پێ بدەن لە ئاخری (کوتای) قسە کانمدا هێندێک خاڵ باس بکەم کە زۆر بە پێویست دەزانم. لە هیچ کۆمەلگایەکدا پیرۆژی و ئیدالەتی ئیجتماعی و گەیشتن بە دمکراسی بە هاسانی بە دەس نایە. بێ شک پێویستە بۆ بە دەسهێنانی ئەم پیرۆژیە، خەبات بکرێ. ئێمە ئیرۆ، لە خەبات چی فام دەکەین؟ وەک هەموومان باش دەزانین، دونیا زور عە وەز بووە و فەرقی کردووە و دکە خەباتی چەکداری گۆراوە و جێگە ی خۆی بە خەباتی ئاشتی خوازانە داوە و پیویستە لە گەڵ باس و ئیستدلال و مەنطیق بە ئامانجی خۆمان بگەین.

هەلبەتە ئەم رەوشتە کە مەهاتما گاندی بنیاننەری بووە، ئیحتیاج بە سەبر و تاقەت و زانایی و چالاکی هەیە. ئێمە پیویستە مافی خۆمان چاک بناسین، بە گرتنی ئەوە باوەرمان بیت و لە چوارچێوی حیزب ورێکخراوێک دا چالاک بین، بی شک پیرۆزی بە هاسانی بە دە س دیت. ئێمە لە میژوی تازە دا دیمان، قاضی محمدی نەمر، دوکتور قاسملوی نەمر، دوکتور شەرەفکەندی نە مرو دەهان و سەدان خەباتگەری هیژای کورد و فارس و ئازەری و بەلوچ و تورکمەن و عەرەب و هتد... گیانیان دایە کە ئێمە ئازادی و دمکراسی لە ریگای ئاشتی خوازانەوە بە دەس بهێنین. ئیوە خۆتان چاک تر لە من دەزانن، بۆچی تا ئیستا پیرۆز نەبوین؟ بە داخەوە مرۆڤی ئێمە تە نیا نیە ن کە بە دە ردی نە زانی وعوامفریفتی ودیکتا-تورخووازی گرفتارین. بیشتر لە مرۆڤانی "جیهان سومی" ئە م دەردیانە هە یە. لە روانگە ی جیهانیە وە دیمان کە لە ئاخری (کوتای) ساڵی رابردووی زاینی دا بینە زیر بوتوی پاکستانی (وڵاتی ئیسلامی ضدی سە روکایە تی ژن) گیانی خوی بوو بە دە س هینانی دمکراسی لە دە س داوە. ئە و دەخواست لە رێگە ی ئاشتی

خووازیە وە بە ئە م ئامانجە بگات. ڕێبە رانی ناو بردو میللە تی کورد هە موویان خووازت کە گیانیان دا. گە رچی بینە زیر بوتو دەولەمەند و فئودال زادە بوو،

ئەمما بیرو و باوەری بە دێموکراسی و ئازادی و مافی ژنان هەبوو.

ئێمە میللەتی کورد لە درێژایی میژودا، تەجربیات و بیرەوەری زۆر زۆر تاڵمان لە پشت سەرە و بو بە دەس هینانی شانازی و شای و ئازادی مرۆڤ، وەکو روژی ٢ی رێبەندان، خوینمان داوە وە لی تا ئیستا پیرۆزی نە هائیمان بە دەس نە هاوردووە. فەقەت بیری ئەم روژانە لە میژی ئێمە ماوە. گەنجانی(لاوان وکچان) میللەتی کورد پێویستە بزانن کە رێبەرایەتی میللەتەکەمان لە رابردوو دا گیانیان داوە کە ئێمە زندوو بمێنین و پێویستە ئێمە تا حەددی ئیمکاناتمان چالاکی بکەین و موتەحید بین و حەتا گیانمان بدەین کە داهاتوەکانمان بە شادی بژین و ئەم روژانەی پیرۆزە بە یادی ئێمە جە ژن بگرن. ئازیزان ئێمە لە ئە م جە ژنە، لە بە رانبە ری ناو و وینە و یادی قارە مانان میلەتمان لە هەر چوار پارچەی کوردستان سەر تەعظیم دێنینە خووارەوە و رێزو ئێحترامیان دەگرین.

بەرێز و پایدار بی کۆماری کوردستان، بژی گەلی کورد،

بەرقەرار بیت حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئێستا لە هەردولایان

بە هێوای سەرکەوتنی هەموو گەلانی مافخوراو. سپاس بو تاقەتتان

٢٥ی جانێویری ٢٠٠٨ لە ئۆسلۆ

# لە پەراوێزی بەپاشکۆبوونی پرسی کورد بە کێشەی دێمۆکراسی لە ئێران

### بەبۆنەی دووی ڕێبەندان (٢٠٠٧)

**شەمال کاوە**

ئێمە، ئێمڕۆ لێرە کۆبووینەتەوە تا ساڵیادی یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی کورد بە پیرۆز بکەین. بۆ ئێمە ساڵیادی



دوووی ڕیبەندان، بە گشتی هەمیشە بیانوویەک بووە بۆ ئاوڕدانەوە لە مێژوو. بەڵام بەداخەوە، بەتایبەت لە بۆنە حیزبییەکاندا کەم وا هەڵکەوتووە کە ئێمە لە جیاتی ئاوڕدانەوە، هەولی پێداچوونەوەیەکمان بەو مێژوویەدا هەبێ. ئەو ئاوڕدانەوانەش، زیاتر بەمەبەستی شەرعییەتدان و سەلماندنی ئەو هەقیقەتانە بووە کە خۆمان بە هەڵگرییان زانیوە. بەم هۆیەش هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵ دووێ ڕیبەندان، تەنیا هەلسوکەوتێکی هێمایی و سیاسیی بووە و کەمتر رەنگ و ڕووی لێکدانەوە و پێداچوونەوەیەکی مێژوویی و ڕەخنەگرانەی هەبووە. واتە ڕوانینی ئێمە بە دووی ڕێبەندان، تەنیا وەک ڕۆژێکی مێژوویی و، وەک هێمایەک بووە بۆ خەبات و تێکۆشان و، هەروەها بۆ سەلماندنی بەرهەقیی سیاسەتی خۆمان. بۆیەش لەو ئاستەدا کەمتر هەول دراوە کە دوو ڕێبەندان نەک هەر وەک ڕۆژێکی مێژوویی، بەڵکو بەر لە هەموو شت، وەک دیاردەیەکی مێژوویی بخرێتە بەر باس.

بێگومان ئەگەر ئێمە دووی ڕێبەندان تەنیا وەک ڕۆژێکی مێژوویی سەیر بکەین، ئەوسا ئەو ڕووداوە هەر لە ئاستی هێمایەکی نەتەوەیی و لە ئاستی ئەفسانەیەکدا دەمێنێتەوە کە بواری ڕەخنە و پێداچوونەوە فرە بەرتەسک دەکات. بەڵام ئەگەر ئێمە دووی ڕێبەندان وەک دیاردەیەکی مێژوویی هەڵسەنگێنین، ئەوسا مەبەستمان لە گەڕانەوە بۆ مێژوو و بۆ ئەو دیاردە مێژووییە، تەنیا نابێتە وەبیرهێنانەوەی شکۆداری ئەو ڕووداوە یان کردنی مێژوو بە داوەر و شایەدی ڕاست و درووستی بۆچوونەکانمان، بەڵکو ئەوسا دەتوانین لە هەمان کاتدا مێژوو وەک پێوەندییەکی نێوان زانیاری و دەسەڵات ببینین کە لەودا مێژوو تەنیا بریتی نابێ لە کۆمەڵی ڕووداو و فاکتی بێتاوان؛ ئەوسا مێژوو نابێتە بکەر یان سابجێکتێک لە دەرەوەی ئیرادە و دەرەوەی خوێندنەوەکانی ئێمەدا؛ ئەوسا مێژوو تەنیا یەک ناوەرۆک و یەک ناوئاخنی ڕاستەقینەی نابێ و دەستی ئێمە لە تەفسیر و خوێندەوەیەکی جیاواز و ڕەخنەگرانە ئاوەڵاتر دەکات.

پێداچوونەوەیەکی رەخنەگرانە بە دووی ڕێبەندان وەک دیاردەیەکی مێژوویی، دەتوانێ یارمەتی ئەوەمان بدات کە ئێمە شوێنگە و پێناسەی ئێمڕۆی خۆمان باشتر بناسین. چونکو هەر وەک ئاماژەم پێدا، شیکاری مێژوویی نابێ بەو مەبەستە بێت کە ئێمە بگەڕێنێتەوە بۆ شکۆمەندی ڕابردوو، بەڵکو دەبێ بەر لە هەموو شت، کەرەسەیەک بێت بۆ پێناسەکردنی ئێمڕۆ و کێشە و گرفتەکانی ئێمڕۆ.

پێداچوونەوەیەک بە مێژوو دەبێ بەر لە هەموو شت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتە کە ئێمە بۆ ئێمڕۆکێ ڕاست لەو شوێنە تایبەتە ڕاوەستاوین؛ دەبێ وەڵامی ئەوەمان بداتەوە کە چ دیاردە یان کام ڕەهەندی ڕابردوو پێناسەی ئێمڕۆکێی ئێمەی شکڵ داوە؟ چونکو ئێمە نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە ئێستاکێی ئێمە، ئەنجامی ئەو چارەسەر و پرۆژانەن کە ئێمە پێشتر وەک وەڵامێک بە کێشە کۆنەکانمان گەڵاڵە کردبوون.

کە وایە، پێداچوونەوەیەک بە دووی ڕێبەنداں، دەبێ تێگەیشتنی ئێمە لە ئێستاکێ و سەردەمی هەنوکەییمان باشتر بکات، چونکو ئەو کاتەی ئێمە تێیادا دەژین کەمتازۆر بەرهەمی ئەو وەڵامانەن، کە ئێمە پێشتر بە گرفتەکانی ئەو سەردەممان دابۆوە. ئەوەش لە خۆیدا دەتوانێ یارمەتیدەری ئەوە بێ کە ئێمە لە پێداچوونەوەیەکی ئاوادا باشتر سەردەمی خۆمان بناسین و گرفتەکان لە گۆشەنیگایەکی جیاوازترە ببینین. بە کورتی. خوێندنەوەی ئێمە لە مێژوو دەبێ بتوانێ یارمەتیمان بدات تەوەرەکانی بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد و، هۆکار و سەرچاوەکانی گرفت و قەیرانەکانی باشتر دەستنیشان بکەین.

****

هەر بەو پێیەش من حەز دەکەم لە کەمکاتییەدا قسەکانم لە یەک تەوەری دیاریکراودا چڕ کەمەوە و ئەویش مەسەلەی بە پاشکۆبوونی کێشەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بە کێشەی ئێران و دێمۆکراسی لە ئێراندا.

بۆ ئەوەی بتوانم بە کورتی هەندێ بیروڕای خۆم لەوبارەیەوە دەرببڕم، سەرشاری باسەکەم دەخەمە دەورانپشتی جمهوریەتی کوردستان. لەوەشدا گریمانەی سەرەکی من ئەوەیە کە ئێمە لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا تووشی گوازتنەوەیەک هاتین کە لە بنەڕەتدا، بە مەبەستێکی کاتیی و وەک تاکتیکێکی سیاسیی ڕۆژ هاتبووە ئاراٍ، بەڵام دواتر بوو بە ستراتێژی نەگۆڕی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو گوازتنەوە مێژووییە، کە لە سەروبەندی دەستپێکی شەڕی سارددا ڕوویدا، وەک تاکتیکێک بە سەر کورددا سەپێندرا و سەرکردایەتی ئەو کاتی جووڵانەوەی ناچار کرد ملکەچی بێت، بەڵام دواتر هەر ئەو سیاسەتە بەبێ هەڵسەنگاندنێکی بابەتی بووە بە ستراتێژی سەرەکی جووڵانەوەکە و تا ئێستاش گۆڕانێکی جەوهەری بەسەردا نەهاتووە. (واتە من لێرەدا دروشمی فیدراڵیزم وەک دابڕانێک لەو ستراتێژییە نابینم، بەڵکو وەک گۆڕانێکی تاکتیکی هەڵیدەسەنگێنم).

کە باسی گوازتنەوە دەکەم، مەبەستم ئەو گۆڕانکارییە مێژووییە کە لە ماوەیەکی کورتدا لە سیاسەت و ستراتێژی جووڵانەوەی کوردیدا ڕووی دا و کێشەی کوردی، کە تا ئەوکات وەک کێشەیەکی سەربەخۆ، وەک پرسێکی نێونەتەوەیی و لە قالبی دروشمی سەربەخۆییدا هاتبووە ئاراٍ، کردە بە کێشەیەکی مەحەللی و بەستییەوە بە چارەنووسی ئێران و بە دێمۆکراسی لە ئێراندا و بەم چەشنەش دروشمی خودموختاری جیگای بە دروشمی سەربەخۆیی لێژ کرد.

با ئێمە لە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"وە دەست پێبکەین. کۆمەڵەی ژێکاف لەسەر ویستی سەربەخۆیی و بڕوا بە کوردستانی گەورە دامەزرابوو. بەڵام بە پێچەوانەی هەندێ بۆچوون، ژێکاڤ بۆ ئەو مەبەستە خاوەنی بەرنامەیەکی ڕۆشن و گەڵاڵەکراو نەبوو. بەرنامە و هەولی کۆمەڵەی ژێکاف لە ژێرتاوی خوێندنەوەیەک لە بارودۆخی جیهانیدا بوو کە تایبەتی نێوان دوو شەڕی جیهانی بوو؛ تەفسیرێک




لە مافی دیاریکردنی چارەنووس کە بۆ ئەو کات، تەفسیرێکی خۆشبینانە و تا ڕادەیەکی زۆر نابابەتیانە بوو.

لەو تەفسیرە لە بارودۆخی جیهان، ژێکاف، بە گوێرەی ئەزموونەکانی هەندێ نەتەوە و وڵاتی دیکە، پێی وابوو کێشە نەتەوەیی کورد دەتوانێ لە چوارچێوەی هەندێ پەیمان و یاسای نێونەتەوەیی لە مەڕ مافی دیاریکردنی چارەنووسدا چارەسەر بێت. بە مانایەک کۆمەڵە کەمتر سەرنجی ئابستراکتبوونی ئەو مافەی دابوو و، لە کردەوەدا تا ڕادەیەکی زۆر هیوای بە سیاسەتی دۆخێک بوو کە هەندێ جار بە قۆناغی ویلسۆن ناوزەد کراوە، دۆخێک کە لە ڕاستیدا لەسەربەندی چالاکییەکانی ژێکاف بە کۆتایی خۆی گەیشتبوو و بەر لەمەش هیچ بەرهەمێکی بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکان لێ نەکەوتبووەوە. بۆ ئەو مەبەستە کافییە سەیرێکی ناوەڕۆک و ئەنجامەکانی پرینسیپە چواردە خاڵییەکەی ویلسن بکەین کە ڕەنگبێ باشترین هێمای ئە قۆناغە بێت. ویلسن لەو خاڵانەدا باسی چەمکی مافی دیاریکردنی چارەنووسی ناکات، بەڵکو باسی دوو چەشنە تەفسیری ناوەکی و دەرەکی لەو مافە دەکا. لایەنی ناوەکی باسەکەی بریتییە لەوە کە هەموو خەڵکێک دەبێ سەربەست بن لە دیاریکردنی شێوەی حکومەت و دەوڵەتی خۆیاندا، بەبێ ئەوەی گوشاری وڵاتانی دەرەکیان لەسەر بێت. ئەو لایەنە ناسی دەستێوەرنەدانی وڵاتانی بیانییە. لایەنی دەرەکی کە هەڵبەت ویلسن خۆی زۆر بە دەگمەن باسی لێوە دەکا، پێوەندی بە مافی پێکهێنانی دەوڵەتی تازەوە هەبوو. هەر بۆیەش وەک زۆر کەس ئاماژەی پێدەکەن، ئەو مافە بۆ ویلسن مافێکی ڕەها نەبوو و زیاتر مەبەست دابینکردنی مافێکی ناوەکی بوو بۆ پاراستنی ئاشتی. هەر وەک دەشزانین، تا ساڵی ۱۹۶۰ و گونجاندنی خاڵێک سەبارەت بە مافی وڵاتانی کۆلۆنیکراو، هیچ مادەیەک کە بە ڕاشکاوی باسی مافی پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ بکات، نەکەوتە ناو پەیمان یان گرێبەستە نێونەتەوەییەکان.

کە وایە ئێمە دەتوانین بڵێین کە لێکدانەوەی کۆمەڵەی ژێکاف لە بارودۆخی ئەو سەردەم، لێکدانەوەیەکی بابەتیانە نەبوو. ئەوە بەو مانایە نییە کە هەڵگرتنی درووشمی سەربەخۆیی درووست نەبوو، بەڵکو لێرەدا تەئکیدی من لەسەر ئەوەیە کە ئەو درووشمە بەر لەوەی ئەنجامی لەباربوون یان ئەنجامی شیکارییەکی فکری و سیاسی بێت، ئەنجامی خوێندەوەیەکی هەڵە بوو لە بارودۆخەکە. ئەوە ئەنجامی بۆرە خۆشبینییەیەکی کۆمەڵە بوو بە ئینگلستان و دواتریش بە سۆڤیەت؛ ئەوە ئەنجامی تێگەیشتنی کۆمەڵە لە چەمکی شارستانیەت و هەروەها تەگەرەکانی سەر ڕێگای دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو. واتە لە ڕووی ئاستی مومکینبوونی سیاسەتەکە، سەربەخۆیی نە بنەمایەکی چاوێنی هەبوو و نە زەمینەی بەدیهاتنیشی لە بارتر بوو لە خودموختاری. هەر بۆیەش ئێمە دەتوانین بڵێین کە داواکاری سەربەخۆیی ژێکاف بەر لەوەی ئەنجامی هەڵسەنگاندنێکی بابەتی بارودۆخی سیاسی بێت، ئەنجامی ویست و خەون و ئارەزووەکانی ئێلیتێکی سیاسی بوو.

ئەوە بە دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە کە ئێمە کێشەی کورد بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی ڕەسمی بە ئێران دەبەستینەوە. بەڵام ئەوە لێکدانەویەکی ساکارانە دەبێت ئەگەر ئێمە، ئەو بەستنەوە وەک هەنگاوێکی ستراتێژیک چاو لێبکەین. لە سەرەتای دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات تا ڕووخانی کۆمار، ئەو حیزبە و پێشەوا خۆی، لە نێوان سەربەخۆیی و خودموختاریدا پەندۆلیان دەخواردەوە. لە لایەک بە تایبەت لە ئاستی ئەدەبیات و گووتاری ڕۆژانەدا، وا پێدەچێ مەسەلەی سەرەکی کورد لەو سەردەمدا هەر سەربەخۆیی بووبێت و لەو ڕوویەوە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان خۆی زۆر لە ئامانجەکانی ژێکاف دوور نەخستبۆوە. لە بوارە فەرمی و

لە ئاستی سیاسەتی ڕەسمیدا ئەو سنوورانە نادیارن و لە سەرەتادا زیاتر بەرەو خودموختاری دەشکێنەوە. دواتر لە سەرەتای سازبوونی کۆمار سەربەخۆیی زەقتر دەکرێتەوە و دووبارە لە مانگەکانی کۆتایی ژیانی کۆماردا، کێشی خودموختاری زیاتر دەبێت. هەر لەو پێوەندییەشدا ئێمە نابێ ئەوە بە شتێکی ڕێکەوت بزانین کە قەوارەی جمهوریەتی کوردستان هەرگیز بە ڕەسمی و بە فەرمی مەعلوم نەکرا و زۆر جاران، بۆ وێنە لە گووتارەکانی پێشەوادا، ناڕوونییەکی بەئەنقەست و، چەشنە لێلییەک لە ناوەرۆک و قەوارەی ئەو دەوڵەتەدا بەدی دەکرا.

ئەم ڕەوت و گۆڕانکارییە بەر لە هەموو شت ئەنجامی بیباوەڕی حیزب بە مومکینبوونی ویستی سەربەخۆیی بوو و لە هەمان کاتیشدا ئەوکات هێستا بۆرە هیوایەک بە راگرتنی قەوارەی ناڕوونی دێ فاکتۆی کۆمار مابوو. بەو مانایە بڕاردەی پێشەوا قازی موحەمەد لە خودموختاریدا، تاکتیکێکی سیاسی بوو کە بە شێوەیەکی کاتی بەرجەستە کراوە و هەر لەو ماوەیەشدا، تەئکید لەسەر مافەکانی کورد و ئاستی داخوازییەکان بە گوێرەی هاوسەنگی هێزەکان، دایم لە حاڵی گۆڕان و سەروخوارکردندا بوو.

لەو ڕوویەوە قازی محەمەد کارامەییەکی بێوێنەی لە خۆی نیشان دا و لە مەیدانی سیاسەتی کردەوەییدا، نیشانی دا کە لە خوێندنەوەی ئاڵوگۆڕەکان و لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە، تیژبینییەکی تایبەتی هەیە. هەڵبەت لێرەدا من تەنیا باسی هۆکارە دەرەکییەکانم کرد، ئەوەشمان نابێ لە بیر بچێتەوە کە پێشەوا لە ئاستی ناوخۆییدا توانی لە ماوەیەکی کورتدا ئیرادەیەکی نەتەوەیی لە ناوچەیەکدا ساز بکات کە نوقمی کێشە و دوژمنایەتی و رکەبەرایەتی عەشیرە و دەرەبەگە جیاوازەکان بوو، توانی ئیرادەیەکی نەتەوەیی لە وڵاتێکدا دروست بکا، کە پتر لە سەدی نەوەدی بێسەواد بوون.

ئەو بارودۆخەی دوای شەڕی دووەمی جیهانی، تا کۆتایی هەشتاکان گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەر نەهات. ئێمە دەتوانین بڵێین کە لەو قۆناغەدا تا کۆتایی شەڕی سارد، ئەو تەفسیرەی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس هەبوو لە سەر چوار کۆڵەکەی سەرەکی ڕاوەستابوو کە هیچکامیان سوودێکی ئەوتۆیان بۆ داواکاری نەتەوەیی ئێمە نەبوو. ئەو چوار پرینسیپە بریتی بوون لە:

١- مافی دیاریکردنی چارەنووس تەنیا شمولی کۆلۆنییەکانی دەکرد.
٢- ئەوەمافە شموولی خاکی دەکرد نەک خەڵک.
٣- ئەو مافە بە پێچەوانەی قۆناغی ویلسن، وەک مافێکی رەها دەبیندرا، بەڵام تەنیا بۆ کۆلۆنییەکان
٤- ئەو مافە بە مانای جیابوونەوە نەبوو، بەڵکو بە مانای مافی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بوو بۆ ئەو کۆلۆنیانەی کە لە لایەن دەوڵەتێکی دیکەوە داگیر کرابوون و لە خاکێکی دیکەوە بەڕێوە دەبردران.

بە گوێرەی ئەو چاوپێخشاندنە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەوەدا بەرهەقە کاتێک دەڵێ سەربەخۆیی لە قۆناغی شەری سارددا ئاسۆی بەدیهاتنی نەبوو. بەڵام ئایا نەبوونی ئاسۆیەک بۆ وەدیهاتنی درووشمێک، ئەو درووشمە دەکاتە بە شتێکی ناواقعبینانە؟ ئایا ئەوە بە چەشنێک تێکەڵکردنی تاکتیک و ستراتێژی سیاسیی نییە؟ چونکو ئەوکات ئێمە دەتوانین بپرسین کە ئایا درووشمی

**خودموختاری لە زەمانی حکومەتی شادا واقعبینانە بوو و ئەگەر نا، بۆ ئەو درووشمە هەر لە شوێن خۆی مایەوە؟**

هەڵبەت ئێستا باسی سەرەکی من ئەوە نییە کە ئایا سەربەخۆیی واقعبیانە بوو یان خودموختاری، چونکو من پێموایە هیچکام لەو درووشمانە لە بنەڕەتدا، لە ڕووی سیاسییەوە و لە کەشی ئەوکاتی ئێران و پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا و لە بارودۆخێکی ئاساییدا، واقعبیانە و شیاوی وەدیهاتن نەبوون. باسی من زیاتر ئەوەیە کە بۆ خودموختاری لە تاکتیکێکی سیاسی و لە درووشمێکی کاتییەوە گۆڕا و بووە ستراتیژییەکی سیاسی؟ بۆ حیزبی دێمۆکرات دوای ڕووخانی کۆمار و دوای زاڵبوونی حکومەتی پاشایەتی پەهلەوی لە کوردستاندا، کە ئیتر هیچکەس هیوایەکی بە خودموختاری نەمابوو، نەهات ئاوڕێک لەو درووشمە بداتەوە؟ بۆ حیزب لە کردەوەدا، پاشکۆبوونی کوردی بە کێشەی دێمۆکراسی لە ئێراندا چەسپاند و لە ستراتیژی سیاسیی خۆیدا کردی بە ناوەرۆکێکی ناوەندی؟

من لێرەدا نایەمە سەر کۆمەڵێ هۆکاری جیاواز، لەوان دەوری زلهێزەکان و بەتایبەت سۆڤییەت، دەوری نێگاتیڤی چەپی کورد و چەپی ئێرانی، لۆژیکی شەڕی سارد و هەلومەرجی تایبەتی سیاسیی کوردستان، کە لەو ڕەوتە و لە بەپاشکۆکردنی کێشەی کورددا دەوری فرە سەرەکیان هەبوو. بەڵام ڕەنگبێ ئاماژەیەک بەوە زیانی نەبێ کە یەکێک لەو هۆکارانەی کە کەمتر باسی لێدەکرێت، نەبوونی لێکۆڵینەوە و پێدانەچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بوو لە هۆکارەکانی جێگیربوونی خودموختاری و سروشتی تاکتیکی و سیاسیی ئەو درووشمە لە قۆناغێکی تایبەتدا. چونکو ئەگەر پێواری سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی ئەو درووشمە، ڕادەی واقعبینی و مومکینبوونی بێت، وا لە کردەوەدا کەس باوەڕی بەوە نەمابوو کە ئەو درووشمە لە زەمانی محەمەد ڕزاشادا بەدی بێت.

ئێمڕۆ، کۆتاییهاتنی شەری سارد و لەناوچوونی جەمسەربەندییەکانی ئەو قۆناغە، لە چەند ڕووەوە گۆڕانێکی گرینگی لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا ساز کردووە. ئێمە لە لایەکەوە شایەدی سەرهەڵدانی دووبارەی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی هەین کە زۆربەی بیرکارانی قۆناغی شەڕی سارد، مەرگ و نەمانیان ڕاگەیاندبوو. لە لایەکی دیکەوە یەکێ لە تەگەرە هەرە سەرەکییەکانی ئەو چەند سەد ساڵەی ناو پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی کە بریتی بوو لە پیرۆزی سەروەری سیاسیی و نامومکینبوونی دابەشین و لەتکردنی ئەو سەروەرییە، ئێستا درزی تێکەوتووە و ئێمە هەر لەو بیست ساڵەی دواییدا، شایەدی پێکهاتنی دەیان دەوڵەتی نوێ بووین. لە پاڵ ئەوانەشدا، بارودۆخی خودی ناوچەکە، ئەزموونی باشووری کوردستان، قەیرانی سیاسی ئێران و لەوانیش گرینگتر پەرەسەندنی ڕوح و ئیرادەیەکی نەتەوەیی لە کوردستاندا، زەمینەکانی داواکاریی نەتەوەیی کوردی لەبارتر کردووە و پێویستی سەربەخۆیی کێشەی کوردی لە هەموو کاتێک زیاتر کردووە. با ئەوەشمان لەبیر نەچێتەوە کە ئەگەرچی پێوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان سەربەخۆیی کێشەیەکی نەتەوەیی و، داواکاری سەربەخۆیی وەک تاکتیکی سیاسی هەیە، بەڵام ئەو دوانە یەک شت نین. ئێمە دەتوانین بۆ وێنە تەنانەت لە ڕووی سیاسییەوە داوای فێدرالیزم بکەین، بەڵام کێشەی کورد نەکەن بە کێشەیەکی ناوەکی ئێران. کە وایە قسەی من ئەوە نییە کە ئێستا زەمینەی سازکردنی دەوڵەتێکی کوردی فەراهەمە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە ئەو زەمینەیە لە جاران لە بارترە و لەوان، بەشێ لە تەگەرە سەرەکییەکانی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی، کە بنەمای لە تەفسیرێکی تایبەت لە سەروەری سیاسی بووە، تووشی قەیران هاتووە و ڕێگەی بۆ تەفسیری دیکە کردۆتەوە.

***دیسانیش لەو قسانە نابێ ئەو تەفسیرە بکردرێ کە من پێموایە ئیتر کورد هەروا بە سانایی دەتوانێ خاوەنی قەوارەی سیاسی و کیانی سەربەخۆی خۆی بێت، بەڵکو مەبەستم، سەرنجدان و تێگەیشتنە لەو هەلومەرجە نوێیە، کە بۆ یەکەم جار دوای کۆمار، بەستەر و زەمینەیەکی لەباری بۆ سەربەخۆیی کێشەی کورد فەراهەم کردووە کە ئێمە دەبێ بە هەموو شێوەیەک کەڵکی لێوەربگرین. دیارە ئێمڕۆ هەموو لایەک سەبارەت بەوە هاودەنگن کە بارودۆخەکە بە نیسبەت قۆناغی شەڕی سارد گۆڕاوە، کەوایە، نابێ ئێمە لە خۆمان بپرسین کە ئەو گۆڕانەی کە هەموو بڕوامان پێیەتی، لە چ ڕوویەکەوە کاری کردۆتە سەر ستراتێژی سیاسیی ئێمە؟ چونکو لە ئاستێکی سیاسیی و بەتایبەت لە ئاستی ستراتێژی نەتەوەیی کورددا، ئێمە گۆڕانێکی بەرچاو نابینین. هێزە سیاسییەکانی کورد تا ئێستا بەربڵاون؛ تا ئێستا ئێمە ستراتێژییەکی ڕوون و دیارمان سەبارەت بە کێشەی کورد نییە؛ تا ئێستا ئێمە هەولی جددیمان نە لە دەورانپێشتی سازکردنی ئیرادەیەکی نەتەوەییدا چڕ بۆتەوە و نە هەولمان داوە کێشەکەمان لە کێشەی دێمۆکراسی بۆ ئێران دابڕین و بیکەینە کێشەیەکی سەربەخۆ؛ ئێمە تا ئێستا لەو هەلومەرجە ناسکەدا نەمانتوانیوە پلاتفۆرمێکی هاوبەشی نەتەوەیی گەڵاڵە بکەین.***

***جوداکردنەوە و دابڕینی کێشەی کورد لە کێشەی ئێران و پرسی دێمۆکراسی لە زۆر ڕووەوە گرینگی هەیە. من لێرەدا تەنیا ئاماژە بە لایەنێک دەکەم.***

***ئەگەر ئێمە کێشەی خۆمان وەک کێشەیەکی ناوەکی ببینین؛ ئەگەر ئێمە پرسی کورد بە بەشێک لە کێشەی ئێران و لە پرسی دێمۆکراسی لە ئێراندا بزانین، بمانەوێ یان نا، خۆمان دەخەینە قالب و قەوارەی چەمکی خەڵکی ئێرانەوە (یا فارس گووتەنی اقوام ایرانی). واتە لەو ڕەوتەدا ئێمە خۆمان دەخەینەناو دوو کێشەوە. جەمسەرێکی ئەو کێشەیە ئەوەیە کە ئێمە لە سەر ئەساسی دێمۆکراسی دەبێ بەناچار ملکەچی بڕیار و سەروەری خەڵکی ئێران بین کە لەودا دەنگی ئێمە فرە لاواز دەبێت. کاتێ گووتمان "خەڵکی ئێران"، ئەوسا ئێمە لە کردەوەدا باسی یەکەیەکی لێکدانەبڕاو و هۆمۆژێن دەکەین. ئەوسا سەروەری خەڵکی ئێران ناکرێ دابەش کرێت بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا. چونکو بنەمای حاکمییەتی سیاسی و دێمۆکراسی لە ئێران، لەسەر ئەساسی ئیرادەی ئەو خەڵکە دادەمەزرێ و ئەو "خەلکەش" بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو بنەمایە بێت بۆ شەرعییەتدان بە حاکمییەتێکی سیاسی، ناتوانێ لەتلەت و دابەش بکرێت. ئەوسا داواکارییەکانی ئێمە دەکەونە خانەی داواکاری کەمایەتییەک، گرووپێک یان کۆمەڵە تاکێک. ئەوسا ئێمە بمانەوێ یان نا، پرسی کورد تا ڕادەیەک دەکەوێتە ناو ئاڵقەی مەسەلەی شاروەندییەوە. بەڵام ئێمە لە حاڵێکدا هاوار دەکەین کە کێشەی نەتەوایەتی کورد کێشەی شاروەندی نییە، لە هەمان حاڵیشدا بە بەستنەوەی کێشەکەمان بە دێمۆکراسی لە ئێران، ئەوە دەسەلمێنین کە ئەو کێشەیە دەتوانێ لە چوارچێوەی سیاسەتی پێناسە و مەسەلەی مافی شاروەندیدا چارەسەر بێت. چونکو باشترین چارەسەری کێشەی دێمۆکراتی لە وڵاتێکدا پەیوەستە بە بەشداری شاروەندان لە کێشە و پرسەکانی ئەو وڵاتەدا، بەڵام ئەو چارەسەرە دێمۆکراتییە، مەرج نییە بە هیچ کلۆجێ چارەسەری کێشەی ئێمە بکات.***

***لە لایەکی دیکەوەش دێمۆکراسی خۆی لە خۆیدا بە مانای چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی نییە و تەجرووبەی زۆر وڵات نیشانیان داوە کە دێمۆکراسی پێوەندییەکی جەوهەری و ڕاستەوخۆی بەو کێشەیەوە نییە و بە هیچ چەشنێ نابێ دێمۆکراسی و دەستەبەری چارەسەری کێشەی کورد بەیەک مانا بگرین. کە وایە ئەگەر ئێمە کێشەی کورد بکەینە کێشەیەکی ناوەکی یان باشترە بڵێم لاوەکی***




ئێران، ئەوسا ئێمە کێشەی کوردمان کردۆتە پاشکۆی سیاسەتێکی ئێرانی. لەو حاڵەدا ئێمە خۆمان دەبینە داکۆکیکەری پاراستنی چوارچێوەی خاکیی ئێران و ناتوانین داواکاری سەروەری سیاسی بین بۆ کورد. چونکو سەروەری سیاسیی ئێمە دەکەوێتە دژایەتی لەگەڵ پرینسیپەکانی سەروەری خودی ئێران. ئەو فیدرالیزمەی تا ئێستاش بە ناڕوونی و بە شێوەیەکی گشتی باسی لێدەکرێ، جیاوازێکی جەوهەری لەو وەزعەدا ساز ناکات و بۆیەش لە خۆڕا نییە کە ئێمڕۆ زۆربەی هێزەکانی ئێرانی دانیان بە فێدرالیزم داناوە، چونکو فێدرالیزم بۆ ئەوان بەر لەوەی شێوەیەک لە ماف و ڕەهەندێکی مافی دیاریکردنی چارەنووس بێت، چارەسەرێکە بۆ پێشگرتن لە دابەشبوون و دابڕانی ئێران.

مافی دیاریکردنی چارەنووس ناوەرۆکێکی جەوهەری و نەگۆڕی نییە، بەڵکو وەک هەموو چەمکێکی سیاسی دیکە، بە گوێرەی شوێن و کاتی تایبەت، تەفسیری جیاوازی لێکراوە و دەکرێ. لەو هەلومەرجەی ئێستادا، ئێمە دەبێ ناوەرۆکی چارەسەری کێشەکەمان ڕوونتر کەینەوە و بە بڕوای من لێرەدا چەمکی سەروەری سیاسی دەتوانێ ڕێگەیەک بۆ ئەو دووبارە داڕشتنەوەی ستراتێژی ئێمە و لە هەمان کاتیشدا، دابڕینی کێشەی کورد لە کێشەی دێمۆکراسی بۆ ئێران بکاتەوە. ئێمە دەبێ تا ئەو جێگایەی دەکرێ ئەو مافە گرێ بدەینەوە بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی. چونکو ئەگەر ئەم مافە خاوەنی مانایەکی ڕەها و نەگۆڕ نەبێ، ئەوسا دروستی یان مومکینبوونی تەفسیرەکان دەبەسترێنەوە بە هاوسەنگی دەسەڵات، بارودۆخی سیاسی ناوچە، ڕێکەوت و زۆر فاکتۆری دیکە.

لەم ڕوانگەشەوە دەبێ ئێمە خوێندنەوەی خۆمان، لە مافی دیاریکردنی چارەنووس هەبێ و ئەو خوێندەوەیەش بەسەر لایەنەکانی دیکەدا بسەپێنین. ڕەنگبێ هەندێ کەس پێیان وابێ کە داواکاری مافی دیاریکردنی چارەنووس و سەروەری سیاسی لە گەڵ واقعی ئێمڕۆی کوردستان کە هێشتا بەشێکە لە ئێران، یەک نەگرێتەوە. بەڵام داواکاری سەروەری سیاسی بەو مانایە نییە کە ئێمە تەنیا لەسەر ئاستی سەربەخۆیی دەبێ لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بدوێین، بەڵکو گرینگ ئەوەیە کە ئێمە ئەو داواکارییە بکەینە بە سەرشاری ماملە و دانوستاندمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە.

هەڵبەت ئێمە هەموومان خەڵکانێکی سیاسین و دەزانین کە هەڵگرتنی دروشمێک لە خۆیدا بە مانای وەدیهاتنی ئەو دروشمە نییە و ئەنجامی ئەو، بەستراوەتەوە بە زۆر فاکتەری دیکە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ بزانین کە سیاسەت بریتییە لە داسەپاندنی خوێندنەوەکان؛ سیاسەت تەنیا هونەری بینینی واقعیەت نییە، بەڵکو هونەری گۆڕینی ئەو واقعییەتەشە.

بە کورتی: مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کورد وەک نەتەوە، بریتییە لە پێکهێنانی کیانێکی سەربەخۆ، واتە سەرەوەرییەکی سیاسی. ئەم سەروەرییە وەک ئامانجێک نابێ بە هیچ چەشنێک بە "ئەما و ئەگەر" ببەسترێتەوە، بەڵام دیارە لە ئاستی سیاسەتی ڕۆژانەدا، لە تاکتیکدا، ئەوە هاوسەنگی هێزەکان و زۆر فاکتۆری دیکەن کە دیاری دەکەن تا چ ڕادەیەک ئێمە لە کردەوەدا دەتوانین بەو ئامانجە بگەین. بەڵام ئەگەر ئێمە بمانەوێ ئیرادەیەکی نەتەوەیی ساز بکەین، ئەوسا ناچارین کێشەی نەتەوەیی کورد وەک کێشەیەکی سەربەخۆ سەیر بکەین و وەک ئەنجامێکیش، ناچارین لە ئاستی ستراتێژی سیاسییدا، پێداچوونەوەیەکمان بە دروشم و

بەرنامەکانماندا هەبێت. ئیرادەی نەتەوەیی ناتوانێ لە ڕێگەی پاشکۆکردنی کێشەی کورد ساز بێت، بەڵکو پێشمەرجی سەرەکی سازبوونی ئەو ئیرادەیە، ڕزگارکردنی پرسی کوردە لە پرسی ئێران و دێمۆکراسی بۆ ئێران.

قسەی ئاخریشم ئەوەیە: کاتێ باسی ستراتێژییەکی نەتەوەیی سەرکەوتوو دەکەم، مەبەستم تەنیا ئاماژە بە سیاسەت یان ستراتێژیی سیاسیی حیزبێک نییە. ستراتێژییەکی نەتەوەیی دەبێ گشتگر بێت و لە سەر ئاستی پلاتفۆرمێکی یەکگرتوو لە نیوان هەموو لایەنەکانی سیاسی کۆمەڵگایەک پێکبێت. ستراتێژی حیزبێک بەتەنیا ناتوانێ ستراتێژی جووڵانەوەیەک بێ، بەڵکو ئەو ستراتێژییە دەبێ لە سەر بنەمای پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە نیوان هەموو لایەنە سیاسییەکاندا شکڵ بگرێ.

هەندێ کەس ئێستا دوای ئەو یەکساڵە پێیان وایە جەماعەتی پلاتفۆرم لە هەڵسەنگاندنەکانیاندا تووشی هەڵە هاتن. دوای ساڵێک نە کۆماری ئیسلامی رووخاوە و نە هێزە سیاسییەکانی کوردی یەکیان گرتووە. بەڵام ئێمە نابێ ئەوەمان لەبیر بچێتەوە کە گەڵاڵە کردنی پلاتفۆرم نە بە یەکگرتوویی هێزەکان و نە بە رووخانی کۆماری ئیسلامی بەسترابۆوە و بەستراوەتەوە. پلاتفۆرم پێی وابوو کە چارەسەری کێشەی کورد بە رووخانی کۆماری ئیسلامی نەبەستراوەتەوە، دیارە بوونی ئەو رژێمە تەگەرەیەکی جیددییە لە سەر ڕێگای وەدیهاتنی مافەکانی نەتەوەی کورد، بەڵام لاچوون و رووخانی ئەو رژێمە هیچ دەستەبەرێک نییە بۆ وەدیهاتنی ئەو مافانە. سەبارەت بە یەکگرتنی هێزەکانی کوردیش کەس ئەوەندە ساکار نەبووە کە پێیوابێ ئەو هێزانە هەموو رابردوو و کێشەکان و شەڕی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی خۆیان فەرامۆش دەکەن و یەک دەگرن. بۆیە هەر لە سەرەتاوەش جەخت کرایە سەر ئەو خاڵە کە مەبەستی پلاتفۆرم پێکهێنانی بەرە نییە وەک هەندێ کەس پێیان وابوو، بەڵکو باشتر وایە بەر لە هەموو شت بیر لە پلاتفۆرمێکی هاوبەش بکرێتەوە و دوایی باسی یەکگرتن بکرێت. جیاوازی نێوان گەڵاڵەکردنی پلاتفۆرمێکی هاوبەش و پێکهێنانی بەرە لەوە دایە کە لە حاڵەتی یەکەمدا هێزە سیاسییەکانی کوردی دەتوانن لە سەر یەک یان چەند خاڵێک بۆ داهاتووی کوردستان ساخ ببنەوە، بەبێ ئەوەی بەرەیەک پێک بێنن، بەبێ ئەوەی مەرجێ بۆ شێوەی دابەشینی دەسەڵات یان شێوەی کاری داهاتوویان دابڕێژن.

لەو رووییەوە بەراستی جێگای داخە کە کاری پلاتفۆرم تا ئێستا بە هەموو پیوانەیەک یەکێ لەو دەگمەن کارە گەڵاڵەکراوانە بووە کە لە چوارچێوەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا ئاراستەی خەڵک کراوە. دەڵێم بەداخەوە، چونکو ئەو گەڵاڵەی ئەو کەسانە پێشنیاریان کردووە هەم لە باری سیستماتیک بوون و هەمیش ناوەرۆکەوە کەموکوڕیی یەکجار زۆرە. بەڵام تا ئێستا سەرەڕای هەموو باس و دروشمی هێزەکانی سیاسی و خەڵکانی دیکە، هیچ کارێکی فکری شیاوی ئەو بارۆخە و لە ئاستێکی پێویستدا نەکراوە. کۆنگرەی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانیش تەنیا لە ئاستی بەرنامەیەکی گشتیدا باسی فێدرالیزمیان کردووە و تا ئێستا بنەماکانی ئەو هەڵبژاردنە، کاراکتەری ئەو فێدرالیزمە و هۆکاری هەڵبژاردنی فێدرالیزم لەبری سەربەخۆیی تا ئێستا بە وردی لە لایەن هیچکام لەو هێزانەوە نەخراوەتە بەر لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن. بۆیەش دەبێ بڵێم بەداخەوە تا ئێستا کاری پلاتفۆرم و ئەو چەند وتارانەی لە دەورانپێشت و سەبارەت بە لایەنە جیاوازەکانی پلاتفۆرم نووسراون، سەرەڕای هەموو کەموورِییەکانی یەکێک لەو سەرچاوانە پێکدێنن کە سەبارەت بە داهاتووی کوردستانی رۆژهەڵات کە خراونەتە بەردەم رای گشتییەوە.

من بە رای شەخسی خۆم پێموایە یەکێ لە هەڵەکان لە داڕشتنی پلاتفۆرمدا تۆن یان لەحنێک بوو کە بەداخەوە تەوازوعی کەم تێدابوو و هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە زۆر کەس بە هەڵە لەم کارە تێگەیشتن. کەسانێکی زۆر ئەو رەخنەیەیان ئاراستەی پلاتفۆرم کردووە کە پلاتفۆرم بایەخێکی زۆریان بە توانایی فکری خۆیان دا و پێیان وابوو دەتوانن بە تەنیا پلاتفۆرمێک دابڕێژین.

لەم روویەوە من بە رای شەخسی خۆم پێموایە بەشێک لەو رەخنەیە بەهەقن، بەڵام بەشێکی راست نین و زیاتر لێکدانەوەیەک کە پێوەندی بە مێنالیتەی سیاسی ئێمەوە هەیە. کەس لە پلاتفۆرمدا باسی ئەوەیان نەکردووە کە ئەو پلاتفۆرمە خۆی لە خۆیدا هیچ کەموکوڕییەکی نییە و بۆیەش هەموو هێزە سیاسییەکانی دیکە دەبێ بێنە ژێر باڵی ئەم پلاتفۆرمە و لە ژێر ئاڵای کۆمیتەی پلاتفۆرمدا یەک بگرن. ئەو فکرە هەرگیز لای پلاتفۆرم نەبوو کە هێزە سیاسییەکان یان کەسایەتییە و کۆڕە سیاسییەکانی کوردی بە مەرجی پلاتفۆرم و لە ژێر ئاڵای ئەودا یەک بگرن. پلاتفۆرم نە ئاڵایەکی هەبووە و، نە مەرجێکی بۆ کەس داناوە نە ئەو هەقەش بەخۆی داوە کە بە کەسان و هێزەکانی دیکە بڵێ کە وەرن لە چوارچێوەی پلاتفۆرمدا یەک بگرن. ئەو تێگەیشتنە لە لایەکەوە پێوەندی بەو بارودۆخەوە هەبوو کە زۆر کەس مەترسی ئەوەیان هەبوو کە لە بەرانبەر ئاڵوگۆڕێکدا، تووشی هەژانکی نەتەوەیی بین و بۆیەش لەحنی نووسراوە و بانگەوازەکە هەندێ رەنگی بەپەلەیی و نیگەرانی پێوە دیار بوو. لایەنێکی دیکە ئەوە بوو کە بەداخەوە لە مەیدانی سیاسەتی کوردیدا هیچ کام لە هێزە سیاسییەکان رانەهاتوون گوێ لە کەسانی دیکە بگرن و بۆیەش ئەو هەنگاوەی پلاتفۆرم لە لایەن هەندی کەسەوە بە گومانەوە سەیری کرا.

ئێستا ساڵێک دوای ئەو هەنگاوە روون بۆتەوە کە پلاتفۆرم نە مەبەستی سازکردنی حیزبێکی سیاسی بوو و نە پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی. من پێموایە مەبەستی پلاتفۆرم هەم ئەو کات و هەمیش ئێستا ئەوەیە کە هەول بدرێ کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی ویست و داخوازێکی یەکە بێت و وەک هێزێکی یەکگرتوو داخوازییەکانی خۆی بێنێتە ئاراوە. دیارە ئەو کارە نە هاسانە و نە بە یەک شەو دەکرێت، بەڵام بۆ ئەوەی یەکگرتنێک مومکین بێت، بۆ ئەوەی ئیئتلاف یان بەرەیەک مومکین بێت، دەبێ ئێمە پێشتر لە سەر هەندێ لێکدانەوە و لایەنی ستراتیژی ساخ بووبینەوە. داڕشتنی پلاتفۆرمێک ئەو ئەرک و ئامانجە دەپێکێ. من پێموانییە کەس لە خەڵکانی دەورانپشتی پلاتفۆرم پێی وابێ کە پلاتفۆرمی پێشنیاری ئەوان خاوەنی کەموکوڕی نییە؛ بە پێچەوانە، ئەوان بۆیە گەڵاڵەی پێشنیاری پلاتفۆرمیان ئاراستەی هەموو لایەک کردووە و داوایان لە هەموو لایەک کرووە کە لە گەڵاڵە کردنی پلاتفۆرمێکی نەتەوەییدا هاوکاری و هاوفکری بکەن، چونکو پێیان وایە ئەم کارە بە لایەنێک و بە چەند کەس ناکرێت. کە وایە پلاتفۆرمی پێشنیاری، هەنگاوێکە بۆ داڕشتنی پلاتفۆرمێکی پوخت و هەمە لایەنە. بەڵام کاتێک ئەم پلاتفۆرمە وەک پێشنیارێک ئاراستە کرا، کە بەداخەوە پلاتفۆرمێکی گەڵاڵەکراوی دیکە لە ئارادا نەبوو کە ببێتە بنەمایەک بۆ دەستپێکی هەنگاوێکی هاوبەش بۆ هاوکاری. بۆیە وا بە باش زاندرا کە لە بڕی پێداگرتن لە سەر پێداویستی هاوکاری و هەروەها جەختکردن لەسەر ناسکی بارودۆخەکە، ئەو کەسانە بە پێشنیارێکەوە بێینە مەیدان و هەول بدەین لەم رەوتەدا لەگەڵ خەڵک و هێزەکانی دیکە، پلاتفۆرمێکی پوختتر و گشتیتر ئامادە بکەین.

تا ئێستا هەموو هێزە سیاسییەکان و زۆربەی کۆڕوکۆمەڵانی کوردی لە سەر چەند خاڵی سەرەکی هاوفکرن: هەموویان باسی

کوردستانێکی سێکولەر و دێمۆکراتیک دەکەن و هەموویان باسی لابردنی ستەمی نەتەوایەتی دەکەن و زۆربەشیان لە سەر فێدرالیزم ساخ بوونەتەوە. دیارە ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجانە و ناوەرۆکی ئەو ئامانجانە هەندێ جار هەر روون نییە هەندێ جاریش لەیەکتر جیاوازە، بەڵام جیا لەو جیاوازییانە، ئێمە دەتوانین لە سەر ئەو سێ خاڵە واتە کوردستانێکی سێکولەر، دێموکرات و فێدراڵ باسێکی تێروتەسەلتر بکەین و بزانین لە کوێ هاوفکر و لە کوێ تێگەیشتنی جیاوازمان لەم کێشانە هەیە. بەڵام ئەو ساخبوونەوەیە بەداخەوە لە ئاستی درووشمێکدا سەر ناگرێ، بەڵکو دەبێ ناوەرۆکی ئەو دروشمانە بێنە بەر باس و لە سەر ئەو ناوەرۆکە یەکگرتنێک سەر بگرێ. پلاتفۆرمێک لەم روویەوە دەتوانێ سوودی هەبێ کە دەبێتە سەکۆیەک بۆ ئەو یەکگرتنە فکرییە و بۆ ساخبوونەوە لە سەر چەند خاڵێکی سەرەکی کە ویست و داخوازی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوەیی دەکات و بە دەنگێکی یەکگرتوو و لە سەر بنەمایەکی تۆکمەی سیاسی و فکری بەرنامە و رۆژەڤی ئێمە دەچەسپێنێ.

کورد لەوانەیە بتوانێ بەبێ یەکگرتن و بەبێ پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی بە هەندێ لە مافەکانی خۆی بگات؛ لەوانەیە بەشی لەو هێزە سیاسییانە لە موعادلەیەکی سیاسیدا هەندێ دەسەڵات بگرن، بەڵام بێگومان ئەو ئیمکانە تەنیا کاتێک مەیسەرە کە سیاسەتێک خۆی بە سەر ئێمە و هێزەکانی دیکەدا بسەلمێنێ. لە بارێکی ئاسایی سیاسی و لە کێشە و خەباتێکی ئاساییدا، یەکگرتووییەکی نەتەوەیی پێشمەرجی وەدیهاتنی خەونەکانی نەتەوەکەمانە و بۆیەش دەبێ لەسە پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی پێداگرترێ. ئێمە دەبێ بتوانین ویستەکانمان و ناوەرۆکی ئەو ویستانەمان لە پێشدا و بەر لە رووداو و هاتنی گۆڕانکارییەکان دیاری کردبێ بۆ ئەوەی بتوانین لە هاوسەنگی هێزەکاندا بە پێشدەستخەری و هێزێکی زیاترەوە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەمان بپارێزین و بەدی بێنین.

سەرچاوە : ماڵپەری نووسراوە / رێکەوتی : دووی رێبەندانی ٢٠٠٧




# کۆماری کوردستان و ٢ی ڕێبەندان - ڕەهەند و کاردانەوەکانی لەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد

**[ دیمانە لەگەڵ د. یاسن سەردەشتی، مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی ]**

**سازدانی دیمانە : ئەردەڵان فەرەج**

٦١ ساڵ لەمەوبەر یەکەمین کۆماری کوردی لەسەردەستی پێشەوا قازی محەممەد لە شاری مەهاباد دامەزرا. بێگومان دروستبوون و دامەزراندنی ئەو کۆمارە کۆمەڵێک هۆکار و فاکتەر و بستێن و بەستەری هەبوو و کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە هەموو کوردستان و کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی هەبووە. بۆ خوێندنەوەی بستێن و زەمینەکانی دامەزراندنی کۆمار، ڕۆڵی هێزی دەرەکی لە پاگرتنی، ڕۆڵی کەسایەتیی قازی محەممەد و کاردانەوەی ئەم خاڵە لە مێژووی نەتەوەی کورد و دەسکەوتنەکان و خاڵە بەهێز و لاوازەکان و هۆکارەکانی شکست و کۆتاییهاتنی و ئەو دەرسانەی کە دەبێ و دەشێ گەلی کورد لێوەی فێر بێ، لە گفتوگۆیەکی چڕ و تێروتەسەل لەگەڵ بەرێز د. یاسین سەردەشتی، مێژووناس و مێژوونووس و مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، هێناومانەتەبەر باس و تاوتوێکردن.




**بە باوەڕی ئێوە بەستەر و بستێن و زەمینەکانی شکڵگیریی کۆماری مەهاباد چ بوون؟ چ لەڕووی کەلتوریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی خەڵکی کوردستان و ناوچەکە و و ڕۆڵی هێزی دەرەکی و زلهێزەکانی جیهان لە ناوچەکە بۆ پاگرتنی کۆماری مەهاباد و فاکتەکانی دەخیل لەو ڕووداوە گرنگ و مێژووییەی گەلی کورد چ بوون؟**

وەڵام : پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمتان دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە و سپاستان دەکەم. بەڕاستی کۆمەڵێک هۆکاری گرنگ لەپشت دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستانە کە بە ڕای ئێمە ئەو کۆمارە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگە لە مێژووی سیاسیی و نەتەوایەتیی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بێشک چەند فاکتەری گرنگ لەپشت دامەزراندنی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەن کە یەکەمین دەسەڵاتی سیاسییە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو شێوەیە کە ناوچەیەک یان یەک لەسەر سێی خاکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتێکی سیاسیدا، لەژێر ئیدارە و بەڕێوەبەرایەتییەکی کوردی خۆماڵیدا کۆ بکاتەوە، کە لەپێناو ئامانجە نەتەوایەتییەکانی کورددا، لەپێناو ئامانجی ئازادی و دیموکراسیدا و بەرقەرارکردنی مافەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا خەبات بکات. دیارە یەک لە گرنگ ترینی ئەو فاکتەرانەی کە هۆکاری دامەزراندنی

کۆماری کوردستان بوون مەسەلەی کێشەی نەتەوایەتییە لە ئێران. یان کێشەی نەتەوایەتیی کورد و خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردە چەندین ساڵ لە پێناو دەسەڵاتی سیاسی بۆ ڕزگاری نەتەوایەتی. ئێمە بۆخۆمان دەزانین کە مەسەلەی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد وەک هەموو گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم ئیلیتی کوردیش واتە نوخبەی کوردیش فکری ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوایەتیشی لەلا دروست بووە و کاری بۆ کردووە و لەڕووی سیاسی و لەڕووی فەرهەنگییەوە هەوڵی بۆ داوە و هەر لە سەردەمی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە لە پێناو سەربەخۆیی کوردستاندا جووڵانەوەیەکی گەورەی بەرپاکرد و دواتر هەوڵ و تێکۆشانەکانی بنەماڵەکانی بەدرخان و دەرکردنی ڕۆژنامە و کاری فەرهەنگیان بۆ ئەو بوارە و پاشتر جووڵانەوەکانی سمایلخانی سمکۆ کە بە ناسیۆنالیزمی کورد دادەنرێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمە بۆخۆی مێژوویەکە کە دەتوانین بە زەخیرەی مێژووی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی دابنێین. بەتایبەتی کە ئێمە دەبینین کە پاش گۆڕینی ئیمپراتۆری قاجاری بۆ دەوڵەتی ئێرانی نوێ لەلایەن ڕەزا خانەوە پاش کودتای شوباتی ٢١ ، کودتایەکە کرا بە پاڵپشتی ئینگلیزەکان و دەستی ئینگلیزەکان لە هەڵوەشانەوەی ئێران وای بە پێویست زانی کەسایەتیی ڕەزاخان و چەند کەسایەتییەکی وەک زیائەدین تەبابەبائی و ئەوانەی کە لایەنگری سیاسەتی بریتانیا بوون و نوێنەرایەتی نوخبەی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازیی فارسیان دەکرد ئەمانە تەبەنی بکەن و کودتا بکەن لە ئێران کە یەکێتیی خاکی ئێران بپارێزن و بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە ئێران پارێزراو بێت لە بەرامبەر هەڕەشەی بەلشەڤیزم و جووڵانەوەی سۆسیالیزم و ڕادیکال و جووڵانەوە نەتەوەییەکانی نەتەوەی غەیرە فارس لە ئێران.

بێگومان ئێمە نابێ ئەوەمان لەبیربچێ کە مەسەلەی هەوڵدانی ڕەزاخان کە شاهەنشایی بۆ خۆی مسۆگەر کرد، هەوڵدانی ئەو بۆ گۆڕینی ئێرانی فرەنەتەوە بۆ ئێرانێکی یەکنەتەوە، یەککەلتور، یەکزمان و سەپاندنی کەلتور و زمانی و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی فارسی سەردەست بەسەر نەتەوەکانی دیکەی غەیرە فارسی ئێران و هەوڵی سڕینەوەی ژیان و کەلتور و زمانی ئەو نەتەوانە کارێکی وای کرد کە لە ئێراندا مەسەلەی کێشەی نەتەوایەتی بخاتە قۆناغێکی زۆر ئاڵۆز و چارەسەرنەکراو و لەلای نوخبەی کوردی ڕق و کینەیەکی قووڵ لە بەرامبەر ئەو زۆرداری و ئەو ئەسمیلاسیۆن و سڕینەوەیەدا بەرپا بکات. هەر بۆیە کاتێک سیستەمی دیکتاتۆری ڕەزا شا لە نەتیجەی پشتگیریکردنی لە نازییەت و فاشییەت لە جەنگی جیهانی دووەمدا گەیشتە ئاستێک کە هاوپەیمانان پەلاماری ئێران بدەن، ئەو سیستەمە بڕوخێنن، جارێکی دیکە بزووتنەوە و جووڵانەوەی نەتەوە غەیرە فارسەکان بۆ سڕینەوەی ئەو ستەمە مێژووییە تێکۆشانی خۆی دەستپێبکاتەوە و لە تەواوی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ورمێ، لە بانە و لە ناوچەکانی دیکە جووڵانەوەی چەکدارانەی خەڵکی کورد بۆ دژایەتیکردنی دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕێژیمی ئێرانی لە ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانی بە درێژایی بەردەوام بوو و لە چەند شوێنێکی جیاواز لە هەورامان و مەریوان و ئەو ناوچانە سەرۆک عەشیرەکانی کورد و بەشێکی زۆر لەو کەسانەی لەسەر دژایەتیکردنی ئەسیمیلاسیۆنی ڕەزاخان و سیاسەتی لێدانی بەردەوام ببوون، ئەوان جووڵانەوەی خۆیان دەستپێکرد و داواکارینەتەوایەتیش هەبوو کە بێگومان لەو قۆناغەدا زلهێزەکان ئامادە نەبوون بە هیچ شێوەیەک چاو بپۆشن لەو جووڵانەوانە و پێیان وا بوو ئەو جووڵانەوانە دەبنە هۆی تێکۆچوونی گەیاندنی پێویستییەکانی جەنگ لەلایەن هاوپەیمانانەوە بۆ جەبهەکانی ڕووسیا کە ئەوکات لە بەردەم

هەڕەشەی فاشیزمدا بوون. کەواتە عامیلی بوونی ستەمی نەتەوایەتی و مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی کورد و هەوڵەکانی ئیلیتی کوردی بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ستەمە مێژووییە کە بەسەر گەلەکەیان سەپێنراوە و بێبەشکردنیان لە مافە نەتەوەییەکانیان، لە مافی ئازادیخوازیان ئەمە یەکێکە لە فاکتە گرنگەکانی یان فاکتە هەرە سەرەکی و ڕەسەنەکانی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان. بەڵام بێگومان جگە لەم فاکتەرە کۆمەڵێک فاکتەری دیکە هەبوون کە زەمینەیان بۆ ڕەخساندنی دروستبوونی ئەو ئەزموونە خۆش کرد، ئەویش ئەوەیە لەگەڵ ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری ڕەزاشا لەشکری شا هەڵوەشایەوە چونکە هاوپەیمانان ئێرانیان داگیرکرد لە شەهریوەری ساڵی ١٣٢٠دا. ئەم هەڵوەشانەوەی دیکتاتۆرییەتی ڕەزاشا و لەشکری شاهەنشا و لاوازبوون کۆنترۆڵکردنی ناوەند و دەزگا سەرکوتگەرەکانی بەسەر هەرێمەکان جارێکی دیکە ئەو هەستە نەتەوایەتییە و جووڵانەوەی گەلانی غەیرە فارسی بوژاندەوە بۆ بەدیهێنانی ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانیان.

هەروەها لە جەنگی دووەمی جیهانیدا مەسەلەی دژایەتیکردنی فاشیزم و لایەنی بڵاوکردنەوەی مەنشووری ئەتڵانتیک لەلایەن هاوپەیمانەکان کە ئەم جەنگە گەورەیە دژی فاشیزمە و هەوڵدەدا کە گەلانی ژێرستەم و کۆلۆنیکراو ڕزگار بکرێن و مافی ئازادی بۆ ئەو گەلانە بێتەدی. بۆخۆی ئەمانە دەورێکی زۆر گرنیگان هەبوو لە بیری ئازادیخوازیش چ لە ئێراندا بەگشتی و چ لە کوردستاندا بەتایبەتی سەرهەڵبدات. نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کە لە کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا ڕووسیای بەلشەڤیک یاخود شوورەوی وەکو زلهێزێک لە ناوچەکە دەرکەوتبوو و ڕووسەکانیش بیر و باوەڕی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزمی و هەروەها سەرکەوتنی خەباتی گەلانی چەساوە بەدژی داگیرکاری یەکێک بوو لەو پڕوپاگەندە و لەو هەوڵە ئیعلامیانەی کە لە ساڵەکانی جەنگدا بەدرێژایی جەنگ قسەی لێدەکرا. هەروەها شکستی فاشیزم لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ هەندێک لەو گەلانە و چەسپاندنی ڕێژیمی سۆسیالیستی لە وڵاتانی ئەورووپای شەرقی و هەروەها دەرکەوتنی هێزە چەپ و ئازادیخواز و رادیکاڵەکان لە ناوچەکە بەگشتی و لە ئێران بەتایبەتی کە ئەو کاتە حیزبی توودە لە ناوەند و بانگەشەی بۆ ئازادی و دژایەتی فاشیزم و پاشەکشەی نفوزی ئیمپریالیزم لە ئێران و هەروەها نفووزی موڵکدارە گەورەکان و دەربار و ئەو ئەفسەرە شاپەرەستانەی بەدرێژایی سیستەمی ڕەزا شا هەوڵیاندابوو کە کۆمەڵگە سەرکوت بکەن بۆ ناوەندێکی بەهێز و هەروەها لەدوای ڕووخانی ڕەزا شایش جارێکی دیکە دەیانهەویست بێنەوەسەر کار و هەمان سیستەم درێژە پێبدەن لە ئێراندا کە بێگومان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و ئەو زلهێزانەی کە پشتگیرییان دەکردن یاخود بەرژەوەندییەکانیان دەپاراستن لە ئێران و بەتایبەتی بریتانییەکان. لێرە دەبینین فاکتەری نەتەوایەتی وەک فاکتەرێکی ڕەسەن، فاکتەری هەلومەرجەکە پاش جەنگی دووەمی جیهانی و هەروەها فاکتەری ئێرانی و دەرکەوتنی بیری ئازادیخوازی و لاوازی حکومەتی ناوەندی - چونکە ئێمە دەزانین کە حکومەتە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکان هێزی ناوەند و دەزگا سەرکوتگەرەکان فاکتەری گرنگ بۆ پاراستن و کۆنترۆڵکردنی هەرێمەکان و چواردەور لە کاتێکدا کە ئەو هێزە لە ناوەندەوە تووشی لاوازی دەبێت بێگومان ئەمە دەرفەتێک دەبەخشێت بە هەرێمەکان تا بزووتنەوەکانی خۆیان دەستپێبکەن.

بێگومان ئێمە دەبێ ئاگامان لەوە بێت کە دراوسێکانمان و بەتایبەتی ئازەرییەکان سوودیان لە هەلومەرجی سیاسی جەنگی دووەمی جیهانی و کۆتاییهاتنی جەنگ وەرگرتبوو و بزووتنەوەی ئازادیخوازیان گەشابۆوە و حیزبی "فیرقەی

دیموکراتی ئازەربایجان" پێکهاتبوو و حکومەتێکیان پێکهێنابوو کە داوای دیموکراسی سەرتاسەری بۆ ئێران و داوای بوونی دەسەڵاتێکی خودمختاری دەکرد لە ئازەربایجان و داوای ئەوەشیان دەکرد کە ناوچە کوردییەکانی ئازەربایجان بەشێک بن لەو حکومەتە.

دیارە ڕێبەرایەتیی کورد لە شاری مەهاباد و لە ناوچەی موکریان کە ئەو سەردەمە پێشەوا قازی محەممەد وەک کوردێکی لێهاتوو و شارەزا و ڕۆشنفکر و مرۆڤێکی نەتەوەپەروەر و پێشکەوتخواز پێی وا بوو کوردیش وەکو ئازەری لەوان چەوساوەتەوە و مافی خۆیەتی دەسەڵاتێکی تایبەت بە خۆی، حکومەتێکی تایبەت بە خۆی هەبێ. دیارە ئازەرییەکان تا ڕادەیەکی زۆر بەسترابوونەوە یان لەژێر تەئسیری سیاسەتی ئازەربایجانی سوڤیەتی و جەعفەر باقرۆفەوە هەبوون کە ئەوان پلانێکیان هەبوو کە گۆیا ئازەربایجانی ئێرانی لەگەڵ ئازەربایجانی شورەوی واتە هەردوو ئازەربایجانەکەی باکوور و باشوور یەکبخەن و کوردیش پێی وا بوو لە حاڵەتێکی وەهادا یان لە ڕووی ئیدارە و بەڕێوەبەرایەتییەوە کراوەتە بەشێک لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و لەوەها حاڵەتێکدا دەبێ هەڵوێستێک وەربگرێ کە لە ئێران دانەبڕێ و بکەوێتە باوەشی دەسەڵاتێکی دیکەوە. دیارە پێیشیان وا بوو کە هەلومەرجەکە لەپاش جەنگ لەبارە بۆ ئەوەی کورد لە ساڵەکانی جەنگدا بە حوکمی داگیرکردنی ئێران و ناوچەی موکریان کەوتۆتەژێر تەئسیری سۆڤیەت، و سپای سوور لە ناوچەکانی باکوورەوە ڕێگەی کردووە و شاهەنشاهی بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە؛ سەرکردایەتی کورد پێیان وا بوو کە دەرفەتێک هاتۆتە پێش و دەتوانن دەسەڵاتێکی خۆماڵی لە ناوچەکەدا دامەزرێنن کە وەکو کارتێکی فشار هەم نەکەونە نێو باوەشی دەوڵەتی ئازەربایجانەوە و هەم ببنە فشارێک لەسەر تاران و داوای ئەوەی لێبکەن لانیکەمی مافە نەتەوایەتییەکانیان لە ئێران بێتەدی کە لە بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتدا بە مافی خودمختارییە بۆ کوردستان، دروستکردنی ئەنجومەنێکی میللی زمانی کوردی، پەرەپێدانی ئابووریی کوردستان، سەرفکردنی باج و دەرامەتی کوردستان بەشێکی بۆ قازانجی خەڵکی کورستان و هەروەها کردنەوەی قوتابخانە و بایەخدان بە تەندروستی و لایەنەکانی و خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی کوردستان کە لە ئەنجامی سیستەمێکی دیکتاتۆری و فاشیزم لە تاراندا بەداخەوە خەڵکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی پەهلەوی لەو مەسەلەیە مەحروم بوون و هەروەها ئەوانەشی کە لە تاران بوون لە ماوەی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا بە خودی دەربار و سەرۆکوەزیرەکانیشەوە کارێکی وایان نەنواندبوو کە دەسەڵات یاخود ڕێبەرایەتی کورد ئەو کاتە هۆمێدێکیان پێیان هەبێت. بۆیە لە بەرامبەر ئەواندا هەوڵیاندا وەکو ئەمری واقع ئەزموونێک یان جمهوریەتی دیموکراتیکی کوردستان ڕابگەیەنن و هەوڵی ئەوە بدەن ئەم شتە بکەنە واقعێک و هەوڵی ئەوە بدەن کە ئەو ستەمە مێژووییە لە کورد کراوە بسڕێتەوە و ئێرانیش لە ئێرانێکەوە کە لەسەر سیستەمی دیکتاتۆرییەت و میلیتاریستیەت و شۆڤینیەت بنیاتنرابوو هەوڵ بدەن کە ئێران بەرەو دیموکراتیک و ئێرانێکی دەستوری و ئێرانێکی یاسا و ئێرانێکی پێشکەوتوو بەرن بەڕێوە.

لەبەر ئەوە تێکڕای ئەو فاکتەرانە ئێمە دەتوانین قسەیان لێبکەین وەک فاکتەری گرنگ لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەبێ ئەوەی ئەوەمان لەبیربچێ کە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لەژێر کاریگەری جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردەکانی باشووردا بووە و بوونی بارزانی‌یەکان وەکو هێزێکی شەڕکەر و جەنگاوەر لە کۆماری کوردستان ئومێدێکی بەخشیبوو کە ئەو کۆمارە بڕیاری خۆی بدا لە دامەزراندن لە بوونی هێزێک کە هاتوو ئەو کۆمارە تووشی فشارێکی ناوەند ببێت و ئەم کۆمارە بتوانێ بەرگری لە خۆی بکات و خۆی وەک ئەمری واقع بسەپێنێ بەسەر ناوەندا.

**د. یاسین، ئێوە لە قسەکانتاندا بەردەوام وشەی "کۆماری کوردستان" بەکاردەبەن. یەکەم ئیستدلالتان بۆ بەکارهێنانی وشەی "کۆماری کوردستان" لە بەرامبەر ئەو خەڵکانەی ئەو کۆمارە بە "کۆماری مەهاباد" دەناسێنن چییە؟
هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زۆرێک لە بەشەکانی کوردستان و بەتایبەتی جنوبی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەو کۆمارەدا بەشدار نەبوون و ئەو کۆمارە لە موکریان تێنەپەڕی و لە هەمان کاتدا ڕۆڵی کەسایەتیی قازی محەممەد لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە هەڵبەت ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی مێژوو و ڕابردووی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کۆمەڵەی ژ. ک.) و پاشان گۆڕینی ناوەکەی بۆ "حیزبی دێموکرات" و هاتنی قازی بۆ سەرکردایەتی ئەو حیزبە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**وەڵام :** سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، ئێمە تا دەڵێین کۆماری دیموکراتی کوردستان ناوەکە و ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە لە ڕۆژنامە و نووسینەکان و مۆرەکان و هەموو شتەکانی کۆمار قەت بەوە نەهاتووە بڵێت "کۆماری مەهاباد". لەبەر ئەوەی ڕێبەرایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەسەڵاتەکەی خۆیان بۆ ئەوە دروست نەکرد کە تەنها شاری مەهاباد بەڕێت بەڕێوە، بەڵکو سەنتەری دەسەڵاتەکەیان شاری مەهاباد بوو و هەندێک جار کە دەوترێ کۆماری مەهاباد بۆ ئەوە دەوترێ کە سەنتەرەکە شاری مەهاباد بووە، ئەگینا چ ناوەکە لەو سەردەمەدا و چ ئامانج و بیروبڕوای سەرکردەکەیان و بنیاتنەرانی کۆمار بۆ ئەوە بووە کە جەمهوریەتێکی کوردستانی، دیموکراسی و نەتەوەیی بێت کە لە بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتدا هاتووە کە هەموو هەرێمەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بگرێتەخۆ و ئەم هەرێمانە دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراوی خۆیان هەبێ و تەواوی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان لە مافی زمان، کەلتوری، کۆمەڵایەتی، مافەکانی بایەخ پێدان بە بوارەکانی دیکەی ژیان بەهرەمەندی تەواویان هەبێت و خودی ئەو دەسەڵاتە لەلایەن خودی کوردەوە بەڕێوە بڕوات لەسایەی ئێرانێکی دیموکرات کە ناوەندەکەی تاران بێت، دەنا ناوە ڕاستەقینەکەی "کۆماری دیموکراتی کوردستانی ئێران"ـە. سەبارەت بە ڕۆڵی پێشەوا قازی محەممەد من پێموایە جەنابی پێشەوا قازی محەممەد ڕۆڵێکی یەکجار گەورە و یەکجار موئەسیری لە بنیاتنانی کۆماری کوردستاندا دیاریکردووە. بەو دەلیلەی کە لەو سەردەمانەی کە ڕۆڵی سەرکردە و ڕۆڵی ڕابەر ڕۆڵێکی بڕیاردەر و هەرە سەرەکی بوو لە بەرەوپێشبردنی ڕووداوەکان یان دیاریکردنی ئاراستەی ڕووداوەکە و تا ئێستەش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕۆڵی سەرکردە ڕۆڵێکی دیار و گەورە لە بڕیارە سیاسییەکان و بێگومان قازی محەممەد یەکێک بوو لەو کەسایەتییانەی کە بە مانای وشە مرۆڤێکی نەتەوەپەروەر و پێشکەوتنخواز و دیموکرات بوو و زۆر بە جیددی تێدەکۆشا و کاری دەکرد لەپێناو ئەو ئازادییەی کە لە ساڵەکان جەنگی دووەمی جیهانی لە ناوچەی موکریان و شاری مەهاباد هاتۆتەدی هەوڵ بدرێ بکرێتە دی فاکتۆر و بکرێتە فاکتۆرێک و هەوڵ بدرێ لەڕێگەی ئەوەوە ئازادی و بەرقەراربوونی مافە نەتەوەییەکان بۆ بەشەکانی ناوەند و خوارووی کوردستان بهێنرێتە بوون کە ناوچەکانی سنە و باشوور و کرماشان و باقی ناوچەکانی دیکەی. دیارە کەسایەتیی قازی محەممەد کەسایەتییەکی زۆر گرنگ و بایەخدارە و عاملێکی کاریگەرە و وەک ڕێبەرێک کە کاتێک سەردانی تەبرێز دەکات لەگەڵ پیشەوەریدا و کاتێک سەردانی باکۆ دەکات لەگەڵ باقرۆفدا تووشی موناقشە و ڕووبەڕووبوونەوەی توند دەبن لەبەر ئەوەی کە ئەوان داوای ئەوە دەکەن کە مەهاباد و ناوچەی موکریان ئەوکات ئازەربایجانی غەربی ناودبڕی لە

بەڕێوەبەرایەتیەوە دەبێ بەشێک بێت لە حکومەتەکەی ئازەربایجان. دەبینین ئەوە قازی محەممەدە ئیسرار دەکات کە ئەوان ئامادە نین سەردانەوێنن و بەشێک بن لەو حکومەتەی ئازەربایجان و ئەوانیش وەکو میللەتێکی غەیرە فارس و میللەتێکی خاوەن زمان و کەلتور و خاوەن هەموو ڕەگەزەکانی نەتەوایەتی ستەمیان لێکراوە و مافی ئەوەیان هەیە کە دەسەڵاتێک و ئیدارەیەکی نێوخۆ و سەربەخۆیان هەبێت لە ئیدارەکەی ئازەربایجان و بڕیاری ئەوە بدەن کە خۆیان خاوەن ئیدارە و دەسەڵاتێکی تایبەت بە خۆیان بن، لەبەر ئەوە ڕۆڵی قازی محەممەد وەک کەسایەتییەکی کاریزمای نەتەوەپەروەری دیموکراتی پێشکەوتنخواز بە یەک لە هەرە فاکتەر گرنگەکان و بنیاتنەرەکانی دامەزرانی کۆماری دیموکراتی کوردستان دادەنرێت.

**د. یاسین، ئێوە وەک پسپۆڕێک و مێژووناسێکی ئەکادیمی باستان لە دەسکەوتەکانی کۆماری دیموکراتیکی کوردستان کرد؛ لەوانە خوێندن بە زمانی کوردی و ...، بەپێی زانیارییەکانی من ئێوە هەر ئێستا بابەتێکتان لەسەر ماڵپەڕی دیمانە هەیە کە تێیدا ڕۆڵ و پێگەی نیهاد و دامەزراوە دیموکراتیکەکانتان تاوتوێ کردووە. ئێوە ئەگەر تیشکێک بخەنەسەر ئەو نیهاد و دامەزراوانە و لە هەمان کاتیشدا بفەرموون کاریگەرییەکانی کۆماری کوردستان لەسەر بزووتنەوەی دیموکراتیک و ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەگشتی و لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی، بە ئێستاشەوە، چۆن دەبینن؟**

وەڵام : بێگومان ڕێبەرانی یاخود دەسەڵاتدارانی ئێرانی و نوێنەرانی گەلی سەردەستی فارس بەداخەوە تاکو ئێستا بە شێوەیەکی شۆڤێنیستیانە بیردەکەنەوە و بە شێوەیەکی شۆڤێنیستیانە ڕەفتار دەکەن و باوەڕیان بە مافی نەتەوە غەیرە فارسەکان نییە و دان بە مەسەلەی بوونی کێشەی نەتەوایەتی وەکو یەکێک لە هەرە کێشە گرنگەکان و قەیرانە بەردەوامەکانی مێژووی ئێران دانانێن و هەوڵدەدن وا پیشان بدەن کە کۆماری کوردستان بریتی بووە لە مەقاشێک یان بریتی بووە لە دەستەنێژێکی یەکێتیی شورەوی لە ناوچەکە و ئامانجی ئەوە کە ئەو کۆمارە هەوڵدان بووە بۆ فشار خستنەسەر تاران و یاخود هەوڵدان بووە بۆ بەلشەفەکردنی ئێران، واتە بەکۆمۆنیستکردنی ئێران. لە کاتێکدا کە ئەو کەسەی مێژووی جمهوریەتی دیموکراتی کوردستان بەوردی بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە ڕێبەرایەتیی کۆماری کوردستان ڕێبەرایەتییەکی نەتەوەپەروەر بوون، واتە ناسیۆنالیست بوون و کۆمۆنیست نەبوون، لیبرال بوون، تۆتالیتێر نەبوون، ئازادیخواز بوون، بانگەشەی دیکتاتۆریەتیان نەکردووە، و لە کۆماری کوردستاندا پرۆلیتاریا نەبوو، و زۆربەی ڕێبەرەکانی کۆمار یان مۆڵکدار بوون یان کەسایەتیی ئایینی بوون و هێزی کۆماری کوردستان عومەر خانی شکاک و حەمەڕەشید خانی بانە و مەلا مستەفا بوون؛ هەمووی زیاتر کەسایەتیی خێڵەکییان پێوەدیار بوو تا کەسایەتییەک بن کە کۆمۆنیست بن و کار بۆ بەلشەفەکردنی کوردستان و ئێران بکەن. ئەم تەجروبەی جەمهوریەتی کوردستان ئەبێ جیاواز لە تەجروبەکەی یاخود لە پێکهاتە و ستراکچەری و وەرچەرخانی سیاسی و فیکری تەجروبەکەی ئازەربایەجان تەماشا بکرێ. بۆیە ئێمە دەبینین جەمهوریەتی کوردستان لەو قۆناغەدا زۆر کاری کردوون کە لە مێژووی نەتەوایەتیی کوردی ئێراندا کاری یەکەمین جار بوون لەڕووی دروستکردنی ئیدارەیەکی کوردی، بەرەسمیکردنی زمانی کوردی، مەسەلەی هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ئازادیخوازی ودژەفاشیزم، و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی یاسا و دژایەتیکردنی مەسەلەی

مەوادی موخەدیر و دزی و بەرتیلخۆری، کە ئەمانە بەشێکن لە کەلتوری نەتەوەی سەردەست و دەیانهەوێ بەزۆر بیسەپێنن بەسەر نەتەوە غەیرە فارەسە ژێردەستەکانی خۆیاندا.

بەڕاستی لەو مەسەلانەدا نەماوە بەڵکو ئەو تەجروبەیە مۆرکێکی قووڵی نەتەوەیی لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکی کوردستان لە ئێران داوە و لە کاتی خۆیشیدا گەورەترین و ورووژێنەر و هاندەری بیری نەتەوایەتی وکاری نەتەوایەتی بووە چ لە بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی کۆماری کورستاندا نەبوون، یان ئازاد نەکرابوون و لەژێر چنگی فارسیزمی ئێرانی و هەیمەنەی بریتانییەکان و ئەمریکییەکاندا بوون، و چ لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کە باشووری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستانە. بەڕاستی ئێمە کە تەماشا دەکەین لەم قۆناغەدا دروستبوونی یەکێتیی ئازادیخوازانی کورد لە تاران، دروستبوونی یەکێتیی دانشجویانی کوردی زانکۆی تاران، هەروەها یەکێتیی جەوانانی گەروس کە ئەم ڕێکخراوە ئازادیخوازە دیموکراتانە لەژێر تەئسیری ئەزمونی جەمهوریەتی کوردستاندا بوون لە ساڵی ١٩٤٦ لە پارچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان بەشە ئازادنەکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. و هەروەها ئەگەر تەماشای ئەزموونی جەمهوریەتی کوردستان بکەین ڕاستە لە یەک لەسەر سێی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە، بەڵام تەماشای کەین ئەم ئەزمونە ئەزمونێکە تایبەت نییە بە تەنیا کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، بەڵکو کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەشداریان تێدا کردووە، بەئەزموونی خۆیان داناوە و مەهابادیان کردۆتە قیبلەگای بیری نەتەوایەتی وئازادیخوازی لەو قۆناغەدا، بەشداری بارزانی‌یەکان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەرگریکردنیان لە کۆمار لەو شەڕانەی کە لە مامەشا و لە ناوچەکانی دیکەی نزیک سەقز بوون و ڕێگریان هەتاکو ڕۆژی کۆتاییهاتنی کۆمار کوردەکانی باشووری کوردستان و بارزانی‌یەکان و ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی کورد کە دواتر پاش گەڕانەوەیان لە حوزەیرانی ١٩٤٧دا لە عێراق ئیعدام کران. ئەمانە تێکڕایان هێزی پارێزەری کۆمار بوون.

هەروەها حەمەڕەشید خانی بانە کە خێڵی قادرخانزادەیە و لە ناوچەی پێنجوێن و باشووری کوردستان چوون بۆ ئەوێ و چەندی دیکە لەو کەسایەتیانەی لە باشووری کوردستانەوە چوونەتە نێو کۆمار وەکو پێشمەرگە بەشداریان کردووە لە پاراستنی ئەو ئەزمونە کە بۆ ماوەی نزیک ساڵێک تەمەنی کرد و چ لە بوارەکانی دیکەدا خزمەتیان کردووە، وەک مامۆستای زمانی کوردی کە ئێمە چەندین کەسایەتیمان هەیە کە ناومان بردوون وەکو قانع، کەریم زەند، شێخ جەعفەر بەرزنجی و هەروەها محەممەد تۆفیق وردی و چەندین کەسایەتیی دیکە کە لە خەستەخانە و یاخود نەخۆشخانەی مەهاباد کاریان دەکرد و چاککردنی ئەو بریندارانەی لە جەبهە بریندار دەبوون و یاخود ئەو بریندارانەی ڕوویان تێدەکردن، برینپێچ بوون یاخود شارەزا بوون لە باشووری کوردستانەوە چووبوونە ئەوێ و سەرکردەکانی دیکەی کورد قەدری پاشا و چەندانی دیکە. ئەمانە کۆماریان بە نمونەیەکی نەتەوایەتی دادەنا. چۆن ئەمڕۆ ئەزمونی باشووری کوردستان لەلایەن سەرجەم پارچەکانی دیکەی کوردستان وەکو ئەزمونێکی کوردی تەماشا دەکرێ کە هەوڵدەدا بەشێکی دیکەی کوردستان ڕزگار بکات و ببێتە بنەما و پایگا و پەناگایەکی ئەو کوردانەی لەدەستی زۆرداری و لەدەستی فاشیزمی تورکی و فارسی هەڵدێن. ئەو ڕۆژەش بە هەمان شێوە چەندین کەس و بە سەدەها ئینسان کە لەژێر فاشیزمی عەرەبی و تۆپ و تەیارەی دەوڵەتی بریتانیای پشتگیری سیستەمی هاشمی پاشایەتی عێراق ڕایانکرد، پەنایان بردبوو بۆ کۆماری

کوردستان و لە دامودەزگاکانی کۆماری کوردستاندا کاریان دەکرد. لەبەر ئەوە ئەزمونی جەمهوریەتی کوردستان نەک تەنها جەمهوریەتێک بوو بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەڵکو پەناگای کوردە ئازادیخوازەکانی باشوور و پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بوو و هەروەها ئومێدێکی گەورە بوون و ئەزمونێکی نەتەوایەتی بوون و سەرانسەری ئازادیخوازان و نەتەوەپەروەرەکانی دیکە بە قیبلەگای خۆیان و بە ئەزمونێکی نەتەوایەتیی کوردیان دەزانی.

زۆر سپاس دوکتۆر گیان، ئێمە تاکو ئێستا باسمان لە بستێن و زەمینەکانی پاگرتن و دامەزراندنی کۆماری کوردستان و کاریگەری و تەئسیرەکانی لەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی کرد. بە باوەڕی ئێوە هۆکارەکان و یان باشتر بڵێین سەرەکی ترین هۆکارەکانی شکستی هاتنی کۆماری کوردستان چی بوون کە نەیتوانی لە ١١ مانگ زیاتر بخایەنێت و درێژە بە ژیانی خۆی بدات؟

وەڵام : بە باوەڕی من فاکتەر بۆ شکستی کۆماری مەهاباد تەنیایی و بێ پشتیوانی کۆمار بوو لە بەرامبەر دوژمنهایەکی خاوەن توانایییەکی بەهێز و دڕندە کە هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو کە ئەزمونی کۆمار پەرەنەستێنێ و قەتیس بمێنێ لە بەشێکی دیاریکراوی کوردستاندا و هەر لە سەرەتاوە گەمارۆیەکی سیاسی و گەمارۆیەکی ئابووریی توند بەسەر کۆماردا بسەپێنن، چون منداڵێک کە تازە لەدایکدەبێ و لە لانکدایە و پێویستی بە خواردن و پێویستی هەوا و پێویستی بە کۆمەڵێک وەسائیل هەیە بۆ ژیان و تۆ بێی ئەو وەسائیلەی لێ قەتع بکەی لە لانکدا دەیکوژی، بە هەمان شێوەش ئەزمونی کۆماری کوردستان ئەزمونێک بوو بەداخەوە لە بەرژەوەندیی هێزی کۆنەپەرستی و زلهێزەکانی ئەو سەردەمی جیهاندا نەبوو و ئەزمونێک بوو کە سەرەڕای گیانفیدایی و ماندوونەناسی و خاوەن باوەڕی سەرکردەکانی لە لانکدا خنکێندرا.

ئەوە ڕاستە کە فاکتەری نێوخۆی کۆماری کوردستان لاوازیی هەبوون بە حوکمی ئەوەی کە ژێرخانی کۆمەڵگەی کوردستان لەو دەمیدا ژێرخانێک بوون لە ئەنجامی داگیرکاری مێژوویی و ئەو چەوسانەوە و سیستمی چەوسانەوەی نەتەوایەتی درێژخایەن لە زۆر لایەنەوە تووشی لاوازی کردبوو، بەڵام ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین ناتوانین بڵێین کە جمهوریەتی کوردستان - کاتێک باسی فاکتەری دروست بوونەکەیمان کرد وتمان فاکتەری جیهانی و ململانێی زلهێزەکان لە ناوچەکەدا و حاڵەتی داگیرکردنی ئێران و دواتر هەوڵدانی شورەوی بۆ دژایەتیکردنی نەیارەکانی خۆی لە ئێراندا ڕێگەی دا جووڵانەوە ڕەسەنە نەتەوایەتییەکانی کورد و ئازەری شەقاوێک بەرەو پێش بەرن. بەڵام پاش ئەوەی شورەوی نەیتوانی بە هێز و توانایییەکی تەواو و باوەڕ بەخۆبوون و قودرەتێکەوە کارەکانی خۆی لە ئێراندا پێش بخات و لە بەرابەر زلهێزەکانی جیهاندا پاشەکشەی کرد بەتایبەتی بریتانیا و ئەمریکا کە ئەو کات ڕووسیا لە پاش کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی ڕێبەری پاڵپشتی هێزە کۆنەپەرستەکانی ئێران بە دەربار و ئەفسەرە شاپەرستەکان و بەو هێزانەی کە بە دژی خواست و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد بوون ئەوانە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا لە ئێراندا.

بێگومان تا ئێستا زۆر باسی کۆمار کراوە و هەوڵدراوە وا پیشان بدرێ کە یەکێتیی سۆڤیەت دەوری یەکەمی هەیە لە

ڕووخاندنی کۆمار و زیاتر ئەم مەسەلەیەش لەلایەن نووسەرە ڕۆژئاواییەکان و نووسەرە ئێرانییەکانەوە ورووژاوە و هاتۆتەبەر باسکردن بە دوو مەبەست: یەکەم، ئەوەی وا پیشانی بدەن کە کۆماری کوردستان زادەی سیاسەتی یەکێتیی سۆڤیەت و شورەوییە و مەقاشی دەستی شوورەوی بووە، نەک هەڵقوڵاوی خواستێکی نەتەوایەتیی کوردیی ڕەسەن و تێکۆشان و ئومێدێکی نەتەوایەتی. دووەم، لە کاتی خۆیدا هەوڵدانێک بووە بۆ ڕەش و ناشیرینکردنی یەکێتیی سۆڤیەت و پیشاندانی وەک درۆزنێکی هەڵخەڵەتێنەر کە هانی کوردی داوە و وای لێکردووە ئەزموونێکی پێ دروست بکات و هەوڵبدا هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بەرێت و پشتی بەرداوە و لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەدا بەجێی هێشتووە. دیارە هیچ کات ناتوانرێ دەوری سیاسەتی دووفاقەی شورەوی لە کۆماری کوردستاندا نکۆڵی لێبکرێ، بەڵام ئەمە ڕاستییەکی گرنگە و ناشارێتەوە کە ئەمریکا و بریتانییەکان دەوری هەرە گەورە و گرنگیان بینیوە لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی کە هێزە کۆنەپەرەستەکان و میلیتاریستە دیکتاتۆرەکان و شۆڤێنستەکان لە ئێراندا کۆنترۆڵی دەسەڵات بکەن و ئازەربایجان و کوردستان لەسەر سینییەکی زێڕین پێشکەش بە شاهەنشاهی تازەبەدەسەڵاتگەیشتووی تازەلاو حەمەڕەزا شا بکەن. دیارە هەر لە سەرەتاوە ئەمریکییەکان و بریتانییەکان هەوڵی ئەوەیان دا کە مەسەلەی کورد لە ئێراندا وا پیشان بدەن کە مەسەلەیەکی کۆمۆنیستییە و کورد هەوڵدەدا تەجروبەیەکی کۆمۆنیستی دابمەزرێنێ و هەوڵدەدا سەرانسەری کوردستان لە ئەزموونێکی کۆمۆنیستی بگرێتەخۆ و ئەمەش بۆ ئەوان لەدەستچوونی سەرچاوەیەکی گەورەی وزە و بیرە نەوتییەکانی کەرکوک و بیرە نەوتییەکانی باشووری ئێران و گەورەترین هەڕەشە دەبێت بۆ ڕۆژئاوا و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا لە ناوچەکە. یانی ئەوان پێیان وا بوو ئەمریکاییەکان یان نوێنەرەکانیان، وەکو ڕۆسۆ کە جێگری کۆنسۆلی ئەمریکی بوو لە تەبرێز، و هەروەها دۆهەر کە دواتر لەدوای ڕۆسۆ بوو بە جێگر، لە ڕاپۆرتەکانیاندا هەوڵی ئەوەیان داوە کە دەسەڵاتی سەرەوە وا ئاگادار بکەنەوە کە بە فیعلی ئازەربایجان پردێکە بۆ بەلشەڤەکردنی ئێران و کوردستانیش پردێکە بۆ بەلشەڤەکردنی ئێران و سەپاندنی نفوزی شورەوی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. بەم شێوەیە ئەوان هەر لە سەرەتاوە لە خسوسیاتی جووڵانەوەی نەتەوایەتی و ئەزمونی کۆماری کوردستان تێنەگەیشتن یان ئەسڵەن نەیانویست تێبگەن و پێیان وا بوو هێنانەسەرکاری دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر لە ئێران و باقی ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەوان پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئەوانن نەک پشتگیریکردنی لە جووڵانەوە ئازادیخوازانەکان و نەتەوە غەیرە فارسەکان و جووڵانەوەی چەپ و خەڵکی زەحمەتکێش. بە واتایەکی تر ستراتیژییەتی ئەمریکی و دیپلۆماسیەتی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی شێوازێک بوو کە پشتگیری لە سیستەمە دیکتاتۆر و کۆنەپەرەستەکان بکات نەک پشتگیری لە جووڵانەوە گەلی و نەتەوە کۆلۆنیکراوەکان و ئازادیخواز و خەڵکە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان. بێگومان لەم ستراتیژییەدا خەبات و ئەزمونی جەمهوریەتی کوردستان لەلایەن ئەمریکییەکان خرایە بەرەی چەپەوە و گەورەترین دژایەتی کرا و بێگومان محەممەد ڕەزا شا هیچ کات نەیشاردۆتەوە کە ڕۆڵ و نەخشی ڕۆژئاوا و ئەمریکاییەکان لە گێڕانەوەی ئازەربایجان بۆسەر خاکی ئێران و تێکشکاندنی ئەزموونی کۆماری کوردستان بە چ شێوازێک بوو.

لەپاش ئەوە ئەو دەورەی ئەمریکییەکان بینیان هاندەرێکی گەورە بوو، چونکە ئێران پاش جەنگی دووەمی جیهانی کە ئێرانێک بێت بکەوێتە نێو باوەشی ڕۆژئاواوە و ئەمریکا و ئێرانێک بێت کە لەپاشدا پێی بوترێ ژاندەرمی ڕۆژئاوا لە کەنداودا.

---

**دوکتۆر یاسین، بە باوەڕی ئێوە کام ڕەهەند و کام لایەن لە کۆماری کوردستاندا کەمتر گرنگی پێدراوە، خراوەتە پەراوێزەوە و یان تەنانەت بە لاڕێدا چووە و لە مێژوودا تۆمارکراوە کە دەبێ کورد لە ئێستادا ڕاستی بکاتەوە یان ئەوەی پێی لەسەر دابگرێ؟**

**وەڵام :** بە باوەڕی من ئەو کەسانەی کە باسیان لە ئەزمونی جمهوریەتی کوردستان کردووە زۆربەی زۆریان یاخود نوێنەر و جێبەجێکەری سیاسەتی ڕۆژئاوا بوون لە ناوچەکە وەک ئیدڵتون و ڕۆزفێڵد، ئەمانە هەموویان کارمەند و دەمڕاستی دەوڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بوون لە ئێراندا و بێگومان ئەمانە جەمهوریەتی کوردستان لە بیر و بۆچوونی خۆیان و هەروەها لەو بارەیەوە قسەی لێدەکەن کە خزمەت بە بۆچوونە ڕەسمییەکانی ئەمریکا بکات لە ئێران. هەروەها نووسەرانی دەسەڵات، ئەوانەی لەسایەی دەسەڵاتی تۆتالیتاری ئێرانی هەوڵیانداوە لەو ئەزموونە قسە بکەن و ئەوانیش هەوڵیانداوە و بە شێوازی ناسیۆنالیستێکی تەنگەتیلە سەیری مەسەلەکەیان کردووە و هەوڵیانداوە وەک مەسەلەیەکی کۆمۆنیستی و یان بیخەنە خانەی هەوڵەکانی شورەوی بۆ فراوانخوازی لە ئێران و جەمهوریەتی کوردستان بە عامیلێکی شورەوی و هەروەها جووڵانەوەکەیان بە مەسەلەی تەجزییەتەڵەبی لەقەڵەم بدەن. کاتێک کە ئێمە باسی جەمهوریەتی کوردستان دەکەین پێویستە ئەوەمان لەبیر نەچێ کە مەسەلەی جەمهوریەتی کوردستان و حکومەتی ئازەربایجان دانەبڕین لەو هەلومەرجە سیاسی و فکرییەی کە لە سەراسەری ئێران و سەراسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەو قۆناغەدا چۆتە پێش. بەتایبەتی بیری ئازادیخوازی، بیری حکومەتێکی دیموکراتیک و بیری وەدیهێنانی مافەکانی خەڵکی نەدار و زەحمەتکێش و هەوڵدان بۆ هێنانەسەرکاری ڕێژیمێک کە بایەخ بە ژیانی کۆمەڵگە بدا و مافەکانی تاک لە کۆمەڵگەدا بپارێزێ، بە پێچەوانەی ڕێژیمە تۆتالیتێرەکان، ڕێژیمە شوڤێنیستییەکان، ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان کە هەوڵدەدەن بەرژەوەندیی تەنها چینێکی دیاریکراو بپارێزن و سەرجەمی کۆمەڵگە و چین و توێژەکانی دیکە بخەنە ژێر فشار و لە نەهامەتی و لە برسێتی و نەداری و لە حاڵەتێکی خراپدا بیانهێڵنەوە.

بەڕاستی کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەوەی ئەزمونێکی نەتەوەیی‌یە ئەزمونێکی ئینسانییە، لەبەر ئەوەی نەتەوایەتی کورد جیاناکرێتەوە لە بیری ئازادیخوازی و بیری ئینسانی. هەر وەکو لێنین دەڵێت: "هەموو تێکۆشانی نەتەوایەتی گەلانی بندەست هەوڵێکە بۆ چەسپاندنی بیری ئازادیخوازی و بیری ئینسانی، واتە خەباتی نەتەوایەتی گەلانی بندەست خەباتێک نین لە پێناو بندەستکردنی نەتەوەکانی دیکەدا بەڵکو لە پێناوی ڕەتکردنەوەی ستەمی نەتەوەیی سەردەستن کە هەوڵدەدات ئەم کۆمەڵگەیە وەکو کۆمەڵ بێ بەشە لە مافەکانی خۆی" و هەر وەکو مارکسیش پێمان دەڵێت: "هیچ گەلێک ناتوانێت ئازاد بێت ئەگەر بێتو گەلێکی دیکە لەسایەی خۆیدا بە بندەستی بهێڵێتەوە."

**هەرچەند مەسەلەی کۆماری کوردستان دەکرێ زۆر لەوە تێروتەسەل تر لەسەر ئەبعادی کاریگەر و ڕەهەندەکانی قسە بکرێ و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێ، بەڵام وەک دوایین پرسیار، ئێوە وەک کەسایەتییەک کە خوێندنەوەیەکی زۆر ورد و چڕوپڕ و لە هەمان کاتدا زانستیانەتان بۆ مێژووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە سەرووی هەموویانەوە**

**بۆ کۆماری کوردستان کردووە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە خەڵکانێکی زۆر لە نازناوی "گاندی‌ی ڕۆژهەڵات"یان داوەتە پێشەوا قازی، کە لە کاتی تەنگانەدا خەڵکەکەی جێنەهێشت و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو هەلومەرج و دۆخی ئەوسای کورد و کۆمار و ڕێژیمی دیکتاتۆری حەمەڕەزا شا لەگەڵ مەهاباد دەرنەچوو و مێژوویش شاهیدە کە وێڕای هاوڕێیانی لە چوارچرا لە مەهاباد بە پەتی سێدارە شەهید کرا، بەڵام ئێوە وەڵامتان بۆ ئەو ڕایەی کە پێی وایە "پێشەوا قازی محەممەد کەسایەتییەک بوو کە بە نیسبەت دەوڵەتی ئەوکاتی حەمەڕەزا شا ڕارا بووە یان تەوەهۆمی هەبووە هۆکاری سەرەکی ئەوە بوو کە مەهابادی جێنەهێشت و وەڵامی ڕەدی بە بارزانی‌یەکان داوە کە لەگەڵیان لە مەهاباد دەرباز نەبوو." چییە؟**

وەڵام: بەڕاستی ئێمە وەکو ئەکادیمییەک بەبێ ئەوەی بچینەژێر مەسەلەی سۆزی نەتەوایەتی یان خۆشەویستی بۆ قازی کە کەسایەتییەکی یەکجار گەورە و پایەدارە لە مێژووی گەلی کوردی هاوچەرخ، ئێمە پێمان وایە کە کاتێک جەنابی پێشەوا بڕیاری دامەزراندنی کۆماری کوردستانی دا، کە بڕیارێکی زۆر سەخت بوو، تۆ لە واقعێکی بەو شێوەیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتێکی وێران و گەلێکی داگیرکراو کە خەڵک هۆشیاریی نەتەوەیی ئەوەندە فرە نییە و دۆستەکانی کوردیش زۆر نین و تەنانەت لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش زۆرێک لە سەرۆک خێڵەکان ئەمانە لە چوارچێوەی پشتگیرکردنی سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی ئامادە نەبوون دەسەڵاتی کۆماری قبوڵ بکەن، کاتێک کە قازی محەممەد بڕیاری دامەزراندنی کۆماری کوردستانی دا نە بیری لە پاراستنی گیانی خۆی و نە بیری لە پاراستنی بەرژەوەندیی ماددی کردبۆوە. واتە لەو مەسەلەیە کە زیاتر ئامانج و بەدیهێنانی خواستی ئازادیخوازی و نەتەوەیی پاڵنەری سەرەکی بوون و قازی محەممەد سوێندی خواردبوو کە لەو پێناوەدا (یانی لە سوێندی کۆماردا) کە لەو پێناوەدا هیچ پاشەکشەیەک نەکا و لەو پێناوەدا تا دواتنۆکی خوێنی لە خەبات و تێکۆشاندایە.

من پێم وایە چۆن گەورەی مەسیح لە لەخاچدانەکەیەتی، گەورەیی پێشەوا قازی‌یش لە لەسێدارەدانەکەیەتی. بێگومان حکومەتی ئێران بە لەسێدارەدانی قازی محەممەد، قازی خۆی چەند گەورە بوو، ئەوەندەی دی قازی محەممەدی گەورە کرد. پێموایە کاتێک قازی محەممەد سێ هەڵوێردەی لە بەردەمدا دانرا کە یان وەکو پیشەوەری ڕایانکردوو و پەنای بردەبەر شووروەوی و دەستیان لە تێکۆشان بەردا ئەویش خەڵکەکەی بەجێ بێڵێ و خەڵکەکەی بکاتە قوربانی و گیانی خۆی دەرباز بکات. یان ئەوەی دەست بدەنە چەک و لە شاخەوە شەڕی پارتیزانی بکەن بە دژی جەیشی ئێران و ئەو جەیشەی کە ئێمە دەزانین کە ئەمریکییەکان لە ساڵەکانی جەنگدا لەلایەن جەنراڵ شوارسکۆفەوە باپیری ئەو شوارسکۆفەوە بوو کە عێراق لە کویت بۆ ئەمریکییەکان دەرکرد تەمرینیان پێکردبوون، لە بەرامبەر ئەوان، لەبەرامبەر خێڵە دژ بە کۆمار و لایەنگری شا واتە سەرۆک خێڵە جاشەکانی کورد کە دەوری زۆر خراپیان بینی لە ڕووخاندنی کۆماردا بکەوێتە خەباتێک بێ هیچ پشت و پەنایەک بیدایەتە شاخ و دژایەتی دەسەڵات بکات و ناوچەکە تووشی شەڕ و وێرانکاری بکات یان ئەوەی کە تەواوی مەسەلە و ڕووداوەکان بخاتەسەر شانی خۆی و چاو لە گیانی خۆی بپۆشێ و خۆی بۆ خۆی بچێ بەرەوپیری لەشکری شاهەنشاهی و لەپێناو پاراستنی شار و ناوچەکە و خەڵکی ناوچەکە و تووش

نەبوونیان بە کوشتوبڕ خۆی بە سپای ئێرانی تەسلیم بکا و بڕیاری بەرگریکردنی نەدات.


من پێموایە قازی محەمەد زۆر لە ئێمە باشتر ئێرانییەکانی دەناسی و پێشووتر سەردانی تارانی کردبوو، شای بینیبوو، ئەفسەرەکانی بینیبوون، لەگەڵ حەسەن ئەرفەع و چەندینی دیکەیاندا دانیشتنی هەبوو و ئەوانیش زۆر بە باشی قازی محەممەدیان دەناسی و قازیش زۆر بەباشی ئەوان و سیاسەتی ناجەوانمەردانە و سیاسەتی غەدر و دڕندەیی ئەفسەرانی ئێران و دەرباری ئێرانی زۆر باش دەناسی؛ پێم وا نییە قازی محەممەد هەڵخەڵەتابێ بە خۆ تەسلیمکردنی. ئەگەر بەو شێوەیە بوایە نە لە کاتی مەحاسبەکردندا ئەوندە مەردانە وەڵامی دادگای دەدایەوە و نە لە کاتی لەسێدارەداندا ئەوندە مەردانە پەتی سێدارەی لە مل دەکرد و بە چاوی کراوە لە دواساتەکانی ژیانیدا مەهاباد ببینێ بەبێ منەت دەچووە سەر پەتی سێدارە و لە پێناو ئازادیی میللەتەکەیدا پەتی سێدارەی لە مل دەکرد و ئەو قسەیەی دەکرد کە "ئەگەر ئەوڕکە ئێوە قازی محەممەدێک لەسێدارەدەدەن، سبەینێ هەر کوردێکی ئەم نیشتمانە دەبێتە قازی محەممەدێک" کە بە فیعلی ڕاستە و سیاسەتی تۆقاندن و کوشتن و ئەسمیلاسیۆن نەک نەیتوانیوە خەڵکی کوردستان ملکەچ و سەرشۆڕ بکات و لەنێوببەرێ، بەڵکو ئەمڕۆ لە زۆربەی کاتەکانی دیکە خەڵکی کوردستان هۆشیار ترە، هەڵگری بیر و باوەڕی ئازادیخواز ترە و ڕێکخراو و حیزبی هەمەچەشنەی هەیە هەر هەموویان داوای مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و مافە ئازادیخوازانەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن بە شێوەی جیاواز جیاواز و حەتمییەتی مێژوو ئەوە دەسەلمێنێ کە لەو شوێنەی کە قازی محەممەدی تێدا لەسێدارەدرا ئاڵای کوردستان بۆ جارێکی دیکە هەڵدەکرێ.

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەری دیمانە / ڕێکەوتی ١۶ی فێبریوری ٢٠٠٧

# لە یادی ٦١ سالیادی کوماری مهاباد

د.سەلاحەدین خەدیو

دووی ڕێبەنـدانی ئەمساڵ ٦١ ساڵی تـەواو بـە سـەر ڕووداوی مێژوویـی ڕاگەیانـدنی کۆمـاری کوردستان لـە مـەهاباد تێپـەڕی. زێدەڕەویمان نەکردووە ئەگەر بڵێین، درەوشانەوە و کووژانەوەی ئەستێرەی کۆمار یەکێک لە هەرە ڕووداوە گرینگەکانی سەدەی بیستی مێژووی کورد بوو کە شوێنەواری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی فراوانی لە سەر گۆڕانکارییەکانی دوایی، لانیکەم کوردستانەکانی ئێران و عێراق بەجێ هێشت. ئەمڕۆ ٦١ ساڵ دوای ئەم ئەزموونە، زۆر فاکتۆری جیاواز و جۆراوجۆری وەک پچڕانە یەک لە دوای یەکەکانی ئەزموونە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە دوای کۆمار و هەژاری و لاوازی فەرهەنگی مێژوونووسی لە کوردستان (کە تەنانەت مێژووی هاوچەرخیش دەگرێتەوە) و هەروەها سیاسەتلێدراوی (سیاستزدگی) زۆربەی ڕەهەندەکانی ژیان لەم دەڤەرە، کۆماری کوردستانیان وەک دەقێکی مێژوویی لێکردووە، کە چەندین ڕاڤە و خوێندنەوە جیا جیا هەڵدەگرێ.



لە پشتی هەر کام لەم خوێندنەوە تایبەتیانەشدا هێزێک یان لایەنێکی سیاسی بەدی دەکرێ. جێی خۆیەتی کە ئاماژە بەم ڕاستییەش بکرێ کە میراتگری سەرەکی و فەرمی کۆمار ئەمڕۆکە ئەوەندە تووشی لاوازی و قەیران هاتووە کە نەتوانێ بە تەنێ خاوەندارێتی بکا و تەنانەت لە نێو لیستی بە ڕێژە دوور و درێژی داواکارەکانی(مدعیان) تا ڕادەیەکیش بخرێتە پەراوێزەوە. وەک دیار بێ، لە نێوەڕاستی نەوەدەکانەوە، حیزبێکی گەنج بەڵام بەهێز لە ڕێی ئامێر و ڕاگەیاندنە بەربڵاوەکانییەوە (وەک ڕادیۆ و تلویزیۆن و... کە ئەودەم حیزبەکانی دی خاوەنی نەبوون)، تا ڕادەیەکی زۆر «یادی» کۆماری کوردستانی زیندوو کردەوە و بە واتایەک بردییە ناو جەرگەی کۆمەلانی خەڵکەوە. ئامانجی سەرەکی ئەم حیزبە دەوڵەمەند کردنی گوتاری «سەربەخۆییخوازی» و «کوردستانی گەورە« بوو کە ئەودەم بانگەشەی بۆ دەکرد و بۆ ئەم مەبەستە پێداویستی زۆری بە هێمایەکی وەک کۆماری کوردستان هەبوو. لە لایەکی دیکەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا خوێندنەوەیەکی دیکە لە لایەن پارتێکی دەسەڵاتداری ئەودیو هاتوتە ئاراوە، کە تێدەکۆشێ بە زەقکردنەوەی لە رادە بە دە ری دەوری سەرکردەکەی، کەڵکێکی سیاسی و حیزبی لەم ئەزموونە وەرگرێ. دیارە کە لە پەنای ئەمانەش دا، چەندین وردەهەڵوێست و خوێندنەوەی دیکەش هەن، کە زۆر شیاوی باس نین.وەک هە وڵی نەزۆکی هەندێک کەس و رەوت کە تێدەکۆشن بە بەرزنرخاندن و پەسند کردنی زیاتری ئەزموونی کومەڵەی ژ.کاف ،ئەم گومانە بە هێز کەن کە رەسەنایەتی و بایەخی کومەڵە لە کۆمار و حیزبی دیموکرات زیاترە.وێدەچی هۆکاری سەرەکی ئەم هەوڵە شەریک نەبوونی ئەم کەس یا رەوتانە ،لە شانازییەکانی کۆمار دابێ.

هەڵبەت هاوکات لەگەڵ ئەم ڕەوتەی باسی لێکرا، چەن هەوڵێکی بەرچاویش بۆ ڕووخاندن و پیرۆزی دارنین لە

کۆمار هەبووە کە گرینگترینیان، بابەتەکانی گۆڤاری «چشم‌انداز ایران» و چەند کتێب و نامیلکەی دیکەن ، کە لە چوارچێوەی گوتارێکی ئێرانخوازانەدا و لە بەستێنی نیگەرانی لە پەرەگرتنی ناسیۆنالیزمی شوناسخوازانەی کورد، کۆماری کوردستان وەک هێمای ئەم بزاڤە دەکوتن. بەڵام دەکرێ کۆمار وەک ئەزموونێکی سەرکەوتوو و دیمۆکراسییانەی «خۆ بەڕێوەبردنی کورد » ببێتە، سەرچاوەی تەئویل و خوێندنەوەیەکی تازە بۆ ئەم بزاڤە کۆمەڵایەتییەی ئێستا و چالاکانی سیاسی و فەرهەنگی وەک بەرچاوترین و گرینگترین نوێنەرەکانی. مێژوونووسێکی ئینگلیسی دەڵێ: «ڕووداوەکانی ڕابردوو لە خودی خۆیاندا گرینگ نین. بەڵکوو بایەخی ناسینی وان لەبەر ئەوەیە کە ئێمە بەرەو لێکۆڵینەوە و نرخاندنی ورد و کۆنکرێتی داهاتوو ڕێنوێنی دەکەن. مێژوویەک کە یارمەتی ئەم ئامانجە نەدا، بەقەرا بلێتی ئوتوبۆس بێبایەخە.» بە داخەوە لە ئەدەبیاتی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری ئەمڕۆماندا، هەژاری و دەسکورتێکی گەورەی «تاریخی» وەبەر چاو دەکەوێ، ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان بە گوتارێک هەیە کە بتوانێ کارکردێکی «کاربوردی» بە مێژوو ببەخشێ، خوێندنەوەی زانستی و بێلایەنانە و وردبینانەی کۆماری کوردستان و باقی ئەزموونە سەرکەوتووەکانی دیکە، دەتوانێ بەردی بناغەی زۆر قاڵب و ماناکانی ئەندیشەی سیاسیمان پێکبێنێ. ئەمڕۆ لە زۆربەی ئەم شتانەی کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانماندا دەنووسرێن چەشنێک تیۆریلێدراوی (ئەویش نازانستی و ناشیانە و تەرجەمەیی) پەرگیرانە دەبینرێ کە لەگەڵ ئەرزی واقیع و بە دەستەوەدانی لێکدانەوەی شیکارانە و کۆنکرێت مەودایەکی زۆری هەیە. ناسینی مێژوو و کاربوردی کردنی، دەتوانێ ئەم مەودا و کەلێنە پڕ کاتەوە. کۆمەڵگایەک کە ناسیاوێکی قووڵی لە ڕابردوو و مێژووی خۆی نەبێ، لە ناسینی ئەمڕۆ و داهاتووشیدا، تووشی گرفت دەبێ. کەوا بوو گەڕانەوەی زانستی بۆ مێژوو و بەتایبەتی کۆماری کوردستان وەک ئەزموونێکی نموونە، پێداویستێکی حاشاهەڵنەگرە و پێوەندێکی ئۆرگانیکیشی هەیە لەگەڵ داخوازییەکانی ئەم بزاڤە کۆمەڵایەتییەی ئێستا بۆ خۆبەڕێوەبردنی شارستانیانە و دیموکراتیکی گەلی کورد.دیارە کەس بۆی نییە پیش لە تەئویل و خوێندنەوەی ئازادانەی خەڵکی دیکە بگرێ.بەڵام بۆ سەر لێنەشێوانی زیاتر لەوەی کە ئێستا هەیە ،دەکرێ تەئویلەکانمان لە کۆماری کوردستان لە دوو تەوەرەی دیاریکراوی «زانستی » و «سیاسی » دا ،جێ بکرێنەوە.خوێندنەوەی زانستی بەم مانایە کە ئازادی تەواو بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەم بەستێنە قاییل بین و دەمارگرژی سیاسی نەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم ئازادی ئاکادیمیک دا.«عیلم » لە سادەترین پێناسەی خۆی دا،بە مانای دووبارە نیشاندانی راستییەکانی جیهانی کۆنکرێتە.خوێندنەوەی مێژوویی کۆماری کوردستانیش لەم بازنەیە ناچێتە دەر و بە بێ پێخوش بوون و یان پێناخۆش بوونی ئێمەمانان گشت رەهەندە پۆزیتیڤ و نگەتیڤەکان و یان خاڵە بەهێز و لاوازەکانی لە خۆ دەگری.جگە لەو ئەرکە ئەخلاقییەی لە سۆنگەی ملکەچی لە بەرانبەر زانست دا لە سەر شانمانە ،چالاک بوونی ئەم مەیدانە زۆر قازانجی وەک بەرگری لە چەواشەکاری و شێواندنی روخساری مێژوو و هەروەها کاربوردییکردنی «خوێندنەوەی سیاسیانەشی» دەبێ.جیاوازی ئەم خوێندنەوە لە گەڵ خوێندنەوەی زانستی لەمە دایە کە بە تەنیا پشت بە راستییە مێژووییەکان نابەستێ و جۆرێک «مەسڵەحەتی سیاسی »ش لەبەر چاو دەگرێ.بەڵام لێرەدا لەبەر چاوگرتنی دوو مەرج گرینگە:

یەکەم: رادەی زاوییەگرتن لە گەڵ ئەسڵی شتەکە نەگاتە ئاستێک کە ئیدی کۆمار نەناسرێتەوە و ئەرزیشی کاربوردی خۆی لە

دەست بدا.یانی وای لێبێ کە لە عالەمی ئیمکاندا ئیدی نەکرێ ئیستراتیژی سیاسی لێهەڵێنجێندرێ.بۆ نموونە وا پێشاندرێ کە کۆمار نموونەیەکی سەربەخۆییخوازی تەواوی وەک ئەمریکای سەدەی ١٨ بووە!

دووهەم؛ مەرجی دووهەم ئەوەیە کە هەوڵ بدرێ ، بازنەی ئەم مەسڵەحەتەی کە باسی لێ کرا هەرچی زیاتر بکرێتەوە و لە پاوانی تاقم و حیزب و کەس بچێتە دەر و بە تەواو مانا گشتی و نەتەوەیی بێ.پێداویستی حاشاهەڵنەگری ئەم چاخە لێکگرێدانی گونجاو و وەستایانەی ئەم دوو تەئویلە لە کۆمارە.

ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢ - ١٩٤٧

سەرچاوە : ماڵپەری نیشتمان / ڕێکەوتی : ٢٢ی جانێویری ٢٠٠٧

# ڕەوتی نەتەوەخوازیی کورد لە ئیران

## د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی

### [ بەشی دووەم ] [ لە ١٣٢٠ـەوە تا سەرەتای ١٣٢٦ ]

قازی محەممەد لە ئاست موخالفان بە تابوشت (Tolerance) و بوردبار بوو. بەداخەوە ئێمەی لەخۆبایی، ئێستاش تابوشتی ڕەفتاری وا شارستانیانە و دیموکراتیک لە خۆدا نابینین. ناتوانین جیابیر تەحەمول بکەین. قازی محەممەد سەد ساڵ پێش زەمانی خۆی لەنێو کورداندا هەڵکەوتبوو.



د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی

### ١- بووژانەوەی نەتەوەخوازیی گەلان لە ئێران

ڕەزاشا و لایەنگرانی بە دامەزراندنی دەوڵەت- نەتەوەی تایبەت بە گەلێک لە ئێران، ڕواڵەتی پێناسەی کۆمەڵایەتی گەلانی ئێرانیان شیواند و لە ڕاستییەکانی مێژوو لایاندا. بەر لە ڕەزاشا، کەس بەرگری لە پێناسە، دابونەریت و زمانی گەلانی نەفارسی ئێرانی نەدەکرد. بەڵام دەوڵەتی نوێ لەو بارەوە قەدەغە و قۆرغی دانا و گەلانی نەفارسی ئیرانی دژ بەم ڕەوتە هاندا. ئەو پرۆژەیە بە پێچەوانەی ویستی دەوڵەت، بوو بەهۆی بووژانەوەی نەتەوەخوازیی گەلانی غەیری فارس بەتایبەت گەلی کورد لە ئێران.

## ٢- دەرەتانێک بۆ نەتەوەخوازیی گەلی کورد

لاچوونی ڕەزاشا دەرەتانێک بوو بۆ ڕزگاریی گەلی کورد لە زوڵم و زۆری کاربەدەستانی ڕێژیم و پێناسەی نەتەوایەتی داسەپاو. لەدوای هێرشی هێزی سۆڤیەت، نیزامی و ژاندارمەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لە ناوچە کوردییەکان ڕایانکرد. دەتگوت لەشکری بێگانەن وەڵات چۆل دەکەن! خەڵکیش بەو ڕاکردنەیان خۆشحاڵ بوون. بۆ وا بوو؟ بەڵام پاوانخواز و ڕەگەزپەرست و داگیرکەران ئەو پرسیارانە لە خۆ ناکەن!

[بۆ نموونە کاتێک هێزی پادگانی سەردەشت وەڕێکەوتبوون تا خۆیان بگەیەننە مەهاباد (لەوێوە بگەڕێنەوە وەڵاتی خۆیان)، دانیشتوانی دەوروبەری ڕێگایە زۆر بە سووکایەتی چاویان لێکردبوون! دەیانگوت فەرماندەیەکی ڕووسان - کە ئەوکات لە مەهاباد بوو- بە فەرماندەی هێزە ڕاکردووەکەی پادگانی سەردەشتیی گوتبوو: ئێوە باشترە لە خۆ بپرسن، لەگەڵ ئەو خەڵکە چۆنتان ڕەفتار کردووە کە ئەوان لەو لێقەومانەدا وا چاوتان لێدەکەن؟ بەڵام قازی محەممەد زۆر بە حورمەت و ڕووخۆشییەوە هەڵاتووەکانی وەرگرتن و بۆ

گەڕانەوە بۆلای مەڵبەندی خۆیان، یاریدە و یارمەتی دان. ن.]

لە مەڵبەندی مەهاباد هێزی سۆڤیەت بەرگری لە گەڕانەوەی ژاندارم و نیزامی دەسەڵاتی ناوەندی دەکرد. ئەوان بێزاریی خەڵکیان لە ڕەفتاری کاربەدەستانی ڕێژیمی پەهلەوی دیبوو، بۆیە لە گەڕانەوەیان بەرگری دەکردن. ئەو هەڵویستەی ڕووسان بۆ هەڵسووڕانی نەتەوەخوازانەی گەلی کورد لە ئیران دەرەتانێک بوو.

## ٣- دامەزراندنی دەسەڵاتی نێوخۆیی کورد

بەو چەشنە مەهاباد بێ حکومەت مایەوە. بەڵام دێهات وەک دەوری بەر لە ڕەزاشا، دیسانیش کەوتنەوەژێر "دەسەڵاتی عاشیرەتی". عەشایر لە خودایان دەویست دەوڵەت لێیان بگەڕێ و ئەوان بە مەیلی خۆیان هەڵسووڕێن و دەرەبەگایەتی بکەن. بەڵام ئەگەر شار بێ دەسەڵات بیا، دەرفەتێک دەبوو بۆ عەشایر کە شار تاڵان بکەن. دەسەڵاتی میرە کوردەکان- لەدوای زاڵبوونی ئیسلام (لە سەدەی ٧) کە تا سەدەی ١٩ی خایاند- لەو پێویستیانەدا پێکهاتبوون.[١]

عەشیرەتی لای باشوور و ڕۆژئاوای مەهاباد (مەنگوڕ) کە شاریان بێ دەسەڵات دی، لە فکری تاڵان کەوتن. بەڵام قازی محەممەد بە کردەوە زۆر زوو بۆشایی نەبوونی حکومەتی لە شار پڕکردەوە. ئەو چەشنێکی لە دەسەڵاتی خەڵکی لە مەهاباد پێکەوەنا. دەکرێ بڵێین لەدوای لاچوونی ڕەزاشا، مەهاباد بە هیممەتی قازی محەممەد و هاوکاریی خەڵک، بە کردەوە (de facto) خاوەنی دەسەڵاتی نێوخۆیی بوو.

ئەو کەسانەی دەستیان دەڕۆیی یان بە هەر هۆیەک نەیاندەویست بۆخۆیان چەک هەڵبگرن و بچنە ڕیزی هێزی دابینکردنی هێمنایەتی و بەرگری لە تاڵان، بە ویستی خۆیان یارمەتی ماڵییان دەدا. ئەو ڕەوتە چەشنێک بیری دەسەڵاتی ناوچەیی لە بواری دیموکراسی وەگەڕخستبوو. ئەوەش بە کردەوە هەوەڵ ئەزموونی بەدەستەوەگرتنی چارەنووس - وەک بەرهەمی نەتەوەخوازیی کورد- لە ئیران بوو. بەو هەڵسووڕانە هێمنایەتی شار دابین کرا. بەڵام لایەنێکیش هەوڵیان دەدا تاران حاکم بۆ شار دابنێ. تارانیش چەند کەسی بە ناوی فەرماندار ناردن، یەک لەوان سەرۆک عێلی دێبۆکری بوو، بەڵام ئەو ناردراوانە سەرنەکەوتن و شار بە کردەوە لەدەست خەڵکدا مایەوە.

دەسەڵاتی نێوخۆیی لە مەهاباد جگە لە بزاڤی نەتەوەخوازی، لە مەودای پێویستییەکانی کۆمەڵگە، کات و ناوچە و ئاگایی کۆمەڵایەتیدا بوو، ئەو ڕەوتە بۆ ماوەی پتر لە چوار ساڵ وەک "حکومەتی مەهاباد" خۆی نواند. دواتر بە هاوکاریی خەڵکی ناوچەکانی دیکە، دەسەڵاتی کوردی بە ناوی "جمهوری کوردستان" لە ماکۆیەوە تا سەقزی داگرت.

## ٤- پێکهاتنی کۆمەڵەی ژ. ک.




**۱- دە مانگ دوای وەگەڕکەوتنی دەسەڵاتی شار، کۆمەڵەی ژ. ک. لە مەهاباد پێکهات. گۆڤاری نیشتمان، ئۆرگانی ژ.ک.، بۆ ئاگاداریی گشتی لە مەرامی کۆمەڵە ڕایگەیاند:**

**"کۆمەڵەی ژ. ک. لەسەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنییەت، صولح و ئاشتی داندراوە."[۲]**

**ئەوحێزبە وێنەیەک لە بیر و کردەوەی نوێ و سوننەتی کورد بوو. هەرچەند پێکهێنەرانی ژ. ک. هەموویان زۆر ئایینی نەبوون، بەڵام ئەو ڕاستییەیان بۆ ڕوون بوو کە ئەو سەردەم کاری کۆمەڵایەتی و تەنانەت نەتەوایەتی لە کوردستان، نەیدەتوانی لە جەغزی ئایین دوور بکەوێتەوە. ئەوەدەم زۆرتری خەڵک ئەندامانی کۆمەڵەیان بە "سوێندخۆر" ناو دەبرد. دیار بوو ڕواڵەتی ئایینی کۆمەڵە لەلای بەشی زۆرینەی خەڵکی عاددی بەرچاوتر لە ڕواڵەتی نەتەوایەتی بوو. ئەو سوێندخۆرانە لەلایەن جەماوەرەوە زۆر بەقەدر بوون.**

## ۲- پەیدابوونی ناکۆکی

**هەڵبەت ناکۆکیی کۆمەڵایەتی زۆرتر لە بیر و کردەوەی نادیموکراتیک سەرچاوەدەگرێ. وەک بەرژەوەندخوازی، حەسادەت، قینەبرکێ، دوژمنایەتیی کۆن یان ئەوانەی بە نهێنی بۆ دوژمن کار دەکەن و ...**

**پاش دامەزرانی کۆمەڵە زۆری نەخایاند کە ناکۆکیی سەریهەڵدا. بەشێک لە بەرەی بەکاری کۆمەڵە و لایەنگرانیان، بەبۆنەی نوێخوازی و چەمکی کۆمۆنیستی وێڕای چەند کەسی دیکە دژ بە قازی محەممەد، چەق وێستان. لەو نێوەدا قازی محەممەد بە کردەوە ڕەوتێکی دیموکراتیکی لەبەرچاوگرت. ئەو لە ئاست موخالفان بە تابوشت (Tolerance) و بوردبار بوو. بەداخەوە ئێمەی لەخۆبایی، ئێستاش تابوشتی ڕەفتاری وا شارستانیانە و دیموکراتیک لە خۆدا نابینین. ناتوانین جیابیر تەحەمول بکەین. قازی محەممەد سەد ساڵ پێش زەمانی خۆی لەنێو کورداندا هەڵکەوتبوو.**

**زۆر جار ئەو جیابیر و موخالیفانە لە کۆمەڵێکی سی، چل کەسیدا لە بەرابەر مەحکەمەی قازی کۆدەبوونەوە؛ بە شوعاردان بەرەو چوارچرا وەڕێدەکەوتن. خەڵک دەیانگوت ئەوانە تودەیین. (موخالیفەکانی قازی محەممەد هەموویان چەپی نەبوون، بەڵام ئەوکات ئەمن نەمدەزانی توودەیی چن و چ دەڵێن؟)**

**[ڕۆژێک- ئێوارەیەکی درەنگ- لایەنگرانی قازی محەممەد و موخالیفەکان لە حەوشەی شارەداری (کە هاوسێیماڵە مەبوو) کۆبوونەوە. قازی محەممەد لەگەڵ چەند کەس لە دەوری مێزێک دانیشتبوو. جەماوەرێکی ۷۰ - ۸۰ کەسی لە حەوشەکەدا بوون. چەند کەس لە موخالیفەکان (کە نامەوێ نێویان بێنم، هەڵبەت لەمێژە نەماون) زۆر توند و ناحەز دەدوان. یەکیان بەرەورووی قازی دەمانچەی بەدەستەوە بوو. خەڵکەکە و لایەنگرانی قازی محەممەد زۆر پەرۆشی ئەو بوون. بەڵام چاویان لە دەمیی بڕیبوو. سەربەخۆ**

کاریان نەدەکرد. قازی محەممەد لە پشت مێزەکە دەنگیشی بەرز نەدەکردەوە، بەڵکو زۆر بە هێمنی دەدوا. ن.]

بە باوەڕی کەسایەتییەکی بەرز- کە ئێستا ماوە و ئاگاداری ئەو هەڵلایە بووە- ئەگەر ئەودەم، قازی محەممەد وا خۆڕاگر نەبووبا، هەر ئەوێ شەوێ دەیان کەس دەکوژران و مێژووی کورد چەشنێکی دیکە دەنووسرا.

## ٥- حیزبی دێموکرات چۆن دامەزرا

پێویستییەکانی ناوچە و جیهان بزووتنەوەیەکی هێژایان گەرەک بوو. ئەو کارە دەگەڵ مەودای سنووربەزێن و چەمکی نهێنیی ژ. ک. نەیدەخوێندەوە. دەبوو ڕەوتێکی دی دەستپێبکرێ کە کردەوەیی (عەمەلی) تر بێ. بەڵام بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوەیەکی نوێ، زۆرتری ئەندامانی ئاسایی ژ. ک. موخالیف بوون. ئەوان دەیانگوت: "سوێندەکەمان لێدەکەوێ". بەڵام قازی محەممەد بە چەشنێک دەستیبەکار کرد، دەتگوت حیزبی دێموکراتی کوردستان، جێگری کۆمەڵەیە. بەیاننامەی دامەزراندنی حیزب لە ٠١ / ٠٨ /١٣٢٤ دا دەرکەوەت و کۆنگرەی یەکەمیش ڕۆژی دوایە بەڕێوەچوو. بەڵام جێژنی ساڵگەردی دامەزران لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٥ دا بەڕێوەچوو. (ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵە) بۆ وایان کرد؟

دەقی بەیاننامەکە لەسەر لاپەڕێکی گەورە لەلای ڕاست بە فارسی و لەلای چەپ بە کوردی نووسراوە، لە بنەوەش ٦٠ - ٧٠ ئیمزای لە کەسایەتیی ئایینی، سەرۆک عێل و عاشیرەت و کەسایەتیی شاری پێوەیە. ئیمزای قازی محەممەد لە سەرەوە لەلای چەپ دەبیندرێ.[٣] تۆمارێکیش لە کەتانی سپی بۆ ئیمزای گشت خەڵک و خوازیاران لە ئارادا بوو. بەو چەشنە ناوی کۆمەڵەی ژ. ک. کوژایەوە و کۆمەڵەی دێموکراتی کوردستان دەستبەکاربوو. بەڵام قازی محەممەد بە هاوبەشکردنی سەرۆک عێلەکان لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتدا، لە هەڵوێستی سەرەتایی ئەوان دژ بەو بزاڤە بەرگریی کرد.

بەشی فارسی بە "بسم الله الرحمن الرحیم / بیاننامە حیزب دمکرات کردستان" دەستپێدەکا. لێرەدا دەقی چەند خاڵی "بەیاننامە" بە زمانی کوردی- لەسەر شێوەی نووسینی خۆی- دەخرێنەبەر چاو:

"بە ناوی خودای بەرزو بی هەمتا
بەیاننامەی کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان

هاونیشتمانان، برایان، آگری شەری تەواوی دنیای داگرتبو... بەهیزی... متفقینی گەورەی ایمە کوژاوە، دنیای دیموکراسی غالب و دنیا فاشیستی [ تێکرووخا ] ... ئەوەیە آرەزوی ایمە
١- میللەتی کورد لە ایران لە هەلسوران و پیک هینان و کاروباری جیگای خوی آزادبی و لەسنوری دەولەتی ایران دا خودموختار بی،

٢- بتوانی بەزمانی خوی بخوینی و لە [ وشەیەک ناخوێندریتەوە ] کوردی دا کاروباری اداراتی دەولەتی هەر بە کوردی بی

٣- ئەنجومەنی ولایەتی کوردستان کە وەکو قانونی ئەساسی دەبی جی بە جی دانرێ لە هەمو کارەکانی اجتماعی و دەولەتی دا چاوەدیری بکا و پیی رابگا

٤- مامورینی دەولەت هەردەبی لەخەلکی محەل بی

٥- بە بونی قانونیکی کولی بەینی رەعیەت و ئەرباب وا سازشت بەجی بیت کە دواروژی هەردوکیان تەمین ببیت.

٦- [ لەسەر هاوکاری گەلانی ناوچە ]

٧- [ وەپێش خستنی کشت و کاڵ ]

٨- [ ئازادی بۆ هەموو گەلانی ئیران ]

بژی کوردستانی خودموختاری دیموکرات"

## ٦- بەرگری لە مەترسێکی مێژوویی

ئەگەر کوردان کەمتەرخەم بوویان، بە دامەزراندنی دەسەڵاتی ئازەربایجان بەشی رۆژئاوای ئەو ناوچەیە - کە کوردن- وەک پێشوو بێدەسەڵات دەمایەوە. لەو کاتەدا قازی محەممەد و هاورێکانی بە فریای گەلی خۆیان گەیشتن. ئەوان بە دامەزراندنی کۆمەڵەی دێموکراتی کوردستان بە هاوبەشی سەرۆک عێلەکانی باکوور، بیری دامەزراندنی دەسەڵاتی گەلی کوردیان لەم ناوچانە وەگەڕخست. دواتر کە دیتیان تاران بە هێندیان ناگرێ، بە دامەزراندنی "جمهوری کوردستان" ئیرادە و دەسەڵاتی گەلی کوردیان نیشاندا. هەڵبەت ئەگەر تاران دوای دەربڕینی بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان (١ / ٨ / ١٣٢٤) مافی کوردانی لە چەغزی یاساگەلی ئەنجومەنی ویلایەتی (قانون اساسی مشروطە)، بە ڕەسمی ناسیبا، چەشنی حکومەتی خودموختاری سەردەم، لە ڕاوێژ دەگەڵ تاران پێکدەهات. (بەیاننامەکە داوا دەکا "جێبەجێ [هەرچی زووتر] دانرێ"). ئەو ڕووداوانە، ئاگایی کۆمەڵایەتی، لێهاتوویی و توانایی بەڕێوەبەری کاروباری نێوخۆی کوردانی لە ئیران نیشاندا.

## ٧- چەمکی دامەزرانی کۆمار

شوعاری دوایی بەیاننامە: "بژی کوردستانی خودموختاری دیموکرات"، لە ئارادابوونی حکومەتی ناوچەیی دەسەلمێنێ. مەبەست لە هێنانی دەقی بەیاننامەی کۆمەڵەی د. ک. و داواکانی، نیشاندانی ئەو مەبەستەیە کە کوردان داوای جیابوونەوە لە ئێرانیان نەکردبوو. خواستەکانیشیان یاسایی و لە مەودای بەڕێوەبەری کاروباری نێوخۆدا بوو. ئەو دەسەڵاتەشیان هەر لە سەرەتای دەربڕینی بەیاننامە لە ماکۆیەوە تا سەقز پێکهێنابوو. لە ٢٦ / ٩ / ١٣٢٤ ئاڵای کوردستان هەڵکرا، هێزی پێشمەرگەش پێکەوەنرا. ئەو کردەوانە بەر لە دامەزرانی کۆمار، بە کردەوە لە ئارادابوونی دەسەڵاتی کوردیان دەسەلماند.

بە وردبوونەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بڕیار و ڕەسمی دامەزراندنی کۆمار لە ٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤ (٢٢ ژانویە ١٩٤٦) کاردانەوەی وەپشتگوێخستنی داخوازییەکانی سێ مانگ پێشتری کۆمەڵەی دێموکرات، لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندی بوو: تاران کوردەکانی بەهێند نەدەگرت، لە تەورێزیشی دەویست ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاوای ئازەربایجان لەبن دەستی خۆیدا ڕابگرێ. مەبەست بەهێندنەگرتن و حاشاکردن لە کێشەی کورد بوو! بەڵام وەک هێمن دەڵێ: ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە.

لەو نێوەدا قازی محەممەد ئەگەرچی هەر وەک کۆمەڵەی ژ. ک. لایەنگری ئاشتی و خەبات لە مەودای مەدەنیدا بوو، هەروەها لە کەموکووڕییەکانی کۆمەڵگە و گیروگرفتەکانی ناوچە و دەرەوە ئاگادار بوو، بەڵام دەیەویست لەو دەرفەتەدا بە دنیایە نیشان بدا کە گەلی کورد بۆ بەدەستەوەگرتنی مافی چارەنووسی خۆی لێهاتوویی پێویستی هەیە.

[ لە کۆبوونەوەیەکی خوێندکاراندا پێشەوا ئاماژەی بەوە کرد کە لە یەکێک لە شەڕە داسەپاوەکاندا ١٢ کەس لە کادری پزیشکی هێزی نیزامی دەوڵەت گیراون. ئەو گوتی: ئەمن زۆر ڕێزی ئەوانە دەگرم، هەموو بەیانان دەچم حاڵیان دەپرسم. ئەمە نیازمان بەو کادرە هەیە. بۆخۆمان پزیشکمان نییە. ن.]

بەداخەوە لە بەشەکانی تری کوردستان (ئێران)، چ هاوکارێکی کۆمار نەدرا. دەحاڵێکدا لە گەرمێن گەلێک مامۆستا هاتبوون. تەنیا مامۆستایەک لە کرماشان هاتبوو کە زۆریان ڕێز لێگرت و کردیان بە موعاوین و هەمەکارەی وەزارەتی پەوەردە.

پێشەوا لەمەڕ کەموکووڕییەکاندا دەیگوت: ["ئەگەر دەوڵەت هێرشیش نەکاتە سەرمان، بە گەمارۆدان فشارمان دەخاتەسەر. ئەگەر هاوسێکانمان نەیەڵن کبریتمان بەدەست بگا، دەبێ وەک نەسلی عەسری حەجەر، بە بەردی ئاگر بکەینەوە." ن.] بەڵام بەوەش هانی دەداین کە نابێ ناهومێد بین. دەیگوت: ["ئەم وەدواکەوتوویییەی گەلی کورد، بەرهەمی دەسەڵاتە زاڵەکانە کە لە هەموو بوارێکەوە بەری پێشکەوتنمان دەگرن و دەمانچەوسێننەوە. هەوڵ بۆ فێربوون و پێشکەوتن، هەوڵ بۆ ڕزگارییە." ن.]

هێندێک کەس دەڵێن چون کورد ئەو سەردەم لە مەودای زانست، پیشەسازی، ئابووری و... نەیدەتوانی لەسەر پێی خۆی ڕابوێستێ، نەدەبوو داوای دەسەڵاتی چارەنووسی خۆی بکا. ئەو بۆچوونە نادروستە، وەڵاتی هیند و پتری موستەعمەرەکان، زۆر داماو بوون. بەڵام کاتێک توانیان چارەنووسی خۆیان بەدەستەوە بگرن، ئەوانەی ڕەوتی دیموکراتیکیان گرتە پێش، وەپێشکەوتن.

## ٨- چەمکی ڕووخانی کۆمار

لە کاتی ڕووخانی کۆمار، قازی محەممەد وەک بەڕێوەبەرانی حکومەتی ئازەربایجان لە فکری خۆڕزگارکردندا نەبوو، بەڵکو ئەو لە فکری کەمکردنەوەی خەسار و مەینەتی خەڵکدا بوو. [دەحاڵێکدا ٧ کیژ و کوڕێکی لەپاش بەجێدەما کە گەورەترینیان ١٥ ساڵی بوو. ن.]
قازی موحەمەد لە کۆبوونەوەیەکی پێکهاتوو بۆ نەزەرخوازی لە خەڵک - سەبارەت بە سەرەنجامی کۆمار- بە ڕاشکاوی چلۆنایەتی

ئەوزاعی ناوچە و دەسەڵاتی ناوەندی و پشتیوانی زلهێزەکانی لە ڕێژیمی شا، ڕاگەیاند. ئەو چ بابەتێکی لە خەڵک نەشاردەوە، نەزەرخوازی لێکردن. زۆرتری ئەو کەسانەی لە کۆبوونەوەکەدا بوون، لەسەر ئەوە پێکهاتن کە جێگۆڕکێی دەسەڵات بە چەشنێکی شارستانیانە پێکبێ. بەو حاڵەش چەند کەسێک خوازیاری بەرگری لە دەسەڵاتی نێوخۆ بوون. [باشترە ئەوەش بزانین بەر لە ڕووخانی کۆمار، حکومەتی کوردستان بۆ دابینکردنی مووچەی کارمەند و بنکەکان، بێ جێ بوو. تووتن لە ئەمبارەکاندا دەگنخا و ڕێگای فرۆشتنی گیرابوو... قازی محەممەد دەستوری دا گەنمی داهاتی مڵکی خۆی بفرۆشن و بیدەن بە ئیدارەی دارایی مەهاباد. لە کەسانی دیشی یارمەتی خواست. ن.]

## ٩- هۆیەکانی ڕووخانی کۆمار

١- تا ئەو کاتەی ئازەربایجان لە ماکۆیەوە تا نزیک سەقز بەینی کورد و هێزی تارانی گرتبوو، مەودای هێرشی دەسەڵاتی ناوەندی بۆسەر کوردان زۆر بەرتەسک بوو.

٢- دوای تەسلیم بوونی تەورێز، کوردان لە مەودایەکی زۆر بەریندا وەبەر پەلامار دەکەوتن. عەشایریش لای کۆماریان بەردابوو.

٣- وەرزێر و جووتیاریش توانای بەربەرەکانیی دەگەڵ دەوڵەت و ئاغاکانیان نەبوو.

٤- زۆر زوو مەودا بۆ بەرگری لە هێرش تەنگ دەبۆوە.

٥- دەوڵەت بە زۆرەملی و هاندان، خەڵک و عەشایری بەگژ خۆڕاگران دادەکرد.

٦- بژیوی خەڵک و ئاستی ئابووری و نەبوونی ئیمکاناتی لۆجێستیکی دەرفەتێکی بۆ خۆراگران نەدەهێشتەوە.

٧- ئەزموونگەلی پێشووی کورد (بەتایبەت بارزانییەکان) لایەنگری لە شەڕی نابەرابەر نەدەسەلماند.

٨- بەجێهێشتنی نیشتمان و ڕووکردنی گشت گەلی کورد لە تاراوگە، هەڵەیەکی مێژوویی دەبوو. (کورد تا لەنێو نیشتمانە دەتوانی وەڵاتی خۆی بپارێزێ.)

٩- شەڕ، بە کردەوە دیاردەیەکی فیزیکییە، لە مەودای نابەرابەری چەکی نوێدا، دیارە کە بەری لاواز دەیدۆڕێنێ. بە قسە و و شوعار، لایەنگری لە شەڕی نابەرابەر، خەڵک فریودانە.

پەڕاوێز

[١] بۆ زانیاریی پتر لەو بابەتە بڕوانە کتێبی نووسەر (هویت تاریخی و مشکلات کنونی مردم کرد)، پێشوو.

[٢] گ. نیشتمان، ژمارە ٥ ڕێبەندانی ١٣٢٢، ل. ١.

[٣] لە ڕووی کۆپییەکی زۆر کۆنم نووسیوەتەوە.

ڕەوتی نەتەوەخوازیی کورد لە ئیران

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەری دیمانە / ڕێکەوتی : ١٢ی جانێویری ٢٠٠٧

# یادی کوماری دیموکراتی کوردوستان لە مەهاباد، ئەزموونێکی گەورەیە لە مێژووی نەتەوەکەمان

ئاسایش عوسمان دانش

کۆماری دیموکراتی کوردوستان لە مەهاباد وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگە لە خەباتی نەتەوەی کوردا. ئەو هەلە مێژوویەی مەهاباد لە دەستپێکی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێنکاڤ ( ژ. ک) واتە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردوستان و دواتر پێکهێنانی حیزبی دیموکراتی کوردوستان و هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردوستان لە مەهاباد ڕۆژی دووی ڕێبەندانی١٣٢٤ هەتاوی بەرامبەر ٢٢ / ١ / ١٩٤٦ی زاینی. مێژوویەکی پڕ لە خەبات و سەروەری و تێکوشانی نەتەوەی کورد بوو ڕۆژێکی مەزن و پیرۆز بوو کە گەلی کورد توانی کۆمارێک بە ناوی کۆماری کوردوستان لەسەر بەشێک لە خاکی خۆی کە ڕۆژهەڵاتی کوردوستانە دابمەزرێنێت و شاری سابڵاخ (مەهاباد) بکاتە پایتەختی ئەو کۆمارە ساوایە. مەهاباد ئەو کاتە بووە قیبلەگای هەست و ئاواتی دێرینەی هەزاران کوردی دڵسۆز و خوێن گەرم. هەر ئەو ڕوداوە گرنگەش بوو لەو سەردەمەدا هەموو کوردەواریی هەژاند. ناساندنی پێشەوا قازی محەمەد وەک سەرۆک کۆماری کوردوستان و پێشەوای کورد باسکردن وخستنە ڕووی چەندەها لایەنی هەستیاری مێژوویی ئەو سەردەمەی گەلی کورد لەوبەشەی کوردوستان دا زۆر گرنگ و پێویستە هەمیشە ببێتە مەبەست و جێگای وەبیرهێنانەوەی لا پەرەکانی مێژووی پڕ سەروەری گەلەکەمان. بۆ جاری دووەم بوو کورد لەناو پرۆسەیەکی سیاسی ڕەسمی دەوڵەتی دا کارێکی وا گرنگ و بەستراوە بە لایەنێکی هەستیاری سەر ڕێبازی خەملاندنی ناسیونالیزمی نوێی کوردیەوە ئەنجام بدات دوای تاقیکردنەوەی حوکمڕانی شێخ مەحمودی حەفید لە کوردوستانی باشور ساڵی ١٩١٨ تا ساڵی ١٩٢٣ ی زاینی. ئینجا ژیانی سیاسی و سەربازی و کلتوری و کۆمەڵایەتی و ململانێ هەمەلایەنە. دواتریش ڕوخاندنی کۆمارەکەو سەرنجامەکەی کە هەمووی بە تاقیکردنەوەیەکی لە وێنە نەبووی مێژووی کورد دادەنرێت. لەبەر ئەوە تا ئێستاش زۆربەی کەس لە سیاسەتمەداران و نوسەران و ڕۆشنبیران بە شیوەیەکی بەر بڵاو باسی ئەم ئەزموونە دەکەن. چ لەسەر زار و چ بە نوسین. بە چەند ناوێک مەزندە دەکرێت وەک ، کۆماری میللی مەهاباد ، کۆماری دیموکراتی کوردوستان ، دەوڵەتی جمهوری کوردوستان ، کۆماری میللی مەهاباد و کۆماری مەهاباد. بەڵام لە زۆر نامەی فەرمی و لە ڕۆژنامەی کوردوستان بە جمهوریەتی دیموکراتی کوردوستان ناوبراوە و نوسراوە و لە سەر دروشمی وەزارەتی فەرهەنگیش بە دەوڵەتی کوردوستان نوسرابوو .



کوردوستانی گەورە کە نیشتمانی ئیمەیە لە مێژەوە دابەش و لەت لەت کراوە لە نێوان چوار وڵاتی بێگانەی دڵرەق دا کە ئەویش ( ئێران، تورکیا، ئێراق، سوریا) یە بەشێکیش لە ئەرمینیای سوڤیەتی جاران. وە ئێمەی کورد بە ڕۆژهەڵات و باکور و باشور و ڕۆژئاوای ناوزەندە دەکەین لە گەڵ بونی هەزەراها ڕۆڵەی تری نەتەوەکەمان لە وڵاتانی تری جیهاندا وەک لوبنان و هێندو

ئەفخانستان و چەندانی تر کە لە دێر زەمانەوە لە مێژودا بە هۆی شەڕو کوشتار و ڕاودونانەوە لەسەر خاکی خۆیان پەرەوازە بوون. کۆماری کوردوستان لە بەشی ڕۆژهەڵات واتە کوردوستانی ئێران لە دوای جەنگی جیهانی ی دووەمەوە دروست بوو لە ساڵانی ١٩٤١ تا ١٩٤٦ لەم بەشەدا ئەم هەلە مێژووییە هەڵکەوت کۆمارەکەش تەمەنی یانزە مانگی خایاندو مایەوە...!!!

ساڵی ١٩٣٩ ئاگری شەڕی جەنگی جیهانی دووەم هەموو دنیای گرتەوەحکومەتی پەهلەوی لەئێران لەو کاتەدا پەیوەندیەکی بەتینی سیاسی و ئابوری و کلتوری لە گەڵ ئەڵەمان و ئیتالیادا هەبوو وولاتەکە پڕ ببوو لە ئەفسەر و شارەزا و سیخوڕ و بە ئارەزووی خۆیان لە هاتوو چوون و نەخشەو پلان داناندا بوون بێ ئەوەی ڕێگایان لێ بگیرێت. ئەم هەڵوێستەی ڕژێمی شاە جگە لەوەی دژ بە بەرژەوەندی گەلانی ئێران بوو. ڕاستەو خۆش هەڕەشە بوو بۆ سەر سنوری سۆڤیەت و پێچەوانەی ئارەزووی بەرەی دەوڵەتە دیموکراتیەکان و نەخشەی شەڕ بوو لە بەر ئەوە هەردوو دەوڵەتی سۆڤیەت و بەریتانیا لە ئەیلولی ساڵی١٩١٤ دا ئاگاداری ئێرانیان کرد کە ئەگەر لە ماوەی٢٤ کات ژمێر دا ئەو جاسوس و ئەفسەر و شارەزایانە لە ئێران نەکاتە دەرەوە. ناچار ئەبن بە هێزی سەربازی دەست بەسەر ئێران دا بگرن. پاش ئەوەی ڕژێمی تاران گوێی نەدایە ئەو ئاگاداریە لەشکری هەردوو لا بەرەو ئێران کشان و هەر لەو مانگەدا توانیان زۆربەی ناوچەکان داگیر بکەن.

بەڵام هەر دەوڵەتەو کە لەشکرەکەی ئاڕاستەی ئەو ناوچانە کە مەبەستی بوو وە بەلایەوە بایەخی هەبوو بۆ نەخشەی تایبەتی خۆی هێزەکانی لەشکری سووری سۆڤیەتی لە بەشی باکور دەستی گرت بەسەر ناوچەکانی ئازەربیجان و بەشێکی زۆری کوردوستان ( ناوچەی موکریان) لەشکری بەریتانیاش ناوچەکانی خوارو و ڕۆژئاوا وبەشەکەی تری کوردوستان کە ناوەندەکەی کرماشان بوو. لە دوایشدا سوپای ئەمەریکاش لەگەڵ هێزەکانی بەریتانیا شوێنی خۆی گرت. لەم جەنگەداوولاتانی داگیرکراوی ئەوروپا بە تێکشکانی لەشکری ئەڵەمانیای نازی و هاوپەیمانەکانی لە چنگی فاشیزم ڕزگار کران.

لە ئێرانیش کوردوستان و کوردیش لە دەست زوڵم و زۆرداری حکومەتی پەهلەوی هاوپەیمانی ئەڵمانیای نازی ڕزگاری بوو. بەم شێوەیە ناوچەی خوارو واتە لە سەقز بەو لاوە هەتا کرماشان کەوتە ژێر کونترۆڵی ئینگلیز و ناوچەی سەروش لە وورمی وە تا لای ماکۆ کەوتە ژێر کونترۆڵی ڕووس. مەڵبەندی ناوەندی کوردوستانیش بە خاڵی مابووەوە. سەرزەمینێکی ئازاد کراو لە دەورو بەری چیاکانی نێوان ئێراق و ئێران مایەوەکە بوو بە مەیدانی نیشاندانی هێز و دەسەڵاتی کورد. هەر چەندە لە مەڵبەندی ژێر دەسەڵاتی لەشکری ئینگلیز دەسەڵاتی حکومەتی تاران سەرەڕای ڕاکردنی ڕەزا شاە و تێکچوونی دامودەزگاکانی دیکتاتوری. بەڵام لە پەنای لەشکری ئینگلیزدا هەر مابوون توانیان ڕاپەڕین و تێکۆشانی کورد لەم ناوچانەدا سەرکوت بکەن. بەڵام لەناوچەکانی ژێر نفوزی لەشکری ڕووس کورد توانی بەرەو دیاری کردنی چارەنووس و وەدەستهێنانی ئازادی هەنگاو بنێت. مەهابادیش هیچ جۆرە لەشکرێکی ڕۆژئاوایی و لەشکری سووری ڕووسی تێدا جێگیر نەبوو بۆیە وەزعیکی تایبەتی تیادا خوڵقا بوو. لەم ناوچەیە دا بە هۆی ئازادی و نەمانی باڵا دەستی زۆردار و خوێن مژ و ڕوخاندنی حکومەتی ڕەشی ڕەزا شاە کورد بە کەڵک وەرگرتن لە تواناو دەسەڵاتی خۆی هێزیان زیاد کرد وورده ورده لە دەوروبەری شاری مەهاباد لە ناوچەیەکی پان و بەریندا حکومەتێکی سەربەخۆی دامەزراند ..




ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ۱۳۲۴ ی هەتاوی بەرامبەر ۲۲ / ۱۱ / ۱۹۴۶ ی زایینی لە مێژووی نەتەوەی کوردا بووتە ئەستێرەیەکی پرشنگدار و ڕۆژێکی میللی و شۆێنێکی تایبەتی پڕ لە شانازی لە لاپەڕەکانی مێژوو دا گرتوتەوە. ئەم ڕۆژە لە مێژووی نەتەوەی کوردا هەتا هەتایە بە زیندویی دەمێنێتەوە و لە بیر ناچێتەوە. دامەزراندنی کۆماری کوردوستان بڕین و تەواوکردنی قوناغێک بوو لە خەباتی نیشتمانی گەلی کورد نەتەوەی کوردی خستە بەردەم گۆڕانێکی گەورەو پاشە ڕۆژێکی ڕووناک. ئا لەو ڕۆژەدا لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر پێشەوا قازی محەمەد لە ناو ئاپورەی خەڵک دا بە دەنگێکی کاریگەر و بە سۆز ڕووی کردە جەماوەر و لە وتارێکدا ووتی کورد گەلێکە وەکو هەموو گەلانی جیهان مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە لەم ڕۆژەشەوە مەهاباد لە حکومەتی تاران جیا بۆتەوە. کورد لە ئێستا بەدواوە گەلێکی سەربەخۆیە. دوای داگرتنی ئاڵای دەوڵەتی ئێران لەسەر هەموو دام و دەزگاو دایەرە و قوتابخانەکان ئاڵای سەربەرزی کوردوستانی لە جیاتی هەڵکراو کۆماری کوردوستان دامەزرا ....

## (( دامەزراندنی کۆمار و دەزگاکانی ))

دوای دامەزراندنی کۆماری کوردوستان یەکەم کابینەی وەزارەت پێک هێنرا کە لە ۱۴ وەزیر پێک هاتبوو لیستی یەکەم وەزارەتی کۆمارەکەش بەم شێوەیە بوو:

۱- حاجی بابە شێخ بۆکانی .. سەرۆک وەزیران.

۲- محەمەد حسین سەیفی قازی .. وەزیری جەنگ و یاریدەری سەروک وەزیران

۳- محەمەد ئەمین موعینی .. وەزیری ناوخۆ

۴- ئەحمەدی ئیلاهی .. وەزیری ئابوری

۵- کەریمی ئەحمەدیان.. وەزیری پۆستەو تەلەگراف.

۶- سەدیق حەیدەری .. وەزیری ڕابەری

۷- خەلیل خوسرەوی .. وەزیری کار.

۸- حاجی مستەفای داودی .. وەزیری بازرگانی

۹- مەحمودی وەلی زادە.. وەزیری کشتوکاڵ

۱۰- سەید محەمەدی ئەیوبیان .. وەزیری تەندرووستی

۱۱- مەنافی کەریمی .. وەزیری ڕۆشنبیر

۱۲- سمایلی ئیلخانی زادە .. وەزیری ڕێگاو بان

۱۳- حاجی عەبدولڕەحمان ئیلخانی زادە ..وەزیری تەکبیر ـ مشاور

۱۴- مەلا حسین محەمەدی .. وەزیری داد ـ عەدل

دوای ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران پێک هێنرا یەکەم کۆبونەوەی ڕەسمی کرد لەو کۆبونەوەیەدا قورئان و ئاڵای کوردوستان ئامادە کرابوو پێشەوای مەزن قازی محمەد سوێندی خوارد ؛

*(( سوێند ئەخۆم بەخوا و قورئانی پیرۆز. بە نیشتمان بە شەرافەتی میللی کورد بە ئاڵای موقەدەسی کوردوستان کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم تا ڕژاندنی دوا تنۆکی خوێنم بە گیان و بەماڵ لە ڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئاڵای پڕ ئیفتخاری کوردا کۆشش بکەم وە بە سەرۆکی جمهوری کوردستان ئیفتخار ئەکەم و وەفادار بم )).*

لە دوایدا وەزیرەکان لەبەردەم سەرۆک کۆمار دا بە هەمان شێوە سۆێندیان خوارد. سەیفی قازی کەوتە پلان و ڕێگە دانان بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆک کۆمار بۆ دامەزراندنی سوپایەکی بەهێزو چەکداری پتەو بۆ پاراستنی کۆمار و دەستکەوتەکانی گەلی کورد.

دامەزراندنی سوپایەکی وا لەو ماوە کورتەدا هێز و تواناو سەلیقەی کورد دەردەخات و ئاشکرای کرد کە ووزەو لێهاتویی گەلێک لەوە زیاترە کە دوژمن ئەیزانی. لە هەمان کاتدا ڕوونی کردەوە کەگەلی کورد ئەتوانێت بە باشی پشت بە ڕۆڵەکانی ببەستێ و بڕوای تەواوی بە هێزی جەماوەر هەیە. هەر چەندە لەو کاتەدا گەلێک ناتەواوی هەبوون لە کەمی لایەنی مەشق و ئامۆژگاری و ڕاهێنان. بەڵام ئەگەر ئەو سوپایەش سەرکردایەتی باش بکرایە بێگومان بە باشی بەرانبەر بە لەشکری دوژمن ئەوەستاو کۆمارەکەی لە هێرش و پەلاماردان ئەپاراست.

ئەو ئەفسەرانەش کە لە کوردوستانی ( ئێراق) وە گەیشتبونە مەهاباد بۆ بەشداربوون لەو کۆمارەدا و دڵسۆزی خاک و نەتەوە بوون پلەیان وەرگرت وەک ئەفسەر لەوانەش وەک ، کۆلۆنێل میر حاج ، نووری ئەحمەد تەها ، سەید عەبدولعەزیز ، بەکر خۆشناو ، کۆلۆنێل مستەفا خۆشناو، خەیروڵلا عەبدولکەریم ، محمەد مەحمود قودسی، کۆلۆنێل عزەت عبدولعەزیز و جەلال ئەمین. حکومەتی کوردوستان دوای ماوەیەکیش دەستی کرد بە چاکسازی کۆمەڵایەتی و دانانی یاساو قانون و ڕێکخستنی کاروباری ئیداری و حکومی. زمانی کوردی کرا بە زمانی ڕەسمی دەوڵەت و لە هەموو دائیرە و قوتابخانەکان دا شارەزا و ئەدیب و نووسەر هاتنە مەیدانی کار و گەشە درا بە مێژوو و ئەدەب و فۆلکلۆر و شانۆ بە سەدان کتێبی قوتابخانەکان لە کوردوستانی ئێراقەوە گەیەنرایە مەهاباد و زۆری تر ئامادە کرا بۆ لە چاپ دان. ئێزگەی کوردی دامەزێنرا و دەنگی ئەی ڕەقیب ماو ە قەومی کورد زمان هەزاران کوردی ووشیار کردەوە چاپخانەی کوردوستان لە مەهاباد و یەکێکی تر لە شاری بۆکان دامەزرا...

هەر چەندە کۆماری کوردوستان تەمەنی تەنها یانزە مانگ بوو بەڵام بەم ماوە کورتە کورد توانی چارەنوسی خۆی دیاری بکات و ئاواتی خۆی بهێنێتە دی. کۆماری دیموکراتی کوردوستان لە مەهاباد بوو بە لانەی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردوستانەوە ڕوویان تێدەکرد. بە تایبەتی تێکۆشەرانی کوردوستانی باشور (ئێراق) بە گشتی و بارزانیەکان بە تایبەتی کە بوونە پشتگیر و سوپای کۆماری کوردوستان. هەروەها خەباتکەرانی کوردی باکور و ڕۆژئاواشی لە باوەش گرت گەلی کورد لەم بەشەدا لە دڵەوە

پێشوازی لەم میوانانە ئەکرد و ڕیزی لێگرتن. کۆماری کوردوستان لە مەهاباد جێگای هیوای نەتەوەی کورد بوو و بنکەی ئازادی و سەرفرازی کورد بوو چەندەها ماموستای نیشتمان پەروەری کوردوستانی باشور ڕوویان کردە مەهاباد بە مەبەستی خزمەت و دەرس وتنەوە. لەسەر فەرمانی پێشەوا خوێندن بۆ منداڵانی تەمەن حەوت ساڵی بوو بە ئیجباری و بۆ گەورە ساڵانیش قوتابخانەی شەوانە کرایەوە. ڕۆژنامەی کوردوستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردوستان و ڕۆژنامەی فەرمی کۆمار بوو. هەفتەی سێ ڕۆژ شەممە و دووشەممە وچوارشەممە دەردەچوو و لە چاپخانەی کوردوستان لە مەهاباد چاپ دەکرا. یەکەم ژمارەش لە ۱۱ی کانونی دووەمی ساڵی ۱۹۴۶ دا بڵاو کرایەوە وە لە تەمەنی کۆمارەکەدا ( ۱۱۶ ) ژمارەی لێ چاپ کرا. ئەم ڕۆژنامەیە لێشی ئەنێدرا بۆ کوردوستانی ئێراق و پارچەکانی تریش. چەند گۆڤاری تری وەک هاواری نیشتمان وگۆڤاری گەڵالە وگۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد و هی تریش لە مەهاباد چاپ کران و ژمارەیان لێ دەرچوو ..

بایەخ درا بە نەورۆز وەک چەژنێکی دیرینی نەتەوە کرا بە چەژنی سەری ساڵی کوردی ئەوانەی فەقیر و دەست نەڕۆیشتوو بوون لە لەیەن شارەوانیەوە نامەیان درایە کە بە خۆڕایی تیمار بکرێن و دەرمانیان بدرێتی. یاسای سزادان دانرا دژی سەر پێچیکەر و تاوانباران لە ڕاستیدا ئەو یاساو بڕیارانەی کە نزیکەی ٦٠ ساڵ لەمەو بەر کۆماری کوردوستان بۆ چاکسازی و چاکردنی بارودۆخی کۆمەڵی کوردەواری دەری کردن. تا ئێستا لە هیچووڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دانەنراون و بەڕێوە نەچوون. یەکێکی تر لە هەنگاوە پێشکەوتووەکانی حکومەتی کوردوستان هێنانی ژن بوو بۆ کۆڕی تێکوشانی کلتوری و سیاسی. بۆ یەکەم جار ئافرەتان لە چاپخانەی کوردوستان دەستیان دایە کار کردن لە ئەنجامیشدا یەکیەتی تایبەتی خۆیان دامەزراند بە ناوی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردوستان. ئەم کارانە گەشە کردنی خەباتی کۆمەڵایەتی ئافرەتان بوو لەناو وڵاتیشدا جوڵانەوەیەکی گەورە بەرچاو کەوت یەکیەتی نەوجوانانی دیموکراتی کوردوستانیش دامەزرا. دامەزراندنی هەموو ئەم یەکیتیانەش ڕادەی ووشیاری و زیرەکی ئاستی جەماوەر بوو.

### (( پیلانی دوژمنان بەرامبەر کۆمار و ڕوخاندنی کۆمار ))

ماوەیەک دوای دامەزراندنی کۆمار و دامودەزگای ئیداری بار ودوخی کوردوستان وکەش وهەوای نیونەتەوەیی تا دەهات بە زیانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد گۆڕانی بەسەردا دەهات ئەمانەس لە سێ لایەنەوە خۆی ئەبینێیەوە ؛ ـ

**لایەنی یەکەم** / سیاسەتی حکومەتی ئێران بە پشت ئەستوری بە دەوڵەتانی ئینگلیز و ئەمەریکاو ڕووس کە دوای شەش مانگ لە تەواوبوونی شەڕ لە ئێران کشانەوە.

**لایەنی دووەم** / سیاسەتی دەوڵەتانی ئینگلیز و ئەمەریکا بوو سەبارەت بە کێشەی کوردو نەتەوەی ئازەربیجان کە لە گەڵ نەتەوەی کورد لە یەک کاتدا سەربەخۆیان ڕاگەیاندبوو و دەوڵەتیان دامەزراندبوو و یەکیتیش لە نێوانیان دا مۆر کرابوو.

**لایەنی سیهەم** / سیاسەتی بێ قەولی و خۆپارێزی و پەشیمان بوونەوەی دەوڵەتی سۆڤیەت (ڕووس) بوو لە پەیوەندی لە گەڵ هەردوو نەتەوەی کورد و ئازەر دا چونکە ئەم ناوچانە لەژێر کۆنترۆڵی ڕووسدا بوو بەڵام لەبەر بەرژەوەندی کاتی خۆی لەگەڵ حکومەتی تاران پشتی هەردوو ئەم نەتەوانەی بەردا!!




ڕژێمی تاران بە پشت بەستن بە دیپلۆماسیەتی ئەو وڵاتانە کەوتە نەخشە دانان.

پێشەکی (ئیبراهیم حەکیمی) لەوەزارەت لاداو (ئەحمەد قوام السلطنه) ی هێنایە شۆینی و وەزارەتی تازەی پێک هێنا و کەوتە جێبەجێ کردنی ئەو نەخشە ئامادەکراوانەی کە بۆی دانرابوو. بەڵێنی دا بە گەلانی ئێران کە هەڵبژاردنی گشتی ساز بکات و خەڵک بە ئازادی نوێنەری خۆی هەبێت و یاسای ئیش کردنی داناو یەکی ئایاری کرد بە چەژنی فەرمی ورێگەی دا بە دامەزراندنی یەکیتی نەقابەکان و بەم هەنگاوە ساختەو درۆ و دەلەسانەی ئەیویست هێزی گەلانی ئێران لە خشتە بەرێت. حیزبی تودەی ئێرانیش چووە پاڵ قەوام سلطنە و پەیمانی لەگەڵ بەست و سێ وەزارەتی بە فەرمی پیدرا لە حکومەتەکەدا. پەیمانی نەوتی بەست لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٦ کۆمپانیایەکی نەوتی ڕووس و ئێرانی دامەزراند کە بەم پێیە حەق بدات بە ڕووس و دەوڵەتی سۆڤیەت بۆ دەست بەکار بوونی دەرهێنانی نەوت لە ئێران دا. بێگومان ئەمانەش هەمووی بوونە هۆی سارد کردنەوەی وورەی شۆڕشگێڕی و بڕیاری بەرگری و هیوای بە خۆنەبوونی ڕێبەرانی کۆماری کوردوستان. بۆیە بزوتنەوەی کورد کرا بە بارمتە وقوربانی سەودا ومامەڵەی لە سەر کرا کۆماری دیموکراتی کوردوستان لە مەهاباد هیواو ئاوت وبەرهەمی خەباتی درێژ خایەنی نەتەوەی کورد بوو. جەماوەری کورد دڵسۆزانە لە دەوری ئالاکەی گرد بوونەوە هەر بە هەمان شێوەش کۆماری ئازربیجان. هەردوو کۆمار بە مەترسیەکی گەورەی بەردەم ڕژێمی خوێن مژی تاران دائەنران. لەبەر ئەوە بە پشتکیری و نەخشەو پلانی وڵاتە زلهێزو کۆنالیستەکان لاواز کراو ڕوخێنرا. یەکەمینیشیان لەشکری سورو وڵاتی سۆڤیەت بوو کە بەئاسانی لەبەر بەرژەوەندی تەسکی خۆیان ئەم تروسکە هیواو ئاواتەیان خنکاند و کۆمارەکەیان لەناو برد. قوام سلطنە بە یارمەتی ئینگلیز و ئەمەریکا بەو بەخشانەی دایڕشتبوو لە باڵی جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کوردوستان و ئازەربیجانیان داو لە گۆمی خوێن و خۆڵ دا نوقمی کردن !

## (( هەڵوێستی پێشەوا لە ڕۆژی کارەسات و ناخۆشیدا ))

خۆ بە دەستەوە دانی پێشەوا مەسەلەیەکی گرنگە لە مێژووی نوێی نەتەوەی کوردا. پێشەوا زۆر بە ئاسانی ئەیتوانی بڕیاری بەرگری کردن یان خۆشاردنەوەو دەرچوون بدات. بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو و دوژمن پلانێکی زۆر گەورەی بۆ ئەم پەلامارە دارشتبوو ڕێرەوی ڕوداوەکان وایان دەرئەخست کە گۆڕانەکان زۆر کتوپڕ بوون بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو. لەلایەکی تریشەوە کۆماری ئازەربیجان زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر کوردوستان چونکە کورد پشت و پەنای نەماو دوژمن لە هەموو لایەکەوە هێرشی بۆ کردو و بەرەو ڕووی چوو. پێشەوا و هاوەڵەکانی بڕیاری خۆبەدەستەوەدانیان دا. تەنها وەڵامیش بۆ چەندەها پرسیار لە دەمی خۆیەوە بوو کە فەرمووی (لە سەرمانەوە ناچن و دەمانکوژن ) بەڵام پێم خۆش نییە گەلەکەم بەجێ بهێڵم و دەمەوێت لە ناو ئەواندا بمرم !!
بەو جۆرەش بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر چونکە لە کاتی پێویستدا لە خەبات دا بوو. کە مەیدانی خەباتیش چۆڵ کرا خیانەتی بە خەڵک نەکرد لە پێناوی گەل و نیشتمان دوا هەناسەی لەسەر سێدارەی دوژمن هەڵکێشا و دڵی گەورەی لە لێدان خرا. ڕژێمی خوێنمژی تاران دوای ئەوە کەوتە لە سێدارەدانی هاوەڵ و تێکۆشەران. بە سەدان نیشتمان پەروەری لە زیندان توند کرد. هەزاران هەزار کەسی پەرەوازەو بێ دەرتان کرد کەوتە چەساندنەوەو زوڵم و زۆرو تاڵان کردن هەرچەندە کۆماری دیموکراتی کوردوستان ڕوخێندرا بەڵام دوژمن نەیتوانی نەتەوەی کورد بڕوخێنێ بەڵکو ڕۆڵەکانی بە خەباتی شۆڕشگێڕانەیان باشتر بوونی نەتەوەکەیان سەلماند کورد بە

گشتی و لەو بەشەی کوردوستان دا سەلماندویەتی کە نەتەوەیەکی زیندوە و هێز نیە بتوانی لە ناوی ببات لەدوای نەمانی کۆماریشەوە خۆڕاگری و خۆ بەدەستەوە نەدانی ڕۆڵەکانی بەڵگەیەکی هەمیشە زیندوە. تاقیکردنەوەی کۆمار و ڕۆژانی ئازادیش هەمیشە هاندەرە بۆ بەدیهێنانی هەموو مافەکانی کورد لە کوردوستانی ڕۆژهەڵاتدا ئەوەی کە ماوە بیڵیم ئەوەیە کە بڵێم هەزاران سەڵاو لە گیانی پاکی سەروک پێشەوا قازی و هەموو هاوەڵەکانی .

سەرچاوەکان ؛

* بیرەوەریەکانم بەرگی ٤،٣،٢،١ کەریمی حسامی ، پێداچونەوە .. کەریمی حسامی
* ڕۆژەکانی ئێران، ئارچی ڕۆزفیڵد ، ئاڵە کۆک .. غەنی بلوریان
* کۆماری میللی مەهاباد .. لێکۆڵینەوەی مێژوویی سیاسی .. مەحمود مەلا عزەت

سەرچاوە : ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە / ڕێکەوتی: ٣١ی جانێویری ٢٠٠٧

# گۆتوبێژ لە گەڵ نەمر «محەمەد شاپەسەندی» یادگارەکی دیکەی کۆماری کوردستان

تێبینی: خوالێخۆشبوو «محەمەدی شاپەسەندی» لە رۆژی ١٥ / ٠٢ / ٢٠٠٦ لە شاری سلێمانی ماڵاوایی لە ژیان کردووە و هەر لەم شارەش بە خاک ئەسپێردراوە.



لێرەدا، جێی خۆیەتی سپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ڕێزدار کاک «کاکشار ئۆرە مار» بکەم کە ئەو دەقەی دە ئیختیار ماڵپەڕی گزینگ ناوە. شیاوی گوتنیشە، ئەو دەقە ئاستەکراوی وتووێژێکە کە کاتی خۆی لە ١ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٥ لە شاری سلێمانی، بۆ بەرنامەی (ناودارانی کورد) ی تەلەڤیزیۆنی ڕۆژتێڤی (Roj TV) کە کاک کاکشار خۆی پێشکێشی دەکا، ئامادە کراوە و نیشان دراوە.

**س. چ. هێرش**

• ڕێزدار محەمەد شاپەسەندی، یادگارەکی دیکەی کۆماری کوردستان کە لە کاتی کۆمار دا ئەندامەکی چالاک بووی هەتا پێش پێکهاتنی کۆماریش لە نێو کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردیش دا. باشە ئەتوانم بپرسم محەمەد شاپەسەندی کێیە؟

ـ من محەمەدی شاپەسەندی کوڕی محەمەد ساڵحی شاپەسەندی خەلکی مەهاباد لە ساڵی ١٩٢٠ لە دایک بووم. ساڵی مەلا خەلیل لە کلاسی تەهیەی دبستانی پەهلەوی خوێندوومە تا کلاسی شەشەم لە دەبستانی سەعادەت دا تەواوم کردووە. دوایی لە مەدرەسە نەمخوێندووە و هەر لە موتالاتی خۆم فێری شت بوومە.

لە ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی تا ١٣١٤ گواهینامەی کلاسی شەشی ئیبتدایی (سەرەتایی)م وەرگرتووە. لەوەی بەو لاوە لای تاجرەکی تەورێزی شاگرد بووم بۆ ئەوەی ئوسوولی بازرگانی فێر بم.

چەند ساڵێک لای ئەو بووم دوایی تا لە ١٣١٩ی هەتاوی ژنم هێناوە و لە ٢١ی / ١٣٢٠ ی هەتاوی دا کاتێ ئیران لە لایەن دەوڵەتانی ڕووسیا و ئینگلیسەوە داگیر کرا کوردستان کەوتە ژێر کۆنترۆلی ڕووسەکان.

• کوردستان کەی کەوتە ژێر کۆنترۆلی ڕووسەکان؟

* لە ساڵی ١٣٢٠ی شەمسیەوە کە ساباڵخ بۆمباران کرا ساباڵخیش کەوتە ژێر دەستی کوردەکان کە لە ١٠ی شەهریوەری ساڵی ١٣٢٠ی شەمسی دا بوو. لەو ساوە قازی موحەمەد کە دوایی بوو بە پێشەوا ئێختیاری بە سەر هەموو ساباڵخ و ناوچەی موکریان دا پەیدا کرد. ئەوسا ئێمە ترسمان هەبوو کە عەشایری دەور و بەری مەهاباد شەو بێن و کوشتار بکەن لە ساباڵخ و ساباڵخ تاڵان بکەن. قازی موحەمەد هەموو ماڵێکی مەجبوور کرد کە ئەسلەحە(چەک) بکڕن و خۆیان حیفازەت لە ماڵی خۆیان بکەن و هەر ماڵێک هەفتەی یەک کەس بۆ شەو بدا بۆ حەراسەت. یانی هەر ماڵێک لە هەر محەلەیەک بەو شێوەیە پارێزرا. بەو جۆرە ئەو توانی ساباڵخێ لە تاڵان و وێرانکاری بپارێزێ. ئەوە لە نەتیجەی کۆششی قازی موحەمەد دا بوو.

- **ئێوە چۆن دەستتان بە کار و چالاکی سیاسی کرد؟**

* لەو ساوە من هاتوچووی تەورێزم دەکرد. وردەوردە بۆ کووتاڵکرین بۆ بازرگانی و شتی وا. بابم ئەو ساڵە بەزاز بوو. یانی کووتاڵفرۆش بوو. من دەچووم کووتاڵم بۆی دەکری. لە تەورێز«عەبدولرەحمان زەبیحی»م دیت. داوای لێکردم فێری حروفچینی(تیپچینی) چاپخانە ببم. لە ژمارە پێنجی کۆڤاری نیشتمان( ئۆرگانی فێرمی کۆمەڵەی ژ.ک من دەستم کرد بە حروفچینی.. ئەوسا بە نهێنی کارمان دەکرد. کۆڤارەکەمان حروفچینی دەکرد و پاشان دەماندا بە مەتبەعەیەکی ئەرمەنیان و چاپی دەکرد. پاش بەینەک ڕووسەکان دەگەڵمان باش نەبوون. ئەوان دەیانویست ئێمە بەرنامەی ئەوان ئیمزا بکەین. ئێمە ڕازی نەدەبووین. قازی ڕازی نەدەبوو، زەبیحی ڕازی نەدەبوو. وردەوردە دەگەڵمان تێکچوون و ئیشارەیاندا بە چاپخانەکە کە ئیدی چاپی نیشتمان تەخیر بکەن(وەپاشی بێخن). بۆ ئەو مەسەلەیە ئێمە مەتبەعەیەکی بچووکمان پەیدا کرد و بردمانەوە بۆ ساباڵخ بۆ ئەوەی لەوە بە لاوە خۆمان نیشتمان چاپ بکەین. تا ئەو کاتەی کە من ئەو باسەت بۆ دەکەم ٩ ژمارەی نیشتمان دەرچووبوو.

- **بەڵێ دیارە کە نیشتمان ئۆرگانی ک. ژ بووە و ئێوەش ئەندامەکی ئەو کۆمەڵە بوون. باشە تو چۆن بووی بە ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک؟**

* پێموایە لە ساڵی ١٩٤٣ یەوە بوو. زۆرم هەوڵ دا ئەوسا زۆر گەنج بووم زۆرم هەوڵ ئەدا بۆ ئەندامبوون ڕێبەرانی کۆمەڵە قەبوڵیان نەدەکردم و دەیانگوت:

تو هێشتا منداڵی.

لە ئاخری دا «دڵشاد ڕەسووڵی» واستەی بۆ کردم و قەبوڵیان کردم. من و باوکم بە یەک ڕۆژ سوێندمان خوارد لە ماڵی «عەلی ڕیحانی». ئەوانەی کە حوزووریان هەبوو: «عەلی ڕیحانی»، «دڵشاد ڕەسووڵی»و «عەبدولرەحمان زەبیحی» بوون. ئەو سێیانەحوزووریان هەبوو کە ئێمە سوێندمان خوارد.

لەو ساوە من خەریکی کۆڤاری نیشتمان بووم لە گەڵ زەبیحی دا. من و ئەو وەک مامۆستا و شاگرد ئیشمان کرد، چل ساڵ، چل و

پێنج ساڵ پێکەوە بووین.

• ناوی نهێنیتان چیبوو؟

* ناوی نهێنیم (م. ش. ئازەر) بوو. واتە: محەمەد شاپەسەندی ئازەر.

• ناوی نهێنی باوکتان..

* نایێتە بیرم..

• مامۆستا ئێوە لە کۆڤاری نیشتمانیش دا هەر بەو ناوە شتتان ئەنووسی؟

* بەڵێ لە نیشتمان دا شتم هەیە هەر بەو ناوە. نووسیومە لە ژمارەی ١٠ی نیشتمان دا نووسراوەم هەیە.. نازانم ئەوەی ئێوە دیتووتانە لە کام ژمارە دایە.

* بەڵێ پێموایە لە ژمارەی ٦ دا نووسراوەیەکی ئێوەم لە ژێر ناوی (م. ش. ئازەر) دیوە..

* بەڵێ منیش باش نایێتە بیرم. شتەکان لە بەر دەستم دا نینن.

• بۆ، سەبەب..؟

* سەبەب ئەو ماڵوێرانییە یە کە بۆ کورد و کوردستان هەر بە دوامان دا بوو. سێ چوار جاران ماڵیان لێ تاڵان کردین..

• ناوەرۆکی نووسینەکانت لە سەر چیبوو؟

* هەمووی باش نایێتە بیرم، بەڵام یەکەکیان ئەمە بوو: خۆشبەختی چییە. ئەوانەی دیکەم لە بیر نین.

• ئەو کۆڤار و ڕۆژنامانەی کە حروفچینیت ئەکردن ئێستا هیچیان لە لات ماون؟

* نە.. هەتا ئێستا لە ئێرە لە کاتی ڕژیمی عێراق ٤ - ٥ جاران مەکتەبەکەیان پێ تێکداوم. هیچم لە لا نەماوە، بەداخەوە.

• باشە ئەو هەموو ساڵە لە گەڵ مامۆستا زەبیحی دا پێکەوە بوون. دیتنی ئێوە لە سەر کەسایەتی نەمر زەبیحی چییە،

پیاوەکی چۆن بوو..؟

* زەبیحی بە تەواوی مانا کورد بوو. ئینسانەکی باش بوو سەیی( چالاکی ) زۆر کرد کە کۆمەڵە( واتە ژ. ک ) سازبوو. ئەو

یەکێ بوو لە گەورە ئەندامانی دامەزرینەرانی ژ. ک..

• ژ. ک کە ئەڵێن واتای چیە؟

* ژ. ک یانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد. کە ئەڵێن کۆمەڵەی ژیانی کورد ئیشتبایە. هێندێک دەڵێن: کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کورد ئەمەش ئیشتبایە. هێندێکیش دەڵێن: کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان ئەمەش ئیشتبایە. چونکە دەبێ ئەمە بزانین کە میللەت دەژیتەوە نەک وڵات. ئەوە قسەی مامۆستا «ئیبراهیم ئەحمەد»ە.

• ئەی دیتنی مامۆستا زەبێحی لەم بارەیەوە چیبوو، کام ناوی پێ دروست بوو..

* کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد.

• زەبێحی مرۆڤەکی دووربین و زانا بووە...

* بەڵێ.. ئینسانەکی بە تەواو مانا باش بوو. کوڕی پیاوەکی تەقریبەن ئیسلامی بوو بەڵام نەک ئیسلامی مووتەسرف.. خۆشی خوێندبووی. ئەمن لە ساڵی ١٣٠٧ یا ١٣٠٨ی شەمسی دیومە کە لە لای «گیو موکریانی» دەرسی فەرانسەی دەخوێند. ئەمن ئەوسا زۆر مندال بووم. لە کلاسی تەهیە بووم.

• مامۆستا محەمەد ئێوە لە کاتی کۆماری کوردستان دا چەند وەزیفەتان هەبوو؟

* من لە کاتی کۆماری کوردستان دا کە چاپخانەی کوردستان هات(ڕووسەکان هێنابوویان) دو مهەندسی دە گەڵ دا بوون. کۆمیتەی ناوەندی ژ. ک منیان بانگ کرد و گوتیان کە: لە تو زیاتر کەس سەنعەتی (تەکنیکی) چاپ نازانێ تۆ بەرپرسی ئەو چاپخانەی. دەبێ کرێکاری تەواومان بۆ ڕابێنی.. دەستم پێکرد و خۆم حازر کرد و نێزیک بە ٢٠ شەو مەتبەعەکەم سازکرد. دەستمان پێکرد. یەکەم نموونەی کارمان کۆڤاری کوردستان ژمارەی یەک بوو. بۆ نموونە کە بزانین چاک(باش) کار دەکا، ناکا.. ئەوە بوو کە لەو

مەجەلەیەمان( کۆڤار) ڕا دەستپێکرد. دوایی ڕۆژنامەی کوردستان هات. ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی حکوومەتی میللی بوو کە بە دوو ڕۆژ جارەک دەردەچوو و زمانحاڵی کۆماری کوردستان بوو.

• مامۆستا جگەلە هێمن و هەژار ئەو کەسانەی کە دەهاتنە چاپخانە یان بابەتیان هەبوو، نویسەندە بوون.. ناوی کێتان دێتە وەبیر؟

* نویسەندەمان زۆر بوو: سەیید محەمەدی حەمیدی کە سەکرەتەری مەسوول( بەرپرس ) بوو. دوایی گیرا و ئاگام لێ نییە کە پاش تێکچوونی کۆمار چی بە سەر هات. هەموو ئەوانەی کە دەهاتنە چاپخانەی کوردستان ئەندامی ژ. ک بوون. ناوی ئەوانەی دیکەم لە بیر نییە.. هەموویان ئەدیب بوون.

• پێشەوا قازیش بۆ ئێوە بابەتی دەنووسی؟

* پێشەوا خۆی بابەتی نەنووسیوە، نە.. بەڵام فەرمایەش و دەستوورەکانی لە ڕۆژنامە و کۆڤاری کوردستان دا بڵاوئەکرانەوە.

• بەڵێ.. ئەو نومایشنامەی دایکی نیشتمان کێ نووسیوە.. یانی هەتا ئەمرۆش دیار نییە کێ نووسیویە..

* نازانم نووسینی کێ بوو. بەڵام دایکی عەبدوڵلا نەهری دەستی باڵای هەبوو لە ئامادەکردنی ئەو نومایشنامەیە دا.

• هێندێک کەس دەڵێن ناوگۆڕینی ژ. ک بە پێی داخوازی ڕێبەر و پێکهێنەرانی ئەم ڕێکخراوە نەبووە. واتە ئەڵێن قازی محەمەد بە بێ پرسی کەسانی زەبیحی کارەکی وای کردووە. واتە ناکۆکییەک لە نێوان پێشەوا و ئەودا هەبووە. ئێوە وەکوو شاهیدەکی مێژوویی بۆ ئەم مەسەلەیە جوابتان چییە؟

* من لە بیرەوەرییەکانم دا ئەمەم نووسیوە: خەڵک مەسەلەکە گەورە دەکەنەوە بەڵام وا نەبووە. ڕاستە مەسەلەی زەبیحی و چەند کەسێک موخالفی ئەوە بوون کە پێشەوا ببێ بە بەرپرسیاری کۆمەڵە، بەڵام ئەوە لە بەر ئەوە نەبوو کە پێشەوا لایقی ئەو هێندەی نەبێ. چونکە پێشەوا پێش ئەوەی ئێمە لە دایک ببین بەرپرسی ساباڵاخ بووە. مامی پێشەوا خۆی هەر لە سەر پاراستن لە خەڵکی ساباڵاخ کوژراوە. یانی ڕووسان کووشتوویانە. ئەوانە هەر بە تایفە نفۆزیان هەبووە لە ساباڵاخ دا. نفوزی قەزاوەتیان هەبووە، نفوزی کاروباری خەڵک دورستکردن.. نا، ئەوە ڕاست نییە.

• ئەی خۆدی زەبیهی لەم بارەیەوە چی ئەگوت؟

***ـ تو بڕۆ کتێبی (ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی) بخوێنەوە تێیدەگەی. زەبیحی وەختێ کە کۆماری کوردستان کەوت، ڕایکرد بۆ مالّع قازی، دوو سێعات و نیو هەوڵی داوە بەڵکە قازی ڕازی بکات کە ساباڵخ بە جێ بێلێ قەبوڵی نەکرد. لە عێراق هەوڵ دراوە بە حوزووری نەمر مەلا مستەفا بارزانی کە ناوی قازی نەبێنن، هەژار قەبوڵی کردووە کە ناوی قازی نەهێنێ بەڵام زەبیحی لە ئێرە***

***هەمیشە دیفایی لێکردووە. پاش ئەوەی کە کۆماریش نەماوە ئەو هەر پێشەوای پاراستووە. ئینسان چۆن دیفاع لە یەکێک دەکات کە خۆشی نەوێ!! یا دوژمنایەتی لە گەڵ هەبێ.. هەمووی قسەی دوژمنانە..***

- ***لەم بارەوە قسە زۆرە. . . ڕۆژی ڕاگەهاندنی کۆماری کوردستان لە بیرتانە..***

**** بەڵێ باش لە بیرمە.. هەموو شتەک وەکوو ئێستا لە بەر چاومن..***

- ***باشە، هێندێک باسی ئەو ڕۆژە پیرۆزەمان بۆ بکە. چی کرا چی نەکرا؟***

**** باش لە بیرمە.. ئەوەی لە بیرمە، ئەوێ ڕۆژێ ئێمە هەموومان لە چاپخانە ئامادە بووین. ئێمە فرقەیەکی نەشیتمان هەبوو(تیپی سروود گۆتن). قەرار وا بوو لە وێ ئامادە بین و سروود بخوینینەوە. نەشیتەکەش ئەوە بوو:***

***نیشتمانم ڕنگینە***
***بەهەشتی سەر زەمینە***
***خاکم وەکوو ئاڵاکەم***
***ڕەنگ سوور و سپی و شینە...***

***شێعری هەژارە. ئێمە لەو ڕۆژە دا ئامادە بووین بۆ ئەوەی کە وەختی مەراسمەکە دەسپێدەکا ئەو سرووده بخوێنینەوە. سرووده‌کەمان خوێندەوە. پاشان دەستپێکرا: پێشەوا قازی خۆی ختابەیەکی دا و قسەی کرد. دوایی ئەوانەی کە دەبوو ختاب بدەن زۆر بوون. یەک بە یەک هاتن و قسەیان کرد. سەیید عەزیزی شەمزینی... (ناوی کەسانی دیکە نایێتە بیری)***

- ***زێرۆبەگی هەرکی، سەیفی قازی و..***

**** زێرۆبەگی هەرکی ختابەکەی باش نەبوو. ڕووسان فێریان کردبوو بۆ ئەوەی ئەو مەجلیسە تێکبدەن، فێریان کردبوو کە ختاب بدات دژی باوکی شەمزینی(حاجی عەبدوڵڵا ئەفەندی)، کە دژی ئەو ختاب بدات و بڵێت ئەو مرۆڤی ئینگلیزەکانە و هاتووەتە ئێرە.. بەڵام، قازی زوو جێ بە جێی کرد و ئیتر نەیهێشت بێ بە هەڵلا.***

- **بۆ چی ڕووسەکان ئەیانویست ناکۆکی لە نێوان کوردەکان دا دروست بکەن؟**

**٭ بۆ ئەوەی ئەوان ڕازی نەبوون، دەیانویست کوردستان ببێ بە پارچەیەکی ئازەربایجانی قەفقاز. قازی محەمەد بەوە ڕازی**

**نەبوو، کورد ئەوەی قەبوڵ نەکرد. لە بەر ئەوە ئەوان دەیانویست تێکی بدەن. بەڵام بۆیان نەکرا. ڕازیبوونیشیان بۆ ئەوەی کە کورد ئیعلامی ئیستقلال بکات، واتە ئیعلامی جمهووری بکات. هەر لە بەر خاتری ئەوە بوو دیتیان کورد ڕازی نابن، مەجبوور بوون.**

- **ئەی ئەو قرارە چۆن درا.. کێ قەراری دا کە کۆماری کوردستان ئیعلام بکرێت ئەگەر ڕووسەکان موافق نەبوون..؟**

**٭ وەختێ کە ئەو مەراسمە هەبوو، دوو کەس لە زابتە گەورەکانی شوورەوی(سۆڤیەت) لە وێ دانیشتبوون و لە نێزیک و دوورەوە**

**مراقبەی ئەو مەجلسەیان دەکرد. کوردەکان خۆشیان بریاردەر بوون و پێشەوا ئاگای لە پیلانەکان هەبوو. ئەیزانی چ بکات.**

- **ئەو کۆم یان گرۆپەکەتان کە سروودتان خوێند چەند کەس بوون ناوی کێتان لە بیرە؟**

**٭ ئەوان هەموویان کرێکارەکانی چاپخانەی چاپی کۆمار بوون. هەموویان ئامادە بوون. ناویان جارێ لە بیرم نییە، بەڵام دوایی بۆتان ئەڵێم کە بینووسن. لە بیرەوەرییەکانم دا ناوی هەموویان نووسراوە.**

- **ناوەرۆکی ختابەکەی پێشەوا لە سەر چی بوو؟**

**٭ هەر لە بارەی مێژووی کوردستان دا بوو کە ئێمە ڕازی نابین بچینە ژێر ئەمری هیچکەس. ئەو لە باکۆ ( پایتەختی ئازەربایجان) یش هەر ئەو نوتقەی کرد و گوتی: ئەگەر قەرار بێ ئێمە ژێردەستی خەڵکی دیکە بین دەچین ژێردەستی فارسەکان بین، ژێردەستی فارسەکان و ئێرانییەکان باشترە بۆ ئێمە هەتا لە ژێردەستی ئازەربایجانییەکان دا بین.**

- **ئەو ڕۆژە ئاڵای کوردستان هەڵکرا، چەند دانە ئاڵاتان هەبوو؟**

**٭ یەک دانە ئاڵای گەورە هەڵکرا. لەو مەجلیسە دا کە ئاڵای کوردستان بە ڕسمی هەڵکرا دوو سێ ڕۆژ دوایی ئەو حەفلەیە بوو. یانی ئاڵا بە شێوەیەکی ڕسمی دوو سێ ڕۆژ پاش ئیعلامکردنی مەراسم هەڵکرا.**

- **بەڵام ئەو ئاڵایەی لە ڕۆژی ئیعلامکردنی کۆمار دا هەیە و دەبینرێت. لە سەر ئەو مێزەیە کە پێشەوا لە پشتی ڕاوەستاوە؟**

※ ئەوە وەک مەراسمەک هەبوو، بەڵام ڕسمی نەبوو. چەند ڕۆژ پاش ئەوە بە ڕسمی لە سەر بانی دادگوستەری( بانی مەحکەمە) ئاڵای کوردستان هەڵکرا. هەیئەتی دەوڵەت هەموو حازر بوون لە وێ. من خۆشم لە وێ بووم..

• ئەی کوردەکانی دیکە کە لە ژێر دەسەڵاتداری کۆماری کوردستان دا نەبوون.. کوردەکانی ناوچەکانی دیکە مەسەلەن کوردەکانی کرماشان، سنە و..

※ لە کۆمار دا هەموویان نوێنەریان هەبوو. نوێنەری دێبیەکان، نوێنەری مامەش، دێبۆکری، نوێنەری گەورک، مەنگوڕ و قسمەتەک لە ئاخاکان خۆیان حازر بوون لە مەراسمەکە دا.

• مامۆستا شپەسەندی، پێشەوا قازی محەمەد شەخسییەتەکی چۆنی هەبوو. مرۆڤەکی چۆن بوو زۆر جار پێشەواتان بینیبوو..

※ ئەغڵەب دیتوومە زۆر جارم دیتووە. ئینسانەکی ئارام و مولایم و وەک ئارچی ڕۆژڤێلت دەڵێت: ڕنگی مایل بە زەردی بوو.. یانی ساخ نەبوو، تەقریبەن مەدەی(مێعدەی) ساخ نەبوو. ئینسانەکی زۆر ئارام و زۆر دیمۆکرات بوو. من لە مەدرەسەش دیومە. بەینەک مودیری مەعارف بوو. خزمەتی زۆری بۆ خەڵک کرد. مەکتەبەکی کچانی دروست کرد و زۆر کاری دیکەش.

• نەزەری لە بارەی ژنان دا چبوو؟

※ دیمۆکراسییانە بوو. چۆنکە خۆی مرۆڤەکی دیمۆکراتخواز بوو. ئینسانەکی ئەسیل بوو. ئەسیلزادە بوو.

• ئەی برا و کوڕەمامەکەی..

※ سەدری قازی نوێنەری پارلمان بوو، مرۆڤەکی دیپلۆمات بوو. سەیفی قازی تەقریبەن ئینسانەکی ئاغا سفەت بوو، مڵک و ماڵدارییان هەبوو. ئینسانەکی قەڵاو و جسمی گەورە بوو. بەخۆوە بوو. کەڵەگەت و هەیکەلدار بوو. هەموویان پیاوی خاس بوون.

• کاتێ ئێوە لە مەهاباد بوون، لە سەر موحاکمەی پێشەوا چی دەگوترا لەم بارەیەوە ئێوە چی دەزانن؟

※ پێشەوا موقاوەمەی کردووە هەمیشە دیفای لە مافی نەتەوەی کورد کردووە. موحاکمەکەی هەیە و دەتوانم بتاندەمێ. ئەو هەمیشە دیفای لە میللەتی کورد کردووە. مێر بوو سەری بۆ عەجەم دانەنواندووە..

• ڕاستە کە دەڵێن لە کاتی موحاکمە دا لە ئەفسەرەکی داوە؟

*** نازانم.. وەکوو دەڵێن ئەو موحەقیقە قسەیەکی تەوهینامێزی دەرهەق بە کورد کردووە. ئەویش کورسیەکەی هەڵگرتووە و ویستوویەتی لێیبدا. بەڵێ ئەوە ڕاستە.**

- **ئەمر سەدری قازی لە کۆماری کوردستان دا پیاوەکی ئاکتیڤ نەبووە ئەی بۆچی ئیعدام کرا.**

*** وەڵاهی قەوامولسەلتەنە دەزانێ لە پێش موحاکەمە کردنی ئەوانە دا ئەوامر هەبووە کە دەبێ ئەوانە نەمێنن. ئەما شاە کە قسە دەکات دەڵێ من نەمگۆتووە کە ئەوانە بکوژن. قەوامولسەلتەنەش وادەڵێت، بەڵام پێش موحاکەمە ئەوانە حوکمیان دراوە. ئەما هەموویان درۆ دەکەن. عەجەم قەت لە گەڵمانا ڕێست نەبوون.. هەتا ئەمرۆشی لە گەڵدابێت. چەن درۆزنن باوکە گیان..**

- **پێت وایە گەورەترین سەبەبی تێکچوونی کۆماری کوردستان چیبوو؟**

*** گەورەترین سەبەب گەڕانەوەی ڕووسەکان بوو. ڕووس گەرانەوە وازیان هێنا. ئازەربایجان تەسلیم بوو. پاش تەسلیمبوونی ئەوان، سی هەزار کەس لە ئازەربایجان کوژران، پاش ئەوەی کە پیشەوەری و هاوڕێیانی هەڵاتن. بەڵام ڕەوشی ئێمە وا نەبوو، ئێمە زۆر باش بووین. واتە وەزعمان زۆر لە هی وان باشتر بوو.**

- **لە چ بوارەک دا ڕەوشتان باشتر بوو؟**

*** لە بواری تەلەفات و خسارەی ماددی و جانی. لە کوردستان کەسی وا نەکوژرا جگە لە ئەوانەی کە ئیعدام کران.**

- **فەرقەکانی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان چیبوون؟**

*** کۆماری کوردستان بەری خەباتی میللەتی کورد بوو. میللەتی کورد خۆی دەیهەویست کە خاوەن دەوڵەت بێ. ئەما کۆماری ئازەربایجان بەرنامەیەکی ڕووسی بوو بۆ داگیرکردنی ئازەربایجان. فەرقە ئەساسییەکە ئەو هێندەیە.**

- **ئەی شێوەی ئیدارەکردنی هەردوو کۆمارەکە لە چ بوارەک دا جودا بوو یا کەسایەتی پێشەوا و پیشەوەری..**

*** ئەوان(ئازەربایجانییەکان) ڕژیمەکی زۆر ئیستبدادی بوون. ڕێبەرانی حکوومەتی ئازەربایجان ئیستبدادی بوون، بەڵام لای ئێمە دیمۆکراسی هەبوو. تۆ دەتوانیت شکایەت بکەی لە کامە وەزیر کە داوات بوو بچیە لای قازی و لە مەحکەمە دا شکایەتی لێبکەی. بەڵام لە ئازەربایجان ئەوە نەکرا.**

• مامۆستا ڕاستە کە دەڵێن پێشەوا زۆر جاران لە ماڵێ ڕا بە پێیان دەهاتە دەفتەری کاری خۆی؟

* بەڵێ.. ئەوسا ساباڵخ بچووک بوو و ماشینی تێدا نەبوو. هەموو کەس مەجبوور بوو بە پێیان بڕواتە سەر کاری خۆی. تەنیا یەک ماشین لە بەر دەرگای پێشەوا دا هەبوو. ئەویش بۆ ڕێگای دوور بەکار دەهێنرا. بۆ ڕێگای نێو شار و سەرکار خۆی بە پێیان دەهات.

• بەڵام زۆر کەسیش دەڵێن کە چوار هەتا هەفت ماشین لە بەر دەرگای پێشەوا دا هەمیشە ئامادە بوون..

* من ئەوە نازانم نایێتە بیرم.

• ئەی پێشەوا بەو حاڵە لە نەدەترسا کە وەکو ڕەیسجمهوور گیانی لە خەتەر دا بێت؟

* نەخێر.. نەخێر، چون ئەو ئینسانەکی باش بوو. خەڵکەکە زۆری خۆش دەویست. حاکمیەتی ئەو لە سەر دڵان بوو. . دڵی ئینسانەکانی بۆ خۆی کریبوو.. پیاوی وا نەبوو.. نە...

• باشە، پاشناو یان لەقەبی پێشەوا چۆن یا کەی درا بە قازی محەمەد؟

* من ڕسمەن ئاگام لێ نییە، بەڵام ئەو ناوە دەبێ هی هەژار بێت. کاتێ تەشریفاتی سەرۆککۆماری جێ بە جێ کرا لەو ساوە پێشەوا بوو. هەموو کەس ئەم پاشناوەی بە دڵ بوو و زەبیحی یش موخالیف نەبوو.

• ئەی چۆن بوو کە لە کاتی کۆمار دا کابینەی وەزیران هەر هەموویان خەڵکی ساباڵخێ بوون؟

* ئەغڵەبی ئەوانە و قسمی زۆریان لە دامەزرێنەرانی ژ. ک بوون. ئێجا تەبعەن دەبێ شرکەتیان هەبێ لە وەزارەتەکان دا.

• دیتنی ئێوە لە سەر هەردوو شاعیری میللی کۆمار واتە هەژار و هێمن چییە، فەرقی وان چییە؟

* هەژار زۆر بە سەواد بوو. زۆریش شاعیر بوو، ئەما مرۆڤەکی سیاسی نەبوو. هێمن ئینسانەکی باش بوو، هێمن بوو یا باشترە بڵێم ناوەکەی خۆی بە خۆیەوە هەیە. بە سەوادیش بوو، بەڵام نەک بە قەدەر هەژار(!!). قووەی شێعری هەژار لە هی هێمن زیاتر بوو. ئەما شێعرەکانی هێمنیش هەمووی واتەدارن و ئەغڵەبی کراون بە گۆرانی و شتی وا..

**• نێزیکەی ٦٠ ساڵە تۆ لە کاری کوردایەتی دای، هێندێک باسی سەرگوزەشتی خۆتان بکە پاش ئەوەی کە کۆماری کوردستان تێکچوو..**

*پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان دەگەڵ «غەنی بلوریان» ئێمە هاتین بۆ ئێره(باشووری کوردستان). لە وێ غەنی نەیگوت من سەر بە حیبی تۆدەم. باسی ئەوەی لە گەڵ ئێمەی نەکرد. ئێمە قەرارمان ئەوە بوو کە بۆ بووژاندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ٩٠% لە ئەندامەکانی گیرابوون یا کوژرابوون کارەک بکەین. قەرار وا بوو ئێمە ئیش بکەین بۆ بووژاندنەوەی ئەو حیزبە و بێین بۆ عێراق. لەوێ ئێمە چەند دانیشتنەکمان کرد بەڵام ئەو لە (ئاڵەکۆک) دەڵێت: ئێمە یەکێکمان نارد بۆ لای «ئیحسان تەبەری» لە تاران.. ئەوە ڕاست نییە. ئەمن خۆم لەو ساوە بێزار بووم لەحیزبی تۆدە.*

*ڕۆژی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٨ ئێمە لە حدود(سنوور)ی عێراق بووین. من بە تەنیا هاتم بۆ سلێمانی و چووین بۆ سەر قەبری قودسی و شەهیدەکانی دیکە. پاش ئەوەی دەگەڵ «عوسمان دانیش» (ئەوسا ئەو تووشم بوو لای مزگەوتی گەورە لە سلێمانی) و پێکەوە چووین بۆ سەر قەبران. دوایی چووین بۆ گوندی سیتەک و لەوێ زەبیحیم دۆزیەوە. تێلێگرافەکم کرد بۆ غەنی. غەنی ڕۆژی دوایی هات. هەموومان(من، غەنی بلوریان، زەبیحی و بەهزوری شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود بەرزەنجی) قەرارمان دا کە بنکەیەکی چاپی دابنێین و خزمەتی کورد بکەین.*

*دروستکردنی چاپخانەیەک بە من سپێردرا. غەنی هیچی نەدەزانی. وەلەو(هەرچەند) زەبیحی پیشەی چاپخانە بەڵەد بوو و هەتا ڕادەیەک لێیدەزانی بەڵام لەو پلەیە دا نەبوو کە بتوانێ مەتبەعە(چاپخانە) دروست بکات. ئەوە من قەبوڵم کرد و نێزیکەی مانگێک من هاتوچووی ئاسنگەرەکم کرد بە نێوی شێخ حوسێنی ئاسنگەر. لە ئێرە، لە سلێمانی بوو کە چاپخانەکەم سازکرد. من و غەنی و زەبیحی ژمارەی ١٠ی نیشتمانمان پێ چاپکرد. لەو ژمارە ١٠یە ئێمە نێزیکەی ٣٠٠ ژمارەمان لە سلێمانی و بەغدا بڵاوکردەوە. باقیەکەمان بە سێ جار ناردەوە بۆ مەهاباد. دوو جار بە هۆی قاچاخچیان دا و جارێکیش غەنی خۆی گوتی ئەڕۆمەوە و ١٥٠ ژمارەی لە گەڵ خۆیا دا برد بۆ ئەو دیوی کوردستان. غەنی کە دەگاتەوە سابڵاخ تەبعەن لەگەڵ تۆدەییەکان ڕێکدەکەوێت و قیادەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ چەند کەسەکی دیکە دەگرنە دەست. ئینجا ئەو لە (ئاڵەکۆک)دا داوا دەکات و دەڵێ کە من لە ژمارەی ١٠ی نیشتمان دا حازر نەبووم بەڵکو من مەجەلەی (ڕێگا)م چاپکردووە. من لە بیرەوەرییەکانم دا جوابم داوەتەوە و هەمووی بە شهوود و ئیستفادەم لە قسەکانی خۆی کردووە و سابتم کردووە کە ڕاست نائێت. ڕێگا مەجەلەیەکی کۆمونیستی بوو کە »ڕەحیم سوڵتانیان» ساحێبی بوو. یەکەم ژمارەی ڕەحیم سوڵتانیان لە تەورێز چاپی کردووە. دوێنێ لە ماڵێ وەبەر چاوم کەوت. ئەمما غەنی دەڵێ ئێمە لە سیتەک چاپمان کردووە کە ڕاست نییە.*

**• کۆڤاری نیشتمان، ئاخرین ژمارەی ١٠ بوو؟**

*بەڵێ، ژمارەی ١٠ ئاخرین ژمارەی بوو..*

• پاشان قەت کارتان نەکرد کە دیسان چاپی بکەنەوە..

* نە.. لەو مەرحەلەیە، مەرحەلەی نیشتمان و مەرحەلەی کۆمەڵە ڕۆیشتبوو. مەرحەلەیەکی دیکە هاتبوە گۆڕێ...

• ئەو مەرحەلەیە چی بوو؟

* ئەو مەرحەلەیە بوو کە زەبیحی هاوکاری هەبوو لە گەڵ پارتی دیمۆکراتی کوردستان. لێرە ئەخباریان لێکردین کە شێخ لەتیف بەرزەنجی کوردەکانی ئێرانی هێناوە و دایناون لە سیتەک و چالاکی سیاسی دەکەن. پێش ئەوە خەبەریان دابوو بە ئێمە. پێش ئەوەی ئێمە بگرن، من پێش زەبیحی ڕامکرد بۆ بەغدا و زەبیحی یش پاش من هات.

• لە بەغدا چیتان کرد؟

* زەبیحی ماوەیەک لای کابرایەک مایەوە بە نێوی عەبدوڵڵا کە خۆی خەڵکی ئێران بوو. ئەو خاوەن کاباره بوو، ئینسانەکی باش بوو. زەبیحی دەگەڵ قزلجی لە گەڵ وی دا بوون. هەردووکیان بوون بە وەکیل. یانی هەردووکیان وەکیلی عەبدوڵڵا بوون. زەبیحی دەفتەردارییەکەی دەکرد و قزلجیش پارە و مارەی ئەوی وەردەگرت لە جیاتی عەبدوڵڵا. یانی کابارەکەی جیگایەکی عادی( نۆرماڵ) نەبوو، هەموو وەزیرەکانی عێراق هاتوچووی ئەوێیان ئەکرد و کابارەکە تایبەتی بوو بۆ وەزیرەکان. نووری سەعید و...

• ئەی کۆڤاری نیشتمان ئاخرین ژمارەی چ بابەتەکی تێدا بوو؟

* لە بیرم نییە، ئەما من خۆم بابەتەکم هەیە و غەنیش بابەتەکی هەیە. من بە ناوی ئازاد ئیمزام کردووە. غەنی لە بیرم نییە ناوی چی بوو.. غەنی ئینکاری ئەوە دەکات بەڵام ڕاست ناکا.

• بابەتەکەی تو ناوەڕۆکی لە سەر چی بوو؟

* چاک لە بیرم نییە..

• مامۆستا شاپەسەندی، نەمر زەبیحی قەدەرەکەی زۆر بە تاڵی دوایی هاتووە. ئەو مرۆڤە ئاکتیڤ و ڕۆشەنبیر و زانایە زۆر کاری کردووە بۆ فەرهەنگی کوردی لە سێ تعیپا... چۆن بوو کە ئەو مرۆڤە بە ئاسانی ژیانی خۆی لە دەست دا؟

* هێندێک کەس تووشیان کرد. ئاخر شەرت نییە.. پیاوەکی گەورە بوو، مەسەلەن پیاوەکی زۆر ئاقڵ یا پرۆفەسۆرەک دەبینی

ئیشتباه دەکات بۆ ئیشەکی زۆر هاسان ئیشتباه دەکات. ئیشتباهەکی زۆر گەورە دەکات کە سەری تێدا ئەڕوات. ئەوانەی کە ڕەفیقی زەبیحی بوون ئەوانە هەموو دەڵێن کە زەبیحی بۆ ئەو کارەی کە خۆی تووش کرد نەدەبوو. ئەو لایقی کارهای گەورەتر بوو. زوڵمی لە خۆی کرد.

- **چۆن بوو شەهید کرا، ئەسبابی شەهیدکردنی چیبوون؟**

* ئەسبابی شەهیدبوونی!!.. لە ئێرە حکوومەتی عێراق دەیویست هاوکاری ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بکات. بە هۆی زەبیحی یەوە چەک و تەقەمەنی و ئەو جوورە شتانەی بۆ دەناردن. جاری ئەوەڵ ئەو موساداتانە دەهێنێت و دابەشیان دەکات. جاری دووهەم دەیهێنێت و بەشەک لەو هاوکارییانە دەدات بە پێشمەرگەکانی یەکێتی کە شەری هەیە دەگەڵ دەوڵەتی عێراق. ئەوە ئەخباری لێدەکەن. ئەویش کە دەچێتەوە هەر لە ڕێگا دا دەیگرن و دەیکوژن. لە نیسانیساڵی ١٩٨٠ دا زەبیحی کوژراوە.

- **ئەو کتابەی کە کاک «عەلی کەریمی» لە سەر زەبیحی نووسیوە{ئامادەی کردووە} دیتووتە؟**

* بەلێ خوێندوومەتەوە..

- **نەزەرتان لە بارەی ئەم کتابەدا چییە؟**

* لەو کتابەدا، عەلی کەریمی سەلاحیەتی ئەوەی نەبوو کە ئەو کارە بکات. عەلی کەریمی ئەو سەوادەی نییە کە بتوانێ ئەو کتابە جێ بە جێ بکات. مەسەلەن لە دژی قازی موحەممەدی نووسیوە. بەڵام زەبیحی خۆ دژی قازی موحەممەد نەبووە. لە ئاخردا زەبیحی زۆر هەوڵ:ی دا کە لە گەڵی بروات بۆ عێراقێ یا بۆ باکۆ بەڵام قازی ڕازی نەبوو و گوتی: ئەمن میللەتی خۆم بە جێ نایێلم. کە ڕووسان زەبیحی یان وەلانا قازی موحەممەد گرتیەوە (پشتگیری لێکرد). قازی موحەممەد کاری دایێ. لە ماڵی خۆی کاری دەکرد. وەکۆ موشاور وابوو. بەینەک.. دە ئاخریشدا بوو بە موفەتیش. واتە دەچوو پێشمەرگەکانی تەفتیش دەکرد. ئیش و کاری پێشمەرگەی جێ بە جێ دەکرد.

- **کاتێ پێشەوا شەهید کرا تو لە کوێ بووی، چۆن زانیت؟**

* (ئاهەک هەڵدەکێشێ و جواب دەداتەوە ) دەمانزانی شەهید دەکرێ، ئێمە شەوی پێش ئەوەی شەهید بکرێ خەبەریان داینێ. خەبەریان داینێ و بەیانی زوو من چوومە دەرێ. چووم دیتم هەڵواسراوبوون لە چوار چرا. نێزیکی دوو سەعات من هەر ئەوها دانیشتم، گوتم بۆ ئەوەی چاک دەگەڵ خوێنم تێکەڵ ببێ ئەو دیمەنە، با بزانین دوژمنمان کێیە.

- گریای؟

* تەبعەن.. ئەی چۆن نەگریام، کێ هەموو کورد بێ و لەو ڕۆژە دا نەگرێ...

- خەڵکەکە..

* خەڵک.. هەموو کەس دەگریان، ژن دەگریان، پیاو دەگریان، منداڵ دەگریان، کەس نەبوو نەگرێ. ئەو دیمەنی قازی موحەمەد.. ئەو قازیەی کە گوڵی ساباڵاخ بوو، ڕوحی ساباڵاخیان بوو.. وای لێهاتبوو.. عەجەمی ئەفیۆنی ئەوهای بە سەر کورد هێنا...

- ئەی لەم حاڵەدا کە مینا خانم و وان هاتن چیان کرد؟

* لە بیرم نییە، چونکە قەرەباڵخی زۆر بوو، خەڵکیش نەیاندەوێرا زۆر ئیزدحام بکەن و خەڵکەکە خۆشیان نەیاندەوێرا زۆر ڕاوەستن لە تەک عەسکەرەکانی ئیران. چواردەوریان گرتبوو.

- ئیحتیمالی ئەوە نەدەدرا کە لە نێوان خەڵک و عەسکەرەکانی دەوڵەت دا شەر بکرێت..

* دەوڵەت ئیحتیاتی خۆی کردبوو لە هەموو بوارەکدا. ئامادە بوو، سەربانەکان هەموو گیرابوون، جادەکان هەموویان داگیرکرابوون. ڕێگا نەمابوو کە نەگیرابێت.

- مامۆستا تا ئەو جێگایەی کە بێتە بیرتان جەنازەکان چەند سەعات بە سەر دارەوە مان؟

* تەقریبەن هەتا ساەت ١٠ یا ١٠.٣٠ی بەیانی من لە وێ بووم، ئەوانە بە سەر دارەوە مابوون. دوایی ئەمن ڕۆیشتم نازانم ئیتر کەی لێکراونەتەوە..

- هێندەک کەس دەڵێن کە دەوڵەت نیازی وا بوو کە بۆ سێ ڕۆژان جەنازەکان بە سەر دارەوە هەڵواسراو بهێڵێت بەڵام خەڵکەکە نەیانهێشت..

* بەلێ ڕاستە.. دەوڵەت نیازەکی وای هەبوو، خەڵکیان نارد، ڕێشسپیان نارد بۆ لای قایدەی عەسکەری مەهابادێ و داوایان لێکرد کە کارەکی وا نەکەن. چونکە ئیمکانی ئەوە هەبوو کە خەڵکەکە شۆڕەش بکەن.




• پاش شەهیدکردنی پێشەوا قازی موحەمەد و هاوڕێیانی، چەند کەسی دیکەش شەهید کرابوون لەو شەهیدانە ناوی کێتان لە بیرە؟

* ئەو چوار کەسەی دیکە.. «ڕەسووڵی نەقەدەیان» کە ڕسمەکەیم دا بە ئێوە. «حامد مازووچی»، «عەبدوڵلای ڕۆشەنفکر» و «محەمەدی نازمی».

• باشە مامۆستا چۆن بوو کە کاتێ پێشەوا و هاوڕێیەکانی گیران تو هەڵنەهاتی؟

* ئەمن ئەوسا بە ناوی کرێکارەک لە چاپخانەدا مەشغووڵی کار بووم و ئەوان بە دوایی ئەو کەسانەدا چوون کە لە من موهیمتر بوون. دیارە لە ڕەوشەکی وا دا بە دوای من دا ناکەون. ئەوان بە دوای گرتنی کەسایەتییە مەشهوورەکان دا بوون. جارێ وەختی ئێمە مابوو کە بێن بە دوامانا. کە زانیمان وەختی گرتنمان هاتووە من و چەند کەسی دیکە پێکەوە هاتینە ئەم دیوی کوردستان.

• باشە مامۆستا چۆن بوو ئەو وەزیرانەی دیکەی کابینەی کۆمار نەگیران مەسەلەن بۆ نەمر بابا شێخ نەگیرا؟

* حاجی بابا شێخ، ئینسانەکی شێخ بوو، مرۆڤەکی دینی بوو لە کوردستانی ئێران دا لە نێو خەڵکدا نفووزی هەبوو. شێخ بوو شێخەکی گەورە بوو. لە گەڵ شاهی ئێران سابقەی یەکترناسینیان هەبوو کە شاە هەمیشە لێی پرسیوە. (جا نازانم پارەمارەی بۆ ناردووە یان نە)، لە بەر ئەوە دەستیان لێنەدا. هێندێک بۆ کاتێکی کەم گیرا بەڵام بەردرا. مەلا خەلیلیش کە ساڵی ۱۳۰۷ ئاسی بوو و گوتی: پۆشینی جل و بەرگی پەهلەوی حەرامە، کڵاوی پەهلەوی حەرامە.. ئەویش کە دوایی مەجبوور بوو تەسلیم بێت، پەهلەوی ئەوی عەفوو کرد. ئەوجا ئەو سەبەبەی کە مەلا خەلیل پێی عەفوو کرا، حاجی بابا شێخیش هەر ئەوە بوو کە خاوەن نفووز بوون.

• لە کاتی مەحاکەمەکردنی پێشەوا دا ئەو کەسانەی کە لە دژی پێشەوا نامەیان ئیمزا کرد بۆ ئیعدامکردنی ناوی کێتان لە بیر ماوە باشە چۆن بوو ئەو شتە کرا؟

* ئەوە ئەغڵەبی فشاری حکوومەت بوو. ئێمە کەم کەسمان هەبوو کە دوژمنی گیانی پێشەوا قازی موحەمەد بێت. ئەمما ئەوە ئەغڵەبی بە فشاری دەوڵەت کراوە، گوشاری حکوومەت وای لێکردوون داوا بکەن لە شاە کە قازی موحەمەد ئیعدام بکرێ.

• ئیمزاکردنی ئەو نامەیە تاسیری هەبوو لە ئیعدامکردنی پێشەوا و هاوڕێیانی..

* ئیمزاکردنی ئەو نامەیە، نە.. زۆر نامە هەیە من ناوی ئەغڵەبی ئەوانم نووسیوە. نەخێر ئەوە بۆ ئەوەی کە وەسیلەیەک بدەنە دەست حکوومەت کە بڵێن معللەت خۆی داوای کردووە کە ئەوانە بکوژرێن، ئەوانە لە دار بدەن. بۆ ئەوەیە کە جوابی ڕۆژاوا بدەنەوە،

جوابی خەڵک بدەنەوە..

• لەو دەمە دا عەشایری کورد هەبوون.. پێتان وایە عەشایری کورد لە تێکچوونی کۆمار دا چەندە ڕۆڵی هەبووە؟

* ئاغا و بەگەکان بە گشتی یانی ڕەیس عەشیرەکان بە گشتی دەگەڵ قازی دا نەبوون. هەرچەند قسمەکیان تێدا بوون، ئەما لە گەڵ مەسەلەی کورد دا نەبوون، دژی مەسەلەی کورد بوون.

• هێندەک کەس دەڵێن کە پێشەوا قازی موحەمەد چوو بە پێشوازی ئەو سەرهەنگەی کە قەرار بوو بێت و مەهاباد بگرێتەوە. وە ئەو کارەی پێشەوا بە خۆتەسلیمکردن بە حیساب دێنن بۆچوونی ئێوە چییە؟

* ئەو کەسە سەرهەنگ نەبوو، دەرجەی گەورەتر بوو لە سەرهەنگی. من لە بیرەوەرییەکانم دا هەموو شتەک و هەتا ناوەکانیشیانم نووسیوە. بەڵام ئەوان داوایان لێکردن کە بڕۆن و پێشوازیان لێبکەن. قازی موحەممەد مەجبوور بوو کارەکی ئەوها بکات...

• بۆ مەجبوور بوو؟

* مەجبوور بوو.. چونکە خۆی تەسلیم کردبوو کە خساری گەورە بۆ خەڵکەکە نەیێتە پێش. یا دەبوو ڕابکا(هەڵی) یان دەبوو ئەوی حکوومەت بڵێ قەبوڵی بکات.

• بەڵام پێشەوا قازی دەیزانی کە ئەکوژرێت..

* بەڵێ.. بەڵێ. .. بەڵام لە بەر ئەوەی چوو کە میللەتی مەهاباد وەک ئەوەی بە سەر تەورێز هات بە سەر ئازەربایجانیان دا هات، بە سەر میللەتی سابڵاخ دا نەیێت. ئەو خۆی کرد بە قوربانی میللەتی کورد بە گشتی و میللەتی سابڵاخ بە تایبەتی...

• بەڵێ.. دیارە ئەو پێشبینی و ئەو دووربینییەی پێشەوا زۆر موئەسیر بوو.. وایە؟

* بەڵێ.. بەڵێ.. مەلا مستەفا زۆر هەوڵی لە گەڵ دا کە بڕوا، زەبیحی زۆری هەوڵ دا کە لە گەڵی بڕوا. ئەوانەی قەبوڵنەکرد، گوتی: من میللەتی سابڵاخ بە جێ ناهێڵم... ئەوە شتەکی ئاشکرا بوو خۆ، هەموو کوردی سابڵاخ دەزانن کە کارەکە چۆن کرا.

• ئێستا ٨٥ ساڵ لە تەمەنت گوزەراوە. گەورەترین ئارەزووت لە ژیانا چییە؟




* گەورەترین ئارەزووم ئەوەیە کە هەموو پارچەکانی کوردستان یەک بگرن، کورد ئازاد بێ.. ئەوە نەک هەر ئارەزووی منە ئارەزووی هەموو کوردەکی دڵسۆزە.

- پەشیمان نیت لەو هەموو ڕەنج و زەحمەت و جەفایە؟

* ئەگەر دوای مردن زیندوو ببمەوە هەر ئەو ڕێگایە دەگرم. ئەو ڕێگایەی کە خزمەتی کوردە، کوردایەتی یە.

- ناخۆشترین خاترەی ژیانت چییە؟

* خەبەری مردنی باوکم. باوکم نەدیوە، عایلەی خۆم کەسم نەدیوە، هەموویان مردوون، ئەمن لە مەراسمی هیچیان حازر نەبووم.

- مامۆستا شەخسیەتی پێشەوا و نەمر مەلا مستەفا بارزانی چۆن لە گەڵ یەکترا موقایسە دەکەی؟

* عەفووم بکە.. (جواب نادەتەوە)

- پێتان وایە لە حاڵی حازردا پاش ئەو پارچەیە کە ئازاد کراوە، نۆبەتی کام پارچەی دیکەی کوردستانە کە ئازاد بکرێت؟

* چۆنیەتی سیاسەت دەزانێ، ڕەوشی پاشەڕۆژی دونیا دەزانێ کە چۆن دەبێ، کامیان وەپێش دەکەون. ئەما پێم وایە ئیتر ئیشەڵا ئیران دەبێ...

- ئەی ڕەوشی کوردەکانی باکوور چۆن دەبینی؟

* بەخۆیان وردە وردە ڕامیان دەکەن، ئەمریکاییەکان وردە وردە ترکەکان ڕام دەکەن. وەختی ئەوە دێت کە ئەوانیش داوای هەقی خۆیان بکەن.

- نەزەرت لە سەر بەرنامەکەمان(ناودارانی کورد) چییە؟

* من ئەوەڵەن زۆر لەوە نارازیم کە من زمنی ئەو ناودارانە گۆتووبێژم لە گەڵ دا بکەی. چونکە من خۆم بە ناودار نازانم. من خۆم لە پێشمەرگەیەکی کورد زیاتر نازانم. بۆ بەرنامەکەتان داوای سەرکەوتن دەخوازم. بۆ ئارشیڤی میللی کورد و بڵیندکردنی شەخسیەتی کورد کارەکی پیرۆزە. کارەکی مێژوویی یە.

• وەک کەسایەتی و مرۆڤەکی بە تەجروبە مەساژ(پەیام)ی ئێوە بۆ میللەتی کورد (بۆ کوردەکانی هەر چوار پارچە) چییە؟

* رێککەوتنە، ئیتیحادە بەینی ئەو چوار پارچانە، لەوە زیاتر نییە. ئەما ئەگەر رێکنەکەوین ناتوانین مووەفەق بین لە چالاکییەکانی خۆمان دا، لە خەباتی خۆمان دا. دەرمانی هەموو دەردێک یەکێتی یە، یەکێتی، تەنیا یەکێتی..

• لە ژیانت دا قەت تامی ئازادیت چێشتووە؟

* کەم.. هەر ئەو زەمانی دیمۆکرات، زەمانی کۆماری کوردستان.. ئەو بەینەش بەس تامی ئازادیم چێشتووە.

• ئەی ئێستا کە پارچەکی خاکی کوردستان ئازادە؟

* ئێستا زۆر باشە، باشە ئەگەر خۆمان لە خۆمان تێکی نەدەین. ئێستا ڕەوشی کورد ئەگەر رێککەوین، ئەگەر ئیتیحاد و یەکێتیمان هەبێت، ئەگەر ئەو دوو پارچەی کوردستانی عێراق یەک بن.. داهاتوومان باشتر دەبێت.

• ئەو وەزیرانەی کۆماری کوردستان کە پاش تێکچوونی کۆمار زۆربەیان ئیعدام نەکران، وەک نەمر مەناف کەریمی و زۆر کەسی دیکە.. پاشان قەت پەیوەندیتان لە گەڵ هیچیەک لە واندا هەبوو؟

* نەخێر، قەت نەدەکرا، ئێمە لە ئێرە و ئەوانیش لەو دیوی کوردستان، هەمیشە لە ژێر زەخت دا بووین.. چۆن دەکرا؟

• ئەی لە گەڵ هێمن و هەژار موکریانی؟

* هێمن و هەژار.. لە ئێرە کاتێ کە من هاتم گوتیان هەژار نەخۆشە، دەینێرن بۆ لوبنان. لە هۆتێلەک بوو بە نێوی ترۆکادێرۆ. لە گەڵ ( کەسێک؟) چووم بۆ لای، دۆزیمەوە، ڕەوشی زۆر قۆڕ بوو. واتە نەخۆشی سیلی هەبوو. لە وێ من هەژارم دۆزیەوە، دوایی پاش بەینەک هێمنیش هات. هێمنم لە ئێرە (لە باشووری کوردستان ) ناسی.

• مامۆستا، ئەوانەی کە پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان حزبیان بووژاندەوە، یەکێ لە وان تو بووی، ئیتر کێی دیکە هەبوو؟

* ئەوانە دەرنەکەوتن هەتا دوایی ٤٤ی تەمووز، جەماعەت جەماعەت دەهاتن بۆ ئێرە. وەک جەماعەتی قادر شەریف، زۆر جەماعەتی دیکەش دەهاتن بۆ ئێرە. لە ئێرە ئەغلەبی میوانی مەکتەبی سیاسی پارتی بوون. یانی میوانی مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەد و ئەوانە بوون. یانی ئینسان ڕاست بڵێ کە مەکتەبی سیاسی ئەوسا خزمەتی زۆر بوو بۆ کوردی ئێران، بە چەک، بە پارە،

خزمەتی زۆریان کردین.

* ڕێزدار شاپەسەندی، کێبوون ئەوانەی لە گەڵتانا بوون کە حیزبیان بووژاندوە؟ ئەڵێن مینا و عیسمەت قازی کچی پێشەوا زۆر هاوکاری ئێوەیان دەکردە، ڕاستە؟

* بەڵێ ڕاستە، بەڵام من لە ئەم دیوی کوردستان بووم و ئەو کارە لە لای خۆمان دەکرا (ڕۆژهەڵاتی کوردستان). یانی من دەگەڵ ئەوانە نەبووم. ئەوان خزمەتی غەنی بلوریان و ئەوانی دیکەیان کردووە. واتە وەختی خۆی لە سابڵاخ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیان بە حیسابی خۆیان دەبووژاندەوە. بەڵێ، مینا خانمی خێزانی پێشەوا و عیسمەتی کچی و ئەوانی دیکە هاوکاریان کردوون.

* زۆر سپاس بۆ ئەوەی کە وەختتان دا بە من بۆ ئەم گۆتوبێژە.

* منیش سپاست دەکەم. هیوادارم کە لە کارەکانتان دا هەمیشە سەرکەوتوو بن.

سەرچاوە : ماڵپەری گزینگ / ڕێکەوتی : ٢٠ی جوولای ٢٠٠٧




# نەخشی بارزانی لە کۆماری کوردستاندا

**س. ج. هێرش**

بەر لەوەی کەسایەتی مێژوویی و سیاسی یەکێک لە مەزنترین سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد «مەلا مستەفای بارزانی» کە لە کۆماری کوردستان (١٩٤٦) بە ڕێبەرایەتی «پێشەوا قازی محەمەد»، نەخشێکی بەرچاوی هەبووە بخرێتەبەرچاو، باش وایە ئاوڕێک بە ڕابردووی ناوچەی بارزان و بەتایبەت بنەماڵەی شێخانی بارزان بدەینەوە کە بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لە دژی تورکە دەسەڵاتدارەکانی عوسمانی ڕاپەڕیون و گیانیان لە پێناو بەرەوپێشبردنی هەستی نەتەوایەتی و ئامانجی ڕزگاریخوازیی کورد بەخت کردووە. هەژار لە پاشکۆی (شەرەفنامە)دا سەبارەت بەم مەبەستە ئاوای نووسیوە:



«ناوچەی بارزان مەڵبەندێکی چڕ و سەخت و لێرەواره. لە سەر سنووری نێوانی تورکیا و ئێران و عێراق هەڵکەوتووە و سەر بە ئەستانی هەولێرە. زەوی و زاری بۆ داچاندن یەکجار کەمە...

جا چونکە مەڵبەندەکەشیان چڕ و دڕ و لە داعبا و دڕندە پڕە. کوڕوکاڵیان زۆربەی کاتی خەریکی نچیر و ڕاوە. هەمووی زۆر ئەنگێوەی چاک و بە گورد و گوڕ و چالاک و بە جەرگ و ئازا دەرەخسن، لە خوا نەبێ لە هیچ کەسی تر ناترسن...

دەماودەم وا دەگێڕنەوە کە ماڵە شێخانی بارزان لە ڕۆژگارانی پێشیندا لە بەرەی ماڵی میرانی ئامێدی بوون، یەکێکیان بە ناوی (مەسعوود) لە میرایەتی میراتی وەرەز بووە، ڕووی کردۆتە بناری چیای زێبار و دەستی لە دنیا بەرداوە و تەکی داوە بە لای خواوە و بە گۆشەنشینی ژیاوە. لە پاش ئەویش وەچ و نەوەی لە سەر شوێنی ئەو ڕۆیشتوون، خوێندوویانە و پلەپلە پێ گەیشتوون، بوونە زانا لە زانستی ڕواڵەتی و نهێنیدا. لەمانە ئەوی ناسراون و نازناوی مەلایان هەبووە، بە زنجیرە: تاجەددین و محەمەد و عەبدوڵلایە. کوڕانی مەلا عەبدوڵڵا هاوچەرخی مەولانا خالیدی شارەزووریین (١٧٨٣- ١٨٢٦م =(١١٩٧ـ ١٢٤٢هـ). لەوانە دووان: عەبدولڕەحمان، عەبدولسەلام، بوونە خەلیفەی سەید تەهای شەمزینانی کە سەید تەهاش خەلیفەی مەولانا بووە. لەوساوە شێخانی بارزان بە تەریقەت نەقشبەندین. عەبدولسەلام لە شۆڕشی سەربەخۆبوونی کوردستان (١٢٩٦ کۆچی) کە شێخ عوبەیدوڵڵا سەرکردەی بوو بەشدار بووە. کوڕە گەورە و جێنشینی عەبدولسەلام: شێخ محەمەدی بارزانی دەگەڵ ئاغا و قەلەوقوتەی خوانەناس و هەژارچەوسێن کەوتۆتە بەربەرەکانی و تورکەکان لێی دڕدۆنگ بوون و بۆ ماوەیەک لە بەندیخانەی بدلیسدا حەپس کراوە و ماوەیەکیش لە بارزان دووریان خستووە و لە شاری موسڵ ژیاوە. شێخ محەمەد پێنج کوڕی بوون: عەبدولسەلامی دووهەم، شێخ ئەحمەد، شێخ حەمە سەدیق، شێخ بابۆ و مەلا مستەفا». (شەرەفنامە، هەژار) {بە ڕێنووسی گزینگ نووسراوەتەوە}

لێرەدا دە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی تەریقەت (نەقشبەندی و قادری و..)دا، پێویستە لە پاڵەوە ئەو لایەنە جەخت بکرێتەوە کە لە دوای نەمان و لەناوچوونی یەک لە دوای یەکی ئەمارەتە کوردییەکان و ئاخرینیان ئەمارەتی ئەردەڵان (۱۸۷۸) لەلایەن پادشاکانی قاجار و سوڵەتانەکانی عوسمانی، مەکۆی بیری بەربەرەکانی و کانگەی ئامانجی ڕزگاریخوازی و نیشتمانی دەگوزرێتەوە بۆ ناوەندی خانەقا و تەکیەکان کە ڕاپەڕینەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ مەحموودی حەفید، شێخ سەعیدی پیران، شێخانی بارزان و.. باشترین نموونەی ئەو دیاردەیەن.

جێی بیرهێنانەوەیە لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا، هەر لەو بنەماڵەیەی شێخانی بارزان سێ کەس واتە شێخ عەبدولسەلام و شێخ محەمەد و عەبدولسەلامی دووهەم(باپیر و باوک و برا گەورەی مەلا مستەفا) کە لە دژی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارانی تورک ڕاپەڕیون و دەکرێ بە قۆناخی یەکەمی ڕاپەڕینی ئەو بنەماڵەیە لە قەڵەم بدرێ، بە دەست تورکە خوێنمژەکان لە داردراون.

قۆناخی دووهەمی ڕاپەڕینی ئەو بنەماڵەیە لە سەردەمی دەوڵەتی تازە پێکهاتووی عێراق(لە ژێر کۆنترۆڵی بریتانیا)، واتە ئەو کاتەی کە ئیمپراتۆریی عوسمانی لە ئاکامی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە دادەوەشێ و دادەبەشرێ دەست پێدەکاتەوە. دیارە لەگەڵ ڕاپەڕینی ئەو قۆناخەی بارزان، هاوکات زنجیرەیەک ڕاپەڕینی دیکە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی گەورە (تورکیا، ئێران و عێراق) بە چەند ساڵێک ئەملاوئەولا سەرهەڵدەدەن کە لێرەدا بۆ هەتڵەنەبوون لە مەبەست خۆیان لێ دەبوێرم. هەڵبەت ئەوەش بگوترێ کە یەکێک لە لایەنە لاوازەکانی شۆڕشی کورد لە هەموو قۆناخەکانی مێژوییدا کە هەمیشە بە زیانی ستراتێژی نەتەوەیی داشکاوەتەوە، یەکنەگرتوویی و نەبوونی ئامانجی هاوبەش و پچڕپچڕ و لێکدابڕانی ڕاپەڕینەکان لە یەکتر بووە. دیارە، شیاوی ئاماژە پێکردنە کە کاکڵ و نێوەرۆکی تەواوی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی دابەشکراودا هەڵگیرساون، هەموویان بۆ دامەزران و بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد بوون، بەڵام هەرکام بە گوێرەی کارتێکەری و کاردانەوەی ئەم یان ئەو بارودۆخی ناوچەیی و هەلومەرجی نێونەتەوەیی خاوەنی ویست و خواز و هەڵوێست و تاکتیکی تایبەت بە خۆیان بوون.

بۆنموونە، کاتێک ئاخرین سەنگەری شۆڕش و ڕاپەڕینی شێخ مەحموودی حەفید لە ساڵی ۱۹۳۱ لەلایەن دەوڵەتی عێراق بە یارمەتی و پشتیوانیی هێزی هەوایی بریتانیا تێکشکێندرا، ڕاپەڕینێک بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی لە سۆنگەی نیشتەجێکردنی ئاسۆرییە دەرکراوەکانی حەکاری لە ناوچەی بارزان لە لایەن بریتانیاوە دەست پێدەکا. هەرچەند ئەو ڕاپەڕینەش لە بەهاری ساڵی ۱۹۳۲ بە هاوکاری و پشتیوانیی فڕۆکە بۆبمهاوێژەکانی بریتانیا سەرکوت کرا، بەڵام دەگەڵ هەڵگیرسانی ئەو شۆڕشە نێوی شێخ ئەحمەد و براکەی واتە مەلا مستەفای بارزانی وەک درێژەپێدەری ئەو خەبات و ڕاپەڕینەی کە کاتی خۆی شێخانی بارزان لە قۆناخی یەکەمدا لە دژی ئیمپراتۆریی عوسمانی وەڕێیان خستبوو، لە گۆڕەپانی سیاسەتدا کەوتنە سەر زارانەوە.

لە ئاکامی تێکشکاندنی ئەو شۆڕشەدا و بەتایبەت بۆمبارانی ۷۹ گوندی ناوچەی بارزان، شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا و بنەماڵەکەیان بۆ باشووری عێراق و دواتر کەرکووک و سلێمانی دوورخرانەوە.

مەلا مستەفا کە لە تەواوی ئەو ڕاپەڕین و شەڕوشۆڕانەدا وەک پارتیزانێکی کارامە و سەرکردەیەکی لێهاتوو سەرنجی کۆڕوکۆمەڵانی خەلکی کوردی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، توانی بە یارمەتی حیزبی «هیوا» و ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکان و کوردە نیشتمانپەروەرەکانی سلێمانی، دوای دەساڵ دوورخراوەیی و دەستبەسەریی لە ساڵی ۱۹۴۳دا بگەڕێتەوە بارزان و، ئاگری شۆڕشێکی دیکە هەڵگیرسێنێتەوە. دەنگدانەوەی ئەو ڕاپەڕینە بە جۆرێک بوو کە کۆمەڵەی (ژ. ک) لە گۆڤاری «نیشتمان، ژمارە ۲، »دا نووسی: «ئەم جەنگەی سەرۆکی گەورەی کورد (مەلا مستەفای بارزانی) هەڵئیناییساندووە ئیختیلال{شۆڕش}ێکی میللی کوردە«.

بە کورتی، شەڕ و گرژیی و پێکهەڵپڕژان و ناکۆییەکانی نێوان دەوڵەتی عێراق و بریتانیا و هێزی ڕەوانەکراوی جاش لەلایەک و، مەلا مستەفا و بارزانییەکان لەلایەکی ترەوە، ماوەی دوو ساڵی خایاند؛ کە لە ئاکامدا، لە ئووتی ۱۹۴۵دا لە سۆنگەی شەڕێکی سەخت و ئەستەم کە لەشکرێکی زۆر تەیار لە سەرباز و جاش بەهاوکاری و پشتیوانی هێزی هەوایی بریتانیا تێیدا بەشدار بوون، مەلا مستەفای بارزانی لە مانگی ئۆکتۆبری ئەوساڵەدا، وێڕای دە هەزارکەس لە بنەماڵە و پێشمەرگە و شۆڕشوانانی کورد، بە ناچاری سنووری عێراق دەبەزێنێ و بە ڕێگەی (کێلەشین)دا پێ دەنێتە خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە.

سەبارەت بە هاتنی بارزانییەکان بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات کە هاوکات بووە لەگەڵ سەرەتای پێکهاتنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و دواتر دامەزرانی کۆماری کوردستان (۲۲ی ژانڤییەی ۱۹۴۶) لە شاری مهاباد ، گەلێک بیروبۆچوونی جیاواز هاتوونەتە ئاراوە، کە یەکێک لە بەرچاوترینیان ئەوەیە گوایە هاتنی بارزانییەکان و مەلا مستەفای بارزانی ترسێکی زۆری خستووەتە دڵی کوردەکان و بەتایبەت شەخسی«قازی محەمەد»ەوە کەوا لە داهاتوویەکی نزیکدا لە تەدارەکی دامەزرانی دەوڵەتی خۆیاندان.

**با بزانین ڕاستی و دروستی ئەو بیروبۆچوونە تا کوێ بڕ دەکا و، ئایا دەگەڵ واقیعی ڕووداوەکان یەک دەگرێتەوە؟!**

هەروەک دەزانین کاتێک مەلا مستەفای بارزانی لە وتووێژ و گفتوگۆ دەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراق و هەروەها کارگێڕانی سیاسیی بریتانیای جێگیر لە عێراق بە ئامانجی دڵخواز نەگەیشت، بۆ ئاخرین جار لەم قۆناخەدا ڕاپەڕی کە ئەوە هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی و، ئەوەش بەو مانایە بوو کە هێزەکانی بریتانیا ئێستە دەیانتوانی بە فکر و خەیاڵێکی ئاسوودەوە ئاگری شۆڕشی بارزان کە لەوانە بوو لە داهاتودا هەڕەشە لە بەرژەوەندی وان و بە تایبەت نەوتی کەرکووک بکا دابکوژێننەوە.

ئەوەش دەبێ بگوترێ ئەگەر تا دوێنێ ئەمریکا و ئینگلیس و یەکێتی سۆڤێت لە شەڕی دژی نازیسمی هیتلێریدا هاوپەیمان بوون، هەر لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دووهەم ئەو هێڵە کەمڕەنگ دەبێتەوە و دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان دەگەڵ هاوپەیمانی دوێنێیان دەکەونە ململانێ و ناکوکی و، یەک لە مەسەلە بەرچاوەکانی ئەو ناکۆکییەش کێشەی کورد و بەتایبەت کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤێت لە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵ (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات) بوو. هەربۆیەشە کاتێک مەلا مستەفای بارزانی وێڕای هێزی پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان ڕوودەکەنە کوردستانی ڕۆژهەڵات، زۆربەی دەوڵەتە دراوسێکان تووشی دڵەڕاوکێ دەبن و، تەنانەت یەکێتی سۆڤێتیش ـ

جا چ بە شێوەی گەمەی دیپڵۆماسی یان هەر بە ڕاست هەڵوێستی سیاسیان وابووبێ، بە چاوێکی شک و گومانەوە سەیری هاتنی بارزانییەکان دەکەن و پێیانوابووە مەلا مستەفای بارزانی لە لایەن ئینگلیسییەکانەوە بۆ تێکدەری و گێرەشێوێنی هاتۆتە ئەودیوی سنوور، کە مێژوو ناتوانێ ئەو ئۆباڵە وەئەستۆ بگرێ!

ئەوەی ڕاستی بێ، سۆڤێتییەکان لەگەڵ ئەوەدا کە هیچ سیاسەت و بەرنامەیەکی ڕوون و بەرچاویان بۆ کێشەی کورد (لانیکەم ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان ـ مهاباد و شارەکانی دیکە) نەبوو، دەیانویست لە مەسەلەی کورد و بەتایبەت هاتنی بارزانییەکان، وەک گەمەی دیپڵۆماسی و ئامرازی گەیشتن بە بەرژەوەندییە گشتییەکانی دوای شەڕ دەگەڵ ڕۆژئاوا کەڵک وەرگرن. ئەوەش جەخت بکەمەوە کە ڕووسەکان بە هیچ بارێک دامەزرانی کۆماری کوردستانیان بەدڵ نەبوو، ئەوان مەسەلەی کوردیان بە تێکڕایی وەک مەسەلەیەکی ناوخۆیی ئازەربایجان چاو لێدەکرد.

بە هەرحاڵ، ئەو سەرچاوانەی کە باس لەوەدەکەن کە هاتنی بارزانییەکان بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، دڵەڕاوکێ و نیگەرانی خستۆتە دڵی کوردەکانی ئەو بەشە و تەنانەت شەخسی قازی محەمەدەوە دەگەڵ واقیعی ڕۆژ و فاکتەکان یاک ناگرێتەوە. مێژوو زۆر بە ڕوونی ئەوە دەسەلمێنێ کە هەم قازی محەمەد بە شێوەیەکی زۆر سیاسییانە و ئەمەگدارانە لە هێزی بارزانییەکان ئەوپەڕی کەڵکی وەرگرت و، هەم مەلا مستەفاش ئەوپەڕی یەکدڵی و یەکڕەنگیی خۆی لە خزمەت بە مەسەلەی کورد و کۆماری کوردستان(١٩٤٦) نیشان دا.

• • •

سەرنج:سەرنج: ـ (ئەو گوتارە لە سەر داوای ماڵپەڕی «کۆماری کوردستان» نووسراوە ـ س. چ. هێرش)

بۆ نووسینی ئەو گوتارە، لەم سەرچاوانەی خوارەوە کە پێوەندییان بە باسەکەوە هەبووە کەڵک وەرگیراوە:

١) شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، هەژار کردویە بە کوردی ـ ١٩٨١، (لە شوێن چونێک: هەژار).

٢) تاریخ و مشاهیر کرد، تالیف: بابا مردوخ روحانی(شیوا)، بخش دوم(جلد سوم)، سروش، تهران . ١٣٧١ (بەشی: بارزانیان، قازی محەمەد).

٣) دیوید مک داول، تاریخ معاصرکرد، ابراهیم یونسی، ١٣٨٠

٤) با این رسوایی، چە بخشایشی؟ جاناتان رندل، ترجمە: ابراهیم یونسی.

٥) حکومەتی کوردستان، ڕێبەندانی١٣٢٤ . سەرماوەزی ١٣٢٥، کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا، نەوشیروان مستەفا ئەمین (لاپەڕەکانی ٧٨، ٧٩ و ٨٠).

## نەخشی بارزانی لە کۆماری کورستان (١٩٤٦)

(بەشی دووهەم)

دەوەدا شک نییە، کە بەشێکی زۆر لە سەرۆک عەشیرەکانی کورد، بە هاتنی«مەلا مستەفای بارزانی» بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات نەتەنیا خۆشحاڵ نەبوون، تەنانەت هێندێکیان پێیان خۆش بوو کوێر بن و هێزی بارزانییان بە دەوروبەری دەسەڵاتی خۆیانەوە نەبینن.

بەڵام ئەوەیکە بگوترێ «قازی محەمەد» لەم بارەیەوە دژایەتی نواندووە، بیروبۆچوونێکی ڕاست نییە. چونکە لە کاتی هاتنی بارزانییەکاندا، قازی محەمەد، نە پلەیەکی ڕەسمی(فەرمی) هەبووە، نە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان سازکراوە و نە کۆماری کوردستانیش ڕاگەیێندراوە. هەروەها ئەو قسەیەش کە گوایە »مەلا مستەفای بارزانی» ویستوویە لە دژی قازی محەمەد کودەتا بکا، بیروبۆچوونێکە زیاتر لە مێشکی ناحەزان و نەیارانی کورد و نەشارەزایانی مێژوو دەڵاوەتەوە. هەڵبەت لە مێژووی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا زۆر جار ڕوویداوە کە لە وەختی ناسک و ئەستەمدا، دوژمن کە نەیتوانیبێ راستەوخۆ بەرەنگاری ڕاپەڕین و بزووتنەوەکان ببێتەوە، بە سازکردنی قسەڵۆک و دەنگۆی لەم چەشنە لایەن و لاباڵەکانی کوردی تێک بەرداوە و، بەداخەوە زۆرجاران لەم بوارەوە سەرکەوتنیشی بەدەست هێناوە.

هەروەک پێشتر گوترا، کاتێک بارزانی، لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩٤٥ دا، هاتە ناو خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە(ڕۆژفێڵت)، ڕووسەکان کە خاوەندەسەڵاتی ناوچەکە بوون، لە ژێر تەئسیر و لۆمە و لەقەم و گلەیی ئینگلیسییەکان، داوایان لە بارزانی کرد ماوەیەک خۆی دەرنەخا. دیارە کاکڵی ئەو قسەیە بەو مانایە بوو کە خۆ دەکاروباری کوردەکانی ژێرناوچەی ئەوان وەرنەدا. بەڵام ئایا کەسێکی وەک بارزانی دەیتوانی لەو بارودۆخەدا بێلایەن بمێنێتەوە؟ هەڵبەت بە پێی بارودۆخی گشتی و هەلومەرجی سیاسی و ناوچەیی، نە بۆ «بارزانی» دروست بوو کە وەک میوانێکی بێلایەن لە سووچێکی ئەو کوردستانەی کە خۆی بۆ گەورەترین ڕووداوی چارەنووسساز، واتە دامەزرانی کۆماری کوردستان ئامادە دەکرد پاڵبداتەوە و، نە بۆ «قازی محەمەد»یش کە هەر لە دەورانی کۆمەڵەی (ژ. ک) و تەنانەت پێش پێکهاتنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (نۆڤامبری ١٩٤٥/ ئیگلتن) ڕێبەرایەتییەکەی لە لایەن خەڵکەوە قەبوڵکرابوو، جێگەی ساوەساو بوو کە چاوی واقیعبینی نەکاتەوە و لە پێناو تەبایەتی و کوردایەتیدا، ئاوڕ لەم کەسایەتییە و هێزە نیشتمانپەروەرەکەی نەداتەوە!

ئەوەی وەک واقیعێکی مێژوویی دەبێ جەخت بکرێتەوە و پشت گوێ نەخرێت، لە ئارادابوونی سێ جۆرە شێواز و هەڵویستی سیاسی ئەوکاتەی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت بووە لە ئاست وڵاتی ئێران بەگشتی و مەسەلەی ئازەربایجان و کوردستان بەتایبەتی.

یەکەمیان: هەڵویست و سیاسەتی ڕەسمیی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت ئەوە بوو کە تەنیا بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ڕوانگەی شەڕێکدا دەدیت کە لە سۆنگەیەوە بتوانێ نفوزی سیاسی خۆی لە ناوچە و هەرێمدا پەرەپێبدا و بەم جۆرە بە ئاواتە لەمێژینەکانی بگا کە بەرچاوترینیان مەسەلەی نەوتی باکووری ئێران بوو.

دووهەمیان: هەڵوێست و سیاسەتی قەومی و ناسیۆنالیستیی دەوڵەتی ئازەربایجانی سەروو(باکۆ) بە سەرکردایەتی میر جەعفەری باقرۆف کە لە ژێر پەردەی خزمەت بە ئامانجەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا بۆ لکاندنەوەی بەشی خواروو(ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ئێران) و دامەزرانی ئازەربایجانی یەکپارچە بەڕێوەدەچوو.

سێهەمیان: هەڵوێست و سیاسەتی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران و ئازەربایجان کە سەرەڕای هەبوونی چەند هێڵ و لایەنی جیاواز تێیاندا، بە تێکڕایی خوازەری ئەوەبوون کە ئارامی و هێمنایەتی ناوچە بپارێزرێ و بەر بە گێرەشێوێنی و بەلبەشۆی عەشیرەیی بگیرێ.

کەوابوو، لە بارودۆخ و هەلومەرجێکی ئاوا ناسک و ئەستەمدا، شکاندنی هەموو دێزە و گۆزەکان دە سەری ڕێبەرێکی لێهاتووی وەک «قازی محەمەد» کە گوایە لە سەرەتای هاتنی بارزانییەکان تووشی ساوەساو و کەمتەر خەمی بووە و بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەداون، بیروبۆچوونێکی ناڕەوایە.

بەهەرحاڵ، دوای ئەوەیکە لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ی هەتاوی(٢٢ی ژانڤییەی ١٩٤٦) کۆماری کوردستان لە چوارچرای مهاباد ڕاگەییندرا، «مەلا مستەفای بارزانی» لە لایەن «قازی محەمەد»ەوە بە شێوەی ڕەسمی بۆ مهاباد بانگهێشتن کرا کە هەواڵی ئەو سەردانە لە ڕۆژنامەی کوردستان (ژمارە ٢١ ، ڕێکەوتی ١١ / ١٢ / ١٣٢٤) دا بەم جۆرە باسکراوە:

«جەنابی مەلا مستەفا قائیدی کوردی بارزان ڕۆژی ٩ی ١٢ی ١٣٢٤ ساتی ٥ی پاش نیوەڕۆ واریدی مەهاباد بوو. وەختێ گەیشتە نێو باغان ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی پێشوازییان لێ کرد. وەختێ مەلا مستەفا لە چۆمی پەڕییەوە بە ئیحتیرامی ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی دابەزی، لەم کاتەدا کۆمیتەی مەرکەزی هەنگاویان توندتر کرد و لە قەراخ چۆمی پێک گەیشتن، برای خۆشەویست سەدیق حەیدەری مەراسیمی بە خێرهاتنی بە جێ هێنا و هەموو ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی بە مەلا مستەفا ناساند و ئەویش دەستی لە ناو دەستی هەمووان نا و لە نیهایەتی خۆشیدا بۆ کانگای حیزبی دێمۆکرات هاتن و لە ساڵۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی دانیشتن.

لە ساتی ٦ حەزرەتی پێشەوای کوردستان بە پێی (القادم یزار) تەشریفی بۆ کانگا هات و مولاقاتی دەگەڵ مەلا مستەفا فەرموو. لەو وەختەدا محەمەد ئەفەندی خیتاب بە حەزرەتی پێشەوا، خیتابێک کە وێنەی ئیحساساتی قەلبی مەلا مستەفا بوو لە خسووس خۆدەپێناوانی کوردی بارزان و دەربەدەری ئەم قەومە نەجیبە لە ڕێی سەربەستی کوردستاندا خوێندەوە و جەنابی پێشەواش وەڵامی دانەوە و ئەوانی بێ ئەندازە بە حکوومەتی کوردستان و حیزبی دێمۆکرات ئومێدەوار کرد.

پاشان حەزرەتی پێشەوا تەشریفی بردە ساڵۆنی تایبەتی خۆی ئەنجا مەلا مستەفا بە حزوری شەرەفیاب بوو و ، ماوەی دوو سات خەریکی گفتوگۆ بوون.

مەلا مستەفا پیاوێکی سیاسی و زەعیمی کوردی بارزانە لە ڕێی سەربەستی کوردستاندا زۆری مەینەت کێشاوە. دوژمنانی کوردستان ئەو و تەواوی ئێل و عەشیرەتی وییان بە گوناهی ئازادیخواهی دەربەدەر و لە نیشتمانی خۆشەویستیان وەدەرناوە. زاتی ناوبراو بێجگە لەوەی قائیدێکی بەرزە، پیاوێکی زانا و تێگەیشتووە، موتەمەدین و نیشتمانپەرستە و تەمەنی لە حدودی چلوپێنج ساڵ دایە.» (بە ڕێنووسی گزینگ نووسراوەتەوە).

هەروەک مێژوو بۆمان باسدەکا و پیرە پیاوەکانیش گێڕاویانەتەوە هیچ چاوپێکەوتن و پێشوازییەک تا ئەو کاتە- ئەویش بە شێوەی ڕەسمی و سیاسی، ئەوەندەی ئەو دیدارە کە مانا و نێوەرۆکێکی یەکگرتنەوە و یەکگرتووانە بە بەشە لێکدابڕاوەکانی کوردستان ببەخشێ، گرینگی و بایەخی پێنەدراوە.

«مەلا مستەفای بارزانی»ا و بەشێک لە ئەفسەرانی هاوڕێی، لە تەواوی ڕۆژانی ١١ و ١٢ و ١٣ی مانگی ڕەشەمە(١٣٢۴ ـ ١٩۴۶) دا، سەردانی بنکەی هێزی کوردستان، چاپخانەی کوردستان ، مەدرەسە و ئیدارەکانی کوردستان و هەروەها بنکەی هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان دەکا و، لای ئێوارەی ڕۆژی ئاخر، جارێکی دیکە خۆی و چەند ئەفسەری هاوڕێی دەچنەوە لای پێشەوا قازی و دوای نیوسەعات گفتوگۆی تایبەتی دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.

«مەلا مستەفای بارزانی» لەو کاتەوە کە بە گوێرەی دەرچوونی بڕیارێک لەلایەن کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکرات و حکوومەتی کۆماری کوردستان، وێڕای سێ کەسایەتی دیکە (محەمەد حوسێنی سەیفی قازی، ئەمەرخانی شکاک/شەریفی، حەمەرەشید خانی بانە/ قادرزادە) پلەی ژەنەڕاڵی پێدەبخشرێ، بەو پەڕی چالاکی و لە خۆبوردووییەوە بە خۆی و هێزەکەی لە چارەنووسی سیاسی و سەربازیی ئەو کۆمارە ساوایەدا بەشدار دەبێ.

شیاوی ئاماژە پێکردنە کە بەشێکی زۆری ڕێکخستن و شارەزایی سەربازیی هێزی پێشمەرگە و هێزی میللی کوردستان، بە بەشداریی چالاکانەی هێزی بارزانییەکان و بەتایبەت ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە دەرچووی زانکۆی ئەفسەریی بوون بەدی دێ و کامڵ دەبێ.
هەربۆیە لە سەرەتای مانگی بانەمەڕی ١٣٢٥دا، لە سەرداوای پێشەوا قازی، هێزی بارزانییەکان لە ڕیزی هێزی میللی کوردستاندا ڕێکدەخرێن و، پاشان بە فەرمانی ژەنەڕاڵ بارزانی نزیکەی هەزار بارزانی بۆ پێشمەرگایەتی بانگ دەکرێن و لە ۴ لکی سەربازیی و بە چەکی تازەوە ڕەوانەی بەرەی سەقز دەکرێن.

• • •

• بۆ نووسینی ئەم بەشە، لەم سەرچاوەی خوارەوە کەڵک وەرگیراوە:

* حکومەتی کوردستان، ڕێبەندانی ١٣٢۴ . سەرماوەزی ١٣٢٥ ، کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا، نەوشیروان مستەفا ئەمین، لاپەڕەکانی ١٧٥ ـ ١٨٠ .

سەرچاوە : ماڵپەڕی گزینگ / ڕێکەوتی : ٣ی ئەپریلی ٢٠٠٦

# کۆماری کوردستان یان کۆماری مەهاباد؟!

د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی

نزیک حەوتوویەکە تیڤییە کوردییەکان لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی١٣٢۴ (٢٢ ژانویەی ١٩۴۶) دەدوێن. بەداخەوە زۆرتری بێژەران لەجیاتی ئەوەی ناوی دروستی کۆماری کوردستان بێنن، دەڵێن "کۆماری مەهاباد". ئەرێ بڵێی هەموو لە هەڵەدا بن یان هەڵەی ئەم کارە نەزانن؟ ئەو بەڕێزانە بۆ لە خۆیان ناپرسن ناوی ئەوکاتی کۆمار چ بووە؟ "جمهوری مەهاباد" بوو یان "جمهوری کوردستان"؟ بەگوێرەی کام بەڵگە ناوی داتاشراوی کۆماری مەهاباد جێی کۆماری کوردستانی گرتۆتەوە؟


پێشەوا قازی محەممەد و جەنەراڵ سەیفی قازی لە کاتی لێدانی مارشی کۆماری کوردستان لە خانەقای شەمزینان

بەڵگەکان و نووسراوەکانی "سەردەم"ی کۆمار پیشان دەدەن کە وشەی کوردستان لەدوای کۆمار(جمهوری) هاتووە نەک مەهاباد! ئەو بەڕێزانە بۆ لە خۆیان ناپرسن ئەم ناوگۆڕینە لە کەنگێوە هاتۆتە ئاراوە؟ ئەگەر نازانن یان نایانەوێ بزانن، با بێن وەڵام بدەنەوە کە ئەم ناوە داتاشراوە بە قازانجی کام لایە؟ کورد یان دەسەڵاتە زاڵەکان؟ تەنانەت ئەگەر ئەو بەڕێزانە گوتبایان "حکومەتی مەهاباد"، هێندە جێی ئیراد نەبوو. بەڵام هەموو دەڵێن "کۆمار" و پەیتا پەیتا ناوی داتاشراوی "کۆماری مەهاباد" دووپات دەکەنەوە!

ئەگەر ئەم کارە لە ڕووی نەزانینە، باشترە قسان نەکەن. ئەگەر بە عەمدە، بڵێن بۆ؟ با بزانین ئەم ناوە (جمهوری کوردستان) چۆن دامەزرا؟ ئەو سەردەم نەدەکرا نوێنەری هەموو لایەکی کوردستان لە مەهاباد کۆببنەوە. بەڵام هێندێک لە دانیشتوانی کوردی لای ماکۆیەوە تا نزیک سەقز، دەگەڵ بارزانییەکان و هێدێک کەسی دی لە لایەکانی تری کوردستان، لە مەهاباد کۆبوونەوە و ناوی دەوڵەتەکەیان نا "جمهوری کوردستان". بەڵام پرسیار ئەمەیە، بۆ سەردەمێک پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، ناوی داتاشراوی کۆماری مەهاباد، هاتە ئاراوە؟ بۆ کەس لەو بەڕێزانە ناڵێ کۆماری تەورێز؟! یان کۆماری مۆسکۆ، تاران و... بەڵکو تەنیا دەڵێن کۆماری مەهاباد؟!

دیارە دەسەڵاتە زاڵەکان دەیانەوێ ناوی "کوردستان" لەدوای "کۆمار" بسڕنەوە. ئەوان وایان پێخۆشە! ئەرێ بڵێی گۆڕینی ناوی کۆمار بۆ بەرگری لە دڵەندی داگیرکەران و دەسەڵاتە زاڵەکان نەهاتبێتە ئاراوە؟! وەڵامەکان چ ئا بن چ نا، مەسەلەکە ناگۆڕن! (لادان لە پرسیارەکە و بەحاشیەدا ڕۆیشتن خۆدزینەوە لە وەڵامە) ئەم ناوگۆڕینە ویستی دڵی دەسەڵاتە زاڵەکانە. تورکەکان ڕەخنەیان لەسەر ناوی کوردستان هەیە. دەڵێن ناوچەیەک بە ناوی کوردستان لە تورکیا و عێراق و سوریادا نییە! کوردستان ناوێکی داتاشراوە. لەم ناوچەیەدا قەت حکومەتێک بە ناوی "کوردستان" لە ئارادا نەبووە. شوڤێنیستەکانی ئێرانیش دەڵێن خەتای داگیرکەرانی تورکی

سەلجوقی بوو کە بۆ یەکەم جار ناوی داتاشراوی کوردستانیان لەسەر ناوچەیەک لە ئێران دانا.

دەڵێی بێژەرانی باس و تەحلیلەکانیش ئەم ویستەی دەسەڵاتە زاڵەکان بەجێدێنن. ناوی داتاشراوی کۆماری مەهابادیان کردۆتە قاو! ناوی ڕاستەقینە کۆماری کوردستانیشیان وەلاناوە. ئەم کوردانە بە هاواری دوژمنان و دەسەڵاتە زاڵەکانەوە هاتوون. ئێستا لە نووسراوە فارسییەکاندا (ئەز خەبەرم لە زمانەکانی تر نییە) ناوی یەکەم حکومەتی کوردستانیان وەلاناوە. دەنووسن "جمهوری مهاباد". من بە خوێندنەوە و بیستنی ئەم ناوە داتاشراوە، دەنگی ڕادیۆ ئانکارام وەبیردێتەوە کە لە سەردەمی کۆماردا وای دەست بە قسان دەکرد: "دیگەت! دیگەت! ئیجا ئانکەرەس، ...حکومەتی پووشاڵی کوردستان..." بیسەرانیش بە بوغزەوە گوێیان دەدایە بزانن دوژمن دەڵێ چی! بەڵام تورکەکانیش حاشایان لە ناوی "کوردستان" نەدەکرد و ناوی داتاشراوی مەهابادیان لەسەر دانەدەنا.

لە ڕاستیدا ئەم ناوە داتاشراوە سەرکەوتنێکی گرینگە بۆ دەسەڵاتە زاڵەکان. ئەم ناوگۆڕینە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان هاتۆتە ئاراوە. بەشێک لە کوردەکان بۆخۆیان ناوی کۆماری کوردستانیان کردۆتە کۆماری مەهاباد و دواناوی کوردستانیان بە مەیلی نەیاران سڕیوەتەوە.

چۆن ناو دادەنێن؟ چەشنی ناودانان لەسەر زارۆک ویستە، چ ویستی دایکوباب، چ لایەنێکی تر. چەشنی ناودانان لەسەر ڕێکخراوە و دانراوەش. ویستی دامەزرێنەران یان پێویستی ترە لە کاتی دامەزراندی دانراوەکەدا. (لەم باسەدا ناوی شتی تر مەبەست نییە).

پاش مردنی کەسێک بەدەگمن ناوی مردووەکە دەگۆڕدرێ. ناوی ڕێکخراوە و دانراوەکانیش بە دەگمەن گۆڕدراون. بەڵام کەس نییە لەسەر مێژووی کۆماری بێکەس و هەناسەساردی کوردستان وەجواب بێ کە بۆ ناوی ڕاستەقینە خوی لەسەر لادراوە و بە مەیلی نەیاران ناوی داتاشراوی بەسەردابڕاوە. ئەوەیش ڕوونە کە لە مێژوودا پاش لەناوچوونی دانراوەیەک، یان کەسێک، ناوگۆڕان یان هەڵەیە یان بە دەهۆ. لە گوڕینی ناوی کۆماری کوردستان بە مەهاباد، ناکرێ بڵێین لە نەزانینەوەیە، لەبەر ئەوەی زۆربەی بێژەرانی ئەم ناوە داتاشراوە، لە ڕیزی تەحلیلگەرانی سیاسی و مێژوویین و ئیدعای وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە و سیاسەتوانیشیان هەیە. بەڵام هەر چۆنێک بێ، ئەم گۆڕانکارییە بە زیانی کورد و قازانجی دەسەڵاتە زاڵەکانە.

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە / ڕێکەوتی : ٢٦ی جانێویری ٢٠٠٦

# کۆماری کوردستان یا کۆماری مەهاباد؟

خەلیل غەزەڵی

کۆماری کوردستان ، لە لایەن هێندێک کەسەوە بە کۆماری مەهاباد ناو دەبرێ. ئەم کەسانە بە سێ (٣) دەستە دابەش دەکرێن :



یەکەم : ئەو کەسانەی کە سەرنج نادەن و وردبینانە چاو لە خۆیان و ڕووداوەکانی گەلەکەیان ناکەن . ئەم کەسانە لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵدا بەدی دەکرێن . واتا بە بێ ئەوەی مەبەستێکی (پوزیتیڤ تا نیگاتیڤ) یان هەبێ هەروا شوێن قسەی نەیاران و نا حەزان کەوتوون . ئەم کەسانە تەنیا ئەو ڕەخنەیە دەیانگرێتەوە کە ورد چاو لە مێژووی نەتەوەکەیان ناکەن . بەڵام کەس لە دڵسۆزیی و نیشتمانپەروەرییاندا گومان ناکات.

لایەنی دیکە کە کۆماری کوردستان بە کۆماری مەهاباد ناو دەبەن ، کوردانی ناوچە گەران . ئەم کەسانە کە ژمارەیان زۆر نییە هەوڵدەدەن کە ئەوەی شانازی و لێهاتوویی کۆمارە بە ناوی مەڵبەندەکەی خۆیانەوە تۆمار بکەن. بە بێ ئەوە بزانن بەم کارەیان ؛ یەکەم تەعەسوب و چەقین لە گێژەنی تەسکی ناوچەگەراییدا دەردەخەن .

دووەم : خزمەت بە نەیارانی نەتەوەی کورد لە بچووک و ناوچەیی نیشاندانی یەکەم ئەزموونی مودێڕنی خەباتی نەتەوەیی گەلەکەماندا دەکەن .

دەستەی سێهەم : (کە بەداخەوە هێندێک کەسی خۆجێیشیان لە گەڵە) ئەو کەسانەن کە وشیارانە دەیانەوێ بڵێین کە ئەو حەرەکەتە ناوچەیی بووە و هیچ خولیا و ئاواتێکی نەتەوەیی گشت گر و کوردستانیی لەگەڵ نەبووە .

دیارە هەڵوێستی بەشی ئاخر دەبێ بە گرینگ بگیردرێت. چوونکە دابەزاندن و کەم بایەخ نیشاندانی سەروەری و خەباتی نەتەوەیەک ، لە لایەن ئەم کەسانەوە ، بێحورمەتی و تەوهینە بەم نەتەوەیە و ڕاستەوخۆ لە خزمەتی شوڤینیزمی دەسەڵاتدار و حکوومەت دایە . چوونکە ئەو لایەنانەش هەوڵیان ئەوەیە کە نیشان بدەن چتێک بەناوی نەتەوەی کورد (لە ئیران) بوونی نییە و ئەو ڕووداوانەی کە کۆماری کوردستانی لێ هەڵکەوتەوە یاخی بوونێکی ناوچەیی بووە .

لە هەر حاڵەتێک دا ئەم ئیدیعایە ، هەرکەس بیکات هەڵەیە . چوونکە گەر چاوێک لە ڕابردوو بکەین و بە مێژوودا بچینەوە،

دەبینین کۆمار ، کۆماری هەموو کوردستان (وەک یەک نەتەوە و یەک خاک) بووە . ئەوانەی کە بە مەبەستەوە ئەم کۆمارە بە کۆماری مەهاباد ناو دەبەن دەبێ بزانن کە ئەم کۆمارە، دەسەڵاتی هەر لە مەهاباد نەبووە و ناوچەی موکریان و مەنگوڕ و گەورک و فەیزوڵابەگی و بەشێکی زۆر لە ناوچەی ئەردەڵانیشی گرتووەتەوە (بانە و سەقز). هەروەها بۆ بەشەکانی دیکە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کۆمار بەئاسانی دەیتوانی پەل بکوتێ . بەڵام بە بوونی هیزەکانی بریتانیا ( لە سەقز بەرەوخوار .واتا بە سنە شەوە) کۆمار نەیتوانی دەسەڵاتی بگەیەنێتە هەموو ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان . لە بەرانبەردا نوێنەری هەموو ناوچەکانی کوردستان (هەر چوار پارچەی کوردستان و کوردە پەڕەوازەکانی وڵاتانی دیکەش) خۆیان گەیاندە کۆمار و لە بواری جۆربەجۆری وەک نیزامی ، سیاسی ، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا چالاک و بەشدار بوون .

بۆیە کۆمار ئەوەندە هین مەهاباد بوو، هەر ئەوەندەش هی بۆکان ،سنە ،کرماشان و مەریوان و بارزان و بادینان و هەولێر و سلێمانی و ئامێد و قامیشلی و نوسەیبین و جەزیر و بۆتان بوو. مەگەر ئەوە نەبوو مامۆستا قانێع لە مەریوانەوە بە پێی خۆی گەیاندە چوار چرا و لە خزمەت کۆماردا سەروماڵی هەنگاوی هەڵگرد و پاش رووخانی کۆماریش تاوانەکەی لە زیندانەکانی شای ئێران دا دایەوە و گەورەترین بەرهەمی (ئاخرین ماڵی زیانم کونجی بەندیخانەیە) هۆنییەوە ؟ مەگەر بارزانی و پێشمەرگەکانی "سابڵاخی" بوون؟ ئەو ئەفسەرانەی (مستەفا خۆشناو و محەمەد قودسی و عیزەت عەبدولعەزیز و خەیروڵلا عەبدولکەریم) کە ژیانی ئاسوودەیان فڕێ دا و خۆیان بە کۆمار گەیاند و لە سەردەستی سەرۆککۆمار قازی موحەمەد بە فەرماندەریی بەشەکانی لەشکری کوردستان دانران و خزمەتیان کرد ،مەهابادی بوون؟ کەسانێک کە سەرەنجام لە پێناوی ئامانجەکانیاندا (ئازادیی کوردستان ) سەریان چووە سەر دار . بەڵام هەتا هەتایە بۆ ئەمەگناسانی ئەم رێگایە رێنوێن و لەبیر نەکراوەن. ئایا ئەو دەیان و سەدان رۆشنبیرە کە هەر لە مسکۆی رووسیاوە تا هەولێر و سلێمانی و سنە و... خۆیان گەیاندبووە مەهاباد و لە خزمەت کۆمار دا بوون ،سەلمێنەری ئەوە نین کە ئەو کۆمارەیان بە هی خۆیان و وڵاتە پارچە پارچە کراوەکەیان زانیوە؟

گەرچی باسکردنی هەموو ئەوکەسانەی کەلە شارەکانی دیکەی هەر چوارپارچەی کوردستانەوە خۆیان گەیاندە کۆمار و خزمەتیان کرد لەم وتارە کورتەدا ناگونجێ ، بەڵام هەر ئەو نموونانەی کە باسکران سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە کۆمار هی هەموو نەتەوەی کورد و هەمو کوردستان بووە . و ئەگەر بەر پەلاماری شوینیزمی ئێرانی بە پاڵپشتی ئیمپریالیستەکان (بە تایبەت ئامریکا ) نەکەوتبا و کۆنەپەرستیی خۆماڵی و دەرەکی و هەلومەرج، جوانەمەرگیان نەکردایە ، بێگومان هەلومەرجی کورد و ناوچەکە جیا لەوەی بوو کە ئیمرۆ هەیە. بۆیە لانی کەم بۆ ئێمە سزاوار نییە بە گۆڕانی ناوەکەی و چکۆلەکردنەوەی تا ئاستی شارێک، لە گەوریی و جێگەی مێژوویی ( کوماری کوردستان) کەم بکەینەوە .

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢ی ڕێبەندانی ٢٠٠٦

# کۆماری کوردستان کۆماری ئازادی و دیموکراسی

هیوا گوڵ محەمەدی

یەکێک لە دەرسە هەرە گرینگەکانی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە لایەن پێشەوا قازی محەمەدەوە بڕوا بە خۆ بونە .



لە کاتێک دا کە کوردستان لە بارێکی ئاستەم و نالەباری ئابوری و کۆمەڵگای مروڤایەتی قوربانی شەڕی دنیاگر بون ، پێشەوا قازی محەمەد و یارانی ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد و بانگی دەسەڵاتی کوردیان دا و هەوڵی وەدەس خستنی ناسنامەی کوردی و ئازادی کوردستان وەک بڕوایەکی پۆڵاین بو بە ئامانجیان. ئەوکاتە کە پێشەوا قازی محەمەد لە چوارچرای مەهاباد دامەزراندنی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند ، تەنیا بەشێکی بچوکی ڕۆژهەڵاتی وەڵاتی بە دەستەوە بو. بێگومان لەبەر هاتنی هێزی هاوپەیمانان لە چەند قۆڵەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوبوە دوو بەش ، بەشێکی کەوتبوە بەر دەست هێزەکانی ئینگلیز کە تا سنوری دیواندەرە ئەهات و بەشەکەی دیکەشی لە لایەن هێزەکانی ڕوسەوە کونترۆڵ ئەکرا و ئەو بەشەش تا نێزیک شاری سەقز بو.

لە ڕاستی دا دەبێ بڵێین ئەو ناوچەیەی کۆماری تێدا دامەزرا تەنیا مەهاباد و بۆکان و بانە بو. کەوا بو ئەگەر بڕوا بە خۆ بونی پێشەوا و هاڤاڵەکانی نەبایە کەس نەیدەوێرا بڕیارێکی ئاوا جیدی بدات و خۆ لە قەیرانێکی ئاوا بەهاوێ.

بەڵام پێشەوا قازی محەمەد ئەیزانی کە لەو هەل و مەرجە دا چەسپاندنی مافی گەلی کورد لە لای هێزەکانی بێگانە و بنیاتنانی هەستی نەتەوەیی لە لای کوردان دەبنە بناغەی بون و بەردوامیشی دەبێتە هوی پەرەپێدان و فراوانترکردنی ناوچەکانی کوردستان و مەڵبەندی حوکمڕانی حکومەتی کوردستان. پێشەوا قازی و هاوبیرەکانی لەو کاتە دا هیچ پێویستیان بە پلە و پایە نەبو ، تەنانەت لە سەروەت و سامانی خۆشیان خستە خزمەت جەلانەوە و کۆمارکەیەوە.

ئەوەی وای لێ کردن کە ئەو کۆمارە لە ناوچەیەکی بچوک و ئاستەم دا دامەزرێنن دڵسۆزی نەتەوە و وەفاداریان بە نیشتمان بو. پێشەوا قازی محەمەد مروڤێکی ئاینی سەرف نەبو ، بەڵکو کوردێکی خاوەن هەستی نەتەوەیی و مروڤێکی ڕوشنبیر و خاوەن تەگبیر و دڵفراوان بو.

ئاواتی وەدی هێنانی ئازادی کوردستان و دەسەڵاتی کوردی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگا و بە تایبەتی بەشداری ژنان و لاوان و خۆ پەروەردە کردن وخۆێندن دا ئەبینیت و هەربویە لە ماوەی یازدە مانگ دەسەڵاتی دا ئەوەندەی خزمەت بەو بەشانە کرد کە پاش شەست ساڵ هێشتا نەوەکانی دوای خۆی نەیانتوانیەوە بیکەن یان بەو ئەندازە و بەو جوەری ئەو سەردەمەیان نەکردوە.




لە لای پێشەوا یەک بەرژەوەندی بۆ پاراستن هەبو ئەویش بەرژەوەندی گەل ، بەڵام لە لای پارتەکانی ئێستا و تەنانەت حیزبەکەی پێشەواشەوە بەرژەوەندی خۆیان یەکەم و کۆتاییە. پێشەوا هەوڵێکی زوری دا کە ناکۆکی نێوان عەشیرەکان نەهێڵێ و بە دڵێکی فراوانەوە کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانی لە باوەش دەگرت و تا دواکاتەکانی ژیانی بە خاوەن ماڵی ئەناساندن و لە دەسلاتدا بەشداری ئەکردن ، بەڵام بەداخەوە ئێستا دوای ئەوە بەشێک لە کوردستان ئازادە و میوانە خاوەن ماڵەکانی ئەو کاتە دەسەڵاتیان هەیە بیرهێنانەوەی ئەو کۆمارە بە پیز و بەرەکەت و پڕ لە سەروەری و شانازیە یاساغ و بڤەیە.

کۆماری کوردستان تەنیا دەسەڵاتێکی ئاسایی نەبو ، بەڵکو سیستەمێکی سیاسی کۆمەڵاتی دیموکراتیک و پێشکەوتونخۆاز بو. لە ماوەی ئەو یازدە مانگە دا مافی ئازەری ، فارس ، جولەکە ، ئاسوری و کەمە نەتەوەکانی دیکەی ژێر حوکمڕانی کۆمار پارێزرا و ئەو ئیمکاناتەی کە بە کوردەکان بدرایە ئەوانیش لێی بەرخوردار بون. زور لایەنی دیکەی کۆمار هەیە کە مروڤ ئەتوانی باسیان بکات و جێگای شانازین کە من لێرە دا نامەوی لە سەریان بڕۆم ، ئەوەی بۆ من گرینگە و ئێستا وەک شەست ساڵ بەر لە ئێستا لەو کۆمارە ساوا و جوانەمەرگە ئەڕوانم دەبینم گەورەترین دوژمنی کۆمار نە شای ئێران ، نە ئینگلیز و نە هیچ هێزێکی دیکەی دەرەکی بو ، بەڵکو کورد خۆی و بەس...

ئەو سەرک عەشیرە کۆنەپەرەست و سەرشۆڕانەی کە خەیانەتیان بە کۆمار کرد ، نەوەکانی دوایی خۆیان لە ناسنامەی نەتەوەیی ، ئازادی ، سەروەری و پەروەردە و پێشکەوتن بێ بەش کرد. ئەگەر لەو کاتە دا پێشەوا قازی محەمەد و یارانی لە مەهاباد ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد و بە ڕۆاڵەت ڕوسیەش بە ڕەسمی ناسین ، کرماشان ، سنە ، کامیاران ، جوانرۆ و شارەکانی دیکەی رۆژهەڵات سەریان هەڵدایە و پشتیوانیان لێ بکردایە بێگومان نە پێشەوا و نە کۆمار لە بەین نەدەچون و چارەنوسی ئێمەش ئەمرۆ بە جورێکی دیکە دەبو.


بەداخەوە شەست ساڵ دوای ئەو تەجروبە شیرن و تاڵە هێشتا هیچ دەرسێکیمان وەر نەگرتوە و هیچ لەو هەڵە و کەموکۆڕیانە فێر نەبوین. هێشتا هەر بە هەمان ئەقڵ و بیر کردنەوە و تێگەیشتنی شەست ساڵ بەر لە ئێستا هەڵس و کەوت و هەڵۆێست ئەگرین ، ئەگەر ئەو کاتە سەرۆک عەشیرەتەکان بۆ بەرژەوەندی تاک و بنەماڵەی خۆیان یەکیان نەدەگرت و ئاویان بە ئاشی دوژمن و داگیرکەر دا ئەکرد ئەمرۆ بە شێوەی ڕێکخستن و بە ناوی حیزب و بە بەرنامەی سیاسی و جیاوازەوە هەمان پێوەن لە پێی گەل دەکەین و نە لە دنیا تێ دەگەین ، نە هەل و دەرفەتەکان ئەناسین و نە هەڵۆێستی بە جێ و هاوچەرخ دەگرین.

دەبا بە گیانێکی کوردانە و بە لە خۆبردوویی پێشەوا و قازیەکانی هاوڕێ و هاوبیرەکانیان لە کێشەکەمان بڕوانین و لەگەڵ یەک دڵسۆز و لەبەرانبەر دوژمن دا سەربەرز بین. دەبا پێشەوا و هەڤاڵەکانی بکەینە سەرمەشقی بیری نەتەوەیی و نیشتمان خۆشەویستی و ڕێگاکەیامن درێژە پێ بدەین و ئامانج و ئاواتەکانیان وەدی بێنین.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢ی ڕێبەندانی ٢٠٠٦

# کۆماری کوردستان لە شێعری شاعران دا

## هەژار



ڕێبەندان گەرچی ڕێگە بەندانـــــی
گلێنەی چاوی گەکی کوردانـــــــــی
لە نێو مانگان دا جوان و ڕووسووری
لە تۆ دا کرا جێژنـــــی جەمهووری

## هێمن



ڕۆژی جێژن و خۆشی‌یە تێپەربوو ڕۆژی دەردو خـ ـەم
هات شنەی ڕەحمەت بە جارێ ڕای ڕفاندو بدی تـــەم
دێ لە هەر لایێکی قای قای پێکەنینی کیژو کــ--ـــور
دێ لە هەر سووچیکی نەغمەی ساخو تارو زیل و بەم
گەرچی زستانە بەفر دای پۆشی ئەورۆ گشـــــت وڵات
خاکی پاکی ئێمە خەمڵیوە وەکوو باخــــــــی ئیرەم
جێژنە پیرۆزە دەکەم لێتو دەڵێم خێش بی بـــــژی
ئەی ڕەئیس جەمهووری کوردو پیاوی زاناو موحتەرەم
تۆم بە خودا ئەسپاردو ئەسپاردم بە تۆ ئەی پێسـەوا
میللەتی دڵپاک و چاک و نیشتمانە جوانەکـــــــەم


## قانح



سەد شوکر وامن نەمردم تاکە دیتم ئاڵای کـــــورد
کەوتە بەرچاوم بە بەرزی سوورەت و سیمای کـــورد
بازبوو دوو رابوو دیدەی نەرگسی شەهلای کـــــورد
مژدە بێ ئەمرۆ کە بەربوو چاوی پڕ بینای کـــــورد
هــەر بــژی ئــاڵای کــوردو پێســەوای زانــای کـــــــورد
چەن زەمانێکە ئەسیرو ژێر چەپۆکوی عاڵەمـــــــن
سەر کزو بێ قیمەتی بەر چاوی زادەی ئادەمـــــــن
دیلی زیندانی نەزانین مەستی بادەی مەتـــــەمن
بانگ کەنە یەکتر هەمووتان چۆنکە ئەمرۆ بێ خەمن
هەر بژی ئاڵای کوردو پێشەوای زانـــــــــای کورد

---

## سوارە ئیلخانی زادە



دووی ڕێبەندان

بیرەوەریی دووی ڕێبەندان
دەمخاتە سەر بەستە و بەندان
ڕێبەندانی ڕێنوێنە
لە داگیرکەر سەرشێوێنە
دوژمنی کورد جێی پێ لێژە
با بگێڕین گەڕەلاوێژە
هۆ هۆ شوانە! بە نەغمەی تەڕ و پاراوت
بە بلوێری لە خەم و دەردا سووتاوت
باروژێنە گیانی خەوتووی گەزیزەی هەرد
بە سوارۆییێک، بە حەیرانێک، دامرکێنە بڵێسەی دەرد!
هۆ هۆ جووتێری چەوساوەی خەمان!

خاڵە ڕێبواری خەیاڵت نیشتەجێ بوو، خەمان نەمان

بە ئارەقی نێوچاوانی بەرز و تەرزی کرێکاریت

چناوی هیوا با شین بێ لە کووزی ڕووی دەردەداریت

ئەی کچی جوان! ئەی یەزدانی داوێنپاکی!

دیلانێ بگێڕە، بەسەر چوو دیلی و زەلیلی و خەمناکی

ئەو هەورییەی لە دەوری دارت پێچاوە

لە دەوری دەستت هاڵێنە بە دەم سووڕانی سەماوە

شایی دەگەڕێ لە دێیان

گیان هاتۆتە ئاسۆی گوێیان

دیلانە لە هەموو ماڵان

پیرۆزبایی لە ئاواڵان

بەو زستانەم دڵ بەهارە

لە هەموو سنووران هاوارە

لە دوژمنان ڕێبەندانە

بۆ کورد وادەی گۆوەندانە

شایی نەدار و هەژارە

ئەوجار هەژار خۆی سەرداره

مەڵبەند بەهاری تێزاوە

"قازی" مەزن هەروەک کاوە

هێزی کۆمەڵی لە پشتە

هەودای خاوی هیوا گشتە

قورینگ چلەی زستان دەبڕن

چاویان لە کوردستان دەبڕن

بە پۆل گوڵن لە شەتاوان

دەخەملێنن دەم چۆماوان

بیستوومە لە کۆنە پیاوان

سەرگورشتەی خاوەن ناوان

لە سەخڵەتا خۆشیی دیارن

هەر زۆرە کوژەی زۆردارن

شەوەی شەو لەشی گوشی بووین

ڕێبەندان ڕێگای تەنیبووین
گیانمان خارا بە دەردو ئێش
ڕێگای ئازادیین گرتە پێش
پاش خەن ساڵ لە نوور دووریمان
هەڵ بوو چرای جەمهووریمان


---


## خاڵە قازی



یادی ڕێبەندانە و کۆماری کورد
یادی قازیّ، پێشەوا و سەرداری کورد
خۆرهەڵات و ،هەڵکرا ئاڵاکەمان
تێپەڕی شەوگاری سەخت و تاری کورد
خونچەیی شاری مەهاباد بوونە گوڵ
وا دەپشکوتن لە ناو گوڵزاری کورد
پەرچەمی سێ ڕەنگی فەخری نیشتمان
سێبەریان وا خستە سەر دیواری کورد
بەوسرودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب
گەیە بەرزی ئاسمان هاواری کورد
نیشتمانێکیان دروست کرد پێکەوە
کیژی ڕووسوور و کوڕی وشیاری کورد
هەر لە باشور و لە باکور ڕا دەهات
دەستە دەستە لەشکری چەکداری کورد
بوو بە ژوانگەی عاشقانی نیشتمان
کۆوە بوون لێرە، هەموو دڵداری کورد
ئەی مهاباد سونبولی مێژووی گەلم
فەخری قازی و فەخری بۆ کۆماری کورد

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ


حیزبی دێموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party
٢ی ڕێبەندان
ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری
کوردستان
١٩٤٥
٧٠
٢٠١٦
بەرەو وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان
R.N


٤٧
پێشمەرگە
جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانە
ساڵەکانی ٤٦ – ١٣٤٧ ( ٦٧ – ١٩٦٨)
رەحمان نەقشی


حیزبی دێموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party
KURDISTAN
مەشخەڵی خەباتی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان ناکوژێتەوە
٧٠
70 Years Anniversary Of The
Kurdistan Democratic Party




# پێشمەرگە: نیشانەی بەرخۆدانی میللەتێکە

---

ڕەحمان نەقشی




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێبەندانی ٢٧١٥ی کوردی - جانیویری ٢٠١٦ی زایینی